# ئوسامە

چۆن خۆی پێ گەیاند

جۆناتان ڕاندەڵ

# ئوسامە

## چۆن خۆی پێ گەیاند

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:

تاهیر تەیب ئەحمەد "مامکاک"

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جۆناتان راندەڵ
ئوسامە چۆن خۆی پێ گەیاند
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد "مامکاک"
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٢٣
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٥٩٩ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەبژێری: بۆکان نووری

# پێڕست


پێشەکی بۆ چاپی کوردی ........ 7

جۆناتان ڕاندەڵ ........ 8

بەرکوڵ ........ 10

مێشوولەی ناو گوێچکەی فیل ........ 17

لەگەڵ شاهەنگ گەورەبوون ........ 61

ئەفغانستان.. موسڵمانانی هێنایە هەژان و کۆتاییی شەڕی سارد ........ 101

ناسینی سەرکردەیەک ........ 122

لە پاڵەوانێکەوە بۆ گێرەشێوێنێک ........ 146

سوودان، حەشارگەی ئیسلامی ........ 169

جەزایر.. وەرزش و میوزیک ........ 237

فلووس ........ 287

پتر بۆ دواوە دەچین ........ 346

کۆتایی ........ 411

## پێشەکی بۆ چاپی کوردی

لە پێنجەمین ساڵوەگەڕی پەلاماری ئەلقاعیدە بۆ سەر نیویۆرک و واشنتۆن، ئەم سەرەتایە بۆ چاپی کوردی دەنووسم. بە ڕێکەوت، ئێستە لە سەردانی کوردستاندام، ئەو هەرێمەی بێ بەش نەبوو لە تیرۆریزمی ئیسلامی، بەتایبەتیش ئەم شارە.

ئیسلامییە توندڕۆکان بەر لە کردەوەکەی ٩/١١ دا فرەنسۆ هەریریی دۆستی منیان کوشت، تەنیا لەبەرئەوەی فەلە بوو. بۆ جاری دووەم، هەر لە هەولێردا ئەم ئیسلامییە توندڕەوانە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ گرووپی ئەلقاعیدە، لە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ لە ئاهەنگی پێشوازیکردنی جەژنی موسڵمانانداﻋ زەبری گەورەیان سرەواندە هەردوو بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە بیرەوەریی ئەو دوو ڕۆژەدا، نزا دەکەم چیی تر کارەساتی لەو جۆرە بەرەو ڕووی ئەم هەرێمە نەبێتەوە، هەروەها ئەو ململانە ئاینییەی نێوان شیعە و سونەش کە هیچ نزایەک فریای ناکەوێ و خەریکە لە دەسەڵات دەربچێ، باڵی کێشاوە بەسەر ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراقدا، ئەویش بەچارەسەری خۆی بگات.. هیواداریشم ئەم ململانەیە نەبێ بەسەرئێشە بۆ کوردستان.

جۆناتان راندل

هەولێر: ١١ی سێپتێمبەر ٢٠٠٦

# جۆناتان ڕاندەڵ

جـۆناتان ڕانـدەڵ لە ١٩٣٣ لە بەفـەڵۆ، نیـویـۆرک، لە دایک بووە و لـە ئێکسـتــەر و هارڤارد خـوێندوویەتی. لاوێتی خۆی لە فەڕەنسا بەسـەربردووە و دوای تەواوکردنی ماوەی سەربازی لە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەوروپا، لە ناوەڕاستی ١٩٥٠دا لە پاریس بـووە پەیامنێـری بیـانی و لەو دەیان سـاڵەی کارکـردنی ئیـشی بۆ کـۆنە پاریس هێـراڵد و تایم و نیـویۆرک تایمـز کـردووە و نزیکەی سـێ سـاڵ کـاری بۆ واشنتن پۆست کـردووە. لەمـیـانی کـارکـردنی پـەیامنێـری جـەنگ بـووە و ڕاپۆرتی لەبارەی شـەڕی سـەربەخـۆیی جەزایر لە چنگی فەڕەنسـییەکان نووسیـوە و پاشتـر ڕاپۆرتـی لەبارەی شــەڕ و قــەیرانەکـانی کـۆنگۆ و ڤـێـتنـام و ئێـران و لوبـنان و کـوردسـتــان و بۆزنیـا و لایبـیریا و دەیان ناوچەی شـەڕی تر نووسـیـوە. شـانازی بەخـۆیەوە دەکا، چونکە توانیـویەتی ئەو هەمـوو ڕووداوانە بـەچاوی خـۆی ببـینێ و خۆشـی بە بەختـەوەر دەزانێ، چونکە لـەو هـەمـوو شـەڕانەدا سـاغلەم دەرچووە؛ لە کاتێکدا زۆر لە هاوپیشـەکانی نەیانتـوانیـوە دەربچن. ڕاندەڵ دانـەری: ڕۆیشتن تا دوای ڕێگە، مـیـرە کریسـتـیـانەکانـی شەڕ، سـەرشـێتـیـەکانی ئـیسـرائیل و شـەڕ لە لوبنان و کـتـێبی: دوای ئـەم زانیـارییـە، چ لێـبـووردنێک؟ ڕووبەڕووبوونەوەکـانم لە کوردستان.

# بەرکوڵ

ئەگەر بمانەوێ شتێک لە لەبارەی تیرۆر بنووسین، دەبێ بە شێوەیەکی ئاسایی و بەر لە هەموو شتێک، هەڵسوکەوت دەگەڵ تیرۆریستان و دەگەڵ ئەوانەشدا بکەین کە دەگەڵیاندا دەجەنگن. منیش ئەمەم پێ جەخت ناکرێتەوە کە توانیبێتم متمانەی هەردوو لایەنە زۆر لە یەکتر دوورەکانم وەدەست هێنابێ. گومان لێکردن تایبەتمەندییەکی هەرە سەرەکییە، هەردوو لایەن هەیانە؛ بە تایبەتیش ئەگەر یەکێک لەبارەی سیفەتە تایبەتەکانیان پرسیاریان لێ بکات. بۆ ئەوەی ئەم تایبەتمەندییانە ڕوونتر بکەمەوە دەڵێم: ئەگەر پرسیاریان لەبارەی تایبەتمەندییە نهێنییەکانیان لێ بکەی. لە ڕاستیدا من هەرگیز نەمتوانی بە ئوسامە بن لادن بگەم و دەگەڵی دابنیشم. ئەمەش بە هۆی ئەوەوە نەبووە کە هەوڵم بۆی نەداوە.

من دوو ساڵان ویستم نیازچاکیی خۆم بە هۆی ئەو نامە و پەیامانەوە بە دیار بێخم کە لە نیو دەرزەن وەڵاتانەوەرا ڕەوانم کردن. من بەچڕوپڕییەوە سەفەری وڵاتە ئیسلامییەکان و هەندێ شوێنی تریشم کرد تا ئەو کەسانە قایل بکەم دەیانگوت کە پێوەندییان دەگەڵ ئوسامەدا هەیە؛ تا شتێکی ئاوا بکەن من چاوم پێی بکەوێ و بە درێژی گوێ لە قسەکانی ڕابگرم. زۆر ڕێزم بۆ هاوکارەکانم لە بواری تەلەڤزیۆندا هەیە، ئامێرەکەی ئەوان کاریگەر نەبووە و بە دەگمەن توانیویەتی لەو دروشم و فەرمانانەدا بکۆڵێتەوە کە ئوسامە زیرەکانە لەگەڵ کەمی هاتنە سەر تەلەڤەزیۆنیشی، سوودی لەو ئامێرەی ئەوان وەرگرتووە. کۆنگرە ڕۆژنامەگەری و دیمانەکانی بە زۆری لە یەکتری دەکەن.

ویستم هەموو ئەو کاتە لەگەڵ ئوسامەدا بمێنمەوە کە ئەو خۆی بوارم پێ دەدا. وا قەناعەتم بە خۆم هێنا کە ئەو پتر حەز لەم جۆرە دیمانانە دەکات نەک لە چاوپێکەوتنێکی کورت. هەموو ئەو کەسانەش کە منیان بینی و بە درێژی پرسیاریان لێ کردم، وایان لێ کردم کە بڵێم لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتم و

ئەوانیش یارمەتیم دەدەن. من ئەوەم بۆیان ڕوون دەکردەوە کە من دەیان ساڵە وەکو پەیامنێرێکی بیانی ژیانی خۆمم بۆ تێگەیشتنی جیهانی سێیەم تەرخان کردووە، بەتایبەتیتریش بۆ جیهانی ئیسلامیم پێشکێش کردووە؛ بۆیە من شایانی ئەوەم کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەم دەگەڵدا بکرێت. لەلایەکی ترەوە، وا بیر دەکەمەوە کە من خۆم فریو دابوو؛ چونکە ئوسامە باشترین کەسە کە لە دیمانەی تەلەڤزیۆنی سوود وەربگری و هیچ هۆیەکی نەبووە کە ئەم پێشنیازەم پەسند بکات.

جارێکیان برادەرێکی پاکستانیم، لە ئیسلام ئاباد، قایل بوو کە فۆتۆکۆپییەکی نامەکەم کە بە ئینگلیسیم نووسیبوو – لەگەڵ وەرگێڕدراوەکەی بە عەرەبی – بگەیەنێتە دەستی ئوسامە. پێش چەند مانگێک، بە هۆی برادەرێک، لە ئاسیای ناوەڕاستدا، کە گوتبووی دەتوانێ لە ئەفغانستانێ بگاتە ئوسامە، هەمان نامەم بۆی نارد بوو. لەو نامەشمدا دووپاتم کردبووەوە کە زۆر جاران کۆششم کردووە بۆ ئەوەی بیگەمێ و مرازی چاوپێکەوتنەکەمم بۆی دووبارە کردبووەوە و پرسیاریشم لێ کربوو ئایا خواستەکەم و کتێبەکانی منی بە دەست گەیشتبوون، پێشتر بە هۆی چەند کەسانێکەوە کە قسەم لەگەڵیاندا کردبوو و پەیمانیشیان دابوو کە بیانگەیەننە دەستییەوە، ئەم کتێبانەم بۆی ناردبوو. یەک؛ تا دوا قۆناغ: مەیدانی شەڕی کریستیانەکان، سەرشێتییەکانی ئیسرائیل و شەڕ لە لوبنان، مێژووی سیاسەتە خۆکوژییەکەی کریستیانەکانی لوبنان لە سالآنی ٧٠کان و ٨٠کان دا، دەگێڕێتەوە، ئەوی تریان کتێبی: پاش ئەم زانینە، چ لێبووردنێک؟ ڕووبەڕووبوونەوەکانم دەگەڵ کوردستان؛ ئەمەیان باسی بەردەوام خیانەتکردن لە کوردەکان دەکات، کە زۆریشی لەلایەنی ڕۆژئاواییەکانەوە بووە بەتایبەتیش لەلایەنی ئەمەریکاییەکانەوە خیانەتیان لێ کراوە. من ئومێدم دەخواست کە ئەم کتێبانەم متمانەیەکم بۆ پەیدا بکەن؛ بەو سیفەتەی کە من پەیامنێرێکی پسپۆڕم لەباری کاروباری ڕۆژهەلاتی ناڤین شارەزام. بۆ ئەوە نەبوو کە باوەڕم پێ نەکرێ و بە یەکێک لە پشکنەرە ڕۆژئاواییە بێ متمانەکان لە ناوچەکە بناسرێم.

هەڤاڵە پاکستانییەکەم ڕێنوێنی دام کە تا پاشی چوار ڕۆژی تر تەلەفۆن بکەمەوە. کە تەلەفۆنەکەم کرد پێیان گوتم پاشی چوار ڕۆژی تر تەلەفۆنێکی تر بکەوە. کە ئەمجارەیان تەلەفۆنەکەم کرد، برادەرە پاکستانییەکەم گوتی بەڵێ نامەکەت گەیشت و ئوسامە بە خۆی چەند پرسیارێکی هەیە و دەیەوێ لێتی

بپرسێ. بە سەرسوڕمانێکەوە گوتم: دەبێ پرسیارەکەی چ بێ؟ واشم مەزەندە کرد کە ئەمە نیشانەیەکی باشە کە پاشی ئەم هەموو هەوڵ و کۆششەم وا گەیشتمە ئەو ڕادەیەی کە پێوەندیی پێیەوە بکەم. هەڤاڵەکەم گوتی: "دەیەوێ بزانی کێ ئەم نامەیەی تۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عارەبی." منیش پرسیم، بۆچی؟ "چونکە ئوسامە دەڵێ وەرگێڕانەکەی زۆر خراپ بوو." (ڕەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بووبێ کە برادەرێکی لوبنانی لە پاریس، لەو کاتەی کە فڕۆکەکەی چاوەڕێ بوو بۆ ئەوەی بە سەفەر بچێ(١)، زۆر بە پەلە دەقە عارەبییەکەی نووسییەوە.)

منیش دڵی خۆمم بەوەی داوە کە ئوسامە ئینگلیسی دەزانێ و نوکتەدانیشە. من لەمەش سەد لە سەد دڵنیا نەبووم؛ چونکە برادەرە پاکستانییەکەم بە خۆیشی نوکتەدان بوو؛ ڕەنگە ئەمەی لە خۆیەوە دروست کردبێ بۆ ئەوەی چیی تر نەقورچەی لێ نەدەم. من هێشتا هەر عەودالی ئەوە بووم چاوم بە ئوسامە بکەوێ کاتێک کە لە دوای یەک یان دوو حەفتەدا لە ١٢ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٠ و لە ئەنجامی کردارێکی خۆکوژیدا USS Cole لە بەندەری عەدەن لە یەمەن، تەقێندرایەوە و حەڤدە دەریاوانی ئەمەریکایی کوژران. یەکسەر کردارەکە خرایە ئەستۆی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی سەر بە ئوسامەوە. هەینێ گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەو دەرفەتانەم لە دەست چوون، کە تا ئەو کات بۆ گەیشتنم بە ئوسامە هەمبوون. لە ڕاستیدا، ئوسامە، پاشی ئەم ڕووداوە چیی تر هەرگیز لەلایەنی هیچ ڕۆژنامەوانێکی ڕۆژئاواییەوە چاوپێکەوتنی دەگەڵدا نەکراوە.

کەسایەتییە گرینگەکانی تر کە ناسییانم یان مردن یان لە زیندانن، ئەوانی تریش من نەمتوانیوە دووبارە قسەیان دەگەڵدا بکەمەوە. ئەگەر من لە هەموو ژیانم تەنیا شتێک لە خەڵکانی فێڵباز فێر بووبم، ئەوە متمانە پێکردن و پشت پێ بەستنە، ئەمەش لە ئەنجامی هاموشۆیەکی بەردەوام پەیدا دەبێ. هەندێ لە نووسەرەکان وایان دەزانی ئەوەی کە دەمکرد تەنیا کات بەسەربردن بوو.

ئێوارەیەکی تا درەنگانم دەگەڵ جۆن ئۆنێڵ بەسەر برد. ئەم پیاوە، لە بواری دژەتیرۆر لە نیویۆرک، گەورەترین پسپۆڕی شارەزای FBI بوو. هەموو کات لە غاردانا بوو. لەم دانیشتنە هەندێ شارەزاییم لەبارەی بن لادن پەیدا کرد کە پاشتر سوودم لێی وەرگرت. بە ڕاستی من لە شێوەی چەشنبەندکردنی

بۆچوونەکانی سەرم سوڕما؛ چونکە هەندێ کاری زۆر گەورەی دابووە پاڵ بن لادنەوە و ئەمەش بوو کە پەشۆکاندمی، بەڵام ئەو بەلایەنی کەمیەوە لای ئێمە بوو. گەلەکۆی خەڵکی بێگومان ئەنجامی خراپی لێ کەوتەوە و گومانی پەیدا کرد. ئۆنێڵ لە ناوەڕاستی هاوینی ٢٠٠١ دا دەستی لە کار کشاندەوە و پۆستی سەرۆکی دەستەی ئاسایشی ناوەندی بازرگانی جیهانی World Trade Center وەرگرت، دووهەندەی مووچەکەی خۆی پێ دەدرا. ئومێدم دەخواست کە لە دەرەوەی کاری میری خۆی ئەرکی پتر ڕاپەڕێنێ. بۆ دوا جار چارەکێک لە دوای پەلامارەکەی ١١ سێپتێمبەر، ئۆنیڵ دیترا دەچوو بۆ ناو تاوەری باشوورەوە.

سەرچاوەکانی ترم بزر بوون؛ هەر نا، ناکەونە ناو داوی منەوە. لە بەهاری ٢٠٠٠ بوو، کاتێک کە لە ئوردن بووم، من بە کێشەی (خليل الديك)ەوە فریوم خوارد. (خليل الديك) فەلەستینییە لە کەناری ڕۆژئاوای بن دەسەڵاتی ئیسرائیلی لە دایک بووە. بەر لەوەی بێتە کالیفۆرنیا و لەوێ جێگیر ببێ و ڕەگەزنامەی ئەمەریکایی وەربگرێ، لەگەل برا گەورەکەی چووەتە میسر. لەوەتی ١٩٩٣ لە پاکستان ژیاوە و لەوێ قوتابخانەیەکی کۆمپیوتەر و ماڵپەڕێکی ئیسلامی بەڕێوە بردووە و ئەکاونتێکی (حیسابێکی) بانقی هاوبەشی لەگەڵ گەورە بەرپرسێکی چالاکی ئەلقاعیدە بە ناوی (ئەبوزوبەیدە) هەبوو. یان ئەم قسەیە حکومەتی ئەمەریکایی بۆ خۆی هەڵی بەستاوە.

هەر چەندە ڕەگەزەکەی دیک ئەمەریکایی بووە، بەڵام هێشتا لە پاکستان بەند کراوە. ناشتوانێ سوود لە پرۆسەی قانوونی تەسلیمکردنەوەی بە حکوومەتەی خۆی ببینێ، لە دیسێمبەری ١٩٩٩ دا، بۆ ئوردن سنوورداش کراوە (هەموو لەدایکبووانی کەناری ڕۆژئاوا لەوێ بە هاووڵاتی دەناسرێن). ئەم هەموو کارە، لە پاش چەند ڕۆژێک لە ئاشکراکردنی پیلانێک ڕاپەڕاندران، کە بۆ تەقاندنەوەی هۆتێلێک و چەند شوێنێکی گەشتیاری، بە بۆنەی هاتنی هەزار ساڵەی سێیەمەوە، داڕێژرابوون. گوترا کە دیک ڕۆڵی سەرەکی لەم پیلانەدا هەبووە. بەڵام من گومانم ئەوەیە کە لە ئوردن دەتوانرا پتر بیگوشن بۆ ئەوەی زانیاری لێ وەدەست بێنن نەک لە وەڵاتە یەکگرتووەکان؛ چونکە لەوێ پرۆسەی قانوونی گرانتر بەڕێوە دەچێ. دواتر دیپلۆماتێکی ئەمەریکایی لە پاکستان پێی گوتم: "لە وەڵاتە یەکگرتووەکاندا، دیک تەنیا پاش سی چرکە لە بەندیخانە ئازاد دەکرا. ئێمە هیچ کەیسێکمان لە

دژی نەبووە." بۆ مـــاوەی دوو حـــەفـتـــە پـارێزەرە ئوردنیـــیـــەکـــان لـە پێش من چاوپێکەوتنیان لەگەڵیدا ساز دەکرد، بەڵام هیچیان بۆ نەدرکاندم.

دیک هەرگیز بۆ دادگە بانگ نەکراو داداگاییش نەکرا. پاشـان مانی لـە خواردن گرت و بۆ مـاوەی شازدە مـانگ لە چەندین بەندیخانـەی جیاواز لە ئوردن مـایەوە و پاشـان ئازاد کرا؛ ئەویش پاش ئەوەی کـە خانـەوادەکەی لە کالیفـۆرنیا زانییان کـە مافەکانی وەکو هاووڵاتییەکی ئەمەریکایی چنە و بە بەردەوامی پرسیاریان لە هۆی زیندانیکردنی دەکرد. گەڕاوە بۆ پاکسـتـان و بێگومـان لە ئەوێشـەوەڕا چووەوە بۆ ئەفـغـانسـتـان. لەو کـاتـیـشـدا ژنـەکـەی، کـە بە ڕەگـەز سـووریـایی بوو، مـافی پەناهەندەیی لـەوێ وەرگرتبوو. من هـەرگـیز نەمزانی چ دەکرا و چ دەقـەوما، بەڵام گـەورە کـارمـەندێکی ئـەمـەریکایی لە عـەمـان گـوتی کـە کـێشـەکـەی دیک گـەورە کرابوو(٢). کێشەکەی دیک نموونەیەکی سەرەتایی ڕاپەڕاندنی ئەو مافانە بوو کە واشنتن دەیویست بۆ ئەوەی هەموو گومانلێکراوەکان لە ئەوبەری دەریاوە دەستگیر بکا (هەندێ جـاریش بۆ ئەوەی لە وڵاتێکی جیـهـانی سـێـیـەمـەوە بیـانـگوازێتـەوە بۆ وڵاتێکی تر کە تەکنیکی لێکۆڵینەوەی تێدا لەوە توندترە کە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە.)

ئەو سـەرچـاوانەی تر کـە من دەمناسـین کـەوتنە پشت شـیـشـی زیندانەوە و ئـیـتـر بواری ئـەوەم نەمـا چـیی تر بیـانبـینمـەوە. لە بـرۆکـسل پێـوەندیی خـۆمم دەگـەڵ کابرایەکی تونسی گەشە پێ دەکرد کە ناوی (طارق المعروفي) بوو. ئەویش دەستی لە کوشتنی (ئـەحـمـەد شـاه مـەسـعوود)دا هەبوو. شێری پانشیر دوو ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی شەڕی ئەفغانستان کوژرا. "المعروفي" لە ٣٠ سێپتێمبەری ٢٠٠٣ بۆ مـاوەی شـەش سـاڵ زیندانـی بەسـەردا سـەپا(٣). سـەرچاوەیەکی چەنەبـازی تر لە لەندەن هەبوو؛ ئەویش ئیسـلامییەکی توندڕۆی میسری بوو، ناوی یاسر سری بوو. ئەویش بەپێی هەمـان تۆمەتەوە لە ئۆکتـۆبەری ٢٠٠١دا دەستگیر کرا. پاشی حەوت مـانگ زیندانی دادوەرێک فەرمـانی ئازادکردنی دا، چونکە یاسر سری بە (گێلێکی لە ڕادەبـەدەر)ی لەقـەڵەم دا. چونکە ئـەمـەریکا داوای کـردبوو کـە ڕەوانـەی ئەوێ بکرێ، یەکسـەر دوای ئازادکردنی دووبارە گیـراوە. بەڵام دیسـان دادگـا ئازادی کردەوە.

هەروەها لە لەندەن، من (أبو قتادە)شم ناسی کە ئیسلامییەکی فەلەستینی توندڕۆ بوو. ئەویش لە نەکاوڕا لە ١٥ی دیسێمبەری ٢٠٠١دا بزر بوو. بزربوونەکەشی پێش دەرچوونی یاسای دژە تیرۆریزم و ئاسایش بوو. بەپێی ئەو یاسایە دەکرا بۆ ماوەیەکی نادیار (أبو قتادە) دەسگیر بکرێ. حەفت وڵات لە سێ کەرتی جیاوازەوە بۆ (أبو قتادە) دەگەڕێن. بۆیە دەیزانی ئەگەر لەو ماڵە بمابایە کە من لەوێ چاوم پێی کەوتبوو دەیزانی چی بەسەر دەهات. دوای چەند حەفتەیەک لە پاش بزربوونەکەی پەیامێکی دەنگیی لەسەر ئینتەرنێت بۆ لایەنگرەکانی خۆی بەجێ هێشت و گوتی: (من سەلامەتم، بەڵام زۆر لە من مەپرسنەوە.)

ئەمە ئەو ڕێبازە ئاڵۆزەی تیرۆریزمە کە هەندێ لە کارمەندانی ئەوروپی لە بواری دژەتیرۆریزمدا گومانیان هەبوو کە هاوکارە بەریتانییەکانیان ڕەنگە ڕێکەوتنێکیان دەگەڵ (أبو قتادە) هەبووبێ، چونکە تەنانەت ئەگەر ئەو (أبو قتادە) کە بەدەستی ڕاستی ئوسامە لە ئەوروپادا دەناسرا، سیخوڕیش نەبایە ئەوە هەر لە مەترسی دابوو؛ چونکە لەناو یاوەرە موسڵمانەکانی زۆر دیار بوو بۆیە بەدیارکەوتنەوەکەشی ئەنجامی تایبەتی خۆی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە کۆنە تەکنیکێکی پۆلیس بوو. بەڕێکەوت دەیان موسڵمانە توندڕۆیە هاوکارەکانی ئەبو قەتادە لە سەرانسەری ئەوروپادا گیران و تۆمەتی پیلانگێڕانیان دەگەڵ تیرۆریستان درایە پاڵەوە.

بەهۆی ئەو تۆڕە ئیسلامییەی کە لەو ڕێکخراوە نزیک بوو کە نازییەکانی لە دوای ڕووخانی ڕایخی سێیەم لە ١٩٤٥دا، بە قاچاغ بردە ئەمەریکای لاتینی؛ پسپۆڕە ئەوروپییەکان باوەڕیان وا نەبوو کە (أبو قتادە) لە خۆوەڕا خۆی شاردبێتەوە. من لە کۆتاییدا لە کارمەندێکی بواری دژە تیرۆریزمم پرسی بۆچ. بە تیلچاو سەیرێکی کردم. لێی تێ گەیشتم کە تا ئێستاش بەریتانییەکان لەمیانی گەمەی دژە تیرۆریزمدا، هێشتا هەر پێشەنگن. ئەوان لە سەدەی نۆزدەمدا یاسایەکەیان داهێنا و تا ئێستاش هەر پەیڕەوی دەکەن. ئایرلاندی باکور و سوپای کۆماری ئایرلاندی و توندڕۆیە پرۆتستانتەکان شارەزایی پتریان پێ داون. (نزیکەی ساڵێک پاشتر "أبو قتادە" لە لەندەن دەستگیر کرا. بەڵام من گومانم هەیە کە دەستگیرکردنەکەی بۆچوونی فەڕەنسییەکانی لەبارەی بزربوونەکەی گۆڕیبێ.)[٤]

وا دیاربوو، لەوەتی جۆزیف کۆنراد لە (هاوبەشکاری نهێنییەکان) و لە بەرچاوی ڕۆژئاوا و هینری جەیمز شازادە خانمی کازامازیمایان، نووسیویەتەوە و بەتوندی باسی هەڵسوکەوتە دوودەوەکانیان کردووە، کەم شتێک گۆڕاوە. خۆزگە ئەو چیرۆکانەی ئەوانە، لە ڕۆمانە خەیاڵییەکاندا گێڕاویانەتەوە، پتر سوودیان بۆ ڕاستی ئەمڕۆ دەبوو.

# مێشوولەی ناو گوێچکەی فیل

چەند ڕۆژ لە پاش ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١دا، لە خۆمم پرسی ئایا ئوسامە بن لادنیش وەک هەموو دنیا، بە ڕاستی تەماشای ئەو فڕۆکە پڕ لە سووتەمەنییانەی کردووە، کە فڕۆکەوانە خۆکوژ و پیاوە خۆپەرستەکانیان لە ئاسمانێدا ڕفاندیانن (هایجاک) و پاشان بە پێنتاگۆن و جووتە تاوەرەکەی مانهاتنی ناوەندی بازرگانی جیهانیان دادا. لەبەر چەند هۆیەکە من هێشتا ناتوانم ئەمە پڕ بە پێستی خۆی شی بکەمەوە، هەر شتێکی تر پێوەستی بە ٩/١١ هەبێت، ئەگەر لەگەڵ ئەو ئەگەرەدا بەراورد بکرێ، لەلای من شتی لاوەکییە. ڕەنگە ئەمە لە ساڵانی ڕابردوودا وا بووبێت، ئەو کات کە لە بەرزاییەکانی هیندۆکوژ، لە سەنگەرێک لە ئەفغانستان، شوێنی خۆی بە ئامێری دڵڕفێن، خۆش کردبوو. کەیفی پێ دەهات کە کۆمپوتەر و تەلەفۆنی سەتەلایت و دیش و هەندێ ئامێری تری تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی تایبەتی خۆی نیشانی میوانەکانی بدات. ئایا هونەری چێژتنی ژیانی دەزانی؟ ئایا دەیتوانی چێژ لە کارێکی هونەری خراپی وەک دووبارە لێدانەوەی فیلمە ترسناکەکانی هۆلیوود وەربگرێ کە پڕە لە تەرمی شێوێندراو و بڵێسەی ئاگر و ئەو خانووانەی کە لە خۆوەڕا دەتەقنەوە و ئەو مرۆڤە ئازایانەی کە دەگەڕێنەوە و بە پەیژەکانەوە سەردەکەونەوە و بەرەو مەرگی خۆیان دەچن؟ ئایا ڕیزی لە نەفەرەکانی ئەو فڕۆکە بەدبەختە ناوە، کە باسی ئەو قەیرانە بێچارەیەی خۆیانیان بە مۆبایلەکانیان دەگێڕاوە لەو کاتەی کە نەفەرە پاڵەوانەکانی تر پەلاماری ڕفێنەرەکانی خۆیانیان دا و مکوڕبوون لەسەر ئەوەی کە نەیەڵن فڕۆکەکەیان ببێتە مووشەکێک و نەشهێڵن ئاراستەی نیشانەیەکی گرینگی تر بکرێت؟

من لەو کاتی گومانم هەبوو وەڵامی توکمەم بە دەست بکەوێ. چونکە هەینێ کەوتبوومە ناو داڵغەوە، خەیاڵەکانم لەسەر بنەمای پتر لەو دوو ساڵە پڕ نائومێدییەوە بنیات نرابوو، کە خەریک بووم ئوسامە بناسم. لە پێشاندا وا هەستم کرد کە ڕەنگە ئوسامە بە بەڵگە بسەلمێنێ یان نا هەر بە قسە بڵێ کە تەنیا

یارمەتی گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکەی داوە، بەڵام دان بەوە دانەنێ کە بە خۆی فەرمانی ڕاپەڕاندن و پلاندانان و بەڕێوەبردنی ئەم کارە توندوتیژە نائاساییەی دابێ و بەمەش ناوی خۆی پەراوێز بکا و لە بنمیچی تۆماری مێژووی تیرۆریزم گیری بکا. ئەم جۆرە ئاماژە پێکردنە تا ڕاستەوخۆیەش بووەتە ڕێبازێکی ئەو و مێژووەکەشی بۆ دە ساڵ بەر لە ئێستا، دەگەڕێتەوە. بەمەش ڕێگەی بۆ خۆش بوو بۆ ئەوەی بە شێنەییەوە بە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایە بگات، تەنانەت ئەگەر بە پێی هەموو پێوەرێکی لۆجیکی بە بەڵگەی زیندووش بسەلمێندرایە کە پێوەندیی لەگەڵ هەندێ لەو کارە تیرۆریستییانەدا هەبووە کە لەبەر دەرگەی ماڵەکەی خۆیدا ئەنجام درابێ؛ بە هزری ئەو ئەم ڕێبازە ئەوی لەو کارانە دوور دەخستەوە کە خۆی ڕێکی خستبوون.

ئینجا بەڕێوەبەرایەتی بوش، بە کەمتر لە دوو حەفتە بەر لە جەژنی بوونی عیسا (کریسمەس)، کاسێتێکی ڤیدیۆی پچڕ پچڕی بڵاو کردەوە، کە لەلایەنی نە شارەزایەکەوە هەندێکی بێدەنگ گیرابوو. ئەو کاسێتە بووە بەڵگەیەکی ئاشکرا و (دووکەڵی تاوانەکەی لێ هەڵدەستا). کاسێتەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بوش زۆر بە سوود بوو.

بەر لە ڕووخانی ڕژێمی تاڵیبان بە چەند ڕۆژێک، ئوسامەی ڕەنگ زەرد، لە ناوەڕاستی نۆڤێمبەردا، شیعری بۆ پەنجا تا شەست لە میوانەکانی خۆی لە قەندەهار، دەخوێندەوە. لە نێوان زەردەخەنە و پێکەنینەوە، کابرای سعوودی بێ ئەوەی هیچ پەشیمانییەک نیشان بدا، ئاماژەی بەوە کرد کە کارێکی وا دەکات کە بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە. لە ڕاستیدا کاسێتەکە بە گەرمییەوە لەلایەنی موسڵمانانەوە پێشوازی لێ کرا؛ چونکە وا پێ دەچوو کە کرۆکی قسەکان زۆر ئاسایی بن یان چونکە ئەوانەی کە گومانیان هەبوو نەیاندەزانی بۆ ئوسامە ئەوەندە لەخۆبایی و سادە بوو کە بەم شێوەیە قسەی لە ناو کاسێتێکدا کرد.

(فرتوفێڵکردن، هەر چ بووبێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی بەزینە تازەکەی ڕژێمی تاڵیبان و سەرەتای لە کار خستنی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بوو، یان بە لایەنی کەمەوە کاردانەوەی بەزینی سەربازەکانی لە مەیدانی شەڕیدا بوو. کاسێتەکە بۆ هەموو موسڵمانانی دنیا بوو، بەڵام وەک جاران سەرنجی

ڕانەکێشان بۆیە بە نەرمییەوە قسەی ئاراستەی عەرەبستانی سعوودیە کرد و ویستیشی موسڵمانانی کەشمیر و فەلەستین و چێچنیا و هەندێ لەو ئیسلامییانەی کە خۆی لەو ملمانێیە سەرپەرشتیکردن، لە بیر نەبەنەوە.)

بەڕێوەبەرایەتی بوش، بۆ ئەوەی متمانەی خۆی بتەوتر بکات، وای بە باش زانی کە سەرچاوەی کاسێتەکە ئاشکرا نەکات. حکوومەتی ولاتە یەکگرتووەکان تەنیا ئەوەی گوت کە کاسێتەکە لە ماڵێک، لە شاری جەلال ئابادی ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستاندا دۆزراوەتەوە. لە نۆڤێمبەر، بە پەلە گەیەندرا واشنتن، پاشانیش بە پەلە چێک کرا و دووبارە چێک کراوەتەوە و مشتومڕێکی زۆری لەبارەی هۆی بڵاوکردنەوەی لەسەر کراوە. ڕاڕایی حکوومەت و گومانی موسڵمانان لە جێی خۆیان بوون؛ چونکە ئوسامە زانیاری زۆری درکاند و وای کرد کە دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی و دەزگای هەواڵگری ناڤین CIA و لێکۆڵەرەکانی تریش لە سەرتاسەری جیهان یەکتری بگرن.

ئوسامە، بێجگە لە چوار هاوولاتییە سعوودییەکەی خۆی، بە وردی ڕەگەز و ناوی هەندێ لە نۆزدە خۆکوژەکەشی ئاشکرا کرد. ئوسامە جەختی کردەوە کە چوار تیمی فڕۆکەوانی خۆکوژ هەبووە و بە شانازییەوە باسی ئەوەی کرد کە نەیهێشتووە ئەم چوار تیمە بە یەکتری بزانن. باسی ئەوەشی کرد کە تیمەکان بە سەر چوار فڕۆکەواناندا دابەش کرابوون. فڕۆکەوانەکان دەیانزانی ئەرکەکانیان چ بوو. سەرپەرشتیارە سعوودییەکەشیان (تەنیا بەر لە چوونە ناو فڕۆکە) بە تەواوەتی زانی کە سروشتی کارە خۆکوژییەکەیان چییە و چۆن دەبێ یەکسەر لە دوای فڕینی فڕۆکەکان، نەفەرەکان بە هۆی چەقۆوە زراو ببەن و ملکەچیان بکەن(١). ئوسامە گوتی پێنج ڕۆژ پێشتر زانی کە لە ١١ی سێپتێمبەردا پەلامارەکان دەدرێن و ڕادیۆکەشی کردبووەوە بۆ ئەوەی گوێی لە نووچەی لێدانی یەکەم فڕۆکە لە تاوەری باکوری سەنتەری بازرگانی ببێت.

پاشان بە میوانە کەیفخۆشەکانی خۆی گوت: (سەبرتان بێ،) هێشتا ماوە. پاشان باسی ئەوەی بۆ کردن کە چۆن ژمارەی کوژراوەکانیشی خەمڵاندووە ئەگەر بە فڕۆکەیەکی پڕ لە بەنزین پەلاماری جووتە تاوەرەکە بدات. ئەوەشی گوت کە سەری لەوە سوڕماوە؛ چۆن هەردوو تاوەرەکە بە تەواوەتی ڕمان. گوتیشی: (ئێمە

تەنیا ئومێدی ئەوەمان دەکرد کە سێ تا چوار نهۆمی تاوەرەکان برووخێن،) واتا لەو نهۆمانە بە سەرەوە تر برووخێن کە فڕۆکەکان لێیان دەدەن.

وەک من چۆن پێشبینیم دەکرد، ئوسامە لە تەلەڤزیۆن تەماشای هەردوو پەلامارەکەی کردووە. وتەبێژەکەی ئوسامە کە ناوی سلێمان ئەبوغەیتە، تەلەڤزیۆنێکی لە ژوورێکی تەنیشتییەوە، پێ کردبوو، دووبارەبوونەوەی پەلاماری سەر جووتە تاوەرەکەی چەند جار سەیر کرد، ئینجا بە ئوسامەی گوت. گوتەبێژەکە گوتی: (ویستم خەبەری بدەمێ کە چم دیت، بەڵام بە دەست ئاماژەی بۆ کردم کە ئەو خۆی ئاگەدار بوو.)

ئەدەبی پسپۆڕ ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا گەیشتە ئەم ئەنجامە کە ئامانجی تیرۆریزمی نوێ ئەوەیە کە زۆر ترین زیان بە خەڵک بگەیەنێ. ئوسامە پتر لە ئامانجەکەی خۆی پێکا. تەلەڤزیۆنەکان، لە سەرتاسەری جیهاندا، بە بەردەوامی بۆ چەند ڕۆژ دیمەنە ترسناکەکانی ئەو کارەی نیشان دا کە پتر لە سێ هەزار کەسی تێدا کوژران (لە سەرەتادا ترسی ئەوە هەبوو کە دوو هێندە کەس لەناو چووبن). سەرکەوتنەکەی چەندین پرسیاری بێ وەڵام هێشتنەوە. بە شێوەیەکی لۆجیکی، دەبوو ئەوە بزانێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان کاردانەوەیەکی بەرانبەر ئەم پەلامارە دەبێت – کاردانەوەکەشی زۆر گەورە دەبێ. بەڵام وا دیارە ورد لێکدانەوەکەی سەرچیغ چوو. یانیش کارە سەرشێتەکانی سەبارەت بە توندوتیژی وای لێ کرد کە بە هەڵە وا لە خۆی بگات کە کەس دەرەقەتی نایێ. لە قسەکانیدا گوتی ئەمەریکاییەکان پڵنگی کاغەزن. ئەو گێرەشێوێنییەی کە پەیدا بوو و حکوومەتی ئەمەریکای بە تەواوەتی گرتەوە؛ پاش پێکانی دوایین فڕۆکە لە پێنسلڤێنیا، سەرۆک جۆرج بوش بە نیگەرانییەوە، بۆ ماوەی نۆ سەعاتی سەخت لە دەرەوەی واشنتن ماوە.

ئایا ئوسامە قەناعەتی وا بووە کە وڵاتە یەکگرتووەکان ناوێرێ هێرشێکی گەورە بۆ سزادانی بۆ سەر ئەفغانستان بکا؟ ئایا وەک ئەو پڕوپاگەندەیەی کە دەیکا ڤۆلەنتیرە عەرەبەکان بە تەنیا سوپای سووری سۆڤیەتیان لە ١٩٨٠کاندا بەزاند؟ ئوسامە بە تەنیا نەبوو کە مەترسی دووبارە تێوەگلانی لە ئەفغانستاندا جاڕ دا، بگرە جەنگاوەرە دێرینەکانی سۆڤیەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانیان لە مەترسیەکە

وریا کردەوە. کوشتاری سەربازە بەریتانیاییەکان بە دەستی ئەفغانییەکان لە سەدەی نۆزدەمدا، ئەم جۆرە چیرۆکانەی پشتڕاست کردنەوە کە سەبارەت بە دڕندەیی ئەفغانەکان و نیگەرانییان لە بیانییان باس دەکران. ئەمانە بەرپەرچی سەرۆک بیل کلنتۆن و سەرۆکەکەی پاش ئەویشی دانەوە لەوەی کە پەلامارێکی گەورەی سەربازی بکەنە سەر ئەفغانستان بۆ ئەوەی ڕژێمی تاڵیبان و میوانەکانی ئەلقاعیدەی سزا بدەن. (لە ڕاستیدا، تەکنۆلۆجیای چەکە ئەوپەڕ پێشکەوتووەکانی ئەمەریکا و پارەی زۆر و هاوپەیمانە ناوخۆییە ئەفغانییەکان وێکڕا توانیان لە شاڵاوێکی گەورەدا بە زوویی سەربازە پیادەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە و تاڵیبانەکان کە دەیانپاراستن، ببەزێنن. ئەگەر ئەفغانستان ببایە زۆنگاو، ڕەنگبوو کۆشش بۆ ئەوە نەکرابا تەنانەت کەمترین ڕادەی یاسا پەیرەو بکرابا و وڵات ڕێکوپێک بکرابا و ڕەنگبوو سەرمایەش لە بواری "دروستکردنی وڵات" وەبەرهەم نەهێندرابا و ئەمەش دەبووە مۆرکێکی پیس و لە حکوومەت دەدرا.)

هەرچەندە ئوسامە بە خۆی شەهیدبوونی لە ناو خەڵکیدا خۆشەویست کردووە، بەڵام ئەگەر ئوسامە بە خۆی پلانی بۆ دوا گەمەی خۆی دابنابایە، ئایا خۆی تەسلیمی چارەنووسی خۆی دەکرد و بە پیری شەهیدبووندا دەچوو؟ ڕەنگە ئوسامە وای بۆچووبێ کە نەخۆی نە ئەلقاعیدە بتوانن پارسەنگی ٩/١١ بدەن. چونکە هەینێ قسە وابوو کە ئوسامە نەساغە و تووشی نەخۆشی گورچیلە بووە و گەلێ جاریش دووچاری نەخۆشییەکی دڵ دێت کە پێی دەگوترێ نەخۆشی (مارفرن) و ئەمەشیان هەڕەشەی مردنی زووی لێ دەکات. ئەگەر وابوو ئایا لە سەری پێویست بوو بڕیاری ئەوە بدا کە لە سەرکردایەتییەکەی لابچێ، یان داهاتووی نادیاری خۆی بکاتە قوربانی کە ڕەنگە ئەم کارەشی ببێتە لەکەیەک و بە نێوچەوانیەوە بنووسێ؟ ئەمە بابەتی پێشبینی بێ کۆتایی و بارگەی ئەو ئەفسانەیە بوو کە بە خۆی و بە یاوەرەکانییەوە دەیانویست دروستی بکەن.

بەڵام ئەوەی کە دەمودەست لە دنیای ڕاستەقینەدا بایەخی پێ درا ئەوە بوو کە ئوسامە، بە ویستی خۆی یان بە لێکدانەوەیەکی چەوتەوە، وەک شەمشوونێکی موسڵمان هەڵسوکەوتی کرد و ئەوە بوو کە پەرستگایەکەی بەسەر سەری تاڵیبانی خانەخوێیدا خستە خوارەوە و ئەو حەرەمە ئەفغانییەی کە بواری بۆ ڕەخساند تا ئەلقاعیدەکەی، بێ ترس، تێدا گەشە پێ بکا و چالاکییەکانی لەوێوەڕا درێژە پێ

بدات تا له کۆتاییدا هەموو دنیا بگرێتەوە، ئەو ئەفغانستانەی خستە مەترسییەوە. لێڵـیی، چارەنووسی ئەم ڕاسـتـیـیـەی دەمـامک دا. ئەو شـەڕ و پێکدادانە بێ ئەنجامـانەی کە لە شـاخـەکـاندا دەقەومـان و هـاریکاریکردنی هاوبیـرە ئیسـلامە توندڕۆیـەکـان لە پـاکسـتـان؛ یارمـەتـی مـانەوەی سـیـسـتـەمی ئـەلقـاعـیـدەی دا. تا مـاوەیەکی زۆر لە سـاڵی ٢٠٠٢دا، ئەندامـانی ئەلقـاعـیدە و جـەنگاوەرانی تاڵیـبـان حەشارگەیان بۆ خۆیان لە ناوچە سنوورییەکانی باکوری ڕۆژئاوای پاکستان لەگەڵ ئەفغانستاندا پەیدا کرد، ئەمەش لەوەتی ڕۆژی (کیپلینگ) بە شێوەیەکی ترسناک گۆڕاوە. پاکستانیش سەدان جەنگاوەری گرتن کە زۆربەیان سەربازی پیادە بوون، پاشـان تـەسلیـمی ئەمـەریکاییـیـەکـانی کـردن. لە نیـسـانێ، سـەرکـردە گـەنجـە گەورەکەیان کە (ئەبوزوبەیدە) بوو؛ دوای شـەڕە گولەیەک لە فەیسـەل ئاباد، ٢٠٠ میل لە ڕۆژهەڵاتی نزیک سنووری ئێران، بریندار کرا و گیرا. لە سێپتێمبەریش (رمـزی بن ئەلشـیـبـە) گـەورە پێـوەندکـاری ئەلقـاعـیـدە لە شـانـەی هامـبـۆرگ کـە پێـوەندیی بە کـارە تیـرۆریسـتـیـیـەکـەی ٩/١١ هەبوو لە بەندەری کـەراچی، کـە بەندەرێکی شێواوی بێ یاسایە، گیرا.

بێگومان جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی بۆ خۆت وڵاتێکت هەبێ کە بە ئازادی تـەڕاتێنی تێدا بکەیت، لەگـەڵ ئەوەی کـە بە قـاچاغ لە حـەشـارگـەیـەکی پاکسـتـان، یان لە هەر شـوێنێکی تردا بژی. هەرچەند پێوەندیی ئەلقاعیدە لەگەڵ پاکسـتـان پێـشـتـر بە هێـز بووبێ گـرینگ نیـیـە؛ چونکە ئێـسـتـا جـەنـەراڵێک فـەرمـانڕەوایی دەکـات کـە بە ئاشکرا هەمـوو پێـوەندییـەکی لەگـەڵ مـوسـڵـمـانە ڕادیکاڵەکـان وەسـتـاندووە و چەند ڕۆژێک لـە دوای ١١ی سـێـپـتـێـمـبـەر پـەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ واشنتن ڕاگەیاند. تا ئەو کاتە کە ئوسامە دەگەڕاوە جەلال ئاباد هەرچی لە پاکسـتـان و ئەفغانسـتـاندا بویسـتـبایە هەمـووی بە ئازادی ڕادەپەڕاند. ئەو پارەیـەی کە هـەیبـوو لە مـاوەی بیـست سـاڵی ڕابردوو لە مـیـانی شـەڕی دژی لەشکری یەکـیـەتی سـۆڤـیـەت لە ئەفغـانسـتـان، پایەیەکی بەرزی لە هەر دووک لای سنوورەکەوە بۆ گەرەنتی کردبوو.

لەوەتـەی ئوسـامــە، ئەو لاوی بـێ ئەزمــوون، لە سـاڵەکـانی هەشـتـاوە هـاتە ئەفـغـانسـتـان تا ئێسـتـا زۆری وەدەست هێناوە. ئوسـامە لە سـەرەتاکـاندا بندەسـتـە بوو کـەچی ئێسـتـاکـە بووەتە خـاوەن پلـە و پایەی خـۆی و قسـەی دەڕوا و تەنانەت

هەرەشــەش لەوانە دەكـات كـە بـە قـسـەی ناكـەن. ژیان فـێـری كـرد كـە چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ مرید و نەیارەكانیشیدا بكات. هەر لە خۆ تەرخانكردنی بۆ كاری دەرەكی تا دەگاتە پیادەكردنی كوێرانەی نەریتە ئیسلامییەكان، هەرگیز بیری لەوە نەكردەوە كە بە سەر فەرمانەكانی تاڵیبانە توندڕۆییەكاندا باز بدا. بەڵام هەرچەندە پۆلیسی ئاینی هەموو كۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن و نەوار و ڤیدیۆ تێپەكانی یاساغ كرد و لە بازاڕەكاندا تێكی شكاندن و بە درەختەكاندا هەڵی واسین؛ بەڵام هێشتا ئەم قەدەغەكردنە بەلای ئەودا نەچوو.

لە هەمووان پتر توانی پێوەندیی خۆی لەگەڵ مەلا محەمەد عمر پەرە پێ بدا. ئەو مـەلایە كـابرایەكی بیـر كـوێری، یەک چاوەی سـەرۆكی خـێلی پشـتـۆن بوو كـە ڕۆژێكیان كراسێكی بە خەڵک نیشان دا و گوتی ئەوە كراسی پێغەمبەر بووە و پاشـان كـردیە بەر خـۆی؛ بەمـەش جـاڕی دا كـە بووە مـیـری ئیـمـانداران (امـیـر المؤمنین). هـەندێ لایەنی ئەمـەریكایی مكوڕبوون لەسـەر ئەوەی بڵـێن كە ئوسـامـە مـەلا عومـەری كـردووەتە ئەنگوستیلە و لـە پەنجـەی خـۆی كـردووە. لە سـەرەتادا تۆمارەكە وای نیشان دا كە ئوسامە هەموو كات كۆششی كردووە بۆ ئەوەی مەلا عـومـەر بە ڕووێكی جوانەوە نیشـان بدات. ئوسـامـە چەند ئۆتۆمـۆبێلێكی جـووت ئەكسلی نایاب و پارەی كاشی پێشكێشی كرد و مێچكە مێچكەیشی لەبەر كرد، چونكە دەیزانی مەلا عومەر موعاناتی خۆی هەیە. ئوسامە زۆر چاک ئاگەدار بوو كە هەندێک لە سـەركردە توندڕۆیەكانی تاڵیبـان هەوڵیـان دابوو مەلا عومـەر قـایل بكەن بۆ ئەوەی ئەو بیانییەی كە متمانەیەكی ئیسلامی زۆری لە میانی شەڕی دژی سـوپای سـووردا وەدەست هێنابوو، وەدەربنێ؛ چونكە مـەترسـیـیـەكی زۆری بۆ ڕژێمەكەیان هەبووە.

لە بەیەک گەیشتنە ئاشكرا و نهێنییەكانیشدا، نێردراوە ئەمەریكاییەكان بە بەردەوامی وەبیری نوێنەرەكانی تاڵیبانیان دەهێنایەوە كە كاتیان لەبەردا نەماوە و ئەو چالاكییەی كە ئوسامە ئەنجامی دەدا بێگومان دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕ. وا دیارە ئەم جۆرە ئاگەداركردنەوەیە بە پێچەوانەوە كاری لە مەلا عومەری دەكرد. لە سـاڵی ١٩٨٨، پاش مـاوەیەكی كەم لە پەلامـارەكەی كە لە مـانگی ئابدا بە هۆی لۆری بۆمـبـڕێژكـراوەوە، كـرایە سـەر باڵیـۆزخـانەكـانی ئەمـەریكا لە نایرۆبی و لە دارولسـەلام، پارەدانە فەرمـیـیـەكی سـعوودیەی خـسـتـە بەر مـەترسـیـیـەوە؛ ئەویش

کاتێک کە میر ترکی ئەلفەیسەل، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەو وڵاتە، چووە قەندەهار و لەوێ بە هەڵە عومەری بەوە قایل کرد کە پەیمانەکەی پێشتری خۆی بەجێ بگەیەنێ و ئوسامە تەسلیم بکاتەوە.

بە درێژاییی ساڵی ٢٠٠١، هێمای وا نیشان دەدرا کە ئوسامە ڕۆژ لە ڕۆژ پتر فەرمانی بە سەر مەلا عومەردا دەڕۆیشت. ئوسامە بە ئاشکرا فەرمانەکەی تاڵیبانی تایبەت بە قەدەغەی قسەکردنی بۆ میدیای پێشێل کرد و ئاهەنگێکی گەورەی بە بۆنەی ژن گواستنەوە بۆ کوڕەکەی ساز دا و بە تەنیاش فەرمانی تەقاندنەوەی پەیکەرە زەبەلاحەکەی بوودای لە بامیان و هەندێ هونەری تری پێش ئیسلامەتی، دەرکرد؛ بەمەش پەیڕەوەی ئەو بیرۆکە مەزهەبییە توندەی پەیڕەو دەکرد کە لەگەڵیدا گەورە بووبوو[٢]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئوسامە هەوڵی دەدا هەمووکات دڵی مەلا عومەر بۆ خۆی ڕابکێشێ و هەرچەندە دوو ساڵ بوو خەریکی پیلانی پەلامارەکانی ١١ سێپتێمبەر بوو، بەڵام هێشتا تا ماوەیەکی کەم بەر لە جێبەجێکردنی پەلامارەکان، پلانەکەی بۆی نەدرکاند، کە بۆشی درکاند هێندە درەنگ بوو کە نە دەکرا ڕابگیرێ[٣]. بۆ ئەوەی تاڵیبان بە تەواوەتی بخاتە بەردەستی خۆی، دەبوو ئوسامە دووبەرەکی بخاتە نێوان گەورە بەرپرسە ئەفغانییەکان، ئەوانی ترسی زۆریان لەوە هەبوو کە عومەر ڕێگە بداتە ئوسامە بۆ ئەوەی گەمە بە چارەنووسیان بکات. هەرچەندە بۆ ماوەی چەند ساڵان سەرەکانی تاڵیبان بە ڕەواڵەت پشتیوانی ئوسامەیان دەکرد، بەڵام لە دانیشتنی تایبەتی خۆیاندا هەردەم باسی مەترسی حەشاردانی میوانێکیان دەکرد کە بێوچان ویستوویەتی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی وەدەست بێنێ. ئەو دووبەرەکییە دوای لێک ترازانی ڕژێمی تاڵیبان لە نۆڤێمبەری ٢٠٠١دا پتر وەدیار کەوت.

تەنانەت کەمزانترین ئەفغانیش، زۆر لە مێژ بوو دەیزانی کە لەو هەموو بنکەی مەشقکردنی ئەلقاعیدەی دەوروبەری کابول و قەندەهار و جەلال ئاباد و ناوچە دەشتاییەکانی دیکەی کە لە سەردەمی شەڕی دژی سۆڤیەت لە هیندۆکوژدا دروست کرابوون، چ دەکرا. پاشان هەندێ لە بنکەکان، بە بێ پسانەوە، مەشقکەرە تیرۆریستەکانی ئەلقاعیدە و سەربازەکانی تاڵیبان و گۆڕانکارخوازە پاکستانییەکانیش، کە دەیانویست لە کەشمیر بەرەنگاری هیندستان ببنەوە، هەموویانی تێدا هەبوو. لە هەموو تاڵیبانەکان کەللە ڕەقتریان تەمایان بوو

میرنشینێکی ئیسلامی بەو شێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێ ئاوا پێک بهێنن. کەچی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نا حکوومەتییەکان یارمەتییەکی کەمیان پێشکێشی دانیشتوان دەکرد. ئوسامە مەلا عومەری هان دا بۆ ئەوی خیلافەتی ئیسلامی بژیێنێتەوە، ئەو خیلافەتە ئەتاتۆرک لە دوای دامەزراندنی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤دا لە ناوی برد. لە ڕاستیدا ئوسامە پتر دەیویست بگاتە ئەم مەبەستەی کە جیهاد و شەڕی پیرۆز بەرپا بکا، نەک ئیش و کار پەیدا بکات و بەڕێوەبردنی وڵات پەرە پێ بدا. مەلا عومەر و تاڵیبانەکانیش بوونە پووشی ئەم ئاگرە.

ئەمەریکاییەکان گەیشتنە ئەو ڕاستییە کە ١١ی سێپتێمبەر ژیانیانی گۆڕی. خەڵک جوانی و ترسیان لە بەرچاودا بوو. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکەی ئەمەریکاییەکان ئەوەیە کە ئێستا بە چاکی دەژین و بیریش لە داهاتوویان دەکەنەوە تا ڕادەیەک کە دەبێتە ئەستەم بزانی کارەساتی ٩/١١ چ کاریگەرییەکی دەروونی لە سەریان دەبێ. کێ هەبوو، بەر لە ١١ی سێپتێمبەر، بتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە بەڕێوەبەرایەتی بوش کاروباری هەڵبژاردن پشتگوێ دەخا و سیاسەتێک پەیڕەو دەکات بنەڕەتەکەی لەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەچەسپێ؟ کەسیش هەبووە بزانێ ئەمەش دەستپێشخەرییەکە کارەساتی بە سەر گەلێک لە هێزەکانی پێشتری دنیادا هێناوە؟ بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی سادەیی گۆڕا ئەوە شێوازی کارکردنی تیرۆریزمی بوو، ٩/١١ سەرەتایەکی بنەڕەتی ئەو گۆڕانە بوو.

تیرۆریستان، دەیان ساڵە، فڕۆکە هایجاک دەکەن. تیرۆریستان، لە ساڵی ١٩٩٤دا، پلانیان دانا بۆ ئەوەی چەندین فڕۆکە بتەقێننەوە – لە ڕاستیدا پلانەکە بۆ تەقاندنەوەی دوازدە فڕۆکە ڕێک خرابوو – پلانەکە بۆ ئەوەش بوو کە فڕۆکەکان لە ئاسمانی پاسیفیکدا بتەقێننەوە. موسڵمانە توندڕۆیە جەزائیرییەکان لە ٢٤ی دیسێمبەری ١٩٩٤دا، دەستیان بە سەر فڕۆکەیەکی ئێربەسی سەر بە ئێرفرانس لە فڕۆکەخانەی جەزایر، داگرت. پاشان هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە بە تاوەری ئیڤڵ دادەدەن. وەک ئەوەی چۆن جووتە تاوەرەکە و پێنتاگۆن هێمای سەروەری وڵاتە یەکگرتووەکانن، تاوەری ئیڤڵ بە هەمان شێوە هێمای گەوراتی فەڕەنسایە. توێژینەوەیەکی ١٣١ لاپەڕەیی کتێبخانەی کۆنگرێس، لە ساڵی ١٩٩٩ دا کراوە و

کەس بایەخی پێ نەداوە؛ باسی سیناریۆی کارەساتێکی هاوشێوەی کردووە؛ ئەگەر فڕۆکەیەکی هایجاک کراوی پڕ لە تەقەمەنی لە بارەگاکانی پێنتاگۆن و وایت هاوس و سی ئای ئەی CIA بدات؛ چ دەقەومێ[٤]. ڕۆمان نووس (تۆم کلانسی) لە ساڵی ١٩٩٤ چیرۆکی (قەردی شەرەف Debt of Honor)ی بڵاو کردەوە کە ئەو ساڵ لە هەموو کتێبێک باشتر فرۆشرا، خەیاڵی ئەوەی کردووە کە فڕۆکەوانێکی تووڕە فڕۆکەیەکی پڕ لە بەنزینی لەسەر کاپیتۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەخاتە خوارەوە و سەرۆک و زۆربەی سیناتۆر و نمایندەکانیش دەکوژێ کە بۆ دانیشتنێکی هاوبەش بە مەبەستی گوێ لێگرتنی کۆ بووبوونەوە. بەڵام لە مێژووی هاوچەرخی تیرۆریستیدا تا ئێستا پلانێکی هێندە دوورخایەن دانەڕێژراوە و هێندە پارە و ئەو ژمارە زۆرە مرۆیە ڕووناکبیرەی تێ نەگلاوە کە ئەو هەندە لەو شوێنەش دوور بن کە سەرەکەی لێ دەژیا و بێگومان ئاواش نەبووە کە دەست لە ناو جەرگەی خاکی دوژمن بوەشێنی.

ئەم پەلامارانە لە مێژووی تیرۆریستی، هەر لە سەردەمی مرۆڤی کۆنی ئەشکەوتەوە تا ئەمڕۆ، لە هەموو شتێکیان ڕەت دا؛ پیاوەکانی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخەوە هاتبوون فێری کوشتن کرابوون، عەرەبی (حەشیشە)خۆری توندڕۆ بوون و تا ئەوپەڕیش ئامادە بوون بۆ ئەوەی هێرشەکانیان ئەنجام بدەن. حەسەنی سەباح، لە قەڵای ئالاموتی سەر چیای ئەلبورزی باکوری ئێرانێ، لە ساڵی ١٠٩٠ڕا بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ سەرکردایەتی شۆڕشێکی کۆمەڵە شیعەیەکی یاخیبووی کرد کە بە ئیسماعیلییەکان دەناسران. شۆڕشەکە بۆ ئەوە بوو کە حوکمی زۆرینەی سونە مەزهەبەکان لە ناو ببا. حەسەن بە خۆی و بە نەوەکانییەوە کە بە کۆنە پیاوی شاخان ناسراون، لە ماوەی سەدە و نیوی پاشتر مریدەکانی خۆیانیان فێری هونەرێکی جوانی بێ هاوتای پلاندانان و بەکار هێنانی ڕێکوپێکی درێژخایەنی تیرۆر کرد بۆ ئەوەی وەک چەکێکی سیاسی بە کاری بهێنن. بەم جۆرە ئەوانە بوونە یەکەم تیرۆریست و بۆ ئەمەش ڕەگەزپەرستی و پلانی خاویان بە کار هێنا. تەنیا خەنجەریان بۆ کوشتن بە کار دەهێنا. بۆ ئەوەی شەرەفی خۆشیان بپارێزن، دوای ڕاپەڕاندنی کارە تیرۆریستییەکە نە دەبوو ڕابکەن. مەبەستەکانی خۆشیان لە نێوان حوکومڕانە دیارەکانەوە دەستنیشان دەکرد. یەکەمین قوربانی دەستیشیان

وەزیری گەورە (نظام الملك) بوو، کە لە ساڵی ١٠٩٢ درایە بەر خەنجەران تا کوژرا و حەسەنی سەباحیش بە کەیفێکی خۆشەوە گوتی: "کوشتنی ئەم شەیتانە سەرەتای شادییە."

پسپۆڕ لە مێژووی تیرۆرکردندا، بێرنارد لویس دەنووسێ: "ئەویان یەکەم پەلامار بوو لە زنجیرەیەکی درێژی تیرۆرکردندا کە دوو خەلیفە و پاشایەک و چەندین میر و جەنەراڵ و فەرماندار و تەنانەت ئەو پیاوە ئاینیانەشی بەرکەوت کە لە دژی مەزهەبی ئیسماعیلی و یاوەرەکانی وەستان(٥)." زۆربەی قوربانییەکان سونە بوون. هەندێ لە سەرکردە ناودارە خاچپەرستەکانیش بە دەستی ئەوان تیرۆر کران. سەلاحەدینی گەورە نەیاری خاچپەرستەکانیش دوو جاران وەختبوو بە دەستی ئەوان بکوژرێ. مرۆڤکوژەکان وەکو کۆمەڵێکی فاشیستی نهێنی کارەکانیان جێبەجێ دەکرد؛ سیستەمی سوێند خواردن و دەسپێشخەریان هەبوو؛ پلە و پایەی جودایان لە نێو خۆیاندا هەبوو؛ بەڵگەی شەرەفی کوشتنیان لە ئالاموت پاراستبوو؛ ئەو بەڵگانە ناوی کوژراوەکان و بکوژەکانی تێدا تۆمار کرابوو.

یەکەم پیرە پیاوی چیایی دەسەلاتی خۆی بە سەر زنجیرە شاخێکی سەختی ئێرانیی پڕ سەنگەردا سەپاند. بەمەش جێ پێی لەو ناوەدا توندتر بوو. پیاوکوژەکانیش لە عێراق و سوریا و میسر دوورتریش کارە بکوژییەکانی خۆیانیان ڕادەپەڕاند و ئادگاری خۆیانیان دەگۆڕی و بە زۆری خۆیان دەکردە ڕەبەنی دێرێ، یان بازرگان یانیش سەرباز، ئینجا بە شێنەییەوە خۆیان دەخزاندە نێو دوژمنەکانیانەوە. لە مزگەوتەکان یان لە ناو خێوەتی میرەکان دەستی خۆیانیان دەوەشاند بۆ ئەوەی زیانی سەخت بە دوژمن بگەیێنن. سەنگەر گرتن و خۆ پاراستن لەم جۆرە کارە تیرۆریستیانە، بە زۆری دادی نە دەدا. یەکێک لە پیاوە پیرە چیاییەکان گاڵتەی بە هەڕەشەکردنی سەلاحەدین بۆ تۆڵە سەندنەوە لێیان، کرد و گوتی: "بەو خوایە! جێی سەرسوڕمانە! ئەگەر مێشوولەیەک لە ناو گوێچکەی فیلدا بدۆزییەوە، یان پێشکەیەک ببینییەوە کە بە پەیکەرێک وەدەدا."

پیاوکوژەکان لە کۆتاییدا دۆڕاندیان. لە ساڵی ١٢٧٣دا، پێبەرزی گەورە سوڵتانی مەملووکییەکان دوا خاچپەرستەکانی لە خاکی پیرۆز وەدەرنا و دوا قەلاتەکانی

پیاوکوژەکانیشی لە سووریا، لێیان پاک کردەوە. نەوەیەکیش پێش ئەوان، مەنگۆلەکان سەنگەرەکانی پیاوکوژەکانیان لە ئێرانێ گرت و کتێبخانە ئەفسانەییەکەی ئالاموتیشیان سووتاند. ئەو پەندەی کە لویسی مێژوونووس لەو پیاوکوژانەی وەرگرتووە بە زۆری لەگەڵ گەلێ گرووپی تیرۆریستیدا دەگونجێ. ئەوان هەموو کات بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی دژی یاسا دەژمێردران و دیاردەیەکی تاک و تەنیا نەبووینە، بگرە "بەشێک لە بزووتنەوە کریستیانە میللییە لێڵەکان بووینە، ئاواتی زۆر گەورەیان هەبووە، ناوە ناوەش لە ناو خەڵکیدا دەتەقینەوە، یان شۆڕشی خوێناوییان بەرپا کردووە." ئەوانە بە دوای "بیرۆکەی درندانەدا چووینە و بێ ئومێدی و تووڕەییيان کردووەتە بنەمایەکی ئایدیۆلۆجیایان و ڕێکخراوی وایان دروست کردووە کە بە مرازەوە توندوتیژییان نواندووە؛ ئەمەش نە لە پێشتری خۆی و نە لە دواشیەوە هاوشێوەی نەبووە." جا لە کۆتاییدا ڕووخان؛ ڕووخانەکەشیان سەرتاسەری بوو.

ئوسامە بیری لە مەرجەکانی ڕووخان نەکردبووەوە. کارە تیرۆریستییەکانی هەر شێوەیەک بووبن گرینگ نییە، چونکە وا بە تەواوەتی کاتی خۆی هاتووە و هەر دەبێ دەستگیر بکرێ، نەک هەر گەورە بەرپرسەکانی بگرە پێویستە هزرەکەشیان ڕەش بێتەوە. پەلامارداني نیشانی هەڵبژاردە بەردی بناغەی هەر کارێکی تیرۆریزمی هاوچەرخە. بەو پێیە، لە بەکارهێنانی بۆمبێکی ئەتۆمی یان پەلامارێکی گەورە بە چەکی بایۆلۆجی یان بە چەکی کیمیایی بترازێ، کەس بیری لەوە نە دەکردەوە کە هەزاران کەس لە ناوەندێکی ئابووری دەوڵەمەندترین وڵات لە مێژوودا بکوژرێ یان سەر تا پای باڵێکی بارەگای سەربازی بەهێزترین دەوڵەت تەفر و تۆنا بکرێ. ئەگەر بەراوردی بکەین، دەبینین پێشتر کارە تیرۆریستییەکانی ئوسامە سەرەتایی بوون و بریتی بوون لە تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلێک، یان چەند ئامێرێکی تەقینەوە و ئەمەش دەیان ساڵ بوو بە کار دەهات. ئەو کارانە بوون خستیانە ناو نەخشەی ئاڵۆزی جیهانی سێیەمەوە. زۆر لە موسڵمانان وایان زانی کە ئەو هێرشانە ئەوانی بۆ سەردەمی گەوراتی جارانیان گواستەوە و چی گیڤارا و ڕۆبن هود و سەلاحەدین و فریشتەی تۆڵە سەندنەوە و مردن، هەموویان بووینە یەک گلۆڵە و خەریکە بەرەو وڵاتە یەکگرتووە هەرە بە هێز و ملهوڕەکە غلۆر دەبێتەوە.

بەڵام هەینێ ئەو عیملاقە تەنیا شانەکانی خۆی هەڵتەکاند. ئەمجارەیان هاواری

ئێشی ئەمەریکاییەکان لە هەموو دنیا بیسترا. لەم چەرخەی جیهانگەریەدا بیانوویان دایە دەستی وڵاتە یەکگرتووەکان و وایان کرد کە ئەمەریکاییەکان هەست بە تووڕەیی بکەن بەرانبەر بە هەموو دنیا و سەرنجی دنیایان لە سنووری توندڕۆیە شێتە ئیسلامییەکانەوە پتر ڕاکێشا. پێی دەڵێی شێت، شەیتان، گرینگ نییە هەر ناوێکی خۆت دەتەوێ ئەو ناوی لێ بنێ؛ چونکە ٩/١١ لە ئەمانە هەموو کارەساتتر بوو، لە ململانێیەکی نێوان خۆشەویستی – ڕک گەورەتر بوو، کە هەر لە سەرەتای زەمانەوە تا ئێستا مرۆڤ پەیدای کردبێ. لەو کاتەی کە ئەمەریکاییەکان لە نیویۆرک و واشنتن و پێنسلڤێنیادا بۆ مردووەکانیان دەگریان، لەو کاتدا نەیاتوانی بڵێن کە پێشتر ئاگەدار نەکرابوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکراترین و ترسناکترین هەڕەشە لە دەرەوەی زنجیرەی پسپۆڕانی دژە تیرۆردا بایەخی پێ درابوو. پێنج ساڵ بوو ئوسامە بن لادن بە هەموو ئەوانەی ڕادەگەیاند کە دەیدیتن، هەموو ئەمەریکاییەکان، سڤیل بن یان سوپایی بن، بەبێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، ئامانجی ڕەوانە بۆ پەلاماردان. دوو جاریش ئەوەی جەخت کردەوە کە بە ڕاستی دەیەوێ پەلاماریان بدا.

لە حوزەیرانی ڕابردوودا دادگەی فیدراڵی دوو ئەندامی ئەلقاعیدەی بە تۆمەتی پەلاماردانی هەر دوو باڵیۆزخانەی ئەمەریکایی لە کێنیا و لە تەنزانیادا بە دوو لۆری پڕ لە تەقەمەنی، حوکمی موئەبەدی دان. پەلامارەکە لە ڕۆژی ٧ی ئابی ١٩٨٧ دا ڕووی دا و ١٢ ئەمەریکایی و ٢١٢ ئەفریقیاییش لە تەقینەوەکاندا گیانیان لە دەست دا. لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠یش، حەڤدە دەریاوانی ئەمەریکایی لە ناو گەمیەی USS Cole دا کوژران. کاتێک کە دوو تیرۆریست بە بەلەمێکی بۆمبرێژکراوەوە هێرشیان بۆ سەر گەمیەکە برد. گەمیەکە بۆ ماوەیەکی کەم بوو لە نزیک بەندەری عەدەن لە یەمەن، بۆ بەنزین وەرگرتن لەنگەری گرتبوو کاتێک کە پەلامار درا. لێرەش بەرپرسیاریەتی بن لادن ئاشکرا بوو؛ بەڵام هێشتا نەخراوەتە بەردەستی دادگە. لە هاوینی ٢٠٠١یشدا، ئوسامە فیلمێکی ڤیدیۆیی بە سەتەلایت بڵاو کردەوە و تێیدا هەڕەشەی پتری لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد، دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە ناو عەرەبان بڵاو کردەوە. تێپەکە لە ئەفغانستانەوەرا بە قاچاغ بۆ دەرەوە هێنرابوو. ئوسامە لە نێوانی کۆنە چاوپێکەوتنە تەلەڤزیۆنەکانی لەگەڵ تەقەی مەشقکردندا بوو، کاتێ کە شیعرێکی خوێندەوە بەشەڕیدا هەڵدەگوت، کاتێکیش

کە خشەی پەڕ ئاواکردنی خوێندنەوەکەی ئاڵۆز کرد، ئەودەم هەڕەشەی لە ئەمەریکاییەکان دەکرد و دەیگوت: (پەل پەل دەکرێن.)

لەو کاتیدا ئوسامە بە سەر خۆیدا سەلماند؛ ئیتر نەکرا نکوولّی لێ بکرێ. ئەمەریکاییەکان بەرانبەر بە ئوسامە نیگەران بوون، وایان دەزانی کە کردارەکانی ئەلقاعیدە لە داهاتووشدا دەیکات، بە جۆرێک لە بازرگانی دوور دەبێ، بەڵام هێشتا مەترسی تێوەگلانی ولاتە خاوەن نەوتە دراوسێکانی لێ دەکرا. ئەمەریکا لە شەڕی ڤیێتنام فێر بوو کە نەوت شایانە قوربانی بۆ بدرێ. باڵیۆزخانە و کەشتییەکانی شەڕ هەر چەندە هێمای سەروەری ولاتن، بەڵام لە دوای شەڕ بایەخی جارانیان نەما. کە دیپلۆماتکاران و سەربازان دەنێردرێنە هەندەران لەوێ لە دەست دەچن، ئەوانە لە پێناوی ولاتەکەیاندا دەمرن، بەڵام هەندێ جاران دەنێردرێنە شوێنی ئاوا کە ئەمەریکاییەکان ئاساییەکان هەر ناویان نەبیستووە.

ئینجا ناوەندی بازرگانی نێو دەوڵەتی خاپوور کرا، خەونی ئەوەی کە کەس ناتوانێ دەست لە ئەمەریکا بوەشێنێ بووە هەڵم و نەما. زۆربەی کوژراوەکان سیڤیل بوون؛ بۆیە ئەمەریکاییەکان نەیانتوانی ئەمە پەسند بکەن. قوربانییەکان – چەند شوفێرێکی پاسی خەڵکی سیلڤادۆر و پۆلیسی ئایریش و ئاگرکوژێنەوە و پارێزەر و کارمەندانی بانقی جوولەکە و هیندی بوون – هی سەدەی نوێ بوون، ژمارەیان ئەوەندەی ژمارەی قوربانیانی فیلمی شەڕی جیهانی دووەمی بوو. ئوسامە هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە هەموو ئەمەریکاییەک نیشانەیەکی ڕەوایە بۆ ئەوەی بکوژرێ؛ ئەوا هەڕەشەکەی خۆی گەیاندە جێ. بە هێزی ئەو ناوەندی بازرگانی جیهانی هێمایەکی پڕ بەپێستی هەموو ئەو شتانە بوو سەبارەت بە ئەمەریکا ڕقی لێیان دەبووەوە؛ وەک سامانەکەی، بایەخ نەدانی بە گیروگرفتی خەڵکی، گەورایەتی جیهانی لە بواری متمانە بە خۆ کردنیەوە.

ئەگەر پەلامارەکانی سێپتێمبەر واتای تر ببەخشن، ئەوا بوونە هۆی نەمانی ئەو پشووە دە ساڵییەی کە لە دوای نەمانی شەڕی ساردەوە هەبوو، هەروەها لە کاتێکدا کە ولاتە یەکگرتووەکان پاشەکشەی بۆ ناو (سەنگەری ئەمەریکا) دەکرد و دەیویست بە مووشەکی دژە مووشەک خۆی بپارێزێ، ئەو هێرشانە لە دوورەپەرێزییان دوور خستەوە و هێناویانەوە مەیدان بۆ ئەوەی سوود لە

جیهانگەری وەربگرێ. ئەو سەرشێتییەی ئەلقاعیدە و بێن درێژی و مکوڕبوونی و بەردەوامی و بەخت گەورەیی، هەموو ئەمانە وەک هێرشەکەی ژاپۆنییەکان بوو، کە لە ٧ی دیسێمبەری ١٩٤١دا بۆ سەر بەندری پۆوڵ هاربەریان برد. ئەو هێرشە بوو وڵاتە یەکگرتووەکانی لە شەڕی دووەمی جیهانی تێگلاند. (من ئەو کاتی تەنیا منداڵێکی هەشت ساڵان بووم، بەڵام ئاوا پێرڵ هاربەرم لە بیرە، وەک ئەوەی کە هەر دوێنێ قەومابێ وایە. من دەڵێم ئایا منداڵەک کە ئەمڕۆ تەمەنی هەشت ساڵە، دوای شەست ساڵی تر کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری لە بیر دەمێنێ؟)

لێدانەکە ئەوەندە گەورە و کاریگەر بوو، تەنانەت خانەخوێیەکانی بن لادن لە تاڵیبانەکان و هەندێ لە موسڵمانە ڕۆژئاواییەکانیش، گومانیان لە بەرپرسێتی ئوسامە لە پەلامارەکاندا، دەکرد. بە شەرمەوە دەیانگوت کە ئەو کارە لە توانای جیهانی سێیەم نییە. کەناڵی سەتەلایتی ئەلجەزیرە ڕۆڵێکی زۆری لەم بارەیەوە گێڕا. میکانیزمی کۆنی بەرگریکردن و ماندەلکردن وای کرد کە بەر گومان بکەوێ. هەندێک گلەییان لە ئیسرائیلییان کرد و پڕوپاگەندەی ئەوەیان کرد کە هیچ جوویێک لە ناوەندی بازرگانی جیهانی کاری نەدەکرد؛ چونکە دەیانزانی پەلامار دەدرێ. پاشی چەند مانگێک زۆر لە عەرەبان هەندێ زاراوەیان بەکار هێنا کە لە بن زمانییەوە خۆ هەڵکێشانی پێوە دیار بوو(٦).

موسڵمانەکان، لە بواری پیلانگێڕاندا، تەنیا لایەنی هزرکار theorist نەبوون. چونکە پاش چەند سەعاتێک لە دوای پەلامارەکان، هەندێ گەورە بەرپرسانی ئەمەریکایی کۆن و نوێ – هاودەم لەگەڵ جەنەراڵەکانی ئیسرائیل و گەورە سیخوڕانیش – دەزگاکانی هەواڵگری سەدامیان بەوە تۆمەتبار کرد کە یارمەتی تەکنیکی زۆر گرینگی تیرۆریستەکانی داوە بۆ ئەوەی هێرشەکانیان سەر بکەوێ. هەر ئەوە دەگوترێ کە عێراق توانی مەشق تەنیا بە فڕۆکەوانە خۆکوژەکان بکا بێ ئەوەی کە کەس گومان لە مرازەکانی بکات. (بەڵگەی پێش ئەو لێکۆڵینەوە بێلایەنەی کە ریچەرد ا. کلارکی ڕێکخەری کاروباری دژەتیرۆر لە ٢٤ ئاداری ٢٠٠٤دا کردی، ئەوەی ڕوون کردەوە کە بوش ویستی پێوەندییەکی بە پەلامارەکانی ٩/١١ دروست بکات.) دوای ئەوەی باوکی سەرۆک بوش بە هەڵەدا ڕۆیشت و سەدام حوسێنی لەسەر عەرشی حوکمی بەغدا هێشتەوە بۆ ئەوەی سیستەمی جیهانی بشێوێنێ، تاووتووکردنی باشترین ڕێگە بۆ لادانی لە حوکم، جێی شەڕی

ســاردی گـرتـەوە. ئینجـا بـە پەلە ئاشـكرا بوو كـە فـڕۆكـەوانـە خـۆكـوژەكـان، لە قـوتـابـخـانـەكـانی فێـركـردنی فـڕین لە ئەمـەریكادا مـەشـقی خـۆیانیـان كـردووە. لە فلۆریداوەڕا بۆ ئەریزۆنا، لە ئۆكـلاهۆمـاشـەوەڕا بۆ مـینیـسـۆتا هـەمـووی جـێی ڕاهێنانی ئەوان بووە. هەر زوو هـەندێ بەرپرسـان لە حكومـەتی چیك، لەوانەش سـەرۆك وەزیرانی ئەوێ مـیلۆس زەمـان، مكوڕ بوو لەسـەر ئەوەی كـە ئەندامـێكی دەزگای هەواڵگری عێراقی لە میانی ڕاوەستانێكی كورتی محەمـەد عەتا لە پراگ، لە سـاڵی پێشـتردا، چاوی پێی كـەوتووە. محـەمەد عـەتا پیلاندانەری هـایجـاككردنی فڕۆكە خۆكوژەكان بوو. لە میـانی چەند حەفتەیەكی دواتر چەند ڕاپۆرتێك گومانی زۆریان لەبارەی ڕاسـتی ئەم هەواڵە دەربڕی، بـەر لەوەش كـە سـاڵی ٢٠٠١ كـۆتایی بێت، سـەرۆكی چیك، ڤاسلاڤ هاڤێل، تەواوی قسـەكەی بە درۆ خسـتـەوە. بەڵام ئەوانەی لە واشنتن پێـوەندیان بـە بەڕێوەبەرایـەتیـیـەوە هەبوو مـكوڕ بوون لەسـەر ئەوەی كـە عـێـراق پێـوەندی بە پەلامـارەكـانەوە هەبـووە. بەمـەش تۆمـەتەكـەیان بە زیندوویێتی هێشـتـەوە بۆ ئەوەی بیكەنە بیـانوویێك تا سـەدام حوسـێنی پـێ لەسـەر حوكم لادەن. ئەم بـابەتە هـەر وا مـایەوە، تا لـە بەهارێ بەرپرسـانی بـەڕێوەبەرایەتی بوش بە ڕاڕاییـیـەكەوە دانیـان بەوە دانا كە هەر چەندە كۆشـشی زۆر لەم بوارەدا كرا، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نەبوو كە تۆمەتەكە پشتڕاست بكاتەوە(٧). كەچی بە پێی ڕاپرسـیـیـەكـان دەركـەوت، زۆرینەی ئەمـەریكاییـیـەكـان بڕوایان وا بوو كـە ئەم پێوەندییە هەبووە. ئەمەش بوو كە ڕەواییەكی بە شەڕی لادانی سەدامی دا.

هەمـان لۆبی كە داوای گرتـنی سـەدامی دەكـرد، جـەختی كـردەوە كە تەنیـا ئەو عـێـراقـەی گـازی كـیـمـایی لە دژی ئێـران و هـاووڵاتیـیـە كـوردەكـان، لە سـاڵانی ١٩٨٠كاندا، بەكار هێنا، هەر ئەو عێراقە ڕەنگە ئەو ئەنتراكسـەی ناردبێ، كە لە زەرف دەكـرا و بـە پۆسـتــە بۆ ئاژانســەكــانی نووچـەی ئەمــەریكایی و پیــاوانی كۆنگرێس و مـاڵی هاووڵاتیانی ئاسـایی ڕەوان دەكرا پێنج كـەسی كوشت. بەر لەو لێكۆڵینەوەی بە دیاری خست كە زانایەكی ناكەسبـەچەی پسـپۆڕی بواری چەكی كیـمیـایی ئەمـەریكایی ڕەنگە ئەو كارە كـەمـەی كـردبێ، هزركـارەكان بێ پسـانەوە باسی تێوەگلانی عێراقیان دەكرد. كێشـەكە هـەر بەبێ چارەسەر ماوە.

هـەر كە زانیارییـەكانی سـەبارەت بە ٩/١١ بە پەلە كۆكرانەوە، بە دیار كـەوت كە ئوسـامـە بن لادن و ڕێكخـراوە ئیسـلامـییە توندڕۆیەكانی تر زۆر بە ڕێكوپێكییـەوە

ئازادی ئەمەریکایان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی خەڵکی ملکەچ بکەن و بیانتۆقێنن. بێجگە لە گێرەشێوێنی و پەشۆکاندن، ئوسامە بن لادن ئومێدخواز بوو کە سەرۆک بوش بە ئەوپەڕ تووڕەییەوە کاربداتەوە و بەمەش هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ کە پتر ڕەخنە لە کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بگرێ. هەر چەندە وڵات و بەڕێوەبەرایەتی بە ئەوپەڕ بێ پاسەوانی هاتنە بەرچاو، بەڵام هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان و سەرۆکە بێ ئەزموونەکەی ئەو کات، زۆر بە پەلە بە سەر بارە ئاڵۆزەکەدا زاڵ بوون. تەنیا یەکجار سەرۆک بوش، لە (گراوند زیرۆ Ground Zero)ی جووتە تاوەرە ڕماوەکاندا هەڵەیەکی کرد و بیانووێکی بە ئوسامە دا، کاتێک کە پەلامارەکەی سەر ئەمەریکای بە (شەڕی خاچپەرستان Crusade) ناوزەد کرد. ئەم وشەیە زۆر لە مێژە بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا باوی نەماوە بەڵام هێشتا لەلای موسڵمانان وا نییە. بوش هەردەم نەیویست زەنگی (ئەمەریکا دژی ئیسلام) و دەستەواژەی (بەرەنگاربوونەوەی شارستانی) بەکار ببات. ئوسامە خۆی بۆ ئەمانە دانووساند بوو. لە چەند ڕۆژی دوای پەلامارەکە، سەرۆک بوش هەموو کات ئەمەریکاییە موسڵمانەکانی دڵنیا دەکردەوە، کاردانەوە دژە ئیسلامییەکانی لەو وڵاتە بە توندی ڕیسوا و ماندەل دەکرد، جەختیشی دەکردەوە کە چەند تیرۆریستێک ناتوانن لە ئەمەریکادا بەرپەرچی ئازادییەکان بدەنەوە.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر خەریک بوو خەڵکی ئەمەریکای بەوە قایل دەکرد کە دەبێ شەڕی (پیاوە خراپەکە) بەردەوام بێت و داوای لێ دەکردن شێوازە توندەکەی ڕۆژئاوا (بەزیندوویی یان بە مردوویی Dead or Alive) لە دژی ئوسامە پەیڕە و بکەن و ئەلقاعیدە و سەرجەم تیرۆریستان لە هەر کوێیەک هەبن دەبێ لە ناو بچن. لە بیر نەکەن بوش پێشتر حاکمی تێکساس بوو؛ بۆیە سەیر نییە ئەگەر دەستەواژەی وەک (ئێمە لە دژی ئەوان us versus them)ی بەکار هێنابێ. لە هەمان کاتدا هەموو ئەو ڕەخنەگرانەی دەرەوە و ناوەوەی حەپەساند، کە بە هۆی پشتگوێ خستنی پابەند نەبوونی بە ئەرکە نێونەتەوەییەکانەوە، لێی تووڕە بووبوون. بە هەمان ڕێبازی باوکی کە چۆن بۆ ئازادکردنی کوێت لە چنگی سەدام حوسێنی لە ساڵی ١٩٩٠دا، هاوپەیمانێتی دنیای وەدەست هێنا، ئەویش هەر زوو بەزوو توانی پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی و گەورە وڵاتی تریش، بۆ پەلامارەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئەفغانستان مسۆگەر بکات. بۆ ئەوەی بە

سـەر وڵاتە ئیـسـلامـیـیـەکـاندا سـەربکـەوێ، دیپلۆمـاتـەکـانی وڵاتە یـەکگرتووەکـان (گـەیشـتن بە تیـرۆریزم لە هـەمـوو جیـهـانیـان) داهێنا. زاراوەکە وا دارێژرا کە ئەو گرووپە ناوەخۆییانەی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین و حزبوڵای لوبنانیش کە توندوتیژی لە دژی داگیرکردنی زەوی لەلایەنی ئیسرائیلەوە پەیڕەو دەکەن، دوورەپەرێز ڕاگرێ. بەڵام هەر تاڵیبان لەناوچوو ئەم هاوێرکردنەش نەما.

بانگێشتـەکەی بوش زوو گۆڕا و بووە شەڕی دژی تیرۆر لە سەرتاسـەری جیهان. هـەمـوو ئەو کـەس و لایەنانـەشی گـرتەوە کـە یارمـەتی تیـرۆری دابێت، یان بە هـەر ڕێگـەیەک هانی تیـرۆری دابێت. هەر چەنـدە کـە سـەرۆک بوش پـلانێکی دیاری بۆ چۆنیـەتی کۆتایی هێنـان بە شـەڕی دژەتیـرۆر نەبوو، بەڵام هێشـتـا زۆرینەی هەرە زۆری ڕای گشتی ئەمەریکایی پشتیوانی ئەجێندە ڕاستڕۆیەکەی دادوەری گشتی ئەمـەریکایی، جۆن ئاشکرۆفتی لەم بارەیەوە کرد. حکومـەت بە پەلە پتـر لە هـەزار مـوسڵمـانی بیـانی لە ئەمـەریکا دەسـتبەسـەر کرد. بە پێی قـانوونێک کـە بە پەلە لە کۆنگرێس دەرباز کرا و بە ناوی قانوونی نەتەوەیی وڵاتە یەکگتووەکان USA Patriot Act، هەندێکیانی لە بەندیخانەی تەنیاییدا هێشتـەوە و ڕێگـەی نەدانێ دا پێوەندیی بە پارێزەرەکانیـانەوە بکەن. مـێژوونووسـانی یاسایی دڵی خـۆیان بەوە دایەوە کە بەڕێوەبەرەکانی پێشوو لە کاتی شەڕدا، ئازادی شارستانییانیان هێشتا پتـر بەربەست دەدا. ئەو حکوومـەتە بیـانیـیـانەی وەک ئیـسـرائیل و جـەزایر و تا دەگـاتە تورکـیا و هـەر لە فلیـپینەوەش تا دەگـاتە ڕووسـیا، چونکە گـیروگـرفـتی خـۆیانیـان هـەبوو، هەمـوویان هـەولی ئەوەیان دا کـە پشـتـیوانی واشـنتن بە دەست بێنن و نەیارەکانیان بە تیرۆریست ناوزەد بکەن. تارمـاییی مەترەنیخ، کە لە سەدەی نـۆزدەمین بـووبـووە ڕێبــەری کــاردانەوەی ئـەوروپا، هـەر زیـندوو بـوو، لـە واشـنـتن چالاکـانە جـمـوجـۆڵی خـۆی دەکـرد. تەنانەت بەر لـە ٩/١١ش، سـەرۆک وەزیرانی ئیـسرائیل، ئێریال شارۆن، یاسر عـەرەفاتی سەرکردەی فەلەستینی بە ئوسـامـە بن لادنی چوواند. هـەرچەندە کە بەراوردکردنەکە بووە هۆی نائومێدی چونکە هیچ بنچ و بنـەوانی نـەبوو، بـەڵام بایـی خــۆی ئەمــەریکای نیگـەران کــرد. لەبـەرئەوەی نـە بزووتنەوە ئیـسلامی و نە لایەنە نەتـەوەییـە فـەلەسـتـینییـەکانی دژی داگـیرکـاری ئیسرائیلی، نەیاندەویست هیچ هاریکارییەک لەگەڵ ئوسامەدا بکەن.

کە پەشۆکاوییەکەی ناوەخۆ هێدی هێدی نەما، ڕێبازەکەی بەڕێوەبەرایەتی یاداشتی ناخۆشی کرداره تیژه یاساییەکانی وەبیری خەڵکی هێنایەوە. وەک ئەو شالاوەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، لە پاڵمەر لە دژی کۆمۆنیستەکان کرا. هەینێ، وەک هەنگاوێک بۆ خۆپاراستن، لە دوای پەلامارەکەی پۆوڵ هاربەر، هەموو ئەو ئەمەریکییەکانە زیندانی کران کە بە ڕەگەز ژاپۆنی بوون. هەروەها هەڵمەتە توندەکەی سیناتۆر جۆزێف مەککارتی لە ساڵانی ١٩٥٠کانیشدا بۆ سەر کۆمۆنیستەکانیشی وەبیری خەڵکی هێنایەوە. یاسایەک لە هەر دوو ئەنجوومەنەکەی کۆنگرێس دەرچوو کە مافە قوتکراوەکەی بیانیانی هێشتا سنووردارتر کرد و دەسەڵاتی پۆلیسیشی فرەوانتر کرد. ژمارەیەکی کەم لە ئەمەریکاییەکانی دەرەوەی کاری یاسایی و ئازادییەکانی سیڤیل (لە ڕاست و لە چەپ) و وتەبێژ بە ناوی کۆمەڵەی عەرەبان و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەم کارانە نیگەران بوون. بەڵام یاسای ڕاست و ڕەوان بارەکەی پارسەنگ داوە. لە ناوەڕاستی ٢٠٠٢دا، داداگاکانی سەرتاسەری وڵاتە یەکگرتووەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیراوەکان کرد. یاوەرانی ئازادییە سیڤیلییەکان ئەم کارەیان بە توندی ماندەل کرد و ڕەخنەیان لە وەزارەتی داد گرت.

ئوسامە شێتانە وای دەزانی کە وڵاتە یەکگرتووەکان باشترین شوێنە بۆ ئەوەی چالاکییەکانی لێ ڕابپەڕێنێ. ئەو باشتر لە ئەمەریکا گەیشتبوو لەوەی چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان ئەلقاعیدەی دەناسی. پیاوە چالاکەکانی باش لە سیستەمی ئەمەرکا گەیشتبوون، دەشیانزانی خاڵە لاوازەکانی کامانەن. باش لەوە گەیشتن کە (دەزگای کۆچ و ڕەگەز Immigration and Naturalization Service) ناتوانی بە شوێن ئەو ١٠ ملیۆن دانیشتوانە بیانییە نایاسییانەدا بچێت کە ڤیزەکانیان بەسەرچووە. لە سەدەی تازەدا، بۆ ئەوەی متمانەی خۆی پتر بکا، ئەمەریکا پڕی کۆچبەرانی سەرتاسەری دنیا بووبوو کە هەرگیز لە مێژوودا وا نەبووە. بووبووە نەریتێکی ئەمەریکایی، بیانی خاوەن ئەزموونی تایبەت و کرێکاری نەشارەزاشی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانە دەبرد کە ئەمەریکاییەکان بێزیان نایێ بیکەن. پیاوەکانی ئوسامەش لە هەر دوو چین بوون.

لە ئەمەریکایەک کە ئاشنای بوونی بیانیانە، کەس گومانی لەو پیلانگێڕە عارەبانە نەکرد کە بە گرووپی کەم پێکەوە کاریان دەکرد. لە چوار فڕۆکەڕفێن

بترازی ئەوانی تر هەموویان سعوودی بوون. سعوودییەش تاکە دۆستی هەرە گرینگی ولاتە یەکگرتووەکانە. بۆیە هەموویان بە پاسپۆرتی یاساییەوە کە بە ناوی ڕاستی خۆیانەوە دەرچووبوو، ماوەکەشی بە سەر نە چووبوو، بە ئاسانی ڤیزەی هاتنە ناو ولاتە یەکگرتووەکانیان وەرگرتبوو. ئەوی لای ئەوان گرینگ بوو، ئەوەبوو کە خۆیان لە گیروگرفت دوور بکەنەوە و پۆشتە بن و پارەی زۆر خەرج بکەن. یەکەیەکی هەر خۆبەخۆیی بوون. خۆشیان دوور لە هەموو ئەوانە دوور ڕادەگرت کە لە ولاتە یەکگرتووەکان بووبوون و بووبونە ئەندامە نوستووەکانی ئەلقاعیدە و لە ئەفغانستانێ مەشق درابوون.

پارە و چۆنیەتی گەورە پیلانگێڕەکان پیلانەکەی سەر خست. ئەو پیاوانە بە تەواوەتی لە یەکتری جیاواز و نموونەی ئاسایی ئیسلامە ڕادیکاڵە چالاکەکان بوون. کە بە سەفەر دەچوون، بە پەلە فێری ڕێنوێنییەکانیان دەکران، بۆیە هەموو کات تووشی سەرپێچی یاسا دەهاتن؛ چونکە پارەی کەمیان پێ دەدرا و لە گەڕەکە هەژارەکاندا دەژیان و دەچونە سەر وێلفێر Wellfare و فێڵیان لە کارتی قەردی بانکەکان دەکرد و ڕادیۆی ئۆتۆمۆبیلەکان و تەلەفۆنی مۆبایلیان، بۆ بژێوی خۆیان، دەدزی. بۆ هەندێک لە چالاکییەکان، گەورە نمایندەیەکی ئەلقاعیدە دەگەیشتە شوێنی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی پیلانگێڕەکان بخاتەوە سەر ڕێگەی خۆیان و پاشان بزر دەبوو، بەر لەوەی کە پیلانەکە بە ڕاستی جێبەجێ ببێ. لەگەڵ ئەم هەموو خۆپاراستنەشدا، هێشتا زۆربەی پیاوەکان کۆتاییان لە بەردەستی پۆلیس دەهات.

ئەمجارەیان سەرکردە و یارمەتیدەرەکانیان یان دەرچووی قوتابخانەکان بوون یانیش کەسانێکی مامناوەندی بوون. بۆ ئەوەی گومانیان لێ نەکرێ، بە چاکی بە ئینگلیسی قسەیان دەکرد و بە پێی ئامۆژگارییەکانی پەڕاوەکانی ڕاهێنانیان، کراسی کورتی وەک ئەوەی سعوودی لە بەری دەکەن، ئەوان لە بەریان نەدەکرد. لە بری ئەوەی کە ڕیشەکانی خۆیانیان دەتاشی و جلی ڕۆژئاواییان لەبەر دەکرد، هەڵدەستان نانیان بە (فیدیە) دەدا. کە لە ڕۆژانی هەینیش دەچوونە نوێژ، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە نەهێڵن کەس سەرنجی ئەوەیان لێ بدا کە ئیسلامی توندڕۆنە. ڕۆژانە هاموشۆی خەڵکیان دەکرد و شارەزای گەڕەکەکەیان بوون: دووانیان هێندە سارد و لەسەرەخۆ بوون بە ڕادەیەک کە پۆلیسی هاتوچۆ لە

فلۆریدا بە هۆی خێرا ئاژوانی ئۆتۆمۆبێلەکەیان، گرتیانی؛ هیچ نەشێوان و دوای تکیت وەرگرتنیان بە شێنەییەکەوە بۆ ماڵێ چوونەوە.

لە ١٩٢٠کانەوەڕا ئیسلامی ڕادیکالی خەڵکێکی خاوەن بڕوانامەی وەک ئەندازیاری و زانستییەکانی تری بۆ خۆی ڕاکێشاوە، وەک ئەوەی بڵێی کە ئەم زانیارییە تازانە یارمەتی بەهێزکردنی باوەڕ دەدەن. شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ١٩٧٨-١٩٧٩ زۆر لە قوتابیانی بۆ خۆی ڕاکێشا. هەروەها (بەرەی ئینقازی جەزایریش) بەر لە قەدەغەکردنی لە ساڵی ١٩٩٢دا، هەمان شتی هەبوو. بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە خەڵکانێکی تێگەیشتوو بە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر، ئامادە بن لە کارێکی خۆکوژیدا بەشداری بکەن.

یەکەم جار بوو ئەلقاعیدە لە ١١ سێپتێمبەر ئاوا بە ئەوپەڕی توانایەوە ئامانجەکانی خۆی پێکا. هێرشەکە دوو یان سێ ساڵ بوو پلانی بۆ ساز کرا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمەریکاییەکان لە داخی ئەو هەموو زیانەی کە تووشیان بوو، سڕ بووبوون؛ چونکە تەنیا ٥٠٠,٠٠٠ دۆلار بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆر تەرخان کرابوو. ئەمەریکاییەکان پاشان تێگەیشتن کە ئەو پارەیە یەکجار کەم بوو. لە ڕاستیدا ٩/١١ لە هەموو کارەکانی تری ئوسامە پتری تێ چوو، بەڵام لە بودجەی ساڵی پاشتر کە ١٠ بلیۆن دۆلاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تەرخان کرا، ئەم کەلەنە پڕ کراوە[٨].

پەلاماردانی جووتە تاوەرەکە و پێنتاگۆن بە بەردەوامی پارەی کاشیان کێشاوە، بە تایبەتیش ئەو کاشەی کە بۆ ڕاهێنانی فڕۆکەوانەکان بۆ ماوەی ساڵێک تەرخان کرا، جگە لەوەی کە بۆ (پەل) بەستکردنی سعوودییەکان لە ئەمەریکا تەرخان کرا بێی ئەوەی کە هیچ گومانێک پەیدا بکات. ئوسامە لە کۆتاییدا تێگەیشت کە تیرۆریزم هەتا کوێ دەبەزێ، بۆیە سەرجەم دارودەستەی خۆی گواستەوە. پسپۆڕانی دژە تیرۆر لە ڕۆژئاوادا، بە تیرۆریستە هێژا و پۆشتە و فرە زمانزان، کە پێیان دەکرا ڤیزە وەربگرن، بلیتی هێڵە ئاسمانییەکان بکڕن، بە ئیمەیڵ پێوەندی لەگەڵ یەکتریدا بکەن، بژێوی خۆشیان بەڕێوە ببەن، چەند ساڵ بوو بەوانە فریویان خواردبوو. ئەگەر بیری لێ بکەینەوە، دەبینین بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە کە ئوسامە ئەم هەموو ساڵە چاوەڕێی کرد بۆ ئەوەی بتوانێ دەستی خۆی بوەشێنێ.

یەک لە هۆیەکان ڕەنگە ئەوە بوو بێ کە ئوسامە پارەی زۆر لە کن خۆشەویستە. هەرچەندە خۆی ئەم هەمـوو مـاڵ و داراییـیەی هەیە، هێشـتـاکە وەکـو زۆربەی سعوودییەکان، بەوە بەناوبانگە کە زۆر قرچۆکە. بەلاّم تەنیا ئەم جارەیان پارەی زۆری خەرج کرد.

سـەرجەمی ئەو گوژمـەیەی کە ئەلقاعیدە لەم پەلامارەنەدا خـەرجی کرد، چل تا پەنجا جار هەندەی ئەوە بوو کە لە پەلامارەکانی سەر باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە ئەفریقـیـا لە سـاڵی ١٩٩٨دا، خــەرج کـرا و دە هێندەی ئەو پارەیەش بوو کـە بۆ هەڵمـەتی دژە تیرۆری بۆمـبـارانکردنی مـیتـرۆی پاریس لە سـاڵی ١٩٩٥، تەرخـان کرابوو[٩]. لە دیسێمبەری ١٩٩٩شدا، ئەحمەد رەسامی جەزایری کە لە کامپێکی ئەفغانستاندا مەشق درابوو، بە خۆ و بە ١٢٠٠٠ دۆلاری کاشەوە ڕەوانەی کەنەدا کــرا و دەســـەلاّتی ئەوەشی درابوویێ کـــە بۆ خـــۆی پیـــاوانی هەڵبـــژێریێ و ئامـانجـەکـانیـشی دەسـتنیـشـان بکات. ئەویش فـرۆکـەخـانەی لۆس ئانجلسی هەڵبژارد. بەلاّم ڕەسـام کە ئینگلیسیـیەکی کەمی دەزانی، لە سـەر مـەرزی نێوان کـەنـەدا و ئەمـەریکادا گـیـرا، دوای ئەوەی ئەفـسـەرێکی گـومـرگی زیرەکی ولاّتە یەکگرتووەکـان لەسـەر سنووری کـەنەدا لە ویلایەتی واشنتن، گـومـانی لێ کـرد و ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕاگرت و هەندێک تەقەمەنی لە ناو سندووقی ماشێنەکەیدا دیتەوە.

هێشتا ئەو پارەیەی کە بۆ ٩/١١ بە کار هاتووە زۆر کەمە و ئاڵۆزیشە. زۆربەی فـڕۆکـەوانەکـان تەنیـا بایی ئەوەندە مـەشق دراون کـە بتـوانن فـڕۆکـە بفـڕێنن و بینیشێننەوە. (یەک لە چیرۆکەکانی کە دەرکەوت زۆر پشتی پێ نا بەستریێ ئەوە بوو زەکەریا موسەوی کە گومان دەکریێ – بیستەمین – فڕۆکە ڕفێن بووبێ، لەبەر ئەوە زیندانی کراوە، چونکە بە یەکێک لە مەشقدەرەکانی قوتابخانەی فێرکرنی شـەڕی لە مـێنیـسـۆتای گـوتووە کـە ئەو بۆ خۆی تـەنیـا دەیەویێ فـێـری چۆنیـەتی هاژوانی فـڕۆکە بێت. فێـربوونی چۆنیـەتی فڕین و چۆنیـەتی نیشـتنەوەی گەرەک نییە.) تەنانەت ئەو چەکانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەکان بە کار هاتن، تەنیا چەقـۆی کـەتەربوون، کـە چەکـێکی زۆر خـراپە و بە ئاسـانیش دەکریێ لە دەزگـای پشکنینی – مێتاڵ دیتێکتەر–ی فڕۆکەخانەکان دەرباز بکریێ.

بن لادنی کـوڕە فـرە ملیـۆنێری سـعـوودی بووە جـادووگـەرێکی ئیسـلامی و

کۆنترۆڵی چەندین شانەی نهێنی خەوتووی لە سەرتاسەری جیهاندا کرد. ئەو شانانە لە کۆمەڵێک خەڵکی نەناسراوی بێ وڵات پێکهاتبوو کە بە شلی بە بەیەکەوە بەسترابوونەوە و لەلایەنی دەوڵەتێکی دۆڕاوی وەک ئەفغانستانەوە بەڕێوە دەبران. شارەزایانی دژە تیرۆر توانییان تەنیا بە سادەییەوە بەراوردێکیان لەگەڵ تێرۆریزمی سەردەمی شەڕی ساردا بکەن. ئەوان پێشبینی دەکران کە پەیوەندییان بە بلۆکی سۆڤیەتی یان بە لایەنگرانی گرووپە فەلەستینییە یاخیبووەکانەوە هەبێت کە لەلایەنی ڕژێمە عەرەبییە ڕادیکاڵەکانەوە پشتیوانیان دەکرا. غەریبیکردنی وڵات بەلاوە بنێ، چونکە ڕاستی زۆر لەمە ئاڵۆزوپاڵۆزترە و ڕەگی لە ناو ئەزموونی ڕابردوو داکوتاوە و هەردەم بووەتە هۆی نیگەرانیش. بۆ کەسێکی سادە، نە ئەلقاعیدە و نە تاڵیبانیش، ئەوەندە ئەستەم نەبوون نە ناسرێن، جا چۆن دەبوو ئەگەر دەزگای هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان کاری بۆ لێ شارەزابوونیان، بکردایە. کێشەی جۆن ووکەر لیند، کە گەنجێکی ئەمەریکاییە و ئیسلام بووە، لە نۆڤێمبەری ۲۰۰۱دا لە ئەفغانستانێ گیرا و پاشان بۆ ماوەی بیست ساڵ زیندانی حوکم درا؛ کێشەی ئەو کۆمەڵی هەواڵگری ناچار کرد بڕیار بدا کە دەبێ خزم و کەسی ئەندامانی ئەلقاعیدە خۆیان ئەو ئەندامانە ئاشکرا بکەن.

ئەوەی پتر مرۆڤ نیگەران دەکا ئەو برگە ئاینییە خەوێنەرە بوو کە کۆمەڵی هەواڵگر دەڵێ ئەلقاعیدە نەوەیەکی نوێنە، بە ئازادی دەجووڵێنەوە؛ بۆیە ناکەونە بەر ئەو پاڵەپەستۆ کۆنەی کە جاران حکوومەتەکان دەیانخستە سەر ئەو کەسانەی کە هاریکاری تیرۆریستانیان دەکرد و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، حەشاریان دەدان. ئێستا ئەلقاعیدە دەستی پێ کردووە بە تەواوەتی بە پێچەوانەوە کار دەکات؛ سوودان و یەمەن وایان مەزەندە برد کە وا باشە بۆیان لە گەڵ ئوسامەدا نەرمی بنوێنن. لەوەش ڕوونتر سیاسەتە کورتبینەکانی پاکستان و عاربستانی سعوودیە بوو، هەر دوو وڵات پتر وەبەر پەلاماری ئەلقاعیدە کەوتن. سیاسەتسازانی ئەمەریکاییەکان نەیانتوانی ستراتیجێک بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا، پەیرە و بکەن.

هەر چەندە واشنتن ڕێگەیەکی ڕەوشەنی نەبوو، هێشتا پسپۆرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکایی بە باشترین شێوە توانییان، پینەدۆزی بۆ بکەن تا نەهێڵن

کێشە کاتییەکان لە بن کۆنترۆڵ دەرچن یان تەشەنە بکەن. بەڵام ٩/١١ بۆ خەڵکی ئاشکرا کرد کە وەرچەرخانێک پێویستە بۆ ئەوەی بارەکە هەر لە ژێر کۆنترۆڵدا بمێنێ. ئەنجامەکە بۆ هەموو دیپلۆماتەکان، خەوەزمە (کابووس) بوو. لەو کاتەی کە چارەسەرە مامناوەندییەکان و ئەو چاوە تیژانەی کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ دەرەوەدا ڕێک دەخست، کەوتنە بەر چاودێری سیاسەتڤانە شەڕنگێز و ڕای گشتی ناوەوە، ڕاستی پەشۆکاوی نێودەوڵەتی لە ناکاوڕا کەوتە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندنەوە.

ئەوەی کە هێشتا پتر بووە هۆی نیگەرانی، بێ توانایی کۆمەڵەی هەواڵگری ئەمەریکایی بوو. وڵاتە یەکگرتووەکان، لە پاکستان و لە ئەفغانستانێ، پشتی بە سیخورە جێماوەکانی سەردەمی جیهادی دژی سۆڤیەتی و ئەو کەرەستە سیخۆڕییانە بەستابوو کە لە بن کۆنترۆڵی هاوکارە پاکستانییەکانیاندا بوون. ئەمەش وای لێ کردن هیچ شتێک لەبارەی ئەفغانستان نەزانن؛ چونکە دەزگای موخابەراتی پاکستانی ڕێبازێکی گرتبووە بەر کە بە تەواوی دژی کۆششی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر تاڵیبان یان لەسەر ئەلقاعیدە بکەن. سیاسەتی پاکستانی پەیڕەوی ویستی لەشکری ئەو وڵاتە بوو؛ کە دەیویست هەموو ئەفغانستان بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تاڵیبانەوە بەو ئومێدەی بتوانێ حکومەتێکی دۆستی لێ بکەوێتە کارەوە کە بتوانێ دەسەڵاتی یاسایی خۆی لە ڕێگەی پاکستانەوە بەڕێوە ببات. لە بیست ساڵ پتر بوو لەشکری پاکستانی بە ئاواتەوە بوو کە بتوانی ڕۆژێک کۆنترۆڵی ئەفغانستانێ بکات بۆ ئەوەی بتوانێ (قووڵاتییەکی ستراتیجی strategic depth) بۆ بەربەرەکانیکردنی حکوومەتە نەیارە زەبەلاح و دەوڵەمەندتر و دانیشتوان زۆرترە دراوسێیەکەی کە هیندستانە، پەیدا بکات. ئەو بنەمایە سیاسییە لە بنەمایەکەی تاجی بەریتانی، بە ناوی (سیاسەتی پێشکێشکردن)ەوە وەرگیرابوو؛ ئەو سیاسەتە لە سەدەی نۆزدەمین و بیستەمیندا سێ جاران ئەفغانستانی خستە ئاتوونی شەڕەوە و دووچاری کارەساتی کرد.

ئەلقاعیدە یارمەتی شەڕی تاڵیبانی دەدا؛ بۆیە پاکستان بەرژەوەندی لە لاوازکردنی هیچ لایەنێکیاندا نەبوو بۆ ئەوەی واشنتن دڵخۆش بکات. پشتبەستانی دەزگای هەواڵگری ناوەندی CIA بە هاوکارە هەواڵگرە ناوەخۆییەکانیان لە دوای شەڕی ساردەوە، بەرهەمی باشی هەبوو. پارەی بۆ پاشەکەوت کردن، حکوومەتی

ولآتە یەکگرتووەکـــانیش بـەرژەوەندی تـەنیـــا لـە هەندێ ناوچەی دنیـــادا هـەبوو. ئەفغـانسـتـانیش لە هـەرە بنەوەی لیسـتـی بەرژەوەندی دابوو. کۆشـشـەکانی ولآتە یەکگرتووەکانیش بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لەبارەی تالیبان و ئەلقاعیدە کەوتبووە بەر هەندێ بەرژەوەندی تری ئەو ولآتەوە. سی ئای ئەی CIA خۆی نـەخستـە باری ئەوەی کە پێوەندییـەکانی لەگەڵ پاکستـانی هاوپیشـەی بخاتە مـەترسییەوە، ئاخـر پاکسـتـان لە سـاڵی ١٩٩٨دا ئاشکرای کرد کە ولآتێکی خـاوەن چەکی ئەتۆمـییـە. بۆیە CIA نەیویست بە ڕاشکاوی کـار لەگـەڵ دوژمـنانـی تاڵیــبــانـدا بکات، بە پلەیەکی سـەرەکیش ئەحـمـەد شـا مـەسعـوود، کە سـەرکردەیەکی سـەربازی هـەرە لێـهاتووی تاجـیکەکان بوو. ولآتە یەکگرتووەکـان بە گومـانێکەوە سـەیری دەکرد؛ چونکە یارمەتییەکی نارێکی لە هیندسـتان و ڕووسیا و بە تایبەتیش لە ئێرانەوە بۆ دەهات. ئێـرانیش لە دوای شـۆڕشــەکـەی پێش چارێکە سـەدەیەک، بـە بەردەوامی لەسـەر لیستی هـەرە دوژمنەکانی واشنتن دایە(١٠).

ئەوە نەبوو کە ولآتە یەکگرتووەکان لە گرفتەکەی پاکستان نەگات. لەمیانی چەند سەعاتێکدا پۆشاک شڕە پاکستانییەکان دەستیان بە سەما کرد. ئینجا واشنتن بە پەلە جـوولآیەوە و داوای لە پاکسـتـان کـرد هەچی زووە پەیوەندییـەکـانـی لەگـەڵ تاڵیـبـان ببـڕێـتـەوە و گـوشـاریش بخـاتە سـەر تاڵیـبـان بۆ ئـەوەی پێـوەندییـان بە ئوسـامـەوە نـەهێڵن. جـەنەراڵ پەروێز مـوشـەڕەف دوودڵی لێ نەکرد. زانـی کە هیچ ڕێگەی تری لـەبەردا نیــیـە. واشـنتن هـەر یـەکســەر بەری دایـە ئەو پێــوەندییــە مـوخـابەراتییـەی کـە بەبێ بەڵگەی نووسـراو لە نێـوان ئەلقـاعـیـدەی ئوسـامـە و موخابەراتی پاکستانییەوە هەبوو و وەستاندی.

یەکەم ئیشی بەرچاو کە پاکستـان کردی ئەوە بوو، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ولآت، کە لایەنگری تـالیبـان بوو لە کار لادا. پاکسـتـانییـەکان حـەپەسان؛ چونکە ســوپا و حکوومــەتە یەک لە دوای یەکـــەکـانی پاکــســتــان بە بەردەوامی ئاگـەدارکـردنەوەکـانی سـەبـارەت بە چەوتی سـیـسـتـەمی ئەفـغـانی بۆیان دەچوو هەمــوویان پشـتـگوێ دەخـست. ئەوەیان دووپات دەکـردەوە کـە تەکـانێکی تری هـەواڵگری و سـەربازی ڕەنگە ببێتە هۆی سەرکەوتنی یەکجارەکی تاڵیبان بە سەر مەسـعوودی. سەتەلایتی سیخوڕی ئەمەریکایی وێنەی دەست تێوەردانی سـەربازی پاکستانی لە ئەفغانستان، گرت بوو. مەسعوود بە شانازی و بە شادمانییەوە ناوی

ڕاوێژکاره سەربازییەکانی پاکستانی و یەکەی دووەمی سەربازی و سەرکردەکانی، بۆ میوانانی بیانی دەخوێندەوە و دەشیگوت چەند دیلێکی پاکستانیشی لەلا هەیە کە قسەکانی دەسەلمێنن.

له دوای کشانەوەی سوپای سوور له ئەفغانستان، له ساڵی ١٩٨٩دا، کۆنە هاوپەیمانەکانی پاکستان کە بە موجاهید ناسرابوون، کەوتنە شەڕکردن لە دژی یەکتری، بۆیە پاکستان پشتیوانی لە فەقێیەکانی تاڵیبان کرد و پێی گەیاندن بۆ ئەوەی (قووڵایییەکی ستراتیجی) بۆی پێک بێنن. بۆ ئەوەی خەونی پتر لە ناوەڕاستی ئاسیادا بەجێ بگەینی، پاکستان ئەو فەقێیە پەناهەندانەی کردنە سەرباز، کە لە سەرەتای بەرپابوونی شەڕی ئەفغانییەوە، لەو دەڤەرەدا نیشتەجێ بووبوون.

دەزگای ئاسایشی ناوخۆی پاکستانی، بۆ ئەوەی بەرگەی ململانێیە توندەکەی بگرێ کە لەسەر کەشمیر لەگەڵ هیندستاندا هەیبوو، وای بە چاک زانی کە ڕێگە بەو کەسانە بدات کە بۆ خۆیان دەیانەوێ، تا بۆ مەشقکردن، بۆ ئەفغانستان بچن. بەکارهێنان و بە خراپی بەکارهێنانی تاڵیبان بابەتێکی تر بوو کە بە سادەیی دەزگای سیخوڕی پاکستانی پەیڕەوی دەکرد، ئەم دەزگایە بۆ ماوەی بیست ساڵ ئەوپەڕی دەسەڵاتی لە پاکستاندا، بە دەستەوە بوو. پاکستان لەبەر گەندەڵی گیرفان بەتاڵ مابووەوە، بەڵام بۆمبی ئەتۆمی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی زۆر هەبوو لەسەر ئەوەی کە پاکستان پەیتا پەیتا دەکەوتە بەر تەوژمی تاڵیبانەوە. پەلامارەکەی ئوسامەی بۆ سەر نیویۆرک و واشنتن پاکستانی لە خۆی ڕزگار کرد، جا با ئەو ڕزگاربوونە کاتییش بێت.

پشکنینی عەرەبستانی سعوودی لەلایەن سیاسەتوانانی ئەمەریکایی و ڕۆژنامەکانیانەوە ئاشکرای کرد کە چەند لەمێژە لەوێ چ دەکرێ: مەزهەبێکی تایبەتی ئیسلامەتی و بنەماڵەیەکی نەرمی پاشایەتی حوکمڕانی گەورەترین کۆگای نەفتی لە جیهاندا دەکەن. بە درێژاییی تەمەنی نەوەیەک حوکمڕانە سعوودییەکانی یەک لە دوای یەک پارە بە جۆگە بۆ حوجرەکانی فەقێیان لە پاکستان ڕەوان دەکەن. لەوێ زۆربەی پاکستانی و گەلێک لە ئەفغانییەکان و کەسانێکی نەداریش لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دەهاتن و لێرە، بە خۆڕایی، نان دەدران، دەحەوێندرانەوە و

قورئانیشیان پێ لەبەر دەکرا. شانشینی سعوودی پارەی دەدایە ئەفغانستان؛ چونکە ئەو موجاهیدانەی لێ بوو کە لە دژی یەکەتی سۆڤیەت دەجەنگین. ئاواتی هەرە گرینگی پاشایەکانی سعوودییە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی خۆیان بوو. سعوودییەکان وایان دەزانی ئەوەی کە بۆ بڵاوبوونەوەی مەزهەبەکەیان دەیکەن، بە دڵی وڵاتە یەکگرتووەکان و پاکستانیشە. هەروەها بەم کارە ویستیان پابەندبوونی خۆیان بە ئاین و بە ڕەوشتی بەرزەوە نیشان بدەن. لە دەرەوەی وڵاتیش کاری هەمان شێوەیان هان دەدا، وەک پۆلیسی ئاین، کە تاڵیبانەکان هەیانبوو، بۆ ئەمەش ناوە سعوودییەکانیان لە کۆمیتەکانیان نابوو، وەک کۆمیتەی ئەخلاق و سزادان، ئەمانە وایان کرد متمانەی بنەماڵەی پاشای سعوودییە وەدەست بێنن.

لەگەڵ ئەم هەموو لاملییەی کە لە سیاسەتی دەرەوەدا هەبوو، هێشتا ئەمەریکاییەکان هەر لە سەرۆکەوەرا تا دەگاتە خوارەوە، هەموویان نەیانزانی تاڵیبانەکان چۆن بۆیان دەکرا ئەم هەموو ڕقە لەلای خەڵکیدا پەیدا بکەن. ئەمەریکاییەکان بە گشتی لەوە تێ ناگەن بۆچ خەڵکی خۆشیان ناوێن و سزایان دەدەن. ئەمەریکاییەکان پلانێکیان نییە بۆ ئەوەی بە خۆیان خۆیان تاقی بکەنەوە یان لەوە بپرسن کە ڕەنگە ئەو سیاسەتەی دەرەوە کە حکوومەتەکەیان پەیڕەوی دەکات ڕەنگە بووبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەندەران ڕقیان لێیان ببێتەوە. ئەمە بەشێکی بەدبەختی و بەشێکی بەختەوەری ئەمەریکایە، کە بۆ خۆی قاڕەیەکە و لە هەموو خەڵکی دوور کەوتووەتەوە. لە دە ساڵی ڕابردووشدا، ئەمێرکاییەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەگەر بکرێ بە تەواوی هەموو دونیا پشتگوێ بخەن. زۆربەی ئەمەریکاییەکان ساڵانی ١٩٩٠یان بە سەردەمی حەسانەوە بۆ خۆیان دانا؛ چونکە شەڕی سارد کۆتایی هات و مەترسییان لە هیچ لایەنێک نەبوو؛ ئابووریشیان درێژترین گەشەی لە هەموو مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان بە خۆوە دیت. بەڵام زۆربەی هەموو دنیا گەیشتبوونە ئەو قەناعەتە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی هەموو جیهان بخاتە بەر ڕکێبی خۆیەوە.

هێشتا ئەمەریکاییەکان هەر لە بن باری خەمی ٩/١١ بوون، کاتێک کە لە سەرتاسەری دنیا، بە تایبەتیش لە هاوپەیمانە ئەورووپاییەکانی، بە تاکو بە کۆمەڵ پشتیوانی توندیان بۆیان نیشان دا؛ ئەمەش بووە هۆی هێوربوونەوەی کاریگەریی کارەساتەکە لە سەریان. لومۆند، کە ڕۆژنامەیەکی هەرە ناوداری فەڕەنسییە و لە

ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا دژی هەموو سیاسەتێکی ئەمەریکا بووە، بە هاواری ئەمەریکاوە هات و نووسی:- (ئێمە هەموومان ئەمەریکایین،) ئەمەش دەنگدانەوەیەکی قسەکەی سەرۆک کێنێدی بوو کە چل ساڵ پێش ئێستا گوتی: (من بەرلینیمە.) تەزووی ئەم پشتیوانە تا ڕادەیەک کەمتر بووەوە؛ بەڵام ژمارەیەکی کەم لە ئەمەریکاییان هەستیان پێی کرد. گرتنی بەردەوامی ئەمێرکاییە بێ تاوانەکان بێ لێپێچینەوە، بووە هۆی نیگەرانیەکی زۆری بیانییەکان. چونکە تیرۆریزم بۆ هاوپەیمانە ئەوروپاییەکانی ئەمەریکا شتێکی تازە نەبوو. بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ئەسپانیا جۆرە ئەزموونێکیان لەگەڵ تیرۆریزمدا هەبوو، هەر چەندە هەندەی ئەوەی ئەمەریکا دراماتیک نەبوون. نەتەوە کۆنترەکان بەوە قایل بوون کە چارەنووسی بەهێزترین دەوڵەت لەوەتەی دنیا دروست بووە، دەبوو هەموو کات جێی ئیرەیی پێ بردن و ڕق لێبوونەوە بێت.

بیانووەکانی ئوسامە زیرەکانە ڕاستی و خەیاڵی تێکەڵ یەکتر کرد. ئایا بەخت گەورەیی ئەلقاعیدە بوو یان بە پێی پلانێکی داڕێژراویان بوو، پەلامارەکەی ٩/١١دوای ساڵێک لە هەڵگیرسانی ئینتیفادەی دووەمی فەلەستینییەکان، هات و بە مەش سەرجەم موسڵمانان هەر لە مەغریبەوەڕا تا دەگاتە دەریاکانی باشوور، هەمووی هەژاندن. نیو سەدە پشتیوانی بێ سنووری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئیسرائیل، باشترین بیانوو بوو بۆ ئوسامە بۆ ئەوەی سۆزی ١,٢ بلیۆن موسڵمانانی جیهان بۆ لای خۆی ببات. فەلەستین هەردەم ئاگرێکی بەردەستە بۆ هەر کەسێک کە بییەوێ یاری پێ بکا. لە دە ساڵی ڕابردوودا گەلێک بزووتنەوەی ئیسلامی، وەک ئەوەی جەزایر و میسر و سوودان، هەرەسیان هێنا، بۆیە ئوسامە ژیرانە جەختی لەسەر کێشەی فەلەستین کرد(١١).

ئوسامە هەرگیز وڵاتەکەی خۆیشی، عەرەبستانی سعوودی، لە بیر نەکرد و هەمیشە دووبارەی دەکردەوە کە لەلایەنی سەربازانی ئەمەریکاوە (داگیر کراوە). ئەم تۆمەتانە لە هەموو جیهانی ئیسلام و شوێنی تریشدا دەنگی دایەوە. لە ڕاستیشدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان گەمارۆی هەر ڕژێمێکی گەندەڵ و سەرکوتکاری دەدا و بانگێشتەی بۆ ئەوە دەکرد کە هەڵبژاردنی (ئازاد و ڕاست) و سەرمایەداری دەرمانی هەموو برینێکن. بەڵام هیچی لەمانە لەگەڵ کێشەی فەلەستین نە دەهاتە نێو تەرازووەوە؛ بۆیە عەرەبە ئاساییەکان بواری ئەوەیان بۆ ئاسان بوو کە

ڕەخنەی توند لەو کـــارانە بگرن کـــە لە بەرچاویانەوە ئیـــســـرائیل دەیکرد و حکوومەتەکانی خۆیانیش هیچی نەدەکرد بۆ ئەوەی بەرپەرچی کارەکانی ئیسرائیل بداتەوە.

دوای ئەوەی ئەمەریکاییەکان لە بن کاریگەریی پەلامارەکەی سێپتێمبەردا هاتنە دەرەوە، گەیشتنە ئەو ڕاستییە کە ئەوان بایەخی تەواویان بەم کێشانە نەداوە کە تیـرۆریستـان وەک چەکـێکی کـۆنە، بۆ مـاوەی نزیکەی دە سـاڵە بەکـاری دێنن. ئاسـانکاری تەکنیکی بڵاو بووەتەوە. نیـشـانە ئەمـەریکاییـەکـان هێـرشـە تیرۆریستـییـەکەی سـەر ناوەندی بازرگـانی جیـهانی لە سـاڵی ١٩٩٣ی گرتبووە خۆوە، لەو پەلامارەدا خۆشبەختانە تەنیا شەش کەس کوژران. ئەو تیرۆریستەی کە کـارەکـەشی ئەنجـام دا و ناوی لە خـۆی ناوە ڕەمـزی ئەحمـەد یوسف، کـە ڕەنگە کـەسـێکی تریش بێت، دوای دوو سـاڵ لە پاکسـتـاندا گـیـرا و هێنراوە شـوێنی تاوانـەکـەی بۆ ئـەوەی دادگـایی بکرێ و پاشـان بە درێژاییی ژیـانی حـوکم بدرێ. دوای ئەوەی پاسـەوانەکانی بە دەوری جووتە تـاوەرەکـەیاندا سووڕاندەوە و کاتێک کە بۆ زیندانێکی مـانهاتنیان دەبردەوە، بە پاسـەوانەکانی گوت، ئەگەر پارەی پتری هـەبوایە، کارێکی کوشندەتری ڕادەپەڕاند.

لە سـەر هارد درایڤی کۆمـپیـوتەرەکـەشی، کـە لەمـانیـلادا گـیرا، لێکۆڵـەوەکان چەندین پلانیان بۆ تەقاندنەوەی ژمارەیەکی زۆری فڕۆکە، دیتەوە کە بە پێی پلانەکە دەبوو لە ئاسمانی پاسـیفیکدا بتـەقنەوە. یەکێک لـە یارمەتیدەرانی لەمانێلا، ناوی عەبدولحـەکیم مراد بـوو، ئەمە لایسنس (ئیجـازە)ی فڕۆکەوانی بـازرگانی هـەبوو. بە پێی پلانێک دەبوو فڕۆکـەیەک بەرداتەوە سـەر بارەگـای سی ئای ئەی CIA، کە لە لینگلـی، لە ڤیرجینیـایە. توندڕۆیەکانی سـەر بە گرووپی چەکداری ئیـسـلامی، لە جـەزایـر، فـڕۆکـەیـەکی جـۆری (ئـێـربەس)ی کـۆمـپـانیـای (ئێـر فـرانس) یان، لە فڕۆکەخـانەی (الجزایر)ی چـەند ڕۆژێک بەر لە کریسـمسی ١٩٩٤دا، گرت. پلانیـان وابوو کـە بە سـەر تاوەری ئیـڤڵ، بیـخـەنە خـوارەوە. تیـمـێکی تایبـەتی پۆلیـسی فەڕەنسـی دژە گێرەشـێوێنی توانـی لە کاتی بەنزین وەرگرتن لە مارسیل، فڕۆکەکە ڕزگار بکات.

ئەم نموونـانە ئەوە ئاشکرا دەکەن کـە بـۆمـبـهاوێژە خـۆکـوژەکـانیـان لە بواری

سـەربڕین و کـوشـتندا پسـپـۆڕ بوون. ئێـسـتـاش ئاشـکرایە کـە ئوسـامـە دەیەوێ شــــەڕەکـــە بگوازێتـــەوە بۆ مــــەیدانی نـاخ دڵی، وەک خـــۆی دەڵێ، دڕندەوە. ئەمەریکاییەکان لەمێژە بە وریاییەوە چاوەدێری پەلامارەکانی ئەلقاعیدە دەکەن. ئەم چاودێرییەش تا وڵاتە یەکگرتووەکانیش دەگرتەوە. بەڵام هیچ کەسێک، تەنانەت لە شـارەزایە پسـپـۆڕە دێرینـەکانـی دژە تیـرۆریش، مـەزەندەی ئەوەیان نەکـرد کـە ئەلقاعیدە بتوانێ ئەم جۆرە پەلامارە پڕ کارەساتە ئەنجام بدا.

من دان بەوە دادەنێم کە ئەمجارەشـیـان بە هەڵە لە ئوسـامـەی گەیشـتم؛ چونکە وام زانی کە دوا چالاکی خۆی بە شێوەیەک ئەنجام دەدا کە هەرگیز لە بیر نەکرێ، وەک ئەوەی کە خۆکوژەکان کردیان. کات و شێوەی ڕاپەڕاندنی چالاکییەکەی، کە هەموو کات من ڕیسوا و ماندەلم کردووە، لەلای خۆیەوە لە هەموو شتێک گرینگتر بوو. پێویستیشی بەوە هەبوو کە هەموو کات خۆی پروپاگەندە بۆ خۆی بکات. لە ڕاستیشدا لەوەتەی سەڵاحەدین خاچپەرستەکانی بەزاندووە تا ئێستا، هیچ موسڵمانێک نەهاتووە ئەوەندی ئوسامە ڕۆژئاوا بترسێنێ. چەندین ساڵە ئوسامە هەر بە شـان و شـەوکـەتی خۆیدا هەڵدەدا: کوڕە دەوڵەمـەندە، ئەو هێندە پەیڕەوی ڕێبـازی بـەر لە خـۆی دەکـا، کـە نـایەڵێ جلوبـەرگی لە ئوتی بدەن، بە نەرمی بە عەرەبی قسـە دەکا بۆ ئەوەی شێوەی ڕێزلێنانی نەریتی کۆنی شێخەکانی عەرەبان پەیڕە و بکات و بە عەرەبی ڕەوان (فەسیح) دەدوێ، بەمەش زۆر کاری کردووەتە سەر ئەو کەسانەی کە شێوە زمانی ڕەوانی قورئان، پەسند دەکەن. ئەمانە هەمووی پرۆگرامی چوونە دەرەوەی ئەون لەم دنیایەدا.

بێگومـان ئوسـامـە لە بڵاوکردنەوەی ئەم هـەموو تـرس و تۆقـاندنەی دەیویست کە جیهـانـی ئیسـلامی بۆ (ململانێی نێوان شارستانییەکان clash of civilizations لە دژی ڕۆژئاوا، تەیار بدات. پەلامارەکانی سـەر نیـویۆرک و واشنتن تەنیا بۆ ئەوە نەکـران کـە ببنە هـۆی دڵدانەوەی مـوسـڵـمـانـان لەوەی کـە چێـژتوویانە، بگرە بە مـەبەسـتی بەرپاکـردنی ئاگرێکی گەورە بـوو. دوای چەند سـەعـاتێک لە هێـرشـە ئاسـمـانییـەکانی ئەمەریکا بۆ سـەر ئەفغانسـتان، لە ٧ی ئۆکتۆبەردا، ئوسامە لە تێپێکی ڤیدیۆیی، کە زیرەکانە بەر لە هێرشەکان تۆمار کرابوو، گوتی ئەوا کەناڵی سەتەلایتی ئەلجەزیرەش تووڕەیی بەڕێوەبەرایەتی بوشی بە هەموو دنیا نیشان دا، الجزیرە تاکە کەناڵی ئاسمانی بوو کە هەینێ پەیامنێری لە کابول هەبوو[١٢].

ئوسـامـه جـاكـێـتـێكی سـەربازی فـریودەری بە ڕێكوپێكی لەبەردا بوو، مـایكرۆفـۆنێكی بە دەسـتیەوە گرتبوو، بە لەخۆباییبوونێكەوە گوتی كە ئەمەریكا: (هەر لە باكورەوە تا باشـوور و لە ڕۆژهـەڵاتییەوە بـۆ ڕۆژئاوای، ترسـێكی زۆری لێ نیشـتووە و تۆقیـوە، سوپاس بۆ خـوا، ئەوەی ئێستا ئەمەریكا دەیچێژێ ئەوەیە كە پێشـتر ئێمە لەبەری نالآندمـان.) گوتیشـی: (پێویستـە هـەموو مـوسڵمـانێك ڕاپەڕێ بۆ ئەوەی بەرگـری لە ئاینەكـەی بكات.) (باهـۆزەی باوەڕیش وا هـەڵی كـردووە بۆ ئەوەی شەیتان لە نیمچە دوورگەی محەمەدی ڕامـاڵێ.) لەگەڵ وڵاتەكەی خۆی بوو كە عـەرەبسـتـانی سـعـوودییە. پاشـان ئەمـەریكاییـیەكـانی وریا كردەوە و گـوتی: (سـوێند دەخۆم بە خوا، ئەمێركا ئاشتی بە خۆیەوە نابینێ، بەر لەوەی ئاشـتی لە فەلەستین سەقامگیر نەبێ و سوپای كافرانیش خاكی محەمەدی بەجێ نەهێڵن.)

ئەمـەیان دوا نامەی تەلەڤزیۆنی باش ڕێكخـراوی بوو، باشـتر ڕووداوەكان هێندە بە خێرایی هـاتن و تاڵیبانیش ئاوا بە یەكجارەكی ڕووخان، من گومانم هەیە ئەگەر پاشـتر ئوسامـە توانیبێتی تەماشـای وێنەكانی خۆشی كردبێ. من چاوەڕێی ئەوەم كـردبوو كـە ئوسـامـە لەوەتی هـاتنـەوەی بۆ ئەفـغـانسـتـان لە سـاڵی ١٩٩٦دا، چی كـردبوو هـەر وا بكات (بە تایبـەتی لەوەتی وڵاتە یەكگرتووەكان ئامـاژەی بۆ كـرد كـە باڵیـۆزخـانەكـانی لە نایرۆبی و لە دارولسـەلام، بۆردومـان كـردووە): واتـا هـەر لە گەڕان بێت و لە شوێنێك نەمێنێتەوە. بەم چەشنە توانیویەتی تا ئێستا خۆی لەو هەمـوو چاو و گوێچكانە حەشـار بدا، كە خۆی دەڵێ هەمـوو كات بە دوایەوەن. لە ناو هەمـوویان تەنیا وازی لە مـۆبایل فۆنە سـەتەلایتەكەی هێنا، چونكە دەیزانی كە دەزگای ئاسـاییشی نیشـتمانی National Security Agency بە ئاسانی گوێ لە قـسـەكـانی ڕادەگـرێ، ڕەنگە شـوێنەكـەشی دیار بخـەن بـۆ ئەوەی بیـدەنـە بەر مووشـەكان[١٣]. بەدەگمەن لە شـەوێك یان لە دوو شـەو پـتر لە شـوێنێك دەنووست، بەر لەوەی بڕوبزگوڵی دیسان بپێچێتەوە و لەگەڵ كاروانێك بكەوێتە ڕێ و بچێتە شـوێنێكی تـازەی تری ڕووخـاوی ئەفـغـانسـتـانەوە. هـەندێ جـاران بەر لـە خـۆی كاروانێكی بۆ فریودان پێش خۆی بەڕێ دەكرد.

من هـەندێ جاران دەمگوت ڕەنگە ئوسامە لە نـاو ئەو چیایانەدا سەنگەری نهێنی وای هـەبێت كە كەس پێی نەزانێ. لە سـاڵانـی ١٩٨٠كاندا گەلێك تەنەل و سەنگەری لەو شـاخە سـەختانەدا بۆ خـۆی ڕێك خستبوو. بۆ ئەمەش سـوودی لە ئەندازیار و

ئامێری کۆمپانیای بیناسازی خۆیانی لە عەرەبستانی سعوودیە، وەرگرتبوو. من دانیش بەوەدا دەنێم کە ڕەنگە نموونەکەی ئەلعمودە، کاری لە من کردبێ؛ کە لە چیایە سەختەکانی ئەلبرزدا چەندین بارەگایان هەبووە. من بە ڕاستی دەمزانی، ئوسامەش هەر وا دەیزانی کە هێلیکۆپتەر و سیستەمی شوێن دیارکردن و ئەم چەکە دەنگ گەورانە ئەوە دەگەیەنن کە شاخەکان چیی تر شوێنی ئەو کەسانە نا پارێزن کە ڕاوچییان بە دوادایە. هەرگیز بە خەیاڵیشمدا نەهاتووە کە ڕۆژێک ئوسامە خۆی لە لەشکرەکەی دەدزێتەوە؛ بگرە خۆی ڕادەگرێ و تا ئەوکاتەی دەمرێ پێڵاوی لەبەرە کە. من هەرگیز ئەوەشم بە خەیاڵدا نە دەهات ئەوەی کە بە خۆی دەڵێ ئیسلام، لە پەناوە بۆی دەردەچێ و دەستەواژەیەکی شەڕی ڤێتنام، دەکاتە دروشمی خۆی کە بە ترسنۆکەکانیان دەگوت:- (سەربازەکانی هێلی دواوە هەموو داک خۆ - گێنە.)

بەڵام ئەوەی خەڵکی باسیان دەکرد ئەوە بوو کە ئوسامە دوای هێرشەکەی بۆ سەر ئەمەریکا چەند حەفتەیەک لە قەندەهار ماوە. قەندەهار پایتەختی حوکمی مەلا عومەر بوو؛ هەموو کات ناوەندی پشتۆنەکانی ئەفغانستانیش بووە. تا سەرەتای نۆڤێمبەر لەوێ ماوە، واتا تا چەند ڕۆژێک بەر لە ڕووخانی ڕژێمی تالیبان ئوسامە هەر لەوێ بوو. ئەم جۆرە نەترسییە ئەوەیە کە من لە ئوسامەم ڕەچاو کردووە؛ چونکە ئوسامە مکوڕە کە لە مەیدانی شەڕ و لە ناو تەقەی گولەدا بمرێ، نەک دەستگیر و ڕەزیل بکرێ و پاشان لە وڵاتە یەکگرتووەکان دادگایی بکرێ. لەوەتەی وەختبوو بە دەستی سەربازانی سۆڤیەتییەوە لە ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٦، بکوژرێ، لێی زانراوە کە دەبێ لە ناوجەرگەی توندوتیژیدا کۆتایی پێ بێ. ئەو گەلێ جاران نارەحەتی خۆی لەوە نیشان داوە کە تا ئێستا شەهیدبوونی بەنسیب نەبووە، هەرچەندە بە ڕشتییەوە بۆی دەگەڕێ. مریدەکانی تا دوای ساڵێکیش لە بۆردومانەکەی کێوەکانی تۆرابۆرا لە ساڵی ٢٠٠١دا، دەیانگوت ئوسامە کوژراوە و گەلێ چیرۆکی سەیریشیان لەبارەی شوێنی ڕاستەقینەی لە نێو خۆیاندا بۆ یەکتری دەگێڕاوە.

لە ڕاستیدا کە گەورە یاریدەدەرەکانی لە ساڵوەگەڕی یەکەمی ٩/١١دا جەختیان کردەوە کە ئوسامە ماوە و باشە و خەریکە پلانی پتر بۆ لێدانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی ڕێک دەخا، هەندێ لە توێژکارەکان گوتیان ئەمە

گـولـلـه بە تـاریکی وەنـانە هەر بـۆ ورە بەرزکـردنـەوەی لایەنگرانیـان ئەو قـسـانە دەکەن[١٤]. پاشـان لە سـەرەتای نۆڤـێمـبـەری ٢٠٠٢دا، ئەلجـەزیرە وتارێکی دوور و درێژی ئوسـامـەی پەخش کرد. دوای چەند ڕۆژێک شـارەزایانی دەزگای ئاسـایشی نەتەوەیی گوتیـان کە دەنگەکە بە ڕاسـتی دەنگی ئوسـامـە بوو. لەم تۆمارە تازەیەیدا باسـی تـەقـانـدنەوەی ئۆتۆمـۆبێلەکـەی یانەیـەکی شـەوی لە بالیٚ و بـاسـی پەلامـاری کەشـتـییـە تانکەری نەفتی فـەڕەنسـایی کرد کە تیـرۆریسـتـان لـە نزیکی یەمـەن بە بەلەمـێک پەلامـاریان دابـوو. بۆ چەند مـانگێک ئەلقـاعـیـدە چالاکی ئەنجـام دەدا. ئوسـامـەش، ئەگـەر تەندروسـتـیـشـی باش نەبێت، خـۆ بە دیار کەوت کە هێشـتـا هـەر زیندووە (هەندێ توێژکاران گوتیان؛ ئەگەر نەساغ نەبایە کاسێتێکی ڤیدیۆیی بڵاو دەکردەوە نەک هـەر دەنگ،) بەڵام هـەر دەستی بە چالاکییەکانی کردەوە[١٥].

ئەم هـەواڵە، بـۆ بەڕێوەبـەرایەتـی بوش، شـتـێـکی چاوەڕوان نەکـراو بـوو، بەڵام سـەرسـوڕهێنەر نـەبوو. لە دوای بەزینی تاڵیبـان، ئەوا بە دیار کـەوت کـە ئوسـامـە هێشـتـا شـەهـید نەبووە و هێشـتـا هـەر خـۆی سـەرچاوەی دارایی ئەلقاعیدەیە و خەریکە توورەگـەی پارە بۆ ئەوە خەرج دەکا تا خـۆی بگەیەنێتـە سنووری ئێران یان پاکستان، چونکە بەرهەڵستکاریکردن بووەتە کارێکی پڕ مەترسی. تەنیا بۆ متمانە پەیداکردن بوو کە ئوسامە، لە کۆتای نۆڤێمبەری ٢٠٠١و لە جـەلال ئاباد دا، لەگەڵ سـەرانی خـێڵی پشـتـۆنەکان کـۆبوونەوەیەکی کـرد. زۆربەی ئەو پیـاو مـاقـووڵانەی پشـتـۆنی لـە سـەردەمی جـیـهـادی دژی سـۆڤـیـەتیـیـەکـانەوە دەناسـی. هـەندێ لە توورەگـەکـان ئەسـتـوور و ئـەوانی تریشـیـان تەنک بوون، ئەوەش بـە گوێرەی پلە و پایەی ئەو کەسـە و ژمـارەی ئەو چەکدارانـە بوو کە هـەیبـوو، وەری دەگرت. پاشـان ئوسـامـە لەگەڵ کـاروانێکی ئۆتۆمـۆبێلان بەرەو سنوورە شـاخـاوییـەکەی پاکسـتـان چوو، لەوێش بزر بوو. بۆیە گەلێک جێی سەرسـوڕمـان نەبوو پاشان کە گوێبیست دەبووی دەگوترا کە ئەفـغـانییـەکان و ئەمـەریکاییـەکان پشـتیـان بەوان بەسـتـا و پارەشـیـان دانیٚ بـۆ ئەوەی ڕێگەی هـەڵاتن لە ئوسـامـە بگرن، بەڵام ئەوان پشـتی خۆیانیـان لەو ڕێگەیە کرد کە ئوسامە پێیدا بۆ پاکستان ڕای کرد، هەندێک دەڵێن تەنانەت یارمەتیشیان لە بزربوونەکەی دا.

ئوسـامـە زیرەکـانە پەندی لە هێرشـەکانی بۆمبـە زیرەکەکانی ئەمـەریکا بۆ سـەر تانکەکانی ئەلقاعیدە و تاڵیبان وەرگرت و تاکتیکەکەی خـۆی گۆڕی. کاروانە گەورە

پیکابە جام تاریکەکانی خۆی بە ژمارەیەکی کەم لە پاسەوانان گۆڕییەوە. ئەم خۆپاراستنە بنەڕەتییەی ڕاستی بوونی ئوسامەی لەو ئەفغانانە شاردەوە کە بە دوایدا دەگەڕان بۆ ئەوەی ئەو ٢٥ ملیۆن دۆلار پاداشتەی کە ولاتە یەکگرتووەکان بۆ سەری ئوسامەی تەرخان کردبوو وەری بگرن. دەزگای نووچەگری ناڤین CIA یش جۆرە زرێپۆشێکی مووشەک هەڵگری زۆر کاریگەریشی بەم ناوەدا بلاو کردبووەوە، ئوسامە دەبوو خۆی لەوانیش دەرباز بکا. هەندێ قسەوباس وابوو کە ئوسامە بە سواری ئەسپ، وەک کابرایەکی ئاسایی، بۆی دەرچوو، بۆ ئەوەی وەک مەلا عومەر چۆن بەر لە ڕووخانی قەندەهار بە ماتۆرسایکلێک شارەکەی بەجێ هێشت، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ، ئوسامەش وای کرد.

بە قسەی هەندێ لە ئەفغانییەکان، لە سەرەتای هێرشەکەی مانگی دیسێمبەر، کە ولاتە یەکگرتووەکان بە هاریکاری ئەفغانییەکانەوە کردیە سەر کێوەکانی تۆرابۆرا، ئوسامە لەو کاتدا لەوێ بووە (بەلام بە مرازەوە هەموو لایەکیان لێ نەگرت بۆ ئەوەی بواری ئەوە بدەنە نیچیرەکەیان تا پێی بکرێ لە دەستیان دەرچێ.)(١٦)

چیرۆکی زۆر پاشان دەگەڕایەوە کە ئوسامە ئەیمەن زەواهری گەورە یاریدەدەری، وتاری هاندانیان بۆ پیاوەکانی خۆیان خوێندەوە و داوایان لێ کردن تا بەرگری بکەن، بەلام پێیان گوتن کە سەرکردەکان پێویستە بژین بۆ ئەوەی ڕۆژێکی تر لە مەیدانێکی تردا خەبات بکەن. ئوسامە نە لەوێ نە لە هەڵمەتە باشتر ڕێکخراوەکەی تری ئەمەریکا، کە لە ئاداری ٢٠٠٢کرا، بە ناوی (هێرشی ئاناکۆندا)، بەردەست نەکەوت. پاشان ئوسامە بووە خەون. هەر کەسێک کە وەهابی نەبوو، ئوسامەی کردە (ئیمامی نەدیتراو) کە دەبێ ڕۆژێک بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕزگار بکا، پێشتر ئوسامە گاڵتەی بەم بیرۆکەیە دەکرد، کە جەوهەری مەزهەبی شیعەیە.

سەرۆک بوش ئیتر ببڕای ببڕ ناوی ئوسامەی بە ئاشکرا نەهێناوە. بەمەش کۆشکی سپی ئومێدی دەخواست چیی تر کەس باسی ئەو پەیمانە لە سەرۆک بوش نەپرسێ کە بۆ دەستگیرکردنی ئوسامە دابووی، جا چ بە (زیندوویێتی یان بە مردوویی) بێ؛ باسی ئوسامەی بەسەرچوو. وەزیری بەرگری ولاتە یەکگرتووەکان،

دۆناڵد رامسفیلد، وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداوە ئایا ئوسامە زیندووە، ئەگەر زیندوویش بێت، لە کوێیە. بەڕێوەبەرایەتی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە شەڕی دژە تیرۆر، شەڕێکی جیهانی سەرتاسەرییە لە دژی ئوسامە، بەڵام گەلێک لایەنی جیاوازیشی تێوە گلاون. بۆ ئەوەی نیگەرانی هاوپەیمانە ئەوروپایی و عەرەبەکانی نەهێڵێ، بەڕێوەبەرایەتی سەرنجی خۆی بەرەو سۆماڵ و یەمەن و فلیپین و عێراق برد. لە ناکاو، ڕژێمی سەددام حوسێنی هاتەوە ناو پەیامی فەرمی یەکەتی و لە ژەنیوەری ٢٠٠٢ بووە یەکێک لە تەوەری شەیتان axis of evil و لە ڕیزی ئێران و کۆریای باکور داندرا. بەم چەشنە هاوپەیمانانی ئەمەریکا قایل کران کە ئەمەیان ئیتر شەڕی دژە تیرۆر نییە.

بەڕێوەبەرایەتی ویستی ئوسامە لە هزری فەرمی وڵات دەرچوێنی، وەک چۆن پروپاگەندەکارەکانی ستالین ئەوانەی کە هەڵەیان کردبوو لە مەیدانی فەرمییان وەدەرنان. وەک ئەوەی کە پەیامە تۆمارکراوەکەی ٧ی ئۆکتۆبەر دەری خست، ئوسامە هەموو کات هەنگاوێک لە پێش واشنتندا بوو. بەڵام ئەمجارەیان کە پاشی دوو مانگ لە کاسێتێکی ڤیدیۆدا دەرچوو وەکو جاری پێشان سەرنجی بۆ خۆی ڕانەکێشا، ئەم جارەیان سەر و ڕیشی لە جاران پتر ماشوبرنج بوو و لای چەپی خۆشی هەر بە هیچ جۆرێک نە جووڵاندەوە. هەندێ لە پارتیزانان ڕایان وا بوو کە بەدیار خستنی ئوسامە بەم شێوە لاواز و ڕەنگ زەردییەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، کرا. لە ڕاستیدا ئەمجارەیان بە شێوە ڕاستییەکەی خۆی، وەک کابرایەکی هەڵاتووی باریک نیشان دەدا کە ئەگەر بتوانێ لە ئەفغانستان و لە ناو خێلی پوشتۆندا بچێتە دەرەوە لە دووررا دەناسرێتەوە.

جێی سەرسوڕمان بوو کە لە ئەنجامی دۆڕاندنە سەربازییە سەرەتاییەکەی ئەلقاعیدە، ئوسامە هەیبەتە ئاینییەکەی خۆی، لە ئەفغانستان و لە پاکستان و لە شوێنی دوورتریش، لە دەست دا. چونکە ئەو پەیمانی بەرگری و سەرکەوتنی بە یاوەرانی دابوو، بەڵام هیچیانی نەکرد. کاسێتەکانیشی کە لە دوای چەند مانگێک پاشتر بڵاو دەبوونەوە، وا پێ دەچوو کە هەمووی لە پایزێدا گیرابن؛ لە هەندێکیاندا خۆی بە بێدەنگی مایەوە، لە هەندێکیشیان ئاخاوت. بەڵام ناوەرۆکی وتارەکانی تازە بوون. ڕەنگە هەر بۆ ئەوە بڵاو کرابێتەوە تا ورەی ئەندامانی ئەلقاعیدە بەرز بکاتەوە. بەڵام مقۆمقۆی ئەوەی پەیدا کرد کە ڕەنگە مردبێت. ئەوەی ڕاستی بوو

ئەوە بوو کە لە ناو ئەو هەزاران کەسەی لە خێڵی پشتۆنی پاکستانی، بە پەلە لە سێپتێمبەر سنووریان بەزاند بۆ ئەوەی یارمەتی ئەلقاعیدە و تاڵیبان بدەن، سەدان کەس لەوانە لە شەڕیدا کوژران، یان لەلایەنی ئاغاکانی شەڕی ئەفغانییەوە بە دیل گیران و ئەوانیش داوای پارەیان لە ئەمەریکاییەکان دەکرد لە بەرانبەر بەوەی کە تەسلیمیان بکەن. پاش چەند مانگێکیش سەرۆکی پاکستانی، پەروێز موشەڕەف، وەک جۆرە قوومارکردنێک، دەستی لە دەزگای موخابەراتی پاکستانی وەشاند کە ئیسلامە ڕادیکاڵەکان پشتیوانییان دەکرد. بەلای کەمی، ئوسامە وەک جاران نەما، ئەو پیاوە بێت کە ئیسلامییە پاکستانی و سەرجەم موسڵمانەکانی ئاسیا بە ئیمامی خۆیانی بزانن، هەرچەندە پێشتر تەمای پێیان بوو کە جیهادی بۆ بکەن و سەر بکەون.

بێ ئومێدییە کاتییەکەی پاکستانی گرتەوە، بە شێوەی نائاسایی هاتە بەرچاو. چونکە ئەو پۆستەر و (تی – شێرت T-Shirt) ـانەی کە وێنەی ئوسامەیان لەسەر بوو کڕیاریان بۆ نەما، بازاڕی پیشاوەر چیی تر ئەو کالایانەی بۆ فرۆشتن نەهێنا. خەڵکیش کەمتر لە جاران ناوی ئوسامەیان لە نێرینە تازەبووەکانیان دەنا. کەچی لە ساڵی ١٩٩٨، ئەمەریکا ویستی بە هۆی ئەو تەقینەوانەی کە لە ڕۆژهەلاتی ئەفریقیادا ئەلقاعیدە کردی، سزای ئوسامە بدا، پاکستانییەکان بۆ ئەوەی پرۆتستۆی کارەکەی ئەمەریکا بکەن، هەستان بە کۆمەڵ ناوی منداڵەکانی خۆیانیان لێنا ئوسامە. ئەمانە هێمای ئەوە نەبوون کە ئەمەریکا جێی خۆی لە دڵی پاکستانییەکاندا کردووەتەوە یان ئەلقاعیدە و ئیسلامییە ناوخۆییەکان دەستیان لە ئەفغانستان شۆری بێ. هەر زوو نیشانەی نیگەرانی وا بە دیار کەوتن کە گومانیان پەیدا کرد لەوەی ئەلقاعیدە بۆ یەکجارەکی پەکی خرابێت؛ نیشانەکان سەلماندیان کە ئەلقاعیدە هێشتا هەر چالاک بوو. لە جەنیوەری ٢٠٠٢دا، ڕۆژنامەنووس لە (وۆڵ ستریت جێرناڵ Wall Street Journal)، دانیال پێرل ڕفێندرا، پاشان لەلایەن ئیسلامییە توندڕۆیەکانەوە لە کەراچی سەری برا. لە بەهاریش، خۆ تەقاندنەوە دەستی پێ کردەوە و ئەمجارە پەلاماری نیشانە ئاسانەکانیان دان؛ دێرێک لە کاتی نوێژی ڕۆژی یەکشەمە لە ئیسلام ئاباد، ئەندازیارە دەریاوانە فەڕەنسییەکان لە کەراچی، خیابانی دەرەوەی کۆنسوڵگەریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەمان شار و قوتابخانەیەکی ئاینی (میشینێری) لە گردی

دەرەوەی پایتــەختـــەوە، هەمــوو ئـەمــانـە کـەوتنە بـەر پەلامــاری تیــرۆریســتــە خۆکوژەکانەوە. لە بەهارێشدا، پێوەندیی ئەلقاعیدە بە پەلامارە خۆکوژییەکەی سەر پەرستگە دیرۆکییـەکەی جـوولەکە لە دوورگـەی جربـەی تونسیدا هـەبوو، پەلامـارەکە بووە هۆی کوشتنی پازدە گەشتیاری ئەڵمانی.

لە ئۆکـتـۆبەر، بـەلەمـێکی خـێـرای پڕ لە تی ئێن تی TNT خـۆی کـرد بە گـەورە تانکەری نەفت بەری فـەرەنسـی، لیـمـبێرگ، کە لـە نزیکی بەندەری نەفتی موکەللای یەمـەنی لە هـەرێمی حەزرەمـەوت لەنگەری گرتبوو. باوکی ئوسـامە لەم هـەرێمـەدا لە دایک بووە. شـێـوەی ڕاپەڕاندنی ئەم کـارە زۆر بە پەلامـارەکـەی سـەر USS Cole دەچوو کـە دوو سـاڵ پێشـتـر ئەلقـاعـیـدە جێبـەجـێی کـرد، لە کـاتێک کـە گـەمـیـیـە سـەربازییـە ئەمەریکاییەکە لە نزیک بەندەری عەدەن، لە یەمەن بۆ مـاوەیەکی کورت بۆ سـووتەمەونی وەرگرتن، لەنگەری گرتبـوو. تەنیا یەک حـەفتە پاشـتـر بۆمـبێک لە بالی، لە ئەندۆنیسـیـادا تەقـییـەوە و پتر لـە ١٨٠ گەشـتـیـاری ڕۆژئاوایی کـوشت. لە ڕۆژی سـوپاسکردن Thanksgiving Day لە ٢٨ی نۆڤێـمـبەر، مـووشـەکێکی سـام ٧ی زەوی بۆ ئاسـمـان کـە بە مـووشـەک ئاگـردەرێکی سـەرشـان دەتەقـێندرێتـەوە، ئاراستەی فڕۆکەیەکی سڤیلی ئیسرائیلی کرا کاتێک کە لە فڕۆکەخانەی مۆمباسا، لە کـێنیـا، لەســەر کـەناری زەریای هـینـدیـیـەوە، بـە ٢٠٠ گـەشـتـیــار و دەسـتــەی فڕۆکەکەوە بڵند دەبوو. مووشەکەکە بە ئاستەمێکی مابوو فڕۆکەکە بپێکێ. چەند دەقیـقەیەک پاشـتر جیبێکی بە تەقەمـەنی چنراو کە سـێ خۆکوژی سـوار بووبوون، پەلامـــاری (هوتێلی پارادایز Paradise Hotelی دا، کــە بە چـەند دەقــیـــقـــەیەک کەوتووەتە باکوری فڕۆکەخانەکە. یەک لە خـۆکوژەکـانی ناو جـیبـەکە خۆی کـرد بە ناو هوتێلەکە و لەوێ خـۆی تەقاندەوە و دووەکـەی تریش جیبـەکەیان لە بەردەرگـەی هوتێلـەکەدا تەقـاندەوە. لە ئـەنجـامی تەقـینەوەکـە سـێ ئـیسـرائیلی و نۆ کـێنیـایی مردن. ئەم پەلامارە دوای چوار ساڵ و چوار مانگ لە یەکەم پەلامارەکەی ئەلقاعیدە هـات کە کردبوویە سەر باڵیۆزخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کێنیا و لە تەنزانیا – بەم کـارەش تیـرۆریزمـی جیـهـاد بازنەی خـۆی لە ڕۆژهـەڵاتی ئەفـریقـیـادا بە یەک گەیاند.

شـــەڕی دژە تیـرۆر بـە پێی پـلانە داڕێژراوەکــەی بەڕێوە نـەچـوو. بەڕێوەبەرایـەتی بوش لە ئەنجامی هەڵبژادنەکەی کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا لە پاکسـتان کرا و ئەوە

بوو شەش پارتی ئیسلامی کە بە ئاشکرا دژی سیاسەتەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بوون، بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژاردنەکەیان بردەوە. ئەمەشیان یەکەمین جاربوو، لەوەتی پاکستان لە ١٩٤٧دا سەربەخۆیی وەرگرتووە، کە ئیسلامی ئەم جۆرە سەرکەتنە بە دەست بێن. هەرگیز ئیسلامییەکان پێشتر لە ژمارەی پەنجەی دەستان پتر، کورسیی پەرلەمانیان، لە هەڵبژاردنە گشتییەکان، وەدەست نەهێنا بوو. ئێستا وا بووینە گەورەترین لایەنی حوکمڕان لە هەرێمی سنووری باکوری ڕۆژئاوادا و لە ئەنجوومەنی هەرێمی بلووجستانیشدا هاوبەشن. بەمەش ئازادن ئەگەر ڕەخنە لە حکوومەتی ناوەندی لایەنگری سیاسەتەکانی ئەمەریکا، بگرن؛ بەمەش دەتوانن ڕێگە لەو چاکسازییانە بگرن کە موشەڕەف پەیمانی دابوو بیانکا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حوجرەی فەقێیان کەم بکاتەوە. موشەڕەف تەنیا خۆی بە دەست بوو بۆ ئەوەی بە هۆی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، کە لە دەسەڵاتی ئەویان کەم دەکردەوە، گلەیی لێ بکات. ئاخر بە پێی سیستەمی هەڵبژاردنەکان، موشەڕەف بە خۆی ڕێگەی بە سیاسەتوانە دێرینە پاکستانییەکانی وەک سەرۆکانی وەزیرانی پێشوو (بێنەزیر بۆتۆ) و (نەوواز شەریف) نەدا تا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن. قۆشمەچییەکان بە نوکتە دەیانگوت نە موشەڕەف نە دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ISI، هیچیان بەوە دڵخۆش نەبووینە کە هاوپەیمانی ئاینیی کورسییە بە تاڵەکانیان پڕ کردووەتەوە. واشنتنیش چیی تر ناتوانێ بە ئاسانی پاڵەپەستۆی بۆ چاکسازی بکات، بەڵام ISI دەتوانێ لایەنگرە ئیسلامییەکانی خۆی بە ئاسانی بخزێنێتە ناو دەزگاکانییەوە. ئەم کارە لە دوای ٩/١١ ڕاگیرابوو.

تەنانەت ئەگەر ئوسامە هێشتا هەر زیندوو بێت و تەڕ و هیشک بە یەکەوە بسووتێنێ، ئەو توندی و تیژییەی کردی ئەفسانەکەی کز کردەوە، نەک وەک ئەوەی کە گوتی سەرکەوتنی داهاتووی بۆ مسوگەر دەکا. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی کە مردنی ئەو پیاوە نیازەکەی بۆ بە تەنیا دەست بە سەرداگرتنی سعوودییە هەیبوو، بە شێوەیەکی لۆجیکی لە ناو دەبا. هەرچەندە بەکارهێنانی کێشەی فەلەستین و بابەتی عێراق هاوسۆزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ پەیدا کرد، بەڵام ئامانجی دووری ئەو پیاوە، لە وڵاتی خۆیدا، هەر لە ناوبردنی خانەوادەی ئال – سعوود بوو، بەم کارەشی نەفتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی لە بن کۆنترۆڵی ولاتە یەکگرتووەکان دەردەهێنا. تەنیا دوای ئەوەی کە دەستی خۆی لە ڕووخاندنی بنەماڵەی ئال –

سعوود شووشت، ئەو کات لەسەر خاکی ئەمەریکا، پەلاماری ولاّتە یەکگرتووەکانی دا. هاوپەیمانە سعوودییەکانیش وەک ئەمەریکاییەکان چۆن بەرهەڵستی ٩/١١یان کرد، ئەوها بەرهەڵستی نیازەکەی ئوسامەیان کرد.

هەموو ئاواتی ئوسامە و سەرجەم تیرۆریستان بووە ئەوە کە شەڕی دژە تیرۆر، خراپ بە سەر بوشدا بشکێتەوە. حکوومەت بە شێوەیەکی نامۆ شەڕەکەی بەردەوام کرد و بەبێ ئەوەی نیازێکی هەبێت، سەرکەوتنەکەی خۆی لە ئەفغانستان خستە مەترسییەوە. واشنتن نەیویست نە توانای سەربازی نە سیاسی بداتە ڕژێمەکەی ئەفغانستان کە بە خۆی لە کابول، دای مەزراند، هەرچەندە ئەو هێزەی پێویست بوو تا جێ پێی خۆی بچەسپێنێ. دوو وەزیر لە کابول تیرۆر کران، بە شێوەیەکی نا ئاساییش بوو کە سەرۆک کارزای بە خۆی لە هەوڵێکی تیرۆرکردنی ڕزگاری بوو. هەرچەندە کار لە ئەفغانستان زۆری مابوو بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێت، بەلاّم بەڕێوەبەرایەتی لە ساڵی ٢٠٠٢، کتوپڕ ڕووی بۆ (گۆڕانی ڕژێم regime change) لە عێراق وەرگێڕا، ئەمەش بووە هۆی گۆڕینی سەرچاوەکان لە شەڕی دژە تیرۆرەوە بۆ ئەوەی بۆ پیادەکردنی ئامانجێکی تر بڕوا. واشنتن وای بۆچوو کە پێویست نییە ناوبژیوانی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل بکات بۆ ئەوەی توندوتیژی نێوانیان بوەستێنێ، بەمەش، تەنانەت لە ناو موسڵمانە نەرمڕۆیەکانی کە هیچیان لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن لە بەغدادا نەبوو، ئاگری دژایەتیکردنی ئەمەریکایی خۆشتر کرد. ئەلقاعیدە وەک نەریتێکی هەمیشەیی خۆی، بۆ ئەوەی بیانوو بۆ دۆڕاندنەکەی خۆی بدۆزێتەوە، دڵنەواییی خۆی بەوە نیشان دا کە ڕژێمە لایەنگرەکانی ڕۆژئاوای وەکو میسر، کە لەمێژە موسڵمانە تیرۆریستەکان بە شێوەیەکی خوێناوی سەرکوت دەکا، ئێستا، لە ترسی ڕاپەڕینی جەماوەری لە ناوەوە، بە ئاشکرا پشتیوانی پلانی ولاّتە یەکگرتووەکان ناکات.

هاوپەیمانییەکەی واشنتن کە زوو بەزوو یەکتریان گرت، ڕووسیا و ئوزبەکستان و چین و جەزایری گرتە خۆوە؛ چونکە ئەو ڕژێمە تۆتالیتاریانە بێ بەزەیی، شۆڕشە ئیسلامییە چەکدارەکانیان لە ولاّتی خۆیاندا، سەرکوت کردبووەوە و خەڵکێکی زۆریان کردبووە قوربانی کارەکانیان. ئوسامە هەرگیز و بەهیچ جۆرێک دیموکراسی نەویستووە و ڕێزیشی بۆ مافەکانی مرۆڤ دانەناوە، بەم جۆرەی کە لە

ڕۆژئاوادا پێناسە کراوە. بەڵام ئیسلامە ڕادیکاڵەکان هەر لە زووەوە سوودیان لە ماندەلکردنی ئەم جۆرە سەرکوتکردنانە وەرگرتووە. ڕێبازی گونجاوی ئەمەریکایی لە گەرمەی شەڕدا لەبار بوو. وڵاتە یەکگرتووەکان ، بۆ شاڵاوەکەی بۆ سەر ئەفغانستان، بە پەلە بنکەی بیانی دەویست. بەڵام ئەو ڕێککەوتنانەی کە کران ڕێگەیان نەدا، ئەمەریکا نە فڕۆکەکانی خۆی بە ئاسمانی ئاسیای ناڤین و ڕووسیا و شوێنەکانی تریشدا بفڕێنێ نە بنکەی سەربازیشیان پێدا. ئەمە پەیامێکی ترسناکی بۆ ڕژێمە بەهێزەکانی سەرتاسەری گێتی نارد، ئەویش ئەوە بوو کە دەتوانن بە ڕووی ئەمەریکاوە بوەستن.

ئەو هزرەی بەڕێوەبەرایەتی هەیبوو بۆ ئەوەی بە سادەیی هەڵسوکەوت لەگەڵ بۆچوونە ئایدیۆلۆجییەکاندا بکات، گرفتی پتری لێ کەوتەوە. ئەم بۆچوونە لە خاکی پیرۆز، پتر لە هەموو جێگەیەکی تر، کەوتە بەر لێپرسینەوە. یەکسەر لە دوای ٩/١١، لەو کاتەی کە بەڕێوەبەرایەتی خەریک بوو گەورەترین هاوپەیمانێتی بۆ پەلاماردانی سەر ئەفغانستان ڕێک دەخست، واشنتن بە ئاشکرا ناڕەحەتی خۆی، لە توانجە ناڕاستەخۆیەکانی شارۆن نیشان دا کە گوتبووی وڵاتە یەکگرتووەکان مێژوو دووبارە دەکاتەوە، ئەمەش ئاماژەی بۆ ئەوەی دەکرد کە بەریتانیا و فەڕەنسا چیکۆسلۆڤاکیایان لە ساڵی ١٩٣٨دا، بۆ نازییەکان بەجێ هێشتبوو. داوا لە شارۆن کرا چیی تر بەم قسانە ئەمەریکا نیگەران نەکا، شارۆنیش، بۆ ماوەیەکی کەم، ملکەچی خواستەکە بوو، بۆ ئەوەی ڕێگەی واشنتن بدا تا خۆی لە وڵاتە عەرەبییە نەرمڕۆیەکان نزیک بکاتەوە. شارۆن تەنانەت ئەوەشی قووت دا کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە جیهادی ئیسلامی، حەماس، حزبوڵا تۆزێک نەرمی نواند، کە کەم و زۆرێک بەرهەڵستی داگیرکردنی خاکی عەرەبانی لەلایەنی ئیسرائیلەوە، کرد. بەڵام هەرکە پەلامارەکەی سەر ئەفغانستان، پێشوەختە، بە سەرکەوتوو لە قەڵەم درا، ئیسرائیل، هاودەم لەگەڵ دۆستە نزیکە ئەمەریکاییەکانی، ئەوانەی لە دەسەڵات بوون یان لە دەرەوەی حوکم بوون، هەموو داوایان کرد کە تیرۆریستان لە سەرتاسەری جیهان دەبێ دادگایی بکرێن.

ڕاوێژکارانی باڵی ڕاست لە واشنتن لایەنگری خۆیانیان بۆ ئیسرائیل شاردەوە، بەڵام مکوڕی خۆیانیان لەسەر ئەوە نیشان دا کە بنەما سیاسییەکەی بوش سەبارەت بە تیرۆریزم ئەوە دەگەیەنێ کە تیرۆریزم لە هەموو بارودۆخێکدا، هەر

تیرۆریزمـه و نـابێ لەم لایەنەوە هیچ چاوپۆشـینێک لە هیچ کەس و لایـەنێک بکرێ. بوش خۆی پێشـتـر لەسـەر ئەو ڕایە بوو کە داڵدەدان و پارەدانی تیـرۆرسـتـان وەک ئەوەیە کە بـە ڕاسـتـی کـاری تیـرۆریسـتـی ئەنجـام بدەی. بوش بۆ ئەوەی ئیـسـرائیل نەڕەنجـێنی هـەمـوو ئـەو کـارە توندوتیـژەی کـە شـارۆن لـە مـاوەی نیـو سـەدەدا کردوویەتی هـەمـووی پشـتگوێ خـست و بەرپرسـێتی ئەو توندی و تیژیەشی کە لە خاکی پیرۆزدا دەکرێ، خستە ئەستۆی فەلەستینییە خۆکوژەکانەوە[17]. بوش کە لە جـەنیـوەری ٢٠٠١ دا دەسـەڵاتی کـەوتە دەست، مکوڕ بوو لەسـەر ئەوەی کـە وەکو سـەرۆک کلنتن خـۆی بە کێشـەی ئـاشتی نێوان فـەلەسـتین – ئیـسـرائیلەوە خـەریک نەکـا. ١١ی سـێـپـتـێـمـبـەر نەوتی بەتوندوتیـژی نێـوانیـان داکرد؛ بۆیە هـەردوولا هاواریان بردە بەر سەرکردایەتیی ئەمەریکا بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات.

کـاردانـەوەی ئـەمـەریکا بـەرانبـەر بە هـەر کـارێکی تیـرۆریسـتـی بووبووە شـتـێکی زگـمـاک، بـەڵام بەڕێوەبـەرایەتی تا ڕادەیەکی زۆر ئەو کـاولکارییــە پرۆگـرام بۆ داندراوەی پشتگوێ خست کە شارۆن لە دژی دەزگاکانی فەلەستینی دەیکرد؛ هـەر هـەمان هەڵویسـتیشی هـەبوو بەرانبەری سـوپای ئیسرائیلی کە هێزی بێ ئەندازەی لە دژی سڤیلە ئیسرائیلییەکان بەکار دەهێنا و لە بەرانبەری فراوانکردنی کۆمەڵگە ئیـسـرائیلییـەکانیش لـەسـەر خـاکی عەرەبان کـاردانەوەی نەبوو، بایـەخی بەو بێ ئومێدییەی فـەلەستینییەکانیش نەدا، کە هۆی سـەرەکی گـڕدانی ئەو خـەڵکە بوو بۆ ئەوەی بچن لە ناو سـڤیلە ئیـسرائیلییەکاندا خـۆیان بتەقێننەوە. جێگری سـەرۆک ڕیچـەرد چێنی و ڕامسـفیلـد و پارێزەرە تازەکـانی کە لە ناو بەڕێوەبەرایەتی زۆر کـاریگەرییـان هـەیە، لەو باوەڕەدا بوون کە پێویسـتـە بەر هـاندانی پرۆسـەی لادانی سـەدام حـوسـێن لەسـەر حـوکم لە عـێراق، وا باشـە کە جـیـهـانی ئیـسـلامی هێور بکرێتەوە؛ چونکە زۆر تووڕەیە لە گوێ پێنەدانی ئەمێرکییەکان بەو مەترسیانەی کە لە ئەنجـامی ملمـلانێی نێوان فـەلەستینییـەکان و ئیـسـرائیلییـەکان پەیدا دەبێ. لە ڕاسـتـیدا، چێنی لە مـیـانی گـەڕانـەکەی بە ڕۆژهـەڵاتی ناڤـیندا، خـواسـتـی وڵاتانی عــەرەبی بۆ دەست پێکردنەوەی دانوسـتــانی نێـوان فــەلەســتـینیــیــەکــان و ئیـسـرائیلیـیـەکـانی پشـتگوێ خست. بـوشـیش کـاتێک کە گـوتی شـارۆن (پیـاوی ئاشتییە a man of peace) خۆی لەلای عارەبەکانەوە خۆشەویست نەکرد.

واشـنتن وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی نـاوەڕاســتـی بەوە نـاوزەد کــردن کـــە گـــەندەڵن،

نادیموکـراتینـه و چیی تر شـایانی بەرگـری لێکردن نینه. ئەمــەش هاوپەیمانە دێرینەکانی وەک عەرەبستانی سعوودیە و میسری لەگەڵ ئێران و سوریای لە یەک لا دانان، هەر چەندە کـە هـەمـوو کـات دوو وڵاتەکـەی دوایی جـێی گـومـانـی لۆبی ئیسـرائیلی و دۆستەکاریگەرەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی بووە. پاڵپەستۆی جاران بە دیار کــەوتەوە. عــەرەب تەنیــا ڕێز لە هێــز دەگــرن. شــەقــامی عــەرەبیش هـیچ گـرینگییـەکی نییـە؛ چونکە تەنیـا ڕەنگدانەوەی ئەوەی لە لا هەیە کـە حـاکـمـە ئۆتۆکراتەکان فێری دەکەن. زلهێزی ئەمەریکا بە تەنیا خۆی لە توانایدا نییە کە دووبارە جیهانی موسڵمانان ڕێک بخاتەوە و دیموکراسییان بە سەردا بسەپێنێ، حکوومەتی باشیان بۆ پێک بێنێ، لە کۆنترۆڵ کردنی پێترۆلەکەشیان بەردەوام بێ. حکوومــەتێکی لایەنگری ئەمــەریکا لـە عــێــراقــدا، نـەفــتی پێــویست بـۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕادەی پێویست دەنێرێ، بەمەش چیتر ناچاری ناکات کە پشت بە نەفتی عەرەبستانی سعوودیە ببەستێ کە هێشتا هەر لە چەرخی ناڤیندایە. لە سـەردەمی ڕابردووی تاریکدا، لایەنگرانی عەرەبان لە وەزارەتی دەرەوە State De-partment دەیانتوانی بە کورتی دان بەوەدا بنێن کە دیتنی بابەتەکان بە سادەیی، کارەسات بوو یان هەر ڕاستی بکەنەوە. بەڵام ساڵانێکی زۆرە کەس نییە لە واشنتن گوێ لە لایەنگرانی عەرەبان بگرێ، لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتی بوش کەس هەر تەمـاشـاشـیـان ناکـا. ئەرێ کـەسێک لە واشنتن هەیە کـە یاداشـتـەکـانی شـەڕی جەنەراڵ دیگۆلی خوێندبێتەوە کاتێ کە کۆمەڵەی نەتەوەکان League of Nations لوبنانی خستبووە ژێر ئینتدابی فەڕەنسییەوە و ئەویش لەوێ سەرباز بوو باسی هەڵـخــەڵەتانی خــۆی دەکــا و دەنووسـێ: (من لـە ڕۆژهـەڵاتێکی ئاڵۆزدا بە چەند بیرۆکەیەکی سادەوە بەجێ هێشتراوم.)(١٨)

بە جۆرێک هاتە خەیاڵم، دەگونجێ وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو هەڵەیە بکات و ڕێگە بداتە ئوسامەی بۆ ئەوەی کارەکەی خۆی ئەنجام بدا. لە کامپەکانی ئەفغانستان، هەزاران تیرۆریست و ئیماندارانی ڕاستەقینەی مەشق دان، کە لە چەندین وڵاتەوە هاتبوون. ئەو وڵاتانە لە دەریای باشـوورەوەڕا تا ئەوروپای ڕۆژئاوا و تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانیشـیان، دەگرتەوە. چەندین جـاریش وریایی ئەوەی داوە کـە ئـەگـەر بکوژرێ، کـەسـانێکی تر شـوێنەکـەی دەگـرنەوە و تۆڵـەشی دەکـەنەوە. هـەرچەندە بڕبڕەی پشتی ئەلقاعیدەی لە ئەفغانستانێدا شکا، بەڵام هێشتا ئەوانەی کە دەڵێن

ڕەنگە چیی تر هێرشی تیرۆریستی چیی تر نەکرێ، ئەوانە خۆیان لە گێلی دەدەن. چونکە ئەمەریکاییەکان فێری چارەسەرکردنی بە پەلەنە، سەرەتای سەرکەوتنی خێرایان لە ئەفغانستان بنکەی بزێو و پتەوی تیرۆریستانی لە بیر بردنەوە. ئینتەرنێتی ئازاد و هەرزان پشت بەستانی بە هێزێکی پیادەی لە حکوومەتێکی بیرۆکراتی دەست بەستراوی لە پێشتر دانا. چەند ژمارەیەکی کەمی ئەندامە چەلاک و دڵسۆزەکانی ئەلقاعیدە زیانی وایان گەیاند کە پێشتر ئەو جۆرە زیانە بە تەنیا بە وڵاتێکی پیشەسازی دەکرا. بە درێژاییی مێژوو زانیاری هەردەم هەر سەرچاوەی هێز بووە. زانیاریش پشتی بە گەیاندنێکی ئەمینەوە بەستووە. هەر لەبەرئەوەشە حکوومەتەکان بایەخێکی زۆر بە ئاسایش دەدەن. چەرخی زانیاری، بەتایبەتیش چەکە نهێنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بۆ ئەوە دروست کراون تا لە سەدەی بیست و یەکەمینیشدا ئاسایشی ئەو وڵاتە بپەرستن، لە ناکاوڕا کەوتە گۆڕەپان و هاتە بەر دەستی گرووپە بچووکەکانیش بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەرگرن. ئەو گرووپانەش کە هەردەم دژی نەریتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بووینە، لەم ڕێگەیەوە لە ئەوانی تر جودا نابنەوە.

لەم بارودۆخەدا وڵاتە یەکگرتووەکان توانی چ بکا، لە کاتێکدا کە بودجەیەکی بەرگری ئەو هێندە زۆری لە بەردەستدا هەیە کە ئەوەندەی بودجەی هەشت وڵاتی دوای خۆیەتی؟ وڵاتە یەکگرتووەکان زانیاری موخابەراتی تەواوی لەبارەی زۆربەی جیهانی لە بەردەستدا نەبووە. ئەم جۆرە زانیارییانەش بە ئاسانی نایێنە بەردەستی زلهێزێک، بەبێ پترکردنی زانیاری نەتەوەیی لەو چەشنەی کە ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان زۆر بە بێن درێژی و بە چەندین ساڵی شەو نخوونییەوە و بە بە دنیادا گەڕان، وەدەستیان هێنا. چۆن دەبێ بە ناو خێلە ڕەسەنەکان و نەریتە ناوەخۆییەکان و چۆنیەتی پیشە بەڕێوەبردن و دابەشکردنی دەسەڵاتدا بخولێینەوە؟ ئەمانە لە یەکەم تەماشاکردندا وەک کاری بێهوودە دێنە بەرچاو. پشت بەستانی ئەمەریکییەکان بە لۆردەکانی شەڕی ئەفغانستان، هەڵەی زۆری لێ کەوتەوە؛ چونکە زۆر جاران بە لایەنگرانی ئەلقاعیدە دەناسران و بۆمبەردومان دەکران.

سەیر نییە کە ویستی سروشتی بەڕێوەبەرایەتی بوش ئەوە بوو کە خۆی لە (دروستکردنی وڵات nation building) دوور بکاتەوە. حەزیشی بە

هاوپەیمانێتیکردن نییە، چونکە ئەو هاوپەیمانانە بە ئاسانی نایەنە بەر بار و کات بە فیرۆ دەبەن و هێندەش گیروگرفتیان هەیە کە ناهێڵن بە ئازادی بجوولێتەوە. سەرمایەداری و هەڵبژاردنی ئازاد، کە ئەمەریکا بە دەرمانی هەموو دەردانیان دەزانێ، زۆر جاران سوودیان کەمە – یان لە ڕاستیدا دەبنە دوژمن – بەتایبەتی لە کۆمەڵە تەقلیدییەکان کە زۆر بە ڕقەوە سەیری (جیهانگەری Globalization) دەکەن و گەلێ جاران، لەگەڵ ئازادی بێ سنوور و شێواندنی هێزی تاکەکەسی، دەیخەنە ناو تەرازووەوە. ئوسامە هەرگیز یەکەم کەس نەبووە کە بزانێ تیرۆریزم باسکی خەڵکانێکی بێ هێزە، بەڵام ئەو لەم سەردەمەدا یەکەم کەس بووە کە پەنای بردووەتە بەر تیرۆریزم بۆ ئەوەی شەڕ بکاتە ململانێیەکی تایبەت. بۆیە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەموو تێگەیشتن کە دەبێ بە هەموو توانایەکەوە بەرنگاری ئەم هەڕەشە پڕ مەترسییە هاوچەرخە ببنەوە. ڕەنگە پێویستبێ سیاسەتێکی ژیرانەتر پەیڕەو بکرێ و هاریکاریی باشتری پۆلیسیشی پێویست بێ، پتر لەوەی کە لەشکر لە یەمەنەوە بۆ فلیپین ڕەوان بکەی و (ڕژێم لە عێراقێ بگۆڕی) و بۆمبی زیرەک و ئامێری ئاڵۆزی زەبەلاح بخەیتە گەڕ، کە پتر سەرنجی خەڵک ڕابکێشی.

لە ڕاستیدا هەموو ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتینە ئەو ڕایە کە چیی تر خۆیان نەخەنە ناو داوەکانی ئەلقاعیدەوە. وا نیشانیش بدەن کە ئوسامە ئەگەر بە مردوویی بگیرێ مەترسی کەمترە لەوەی کە بە زیندوویێتی وەبەردەست بکەوێ.

## لەگەڵ شاهەنگ گەورەبوون

لەوەتی لەم پیشەیەمدا کار دەکەم، زۆر جار سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم کردووە. گەلێ جاران وابووە کەوتوومەتە بەر سێبەری تیرۆریستی جیهانییەوە. گەرەکمە بڵێم تیرۆریزمی کریستیانەکانی لوبنانی، تیرۆریزمی ئیسرائیلی، تیرۆرریزمی ئیسلامی، تیرۆرریزمی عەرەبە نەتەوەپەرستەکان، تیرۆریزمی ئێرانی، هی فەلەستینی (بە دیکۆری سۆڤیەتییەوە بووبێ یان بێی ئەوەوە)، تیرۆریزمی ڕۆژئاواییش، سەرباری هەندێکی تر کە ڕەنگە لە بیرم کردبن، ئەمانەم هەموو دیتن، یان زۆر لە نزیکەوە، کە من خۆم نەمدەویست، تاقیم کردنەوە. بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ پێناسەیەکی تیرۆریزم بزانن، دەڵێم: برگەی ٢٦٥٦ (د) یاسای وڵاتە یەکگرتووەکان دەڵێ: (تاوانێکی توندوتیژە، پلانی پێشوەختەی بۆ دادەڕێژرێ، هاندەری سیاسی لە پشتەوە هەیە، لە دژی نیشانی شەڕنەکەر noncombatant، گرووپە نارەسەنەکانی ناو وڵات یان ئەو بەکرێ گیراوانەی کە بە قاچاغ دزەیان کردووە، بۆ ئەوەی کار لە دانیشتوان بکەن، ئەنجامی دەدەن.) بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم هەموو بیرۆکراتییە دووروودرێژە بدەمەوە، دەتوان بڵێم وابزانم تیرۆریزم دەناسم کە دەیبینم، گەلێکیشم لێی دیتووە.

هێندە ژیانم لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەسەر بردووە کە بتوانم لە ڕاستی ڕێبازی کۆنە هەڤاڵێکی ئیسرائیلیم کە ناوی (یوری ئاڤێنری)یە، تێ بگەم: (جیاوازی نێوان – شەڕکەرانی ئازادی - Freedom Fighters و تیرۆریستان ئەوەیە کە خەباتکاران لای منن، بەڵام تیرۆریستان لایەنگری لایەکەی ترن.) بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر سڕینەوەی ئەمەریکاییەکان بۆ پێناسەکردنی پڕ بەهای ئەوانەی لە جۆری ئوسامە دانە، با وەبیری خۆمان بهێنینەوە کە سەرۆک ڕۆناڵد ڕێگن، لە ١٩٨٠کاندا، هەموو ئەوانەی کە لە دژی داگیرکردنەکەی یەکەتی سۆڤیەتی بۆ ئەفغانستان شەڕ دەکەن، بە شەڕکەرانی ئازادی ناوزەد کردن. ئەویش ئوسامە، چینییەکان، ئەورووپای ڕۆژئاوا، ئیسرائیلییەکان، جیهانی عەرەبی، موسڵمانان لە

هەر کوێ بن، بەتایبەتیش ئەفغانییەکانی، گرتەوە. کۆ کردنەوەی ئەم هەموو ناتەبایانە بەیەکەوە، لەو کاتی، شایانی ئەوە بوو بخرێتە ناو کتێبی گێنیس Guinnessی تایبەت بە ڕەقەمە قیاسییـ (ڕێکۆرد)ەکانی جیهانەوە.

من بە خۆم، خۆم نەختێک بە نامۆ زانی؛ چونکە من لە بەفەڵۆ، لەو ڕۆژەی کە سەرۆک ڕۆزڤێڵت لە ساڵی ١٩٣٣ بانکەکانی داخست، هاتوومەتە دنیاوە و پاشان خوێندنم لە ئێکستەر و لە هارڤەرد، تەواو کردووە. هەموو ژیانی خۆمم وەک ڕاپۆرتنووسێکی بیانی بۆ چەندین بڵاوکراوەی جیاواز، کە هەندێکیان ئێستا نەماون، بەسەر بردووە. من هەرگیز نەمویستووە ئەم شێوە ژیانەی خۆم بگۆڕم. بەڵام ئەم هەڵبژاردنەم نرخی خۆی هەبووە کە دایتم. نزیکەی هەر هەموو ئەو بڵاوکراوانەی کە من ڕاپۆرتنووسیان بووم، منیان بۆ ناخۆشترین شوێنی ئەم دنیایە ناردووە. زۆربەشی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە کاتی قەیرانەکانیشدا، بووە.

هەرگیز دایکم نەیزانی بۆ من مافی بوونی خۆمم پشتگوێ خست. هێشتا من گەنج بووم کە دایکم ویستی قایلم بکات بۆ ئەوەی کارێکی سووکتر بۆ خۆم بدۆزمەوە؛ بۆیە پێی گوتم: (جۆن، ڕۆژنامەنووس هەر ئەوەندەیان خۆشە کە بۆ چێشت خواردن بانگیان بکەی، هیچی تریان نییە.) هاوڕێی بەریتانیم، نایگل ڕایەن، وەڵامێکی پڕ بە پێستی بۆ ئەو جۆرە کەسانەی وەک دایکم هەیە کە پشتی ملی خۆیان دەخورێنن، بۆیە جارێکیان بە ژنی باڵیۆزێکی زۆر گرینگی گوت: (کە لە ئۆکسفۆرد دەرچووم، ناچار بووم لە نێوان بێزاری و سەرسەریاتی یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوە بوو منیش بێ ئەدەبیم پەسند کرد.)

هێشتا لە میانی ئەو چل ساڵەی کە من ئاڵۆزییەکانی جیهانی سێیەمم بۆ واشنتن پۆوست دادەپۆشی، هەندێ جاران بەوە تۆمەتبار دەکرام کە من هەر تەرسی خۆم گێرە دەکەمەوە. بوونت لە شوێنێکی گونجاو لە کاتێکی گونجاو و لە ناو ئاژاوەیەکی هەرە توندوتیژدا، نووسینی چاکی لێ پەیدا دەبێ. فەرەنسییەکان بەمە دەڵێن (قەیماغی لاپەڕەی یەکەم sans a la une) یان بە قسەی ئەمەریکاییان کە دەڵێن: (ئەگەر خوێنی لێ بێ، شوێنی هەڵدەگیرێ.) ئەوە بوو من نرخەکەیم لێ وەرگیرا، لەگەڵ ئەوەشدا من ساڵ لە دوای ساڵ پتر شەیدای کارەکەی خۆم

دەبووم. بە بیریشم نایێ قەت دووچاری داوی تیرۆرریستان بووبم، بەڵام لە هەندێ کەسان نزیک بووم کە تێکەوتن، بۆیە هەموو کات سوپاسی بەختی خۆمم کردووە.

تەنانەت کە لە ساڵی ١٩٩٥و ١٩٩٦یشدا لە پاریس بێ ئیش بووم، چەند دەقیقەیەک منی لە ئەگەری مردن، لە ناو ئەو شەمەندەفەرە ئێکسپرێسەی کە پێی دەگوترێ RER، جودا کردەوە. جاری دووەمیان لەگەڵ ژنەکەم و کچی ژنەکەم پێکەوە بووین، کە وامان بەسەر هات. بێگومان ئەمەشیان هەر گێرەکردنەکەیە. (بۆیە باسی ڕووداوەکەی پاریس دەکەم چونکە پاشان گەورە پسپۆڕێکی فەڕەنسیی دژە تیرۆر پێی گوتم کە کارە تیرۆریستییەکەی ساڵی ١٩٩٥ی پاریس، دەستی ئوسامە بن لادنی تێدا بوو.) لەبری ئەمانە هەموو من لەمێژە بڕیاری خۆم لەسەر تیرۆریزم دەرکردووە و وەک بە هەڵە بۆم دەرکەوتووە، تیرۆریزم لە گەمەی نێوان دەوڵەتاندا، شێوە هونەرێکی بێ نرخە، زۆر جاران، نەک هەموو جارێک، بێ هێزەکان لە دژی هێزدارەکان بە کاری دێنن.

من لە زۆر لە جیاوازی و ڕواڵەتە درۆیە پیسەکانی، تێگەیشتوومە. لە ساڵانی ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا، لە بەیروت، لە دوو کاری تیرۆریستیدا ئیسرائیلی بەشدارییان کرد. موسڵمانە شیعەکانیان هان دا بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو بە کریستیانە مارۆنییەکاندا بتەقێننەوە بەو ئومێدەی کە کارەکە بخرێتە ملی موسڵمانە سونەکانەوە. وا دیار بوو ئەم ڕۆڵ گۆڕینەوە زۆر بەرباد و بێ کۆتایی بوو. من گەیشتمە ئەو ڕاستییە کە ئەم کارانە جێی سەرسوڕمان نەبوون، بەڵام سەیر ئەوە بوو کە هەر یەکێکیان لە ئەوەی پێشی خۆیدا جیاواز بوو.

گشتەوەرکردن generalizationی تیرۆریزم، بە تایبەتیش ئیسلامی، وا پێ ناچێ کە تا ڕادەیەکی زۆر سەرسەختی بێت؛ چونکە ئەو هەموو هەڵە و سەرکوتکردنە ملهوڕییانەی کە حکومەتەکان دەیکەن، ئەمانەن تیرۆریستان هان دەدن بۆ ئەوەی بە دوای شەهیدبووندا بگەڕێن؛ ئاخر ئەوە بۆ ئەوان کراسێکە بە بەر هەمووان دەکات. هەردەم ئەوان لە وەعزەکانیاندا ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە ڕۆژئاوا بە گشتی، وڵاتە یەککگرتووەکانیش بە تایبەتی، ڕکیان لە هەموو ئیسلام دەبێتەوە، بە هەموو مەزهەبەکانیشیەوە؛ بۆیە دەبێ موسڵمانە نەرمرۆیەکانیش خۆیان توند بکەن. ئەگەر ئەم جۆرە دیاردەیەی سەرکوتکاری وەڵامی بە تیرۆریزمی

بدرێتــەوە، من دەڵێم ئەمــە ڕەنگە ئیــشی وردەکــاری بـوێ و پێـویسـتـی بە کـات بەســەربردن و بێن درێژی و خـۆ لێ گـێلکردن، هـەبێت. بەڵام لە هـەمـان کـاتیـشـدا پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری تەواوی درێژدادڕ هەیە. دادوەری فـەڕەنسی دژە تیرۆریزم (ژا لوی بروگێر) بەراوردی گۆڕانی تیرۆریزمی ئیسلامی بە خـۆ گۆڕینی بێ کـۆتای ڤـایرۆسی ئایدز AIDS دەکـا. ترسم هـەیە، ئەم کـابرایە بەم هـەمـوو ئەزموونەی کە هەیتی ڕاست بکا.

لەو کاتەوە کە ئوسامە بن لادن بووەتە مـەرەقم، کەسانێکی زۆر لە هەمـوو لایەنە جیاجیاکەنـەوە، لەوانەش هەندێک کە لە ئیشەکە ئالاون، یان هەندێک لەوانەی کە خـۆیان وا نیـشـان دەدەن کـە پێـوەندییـان بە تیـرۆریزم و دژەتیـرۆریزمـەوە، هەیە، هەمـوو هـەر پێم دەڵێن (ئاگەداری خـۆت بە.) کەچی لە مـاوەی چل سـاڵی ڕابردوودا کـە من وەک پەیامنێـرێک کـارم کـردووە بە بارودۆخی زۆر لـەوەش ترسنـاکـتـردا چوویمە، کەس ڕۆژێک ئەم ئامۆژگارییەی نەکردم. یەکەمیان خـۆشە کە دەزانم ئەم ئامـۆژگارییـانە بـە مـرازی پاراستنی من دەکرێن. تا ئێـستـاش هەندێ جار وا تێ دەگەم کە ئەم ئامـۆژگـارییـانە داخـوازییـەکە لێم دەکەن، بـۆ ئەوەی واز لەم ئیشـەم بێنم. من وازم نـەهێناوە. بەڵام سـالان ئەزمـوونێکی وایان داومـەتێ کـە زۆر جـاران خـۆم دەپارێزم، بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەمـەوە. یان، خـۆ ڕەنگە من هـەر کابرایەکی بەخت گەورەبم[١].

چونکە من لە زووێکـەوە بڕیارم داوە کە هـەر پیکی خۆم بژەنم، بۆیە بە ئاشکرا و بە ڕۆژی ڕووناک بە هـەمـووانم گوت من بە ڕاسـتی کێمـە، من پەیامنێرێکی بیانی تازە خـانەنشـینم. هـەمـوو ئەوانەش کە من دیمانەم لەگەڵیاندا کردووە هـەمـوو کـات گرژی و تووڕەییـان بـەڕووەوە دیاربووە. پتر لە جـارێکیش ڕاسـتـی و ڕەوانیـمـیـان خـســتـووەتە بـەر گـومــانەوە و بـووەتە هـۆی ئەوەی کــە تەنانەت ڕاســتـیـیــە بێ بەهایەکانیـشم لێ بشـاردرێتـەوە. لە بیـرمـە لە پاش نیـوەڕۆیەکی درێژی ناخـۆش لە باکوری لەندەن، لەگەڵ پیـاو ئاینیێکی ئیـسـلامی، قسـەگێڕەوە بووم کـە ناوی (ابو مـیـغـافـۆنس Abu Megaphones) بوو، باسی گـەمـارۆیەکـەی سـاڵی ١٩٨٢مـان دەکرد کـە ئیسرائیل لە بەیرووتی دابوو. چاوپێکەوتنـەکەم سـەبارەت بە قسـەکانی بوو کە لـەسـەر تەلەڤـزیۆنی بەریتـانی کـردی، زۆر بە ڕشـتی بـەرگری لە ئیـسـلامی توندڕۆ کرد. ئێمە هـەردووکمان لە گەمارۆیەکەی بەیرووت دەرچوو بووین.

ئومێدم لە پێشکێشکردنی ئەم زانیاریانە لەبارەی لوبنان بە درێژی، ئەوە بوو کە هانی هاوقسەکەم بدەم بۆ ئەوەی متمانەم پێ بکات. بەڕاستی دەمویست شتێک لەبارەی ڕێبازی ئوسامە بن لادن بزانم کە چۆن ئەو گەنجە موسڵمانە ئازادانە تەجنید دەکا؛ پایتەختی بەریتانیا خەریک بوو ناوی دەبووە (لەندەنستان Londonistan) چونکە هەر لە کۆنەوە لەندەن بەوە بەناوبانگە کە ڕێز لە یاخیبووان دەگرێ، بەم دواییەش ئیسلامە توندڕۆیەکانیش دەحەوێنێتەوە کە لەسەر خاکە بێ ڕەحمەکانی خۆیان ڕایان کردووە. لە کۆتایی دیمانەکەدا، مەلایەکە گوتی: (تۆ بێگومان بەیرووتەکەی خۆت دەناسی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ تەنیا دەبێ کار لە بۆ CIA بکەی.) ئەم قسەیە نیگەرانی کردم، چونکە ئەم ئاژانسە هەموو کات منی لە خۆی دوور خستووەتەوە و منیش ئەوەم پێ خۆش بووە. ڕەنگە (ئەبو میغافۆونس) ویستبی تێم بگەیەنێ کە لە کن ئەو (پەیامنێرێکی خانەنشین) هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ (سیخوڕ)ێکدا نەبێ؛ هەر یەکەکێکیان هێندەی ئەوی تر ئاڵۆز و جێی گومان لێکردنە.

باسی ئاڵۆزی دەکەم؛ چونکە کە یەکەم جار بە چاکی سەرنجی وێنەیەکی ئوسامە بن لادنم دا، پەشۆکاندمی کە دیتم ڕووی وەک ئەوەی کرابێتە دوو بەش وابوو، نیوەی لای سەرەوەی وەک هی مێینە بوو، بەڵام نیوەکەی لای خوارەوەی نێرینە ئاسایی بوو. ڕەنگە لەبەر ئەوە بوو بێ کە برۆیەکانی بە جوانی کشتەک کرابوون و لەگەڵ چاوە قووڵەکانییەوە ڕێک بوون. ئەمەش بە پێچەوانەی ڕیشە نەتاشراوە زلەکەی بوو. دەشێ ئەمە بۆیە وا هاتبێتە بەرچاوم چونکە من لەو کات نەمدەتوانی وێنەیەکی ڕوونی کەسایەتییەکەی بکێشم، بە تایبەتیش هی ساڵانی سەرەتای دروستبوونی. ئەمەشیان هانی دام بۆ ئەوەی باوەڕ بکەم کە ئەو ململانێیە و دژایەتییانەی من لە وێنەکەیم وەرگرت، لە ڕاستیدا، کاری کردە سەر ئەو دە ساڵەی پاشتر، کاتێک کە هەوەسی بۆ خێراتر ئاگرخۆشکردنی توندی و تیژی بە شێوەیەکی ئاشکراتر بەدیار کەوت.

بێگومان زنجیرەیەک شتی نامۆ، کە من لەو کاتی هێشتا هزرێکی کەمم درەبارەی چۆنیەتی ڕێکخستنیان هەبوو، لە بۆ من بوونە تەگەرە. هەینێ نەمتوانی بڕیار بدەم ئایا وڵاتەکەی خۆی کە عەرەبستانی سعوودیەیە ڕێی ئەوەی بۆ خۆش کردووە تا ببێتە تیرۆریست، لەم کارەشدا، وڵاتەی یەکگرتووەکان کە گەورە

پارێزەری مەملەکەتەکەیە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، پارمەتی کەمتریان داوە بۆ ئەوەی وای لێ بێت. ئەمە لە ناو بەرپرسە ئەمەریکاییەکان، بۆچوونێکی باو نەبوو. بەڵام من لەو کاتەی چەندین ڕێگەم گرتە بەر بۆ ئەوەی بگەمە ئوسامە، هەرگیز ئەو بیرۆکەیەم پشتگوێ نەخست.

بە ڕای ئوسامە، سەفەرکردن هۆی نیگەرانییە، بەڵام ئەگەر لە من بپرسی، من دەڵێم وانییە. چەندین ساڵە پاسپۆرتەکەی گیراوە، ماڵ و دارایی لە بانکەکاندا بەستراونەتەوە (فریز کراون)، ڕەگەزنامەی لێ سەندراوەتەوە، لە مەنفایەکی لاچەپ لە ئەفغانستان، گۆشەگیر کراوە. من توانای دەروونناسیم نییە، بەڵام لە دەوڵەمەندی بترازێ، ئوسامە لە تەواوی ژیانی منداڵی ناڕەحەت بووە. باوکی پتر لە پەنجا منداڵی تری هەبوو، زۆربەیان لە ئوسامە بە تەمەنتر بوون، وا پێ دەچێ کە لەویش زیرەکتر بووبن. زۆربەی کاتیش باوکی بۆ ئیش لە دەرەوەی ماڵێ بووە، زوو لە دایکیشی جودا بووەتەوە؛ چونکە نەیتوانی لە ناو ئەو هەموو هەوێیانەیدا ئیدارە بکات. تەمەنی ئوسامەی دە ساڵ بوو کە باوکی مرد. برایە گەورەکەی دەستی بە سەر کۆمپانیاکەی بیناسازی باوکی داگرت و فرەوانتری کرد. وا پێ دەچێ ئوسامە ویستبێتی جودا بێتەوە و شوێنێکی تایبەت بۆ خۆی ڕێک بخا. خەڵکی بۆ ئەوە وا دەکا، تا بە ئاسوودەیی بژی. بەڵام سەبارەت بە ئوسامە گەلێ نیشانە لە باکگراوندیدا هەیە کە ئەو بڕی بەم جۆرە ژیانە ناشکێ. ئەمەریکاییەکان ساڵانێ بوو شوێنی ئوسامەیان هەڵدەگرت. لە سەرەتادا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بوو پاشان پتر بە شوێنی کەوتن. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ەکاندا، لە هەموو لایەکەوە چاودێری دەکرا، زۆر جاران ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە سەریەوە دەهاتن لەلایەنی پسپۆڕانی دژە تیرۆر، گوێیان زۆر پێ نەدەدرا و وەکو ئەندێشە تەماشایان دەکرا. بەڵام لە پاش تەقینەوەی دوو لۆرییە پڕ لە تەقەمەنییەکان لە ١٩٩٨، لە هەردوو باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نایرۆبی و لە دارولسەلام، کە گومانیش کەوتە سەر ئوسامە و سەرۆک بیل کلنتن هەوڵێکی سەرنەکەوتووی بۆ کوشتنی دا و مووشەکی تۆما هۆکی ئاراستە کرد، دوای ئەوە ئوسامە بووە یەکەم دوژمنی ئەمەریکا و ٥ ملیۆن دۆلاری کردە پاداشتی ئەو کەسەی سەری ئوسامەی بۆ دێنێ، پاشان ئەو پاداشتە کرا ٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ ئەو کەسەی هەر زانیارییەک بدا کە ئوسامەی پێ بگیرێ.

پتر لە نیو سەدەیە هەر جارەکی کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەست لە کاروباری جیهانی ئیسلامی وەردەدا، ئەوان ئەمەریکا بە شەیتان ناوزەد دەکەن. ئەمە بووەتە نەریتێک، دەچێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆکی پێشووی میسر جەمال عەبدولناسر، پاشان معمر گەدافی لیبیا، ئینجا ئایەتوڵا ڕوح ئەڵڵا خومەینی، پاشان سەدام حوسێن، یاسر عەرەفاتیش بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو قەوانەی لێ دەدا. حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وا پێ دەچی کە هەرگیز هیچیان نەیاندەزانی چ چاکەیەکیان دەکرد کاتێک کە ئاگری ئەو دوژمنارییەیان بەم شێوەیە خۆش دەکرد. باوەڕێکی دوژمنداری نوێ هاتە ئاراوە وەک ئەوەی دەڵێ: (ئەگەر بتوانم بزنی مام سام Uncle Sam دەرخواردی گورگ بدەم، من هەم.)

بەر لە بۆردومانکردنی باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا، بۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکان و زۆربەی وڵاتانی جیهان بەرانبەر بە ئوسامە و هەموو جۆرەکانی تری تیرۆریزم، چیرۆکێکی بە بیر هێنامەوە کە چەند ساڵ بەر لە ئەمرۆ لە دیمەشق گوێم لێی بوو. چیرۆکەکە پێوەندیی بەرپرسێکی کۆلۆنیالی سەردەمی ئینتدابی فەرەنسی لەسەر سووریای لە نێوان هەر دوو شەڕی جیهانییەوە، هەبوو. لە کاتی پشکنینی ڕۆژانەیدا، کابرا بۆی ئاشکرا بوو کە یەکێک بەبێ هۆ لە گوندێکی لێواری ڕووباری فرات، کوژراوە. تەرمەکەیان لە دەراوی گوندەکەی شووشت. بانگی موختاری کرد و فەرمانی دایێ، کە تا بەیانی بەر لەوەی کە بێتەوە دەبێ بکوژی کابرا ئاشکرا بکات، ئەگەر نا. هەرکە بەرپرسە فەرەنسییەکە لە بەرچاوان بزر بوو، موختار بە پیاوەکانی خۆی گوت: (ئەگەر جارێکی تر شتێکی ئاوا ڕووی دا، کاریتەی درێژ بێنن و تەرمەکە تا دەتوانن بۆ ناو قووڵاییی ڕووباری فڕێ بدەن. ئەگەر نا گرفتێکی تر بۆ گوندەکەمان پەیدا دەکات.)

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەڵ هزری گەلێک لە ئەمەریکاییەکانی سوپا و سڤیل، بە جوانی ڕێک کەوت. ئەو نەوە نوێیەی کە لە ململانێی نیو سەدەدا ماندوو بووە، گوتیان: (کەس هەتا سەری ناژی،) و دەیانەوی چاو لە کێشەی وڵاتەکەیان بپۆشن. پێنتاگۆن هێشتا هەر ترسی ڤێتنامی لە بیر مابوو؛ بۆیە نەیدەویست بێ پشتیوانییەکی هەرە زۆرینەی ڕای گشتی، شەڕێکی تر بکا. چونکە ئێستا گاز بە زۆری بە کار دێ، بۆیە شەڕێک لە پێناوی نەفت بکرێ چیی تر (شەڕی ڕەوا just

war ن) ییە. بەڵام سوپای مکورِ بوو لەسەر ئەوەی کە نیو ملیۆن سەرباز بە دەورەی نیوەی گۆی زەمیندا بسوورِێنێتەوە بۆ ئەوەی سەدام حوسێن لە کوێت دەر بکا (پاشان رِێی بە سەرۆکی عێراق دا بۆ ئەوەی گاڵتە بە سەرکەوتنە گرینگەکەی ئەمەریکا بکات.) کوشتنی پتر لە دوو دەرزەنی دیپلۆماتە ئەمەریکاییەکان لە هەر دوو باڵیۆزگەرییەکەی رِۆژهەڵاتی ئەفەریقا لە ١٩٩٨دا شایانی ئەوە نەبوو کە تۆڵەیان بە توندی بکرێتەوە. (هەروەها کوشتنی پتر لە سێ دەرزەن لە پیاوانی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا، لە سعوودیە و لە یەمەن، لە ئەنجامی پەلامارە تیرۆریستییەکانی نێوان ١٩٩٥ تا ٢٠٠٠، شایانی ئەو جۆرە تۆڵەسەندنەوەیە نەبوون.)

ئەم جۆرە لێکدانەوەیە، لە هەندەران، ئامانجی باشی نەبوو، بە تایبەتیش لە جیهانی سێیەمدا، بەتایبەتیتریش لە ناو موسڵمانە توندرِۆیەکاندا ئەنجامەکەی زۆر بە پێچەوانەوە هات. کاتێکی زۆر بەر لە هێرشە سەربازییەکەی ساڵی ٢٠٠١ کە تاڵیبانی لەسەر کورسی لادا، وڵاتە یەکگرتووەکان پشتی بە چەکە پێشکەوتووەکانی بەست؛ ئەمەش وا دیارە کاریگەریی هەندەی ناردنی مرۆڤ بۆ شەرِ نییە؛ چونکە دەرکەوت ئەم هێرشانە وەک ئەوانە یەکلاکەرەوە نینە کە سەربازانی هەردوو لا، لە مەیدانێ دەکەونە بەرانبەری یەکتری. لەلایەکی ترەوە چونکە سەربازە ئەمەریکاییەکان چەکی ئەوپەرِ پێشکەوتوویان هەبوو، بە جۆرە چاو سووکییەکەوە سەیر دەکران چونکە شەرِێکی نا پارسەنگ دەکەن. ئەم بیانووەش لە ناو موسڵمانان دەچێتەوە سەردەمی پەلامارەکەی ناپلیۆن بۆ سەر میسر و داگیرکردنی لە کۆتایی سەدەی هەژدەمیندا، لە ئەنجامی کوشتارەکەی سوپای مەهدیش بەدەستی سەربازانی بەریتانی لە ئومدەرمان نزیکەی سەد ساڵ پاش ناپلیۆن هەمان گلەیی کرایەوە. بەڵام لەو سەردەم سەربازە رِۆژ ئاواییەکان دوژمنەکانی خۆیان دەبینی بەر لەوەی بە هێزێکی زۆری ئاگرەوە لە ناویان ببەن. ئێستا مووشەک (ئاگردە و لە بیرکە fire and forget) لە هەزاران کیلۆمەتر دوورەوەرِا هەڵدەدرێ و فرۆکەی بۆمبهاوێژی بێ فرۆکەوانیش بەنەرمی لە سەرەوە دەفرِێ و لە کاتی پێویستیشدا وێنەی دوژمنەکەی دەگرێ. مووشەک ئاگردان یان ئاراستەکردنی (بۆمبی زیرەک smart bomb) لەو فرِۆکانەوە، هەردووکیان زۆر لە دووری سێرەی چەکی دژە ئاسمانی دوژمنانەوە ئاگر دەدرێن.

که وڵاته یەکگرتووەکان، له ساڵی ١٩٩٨دا، مووشەکی تۆما هۆک Toma-hawk ی ئاراستەی یەکێک له پێگەکانی مەشقکردنی ئوسامه کرد و ئوسامه خۆی به بەر نەکەوت، دیسان ژیلەمۆی نیگەرانی له ناو موسڵمانان گەش کردەوه و بووه مقۆمقۆی ئەوەی که وڵاته یەکگرتووەکان فره حەزی له خوێنڕشتنه. موسڵمانان پێشتر له فەرمانەکەی ئوسامه دابووی به کوشتنی هەموو ئەمەریکاییەکان، ناقایل بوون. له ڕاستیدا زۆر له زانایانی ئیسلام وتیان ئەو فەتوایەی ئوسامه له شەرعدا نییه. له دوای پەلاماری سەر باڵیۆزگەکانی نایرۆبی و دارولسەلام، له ڕۆژی ٧ی ئابی ١٩٩٨، هەر ڕۆژێک که دەڕۆیی، موسڵمانان پتر دەیانپرسی بۆ دەبێ ئەم هەموو مرۆڤه ئەفریقییه ڕەشه بێ تاوانانه بکوژرێن. ژمارەی ئەوان گەلێک له ژمارەی ئەمەریکاییه کوژراوەکان زۆرتر بوو؛ ڕێژەکەی نزیکەی بیست بەرانبەر به یەک کەس بوو. لێرەدا ئوسامه مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو ئەفریقییانه بۆیه کوژراون؛ چونکه حکوومەتی کێنیا لەمێژه پێوەندیی دیرۆکی توندی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیه.

کەسێک له ئەفریقیا ئەم بیانووەی ئوسامەی به پوولێک نەکڕی. بەڵام هەرکه له ٢٠ی ئاب وڵاته یەکگرتووەکان به مووشەکان له سوودان و له ئەفغانستانی دا، وێنەکه ژێروژوور بوو. درەنگی شەو هەستا لەسەر تیشێرت و پۆستەران وێنەی سەلاحەدینی درووست کرد که لەسەر شەقامێکی سپی ڕاوەستا بوو دوژمنه کافر و تانک و فڕۆکەکانی وەدەر دەنان. سەلاحەدین، وەک ڕۆبن هود و چی گیڤارا و ژوان ئۆڤ ئارک نییه، ئەو به ئۆتۆماتیکی پێشەنگی بەرزی موسڵمانانه. هەر چەنده ئوسامه له دڵی گرانه به خۆی وا بڵێ، بەڵام له ڕاستیدا هەموو سوخەتەکانی وان پەیڕه و دەکا. پەیامەکەی هەموو کات ئەوه بووه: سوپای بیانی داگیرکەری خاکی موسڵمانان له وڵات دەرکەنه دەرەوه، هەژاره ئیماندارەکان له دەوڵەمەنده گەندەڵەکان بپارێزن، لاوان فێری ڕەوشتی بەرز و سەربڵندی بکەن و له خۆپەرستی دووریان بکەنەوه.

پەیامەکەی هەموو کات لەسەر ئەوه مکوڕ بوو کە ئەمەریکاییەکان و هاوپەیمانەکانیان، موسڵمانان به ڕەوه دەکوژن و خۆشیان هیچیان به سەر نایه. جا له کۆتاییدا وا وڵاته یەکگرتووەکان بەر پەلامار کەوت، کوشت و کوشتاری زۆری لێ کرا، تووشی کاولکاری هات. بەرپرس و دیپلۆمات و باڵۆزخانەکانی که

هێمای سەروەری وڵاتن کەوتنە بەر هێرش؛ وڵاتە یەکگرتووەکان چیی تر جێی ئیرەیی پێ بردن نییە. ئەو دەست وەشاندنە لە ناکاوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە هانی سەدان گەنجی موسڵمانی خوێنگەرمی دا بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە ئوسامە لە ئەفغانستان. ڕووبەڕووبوونەوەی کارە نارێکەکان وەک موگناتیس خەڵکی بۆ خۆی ڕادەکێشا[٢].

ئەو ڕێبازەی وڵاتە یەکگرتووەکان گرتییە بەر پرسیاری زۆری لە ناو موسڵمانە ڕووناکبیرەکاندا پەیدا کرد. بەڵام ئەو کۆمەڵانەی کە ئوسامە پەیامیان بۆ دەنێرێ و ئەوەی کە خۆی لێی ژیاوە، هەرگیز بۆنی ڕۆشنبیریان لێ نایێت (ئاواش پێ دەچێ کە ئوسامە خۆشی ئەمە تێ گەیشتبێ کە گومانی لێ پەیدا کراوە و ڕەنگە جێی لەق ببێ.) لە میانی چەند دەیە (دە ساڵ decade) یەکی ناوەندی سەدەی بیستەمدا، پارەی نەفتی کەوتە بەرانبەری نەریتی توندی هەمیشەیی ژیانی بیابانەوە و ڕووبەڕووی کۆمەڵە دەوڵەمەندێکی خێلەکی بەربڵاوی بێ کارەی گەندەڵ هات. ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٢دا بووە مەملەکەتی عەرەبستانی سعوودی، نە وەکو جیهانی سێیەم و نە وەک جیهانی ئیسلامییش بوو؛ چونکە تەنیا ئەزموونێکی کەمی لاوەکی لەگەڵ (داگیرکردن colonialism) هەبوو، پاشانیش جاروبار، بۆ تۆڵە سەندنەوە یان بۆ بەرگری لە خۆ کردن، دووچاری سووکە هێرشێک دەهات. ئەو مەلەکەتە تەنیا وڵاتێکی وەک هەموو وڵاتانی جیهانی سێیەم نەبوو، لێرەبوو ئاینی ئیسلام لە سەدەی حەڤدەمین سەری هەڵدا؛ ئێرە جێی محەمەدی پێغەمبەرە.

لە ساڵی ١٩٣٨دا نەفت لە عەرەبستانی سعوودی دۆزرایەوە و لەلایەنی کۆمپانیای ئارامکۆ (کۆمپانیای نەفتی عەرەبی ئەمەریکایی Arab American Oil Company)ی پاش شەڕی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥دا، دەست بە دەرهێنانی کرا. لە ئاداری ئەو ساڵدا، سەرۆک فرانکلن ڕۆزیڤێلت، لە سەر پشتی کەشتی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ناوی (کوینسی Quincy) لە دەریای سوور، میوانداری شا عەبدولعەزیز عەبدوڕەحمان ئال سعوودی کرد و بەمەش بناغەی پێوەندییەکی زۆر سەیر، بەڵام نەگۆڕ، لە نێوان هەردوو وڵاتدا دروست کرا. هەردوو لایەن هیچ شتێکی هاوبەشیان لە نێواندا نییە، لەوە بترازێ کە سعوودیە بە بەردەوامی نەفت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بنێرێ؛ چونکە چارەکی یەدەگی نەفتی دونیا لە ناو خاکی سعوودییە دایە و لە بەرانبەر ئەوەشدا، دەبێ سوپای ئەمەریکا

حوکمڕانی پاشایەتی بۆ بنەماڵەی ئال سعود بپارێزێ.

چەند ساڵ بوو نەفتی خاو هەرزان بوو، بۆیە گەنجینەی پاشایەکانی سعوودیە هەردەم بەتاڵ بوو. ئەم شانشینە لە سەرەتاکانیدا، هێندە نەبوو ناچار زەکاتی لە حاجیان دەستاند بۆ ئەوەی ولات بەڕێوە ببات. (زەکات یەک لە پێنج ڕوکنەکەی ئسلامە.) ئەم بارە هەمووی لە دوای چوار هەند گرانبوونی نرخی نەفت، پاش شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧دا، سەراوژێر بوو. لە ئەنجامدا، کارتەڵی ولاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەفت، (ڕێکخراوی ولاتانی پێترۆڵ دەرکردە – the Organization of Petrolium Exporting Countries-OPEC) ئۆپێک، هەڕەشەکەی خۆی بەجێ هێنا؛ (چەکی نەوت oil weapon)ی لە دژی ولاتانی ڕۆژئاوا و ئەو ولاتانە بەکار هێنا کە نەوت بەکار دێنن.

عەرەبستانی سعوودی کە گەورەترین دەرکردەی نەفتە لە دنیا و دەتوانێ یاری بە نرخی نەوت بکات، لە ناکاو دۆلاری بە سەر داباری. پیشەگەر businesman ە بیانییەکان بە پەلە هاتن بۆ ئەوەی لەتێکیان لەم خوانە چەورەی سعوودیە بەر بکەوێ، لە هۆتێلەکاندا جێی میوانان نەما. هەر کەسەو بروبزگوری خۆی نیشانیان دەدا بۆ ئەوەی بیکڕن. تەلەفۆن، بەرهەمەکانی پێترۆکیمیایی، فڕۆکەی تەکاندەر jet کە تەنانەت سعوودییەکان نەک هەر نەیاندەزانی چاکیان بکەنەوە، بگرە نەیاندەزانی بشیانفڕێنن. من لەو کاتانە ئەوەم لە بیرە کە چەند سەردانییەکی سعوودیانم کرد، ئەوانەی بە ڕواڵەت بە تەواوەتی دژی بادە و بابەتەکانینە، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بەرگری لە خانەخوێیەکانم بکەم، لە بەیانیان بەر لە هەموو شتێک داوای پێکێک ویسکی (سکۆتلاندی بلاک لەیبڵ Black Label Scotch)یان دەکرد و ئێوارە درەنگانیش شەرابیان هەڵدەقوڕاند و تەماشای (وێنەی ڕووتی pornography) ڕۆژئاواییان دەکرد.

ژیانی ئەو سەردەم بەم جۆرە ملهوڕییە بەسەرچوو، سعوودیەکانیش بە خۆیان ئەمەیان دەویست. کەمینە دەست ڕۆییوەکان، لە قەراخی دەریای سوور لە نزیکی جەدە، ئاهەنگی کۆتاییی حەفتەیان دەگێڕا. ئاهەنگەکان یان لە لایەنی شازادە بازرگانە سعوودییەکانەوە بۆی خەرج دەکرا، یان لەلایەنی گەنجەکانی ئال سعود ڕێک دەخرا، کە تازە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا گەڕابوونەوە. دیپلۆماتان، پیشەگەرانی

ڕۆژئاوایی، خانمە میواندارەکانی فرۆکەکان، سکرتێرەکانی باڵیۆزگەرییەکان، سستەرەکان، ژنە بێ مێردە ڕۆژئاواییەکان، ئامادەی ئەو ئاهەنگانە دەبوون. بادەی قاچاغ و حەشیشە تۆزێک مەترسییان دەخستە ناو دانیشتنەکانەوە. ناوە ناوە ڕۆژئاواییەک ناچار دەبوو بە پەلە وڵات بەجێ بهێڵێ؛ چونکە مقۆمقۆی ئەوەی بۆ دەکرا کە بەبێ ڕەوشتی جوولابێتەوە، یان هەر تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستان.

مرۆڤ لە بەیروت یان لە قاهیرە تۆزێک توند بێت، بەسە بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگیرێ. بەڵام عەرەبستانی سعوودی هەموو کات جیاواز بووە و ئێستاش هەر جودایە. ئەوەندە جیاوازی هەیە کە جارێکیان باڵیۆزێکی ئەمەریکایی ئەو ڕژێمەی کە شا عەبدولعەزیز دروستی کردووە، لەگەڵ شاهەنگێک بەراورد کرد. منیش پرسیم: بۆ شاهەنگ؟ (چونکە هیچ هۆیەکی جوولەکردنی با aerodynamic نییە تا شاهەنگێک بفڕێنێ، بەڵام ئەوە دەیفڕێنێ.) ئەمەشی گوت کە ڕەنگە هەر بۆ یەک جار بێت، بەڵام ئەمە شتێکی زۆر نامۆیە کە نەفتی سعوودی، بە متمانە پێکردنەوە، لەگەڵ پاراستنی دەسەڵاتێکی ئاینی ئیسلامی، بە یەکەوە ببەستیتەوە. باڵیۆزەکە چەند ساڵ بەر لەوەی کە زۆر لە هاووڵاتییە ئاساییەکانی سعوودیە بپرسن، باسی گەندەڵی بنەماڵەی پاشای سعوودیەی کرد. بۆچ ئەوانە ئەوەندە حەزیان لە ملوانکەی زێڕ و کڕینی چەکی وڵاتە یەکگرتووەکانە و بۆ چی ئەوەندە چاویان لە کڕینی خانوو و بەرەیە. هاووڵاتی ئاسایی سعوودی تەنیا بەم دواییە باسی ئەوە دەکا ئایا بۆچی، لە بواری بەرگریدا، شانشینەکەیان هێندە پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەستێ؟ بۆ چی ناتوانێ خانوو بۆ هاووڵاتیانی خۆی دروست بکا و ژیانیان خۆشتر بکا؟ بۆچی ناتوانێ ئیشیان بۆ پەیدا بکا؟

ئەم شاهەنگە هێشتا هەر سوپاسگوزاری ئەو هاوپەیمانەتییەیە کە لە سەدەی هەژدەمیندا دروست بووە. محەمەد بن سعوودی حاکمی واحەیەک لە بیابانی نەجد، لە ناوەندی وڵاتدا، ئەو مەزهەبە ئاینییە توندەی قەبووڵ کرد کە محەمەد بن عەبدولوەهابی زانای سادەی ئیسلامی پەیدای کرد. پاشان بە هەردووکیان هەموو نیمچە دوورگەی عەرەبیان داگیر کرد. لە ساڵی ١٧٤٥دا، سوێندیان بۆ یەکتری خوارد بۆ ئەوەی بە یەکەوە کار بکەن. لە یەکەم زنجیرە ژن هێنانیان لە نێوان هەر دوو بنەماڵەکەدا، عەبدولعەزیزی کوڕی سعوودی کچی مەلایەکەی هێنا. هاوپەیمانەتییەکەیان هێندە توند بوو کە توانییان لە ساڵی ١٨٠٣دا، خودی

مەککەش بگرن. بەڵام ئەمە عوسمانییەکانی لێیان بە خەبەر هێنا و ڕێی حیجازی لای دەریای سووری، لێ گرتن بۆ ئەوەی نەتوانن پێوەندیی لەگەڵ دەرەوەدا بکەن. پاشان عوسمانییەکان لە شکرێکی گەورەیان لە میسرەوە بۆ ناردن بۆ ئەوەی تەمبێیان بکات، بەمەش وەهابییەکان لە یەکەمین خەونی خۆشیان بە ئاگا هاتنەوە. لە ١٨١٨دا کوڕی سعوودی زیندانی کرا و ڕەوانەی ئەستەمبۆڵێ کرا و لەوێ عوسمانییەکان خەڵاتی ئاسایی خۆیانیان دایێ؛ لە سێدارەیان دا.

دارایی هاوپەیمانان دیسانەکە گەشەی کرد تا ئەو دەمەی کە ناکۆکی کەوتە نێوان میراتگران. ئەم ناکۆکییە ڕێگەی بە بنەماڵەیەکی بەرانبەر دا کە بەرەبابی ڕاشدەکان بوون، بۆ ئەوەی سەرکەون. دووبارە بەختی بنەماڵەی ئال سعوود هەستاوە، ئەمجارەیان زۆر توکمەتر بوو لە جاری پێشوو، چونکە عەبدولعەزیز بن عەبدوڕەحمان ئال سعوود، لە ١٩٠٢دا، (ریاد)ی داگیر کرد. سەرەڕمی ئەم هێرشە شەڕەوانە ئازایەکانی وەهابی بوون کە ناویان (ئیخوان) بوو. ئەوانە بۆ ماوەی سێ دەیەی دواتر یارمەتییان دا تا باشتر کۆنترۆڵی نیمچە دوورگەکە بکەن. هێزی ئال سعود تا ئێستا هەر دنیاییە لە هاوپەیمانی پێک دێ و لە بن دەستی کوڕە گەورەی عەبدولعەزیزی دایە. دەسەڵاتی ڕوحیشی لەوەوە هاتووە کە بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر ئەو چاکسازکارە سادەیەوە کە مەزهەبەکەی دۆزییەوە.

بۆ ئەوەی لە سستەمەکە تێ بگەی، هەوڵ بدە چینی (ئەمەریکان پیوریتانز American Puritans) واتا ئەمەریکاییە دیندارە توندڕۆیەکان و بۆچوونی جۆن وینترۆپ، سەبارەت بە پاکی خۆیانەوە بێنیە بەر چاو؛ ئەوانە خۆیان لە لووتکە هەڵدەپەسێرن وەک ئەوەی لەو سەدان ساڵەی ڕابردوودا هیچ هێزێک ململانێی لەگەڵیاندا نەکردبێ و داوای مافەکانی تاکە کەسی و پیشەسازگەری in-dusterialization نەکرابێ وانە. لە عەرەبستانی سعوودیش، ژنهێنانی ناوەکی لە نێوان ئەو دوو بەرەبابە سستەمەکەی بەهێزتر کرد و پتر ڕەگی لە ناخی بیابانی ئەو شانشینە داکوتا. مەیلی وەهابییەکان بۆ شەڕ و کوشتار، یارمەتی چەسپاندنی بنەماڵەی حوکمڕانی ئال سعوودی دا. پشتگیری لێکردنی چینە دیندارەکەش لەو پاشایانە، ڕەوایی legitmacyیەکی زۆر بە هێزی بۆ پەیدا کردن. تا ئێستاش ئەم هاوپەیمانیەتییە لەسەر بنەمای ئەوەوە ماوە کە وەهابییەکان بە بێ

لێپرسینەوە پاوانی دین بۆ خۆیان دەکەن، لە بەرانبەریشیان مریدەکانی مەزهەبەکە هەموو کات ملکەچی حوکمڕانە دنیاییەکانیان دەبن.

بەڵام ئال سعودەکان ناوێرن پشتیان بە وەهابییەکان ببەستن. بنەماڵەی حوکمڕان هەموو کات ڕاوێژ بە سەرانی وەهابییەکان دەکەن و زۆر جاران، نەک هەموو جارێک، هەرچی بەرەبابەکە لەوانی دەوێ بە دەستی دێنێ. بەم چەشنە لە میانی ئەو چەند دەیەیەی ڕابردوو دا، تەلەفۆن و ڕادیۆ و تەنانەت تەلەڤزیۆنیش (بە بیانووی ئەوەی کە پڕوپاگەندە بۆ ئیمان دەکا) ڕێگەی درا بێتە ناو وڵات. بەڵام هێشتا قەدەغەیە ئافرەت ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕێ. هەر چەندە ملیۆنەها پاڵەی بیانی سەر بە ئاینی جیاواز، لەو وڵاتەدا کار دەکەن، بەڵام هێشتا ڕێی هیچ ئاینێکی تر نادرێ بۆ ئەوەی شوێنی خواپەرستی تایبەتی خۆی هەبێ. سینەما قەدەغەیە، نەکا ژن و پیاوی تێدا تێکەڵ یەکتری ببێ.

مەزهەبی وەهابی مکوڕە لەسەر ئەوەی پەیڕەوی بنەمایەکی ئاینی وا ڕووت بکا کە لە سەردەمی پێغەمبەر (محەمەد) (د.خ) خۆی، لە سەدەی حەفتەمین لەو وڵاتدا، پەیڕەو کراوە. هەندێ جاران حەزیان لێیە بە خۆیان بڵێن (سەلەفی – پێشینەیی)، ئەوەش بە مەبەستی ڕێزلێنانە لە یەکەم سێ پشتی موسڵمانە (ڕاستەقینە)کان. ئەو وەهابییانە پەیڕەوی مەزهەبی ئەحمەد بن حنبل دەکەن، کە زانایەکی شەرعی سەدەی نۆیەم بووە. ئەحمەدی بن حنبل توندترین فقهی هەرچوار مەزهەبی هێنایە ناو ئاینی ئیسلامەوە، کە تەنیا دەبێ پابەندی بە قورئان و سونەتی محەمەد پێغەمبەر بێ. پەیڕەوکردنی توندی دەقی قورئان سەماکردن، موزیک، ڕازاندنەوەی مزگەوت، پەرستنی پیاوچاکان و شوێنەکانیشیان قەدەغە دەکات. بیانووشیان ئەوەیە کە دەبێ ئیسلام لەو پلە و پایە و چەندین سەدەی گەورەکردنی کەسانێک کە جێی گومانن پاک بکرێتەوە؛ چونکە ئەوانە کاری داڕێژراو (بیدعە)ن. ئیسلام تەنیا ٢٢٠ ساڵی بەرایی، بە پاکی pureمایەوە. لەو خاکەی کە پڕە لە تەلاری بەرزی شازادان، گۆڕستانی بنەماڵەی پاشای وڵات، بریتییە لە کۆمەڵە بەردێکی سادە کە لە ناو زیخدا چەقێندراون. لە ناو هەموو موسڵمانان کە ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) بە بەرزی ڕادەگرن، تەنیا وەهابییەکان بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ ناگێڕن.

له ڕاستیدا کە شا عەبدولعەزیز لە ۱۹۲٥دا، مەککەی داگیر کرد، وەهابییەکان سەرجەم گڵکۆیەکانی بنەماڵەی هاشمییەکانیان ڕووخاند؛ هەر چەندە ئەوان دەڵێن کە نەوەی پێغەمبەرینە. هەروەها لە مەکە و مەدینە هەر چی قەبری ژنەکانی پێغەمبەر (د.خ) و کچەکانی و مامەکانی و ئامۆزایەکانی و گەورە سەرکردەکانی و هی هەموو ئەو زانایە گەورانەش کە لە سەدە ڕابردووەکاندا هاتبوونە حیجاز و لەوێ مردبوون، هەموو ئەو گۆڕانەیان تێکولێک دا و بە زەوییان یەکسان کردن. بەبۆچوونی وەهابییان تەنیا خوا دەبێ بە گەورە بناسرێ. مەرقەد و پیاوچاک و فریشتە بە شیرک (هاوبەشی خوا) دەژمێردرێن. لەبەر حوکمی وەهابییان سزادانی جەستە دەبێ لە بەرچاوی خەڵکی ئەنجام بدرێ: برینی دەستی ڕاستی دز، ڕەجمی زیناکار، سەربڕینی بە ئیعدام حوکم دراوان، هەمووی دەبێ بە ئاشکرا بێت. وەهابییەکان نکوڵی لەوە دەکەن کە کەمینەی شیعە موسڵمان بن (زۆر لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکانیان لە مەکە و مەدینە ڕووخاندن، وەک ئەوەی چۆن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمین گەورە مەزاری شیعەیان لە شاری کەربەلا لە عێراق، پەک خست.) دەورییە دینییەکانی کە بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە و پێیان دەگوترێ (موتەوەعین) زۆر بە توندی خەڵکی پێنج جاران بۆ نوێژکردن ڕاپێچەک دەدەن، بە درێژایی ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژی دەبن، ئەلکهولیش قەدەغەیە.

وەهابیزمێکی، (زینۆفۆبی xenophobic) کە تا ئەوپەڕ ڕقی لە بێگانانە و لێیان دەترسێ، ڕابردووپەرست ascentic، شەڕئەنگێز، کە لەبەر زۆری، دۆلاری نەوت قەڵەوی کردووە، ئەو وەهابییەتە کە بە پشتیوانی ئال سعود لە هەندەران بڵاو بووەتەوە و هەردەم بە سۆزەوە ئامادەیە داواکارییەکەی شا فەهد بە (خزمەتچی هەردوو حەرەمە پاکەکە) لە مەکە و مەدینە، بە شەرعی بناسێ؛ هەر ئەو وەهابیزمەیە کە ئامادەیە بۆ ئەوەی هەموو خەرجییەکانی خانەوادەی پاشای وڵات پشتگوێ بخا و لێی نەپێچێتەوە و نەڵێ لە کوێتان بووە. لەمێژە بنەڕەتی سیاسەتی دەرەوەی ئال سعود لەسەر بنەمای بە وەهابیکردنی خەڵک و دەفتەر چێک دابەشکردن ڕێکخراوە. سعوودییەکان بە بەرپرسانی دەوڵەتی و هاووڵاتی سادەوە، هەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوەڕا تا دەگاتە قەراخی سواهیلی کێنیا و ناوەڕاستی ئاسیای موسڵمانی بەردەستی یەکەتی سۆڤیەتی پێشووەوە، هەزاران مزگەوتیان

دروست کردووه و هەموو مزگەوتە ڕووخاوەکانی بۆزنیاشیان چاک کردووەتەوە[٣].

ئەم کارانە و کارەکانی تریش هەموو کات لە هەموو شوێنێکدا، جێی خۆشحاڵی نییە. لەم ساڵانەی دواییدا پرۆتێستۆ زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتە ئیسلامییەکان، هەر لە ئەفریقیای باکورەوەڕا تا ناوەڕاستی ئاسیا و فلیپینیش، کراوە و بەڕشتی داوا لە سعوودیە دەکەن کە ئەو پارەیەی ئاوا بە سەخیاتی دەنێرێ؛ یا بە فەرمی بوەستێنێ؛ چونکە بە زۆری هانی موسڵمانە توندڕۆیەکانی ئەو وڵاتانە دەدا بۆ ئەوەی حکوومەتی ئەو وڵاتانە بڕووخێنن. بەڵام تا ئێستاش سامانی تایبەتی سعوودییەکان لە هەندەران، پشتیوانی پڕوپاگەندەی وەهابیزمی هەر دەکات. ئاخر زەکات ڕوکنێکە لە ئیسلام.

زۆرینەی ئەو پارەیە لەلایەنی دەزگا خێرخوازە سعوودی و ئیسلامییەکانی ترەوە دێت. بەر لە ١١ی سێپتێمبەری٢٠٠١، لە هەندەران نارەزایی بەرانبەر بە شێوەی پەرتکردنی ئەو پارەیە بەدیار کەوت؛ چونکە هەندێکی بۆ تیرۆریزم بەلادا دەندرا و هەندێکیشی بۆ هەندێ ئامانجی گومان لێکراو خەرج دەکرا، بە تایبەتیش ئەوەی کە لە بۆ حوجرەی ئەو فەقێیە تونڕۆیانە دەچوو کە لە پاکستان و لە هەندێ جێگەی تر بوون. هەر چەندە پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەلایەن وڵاتە بیانییەکانەوە کرایە سەر گەورە دەزگای خێرخوازی میری و ڕابیتەی عالەمی ئیسلامییەوە بۆ ئەوەی بزاندرێ پوولی ئەو دەزگا خێرخوازانە بۆ کوێ دەچێ، بەڵام هێشتا جۆرە لێپرسینەوەیەکی توند لەم بارەیەوە نەکراوە.

کە وڵاتانی بیانی گازاندەی خۆیان دەکەن، عەرەبستانی سعوودی بە نەرمییەوە داوایان لێ دەکات بۆ ئەوەی پسوولەی پارە گواستنەوەی بانکە گومان لێکراوەکانی بۆ بێنن. ئەم پسوولە و فۆرمانە لە جیهانێک هێشتا، لە بری پرۆسەی کڕین و فرۆشتنی هاوچەرخی بانکەکان، بە زۆری هەر کاش بەکار دێنی، زۆر ئەستەمە پەیدا بکرێن. سەدان هەزار دۆلار ڕۆژانە بە ڕۆتینی لە مەرزەکان دەپەڕێندرێنەوە و (حەوالەی) پارەی ڕەوانکراوی بە شێوەیەکی نافەرمی لە هەموو وڵاتێکدا هەیە، ئەو جۆرە پارەگۆزە money transfer لە پارەگۆزی بانکە فەرمییەکان، هەرزانتر و شاراوەترە.

بەڵام هێشتا شاهەنگی سعوودیە هەر دەفرێ؛ بۆ ئەوەش دەبێ سوپاسی ئەو

هەموو کرێکارە بیانییانە بکات کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە عەرەبستانی سعوودی کەڵەکەیان کردووە و ژمارەیان لە هاوولاتیانی خۆی زۆرتر بووە. هیچ گرووپێک ئەوەندەی کرێکارە کۆچبەرەکانی حەدرەمەوت، کە هەژارترینی خەڵکی نیمچەدوورگەی عەرەبن، بەشدارییان لە دەوڵەمەندکردنی ئەو وڵاتەدا نەکردووە. ، هەرچەندە ئەو پەنجا و چوار منداڵ و گەورەترین کۆمپانیای خانوو دروستکردنی هەبووە، بەڵام هەندێک لەو حەدرەمییانە هێشتا لە باوکی ئوسامە دەوڵەمەندتر بوون.

محەمەد بن عواد بن لادن بە دوو برایەوە، کە هەرسێکیان وەستای ڕەمەکی خانووکردن بوون، لە حیسن باحشین، لە ساڵی ١٩٢٠ دەرچوون. ئەوێ وڵاتی خۆیان بوو، کەوتبووە دۆڵێکی لا پەڕگەی (وادي الدعانة)وە. شارۆچکەیەک بوو کەوتبووە زاری دۆڵەکە و هەندێ دارخورمای لە دەورەی واحەکەی لێ شین بووبوو. گەشتیاری بەریتانی فرێیا ستارک لە ساڵی ١٩٣٢ چووەتە ئەو دەڤەرە(٤).

حەدرەمییە هەژارەکان بە سەفەرکردن بە ناوبانگ بوون، لە ڕاستیشدا کۆلۆنییەکی گەورەی هۆڵاندییەکان زۆر لە دوور هەبوو ناوی ئیندیزی هۆلاندی ڕۆژهەڵات بوو، ئەمڕۆ بە ئەندۆنیسیا ناسراوە. برایەکان بەگەڵ کاروانێک کەوتن کە دەچووە جیدە. جیدەش، بۆ چوونە مەکە، تاکە دەروازەی دەریاییە. حاجییەکان لەو سەردەم دەبوو باجی زۆر بدەنە بنەماڵەی ئال سعوود کە تازە بووبوونە پاشای وڵات. لەو سەفەرە ١٠٠٠مىلیيیەدا، یەک لە برایەکانی بووە بەلاگێری خوێنەران. تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٩شدا، لە (سەییوون)ی پایتەختی هەرێمەکەوەڕا بۆ حیسن باحشین، بە جیبێکی جووت ئاکسل، چوار سەعاتی خایاند بۆ ئەوەی ئەو ڕێگە بەرداوی قیرتاو نەکراوەدا بچین. تەنیا یەک جێنێرێتەری کارەبایی هەبوو لەوێ کە بە گازئۆیل ئیشی دەکرد و ساردەمەنی سارد دەکرد.

گەورەی بنەماڵەی بن لادن لە ١٩٦٠ەکاندا بۆڕی ئاوی بۆ گوندەکە ڕاکێشا بوو ئینجا بۆ یەکجارەکی لەوێ باری کرد بوو. بەڵام وەک ئەوەی زۆر کەس لەوانەی سەفەر دەکەن، پاشان دێنەوە خزمەتێکی شارەکەیان دەکەن بۆ ئەوەی بزاندرێ کە لە دوورە وڵاتدا کاری کردووە و سەرکەوتوو بووە، ئینجا شانازی پێوە بکەن. ئەوانە هیچیان بۆ گوندەکەیان نەکردووە. نە مزگەفتێکی نوێ، نە قوتابخانەیەکی

هەیە و نە ڕێگەیەکی ڕێک بۆ ناو گوندەکەی ئوسامەی دەچێ. هۆیەکەش مەیلەو سیاسییە. ئەو کۆچبەرە حەدرەمییە دەوڵەمەندە کەیفی بە وڵاتەکەی خۆ نەدەهات؛ چونکە لە دوای ساڵی ١٩٦٧، کە بەریتانیاییەکان ئەو بەندەرە ستراتیجییەیان بەجێ هێشت، مارکسییە دیموکراتیخوازەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ حوکمڕانی حەدرەمەوتیان کرد.

هەموو ئەوانەی سامانەکانیان لە عەرەبستانی سعوودی پێک هێنا، ئەم جۆرە هەڵوێستەیان بەرانبەر وڵاتەکانیان هەبوو. هەروەها لەبەرئەوەی بنەماڵەی ئال سعود نە مارکسییەکانی باشووری وڵاتەکەیان، نە حوکمڕانە کۆمارییەکانی یەمەنییان خۆش دەویست، بۆیە نەیاندەویست پارەی سعوودیە بۆ ئەو دوو لایە بڕوا. زۆر بەر لەوەی کە باکور و باشووری یەمەن لە ساڵی ١٩٩٠دا یەکتری بگرن، محەمەد مرد و زۆر کەم لە منداڵەکانی جارێکی تر سەردانی حەدرەمەوتیان کردەوە.

محەمەد کابرایەکی باریکەڵەی باڵا بەرزی ڕەشی ناشیرین بوو؛ چاوی ڕاستەی کوێر بوو؛ دەموچاو بە خوریکە بوو. تەنانەت نەیدەزانی ناوی خۆیشی بنووسێ. بەڵام چونکە کابرایەکی ئیشکەری ماندوونەناس بوو هەموو کەس ڕێزی لێ دەنا. زۆر کەیفی خۆش دەبوو کە دەیدیت ئەندازیارە بیانییەکان خەریکی ڕاستەکانیان بوون و سەریان لە نەخشە داناندا سوڕماوە. ئەندازیارێکی فەلەستینی گوتی: (ئەو نەخوێندەوار بوو. بەڵام کۆمپیوتەرێکی لە ناو مێشکی خۆیدا هەبوو.)

وەکو هەموو ئەو حەدرەمییانەی کە دەهاتنە جیدە، کە محەمەد گەیشتە ئەوێ کابرایەکی حەدرەمی شوێن و خواردنی بۆ ڕێک خست و کاری بۆ دۆزییەوە تا پاشتر توانی قەردەکەی بداتەوە. کە دەوڵەمەندیش بوو، قۆپچەی کراسی کردە زێڕی مۆر لێدراو و ڕۆلێکسێکی زێڕی لە دەستی کرد و ئەنگوستیلەیەکی زیویشی لە پەنجەی بچووکی خۆی کرد. بەڵام هەرگیز لە بیری نەچوو کە لە کوێوە هاتبوو. هەتا مردیش ئەو توورەگەیەی کە لە بەندەری جیدە حەمباڵی پێ کردبوو، هەر لە ماڵەکەیدا هەڵواسرا بوو، بۆ ئەوەی لە بیری نەچێ کە جارێکیان ئەوە پیشەی بووە. زۆر لە دانیشتوانی جیدە حەدرەمییان دەکردە ئەمینداری پارە و پوولیان. چونکە حەدرەمییەکان هەموو کات بە ئەوپەڕ ڕاستی و ئەمینییەوە ناوبانگیان دەرکردبوو،

بەوەش ناسرابوون بۆ یەکتری دڵسۆزن و لەگەڵ خاوەن کارە سعوودیەکانیشیان ڕاستن. خۆ دەدەنە بەر ئیش و ئیشکەر و ڕەزیلن؛ بۆیە پێیان دەڵێن: (جوولەکەی عەرەبان – يهود العرب).

محەمەد زوو بووە وەستای کەرپووچ. پاشان لە چەندین تەلاری شایانەدا بووە خزمەتچی. لە سەرەتای ۱۹۳۰یەکاندا کۆمپانیایەکی بچووکی خانوو دروستکردنی پێک هێنا. بەخت بۆی هێنا و کەوتە ناو یەکەمین ئەو بیانیانەی کە لە بنەڕەتی بنەماڵەی ئال سعوود گەیشتن. شا عەبدولعەزیز لەو کات لە خەیاڵیشی نەبوو کە بەڕێوەبەرایەتی لە وڵاتەکەی دابمەزرێنێ. هەروەها نەیدەویست شازادەکان دەستی خۆیان بە بازرگانی و کرێکارییەوە پیس بکەن. بەڵام ئەوانەی کە ئەم کارانەیان دەکرد، یارمەتی دان و زۆریش ڕێزی لێنان. پاشا زوو لەو ڕاستییە گەیشت کە بن لادن بە پەلە کارەکانی دەکات و باشیش ڕایان دەپەڕێنێ.

لە ساڵانی ۱۹۲۰ەکان تا ۱۹٤۰ەکان تەنیا چەند ڕاوێژکارێکی بیانی لە ڕیاد هەبوون. جارێکیان دووانیان عێراقی، دوو لوبنانی، دوو سووری، یەک فەلەستینی، یەک بەریتانی لێ بوون (بەریتانییەکە باوکی گەورە سیخوڕی سەردەمی شەڕی سارد کیم فیلی بوو، ناوی سانت جۆون بوو.) مەلیک بە خۆیشی نیو دەرزەن یاریدەدەری هەبوون. یەکێکیان وەرگێڕ بوو، دووانیان چاپگەر بوون، یەکێکیشیان پیاوێکی نوکتەدان بوو نەیدەهێشت شا بێزار ببێ.

محەمەد بن لادن، بۆ ئەوەی لە مەلیک نزیک بێتەوە و بتوانێ بچێتە ناو مەجلیسەکەی، بە هەر شێوەیەک بوو کۆمپاناکەی خۆی گەیاندە ڕیاد. لەو سەردەمی، شا مەجلیسێکی هەبوو کە جێگەیەکی نا فەرمی بوو، هەموو کەس دەیتوانی بچی لێی دابنیشێ. لەم چەند ساڵی دواییشدا، ئال سعود مەجلیسە کۆنەکەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان، زیندوو کردووەتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو ڕەخنە دەرەکی و ناوەخۆییانە بدەنەوە کە دەڵێن: (کەس پێیان ناگا و خۆیان دەشارنەوە و زۆردارن autocratic.) لە ساڵانی پێشوودا، ژیان سادە بوو هەموو کەس دەیتوانی لەو دیموکراتییە بەدەوییەی هەینێ سوود وەربگری. بەم جۆرە عەبدولعەزیز دەیتوانی بزانێ وڵاتییەکانی چیان بەخەیاڵدا تێ دەبەڕێ. ئامادەبووانی مەجلیسی مەلیک زۆریان ڕا لەو کابرایە حەدرەمییە تازە هاتووە بوو.

محەمەد بن لادنیش لە نزیکترین شوێن لە شا ڕوودەنیشت.

پێشتر چونکە چەند تەلارێکی بۆ شازادەکان دروست کردبوو، محەمەد بن لادن ناوبانگێکی هەبوو. بەڵام ئەو پێشنیازە زیرەکانەی کە بۆ شا عەبدولعەزیزی کرد و پێی گوت با تەلارێک بۆ خۆی دروست بکات کە ڕێیەکی وای بۆ ئۆتۆمۆبێلەکەی هەبێت بتوانێ بچێتە سەر نهۆمی یەکەم و لەبەر دەری ژووری نوستنی لە سەربانی پارک بکات، ئەم پشنیازە ژیانی گۆڕی. کە تەلارەکە تەواو بوو، شا عەبدولعەزیز سەنگینترین ئۆتۆمۆبێلەکانی خۆی هێنا و لە بن لادنی خواست بۆ ئەوەی بە خۆی سواری ئۆتۆمۆبێلەکە ببێت و چەند جارێک بچێتە سەرەوە و دابەزێ؛ ئینجا پاشان شا عەبدولعەزیز بە بن لادنی گوت: (ئۆتۆمۆبێلەکە و هەرچی لە ناویەتی هەمووی بۆ خۆت.) شایانی باسە لەو سەردەم بانک لە سعوودیە نەبوو، هەر چی پارە و زێڕی مەلیکی هەبوو هەموو لە ناو ئەو ئۆتۆمۆبێلە بوو، ئەویش کرایە دیاری بۆ بن لادن.

محەمەد شان بەشانی ئەو شانشینە هەستا، شانشینەکەش زۆر بەخێرایی گەشەی کرد. یەکەم کۆنتراکتی گەورە کە محەمەد وەری گرت، قیرتاوکردنی ڕێگەی نێوان جیدە و مەدینە بوو. لەوەش بەهادارتر قیرتاوکردنی ڕێی شاخاوی بوو لە جیدەوە بۆ پایتەختی هاوینەی وڵات، شاری تائیف، ئەویش محەمەد بن لادن دروستی کرد. ئەو ڕێیە سەفەری سێ ڕۆژ بە حوشتری کورت کردەوە و کردیە سێ سەعات بە ئۆتۆمۆبێل ڕۆیشتن. بن لادن هێندە بووە جێی متمانە، تا ڕادەیەک کە یەکەم هەردوو مەلیکی شانشینی سعوودی، چەندین کۆنتراکتی چەوریان بەبێ تەندەر پڕکردنەوە دایە کۆمپانیایەکەی بۆ ئەوەی ئەنجامی بدا.

بەم جۆرە کۆمپانیایەکەی بن لادن بووە گەورەترین کۆمپانیای خانوو دروستکردن لەو شانشینەدا (پاشانیش کوڕەکانی کردیانە گەورەترین کۆمپانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دوورتریش.) وەک هێمایەک بۆ ئەوەی کە ئال سعود متمانە بە بن لادن دەکەن، هەستان کۆنتراکتی چاککردنەوەی هەر سێ پیرۆزترین مزگەوتی موسڵمانانیان لە مەکە و مەدینە و قودس، بە کۆمپانیایەکەی ئەو دا. ئەویش شانازی بەوە دەکرد کە لە یەک ڕۆژدا توانی نوێژ لە هەر سێ مزگەتەکاندا بکا. هەرچەندە هەر پێنج ئەرکی ڕۆژانەی بە جێ دەگەیاند، بە سەختیاتییەوە زەکاتی

دەدا، حەجیشی کردبوو، بەڵام هەرگیز مەیلی وەهابیەتی نەبوو. لە ڕاستیدا وەهابییەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمین هەرچەند مەزاری پیاوچاکان هەبوو لە حەزرەمەوت هەموویان ڕماند و نەیانهێشتن.

محەمەد بن لادن، بۆ ماوەیەک لە سعوودیە بووە وەزیری کاری گشتی. شا سعود، کە لە دوای عەبدولعەزیز، لە ١٩٥٣دا بووە مەلیکی وڵات، هێندە خەرجبەڵاو (مُبَذر) بوو، تا لە ساڵی ١٩٥٠کاندا هەتا لووتی کەوتە بن قەردی بن لادنەوە. بۆیە هەستا باشترین هۆتێلی لە ڕیاد کە ناوی (یاماها) بوو لە سەر ناوی محەمەدی تۆمار کرد. محەمەد و چەند حەدرەمییەکی تر لە کاتە سەختەکاندا، پارەی پێویستیان بە بنەماڵەی شای دا. جا کە سامان بە سەریاندا باری محەمەد هەرگیز مەیدانی کاری بەر نەدا. کرێکارەکانی هەرگیز نەیاندەزانی نە لە کوێوەڕا نە لە چ کاتێک، بۆیان لەسەر ئیش پەیدا دەبێ.

ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە هەموو کات کوسکێشی لەبەر کرێکارە ماندووەکان دەکرد بۆ ئەوەی چەند دەمێک پتر ئیش بکەن. دەمێک نا دەمێک قسەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە و پێی دەگوتن: (کوڕینە! بن لادن سەرۆکتانە؛ ئەو کۆنتراکتچییە یەک چاوە سەرۆکتانە.) هەندەی وا پێ دەگوتن تا هەموو، لە پێکەنینان، لە سەرپشت دەکەوتن، ئیشەکەشیان بۆی تەواو دەکرد. زۆربەی کاتەکەی لەگەڵ کرێکارەکانی لەسەر ئیشەکەی دەبوو. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، زۆربەی ئەندازیارەکانی ئەڵمانی بوون. کرێکارەکانیشی زۆربەیان لەو ئیتاڵیاییانە بوون کە لە سەنتەرە ئیتاڵیاییەکانی لای دەریای سوور بەجێ مابوون، هەندێ کرێکاری ئەریتێری و ئەتیوپیشی هەبوو. کۆمپانیایەکەی بەوە ناودێر بوو کە ئیشی چاک دەکا و بە پەلەش تەواوی دەکا. زۆر ئاگای لە کرێکارەکانی خۆی هەبوو. مانگانە لە سەدا ٢٥ زیادەی پێ دەدان.

محەمەد بن لادن لە میانی چەند ساڵێکدا، ١٣٠٠٠ میل ڕێی قیرتاو کراو و چەندین پرۆژەی تری لە سەرتاسەری ئەو شانشینەدا دروست کرد و وەک شا عەبدولعەزیزیش خووی بەوەوە گرتبوو کە هەر ناوە ناوە کچێکی سعوودی دەهێنا. بەم جۆرە شا شوێنی بۆ بەرەبابی خۆی سەپاند و بن لادنیش بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لەوەی کە هەر خێڵەکی ئەو شەقامانەی کە دروستی دەکردن بە هەموو دەستەی

بیناسازییەوە بە ناو خاکی ئەواندا ڕەت دەبوو، گیروگرفتی بۆ نەکەن، هەڵدەستا دەبووە زاوایان و ئیشیشی پێ دەدان. لەم پرۆسەیەدا لە (پتر لە ٢٠ ژنان)[٥] پەنجا چوار منداڵی بوو. ئوسامە، لە بیست و چوار کوڕان، حەڤدەمین بوو. سێ لە ژنە هەمیشەییەکانی محەمەدی، سعوودی بوون. زۆربەی ژنەکانی ترشی هەر سعوودی بوون، بەڵام بێگومان هەموویان نا. ئیسلام ڕێگە بە پیاو دەدا تا چوار ژنان بە شەرعی بێنی. ئەویش هەروای دەکرد ژنەکی دەگۆڕی، چونکە بۆ موسڵمان زۆر ئاسانە ژنەکەی تەڵاق بدا، هەر سێ جاران بڵێ: ( تەڵاقم لە تۆ بکەوێ.) تەڵاقەی دەکەوێ.

هەر چەندە محەمەد چاوبگێڕ بوو، بەڵام ناوبانگی بە کابرایەکی دەستبڵاو دەرکرد بوو. هەر یەک لە ژنەکانی خانووەێکی شیاوی بۆ دروست کردبوو. بە چاکی ئاگای لە منداڵەکانی دەبوو. حەزی لێ بوو هەموو کات دەست گەمەی توندیان لەگەڵدا بکا. هەندێ جاران دەرزەنێکیان دەکەوتنە سەریەوە. ئەوەی بە گەمە لە ناوی دایکیانی دەپرسی، وەک ئەوەی کە هەموویانی لە بیر نەبێ وا بوو. هەندێ لە منداڵەکانی لە ژنە عەبدە ڕەشەکان بوون، لەو کاتی لە وڵاتدا هێشتا کۆیلەیی هەر هەبوو. یەکێک لە ژنە تەڵاقدراوەکانی مێردی بە کۆیلەیەکی ڕەش کردەوە، ئەمەش بووە هۆی نارەحەتییەکی زۆر بۆ کوڕەکەی ئەو ژنی کە لە بن لادن بوو، کوڕەکەش زۆری هەوڵدا کە دایکی، خۆی بەو کۆیلە ڕەشە تەڵاق بدا، ئەگەر واش بکا شوویێکی باشی بۆ دەدۆزێتەوە، بەڵام ژنە قایل نەبوو؛ بە قسەی کوڕەکەی نەکرد.

دایکی ئوسامە ناوی عالیە غانم بوو، کچی کابرایەکی کرێکاری شاری لاتاکیا بوو کە بەندەرێکی سووریایە و لەسەر دەریای ناوەڕاستە. تەمەنی لە دەوری بیست ساڵان بوو کە، لە ساڵی ١٩٥٦، برایەکەی پێشکێشی باوکی ئوسامەی کرد. دوای یەک ساڵ لە بوونی ئوسامە ئەوان لە یەکتری جودا بوونەوە. خانەوەدەی ژنە لە ٢٠٠١ وایان ڕاگەیاند، ئەگەر ڕاست بێ؛ چونکە بە قسەی برادەرە سعوودیەکانی محەمەد بن لادن، لە ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکانی بنەماڵەی دایکی ئوسامە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، قسەی زۆر کرا بوو کە لە ڕاستی دوور بوون. یەک لە زەلامەکانی بنەماڵەی غانم لەمیانی چاوپێکەوتنێکدا گوتی ئەوان سونەنە، بەڵام لاتاکیا پایتەختی نافەرمی کەمینەی عەلەوییەکانە و خانەوەداکەش سونە نینە بەڵکو عەلەوینە[٦].

بۆچی بنەماڵەی غانم دەیانەوێ خۆیان بکەنە سونە؟ وەڵامێکی ئاسانمان بۆ ئەم خۆ دزینەوەیە نییە، کە پیاو دەخاتە گومانەوە. بەڵام ئەگەر ئەو قسەیە لە ١٩٥٠کاندا بکرابایە هەینێ ڕەنگبوو پیاو بیسەلماندبایە. عەلەوییەکان مەزهەبێکی داهێنراوە heterodox و لە سەدا ١٢ی دانیشتوانی سوریا پەیرەوی ئەم ڕێبازە دەکەن. لەمیانی پێنج سەد ساڵی حوکمی عوسمانییەکان ئەو عەلەوییانە لە شاخەکانی نزیکی کەناری دەریا، بە ئەوپەڕی هەژاری لە ژێر دەستی سونەکاندا دەژیان. لە کاتی ئینتدابی فەرەنسی سەردەمی "عصبة الامم"، ئەو دەستە ئاینییە مەیلەو بارێکی تایبەتی خۆیانیان هەبوو. ئەوانیش هاوکارەی کەمینەکانی تر چوونە ڕیزی سەربازانی لێڤانت troupe do Levant تا ئاسایشی فەرەنسییەکان بپارێزن. بەو کارەیان لەلای زۆرینەی سونەکاندا خۆشەویست نەبوون. چونکە ئەوانە دەیانویست دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت کە لوبنانیش بەشێکی بێت.

ژنی عەلەوییەکان لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بە جوانییان بەناوبانگن. عالیە غانمیش، بە قسەی کورەکەی، یەکێک بوو لەو جوانانە(٧). لەو سەردەمیشدا، نەریتێکی وا هەبوو کە کچە عەلەوییەکان دەچوون لە ماڵان کارەکەرییان دەکرد. زۆر لە نێرینە بەیرووتییەکانی هاوڕێی من، باسی بەسەربردنی کاتی خۆشیان لەگەڵ ئەو کارەکەرانەدا، دەکرد.

باری عەلەوییەکان لە ساڵانی ١٩٦٠ەکان، لە بنەڕەتدا گۆڕا. کۆنترۆڵی سەر حزبی بەعسیان کرد. ئایدیۆلۆجیای عیلمانی سستەمی فاشستی ئەو حزبەیان پەیرەو کرد. بەعس واتا ژیاندنەوە. ئامانجی ئەو حزبەش ژیاندنەوەی کریستانەکان و دورزییەکان و عەلەڤییەکان بوو. بەرانبەر بە دەسەڵاتی ئەو سونەشدا وەستا کە لەمێژ بوو ئەوانیان لە سیاسەت دوور کردبووەوە. بەعسییەکان دەسەڵاتیان لە سوریا گرتە دەست. سەرۆکی کۆچکردوو حافز ئەسەد کە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ حوکمڕانی سوریای کرد لە کەمینەی عەلەوی بوو. هەروەها بەشاری کوریشی هەر عەلەوییە. زۆرینەی گەورە کاربەدەستانی سوریا هەموو عەلەوینە. حزبی بەعسیش ئێستا لە عەلەوییەکان بترازێ کەسی تری تێدا نییە.

زۆر لە سونەکانی سوریا و گەلێکیش لە شیعەکان، عەلەوییەکان بە لە دین دەرچوو دادەنێن. (لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا، حافز ئەسەد توانی گەورە مەلایەکانی

شیعەکانی لوبنان قایل بکات بۆ ئەوەی بە ژێر بەرەکەتی خۆیانیان بخەن. هەر چەندە ئەوان وەک نەریتێک هەموو کات ڕاوبۆچوونیان لەگەڵ سونەکان بەرانبەر بە ڕێبازی عەلەوییەکان هەر یەک بووە و بە لە ئاین دەرچوو، لە قەڵەمیان داون.) لەم لایەنەوە عەلەوییەکان هێشتا هەر نامۆییان لێ دەکرێ؛ چونکە دەڵێن عەلی جێگری ڕاستەقینەی پێغەمبەر بوو، بەڵام سێ خەلیفەکانی پێشی ئەو مافەکەیان لێی زەفت کرد.

ئبن تەیمییە، سونەیەکی سورییایی توندڕۆ بوو، لە ساڵانی ١٢٦٣ تا ١٣٢٨دا ژیا، کە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام بووە لە جیهاندا (ئیستاش بووەتە نموونەی فیکری ئوسامە و ئەندامانی تری ئەلقاعیدە)، زۆر توندتر لە ماندەڵکردنی کریستیانەکان، عەلەوییەکانی ماندەل و ڕیسوا کردیە و داوای لە ئیسلامان کردووە تا شەڕی پیرۆزیان لە دژدا بکەن. توندڕۆیەکانی ناوچەی نەجد لە عەرەبستانی سعوودی بە عەلەوییەکان دەڵێن (ڕافیزی) واتا نکوولکار. بە موسڵمانیشیان نازانن. بەڵکو بە هاوبەشکار – موشریک – polythiest و لە دین گەڕاوە – مورتەد – apostate یان دەناسن. عەلەوییەکان لەوەش کەمتر ڕێزیان لێ دەگیرێ(٨).

بابەتی پراکتیکی و هی ئاینیش هەنە کە ئەم بۆچوونانەمان پتر بۆ ڕاڤە دەکەن. نەفتی عەرەبستانی سعوودی بە زۆری کەوتووەتە کەناری ڕۆژئاوای کەنداوی فارسییەوە. ئەوەش لە مێژوودا هەر خاکی زۆرینەی شیعەکانی هەرێمی حەسا بووە. هەرچەندە خەڵکێکی زۆری سونە و بیانی بە مەبەستی کارکردن لە پێشەسازی نەفتدا، داخزانە ئەو ناوچەیە، بەڵام هێشتا شیعەکانی ئەوێ هەر جێی سەر ئێشەنە بۆ ئال سعود و ناوەناوەش سەرکوت دەکرێن(٩). ڕەخنەی ئاینی توند هەموو کات ئاراستەیان دەکرێ. وەهابییەکان تۆزێک نەرمی لەگەڵ سەرجەم موسڵمانانی جیهان دەنوێن، هەرچەندە لە ناخیانەوەڕا ئیسلامەتی ئەوانیان لەلا پەسەند نییە و نایکەن. ئومێدیش دەکەن هەموو ببنە وەهابی چاک. ئەو ڕێبازە لە ناو جیدە و لە دەوروبەری پەیڕە و دەکرا. چونکە ئەم ناوچەیە هەر لە کۆنەوە لە شوێنەکانی تر، کراوەترە. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە جیدە دەروازەی مەکەیە و زۆر لەو کەسانەی چووینە و حەجیان کردووە پاشان لەو دەڤەرە ماونەتەوە و بۆ وڵاتی خۆیان نەگەڕاونەتەوە.

ئوسامە لە ساڵی ١٩٥٧دا لە ڕیاد هاتە دنیا، پاشان لەگەڵ دایکی هاتە جیدە، چونکە دایکەکەی مێردی بە کابرایەکی تری حەدرەمی کردەوە، کە ناوی محەمەد عەتاس بوو. لەویش سێ کوڕ و کچێکی بوو. (عەتاس کابرایەکی ناوداری حەدرەمەوتە. هەر لە کۆنەوە بنەماڵەی عەتاس زۆریان بە سەر بنەماڵەی بن لادنەوە هەیە. بۆ نموونە، لە هەموو وەزیرەکانی دەرەوەی ئەندۆنیسیا پتر لە پۆستەکەی مابێتەوە، وەزیری دەرەوەی ئەندۆنیسی عەتاس بوو. چۆن ئەو ژن و مێردایەتییە ڕێچکەڵەی گۆڕی؛ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن پیاوە خاوەن دەسەڵاتەکانی کەنداو ژیانی تایبەتی خۆیان بەڕێوە دەبەن. برادەرێکی نزیکی محەمەد بن لادن گێڕایەوە کە محەمەد هەر زوو لە عالیە بێزار بوو؛ وەک ئەوەی پێشتریش لە چەندەها ژنی تریشی بێزار بووبوو. بەڵام هێشتا هەر خۆی دڵنیا کرد کە بە شێوەیەکی ڕاست شوو بە محەمەد عەتاس دەکا. ئەو محەمەد عەتاسە مەلای کۆمپانیایەکەی بن لادن بوو.

برادەرەکەی بن لادن دەڵێ لە ڕاستیدا محەمەد هەرگیز بە شێوەیەکی فەرمی عالیەی مارە نەکرد. ئەگەر ئەوەش ڕاست بووبێ، ئایا لەبەر ئەوە بووە چونکە محەمەد عەتاس بووبووە وەهابییەکی توندڕۆ، یان هەر لەبەرئەوەی بووە کە نەهێڵێ خانەوادەکەی عالیە بێنە سعوودیە؟ ڕەنگە لە سالانی ١٩٥٠کاندا دایکی ئوسامە تاکە ئافرەت بووبێ کە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرابێ. چونکە لەو دەمی بە فەرمی کۆیلەیی قەدەغە کرابوو، بەڵام بە ئازادانە پەیڕەو دەکرا. برادەرە سعوودیەکە لە بیری نەما پاشان باری عالیە بە چ لایەکدا شکایەوە. دەوڵەمەندەکان بە زۆر شێوەی جیاوازتریش شتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان، دەگونجاند(١٠). بەڵام برادەرە سعوودیەکەی مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە بن لادن بە ڕاستی لەگەڵ عالیەدا جووڵایەوە. چونکە مێردێکی چاکی بۆ دۆزییەوە و بەفەرمیش ئوسامەی بە کوڕی خۆی تۆمار کرد.

ژیانی منداڵی ئوسامە خۆش بووە. یان ئەو ئەم جۆرە هەستەی لە لای برادەرێکی منداڵی خۆی پەیدا کردووە. بۆیە ئەگەر بەو ژنە ئەسپانییە باوەڕ بکەین کە گۆیا دۆستایەتی لەگەڵ ئوسامەدا هەبووە کاتێک کە ئوسامە لە تەمەنی چواردە ساڵی چووەتە ئۆکسفۆرد بۆ ئەوەی کۆرسێکی کورتی ئینگلیسی بخوێنێ، دەبێ ئەوەشی پێ باوەڕ بکەین کە ئوسامە لەلای ئەو ژنە درکاندوویەتی کە دایکی

هەرگیز بە پێی قورئان مارە نەکراوە، بگرە هەر دۆست concubine بووە. ئوسامە بەو ژنەی گوتووە کە دایکی: (زۆر جوان بووە و هەر بۆیەش سەرنجی باوکی بۆ خۆی ڕاکێشاوە.)(١١) هەندێ چیرۆکی ترش لە ناو جیدەدا باوبووە کە عالیە: (جاریە slave wife بووە) و ئوسامەش تەنیا: (کوڕە کۆیلە son of the slave) بووە. بە درۆ خستنەوەی ئەم چیرۆکە درۆیە بە نیازانە بەڵگەی ناوێ: چونکە ئەو کوڕە لە ئەنجامی ژن و مێردایەتییەکی شەرعی بووە و هەموو بایەخێکی بە منداڵ دەدرێ بە ئەویش دراوە. سعوودیەکانیش هەردەم لە کاتێ کە منداڵیان دەبێ، بە چاکی ئاگایان لە خانەوادەکانی خۆیان هەیە. (ئەوان وەکو عوسمانییەکان نینە؛ چونکە عوسمانییەکان لەمیانی ئەو پێنج سەد ساڵەی کە دەسەڵاتدار بوون، چەندین بنەماڵەی (خانەدان) لەگەڵ ناوماڵەکانی خۆیان تێکەڵ بە یەکتر بوون و منداڵی کۆیلەیان دەبوو پاشان ئازادیان دەکردن.)

ئەم چیرۆکانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ڕەنگە ئوسامە زۆر لە دایکی و لە عەتاسەوە نزیک بوو بێ. بەڵام لە ڕاستیدا سەربردەی ئوسامە لەسەر بنەمای پەروەردەیێکی توندی حەدرەمییەوە هاتووە. چونکە تەنانەت کە هەرزەکاریش بوو ئوسامە لەگەڵ باوکی سەفەری بیابانی دەکرد. ئەمەش هەموو کات لە هەڵسوکەوتی محەمەد دیاربوو؛ وەک ئەوەی کە بەردەوام ڕشتبوو لەسەر ئیش و کارەکانی و هەردەم یادی منداڵی خۆی دەکردەوە. ئوسامە ئەو سیستەمەی لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا پەیڕەو کرد و وای فێرکردن کە ببنە سواری چاک و بە پێ خواستیش بە ناو زیخی گەرمی بیاباندا بڕۆن. کابرایەکی تری حەدرەمی وەبیرە خۆی هێنایەوە کە چۆن باوکی ئوسامە، ئوسامەی نارده بەر ئیش لە کاتێکدا هێشتا تەمەنی نەبووبووە نۆ ساڵان. ناوی هەموو کرێکارەکان و ڕۆژانەی هەر ڕۆژێکی هەموویانی لەبەر دەزانی. کابرا حەدرەمییەکە گوتی: (ئەوە نەریتی پەروەردەکردنی منداڵی حەدرەمییانە؛ هەر لەبەر ئەوەشە کە هێندە لە ژیانیان سەرکەوتوونە. ئێمە هەمووومان هەموو کات زۆر لە باوکەکانمان نزیک بووین، چونکە ئەوانیش زۆر بە دڵۆڤانییەوە لەگەڵ ئێمەدا ڕەوتیان دەکرد. ژیان سەخت بوو. ئەوەش تاکە ڕێگەیە کە نەهێڵێ منداڵەکان لە دەست دەربچن.)

کە ئوسامە بووە دە ساڵان، باوکی مرد. فڕۆکەکەی جۆری سێسنا کە فڕۆکەوانێکی ئەمەریکایی دەیفڕاند، لە کاتی نیشتنەوەیدا لە چیایەکانی نزیک

(ئەبها) لە باشووری ڕۆژئاوای وڵاتدا، تێک شکا و محەمەد بن لادنی لێ دەرنەچوو. محەمەد بۆ پشکنینی پرۆژەی ڕێگەیەکی شاخاوی دەچووە ئەوێ کاتێ کە فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە. ئەو کات تەمەنی گەورەترین منداڵەکانی محەمەد تەنیا بیست ساڵ دەبوو. بەلام پێوەندیی محەمەد لەگەڵ ئال سعوددا هێندە توند بوو، دوای مردنی شا فەیسەڵ بڕیاریدا و گوتی: (ئێستا ئێوە هەموو منداڵی منن.) و کابرایەکی حەدرەمی تری بە ناوی محەمەد با حەریس، کردە جێی متمانە بۆ ئەوەی تا منداڵەکان گەورە و شارەزا دەبن، ئەو کارەکانی محەمەد بن لادن بەڕێوە ببا[١٢]. لە کۆتاییدا، کوڕە گەورەکەی، سالم، کاروباری کۆمپانیایەکەی گرتە دەست و هێشتا فراواتری کرد. سالم کابرایەکی پڕ سەفەری خۆش مەعشەری ئیشکەر بوو. بە فڕۆکە تەکاندەر jet ەکەی خۆی لەو کەرتەوە بۆ ئەو کەرتی دنیا دەچوو. دەمێک لە ماڵی خۆی بوو، دواتر لە جنێف ئامادەی خوانێک دەبوو، پاشتر دەچووە تێکساس بۆ کەباب خواردن، ئینجا بۆ شەوەکەی دەهاتەوە بۆ لەندەن.

سالم هێندە لە بنەماڵەی ئال سعود نزیک بوو کە شا فەهد ٢٩$ ملیۆن دۆلاری دایێ بۆ ئەوەی فڕۆکەیەکی بۆینگ ٧٤٧ی بۆ بەڕادان بدا. (هەموو شێرەی ئاوی ناو فڕۆکەکە لە زێڕ بوون. بڵندە elevator یێکیشی لە ناو فڕۆکەکە بۆ دروست کردبوو تا شا فەهد بە پەیژە هەڵنەگەڕێ نەکا ماندوو ببێ.) سالمیش وەک باوکی شەیدای فڕین بوو، تا ئەویشیان وەک باوکی لە ئەنجامی کارەساتێکی فڕۆکە مرد. لە ساڵی ١٩٨٨، کاتێ کە فڕۆکەیەکی هەرە سووکی ultra-light دەفڕاند، لە سان ئەنتۆنیۆ لە تێکساس کەوتە خوارەوە.

ئوسامە چاوی بە هەندێک لە زڕبراو زڕ خوشکەکانی خۆی کەوتووە و بەتایبەتیش سالم و بەکری زۆر جاران دیتووە. بەکر بە تەمەن لە دوای سالم دێت، بۆیە کە سالمیان مرد ئەو کاروباری کۆمپانیایەکەی بەڕێوە برد. ناوی کۆمپانیایەکە ئێستا بووەتە (گرووپی سعوودی بن لادن.) بەلام منداڵەکانی و پاشان نەوەکەی هێندە زۆر بوون کە ڕەنگە بۆ ماوەی چەندین ساڵ، هەموو یەکتری هەر نەبینن. هەندێ لە برا و خوشکەکانی بە ئاستەم ئوسامەیان دەناسی. هەشبوو چەندین ساڵ بە خەیاڵیشیدا نەهاتبوو کە برایەکی ناو ئوسامەی هەبووە. بۆ نموونە کە سکۆت مەکلیۆد، لە ساڵی ١٩٩٦دا دیمانەیەکی بۆ تایم Time لەگەڵ ئوسامەدا کرد، نووسی کە برایەکی تری ئوسامەی زۆر حەزی دەکرد کە بزانی ئەو برایەیان

چی بەسەردا هاتووە؛ چونکە لە ساڵانی ١٩٨٠کانەوە ئیتر نەیدیتبوو. ئەوەشیان بە تەنیا نەبوو. جا هەر چۆنێک بێت، زۆر لە برایەکانی ئوسامە لەو گەورەتر بوون. ئێستاش بۆ کۆمپانیایەکەیان کار دەکەن. هەشن کۆمپانیای تازەیان بۆ خۆیان پێک هێناوە. بە پێی هەموو پێوەرێک، ئوسامە، نە لە وڵاتی خۆیدا نە لە هەندرانیش، وەک هەموو منداڵە دەوڵەمەندە سعوودیەکیان نەبووە و بە دوای ڕابواردن نەگەڕاوە. نزیکەی هەموو برایەکانی و ڕەنگە هەندێک لە زڕخوشکەکانیشی زۆر دنیایی بوو بن، پتریش ڕۆژئاواییانە ژیابن. بۆ نموونە سالم لە قوتابخانەی میلفیلد لە بەریتانیا، پەروەردە بووبوو. یەسلەمی زڕبرای لەمیانی دیدارێکی لەگەڵ نیوزویک Newsweekدا گوتی: (زۆربەی منداڵەکان زۆر بە بچووکییەوە، دەناردرانە هەندەران بۆ ئەوەی لەوێ فێری خوێندن بن.)[١٣] لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠کاندا، سێ لە کوڕەکانی بن لادن کە هاوزێی ئوسامە بوون، چوار ساڵیان لە قوتابخانەی ئامادەیی بروممانا Brummanaدا خوێند. ئەو دواناوەندییە لەسەر بەرزاییەکانی نزیک بەیروت بوو. زۆر لە منداڵە عەرەبە دەوڵەمەندەکان و ڕۆژئاواییەکان لێرە پەروەردە دەکران. زۆر لە منداڵەکانی بن لادن بۆ خوێندن ڕەوانەی هارڤارد، زانکۆی باشووری کالیفۆرنیا و زانکۆکانی تری ڕۆژئاوایی دەکران. بە ڕاستی زۆر لە منداڵان بە شێوەیەکی ڕۆتینی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەڕەنسا و سویسرا و میسر و هەندێ وڵاتانی تر مانەوە و ژیانی خۆیانیان بەسەر برد. (منداڵەکانی بن لادن، ئەوانەی ڕەگەزنامەی ئەمەریکاییان هەبوو، لە دوای ٩/١١ بە کرێ لە وڵاتە یەکگرتووەکان گواسترانەوە.) بە پێچەوانەشەوە، ئوسامە زۆر کەم لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامیدا ژیاوە و کەمتریش سەفەری کردووە.

هەر چەندە زۆر جاران دەڵێن ئوسامە لە کاتی هەرزەکاریدا زۆر بە دوای کاری نا هەموار کەوتووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەردەست بۆ ئەم تۆمەتە نییە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە من تێی گەیشتم چەند زانیارییەکی نا ڕاست بوو. زۆر لە دەزگا سیخوڕییەکان بڵاویان دەکردەوە کە ئوسامە لە یانەکانی شەو لە بەیروت بە دوای سێکس گەڕاوە. بەڵام ئەم چیرۆکانە هەرگیز شوێنیان لە فەرهەنگی ڕاستی جیهاندا نابێتەوە. باشترین ڕاڤەکردنی ئەم تۆمەتانە ئەوەیە کە ڕەنگە یان برایەکانی ئوسامە یانیش هەندێ عەرەبی دەوڵەمەندی تری سعوودییان لەگەڵ

ئوسامەی لێ تێکەڵ بووبێ.

ڕاستییەکە زۆر لەمە سادەتر بووە. ئوسامە کە یەکەم ژنی هێنا، تەمەنی تەنیا حەڤدە ساڵ بوو. ئەو ژنەی خاڵۆزای خۆی بووە، لە بنەماڵەی غانمی سوریایی بووە، تەمەنی چواردە ساڵان و ناوی نەجوا بووە. یازدە منداڵی لەو ژنەی بووە[١٤]. ئامۆزا و خاڵۆزا هێنان لە عەرەبستانی سعوودی و لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، نەریتێکی ئاساییە. سعوودیەکان بۆیە بە منداڵی ژن دێنن، تا لە کاری خراپە دوور بکەونەوە. هەر چەندە ئوسامە توانیویەتی ماڵەکەی بە ڕەهاییەوە بەڕێوە ببات، بەڵام ژنەکەی چەند ساڵ لەگەڵ دایکی و زڕباوکی بەیەکەوە لە یەک ماڵدا ژیاون.

ئوسامە وەک حەدرەمییەکان پارەی لەلا خۆشەویست بووە. زانی چونکە کوڕی بن لادنە، دەبێ دەوڵەمەند بێ. بەڵام خۆی بە سامانەکەی هەڵنەدەکێشا و لەگەڵ منداڵە زەنگینەکانی هاوزێی خۆیدا گەڕان و سووڕانی نەبوو. برادەرێکی گێڕایەوە، ئەگەر کابرایەک داوای پێنج ڕیاڵی لێ بکردایە، ئەو قەت دە ڕیاڵی پێ نەدەدا. سامان لە لای ئەو، تەنیا بۆ داکردن و پاشەکەوتکردن بوو. ئوسامە تەنیا حەزی لێ بوو کە زۆر بە خێرایی ئۆتۆمۆبیل لێ بخوڕێ. کە منداڵ بوو کرایزلەرێکی هورد کرد. هەرچۆنێک بێت، ئوسامە نزیکەی هەژدە ساڵ بوو کاتێ کە شەڕ لە بەیروت هەڵگیرسا و بۆ پازدە ساڵی پاشتر هەر بەردەوام بوو. ئەوەش کردیە جێیەکی خۆش بۆ کوڕە دەوڵەمەندە سعوودیەکان بۆ ئەوەی ڕاوە کچی لێ بکەن. چیرۆکی گومان لێکراوی وەک ئەمەشیان هەیە کە دەڵێ، ئوسامە لە (ئانابێل) و هەندێ شوێنی تری لەندەن، بە دوای ئافرەتاندا سووڕی دەخواردەوە[١٥].

لە ڕاستیدا هەر لە منداڵییەوە ئوسامە بە دیندار ناسرابوو[١٦]. پاگەندەی ئەوەش هەبوو کە مەلایەکی سووادنی فێری بنەماکانی ئیسلامەتی دەکرد، ئەو مەلایە بنەماڵەی بن لادنی لەوە ئاگەدار کردەوە کە ئوسامە خەریکە شەریعەت بە شێوەی توندڕۆ بەکار دێنێ. پیاوێکی تریش هەیە هەر لە کۆنەوە دەیناسی، دەڵێ: (ئوسامە هەر لە سەرەتادا لە هەموو برادەر و خزم و دایک و زڕباوکی، توندڕۆتر بوو.)[١٧] ژنە سویسرییەکەی یەسلەمی برای کە ناوی (کارمن)ە، لە ٢٠٠١دا، بۆ تەلەڤزیۆنی فەڕەنسی گێڕایەوە کە چۆن ئوسامە جارێکیان بەبێ ئاگەدارکردنەوەیان لە ناکاوڕا لە جیدە چووە ماڵیان و قایلیش نەبوو دۆقەی

لەگەڵدا بکا. کارمن گوتی ڕەنگە هەندێکی لەبەرئەوە بووبێ کە ئوسامە شەرمنە و ئەوی تریشی لەبەرئەوە بوو بێ کە نەیزانیبێ چ بکا باشە و ئەوەکەی تریش بۆیە بووە کە نەیویستووە وەک ڕۆژئاواییان هەڵسوکەوت بکا.(١٨)

خلیل م. بەتارفی بە خۆی و بە برایەکەی لە سەردەمی هەرزەکارییان، بەیەکەوە لەگەڵ ئوسامەیدا تۆپێنیان کردووە. هەموو لە شەقامی جەبەل سومەیقە، لە دەڤەری موشەریفە لە جیدەدا دەژیان. ئەوکات ئەو گەڕەک خەڵکی مامناوەندی لێی دادەنیشتن، ئێستاش بووەتە گەڕەکێکی ناوەندی شاری، کە یەک ڕێ لە شەقامی سەرەکی فەلەستینەوە دوورە. دایکی ئوسامە تا ئێستاش هەر لەو خانووە خۆشەدا دەژی. لێرە ئوسامە لەگەڵ شازادە و کوڕە دەوڵەمەندەکانەوە دەچووە قوتابخانەی الساغ (Al-Thagh.) لەو کاتە بە ڕەوشتبەرزی و نەرمی و ئەدەبەوە سەرنجی مامۆستا و هەموو ئەوکەسانەی دەوروبەری بۆ خۆی ڕاکێشا بوو.

بەتارفی دەڵێ ئوسامە لە کاتی تۆپانێکردندا زۆر بە توندی یاری دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە یاریکردندا بەردەوام دەبوو. (ئوسامە گۆرانی نەدەگوت، چونکە بە حەرامی دەزانی، بەڵام ئەوەش کە پەیڕەوی ئیسلامەتی نەدەبوو، ئوسامە لە گۆرانی گوتن قەدەغەی نە دەکرد. نەیدەویست بۆچوونی خۆی بەسەر ئێمەدا بسەپێنێ. ئەوانەی کە نوێژیان نەدەکرد زۆر بەنەرمی نموونەی بۆ دەهێنانەوە و وای لێ دەکردن کە ببنە موسڵمانی چاک.) ئوسامە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕۆژانی دووشەم و پێنجشەموان بە ڕۆژی دەبوو. (ئێمەی هان دەدا بۆ ئەوەی بچینە مزگەوت، بە تایبەتیش بۆ نوێژی بەیانیان.) بەتارفی وەها گوتی: (من بە نارێکی دەچوومە مزگەوت. ئەو هەموو کات ئومێدی ئەوەی دەخواست کە برادەرەکانی لەم لایەنەوە چاو لەوی بکەن، بەڵام ئەگەر وامان نەکردبایە، خۆی تێک نەدەدا و هەموو کات هەر بەبرادەری باش دەمایەوە. کەسایەتییەکی زۆر بەهێزی هەبوو، هەردەم نەرم بوو، زۆریش متمانەی بە خۆی هەبوو، کەسایەتییەکی کاریزما- charisma دڵبەری هەبوو.)

ئوسامە لە کاتی هەرزەکاریدا (یاریزانێکی باشی تۆپی پێ بوو. بەژنە بڵندەکەی خۆی بەزیرەکی لە تۆپێندا بەکار دەهێنا. یاریمان دەکرد ئینجا دەچووین فراڤینمان دەخوارد. هەموو کات بەشێوەیەکی موسڵمانانە مەزاقی خۆی دەکرد.

پرسیاری دەکرد کەی پێغەمبەر لە دایک بووە، یان دەیپرسی ئایا ئێمە چ لەبارەی شەریعەت دەزانین. ئێمەی دەکردە دوو تیم، پاشان ناوی تیمە براوەکەی ئاشکرا دەکرد. ئینجا کێکی دەدایە تیمە دۆڕاوەکەش.)

بەتارفی سەری لەوە سوڕمابوو کە ئوسامە هەندێ جار هیچ گاڵتەی نەدەزانی. بەتارفی گوتی: (لە ڕاستیدا ئەو لە هەموومان پتر بایەخی بە ژیان و بە ئەوە دەدا کە چ لە جیهانی ئیسلامی ڕوو دەدا و ڕۆڵی ئێمە لە ناو کۆمەڵدا دەبێ چ بێ. هەموو کات ڕەچاوی ئەوەی دەکرد کە لە بنەماڵەی بن لادنە، بەڵام هەرگیز ئەوەی بەدیار نەدەخست، گوێی بە سامانی بنەماڵەکەشی نەدەدا. باوەڕی وابوو کە هەموو موسڵمانان یەکسانن؛ بۆیە بە تەنیا لەگەڵ منداڵە هەبووەکان برادەرایەتی نەدەکرد. هەندێ لە برادەرەکانی زۆر نەدار بوون. ژنی زۆر هەژاریشی هێنان.) ئوسامە لەبارەی ئەوەی کە گەنجە بێ ڕێنوێنییە سعوودیەکان (بەرەو ڕێگەی خوار دەچوون، خەمی لە سێکس و حەشیشە و چوونە هەندەران بۆ کاری خراپە، دەخوارد. بەڵام گوێی لەوەی نەبوو ناچنە مزگەوت یان قسەی پیس دەکەن.)(١٩)

هەرچەند کەسایەتییەکی دیاری هەبوو، بەڵام هێشتا بە خۆی بە چەند کەسێکی خانەدانی سعوودی نهێنییەکی تێکدەریان هەبوو، برایانی موسڵمان The Mus-lim Brotherhood. ئەو برایانە پشتگیری چاکسازییەکی توندڕۆی ئیسلامی دەکەن. (اخوان المسلمین) لە ساڵی ١٩٢٨، لە میسر لەلایەنی حوسێن بەناوە وەک ئۆرگانێکی نهێنی، ڕێک خرا. هەموو توانای خۆی بۆ نەهێشتنی داگیرکاری ئینگلیس و کاریگەریی ڕۆژئاوا تەرخان کردبوو، کۆششی دەکرد تا چەرخی زێڕینی ئیسلام بژێنێتەوە، سیستەمی عیلمانی نەهێڵێ، دەوڵەتێکی ئیسلامی پێک بهێنێ کە باری خەلافەتی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە، وەک ئەوە سیستەمەی کە مستەفا کەمال ئەتاتورک لە ١٩٢٤دا بە لادانی دەوڵەتی عوسمانی، نەیهێشت. ئەوەی لە (اخوان المسلمین) سەرنجی ئەمەریکای سەردەمی شەڕی ساردی بۆ خۆی ڕاکێشا ئەوە بوو کە ئەوانە دژی سۆشیالیزم و دژی سۆڤیەتی بوون، درووشمێکی ئاسانیشیان هەبوو کە دەیگوت: (ئیسلام چارەسەری هەموو کێشەکان دەکا Is-lam is the resolution)

لە ساڵی ١٩٤٨ (اخوان المسلمین) تەنیا لە میسر نیو ملیۆن ئەندامی هەبوو،

ئەوە جگە لەوەی کە لە گەلێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشدا لقیان هەبوو. ئەم بزووتنەوەیە زۆر جاران بە لەباوەشگری هەموو بۆچوونە ئیسلامییە ڕادیکاڵییەکان و بزووتنەوە سیاسییەکانە (بەتایبەتی بۆ سونەکان، چونکە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ١٩٧٩ کەلێنێکی گەورەی بۆ شیعەکان پڕ کردەوە.) ئەلبەنا بە پێچەوانەی قانوونی میسری لە دژی پاشایەتی کاری کرد تا لە ساڵی ١٩٤٩دا، لە یەکێک لە شەقامەکانی قاهیرەی پایتەختی میسر درایە بەر گوللە و کوژرا.

جەمال عەبدولناسر و ئەنوەر سادات هەردووکیان لە ڕابردوودا پێوەندییان بە (اخوان المسلمین) هەبووە. لە سەرەتادا و لە دوای سەرکەوتنی کودەتایەکەی ئەفسەرە ئازادەکان Free Officers لە ساڵی ١٩٥٢، کە ڕژێمی پاشایەتی شا فاروقی لادا و سیستەمێکی نەتەوەپەرستی عەرەبی دامەزراند، ویستییان پێوەندی بە یاوەرانی ئەلبەنا بکەن. بەڵام (اخوان المسلمین) ویستیان جەمال عەبدولناسر بکوژن و سەرنەکەوتن. پیلانەکەی یەکەمیان لە ساڵی ١٩٥٤و هەوڵی دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٥٦دا دووبارە کردەوە، یاوەرەکانیان لە ساڵی ١٩٨٠ ئەنوەر ساداتیان کوشت. شایانی گوتنە کە ئەنوەر سادات، دوای مردنی عەبدولناسر و هاتنە سەر حوکمی لە ساڵی ١٩٧٠دا، چەندین لە ئەندامانی (اخوان المسلمین)ی لە زیندان ئازاد کردن. سەرکوتکارییەکی عەبدولناسر لە ١٩٥٠ کان و ١٩٦٠ەکاندا زۆر بێ بەزەییانە بوو. (اخوان المسلمین) قەدەغە کرا. زۆر لە ئەندامەکانی زیندانی کران، ئەشکەنجە دران، لە بەندیخانەی تەنیا لە بیاباندا زیندانی کران.

سەید قوتب، کە لە زەمانی ناسری، بۆ ماوەیەک وەزیری پەروەردە بوو، لە دوای نۆ ساڵ زیندانیکردنی دوای کودەتایەکەی ١٩٥٦، لە سێدارە درا. سەید قوتب کتێبی نیشانەکانی بە درێژاییی ڕێگە Signposts Along the Roadی لە ماوەی نۆ ساڵ زیندانییەکەی، نووسییەوە. ئەم کتێبە هەردەم ڕێبازی ئیسلامییە توندڕۆیەکانە. بنەمای سەرەکی بیرۆکەی کتێبەکە ئەوەیە کە شەرعییەتی جیهاد تەنیا بۆ بەرگریکردن لە خاکی ئیسلام لە دژی کافران نییە، بگرە جیهاد لە دژی ڕژێمەکانی وەک ئەوەی ناسریش، کە بە دژە ئیسلام دەناسرێن و بەشێکن لە جاهیلییەت واتا لە سەردەمی پێش ئیسلام. ئوسامە پاش چەندین ساڵ بەرانبەر بە ئال سعود سوودی لەم بیرۆکەیەی سید قگبی وەردەگرت.

ناســر هـەر لە ١٩٥٠کــانـەوە بە ئـاشکرا ڕەخنـەی لـە ئال ســعــود و پـارێزەرە ئەمـەریکاییــەکـانی دەگـرت. هـەروەهـا ویسـتی خـۆیشی بـۆ لادانی ڕژێمـەکـە نەشاردەوە. ئال سعود بە قایلبوونێکی نهێنی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، پارەیەکی بێ ئەندازەیان لە سـەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، خەرج دەکرد بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو پشـتیـوانییـە نەتەوەییـیـەی ناسـر لە ناو عـەرەبە نەتەوەپەرسـتـەکانـدا هـەیبـوو، دابمرکێننەوە؛ چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسـەتە نـەرمـەکـەی سـۆسـیـالیـزمی ناسری وەک ئەوەی یەکێتی سـۆڤیەت دەناساند. بەپێی ئەو بنەما سیاسـییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتـدا پـەیڕەو دەکـرێ کــە دەڵێ: دوژمنـی دوژمنم دۆسـتــمــە، عـەرەبسـتـانی سـعـوودی، هاوشـان لـەگـەڵ ئیـمـاراتە نەوتیـیـەکـانی کـەنداودا، پێشوازییان لە ئەندامانی (اخوان المسلمین) کرد. ئەوانیش لەوێ بوونە پیشەگەر و باری ئابووری خـۆیانیـان باش کـرد. ســەرکـەوتنیــان لە بواری دارایی ئەنجـامی گرینگی بۆ داهاتوو لـێ کـەوتەوە، بەو مـەبەسـتـەی کە چالاکیـیـەکانی خۆیانیان بەرفراوانتر کرد.

زۆر لە ئیـخـوانـەکـان بوونە مـامـۆسـتـا. بەمـەش کـاریگەرییـەکی زۆریان لەسـەر گەنجـەکانی سـعوودیە هـەبوو. لەوانەش ئوسـامـە، کە پێشتـر بیری بەرانبـەر جیـهان ئەوەندەی لـە خـۆ نەدەگـرت. ئەرکی ئیـخـوانەکـان لە هەمـوو شـتێک ناسکتـر بوو. ئەندامەکانی پەناهەندەی سیاسی بوون لـەو مەملەکەتە. بۆیە بەر لە مـردنی ناسری دەبوو ئاگـایان لە بەرپێی خـۆیان هەبێت. بەتایبـەتیش پاشی مـردنی کـە تەوژمی نەتەوەپەرستی کزبووەوە و ئەوان خۆشیان سوودیان بۆ ئال سعوودی نەما.

ئیـخوانەکان بـە خۆیانیش ویستیـان دەسکەوتی پتر بۆ خـۆیان پەیدا بکەن. بەڵام چونکە سـعـوودیە بە ڕواڵەت خـۆی وڵاتێکی ئیـسـلامی بوو، وەهابیـزمیـش بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی نەدەدا کە بیرۆکەیەکی تری غـەیری خۆی بێتە ناوجـەرگەی خاکی ئیـسـلامـەوە، بۆیە ئەو برایانە ڕێگەیان لەبەر داخرا. هەڵسوکەوت لەگەڵیـاندا باش بوو، بەڵام هەموو کات جێگەی گومان لێکردن بوون. لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا، برایان لە ناو قـەڵای خۆیان کە میسر بوو، خەسێندران. لە بنەوەڕا دەستـەیەکی توندڕۆتر لێیـان پەیدا بوو ناویان لە خـۆیان نا ئیـسـلامییـە جیـهادییـەکان، ئەوانە ئـاسـتی تەوژمەکـەیان بۆ لایەکی تر گۆڕا. ئوسـامە لە بن پەردەی ئەو برایانە و لـە ناو خاکی سعوودیەدا دەستی بەکار کرد، یەکێ لە برایەکانی جارانی گوتی: (ئوسامە بە پێی

بنەمـایەکـانی (اخـوان المسلمین) پەروەردە بوو، هـەروا مـایەوە تا لە نـاوەڕاست بۆ کۆتاییەکانی ١٩٨٠، بۆ ئەفغانستانێ چوو.)[٢٠]

ئوسـامە، لە زانکۆی شـا عەبدولعـەزیز دەیخوێند قوتابییەکی مـامناوەندی بەشی بەڕێوەبردنی پیشـەکان بوو. خـۆی نەیویست بچێ لە هـەندەران بخوێنێ تا دایکی لە جیددە بەجێ نەهێڵێ. لەو کاتی، کە کۆتاییی ١٩٧٠کان بوو، کابرایەکی فەلەستینی زۆر زانا و بە تـوانا لە قـایلکردنی گـوێگرەکـانی کـە ناوی عـەبدولا عـەزام بوو، لە ئەردەن تووشـی چەنـد گیـروگرفـتێک هـات. عـەبدولا عـەزام لـە ئەردەن وانەی فـقـهی ئیـسـلامی دەگـووەتەوە. وەک زۆر لە ئەنـدامـانی (اخـوان المسلمین) لە بارودۆخی هـاوشـێوەدا، ئوسـامە لە عـەربسـتـانی سعـوودی داڵدەی دا. ئەو کات لە زانکۆی شـا عـەبدولعـەزیز کـاری دەکرد. هـەینـێ کەس نـەیدەزانی کـە عـەزام دەرسـی بە ئوسـامـە گـوتـووە یان هـەر لە بنـەڕەتدا چـاوی پێی کـەوتووە. بەڵام زۆر لـە گـینە ئـەوەی کـە زاوایە جـەزایرییـەکەی عـەزام سوێندی لەسـەر دەخـوا ڕاست بێ کە عـەزام بەخـۆ و بەخـاووخـێـزانەوە لە جـیـدە ژیابن، بنەمـاڵەی بن لادنیش کـرێی خـانووی لێـیـان وەرنەگرتبێ.[٢١]

عـەزام بە هۆی ئەو تێـیپـانەی کە وتارە ئاینییـەکانی لەسـەر تۆمـار کرابوون، لە سـعـوودیە بـاش نـاسرابوو. ئەویش وەک برایە موسڵـمانەکانی فـەلەسـتینی، هـەمـوو کـات ڕەخنەی لە ڕێکخـراوی ئازادیی فـەلەسـتینی لە خـەبـاتی چەکدارانەی لە دژی ئیـسـرائیـل، دەگـرت؛ چونکە بزووتـنـەوەیەکی سـێکۆلار – عـیلمـانی- بـوو (هـەندێ جاریش پشـتیوانـی لە بزووتنەوەی حـەماس دەکرد.) پاشتر عـەزام چووە پاکسـتان، لەوێ لە زانکۆی ئیـسـلامی نێونەتەوەیی لە ئیـسـلام ئاباد، کە بـە پارەی سـعـوودیە بەڕێوە دەچێ، دەسـتی بەوانەگوتنەوە کرد. پاشـان بـەرەو ئەفغانسـتان شـۆڕ بووەوە. هـەردوو ڕێبازی عـەزام و ئوسامە ئەم جـارە لە ناوەڕاسـتی ١٩٨٠کاندا، لە پێشـاوەر باشـتر بە یەک گەیشـتنەوە و وێکڕا دەسـتیان بە جیهـادی ئەفغانی کرد.

ئوسـامـە لەبـەر تەمبـەڵی نەبـوو کـە لە خـوێندنی زانکۆدا خـراپ بوو و نەیتـوانی دەربچێ. هـاوڕێیـە هـەرزەکـارەکانی دەگێڕنەوە کە ئوسـامـە بە مەبـەسـتی ئەوەی کە پتـر بۆ کۆمـپانیـاکـەیان ئیش بکات، هـەموو کـات خـوێندنەکـەی پشـتگوێ دەخـست. کۆمـپانیای بن لادن ڕێگەیەکی لە نێوان مزگەوتی گـەورەی مەکە دروست دەکرد کە

پرۆژەیەکی زەبەلاح بوو، هەر دوو شـوێنی پیـرۆزی بەیەکـەوە دەبەسـتـاوە و ئەم پرۆژەیە هێشتا سامانی بنەماڵەکەی زۆرتر دەکرد. پرۆژەی ڕێگایەکە ئاڵۆز بوو؛ چونکە بە ناو گەڕەکێکی پڕ دانیشتواندا ڕەت دەبوو. زۆر لە خانووەکان دەبوو بڕووخابان، نەشدەبوو دینامایت بۆ تەقاندنەوەی خانووەکان بەکار بێت. وەلید خوتیب، کە ئەندازیارێکی فەلەستینییە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (ئێمە دەبوو سەعات ۳۰:٥ی بەیانیان دەست بەکار بکەین. هەموو ڕۆژ ئوسامە پێشی من لەوێ بوو. کابرایەکی زۆر ئیشکەر بوو. پێوەندیی باشی لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی میریدا هەبوو. گرفتەکانیشی هەموو کات بچووک دەکردەوە.) پێوەندیی ئوسامە هەموو کات لەگەڵ ئەو ئەمێرکی و ئەوروپییانەی کە لە پرۆژەکانیدا کاریان دەکرد، پێوەندییەکی باش بوو. بە ئینگلیسییەکی زۆر ڕەوانیش قسەی لەگەڵیان دەکرد. ئەندازیارەکە گوتی: (ئێمە زۆر جاران تەنیا بە یەکەوە دەبووین، دەتوانی دژایەتیکردنی ئەمەریکا لەلای من ئاشکرا بکات. ئوسامە دەیزانی من ئەندامێکی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینیم.) کە ڕێکخراوێکی دژە ئەمەریکایی – مارکسی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک ئەوەی فەلەستینییەکە دەڵێ لەگەڵ یەکتری زۆر ئاشنا بوون. ئوسامە (لە باوکی خۆی دەپرسی زۆریشی لەلا خۆشبوو کە چیرۆکەکانیمان بۆی دەگێڕایەوە.) ئوسامە بە ئاستەم باوکی خۆی دەناسی[٢٢].

لەو کاتەی کە ویستی کەسایەتییەکی جیهانی بۆ خۆی پێک بهێنێ، ئوسامە ویستی پابەندی کێشەی ئەفغان بێت. ئوسامە بە ڕۆژنامەنووسێکی بەریتانی گوت: (کە داگیرکردنی ئەفغانستان دەستی پێ کرد، من زۆر تووڕەبووم؛ یەکسەر چوومە ئەوێ. چەند ڕۆژێک بەر لە کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٧٩، من گەیشتمە ئەوێ.)[٢٣] ئەو بە پێ چوونە ئەوێ زۆر بەپەلە بووە؛ چونکە یەکەم سەربازانی سۆڤیەتی لە ٢٧ دیسێمبەر کەوتنە داوی دە ساڵەی بەدبەختی خۆیانەوە. ئەو سەفەرە سەرەتاییە زوو کۆتایی هات. مرازی ڕاستەقینەی ئوسامە، هەرچەندە کە بە ئاشکرا باسی لێوە نەکراوە، لە شوێنێکی تردا بۆی وەدی دێ.

هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٧٩ بۆ ئەو کـارێکی نارێک بوو؛ چونکە ئەو سـاڵە بۆ موسڵمانان و بۆ پێوەندیشیان لەگەڵ سەرتاسەری جیهاندا، ساڵێکی هەرە گرینگ بوو. ساڵەکە بەوە دەستی پێ کرد کە ئایەتوڵا ڕوحوڵا خومەینی لە مەنفا زۆرخایەنەکەی لە عێراق گەڕاوە بۆ ئێرانی دراوسێ و حەمەڕەزا شای پەهلەوی لێ

خست. شۆڕشـەکـەی ئێران هەندە توند بوو نـەک هـەر تەنیا شـیـعـە مـەزهـەبەکان، بگرە سـونەکـانیشـی بە جۆش خست. لە ٢٠ی نۆڤێمـبەر و چەند ڕۆژێک بەر لەوەی سـۆڤـیـەت ئەفـغـانسـتـان داگیـر بکەن، چەند سـەد کەسێک کـە هـەر لە سـعـوودیە پەروەردە بووبوون، مزگەوتـی گەورەیان لە مـەکە داگیر کـرد. پاگەندەی ناو شـار وا بوو، کـە یەکـێک لـە برایـەکـانی بن لادن بـە لۆری کـۆمـپـانیـاکـەی توندڕۆیە پیلانگێڕەکانی بۆ ناو کەعبە دزە پێ کرد بوو.

بە فیتـی شۆڕشەکەی خومـەینی کە توانی شـای ئێران لەسـەر عەرش لادا، ئەوانە دەستیان بە ڕەخنەگرتن لە ئال سـعود کرد، بەوەی کـە ئەوان حەزیان لە بادەنۆشین هەیە و لە شـوێنەکـانی ڕابواردنی ڕۆژئـاواییـدا ڕاهاتوون و بەرانبـەر بـە دەست تێوەردانی ڕۆژئاوا لە کـاروباری وڵاتیـان نەرمی دەنـوێنن. پاش یازدە ڕۆژ، ئەوان بە ملشـۆڕی لەلایەنی پۆلیسەوە دەسـتگیر کران. ئەو دواخسـتنـە نیگەرانییـەکی زۆری لەوە پەیدا کـرد کـە دەسـەڵاتداران بۆ ڕێکخـستنـی مـاڵی سـعـوودیەکـان، پشت بە ڕۆژئاوا دەبەسـتن. کـەچی شـەرعـیـیـەتی ئەوان بە زۆری لەسـەر بنـەمـای پاراسـتنی پێرۆزترین شوێنی موسـڵمـانانی سونە دروست بـووە (تا ئەو رادەیەی کە شـا فەهد نازناوی خـۆی کردە – خـزمـەتچی هـەر دوو حەرەمـە پیرۆزەکـانی مـەکـە و مـەدینـە). ئاشکرا بوو کە ئەو پەلامارە دەستی ئیسلامییە توندڕۆیەکانی تێدا بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، خۆ ئەوەی ئوسامەی فەوتاند نەئەفغانستان، نەمزگەوتی گەورە، نەپشـتـیـوانیکردنی کێـشـەی عـەرەبان لە فـەلەسـتین، بوو. بەڵکو ئەوەی ئـوسـامـەی لەگـەڵ خـۆیدا ڕامـاڵی ئەو هەڵـمـەتە تیرۆرە نەپسـاوەی (اخوان المسلمین) بوو، کە پێشـتر وەختبوو ڕژێمی عەلەوییەکان لە سوریا بڕووخێنێ. قووتابیـانی سـەربازی، بەرپرسـانی مـیـری، سـەربازان لە کـاتی پشـوودانیـان، دەزگـاکـانی سـوپا و پۆلیس، کـارمـەندە شـارەزایەکـانی عـەلەوییـەکان، هـەموویان خـزێنرانـە نێو یارییـەکـەوە. (ڕژێمی بەعس لە سوریا بە ئاڵۆزییـەکەوە گەشەی کرد و ئەو تەکنیکە دژە تیرۆرەی ئێسـتـا بەکار دێ، کە بریتـیـە لەو گوڵدانە کۆنکریتـیـە زەبەلاحـانەی لە لێـواری شـەقامـەکاندا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی تەقینەوە تیرۆریسـتـیـەکان دانراون، ئەوان پێشەنگی بەکارهێنانیان بوون.)

بەرەنگاربوونەوەی تونـدی و تیـژی ئیـسـلامی لـە ١٩٧٦دا دەسـتی پێ کـرد و لە

سالانی١٩٧٩وه بۆ ١٩٨٢، پتر پەرەی سەند. هەموویان زۆر بە نەهامەتییەوە کۆتاییان هات. لە شوبات و ئاداری ١٩٨٢دا، سەرۆک حافز ئەسەد و ڕیفعەتی برای، کە زۆر دڵڕەق بوو، لە شاری حەمای سونە مەزهەبدا، (اخوان المسلمین)یان لە بن هێنا. بە تەنیا لەوێ نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەس کوژران کە زۆربەیان سڤیلی بێ تاوان بوون. زۆربەی پاشماوە مێژووییەکانی ئەو شارە خاپوور کرا. ئەو توندوتیژییەی لە حەما کرا، لە سنووری هەموو توندوتیژییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕەت دا، هەرچەندە کە ئەو ناوچەیە ناوبانگی لەم کارەساتانەدا هەیە.

لقی (اخوان المسلمین)ی سوریا لە دوای ئەو لێدانە کوشندەیە، هەرگیز ڕاست نەبووەتەوە. بەڵام لە شوێنی تردا، نەوەی توندوتیژتر پەیدا بوون. لەو شەڕە لە بیرکراوەدا، ئەردەن بووە بنکەی دواوەی جەنگاوەران. ئەوانەش کە پارەیان دەدانێ، سعوودیەکان، بازرگانە دەوڵەمەندە سورییەکان کە لە ئەردەن و شوێنەکانی تری کەنداو دادەنیشتن، ئەندامانی (اخوان المسلمین) لە ئەڵمانیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بوون. پێشتر وڵاتە یەکگرتووەکان کاری لە ئیخوانەکان کردبوو. ریفعەت ئەسەدیش کە لە بواری سیخوڕی شارەزایی هەبوو، یەکسەر بە ئاشکرا واشنتنی بە هاریکاری و هاندانی ئیخوانەکان گومانبار کرد. لایەنەکانی تر گەورە شەڕئەنگێزە کریستیانەکانی لوبنان و حیزبی بەعسی نەیار لە عێراق بەوە گومانبار کران کە ئیسلامییەکانیان بە قاچاغ بۆ ناو سوریا پەڕاندووەتەوە[٢٤].

ئەو کات نەزاندرا کە ئوسامەی تەمەن نزیکەی بیست ساڵان، بیری لە چ دەکردەوە. دەروونناسان بۆچوونیان وایە کە ئوسامە بە گەورەیی، لە ناخ کەسایەتی خۆیدا، کەوتووەتە نێو جۆرە مشتومڕێک لەگەڵ باوکە بەهێزەکەی کە ئەوی پشتگوێ خستبوو (یان هەر بۆ ئەوە بووە کە بە برایە لە خۆ گەورەترەکانی بڵێ بزانن من چیم پێ دەکرێ! کە وابوو دەبێ شوێن بۆ ئەویش بکەنەوە.) بەڵام بەر لە گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی، (اخوان المسلمین)ەکان نەیانتوانی عەلەوییەکان لەسەر حوکم لادەن. دایکی ئوسامە خۆی لەسەر مەزهەبی عەلەوییەکان بوو. ئەگەر ئوسامە مەزهەبی بە ململانێی بەرژەوەندییەکان conflict of interest بناسیبا، ئەوا هەرگیز بە ئاشکرا باسی مەزهەبی دایکی خۆی نەدەکرد. لەوەش بترازێ هیچ وەڵامێکی ڕوونی تر بە خەیاڵدا نایێت.

کەسێک کە باوەڕی وەک ئەوی پیرێژنان بێتو باوەڕی ڕاستەقینەی هەبێت، ڕەنگە وەک ئوسامە مکوڕ بێ لەسەر ئەوەی کە کۆششکردنی ئیخوانولموسلمینەکان بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سونە لە سوریا، کارێکی ڕەوا بێت. بێگومان ڕژێمی سەرۆک ئەسەد دوژمنەکە بوو. زۆر خراپ بوو کە سوریا لەلایەنی ڕژێمێکی عەلەوییەوە بەڕێوە بچێ. ڕەنگە بۆ ئەوەی خۆی بەتەواوەتی قایل بکا، مەزهەبەکەی دایکی لە بیری خۆی بردبێتەوە. بەلام ئەوەی کە نەیتوانی لەبیرە خۆی بباتەوە ئەوەیە کە ئەو بەعسەی لەلایەنی عەلەوییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە و حوکمی سوریا دەکا، ئەو حزبە عیلمانییە و ئەمەش هەرگیز ناکرێ پشت گوێ بخرێ.

هەرچەندە ئوسامە هێشتا هەر گەنج بوو، بەلام ڕۆڵی تەواوی لەو شەڕەی لە دژی ئەسەدی کرا هێشتاکە ڕوون نەبووەتەوە. ئەگەرچی ئەوانەی ئاگەدارن مکوڕن لەسەر ئەوەی کە ئوسامە بە پارەی خۆی و بە پارە کۆکردنەوە بۆیان بەشداری شەڕەکەی کردووە. سعوودیە وەکو دەفتەری چێک بوو بۆ هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی لەم جۆرە، ئەگەر لە دەرەوەی سنووری ولاتەکەی خۆی بێ. پێویست بوو ئوسامە بەشە وشکە پارەی liquid share خۆی لە کۆمپانیاکانی باوکی دیار بخات کە بە میرات بۆی مابووەوە (جارێکیان حکوومەتی ولاتە یەکگرتووەکان سامانی ئوسامەی بە ۳۰۰$ ملیۆن دۆلار و هی یەسلمی زڕبراشی بە ۳۰$ ملیۆن دۆلار خەملاند.)[٢٥]

ئوسامە بە خۆ بەو هەموو مێژووە لێڵە توندڕۆیی ئیسلامییەوە بۆ ئەفغانستان چوو. ئال سعوودیش بە تەواوەتی پشتیوانی بوون، چونکە ئەمە نیشانەی بەختەوەری بوو بۆیان کە ئوسامەیان لێ دوور بکەوێتەوە. ئایا دەیانزانی ئوسامە چ ئەجیندەیەکی توندڕۆیی پەیڕەو دەکا؟ بە پێچەوانەوە، ڕەنگە وایان مەزەندە کردبێ کە هزربلاوی هاوکات لەگەڵ ڕەگی دوور لە وەهابیزم و پێوەندیی بە(اخوان المسلمین)ەکان، کاری لێ شێواندبێ.

لە ڕاستیدا، تاکە شتێک کە هەموو ئەوانەی پێش چوونی بۆ ئەفغانستان و پاشتریش دەیانناسی، لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئوسامە هەرگیز بۆ سەرکردایەتی ناشێ. ئەندازیارە فەلەستینییەکەی کە ئوسامەی خۆش دەویست

گـوتی کـه ئوسـامـه هێنده توند نیـیه بۆ ئـەوەی ببێـتـه سـەرکـردەیەک؛ هـەر خـۆی گێڕایەوە و گوتی: (کاتێک کە من لەسـەر ئیش بە توندی قسـەم لەگەڵیدا دەکرد، ئوسـامـه بە نارەحـەتییـەکەوە سـەری خـۆی شـۆڕ دەکرد و زەردەخـەنەیەکی دەهێنا خـۆی.) زۆر کـەس لەوانەی کـە دەیانناسـی مـەزەندەیان دەکـرد کە ئوسـامـە هـەندە زیرەک نیـیـە تا ئەوەندە ببـەزی؛ کـابرایەک کـە ئوسـامـەی لە منداڵیـیـەوە دەناسـی گوتی: (کابرایەکە لە سەرەوەی مامناوەندی دایە، نەک لە خوارەوەی، لە ڕاستیدا لە ناوەڕاستە.)

نە بەعـەرەبی ڕەوان قسـەکردن و نە بەفـەتوا پڕ گومـانەکانی بە کوشتنی هـەمـوو ئەمـەریکاییـیـەک، ئوسـامـە نەیتـوانیوە سـۆزی زانـاکـانی مـوسـڵمـانـان، بەتایبـەتیش ئەوانەی کە لە قورئان شارەزانە، بۆ خۆی ڕابکێشێ. ئەو دەیویست پلە بەپلە سوود لەمانە وەربگرێ. بەڵام لە ڕاسـتیدا، زمانی قسـەکردنی لەگەڵ موسڵمانان، زمانێکە سـادەیە و پێوەندییـەکی کـەمی بەو زانینە بەلاغییـەوە هـەیە کە زانایانی مزگـەوتی ئەزهـەری مـیـسـر و مـزگـەوتەکـانی تری سـونەکـان، فـێری بـووینە، ئوسـامـە بەو زمـانەیەوە و لە ڕێی ئامـاژەکردنی بۆ ئایـەتەکانی قـورئان، توانیـویەتی تەنیـا لەگەڵ مـوسـڵـمـانە سـادەکـان بئـاخـێـوێ؛ بۆیەش بە ئاسـانی کـاریان تێ دەکا؛ چونکە زمانەکەی سادەیە.

جـەنەراڵ حـەمـید گـوڵ، بەڕێوەبەری دەزگـای ئاسـایشی پـاکسـتـانی کـە چەکی دەگەیاندە جـەنگاوەرە ئەفـغـانییـەکانی کە لە لە کۆتاییی ١٩٨٠کانـدا دژی سـوپای سـوور شـەڕیان دەکرد، دوای بۆردومـانی باڵیـۆزخـانەکـانی ئـەفریقیـای ڕۆژهـەڵات، گـاڵتـەی بە مکوڕبوونی ئەمـەریکاییـیـەکان دەهـات سـەبارەت بە بەرپرسـیـاریەتی ئوسـامە لە بۆردومانەکە و لە ١٩٩٩دا بە فیزەوە پێی گوتم: (من ئوسـامـە دەناسـم! ئەوەی ئێـوە دەیڵـێن، ئـەو نەیکردووە.) بەڵام هـەینێ جـەنەراڵـی خـانەنشـین، بوو بە ئیسـلامییـەک کە هـەر ئاگری بە دەمـەوە بوو. ئەو نکووڵی لێکردنەشی، وەک زۆربەی قسـەکانی تری کە کردی، هـەمووی جێگەی ئەوە بوون کە پیاو لێیان وریا بێت.

باشترین بۆ چـوون ئەوە بوو کە میر بەندەر، باڵیۆزی سـعوودیە لە واشنتن، دەری بڕی. لە دوای ١١ی سـێپـتێمبـەر، شازادە بەندەر ڕۆژانـی یەک هـەڵوێستی جیـهـانی بەرانبـەر بە داگیرکـردنی ئەفغـانسـتـان لەلایەن سـۆڤیـەتەوە لە ١٩٨٠کانی، بە بیر

هێنایەوە. گـوتی: (ئوسـامـه هات پێی گـوتم: سـوپاس، سـوپاس، چونکه ئەمـەریکاییـیەکـانتـان هێنا تـا یارمـەتیـمـان بدەن.) مـیـر بەندەر لـه درێژەی قسـه گـێـڕانەوەکـەیدا گـوتی:- (من هەینێ، وا بـه خـەیاڵم داهات کـه ناتوانێ هـەشت مراویان له شەقامێک بپەڕێنێتەوە.)[٢٦] تەنیا بەندەر بـه تەنێ بۆچوونی بەو شێوەیه نەبوو.

## ئەفغانستان..

## موسڵمانانی هێنایە هەژان و کۆتاییی شەڕی سارد

چ شتێ بۆ مێژووی جیهان لە هەمووان پڕ بایەخترە؟ تاڵیبان یان ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی، هەندێ موسڵمانی دەمارگرژ یان ئازادکردنی ئەورووپا و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد؟

– زبگنییێڤ بریژێنسکی، Nouvel Observateurی، ١٥– ٢١ی جەنیوەری ١٩٩٨.

ئێمە ئەفغانستانمان خۆشویست – ئەو لە چەرخەکانی ناڤیندا نەبوو – بگرە بە سادەییەکەوە لاوێتی ئێمە بوو. ئێمە لە ئەفغانستان لاوێتی جیهان و جەوهەری قەدەری مرۆڤمان لەسەر ئەم زەوییە بۆ ئاشکرا بوو.

– ئەکادیمی ئەمەریکایی مایکڵ باری، ٢٠٠١

چونکە من درەنگ بەسەر شەڕە سۆڤیەتییەکەی ئەفغان داهاتم و نکوڵیشم لەو ئەرکە کرد کە نووسەری کاروباری بیانی پێی سپاردم، بۆیە لێم تووڕە بوو. پەیامنێرە بیانییەکانیش ئەگەر بڵێن نا، هیچیان پێ نادرێ. بە ڕاستی من ئەو (نا)یەم هەر بۆ لاملیکردن نەبوو. چونکە هەموو بژێوی ژیانم بە چوونە ئەو جێیانەوە پێوەست بوو کە هەڤاڵەکانم نەیاندەویست بچنێ. ئەرەکەکە ژیرانە بوو. لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨، کە شەڕی ئەفغانستان لە نۆیەمین ساڵیدا بوو، دانوستان لە جنێڤ بە مەبستی ڕاگرتنی شەڕەکە، گەیشتبووە دوا قۆناغی. کرێملین بە ئاشکرا دەیویست لێی دەرچێتە دەرەوە. بەرپرسەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو ڕاستییەیان دەزانی کە ئەگەر سوپای سۆڤیەتی بکشێتەوە، ڕژێمی کارتۆنی نەجیبوڵا لە دوای سۆڤیەتییەکان دەڕووخێ. ڕەنگە ڕووخانەکەشی زۆر لەوەی حکوومەتی ڤێتنامی باشوور خێراتر بێ، دوای ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەشکری خۆی کشاندەوە و سایگۆنی لە ١٩٧٣دا، بۆ چارەنووسی خۆی بەجێ

هێشت. ئەمەریکا هەر لە چوارچێوەی گورزی ئەو دۆڕاندنەی کە لە ڤێتنام پێی کەوتبوو، تەماشای ئەفغانستانێی دەکرد. واشنتن پۆست the Washington Post گومانی خۆی و منیش گومانی خۆمم هەبوو. جا ئەرکی من ئەوە بوو کە بزانم چ لە گۆڕێدا هەبوو.

پێشتر من قایل نەبووم بچمە ئەفغانستانێ، چونکە دوو کەسی شارەزا هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە لەوێ کاریان دەکرد، یەکەمیان هاوڕێیە گەنجە ئەمەریکاییە سویسرییەکەم، ئێدەوەرد جێراردز، بوو ئەوی تریش هەڤاڵێکی بەریتانی ئەو بوو کە ناوی پیتەر جوڤێناڵ بوو. من تەمەنم گەیشتبووە پەنجا. لەمێژ بوو گەیشتبوومە ئەو ئەنجامە کە ژیانی من ئەوەندەی بە سەرەوە نەماوە تاکو بچم ئەو جۆرە ئەرکانە ڕاپەڕێنم. کە گەیشتە بابەتی ئەوەی بچم ململانێیەکان ڕاپۆرت بکەم، چووم متمانەم بەو پەیامنێرانە کرد کە دەیانزانی سەری گوریسەکەی لە کوێیە. من خۆم پێشتر ئەو جۆرە یارمەتییەی ئەو پەیامنێرە نوێیانەم دەدا کە دەهاتن بۆ ئەوەی ئەو مەیدانانەی شەڕ دابپۆشن کە من شارەزاییم لێیان هەبوو. یەک حەفتە، کەمتر یا زیاتر، بەر لەوەی کە لە نیسانی ١٩٨٨دا بگەمە ئەوێ، جیرارد و جوڤێناڵ هەردووکیان بە توندی ڕووبەڕوو(وەهابییەکان)، بووبوونەوە. ئەوکات بە هەموو عارەبە ڤۆڵەنتیرەکان دەگوترا (وەهابی). ناوە ناوە ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکان، لە ئەفغانستاندا دەکوژران. ئەوانەی کە دەیانکوشتن تەنیا کۆمیونیستەکان نەبوون. جیرارد بۆی گێڕامەوە کە بە خۆی و بە جوڤێناڵی هاوڕێی لە شەڕێکی زۆر ناخۆشدا ڕزگاریان بووبوو. بۆیە نەیاندەویست نە جارێکی تر دووچاری ئەم جۆرە ئەزموونە ببنەوە و نە دووبارە بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. چیرۆکەکەیان بۆ من باش بوو، بەڵام دڵنیا بووم کە بە دڵی سەرنووسەرەکەم نەبوو.

بە ڕاستی من سەرم لە (وەهابییەکان) سوڕمابوو. هەر چەندە من هێندەم لەبارەی بابەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسی بوو کە بزانم وەهابییەکانی عەرەبسانی سعوودی چنە، بەڵام من هیچم لەبارەی وەهابییەکانی ئەفغانستان نەبیستبوو. لە ڕاستیدا، گەورە بڵاوکراوەکانی ڕۆژئاوا، تازە دەستیان پێ کردبوو کە لە نزیکەوەڕا تەماشای گوڵبودین حیکمەتیار بکەن و لە هۆی ئەم هەموو یارمەتییە زۆرەی کە ڕۆژئاوا پێشکێشی سەرانی موجاهیدەکانی دەکرد، پرسیار بکەن. ئەندازیار گوڵبودین، وەک خۆی ناوی لە خۆی نابوو، یەکێک بوو لەو حەوت

سەرکردە موجاهیدانەی کە بە فەرمی ناسرابوون. بەڵام ئەوەندە دژە – ئەمەریکا بوو کە وەڵامی بانگێشتەکەی سەرۆک رۆناڵد رێیگنی نەدایەوە و نەچووە کۆشکی سپی بۆ ئەوەی سەرۆک وەک ئەوانی تر ناوی لێ بنێ (جەنگاوەرانی ئازادی.)

ئەم جۆرە هەڵوێستە ئەنتیکەیە، لەو سەردەمی، ئەگەری لێبووردنی هەبوو، بەتایبەتیش بۆ کابرایەکی وەکو حیکمەتیار، کە لە زۆر لە جەنگاوەرەکان نەبەردتر بوو. لە هەموو جەنگاوەرەکان زۆرتر سەربازانی سۆڤیەتی کوشت بوو؛ بۆیە نەیویست ناوی خۆی بەوە لەکەدار بکا کە لە بەرانبەر بیانییەک دابێتەوە، جا با ئەو بیانییە سەرۆکی وڵاتە یەککرتووەکانیش بێت. حیکمەتیار بەرخە دابەستی پاشای شەڕی پاکستان بوو، نیوەی هەموو ئەو چەکانەی بۆ ئەفغانستان دەچوو تەسلیمی دەستی ئەو دەکرا، هەر خۆشی لە کوشتنی چەندین پەیامنێری رۆژئاوایی و کارمەندانی فریاکەوتن بەرپرس بوو. ئەویش (جەنگاوەرانی ئازادی) ئەفغانی لە سەربازانی سۆڤیەتی و سوپای حکوومەتیش پتر کوشت بوو[1].

ئەوەی کە جیرارد و جوڤێناڵ لەبارەی (وەهابییان) بۆیان گێڕامەوە، لەرزی دەهێنا بەر مرۆڤ. لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا، ڤۆلەنتیرە عەرەبەکان بریاریان دا کە ئاژانسە مرۆییە رۆژئاواییەکان نەهێڵن؛ لە شوێن ئەوان کارمەندە ئیسلامییەکانی خۆیان دابمەزرێنن. کارمەندەکانی فریاکەوتنی سەردەمی دەستپێکی شەڕەکە لە هەموو کونج و کۆڵانەکانی ئەفغانستان، شارەزا بووبوون؛ زۆر جاران ژیانیان لەلایەنی سۆڤیەتییەکان و هاوپەیمانە ئەفغانییەکانیشەوە تووشی مەترسی هاتبوو. هەر چەندە کە زۆربەی ئافرەتە دوکتۆر و سستەرەکان لە (ژووری ئیشیان دەکرد) بەڵام هێشتا (وەهابییەکان) هەڕەشەیان بەتایبەتی لەوان دەکرد. بیانووەکەشیان بۆ ئەمە زۆر سادە بوو، دەیانگوت: ئەفغانستان دەوڵەتێکی ئیسلامییە؛ بۆیە دەبێ تەنیا ئیسلامەکان یارمەتی بدەن، نەک کافرەکان. ئامێری بنەڕەتییان پارەی کاش بوو، پارەیان زۆر زۆر هەبوو، هەندێ جاران ١٠٠$ دۆلاری وایان هەبوو کە هێشتا دەقی نەشکا بوو. لەوەش زۆرتر پارەی ئەفغانستانیان هەبوو کە پێی دەگوترێ – ئەفغانی.

کارمەندێکی یارمەتییە رۆژئاواییەکان گوتی: (ئێمە پێمان نەکرا پێشبڕکێیان لەگەڵدا بکەین.) پاش چەند ساڵێک سەرکردەیەکی رووڕەشی موجاهیدەکان کە بە

پەناهـەندەیی لە پاریس دەژیا، بۆی گێـڕامـەوە کـە (وەهابییـەکـان)ی لە کـەنداوڕا هاتبـوون، پارەیەکی گەلێک زۆریان پێی دابـوو، بۆ ئەوەی پێوەندیی دیرینی خـۆی بە ئاژانسـێکی یارمـەتی ڕۆژئاوایی ببـڕێ و کـارمـەندەکـانیـشی بەوە قـایل بکات تاقیگەکەیان دابخـەن و چیی تر دەرمـانی تێدا نەگرنەوە و وێستگەکانیشیـان کە خـواردنیان تێدا بە دانیشتوان دەدا، لە دەرەنگی شـەوێ دابخەن و بڕۆن. ئەو تەنیا سـەرکردەی موجاهیدەکان نەبوو کە ئەم چەشنە کارانەیان کردبوو. هێشتا زۆربەی ئەفغانییـەکان وەکو ئەو وەهابییانـەیان نەدەکرد کە وەک پێویست ڕێزی ڤۆلەنتیرە بیـانییـەکانیـان نەگرن؛ خـراپتـرین (وەهـابی)یەکـانیش ئەوانـە بوون کـە لە خـاکی قـورئانی پیـرۆزەوەڕا هـاتبـوون و بەو شـێـوەزارە ڕەوانەکـەی قـورئانیش قـسـەیان دەکرد. ئـەوان پەیڕەوی مـەزهـەبێکی ئیـسـلامیـیـان دەکـرد کـە هـەرگـیـز لێـبـووردن نازانێ. (وەهابییەکان) هـەر زوو ویستیان هـەرچی ئیسلامەتی ساختە هەیە مۆرکی خۆیانی پێوەنێن: هـەر نەریتێکی موسڵمانە ئەفغانییەکان خـۆشیان دەویست، وەک شـایی، گۆرانی، دەروێشـایەتی پیـرەکان، ئاڵا هـەڵدان لـەسـەر گـۆڕەکـان کـە زۆر بە جوانی لەگەڵ شنەی با دەشەکانەوە، ئەوانەیان هـەموو لێیان حەرام کرد.

من بـۆیە وشـەی (وەهـابییـەکـان)م خـسـتـووەتـە ناو کـەوانـەوە؛ چونکە بـووەتە هێـمـایەکی کورتکراوە بۆ زاراوەی گەندەڵی. سـۆڤـیـەتیـیـەکان، لە پاش ئەوانیش ڕووسـیـیـەکـان، هـەر مـوسـڵـمـانێک کـە چەکی بەرانبـەریان هـەڵبگرتایە، ئەوە بە (وەهـابی)یان لە قـەڵەم دەدا. کـەچی بـۆ سـعوودیەکان واتـای مـەزهـەبێکی ئیـسـلامی تایبـەت بە خـۆیـان بوو، کـە لـە سـەلەفـیـیـەکـانی سێ نەوە پاکـەکـەی سـەرەتای پەیدابـوونی ئیـسـلامـەوە بۆیان مـاوەتەوە. بەڵام (وەهـابی) لە ئەفـغـانسـتـان و لە پاکسـتـاندا، کـۆڕپەی تێکەڵەیەکی پارەی سـعـوودی لەگـەڵ پارەی وڵاتەکـانی تری کـەنداو بـوو کە بە مـەبـەستی بە وەهابیکردنی خـەڵکەکە بۆ ئەوێ دەهات. بەمـە لە هیندسـتـان و لە پاکسـتـاندا زۆر لـە کـەمـینـە مـوسـڵـمـانەکـانی دیۆباندیزم De-obandism دەچوون، (خـەڵکی شـاری دیۆباندی هیـندسـتـانن، مـەزهەبەکـەیان لە سـەدەی نۆزدەمیندا پەیدا بوو.) دیۆباندیزم لە ئەنجامی کۆششی موسڵمانەکانی ناو ڕاجی بەریتـانی British Raj پەیدا بـوو و ویسـتـیـان لە بن حـوکمـی بیـانیـیـە کافرەکان، بەرگری لە خۆیان بکەن. کاتێکیش کە پاکستان لەسـەر کاولەکانی ڕاج

Raj، له ساڵی ١٩٤٧دا دروست بوو، بزووتنەوەکە بە پشتیوانی لێکردنی میری، لە ساڵەکانی شەڕی ئەفغانی، دەستی بە چالاکی بەردەوام کرد و هێدی هێدی وەک جادوو گۆڕا و بووە بزووتنەوەیەکی چەکداری جیهادی. بەڵام دیۆبادیزم هەر لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆششی پاکستان مایەوە و ڕێبازی گشتی بارێلڤی Ba-relviئیسلامی نەرمڕۆی پەیڕەو نەکرد. هەرچەندە لەمیانی بانگێشتەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی پاکستان زۆر خۆپێشاندان و هارەهاریان کرد، بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٢ هیچ شتێکی باشیان لەو هەڵبژاردنانە بە دەست نەکەوت.

هەرچەندە (وهابییەکان) – (ئەفغانە عارەبەکان) – بە هەموو توانایانەوە هەراسانی کارمەندە ڕۆژئاواییەکانی فریاگوزارییان دەکرد، بەڵام هەرگیز بە هێزی شەڕکەری سەرەکی لە بەرانبەر هێزە داگیرکەرەکەی سۆڤیەتی، نەناسران. هیچ کام لە گەمەزانە سەرەکییەکانی ئەفغانستان چا ئەمەریکاییەکان بن، پاکستانییەکان بن، ئەفغانستانییەکان بن، ڕووسییەکان بن، یان بە ڕاستی عەرەبەکان بە خۆیانیش بن هیچیان بایەخیان لە هێزێکی لاوەکی پتر بە ڤۆلەنتیرە موسڵمانەکانیان نەدا. زۆر لە دەزگا سیخوڕییە جیاوازەکانی دوور لە مەیدانەکەش، وەک دەزگاکانی جەزایر و تونس و مەغریب و میسر بە شێوەیەکی نارێک ئەوانیان خستبووە بەر چاودێری خۆیانەوە. واتا ڤۆلەنتیرەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پشتگوێ خرابوون. خۆیان لەگەڵ توندڕۆترین لایەنی ئەفغانی گرێ دابوو، لەوەش گازاندەیان لێ ناکرێ، چونکە دەیانویست کە شوێنێکی حەوانەوەیان بۆ خۆیان هەبێ. بوونی ئەم هەموو عارەب و موسڵمانە شەڕکەرانە لەوێ، ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزییەکانی شەڕێکی نامۆ بوو.

ئەوانەی کە لە کاتی شەڕدا، بە هاوپەیمان دەناسران، چەند لایەنێکی لەیەکتر جودا بوون؛ هەریەکێکیشیان ئەجیندەیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆیە وا پێ نەدەچوو هیچیان بییەوێ تا کۆتایی شەڕەکە لە ناو ئەو هاوپەیمانییەدا بمێنێتەوە. ئەو شێوەیەی کە هاوپەیمانەکانی پێ کۆ کرابووەوە، زۆر ئەگەری لێک ترازانی هەبوو و بووە هۆی پەیدابوونی دیاردەی (پاشگەزبوونەوە blowback.) ڕەخنەگران لە بیرۆکەی پاشگەزبوونەوە، لەم ساڵانەی دواییدا، دەیانگوت کە ئەمەریکاییەکان و ئەوانی تر بەبێ بیر لێکردنەوە، (دڕندەی تیرۆریزمی ئیسلامی)یان هێنایە

کایەوە؛ چونکە کاتی خۆی بەبێ گوێدان بە ئەنجامەکان، خۆیان لە گۆڕەپانەکە بردە دەرێ، تا پاشان لە ٢٠٠١دا ناچار کران کە هەڵمەتێکی دیکە بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەوجارە، سەری تیرە مارەکە قوت بکەن؛ چونکە ئەوجارەیان نەدەکرا پشتگوێ بخرێ. بەتەماشاکردنێکی خێرای مێژووی ئەو هەموو گرووپە سیاسییانەی ئەفغانستان، دەردەکەوێ نەجێی سەرسوڕمان بوو نە بەتەنیا هەڵەی ئەمەریکاییەکان بوو کە میلیشیاکانی موجاهیدە ڕکابەرەکان کەوتنەوە شەڕی یەکتر و زنجیرەیەک لێکدانی لە شێوەی شەڕی بچووکیان لەگەڵ یەکتریدا کرد.

لە دوای کشانەوەی سوپای سوور، دراوسێیەکانی تری پاکستان و ئەفغانستان – کە هیندستان و ئێران و ڕووسیا بوون، لە چوارچێوەی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ئاسیای ناڤیندا – بێ پسانەوە ئاگری شەڕەکەیان خۆش دەکرد. تیۆری پاشگەزبوونەوەش بۆ ئەوە دەچوو کە ئەمەریکا هەموو ئەو پلان و ئەنجامانەی شەڕەکەی دەزانی کە لە دژی سۆڤیەتی دەکرا. لە ڕاستیدا، تواناکانی شەڕ بە نیازەوە ئاراستە کرابوو بۆ ئەوەی وا بنوێنێ کە ئەمەریکاییەکان هیچ ئاگایان لێ نییە لە ناو ئەفغانستان، چ دەقەومێ. تا ئێستا ڕوون نییە ڕۆڵی ئەمەریکاییەکان لە ئەفغانستان چ بوو[٢]. خۆ لە گێلیدان زۆر بە دەگمەن، لە بەرژەوەندی دەوڵەتان دەبێ.

ئامانجەکانی ئەمەریکاییەکان لە ئەفغانستانێدا دیار بوو، بەڵام سنوورێکیشی هەبوو. دەیانویست تۆڵەی ئەو کارەساتە بکەنەوە کە بە دەستی کۆمۆنیستەکان لە ڤێتنام تووشی هاتبوون. لە زۆربەی کاتی شەڕەکەدا، هەردەم دەیانویست خوێن لە سۆڤیەتییەکان بێنن، نەک بە جارێک بیانبەزێنن. (تەنیا لە دوای ئەوەی کە سۆڤیەتییەکان بەڕاشکاوی لە ١٩٨٦مۆریان کرد کە دەیانەوێ لە ئەفغانستانێ بکشێنەوە، ئینجا ولاتە یەکگرتووەکان مووشەکی شانی دژە فرۆکەی جۆری ستینگەری بۆ ئەفغانەکان ڕەوان کرد. مووشەکەکان ترازووی شەڕیان بەلای دژی هێلیکۆپتەرە تۆپ هەڵگرەکانەوە شکاندەوە، کە پێشتر گورزی کوشندەی لە ئەفغانەکان دەوەشاند.) سادەترین پلانی ولاتە یەکگرتووەکان بەلای پاکستانییەکانەوە باش بوو. بەم جورە ئیسلام ئاباد توانی بە دوای ئەجیندەی خۆی بکەوێ بێ ئەوەی ئەمەریکاییەکان خۆیان بۆ زانینی درێژی پلانەکەیان ماندوو بکەن.

پاکستان بۆ خۆشی ئەجێندەیەکی زۆر تایبەتی هەبوو. تەنانەت بەر لەوەش کە سۆڤیەت لە دیسێمبەری ۱۹۷۹دا ئەفغانستان داگیر بکا، سەرۆک (محمد ضیاء الحق) خەونی ئەوەی دەدیت کە هاوپەیمانە ئەمەریکاییەکەی لە شەڕی سارد بۆ ئەوە بەکار بێنێ یارمەتی بدەن تا ئیمپراتۆریەتێکی مەغۆلی Mogolی نوێی بۆ پێک بێنێ کە هەر لە پاکستانەوەڕا تا ئەو کۆمارانەی کە هەینێ بەشێکی یەکەتی سۆڤیەتی بوون، لە ناوەڕاستی ئاسیا، هەمووی بگرێتەوە. ئەفغانستان سەنتەری ئەو سیاسەتە بوو. چونکە پاکستان بڕیاری وابوو کە حکوومەتێکی گوێڕاگر لە کابول دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی خەونەکەی ئەفغانستان بۆ یەککردنەوەی پشتۆنەکانی ئەفغانی لەگەڵ پس مامە زۆرترەکانیان لە پاکستانێ، بێهوودە بکات.

(ضیاء) دیکتاتۆرێکی سەربازی بوو، بە ئاشکرا دەیویست کارتی ئیسلامی سیاسی لە گەمەی خۆیدا بەکار بێنێ. بڕیارەکەی ئەمەریکاییەکان بۆ بەگژداچوونەوەی لەشکرەکانی سۆڤیەتی لە ئەفغانستاندا، دڵی (ضیاء)ی شاد کرد؛ چونکە بووە (ڕاستییەک کە نکوڵی لێ ناکرێ plausible deniability) و بووە هۆی ئەوەی چەک و پارە بە سەر دەزگای هەواڵگری ناوەخۆی ISI، پاکستانیدا بڕژێ. بەم ڕێگەیە یەک ئەمەریکایی پێی دانانێتە ناو خاکی ئەفغانستان و هیچ زیانێکی بەشەریش لە ئەمەریکاییان ناکەوێ. ئەوەش ئەو پەندە بوو کە لە ڤێتنام فێری بوون، تا ئەو ڕۆژەی کە پەلاماری ناوەندی بازرگانی نێو دەوڵەتی و پێنتاگۆن درا، ئەمەریکاییەکان ئەو پەندەیان هەر پەیڕەو دەکرد.

بێگومان فێڵەکە ڕوون transparent بوو، بۆیە کرێملینی فریو نەدا. بەڵام ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە (ضیاء) و هاوبیرە ئیسلامییە توندڕۆیەکانی بە هەموو توانایەکیانەوە کۆنترۆڵی تەواوی دابەشکردنی چەک و خۆراک و پارەی هاوپەیمانانی بەگەکانی شەڕی ئەفغانییان کرد لەوانەی ISI بژاری کردبوون و کۆنترۆلیشی بە سەریاندا هەبوو. ولاتە یەکگرتووەکان بە نیازێکی تایبەتی خۆیەوە، وازی لە ئەرکەکە و لەو زانیارییە تایبەتییانە هێنا کە پێشتر یەکسەر بۆ خۆی دەهات.

کە ستاژەکە stage بەم شێوەیە هەڵبەسترا، ئینجا هەموو ئاکتەرە نامۆیەکان بە پێی پرۆگرامی ئەمەریکا کەوتنە نواندنەوە. ڕۆڵی چین ئەوە بوو کە چەک بە دۆلار

بدا، بۆ ئەوەی کۆمۆنیستە پێشبڕەکەی لە کرێملین، لاواز بکات. میسریش بە مەرەق بوو بەرانبەر بە چەکە بێ کەلکەکانی، پارەی خۆی بدرێتێ. ئیسرائیلیش کەیفی بەوە دەهات کە ئەو چەکانەی کارخانەی بلۆکی سۆڤیەتی، کە لە میانی شەڕەکانی لەگەڵ عەرەباندا کردبووی، وە بەردەستی کەوتبوون، بە پارەیان بدا. بەڵام عەرەبستانی سعوودی پاداشتی شێری بەرکەوت. هەر لە سەرەتاوە، ولاتە یەکگرتووەکان بنەماڵەی شاهانەی هێنایە سەر ستاژەکەوە. ئال سعود ئەوەی کە زانییان لە هەموو شتێک باشترە ئەویان کرد؛ تەنیا پارەیان دا.

دەفتەری چێکەکانی دیپلۆماسی سعوودی چەندین ساڵ بوو هەر کرابووەوە. هەزاران ملیۆن دۆلاری سعوودی لە کڕینی دراوسێیە دزەکان خەرج کرا یان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە چوو؛ کە واشنتن لەبەر سادەیی کێشەکان، نەیدەتوانی پارەیان بۆ لە کۆنگرێس وەربگرێ و پڕیان بکاتەوە (وەک پارە ناردن بۆ کۆنتراکانی نیکاراگــوا یان بۆ یوونیــتــا لە ئەنگۆلا.) بەڵام ئەوان، بە هۆی بابەتی ئاینی و جیۆستراتیجی geo-strategicیەوە، پڕبەدڵ کێشەی ئەفغانیان لە ئەستۆی خۆیان گرت. بۆیە بە کامەرانییەوە پارەیان بۆ بەخشی. بەها گرانەکانی شەڕەکەیان لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکاندا بە نیوەیی دابەش کرد و هەر لایەنێکیان نیوەیەکی دا. یان وەک ئەوەی کە (ملتن بیردن)ی سەرۆکی بنکەی ئاژانسی هەواڵگری ناڤین CIA لە پاکستان لە ساڵە سەختەکانی شەڕەکەدا، دەڵێ کە سعوودیەکان هەندەی ئەمەریکا هاریکارییان کرد، ئەم (بڵ bill وەسڵ)ێکی بدابا، سعوودیە بەرانبەری بڵێکی هاوکوژمەی دەدا تا وای لێ هات هەر یەکێکیان ساڵانە ٥٠٠$ ملیۆن دۆلاریان دەدا.

ئەفغانستان یەکەم ئەزموونی ئەمەریکا بوو لە مافدان franchiseی شەڕ بە کەسێک بۆ ئەوەی لە بری خۆیدا بیکات. پاشان بۆ ئازادکردنی کوێت لە چنگی عێراقییەکان لە ١٩٩١ یش هەمان ئەزموون دووبارە کراوە. (کوێت و سعوودیە و ئەڵمانیا و ژاپۆن وێکڕا دوو لە سێی هەموو کوژمەی شەڕەکەیان دا.) جگە لە پارە بەخشینەکەی حکومەتی سعوودی، هاوولاتییە سعوودی و عەرەبە دەوڵەمەندەکانی دیکەی میرنشینە دەوڵەمەندەکانی کەنداویش، بە شادمانییەوە و بە بەردەوامی بۆ ماوەی دە ساڵ، جزدانە تایبەتییەکانی خۆیانیان دەکردەوە و سەدان هەزار

دۆلاریان بە جیهادی ئەفغانی دەبەخشی. ئەو پارەیەی کە لە مزگەوتەکانیش دەهات، هێشتا بایەخەکەی لە دوای ١٩٩١دا پتر بوو، پاش ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سعوودیەی خواست تا بۆڕی پارەیان لێ بگرێتەوە. ئەو پارەیە تاکە یارمەتی بوو بۆیان مابووەوە و خاوەنیشی دیار نەبوو. ئەو نموونەیەی پارە بەخشینە لە دوای ١٩٩٠ەوە، بووە کێشەیەکی گەورە، چونکە ڕەخنەگران چەندین دەزگای چاکەخوازی کە بنکەکانیان لە سعوودیە بوو، بەوە گومانبار کرد کە پارەکانیان بۆ بەجێهێنانی مەبەستی تر دەنێرن، ئەویش پاش ئەوە بوو کە بن لادن پارەی بڕی.

بێگومان لە بەرچاوی ئەمەریکاییەکان پارە لە هەموو شتێک بەهادارتر بوو. ئەو بۆچوونە ئیسلامییە توندەی سعوودیە، کە پێشتر بە هۆی بە ئاشکرایی سەربڕین و نەبوونی دیموکراسی و ڕێز نەگرتنی مافەکانی مرۆڤ ئەمەریکاییەکانی هەراسان دەکرد، لە کۆتاییدا بووە سوودمەند. وەهابیزم لە بەرانبەر کۆمۆنیستە خوانەناسەکان و ئێرانییە شیعەکان و شۆڕشە سەرکەوتووەکەیاندا، پەتی لە ملی کراوە. واشنتن هیچی پێ نەمابوو جگە لەوەی ئەو جووتە برینانەی خۆی بلێسێتەوە کە لە ماوەی تاڵترین نیو دەیەی مێژوویدا بە سەری هاتبوو. ئێستا بواری ئەوەی بۆ هاتووە کە لایەنەکانی تر لەگەڵ ئەو دۆڕاندنانە یەکسان بکات کە لە ١٩٧٥بە لە دەستدانی سایگۆن بۆ کۆمۆنیستەکان و چوار ساڵ پاشتریش بە ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزا شای پەهلەوی لای ئەمەریکا لە ئێرانێ، دووچاری بووبوو. بۆیە سەیر نەبوو کە کۆنگرێس بێ پسانەوە دوو تا سێ هەند پارەی پتری بۆ خەرجییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگن تەرخان دەکرد.

لێکدانەوەکەی ئەمەریکاییەکان زۆر سادە بوو. سعوودیەکان پێویستیان نەبوو پتر هان بدرێن. چونکە دە ساڵ زێتر بوو مێشکیان گری گرتبوو. سوپای بەریتانییەکان کە لە سەدە و نیوێک پتر بوو لە کەنداوی فارسی بوو، لە ١٩٧١دا ئەوێی بەجێ هێشت. سەقامگیرییە کەمەکەی بوونی بەریتانیا لەوێ پەیدای کرد بوو، گۆڕا؛ ئەمجارەیان بووە ململانێیەکی سێ قۆڵی کە لە نێوان ئێران و عێراق و عەرەبستانی سعوودی بەڕێوە دەچوو. سعوودیەکان دەیانزانی ئەوان لەو پێشبڕکێیەدا، لاوازترین لاقیان هەیە. زۆرترین نەفت و کەمترین دانیشتوانیان هەیە. دوای ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٩دا پشتی لە شای ئێران کرد،

ئەوان لەو لایەنەش دڵنیــا نەمــان ئایا واشنتن پشت لەوانیش دەکــا یان نا. سعوودیەکان ترسی ئێرانێیان لێ نیشتبوو؛ چونکە وایان هەست پێ دەکرد کە ئەو هەمـوو شیـعـەی ئەوێ هەڕەشـەیان لێ دەکەن؛ ئاخر پێشـتریش پێـویسـتی زۆر کەمیان بە شای هەبوو.

پێـشـتر بۆ سـعـوودیەکان سـەرشـۆڕی بوو کـە لەشکرەکـانی شـای بە بیـانووی لەناوبردنی یاخـیـبـووە مـارکـسـیـیـەکـان، لە دەوروبـەری عـومـانی دراوسـێـیـان دەسـووڕانەوە. بەڵام ئێسـتا وا ئایەتوڵا ڕوحـوڵا خومـەینی شـۆڕشێکی ئیسـلامی لە تاران بـەرپا کـــردووە کـــە زۆربـەی مـــوسـڵـــمـــانان بۆ شـــەڕشکردن هان دەدا. مـوسڵـمـانەکان چیی تر بە شێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی ڕێز لە دیواری ئاگر fire wall ناگـرن کە لەمێـژ بوو جیـهـانی سـونەکانی لە کـاریگەریی شـیـعـەکـانی ئێرانێدا دەپاراست. لە ڕاستیدا پێکهاتەیەکی سـەرەکی نوێی سیاسی ئیسـلامی ڕادیکاڵی جیـهـادی پەیدا بوو کە لایەنگرانی بۆ شـەهیدبوون هان دەدا. ئەم هزرە پێشـتر بە شیعەکانەوە پێوەست بوو.

١٩٧٩ بۆ بنەماڵەی ئال سعود ساڵێکی ترسناک annus horribilis بوو؛ چونکە بە ڕوخانی ڕژێمی شای ئێران، کە هاوپەیمانە سـەرەکییەکەی تری ئەمەریکا بوو لە کـەنداو، دەسـتی پێ کـرد و بەداگـیـرکـردنی مـزگـەوتی گـەورەی مـەکـە لەلایەنی هاووڵاتییە سـونە فیتنەچی firebrand یەکانی خۆی بە داگیرکردنی ئەفغـانسـتان لەلایەنی سـۆڤـیـەتەوەش کۆتایی هات. ڕۆڵی ئیـسـلامی سیـاسـی ڕادیکاڵی بەرچاو کەوت. بەڵام ئال سعود لە پێشبڕکێی ناو کۆمـەڵی ئیسلامی ناقـایل بوو. لە بوونی ڕژێمێکی شۆڕشڤانی علیمـانی لە عێراقێش نیگەران بوو؛ چونکە ئەو ڕژێمە هەموو کات ئامادە بوو دراوسێیە بێهێزەکانی خۆی قووت بدا.

ڕەخنەی زۆر بـە هـۆی شـێـوەی ژیانی بـێ ئەخـلاقـیـیـان، ئاراسـتـەی ئال سـعـود دەکرا؛ ئەوانیش بۆ ئەوەی لە بن پاڵەپەسـتۆی هـاووڵاتـیـیـە سـعـوودیەکـانی خـۆیان دەربچن و ناوە پیـسـەکـەیان لەسـەر خـۆیان لادەن، هـەر زوو جیـهـادی ئەفـغـانییـان کـــردە مـــەبەست بۆ ئـەوەی نیگاریـان لە پێش ســـعـــوودییـــەکـــان پاک بکاتەوە. توندوێژییـەکەی ناو مزگەوتی گەورەی مـەکە بارەکەی بەلای وەهابییـەکان داگرت. ئەوانیش وانەی پتـری ئاینیـیـان خـسـتـە ناو پرۆگـرامـەکـانی خـوێندن و هەوڵی

بنەماڵەی ئال سعوودیان بۆ پتر ئازادی بە خەڵکدانیان، پووچەڵ کردەوە. لەم جۆرە بارودۆخانەدا، هیچ کێشەیەک لە ئیسلامەتیدا نەبوو ئەوەندەی کێشەی ئەفغانستان کاریگەر بێت؛ بۆیە هەرچەندە جیهاد وەک شەڕێکی پیرۆز هەشت سەد ساڵێکیش دەبێ کە بە ڕاستی نەکراوە و (ڕەخنەی ئەوەشی لێ دەگیرێ کە پێناسە گشتییەکەی بە خەباتێکی ئەخلاقی دەژمێرێ، یان وەک ئەوەی کە ڕەگە عەرەبییەکەی پێناسەی دەکا و دەڵێ "تەرخانکردنی هەموو توانایەک" ی بەردەستە لە پێناوی شەڕ.) هێشتا ئال سعود ئەوەیان هەڵبژارد.

هەروەها جیهاد ئەو هەموو لاوە پشتگوێ خراوانەی ناو کۆمەڵیشی ڕاکێشا. دا ئەگەر ئەوانە شەهید بووبوونایە ئەوە لە کۆڵ شانشینەکەیان دەبوونەوە و وڵاتە ئیسلامییەکانی تریش زۆربەی ئاژاوەچییەکانی خۆیانیان بە ڤۆڵەنتیر بۆ جیهاد نارد و لەوێ بە یەکجاری دەگەڵ حەفتا و دوو حۆرییاندا دەژین؛ ئەوانەش ئەو کیژۆڵانەن لە بەهەشتێ دەدرێنە ئەو کەسانەی کە گیانیان لە شەڕی لە پێناوی ئیسلامەتیدا بەخت دەکەن. ڕێگە گرتنی موسڵمانان لە جیهادکردن، ئەگەری ئەوەی هەبوو ببێ بە ئاگرێک حکوومەتە عەرەبییەکان بسووتێنێ. جیهاد لە ڕاستیدا هەلێک بوو کە خوا بۆ موسڵمانانی نارد بۆ ئەوەی کە تێیدا سەرکەون،[٣] ئەم دیاردەیەش لە مێژووی هاوچەرخی ئیسلامدا هاوشێوەی نەبووە.

ئەم هەموو هزرە مەیلەو ئاڵۆزە بوو کە هانی موسڵمانانی دا بۆ ئەوەی هەر لە کەنارەکانی باکوری ئەفریقیای ئەتلانتییەوەڕا تا دەگاتە دەریاکانی باشوور، هەموو پشکداری توانای شەڕەکە بن. ئامانجەکە ئەوە بوو نیشان بدەن کە ئیسلام هەموو یەک بوو بەو کارەش قایل نییە کە کرێملین کردی. باڵاترین دەسەڵاتی ئاینی لە جیهانی سونەدا جیهادی بە ئەرکێکی ئاینی بێ هاوتا دانا کە لە سەر هەموو موسڵمانێک پێویستە بەشداری تێدا بکات؛ چونکە جیهاد بابەتێکی تاکە کەسی نییە. هاتنی ڤۆڵەنتیرەکان بۆ پاکستان و ئەفغانستان پاگەندەیەکی زۆر بوو کرا. بەم پێیە، پاکستان لە باڵیۆزخانە و کۆنسوڵگەرییەکانی خۆی ڤیزەی بۆ هەمووان ئامادە کرد. عەرەبستانی سعوودی لە سەدا ٧٥ی نرخی تکیتەکانی هێلی ئاسمانی خۆی داشکاند بۆ هەر کەسێک کە لە سعوودیەوەڕا بۆ پاکستان دەچوو وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، هاووڵاتییە موسڵمانەکانی خۆیان هاندا بۆ ئەوەی بۆ جیهاد بچن. ئیسلامە ڕادیکاڵەکانیش هەر لە باکوری

ئەمەریکا وەرا تا گەیشتە فیلیپین دەستیان بە بەکرێ گرتنی ڤۆڵەنتیران کرد. لە میسریش، سەرۆک حوسنی موبارەک شادمان بوو بەوەی کە ئەو ئیسلامییە توندڕۆیانەی سەرۆکی پێش ئەو (انور السادات)یان لە ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا کوشت و ماوەی زیندانی خۆیانیان تەواو کردبوو، ڕەوانەی ئەفغانستانێیان بکا.

تەنانەت ئەمڕۆش، لە دوای ئەو هەموو گرفتانەی کە بنج و بنەوانیان دەچێتەوە سەر ئەو سیاسەتە نارێکەی هەینێ پەیڕەو کرا، هێشتا بەرپرسانی سعوودی هەر مکوڕن لەسەر ئەوەی کە ئەوان هیچ ڕێگەیەکی تریان جگە لە پارەدان و ڕێ – خۆشکردنی سەفەری ڤۆڵەنتیرەکان لەبەردا نەبووە. دەشڵێن ئەگەر شتێکی تریان بکردایە، ئەوە مەترسی ڕووخاندنی ڕژێمە ئاینی theocratic یەکەیانی لێ دەکرا. شازادە تورکی (الفیصل)، کە بۆ ماوەی پتر لە بیست و پێنج ساڵ دەزگای هەواڵگری سعوودی بەڕێوە دەبرد، گوتی کە ڕەنگە (هەڵەیەکی کوشندە) بووبێ بۆ هەر ولاتێکی عەرەبی ئەگەر ڕێگەی نەدابایە ڤۆڵەنتیرەکان، تا (ئەرکە پیرۆز)ەکەیان لە ئەفغانستانێ جێبەجێ بکەن؛ چونکە (ئەوە یەکەمین جار بوو دوای چەندین ساڵ کە موسڵمانان بتوانن شتێک لە دژی داگیرکەرێک بکەن و پێش دەچوو کە تێیدا سەرکەون.) بەم جۆرە خوا ناردی بۆ ئەوەی موسڵمانان لە سی ولاتی ئیسلامیدا بواری جیهادکردنیان بۆ برەخسێ و شەهیدبوونیان بە دەست بکەوێ. ئەمەشیان، لەوەتی شەڕی دژی خاچپەرستەکان، یەکەمین جارە موسڵمانان دەتوانن بۆ بەرگریکردن لە ئیسلام جیهاد بکەن.

هێشتا نەزانراوە کە چەند کەس لە موسڵمانانی بیانی بە پیری ئەو هاوارەوە چوون؛ زۆربەیان بە ١٠٠٠٠ بۆ١٥٠٠٠٠ کەس دەخەملێنن، هی ئاواش هەیە کە ژمارەیان دەگەیەنیتە ١٩,٠٠٠ تا ٣٠,٠٠٠ کەسیشیان دەبەن. پێ ناچێ کەسێک ژمارە ڕاستەکەی لە کن هەبێ. یان ڕەنگە ئەوانەی کە تۆمارەکەیان لە کنە، وەک عەرەبستانی سعوودی کە دەزانێ چەند کەس بە هەرزانی پلیتی فرۆکەیان بۆ پاکستان بریوە، نەیانەوێ لەبەر هۆی سیاسییەوە، تەواوی تۆمارەکە بخەنە بەرچاوی میللەتەوە. زۆربەی ڤۆڵەنتیرەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە عەرەبە دەڵەمەندەکانی کەنداو بوون، یان قوتابی بوون یانیش فەرمانبەر بوون و لە کاتی پشوودانیان بۆ ئەفغانستانێ ڕایان دەکرد.

هەندێکیان لە پاش جیهادکردنیان، سەردانی کابارییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایان دەکرد ئینجا بۆ ماڵەکانی خۆیان دەچوونەوە. هەندێکیان چەند ڕۆژێک لە ئەفغانستان دەمانەوە و پاشان دەفڕین و بۆ وڵاتەکانی خۆیان دەگەڕانەوە؛ ئەوانە هەر بۆ ئەوە دەهاتن کە لە ناو سنووری ئەفغانستاندا لەگەڵ گرووپێکی ئەفغانی چەند وێنەیەکی خۆیان بگرن. هەندێکیان هەر لە شاری پێشاوەری پاکستانی، کە قزگەی سەرەکی ناردنی خەڵک بوو بۆ ناو شەڕی، پاشەکشەیان دەکرد و هەڵدەهاتن. ئەو شارە ، هەر سەعاتێک بە ئۆتۆمۆبێل هاژوان لە دەربەندی خەیبەری سەر سنووری ئەفغانستانەوە دوور دەبێ.

تەنانەت ئەو ڤۆڵەنتیرانەش کە کەمتر دەوڵەمەند بوون دەچوونە ئەو جێیانەی کە بە دڵی خۆیان بوو. کەسێک نییە ژمارەی تەواوی ئەو عەرەبانە بزانێ کە بە ڕاستی شان بەشانی ئەفغانییەکان، دەشەڕێدا پشکداریان کردووە. ئەوانەش کە بە ڕاستی شەڕیان کرد لە ناو گرووپە ئەفغانییەکاندا بزربوون. پەیامنێرێکی سوریایی کە ڕووداوەکانی شەڕی دەکردنە ڕاپۆرت، ناوی ئەحمەد موفق زێدان بوو، لە پاش شەڕەکە لە پاکستانێ ماوە. ئەو پێی گوتم کە توێژینەوە وردەکەی بۆ نامەی دوکتۆرا وەرگرتنی بۆی ڕوون کردەوە کە تەنیا چل و چوار ڤۆڵەنتیری عەرەب لە ناو شەڕی لە دژی سۆڤیەتییەکاندا کوژران. (١٩٨ کەسی تریشیان لەو پەلامارە بەدبەختەی کرایە سەر بنکەکانی ڕژێمە کۆمۆنیستەکەی نەجیبوڵا لە جەلال ئابادێ، کوژران. هێرشەکە لە دوای پاشەکشەکردنی لەشکری سۆڤیەتی لە بەهاری ١٩٩٨دا کرا.) ئەم ژمارە کەمە کوژراوانەی عەرەبە ڤۆڵەنتیرەکان، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو ژمارە کوژراوانەی ئەفغانییان کە لە سەرەوەی یەک ملیۆن کەسە و لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان لە سۆڤیەتی داگیرکەر کوژران، بە هیچ جۆرێک بەراورد ناکرێ(٤).

لە ڕاستیدا زۆربەی ئەفغانە عەرەبەکان لە پێشاوەر دوورتر نەچوون؛ چونکە لەوێ هەر بە کارەکانی فریاگوزارییەوە خۆیان خەریک کردبوو. زۆربەیان لە شاری زانکۆ University Townدا دەژیان و کاریشیان دەکرد. شاری زانکۆ شارۆچکەیەکی نزیک ئۆردووگەی ڕاجی بەریتانی بوو، لە دەوری کۆنە ئۆردووگەیەکی هیندی دروست کرابوو. لە دوای سەربەخۆیی پاکستان لە ١٩٧٤، ئەو شوێنە چۆل کرابوو. زۆربەی کارمەندەکانی یارمەتییە ڕۆژئاواییەکانیش هەر

لەو شوێنەدا بوون. بەڵام دووانەیەک، کە بەدەگمەن دەبیندرێ، لە هەموو شتێک پتر کاری تێ کردم. من دوو ساڵ لە دوای یەکتر چوومەوە پێشاوەرێ تەنیا بۆ ئەوەی تێ بگەم چۆن موسڵمانان هاودەم لەگەڵ ڕۆژئاواییان لە یەک جۆرە کاری فریاگوزاری، لە ناو یەک گەڕەکی شارێکی پاکستانی، کە لە ڕاستیشدا هیچیانیان پێوەندیی بە ئەوی تریانییەوە نییە، بەیەکەوەش کار دەکەن. لێکۆڵینەوەکەم ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەری لێ نەکەوتەوە.

ئەندرێس فانژ، کابرایەکی سویدی بوو یەکەم جار لە ۱۹۸۰دا هاتبووە ئەفغانستان بۆ ئەوەی وەک ڕۆژنامەنووسێک بۆ ڕادیۆ پەیامەکانی بنێری. هەینێ تەمەنی سی و چوار ساڵ بوو پاشی سێ ساڵان بۆ کۆمیتەی سویدی Swedish Committee دەستی بە کار کرد و لە هەینێوە چالاکانە لە بواری یارمەتیدانی ئەفغانییان بەردەوامە. کارەکەی بۆ ڕاڤە کردم و گوتی: (ئێمە ئەو کەشتیانە بووین کە بە شەو ڕەت بوون. هەمووومان تا پێویست با کارمان دەکرد؛ لە حەفتەیەکدا پتر لە حەفتا و دوو سەعات کارمان دەکرد. لە ۱۹۸۸ تا ئێستا کارەکان پارچە بووینە و کاری فریاگوزاری قاچاغ ئێستا بە ئاشکرا دەکرێ، ڕێککەوتنەکانی جنێڤ ئەم ڕێگەیەی بۆ ئەم قاچاغچییانە خۆش کرد و کاتێکیشی بۆ پاشەکشەکردنی سۆڤیەتییەکان دانا و ڕێگەی واڵا کردەوە بۆ ئەوەی بەشە یارمەتی پتر بگەیەننە ناو ئەفغانستان.

لە ناکاوڕا، کاری یارمەتییە مرۆییەکان بووە ئیشێکی نزیک لە یاسایی. پارەی پتریش بۆ یارمەتیدانی ئەفغانییان هات. ڕێکخراوەکانی فریاگوزاری ڕۆژئاوایی و ئیسلامییەکان، ئەنجوومەنی ڕێکخستنیان لە بەرانبەر یەکتری دانا. تەنیا سوودانییەکان لە هەردوولاوە کاریان دەکرد. هێشتا لە پێشاوەریش پێوەندییەکان ساکار نەبوون. کارمەندێکی یارمەتی فەرەنسی ڕای گەیاند کە عەرەبێک بە ئۆتۆمۆبێلەکەی بە دوای کەتووە و هەڕەشەی لێ کردووە. ژنە ڕۆژئاواییەکانیش بە بەردەوامی گلەیی ئەوەیان هەبوو کە عەرەبەکان لە ناو شاری زانکۆ هەموو کات ڕێگەیان لێ دەگرن. ئەم جۆرە گرژییە لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕەکە تا ڕادەیەک بزر بوو.

فانژ کە لە لاوێتیدا لە دژی بوونی ئەمەریکا لە ڤێتنام هاوبەشی خۆپێشاندانی

کردووه، ئەو ململانێیەی لە ئەفغانستاندا هەیە بە کێشەی (هێزێکی گەورە دەزانێ کە چەنگی لە وڵاتێکی بێهێز گیر کردووە.) هەروەها دەڵێ: (من هەستم کرد کە بەشێک بووم لە شتێکی گرینگ و بە توندی لە دژی داگرکردنەکەی سۆڤیەتی بووم.) لە ڕاستیدا سەدان ڕۆژئاوایی تریش هەمان هەستیان هەبوو، زۆربەشیان فەرەنسایی و ئەمەریکایی بوون. ئەوانە کارە باشەکانی خۆیانیان وەک پارێزەری و ڤێستەکار investorsی بانک و دکتۆرییان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی ڕاپێچەکی شەڕ ببن. فانژ گوتی: (عەرەبەکان بۆ ئەوە لێرە بوون تا یارمەتی ئەفغانییەکان بدەن، تەنانەت ئەگەر ئێمە ئەوانیشمان خۆش نەوێ، بەڵام خۆ دوژمنمان نینە.) فانژ یادی سەرەتای ئەو ڕۆژانەی هاتەوە بیر کە تازە هاتبووە ئێرە و گوتی: (ئەفغان ڤایرۆسە. ئێمە نەمانزانی مەترسی ئەو عەرەبانە چییە، بەڵام لە دوای ئەوەی کە دەهۆڵ درا، ئینجا ئێمە بە ئاسانی گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە ئەوان بۆ ئەوە ڕشت نەبوون تا وڵاتی ئەفغانستان دووبارە دروست بکەنەوە؛ بگرە تەنیا توندڕۆیی بوو کە هانی دەدان بۆ ئەوەی بچن جیهاد بکەن.)(٥) لە ١٩٨٩، ئێدوەرد گیراردێت لەبەر دوژمنداری ئەفغانە عەرەبەکان ناچار بوو دووبارە بگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی. یەکێک لە ئاژانسەکانی نووچە داوای لێ کردبوو کە ڕاپۆرتێکی تەلەڤزیۆنی لەبارەی دوا ڕۆژەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، دروست بکات. سۆڤیەتییەکان بە فەرمی لە شوباتی هەمان ساڵ لەوێ کشانەوە. بە ئاگەدارییەوە پتر لە پێویست بۆ ناو سنووری ئەفغانستان چوو. یەکسەر دوای ئەوەی کە بە خۆی و بە دەستەی کارمەندانی دەستیان بە کار کرد، عارەبێکی باڵا بەرزی، لاوازی نارێکی چەکدار، بە زمانێکی ئینگلیسی نایابەوە، فەرمانی پێ کرد بۆ ئەوەی بڕوا و لەوێ نەمێنێ. چونکە گیراردێت چەند ساڵ بوو ژیانی خۆی بۆ پشتیوانیکردنی کێشەی ئەفغانستان تەرخان کردبوو، بۆیە لەم جۆرە هەڵوێستەی کابرای عەرەب، هەستی بە نیگەرانییەکی زۆر کرد. گیراردێت بە لووتبەرزییەوە لە وەرگێڕەکەی خواست بۆ ئەوەی هەموو وشەکانی کە دەیڵێ لەسەرەخۆ بۆ کابرای عەرەب دووبارە بکاتەوە و بە ئینگلیسی وەڵامی داوە و گوتی کەوا ئەو میوانی گەلی ئەفغانییە و ئەگەر ئەوان داوای لێ بکەن ئینجا لەوێ دەڕوا. عەرەبەکە بە خۆ و بە زرێڤانەکانی کەوتنە هەڕەشە لێکردنی؛ عەرەبەکە گوتی: (ئەگەر هەر ئێستا لێرە نەڕۆی، گوللەبارانت دەکەم، فیکریش لەوە نەکەیەوە کە جارێکی تر بەم ناوەدا

بێیتەوە؛ چونکە ئەگەر جارێکی تۆ لێرە بتبینمەوە بێگومان دەتکوژم.)

گیراردێت وەک شێتانی لێ هات و ناچاریش ئەو ناوەی بەجێ هێشت. بەڵام پاشی چەند ڕۆژێک دووبارە لە سنوور دەرباز بووەوە بۆ ناو ئەفغانستان چووەوە. ئەمجارەیان چەند مایلێک لە شوێنەکە دوورتر چوو کە پێشتر لێی تووشی عەرەبە ناهەموارەکە بوو. ئاخر چیرۆکێکی هەبوو دەبوو تەواوی بکا. لە بەخت گەورەیی خۆی سەرکردەیەکی موجاهیدە ئەفغانییەکان، کە برادەرێکی نزیکی بوو، لەگەڵ خۆیدا بردی. لە شوێنێکی چۆل، هەمان کابرای عەرەب تووشیان بووەوە و دەستی بە قیژەقیژ کرد و گوتی: (من ئاگەدارم کردییەوە ئەگەر ئەو جارەی بتبینمەوە دەتکوژم. دەی! لەوانە دوور بکەوە.) گیراردێت لە جێی خۆی چەقی. قیژەیەکی وەک ئەوەی پێشتر هات و عەرەبەکە ئیشارەتی دا و پیاوەکانی دەورەیان گرتن و هەڕەشەیان لە گیراردێت و دەستەی کارەکەی کرد.

ئەم ڕووداوە ئەنتیکەیە زووزوو سەرنجی سەربازانی حکوومەتی ئەفغانی ڕاکێشا و بەبێ چاوەڕێکردن ناوچەکەیان دەستڕێژ کرد. برادەرە ئەفغانییەکەی گیراردێتی دەستی خۆی بە پێش خست و بە توندی گیراردێتی پاڵدا ناو جیپێک کە یەکسەر پێی پێوەنا و بۆی دەرچوو. لە کاتی ڕاکردنیان ڕێژنەی گوللە لە پێشییان لە ڕێگەی دەدا. لە پاش ئابی ١٩٩٨، کە ئوسامە بن لادن لە پەلامارەکەی تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دارولسەلام و نایرۆبیدا، تاوانبار کرا، ئەوکات گیراردێت زانی کە ئەو وێنانەی زۆر بە بایەخەوە دێنە سەر سکرینی تەلەڤزیۆنەکان و سەر پەڕە یەکەمەکانی ڕۆژنامەکانی دنیاوە، هیی ئەو کابرا عەرەبەینە کە لە ١٩٨٩ ئاوا هەراسانی کرد.

لە ئەنجامی یادکردنەوەی ئەو ڕووداوە، ئەزموونەکەی گیراردێت، کاریگەرە لاوەکییەکان side effectsی شەڕی ئەفغانستانی ڕوون کردەوە. زۆر کارێکی ناشیرین بوو کە عەرەبێک و ڕۆژئاواییەک بەسەر یەکتریدا هاوار بکەن، لە کاتێکدا بە ڕواڵەت هەردووکیان سەرکەوتنێکی هاوبەشیان بە دەست هێنابوو. بەوردی ئەوەی عەرەبەکان چیرۆکی هاوپەیمانییەکی کلاسیکی سەردەمی شەڕ بوو کە بە کازیوەدانی سەرکەوتنێکی گومان لێکراوی دوای نیشتنەوەی تۆزی بەر پێی جەنگاوەران، هاوپەیمانەتییەکە لێک دەترازێ. ئاسانە کە ئاوڕێک لە ڕابردوو

بدەیەوە و بزانی بۆ وایە. ئەفغانستان هەر لە زووەوە نیشتمانێکی لاوازی نامەرکەزی بووە کەوتووەتە نێوان چەند دەوڵەتی بە هێزەوە و بە درێژاییی مێژوو هەر سەرە ڕێ و تەڵەی مردنی لەشکری داگیرکەرانی بیانی بووە. ئەوەش بە هۆی ئەو هەموو شاخە سەرکەشەیە کە ناوەکەی بە خۆیوەیە و پێی دەڵێن هیندۆ کوژ Hindu Killer) بە کوردیش هەر هەمان واتا دەبەخشێ – مامکاک.) کە من دەستم بە کاری ڕۆژنامەنووسی کرد (ئەفغانستان) کێشەیەکی وا نەبوو کە سەرنجی ڕۆژنامەگەری ڕابکێشێ؛ چونکە کێشەیەکی بیانی ئەوەندە ئاڵۆز بوو کە سەرئێشەی بە دوادا دەهات. ئەفغانستان پێ دەچوو یەکێک بوو بێ لەو شوێنە زۆرانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو پشتگوێ خرا بوو.

هێشتا بۆ ئەمەریکاییەکان و زۆر لە هاوپەیمانەکانیشیان، شەڕەکەی ١٩٨٩، وەک سەرکەوتنێکی گەورە وابوو؛ چونکە لە ئامانجە بچووکە سەرەتاییەکەی خۆی کە هەر بریندارکردنی هرسی ڕووسی Russian bear بوو، ڕەتی دا. تەنیا لە دوای نۆ مانگ لە پەرینەوەی دوا سەربازی سۆڤیەتی لە ڕووباری ئامو دەریاAmu Darya وە، دیواری بەرلین ڕووخا. شەڕی سارد خەریکبوو نە دەما و لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو شەڕەش ئیمپراتۆرییەتی کرێملین لە ئەورووپای ناڤین و ئاسیای ناوەڕاستدا لەناو دەچوو. سەیرت پێ نەیێ کە زبگنیێف بریژێنسکی، وەکو ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆک جیمی کارتەر، شەش مانگ بەر لەوەی سوپای سوور بە فەرمی ئاهەنگی داگیرکردنی ئەفغانستان بگێڕێ، دان و داوی بۆ سۆڤیەتییەکان دانابووەوە.

بۆ ئەوەی سۆڤیەتییەکان پتر بۆ ناو قووڵاییی زۆنگاوی ئەفغانستان ڕاکێشێ؛ بریژێنسکی دە ساڵ پێشتر چەند کارێکی سەربازی بە قاچاغ لەوێ ئەنجام دابوو. ئەو نەیدەویست تەنیا تۆڵەی بەزینەکەی ئەمەریکا لە ڤێتنام، بکاتەوە. لە ١٩٩٨دا، بۆ ئەوەی هەر شتێک قەوارەی خۆی بداتێ، بریژێنسکی بە حەفتانەی فەڕەنسی نۆڤێل ئۆبزرڤاتور Nouvel Observateurی گوت: (چ شتێک لە بۆ مێژووی جیهان لە هەموو شتەکانی تر پڕ بایەخترە؟ تاڵیبان یان ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی، هەندێ موسڵمانی دەمارگرژ، یان ئازادکردنی ئەورووپا و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد؟)(٦) ئەگەر هەر کەسێکی تر با، لە شوێن بریژێنسکی، هەر بەم

شێوەیە بیری لە بابەتەکە دەکردەوە.

هەموو کارمەندە ئەمەریکاییەکان ئەوەندە بە پەرۆشەوە نینە. ئەگەر سی ئای ئەی CIA بویستبایە کارەکی وا بکات، هەندێک کارمەندی وەزارەتی دەرەوە State Department پێیان خۆش نەدەبوو. دیپلۆماتێکی ئەمەریکایی چەند ساڵ پاشتر لەم بارەیەوە گوتی: (ئەم جیاوازییە بە تەواوەتی وەک ئەوەی نێوان CIA، لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەیە؛ CIA ئاژانسێکی چالاکە بەلام کەس لەگەڵی هەڵناپەڕێ، کەچی وەزارەتی دەرەوە ڕێگەی پێ درا بۆ ئەوەی شکستەکە - پاش کشانەوەی سۆڤیەتییەکان - چاک بکاتەوە،) ڕەنگە ئەمە خۆی لە خۆیدا سادەییەکە بێ.

لە یادمە لە سەردانەکەی ١٩٨٨م بیرم لەوە دەکردەوە، ئایا بەرپرسە ئەمەریکاییەکان هەندە گێلن کە دڵنیابن ئەم شەڕە لە بەرژەوەندی ئەوانەوە کۆتایی پێ دێت.

گومانەکانی من لەو ئەزموونە دوو ساڵییەی ١٩٧٨ و ١٩٧٩م بوو کاتێک کە لە ئێران بووم مێژووی ڕووخانی ڕژێمی شا و هەستانی خومەینیم دەنووسییەوە. هاوار هاواری خۆپێشاندەران گوێچکەمیان کاس دەکرد کاتێ کە بە هەموو دەنگی خۆیانەوە باسی مەترسی (ژاری ڕۆژئاوایی Westoxication)یان دەکرد و دەیانقیڕاند: (نە ڕۆژئاوا نە ڕۆژهەلات.) بۆیە من هەموو کات کارمەندە ئەمەریکاییەکانم لە پاکستان، لە مەترسی وە ئاگاهێنانی ئیسلام وەک هێزێکی سیاسی، وشیار دەکردنەوە. دیپلۆماتێک کە زۆر لە قسەکانی من پەندما بوو، ڕۆژێک بە تووڕەییەوە پێی گوتم: (ئەوا ئێمە دەگەڵ سونەکانین، نەک شیعەکان، لە نزیکەوە کاریان لەگەڵدا دەکەین.) من قسەکەی ئەوم بە ئەنجامی کۆتایی نەخوێندەوە.

دەشێ کە گومانەکانی من بلاو بووبنەوە؛ چونکە ڕۆژێک دیپلۆماتێکی ئەمەریکایی تەلەفۆنی بۆ کردم، لە تەلەفۆنەکەی داوای لێ کردم بچمە ئۆفیسەکەی، لە پێشاوەر. نەمزانی بۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، بۆچ منی ویست، پێشتر ناویم نەبیستبوو. بەلام لە کاتی دیارکراودا چوومە ئەوێ. بەرپرسەکە بە دوای بابەتی بازرگانی هێرۆین کەوتبوو کە لە سنوورەکانی ئەفغانستان و پاکستان و دوورتریش گەشەی دەکرد. ئەمە لایەنێک بوو لە لایەنەکانی سیاسەتی ئەمەریکا،

کە ئەو خۆی نەیدەتوانی تێی بگا. بۆ یەک سەعاتی نەمتوانی لە قسەکردنی بکەم. زانی دەمویست چیرۆکێکی گرینگ بنووسمەوە.

ناوی گەورە بازرگانانی ئەفغانی و پاکستانیان دامێ. تێی گەیاندم کە هەمان ئەو لۆرییانەی کە چەک و تفاق لە کۆگەکانی ئیسلام ئاباد و کەراچییەوەڕا بۆ ناو ئەفغانستان دەبەن، هەمان لۆرییەکان پڕی هێرۆیین دەکرێ بۆ ئەوەی بێتەوە ناو پاکستان و لەوێشەوەڕا ڕەوانەی بازاڕەکانی ڕۆژئاوا بکرێ و هەندێکیشی لە بازاڕە ناوخۆییەکانی پاکستاندا بفرۆشرێ. من مەزندەی ئەوەم کرد کە ڕەنگبێ ئەم کابرایە شەڕێکی گەورەی لەگەڵ بیوکراتەکانی هاوبەرژەوەندیی خۆیدا دۆڕاندبێ، بەڵام لەبەر توانای شەڕی، وای بە چاک زانیوە دەنگ نەکا.

ئەفغانە عەرەبەکانیش کێشەی تایبەتی خۆیانیان هەبوو، بەتایبەتیش کە دوا سەربازی لەشکری سۆڤیەتی لە ١٥ شوباتی ١٩٨٩دا، ئەفغانستانی بەجێ هێشت، کێشەکە پتر هاتە بەرچاو. ئەوان قەناعەتیان بە خۆیان هێنابوو کە موجاهیدەکان بە شالاو دەچنە ناو کابول و لەوێ حکوومەتێکی ئیسلامی ڕاستەقینە پێک دێنن. بەڵام ئەو گێرەشێوێنییەی کە لە ئەفغانستانی دوای سۆڤیەتییەکان ڕووی دا، ڤۆڵەنتیرە عەرەبەکانی لە ڕۆژئاواییەکان نیگەرانتر کرد. بەزینەکەیان لە جەلال ئاباد لە بەهاری ١٩٨٩دا، سەری کردن؛ چونکە بە خۆیان و بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئیسلام ئاباد، وایان دەزانی کە کشانەوەکە کۆتایی بە شەڕەکە هێنا. جگە لەمە، شەڕی نێوان میلیشیا نەیارەکانیش لەلایەکی ترەوەڕا، ڤۆڵەنتیرەکانی نیگەران کردبوو.

لە وەبیر خستنەوەی ڕووداوەکان دەردەکەوێ کە ڤۆڵەنتیرەکان مرۆڤی سادە بوون. خۆیان وا فریو دابوو کە کێشەکە هی ئەوانە، پتر لەوەی کە هی ئەفغانییان بێت. بەڵام لە ڕاستیدا، شەڕی ئەفغان شەڕێکی لاچەپ sideshowبوو، ڕۆڵی ئەوانیش لاوەکی بوو. شەڕی ئێران و عێراق، ١٩٨٠– ١٩٨٨، هەڕەشەی پتری بۆ موسڵمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەبوو. لەسەر ئاستی جیهانیشدا، هەڕەشەی ئەو شەڕە لەسەر هاوردەی نەفت، بۆ ڕۆژئاوا لە هەڕەشەی شەڕی ئەفغانستان پتر بوو. هەر دوو شەڕەکان لە یەک کاتدا دەکران. (عێراق ٢٠$ بلیۆن دۆلاری بە ناوی "قەرد" لە سعوودیە دۆشی، بەڵام لە ڕاستیدا سعوودیە بۆ ئەوە پارەکەی دەدا تا

شـۆڕشی ئیـسـلامـی ئێـرانی کـەنارگـیـر بکا.) یـەکـەم منداڵە فـەڵەسـتـینیـیـە بەردهاوێژەکانیش لە دیسێمبەری ١٩٨٧دا ئینتیفادەی یەکەمیان لە دژی سوپای داگیرکەری ئیسرائیل، هەڵگیرساند.

ئەوەی کە ئەفغانە عەرەبەکان بایەخیان پێ دەدا ئەوە بوو کە ئەوان لە دە ساڵ پتر بوو لە بیر کرابوون. ئەفغانستان بۆ ڕۆژئاواییەکانی وەک مامۆستای زانکۆ مایکڵ باری، (گەنجی هەموو جیهان و بنەمای چارەنووسی مرۆڤ بوو لەسەر ڕووی زەوی.) ئەفغانستان دۆزینەوەیەکی تازە بوو بۆ ئەو ڤۆڵەنتیرە موسڵمانانەی کـە لە وڵاتانی دوورەوەڕا هاتبـوون. جـیـهـاد ئەرکـێکی ئاینی بوو. هـەروەها ڕێککەوتێکیش بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوئاین co-religionistەکانی هەموو دنیـا، شان لە شـان بخشێـنن، بیروبۆچوونیان ئاڵوگۆڕ بکەن و هەندێ جاریش یەکتر توندڕۆتر بکەن.

چەند ساڵێک پاش ئەمە، دیپلۆماتێک لەگەڵ مێری ئان ویڤەر قسەی دەکرد. ئەو ژنە دەیەها ساڵ بوو خەریک بوو بۆ چەندین بڵاوکراوەی ڕۆژئاوایی وەک The New Yorker ڕاپۆرتی لەبارەی جیهانی ئیسلامی دەنووسی. دیپلۆماتەکە ئاماژەی کرد: (ئەگەر جیهاد نەبوایە ئەم هەموو گرووپە خەڵکە مەحاڵ بوو لێرە ئاوا کۆ ببنەوە.) بیری کردەوە ئایا چییە ئەو هەموو بیرۆکە جیاوازانەی لێرەدا بە یەکەوە تواندووەتەوە و پاشان گوتی: (چارەنووسی هەموومان لە دەست قەزا و قەدەر دایە.)(٧) لە ڕاستیدا زۆربەی ڤۆڵەنتیرەکان گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و دەستیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان کردەوە. بەڵام بۆ ژمارەیەکی کەمی ڤۆڵەنتیرە عەرەبەکان، ئەفغانستان شارەزای سیاسەتی توندڕۆیی جیهادی کردن. هەروەها بیرۆکەی ئازادکردنی خاکی ئیسلامان لە بن دەستی بیانییە (کافرەکان) و ڕووخاندنی حکوومەتە عەرەبە ناموسڵمانەکانیانی بۆ ڕازاندنەوە.

ئەمەریکا وەکو یەکەتی سۆڤیەت لە کن ئەو ڕادیکاڵانە جێی گومانە و لە چەند لایەکیشەوە تاوانبارە. تاوانەکانی هەر لە پشتیوانیکردنی ئیسرائیلەوەڕا تا دەگاتە عیلمانیکردنی کۆمەڵە موسڵمانەکان و (دزینی) نەفتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەگرێتەوە. ئەوەندە شارەزای سیاسەت بوون، کە بەئاسانی هزری ڕاستەقینەی خۆیانیان لەو ئەفغانانە دەشاردەوە کە خۆیان بەقەرداری ئەمەریکا دەزانی؛ چونکە لە بن دەستی

سـۆڤـیـەتیـیـەکـانیـان ئازاد کردن. بـارەکە باشـتـر دەبوو، چونکە زۆرتر ئـەفـغـانی بیـرورِایان دەگـۆرِا . ئەو سـاڵەی رووسـیـیـەکـان چوونـەوە نیـشـتـمـانی خـۆیان، پەناهەندەیەکی ئەفغانی لە پێشاوەر بە مامۆستا ئەمەریکاییە گەنجەکەی خۆی، کە زمانی ئینگلیسی فێر دەکرد، گوت: (ئەم عەرەبانە لە پێناوی کێشەیەکدا نامرن؛ ئەوان لە شەهیدبوون دەگەرێن. ئێمە دەمانەوێ رووسیاییەکان دەرچن، بەڵام ئێمە دەمانەوێ بژین، ئێمە بۆ ئەوە شەرِ ناکەین تاکو بمرین.)[٨]

# ناسینی سەرکردەیەک

لە ساڵی ١٩٩٩، لە جیدە بووم کاتێک کە هاوڕێیەکی سعوودیم باسی کرد کە ئێوارێ لەگەڵ هەندێ لەو سعوودییانەدا کۆ دەبێتەوە کە لە جیهادی ئەفغانستاندا بەشداربووینە. من تێم گەیاند کە بە هەموو گیانم حەزم لێ بوو لەگەڵ ئەو عەرەبە ئەفغانییانە دابنیشم. بۆیم ڕوون کردەوە کە دەمویست بچم بیانبینم. بەڵام من بانگهێشت نەکرابووم، پێشم جوان نەبوو خۆم ئەو پێشنیازە بکەم. هێشتا هەر پێم سەیربوو کە بە خۆی ئەو باسەی بۆ کردم. دەتوانم بڵێم من پتر نیگەرانبووم لەوەی کە سەرم سوڕ بمێنێ. هێندەم لەبارەی ناکۆکییە جودایەکان نووسیبوو ئەوەندە لێی فێر بووبووم کە بزانم جەنگاوەرە دێرینەکان ڕەنگە چەند بۆچوونێکی لە یەک دووریان هەبێت. دەیانویست بە شێوەیەکی فەرمی پێوەندییەکم لەگەڵدا بکەن. ئەم جۆرە پێوەندییە فەرمییانە لە ڕۆژئاوا بادەی دەگەڵدا دەبێ. کەسانێکی نەناسراویش لەم جۆرە دانیشتنانە خۆشهاتنی لێ ناکرێ. بەتایبەتیش ئەگەر نامۆیەکە بیانییەکی وەک خۆم ئاسا بێت.

من هێشتا هەر حەپەسابووم. ئایا کارێکی ئاساییبوو یان شتێکی نائاساییبوو کە لە شاری ئوسامە بن لادن خۆی، پیاوانی هاوزێی ئەو لە شوێنێکدا کۆ دەبنەوە و دڵنیاشبووم کە باسی دوا سەرشێتییەکانی ئەو لەگەڵ ئەزموونی ڕۆژانی جیهادی خۆیان دەکەن؟ لە پاش پەلامارەکانی سەر باڵیۆزخانەکانی کێنیا و تەنزانیای ١٩٩٨، لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئوسامە بووبووە سەرچاوەی تیرۆریزمی جیهانی. تاوانی ڕێکخستنی هەر دوو پەلامارەکەی خرابووە ئەستۆ. وڵاتە یەکگرتووەکان ٥ ملیۆن دۆلاری کردبووە دیاری بۆ هەر کەسێک هەر زانیارییەک بدا کە ئوسامەی پێ بگیرێ. هەر چەندە میدیای ئەمەریکایی پتر باسی ئوسامەی بکردایە، ئەوەندە پتر ئوسامە خۆی بزرتر دەکرد و ناوبانگی لە ناو موسڵمانانی جیهان، نەک هەر بە تەنیا سعوودیە، پتر دەبوو.

به بۆردومانەکەی بۆ تۆڵە سەندنەوە بەڕێوەبەرایەتی کلنتن بە چەکی تەکنۆلۆجی پێشکەوتوو کردیە سەری، ئەم ڕاستییە جەختبووەوە. لە ٢٠ی ئابی ١٩٩٨، ژێرئاوەکانی submarines دەریاوانی وڵاتە یەکگرتووەکان شێست مووشەکی تۆماهۆک Tomahawkی ئاراستەی یەک لە بنکەکانی مەشقکردنی ئوسامەی لە ئەفغانستان کرد و دەرزەن و نیوێکیشی هاوێشتە کارگەی دەرمانسازی (الشفاء) کە لە نزیک (الخرطومي) پایتەختی سوودان بوو. مووشەکەکانی بۆ ئەفغانستان چوون پێی نەکەوتن؛ چونکە بەپێی هەندێ سەرچاوەی هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەو خۆی سەعاتێک یان دوو سەعات پێشتر، لە ئۆردووگەیەکی نزیکی خوست بوو (بەڵام هەندێ سەرچاوەی تر گومانیان لەوە کرد کە ئەو لە هیچ کام لەو کامپانەدا بووبێت). کەچی زانا پسپۆڕە ڕۆژئاواییەکانی کارگەی دەرمانی (الشفاء) کە خاوەنەکەی چەند مانگێک بوو کڕیبووی و زاناکانی بۆ بەکرێ گرتبوون، زوو بەڕێوەبەرایەتییان هەراسان کرد؛ چونکە بە شێوەیەکی زانستییانە سەلماندیان کە کارخانەکەیان هەرگیز چەکی کیمیایی ترسناکی وەبەرهەم نەهێناوە و ئوسامەش هیچ بەشێکی لە کارگەکەدا نییە.

بەکارهێنانی تۆماهۆک پشتیوانی پتری بۆ ئوسامە پەیدا کرد؛ چونکە دەرگەی ئەوەی لە ئەمەریکاییەکان کردەوە کە چ جۆرە پارەیەک لەم چەشنە چەکە پێشکەوتووانە خەرج دەکەن کە چەندەها خەڵک دەکوژێ بێ ئەوەی خاوەنەکەی هیچ زیانێکی بەر بکەوێ، بەمەش ئوسامە سۆزی جیهانی سێیەمی بۆ خۆی ڕاکێشا. لە میانی پەنجا ساڵدا من لە چەندین شوێنی جودادا هەستم بەوە کرد کە تووڕەیی لە ڕۆژئاوا لە پەرەسەندن دایە، تووڕەییەکەش بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە؛ چونکە شەڕی ڕەوا fighting fair ناکات. دنیای سێیەم واوەیلای ئەوەیبوو کە ئەمەریکاییەکان بە شێوەیەکی نارەوا خۆیان لە خوێنڕشتنیان دەدزنەوە، وەک ئەوەی کە ئامێری هاوچەرخی شەڕ دەبێ بخرێتە پەناوە و جوامێرانە بچن بە مست شەڕ بکەن، تا خوێنی ئەمەریکاییەکانیش بڕژێ. ڕەنگە ئەنجامی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تیرۆریزم پەیدا بکات؛ چونکە چەکی تەقلیدی بێ هێزە و زەبری پەلامارەکان کەم دەکاتەوە، بۆیە نابێ گوێی پێ بدرێ.

ئوسامە بە بەردەوامی دووپاتی دەکاتەوە کە دەیەوێ تاڵی دۆڕاندن و سەرشۆڕی ڕۆژانی دوایی شەڕی خاچپەرستان دووبارە دەرخواردی ئەمەریکاییەکان بداتەوە،

وەک ئەوەی ئەوان چەند جاران لە ماوەی ئەم چوار سەد ساڵەی ڕابردوودا، کە موسڵمانان تیریان شکا و ڕۆژئاواش هەڵی دا، دەرخواردیان داون. بایی ئەوەندەش زیرەکبوو ژێی کوشتارەکانی ئیسرائیل بژەنێ کە لە ئۆردووگەکانی پەنابەران لە سەبرا و شاتیلا لە بەیروت، لە ١٩٨٢، لە دژی سڤیلە فەلەستینییەکان کردی. باسی کوشتنی سڤیلە لوبنانییەکانیشی دەکرد کە ئیسرائیل لە ١٩٩٦ لە قەنا لە باشووری لوبنان کوشتیانی. ئەمانە هەردووکیان نموونەی ئەو عەرەبە بێ چەکانە بوون کە یان بە چەکی ئیسرائیلی کوژران یانیش بە چاو لێپۆشینی ئەوان کرا. هەرگیز وەک زۆر لە سعوودیەکان ئاسا، هەڵوێستی پشتگوێ خستنی کێشەی فەلەستینییەکانی لە بیر نەبوو. ئوسامە زانی کە ناوی سەبرا و شاتیلا و قەنا زەنگێکی تایبەتی نەک هەر لەلای خەڵکی ڕەمەکی و مەیلەو ڕووناکبیرەکانەوە هەبوو، بگرە کێشەکە لەلای زۆر لە ڕووناکبیرە موسڵمانەکانیش هەبوو؛ جا با ئەو نوخبەیە چاکیش بزانێ کە ئەو کارە تیرۆریستییانەی ئوسامە و هاوبیرەکانی دەیکەن هیچ ڕەگێکیان لە ئیسلامەتیدا نییە و ئیسلام شەرعیەتی ناداتێ.

بەڵام کۆششی زۆر دەکرا بۆ ئەوەی حکوومەتە گەندەڵەکان و دەسەڵاتدارە سەرشێتەکان و دەزگا دۆڕاوەکان هەر شتێکی بێ کەڵک کە لە وڵاتدا دەیکەن، هاوشان لەگەڵ ئەرکی تایبەتی هەر کەسێک بەرانبەر بە هاووڵاتییەکانی خۆی، لە بیر ببرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش گلەیی لە بیانییەکان دەکەن. گلەیی لە ڕۆژئاوا دەکەن. گلەیی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن. بەڵێ، بە ڕاستی گازاندە بە تەنیا هەر لە تاکە زلهێز superpowerی دنیا دەکەن، چونکە ئەوەی کە لە وتارێکی مادلین ئۆڵبرایتدا هاتووە بە خۆی دەڵێ: (ئەو وڵاتەی ناشێ پشتگوێ بخرێ in-dispensable nation)، شێتانە، هەموو دنیای لەو قسەیە پڕ کرد، بەڵام قایل نەبوو کێشەی فەلەستین و کەشمیر بخاتە سەر ڕێگەیەکی ڕاست.

کە ئەمەریکا لە سەدەی نۆزدەمین (کلکی شێری بادا twisting the lions tail) نیازی وابوو توانای زلهێزی بەریتانیا بە کەم هەڵبگری، چونکە بەریتانیا وای بە حیکمەت دەزانی کە بایەخ بەلایەکی تر بدا. دەشێ بگوترێ کە ئەمەریکا ئێستا بە شێوەیەک کۆنترۆڵی دنیای کردووە کە تەنانەت ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیش لە ئەوپەڕی بەهێزیدا، ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات. بێگومان لە دوای شەڕی ڤێتنام،

ئەمەریکا هەرگیز نەیویستووە چیی تر (کیسە تەرم body bag)ی بۆ بێتەوە، بەڵام نیازی ئەوەیبووە کە یان بە شمشێرە تیژەکەی گورزی توند و بە پەلە بوەشێنێ، هێرشێک یا دووانیش بە خێرایی بکا. وڵاتە یەکگرتووەکان لە پاش شەڕی سارد بووە زلهێزێکی ئیمپێریاڵی بێ ئەوەی بە فەرمی هیچ کۆلۆنییەکی هەبێ. واش دەنوێنێ کە کاریگەریی لە ئەوبەریدەریاکان overseasدا نییە. ئەمەریکا گەلێک ئیشارەتی دەرەکی نیشان دا کە دەیەوێ بۆ ناوەوە بێتەوە، ئەمە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی کلاسیکیبوو بۆ خۆ لاچەپ گرتن، لە دوای نیو سەدە لە خۆ تووشی سەرئێشەکردن، داهات.

ئەمە زۆر ئوسامەی هان دا. چونکە بە دوو شێوە تەماشای هێزی ئەمەریکای کرد، یەکەمی وەک بە چاوی هەڕەشە و دووەمیشیان ئەوەبوو کە ئەمەریکای وەک پڵنگێکی کاغەز paper tiger هاتە بەرچاو. بەهای ئازایەتی سەربازانی ئەمەریکا نەزانی، ئەمەش بە شێوەیەکی لۆجیکی ئەوە دەبەخشێ کە بەهای بۆ سوپای ئەمەریکاش دانەنا. چونکە وا تێ گەیەندرابوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەیەکی زۆر ڕاستەقینەیە؛ بۆیە هزری ئەو وابوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە ڕابگیرێ بەر لەوەی ئەوەی کە لە دنیای ئیسلامدا ماوە ئەویش برووخێنێ. پەیامی ئوسامە ئەوە بوو کە ئەمەریکاییەکان جاهیلن. زۆر بە توندڕۆیی و کورت بینیشەوە لە ئاینەکەی خۆی و لە جیهانی دەرەوە گەیشتووە. هەر چەندە زۆر لە موسڵمانان دەزانن کە مەزهەبی ئوسامە لادانە لە دەقی ئیسلامەتی بەڵام هێشتا هەر توانی کە زۆر لێیان دەمارگیر بکات.

بەم جۆرە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٩، کەناڵی سەتەلایتی ئەلجەزیرە، کە بنکەکەی لە قەتەری دراوسێی شانشینی سعوودیەیە، فیلمێکی دۆکیومێنتی نۆهەت دەقیقەیی لەبارەی بن لادن پەخش کرد. لەوەتی لە ١٩٩٦ەوە دەستی بە پەخش کردووە، کەناڵی ئەلجەزیرە زۆربەی کارمەندانی بەشی عەرەبی تەلیڤزیۆنی دەزگای پەخشکاری بەریتانی British Broadcasting Corporation بۆ خۆی بردووە. ئەو کەناڵە بە بەردەوامی حکومەتە عارەبەکان تووڕە دەکا، چونکە هەموو کات بواری زۆر بۆ بەرهەڵستکارەکانیان دەڕەخسێنێ دا لە دژی حکوومەتەکانیان قسە بکەن. فیلمە دۆکیومێنتییەکە بایەخی سەرەکی بە دیمانەیەک دا کە لە درەنگی دیسێمبەری ڕابردوو لە ئەفغانستان کرابوو، بۆ چەند مانگێکیش – دەڵێن لەبەر

پاڵەپەستۆی ئەمەریکایی و سعوودی و گرفتیش دواخرابوو، ئینجا پەخش کرا. بەڵام قەتەرییەکان شانازییان بەوە کرد کە توانییان دراوسێیە مەزنەکەی سعوودیەیان تووڕە بکەن. چونکە ناکۆکییان لەسەر خاک لەگەڵیاندا هەیە.

لە ئێوارەی پێنجشەمە بوو کە دۆکیومێنتییەکە پەخش کرا؛ چونکە سەرەتای پشووی حەفتەی موسڵمانانە. پەخشەکەش بۆیە لەم کاتەدا کرا دا زۆرترین ژمارەی بینەران ببینن. یەکێکی خەڵکی ڕیادی پایتەخت لە بیریبوو کە (شەقامەکانی ڕیاد چۆل بووبوون، هەموو کەسێک سەیری ئەلجەزیرەی دەکرد؛ ئال سعود بەمە شادمان نەبوون.) ئەوەی ئوسامە گوتی هیچ نەبوو؛ چونکە زۆربەی قسەکانی پێشتر لەگەڵ پەیامنێرە بیانییەکان باسی کردبوو، ئەمەیان دووبارە بوو. ئەوەی سەرنجی سعوودیەکانی ڕاکێشا ئەوەبوو کە ئوسامە ڕاستەوخۆ بە عەرەبی قسەی دەکرد، نەک وەک جارانی پێشوو تەنیا گوێیان لە دەنگی وەرگێڕەکان دەبوو، کە قسەکانیان لە ئینگلیسی دەکردەوە عەرەبی؛ چونکە سەرچاوەکانی پرۆگرامی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە بیانییەکان بوو.

پرۆگرامەکە ئوسامەی زیندوو کردەوە. لە میانی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، مادلێن ئۆڵبرایت بۆ ئەوەی وەلی عەهدی سعوودیە شازادە عەبدوڵا کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود لە هەوڵی وڵاتەکەی بەشدار بکا، بۆی ئاشکرا بوو کە پێشتر ئوسامە بە فەرمی لە عەرەبستانی سعوودی وەک مرۆڤێک نەمابوو. وەلی عەهد گوتی: (من لەو باوەڕەدا نیم کە ئەو کابرایە سعوودی بێت.) بەمەش ڕێگەی لە ئۆڵبرایت بڕی؛ چونکە سعوودیە لە ١٩٩٤ ڕەگەزنامەی لە ئوسامە ساندبووەوە.

پێوەندیی نێوانیان پێشتر هەرگیز بە هیچ کاتێک هێندە سارد نەبووە. لە کاتی شەڕی دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، ئوسامە لەلایەنی سیاسەتسازانی سعوودی بۆ ئەوە دەست نیشان کرابوو تا پارە بۆ جیهادی ئەفغان کۆ بکاتەوە. میر سەلمان بەخۆ و بە شا فەهد گرینگترین بازنەی ئەو حەوت کوڕەی شا عەبدولعەزیز بوون کە لە ژنە هەرە خۆشەویستەکەی (حەسە) بوون. میر سەلمان بە خۆی بەرپرسی ڕێکخەری کاروباری یارمەتییە مرۆییەکان بوو کە بۆ ئەو ملیۆنەها پەناهەندەی ئەفغانی دەچوو کە لە پاکستانێ دەژین. دوای دوو ساڵ لە جیهادکردن، لە

زووانەکی ساڵی ١٩٨٠بوو کە لە هەر یەک لە هەرێمەکانی عەرەبستانی سعوودی کۆمیتەیەکی پارە کۆکردنەوە دامەزرا. شازادەی هەر هەرێمێک گەورە پیاوانی هەرێمەکەی خۆی کە کردنەوە و لێی خواستن دا هەر بنەماڵەیەکی دیار ئەندامێکی خۆی دەستنیشان بکا بۆ ئەوەی لە کۆمیتەکەی خۆیان بەشداری بکات، بەمەش بەخشینەکە پتر هان دەدا. بنەماڵەی بن لادن، ئوسامەیان دەستنیشان کرد؛ چونکە بە ڕواڵەت ئەو لە هەموو برایەکانی خۆی بە دینتربوو.

ئەو کات ئوسامە لە کۆمپانیاکەی بیناسازی بنەماڵەکەیان ئیشی دەکرد. بەڕێوەبەرە فەلەستینییەکەی پرۆژەی بەرینکردنی ڕێگەی مەکە تێبینی ئەوەی کرد کە ئوسامە ڕۆژێک نەهاتە سەر ئیش، ڕۆژی پاشتریش لە کاتی نیوەڕۆدا هات. پێش ئەوەی ئوسامە بتوانێ بیانووی بۆ نەهاتنەکەی بدۆزێتەوە، ئەندازیارەکە بە قسان سەری خوارد: (لەعنەتت لێ دا، وا دەزانی تۆ خۆت خاوەنی ئەم کۆمپانیایەی.) ئوسامە پێکەنینێکی سەیری هەبوو بۆ ئەوەی شەرمەزاریی خۆی بشارێتەوە. ئەندازیارەکە بە ڕوویدا تەقییەوە: (بۆ پێ دەکەنی؟ چت لێ قەومایە؟)

ئوسامە تێی گەیاند کە بووەتە نوێنەری بنەماڵەکەیان لە کۆمیتەکە و بەمەش ئەرکی زۆرتر بووە. پاشان بۆ ماوەی حەفتەیەک تا دە ڕۆژان بزر بوو. کە گەڕاوە دیسان ڕەخنەی لێ گیرا. ئوسامە گوتی کە بە فڕۆکەیەکی سعوودی جۆری C ١٣٠ پڕ لە پەتوو و خۆراکی ناو قوتییەوە دەفڕی بۆ پاکستان دەچی. ئەندازیارەکە وەبیری خۆی هێناوە: (ئوسامە دیسان بزر بوو، بەڵام جاری سێیەم پێی گوتم کە دەچێتە ئەفغانستان و ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی.)

لە ڕاستیدا ئوسامە چووە پاکستان، بەڵام لە پایتەختەکەی کە ئیسلام ئابادە دوورتر نەچوو. دەگەڵ عەبدوڵا عەزام بە یەکەوە مانەوە. عەبدوڵا عەزام کابرایەکی فەلەستینی ئەندامی (اخوان المسلمین) بوو، پێشتر لە جیدە بوو پاشان چووبووە پاکستان و لەوێ لە زانکۆی ئیسلامی نێو نەتەوەیی کە بە پارەی سعوودیە بەڕێوە دەچوو، بووە مامۆستا و وانەی ئاینی بە قووتابیان دەگوت. بودێجامە باونووە Boudejama Bounoua، کابرایەکی جەزایریبوو لە بیریبوو کە یەکسەر دوای گەیشتنە پاکستان، لە ماڵی عەزام بە ئوسامە ناساندرا؛ (ئەمە ئەبوعەبدوڵایە.) ئاخر ئەمە نازناوی ئوسامەی بوو. پاشان پێیان گوت: (ئوسامە لە بنەماڵەیەکی

هەبووی سعوودیە و پاکستان ناهێڵێ بۆ ناو ئەفغانستان بچی؛ بۆیە بەتەمایە بچێتەوە بۆ جیدە.) وا دیاربوو هەردوو پیاوەکە یەکتریان باش دەناسی، هەر چەندە باونووە مەزەندەی وابوو کە ئەمەیان دووەم جاربوو ئوسامە سەری لە پاکستان بن دەسەڵاتی عەزام دەدا.

هەرچەندە هێشتا ئەزموونی کەم بوو، بەڵام لە دیسێمبەری ١٩٩٣دا، ئوسامە بە ڕۆبەرت فیسکی پەیامنێری ئیندیپێندەنت Independentی لەندەنی گوت کە زوو لە پاشی یەکەم سەردانی بۆ پاکستان کە دەڵێ لە ١٩٧٩و چەند ڕۆژێک لە دوای چوونی سوپای سۆڤیەتی بۆ ناو ئەفغانستان بووە، دەستی بە ڕەوانکردنی ڤۆڵەنتیری عەرەب کردووە، (نەک بە سەدان کەس، بەڵکوو بە هەزارانی ناردووە.) ڕەنگە وابێ، بەڵام جەمال ئیسماعیل کە فەلەستینییە و قوتابییەکی زانکۆیە و لەو کاتدا ڕاپۆرتنووس بووە، لە بیریەتی دەڵێ کە من یەکێک بووم لە ناو تەنیا ئەو سێ عەرەبەی کە لە ١٩٨٣ لە پێشاوەر بووین. ساڵێکیش پاشتر باونووە بۆی ڕوون بووەتەوە کە تەنیا سێزدە ڤۆڵەنتیری عەرەب پاشی ئەو بۆ ئەفغانستان چووینە، کاتێک کە دوو ڕۆژ پاش گەیشتنە ئیسلام ئاباد ئینجا لەگەڵ عەزامی بە یەکەوە بەرەو پێشاوەر بووینەوە. کۆنە قەڵاتە سەربازییە بریتانییەکە ئێستا تژی پەناهەندەی ئەفغان و سیخوڕ و پیلانگێڕە.

یەکسەر لە دوای سەفەرەکەی لە جیدە لە ١٩٨١، عەزام دەستی پێ کرد ڕۆژانە لە نێوان ئەرکی وانە گوتنەوەی لە ئیسلام ئاباد و پایتەختی هەرێمی باکوری خۆرئاوای سنوورییەوە هاتوچۆی دەکرد. هەر ساڵەکیش ڕەت دەبوو ئەو زۆرتر لە پێشاوەرێ دەماوە بۆ ئەوەی لە جیهاد نزیکتر بێتەوە. دەزگای هەواڵگری پاکستانی ISI و سەرۆک (ضیاء الحق) کە عەزامیان دەدی هێشتا پتر بۆ جیهاد هانیان دەدا، تا وای لێ هات لە کۆتاییی ١٩٨٦دا عەزام وازی لە مامۆستایەتییەکەی هێنا و بارگەی تێک نا و بە یەکجاری لە ئیسلام ئابادێ باری کرد. بووە ڕاوێژکارێکی هێزای سەرکردە ئەفغانە نەیارەکان و بووە قسەکەری جیهادییەکان و پارە و ڤۆلۆنتیریشی هەر لە ڕیادەوە هەتا نیویۆرک کۆ دەکردەوە.

بەڵام نیازی ڕاستەقینەی عەزام ئەوە نەبوو کە دەیکرد، بگرە شتێکی تر بوو؛ شەڕەکەی ئەفغانستان ڕێگەی بۆ خۆش کرد بۆ ئەوەی بیرۆکەی توند و تیژی

جیهادی بسەپێنێ و بیکا بە ڕێبازێک بۆ ئەوەی هەمـوو موسڵمانانی دنیا قایل بکا کـە دەست بە شـەڕ بکەن. پەیڕەوکـردنی ڕێبـازی توندوتیـژی پێشـتـر تەنیـا چەند گرووپێکی بچووکی وەک (جیـهـادی گرفـتی) و (الجـماعـة الاسـلامیـة) پەیڕەویان دەکرد. عەزام داوای لە مـوسڵمانان کرد تا (پێوەندیی بە کاروانی) ئەفغانستانەوە بکەن. پارەی لە قوتابخانە سەلەفییەکانی سعوودیە و لە کوێت بۆ دەڕژا و شوێنی مەشـقی سەربازیشی لە پاکستـان بۆ ئامادە بوو. بە پشتیوانی زانکۆی ئەزهەر، لە قاهیرەی پایتەختی گرفتی، عەزام دوو جۆرە جیهادی پێناسە کرد.

(فـرض الکفـایة): عــەزام بە کـورتی مـشـتـومـڕی لـەسـەر کـیـشـەی دەست پێشخەریکردنی لە پەلاماردانی دوژمنانی کافر لەسەر خاکی خۆیان کرد، کە تەنیا پێویستی بە بەشداریکردنی یەک گرووپی ئیسلامییەوە هەیە، نەک ئەوەی کە هەموو مـوسـڵـمـانان تێـیـدا پشکداری بکەن. بـەڵام ئەو فـەتوای ئەوەی دا کـە کـێـشـەی ئەفـغـانسـتـان (فـرض عین)ە؛ ئـەمـە جـیـهـادی بەرگـریش دەگـرێتـەوە بۆ ئەوەی مـوسـڵـمـانـان و خـاکـەکـەشیـان لە پەلامـاری کـافـران بپـارێزن. بەم جـۆرە، بە پێی وەعزەکانی عەزام، هیچ موسڵمـانێک ناکرا لەم جۆرە جیهادە بەشدار نەبێ؛ چونکە وەک پێنج کۆڵەگەکەی ئیسلامـەتی کردییـە ئەرکێک کە پێویستـە بکرێ. یەکەم، نزیکتـرین کـۆمـەڵگەی مـوسـڵـمـانان دەبێ یارمـەتی بدەن، پاشـان هەمـوو بازنە دوورترەکانی کۆمەڵ، بە پێی پێویست، بۆ بە دۆڕاندنی دوژمن، دەبێ بەشداری لە شەڕدا بکەن.

هاریکاری کردنـەکانی عـەزام بۆ سـەرخـسـتنی جیـهادی ئەفغـانی – سـەبارەت بەزیندووکـردنەوەی جیـهـاد و کـردنی بە بەشـێکی گرینگ لە ئیسـلام – دەشێ بە ئاسـانی گـەورە بکرێ. شـێخی نابینا عومـەر عـەبدوڕەحمـان، سـەرۆکی (الجماعة الاسلامیة)ی گرفتی کە لە ١٩٩٦ بە هۆی پەلاماردانی دەزگا سڤیلەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکـان، بۆ ژیان زیندانی کـرا، دەیگوت: (کـە ئەفـغـانیـیـەکـان ڕاپەڕین و بانگەوازی جیـهادیان کرد – جیـهاد لە مێژبوو مـردبوو – ناتوانم بڵێم من چەند بەو بانگەوازە شـاناز بووم.)[1] کە جیـهـاد پشـتـیـوانییـەکی نێـو نەتـەوەیی بۆ پەیدا بوو، عەزام و ئوسامە ئۆفیسی خزمەتگوزارییان دامەزراند. ئۆفیسـەکە لە شاری زانکۆ، لەسـەر شـەقامی سـەید جـەلالەدین ئەفغـانی بوو (ئەو شـەقامە بە ناوی ئەو هزرڤـانە مـوسـڵـمـانەی سـەدەی نۆزدەمین کـراوە کـە بەمـەبەسـتی ئەوەی ئیسـلام بتـوانێ

بەرانبــەر مل – لێنانی ڕۆژئـاوا بوەســتێ، هەوڵی دا ئیــســلام نوێ بکاتەوە.) ئۆفیسەکە لە نێوان ڤێلای قەشەنگی پێشاوەر و خانووە ئاساییەکانیدا بۆ ئەوە خرابووە گەڕ تا پتر لە کێشەی ئەفغانستان دوور بکەوێتەوە و پارەی پێویست و یارمەتی تر بخاتە بەردەستی ڤۆڵەنتیرە جەنگاوەرەکانەوە.

دیوەخانێک ناوی (بیت الانصار) بوو، چەند ژوورێکی نوستنی تێدا بۆ چەند ڤۆڵەنتیرێک ئامادە کرابوو. ڤۆڵەنتیرەکان لە فرۆکەخانەی ئیسلام ئابادەوەڕا یەکســەر بە پاس بۆ ئەوێ دەهێندران. ئەوانەی لە ئەرکی ناو ئەفغانستانەوە دەهاتنەوە، ئەوانیش لەوێ میواندارییان بۆ دەکرا. پارە لە هەموو جیهانی ئیسلامییەوە بە سەریاندا دەباری. پارەکە بەتایبەتی لە سعوودیە و ئیماراتی عەرەبییەوە دەهات. (رابطة العالم الاسلامي)، کۆمەڵگەی جیهانی ئیسلامی کە لە ١٩٦٢ بنەماڵەی ئال سعود دایان مەزراند بۆ ئەوەی پەیامی سەلەفی بڵاو بکاتەوە، ڕۆڵی سەرەکی لەم چالاکییانە دەگێڕا.

ئوسامە زۆربەی کاتی لە نیشتمانی خۆی بۆ پارە کۆکردنەوە بەسەر دەبرد. سەرباری ئەوەش کۆمپانیاکەی خۆیانی هان دەدا بۆ ئەوەی ئامێرە سەنگینەکانی ڕەوانەی ئەوێ بکات تا تەنەڵ و نەخۆشخانە لە بن زەوی و کۆگەی چەک و تفاق و دەزگای تر لەسەر سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستان دروست بکات (وەک ئەوانەی ئەمەریکاییەکان لە تۆرابۆرا، لە نۆڤێمبەر و دیسێمبەری ٢٠٠١دا بۆردومانیان کرد.) گەنجێکی فەلەستینی وە بیری هاتەوە کە ئوسامە هەر سێ مانگ جارێک لە پێشاوەر بە دیار دەکەوت؛ چەند حەفتەیەک لەوێ دەماوە، پاشان دەگەڕاوە بۆ وڵاتی خۆی. فەلەستینییەکە گوتی: (چونکە کوڕە دەوڵەمەندبوو دەیزانی چۆن لەگەڵ دەوڵەمەندان بئاخێوی و قایلیان بکا بۆ ئەوەی پارە بۆ جیهاد ببەخشن.) سامانی بەرەی بن لادنی هێندە زۆر بوو کە ئوسامە لە هەموان پتر سوودی لەو وەرگرت: (چونکە زۆر دەوڵەمەندبوو بۆیە بە پیاوێکی ئەمین دادەندرا و گومانی هیچ جۆرە فرتوفێڵێکی لی نەدەکرا. لەلای سعوودیەکان بن لادن هەموو کات خاوەن ماڵ بوو.) کەم کەس هەبوو لەمیانی پارە کۆکرنەوەدا هێندەی ئوسامە متمانەی پێ بکرایە.

لە پێشاوەر ئوسامە بە بەردەوامی سەردانی بریندارانی دەکرد و نایابترین

چوکلێتی ئینگلیسی پێشکێش دەکردن. ناویان و ناوی شارەکانیانی دەنووسییەوە و دڵنیای دەکردنەوە کە خانەوادەکانیان هەواڵ و پارەی کاشیشیان پێ دەگا. ناوبانگی بە جلوبەرک ڕێکی دەرکردبوو، شەلوار و کراسەکەی لە باشترین کوتاڵی ئینگلیسی بۆ دەدروا. پێڵاوەکانیشی لە لەندەن بۆی بە ڕادان دەدرا. کە میر تورکی فەیسەڵ بۆ بە دواداچوونی جیهاد سەردانی دەکرد، عەزام و ئوسامە بە نهێنی لە ئیسلام ئاباد یان لە پێشاوەر، چاویان پێی دەکەوت.

بە درەنگی ١٩٨٦، ئوسامە توانی پاڵەوانێتی مەیدانی شەڕ بەدەست بێنێ. ئەمە هەردەم خەونی ئەو گەنجانە بووە کە بیانەوێ ناو و دەنگ و پۆستی گەورە وە دەست بێنن. وەک ئەوەی کە خۆی هەموو کات دەیگێڕاوە، هێزێکی هاوبەشی سۆڤیەتی و حکووەتی ئەفغانی کە ژمارەیان زۆر لەوان زۆرتر بوون، لە نزیک بنکەی موجاهیدەکان لە جاجی نزیک مەرزی پاکستان، هێرشیان کردە سەر خۆی و ئەو چل ڤۆڵەنتیرە عەرەبەی کە لەگەڵیدا بوون. جەنگاوەرە ئەفغانییەکانی کە لەگەڵیاندا بوون، زوو پاشەکشەیان لێ کرد، بەڵام هەرچەندە ئوسامە فەرمانی بە پیاوەکانی خۆی دا، ئەوان نکووڵییان لە کشانەوە کرد و گوتیان: (ئێمە بۆ ئەوە هاتووینە ئێرە تا شەڕی جیهادی بکەین. ئێمە هاتووین دا شەهید بین. بەڵێ دەمرین.) چیرۆکەکە بەم شێوەیە ڕۆیشت. ئەوان دە ڕۆژان بەرەنگاری هێزی ئاسمانی سۆڤیەتی و تانک و پەڕەشووتوانەکانیان بوونەوە. پتر لە دەرزەنێک لەو شەڕدا شەهید بوون. عەبدولڕەسووڵ سەیاف، کە سەرکردەی موجاهیدەکانی (اتحاد الاسلام)بوو، عەرەبی دەزانی و سعوودیەکانیش خۆشیان دەویست، بە پەلە هێزێکی خۆی گەیاندە کامپی جاجی و گەمارۆیەکەی سەر ئوسامە و پیاوەکانی شکاند.

بۆ ئوسامە، یەکەم جار تووش هاتنی شەڕ، لەلایەنی ئاینییەوە پشتیوانییەکی گەورە بوو پلە و پایەی بەرزتر کرد و بۆی بووە پاڵەوانێتییەکی ئەفسانەیی، بەتایبەتیش کە بە ڕزگاربوونی کۆتایی هات. پاش حەفت ساڵ لەو شەڕە، ڕۆبەرت فیسک، چاوپێکەوتنێکی لەبارەی شەڕە ئەفسانەییەکەی لەگەڵ ئوسامەدا ساز کرد(٢). ئوسامە مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە: (نا، من هەرگیز لە مردن نەترساوم. ئێمە وەکو موسڵمان، باوەڕمان وایە کە مردین دەچینە بەهەشت. پێشی شەڕەکەی، خوا دڵنەوامان دەکا. من تەنیا سی مەتر لە ڕووسییەکان دوور بووم، ئەوانیش هەوڵیان دەدا بمگرن. من لەبەر بۆمبەردومان دابووم، کەچی من لە

ناخمەوەڕا هەستم بە حەسانەوەیەکی ئەوتۆ کرد کە خەواڵووی کردم. لە کتێبەکانی پێشوومـاندا باسی ئەم ئـەزموونەی خـۆمم کـردووە. بینیم کـە گوللـە تۆپێکی ۱۲ملم لە پێشـە من کـەوتەوە، بـەڵام نەتەقییـەوە. فـڕۆکە ڕووسـییـەکان چوار بۆمبی تریان بەرداوە سەر بارەگاکەی ئێمە، هیـچیان نەتەقینەوە. ئێمە لە یەکەتی سۆڤییەتمان بردەوە. ڕووسییـەکان هەڵاتن.) وەک ئەفسانەیەک، ئوسامە تا ئیستاش ئەو تفەنگە هەڵدەگرێ کە لە جاجی لە جەنەراڵێکی ڕووسی کوژراوی ئەو شەڕەی کردووەتەوە.

چونکە بـەختـە لارەکەم منـی خسـتـە ناو شـەڕەوە، من هێندە بـاوەڕ بەو قسـانە ناکـەم، دەشـتـوانم پێـیـان بڵـێم تەنیـا هـەر ئـەفسـانەنە و چیی تر نینە. من لەبەرە خـۆمـدا هـەر دەڵێم و دەڵێـمـەوە کـە جـاجی، ئـەگـەر هـەر هـەبێت، وا پێ دەچێ کـە شەڕێکی لاوەکیبوو بێ؛ بۆیە نابێ لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا بڵێین: (ئێمە لە یەکێتی سـۆڤیـەتمان بردەوە.) جـا بـا ڕووسـییـەکان بە خـۆیشـیـان وازیان لە ڕاوەدوونانەکە هێنا بێت.

بەڵام لە ۱۹۹۹ لە یەمـەن تووشی کابرایەکی هاتم سوێندی خوارد کـە بە خۆی لە جاجی لەگەڵ ئوسامـە لە ناو شەڕەکەدا بـەکەیەوە بووینە. باسـەکەی بە درێژی بۆی گـێـڕامـەوە. بەلای کـەم لە کـابرایەکـەم زانی کـە شـەڕەکـە قـەومـابوو، هـەرچەندە کـابرایەکـە لـە ئەفـغـانسـتـاندا لە زۆر شـەڕی گـەورەتر بەشـداری کـردبـوو بۆیە شەڕەکەی جاجی وەک شەڕە گەورەکەی نزیک کابولی لە بیر نەمابوو، سەیر بوو کە لێی دەرچووبوو[۳].

هـەر چۆنێک بووبێ، ڕەخنە نەرمـەکـەم لە تـەک نیـشـانەکـەوە بوو. ئەوەی لێـرە گرینگە ئەوەیە کـە ئوسـامـە خـۆی بە کـەسـێک دەزانێ کـە خـوا پاراسـتـوویەتی، بە خـۆی دەیـەوێ بمرێ، بگرە بـە پیـر مـردنەوە دەچێ، بـەڵام ڕۆژی نەهاتووە، بـۆیەش دڵگرانە و دەیەوێ شـــەڕێکی تر بکات. بە خـــۆی لە پێــشـــەوەڕا ســـەرکـــردایـەتی جەنگاوەران دەکا. هەر چەندە پارە کۆکردنەوە ئەرکی سـەرەکی بوو، بەڵام چیی تر کـابرای جـاران نـەمـاوە، لەگـەڵ ئەوەش من دەڵێم تا مـاوە بە هیـچ شـێـوەیەک لە شـەڕێکی تر بەشـداری ناکا. بەم چەشنە خـۆی کردە نەبەردێک کە وازی لە هەمـوو خۆشییەکانی ئەم ژیانە و پایە و پوول هێناوە؛ ئەمـەش لە کن موسڵمانێکی ئاسایی کارێکی زۆر گەورەیە و پابەندبوونە بە شێوەیەکی تایبەتی ئیسلامی توندڕۆ[٤].

ڕاستی و دروستی و نەرمی و نا – دنیاییبوون otherworldlinessی ئوسامە، توندڕۆیی و شەیدایی بۆ ناودەرکردن و خۆ پایەدارکردنی ئەو پیاوەی لە خەڵکی شاردەوە. ئوسامە بووە پاڵەوانی ڕۆژنامەگەریی سعوودی، هەر بۆیە زۆر بە کامەرانییەوە هاریکاری دەگەڵدا دەکردن. بەرپرسێکی سعوودی وەبیری هاتەوە و گوتی: (زەمانێک ئەو خۆشەویستی هەمووان بوو. شەڕێکی دەکرد کە هەموو کەسێک ئومێدی دەخواست بە خۆی بیکا، پارەی خۆی لەم بوارەدا خەرج دەکرد. ئەمەریکاییەکان خۆشیان ویست. ئێمە خۆشمان ویست.)(٥) هەر جارەکی بە سەفەر دەهاتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، هەموو کەسێک دەیویست بیبینێ، لە قوتابخانان قسەی دەکرد، لە مزگەوتان وتاری دەخوێندەوە، لە ئەکادیمییەکانی سەربازیدا کۆڕی دەگێڕا. هەزاران کاسێتی دەنگی بە دنیادا بڵاو بووبووەوە. خالد بەتارجی، کە هاوڕێی منداڵی ئوسامەیە، دەڵێ: (تاکە پاڵەوانی سەردەمی خۆی بوو. بە ڕاستی من ناتوانم بیر لە هیچ کەسێکی تر بکەمەوە.)(٦) بە ڕاستی ئوسامە هێشتاکە نەبووبووە سی ساڵ کە بووە گەورە پیاوێکی ئاینی ئەوتۆ کە خاکەکەی لە پاش مەلیک عەبدولعەزیز، کەسێکی وەک ئەوی نەبووە. بەرزبوونەوە بێ هاوتایەکەی دەستی پێ کردبوو.

بە یەک ساڵ لە پێش شەڕەکەی جاجی ئوسامە گرووپێکی تایبەتی خۆی پێک هێنابوو، وا دیارە کە ئەو شەڕەش تاکە شەڕ بوو کە عەرەبەکان وەکو یەکەیەکی تایبەتی تێیدا بەشدار بووینە، ئەگەر نا هەموو کات بۆ پشتیوانیکردنی جەنگاوەرە ئەفغانییەکان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کراون. گرووپەکە پاشتر ناوی بووە ئەلقاعیدە (واتا بناغە، بنکە). کەس بە ڕاستی نازانێ بۆ ئەو ناوەیان هەڵبژارد؛ بەڵام هەندێ کەس دەڵێن ئەمە بۆ ئەوە بووە کە ببێتە بناغەیەک بۆ هەموو ئەو ڤۆڵەنتیرانەی کە لە پاشتردا بۆ جیهاد دێن، بۆ ئەوەی دواتر لەشکرێکی ئیسلامی گەورەی نێو نەتەوەیی بۆ جیهاد پێک بێنن. لە ڕاستیدا، سەرەتایەکەی چەند لە بواری سەربازیدا گرینگ بوو ئەوەندەش لە بواری سیاسیدا بایەخی هەبوو.

دروستکردنی ئەلقاعیدە پێوەندیی نێوان عەزام و بن لادنی بە تەواوەتی گۆڕی. کاتێ کە لە پێشاوەر بوون برادەری باشی یەکتربوون و هەموو ڕۆژێک یەکتریان دەدیت. بەڵام هەردووکیان بە زۆری، تەنێ – بە تەنێ بەمەبەستی پارە کۆکردنەوە هەردەم بۆ هەندەران، بۆ شوێنی وەک عەرەبستانی سعوودی و شوێنی تریش،

دەچوون. هەندێ جاران چەند مانگ لە دەرەوە دەمانەوە. ئوسامە جارێکیان پتر لە شەش مانگ لە دەرێ ماوە. ئەو جاریان کە گەڕاوە، چووە ناو ئەفغانستان، لە شوێنێک بوو، مانگێ دوو یان سێ ڕۆژ، پێنج شەش سەعات بە هاژوان دەهاتەوە و لە پێشاوەر دەماوە. هەر بۆ ئەوەی لە یەکتریان جودا بکەمەوە، (مکتب الخدمات) سەر بە (اخوان المسلمین)بوو بەڵام ئەلقاعیدە هی ئوسامە بن لادنی بوو. تا ئێستا ڕوون نییە بۆ ئوسامە مکوڕ بوو کە دەزگایەکی تایبەتی خۆی هەبێ. لەمیانی چالاکی ڕۆژانەشیدا هێدی هێدی پێوەندیی خۆی دەگەڵ (اخوان المسلمین)ەکاندا بڕییەوە.

مرۆڤ لەو کارە دەگا. عەرەبستانی سعوودی پێشان تەنیا پارەی کاشی دەدا، بەڵام ئێستا ناچار بوو کە کارمەندی بیانی بەکرێ بگرێ بۆ ئەوەی ئیشەکانی لەوبەر دەریاکانەوە بۆ بەڕێوە ببەن. عەزام لە نزیک جنین لە کەناری ڕۆژئاوای بن دەستی ئیسرائیلی بووە، کەواتە ئەویش جیاوازی لەگەڵ بیانییەکاندا نییە. کۆمەڵی سعوودی هاوچەرخ بە دەگمەن گەنجێکی وای لێ هەبوو کە لە بنەماڵەیەکی ناسراو بێت و شیاوی ئەوەش بێ کە مرۆڤ سەری پێی بڵند بێ. هەموو ڕووناکییەکە کەوتە سەر ئوسامە. ئەویش زانی چۆن لە بڵندان ڕەشماڵ هەڵدا. برادەرێک گوتی کە ناوی ئوسامەی: (لە سەر لێوی هەموو لاوێکی سعوودی بوو.) تەنیا هەرزەکارەکان نەبوون کە شێتی ناوەکەی بن، بگرە بنەماڵەی ئال سعوودیش سوێندیان بە سەری دەخوارد.

هەرچەندە عەزام شازدە ساڵ لە ئوسامە گەورەتر بوو لەو زاناتر و کاریگەرتریش بوو لە بواری ئیسلامەتیشدا واعزێک بوو هاوشێوەی کەم بوو، بەڵام هێشتا ڤۆڵەنتیرە عەرەبەکان ئوسامەیان بە ئەمیر، واتا فەرمانداری خۆیان لە ئەفغانستان، هەڵبژارد و بەمەش بە پێش عەزامیان خست. لە سەرەتای دەستپێکی جیهاددا، عەزام، لە هێنانی پارەی سعوودی و وڵاتانی تری کەنداو بۆ جەنگاوەرانی ئەفغانستانێ و لە بەخێرهێنان و ڕێکخستنی ڤۆڵەنتیرە عەرەبەکانیش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو. لە سەرەتای ١٩٨٦ەوەڕا، ژمارەی زۆری ئەو ڤۆڵەنتیرانە دەستیان پێ کرد داڕژانە ناو پێشاوەر. کە واشنتنیش بڕیاری یارمەتیدانی بەرهەڵستکارانی ئەفغانی دا و مووشەکی ستێنگەر و پارەی بۆ ناردن، شێوەی شەڕەکە گۆڕا. سەرکەوتنە زۆرەکەی عەزام ئەوەی دیار خست کە ئیتر ناکرێ ئەو

پیاوە پشتگوێ بخرێ.

بنەمای سیاسی – ئاینی تا ڕادەیەک ڕۆڵی خۆی بینی، عەزام ئەزموونی (اخوان المسلمین)ی پەیڕەو کرد بەوەی کە تەنیا نوخبە eliteی بۆ جیهاد وەرگرت. جیهاد لە هەموو چین و توێژەکانی ناو موسڵمانان خەڵکی تەیار کرد. هەر لە وەهابییانەوەڕا بگرە تا دەگاتە سەلەفییەکان و مریدەکانی قوتابخانە نەرمڕۆیەکانی تری ئیسلامەتییەوە تا پیاوانی موسڵمان لە سەرتاسەری دنیا، هەمووی هێنا خرۆش. هەر قوتابخانەیەک، یان بەزۆری هاووڵاتیانی هەر وڵاتێک، وەک سعوودییەکان و یەمەنییەکان و سوودانییەکان و جەزایرییەکان – هەر چینێک دەیویست لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی بەیەکەوە بژین، بەیەکەوە مەشق بکەن و بەیەکەوەش بچنە شەڕ و لە یەکتری نەترازێن.

بازنەی هەرە ناوەوەی ئەلقاعیدە لە سەرەتادا گرفتی بوون. گەورە ئەفسەرانی وەک محەمەد عاتفی کۆنە پۆلیس، کە باشتر بە ئەبوحەفس ئەلمسری و ئەبوعوبەیدە ئەلبەحرانی ناسرابوو لەگەڵ ئەلقاعیدە بوو. ئەوانە لە (اخوان المسلمین)ەکان نەبوون. برادەرێکی سعوودی تێی گەیاندم کە بیرۆکەی ئوسامە ئەوە بوو: (هەموو کەسێک بگرە ... سەرنەکەوتووەکان لە خوێندن، وەهابییەکان، بادە نۆشانی دوێنێ، سەلەفییەکان، زیناکەرانی پێشان، تەحریر، تەنانەت تەکفیرییەکانیش... ئیتر تۆ خۆت ئەوانی تر بڵێ ... هەمووان بگرە.) پاشان ناوی هەندێ گرووپی بچووکی ئیسلامییە سیاسییە توندڕۆیەکانی هێنا. شاهیدێکی تری ئەو سەردەمە، ناوی جەمال ئیسماعیلە، گوتی ئوسامە هەستی بەوە کرد کە ئەلقاعیدە دەبێ لە شەڕەکاندا بەشداری بکات: (نەک هەر وتار بخوێنێتەوە) و پشتیوانیکردنی ئەفغانییەکانی هەر بە قسە بێت.

ئەو جۆرە کار تێکەڵ یەکتریکردنە و پشکدارکردنی چینە پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بێ بنج و بنەوان نەبوو؛ بەتایبەتی بۆ کەمینە نەتەوەکانی کە هەر لەمێژە بەدەستی زۆرینەی سونەکانەوە سەرکوت دەکرێن. کریستیانە چالاکەکان لە سەدەی نۆزدەمین ڕۆڵێکی باڵایان لە بەئاگا هێنانی عەرەبەکاندا هەبوو. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیشدا، یارمەتییان دان تا چەند پارتێکی سیاسی پێک بێنن، پارتی سوریای مەزن Parti Populaire Syrien و

حزبی بەعس ئەوان دایان مەزراندن؛ چونکە ئەوان لە جیهانی ئیسلامدا بە هاووڵاتی پلە دوو تەماشا دەکرێن. ئەو پارتانە ئەوانی هەموو لەگەڵ ئیسلامەکان یەکسان کردن. ئوسامەی وەچەی بازرگانێکی سعوودی لە پلەی شازادان، بەهیچ جۆرێک پەسندی نەبوو لەگەڵ کریستیانەکان بەراورد بکرێ، بە خاچپەرستی دەزانین.

بەڵام ئایا بۆ گەنجێکی نیو حەدرەمی – نیو عەلەوی، ئەلقاعیدە ڕێگەیەک نەبوو بۆ ئەوەی لە نەریتە توندەکانی وەهابی و (اخوان المسلمين)ەکان ڕەت بدا؛ چونکە ئەلقاعیدە یەکەم هەنگاوی ئوسامە بوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە نەریتە توندەکانی باو و باپیرانی لار بێتەوە؟ ئایا ئوسامە لەو کات خوێ و بیبەری بە مەزهەبێکی تری وەهابی دادەکرد – بۆ ئەوەی بیکاتە ڕێبازی هەموو سونەیەک – و خۆکوشتنی مەزهەبی شیعەی قەدەغە دەکرد بۆ ئەوەی، لە بواری پەرەپێدانی تیرۆریزمی سیاسیدا، خۆکوژی بکاتە مۆرکێک کە تایبەت بە ئەلقاعیدە بێت؟

هەرچۆنێک بێ، لە ناو مێشکی ئوسامەدا، پێویستبوو ئەلقاعیدە ببێتە جۆرە لەشکرێکی ئیسلامی (یەدەگی ئامادە ready-reserve)، کە هەردەم بۆ کاتی پێویست ئامادە بێت. ئامادەبوونەکەشی تەنیا بۆ ئەفغانستان نابێت، بگرە بۆ جیهادێکی چاوەڕوانکراو دەبێ. ئوسامە پێی وابوو ئەوەی لە ئەفغانستان ڕووی دا ئەگەری دووبارەبوونەوەی لە شوێنی تریشدا هەیە. ئەندامەکانی دەچنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام هەرکە بانگکران هەموو یەکسەر تەیار دەبن. لەو کات ئوسامە وای نیشان نەدا کە ڕەنگە گرفت، بەتایبەتیش گرفتی تیرۆریزمی، بۆ حکوومەتە موسڵمانەکان دروست دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەفغانە عەرەبانەی لە کۆتاییی ١٩٩٠دا، چوونەوە بۆ جەزایر و مسر و شوێنەکانی تریش هەموویان کاری نایاساییان ئەنجام دا.

پرۆژەی لە شکری یەدەگی ئامادە ئوسامەی زۆر نیگەران کرد؛ چونکە بە هۆی تەجنیدکردنی قۆڵەنتیرەکان بۆ جیهادی ئەفغانی، پرۆژەکەی دوا خست. ئەفسەرە بەزێندراوە ڕووسییەکان و خەڵکانی تریش بیستیان کە ئوسامە مووچەی مانگانە لە نێوان ٥٠٠ دۆلار تا ١٠٠٠ دۆلار دەدا بە ئەوانەی دەچنە ناو لە شکرەکەیەوە، ئەمەش – بۆ ئەوان – پارەیەکی زۆر بوو ، بۆیە خۆیان گەیاندێ. کە ڕەنگی

سەوزیان وەک هێمایەکی ئیسلام کردە دروشم، کابرایەکی قۆشمەچی پێی گوتم: (لەبەر ئیسلام نەبوو ڕەنگی کەسکیان هەڵبژارد، بەڵکو چونکە ڕەنگی دۆلار بوو.) زۆر منداڵە هەژار بە دوای ئەو ڕەنگە کەوتوو بۆ پێشاوەر چوو. ئوسامە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە بەکارهێنانی پارە هەرگیز دریغی نەکردووە.

عەزام هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو ئەفغانستان لە ژێر دەستی سۆڤیەت ئازاد بکا و پاشان حکوومەتێکی ئیسلامی لە کاوبل دابمەزرێنێ. دا بگاتە ئەو ئامانجە، هەموو ناخۆشییەکانی تری سەبارەت بە حکوومەتە موسڵمانەکان و فەلەستینی وڵاتی خۆی، پشتگوێ خستبوو. هەرچی ئوسامە بوو ئاسۆی فرەوانتری هەبوو. جەمال کاشۆگی، ئەو پەیامنێرەی کە بە ڕاپۆرتەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ناوبانگی بۆ ئوسامەی پەیدا کرد، دەڵێ: (ئەو کە چووە ئەفغانستان، بە تەنێ بۆ ئەفغان نەچوو، بگرە بۆ ئەوە چوو ئوممەت ڕزگار بکا.) واتا نەتەوەی ئیسلام (لە هەر کوێ بێت)(٧) ڕزگار بکا. دەیەیەک پێشتر ئایەتوڵا خومەینیش، هەر چەندە کە شیعەش بوو، هەموو موسڵمانە سونەکانی بە شۆڕشەکەی لە ئێرانێ، هێنا جۆش کاتێ کە گوتی سنوورە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لادەدا و جیهانی عەرەبی لە فەرمانداره سیکولارەکانی لەسەر حوکم ڕزگار دەکا.

مکوڕبوونی خومەینی لەسەر بڵاوەپێکردنی شۆڕشەکەی بۆ ئەوەی هەموو دنیای ئیسلام بگرێتەوە، عەرەبەکان و ڕۆژئاواییەکانی ترساند. هەر لەبەر ئەوەشبوو کە ڕۆژئاواییەکان لە شەڕی ئێران – عێراقدا پشتیوانی بەغدایان کرد. بەڵام دەیەیەک پاشتر، ئوسامە و یاوەرەکانی زەوقی ئەوەیان نەبوو کە لەگەڵ دەرچوونی لەشکری سۆڤیەتی لە ئەفغانستاندا، جاڕی "فرض عین" بدەن. خاکی تری ئیسلامان هەبوو کە سەرکوت دەکرا و دەبوو شەڕی بۆ بکرێ. جیهاد بە بۆچوونی ئەوان بووە خوانێکی بزۆز. فلیپینییەکان و کەشمیرییەکان هەر هاواریان بوو، بەڵام کێشەی بۆزنیا لە ١٩٩٢، موسڵمانەکانی ئەوێی بە دەست سربەکان و پاشان کرواتەکانیشەوە خستە مەترسی و کێشەکە پتر هاتە پێشەوە.

شەڕی چێچنیا لە دژی ڕووسەکان لە ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ سەلەفییەکانی بە خۆ و بە پارەکانیانەوە بۆ ئەوێ ڕاکێشا. بانگەوازەکەی عەزامی بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئەفغانی لە زۆر شوێنی تر دەنگی دایەوە. ئەوەی دووبارە دەکراوە – بانگەواز بوو

بۆ پەیڕەوکردنی (جیهادیزمی وەبەرهەم nomadic jihadism) ئەویش یارمەتی دا بۆ ئەوەی تۆڕێکی نێو نەتەویی دروست بکات کە پێوەندیی بە ئوسامە و تۆڕی ئەلقاعیدە پەیدا کرد. ئوسامە کەوتە خەونی ئەوەی هەموو ئەو کۆمارە موسڵمانانەی ئاسیای ناڤین، کە هێشتا بە توندی لە ژێر کۆنترۆڵی یەکەتی سۆڤیەت بوون، (ئازاد) بکات[٨]. بەرنامەیەکی گەورە بوو، بەڵام دەبێ تێی بگەین کە بیرۆکەی ئەو خەباتگێڕە موسڵمانە بوو کە هەتا هەتایێ بە توندی لە بن باری هەستێکی ئەبەدی جیهادیدا دەژی.

ڕۆژئاواییەکان بیریان لە پەردەی پۆلایی Iron Curtain کردەوە کە لە ١٩٤٠ەکاندا، ئەوروپای دابەش کرد. بە بۆچوونی ئیسلامەکانی لە شێوەی ئوسامە، پەردەی پۆلاییی ڕاستەقینە لە تورکمانستان و ئۆزبەکستان و تاجیکستان و قیرگیزستان و چێچنیا و زۆربەی قۆقاز لەگەڵ فرەوانکردنی بە – ڕووسیکردن Russification لە سەدەی نۆزدەمیندا ڕووخا. هاتنی کۆمیونیزم لە ١٩٢٠ەکاندا، بە شێوەیەکی سادە ئەو دیوارەی کە ئیسلامەکانی ئاسیای ناڤینی لە سەرجەم موسڵمانانی جیهان جودا دەکردەوە، بە فەرمی ناساند. بۆیە جیهادکردن لەوێ کێشەیەک بوو کە کەمتر پێوەندیی بە فرەوانبوونەوە هەبوو نەک بە دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەوانەی کە پێشتر لە دەست چووبوون. (بە هەمان شێوە، ئوسامە گوتی ئەسپانیاش خاکی موسڵمانانە؛ چونکە حوکمی موسڵمانەکان، مورزی لێ بترازێ، دوای هەشت سەدە لەوێ لە ١٤٩٢دا کۆتایی هات.)

ئێستا عەرەبە ئەفغانەکان هەستیان کرد کە ڕۆژیان وا هات. لە ١٩٨٨دا، ئەوپەڕ دڵنیابوون کە لە دوای کشانەوەی سوپای سوور، لە شوبات، کابول دەکەوێتە بەردەستی هاوپەیمانە ئەفغانەکانیانەوە. ئوسامە و عەرەبە هاوبیرەکانی لەبارەی کابول زۆر گەشبین بوون، بەڵام زانیارییەکی پێشتریان لەبارەی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی و ڕێی چوونیان بۆ قۆقاز نەبوو. کابولیش تا ١٩٩٢ نەکرا بگیرێ.

هەرکە عەرەبە ڤۆڵەنتیرەکان دڵنیابوون کە سەرکەوتن لە ئەفغانستان بووە شتێکی مسۆگەر، یەکسەر – بێ ڕاڕایی – تێکڕا هەموویان بوونە دوژمنی

ئەمەریکاییەکان و ڕۆژئاواییەکان، ئەو دوژمنداریە تیرتر بوو کاتێک کە وڵاتە یەکگرتووەکان و عەرەبستانی سعوودی ئاشکرایان کرد کە وەک جاران پشتیوانی جیهاد ناکەن. لە سەرەتادا، عەرەبە ڤۆڵەنتیرەکان بە ئاشکرایی ڕەخنەیان لە واشنتن و ڕیاد نەدەگرت؛ چونکە ئەفغانەکان هێشتا چاکەی ئەمەریکاییەکان و سعوودیەکانیان لە بیر نەکردبوو، دەشیانزانی یارمەتی ئەوان بوو کە ڕەوڕەوەی سۆڤیەتییانی بەرەو لێژی برد.

بەڵام ئەوان لە ناخەوەڕا وەکو ئوسامە باوەڕیان وابوو کە ئەمەریکا پڵنگێکی کاغەزە و تەنانەت لە ڕووسییەکانیش ئاسانتر دەڕووخێ. باوەڕیان بەوە هێنابوو کە ئیتر سەردەمی زلهێزان نامێنێ. بە بەزینی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڤێتنام لە ١٩٧٥دا، خەیاڵەکانی خۆیانیان پشتڕاست دەکردەوە. هەردوو نموونەی ئێران لە ١٩٧٩و لوبنان پێنج ساڵ پاشتر بۆ موسڵمانەکان لە ڤێتنام گرینگتر بوون. جەمال ئیسماعیل گوتی کە لە هیچ کاتێکدا: (تەنانەت یەک عەرەبی جیهادیش هەرگیز کەیفی بە وڵاتە یەکگرتووەکان نەهاتووە؛ هۆی هەرە سەرەکیش ئەوەیە کە ئەمەریکاییەکان کوێرانە پشتیوانی ئیسرائیل دەکەن.) (وا پێ دەچوو کە زۆر کەس لە فەلەستینییەکان سۆزیان لەگەڵ جیهاددی ئەفغانی پتر بوو لەوەی کە بۆ خەباتە دوورخایەنەکەی خۆیان هەیان بوو.)

هەرچەندە ئال سعود هیچ درێغییەکیان لە بواری یارمەتیدانی جیهاد نەکردبوو، بەڵام ئوسامە زۆر بە توندی ڕەخنەی لە حوکمەکەیان گرت. ئیسماعیل کە لەو سەردەم زۆر جاران لە پێشاوەر ئوسامەی دەدیت، بە ڕەوانییەوە باسی (دزینی) سامانی سعوودیە و گەندەڵی بنەماڵەی ئال سعود و گەشەکردنی لایەنی عیلمانییەت لە (خاکی هەردوو حەرەمەکان)دا کرد. لە ساڵانی پاشتر، ئوسامە هەموو کات باسی ئەو ئامانجانەی بۆ هاووڵاتییەکانی خۆی دەکرد. بەڵام بەر لە دامەزراندنی ئەلقاعیدە لە درەنگانی ١٩٨٠کاندا، ئوسامە کە جاری یەکەم لە ئەفغانستانێ ماوە، هیچی پێوە دیار نەبوو کە پلانێکی هەبێ بۆ ئەوەی جیهاد لە دژی ئەمەریکاییەکان دا بکات.

هەرکە سۆڤیەتییەکان لە ئەفغانستانێ نەمان، عەرەبە ئەفغانەکان هەلیان بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی ڕەخنە ئاراستەی وڵاتە یەکگرتووەکان و عەرەبستانی سعوودیە

بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان ویستی مەلیکە لێخراوەکەی ئەفغانستان، زاهیر شا، بێنێتەوە ناو هاوکێشەی سیاسەتەوە و دەسەڵاتیش لە نێوان نەرمڕۆیەکان و نەجیبوڵای سەرۆکی ئەفغانیدا دابەش بکات. سۆڤیەتییەکان نەجیبوڵایان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت تا کاروباری کابول بەڕێوە ببا.

جیهادییەکان مەیلی ئەم چارەسەرە نامناوەندییەیان نەبوو. تەنانەت عەزامیش لەوە نیگەران بوو کە سعوودیەکان و ئەمەریکاییەکان ڕایان گەیاندبوو کە چیی تر یارمەتییان نادەن، چونکە ئامانجی سەرەکی شەڕەکە، بە کشانەوەی سوپای سۆڤیەت، وەدی هات. ئەو بڕیارە کوتکوسنگییە هیچی بۆ جیهادییەکان نەهێشتەوە. جیهادییەکان دەیانزانی هێشتا کارتی بەهێزیان بە دەستەوەیە؛ چونکە دەیانتوانی سەدان ملیۆن دۆلار لە ناوچەی کەنداو و هەموو ئەو شوێنانەی کە موسڵمانیان تێدا دەژی، بۆ کێشەی جیهادی ئەفغانی کۆ بکەنەوە. (پارەی مزگەوتەکانیش mosque money) لە ١٩٨٠کاندا، سەرچاوەیەکی بەهاداری تری جیهادبوو. ئێستاش کە عەرەبستانی سعوودی و ئەمەریکا لە گەمەکە دەردەچن، ئەو پارەیەی کە لە مزگەوتەکانەوەڕا دێ، تاقە سەرچاوەی وشک نەبووی بەردەستیان دەبێ.

یەکەم ڕاوەستانی ئاشکرای جیهاد لە بەرانبەر سیاسەتی ئال سعود بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی ئەو پارەیە بوو. هەوڵی بێ وچانیشیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە کابول، کە جیهادییەکان ئامادە نەبوون بە ئاسانی دەستبەرداری بن، کێشەیەکی تری نێوان هەردوو لا بوو. ڕەنگە ئەوەش هەڵبەستە بێ کە عەزام لە سەردانەکەی لە ناوەڕاستی ١٩٨٩دا بۆ سعوودیە لەگەڵ یەکێک لە شازادەکان، ڕەنگە میر تورکی بووبێ، تووشی دەمەقاڵێ بووە سەبارەت بە بەردەوامبوونی جیهاد تاوەکوو کابول دەکەوێتە بەردەستی هاوڕێیە ئەفغانییەکانیان. کە بۆ عەزامیان نەسەلماند، هەستا ناسنامە سعوودیەکانی خۆی کە لەو کاتەی وانەگوتنەوەی لە جیدە پێی درابوو، فڕێ دا سەر زەوی و بە پەلە بەرەو فڕگە ڕۆیشت.

ناکۆکییەکە سنووری تایبەتمەندی ئاینی ئەو شەڕەی بەزاند؛ کە ئوسامە و یاوەرەکانی خستە ناو سەنگەری بەرانبەر حکوومەتە موسڵمانەکانەوە. ڕێنوێنییە

ڕووناکەکانی ئیسلام نکۆڵی یاخیبوون لە فەرمانداره موسڵمانەکان دەکا؛ بۆیه بووه ئەرکی جیهادییه توندڕۆیەکان بسەلمێنن کە سەرانی عەرەب و ڕژێمەکانیان چیی تر ئیسلام نینە. ئەم کێشەیه ئاسان نەبوو. ناچار چوونەوە بۆ ئیبن تەیمیه کە کابرایەکی سوری بوو لە کۆتاییی سەدەی سێزدەم و سەرەتای سەدەی چواردەم ژیاوه و ناوبانگی بە نووسینەکانی لە دەربارى جیهادەوه پەیدایە. ئەویش لەبەر ئەوە جەختی لەسەر جیهاد کردووه، چونکە لەو سەردەمی موسڵمانە سونەکان دووچاری هەڕەشەی خاچپەرستان و مەغۆلەکان هاتبوون.

مەغۆلەکان بە فەرمیبوونە ئیسلام و ئیتر جیهادکردن لە دژیان بووه کارێکی نا شەرعی؛ چونکە موسڵمان بوون. بەلام ئیبن تەیمیه فەتوایەکی دا کە دەرەزێکی بۆ جیهاد کردەوه و گوتی هەرچەندە کە مەغۆلەکان بە شێوەیەکی تەکنیکییەوه موسڵمانن، بەلام ئەگەر ڕەوشتیان بەپێی عەقیدەی ئیسلام نەبێت، ئەوه وەبەر چەتری ئیسلام ناکەون. ئەم فەتوایەی بە پێی مەزهەبی احمدی ابن حنبلی دا. ئەوەش یەکێکە لە چوار مەزهەبەکەی ئیسلام و لە هەر هەمووشیان توندتر شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەو دەکا و هزرەکەشی وایە کە دەبێ ئیسلام لە هەموو بیدعەیەک پاک بکرێتەوه، واتا نابێ لە ئیسلام داهێنان هەبێ. بەم شێوەیه ڕێگە بۆ جیهادکردن والا کراوه و سەلەفییه ڕادیکالەکانی ئەمڕۆش، بۆ ئەوەی شەرعییەتێک بە فەتوایەکانی خۆیان بدەن هەموو کات ئامادەنە تەقلیدی پێشینیان بکەنەوه. ئینجا بۆ ڕاڤەی هۆی بەرهەڵستیکردنی حکوومەتەکان چوون تەقلیدی ئیبن تەیمیەیان کردەوه. ئەو پێناسەیەی کە عەزام بۆ جیهاد دەیکا، بۆ ئەوەیه لە دژی ڕژێمە ئیسلامییەکان بەکار بێ؛ ئەمەش وا تەفسیر دەکرێ کە دوا گەمەی ڕۆژئاوا بێت بۆ ئەوەی پێوەندیی لەشکری بهێڵێتەوه و قەردیان بۆ لە دەزگا دارایی و پارەدارەکانی نێو نەتەوەییەوه وەربگرێ و وایان لێ بکا هەموو جۆره یارمەتییەک بە هەر شێوەیەک بێت لێیان وەربگرن.

ئاواتی هەره بەرزیشی ئەوه بوو کە شێوەی هاریکاری ئال سعود لەگەڵ ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواییدا بگۆڕێ؛ چونکە وەک خۆی دەڵێ بووینە پاشکۆی ئەوان. بۆ ئەوەی بگاتە ئەم ئاواتەشی، ئوسامە ویستی پەلاماری ولاتە یەککگرتووەکان بدا تا ناچاری بکا هێزەکانی دوور بکاتەوه و بیانگەڕێنێتەوه بۆ ولاتی خۆی. بەلام هێشتا بۆ ئەوە زووه. سەبارەت بە گرفتیش، جیهادییەکان لە سەرەتای

۱۹۹۰کاندا، هەمان بیانوویان کرد بۆ ئەوەی شەڕ لە دژی حکوومەتەکەی حوسنی موبارەک بکەن. لە جەزایریش، لەو کاتەی وڵاتەکەیان لە دوای دوو نەوە لە پاش سەربەخۆبوونی هێشتا لە بن باری نەریتی پاریسییەکاندا دەناڵێنێ، سەلەفییەکان پەلاماری بنەکەکانی لەشکری جەزایریان دا.

سەلەفییەکان لە میانی پەلاماردانی حکوومەتەکانیان، مافی ئەوەیان بە خۆیان داوە کە بە (تەکفیری – واتا هەڵگەڕاوە لە ئاین) ناوزەدیان بکەن. نەرمی نواندن لەگەڵ ئەم چەشنە گێرەشێوێنییەی ئیسلامە سونەکان، بە تایبەتیش نەرمی نواندن لەگەڵ گرووپە بچووکەکانیان، بە کارێکی زۆر نامۆ دێتە بەرچاوی ڕۆژئاواییەکان؛ چونکە ئەمانە فێرن ڕێنوێنی تەنیا لە ڤاتیکان وەربگرن. بە نیسبەتی پرۆتستانتەکانیش، کە ژمارەیان لە ژمارەی ئەوانی تر نزیکە، ڕێنوێنییەکانیان لە ئەنجوومەنی دێرەکانی جیهانی the World Council of Churches یەوە بۆ دێ. پەیڕەوکردنی ئەم جۆرە نامەرکەزییەتە لە ناوزەدکردنی نەیارە ئاینی و دنیاییەکان بە لە دین وەرگەڕاو – مورتەد، بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆنترۆڵی دادگە ئاینی و دەسەڵاتە ئاینییەکان، بە زەبر، لە بەردەستی حکوومەتەکان دەربچێت. بەڵام سەلەفییە توندڕۆیەکان بە بیانووی ناڕاستەوە نەیارەکانی خۆیانیان بە مورتەد و کافر لە قەڵەم دان. بەم کارەشیان، بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی، دەرگەی توندوتیژییان لە خەڵکی خستە سەرپشت.

ڕەنگە تەنیا ئەوە پەندێکی لۆجیکی بێت کە خاوەنی فەتوای جیهادی نوێ بە تیرە توندوتیژییەکەی خۆی لەناو بچێ. چونکە تەنیا پاش هەشت مانگ لە دەرچوونی دوا سەربازی سۆڤیەتی لە ئەفغانستان و لە نۆڤێمبەری ۱۹۸۹، لەو کاتەی کە عەزام بە خۆی و بە دوو کوڕەوە، لە پێشاوەر بۆ چوونە نوێژی هەینی بە سەر پردێکدا ڕەت دەبوون، ئۆتۆمۆبێلەکەیان لە کاتی هاژواندا، لە سەر پردەکە، بە شێوەیەکی ئاڵۆز و پێشکەوتوو، بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ تەقێندرایەوە و هەرسێکیان لە ئۆتۆمۆبێلەکەیان، گیانیان لە دەست دا. بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای باڵا بۆ کوشتنی عەزام، کارێکی زۆر گەورە بوو؛ چونکە زۆربەی کوشتنەکانی کە لەو شارە بچووکەدا دەکرا و ئاشکراش نەدەبوون، بکوژەکان بە دراوێکی کەم بە ئاسانی بەکرێ دەگیران و دەچوون بە ئاسنی سارد ئیشەکانی خۆیانیان دەکرد.

بودێجامە باونووە، کە زاوای عەزام بوو، لە بیریتی کە خەڵکێکی زۆری ئەفغانی و عەرەب بۆ پرسە و سەرخۆشی لێکردن سەریان لە خانەوادەکەی دا. باونووە گوتی: (هەر یەکێک قسەیەکی دەکرد؛ گوتیان دەزانین کێ بوو عەزامی کوشت. دەچوون گازاندەیان لە ئێران دەکرد. ڕۆژی پاشتر یەکێک دەهات و دەیگوت: ئەوە گولبودین حیکمەتیار بوو ئەو کارەی کرد. دوو ڕۆژ پاشتر ناوی ئیسرائیلیان هێنا و ئینجا وڵاتە یەکگرتووەکان یان خاد KHAD واتا پۆلیسی ئاسایشی ڕژێمی کۆمۆنیست تاوانبار کرا.)[٩] تا ئەمڕۆش کەس بە مسۆگەری نەیزانی کێ ئەوانی کوشت.

چونکە نەزاندرا کێ بە ڕاستی عەزامی کوشت بۆ ئەوەی بکوژەکانی بدرێنە دادگە، بۆیە ئێستا گومان لە دەزگاکانی ئوسامە دەکرێ کە ئەو کابرایەی کوشتبێ. (بەڵام ئەمە چەند ساڵ پاشتر و لەو کاتەدا بوو کە هەر شتێکی پێوەندیی بە ئوسامەوە هەبایە بە زەقی بۆ بەرچاوی خەڵکی دەهات. ئوسامەش مکوڕە لەسەر ئەوەی بڵێ: زۆر جاران عەزامم ئاگەدار کردووەتەوە بۆ ئەوەی پتر ئاگای لە سەلامەتی خۆی بێ.) دەڵێن ئوسامە بۆ ئەوە ئەو کابرایەی کوشت تا بە خۆی ببێتە سەرۆکی دەزگای خزمەتگوزاری (الخدمات). ئەم ناتۆرەیە لایەنگرانی ئوسامەی هەراسان کرد، چونکە لە کاتی کوشتنەکەی عەزامی، ئەلقاعیدە گەیشتبووە لووتکە و ئوسامەش وەک ڕێکخراوێکی تایبەتی خۆی بەڕێوەی دەبرد و بە تەواوەتیش لە دەزگاکەی عەزامەوە جیاواز بوو. لەو کاتەی گە ئەم کوشتنە ناهەموارە گرژی لە نێوان لایەنە نەیارە ئەفغانەکاندا پەیدا کرد، لەو کاتەشدا ئاسۆی سەرکەوتنی یەکجارەکییان گەزەنگی دا.

خوێنڕشتن لە نێوان لایەنە هاوپەیمانە ئەفغانەکانی پێشان، ئێستا لە هەموو کاتێکی جاران خراپتر بوو. لە دوای دەیەیەک لەو شۆڕشەی کە زۆربەی جیهانی ئیسلامی گرتەوە، وا دیاربوو کە سیاسەتی ئیسلامی ڕادیکاڵی نەیدەویست لە داهاتوودا ئەو شەپۆڵە ڕابگری. جیهادکردنیش لە پێناوی جیهاددا، هەموو دەردێکی ئەفغانییانی تیمار نەکرد؛ بۆیە شەڕێکی سەرتاسەری لە نێوان هاوپەیمانەکانی جاراندا بەرپا بوو. ئەفغانە عارەبەکان ئەو شەڕانەیان لەلا پەسند نەبوو. بۆیە ئەو چەند ئەفغانە عەرەبەی کە لە بری سەرکردە ئەفغانەکانیانەوە چوونە ناو شەڕەکان، بوونە هۆی بێزاری لێکردنی ئەوانی تر و زۆریشیان، بە

ئوسامەوەش، ویستیان ناوبژیوانییان بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن. خەونی بە پەلە پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە کابول بەبادا چوو، چونکە ئەفغانە عەرەبەکان لە هێرشەکەی کە لە بەهاری ١٩٨٩دا کردیانە سەر جەلال ئاباد، ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەرەکانیان لێ کوژرا. کابول هەتا ١٩٩٢ نەگیرا. هەر لەو ساڵیشدا بە فەرمی یارمەتی دارایی بیانی بۆ ئەفغانستان ڕاگیرا.

زۆر لە ڤۆڵەنتیرە موسڵمانەکان، دوای ڕاپەڕاندنی ئەرکی ئاینی خۆیان، زەوقی جیهادی نەپساوەیان نەبوو، چوونەوە وڵاتەکانیان و دەستیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان کردەوە. بەڵام ڤۆڵەنتیری تازە بە بەردەوامی لە پاش ١٩٨٩ش هەر دەهاتنە ئەوێ، بەس ژمارەیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبووەوە. داگیرکردنی کوێت لەلایەنی عێراقەوە لە ١٩٩٠دا، تەوژمی جیهادی هێشت پتر دام رکاندەوە. زۆر لە جەنگاوەرەکانی ئەفغانی و عەرەبەکانیش پشتیوانی سعوودیەیان نەکرد؛ هەرچەند سعوودیە زۆر بە دەستبڵاوییەوە دراوی بۆیان دەنارد. سعوودیە نەیتوانی ڤۆڵەنتیرەکانی ئەفغان قایل بکا بۆ ئەوەی پشتیوانی لێ بکەن.

تەنیا چەند ئەفغانییەکی سەر بە مەلیکی هاتنە بن بارەکەی. یاخیبوونی حیکمەتیار و هەندێ لە موسڵمانە ڕادیکاڵەکان لە سەرانی شەڕی ئەفغانی کە پێشتر بەشە شێریان لە یارمەتییەکانی سعوودیە و کوێت و وڵاتە یەکگرتووەکان وەردەگرت، نارەزایی خۆیانیان لە بەرانبەر کارەکەی سەدام حوسێن و حزبە بەعسە عیلمانییە دیکتاتۆرییەکەشی نیشان نەدا. تەنانەت بەوەش قایل نەبوون کە بۆ ئازادکردنی کوێتی موسڵمان لە بن دەستی سەدام حوسێنی، نزیکەی نیو ملیۆن سەربازی ڕۆژئاوایی کافر بێنە سەر خاکی پیرۆزی موسڵمانان لە عەرەبستانی سعوودیە. وا پێ دەچوو کە ئیسلامی سیاسی گەیشتبێتە ئەو دۆخەی کە متمانەی تەواوی بە خۆی پەیدا کردبێت.

ئەو حەماسەی کە دە ساڵ بوو شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی پەیدای کردبوو، وای نیشان دەدا کە ئایەتوڵڵایەکان خەریکن وا موعجیزەیەک پەیدا دەکەن: چونکە بە تەمابوون دوژمندارییە هەزار ساڵییەکەی نێوان زۆرینەی ئیسلامی سونە لەگەڵ کەمینە شیعەکەی خۆیان نەهێلن. بەڵام لە سەرەتای ١٩٨٨دا، خوای شەڕ لە ناکاوڕایەکی بە کوڵی تاران وەنووسا و لایەنگری ڕژێمە عیلمانییەکەی عێراقی

کرد. ئومێدی بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی نەما و دوژمندارەتییە کۆنەکەی شیعە و سونە سەر ئاو کەوتەوە. شەش مانگ لە دوای دەرچوونی سۆڤیەتەکان لە ئەفغانستان، چونکە ئێران نەیتوانی لە شەڕی لە دژی عێراق سەربکەوێ، خومەینی (گۆزەڵە ژاراوییەکەی هەڵقوڕاند)و شەڕەکەی ڕاگرت؛. پاشتر هەموو ڕووداوە لە ناکاوەکان بە پێچەوانەوە بەڕێوە چوون.

ئوسامە کاری لە ئەفغانستان نەما و لە کۆتاییی ١٩٨٩دا گەڕاوە جیدە. ئوسامە بۆ ئەوە چووە ئەفغانستان تا پۆستێک بۆ خۆی پەیدا بکات و لەوێ خەرِ ئامانجە تایبەتەکانی خۆی پێکا و ئێستاش لە سعوودیە تۆمارێکی پڕ بایەخی لە باخەڵدا هەیە. ئوسامە بە ڕۆبەرت فیسکی گوت: (ئەوەی کە من لەوێ بە دوو ساڵان فێری بووم، لە شوێنێکی تر بوومایە بە سەد ساڵیش فێری نەدەبووم.) ئەوەشی گوت کە حەزی دەکرد زەمان بە پەلە بڕوا و خۆیشی بە پێش هەمووان بکەوێ. برادەرێک ئەوەی بە شێوەیەکی سادەتر دەربڕی و گوتی: (حەماسی ئوسامەی لە ڕادەبەدەر بوو.)

ئوسامە هێندە متمانەی بە خۆی پەیدا کردبوو تا ئەو ڕادەیەی هەر کە گەیشتەوە وڵاتی خۆی، یەکسەر خەریک بوو سیاسەتی دەرەوەی سعوودیەی دادەڕێشتەوە. ئەوە ڕووناک نەبووەتەوە ئایا ئوسامە کە خەریکی ئەو ئیشانەب وو دەیزانی کە ململانێ دەگەڵ بنەماڵەی ئال سعود دەکا و بەرانبەریان دەوەستێ. هەرچۆنێک بووبێ، ئوسامە وەک هەموو کات، زۆر وریا بوو نەکا بە ئاشکرا ڕەخنە لە بنەماڵەی ئال سعود بگرێ. ئال سعوودیش لە سەرەتادا پەلاماریان نەدا؛ چونکە لەوە شارەزابوون دەیانزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کوڕە خراپەکانی مەملەکەت دەکرێ؛ بەتایبەتیش ئەگەر کوڕەکە لە بنەماڵەیەکی دیار بێت. لەبەر ڕوو ڕاوەستانی ئوسامە و کاردانەوەی نەرمی ئال سعود، هەردووکیان ئەنجامی وای لێ کەوتەوە کە لە سنووری عەرەبستانی سعوودی ڕەت بوو.

## له پاڵەوانێکەوە بۆ گێرەشێوێنێک

له درەنگی ١٩٨٩دا، ئوسامه وتارێکی ئاگرینی بۆ گرووپێک گەنجی یەمەنی خوێندەوە کە خۆی دەستبژێری کردبوون و بۆ هاوبەشیکردن له جیهاد تەیاری دابوون. ژمارەی یەمەنییەکان له شەڕی ئەفغانستان له ژمارەی هەموو موسڵمانانی تر لەوێ زۆرتر بوو. بەڵام ئەو گرووپە یەمەنییانە گرینگییەکی تایبەتییان بۆ ئوسامە هەبوو. ئەمانە وەکو موسڵمانە بیانییەکانی تر نەبوون، چونکە له پێشاوەر و کوێیتادا، ئەوان بە دەگمەن کارئاسانییان بۆ یارمەتییە مرۆییەکان دەکرد. ئوسامە ئەوانەی بە شێوەیەکی ژیرانە دەستبژێر کردبوون و بە پارەی خۆی ڕەوانەی ئەفغانستانی کردن هەیا لەوێ شارەزای چۆنیەتی شەڕکردن بن. ئوسامە پەیمانی بۆ تازە کردنەوە و گومانی نەهێشت کە حەتمی دەبێ جیهاد هەر بکرێ. ئەم دڵنیاییکردنەوەیەی بووە جێی کامەرانی ئامادەبووان. لەبەر بەگژ یەکتریداچوونی لایەنە ئەفغانییەکان له ناو خۆیان و مانەوەی ڕژێمەکەی نەجیبوڵای له کابول، شەڕی پیرۆز زوو بەزوو بووە کارێکی ناحەز.

هەرچەندە ئوسامە و سەرجەم ڤۆڵەنتیرە بیانییەکان زۆر لەو بارە نوێیەدا نیگەران بوون، بەڵام هێشتا یارییەکی تری مابوو بۆ ئەوەی بیکات. بە کۆمەڵە یاوەرەکەی خۆی گوت کە خۆر له یەمەنی باشوور وا خەریکە هەڵدێ. باوکی لەوێ له دایک بوو؛ بۆیە ئوسامە هەر چەندە جەنگاوەرەکانی هێنابووە ئەفغانستان، بەڵام هەموو کات یەمەنی باشووری هەر له یاد بوو. کات هەرگیز له ئێستا بۆی لەبارتر نەبووە. چەند حەفتەیەک پێشتر یەمەنی باکور کە هەرگیز داگیر نەکراوە و لە ڕاستیشدا بریتییە له چەند ناوچەیەکی شاخاوی کە چەند شێخێک حوکمڕانی دەکەن، لەگەڵ یەمەنی باشوور کە پێشتر له چەند دەزگایەکی بەریتانی پێک هاتبوو له دەوروبەری بەندەرە سرووشتییە گەورەکەی شاری عەدەن دروست کرابوون و له ١٩٦٧ڕا بووبووە کۆمارێکی مارکسی توندڕۆ و حەشارگەیەکی تیرۆریستان، ئەو دوو یەمەنە ئاشکرایان کرد کە دەیانەوێ له ساڵی داهاتوو یەک بگرن. تازە دیواری

بەرلین ڕووخابوو. شەڕی سارد خەریکبوو کۆتایی دەهات. کریملنیش بە ئۆپەراسیۆنە بیانییە گران بەهایەکانی خۆیدا دەچووەوە. یەمەنەکەی باشووری سەر بە مۆسکۆ تێکشکا و هیچی بە دەستەوە نەما جگە لەوەی کە بە دوای نەیارەکەی باکوریدا بگەڕێ بۆ ئەوەی ڕزگاری بکا.

پلانەکانی ئوسامە وەک خەونێک بوو کە خەریکبوو بۆ یەمەنییەکان وەدی دەهات[١]. چونکە زۆربەی ئەو گەنجانەی ئوسامە لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا تەجنیدی کردبوون هی ئەو بنەماڵە زەویدارانە بوون کە کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەنی زەوییەکانیانی لێ زەفت کردبوون. تەنیا بەخت یارمەتی دابوون بۆ ئەوەی لە زیندانی کۆمۆنیستەکان قورتار بن. زۆر لەو خێزانانە پەنایان بردبووە بەر عەرەبستانی سعوودی، ئال سعوودیش بەرانبەریان چەند هەنگاوێکی نابوو. یەمەنییە خوێنگەرمەکانی بە دوای تۆڵە سەندنەوە دەگەڕان چووبوونە ناو ڕیزی سوپایەک کە ناوی (جیش السلام – سوپای ئاشتی) بوو. سعوودیەکانیش ئەو یەمەنییە جەنووبییانەیان لە شوێنیکی لاچەپی باکوری وڵات لە نزیک تەبووک، بێ ئیش و بێ کار دانابوو. دوور نەبوون لە ئیسرائیل، بەڵام ٨٠٠ میلێک لە وڵاتەکەی خۆیانەوە دوور خرابوونەوە.

ئوسامە پێشنیازێکی ئەوتۆی بۆ کردن کە نەیانتوانی نکوڵی لێ بکەن. جگە لەوەی کە ئەرکە ئاینییەکەی خۆیان ڕادەپەڕێنن و جیهاد دەکەن، ئوسامە پەیمانی ئەوەشی دانێ ئەو زەوییانەشیان بداتەوە کە شیوعییەکان لێیانیان زەوت کردبوون. کە چوونە ئەفغانستان وایان زانی کە گەڕانەوەیان هێشتا دوورە. هەرگیز چەک لە یەمەن گرفتێک نەبووە، چونکە وا خەملێندرابوو کە نزیکەی ٥٠ ملیۆن دانە چەکی جۆراوجۆر لە یەمەنێدا هەبوو، ئەوەش سێ جار هەندەی ژمارەی دانیشتوانەکەی بوو. بۆیە ئوسامە پەیمانی دا شتێکیان بداتێ کە ئەوان لە یەمەن نیتیان: پارەی کاش.

بەم جۆرە یارمەتی یەمەنییەکانی خۆی دا بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ یەمەن. بەڵام دەبێ هەڵوەستەیەک لە باکور بکەن بەر لەوەی بەرەو باشوور شۆڕ ببنەوە. لە سەرەتای ئەو ڕۆژە پڕ جۆشانەی بە وڵات شادبوونەوە، جیهادییە گەڕاوەکان پێشوازییان لێ کرا و کەس لە گوڵی گەرمتری پێ نەگوتن. ئەو ڕۆژانەی

جیهادییەکان دەگەڕانەوە خۆشترین ڕۆژانی ژیانی یەمەنییەکان بوو؛ چونکە بۆ یەکەم جار بوو لەوان ڕۆژان هیچ گرفتێکیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیاندا نەبێ. جگە لەوان یەمەن بە هەزاران ڤۆڵەنتیری وڵاتانی تریشی پێشوازی کرد؛ چونکە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە مەترسییان لەو جەنگاوەرە دێرینە ئەفغانییانەی خۆیان هەبوو.

ئوسامە قسەی خۆی بەجێ گەیاند. نوێنەرانی ئەو جەنگاوەرانە لە ساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩١دا بە بەردەوامی سەردانی ماڵی ئوسامەیان لە جیدە دەکرد و کە دەشگەڕانەوە پارەی زۆریان دەگەڵ خۆیاندا دەبرد، بۆ ئەوەی لە هەوڵی وەدەست هێنانەوەی زەوییەکانیان و بۆ تێکدانی سۆشیالیستە مارکسییەکان خەرجی بکەن. یەمەنییەک لەوانەی ئەم پارەیەیان وەرگرتبوو چەند ساڵێک پاشتر پێی گوتم: (هیچ شتێکی لێ نەدەخواستین کە بۆی بکەین، بۆیە پێویست نەبوو خۆمان لێی بشارینەوە. ئێمە تەنیا جانتاکانمان دەبرد و ئەویش بۆی پڕ پارە دەکردین و دەمانهێنا و دەهاتینەوە. کەس لە سنووری پرسیاری لێمان نەدەکرد. بۆیە ناوە ناوە بۆ پارەی پتر دەچووینەوە ئەوێ.) گومانی لەوەشدا هەبوو کە ئەو سیخوڕانە لە خاڵەکانی سەر سنوور بە شێوەیەک چاوپۆشییان لێ کرابێ؛ چونکە بازگە سنوورییەکان بۆ خۆیان هەر وەسابوون.

خۆ خراپی شێوەی کۆنترۆڵکردنی خاڵەکانی سەر مەرزەکە ئەوەی نەدەگەیاند کە ئال سعود ئاگایان لەم شێوە سیاسەتەی یەمەنییەکان نەبوو، چونکە بۆچوونی بەرپرسە سعوودیەکان هەمووکات لەسەر بنەمای ترسێکی زۆر لە یەمەنییان بنیات کرابوو؛ ئەوان دەیانزانی کە یەمەنییەکان زۆر لە هاووڵاتیانی خۆیان دەستکورت ترن، حکوومەتەکەیان شەڕئەنگێزە و خەڵکەکەشی هێندە ئیشکەرن کە هەموو کات بە چاوێکی سووکەوە سەیری هاووڵاتییە ئیش نەکەرەکانی سعوودی دەکەن. ئال سعود ناهەق نییە کە گومان لە یەمییان بکا. شا عەبدولعەزیز کە مەملەکەتەکەی خۆی پێک هێنا، لە ١٩٣٤دا زنجیرە شاخێکی خستە ناو دەوڵەتەکەیەوە کە یەمەنییە باکورییەکان دەڵێن لە وڵاتی ئەوانی دابڕیوە و بردوویەتی. دوای ئەو هەموو ساڵە سعوودیە تەنیا لە ٢٠٠٠دا پاڵەپەستۆی خۆی لەسەر یەمەنییەکان لابرد و بڕیاری دا کە کێشەی سنوور لەگەڵ یەمەن چارەسەر بکات و دووبارە سنوورەکەیان هێڵکێش delineate کردەوە. لە شەستەکانی

سەدەی ڕابردوودا ئال سعود دوو مەترسییان لەسەر هەبوو؛ یەکێیان ئەوە بوو کە مارکسیزمەکان لە یەمەنی باشوور لێیان نزیک بووبوونەوە، ئەوەی ئەو ترسەشی تیرتر کردبوو ئەوە بوو کە بوونی ئەو مارکسییانە یەمەنی باکوری بە لاوازی و بە دابەشکراوی هێشتبووەوە. تەنانەت لە ١٩٦٠کانیشدا ئال سعود بۆ بەرپەرچدانەوەی مسری ناسری ناچار بوون لەشکریان بۆ ناو خاکی یەمەن بنێرن. بەمەش شەڕێکی ناوەخۆی توند بەرپا بوو کە سوپای مسری ئەوەندە بێ هێز کرد تا وای لێ کرد لە شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧، لە بەرانبەر بە ئیسرائیل ببەزێ.

لە کاتێکدا کە سیاسەتی سعوودی بواری گۆڕینی بە بەرەوە هەبوو؛ لەو کاتانە لایەنگرە دژە کۆمۆنیزمەکانی ئال سعود خەریکبوون سەردەکەوتن؛ بۆ نموونە لە ١٩٨٢دا، ئاسایشی سعوودی لەگەڵ بەڕێوەبەری CIA، ویلیەم کەیسیدا، تیمێکیان دروست کرد بۆ ئەوەی بچێ تانکییەکانی داکردنی نەفت و هەندێ نیشانی تر لە بەندەری عەدەن، بتەقێنێتەوە. ڕژێمی مارکسی سێزدە لەو پیلانگێڕانەی گرتن و دانیان بەوە دانا کە CIA مەشقی دابوون. سێیان نەبن، ئەوانی تر هەر هەموویان لە سێدارە دران[٢]. یەکێک لەو یەمەنییانەی کە لەم کارەساتە دەرچووبوو باسی ئەو هەموو جانتایانەی بۆ گێڕامەوە کە لە جیدە بۆ ماڵی ئوسامەی دەچوون. بەڵام زۆربەی کات سعوودیەکان وەک نووسەری فەڕەنسی (فرانسوا مۆریاک) چۆن بیری لە ئەڵمانیای پاش شەڕی جیهانی دووەم کردەوە، کە نووسی: (من ئەوەندە ئەڵمانیام خۆش دەوێ تا ڕادەیەک کە بە دابەشبوونی بە دوو بەشەوە کامەرانم.) سعوودیەکانیش ئاوا یەمەنییان خۆش دەویست.

نزیکەی چارەکە سەدەیەک بەر لە ئێستا، من خۆم بە زیرک زانی و لە بەرەی خۆم پتر قاچم ڕاکێشا کاتێ نوکتەکەی (مۆریاک)م لەم کێشەیەی یەمەن تێوەگلاند؛ بۆیە چەند ساڵێک سعوودیەکان ڤیزەیان نەدامێ تا سەردانییەکیان بکەم. تاکتیکە چەوتەکەی ئوسامە ئەوە بوو کە بۆ پیادەکردنی ئاواتە نا پەسندەکەی کاری کرد و بایەخی بە بۆچوونی جیاوازی ئال سعوودی سەبارەت بە (دوو یەمەن) نەدا. ئوسامە لەو بۆچوونەیان نیگەران بوو، چونکە ئەو هەر ئەوەندەی لێ دەزانی کە لەگەڵ ئال سعود وێکڕا دژە کۆمۆنیستن، ئەوەش بوو کە ڕژێمی یەمەنی باشوور کۆمۆنیست بوو؛ جا بە شێوەیەکی مەنتقی ئەوەی کە ئەو دەیکرد کارێکی باش بوو.

ئوسامە هەڵە بوو. ئال سعود بەو دەستپێشخەرییەی ئوسامە بۆ هاریکاریکردنی گەورە خێلەکییەکانی یەمەنی باشوور کردی، شادمان نەبوون؛ بۆیە دەستیان بە چاودێری چالاکییەکانی کرد، وا پێ دەچوو هەر لە ١٩٨٩وە، لە پاش گەڕانەوەی یەکەم دەستە جەنگاوەرە دیرینە ئەفغانەکان چاودێرییەکە دەست پێ کرابوو[٣]. (ئال سعود چەن ساڵیش پاشتر سەدەها ملیۆن دۆلاریان خەرج کرد هەر بۆ ئەوەی کە هەردوو یەمەن لە یەکتری بە جودا بمێننەوە.) سیاسەتە پاشگەزبووەوە و زۆربەی پارەکەی کە بۆی تەرخان کرابوو بۆ نێو بانکەکانی سویسرا چوو.)

بەرپرسە سعوودیەکان پتر لە دە ساڵ نارەحەتی خۆیانیان لەمەڕ هاتوچۆی سەربازەکانی ئوسامەی شاردەوە، بەڵام دەست تێوەردانی لە یەمەن، وەک ئەوەی پاشتر سعوودیەکان گوتیان، یەکەمین هۆ بوو کە ئوسامەی بە فەرمی خستە بەر چاودێرییانەوە و پاشانیش دوورخستنەوەی لە وڵات و ئینجا ململانێی ئاشکرای نێوانیان دەستی پێ کرد. بە قسەی میر ترکی فەیسەڵ، ئوسامە یان لە گێلی بوو، یانیش بە هۆی یاخی بوونیەوە بوو کە پێشنیازێکی خستە بەردەستی ئال سعود بۆ ئەوەی ڕێگەی بدەن کە یەمەنییەکانی خۆی بێنێتە ناو وڵاتەوە بەر لەوەی بۆ یەمەن بڕۆنەوە[٤].

ترکی بە بیری هاتەوە کە لەبەر ئەوەی نەیاندەویست دەست لە کاروباری یەمەن وەربدەن، گوتیان: (ئاساییە، مەملەکەتەکەمان گوتی نا.)، بەڵام چونکە سیاسەتی سعوودیە پێشتر بەرانبەری هەردوو یەمەنەکان دیاربوو بۆیە قسەکانی گومانیان لێ دەکرا. لە دوای دوو مانگ لە هێرشەکەی ١١ی سێپتێمبەر، لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا، ترکی گوتی کە ڕۆڵی ئوسامەی لە ئەفغانستان ستایشی زۆر کرا، بەڵام بە توندی پێی گوترا: (لەوێ پتر نەڕۆی.) هۆی ئەوە دیار نییە بۆ میر ترکی ئەوەندە چاوەڕێی کرد ئینجا ئەو قسەیەی گێڕاوە.

دیمانە درێژدادڕەکەی بە پلەی یەکەم قسەکردنێک بوو لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نیگەرانییەکی زۆری ئال سعوودی بە هۆی ڕووداوەکەی ١١ی سێپتێمبەر بەدیارخست؛ چونکە پازدە لە خۆکوژەکان هاووڵاتی سعوودی بوون و ئەمەریکاییەکان هەموو کات دڵتەنگیی خۆیانیان بەرانبەر بە سعوودیەکان دەدرکاند، بۆیە سعوودیەکان بە بەردەوامی بەرگرییان لە خۆیان دەکرد. بێگومان

هیچ یەک لە سەرانی دەزگای ئاسایشی سعوودی هەرگیز وتاریکیان نەنووسی بۆ ئەوەی بیروڕای فەرمی وڵاتەکەیان باس بکەن، نەک ئەوە بکەن وەک ترکی بێننە سەر تەلەڤزیۆن و قسە بکەن.

ئەگەر بە پێوەری ستانداردی سعوودیە سەیری دیمانەکەی ترکی بکەین، دەبینین کە شازادە ترکی زۆر بەدرێژی، زۆر بەڕەوانی کێشەی سعوودیەی خستە بەرچاوان. ئوسامە بەوە (دڵخۆش نەبوو) کە میر ترکی لە دیمانە تەلەڤزیۆنییەکەی ٢٠٠١ی، ئەوی بە (خۆ دزینەوە) تۆمەتبار کرد. ئەوەشی ڕاڤە کرد لە کەیەوە ئوسامە مکوڕ بووە لەسەر ئەوەی نەک هەر دەست لە کاروباری ناوخۆی یەمەن هەڵنەگری؛ بەڵکوو تەنانەت سەردانی یەمەنی باکوریشی کرد: (دەسەڵاتدارانی سعوودی لەم بارەیەوە ئاگەداریان کردەوە) و داوایان لێ کرد (واز لەم جۆرە کارانەی بێنێ،) بەڵام کە وازی نەهێنا: (دەبوو بوەستێندرێ.) ئەم قسەیە زۆر توند بوو. بەڵام ئوسامەی وەچەی بن لادنی هاوپێشە و هاوڕێی نزیکی ئال سعود، لەبەر کارە نابەجێیەکانی، نەگیرا، نەسزا درا.

بگرە وەکو قووتابییەکی سەرلێشێواو هەڵسوکەوتی دەگەڵدا کرا و ماوەیەکی بۆ دیاری کرا بۆ ئەوەی خۆی چاک بکاتەوە و پاسپۆرتەکەشی لێ وەرگیراوە. ئال سعود وایان زانی بەو کارانەیان نازی ئوسامە هەڵدەگرن، بەڵام ئەو نە لێبووردنی هەبوو بەرانبەر ئەو کارەیان نە لە بیریشی کرد. ئەمەشیان یەکەم جار بوو بە فەرمی ئاماژە بەوە دەدرێ کە حکوومەت لە لاملی ئوسامە و مکوڕبوونی لەسەر ئەوەی کە هەرچی بە خۆی دەیەوێ ئەوە بکا ناقایلە. یان بە لایەنی کەمیەوە میر تورکی دوای دەیەیەک ویستی بە خەڵکی بڵێ کە ئال سعود زوو ویستیان بەرپەرچی ئوسامە بدەنەوە. بەڵام بە دیار کەوت کە نە ئال سعود نە هیچ لایەنێکی تر، هەرگیز ڕێگەیەکی کاریگەریان بۆ وەستاندنی ئوسامە پەیڕە و نەکرد.

هەرچەندە ئال سعود بەم زووانە نیگەرانی خۆیانیان تەنیا لەمەڕ کردەوەکانی ئوسامە لە باشووری یەمەندا ئاشکرا کرد، بەڵام ئەوان خەمی گەورەتریان لەگەڵی هەبووە کە تا ئێستا لە دڵی خۆیاندا حەشاریان داوە. هەر کە ئوسامە لە ئەفغانستان گەڕاوە، یەکسەر دەستی بە کاری کۆمەڵایەتی گرینگ کرد و دەستی پێ کرد بە ئاشکرا باسی ئەو مەترسییەی دەکرد کە لە لایەنی ڕژێمی سەدام

حوسێن و حزبە عیلمانییەکەی لە عێراقی هاوسێیانەوە ڕوو بە ڕووی وڵاتەکەی بووەتەوە.

ئوسامە وەهابیزمی لە سەدام گاڵدا و لە میانی لێکۆڵینەوەکەی، بابەتی جیۆپۆلێتیکی بۆ ڕەواکردنی جیهاد بەکار برد. پاشتر میر ترکی باسی ئەوەی کرد کە ئوسامە سەدام حوسێنی بە (هەڵگەڕاوە لە ئاین apostate) دەزانی. ئەم تۆمەتەش لە ئیسلامەتیدا زۆر ترسناکە و سزای مرۆڤی لە دین هەڵگەڕاوە کوشتنە، (شایانی ئەوەی نییە پێی بڵێی ئیسلام.)(٥)

لە زستان و بەهاری ١٩٩٠دا، بنەماڵەی سعوودی خولقی ئەوەیان نەما کە تەماشای لاوێکی پاڵەوانی بە خۆڕایی بکەن کە ڕۆژێک لە مەدینە ئامادەی خوانێک دەبێ، ڕۆژی پاشتر لە مەکە و سێیەمین ڕۆژیش لە جیدە دەبێ، هەموو کات پەیامی ئاگرینیش پەخش دەکا. ئوسامە کە دەستی لە کاروباری پێوەندیی نێوان عێراق و سعوودیە وەردا، هێلی سووری سەرەکی بەزاند. چونکە هەر شتێک لە دوورەوەڕا بگەیشتبایە عێراق، کارێکی کوشندە بوو. جیهادی ئەفغانی کارێک بوو کە سعوودیە و وڵاتە یەکگرتووەکانی شادمان کرد، بەڵام ئەگەر لەگەڵ یەمەن بەراورد بکرێ، یەمەن کارێکی لاوەکی بوو. کێشەی ڕاستەقینەی عەرەبستانی سعوودی پارسەنگکردنی ئێران و عێراق بوو. چونکە دراوسێیەک بوو کە دانیشتوانی لە هەموان پتر بوو، لە هەمووان بەهێزتر و دژکارەتریش بوو. بەریتانیا پاش سەدە و نیوێک لە کەنداو، لە ١٩٧١دا کشاوە؛ بەو دەرچوونەشی بۆشاییەکی زۆر لەو هەرێمەدا پەیدا بوو کە دوو لەسەر سێی نەفتی خاوی هەموو جیهانی تێدایە، ئەو گرژییە ڕەنگدانەوەی بوونی ئەو پیترۆڵە ستراتیجییەیە کە لەوێدا هەیە.

ئال سعود پێویستیان بەوە نەبوو یەکێک بە بیریان بێنێتەوە کە سەدام هەموو کات بەرانبەریان وەستاوە و ڕیسوای کردوونە. تەنانەت لەوەتی بەعسییەکان لە ١٩٦٨دا لە بەغدادا هاتنەوە سەر حوکم، هەموو کات هەوڵی ئەوەیان داوە باری وڵاتە دراوسێیە عەرەبە بێ هێزەکانی کەنداو بشێوێنن، تەنانەت هەندێ جاران بۆ ئەوەی پەیامەکەیان بگەیەننە ئەوان، هەستاون کوشتاریشیان لەو وڵاتانەدا ئەنجام داوە. جاری واش بووە بوختانیان کردووە هەر بۆ ئەوەی بارەکە بشێوێنن. دوای ئەوەی کە سەدام لە ١٩٨٠ شەڕی لە دژی ئێران جاڕدا، عەنباری نەوتی کەنداو

یەکجار زۆری کرد. ئەمەش عارەبستانی سعوودی و میرنشینە عەرەبە خاوەن نەفتەکانی ناچار کرد بایی بلیۆنەها دۆلار یارمەتی عێراق بدەن بۆ ئەوەی لەو شەڕە دەربچێ کە بە خۆی دەستی پێ کرد.

عێراق بە ئاستەم بەرگەی شەڕەکەی گرت، بەڵام سەدام هەر وەک خۆی شەڕئەنگێز ماوە و دووەم گەورەترین یەدەگی عەنباری نەوتی لە پاش عەرەبستانی سعوودی، لە بەردەستیدا ماوە، نەدەکرا پێشبینی بکرێ ئەو جارە پەلاماری کام دراوسێی دەدا. ئال سعود گەرەکیان نەبوو ئوسامە سەدام بخاتە بەر سێرەی نوخبەی سعوودییانەوە و هانیان بدا بۆ ئەوەی بچن جیهادی لە دژی بکەن؛ چونکە ئەوە دەبووە هۆی بەرپابوونی ململانێیەکی نێوان عەرەبستانی سعوودیە و عێراق. ئال سعود گرییان کرد کە ئەو توانجانەی ئوسامە لە کۆڕی میوانە دەوڵەمەندەکانی لە عێراقێی دەدا، زوو یان درەنگ بە بەرگوێی سەدامی دەکەوێتەوە.

لە بەهارێ وەدیار کەوت کە سەدام دیسان لە ئاژاوەنانەوە دەگەڕا. سەدام بە بن قەرد کەوتبوو. بە نەرمی داوای کرد بلیۆنەها دۆلار قەردی شەڕەکەی بۆ بدەنەوە. ڕاستە بە نەرمی داوای کرد ، بەڵام مکوڕبوو لەسەر دانەوەی قەردەکانی و گوتی دەبێ عەرەبەکانی کەنداو سوپاسگوزاری من بن؛ چونکە من لە بەزینێکی مسۆگەر و کەوتنە بەردەستی ئێرانییان ڕزگارم کردن. لە مانگی جولای کوێتی تۆمەتبار کرد بەوەی کە نەوتی عێراقی بە دزی دەردێنێ. پاشتر لەشکرکێشی کردە سەر سنوورەکانی نێوان عێراق و کوێت. لە ٢ی ئاب سەدام هێرشی کردە سەر کوێت و داگیری کرد. ئاگەدارییە ناپەسندەکانی ئوسامەی هاتنە دی. کەس بەو کارەی نەگوت باشە. نە واشنتن، نە لەندەن، نە پاریس، نە ریاد، نە بێیژینگ (پەکین)، نە مۆسکۆ، بێگومان کوێتیش بەو کارە هەر قایل نەبوو.

سوپای سەدام گەیشتە سەر سنووری عەرەبستانی سعوودی؛ مەملەکەت کەوتە بەر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە. هەرچەندە بلیۆنەها و بلیۆنەها دۆلاری بۆ کڕینی پێشکەوتووترین چەکی ئەمەریکایی و بۆ دروستکردنی بنکەی سەربازی خەرج کردبوو، بەڵام توانای بەرگریکردنی لە خۆی نەبوو. هەرچەندە لەمێژ بوو سعوودیەکان دەیانزانی کە سوپایەکەیان توای بەرگریکردنی لە وڵاتەکەیان نییە، بەڵام ئەو بارە تازەیەی ئێستا هەموو کاربەدەستانی سعوودیەی سڕ کرد. نە

سامانی نەوتی سعوودی و نە ڕۆڵی گەورەی لە پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام، لەو ڕۆژاندا هیچ واتایەکیان نەبوو. لە خۆیانیان پرسیار کرد، دەبێ سەدام نیازی ئەوەشی هەبێ کە شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و عەنبارەکانی نەفتیش داگیر بکا، بەوەش سامانی نەوتی دوو هەندەی خۆی لێ دێت و دەیکاتە گەورەترین هەناردەی نەوت لە هەموو دنیادا؟

زۆربەی سعوودیە وشیارەکان وایان دەزانی کە ئەو هەموو چەکەی وڵاتەکەیان لە ساڵانی ڕابردوودا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی کڕیوە، بۆیان بووەتە پۆلیسەیەکی تامین کە هەر دوو وڵات بە یەکەوە دەبەستێتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان سەروەری سعوودیەی پاراستبوو، لە بەرانبەریشدا سعوودیە هەموو ئەو نەفتەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێ بە نرخێکی هەرزان بۆی ڕەوان دەکات. هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکان بەرپەرچی ئەو ڕەخنانەش دەداتەوە کە بە هۆی شێوەی هەڵسوکەوتی وەهابیزمی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، لە هەندەران ئاراستەی سعوودیە دەکرێ. بەڵام تەنیا یەک دەیە پێشتر وڵاتە یەکگرتووەکان هیچی نەکرد کاتێ کە شای ئێران لە نزیک ئەوانەوە لەسەر تەخت دەرکرا. سعوودیەکان ڕایان لە شێوەی پاراستنەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان نەبوو. سعوودیەکان داوایان کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان بنکەیەکی سەربازی لە وڵاتەکەیان دامەزرێنێ و بەتالیۆنێکی ئەندازەی سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سعوودیە، کە بەهایەکەی چەند بلیۆنێک دۆلار دەبوو، بێنێ.

پێشبینییەکەی ئوسامە لەبارەی بزووتنەوەکەی سەدامی وەک زانینی غەیب وابوو، بۆیە بە شێوەیەکی جیاواز بیری لە کێشەکە کردەوە. ئەوەی یەکسەر لە دوای داگیرکردنی کوێت ئوسامە کردی بۆی بووە ئەفسانە. ئوسامە پەیوەندییە خێزانییەکانی خۆی خستە کار و ئەوە بوو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ وەزیری بەرگری سعوودی، شازادە سوڵتان کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعود ڕێک خست(٦). ئوسامە لە جیهادی ئەفغانی شارەزاییەکی زۆری پەیدا کردبوو، بۆیە کە چووە لای وەزیرەکە نەخشە و دایاگرامی تەواوی لەگەڵ خۆیدا بردبوو. بە پێی قەوینتییەکی پێغەمبەری کرد و گوتی نابێ تەنیا یەک تاکە سەربازی کافریش پێی لەسەر خاکی حەرەمی پیرۆز دابنێ.

شانشینەکە، بۆ بەرگریکردن لە خۆی، بە قسەی ئوسامەی، پێویستی بە ئەمەریکاییەکان نییە؛ چونکە ئەو بە خۆی و بە کۆنە هەڤاڵە چکدارەکانی دەتوانن ئەو ئەرکە ڕابپەڕێنن. بۆ قایلکردنی میر سوڵتان، ئوسامە گوتی ژمارەیان ١٠٠,٠٠٠ کەسە. ئەمەش لە ڕاستیدا زۆرکردنێکی گەلێک فرەیە؛ چونکە ئەگەر هەموو جیهادییە (تیرۆریستەکان) بژمێردرێن ناکەنە ئەو ژمارە گەورەیە. گوتی جەنگاوەرە دیرینە ئەفغانییەکان مەشق بە سعوودیەکان دەکەن. چونکە ئوسامە کوڕی بن لادن بوو؛ چونکە پاڵەوانێکیش بوو، بۆیە میر زۆر بە ڕێزەوە قسەکانی لێی وەرگرت. ئوسامە درێژەی بە پلانەکانی خۆی دا، بۆی ڕوون کردەوە کە چۆن کۆمپانیاکەی توانیی بناغە لەسەر زیخ دابکوتێ خانووی لەسەر هەڵداتەوە، توانیی تەنەڵ لە شاخەکان لێ بدا. سەنگەر لە ئەفغانستان دروست بکا.

میر سوڵتان بە نەرمی تێی گەیاند کە کوێت ئەفغانستان نییە، لە کوێت چیا و ئەشکەوت نییە، خاکی کوێت بیابانێکی ڕاستی کاکی بەکاکییە. بۆ ئەو ٤٠٠٠ تانکەی دوژمن باشترین ڕێیە تا لێی دەربازبی. وەزیری بەرگری باسی ئەوەی هەر نەکرد کە وڵاتەکەی بە تەڕاتێنی ئەو دەیان هەزار چەکدارە موسڵمانە توندڕۆیانە نارەحەت دەبێ. بگرە بە قسەی کابرا ئەفسانەییەکە، میر ویستی کێشەکە ببڕێنێتەوە و لە ئوسامەی پرسی بوو دەبێ ئەو بەرانبەر ئەو مووشەک و چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی عێراق چ بکا. ئوسامە گوتی: (ئێمە بە ئیمان شەڕی لەگەڵ دەکەین.) قسەکان بڕانەوە. ئوسامە بە کەم هاوسۆزییەکەی میر سوڵتان بڕی نەشکا. وەک ئەوەی کە لە هەموو ئەفسانەکاندا هەیە، کەس لەگەڵ پاڵەوانان ناگەنە یەک. ئوسامە هەر ئەوەندەی گوت: (لێم دەبیستنەوە چ دەکەم.) خانەوادەی ئوسامە ویستیان عەقڵی لەگەڵ بەکار بێنن. بەڵام مەحاڵ بوو، «مەیموون و فێس، جورج و ناو کانی!»

بڕیار دەرچوو. لە ٦ی ئاب، وەزیری بەرگری دک چێنی بە سەرۆکایەتی شاندێکی ئەمەریکایی بۆ ریاد فڕی و یەکسەر پەیامێکی ڕوونی سەرۆک جۆرج بوشی بۆ شا فەهدی کوڕی عەبدولعەزیز و گەورە شازادە سعوودیەکان خوێندەوە. نامەکە نووسرابوو: (ئێمە ئامادەین ئەم هێزانە بۆ بەرگریکردن لە شانشینی عەرەبستانی سعوودی بڵاوە پێ بکەین. ئەگەر لێمان بخوازن بێینە ئەوێ ئێمە بێگومان دێین. ئێمە بە دوای بنکەی سەربازی سەپاودا ناگەڕێین. هەرکاتێکیش لە

ئێمە بخوازن دا بڕۆین، ئێمە دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان.)[٧]

سەرکردەی گشتی هێزی هاوپەیمانان کە بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کوێتی ئازاد کرد، جەنەراڵ نۆرمەن شوارتسکۆپف، کێشەکەی شا فەهدی کورت کردەوە و نووسی: (ئەگەر هیچی نەکردبایە، وڵاتەکەی لە دەست دەدا و دەبووە هیی عێراقییان. بەڵام ئەگەر بانگێشتەی ئەمەریکاییەکانی بکردایە، جا با سەرۆکایەتی متمانەی ئەوەشی بدابایە کە ئێمە ڕێز لە سەروەری سعوودیە دەگرین، ئەو کات سەدام و سەرکردەکانی تری عەرەب ڕیسوایان دەکرد و پێیان دەگوت ماستاوی بۆ ڕۆژئاوا سارد دەکاتەوە. بە سادەییەوە دەگوترێ، عەرشی خۆی دەخستە مەترسییەوە. مەترسییەکی زۆر گەورە لە بانگهێشتکردنی لەشکرێکی بیانی بۆ ئەو وڵاتە هەیە کە زینۆفۆبی xenophobic بێ و هەموو توانای خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبێ کە ئاینەکەی بپارێزێ و نەریتەکەی خۆی پاک ڕابگرێ.)

ئەوەی کە سەرنجی ئەمەریکاییەکانی ڕاکێشا ئەوە بوو کە شا فەهد لە هەمان شوێن و لە چەند دەقیقەیەکدا، تەواوی پەیامەکەی سەرۆک بوشی پەسند کرد. بەڵام پرسیان بە شێخ عبدولعەزیز بن ئەلباز کرد، کە گەورەترین زانای سعوودیە. ئەویش پاشتر فەتوایەکی دەرکرد کە بە جۆرەجۆر توانی پاکانەی ئیشەکە بکات. فەتوایەکە دەیگوت: (هەرچەندە ئەگەر بە چاوێکی ئاینی پارێزگارەوە سەیری ئەمەریکاییەکان بکەین، ئەوان لەگەڵ کافران لە یەک تەرازوودا دەبن، چونکە موسڵمان نینە، بەڵام هێشتا شایستەی ئەوەن کە پشتیوانییان لێ بکەین، چونکە هاتوونە تا بەرگری لە ئیسلام بکەن.) ئوسامە هەرگیز ئەم جۆرە بۆچوونەی نەبووە، تەنانەت لەم بابەتەشدا، هەر بەتەنیا نەبوو. مەلا گەنجەکانیش گومانیان لە بانگەوازەکەی ئال سعود کرد. دوا وتاری محەمەد پێغەمبەریان لە بیر بوو کە لە سەرووی هەموو قسەکانەوەیە، فەرمووبووی: (نەهێڵن دوو ئاین لە عەرەبستاندا هەبێ.)[٨]

ئوسامە لە دە ساڵی داهاتووش هەر هەمان کەڕەنای مردنی دەژەنی. پاشی یازدە ساڵ، میر تورکی باسی ئەو دیمانەیەی ئوسامەی لەگەڵ میر سوڵتانی گێڕاوە، کە لە میانی دیدارەکەدا لە ناکاو بۆی دەرکەوت کە کەسایەتی ئوسامەی لە (بنەڕەتدا گۆڕا) کاتێ کە دەستی پێ کرد لە (پەپوولەیەکەوە کە کاری چاکە و

پیاوەتی دەکا خۆی گۆڕی و بووە کابرایەکی شۆڕشگێڕ، کە خوێن بەری چاوی گرت و ئامادە بوو هەموو مرۆڤایەتی بە قوربانی کێشە گرکانییەکەی خۆی بکات.)
ئەوە سروشتی مرۆڤێک بوو کە دەیان ساڵ بوو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری وڵاتێک بوو کە سیخوڕەکانی بە هەموو ئەفغانستاندا بڵاو بووبوونەوە و ڕێنوێنی ئەوەیان پێ درابوو کە چاودێری هەموو کەسێک لەو وڵاتدا بکەن، پێشیان گوترابوو ئوسامەش لە بەرچاوتان بزر نەبێ. میر تورکی گوتی: (ئوسامە لە کابرایەکی نەرمی شەرمنی بەڕیز کە هەموو کات ئامادە بوو یارمەتی موسڵمانان بدا، بووبووە کەسێک باوەڕی وابوو کە خۆی دەتوانێ سوپایەک کۆ بکاتەوە و سەرکردایەتی بکا بۆ ئەوەی کوێت ئازاد بکا. دیمانەکە ئاشکرای کرد کە ئوسامە چەند ملهوڕ و لاملە.)

پرینس تورکی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: (یەکەم – ئوسامە وای دەزانی بە تەنیا دەتوانێ لەشکرێک ئامادە بکات و بەرینگاری هێزەکانی سەدام حوسێن ببێ. دووەم – لە بەرانبەر بڕیاری شانشین بۆ بانگکردنی هێزە دۆستەکانمان، ڕاوەستا. ئەو بەم ڕەوشتەشی لە فەرمانی فەرمانڕەوا یاخی بوو، ملکەچی فەتوای گەورەترین زانای ئیسلامان نەبوو کە پلانەکەی وەک بنەمایەک بۆ بەرینگاربوونەوەی ستەم و دوژمنکاری، پەسند کردبوو.)

ئەمانە هەموو ئاویان گەیاندە لێوان. بەڵام ئوسامە هێشتا بەوەش نەوەستا و هەستا لە ساڵانی دواتریش پەلاماری ئال سعود و ئەو زانا میهرەبانانەشی دا، کە دەسەڵاتی شەریعەتی بەرزی ئیسلامیان بە دەستە. لە پێش هەمووشیان پەلاماری خودی عەبدولعەزیز بن ئەلبازی دا، کە زانایەکی نابینای وەهابییە و بە گومانی ترسی گەورەترەوە ملکەچی بڕیاری پاشای وڵات بوو، هاتنی سوپای ڕۆژئاواییانی قبووڵ کرد. ڕەنگە ئوسامە هێشتا هەر لەبەر چاودێری probation بووبێ، بۆیە لە کاتی شەڕەکەدا نقەی نەکرد. بێدەنگبوونی، لە هەر هەموو شتێک سەرسوڕهێنەرتر بوو؛ چونکە لەو تەقینەوە گشتییەی کە لە سعوودیە سەبارەت بە قسەکردن و هزر دەربڕین هاتە پێشەوە، هەموو سعوودیەکان، هەر یەک بە شێوەیەک، کۆڵی خۆیان هەڵخست. هەر یەکە دەیویست ئەجیندەی خۆی پێش بخات. ئوسامە هەر قسەی نەکرد.

ئافرەتانی سعوودیە خۆیان پێشان دا، داوایان کرد ڕێگەیان بدرێ ئۆتۆمۆبێل لێ بخوڕن. مەلا کەللە ڕەقەکان ڕەخنەیان لە ئیبن ئەلباز و لە ئال سعود گرت. ئەو واعیزانەیان ریسوا کرد کە ملکەچی بوون. هێرشی توندیان کردە سەر مەلیک و کافرەکان، چونکە خاکی پیرۆزی ئیسلامیان پیس کرد. ئوسامە تووڕە بوو، بەڵام ئەو یاوەرانەی کە لە یەمەنی باشووڕرا هاتبوون دەیانویست قەناعەتی پێ بێنن کە ئەو چەکە ئەمەریکاییە پێشکەوتووانە ڕەنگە بۆ بەزاندنی سەدام حوسێنی پێویست بن، پێویستیشە لە سەری تا شەڕەکە تەواو دەبێ ئەو نەرمی بنوێنێ(٩). ئوسامە بە دۆستە کۆنەکانی خۆی دەگوت کە ئەمەریکاییەکان بۆ ئەوە هاتوونە تا حوکمی ئال سعود لە ناو ببەن و کەسێکی سعوودی عیلمانی لە شوێن ئەوان بێننە سەر حوکم بۆ ئەوەی وەهابیزم نەهێلن. ئەو ناڕەزایی دەربڕینەکەی خۆی زۆر کەم کردەوە تا برادەرانی لە هەموو دەنیا ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بکەن بۆ ئەوەی بتوانێ هەڵمەتێک بۆ بۆیکۆت boycott کردنی بەرهەمە ئەمەریکاییەکان ڕێک بخات.

هەرچەندە میر تورکی بە درەنگەوە ڕەخنەی لە ئوسامەی گرت، بەڵام بە ڕاست و دروستی بوو، چونکە ئەوەی ئەو کردی تا چەندین ساڵ کاریگەریی خۆی هەر دەبێ، بۆیە ئوسامەشی گەیاندە ئەو خاڵەی ئیتر چاوپۆشی لێ نەدەکرا. ئوسامە بەوەش شادمان نەبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان وەک چۆن پەیمانی دابوو، نیوەی ئەو سەربازانەی کە بۆ ئازادکردنی کوێت هێنابوونی، بە پەلە گواستیانیەوە. ئەو بڕیاری خۆی لەمەڕ ئال سعود و هەبوونی ئەمەریکاییەکان لە سعوودیە دابوو. بە فیکری ئەو ئەوان هەردووکیان بە یەکتریەوە بەسترابوونەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بییەوێ وڵاتەکەی ڕزگار بکا، دەبێ هەموو سەربازانی ئەمەریکایی لە وڵات دەرچنە دەرەوە، لە پاشان لادانی ئال سعود بەبێ ئەوەی کە پارێزەرە کافرەکانیان لەوێ نەبن، کارێکی ئاسانە. تەنانەت لە کاتی جیهادی ئەفغانیشدا، ئوسامە بە هەندێ لە هاوەڵەکانی خۆی گوتبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان، با لەو کاتدا هاوپەیمانێکی دیفاکتۆ بێت، بەڵام، بەڕای ئەو، هەر دوژمنی ئیسلامە(١٠).

ئەوەی جێی نیگەرانی بوو ئەوە بوو کە ٥٠٠٠ سەربازی هێزی ئاسمانی ئەمەریکایی لە بنکەی (الخبّري) سەر کەنداو مابوونەوە، بەڵام کە لە حوزەیرانی ١٩٩٦ لە پەلامارێکی تیرۆریستیدا نۆزدە سەرباز لەوێ کوژران، ئەوانی تر بۆ بنکەی ئاسمانی میر سوڵتان، ڕەوان کران بۆ ئەوەی لەوێ بشاردرێنەوە. ئەو بنکە

ئاسـمـانـیـیـە لە (الخـرجـة) لە بیـابانی نجـد، ٥٥ مـیل لە باشـووری ڕۆژهەڵاتی ریادەوەیە. هەرچەندە ئوسـامـە وەک هەردەم دەسـتـخۆشی لە تیـرۆریسـتەکان کرد، بەڵام بەرپرسانی ئەمـەریکی و سعوودی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئێران لە پشت بۆمـبـەردوومـانەکەدا بووە. هەندێکیش پێشنیـازی ئەوە دەکەن کە ڕەنگە ئوسـامـە دەستی تێـدا بووبێ. بە لایەکەوە، گـرینگ نەبوو کێ سـەربازانی هێزی ئاسـمـانی ئەمـەریکایی کوشت. نـە لەکن ئوسامـەی نە لەکن ئەو سـعوودییـانەی کە مەیلیـان لە توندوتیـژی هـەیە، لـەگـەڵ هـەر سـاڵێک کـە ڕەت دەبوو پرسـیـارێکی گـرینـگ لەلایان گـەڵاڵەی دەکـرد؛ سـەرۆکی ئەمـەریکایی لەگـەڵ کـێی بـوو کـە لە سـاڵی ۱۹۹۰، پەیمانێکی دا و گوتی: (کە ئێوە لێمـان دەخوازن تـا بچینەوە وڵاتی خۆمـان، ئێمـە بێگومـان دەچینەوە.) ئـوسـامـە گـەیشـتـە ئەو قـەناعـەتەی کـە وەڵامـەکـەی دەزانی. زانیشی کە ئەو بابەتەشی دۆزییەوە، کە خۆی بە دوایدا دەگەڕا.

واشنتن بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ، داخـوازییـەکـانی ئوسـامـەی جێبـەجێ دەکرد. لانەدانی سـەدام حـوسـێن لەسـەر حوکم لە دوای ئازادکردنی کوێت، هەڵە بێت یان نا، سەلماندی کە ئاڵۆزییەکی گەورەی پەیدا کرد و پاشتریش وڵاتە یەکگرتووەکان و سـعـوودیە زۆر بەگـرانی لە سـەریان ڕاوەسـتـا. مـانەوەی ئەو هێـزانە گـرژی پەیدا دەکـرد، ئایا لەبەر چ بوو کـە سـعـوودیەکـان داوایان کـرد ئەو هێـزە ئاسـمـانیـیـە ئەمەریکاییە لەوێ بمێنێتەوە؟ ئەگەر سعوودیەکانیش داوای مـانەوەیان نەکردبایە، بۆ دەبوو داوا نـەکـــەن بمـێننـەوە؟ هـەردوو وەزارەتی دەرەوە و بـەرگـــری وڵاتـە یەکگرتووەکان لە سـەردەمـی سـەرۆک کلنتن جـەختـیـان دەکردەوە کە دامـەزراندنی ناوچەی دژەفڕین لە باشووری عێراق (سەدامی لە ناو قومقومەکەیدا دەهێشتەوە.) یان ئەمـەریکاییـیـەکـان بە درۆ بۆ ئەوەی لـە کوێت و بەحـرێن و قـەتەر و عـومـان و عەرەبستانی سعوودیدا بمێننەوە بیانوویان دەکرد؟

هێزی ئوسـامە لەوە دابوو کە دەیزانی خۆی بـە تەنیا نەبوو کە گومـانی لە مرازی عـەرەبسـتـانی سـعـوودی و ئەمـەریکاییـیـەکـان دەکـرد. لەگەڵ هـەر هـاووڵاتییـەکی سعوودی قسەت بکردایە، یەکسەر بە پێچەوانەی ڕای ئەمەریکاییەکان بەوە قایل نەبـوون کـە هـێـزە ئاسـمـانیـیـەکـەیان لە سـعـوودیە بمێننەوە، تەنانەت ئەگـەر بشـاردرێنـەوەش. هەمـوو ئەو سـعوودییـانـەی کە من لە ۱۹۹۹دا قسـەم لەگـەڵیـاندا کرد، دەیانزانی کە هـێزەکە لەوێ بوو، ئومێدیشـیـان دەخـواست کە هەرچی زووە

برۆنەوە بۆ سەر فرۆکە هەڵگرەکانی ناو زەریای هیندی یان بچنەوە سەر دوورگەی مەسیرە کە لە نزیکی عومانە. پەیامەکە لە هەموو شوێنێک بوو: تەنیا لە عەرەبستانی سعوودیە نەبێ.

زۆر بەر لەوەی کە ئوسامە بێتە ناو گەمانەکەوە، چەندین هۆی مێژووی هەبوو بۆ ئەوەی نەهێلن لەشکرەکانی ڕۆژئاوا لەسەر خاکی موسڵمانان خێوەت هەڵدەن، جا نەخواستە ئەو شوێنەی کە ئیسلامی لێ پەیدابووە. مێژووی کۆلۆنیالی و دوای کۆلۆنیالی Post Colonial سەدەی بیستەمین پڕە لە باسی ئەم هەموو کاولکارییانەی کە هێزەکانی بریتانی و فەڕەنسی و ئەمەریکایی لە ناو خاکی موسڵماناندا کردیان. هەر لە ئێرانەوە تا مسر، لە مەغریبەوە تا دەگاتە لوبنان و لە جەزایرەوە هەتا یەمەن، هەر هەموویان کاول کرد. من لە ١٩٥٠کان و ١٩٦٠ەکاندا شەڕی سەربەخۆیی جەزایرم داپۆشی، باسی مێژووی شۆڕشی ئێرانیم نووسییەوە و (شەڕە بچووک)ەکانی لوبنانیشم دیت. بۆیە دەزانم ئەو لەشکرانە چیان کرد.

زۆربەی جارەکان، تیرۆریزم و لەشکری ڕۆژئاوایی یەک ڕۆڵیان گێڕاوە. دەبوو دەرسێک لەم چەشنە زەلیلکردنانەی ڕابردوو وەربگرن، بەتایبەتیش لە کێشەی عەرەبستانی سعوودی، کە قورئان فەرمانی داوە نابێ لەشکری کافران لەسەر ئەو خاکەدا هەبێ.

بەڵام پێنتاگۆن بە دوو ئاراستەدا دەچوو. توێژینەوەی لێکۆڵەرەوەکان پێشنیازی ئەوەی کرد کە چەک و تفاق، تەقەمەنی و کەرستەی یەدەگ، با لە بنکە بیانییەکانی وەک عەرەبستانی سعوودی دابکرێ. بەڵام وشیاری ئەوەیان دا کە لەشکرەکان لە کاتی پێویستدا دەبێ ئاڵوگۆڕ بکرێن، کەمترین ژمارەیان لەو وڵاتانەدا جێگیر بن. بەڵام ڕاپۆرتەکانی شارەزایان لە بواری تیرۆریزم هەر خۆ ماندووکردنێکی بێ بەرهەم بوو.

ئەمەریکاییەکان بەپێی لێکۆڵینەوە ڕەسەنەکە نەجوولانەوە، چونکە ویستیان پارە پاشەکەوت بکەن، بواری حەسانەوە بدەنە سەربازەکانیان، لە هەمووش گرینگتر ئەوە بوو بە عەرەبە خاوەن نەفتەکان بڵێن کە نەوتەکانیان ئەمینە چونکە ئەو هێزە زەبەلاحەی ئەوان دەیپارێزێ. هاوڕێیەکی دیپلۆماتی ئەمەریکایی پێی

گوتم کە ئەگەر سەددامیش نەمابا، سوپای ئەمەریکا دەبوو بۆ ماوەیەک هەر لەو ناوچەیەدا بمابایەوە. دیپلۆماتەکە گوتی: (بیر لە ئێران و بیر لە عێراق بکەوە، ئینجا دەزانی عەرەبستانی سعوودی و وڵاتە نەوتییە بچووکەکان چ جۆرە دراوسێی خراپیان هەیە.)

هەر جۆرە توندی و تیژییەکی ئیسلامییەکان، جا ئوسامەی لە دوا بایە یان ا، هیچی لە بیر و باوەڕی پێنتاگۆن نەدەگۆڕی. لە پاش هەر کارەساتێکی تیرۆریستی، وەک ئەوەی کە لە (الخبر) لە حوزەیرانی ١٩٩٦ قەوما و نۆزدە سەربازی تێدا کوژرا، یان ئەو پەلامارەی کە لە عەدەن لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا کرایە سەر USS Cole و لە ئەنجامدا حەڤدە سەرباز گیانیان لە دەست دا، لە پاش هەر یەکێک لەو هێرشانە، پێنتاگۆن ئەفسەرە چوار ئەستێرەکانی بەگەڕ دەخست بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان بکەن و ئەو کەموکوڕییانەش دەستنیشان بکەن کە لە بواری ئاسایشدا هەبووە و هۆشیاری بدەنە هەموو دنیاش کە هەر مەحاڵە تاقە زلهێزی جیهان لەو هەرێمەدا دەربکرێ. قسەی بۆش بە سەر هزردا زاڵ بوو. ئێمەش لەو قسە گەورانەدا یەکەم بووین.

لە دوای شەڕی ڤێتنام کە چیی تر (تەرمی ناو کیسەکان) نەهاتنەوە بۆ وڵات، وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا ئامادە بوو بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەرگەی ڕووخاندنی باڵیۆزخانەیەک، یان تێکشکاندنی گەمییەیەکی شەڕ بگرێ. توێژکارانی سەربازی لە دەزگای ڕاوێژکاری think tank ئەمەریکایی خەملاندیان کە نەفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرە سیاسەتێکی نافەرمی ئیمپریالیزمی لە وڵاتە یەکگرتووەکان پەیدا کردووە و بە هۆی ئەو نەوتەوەیە سەنگەری سەربازی دوور لە وڵات ڕێک دامەزراوە و سەربازانیان تێدا فڕێ دراوە. دوای نیو سەدە لە سەرێشەی شەڕی سارد، وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێ گازۆلینی هەرزانی بە دەست بکەوێ، لە بەرانبەریشدا نایەوێ سەری لەگەڵ کێشەی بیانییاندا بێشی. زۆر لە بیانییەکان بە نامۆیی بیر لەوە دەکەنەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئیمپراتۆرییەتێکی جیهانی بەڕێوە دەبات و هەر کاتێکیش کە بییەوێ دەست لە کاروباری هەموو وڵاتان وەردەدا، چ گەورە بن چ بچووک.

ئەو جۆرە کردەوانە هەمووی هێلانەی بۆ ئوسامەی خۆش دەکرد. بۆ نموونە لە

عەرەبستانی سعوودی کێشەی بنکەی ئاسمانی میر سوڵتان بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی لە لەبارەی ڕۆڵی ئەمەریکاییەکان پرسیار بکەن. سعوودیەکان هەموو کات لەوە دڵتەنگ بوون کە سەربازە جەنگاوەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان خاکی سعوودیەیان کردبووە پێگەیەک بۆ ئەوەی لەوێوەڕا بچن هاوولاتیانی عێراقی بکوژن، لە کاتێکدا کە بۆ لادانی سەدام لەسەر کورسی، زۆر کەم ئیشیان کرد. زۆری پێ نەچوو عەرەبەکان نەک هەر لە عەرەستانی سعوودی بگرە لە هەموو شوێنێکدا، دەستیان بە پرسیارکردن کرد، ئایا وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوە سەدام لەسەر تەختەکەی لا نادا تا بیانووی ئەوەی بمێنێ کە سوپای خۆی هەر لە ئەرخەبیلەکانی سعوودیە و وڵاتانی ناوچەکەدا بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی نەفتی ئەو مەملەکەتەی هەر لە بەردەستیدا بمێنێتەوە. بە ڕاستی زۆر کەس لەو باوەڕەدا بوون کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە ئەنقەست لە ١٩٩١دا سەدامی هێشتەوە بۆ ئەوەی بیانووی مانەوەی لەو هەرێمەدا بمێنێ. هەر چەندە ئوسامە لە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام هەر وچانی لە بڵاوکرنەوەیانی نەدا.

کە من لە ١٩٩٩ سەردانی سعوودیەم کرد هەندێ مشتومڕی بە نهێنی لێرە و لەوێ دەکرا و دەگوترا: ئایا چ سوودێکی بۆ ئال سعود هەبوو پاگەندەی ئەوە لە ناو هاوولاتیانی سعوودی بڵاو بکەنەوە و بڵێن کە زلهێزی ئەمەریکایی بۆ خۆی ویستی لەوێدا بمێنێتەوە، لە کاتێکدا بنەماڵەی شا بۆیان ڕوون بووەوە کە جێگێربوونی هێزی ئاسمانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکەیاندا تەنیا بە هۆی بەخت گەورەیی ئەوانەوە بوو؟ من ویستم لەم بارەیەوە پرسیار لە گەورەترین کاربەدەستی سعوودی بکەم کە من چاوم پێی کەوت. سوپاس بۆ جەنەراڵێکی ئەمەریکایی خانەنشین کە لە عەرەبستانی سعوودی کاری کردووە، ئەو وای کرد من ئێوارەیەک بە تەواوەتی لەگەڵ شێخ عەبدولعەزیز توەیجیری بە سەر ببەم کە جێی متمانەی وەلی عەهد میر عەبدوڵایە. (ئەو شێخە بە خۆشی گومانی لەوە دەکرد کە وڵاتەکەی دەبێ ئەوەندە پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکان ببەستێ.)

من هەموو ئێوارەکەم بەسەربرد بەوەی کە لەو شێخە حەفتا ساڵییە چالاکە بپرسم، ئایا سعوودی ویستی هێزی ئاسمانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوێ بمێنێتەوە یان دەرچێ. هەرچی کردم، بە هەر شێوەیەک پرسیارەکانم بۆی داڕشتەوە، نە تووڕە بوو نە وەڵامیشی دامەوە؛ چونکە وەڵامەکانی زۆر بە جوانی ڕێک خست، بە

ڕێکی خـواری کـردەوە، بەڵام لـە هیچ وەڵامـدانەوەیەکی وردی دڵـی پاراو نەدامـەوە. ئەو ئەرکی خـۆی بەجێ گەیاند کـە پێشوازی لە برادەری برادەرێکی کـرد. بەڵام مـن گومـانم لەوە نەما کە مـن کابرایەکی بێ شەرم بووم؛ ئەگەر نا هەرگیز نەدەکرا ئەو هەمـوو جارە ئەم قلـە پرسـیـارەم لێی دووبارە بکەمـەوە. ڕەنگـە ئال سـعود ڕایان لە وەڵامەکانی بووبێ، ڕەنگە نا.

ئەوەی کە پێوەندیی بە لـەشکری ئەمـەریکاییـەوە بووبێت، مـن هـیچ ئەفسـەرێکم نەدیت کـە گومـان لە ویسـتی سـعوودیەکان بکا. (ڕەنگە لە نێوان خۆیاندا بـاسـیـان کردبێ، بەڵام هەرگیـز کەس ئەو لاپەڕەیەی، لەگـەڵ من، هەڵنەداوە.) لە سـەردەمی کلنتن پێنتـاگۆن پارە و دەسـەڵاتی پتـری لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا هەبوو لەوەی کە وەزارەتی دەرەوە بە دەستی بوو. من ناچار کرام چاوپۆشی لەم ملـهوڕییەی سوپای ئەمـەریکایی بکەم کـە نەیویست لە ترسناکی ئەو کاتەی ڕۆژهـەڵاتی ناڤین تێ بگا. یەکەم جـاریشم نـەبوو ئومـێدی ئەوە بخـوازم کـە ڕۆژێک پێنتـاگۆن گوێ لە قسـەی حـەکـیـمـەکـان ڕابگرێ. (جـەنەراڵ ئەنتـۆنی زینی، سـەرکـردەی دەریـاوانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک هـەمـوو ئەوانی تر نەبوو. هـەرگـیـز ئەوەی نەشـاردەوە کـە زۆر کەمی لەبارەی کارەکەی خۆی دەزانی.)

پەلامارە تیرۆریستییەکەی (الخُبَّر) هەرگیز بە چاکی ڕاڤە نەکرا. ئایا بە ڕاسـتی کارەکە، وەک ئەوەی ئال سـعود ئاماژەیان پێی دا، ئێران و سـیخـوڕەکانی لە ناو کـەمینە شـیـعـەکەی کە لە هەرێمی حـەسـسا لە ڕۆژهەڵاتی بە نەفـتی سـعوودیەدا دەژین، ئەوان کـردیان؟ ئەمـە ئاشکرا نیـیـە چونکە سـعـوودیەکـان نەیانهـێشت ئەمـــەریکاییـــەکـــان لێکۆڵینەوە لەگـەڵ گـــومـــان لێکراوی ســـەرەکی کـــارە تیـرۆریسـتـیـیـەکەدا بکەن. یان کـارەکە لەلایـەنی ئوسـامـە و پیـاوە گـەنجـە توندڕۆیە سونەکانییەوە ئەنجام درا؟

یاخیبووە سعوودیەکان لـە لەندەن ئاماژەیان بۆ ئەو چوار پیاوە سوننەیە کرد، کە سـیـانیـان کۆنە جـەنگاوەری ئەفغانی بوون، زۆر بەڕێکی مـەشق درابوون بۆ ئەوەی لەســـەر سکرینی تـەلەڤـزیۆنەکـاندا دان بە کـارەکـانیـان بێنن. هەر چواریان ئوسامەیان بە تەقینەوەی بۆمبێک تاوانبار کرد کە لە نۆڤێمبەری ١٩٩٥دا تەقییەوە و بووە هـۆی کـوشـتنی پێنج هاووڵاتی ئەمـەریکایی کـە بۆ زرێڤـانی سـعـوودی لە

ریاددا کاریان دەکرد. سعوودیەکان سەری چوار کەسەکەیان پەلدا و نەیانهێشت ئەمەریکاییەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵیاندا بکەن. یاخیبووەکان گوتیان کە ئال سعود بەرگەی ئەوەیان نەگرت بڵێن ئەو کارە تیرۆریستییەش هەر گرووپێکی ئیسلامی توندڕۆی سونە ئەنجامیان داوە؛ چونکە ئەوەی کە سونەکانی نەجد ئەنجامیان دا، زۆر جێی پەژارە و نیگەرانییان بوو. بۆیە ئەو جارە ئەم چەند شیعەیەیان تێوەگلاند و ڕاستی کێشەکەیان شاردەوە. تاوانباران هەرگیز دادگایی نەکران. لە حوزەیرانی ۲۰۰۱دا، کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی FBI، لویس فریح توانی چەندین تاوان بە پێی یاسای وڵاتە یەکگرتووەکان ئاشکرا بکات، بەڵام، بەر لە چوونە ناو پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسا، یەکسەر دەستی لە کار کشاندەوە، ئەوەش جێگەی دڵگرانی بوو.

ئەم جۆرە ئاڵۆزییە ڕەنگدانەوەیەکی شێوەی حوکمڕانی ئال سعودە و پڕوپاگەندەشی بۆ ئوسامە و ئەو کەسانەی تریش دەکرد کە بە خراپی لە حکوومەت دەگەیشتن. ئەو هەموو منگەمنگەی کە لەلایەنی ڕای گشتی سعوودیەکانەوە سەبارەت بە ناقابلییان دەکرا هیچی بایی پوولێک لە پێنتاگۆن گوێی پێ نەدرا. ناوەناوە نیشانەی نیگەرانی لە خەڵکی بە دیار دەکەوت. ئایا کوڕەکەی زەکی یەمانی، کە لە ۱۹۷۰کاندا وەزیری نەوتی سعوودیە بوو، بیری لە مەترسی ئوسامەی دەکردەوە کاتێک کە پێشنیازی کرد هێزە ئاسمانییەکەی (الخُبَّرْ) لە سعوودیە بچێتە دەرەوە و لەسەر یەکێک لە کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکاندا بمێننەوە؟ من لە گەورە بەرپرسێکی ئەمەریکاییم پرسی: وڵاتە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک فڕۆکە هەڵگری هەیە، جا بۆ ئەم فڕۆکانەی لە سعوودیەن، نەچنە سەر یەکێکیان؟ بێگومان کوڕی یەمانی شتێکی لە باردا هەبوو کە ئەو قسانەی کرد، چونکە دەیزانی ئەو فڕۆکە هەڵگرە ئەمەریکاییانە لەلایەنی سیاسییانەوە کەمتر کێشەیان لێ دەکەوتەوە. بەڵام بەرپرسان بە کورتی وەڵامیان داوە و گوتیان: (فڕۆکە هەڵگرەکان خەرجییان پترە و هێندەی بنکە زەمینییەکانیش بۆ فڕۆکەکان ڕەها نین.)

پێویست بوو سیستەمێکی وا دروست بکرێ کە نە دوورکەوتنەوە بێ لە ناوچەکە نە خۆ خستنە بەر پەلاماریش بێ. من چیرۆکی کۆنە دۆستێکی دیپلۆماتی ئەمەریکاییم وەبیر هاتەوە کە لە ۱۹٦۹، یەکسەر لە دوای شۆڕشەکەی موعەمەر گیددافی، پێشنیازی کرد کە لەشکرە ئەمەریکاییەکان بنکەی ئاسمانی ویلەس لە

تەرابلس چۆل بکەن. دیپلۆماتەکە گوتی کە هیچ گومانی تێدا نییە کە شۆڕشە نەتەوەپەرستە عەرەبییەکەی گیددافی داوا لە لەشکرە ئەمەریکاییەکان دەکات بۆ ئەوەی وڵاتەکەی بەجێ بێلن؛ جا بۆ ئێوە بەخۆتان ئەو کارە ناکەن بۆ ئەوەی سوپاس بکرێن و ببێتە هەنگاوێکی پۆزێتیڤیش لەگەڵ ئەم رژێمە تازەیە؟ بەستراوەی باڵێۆزخانەکە مڕاندی و گوتی: (هەرگیز ئێمە بە دەستپێشخەری خۆمان ئەم بنکەیە بەجێ ناهێلین. چونکە بۆ داهاتوو دەبێتە ڕێبازێکی خراپ.)

پێش ئەوەی سەفەرەکەی ١٩٩٩م بەکۆتا بێنم و عەرەبستانی سعوودی بەجێ بێلم، وا ڕێککەوت باڵیۆزێکی وڵاتێکی ئەوروپاییم لەوێ دیت. کابرا شارەزاییەکی زۆری لەو وڵاتەدا هەبوو. ویستم لەم بوارەوە سوود لە ئەزموونەکەی وەربگرم، بۆیە هەموو گومانەکانی خۆمم بۆی هەڵڕشت، باسی ترسی خۆمم بۆی کرد. پێم گوت من قەناعەتم وایە کە هەستی دژە ئەمەریکانیزمی لێرە ڕەگی توندی داکوتاوە. پێشم گوت کە ئوسامە ڕۆژانە خەڵکێکی لەوە پتر دەبینێ کە من پێش هاتنم بۆ سعوودیە بیرم لێ دەکردەوە. هەروەها باسی ئەوەم بۆی کرد کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری (مجلس الشوری)ی سعوودیش لەم بارەیەوە نیگەرانن. پێم گوت بابەتەکە تەنیا ئەوە نییە کە لە هەبوونی سەربازی ئەمەریکایی نیگەرانن، بگرە ئابووریشیان خراپ بوو؛ ژمارەی دانیشتوانیان لە زیادبوون دابوو؛ باری گوزەرانی standard ژیانی ڕۆژانەش بەرەو نزمی دەبووەوە. هەموو هاووڵاتییەکی سعوودی لە ٧٠٠٠ میرە بێ ئەدەبە خاوەن ئیمتیازانە بێزار بوو کە هەموو زەکاتی وڵاتەکەیان دەخوارد.

باڵیۆزەکە گوێی بۆ ڕایەڵ کردم. پاشان گوتی: (ببەخشە، دەتوانم پرسیارت لێ بکەم ئایا لەمێژە لە ئەوروپادا دەژی؟) وەڵامیم داوە کە من چل ساڵە پەیامنێرم لە سەرتاسەری دنیا کارم کردووە. باڵیۆزەکە بەر لەوەی دیمانەکە بە کۆتایی بێنێ، بەگرژییەوە و گوتی: (هاوپەیمانی نێوان سعوودیەکان، کە وەکو مەلیکە دەرەبەگەکانی سەردەمی پێشانی فەرمانگێڕی دەکەن، لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان کە بەهێزترین دەوڵەتی بێ کۆلۆنییە لەسەر ئەم زەوییەدا، ئەم هاوپەیمانییە، ناچێتە ژێر هیچ پێوەرێکی لۆجیکییەوە. بەڵام لەسەر بناغەی زاڵبوون بەسەر هەموو نەریتە کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانەوە دروست بووە.) ڕەنگە ئەوە ڕاست بێ، بەڵام باڵیۆزێکی تر چەند ساڵێک بەر لە ئێستا سیستەمی سعوودیەی لەگەڵ سیستەمی

شاهەنگ بە یەکەوە لکاند.

لە ناوەڕاستی ١٩٩٩دا، دیسان ڕێگەی ئوسامە درا بۆ ئەوەی سەفەر بکا. دوو بۆچوون لەبارەی ڕۆیشتنەکەی لە ئارادا بوون. میر تورکی گوتی کە ئوسامە بە گشتی باش جوولاوە بۆیە خستنە بن تاقیکردنەوەکەی هەڵگیرا، بەتایبەتیش کە گوتی پێی خۆشە موجاهیدە شەڕکەرەکانی ئەفغانستان ئاشت بکاتەوە. بۆچوونی دووەم ئەوە بوو لەو کاتەی کە وەزیری ناوخۆی سعوودی نایف بن عەبدولعەزیز ئال سعود لە هەندەران بوو، برایەکی ئوسامەی چووە لای بریکاری وەزیرەکە و لێی خواست کە پاسپۆرتێکی بۆ یەک سەفەر بداتە ئوسامە بۆ ئەوەی سەردانەکی پاکستان بکا و بێتەوە. جا ئوسامە بە پەلە لە وڵات چووە دەرەوە بەر لەوەی کە میر نایف بە مەسەلەکە بزانێ.

ئوسامە بە خێرایی چووە پاکستان. دیسان لە پێشاوەر ماوە. بە ڕاستی هەوڵی دا لایەنە ئەفغانییە شەڕکەرەکان ئاشت بکاتەوە، بەڵام سەر نەکەوت. کوشتنی عەبدوڵا عەزام ئوسامەی ناچار کرد کە لەوێ زۆر چالاکییان نەکا. بەڵام ئەفغانستان وەک ڕووبارێکی لێ هاتبوو کە ڕێچکۆڵەکەی خۆی گۆڕی بوو. کێشەکەی چیی تر تامی ئیسلامی پێوە نەمابوو. وڵاتە یەکگرتووەکان، هاوکات لەگەڵ هەموو جیهان پشتی لە ئەفغانستان کردبوو. (جەنگاوەرەکانی ئازادی) گۆڕابوون بووبوونە شەڕکەری پیاوکوژ.

پاش چەند مانگێک ئوسامە بە جوولە کەوتەوە، ئەمجارەیان نەگەڕاوە بۆ عەرەبستانی سعوودی، بگرە ڕووی لە سوودان کرد. لە ڕاستیدا نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ سعوودیە. بەو تەمەنە گەورەییە چیی تر نەیتوانی ملکەچی کەسانێکی تر بێت. ئەرکێکی تری پەیدا کرد. دوژمنەکانی خۆی پێناسە کردن و ناسییانی. نەیویست چیی تر خانەوادەکەی بشێوێنێ. هێشتا ئەو پیاوانەی هەر مابوون کە لە سەردەمی جیهادی ئەفغانی مەشقی پێدا بوون. کاتی پاشەکشەکردنی بەسەرچوو.

لەمیانیساڵانی بزۆزی ئوسامەدا، ئال سعود بێن درێژییەکی زۆریان دەگەڵیدا نواند. لە ڕابردوودا، گوێ پێ نەدان و داوای یارمەتیکردن لە خەڵکی کاردانەوەی خراپیان هەبوو. تەنانەت لەگەڵ (شازادەی سوور)یش ئەنجامی ئەو گوێ نەدانە

باش نەبوو. ئەو شازادەیە لە ١٩٥٠کان و ١٩٦٠ەکاندا لە دژی بنەماڵەی شا، لایەنگیری سەرۆکی مسری عەبدولناسری کرد، پاشان پەشیمان بووەوە. بەڵام لە کۆتاییدا بەس هەر بەس دەگەیەنێ. لە ٥ی ئاداری ١٩٩٤، حکومەتی سعوودی هەنگاوێکی نائاسایی هاوێشت و بە پێی ئاگەدارییەکی فەرمی لەبەر (ڕەوشتی ناپەسند و نکووڵیکردنی لەو ڕێنوێنییانەی کە بۆی دەرچووە) ڕەگەزنامەی سعوودی لە ئوسامە سەندراوە. تاوانی لە دژی خاوەن شکۆ کرد بوو.

ئەکاونتی بانک و شلە سامانەکانی liquid assets هەموو بەستران و هەموو میراتەکەی کە بۆی مابووەوە دەستی بەسەر داگیرا[١١]. خانەوادەکەی پێوەندیی خۆیان لەگەڵی پساند. بەکر کە گەورەی بنەماڵەی بن لادن و بەڕێوەبەری گرووپی سعوودی بن لادن بوو، بەیانێکی لە دوو دێر بڵاو کردەوە و گوتی: (ئێمە لەو کارانە پەشیمانین کە ڕەنگە ئوسامە کردبێتی، بە توندیش ماندەل و ڕیسوا و نکوولیشیان لێ دەکەین.)

هیچ کام لەم دوو بەیانە لەگەڵ نەریتی گشتی سعوودیە نەدەگونجان. لە دەقەکانیشیانەوە ئەوە دەخوێندرایەوە کە ئەو پێوەندییە خێلەکییە نزیکەی لەگەڵ بنەماڵەی ئال سعود هەیانە و ئەو هەموو کارانەی کە لە نیو سەدەدا کردوویانە، ئامادە نینە بە قوربانی برایەکی لە ڕێ لادەری بکەن. ئەوەی ڕاستیش بێ ئەوەیە کە بنەماڵەی بن لادن هیچ ڕێگەیەکی تریان لە پێشدا نەبوو. ئیش و کارەکانیان پابەند بوون بە ڕاگرتنی دڵی ئال سعود. ئەو بنەماڵەیە گەورەترین دوژمنی ئوسامەی بوون. کەچی ئوسامە ئەو بنەماڵەیەی بەوە باس دەکرد کە نموونەیەکی بچووککراوەی گەندەڵی، گوێ نەدان، تەمبەڵی، بێ دینی بوون و هەموو کات پشتیان بە لەشکری ئەمەریکایی و یارمەتی کافرەکانی ترەوە بەستاوە. هەموو بنەماڵەی بن لادن هەستیان بە تاوانێکی گەورەی هاوبەش دەکرد، چونکە زۆرتر ژیانیان لەگەڵ ئوسامەدا لە کاتی لاوێتیدا، بەسەر نەبردبوو، بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێی نەدابا بەم شێوەیە شەرمەزاری بهێنێتە سەر خانەوادەکەیانەوە.

تا ئێستا هیچ هاوولاتییەکی سعوودی ڕەگەزنامەی لێ وەرنەگیراوەتەوە. یەکسەر دوای ئەوە ئوسامە لە ناو کۆمەڵی سعوودی بووە کەرەستەیەکی ناو ماڵ؛ وەک هەموو کەرەستەیەکی تری لێ هات. پلەی لە ناو کۆمەڵ بووە کۆیلەیەک، کە

دەشێ وەکو هەر شتێکی ناو ماڵ هەڵسوکەوتی دەگەڵدا بکرێ. یاخیبووە سعوودیەکانی تر لە لەندەن لە ١٩٩٠ەوەڕا هەر خەریکبوون فاکسی توند و پڕ لە جنێو و قسەی ساردیان بۆ هەموو تاکە کەسانی ئەو بنەماڵەیە ڕەوان دەکرد، بەڵام هەرگیز کەسێکیان وەک ئوسامەی لێ نەکرا. بەڵام هەموو وەهابی دانیشتووی ڕەسەنی نەجد بوون. ئال سعود تەقەیان بە سەر بنەماڵەی بن لادن و هەموو ئەو هاوولاتییە سعوودییانە کرد کە لە ڕەگەزدا تێکەڵن. ئەوەی کە شا عەبدولعەزیز بە پیاوەتی بەخشی بووی، منداڵەکانی وەریان گرتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو کارەیان بۆ هەمووان دووپات کردەوە کە ئال سعود هەموو کات ڕیزی تایبەتی بۆ خێلەکان دادەنێن؛ چونکە سەربازە زەندەق چووەکانی سەر بە هێزی ئاسمانی ئەمەریکایی کە دوای پەلامارەکەی (الخُبَّر) گواسترانەوە بۆ بنکەی ئاسمانی میر سوڵتان، بۆیان ڕوون بووەوە کە کۆمپانیاکەی بن لادن، هەرچەندە ولاتە یەکگرتووەکان ئوسامەی بە دوژمنی ژمارە یەک لە قەڵەم داوە، کۆنتراکتی دروستکردنی ئەو بنەکەی پێ لە ئەستۆ گرتووە.

## سوودان، حەشارگەی ئیسلامی

لە ١٩٨٩دا، ئەفسەرانی سوپای سوودان لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازیدا دەسەڵاتیان بەردەست کەوت. بزووتنەوە سەربازییەکە بە وردی لەلایەنی توێژوانێکی ئیسلامی سیاسی کە ناوی حەسەن تورابی بوو ڕێک خرابوو. بەمەش تورابی لە کورسی کارەبایی ناو زیندانەکەی ڕزگار بوو. شێوەی تایبەتی کارکردنی تورابی، تەنانەت لە کەرتی ئەفریقیاشدا کە زۆر گۆڕانکاری سیاسی کتوپڕی لێ ڕوو دەدا، بە وەرچەرخانێک ناسرا. تورابی پیلانەکەی وا داڕشتبوو کە زیندانی بکرێ، بۆ ئەوەی ئەگەر کودەتایەکەی کە لە دژی سادق مەهدی دەیکرد، سەرنەکەوت، تاوانەکەی بە مل دانێ، چونکە گیرابوو. تورابی ئەوەندە زیندانی کرابوو دەیزانی کە ئەستەمە گیراوێک بە پیلانگێڕان گومانبار بکرێ[1].

چیرۆکەکەی تورابی هیچ کەسێکی لەوانەی کە بە تۆمەتی لایەنگری حکومەتە دەرکراوەکەی پێشتر گیرا بوون، فریو نەدا. هەموو گاڵتەیان بە ڕیشی دەهات. وای دەزانی لە تاریکی کەس ئاگای لە جموجۆڵی ئەو نابێت، بۆیە هەرکە تاریک دادەهات، گەورە ئەفسەرانی بەرەی ئیسلامی نیشتمانی، کە پارتێکی توندڕۆ بوو و تورابی بۆ چەند ساڵێک ڕێکی خست بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵات وەربگرێ، لە کونجی زیندانەکەدا لەگەڵ تورابی کۆ دەبوونەوە. تەنیا دوای شەش مانگ، تورابی لە بەندیخانەی کوبەر، لە باکوری خەرتووم دەرهات. تا ئەو کاتەش بەرەی ئیسلامی نیشتمانی ڕیزەکانی خۆی ڕێک خستبووەوە و بازووی بەهیز کرد بوو. تورابی دڵنیا بوو کە سەرۆکی پرۆتۆکۆلی وڵات جەنەراڵ عومەر حسن ئەحمەد بەشیر و سوپایەکەی بە قسەی دەکەن.

ئەم هەموو وریاییە بەتەنیا هەر بە تورابی دەکرا. چونکە تورابی بە ڕادەیەک زیرەک و دڵڕەق بوو کە لە سەرەتای ١٩٦٠ەکاندا هەموو تەگەرەکانی پێش خۆی لادا و تەنیا خۆی و دارودەستەکەی گۆڕێ و هەموویانی کردە موسڵمانی توندڕۆ.

ئەمــەی لە کـاتێکدا کـرد کـە تەنیـا نیـوەی دانیـشـتـوانی وڵاتەکـەی ئەوی لێـیـە مـوسـڵـمـانـن. لەسـەر ئەوەش مکورِ بوو کـە وڵاتەکەی بکاتە دەوڵەتێکی ئیـسـلامی مۆدێرن، کە بەتەواوەتی دەبووە سیـستـەمێکی پێچەوانەی حـوکمی عـەرەبستـانی سعوودی کـە لەگـەڵ سـوودان بە تەنیـا دەریای سـووریان لە نێواندا هـەیە. تورابی عـەرەبسـتـانی سـعـوودی، بەهـۆی نەوتەکـەیـەوە، بە وڵاتێکی بێ بەهـای دەزانی. ڕەخنەگرانی تورابی لە ناوەوە و لە دەرەوەی سوودان، بەوە تورابی گومانبار دەکەن کـە ئەویش بۆ ئەوە خـۆی تەیار دابوو تا ئیـسـلامی توندڕۆ لـە دەرەوەی وڵاتەکـەی خـۆیدا بڵاو بکاتەوە. ئەوە ڕەنگە لەبەر ئەوە بـووبێ کە وڵاتەکـەی زۆر لە ڕووخـاندا نزیکە. چونکە، لەلایەنی جیـۆگرافییـەوە، سـوودان کەوتووەتە قـەراخی باشـووری وڵاتانی عارەبی. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، دوو جاری خلیسکا و کەوتە داوی شەڕی ناوەخـوە کە زۆر لاوازی کرد و موسڵمانەکانی باکوری خـستە سـەنگەر لە دژی نەتەوە ڕوحانی و کریستییانەکانی کە لە باشووری وڵاتەکەدا دەژین.

بەڵام تورابی لە ناو ژووری زیندانی خۆیەوەڕا بـێ ترس پیلانـی دەگێڕا و خـەونی گـەورەی دەبینی، تـا کـاتێکی گـونجـاوی بۆ هـات و سـەرکـردایەتی شـۆڕشـێکی ئیـسـلامـی توندڕۆی کـرد لەو کـاتەی کـە ئەو جـۆرە شـۆڕشــانە دە سـاڵ بـوو لە شـوێنەکـانـی تردا تێک شـکابوون. لە ئێـرانێ، ئایەتوڵا ڕوحـوڵا خـومـەینی تازە مـردبوو، شـۆڕشـە ئیـسـلامـییـەکـەی دوای بەزینی لە شـەڕی هەشت سـاڵەی دژی عـێـراق لاواز و بێ سـام بووبوو. تورابی وا تێ گـەیشت کـە هـەلێکی زێڕینـی بۆ هاتووە بۆ ئەوەی وەک نوێکەرەوەیەک بێتە مەیدانەوە. شۆڕشـەکەی تورابی دەبێتە یەکەم شۆڕشی سونە کە لە شۆڕشەکەی شیعەکانی ئێرانێ پڕشنگدارتر دەبێ.

لە بواری ناوەخـۆدا، شـۆڕشـەکـەی ویستـی دەزگا سـوودانییـەکان لە ڕیشـەوەڕا بگۆڕێ. ئەم کارەی تۆڵە سەندنەوەیەکی ئاشکرا بوو لە حزبی دیموکرات و لە حزبی ئومـە، چونکە مـیـر و پایەدارەکـانی کـە ئەو دوو حـزبەیان بەڕێوە دەبرد هـیـچـیـان پێـشـتـر مـتـمـانەیان بەو پیـاوە دەشـتـەکـییە دیارە، نەکرد بوو. لەوەتـەی سـوودان سـەربەخـۆیی لە ١٩٥٦ وەرگرتبـوو تەنیـا هەشت سـاڵ نەبێ، ئەوی تـر هـەر لە ژێر چەنگی دیکتـاتۆری عـەسکەریتـاریای وڵاتدا بووە. لەو هـەشت سـاڵەی کـە لە بن دەسـتـی سـوپادا نـەبوو هـەردووک حـزبی دیمـوکـرات و ئومـــە، زۆر بەخـــراپی

فەرمانداری سوودانیان کرد. هیچ بایەخێکیان بەوە نەدا کە تورابی بڕوانامەی دوکتۆرای خۆی لە بەریتانیا و لە فەرەنسا وەرگرتبوو. بۆیە ئەو کابرایە لە سەردەمی سەرۆکی پێشوودا، کە کابرایەکی عەسکەری بوو ڕۆڵێکی سەرەکی لە قەدەغەکردنی بادە و لە سێدارەدانی زانایەکی یاخیبوودا هەبوو کە بە هەڵگەڕاوە لە ئاین گوناهباری کرد و هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی ڕژێمەکە لە ڕووخان ڕزگار بکا، هەر بۆیە ئەو کۆمەڵە بادە خۆرانەی لە حوکمن ئامادە نەبوون لێی ببوورن.

ئەوانە ڕەچاوی ئەوەشیان نەکرد کە تورابی خوشکی سادق مەهدی هێنابوو کە خانمێکی دیار و جێی تایبەتی خۆی لە ناو کۆمەڵدا هەبوو. سادق کوڕە گەورەی بنەماڵەی مەهدی گەورە بوو، کە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمیندا، لەشکرەکەی لە فەرمانی دەرچوون و قایل نەبوون کە ژیانی میجەر جەنەراڵی بەریتانی چارڵز گۆردن بپارێزن. ئەوە بوو کە لەسەر پەیژەی تەلارە فەرمییەکەی لێواری ڕووباری نیل کوشتیان و بە ناوی ئیسلامەوە، بۆ چەندین ساڵ لە ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی یاخی بوون. تورابی سوودی لەوەش وەرگرت کە زاوای مەهدی گەورەیە و پاگەندەی ئەوەی بۆ خۆی دەکرد کە شەرەفی خەباتی دژی کۆلۆنیالیزمی وەرگرتووە.

ئەو ئامێری کە تورابی بۆ دروستکردنی سوودانێکی نوێ لەسەر پاشماوەی سوودانە کۆنەکە بە کاری برد بەرەی ئیسلامی نیشتمانی بوو کە ڕێکخراوێکی زۆر نهێنی بوو. تورابی بە خۆی دروست و پەروەردەی کردبوو. چونکە تەمەنی لە شێست نزیک دەبووەوە، تورابی پەلەی بوو بۆ ئەوەی ئامانجەکانی جێبەجێ بکات. کەچی بزووتنەوەکەی کە پێک هاتبوو لە نوخبەی سیاسی وڵات و بە ئاماژەیەکی پەنجەی ئەو دەجووڵانەوە، لە سنووری خۆیان تێ پەڕیان دا. تورابی لە سەرەتادا دڵنیا بوو کە پارەیان پێویست بوو. دەشیزانی پارە بوو کە ئوسامە بن لادنی پێ گەیاند و ناو و دەنگی چاکی بۆ پەیدا کرد. ئەمەش سەرنجی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورابی ڕاکێشا. بەرەی ئیسلامی نیشتمانی (بان) مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئوسامە یارمەتییان دەدا بۆ ئەوەی ئامانجەکەیان ڕاپەڕێنن. هەروەها ئەو چەند سەد موسڵمانە ڕادیکاڵانەش کە لە دوورەوەڕا هاتبوونە لای تورابی هەمان بۆچوونیان هەبوو. خۆ تورابی نە یەکەمین سەرکردەی ئیسلامی بوو کە داوای پارەی لە ئوسامە کردبێ نە دواکەسیش دەبێ. (ئەوانەی یارمەتییان لە ئوسامە

وەرگرتووە هەندێ یەمەنی و مەلا عومەری سەرکردەی تاڵیبانەکانی ئەفغانستان و دەیان جیهادی تر بوون کە بە سەرتاسەری دنیای ئیسلامدا بڵاو بووینەوە.) بەڵام تورابی وای زانی کە کاردێکی بەهاداری بە دەستەوە بوو کە کەس پێشتر نەیبووە، بۆیە پەیمان بەستان لەگەڵ ئوسامە لە بەرژەوەندی هەردوو لایان دابوو. بە هزری تاڵیبان سوودان شوێنێکی پڕ بە پێستی بوو بۆ ئەوەی سەد گوڵی لێ گەش بێتەوە و ئەو بیانییە توندڕۆیانەش لق و پۆپی ئەو ئیسلامییانەن کە بە شێوەیەک ئامادە کراون بۆ ئەوەی تورابی بکەنە سەرۆک.

تورابی ئاواتێکی دووری هەبوو. دەشیزانی لە کۆتای ١٩٨٩دا، کە سوپای سوور کشاوە، جیهاد لە ئەفغانستان بووە دۆزەخ؛ چونکە جەنگاوەرەکانی شەڕی پیرۆز لە نێو خۆیاندا، دەستیان بە کوشتاری یەکتری کرد. ئوسامە و دارودەستەکەی ویستیان لەوێ بڕۆن. سوودانیش بۆ ئوسامەی شوێنێکی نایاب بوو؛ چونکە لەگەڵ ئامانجی کۆتایی کە عەرەبستان سعوودیی، وڵاتی خۆی بوو، تەنیا دەریای سوور لە نێوانیان دابوو. تورابی، بەر لە کۆتایی ساڵ، سێ لە پیاوە سیخوڕەکانی (بان)ی نارده پێشاوەر تا ئوسامەی ببینن[٢]. ئینجا ئوسامە چەند نمایندەیکی خۆی ناردنە خەرتووم بۆ ئەوەی سەحی بکەنەوە و بزانن چۆنە بۆیان. ئەوەی پێوەندیشی بە پوولەوە هەبێت ئەوە بوو کە تورابی بە ڕاستی نەیدەزانی ئوسامە چەندی پارە هەیە. لە ڕاستیدا سەرمایەی ئوسامە زۆر لە ٣٠٠ $ ملیۆن دۆلار کەمتر بوو. بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان هەر دەهات پتری دەگوت[٣]. بەڵام تورابی هیچ پێشگرییەکی لەوە نەبوو. چونکە وڵاتێکی گیرفان بەتاڵی برسی وەکو سوودان، تەنانەت چەند ملیۆنێکی کەمیش، بۆی دەستکەوتێکی بەهادار بوو.

تورابی قومارچییەکی چاکیش بوو، هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی سوودان وا لێ بکات کە بە دڵی ئوسامەی بێت؛ بەڵام هێشتا ڕێگە خۆشکردنەکەی بە ئاسانی پێ نەکرا. هیچ لایەکیان لایەکەی تری بە چاکی نەدەناسی. بۆیە هەردوو لایان بە تووڕەیییەکەوە هەڵسوکەوتیان دەگەڵ یەکتریدا دەکرد. زۆر لە یاوەرەکانی تورابی بە گومانەوە چاویان لە ئوسامەی دەکرد؛ چونکە ئوسامە پێوەندیی بە عەرەبستانی سعوودیەوە هەبوو. ئەوەش لەلای ئەوانەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی مانای بۆنی بوونی پێوەندییەکی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی لێ دەهات،

چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان و عەرەبستانی سعوودی بە هاوبەشی یارمەتییان بۆ جیهادی دژە سۆڤیەت لە ئەفغانستان و لە قۆچی ئەفریقیا Horn of Africa دەنارد. لەلایەکی ترەوە یاوەرانی ئوسامە گومانیان لە تورابی دەکرد، چونکە ماوەیەکی زۆر لە فەرەنسا و لە بەریتانیای خوێندبوو بۆ ئەوەش بێگومان زۆر لە (دار الحرب) وڵاتی شەڕ- ماوەتەوە. موسڵمانەکان بە وڵاتی نا موسڵمانانیان دەگوت وڵاتی شەڕ[٤]. بابەتی کۆتاییش ئەوە بوو کە لە شەڕی کوێت ئوسامە یەکەم کەس بوو لە دژی سەدام وەستا، بەڵام خەرتووم لایەنگری عێراقی کرد.

لەگەڵ ئەو هەموو دڵەڕاوکێیەش، ئوسامە لە کۆتاییی ١٩٩٠دا بە خۆی و بە چوار ژنی لەگەڵ منداڵ و کۆمەڵێک جەنگاوەرە دێرینە ئەفغانییە عەرەبەکانییەوە، لە پێشاوەرەوە گەیشتنە سوودان. وەک ئیسرائیل چۆن پێشوازی لە هەموو جوولەکەیەک دەکا، سوودانیش بڕیاری دا ڤیزە بۆ هەموو عەرەبێک دەربکات. تورابی پاسپۆرتی ڕاستی بۆ ئەوانە دەرکرد کە پێیان دەویست، هەندێکیش بە پێی پێویست، پاسپۆرتی دیپلۆماسی بۆ دەرکردن. پاسپۆرتی سوودانی تەنانەت بە ناوی خوازراوەوە دەرچوو، فەرمانیش بە ئۆفیسی کۆچبەرانی فڕگەکان درا بۆ ئەوەی مۆر لە پاسپۆرتەکان نەدەن، لە کاتی چوونە دەرەوە و گەڕانەوەدا.

هەر زوو ڕێکخراوە نهێنییە ئیسلامیە جیهانییەکان لە خەرتووم داڕژان. لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا سوودان ناوبانگی بەوە دەرکرد کە شوێنی حەوانەوە و حەسانەوەی ئەو موسڵمانە توندڕۆیانە بوو کە لە شوێنەکانی تری دنیادا پاڵەپەستۆیان لەسەر بوو[٥]. لەوانە سەدان عەرەبی ئەفغانی کە پاکستان بە پەلە کردیانیە کەسی ناپەسند personae gratae یان لە وڵاتەکانی خۆیانەوە خرانە سەر لیستی خوازراوان wanted ئەوانە بە ڕاستی، بە تەنیا لە سوودان و یەمەن نەبێ، لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا خوازراو بوون[٦].

هەندێ لەو میوانە توندڕۆیانە لەوێ مانەوە و ئۆفیسیشیان بۆ خۆیان کردەوە. هەندێکیشیان سوودانیان تەنیا بۆ خۆ حەشاردان بەکار هێنا. تورابی لە سەرەتادا پێشوازی لە هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوورتریش کرد. لەوانەی لە سوودان جێیان بۆ کراوە، کۆنە جەنگاوەرەکانی ئەفغان و مرۆڤکوژە سێکولارەکانی ئەبونەزال بوون (ئەوانە ئامادە بوون هاووڵاتییە فەلەستینییەکانی خۆیان بکوژن

ئەوانەی ئیسرائیل بە دوایان دا دەگەڕا.) جگە لەوانە ئەندامانی جیهادی ئیسلامی و حەماسی فەلەستینی، هی میسریش ئەندامانی (الجماعة الاسلامية) و جیهادی ئیسلامی، لە ئێرانیش پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، هی جەزایریش توندڕۆیەکان، لە لیبیا و ئەریتێریا و ئێتیۆپیا و تونس و ئۆگەنداش لەوێ حەشار درابوون. تورابی ئومێدی وابوو کە بە یارمەتی دەرەکی لە ئوسامە و هەندێ توندڕۆیانی ترەوە سوودان بکاتە ناوەندێکی چالاک، کە بە نهێنییەوە بتوانێ ئومەی ئیسلامی دووبارە یەک بکاتەوە. بەمەش چەندین سەدەی دابڕانی سونە و شیعەی کۆتایی پێ بێنێ.

تورابی بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەی جێبەجێ ببێ، ڕێگەی بە پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی و پاشکۆی پاسدارانیش کە چەکدارانی حزبوڵای لوبنانییە بۆ ئەوەی بێنە سوودان. ئامانجی تورابی لەو هەنگاوە ئەوە بوو تەکانێک بداتە یاخیبوونەکەی کە لە دژی ئەمەریکا دەیکرد و بەمەش ئاواتی کۆتایی ئەوە بوو کە ڕژێمێکی سەرتاسەری بۆ سونە پێک بێنێ. بەم شێوەیە زەمینەیەکی بنەڕەتی سیاسی بۆ (بان) پەیدا بوو بۆ ئەوەی بەرەیەکی ئیسلامی باوەڕ پێکراو پەیدا بکات تا ڕووبەڕووی واشنتن ببێتەوە. تورابی دەیزانی کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا لەو تەنگژەیەی دەرنەچووبوو کە بەهۆی بە بارمتە گرتنی دیپلۆماتەکاتی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ لە تاران لە کۆتاییی بەڕێوەبەرایەتی کارتەر لە ١٩٧٩و ١٩٨٠دا، تووشی هاتبوو. بەڵام تورابی زانی کە هەموو دنیا گەیشتبووە ئەو ڕاستییە کە هەڵمەکە لە شۆڕشی ئێرانییەوە هەستابوو. هاتنی ئێرانییان بۆ سوودان، با بەشێوەیەکی ڕەمزیش بێ، شایانی ئەوە بوو کە دەنگ لە هەموو لایەکەوە بەرز بکاتەوە بەوەی کە ئێران هەناردەی شۆڕشی ئیسلامییە(٧).

تورابی لەوانە نەبوو جێی گومان لە کارەکانیدا بهێڵێتەوە. قسەی بەرەوڕوو دەکرد. زۆر جاران وەک دانایەک دەئاخاوت. ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ دیپلۆماتان دەکرد. دەیویست ئاگەداریان بکاتەوە کە ئەو خۆی لە هەموو کەسێک پتر لەبارەی هەموو شتێک دەزانێ. بەرپرسان و هاووڵاتییانی ئەمەریکی لە شوێن خۆیان دەمەیین بۆ ئەوەی گوێ لەو قسانەی بگرن کە بە وردی لەبارەی وڵاتەکەیان دەیکرد. لەسەر ئەوە مکوڕ بوو کە ئەو بە خۆی ئەمەریکا و ئەمەریکاییەکانی باشتر لە

خۆیان دەناسی. ئەو جەختی لە سەر ئەو زانیارییانە دەکردەوە کە لەمیانی چەند سەردانییەکی بۆ ئەمەریکا پەیدای کردبوو و بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی خۆیشی، بە نموونە باسی دەکردن. لە ڕاستیدا تورابی لە میانی سەردانەکانی بۆ ولاتە یەکگرتووەکان تەنیا لەگەڵ کۆچبەرە تازەکاندا قسەی دەکرد، خۆ ئەوانیش هێندە ترسی تورابییان لە دڵدا بوو کە نە دەوێران باسی ئاڵۆزی ژیانی ئەمەریکاییان بکەن چونکە ئەو خۆی نەیدەویست گوێی لەم جۆرە باسانە بێت.

ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەو کەسانە ئەوە بوو کە بایەخ و گرینگی بە خودی تورابی بدەن بۆ ئەوەی لە بەرچاوی خۆیان و لە بەرچاوی لایەنگرانی لە سوودان گەورەتری بکەن. من تورابی لە ١٩٧٠کانەوە دەناسم. لێشی تێ گەیشتوومە کە ئەم پیاوە باریکە، قسە ڕەوانە، ددان دەرپەڕیوە، لە مێژە گوێ لە قسەی کەس ڕاناگرێ. دیمانەیەکم لەگەڵ تورابی کرد کە لە بری ئەوەی ببێتە پرسیار و وەڵام، بۆ من بووە جۆرە ئیملاکردنێک؛ چونکە ئەو هەر قسەی کرد منیش هەر نووسیمەوە. تا ئێستاش هەر جارەکی سەردانی خەرتووم دەکەم ئەوم دێتەوە بیر و هزری ئەوەی کە چاوم پێی دەکەوێ لەگەڵ هی ئەو بەراورد پێ دەکەم.

لە ١٩٨٩دا، تورابی ئەو هێزە بوو کە لە پەناوە پاڵپشتی سەرۆک بەشیری دەکرد. کاتی ئەوەش هاتبوو کە خەڵکانێکی تر بە پێی ویستی خۆی لە دەوری کۆ ببنەوە. قسەکردن و شێوەی قسەکردنی بە توندی سەرنجی ئامادەبووانی بۆ خۆی ڕادەکێشا. لە هەمووشیان هەورازتر ئەو سیحرە بوو کە کەم کەس دەیتوانی خۆی لێ لادا. لە ١٩٩٠یش توانی پارە و نەفت لە ئێران و لە عێراق بە خۆڕایی وەربگرێ. تورابی هێندە متمانەی بە خۆی هەبوو گەیاندبوویە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانێ بە تەنیا کۆنترۆڵی سوودان بکات و شۆڕشێکی تایبەتی خۆی بەرپا بکا.

ڕەنگە مرۆڤ لە دوای دەیەیەک لە داگیرکردنی ئەفغانستان لەلای سۆڤیەتەوە لەوە بگات کە بۆچ تورابی شانازی بەوەی دەکرد کە شێوەی کارکردنی خۆی بە کارامەتر و شارەزاتر و ترسناکتر ڕادەپەڕاند لەوەی کە لە ئەفغانستان دەستی پێ کرد و دواتر بووە ئەو جیهادە توندڕۆیە ئیسلامییەی کە شێست ساڵ پێشتر دروست کرابوو. ڕادیکاڵە بیانییەکان بە یەک مەرج دەیانتوانی کارەکانی خۆیان بکەن. ئەویش ئەوە بوو کە پەیڕەوی تەواوی پلانە نهێنییەکانی (بان) بکەن،

رێنوێنی ئەوەشیان پێ درا بوو کە چالاکییەکانی خۆیان تا ئەوپەڕ کەم بکەنەوە. ناشبێ لەگەڵ هاووڵاتییانی سوودانی تێکەڵ ببن. چونکە سوودانی زۆر بە پرسیارن و دەیانەوێ نهێنییەکانی دەوڵەت بزانن چییە. ئەم چالاکی کەمکردنەوەیە بە مەبەستی خۆ پاراستنیان بوو. بۆیە زۆربەی سوودانییەکان نەیاندەزانی ئەم هەموو میوانە لە وڵاتەکەیاندا چ دەکەن.

زۆری پێ نەچوو دراوسێکانی سوودان زانییان چ لە گۆڕێ هەبوو، بۆیە ترسیان لێ نیشت. وڵاتانی قۆچی ئەفریقیا بەر لە هەموان لێیان لە هەرادا و لە پاش ئەوانیش جەزایر و لیبیا و مەغریب و تونس کێشەکەیان تەقاندەوە؛ چونکە لەو هاووڵاتییانەی خۆیان دەترسان کە لە ئەفغانستان شەڕیان کردبوو. جەنگاوەرە کۆنەکانی ئەفغانی ئەوانەی کە بە چڕی لە جیهاد بەشداریان کرد بە زۆری مسری بوون. ئەو مسرییانە بازنەی هەرە نزیکی ئەلقاعیدەی دەوری ئوسامەیان پێک دەهێنا. لە ١٩٩٣دا ئەو حکومەتانە و هی تریش پاڵەپەستۆیان خستە سەر پاکستان بۆ ئەوەی ئەو ئەفغانە عەرەبانەی کە تا هەینێ لە پێشاوەر مابوونەوە، لە وڵاتیان دەربکات[٨].

ئەم ترسەی کە لە (بان) پەیدا بوو لە ڕاستیدا چەند هۆیەکی مێژوویی و جیۆگرافی هەبوو. سوودان لە عەرەبستانی سعوودی و لە یەمەن و لە قۆچی ئەفریقیا و لە مسر و لە باکوری ئەفریقیا نزیک بوو. هەر موسڵمانێکی شیاو دەزانێ کە بڵاوبوونەوە سەرەکییەکەی ئیسلام لە باکوری ئەفریقیا، لە سەدەی حەفتەمیندا بوو، کاتێک کە سوپایەکان لەلای بیابانی گەورەوەڕا هێرشیان کرد. پاشتر دەزگا هەواڵگرەکانی وڵاتانی عەرەبی لە باکوری ئەفریقیا تێگەیشتن کە جۆرە بە قاچاغ پەڕاندنەوەی پارە و جەنگاوەران و پیلانی جیهادکردن دەستی پێ کردبوو.

تا ئێستاش ڕوون نییە ئایا تورابی ئەو شاڵاوەی ڕێک خستبوو بۆ ئەوەی لە دوای ئەفغانستان هەموو ئەو جەنگاوەرە شارەزایانە لە وڵاتەکەی شوێن بکاتەوە بۆ ئەوەی دەست بە پیلان گێڕان لە دژی وڵاتانیان بکەن و هەر لایەنێکیان ئەجیندەی خۆی بێنێتە پێشەوە و لەگەڵ سەرجەمی ئەجیندەکان یەکیان بخەن، بۆ ئەوەی لە هەندەران دەست بە توندی و تیژی بکەن. چونکە دە ساڵ بوو ئەو جیهادییانە لە

ژێر چاودێری ڕژێمی وڵاتانی خـۆیان و وڵاتە یەکگرتووەکان بـوون، بۆیە زوو بەزوو مــەترسی (بـان) ئاشـکرا بوو. لـە ١٩٩٣ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتـە یەکگرتـووەکــان سوودانی خستە ناو لیستی ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی تیرۆریزم دەکەن.

دەرکــــەوت کــــە تورابی لە بـواری پلاندانـانی زۆر ســــەرچیغ چووبوو. چونکە ئیشـەکەی ئەو مەترسی بۆ هەموو لایەک هـەبوو. ڕەنگە تورابی بیتوانیبا ئاواتەکانی جێبەجێ بکردبایە ئەگەر کلنتن و ئوسامـە نەبوونایـە. ئەم دوو کەسـە لە سـەرەتادا خــەونەکـەی تـورابیــیـان ئاڵۆز کـرد و پـاشــان چارەســەرێکی مـامنـاوەندییــان بۆ دۆزییەوە. تورابی بواری ئەوەی هەبوو کە سەیری کەلاوەی دەوڵەتە ئیسلامییـەکەی خۆی بکات. دوای دەیەیەک لە کودەتایەکەی تورابی ئەو ڕژێمە علمانییە گەندەڵە بێ بەزەییـەی عەرەبان کە تورابی هـەمـوو کات ڕیسوای دەکردن، ناچار بوون بە ڕووی ئیســلامی سـیاسی توندڕۆ بـوەستن لەو بەربەرەکانییـەشـیان ناچار بوون بە گوڕ خـوێن بڕێژن. پتـر لە ١٥٠,٠٠٠ کـەس لە جـەزایردا کوژران، لـە مـسـریش پتـر لە ١,٥٠٠ کـەس لەناو چوون. ئەفـغـانە عـەرەبەکـان کـە پێـشـان نـاوی خـەباتکارانی ئازادییان لێندرا، ئێستە لە هیچ شوێنێک جێیان نابێتەوە.

سەرچاوە ئاگەدارەکان دەڵێن کە هەڕەشـەکە لە سوودان بەر لەوەی پەرە بستێنێ دامرکایەوە؛ چونکە (بان) هەر لـە دەسەڵاتدا مـایەوە، بەڵام لە توندڕۆیی خۆی کەم کـردەوە. ئـەوەش هـەر لە پاش ئـەوە بوو کـە پیــلانەکـەی تورابیش گـران لـە ســەری کەوتەوە؛ چونکە خۆی پابەندی بە ڕێبـازی شـۆڕشگێڕی و ئوسامە و لایەنەکانی تر و وڵاتە یەکگرتووەکان بوو. چونکە هـەردەم بڕیاری هەڵە لە سوودان دەردەچوو بۆیە هێدی هێدی سوودان وەبەر سێرە کەوت.

وەک هێـمـایـەکی ئەخـلاقی و بنەمـایـەکی سـیـاسـی، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕووی لە سوودان کرد، چونکە هەموو کات فرتوفێڵی دەکرد و بە خراپی دەجووڵاوە. یەکسـەر لە دوای کودەتایەکەی (بان) وڵاتە یەکگرتووەکان بە قسـەی کۆنگرێس، هـەموو جۆرە یارمەتییـەکی لە سوودان بڕی. بەڵام پاش ئەوەی لەو دەودەوانێیەی کە لە سـەرەتادا ڕووی دا، تێ گەیشت کە گرەوەکە ناباتەوە، تورابی بە شارەزایی وای نیشان دا کە خـەریکە ڕێبـازەکـەی دەگـۆڕێ و بە قسـەی واشنتن دەکا. هـەرچـەندە پتـر هـەوڵی دا، هێندە واشنتن پتـر گومانی لێی کـرد، تا لە کۆتاییدا خستییە خـەڵوەتەوە و تووشی

ئاژاوەی کـرد و یارمـەتـی دراوسـێـیـە دوژمنـەکـانی دا، بـەڵام ڕژێمـەکـەی هـەر نەڕووخاند.

ئەم سووکایەتییەی زلهێز کردی هەر با بوو. چونکە بەڕێوەبەرایەتی کلنتن پتر لە جـارێک خـۆی کـردە گـاڵـتـەجـاڕ، جـا ئەوە بەهۆی بەخت خـراپی بوو یان لە سـیـاسـەتەکـەی سـەرچیغ چوو بوو. بۆ نموونە، بەرپرسـە ئەمـەریکاییـیـەکـان خەرتوومیان ناچار کرد بۆ ئەوەی لە ١٩٩٦دا ئوسامە لەوێ دەربکا، بەڵام لە پاش ڕۆیینی ئوسامە لەوێ ئەمەریکاییەکان وە پیری ئەو هەوڵانەوە نەچوون کە (بان) کردی بۆ ئەوەی پێوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا چێ بکات، بەمەش وڵاتە یەکگرتووەکان دەیتوانی پتر زانیاری لەبارەی موسڵمانە ڕادیکاڵەکان لەوان وەربگرێ. چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕاستی نەیدەزانی کە ئوسامە لە سوودان چی دەکرد. بەڵام لە ١٩٩٤دا، فەڕەنسا بە هۆی ڕێککەوتنەکەی کارلۆس زانیاری وە دەست کەوت. ساڵی پێشتر CIAسەنتەرێکی بۆ شوێن هەڵگرتنی ئوسامەی لە واشنتن کردەوە. ئەرکی سەرەکی ئەو سەنتەرە ئەوە بوو کە سەرچاوەی دارایی جیهادییە توندڕۆیەکان بدۆزێتەوە. بەڵام هەر وەک هەموو دەزگایەکی تری حکوومەتی وابوو، بۆیە بە شێوەیەکی نارێک ڕای گەیاند کە سەرچاوەی دارایی ئوسامە لە هەموو شوێنێکدا هەیە و لە هیچ شوێنێکیشدا نییە.

واشنتن بە بەردەوامی پاڵپەستۆی خستە سەر سوودان، چونکە هاریکاری لەگەڵ ئەو ئیسلامییانەدا دەکرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە تیرۆریستی دەزانین. زۆربەی ئەو تیرۆریستانە یاوەرە مسرییەکانی ئوسامەی بوون. ئەوان پارەی ئوسامەیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی بە قاچاغ چەک لە سوودانەوە ببنە مسر و چەند کارێکی تیرۆریستییان لە دژی وەزارەتە مصرییەکان لە قاهیرە ئەنجام دا. هەندێ لە پەلامارەکان خوێناوی بوون، بەڵام هەر هەموویان خۆ بەزێن بوون. لە ڕاستیدا میسر ڕۆڵێکی سەرەکی لە وەدەرنانی ئوسامەی لە سوودان گێڕا. سەرکەوتنی پاڵپەستۆی بە ڕێوەبەرایەتی کلنتن بە زۆری لە ئەنجامی ئەو هەوڵە سەرنەکەوتووەدا بە دەست هات کە بۆ کوشتنی سەرۆک حوسنی موبارەک کرا. هەوڵەکەی کوشتنی موبارەک لە کاتێکدا بوو کە دەچووە ئەدیس ئەبابا بۆ هاوپشککردنی لە کۆبوونەوەی سەرانی ڕێکخراوی یەکەتی ئەفریقیا کە لە ١٩٩٥

لە ئەسیۆپیادا گرێ درا. ئەو پیلانە هێندە گەورە بوو تەنانەت تیرۆریستەکانی ناو مسریشی خستە بەر شالاوەوە و ڕێگەی ئەوەی نەهێشت کە بە هیچ جۆرێک نەرمییان لەگەڵدا بنوێن؛ چونکە مسر گەورەترین هاوپەیمانی واشنتنە و پیلانەکەش لەو کاتەدا بەڕێوە چوو کە سەرۆکی مسر بە سەردانێکیی فەرمی لە هەندەران بوو. واشنتن و قاهیرە و چەند پایتەختێکی تریش دڵنیا بوون کە بەکرێ گیراوانی سەر بە بەرەی ئیسلامی نیشتمانی (بان) دەستیان لە بە قاچاغ گەیاندنی ئەم تیرۆریستە بەدبەختە میسریانە بۆ ئەدیس ئەبابا هەبوو، دواتریش هەر ئەو ڕێکخراوە خۆی ئەو سێ کەسە ناسراوەی کە ڕزگاریان بوو لەوێی دەرهێنان و بۆ دەرەوەی ڕەوان کردن.

سەرۆک بەشیر وا خۆی نیشان دا کە بە کارە تیرۆریستییەکە تۆقی. تورابیش بەهەمان شێوە خۆی هەڵخست. بەڵام بە قسەی دیپلۆماتەکان مرۆڤ متمانەی پێیان نەدەهات. کارە تیرۆریستییەکە خەرتومی ناچار کرد کە چاو بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ جیهادییە توندڕۆیەکاندا بخشێنێتەوە و بەلایەنی کەمەوە بە فەرمی بۆچوونی خۆی بەرانبەریان دەرببڕێ. جەنگاوەری دێرینی (بان) نافع عەلی نافع کە سەرۆکی بەشی هەواڵگری دەرەوە External Intelligence Department بوو لە کار لادرا. ئەو بەشە گەورەترین دەزگای جاسوسی سوودانی بوو. نافع عەلی نافع بۆیە بە هۆی ئەو گلەییيانەی کە لە بەردەستەکانی ئەو کرا لە کار لادرا، چونکە ئەوان کارە تیرۆریستییەکەی دژ بە موبارەکیان ڕێک خستبوو. بەڵام وەک هەموو کۆنە کارمەندانی (بان) هەتا نافع عەلیش زوو پۆستی گرینگی تریان پێ سپێردرا. بەمەش واشنتن لە گومانەکانی مسۆگەرتر بوو.

بەڵام خەرتووم زوو دەستی پێ کرد ئوسامە بۆ ئەوە بەکار بێنێ تا پێوەندیی خۆی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێک بخاتەوە. لە یەکەم جار کە سوودانییەکان وتووێژیان لەبارەی تیرۆریزم لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرد ئەم نیازەیان ڕوون بووەوە. وەزیری دەرەوەی سوودانی عەلی عوسمان محەمەد تاها، لە میانی خوانێکی خاترخاستنی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان تیمۆتی م. کارنی، لە ڕۆژی ٦ی شوباتی ١٩٩٦دا، ئەم پێشنیازەی خستە پێش بۆ ئەوەی قسەی لە بارەیەوە بکرێ. باڵیۆزەکە ڕۆژی دواتر سوودانی بەجێ دەهێشت، بۆیە نەیتوانی بە چاکی

پێشنیازەکە هەڵبسەنگێنێ. ولاتە یەکگرتووەکان بڕیاری دابوو هەموو کارمەندانی خۆی لە سوودان بباتە دەرەوە بۆ ئەوەی لە مەترسی دوور بینەوە. کارنی بە شێوەیەکی درێژدادڕ هەرچی ولاتە یەکگرتووەکان لە سوودانی دەویست هەمووی پێ گوت. تاها بە وردی گوێی لە هەموو قسەکان گرت و هیچ لارییەکی لە سەریان نەبوو. خوانەکە وای کرد مەزەندە ببا کە دەشێ کارێک بکرێ پێوەندیی هەردوو لا لەگەڵ یەکتریدا باشتر بکرێ. سوودانییەکان بە پەلە کەوتنە کارکردن. لە ئاداری میجەر جەنەراڵ (الفاتح اروا)، وەزیری کاروباری بەرگری سوودانی و گەورە کادری هەواڵگری و گەورە بەرپرسی (بان) کە بە پەنجە تەقاندنەوە بە ناوبانگ بوو، گەیشتە واشنتن و لەوێ لەگەڵ بەرپرسانی CIA دا کەوتە دانوستانکردن[٩]. وتووێژەکان لە سێ مانگ پتر درێژەیان هەبوو[١٠].

بە شێوەیەکی تەکتیکی خەرتووم بە سێ قەد لە پێش واشنتن دابوو. ئوسامەی خاین هانی دان بۆ ئەوەی مشتومڕێکی بە پەلە و توند لە ناو (بان)دا بکرێ، بەڵام لەو تاووتووکردنانەدا تورابی سەرکەوت. دەرکردنی ئوسامەی کردە کارێکی یاسایی، چونکە دەرچوونی ئوسامە لە سوودان، ولاتەکە لە زۆر نەهامەتی دوور دەخاتەوە و لەو نامۆییەی ئەو کات تێیدا بوو دەردەچوو. سوودان لە ئابی ١٩٩٣ ڕا لەلایەنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، هاوکات لەگەڵ ئێران و عێراق و لیبیا و سوریا و کیوبا و کۆریای باشوورەوە، خرابووە ناو لیستی ئەو دەوڵەتانەی کە پشتیوانی تیرۆریزم دەکەن. یەکێک لە دیپلۆماتە گەورەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جارێکیان پێی گوتم: (زۆر بە زەحمەت ناو دەکەوتە ناو ئەو لیستەوە، بەلام ئەگەر چوو لادانی دەبێتە ئەستەم.) سەرەتای خستنە ناو لیستەکەی بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵگری ساختە بوو باسی ئەوەی دەکرد کە پیلانێک کراوە بۆ ئەوەی ئاهەنگێکی مندالانی کارمەندانی باڵیۆزخانەی ولاتە یەکگرتووەکان بۆردومان بکەن یان بەشێکی قوتابخانەی باڵیۆزخانەکە بتەقێننەوە. ناچار سەرجەم کارمەندە ناسەرەکییەکانی باڵیۆزخانەکە و خێزانەکانیان کشاندرانەوە. سزای نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بە هۆی هەوڵە تیرۆریستییە سەرنەکەوتووەکەی سەرۆک حوسنی موبارەک، پێشبینی دەکرا. بۆیە خەرتووم باشترین هەلی بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی ئەجێندەی خۆی پاک بکاتەوە. ڕژێمی سوودان زانی بۆ ئەوەی لەناو

نەچێ دەبێ ئوسامە و یاوەرە جیهادییەکانی لە وڵات دەربکا. کارنی بە شەوقەوە بوو بۆ ئەوەی پشتیوانی بزووتنەوە ناوەخۆییەکان بکا تا تورابی لە سەر حوکم لادەن؛ چونکە دەیزانی تورابی خەریک بوو کۆنترۆڵی خۆی لەسەر (بان) لە دەست دەدا[١١].

کە سوودانییەکان زانییان ئوسامە خەریک بوو پەلهاوێژی دەکرد، بە زانایییەوە سنووریان بۆ چالاکییەکانی دانا. ئەمەریکاییەکان ناچار بوون بە ڕشتییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەرتووم بکەن. تورابی بە دیاری خست کە ئامادە بوو میوانێکی ڕەزا قورسی تریش پێشوازی بکا. لە ١٩٩٤دا، یارمەتی فەرەنسای دا بۆ ئەوەی کارلۆسی چەقەل Carlos the Jackal بڕفێنێ. کارلۆسی چەقەل لە ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا گەورەترین تیرۆریست بوو، لە بەدبەختی خۆی لە دوای شەڕی سارد ڕێی کەوتە خەرتووم و لەوێشڕا بەرەو فەرەنسا ڕفێندرا. لە زستانی ١٩٩٦دا داوا لە سوودان کرا کە ئوسامە یان ڕەوانی زیندانی وڵاتە یەکگرتووەکان یان عەرەبستانی سعوودی بکا، بەڵام سوودانییەکان وایان بە ڕاست زانی کە تەسلیمی هیچ لایەکی نەکەن[١٢].

بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی وای بەدەستەوە نەبوو بۆ ئەوەی ئوسامەی لەوبەر دەریاوەڕا بۆ دەستگیر بکرێ و بیهێنێتەوە بۆ ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دادگایی بکرێ. واشنتن نەیتوانی لە پێش دادگایەکی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە بسەلمێنێ کە ئوسامە زیانی بە ئەمەریکاییەکان و بەرژەوەندی ئەمەریکایی گەیاندووە[١٣]. کێشەی وڵاتە یەکگرتووەکان تا ئەو دەم هەر بە بەڵگەی گوێ لێبوون و ڕاپۆرتی هەواڵگرییەوە هەڵپەسێندرابوو. بەڵگەکان یان لە سەتەلایتەکانی جاسووسی یان لە گوێ ڕایەڵکردنی ئەلیکترۆنییەوە وەرگیرابوون. هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینەیان بەدەستەوە نەبوو. چونکە واشنتن لەم کێشەیەدا گومانی لە هاوپەیمانانی هەبوو بۆیە، لە ترسی ئەوەی نەکا کێشەکە چارەسەری مامناوەندی بۆ بکرێ، زانیاری سیخوڕی پێویست بۆ ئەوەی کێشەکە بباتەوە، لەگەڵیاندا ئاڵوگۆڕ نەکرد[١٤].

لە سەرەتای هەڵمەتەکەی سەر تیرۆریستان و ئوسامە، وڵاتە یەکگرتووەکان هەر ڕێزی لە پێوەندییە یاساییە باشەکان دەگرت. تەنیا بابەتی عەلی ا. مەحموود لەو

سنووره یاساییه دەرچوو بوو؛ عەلی سیخوڕێکی دوودەوە double agentی بە ڕەسەن مسری بوو، ڕەگەزنامەی ئەمەریکایی هەبوو، پێشان سەربازێکی هێزی تایبەت بوو، دواتر بۆ FBIی و بۆ ئەلقاعیدە لە یەک دەمدا کاری کرد[١٥]. بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان زانیاری زووی لەبارەی ئەلقاعیدە لە سوودان لە ڕێگەی سخوڕە مەغریبییەکانەوە بۆ هات[١٦]. هەرچەندە ژمارەی ئەو مەغریبییانەی لەگەڵ ئەلقاعیدە تێگلاون ژمارەیان کەمە، بەڵام مەغریبییەکان هۆی تایبەتی خۆیانیان هەبوو بۆ ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان شاد بکەن و چاودێری توندڕۆیەکان بکەن.

بەم چەشنە دانوستانەکەی کە لە ١٩٩٦دا بە مەبەستی تەسلیمکردنی ئوسامە دەکرا هەرەسی هێنا. بەڕێوەبەرایەتی کلنتن قایل بوو ئوسامە لە سوودان دەرچێ. چونکە تەنیا دەیویست سەرچاوەی دارایی ئوسامە چک بکا و نەهێلێ چیی تر لە سوودان ڤیستە بکات (بە بەرهەم بێنێ)، لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکە لەو باوەڕە دابوو کە زۆربەی سامانەکەی ئوسامە لەوێ گەشەی دەکرد. بەڕێوەبەرایەتی ئەوەشی دەزانی کە چەند وڵاتێکی کەم هەنە ئوسامە وەربگرن. لە سۆماڵیش بترازێ، بایەخی زۆر بەوە نەدا ئایا بۆ کوێ دەچێ. ئەم مەرجەش ڕەوا بوو چونکە لە کاتێک کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەرکە مرۆییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆمال بەشداری کرد و گرانییەکەشی لەوێ نەهێشت، بەڵام کارەکەی هەر بە چاکی بەڕێوە نەچوو.

واشنتن هێشتا برینەکەی مەگادیشۆی سالی ١٩٩٣ی لە بیر نەچووبووەوە. جەنگاوەرە توندەکانی سەر بە محەمەد فاری عیدید هێلیکۆپتەری ڕانگەر Ranger یان پێکا و فڕۆکەوانەکانیان کوشتن پاشان تەرمەکانیان لە شەقامەکان بە دوای خۆیاندا ڕاکێشان. ئەمە بوو وای لە واشنتن کرد تا سوپایەکەی خۆی لە سۆماڵێ وەدەرنێ. هەرچەندە ئوسامە خۆی بەوە هەڵکێشا کە جەنگاوەرەکانی ئەلقاعیدە ئەو کارەیان ئەنجام دا، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەک ئەوەی بۆ ئەمەریکاییەکان نەسەلماند. بەردانە خوارەوەی هێلیکۆپتەرەکان بە پێکانی پەروانەکانی جۆرە تەکنیکێکە لە سەردەمی شەڕی ڤێتنامەوە پیادە دەکرێ[١٧].

ڕاستە عیدید دژی ئیسلامییەکان بوو، پیاوەکانی ئەو بوون کە گەورە تیرۆریستی ئەلقاعیدە محەمەد عاتفیان ناچار کرد لە مەگادیشۆ ڕا بکا و ڕوحی

خۆی قـور تار بکا. هەرچەندە ئوسـامـە مـحـەمـەد عاتفی ناردبووە مەگادیشـۆ بۆ ئەوەی ئەویّ بەسەر بکاتەوە، بەڵام ناچار خۆی کردە ناو فڕۆکەیەکی کینی کا قاتی بار کرد بوو و ڕای کرد. قات لەو ناوە زۆر بازاڕی هەیە[١٨]. هەرچەندە کە گەورە یاریدەدەرەکەی بە ناچاری لە مەگادیشۆ هەلات بەلام ئەمە ڕێی لە ئوسامەی نەگرت کە هەر دوو کشانەوە سەربازییەکەی ولاتە یەکگرتووەکان لە پایتەختی سۆمال و لە بەیروت لە ١٩٨٤دا، بەکار بێنیّ و بە پڵنگی کاغەز ناوزەدی بکا. لە ڕاستیدا (بان) و ئوسامە هەردووکیان مەترسییان لەوە هەبوو کە ولاتە یەکگرتووەکان یارمەتییە مرۆییەکان بکاتە بیانوو بۆ ئەوەی ڕژێمی خەرتووم بڕووخێنیّ. بۆیە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە تەگەرە لەبەر کاری فریاگوزاری نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بکەن. تا ئێستاش هەر کەسێکی کە لە سۆمال شارەزا بێت، دەزانیّ کە پێویست نەبوو لە شەقامەکاندا شەڕ بکریّ. سمیت هێپستۆنن، باڵیۆزی ئەمەریکا لە کێنیا، کە ئەزمـوونی ڕۆژنامـەگەریشی هەیە بەر لە تێـوەگـلانی سـەربازی ئەمـەریکایی لە پرۆسەی فریاگوزاری مرۆییی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆمال نووسی: (ئەگەر بەیروتتان پیّ خۆش بوو، مەگادیشۆشتان پیّ خۆش دەبیّ.)

سعوودیەکان هێرشە توندەکانی ئوسامەیان بۆ سەر بنەماڵەی پاشاکەیان پیّ ناخۆش بوو. بەڵام سوودانییەکان ئەوەی عەرەبستانی سعوودی ویستی ئەویان بۆ نەکرد و نەیانویست، وەک سعوودیە دەیویست، ئوسامە بکوژن[١٩]. چونکە ئەگەر بە مـردووێتی ڕەوانەی ولات بکرێتـەوە ئەوە وا دەگەیەنیّ کە بەدەستی سعوودیە نەکوژراوە و ئەوەش دەبێتە بابەتێکی تر. سعوودیە لە مکوڕبوونی سوودان لەسەر سزانەدانی ئوسامە لەسەر دەمدرێژی ئەگەر بچێتەوە ولاتەکەی، زۆر دڵگران بوو. عەرەبستانی سعوودی زانی ئوسامە داوای لێبووردن ناکات. بۆیە ئال سعود پەنایان بردە بەر تاکتیکی لێبووردنەوە. بەمەش کۆمەڵێک لە بنەماڵەی بن لادن لە دەریای سوور پەڕینەوە و بەرەو سعوودیە بوونەوە. داواشیان کرد کە دارایی ئوسامەی لەویّ نەبەستریّ و ڕەگەزنامەی سعوودیشی پیّ بدرێتەوە، ئەگەر نکووڵی لە بیّ ئەدەبییەکانی بەرانبەر بنەماڵەی ئال سعود بکات. ئەوانی دەرکردن، هەندیّ جاریش نیگەرانی خۆی بە هۆی ئەو گرفتانەی کە بۆ بنەماڵکەی خۆی کردبوو نیشان دەدا. سوودانییەکان دەیانزانی کە ئال سعود بە ڕاستی ڕێزی (بان)یان

نەدەگرت، بۆیە ویستیان کە ڕێککەوتنەکە لە ڕێگەی ئەمەریکاییەکانەوە بێت[٢٠].

ئوسامە لە دەرکردنەکەی لە سوودان زۆر تووڕە بوو، بەڵام کە پێشوەختە ئاگەدار کراوە هێشتا تووڕەتر بوو. تورابی وەک دز لە قەڵەم دا، چونکە ناچاری کرد هەموو ڤێستەکانی خۆی جێ بێلێ و هەر بەو شەوە بڕوا[٢١]. تورابی دەمودەست دەستی بە سەر هەموو سامان و دارایی ئوسامەی داگرت و بە گێلەپیاویش ناوی برد. تورابی پێی گوتم: (ئوسامە تەنیا دەتوانی بڵێ جیهاد، جیهاد، جیهاد!) وەک ئەوە بوو بڵێ کە ئوسامە کابرایەکی نا تێ گەیشتووی هیچ نەزان بوو نەیدەتوانی سووکترین بابەتی ئیسلامی شی بکاتەوە[٢٢]. لە بن قسەکانی تورابی ئەوە دەخوێندراوە کە خۆی بە کابرایەکی چاکسازکاری نوێکەرەوەی ئاینی ئیسلام دەزانێ. لەگەڵ بۆچوونی تەسکی سەلەفی ئوسامەش نەبوو. بۆ نموونە ئوسامە زۆر بە گومان و بە ترسەوە سەیری ئەوەی دەکرد کە ئافرەت ڕۆڵی لە (بان)دا هەبوو. پاش دەرکردنیشی تورابی زۆر بە بێ بەها سەیری خودی ئوسامەی دەکرد.

ناسیارێکی سوودانیم هەندی نهێنی بۆ درکاندم گوتی تورابی: (کە پارەی دەویست، ئامادە بوو بە هەموو بیزارییەوە گوێ لە ئوسامە بگرێ.) بەڵام کە ڕۆیشت، ئێستا دەڵێ ئوسامە هیچ لە دین نازانێ. چونکە وای لێ کرد کە ڕۆڵی گرینگی خۆی لە ناو (بان)دا بە هۆی ئوسامەوە لە دەست بدا. بەمەش ناتوانێ ڕێبازە توندڕۆیەکەی خۆی نە لە ناو سوودان نە لە دەرەوە پیادە بکات. بۆ چەند مانگ لە پاش دەرکردنی ئوسامە هەموو هەوڵێکی خۆی دا بۆ ئەوەی سوودان ڕێگەی بدا دووبارە بگەڕێتەوە ئەوێ. ئەمەریکاییەکان زۆر شادمان بوون بەوەی کە سوودان ئەکاونتی بانکی بلۆک کرد و نەیهێشت پارەی لێ دەربکا. چونکە ئەمەریکاییەکان لە هەموو شتێک پتر لەو پارەیە دەترسان کە بەدەستییەوە بوو[٢٣]. ئەوکات ئوسامە گوتی ١٠٠$ ملیۆن دۆلاری لە دەست داوە.

ڕەنگە پارەکەی زۆر بۆ خۆی خەملاندبێ. بەڵام بێگومان ئەو چەندەها ملیۆن دۆلارەی لەو ڕێگەیەی نێوان خەرتووم و شێندی خەرج کردبوو کە سوودان هەرگیز هیچی نەداوە. گەورەترین سەرمایەکەشی بریتی بوو لەو هەموو ئامێرە زەبەلاحانەی کە کۆمپانیاکەی هەیبوو، پێشتریش لە ئەفغانستان بۆ ڕێگە

خۆشکردن و سەنگەر دروستکردن و تەنەڵ لێدان لە کاتی جیهادی دژی سۆڤیەت لە شاخەکان، بردبوویانیە ئەوێ، کە شەڕیش لەوێ نەما هەمووی بۆ سوودان هێنا. واتا هەمووی سکراپ بوو. (زۆربەی سامانی ئوسامە بریتی بوو لە پارەی قەرد، (بان) چەکێکی بۆ مۆر کردبوو، بەڵام نەیبوو بیدا.) کە ئوسامە بە خۆ و بە دارودەستەکەی ڕۆژی ١٨ ئایار، سواری فڕۆکەیەکی B ٧٢٧ هێلی ئاسمانی ئاریانای ئەفغانی بوو بۆ دوا جار گەڕاوە ئەفغانستان، بەڕێوەبەراتی کلنتن و سیاسەتسازانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆیان بووە شادی و ئاهەنگیان ساز کرد. وایان زانی کە گرفتێکی هەنووکەیی بە باشترین شێوە چارەسەر دەکەن.

ئوسامە بەرەو شاری جەلال ئابادی ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان چووەوە. واشنتن لەو باوەڕە دابوو کە هاوپەیمانەکانی لە مسر و لە عەرەبستانی سعوودی و لە قۆچی ئەفریقیادا لە مەترسی دوور بوونەوە و (بان)ی سوودانیشی لاواز کرد و کارەکانی ئوسامەی ڕاگرت و ئۆردووگەکانی مەشقکردنیشی لێ هەڵوەشاندەوە. ستیڤن سایمون، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەنجامەکەی بەم شێوەیە نووسی: (ماوەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی دووبارە خۆی بگرێتەوە، ئەمەش توورەی دەکا و کاتی پێویستیشی بۆ دەرەخسێنێ.)[٢٤] ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زۆر لەوەی دوور بوو کە ئوسامە پلانی بۆی ڕێک دەخست. هەر زوو بە دیار کەوت کە ئەو بۆ ئەنجامدانی بیروبۆچوونەکانی چەند بە سۆزەوە کاری دەکرد.

هەر یەکسەر دوای گەیشتنەوەی ئوسامە بۆ ئەفغانستان، دەرکەوت کە وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر بەختەوەر بوو، چونکە ئەو کابرایە لە سوودان نەما. یەکێک لە یاخیبووەکانی سەر بە ئەلقاعیدە چووە ناو یەکێک لە باڵیۆزخانە نزیکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، دوای ئەوەی بە چڕی لێکۆڵینەوەی دەگەڵدا کرا، وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر زانیاری تازەی لەبارەی ئوسامە و کارەکەی لە سوودان بە دەست کەوت. زانیارییەکان هێندە بەهادار بوون کە گومانی سەبارەت بە ڕاستی بە زۆری دەرکردنی ئوسامەی لە خەرتووم هێنا ئاراوە. لە نەکاوڕا زەفتکردنی سامان و دارایی ئوسامەی ڕەخنە و توورەییەکی تێکدەرانەی جەماوەری زۆری پەیدا کرد کە نەدەکرا ئیتر ڕابگیرێ. ئەو توورەییەش بوو دواتر جیهانی بە شێوەیەک گۆڕی کە بە هەموو کەس نەدەکرا. ڕەنگە تەنانەت جیهادییەکان

خۆیانیش لە کاتی خۆی بە ئاسانی ئەوەیان بە خەیاڵدا نەهاتبێت. ڕێی گەڕانەوەی لە ئوسامەی گیرا. بە شەڕەقسە لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی و وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی پێ کرد، پاشان پلانی بۆ جێبەجێکردنی کارە توندوتیژە تیرۆریستییەکانی دانا.

تورابی لە ساڵانی دواتر هەموو کات دووپاتی دەکردەوە کە ئەو بە ئەمەریکاییەکانی گوتووە باشتر وابوو وازیان لێی هێنابا لە سوودان بمابایەوە چونکە بە بەردەوامی لە بن چاودێری دەبوو، بەڵام لە دوای هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی بۆ تیرۆرکردنی سەرۆک موبارەک لە ۱۹۹٥دا درا، هەموو کات بەرپرسانی ئەمەریکا مکوڕ بووینە لەسەر ئەوەی ئوسامە لە خەرتووم نەمێنێ. ئەم بۆچوونە تایبەتەی تورابی هەر بۆ خزمەتی خۆی بوو. ئەوەشی لە بیر چوو کە پێشتر CIA پێوەندییەکی باشی دەگەڵ ئوسامەدا هەبوو. بەڵام تورابی لەو لایەنەوە ڕاست بوو کە ئوسامە ڕەنگە ئەگەر لە ئەفغانستان بێت کاری نائاسایی زۆر پڕ مەترسیتر بکات. کە بەڕێوەبەرایەتی کلنتن ئوسامەی لە خەرتووم دەرکرد ئیتر هیچ بوارێکی نەما جارێکی تر ڕێشمەی لە سەری بکا.

لە دوای ۹/۱۱، هەردوو بەڕێوەبەرایەتی کلنتن و بوش ویستیان قسەکانی خۆیان پشتڕاست بکەنەوە کە ئوسامە سەرۆکی ئەلقاعیدە بوو؛ چونکە لە دوای ۱۹۹٦ەوە، هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ زانیارییەکی ڕاستەقینەی لەبارەی ئوسامە نەبوو (پێشتریش زانیاری زۆر کەمیان لەبارەیەوە هەبوو.) لە شەڕ بترازێ وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ ڕێگەیەکی تری بە دەستەوە نەبوو بۆ ئەوەی ئوسامە بوەستێنێ. لە ناو تاڵیبان شوێنەکەی سەلامەت بوو. ئەمەریکاییەکانیش هاواریان بردە بەر پاکستان کە هاوپەیمانی ئەفغانییەکان بوو بۆ ئەوەی ئوسامە بەدەستەوە بدەن. ئەم داواکارییە بە دڵی پاکستانییەکان نەبوو، چونکە پاکستان هەموو هاوپەیمانەتییەکەی لەگەڵ تاڵیبان بۆ ئەوە بوو ئەفغانستان بکاتە (قووڵاییەکی ستراتیجی strategic depth) لە میانی ململانێی دێرینی لەگەڵ هیندستان. بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئوسامە سوودی لە بێتوانایی ئەمەریکا وەرگرت، هەزاران جیهادی لە کامپەکانی مەشقکردن لە ئەفغانستان دەرچواندن. زۆربەیان لە بەتالیۆنی ٥٥٠ی تایبەت بە ڤۆڵەنتیرە موسڵمانە نائەفغانییەکان بوونە تۆپچی.

هەر خۆیان لە تاریکیدا فێری کاری تیرۆریستی کران و پاشان بە سەرتاسەری دنیادا بڵاوەیان پێ کرا.

ئەوەی تورابی لەبارەی بە زۆری دەرکردنی ئوسامە لە سوودان گوتی، هەمووی ڕاست بوو. بەڵام هەندێ سەرچاوەی ئەمەریکایی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە واشنتن گومانی لە خودی تورابی و (بان)ەکەی هەبوو. لە ڕاستیدا متمانە نەکردن بە تورابی بووە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکاییەکان بە ئامۆژگارییەکەی نەکەن. جەمال محەمەد ئەحمەد فەزل سەربازێکی پیادەی ئەلقاعیدە و جەنگاوەرێکی دێرینی ئەفغان بوو، کە بە تەمابوو لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بخوێنێ. جەمال بە خۆی دانی بەوە دانا کە دز بووە و هەندێ جاریش سیخوری بۆ (بان) کردووە. دوای دەستگیرکردنی، جەمال دانی بە دزینی ۱۱۰,۰۰۰$ دۆلار نا، کە لە ئەلقاعیدە ی دزیبوو. هەرچەندە کە ئوسامە داوای لێ کردبوو بەڵام جەمال نە ئامادە بوو نەدەیتوانی کە پارەکە بۆ ڕێکخراوەکە بگەڕێنێتەوە. لە کۆتاییدا جەمال بواری بۆ هات بۆ ئەوەی کەسێک هەبێ گوێ لە قسەکانی ڕابگرێ، ئەوە بوو چەند مانگێک لە دوای دەرکردنی ئوسامە لە سوودان، جەمال چووە ناو باڵیۆزخانەی ئەمەریکایی لە ئێریتێریا یەکێکی دیتەوە لە دوای ئەو هەموو گەڕان و سووڕانە بێهوودەی بە نیوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، گوێ لە چیرۆکەکەی بگرێ[٢٥].

شارەزایانی هەواڵگری ئەمەریکایی چەند مانگێکیان ویست تا لە ڕاستی قسەکانی جەمال دڵنیا بوون. ئیجا پاشان بە پێی پرۆگرامی پاراستنی شاهید هێنایانە وڵاتە یەکگرتووەکان. لێرەش زرێڤانەکانی خۆی بە هۆی هەمیشە خواستنی ڤیدیۆی ڕووت بێزار کردبوون. ئەو زانیارییانەی جەمال خستیە بەردەست، یارمەتی ئەوەی دا کە لە ١٩٩٦دا، دەستەی دادگەی باڵا grand juryلە هەرێمی باشووری نیویۆرک، کۆ ببێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ یەکەم جار ناوی ئوسامە هات و بە درێژی کەسێکی ناو ڕێکخراوەکە باسی ئەلقاعیدە و سەرۆکەکەی کرد[٢٦]. بەڵام تا ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٨ڕاوەستان ئینجا تاوانێکی مۆرکراو لەلایەنی دەستەی باڵای دادگەوە لە دژی ئوسامە دەرچوو. بەڵام ئەو کات دوو ساڵ بوو ئوسامە بە هێمنییەوە لە ئەفغانستان کاری خۆی دەکرد.

کە جاری یەکەم لە ١٩٩٦دا، چارەنووسی ئوسامە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان

و سوودان خرایه سەر مێزەوە، تەنیا بۆ ئەوە بوو کە پێوەندیی نێوان خەرتووم و واشنتن خۆش بکرێ. کە باڵیۆز کارنی بەتایبەتی بابەتی سنووورداشکردنی ئوسامەی لەگەڵ سوودانییان تاوتوو کرد مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە (بان) لە بن چەنگی تورابی بێنێتە دەرەوە. لە تەمموزی ١٩٩٦، سوودان ڕێگەی بە ولاتە یەکگرتووەکان دا بۆ ئەوەی لە ئەمەریکاوەڕا ئەفسەرێک بە کامێرا چاودێری ئەو کامپە بکات کە ئەمەریکا گومانی ئەوەی لێ دەکرد کە ئیسلامییە توندڕۆیەکان لێی مەشق دەدرێن. ئەفسەرەکە شتێکی بە بایەخی بەرچاو نەکەوت. دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکانی تر گوتیان ئەو کامپە جێی مەشق پێکردنی لاوانی سوودان بوو کە بە زۆر خرابوونە نێو هێزی بەرگری شەعبییەوە کە سەر بە تورابی بوو، ئەو لاوانە بۆ شەڕەکەی باشوور ڕەوان دەکران. وا دیار بوو کە (بان) کاتی ئەوەی هەبوو بسەلمێنێ کە هیچ ڤۆڵەنتیری بیانی لەو ناوەدا نەبوون (زۆربەی جەنگاوەرانی ئوسامەش لە دوو ئەو چووبوونە جەلال ئاباد، تەنیا کەمێکیان لەوێ مابوونەوە.) لەگەڵ ئەوەشدا چاودێریکردنەکە ئەگەر دووبارە ببایەوە، ڕەنگبوو هەنگاوی تری بە دوادا بهاتبایە. بەلام لە ئۆکتۆبەر، واشنتن بڕیاری ڕاگرتنی هەموو پێوەندییەکی دا، ئەمەش کارنی تووشی نائومێدی کرد.

بڕیارەکە دەرکەوت کە خراپ بوو؛ چونکە هەر هەمان ساڵ، بەڕێوەبەرایەتی کلنتن بۆی روون بووەوە کە زۆربەی ناکۆکییەکەی لەگەڵ سوودان، بە هۆی چەند ڕاپۆرتێکی موخابەراتی بێ بنج و بنەوان بوو. یەکێ لە ڕاپۆرتە نیاز خراپەکان قەناعەتی بە واشنتن هێنا کە چەن کەسێک ویستوویانە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەنتۆنی لەیک، بکوژن چونکە بە ئاشکرا زۆر لە دژی (بان) بوو. لەیک ناچار بوو بۆ چەند مانگێک لە ١٩٩٥، بە ئۆتۆمۆبێلی زرێپۆش هاتوچۆ بکات و ناچاریش کرا کە ماڵەکەی خۆی بەجێ بێلێ، بچێتە بلێر هاوس کە بەرانبەری وایت هاوسە بۆ ئەوەی ئاسانتر پارێزگاری لێ بکرێ. پاشتر بەلای کەم ١٠٠ ڕاپۆرت لە ١٩٩٥ و ١٩٩٦دا بە ناڕاست لە قەڵەم دران. لەو دەم فەرمانی پێداچوونەوەی سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە سوودان دەرنەچوو. بیرۆکراتەکانی واشنتن، ئەوانەی بە پێی ڕاپۆرتی ناڕاستەوە، سوودانیان خستە سەر لیستی نەیاران، خۆیان بە پێداچوونەوەی سیاسەتەکەیان، ماندوو نەکرد.

وڵاتە یەکگرتووەکان وەکوو وڵاتانی تری نەکرد و نەیویست هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە. ئەوە هەموو کات ڕەوشتی ئەو زلهێزانەیە کە لەگەڵ گێرەشێوێنێکی دەرەکی هەڵسوکەوت دەکەن.

هێشتا ئەو ترسەی بەڕێوەبەرایەتی کلنتن لە (بان)ی هەبوو لە شوێنی خۆی نەبوو. چونکە لەمیانی دانوستانەکانی سەبارەت بە ئوسامەوە کرا، بەدیاری خست کە دەسەڵاتی تورابی لە کزی دابوو، بەڵام گومان لە ڕەوشتی توندڕۆیی هەر هەبوو. هەندێ نیگەرانی هەبوو سەبارەت بەوەی کە نەدەزاندرا بۆ زلهێزێک بە هۆی چەند ڕاپۆرتێکی درۆوە دەبێ خۆی بخاتە ناو ئەو جۆرە گێژەنەوە. لە دیسێمبەری ١٩٩٥، پۆڵ کواگلیای بەڕێوەبەری بنکەی CIAسەرۆکایەتی کارەکەی ئەمەریکای لە دەرەوەی خەرتومرا دەکرد و ڕێگەی نەدەدا دیپلۆماتە ئەمەریکاییەکان کارەکە بە چاکی ڕاپەڕێنن(٢٧).

باڵیۆزخانەی خەرتووم بە شێوەیەکی تەکنیکی (هەڵپەساردرا suspended)، واتا بە فەرمی کراوە بوو، بەڵام تەنیا ستافە سوودانییەکەی تێدا کاری دەکرد. کارنی تەنیا کەس بوو کە لە نایرۆبییەوەڕا بۆ ماوەی ١٠٠٠ مایل دەفڕی دەهات لەوێ چەند ڕۆژێک دەماوە. ئەو کارەش بە مەبەستی پاشەکەوتکردن بوو. کارنی بە خۆی و بە چەند دیپلۆماتێکی تر کە ئەزموونی زۆریان لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقیای ڕەشەوە هەبوو بەرانبەری سیاسەتسازان plolicymakers وەستان. پێیان گوتن کە بێندرێژی لە هەموو جۆرە سیاسەتێکی تر باشترە بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت دەگەڵ سووداندا بکرێ. کارنی و هاوباوەڕەکانی لە ململانێیەکەدا لە واشنتن دۆڕاندیان. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئۆفیسی ئاسایشی دیپلۆماتی وەزارەتی دەرەوە و بیورۆی کاروباری ئەفریقی African Affairs Bureau یان، بە هۆی لاوازی کارکردنیانەوە، ڕسوا کرد. ئەو بیورۆیە لە کاروباری سوودان کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، بەرپرسیار بوو، بەڕێوەبەرەکەی یاریدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئاشتی جۆرج مووس بوو. بەم جۆرە هەموو دەرگەیەک لە ڕووی هەموو چەشنە پێوەندییەکی نێوان هەردوو وڵات داخرا و کارەکە هەروا مایەوە تا ئەلقاعیدە، دوای پێنج ساڵ، پەلاماری واشنتن و نیویۆرکی دا. لە ساڵانی دواتریش خەرتووم هەموو کات دەڵێ کە هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی

خۆی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان باش بکا، بەڵام وەڵامی نەدراوەتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی بۆ پتر گۆشەگیرکردنی سوودان دەستی بە بەرهەڵستییەکی چالاکی خەرتووم کرد. بۆیە یارمەتی سەربازیٚ دوژمنە هەرێمییەکانی (بان)ی دا، تا پتر بەربەرەکانی و گۆشەگیری بکەن، ئەگەر بکریٚ ڕژێمەکەشی برووخێنن. ئەمەریکا هەندیٚ ئیعتباراتی سیاسی ناوخۆیی لەم بارەیەوە هەبوو. لە پایزی ١٩٩٧دا، سەرۆکی بیورۆی کاروباری ئەفریقیا سۆزان ڕایس بوو. سۆزان کارمەندێکی بەهێزی سیاسی بوو، کە لەلایەنی کۆمەڵەی ئەفریقی – ئەمەریکاییەوە دامەزرابوو. لە سەرەتای سییەکانی بوو. پێوەندیی زۆر بە هێزی هەبوو. سۆزان دەستەخوشکی سیٚ کچەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مادڵین ئۆڵبرایت بوو. هەر چواریان بە یەکەوە لە قوتابخانەی ناشناڵ کاتیدراڵ سکول قوتابی بوون. بووە دۆستی هەرە نزیکی خانەوادەی ئۆڵبرایت، بە شێوەیەکی نافەرمیش بووە کچی ئەو ماڵە.

ڕایس پێشتر لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پسپۆڕی کاروباری ئەفریقیا بوو. گرینگ نەبوو چ بڕوانامەیەکی هەبوو یان ئەزموونی پێشتری لە بەڕێوەبردن نەبوو یان شارەزای دیپلۆماسی لە کاروباری ئەفریقیا نەبوو. بگرە ئەوە گرینگ بوو کە سۆزان دۆستی خاوەن دەسەڵاتی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا هەبوو. ساموێڵ بێرگەر – کە لە شوێنی لەیک بووە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕیچەرد کلاڕک کە لە بەڕێوەبەرایەتی سەرۆک ڕێگن و سەروک کلنتن و هەردوو سەرۆک بوش، لە وایت هاوس، ڕێکخەری کاروباری دژە تیرۆریزم بوو، ئەمانە هەردووکیان بایەخی تایبەتییان بە سۆزان دەدا. کارمەندێک کە لە بەردەستی ڕایس کاری دەکرد، گێڕایەوە و گوتی: (سۆزان زۆر گەنج بوو، هیچ زانیارییەکی لەبارەی سوودان نەبوو. ئەوەی کە لە دیک کلاڕک و بێرگەری بیستبوو هەر ئەوی دەزانی. ئەوانیش هەردووکیان هەرگیز سڵیان لە دوژمنداری (بان) نەکرد هەموو کات لە ١٩٩٠کاندا بە ڕێکخراوێکی ناپەسندیان دەزانی.)[٢٨]

بیورۆی کاروباری ئەفریقی لە بەردەستی ڕایسدا خەرتوومی بە درۆزن و تاوانکار و تیرۆریست و پێشێلکاری مافی مرۆڤی کریستیان و ڕوحانییەکانی باشووری وڵات ناساند. ئەم پێناسەکردنەی (بان) زۆر لە ڕاستی دوور نەبوو، بەڵام

هی ئەوەی نەبوو کە زلهێزێک بێنێتە جووڵە. کارنی و ئەوانی تر بۆچوونیان وابوو کە دیپلۆماسی بۆ ئەوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ بارە ناهەموارەکاندا بکات. چونکە گەلێک لە ڕژێمی لەوە خراپتر بە کەمێک کاری دیپلۆماسی هاتووەنەتەوە ڕیزی وڵاتە ئاساییەکانەوە. بەڵام بیورۆی کاروباری ئەفریقی بە هۆی ئەو هەموو پەیمان شکاندنەی سوودان کردی باوەڕی پێی نەمابوو. (بان) هەردەم وای نەکرد کە تۆزێک متمانەی پێ بدرێ.

تورابی و داروودەستەکەی کۆمەڵیان سەرکوت کردبوو. لە سەرەتای حوکمی (بان) ئەشکەنجەدان و تۆقاندن و بزرکردن لە (خانووی تارماییەکان ghost house)دا پایتەختی کردبووە دۆزەخ. بەر لە مۆرکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لە ٢٠٠٥دا، شەڕی ناوخۆی سوودان کە لە ١٩٨٣دا دەستی پێ کرد، پتر لە دوو ملیۆن هاووڵاتی تێدا هاتنە کوشتن. شەڕەکە پێش ئەوەی (بان) دەسەڵات بگرێتە دەست و پاشتریش هەر بەردەوام بوو. ڕایس زوو هاوپەیمانییەکی توندی لە نێوان مافخوازانی کریستیانە ئەنگلیکانەکان و گرووپی ئافرەتان و میلیشیای دژ بە کۆیلەیی پێک هێنا و پشتیوانیشیان لە لێژنەی ڕێکخراوی ڕەشەکان Black Caucus لە کۆنگرێس وەدەست هێنا. ئەمانە هەموو ڕقیان لە (بان) دەبووەوە. زوو بیورۆی کاروباری ئەفریقی یارمەتی سەربازی بۆ دوژمنانی خەرتووم لە ئێریتێریا و ئیتیوپیا و ئۆگەندا، نارد. یارمەتییەکان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی باشووری گرتەوە[١٩].

سوودان گۆشەگیر کرا و لە واشنتن لەسەر نەخشە لادرا. خەرتووم هەرگیز وازی لەوە نەهێنا کە خۆی بە چاکە بێنێتەوە بەرچاوی واشنتن. بەڵام ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەبرد. (بان) مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە هەموو زانیارییەکی موخابەراتی لەبارەی ئوسامە و ڤێستەکانی لە سوودان و لەبارەی سەدان جەنگاوەری ئەلقاعیدە کە لەگەڵیدا بوون و هەموو ئەو ئیسلامییە توندڕۆیانەی کە دەهاتنە سوودان و لێی دەردەچوون، داوەتە واشنتن. موخابەرات هەموو کات لە گەمەی نێو دەوڵەتان شێر و خەتی پێ کراوە.

لە ١٩٩٧، سوودانییەکان گوتیان کە دۆسێی خۆیانن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان تەواو کردووە و هەموو وێنە و بابەتەکانیان بە درێژی تەسلیمی

وڵاتە یەکگرتووەکان کردووە. ڕاست بێ یان درۆ، قسەکان تاقی نەکرانەوە. سوودانییەکان تا ساڵی ٢٠٠٠ کەسیان لە بەڕێوەبەرایەتی کلنتن دەست نەکەوت بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرێ. هەینێ FBI و CIA بایەخێکی کەمیان بە کاری ناو خەرتووم دا. ئەوان بە دوای تورابی و ئوسامە و ئەلقاعیدە و ئیسلامییە توندڕۆیەکانی تردا دەگەڕان بۆ ئەوەی بزانن لە ١٩٩٠کاندا بە تەمای چ بوونە. تەنیا دوای ٩/١١ بوو کە واشنتن پێشنیازەکەی سوودانی بە گرینگ وەرگرت. هەر لەو کاتیشدا بوو کە سوودانییەکان لە ترسی ڕوخانی ڕژێمەکەیان دەستیان پێ کرد بە ڕاستی هاریکاری بکەن و نزیکەی سی جیهادیشیان، کە لە بەدبەختی خۆیان لە سوودان مابوونەوە، تەسلیمی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد. یاری بە درەنگانەوە و فایلی موخابەراتی کۆن و شتێکی بایەخدار نەبوو خەرتووم کردی. زۆربەی سیخورەکان بە شێوەیەکی گشتی بزر دەبن. کێ دەڵێ سوودان هەندێ فایلی هەڵنەبژاردبوو، خاوێنی نەکردبووەوە ئینجا خستبوویە بەردەستەوە؟

چونکە لە ١٩٩٦، بەرپرسێتی لە ئەستۆی کارنیدا بوو، بۆیە لەوە زۆر نیگەران بوو کە واشنتن بە بەردەوامی نەیتوانی سەرەداوێک بە دەست بێنێ. چەند ساڵ بوو دەیانویست پێوەندییەکان نوێ بکرێنەوە. بزنسمانی ئەمەریکایی مەنسور حیجازی بە ڕەگەز پاکستانی، کە بەهۆی یارمەتیدانی دیموکراتەکان زۆر لە کۆشکی سپی نزیک بوو، هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و سوودان زیندوو بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێک لە ١٩٩٧ و ناوەڕاستی ١٩٩٨دا چووە سوودان، بەڵام وایت هاوس هیچ بایەخێکی بە ماندووبوونەکە نەدا[٣٠]. دەستپێشخەرییەکی تریش لەلایەنی دەزگای هەواڵگری سوودانییەوە لە ١٩٩٨دا کرا و بانگێشتی دەیڤد ویلیەمزی سەرۆکی ئۆفیسی FBI لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفریقیای کرد بۆ ئەوەی یان سەردانی سوودان بکات یان باسی هاریکاریکردن لە نێوانیاندا بکەن. دوای پێنج مانگ ویلیەمز نووسی: (بەداخەوە، من لەم کاتەدا ناتوانم بانگێشتە جوانەکەتان پەسند بکەم.)

کارنی تا ئێستاش ئەو وتووێژەی سەر نان خواردنی شوباتی ١٩٩٦ی لە بیرە، کە ڕەنگبوو ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە و دوا دیداری پێش سەفەرەکەشی مزگێنییەکی خۆشی لەگەڵ بێ. بە بۆچوونی خۆی دەزانێ کە لارییەکە لە کوێ بووە

و به بیـر خـۆی دێنێـتـەوە کـە: (وڵاتە یەکگرتووەکـان نـەیدەویست لـە بواری دروستکردنی متمانەی نێوان هەردوو لا، هاریکاری سوودان بکات - من لێرە زۆر جـەخت لەسـەر ئەم وشـەیە دەکـەمـەوە - کـە لەگـینبوو زۆر بەڵگەنامـەی گرینگی موخـابەراتی سوودانیمـان وەبەر دەست بکەوتبایە.) ئەمـەش دەبووە هۆی ئەوەی کە ڕێگەی لە ئوسـامـەی بگرتـایە و نەیهێـشتبا پـەلامـاری نیشـانەکانی ئەمـەریکایی بدات[٣١]. بە هۆی بەرپابوونی گێرەشێوێنی بوو کە کارنی نیگەرانی خۆی دەربڕی، چونکە دەیزانی وەک پەندەکـــەی فـــەرەنسی دەڵێ: (لە تـاوان خـــراپتـــر گێرەشێوێنییە.)[٣٢]

تەنیـا یەک خـاڵی پرشنگدار لە ئارادا هـەبوو. دووەم بەڕێوەبەرایەتی کلنتن لە ١٩٩٧دا، بڕیاری پشـتـیـوانیکردنی ئۆڵبـرایتی وەزیری دەرەوەی دا. تۆمـاس پیکەرینگ کرا جـێگری وەزیری دەرەوە، ئەمـەش سـێیـەم پۆستی ئەو وەزارەتەیە. پێکەرینگ دیپلۆمـاتێکی پسـپـۆر و لێـهـاتوو بوو، لە زۆر وڵاتی گـرینگی وەکـو ئیسرائیل و ڕووسیا باڵیۆز بووە و شـوێنی تایبەتی خۆی هەیە. پیکەرینگ دووبارە بە سیاسـەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەرانبەر بە سـوودان داچووەوە و بڕیاریدا کە وەزارەتی دەرەوە دەبێ دووبارە باڵیـۆزخـانەی وڵاتـە یەکگرتووەکـان لە خـەرتووم بکاتەوە و سـتـافێکی ئەمـەریکایی بۆ بنێرێ و چیی تر باڵیۆز لە وڵاتێکی ترەوەڕا هـاتوچۆی ئەوێ نەکـات. بەڵام هـەرچەند ڕۆژێکی نەبرد تـا لە بڕیارەکـەی پاشگەز کراوە. ڕایس و بێرگەر و کلارک ئیشەکەیان لێ هەڵوەشـاندەوە. پیکەرینک نەیزانی نەیارانی لە وایت هـاوس و لە وەزارەتی دەرەوە و لە کۆنگرێسدا چەند بە توانانە و لەو هەر سێ جـێـیەشـدا لۆبییـەکی زۆری دژی (بان) چالاکانە ئیشـیـان دەکـرد. کـارمـەندێک کە زۆر بەو ئەنجامـە شـادمـان بوو گوتی: (وایت هـاوس و سکرتێر و هیل توند بوون.)[٣٣]

هەندێ لە کێشـەکـان هـەتا ناوەڕاسـتی ١٩٩٨ هەر مـانەوە، ئینجـا سـوودان گەیشـتە ئەو ڕاستییـەی کە بەختەکەی ڕوو لە هەستانە. لە کۆتایید دڵنیا بوون کە توانییان ئەمـەریکاییەکان بێننە قسـە و ڕەنگە واشیـان لێبکەن ڕێگەیان بدەنێ بۆ ئەوەی باڵیـۆزخـانەکـەی خـۆیان لە واشـنتن، دووبارە بکەنەوە. ئەمـەش ئامـانجـێکی سـەرەکی (بان) بوو. سوودانییەکان گومـانیان کەوتە سـەر دوو کەس چونکە کاتێ

که له ٤ی ئاب، له نایرۆبییەوه گەیشتنه خەرتووم، کارمەندانی کۆچی فڕۆکەخانەکە گومانیان له پاسپۆرتە پاکستانییەکانیان پەیدا کرد. سێ ڕۆژ پاشتر سێ هاووڵاتی ئەمەریکایی و ٢٣٨ ئەفریقی، له میانی تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان له کێنیادا، کوژران. ئەوە هێشتا له تەقینەوەی لۆرییەکی پڕ تەقەمەنی له باڵیۆزخانەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان له دارولسەلام کەمتر کوشتاری لێ کەوتەوە.

له ماوەی چەند سەعاتێکدا بەرپرسانی سوودانی دوو گومانلێکراوەکەیان له هۆتێلێکی خراپی هەرزان بەها گرت. هەردوو کەسەکە نەیاتوانیبوو ئەپارتمانێک بە کرێ بگرن کە بە سەر باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی دا دەڕوانی. لێکۆڵەرەوە سوودانییەکان گوتیان هەردوو کابراکە دانیان بەوەدا ناوە کە له پلانی پەلامارەکەی نایرۆبی بەشدار بووینە[٣٤]. یەک له هەردوو پیاوەکە دانی بەوەدا نا کە له پایتەختی کێنیا له هۆتێلێک بووە ناوی، وەک ئەوەی سوودانییەکان نووسیان، (تۆپ هیلّ هۆتێلّ Top Hill Hotel) بووە، بەڵام له ڕاستیدا ناوەکە (هیڵتۆپ هۆتێلّ Hilltop Hotel) بوو. پیلانگێڕانی ئەلقاعیدە لەو هۆتێلەدا لۆرییە کوشندەکەیان بۆ تەقینەوە ئامادە کردبوو. (ئەم بۆمبە بچووکە بە پوختەیی خرابووە ناو نووسراوێک کە هەڵوێستی سوودانی دووپات دەکردەوە. سەرۆکی دەزگای هەواڵگری دەرەوەی سوودان، قوتبی مەهدی، نامەکەی نووسیبوو، بە دەستی خۆیشی، له یەنایری ١٩٩٩دا، تەسلیمی دەستی سەرۆکی FBI، لویس فریحی، کرد.)

سوودان بە ئەمەریکاییەکانی ڕاگەیاند کە ئەو دوو کابرا گیراوەکە پێشنیازێکیان هەیە. ئەمەریکاییەکان نەیانتوانی پێشنیازەکە ماندەڵ بکەن. چونکە کاولکردنی باڵیۆزخانەکە له واشنتن، بابەتی پلە یەک بوو. سوودانییەکان ئامادە بوون دوو زیندانییەکە بینە نایرۆبی، لەوێ تەسلیمی دەستی لویس فریحییان بکەن، کە بە خۆی و بە سەدان نمایندەی تر سەرقاڵ بوون؛ له پەلامارە تیرۆریستییەکەیان دەکۆڵییەوە. بێگومان ئەمەریکاییەکان ئەمجارەیان پێیان له کەلی شەیتان هێنا خوارێ؛ پێشنیازەکەیان پەسند کرد و لەگەڵ (بان) دەستیان بە کار کردەوە.

(بان) به هەڵەدا چووبوو؛ یان، با بڵێین، هەردوو لا به هەڵەدا چووبوون.

بۆچ هەر له سەرەتاوه ئەمەریکاییەکان مکوڕ نەبوون لەسەر ئەوەی که به خۆیان لێکۆڵینەوه لەگەڵ هەردوو گیراوەکەدا بکەن، تەنیا ئەوه بوو که له بێبەختی ئەوان له کاتێکی وادا گیران که دوو حەفتەی ئاوا ئاڵۆز و پاڵۆز له مێژووی ئەمەریکادا نەبووه. پەلامارەکانی سەر باڵیۆزخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا نائارامییەکی زۆری پەیدا کرد. بەڵام شێوەی ئەو تۆڵه سەندنەوەیەی کە دوای سێزده ڕۆژ له پەلامارەکان، له ٢٠ی ئابدا، سەرۆک کلنتن فەرمانی پێدا و چەندین مووشەکی کرووزی ئاراستەی ئەفغانستان و خەرتووم کرد، ئەنجامەکەی به پێی پێویست نەبوو، کورت بینی سەرۆکایەتیشی بەدیارخست. مووشەکەکان گورزی سەربازی گەوره بوون، بەڵام بوونه هۆی ئەوەی که بەڕێوەبەرایەتی نیگەران بکەن. ئوسامه وەبەر ئەو گورزانه نەکەوت کە به نیازی کوشتنی ئاراستەی کامپەکانی مەشقکردنی ئەلقاعیده له ئەفغانستان کران. ئەو مووشەکانەش که له سوودانیان دا، کارخانەیەکی دەرمانسازی کاول کرد، لەمەش وڵاته یەکگرتووەکان نەیتوانی نکوڵی له قسەی سوودان بکات که کارخانەکه تەنیا هی دەرمانسازی بوو. ئەم سەرلێشێوانییەش هاته سەر باره ناپارسەنگەکەی کلنتن که تەنیا چەند مانگێک بوو گۆشەگیر کرابوو، پاش ئەم هەموو نکوڵی لێکردنەی، لەسەر تەلەڤزیۆنی نەتەوەییەوه، سوێند درا و دانی بەوه دانا که لەبارەی پێوەندیی ڕابواردنی جنسی دەگەڵ مۆنیکا لوینیسکی، که له وایت هاوسدا مەشقی دەکرد، درۆی کردووه.

لەو ڕۆژەی که مۆنیکا لوینیسکی له بەردەمی دەستەی باڵای دادگه دەستی به ئیفادەدانی خۆی کردەوه، هەر لەو ڕۆژەی سەرۆک کلنتن پشووەکەی خۆی له مارسا ڤاینلاند ڕاگرت و فڕی و گەڕاوه و هێرشەکانی به مووشەکانی، ڕاگەیاند. ڕێگەی تاوانبارکردنی کلنتن واڵا بووەوه، ئەمەش جێی دڵخۆشی کۆمارییەکان Re-publicans بوو. لەم کەشه ژاراوییەدا، بەرهەڵستکارانی پاگەندەی ئەوەیان کرد که کلنتن بۆ ئەوه ئەو مووشەکانەی ئاگر دا تا ئابڕووچوونەکەی لەگەڵ لوینیسکی بشارێتەوه. بۆچوونی ئەوان ئەوه بوو که کلنتن (کلکی سەگی دەجوولاندەوه wag the dog) وەک ناوی ئەو فیلمه تازەیەی کە باسی سەرۆکێک دەکات بۆ ئەوەی نەیارانی ناوەوەی سەرقاڵ بکات هەڵدەستی شەڕێکی دەرەکی بەرپا دەکا(٣٥).

بەڵام ئەگەر لە بیرمان بێت، کێشەی ڕابواردنەکەی سەرۆک لەگەڵ مۆنیکا لوینیسکی کە لە ١٩٩٠کاندا قدیلانەی هەموو هاوولاتییانی دەکردەوە، لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، لە بیر کرا بەتایبەتیش کە کۆمەڵێ خەڵک خۆیان لە شەڕەکەدا بە سەرکەوتوو دانا. نزیکەی سێ ساڵ لە پاش تەقینەوەکانی ڕۆژهەلاتی ئەفریقیا، ئەلقاعیدە پەلاماری نیویۆرک و واشنتنی دا، بەمەش دەیەیەک لە ئەوپەڕ ئاگا لە خۆنەبوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی بڕاندەوە. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە دەبینین کە وڵاتە یەکگرتووەکان یەک لە دوای یەک هەلەکانی لە دەست دەدا، ئەمەش هەموو بە هۆی ئەو لە خۆباییبوونەی بوو وەک ئەوەی کە لە دژی سوودان پەیڕەوی دەکرد.

ئەرێ، بۆچ بەڕێوەبەرایەتی لە ١٩٩٨ پێشنیازەکەی سوودانی پەسند نەکرد؟ بەشێک لە وەڵامەکە ئەوەیە، چونکە زۆربەی کات باڵیۆزخانەکەی لەوێ داخرابوو؛ چاو و گوێی لە ناو خەرتوومدا نەبوو. واتا نە باڵیۆزێک نە ئەفسەرێکی هەواڵگر لەوێدا نەبوو بۆ ئەوەی بتوانێ گومانلێکراوەکان هەڵبسەنگێنێ (یان بتوانێ تایبەتمەندی کارخانەی دەرمانسازی (الشفاء) بزانێ چییە.) نەبوونی باڵیۆزخانە دەکاتە نەبوونی ئاڵوگۆڕکردنی خێرای زانیارەکان لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە. ئایا ئەوەش کێشەی ملهوڕێتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی بوو کە گومانی لە ڕژێمی سوودان پەیدا کردبوو، یان لەوە دەترسان بە گێل بێنە بەرچاو؟ ئەم سوخەتانە هەموو لە سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتییەکەی کلنتن لە بەرانبەر بە سووداندا هەبوون. هەوڵ درا بۆ ئەوەی بەو دوو پیاوە گیراوە بگەن، بەڵام کات بە دەستەوە نەما. ڕەنگە ئەوە باشترین ڕێگە بێ بۆ ڕاڤەکردنی، بەڵام ئەگەر کێشەکە بەم شێوەیە بووبێ، ئەوە هێشتا پرسیاری زۆرتری بە دواوەدا دێ.

خەرتووم بە باشترین شێوە توانی گەمەی بە کاردەکانی خۆی بکا. ئەگەر هەر تۆمەتێکی تریش ئاراستەی سوودان کرابێ ئەوە بە هۆی کەمتەرخەمی ئەو نەبووە. سوودانییەکان لە ١٩٩٧دا، پێوەندییەکی باشیان لەگەڵ مەڵبەندەکانی FBI لە واشنتن و نیویۆرکدا پەیدا کرد. لەوێ سەرۆکی بەشی دژە تیرۆر جۆون ئۆونێل بەشێکی تایبەتی بەڕێوە دەبرد. یەک حەفتە لە دوای پەلامارەکانی سەر باڵیۆزخانەکان سوودانییەکان هەمان پێشنیازیان ئاراستەی هەردوو ئۆفیسی

FBI کردەوە. پێشـوازییەکەی واشنتن زۆر نارێک بوو، بەڵام چونکە ئەمجارە قوتب مەهدی پێشنیازەکەی کرد بۆیە گرینگی تایبەتی خۆی هەبوو. جانێت مەکئیلیگۆت پەیامـەکـەی وەرگـرت، پاشـان سـەرۆک بـوش کـردیە ناوبژیوان لەگـەڵ سـوودان و ئۆفـیسـەکەشی لە واشنتن بوو. خـاتوو جـانێت لە بیـریتی کـە لە دەوروبەری ١٤ی ئاب، قـوتبی تەلەفـۆنێکی بـۆ کرد. قـوتبی گەورە بەڕێوەبـەرێکی (بان) بوو، پیـاوێکی خۆش مـەعشـەر بـوو، ڕەگەزنامـەی کـەنەدای هـەیە، لە زانکـۆی مـاسـاچوسـتس لە ئامـهێرست وانەی گوتووەتەوە. قـوتبی زۆر بە سـادەییـیەوە بە خاتوو جـانێتی گـوت کـە سـوودان: (زانیـاری گـرینگی لە لا هـەیە و دەیەوێ بیـانداتێ.) پێویسـتـە FBI بە زووترین کات تیمێک ڕەوانی خەرتووم بکات[٣٦].

سوودانییەکان تەنیا چەند زانیارییەکی کەمیان درکاند. لەمیانی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا، FBI زانیارییەکی پاراوی دەست کەوتبوو، گەیشـتبـووە ئەو ڕاسـتییـەی کە ئەلقـاعیـدە لە تەقـینەوەکـانی نـایرۆبی و دارولسـەلامـدا بەرپرسـیـار بوو. ڕەنگە ئەو پێـــشـکەوتـنە تـۆزێک هـانی خـــەرتـوومی دابـێ بۆ ئـەوەی ئەو پێـــشـنیـــازە بکـات. سوودانییەکان کێشەی خۆیانیان خاوتر نەکردەوە. ئەو درکاندنە زرۆکەی زانیاری، بووە هۆی هـەرەسـهێنانی کێشەکـانی سوودان، ئەمەش بەهـۆی ئەو نهێنی پاراستنە بوو کـە (بان) هـەمـوو کـات پەیڕەوەی دەکرد و لە مـیـانی تەلەفـۆن دەگـەڵ کـردنیـاندا زانیــاری زۆر دەگــمــەنیــان دەدرکــاند. لـە دوای تەلەفــۆنەکــەی لەگــەڵ خــەرتووم، مەکئێلیگۆت تەلەفۆنی لەگەڵ ئۆفیسـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی FBI کرد و دڵنیایی خـۆی لەوە نیـشـان دا کـە پەیامـەکـەی سـوودان لەبارەی باڵیـۆزخـانەکـان بوو. بە کـابرای سـەر تەلەفـۆنەکەی گـوت: (هـەر ئێسـتـا بڕۆ.) ئـەوەشی جـەخت کردەوە کە قـوتبی بە خـۆی تەلەفـۆنی بۆ کـردووە و کـارەکـە زۆر بە پەلە بـوو. ئەو ناویش زەنگی تەلەفۆنـی لـێ دا. مەکئێلیگۆت لەبەر خۆیـەوە گوتی:- (ئۆی خوایە!) وەبیـری هـاتەوە کـە نمایندەکـە پـێـی گـوت: (پیـاوە ژمـارە یەکەکـەیە.) ئینجـا بە نمایندەکـەی FBIی گــوت: (خــۆ هەمــوو ڕۆژێک کــابرایەکی وەک قــوتبی تەلەفــۆنم بۆ نـاکــات. ئەوان لێناگەڕێن بڕۆین، نەفرەتیان لێ بێ!) نمایندەکە هێندە زیرەک بوو کە یەکسـەر چوو تیمێکی FBIئامادە کرد و بەرەو نایرۆبی بوونەوە و ئومێدی خواست هـەرکە بگاتە ئەوێ یەکسـەر ڕەوانی خـەرتووم بکرێ بۆ ئەوەی بچێ لێکۆڵینەوە دەگـەڵ هـەردوو

گومانبارەکان بکات.

فاتح ئەروا، کە گەورە هەواڵگری دیرینی سوودانی بوو، لەو کاتیش باڵیۆزی وڵاتەکەی بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، بەم پێیەش دەبێتە گەورەترین کاربەدەستی سوودانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بۆیە ئەم کابرایە بێگومان زانیاری باشتری هەبوو، ڕێگەی ئاسانتریشی پێ دەزانی. ئەویش ناکۆکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هەبوو؛ چونکە بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەوە تاوانباریان کردبوو کە دەستی لە کوشتنی چەند سوودانییەکدا هەبووە کە لە شاری جووبا، بۆ ئاژانسی گەشەپێدانی نێو نەتەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان USAID کاریان دەکرد. هەروەها لە دەوروبەری ١٤ی ئابەوەڕا، فاتح ئەروا، بە ڕەزامەندی سەرۆک بەشیر، ڕۆژانە پێوەندیی بە یەکەی دژە تیرۆریزمی سەر بە FBI لە نیویۆرکدا دەکرد و لەبارەی هەردوو گومانبارەکانەوە قسەی دەگەڵدا دەکردن. بەڵام تا نزیکی ٩ی ئاب پەیامەکەی ئەروا نەگەیشتبووە خودی ئۆونێل.

ئۆونێل پێویستی بەوە نەبوو کە کەسێک هانی بدات. تەنیا پێویستی بە ڕەزامەندییەوە هەبوو بۆ ئەوەی هەردوو گومالێکراوەکان بگری. بۆیە هەر ئەو ئێوارەیە فڕی، بۆ واشنتن چوو. یەکسەر بۆ دیتنی ڕیچەرج کلارک چوو، کە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و هاوڕێیەکی نزیکی بوو. چەند ساڵ پاشتر کلارک وەبیری هاتەوە: (من بە جۆونم ڕاگەیاند کە زانیارییەکانی زۆر بە درەنگەوە بۆ هێنابووم. ڕەنگە ئەگەر پێنج ڕۆژ پێشتر بهاتبایە... بەڵام من لەوە دڵنیا نیم کە ئەو کاتیش سوودی دەبوو. ئەو ئاگای لە هەموو شتێک نەبوو. پێم گوت پێویستە لەگەڵ داواکاری گشتی بئاخێڤی.)[٣٧] کلارک ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە گەیشتوونەتە ئەو خاڵەی کە ناکرێ ئیتر پاشەکشەی لێ بکەن.

کلارک نەیتوانی بە ئۆونێل بڵێ کە بەڕێوەبەرایەتی کلنتن ڕۆژی پاشتر ئەفغانستان و سوودان دەداتە بەر مووشەکان. ژمارەیەکی کەم ئاگەداری ئەو بڕیارە بوون و سوێندیشیان خوارد کە ئەو نهێنییە بۆ هیچ کەسێک نەدرکێنن. پلانەکان زۆر پێشکەوتوو بوون نەدەکرا هەڵیان بوەشێننەوە. خەریکبوو دەست بە دوا ژمارژێری countdown دەکرا. دوو گومانلێکراوی پڕ لە گومانی ئەلقاعیدە کە لەلایەن سوودانییانی بێ متمانەوە گیراون، لەو تەرازووەدا هیچ پارسەنگێکیان

نەبوو. تا ئۆونێل خەبەری ئەو دوو گومالێکراوانەی بە کلارک نەگەیاند، تا ئێستاش دیار نییە کە چەند لە گەورە بڕیاردەرەکان ئاگایان لێیان هەبووە. کابرایەکیان یەکێک لەو بڕیاردەرانە بوو کە من چل ساڵ دەبێ دەیناسم، گوتی: (ئەوەی من چاکم لە بیر بێ ئەوەیە، کە من ئاگام لە پێشنیازەکە بوو، بەڵام پاش ئەوەی کە دەهۆڵ دڕا و تەقەی بڕا.) لە ڕاستیدا ڕەنگە لەو کات لە سەرۆک بترازێ کەس نەبووبێ کە بەڕێوەبەرایەتی لەم بڕیارەی پاشگەز بکاتەوە[٣٨].

ئۆونێڵ دادوەری گشتی جانێت ڕێنۆی بینی، بەڵام دیتنەکەی بێ سوود بوو. چونکە لەو کەسانە نەبوو کە گوێ بە تەگەرە بدات. بۆیە بە تووڕەییەوە لە کۆبوونەوەکەدا هاتە دەرەوە و بە دەستی بەتاڵ بۆ نیویۆرک فڕییەوە. ئەروا بەر لە نیوەشەوی ١٩ی ئاب، بۆ دوا جار پێوەندیی تەلەفۆنی بە تیمەکەی ئۆونێڵ کردەوە[٣٩]. دوای چەند سەعاتێک مووشەکەکانی کروز بە سەر بنکەکانی مەشقی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان و کارخانەی دەرمانسازی (الشفاء) لە خەرتووم دابارین. واشنتن دەیگوت کە کارخانەی (الشفاء) پێوەندی بە ئەلقاعیدە بووە و چەکی کیمیایی لە جۆری MPTA دروست کردووە (ئەمەش تەنیا لە بواری دروستکردنی گازی دەماری لە جۆری VXدا بەکار دێت.) گازەکە بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بووە. کاتی ئاگردانی مووشەکەکان بە پێی ڕاپۆرتێکی سیخوڕییەوە دیار کرابوو کە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئوسامە لەو کات و دەمەدا بێگومان لە ٢٠ی ئاب دەگاتە ئەو کامپەی ئەفغانستان.

ئەم جۆرە ڕاپۆرتانەی کە وا بە وردی جوولانەوەی ئوسامەی دیار دەخست بە ڕاستی زۆر دەگمەن بوون. یەکێک لەو کاربەدەستانەی کە بڕیاری پەلامارە مووشەکییەکەی دا گوتی: (ئێمەش زانیمان کە ڕادەی سەرکەوتنی کەمە، بەڵام ئێمە لەمێژبوو خەریک بووین ئوسامە بگرین ئەمەش باشترین هەل بوو کە بۆمان ڕیک کەوت.)[٤٠] وا دیارە بۆ پاراستنی خۆی ئوسامە هەرگیز کاتێکی زۆر لە یەک شوێندا بە سەر نابا. کلارک پێی گوتم کە ڕاپۆرتەکە تەنیا یەک حەفتە بەر لە پەلامارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا گەشتبوونە CIA، ئەوەش بەتەواوەتی لەو کاتەی بوو کە سوودانییەکان دەستیان پێ کرد سەرنجی FBI بۆ بابەتی هەر دوو گومالێکراوەکان ڕابکێشن. وا دیارە ئەو ڕاپۆرتە بووە هۆی ئەوەی کە

مـووشـەکـەکـان بە مـەبەسـتی تۆڵەکـردنەوە، ئاگـر بدرێن. ئەو هـەواڵگرە سـەرچیغ چووبوو. ئوسامە لەو کامپە نەبوو کە درایە بەر مووشەکان. ڕەنگە ئەو ڕۆژی هەر بەلاشی دا نەچووبێ(٤١).

بێگومان نە سـوودانییـەکانی کە لە نیویۆرک و لە واشنتن بوون نە نمایندەکانی FBI کە هـەڵسوکـەوتیـان دەگـەڵیاندا دەکـرد، دەیانزانی کـە سـەرۆک و دەسـتـەی ڕاوێژکـارانـی ئەو هێـرشـەیان بە مـەبـەسـتی تۆڵەسـەندنەوە لە ٢٠ی ئـابدا دەکـرد (هەرچـەندە وەزارەتی دەرەوە چـەند ڕۆژێک پێـشـتـر دەسـتـی بە گـواسـتـنەوەی دیپلۆمـات و خێزانەکانیـان لە خەرتووم کردبوو.) ئەروا و مـەکئێلیگۆت و ئۆونێڵ بە ئەوپەڕ توانای خۆیان کاریان کرد و تـوانیشیـان سـەرنجی پێشنیازەکـەی سوودان، ڕاست بێ یان درۆ، بگەیننە گەورەترین سیاسـەتسازانەوە. هاوڕێیەکی وریا کە ئەو کـات زۆر هاریکاری چالاکی دژە تیـرۆریزمی لە وەزارەتی دەرەوەدا دەکـرد، بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخـۆ جـەختی کردەوە کە ڕێبازی سـوودان هەموو کـات هـەر لە بەرچاو بووە و لە بیر نەکراوە و بە زمـانێکی دیپلۆمـاتی پـاراوی بێ لایەنەوە گـوتی: (ڕاست بوو سـوودانییـەکان پێـشنیـازیان کردبوو هـەردوو پیاوەکـە بدەنە FBI و ڕاست بوو خەریکبووین قسەمان لە بارەی وەرگرتنی کابرایەکان لەگەڵدا دەکردن، ڕاستیش بوو کە مشتومڕەکە بە هۆی پەلاماردانی "الشفاء" ڕاگیرا.) قسە لە سەر وەرگرتنی کابرایەکان نەبووبووە کارێک کە ئەنجام بدرێ؛ بێگومان ئەو مەرجەی کە بۆ ئاڵوگۆڕکردنیشیان داندرا بوو مرۆڤی بێ ئومێد دەکرد.

بەم شـێوەیە جـەختی کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دانوستانەکەی بڕیبووەوە. نمایندەی مــەکـئـێلیگۆتی، ئەوەی سـەر بە FBI بوو، بـەپێی ئەو فــەرمــانـەی لە سەرپەرشتیارەکەی پێی درابوو، گلەیی خۆی بە خات مەکئێلیگۆتی گەیاند و گوتی: (نەفرەتیـان لێ بێ! لێنەگـەڕان ئێمـە بڕۆین.) برادەرەکەم لە دژەتیرۆریزم نیگەران نەبوو کـە لێم پرسـی کێ بوو ئەوەی دانوسـتـانەکـەی (قـوت) کـرد. کـارمـەندێکی بەڕێوەبەرایەتی کلنتن کە لەسـەر فـایلی سـوودان ئیشی دەکـرد پێی ڕاگەیاندم کە کـلارک یەکێک بوو لەو پێنج کـەسـەی کـە (پەلاپیتکەکەیان داگـرت)(٤٢). هاوڕێیـە دیپلۆمـاتەکەم وای نیشـان دا کە سەری لە بایەخدانی من بەم کێشـەی سـوڕمـا و گوتی: (سـوودان ئێستاش هـەوڵ دەدا پەرێزی خۆی خاوێن بکاتەوە.)(٤٣)

توانجه بێ پاکانەکەی بە ڕاستی نیشانەی ملهوڕی بوو. ئەو مشتومڕەی ئێمە لە ماوەی نێوان پەلامارەکانی ڕۆژهەلاتی ئەفریقیای ١٩٩٨و پەلامارەکانی سەر نیویۆرک و واشنتنی ١١ی سێپتێمبەر بوو. ئەوەی لەو کاتی منی سەخڵەت کرد ئەوە بوو کە کابرا یەک لایەنە خۆی لێم دەهێنا پێشەوە؛ نەشیدەزانی بە ڕێکی بۆ سوودان پینە بکات کە ڕەنگە ئەوجاریان لە قسەکانیدا ڕاستی کردبێ. کادیرانی ئەلقاعیدە وەک ئەوە نەبوو کە خەڵکی لەو کات بێ بەها باسی دەکردن. ئەگەر پەلامارەکانی ڕۆژهەلاتی ئەفریقیا یەک پەیامی هەبووبێ، تەنیا ئەوە بووە کە گرفتی پتر لە ڕێی ئەمەریکادا هەیە. ولاتە یەکگرتووەکان تازە دەستی پێ کردبوو زانیاری لەبارەی ئەلقاعیدە کۆ دەکردەوە، وا باشیشە کە هەرچی زانیاری هەیە وەدەستی بێنن، جا با زانیارییەکان لە سوودانیش وەربگیرێ، هەرچەندە کە متمانەشی پێ ناکرێ. ئەو چەند ئەمەریکاییەی بە پێشنیازەکەی خەرتوومیان زانی بوو، بە پەنجەی دەستان دەژمێردران. بۆ نموونە، سۆزان رایس، کە هاوکارێکی نزیکی کلارک بوو لە سەردەمێک کە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پێکەوە کاریان دەکرد، ڕقی زۆری لە ڕژێمی (بان) دەبووەوە، بەلام لەم باوەڕەدا نەبوو کە بیورۆی کاروباری ئەفریقی ئاگای لەو هەموو کەینوبەینە نەبووبێ[٤٤].

ئەگەر ئەو دوو کابرای سوودان گرتبوویانی، بێ بەها بوونایە و هیچ شتی نوێیان بۆ لێکۆڵەرەوەکان پێ نەبوایە، ئەوە لەمێژبوو سوودان وەک جاران بە فێڵباز ناوزەد دەکراوە. بەلام ئەوان هەردوو پیاوەکانیان پێشکێش کردن. ئەگەر هۆی سەرەکی ئەوەش نەزانین کە بۆ سوودان ئەو هەموو پێشنیازەی بۆ باش کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ واشنتن کرد، دەبێ ئەوە بڵێین کە خەرتووم زۆری مەرەق بوو واشنتن سزای ڕژێمی (بان) نەدا و بارودۆخەکەی لێ ئاڵۆزتر نەکا. دەبێ سوودانییەکان ئەم هەموو لایەنانەیان لێک دابێتەوە. بۆیە بە مەبەستی دووبارە متمانە پێکردنیان هەردوو کابرا گومانلێکراوەکانیان بۆ پتر لە دوو حەفتە لە دوای ڕووخاندنی (الشفاء) هەر هێشتبووەوە و ئومێدیان دەخواست کە ئەمەریکاییەکان جارێکی تر ئەو هێلەی تەلەفۆن هەڵدەگرنەوە کە ئەروا بە هۆیەوە قسەی لەگەڵ مەکئێلیگۆت کردبوو. بەمەش توانیبووی ئۆونیلیش بخاتە نێو گەمەکەوە. ئەمەش هەنگاوێکی زیرەکانە بوو، کە سوودان دووبارە هاریکاری خۆی بۆ لێکۆڵینەوە

لەمەڕ پەلامارەکانی باڵیۆزخانەکان نیشان دەدا و دەیویست دانوستانی خۆی لەگەڵ واشنتن دووبارە بکاتەوە.

هەر چەندە پتر بیر لە هۆی تۆڵە سەندنەوەی ئەمەریکا لە سوودان دەکەمەوە، هێندە پرسیاری زۆرتر لەلام گەڵاڵە دەبێ. من بە بەردەوامی دەهاتمەوە سەر بابەتی هۆی ئەوەی بۆچ بەڕێوەبەرایەتی ئاوا مکوڕ بوو کە نکوڵی لە پێوەندیی لەگەڵ سوودان بکات، چ پەندێکیشی لە پەلاماردانی سوودان و ئەفغانستاندا وەرگرت. لێدانی کامپەکەی ئەفغانستان تەنیا بارەکەی ئاڵۆزتر کرد. ڕەنگە هەمان بیرۆکەش لەبارەی پەلامارەکەی کارگەی (الشفاء)ەوە ڕاست بێ. ئایا باشتر نەبوو لێدانەکەی کارخانەی (الشفاء) بە لایەنی کەم تا دوو گومانلێکراوەکەی تەسلیم دەکردن یان تا پەشیمان دەبووەوە دوا بخرابایە؟ وا دیار بوو هەندێ لە سیاسەتسازان لەوە دەترسان کە سوودان لە کاتی لێدانی ئەفغانستان کەرەستەکانی کە EMPTAی تێدا بوو لە ناو کارخانەکەدا بباتە دەرەوە. گەورە بەرپرسەکان لەو ڕایە دابوون ئەگەر EMPTA لە بەردەستی ئوسامە بمابایە و بیتوانیبا گازی ژاراوی لێ وەبەرهەم بهانیبا و پاشان بە کاری بێنابا، ئەو کات نەڕووخاندنی کارگەکە هەرگیز لە بیر نەدەکرا(٤٥).

ئەگەرگومانلێکراوەکانیش تەسلیم بکرابانە و زانیاری باشیان بدرکاندایە، چ پێویست بوو خۆ بە لێدانی خەرتووم بشێوێنین، لە کاتێکدا کە ڕژێمەکە بە خۆی پێوەندیی لەگەڵ واشنتندا زیندوو دەکردەوە و هاریکاری پتریشی لەبارەی ئوسامە دەگەڵدا دەکردین؟ دوای سێ ساڵ، سوودان چیایەک بەڵگەنامەی دایە دەست کە زۆریان بە سوود بوون، بەڵام ئەگەر ئەو بەڵگەنامانە لە ١٩٩٨دا لە بەردەست بوونایە ئەو کات کەلکیان زۆر زۆرتر دەبوو(٤٦). پەلامارەکان هەر بۆ ئەوە بوون کە بڵێین تەنیا بەڕێوەبەرایەتی دەتوانێ وەکو ئەلقاعیدە بکات؛ لە دوو شوێنی جیاواز و لە دوو وڵاتی دوور لە یەکتر و لە یەک کاتدا، دەست بوەشێنێ. ئایا لەو گەمە ڕێکە نارێکەدا، کلکێ کێ بوو چاوی کێی کوێر دەکرد؟

ئەوەی کە لە پاش پەلامارەکەی ٢٠ی ئاب ڕووی دا هێشتا نامۆتر بوو. پاشان بەڕێوەبەرایەتی پتر سەخڵەت بوو بەوەی کە سوودانییەکان نەیانویست دوژمنداری واشنتن بکەن، بگرە ئامادەیی خۆیانیان بۆ دەمودەست تەسلیمکردنی هەردوو

گومالێکراوەکان نیشان دا. لە ڕاستیدا هەر یەکسەر لە دوای ڕووخاندنی کارگەی (الشفاء)، پێوەندیی گشتی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کەوتە نێو ئاڵۆزییەکی تەواوەوە و بۆی بووە کارەساتێک. خەرتووم زۆر بە کارامییەوە کەوتە کار و بە پەلە سەلماندی کە (الشفاء) تەنیا دەرمانی دروست کردووە و بەتایبەتیش دەرمانی نەخۆشی ئاژەڵی وەبەرهەم داوە و هیچ پێوەندیی بە EMPTAوە نەبووە، وەک ئەوەی واشنتن کردبوویە بیانوو بۆ ئەوەی پەلامارەکەی بە کارێکی ڕەوا بناسێنێ. (Newsday کارێکی "الشفاء"ی ئاشکرا کرد، کە بۆیان نەکرا بیشارنەوە و بووە هۆی ئەوەی گومان لە چالاکییەکانی کارخانەکە بکرێ.) بە مەبەستی سەلماندنی ئەوەی کە زۆر سڤیل لە هێرشەکەدا بریندار بووینە، سوودان بێ ڕاراییکردن ڤیزەی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەرکرد بۆ ئەوەی سەردانییان بکەن.

(بان) دڵنیا بوو کە سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا. حکوومەتی سوودانیش بە متمانەوە داوای کرد ئەمەریکاییەکان یان نەتەوە یەکگرتووەکان بچن، لێکۆڵینەوە لە پەلامارەکەدا بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان یەک قسەیەکی پرسەی بۆ خانەوادەی ئەو زێرەڤانەی شەو نەنارد کە تاکە کەسێک بوو لە هێرشەکەدا گیانی لە دەست دا. دیپلۆماتێکی پەشۆکاوی سوودانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی جووتەوانە double standardی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد و گوتی: لە شوباتی ڕابردوودا، (ئێوە عێراقتان بۆردومان کرد، چونکە ڕێی پشکنەرانی چەکی نێو نەتەوەیی نەدا بچن کاری پشکنینیان بکەن. بەپێچەوانەی ئەوانەوە، ئێمە ئێستا وا دەپاڕێینەوە بۆ ئەوەی پشکنەرانی نێونەتەوەیی بێن، کەچی ئێوە ناهێڵن.)[٤٧]

لەمیانی بیست و چوار سەعات لە پەلامارەکە، بەڕێوەبەرایەتی دەستی بە پەشیمانبوونەوەیەکی ناهەموار کرد و هێدی هێدی شێوەی قسەکانی خۆی گۆڕی. لە کۆتاییدا ڕوونەوەبوو کە ڕاپۆرتانی هەواڵگری هێنابوویان ڕاست نەبوون. بەڵام واشنتن یان نەیتوانی یان نەیویست بەڵگەی ئەوە نیشان بدات کە (الشفاء) کەرستەی EMPTA تێدا هەبووە، ئەو هەنگاوەشی ئەوەی نیشان دا کە واشنتن ترسی لە وەشدا هەبوو نەکا سەرچاوەکانی هەواڵگری ڕسوا بکرێن[٤٨]. بەرپرسەکان گوتیان بە هۆی باران بارین بەڵگەکان نەماون. تا ئەمڕۆش ئەو گەورە

بەرپرسانەی کە لە کارەکاندا بەشدار بوون مکوڕن لەسەر ئەوەی کە موخابەرات ڕاست بووە. ڕەنگە وابووبێ، بەڵام ئەوەی بەرچاوە ئەوەیە کە کارەکە باش ئەنجام نەدرا. بەرپرسەکان هەراسان بوون کە ناچار کران دان بەوەدا بنێن کە دەیانزانی پێنج مانگ بەر لە پەلامارەکە، کارخانەکە بە ناوێکی تر تۆمار کرابوو. ئەگەر ئوسامە پێوەندی هەشبووبێ، ئەوە دەگەڵ خودانی یەکەمی بووە.

بەڵام ئەو خودانەی پێشانی بەرپەرچی ئەوەی داوە کە واشنتن دەیگوت ئوسامە بەشێکی لەگەڵی تێدا هەیە، بەمەش هێشتا قسەکانی بەرێوەبەرایەتی سەبارەت بە پێوەندیی لەگەڵ ئەلقاعیدە، پتر شێواند. خاوەنە نوێیەکەی (الشفاء) ناوی سەلاح ئیدریس بوو. ئەمە کابرایەکی سوودانی بوو، سامانەکەی خۆی لە کارکردنی لە عەرەبستانی سعوودی پەیدا کردبوو، لەوێ بۆ بانکی بازرگانی نیشتمانی، کە بانکێکی ناوداره، کاری کردبوو و لەمیانی کارکردنیشیدا ڕەگەزنامەی سعوودیشی وەرگرتبوو. لە ڕێگەی گرووپی ئاکین گەمپ ستراوس هاوەر ئاند فێلد، کە کۆمپانیایەکی یاسایی ناسراوە لە واشنتن، سەلاح تیمێکی گەورە زانایانی ڕۆژئاوایی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی کارخانەکەی بۆ دابمەزرێنن. زانایەکان بە چەند مانگێک بڕوانامەی دروستییان بە کۆمپانیایەکە بەخشی؛ چونکە هیچ بەڵگەیەکیان لەبارەی بوونی EMPTA لەو کۆمپانیایەدا نەدۆزییەوە و یەکە یەکەی بیانووەکانی واشنتنیان پووچەڵ کردەوە. بەرنامەی Datelineی NBC لە ١٩٩٩دا، قسەی دەگەڵ دوو کارمەندی نەناسراوی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد. هەردووکیان گوتیان نموونەی گڵی EMPTA لە ناو کارخانەکەدا هەڵنەگیراوە، بگرە لەوبەری خیابەنەکەوە هێنرابوو. میڵتن بیردن، کە سەرۆکی پێشووی بنکەی CIA بوو لە خەرتووم، ئێستاش خانەنشینە و کاتی خۆی پێوەندییەکی باشی دەگەڵ ڕژێمی سوودان هەبوو، سەرسامی خۆی لەوە دەربڕی چونکە: (هەرگیز نەبووە کە تاقە یەک نموونەی هەندێک خۆڵ ببێتە هۆی ئەوەی شەڕ لە نێوان دوو دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات بەرپا بکات کە پەیوەندی دپلۆماسیشیان دەگەڵ یەکتریدا هەبێ.) تۆماس پیکەرینگ باسی ئەوەی کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئاگای لە گۆڕینی موڵکداریەتی کارخانەکە نەبووە و گوتی: (خۆ ڕەنگە ئێمە ئاگامان لە هەر هەموو شتێک نەبێ.)[٤٩]

لەبری ئەوەی کە پاشماوەی هەواڵگری بخاتە مەترسییەوە و بیانهێنێتە دادگە بۆ ئەوەی بەڵگەی پێویست پێشکێش بکەن، بەڕێوەبەرایەتی هەستا ۴۲$ ملیۆن دۆلاری ئیدریسی ئازاد کرد کە لە ئابی پێشتر ولاتە یەکگرتووەکان بلۆکی کردبوو. ئەو زانیارییانەی کە لەبارەی دووبەرەکی نێوان بیرۆکراسی بەر لە پەلامارەکە بلاو کرانەوە، گومانی زۆر لە هۆی پڕدانە کارخانەکە پەیدا دەکات. دوو نیشانی تر هەرچەندە پتر گومانیان لێ دەکرا، بەلام هەر بەلاوە نران. دەرکەوت کە ئامۆژگارییەکە بەتێکڕای دەنگ پەسند نەکرابوو. هەر یەکە لە ئاژانسی هەواڵگری بەرگری سەر بە پێنتاگۆن و بیورۆی هەواڵگری و توێژینەوەی سەر بە وەزارەتی دەرەوە، گومانی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕی.

وا دیارە کە CIAیش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو. چونکە ڕەخنەگران ئاماژەیان بۆ مەترسییە کلاسیکییەکانی بەکارهێنانی موخابەرات بۆ بەرژەوەندی سیاسی کرد. بەلام ولاتە یەکگرتووەکان نە دانی بەوە دانا کە هەڵەی کردووە، نە لە بری ڕووخاندنی کارخانەکەی قەرەبووی ئیدریسیشی داوە. (هەموو کات لەبارەی بنەماڵە ترسنۆکەکەی سعوود کە زەندەقیان لە تووڕەکردنی واشنتن چووە، گوتراوە کە بنەماڵەکە بە ئیدریسیان گوت نەکا نە شکات لە حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکان بکات، نە قەرەبووی ڕووخاندنی کارخانەکەشی وەربگرێتەوە تەنانەت ئەگەر ئەوان خۆشیان پێشنیاریان کرد. ئال سعود ئەمە یەکەم جاریان نەبوو کە پاشملە لای ولاتە یەکگرتووەکانیان گرتووە و نەیانهێشتووە کەس زیان بە واشنتن بگەیەنێ.)

لەو کاتەی کە تاوانبارکردنی کلنتن بەرەو پێشەوە دەچوو، سوودان واشنتنی پەشۆکاند. چونکە قوتبی مەهدی پوختەی هەڵوێستی سوودانی بە دەستخەتی خۆی بە فەڕەنسی نووسییەوە و بۆ واشنتنی نارد. نووسراوەکە ناوی دوو گومالێکراوی زیندانی تێدا بوو، یەکێکیان سەید نزار عەباس، پاسپۆرتی پاکستانی ژمارە B ٥٥٣٤٥٤٠ و سەید ئەسکندر سەید سولەیمان، پاسپۆرتی پاکستانی ژمارە ٢٨٤١٦٠E. هەردوو پاسپۆرتەکان مۆری گومالێکراوی ئۆفیسی کۆچبەرانی سنگاپۆر و مالاییزی و تانزانی و کینی بە سەرەوە بوو. مەهدی لە تێبینییەکەی نووسیبووی: (ئێمە دەمانویست تەسلیمی دەستی FBI یان بکەین،) چونکە: (زۆربەی) لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەوەی کە ئەوانە (ڕەنگەی جێی

سەرنجی) واشنتن بن.

هەرچەندە واشنتن تا چەند ڕۆژێکیش لە پێشی هێرشە مووشەکییەکەی سەر (الشفاء) وەڵامی نەداوە، بەڵام سوودانییەکان هەر نیگەران نەبوون، چونکە ئەوان نەیاندەزانی کە مووشەکی کروز بۆ ئەوە داندراوەتەوە تا لە ٢٠ی ئاب لێیان بدا. هەرچەندە (بان) لە هێرشەکە و لە کاولکردنی کارخانەکە، زۆر تووڕە بوو، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکا هێشتا سزای توندتری بەدواوەدا بێت، سوودانییەکان گێلانە نەجووڵانەوە و دەرگەیان هەر بە والآیی هێشتەوە. بەپێی نووسراوەکەی قوتبی دوو گومالێکراوەکان بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژی پاش پەلامارە مووشەکییەکە هەر مابوونەوە؛ چونکە لە کاتی ئومێدبڕاویشیان هەر بەو ئومێدەوە بوون کاشکا واشنتن بە پەلە کاردانەوەیەکی ببێ.

ئەوەی بە تەمای بوون نەبوو. هۆی نەبوونەکەشی ئاشکرابوو. بەڕێوەبەرایەتی بە تەمابوو ئۆباڵی سەرنەکەوتنی پەلامارەکەی (الشفاء) بخاتە ئەستۆی ئەمەریکاییە شەڕئەنگێزەکانەوە، بەڵام چونکە تەگەرەی بۆ دروست دەکرا؛ بۆیە واشنتن لەو دەمی ڕقە کۆنەکەی لە (بان) لە بیر نەمابوو. قەبووڵکردنی پێشنیازەکەی سوودان دوای پەلامارەکە ئەگەری ئەوەی لێ دەکرا تووڕەیی پتر پەیدا بکا و پرسیار بکەن ئایا بۆ پێش پەلامارەکە ئەو پێشنیازە وەرنەگیرا. سوودانییەکان تا ٢ی سێپتێمبەر چاوەڕێ بوون، بەڵام ئیتر ئومێدبڕ بوون و ناچار لەو ڕۆژی هەردوو گومانبارەکانیان ڕەوانەی کەراچی کردنەوە. لەوێش درانەوە دەستی ISI پاکستانی، ئەوانیش پێوەندیی توندیان لەگەڵ تاڵیبان هەبوو، تاڵیبانیش دەرۆێشی ئەقاعیدە بوون. بەم جۆرە بەڕێوەبەرایەتی دوو گومالێکراوی لە دەست دا.

الخرتووم زۆر بە پەرۆشەوە بوو بۆ ئەوەی ئەو دوو گومالێکراوانە بداتە دەستی بەڕێوەبەرایەتی، بەڵام ئەمەیان خۆی لە سەخڵەتی نەدا. نامەکەی مەهدی ئەوەشی تێدا هاتبوو کە خەرتووم لەو کاتیدا زانیاری زۆری لێیان وەدەست کەوتبوو. بۆ نموونە، نامەکەی مەهدی تێبینی ئەوەشی کردبوو کە دوو گومالێکراوەکان بە مەبەستی ناسینیان بۆ ڤیزە وەرگرتن لە نایرۆبی، بە هەڵە ناوی بەڕێوەبەری کۆنە دەڵاڵخانەی ئوسامەیان لە خەرتووم دابوو. گەورە بەرپرسێکی سوودانی چەند ساڵ پاشتر لەگەڵ مندا مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە وڵاتەکەی ڕێزی یاسای گەمانەکەی

گــرت. واشـنـتن كـــاتێكی بـاشی پێ درا بـۆ ئەوەی وەڵامــێک بداتـەوە. خـــەرتووم ڕاسـتـەوخـۆ هـەردوو گـومـاڵێكراوەكـانی ئـازاد نـەكردن، بـەڵكو دەزگـای هـەواڵگری سـوودانی تەسـلیمی دەزگـای مـوخـابەراتی پاكسـتـانی ISI كردنـەوە و بـەم جـۆرە ڕێزی پێوەندییە ناسكەكانی نێوان هـەردوولای گرت(٥٠).

تەنانەت ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی پاشتر قسـەشی لەگەڵ گومانلێكراوەكـان كردبێ، بەڵام هێشتا هیچ قازانجێكی لەوەدا نییە كە ڕاستییـەكە بڵێ. لە پاكستـانیش نە سـوودانیـیـەكـان و نە ئەمـەریكاییـیـەكـانیش ناچار نـەبوون ئـەوەی بكەن. سـەرەڕای ئەمەش كەس نازانی دوو كابرایەكە چییان لێ هـات، ئایا ئەمەریكاییەكان قسەیان لەگەڵدا كردن یان نا، ئەمانە هیچی نەزاندراون. ئەو دیپلۆماتە دژە تیرۆرەی كە من لە شــوباتی ٢٠٠٠ دا چاوم پێی كـەوت، مكوڕ بـوو لەســەر ئەوەی كـە یەكـێک (لە ئاسـتی كاركردندا) بە ڕاستی لە پاكسـتان، چاوی پێیان كەوتبوو، بەڵام بە كڵاش دڕاوی گەڕابووەوە. دیپلۆماتـەكە نە كاتەكەی پێ گوتم، نە هیچ درێژییەكی بەكەڵكی بۆ گێڕامەوە.

تەنیـا بە كورتـە دەسـتـەواژەی (لە ئـاسـتی كـاركـردندا) ئـامـاژەیەكی پێ دام بۆ ئەوەی بڵێ كە ئەمەریكاییەكان هەرگیز چاویان بەم دوو گوماڵێكراوانە نەكەوتووە. ڕەنگە كـارمـەندێكی ISI بە پێی پێشنیـازێكی دیاركراو پرسـیـاری لێیـان كـردبێ و پاشــان یـەكـێک لە واشـنـتن ئەنجـامی لێكۆڵینەكـەی خـوێندبێـتـەوە. پرسـیــارە ڕۆتینەكـانی كە مـن لەبارەی هـەردوو گومـاڵێكراوەكـان كە لە ڕێی ئـاسـاییـیـەوە لە باڵیۆزخانەی وڵاتە یەككگرتووەكان لە ئیسلام ئابادا كردم، بە هیچ نەگەیشتن. بەڵام برادەرێک كە شوێنەكەی باش بوو، دەوروبەرەكەی بۆم پشكنی، ئینجا لە كۆتاییدا بە لێڵییەوە پێیان گوتبوو كە دوو گوماڵێكراوەكان دیمانـەیان لەگەڵدا كرابوو، بەڵام هیچ زانیارییـەكی گرینگیان دەباخەڵێدا نەبوو. برادەرەكەم لەو باوەڕەدا كە ئەویان بە توندی لە كۆڵی خۆیانەوە كردووەتەوە، ئەگینا هیچ جۆرە چاوپێكەوتنێک دەگەڵ ئەوان كابرایاندا نەكرابوو. (گەورە كارمەندێكی واشـنتن كە لاری نەبوو لە هێرشە بەمووشـەكەكە، بە شـێوەیەک هـەمـان جۆرە بۆچوونی هـەبوو. كـە پێشنیـازەكـەی سـوودان ئاشـكرا بوو، ئەو لە چارەنووسی هـەردوو كـابرایەكـەی پرسـی. لە وەڵامـدا پێــیــان گــوت كــە ئەنجــوومــەنی ئـاســایشی نەتەوەیی لێكۆڵینـەوەیكی چڕوپڕی

دەگەڵیاندا کرد. پیاوەکان هیچ سوودیان نەبوو. هیچ درێژییەکیش ئاشکرا نەکرا.)[٥١]

برادەرەکەی ئیسلام ئابادم تەنیا کەسێک نەبوو کە گومانی هەبێ. چەند ساڵێک پاشتر گەورە ئەفسەرێکی هەواڵگری خانەنشین، کە لەو کاتی لە ئیسلام ئاباد بوو، ماندەڵی لە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دوو پیاوەکە کرد و ئەوەشی گوت کە ڕەنگە نەزانرابێ هەر لە بنەڕەتدا هەبووبن. لەسەر ئەوەش مکوڕ بوو کە ئەگەر هەر کەسێکی تر لێکۆڵینەوەکەی بکردبایە، بێگومان ئەو خۆی پێی دەزانی[٥٢]. گەورە ئەفسەرێکی هەواڵگری سوودانیش کە پێوەندیی بە کێشەکەوە هەبوو، لە هەمان کاتدا، وەک گاڵتەی زەمانە، لە نیویۆرکدا پێی گوتم: ئەمەریکاییەکان هەرگیز هیچ قسەیان لەگەڵ دوو کابرایەکە نەکرد، جەختیشی کردەوە کە بە خۆی تەواو ئاگەداری بابەتەکەی هەبوو. بەڵام لە خۆوەڕا پێی نەگوتم چۆن دەیزانی کە ئەمەریکاییەکان دیمانەیان لەگەڵ دوو گومالێکراوەکان نەکردبوو، بەڵام من لەلای ترەوەڕا زانیم کە ئەو کابرایە پەیوەندییەکی توندی لەمێژینەیان دەگەڵ ISIدا هەبووە[٥٣].

بڕیارم دا بزانم حکوومەتی پاکستانی چی لە هەردوو پیاوەکە کرد. لە ١٩٩٩ و ٢٠٠٠دا لە پاکستان هەردەم ISI و وەزیرە ناوەخۆیە سڤیلییەکەی کە لە ١٩٩٨ لە کار بوو، بەوە نیگەرانم دەکردن کە لەبارەی هەردوو پیاوەکە پرسیارم لێ دەکردن. ناوی هەردووکیان و ژمارەی پاسپۆرتەکانیشیانم نیشان دان. لە سەرەتادا کە پرسیارم کرد پێیان گوتم بە زووترین کات تەواوی زانیارییەکانت دەدەینێ. بەڵام لە بەدواداچوون و تەلەفۆنەکانی کردم بۆ وەرگرتنی وەڵامێک هەموو کات ئەفسەرێکی تووڕە وەڵامی دەدامەوە. هێشتا مەلا کەمال حەیدەری ڕۆژنامەنووسی پاکستانی (پاشان بووە پەیامنێری CNN بەختەوەرتر بووم. NBC ئەرکی ئەوەی پێ سپارد کە پرۆگرامێک بۆ Dateline لەبارەی پێوەندییەکانی نێوان سوودان و وڵاتە یەکگرتووەکان ئامادە بکات. سوودانییەکان فۆتۆکۆپی پاسپۆرتە گومانلێکراوەکانی هەر دوو پیاوەکە، هاودەم لەگەڵ وێنەی هەردووکیانیان دابووە کەمال حەیدەری. توێژینەوەکەی ناچاری کرد سەردانی کوێتەی پایتەختی بلوجستانی پاکستانی بکات. ئەفسەرەکانی ئۆفیسی پاسپۆرت لەوێ هەر زوو

جەختیان کردەوە کە پاسپۆرتەکان دروست بوون. لە میانی دوو حەفتە توێژینەوەدا، ئەویش بۆی دەرکەوت کە هەردوو پیاوەکە ئەدرێسی ساختەیان لەسەر فۆرمی پاسپۆرت وەرگرتنەکانیاندا نووسیبوو. بەرتیل دانە کارمەندەکان لە پاکستان کارێکی زۆر ئاساییە؛ تەنانەت ئەگەر فێڵبازێکیش بیدا کارەکەی بۆ دەکرێ (ئەوە لە زۆر وڵاتی تریشدا هەیە.)

ئەگەر ئاشکرا ببێ کە ئەم فرتوفێڵە بۆ دەربازکردنی ئەدرێسێکی ساختە کراوە، ئەوە ڕەنگە لەو بلوجستانە خێڵەکییەدا بە تاوانێکی ئەخلاقی بناسرێ. بۆیە حەیدەر کۆمەڵێک تەلەفۆنی بۆ هۆتێلەکەی بۆ کرا و داوان لێی دەکرد دەمودەست لە کوێتا دەرچێتە دەرەوەو بڕوا، ئەگەر نا تووشی چارەنووسی زۆر خراپی دەکەن. ئەویش هیچ دەودەوانێی لەگەڵدا نەکردن. کەمال حەیدەر تا ئەمڕۆش نازانێ ئایا لێکۆڵینەوەکەی گەندەڵی سەرانی گەورەی ئاشکرا دەکرد، یان هەر تیرۆریستێکی خراپکاری بەدیار دەخست. کوێتا کەمتر لە یەک سەعات بە ئۆتۆمۆبێل لە سنووری ئەفغانستانەوە دوورە و لەوان ساڵاندا لەلایەنی برادەرانی ئوسامەوە کۆنترۆڵ کرابوو.(٥٤)

بەم شێوەیە بابەتەکە بەبێ ئەوەی کەسێک زۆر هەراسان بکات، بەسەرچوو. بە قسەی قوتبی مەهدی ISI پێی ڕاگەیاندووە(٥٥) پاگەندەی وا هەیە کە هەردوو کابرایەکە دوای ئەوەی کە گەیشتنە پاکستان، زوو ئازاد کران و لە سنووری ئەفغانستان دەرباز بوون و پێوەندییان بە ئەقاعیدە کردەوە و ئیتر لە ناویاندا بزر بوون. لە ڕاستیدا پاگەندەی زۆر توندیش هەیە کە نەواز شەریفی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای پاکستان، هەردووکیانی لە ڕێگەی ISIەوە تەسلیمی ئوسامەی کردنەوە لە بری ئەوەی کە ئەویش نەیارە ئیسلامییە توندڕۆیەکانی حکوومەتەکەی لە پاکستان بۆی دەمکوت بکات. گریمان ئەو قسەیە ڕاستیش بێ، هێشتا هیچ سوودێکی بۆ نەواز شەریفی نەبوو؛ چونکە ساڵی پاشتر سەرۆک پەروێز موشەڕەف لە ڕێی کودەتایەکی سەربازییەوە لە سەر کاری لادا.

ئەوەی کە پێوەندیی بە ئوسامەوە بێت ئەوە بوو کە لە کاتی کەوتنە خوارەوەی مووشەکەکان و تەقینەوەیاندا، ئوسامە خۆی لەو کامپەدا نەبوو کە نزیکەی بیست کەسی تێدا کوژران. زۆربەی کوژراوەکانیش ئەو پاکستانیانە بوون کە لەوێ

مەشقیان دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ڕزگارکردنی کشمیر لە چنگی هیندستان ئامادە بکەن. (أیمن الظواهری) کە دەستی ڕاستەی ئوسامەیە و سەرۆکی جیهادی ئیسلامی مسرییە، لە شوباتی پێشتردا دەگەڵ ئەقاعیدە تێکەڵی یەکتری بوون، بە تەلەفۆنە سەتەلایتەکەی پێوەندیی بە پەیامنێرێکی پاکستانییەوە کرد و پەیامێکی زۆر توندی پێی ڕاسپارد: ئوسامە دەرباز بوو. گوتیشی: (بە ئەمەریکاییەکان بڵێ ئێمە نە لە بۆردومانەکانیان و نە لە هەڕەشەکانیان و نە لە پەلامارە دژکارەکانیان ناترسێین. ئێمە بۆ ماوەی دە ساڵان، بە هۆی ئەو بۆردومانانەی کە سۆڤیەتەکان کردیانە سەر ئەفغانستانەوە، گەلێک زۆرمان چێشت، ئێستاش ئامادەین قوربانی پتر بدەین. شەڕ وا تازە دەستی پێ کرد. جا ئەمەریکاییەکان دەبێ چاوەڕێی وەڵامی ئێمە بکەن.)

زەواهیری بە ئاشکرا پەیامەکەی بۆ ئەمەریکا و سەرجەم ڕۆژئاواییەکان نارد. لەو کاتەی کە هاووڵاتییە ئەمەریکاییە ئاساییەکان لەبەردا بوون بزانن هۆی پەلاماردانی باڵیۆزخانەکانی وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا چ بوو، نامەیەکی کورتی زەواهیری کە لە ڕۆژنامەیەکی عارەبی، لە لەندەن لە ٧ی ئاب، هەمان ئێوارەی بۆردومانەکە بڵاو کرابووەوە، سەرنجی ڕاکێشان. زەواهیری تووڕە بوو. وڵاتە یەکگرتووەکان گورزێکی کوشندەی لە پیاوە چالاکەکانی زەواهیری وەشاند. هەرچەند حەفتەیەک پێشتر، CIA بە هاریکاری کاربەدەستانی ئەلبانیا، کۆمەڵێک گەورە بەرپرسە میسرییەکانی شانەکەی ئەویان لە تیراناوە ڕفاند و بردیانن لێکۆڵینەوەیان دەگەڵدا کردن، پاشان گەڕاندیانەوە بۆ مسر بۆ ئەوەی لەوێ دووبارە لێکۆڵینەوەیان دەگەڵدا بکرێتەوە و، ڕەنگە ئەشکەنجەش بدرێن. ئەوانەش کە لە کوشتن دەردەچن، بۆ ماوەی دوور و درێژ زیندانی بکرێن.

زەواهیری لە پەیامەکەیدا نووسیبووی: (ئێمە دەمانەوێ بە کورتی بە ئەمەریکاییەکان بڵێین کە پەیامەکەیانمان وەرگرت، ئومێد دەکەم وەڵامەکەشی باش بخوێننەوە، ئەویش ئەمەیە. ئێمە، بە یارمەتی خوا، بەزمانێک دەینووسینەوە کە هەمووتان تێی بگەن.) لە ڕاستیدا، پیلانی پەلامارەکانی سەر باڵیۆزخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا چەند ساڵ بوو ئامادە دەکرا و یەکەم هەنگاو بۆ ڕاپەڕاندنی لە بەهاری پێشتر دەست پێ کرابوو. بەڵام زەواهیری بۆ ئەوەی شانازی بە کارەکەی

بکا پەلامارەکانی بە گرتنی ئەندامەکانی لە تیرانا بەستەوە. زەواهیری پێویستی بەوە نەبوو کە پاکانە بۆ هیچ کام لە نامەکانی، بۆ موسڵمانە گەنجەکان، بکات. یەکسەر دوای پەلامارە مووشەکییەکەی ئەمەریکا، سەدان موسڵمان لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامییەوە بەرەو کامپەکانی مەشقکردنی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان کەوتنە ڕێ. ئەوەش هەمووی بەهۆی ناوبانگی ئوسامەوە بوو. ئەمەریکاییەکان بەو هەموو تەکنۆلۆجیا باڵایەوە نیشانەکانی خۆیانیان لە سوودان و لە ئەفغانستاندا، نەپێکا. ڤۆڵەنتیرەکان لەو باوەڕەدا بوون کە خوا بە خۆی ئوسامەی پاراست. خۆ بەتەنیا موسڵمانەکان بەم شێوە بیریان لە بابەتەکە نەکردەوە.

کاروباری سوودان دەکرا بە باشترین شێوە بەڕێوە بچووبا، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا، سوودان هەرگیز بەم پلە چاکە نەگەیشتووە، بتوانێ ئەوەمان لە بیر بباتەوە کە پێشتر ڕۆژئاواییەکان بە تەوسەوە بە خەڵکی سوودانییان دەگوت (جوامێری ڕۆژهەڵاتی wog. وشەی wogs قسەیەکی ڕەمەکی slangی سەردەمی ئیستعماری بەریتانی بوو، بە هەموو ئەو گەلە جیاوازانەی دنیایان دەگوت کە لەندەن حوکمڕانی دەکردن و ڕەنگیان لە هی ئەوان تاریکتر بوو؛ ئەوەش لە ڕابردوودا جۆرە سووکایەتی پێکردنێک بوو. جوامێری ڕۆژهەڵات بەو کەسانە دەگوترا کە زۆر هەڵەیان هەبوو، یان بەو شتانەیان دەگوت کە لەگەڵ لۆجیکی ڕۆژئاواییدا یەکیان نەدەگرتەوە، ئەوەش لەو پارچەیەی جیهاندا هەبوو کە هێشتا ناوی جیهانی سێیەمی Third Worldپێوە نەنووسا بوو. منیش وام بە باش زانی کە بیر لە زاراوەی هەرا و گاڵەگاڵ white noise بکەمەوە بۆ ئەوەی دەگەڵ ئێستادا بگونجێ. ئەو هەرا و گاڵەگاڵەش فیتنەیەکی کوشندەیە دراوسێیە ئاژاوەگێڕەکان دروستی دەکەن. چونکە هەرا و گاڵەگاڵ لەو هەرێمەدا هێلانەی کردووە، بۆیە لەوەتی ئیمپریالیزمی قرچۆک نەماوە، هیچ دەوڵەتێک لەو هەرێمەدا کە تازە سەربەخۆیی وەردەگرێ لەو هەرا و گاڵەگاڵە چرەدا بێ بەش نابێ.

هەندێ لە کەسایەتییە سوودانییەکان زەوییان پێکەوەنا و سەلماندییان کە ڕقیان لە بیانییان هەیە؛ بۆیێ هەر لە دیرزەمانەوە مصرییەکان هەمیشە لە تێپەڕبوونی ڕووباری نیل بە ناو خاکی سووداندا نیگەران بوونە، چونکە هەردەم نەیانتوانیوە

بێ ئەگەرە سوود لەو ئاوە وەربگرن کە بنەمایەکی سەرەکی بوونیانە. هەوڵی تیرۆرکردنی حوسنی موبارەکی سەرۆکی مسریش لە ١٩٩٥دا، ڕەوسەی ئەو هەرا و گاڵەگاڵەی بوو، چونکە ئەگەر سەرکەوتبایە، ئەوە بێگومان مسر تۆڵەی دەکردەوە، بۆ تۆڵکردنەوەکەش هەموو توانای خۆی بۆ ڕووخانی (بان) لە خەرتووم بەکار دەخست(٥٦).

تورابی خەونی بەوە دەدیت کە خەرتووم بکاتە سەنتەرێکی گرینگی جیهانی ئیسلامی، بۆ ئەوەیش فاکتەری هەرا و گاڵەگاڵی پەسند کرد. لە ڕاستیدا خەرتووم زۆر لە لاچەپی وڵاتانی عەرەبی هەڵکەوتووە، زۆر ڕەشە، بە پێی بۆچوونی ئیسلامییە جیهادییەکانیشەوە ئیسلامەتی لە سوودان زۆر تێکەڵی سوفییاتی -Sof ismەکی ئەفریقی بووە بۆیە تووشی گەندەڵییەکی زۆر هاتووە. پاشەکشەکردنی سوودان لە بەرژەوەندی تورابیدا بوو. لەمێژە دیپلۆماتانی بەریتانی و بەڕێوەبەرانی ئیمپریالی لە سوودان نەماون؛ بۆیە لە دوای ئەوان پێوەندیی سوودان بە ئەزموونی دەرەکییەوە بڕا. تورابی و (بان) لە سەرەتادا ویستیان خۆیان گۆشەگیر بکەن، بەمەش خۆیان لە چاوی ناوەخۆ و بیانیش حەشار بدەن. ئیش و کار لە سوودان هێندە خراپ بوو، تا ڕادەیەک کە لوبنانییەکان بارگەی خۆیان لەوێ تێکنا و گوێیان بە هیچ شتێک نەدا و بۆ وڵاتی خۆیان چوونەوە. پرۆسەی گەشەکردن لە خەرتووم ڕاوەستا و بەمەش سوودانییە زۆر بە پرسیارەکان چیی تر گوێیان بە جموجۆڵەکانی (بان) نەدا.

کە لە ٢٠٠٠، دووبارە پێوەندیم بە برادەرە سوودانییەکانم کردەوە لەوانم زانی کە سوودان لەو چەند ساڵی ڕابردوودا چی بەسەر هات. چاوەڕێ بووم پێم بڵێن ئوسامە لەوێ چی کرد و گەیشتە چی. داوای لێبووردنیان لێ کردم، چونکە لەوەی من دەمویست، هیچیان هڕەی لە مڕەی نەدەکرد و نەشیاندەویست هیچ بزانن. ناوە ناوە ئوسامە لێرە و لەوێ بۆ نوێژی هەینی لە مزگەوتان دەدیترا. هەموو کات زرێڤانی تایبەتی خۆی دەگەڵدا بوون، ئوسامە درەنگ دەهاتە نوێژ و زووش سواری تۆیۆتا لاندکروزەرەکەی دەبووەوە و دەڕۆیشت و کۆمەڵێک ئۆتۆمۆبێلی شووشە ڕەشیش بەدوایەوە بوون. سەرچاوەیەک گوتی کە نزیکەی ١٠٠ کەس لە پاسەوانەکانی لەگەڵ خۆی لە ئەفغانستانەوەڕا هاتبوون. سەرچاوەیەکی تر گوتی

٣٠٠ کەس بوون، ئەمەیان ئەستەمە پێی بڕوا بکرێ، بەڵام هیی تر هەبوون ژمارەی پاسەوانەکانیان گەیاندە ٤٥٠ کەس. ڕۆژانی هەینی دەچوو سەیری قۆشمەی ئەسپانی دەکرد؛ بەڵام چونکە موزیک لەکن وەهابییان حەرامە؛ بۆ ئەوەی ئەویش خۆی بەوەهابییەکی باش لە قەڵەم بدا، هەر کە کەڕەنایەکەی لەگەڵ سەرەتای هەموو پێشبڕکێیەک لێ دەدرا، پەنجەی خۆی دەخستە سەر گوێیەکانی بۆ ئەوەی گوێی لە موزیک نەبێت. دراوسێیەکانی نزیک ماڵەکەی لە ڕیاد لە بیریانە هەموو جارێک لە پاش نوێژان تۆپێنی لەگەڵیاندا دەکرد.

دراوسێیەکانی لە نزیک کێڵگەکەی لە باکوری خەرتووم، جارێکیان شکایەتیان لەوە کرد کە دەنگی تەقینەوە لە ماڵەکەی ئوسامە دێت، بۆیە پۆلیس هاتە ناو کێشەکەوە. بەڵام بە یەک تەلەفۆن دەگەڵ بەرپرسێکی گەورەدا، کێشەکە تەپس کرا. ئەو ئەندامانەی ئۆپۆزیسیۆنی سوودانی کە من لە قاهیرە و لە شوێنەکانی تریش دیمانەم دەگەڵدا کردن زۆر شتیان لەبارەی ئوسامە و ئەلقاعیدەوە دەزانی، بەڵام نەیاندەتوانی قەناعەت بە پیاو بکەن. خۆ ئەوانیش بە تەنیا نەبوون. لە درەنگی نیسانی ١٩٩٥دا، کاتێک کە لە سوودان بووم بۆ ئەوەی کە ڕاپۆرتێک ئامادە بکەم، گەیشتمە ئەو ڕاستییە کە واشنتنیش هیچی لەبارەی ئوسامەوە پێ نەبوو. دۆنەڵد پیتەرسن، باڵیۆزی ولاتە یەکگرتووەکان لە سوودان تا ١٩٩٥، پاشتر ئەو قسەیەی منی پشتڕاستکردەوە و گوتی، واشنتن پێی گوتووە پەیامێکی نەنووسراو non-paper بگەینیتە تورابی، ئاگەداریان بکاتەوە ئەگەر ئەو تیرۆریستە دژە ئەمەریکاییانە پەلاماری ئەمەریکا بدەن ئەوە: (کاردانەوەی ئێمە ڕەنگە ببێتە هۆی پەراوێزکردن و گۆشەگیرکردنی سوودان، ڕەنگە بشبێتە هۆیەک بۆ تێکدانی ئابووریتان، هەروەها ئەگەری ئەوەشی هەیە پەلامارێکی سەربازی واتان بدەین کە زیانێکی زۆر گەورەتان پێ بگەیەنێ.) بەڵام پیتەرسن گوتی (لە بیری نییە) ناوی ئوسامە وەک تیرۆریستێک لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ سوودانییەکان هاتبێت، چونکە: (ئێمە لە خەرتووم بە ڕاستی زۆر بایەخمان پێی نەدابوو.)(٥٧)

سوودان زۆر بە گرانی ڤیزەی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەردەچواند. من یەک جار ڤیزەیەکم لە ١٩٩٥دا، بۆ دەرچوو بۆ ئەوەی ئامادەی فێستیڤاڵێک ببم کە سەدان موسڵمانی توندڕۆ ئامادەی بووبوون، ناویشی کۆنفرانسی نەتەوەیی ئیسلامی

عـەرەبی – المؤتمر الشـعـبي الاسـلامي العـربي) – بوو. تورابی بە شـێـوەیەکی نائاسـایی ئەم کۆنفرانسـەی بەو مـەبەسـتـە ڕێک خست تا سـوودان و خـۆی بخـاتە سـەر نەخشـەی جیـهـانی ئیسـلامـییـەوە (پاشـان زانیم ئوسامـە خـەرجیـیەکەی بۆی دابین کـردبوو.) من لـە سـەرەتادا سـەلیـقـەی ئەوەم نەبوو بـچـمـە نـاو هۆڵێکی داخراوەوە و گوێ لە وتاری ئاگرینی ڕەوانبێژان بگرم. لەبری ئەوە هـەستام سوودم لە ڤیزەکەی بۆ ئەوە وەرگرت وتارێکم لەبارەی ئەوە نووسی کە تورابی چۆن خـۆی لەو کارلۆسە ڕزگار کرد کە خـۆی تا ڕادەیەک کردبووە پاڵەوانێکی فەلەستینی کە زۆربەی فەلەستینییەکان بە خۆیان ڕقیان لێی هەڵدەستا. لە کۆتاییی شەڕی سارد کارلۆس لـە سوریا دەرکرا و پاشـتر چەندین ڕژێمی توندڕۆی عەرەبی شاپیان تێی هەڵدا، تا لە کۆتایی، لە ١٩٩٣دا، لە خـەرتووم کەوتەوە. هـەڤاڵە مـارکسـییەکانی لە پەنای پـەردەی پۆڵایینـەوە Iron Curtain چیی تر لە حـــوکم نـەمـــان و ڕژێمـــە عـەرەبییـەکـان نەوێران چیی تر داڵدەی بدەن. تەمـەنی لە تـەمـەنی شـەڕی سـارد درێژتر بوو، بۆیە سوودی بۆ کەس نەمابوو.

چووم سـەردانییـەکی کورتی باڵیـۆزخانـەی وڵاتە یەکگرتووەکانم کرد بۆ ئەوەی لە پاگـەندەیەک دڵنیـابم کە دنیـای پڕ کـرد بوو. دەگوترا کـە CIA لە ١٩٩٣وە یەکەم لایەن بوو زانی کـە کارلۆس بە پاسـپۆرتێکی دیپلۆمـاسـی ئوردنی، لەگەڵ دۆسـتـە کچێکی گەنجەوە گەیشتنە خـەرتووم. کارلۆس ناوێکی سـاختـەی لە خـۆی نابوو. واشنتن هیچ کێشـەیەکی لەگەڵ کارلۆسـدا نەبوو – چونکە هیـچ ئـەمـەریکاییـەکی نەکوشـتـبوو – بۆیە زانیـاری نهێنی لەبارەیەوە گەیاندە فـەڕەنسـا. ئەوەش بۆ ئەوە بوو سـوپاسـێکی فـەڕەنسا بکرێ بۆ ئەو یارمـەتییـەی کـە لە ١٩٩١ بۆ ئازادکردنی کوێت پێشکێشی کرد. فـەڕەنسا دەیویست کارلۆس بە چەند تاوانێک بگری. لەوانە دوو نمایندەی دژە سـیـخـوڕی لـە پاریس لـە ١٩٧٥دا کـوشـتن، چەند پـەلامـارێکی تیـرۆریسـتی لە پاریس و لە هەندێک لە هـەرێمـە جـودایەکانی فەڕەنسـا، کردبوو. لە ١٩٩٤دا فەڕەنسا دانوستانی لەگەڵ تورابیدا تەواو کرد(٥٨).

کـارلۆس لە ٤٩٩١، لە نـەخـۆشـخـانە بوو، لە کـاتێکدا هێـشـتـا لە بن بەنج بوو، ڕفێندرا. پاسەوانە تـایبەتەکانی خـۆی کە سـوودانی بوون، دەسـتگیریان کرد. هـەر چەندە کـارلۆس زۆر لە شـرینقـە دەترسـا، بەڵام هـەر دەرزییـەکیـان لێی دا بۆ ئەوەی

هێمن ببێتەوە. پاشان پەلبەست کرا و خرایە نێو گوشێکەوە و سندمی لە دەست کرا، کیسەیەکی ڕەشیان لە سەری کرد و بە فڕۆکەیەکی تایبەت ڕەوانەی پاریس کراوە و لەوێ بە فەرمی زیندانی کرا. تیمە پۆلیسە فەڕەنسییەکەی کە کارلۆسیان بۆ فەڕەنسا بردەوە، پێیان گوترابوو کە لە ڕێگە تەنیا بە ئینگلیسی بئاخێڤن، بۆ ئەوەی کارلۆس وا بزانی کە ئەوان سەر بە مۆسادن و بۆ ئیسرائیلی دەبەن. چەند ساڵ پاش ئەوەی دادگایی کرا و بە موئەبەد زیندانی کرا، داوام کرد کە ڕێگەم بدەن تا سەردانییەکی کارلۆس بکەم – واتا سەردانی ئیلیخ ڕامیرێز سانشێز – لە بەندیخانەی سانتێ لە پاریس بکەم. دەمویست لێی بپرسم بزانم ئوسامەی لە خەرتووم دەناسی. دەشمویست بزانم بۆچوونی بەرانبەر بە توندوتیژی ئیسلامی سیاسییەوە چییە، چونکە لە پاش ئەوەی کە وازی لە بیرۆکەی مارکسی هێنا، بووە ئیسلامییەکی توندڕۆ. چەند مانگ پاشتر داخوازییەکەم بە نامەیەکی فەرمی ماندەل کرا؛ چونکە دیمانەکە (هیچ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی و پیشەیی نییە.) واتا پێوەندیی بە ئاشناکردنەوەی زیندانییەکەوە نییە. پاشتر کارلۆس نامەیەکی دەستنووسی بۆ ناردم. لە نامەکەیدا ڕەخنەی توندی لە تورابی گرتووە و بە تاکڕەگەزی homosexual ناوی دەبا و نکوڵی لەوەش کردووە کە ئوسامەی لە سوودان ناسیبێ. (من نامەوێ ڕێگە بۆ تەکتیکی یاسای ئیمپریالیزمی خۆش بکەم بۆ ئەوەی هەموو بەرهەڵستیکاری هێزە چەکدارەکان لە ناو یەک تۆڕێکی پیلانگێڕی ئوسامەدا بتوێنێتەوە.) کارلۆس لە نامەکەیدا ئامادەیی ئوسامەی بۆ خەرجکردنی سامان و دارایی خۆی لە پێناو (بەرنگاربوونەوەی سوپای سووردا لە ئەفغانستان) بەرز نرخاند، چونکە بە ماڵی تایبەتی خۆی (موجاهیدە بیانییەکانی دەگرتن، مەشقی دەدان، چەکی بۆ پەیدا دەکردن، لە شەڕەکانیشدا سەرکردایەتی دەکردن.)

کە بە دوای بابەتی کارلۆسەوە بووم، دوو کارمەند لە بری ئەوەی کە لە ئۆفیسەکەدا وەڵامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکانم بدەنەوە، منیان بۆ خواردنەوەی لیمۆنێک بانگهێشت کردە کافێیەکی لە دەرەوە لە قەراخی نیل لە نزیک هۆتێلی هیلتن، دانیشتین. من پێشتر لەم جۆرە بایەخ پێدانە شارەزاییم نەبوو، بۆیە وای بۆچووم کە لەبەر ئەوە منیان ئاوا دوور خستەوە تا باڵیۆزخانەکە نیگەران نەکەن.

یەکسەر لەگەڵ دانیشتنەکەمان، جەختی سزاکەی کارلۆسیان کردەوە. پاشان زۆر هانیان دام بۆ ئەوەی دیمانەیەک لە ڕیاد دەگەڵ ئوسامەدا بکەم. ڕیاد گەڕەکێکی خۆشی خەرتوومە، تورابی و گەورە کارمەندانی (بان) لە شوێنەکانی تر پەسندتری دەکەن. من ئەو کات هیچم لەبارەی ئوسامەوە نەبیستبوو، بەڵام بە ڕاستی من زۆر بە دەگمەن ئیشم لەبری حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، کردووە. داخوازییەکەیان نارەحەتی کردم؛ چونکە هەموو ئەو پەیامنێرە ئەمەریکاییانەی کە لە جیهانی سێیەمدا کار دەکەن، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە سیخوڕانی سی ئای ئەی CIA ناوزەدیان دەکەن، بۆیە ویستم خۆیان لێ دوور بکەمەوە. هەرچەندە میوانەکانم لێیان خواستم ئوسامە ببینم، بەڵام هیچ زانیارییەکی سوودبەخشیان لەبارەیەوە نەدامێ بۆیە دڵنیا بووم بۆ ئەوە منیان دەویست کە ڕێگەیان بۆ سەح بکەمەوە.

بەڵام ڕۆژی پاش لێمۆنەکە هەندێ کاتم هەبوو، بۆیە بۆی شۆڕبوومەوە ناو ئاواییەکەی ئوسامە. پاسەوانە چەکدارەکانی منیان دوور خستەوە و بڕایەوە. پاشان شتێکی سادەم زانی کە بە بەرگوێی ئەمەریکاییەکان نەکەوتبوو. دیارکردنی کاتێک بۆ دیتنی ئوسامە کارێکی ئاسان نەبوو. ئەو هەردەم دەیویست ڕۆژئاوا بیناسێ، بۆیە پتر حەزی لە دیمانەی تەلەڤزیۆنی دەکرد. بۆیە دەرگەی بۆ هەموو پەیامنێرێک لە سەر پشتێ نەبوو. ئوسامە وەک کەسێکی کە نەخۆشی خۆ بەزلزانین paranoiaی هەبێت ئاوا خۆی دەپاراست. بەڵام هەینێش بیانووی خۆی هەبوو کە وای دەکرد.

لە ١٩٩٤دا، چەکدارێکی سەر بە گرووپی (التكفير والهجرة)، کە پسپۆڕە لە کوشتنی ئەو موسڵمانانەی کە بە تۆمەتی لە دین لادان تاوانباریان دەکا، بە بیانووی دوژمنکاری لەگەڵ (بان)دا، مزگەوتێکی لە (أم درماني) تەنیشت خەرتوومی وەبەر دەستڕێژی گوللە دا. بەڵام پێش ئەوەی بگاتە ئاواییەکەی ئوسامە، کابرایەکە دەستگیر کرا. لە ١٩٩٥یش، چوار چەکداری بەکرێ گیراوی یەمەنی کە بە پیکابێکی تویۆتای هایلۆکس بوون، لەسەر شووره بەرزەکانی ڤێلاکەیەوەڕا ژووری دانیشتن و ئۆفیسەکەیان گوللەباران کرد.

پاسەوانەکانی ئوسامە کە سعوودی و یەمەنی و فەلەستینی بوون، لە دەرگەی دیوەخانەکەیەوەڕا وەڵامیان دانەوە و یەکێک لە پاسەوانەکانی کوژرا و دوو یان سێ

له میوانەکانیشی له ناو دیوەخانەکەدا کوژران و سێ کەس لەو چوار چەکدارەی کە پەلامارەکەشیان دا، خۆیان بە دەستەوە دا. یەمەنییەک و لیبییەک لەوانەی کە مابوون، دواتر سوودان ئیعدامی کردن(٥٩). پاشان لایەکی ئەو ڕێیەی کە بۆ ماڵەکەی دەچوو، داخرا و چواردەوری ئاوایییەکەش پاسەوانی بۆ داندرا. ئەوەش هێشتا خۆ- بەزلزانینەکەی لە دڵی ئوسامە دەرنەکرد. پاش چەند ساڵ، میر تورکی فەیسەڵ گوتی، هێرشەکەی بۆ سەر ماڵی ئوسامە کرا، سوودانییەکان بە خۆیان ڕێکیان خستبوو بۆ ئەوەی ئوسامە ناچار بکەن پاسەوانی زۆرتر بەکرێ بگری(٦٠).

بۆ ئەوەی لە بەرچاوی خەڵکی، خۆی هەر وەک بوخچەیەکی نەکراوە بهێڵێتەوە، ئوسامە کەتاوتێکی کارەبایی بۆ پشکنینی میوانانی بەکار هێنا. لە ١٩٩٤دا، یەکێک لەو نمایندە سعوودییانەی کە متمانەی پێ دەکرد، ناوی خالد فەواز بوو، ناردییە لەندەن بۆ ئەوەی لە شەقامی بێتهۆڤن، لەوێ کۆمپانیایەکی گەورە بە ناوی کۆمیتەی ئامێر و چاککردنەوە ARC ئەوەی بۆ دروست کرد. یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی ئوسامە بۆ ئەوەی پروپاگەندە بۆ خۆی بکا ئەوە بوو کە وتەکانی لە دژی ئال سعود لەو ڕۆژنامە عەرەبییانەدا بڵاو بکاتەوە کە لە لەندەن چاپ دەبوون. بەڵام ARC ئەرکێکی تری هەبوو؛ خالد فەواز ئەو ڕۆژنامەنووسانەی باش هەڵدەسەنگاند کە دەیانویست دیمانە دەگەڵ ئوسامەدا بکەن. ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس دەردەچوو، ناچار دەکرا لە خەرتووم چەند ڕۆژ چاوەڕێ بکا تا بە مرازەکەی دەگەیشت. زۆر لەگێن بوو لەو ماوەی چەند ڕۆژ چاوەڕێکردندا، چاودێری بکرابا.

لە ساڵانی پاشتریش کە ئوسامە گەڕاوە ئەفغانستان، ڕێگەیەکی نوێی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانە گرتەبەر کە بۆ چاوپێکەوتنی دەچوون. یاوەرەکانی ئوسامە یەکەم جار چاوی ڕۆژنامەنووسەکانیان دەبەستانەوە، ئینجا سواری ئۆتۆمۆبێلی شووشە ڕەشیان دەکردن و بۆ ماوەیەک لە چەندین خیابانی جیاجیادا دەیاسووڕاندنەوە و پاشان لە تاریکی شەو دەیانگەیاندنە لای ئوسامە. گرووپە تەلەڤزیۆنییەکان ناچار دەکران کامێرا و تیپی ئەوان بۆ وێنەگرتن بەکار بێنن نەک هی خۆیان. دیمانەکان دەبوو لە دوای نیوەشە و یا لە بەرەبەیاندا تەواو بکرابان.

حەمید میر، پەیامنێرێکی پاکستانی ڕوحسووک بوو، دوا کەس بوو لە دوای ١١ی سێپتێمبەر دیمانەیەکی لەگەڵ ئوسامە کرد. لە ١٩٩٧، حەمید یەکەم دیمانەی لەگەڵ ئوسامە ساز دا. پیاوانی بەڕیش چەندین ڕۆژ لەو ناوەدا بە دوای حەمیددا دەسووڕانەوە بۆ ئەوەی لە دوا جار ڕێگەی بدەن دیمانەیەک لەگەڵ ئوسامە بکا.

لەمیانی چوونی بۆ دیمانەی ئوسامە، حەمید میر، لە سەرەتادا، چەند جار ڕووت دەکراوە و ناچار دەکرا پشکنینی ئیندۆسکۆپی endoscopic بۆ بکرێ بۆ ئەوەی دڵنیابن کە ئامێری تۆمارکردنی پێشکەوتووی لە ناو ورگیدا نەشاردووەتەوە. بۆ ئەوەی حەمید نەتوانی خیانەتیان لەگەڵدا بکا؛ ئوسامە لە یەکەم دیمانەی، ڕووبەڕوو داوای لێی کرد ناو و تەمەنی منداڵەکانی، هی هاوسەرەکەی، هی برادەرە نزیکەکانی هاودەم دەگەڵ ژمارەی تەلەفۆنیان و ئەدرێسیان بە دەستی خۆی بۆی بنووسێتەوە. حەمید میر گێڕایەوە و گوتی: پێش لە دیمانەی دووەم ڕووتیان کردمەوە و گونیان پشکنیم، بە توندی گوشیان، چونکە گومانیان هەبوو ئامێری ئەلیکترۆنی پێشکەوتوی تێدا شاردرابێتەوە. میر بە خۆی ئەوەی بۆ من و بۆ چەند کەسێکی تریش گێڕایەوە، بەڵام خۆ حەمید میریش لەوە دوور نییە کە پروپاگەندەی بۆ خۆی کردبێ[٦١].

فەزل یەکێک بوو لەوانەی لە ئەلقاعیدە هەڵگەڕابووەوە، هێندە زانیاری موخابەراتی لەبارەی ئەلقاعیدە پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی کلنتن کردبوو، لەم دواییەدا ئەو زانیارییانە خرابوونە پێش دادگەیەکی نیویۆرکەوە و لەوێ وەک بە گۆمڕی زێڕ gold mine باس کرا. لە ٢٠٠١دا، فەزل باشترین گەڤاهی حکوومەت بوو کاتێ کە دادگەیەکی فیدراڵی لە مانهاتن، چوار پیاوی دادگایی کرد و فەرمانی زیندانی موئەبەدی – بێ لێبووردنی دان، چونکە لە پەلامارەکەی ١٩٩٨ی سەر باڵیۆزخانەکانی نایرۆبی و دارولسەلام دەستیان هەبوو. ئەو دوو پەلامارەی کە بێشک کاری ئەلقاعیدە بوون، یەکەم پرۆسەی دادگاییکردنێکی تیرۆریستان بوو، کە لە دادگەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرا. فەزل زانیاری تەواوی لەبارەی کارەکانی ئوسامەی لەو کاتی کە لە ١٩٨٩ پێوەندیی بە ئەلقاعیدەوە کرد و لە کامپی فاروق دەستی بە مەشقکردن کرد، تا لە ١٩٩٥دا لێیان یاخی بوو، هەمووی گەیاندە وڵاتە یەکگرتووەکان. لە دادگەدا بە درێژی گەڤاهی خۆی دا، بەڵام ئەوەی

بە تەنیایی بە FBI ڕاگەیاند زۆر لەوە پتر بوو کە بۆ تاوانبارکردنی چوار کەسەکە پێویست بوو.

بەم جۆرە گەڤاهییەکەی فەزل زۆر لەو گەواهیدانە گرینگتر بوو کە ئەو کۆنە سەربازە میسرییەی ناوی (علی ا. محمد) بوو، دای. (علی ا. محمد) لە ڕیزی بێری سەوزەکانی سوپای ئەمەریکایی بووە سەرباز. بەڵام لە کاتی پشوودانی بێ ئەوەی سەرۆکەکەی بزانێ سەربازی بەجێ هێشت و چوو بۆ ئەفغانستان لە دژی سۆڤییەت شەڕی دەکرد. محەمەد زۆر حەزی لە سیخوڕی بوو. بۆ یەکەم جار لە ١٩٨٤، لە قاهیرەدا، بۆ CIA بە ڤۆڵەنتیر جاسوسی کرد و چوو بۆ ئەڵمانیا و لەوێ جاسوسی لەسەر شانەیەکی حزبولا کرد. ناوە ناوەش بۆ جیهادی ئیسلامی زەواهیری کاری کرد و ئەوە بوو کە زەواهیری بە ناوێکی خوازراوەوە لە ١٩٩٥دا بۆ پارە خڕکردنەوە، سەردانی کالیفۆرنیای کرد، ئەو بووبووە ڕێ نیشاندەری. بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو کات بەو سەردانییەی زەواهیرییان نەزانی.

دوای ئەوەی محەمەد لە کالیفۆرنیا، لە ١٩٨٩دا، سێ ساڵی سەربازی لە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان تەواو کرد، هەستا زانیارییەکی تەواوی سەبارەت بە چالاکییەکانی جیهادی، بە FBIدا. (ڕەنگە ئەو زانیارییانە بووبن بە هۆی ئەوەی کە چالاکی دژە تیرۆر گرێکی پتری پێ بدرێ. لە ڕاستیشدا ئەو زانیارییانە بوون کە لە دوای ١١ی سێپتێمبەر کەلێنی خستە نێوان FBI و CIAوە.) هەر ئەو ساڵ بوو کە زانیارییەکی باشی لەبارەی جموجۆڵی سەربازی توندڕۆیە ئیسلامییەکانی برۆکلن، گەیاند. دوای چوار ساڵ هەندێ لەو قوتابییانە پشکداری هێرشە تیرۆریستییەکی سەر ناوەندی بازرگانی نێودەوڵەتییان کرد. لە دەرەنگی ١٩٩٣، محەمەد چووە نایرۆبی. لەوێ لەگەڵ گرووپێکی چاودێری ئەلقاعیدە کاری کرد و بەچڕی چاودێری باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانیان کرد. ئەو بە دادگەیەکەی نیویۆرکی گوت، ئوسامە بە خۆی (تەماشای وێنەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکای کرد و ئەو شوێنەشی دەستنیشان کرد کە دەشێ لۆرییە خۆکوژەکەی بۆ بچێ.) پێنج ساڵ پاشتر تیمێکی ئەلقاعیدە بە تەواوەتی هەر ئەو کاری بە هەمان شێوە ئەنجام دا.

ئەستەمە بتوانی گرینگی گەڤاهیدانەکەی ئەو دوو لە ڕێ لادەرە بە گەورە

دانەنێ؛ چونکە ساڵانی پێشتر تەنیا شتی زۆر کەم لەبارەی ئوسامە زانرابوو. ئەو ئەمەریکاییەکان هەموو جموجۆڵ و هاتوچۆ و سەفەرەکانی ئوسامەیان لە سەرتاسەری دونیادا چاودێری دەکرد، هەرگیز نەگەیشتنە ئەو ڕاستییانەی کە پێویست بوون. زۆر جاریش گومان لە تێبینییەکانیان دەکرا. (لە ڕاستیدا لە دوای ئەوەی تەمەنی ئوسامە گەیشتە هەژدە ساڵی ئیتر هیچ سەفەرێکی بۆ دەرەوەی جیهانی ئیسلامی نەکرد، تەنیا جارێک نەبێ چووە فلیپین و بەریتانیا و جارێکیش ڕەنگە هاتبێتە ئەمەریکا.) وا پێ دەچوو کە گەنجینە دۆزراوەکەی فەزل لە سەرەتادا بایەخی زۆری پێ نەدرابێ. یان ڕەنگە FBI گێلێکی بەختڕەش بووبێ. چونکە دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ لە ئابی ١٩٩٧دا، FBI و CIA، بە هاریکاری لەگەڵ پۆلیسی کێنیا، چوونە سەر ئەو شانە نهێنییەی ئەلقاعیدە لە نایرۆبی کە بە شێوەی ڕێکخراوێکی فریاگوزاری ئیسلامی خۆی هەڵخستبوو. ناوی ئاژانسی میهرەبانی فریاگوزاری نێو نەتەوەیی Mercy International Relief Agency یان لە ڕێکخراوەکەیان نابوو.

دەستەی دادگەی باڵای نیویۆرک لە ١٩٩٦دا، دەسەڵاتێکی بێ پایانی بە ئاژانسە ئەمەریکاییەکان دابوو. بە پێی ئەو دەسەڵاتە FBIی توانی دەستی بەسەر تۆماری تەلەفۆنەکان و هەندێک لە فایلی شانەکان دابگرێ، بەڵام هەندێکی پێ نەگیرا. بە گشتی پێی نەکرا کارەکە بە چاکی ئەنجام بدا. نمایندەکان شانەکەیان دانەخست. تەنانەت پێش ئەو بەسەردادانەش، ئەندامەکانی شانەی نایرۆبی زانیبوویان کە شانەکەیان ئاشکرا بووە؛ چونکە گەورە بەرپرسی پارەدەری ئوسامە لێیان هەڵگەڕابووەوە. هەر چەندە کە ئەلقاعیدە بەرانبەر بەو ئەندامانەی کە لێی هەڵدەگەڕانەوە زۆر توندوتیژ بوو، بە ئاسانی ئیعدامی دەکردن، بەڵام وا دیار بوو ئوسامە هیچ گوێی بە جەنگاوەرە پلەنزمەکان نەدەدا کە گرووپەکەیان بەجێ دەهێشت، یان بەپێچەوانەی یاسای ئەو دەجووڵانەوە(٦٢). ئەلقاعیدە گەورە کادیرەکانی خۆی ڕێنوێنی دەکرد و فێری دەکردن کە لە کاتی پرسیارلێکردنیان، دەبێ کاردانەوەیان چۆن بێ.

ئەندامانی ئەلقاعیدە هەموو کات ترسی گرتنیان هەبووە؛ بۆیە دەستگیرکرنیان بە ئیرادەی خوا لە قەڵەم داوە. لە سەرەتادا ئوسامە داوای لە وڵاتە یەکگرتووەکان

کرد مەلای نابینا، شێخ عومەر عەبدوڕەحمان ئازاد بکا، کە لە توندترین زیندان، بە تاوانی ئەوەی کە پیلانی داناوە بۆ تەقاندنەوەی چەند شوێنێکی دیار لە نیویۆرکدا، موئەبەد و بێ لێبووردن ژیانەکەی لە زیندان، بەسەر دەبا. (مەلایەکە لە بنەڕەتا بووە قوربانی فێڵێکی FBI و بەپێی یاسایەکی دوای سەردەمی شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکاوە حوکم درا.) ئەو یاخیبووانە فێرن بەو جۆرە داواکاری و هەڕەشانە. بۆ نموونە لەبەر خاتری ئوسامەی نەبوو کە هەردەم کارلۆس بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەڕەشەی لە پێناوی ئازادکردنی دۆست و برادەرەکانی خۆی دەکرد. سەیرە کە ئەمەریکاییەکان و ئەندامانی ئەلقاعیدە وەکو یەکترینە؛ هەردوو لا لە هەوڵەکانیان کۆڵ ناکەن. بۆیە شانەکەی ئەلقاعیدە لە نایرۆبی لە دوای ئەوەی کە FBIلە ١٩٩٧دا هەڵی کوتایە سەری، دووبارە ژیاوە و ئەندامەکانی لە بەهاری پاشتر لە ورد و درشتی دانان و جێبەجێکردنی ئەو پیلانەدا بەشدارییان کرد کە بۆ پەلاماردانی هەردوو باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نایرۆبی و دارولسەلام، ئامادەیان کردبوو. ئەگەر نمایندەکانی FBI تۆزێک زیرەکانەتر یان وریاتر بجوولابوونایەوە، ڕەنگە هەر باڵیۆزخانەکان کاول نەبوویان. کارمەندێکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە ١٩٩٨دا لە سوودان کاری دەکرد، گوتی کە موخابەراتی ئەمەریکایی گوێی لە تەلەفۆنەکانی نێوان ئەلقاعیدە و (سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ) لە خەرتووم، دەگرت . کابرایەکە گوتی لە ڕاستیدا وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەرەتادا دەیویست بۆ تۆڵەسەندنەوە لە پەلامارەکانی دژ بە باڵیۆزخانەکان، ئەو سەرچاوە گرینگە بکوژێ، بەڵام بۆ ئەوەی زانیاری بەردەوام وە بەردەست بکەوێ، هەستا پلانەکەی گۆڕی و پەلاماری کارخانەی دەرمانەکانی (الشفاء)ی دا. سەرچاوەکە یان هیچ ئاگای لە ٧ی ئاب نەبوو، یانیش نەیویست لەمیانی دەمەتەقێیەکانیدا ناوی هیچ کەسێک بهێنێ[٦٣].

لە دوای پەلامارەکانی سەر باڵیۆزخانەکان بەختی ئەمەریکا هەستاوە و گۆڕانێکی دراماتیکی ڕووی دا. یەکێک لە پیلانگێڕەکان کە لە دوا چرکەدا پەشیمان بووەوە و بڕیاری دا خۆی لەگەڵ لۆرییە پڕ تەقەمەنییەکە نەتەقێنێتەوە و دوای چەند سەعاتێک لە تەقینەوەکە بە برینداری گیرا. دوای ئەوەی پاڵەپستۆیان بردە سەری بۆ ئەوەی بزانن هۆی چییە کە ئەو کلیلەی لە کنی بوو بە تۆپی لۆرییە

تەقــیــوەکــەی دەکــرد، کــابرا نـاچار بوو دانی بەوە دانا کــە یەکــێک بـووە لە پیلانگێڕەکان. کارمەندانی پاسپۆرتی پاکستانیش بە ورياييەوە تێبينيان کرد کە پاسپۆرتەکەی گومالێکراوی دووەم، لە کاتی لە نايرۆبييەوەڕا گەيشتە فڕۆکەخانەی کەراچی، بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ دەهات. کابرا دەمودەست ڕەوانەی کێنيا کراوە و لەوێش تەسليمی FBI کرا. ئەو هەردوو کابرايانە لەو مافەی خۆيان خۆش بوون کە پارێزەريان هەبێ. هەر لەو ماوەی کە لە نايرۆبی بوون هێندە زانياريیان دا FBI کە بە ئاسانی تاوانەکەيان بە سەردا بسەپێنێ.

کابرايەکی سێيەميش هەبوو ناوی (وديع الحاجي) بوو. ئەمە ڕەگەزنامەی وڵاتە يەکگرتووەکانی وەرگرتبوو. لە ١٩٩٧، FBI وديعيان ترساند و ناچاريان کرد کە نايرۆبی بەجێ بێڵێ. ئەويش چووەوە ماڵەکەی خۆی لە تێکسەس و لەوێ دەستگير کرا. چوارەم گومانبار کە دەستی لە تەقينەوەکەی دارولسەلامدا هەبوو، بۆ چەند مانگ شوێنی هەڵگيرا تا گەيشتە باشووری ئەفريقيا و لەوێ شەتەک بوو. ئينجا، دوور لە هەموو ياسايەکی نێو نەتەوەيی، بە يارمەتی حکوومەتەکەی گواسترايەوە بۆ وڵاتە يەکگرتووەکان.

گــەورەترين هاريکاری فـــەزل ئەوە بوو کـــە کـولانکەيەکی بۆ ناو هـەســارەی ئەلقـاعـيدە کـردەوە. بۆ تێگەيشـتنی ڕابردوو و خـۆ ئامـادەکردن بۆ داهـاتوو، ئەو ڕێچکۆڵەيە زۆر گــرينگ بـوو. بۆ يـەکــەم جــار بوو فـــەزل ئاشکرای کـــرد کـــە چالاکييەکانی ئوسامە زۆر لەوە زۆرتر بوو کە پێشتر بە يارمەتيدانی داراييی چەتە ئيسلامييەکانی ئەفريقيای ڕۆژهەڵات و هەندێکی تريش مەزەندە کرابوو. بەپێی ئەو چيرۆکەی کە فەزل لە دادگە گێڕايەوە ئوسامەی کردە جمگەی پێوەنديی نێوان مەشينی دروستکردنی پارەی سەرۆکی جيهادی يەکگرتوو Jihad Incorporated لەگەڵ سەرۆکی نائاسايی دەزگای فۆرد Ford Foundation کە پارەی بەمەبەستی زۆر تايبەت دەبەخشييەوە[٦٤]. لە سوودان، ئوسامە ئيشی زۆر گەورەی کرد. ئيشە ئاشکرا و بێ فرتوفێڵەکانی کۆمپانيايەکی بيناسازی و يەکێکی بازرگانی و ژمارەيەک کيڵگە (ناوە ناوە بۆ کاری سەربازی بەکار دەهات) کۆمپانيايەکی فرۆشتنی دانەوێڵە و دەباغ خانەيەک و لۆرييەک و فڕۆکەيەکی بارهەڵگر cargo plane و قازانجی لە بانکی ئيسلامی باکور لە خەرتوومی بە خۆوە دەگرت[٦٥].

هەروەها چەندین ژمارەی بانکی لە لەندەن و هۆنگ کۆنگ و مالیزیادا هەبوو. بەلام فەزل باسی ئەوەشی کرد کە ئوسامە کاروانی چەکی بە حوشتران بۆ جیهادی ئیسلامی سەر بە زەواهیری بۆ مسر ڕەوان دەکرد. جگە لەمە، ئوسامە چەکی بە کەشتییەکی ژەنگاوی کە لە قوبرس کڕی بووی، بۆ ئیسلامییە توندڕۆیەکانی یەمەن دەنارد، سوپای سوودانی ئەو کارەی بۆ دادەپۆشی. کەشتییەکە لە بنکەیەکی دەریایی سوپاوە لە نزیکی پۆرت سوودان لەنگەری دەگرت و چەکی لێ بار دەکرا. سەرۆک بەشیر نامەیەکی دابووە ئوسامە کە ئەلقاعیدەی لە باجدان، هاوێر دەکرد. ئەو کۆنتێنەرانەی بۆ ئەلقاعیدە تەرخان دەکران، زۆر جاران هەر نەدەکرانەوە. (ئوسامە کەشتییەکی ماسی گرتنیشی لە کێنیا هەبوو، دەشڵێن لەمیانی بوونی لە خەرتووم چەند بەلەمێکی تری بۆ ماسی گرتن کڕی و لە دەریای سوور بە کاری خستن.)

ئەنجومەنێکی شورای سی و یەک کەسی لە خەرتووم سەرپەرشتی چالاکییەکانی ئەقاعیدەی دەکرد. چەند کۆمیتەی تایبەتمەندیش بۆ تاووتووکردنی پارە و پاسپۆرت و سەفەر و مێدیا هەبوون (کابرایەک بۆ گاڵتە ناوی لە خۆی نابوو ئەبو رۆیتەر، سەرۆکایەتی ئەو کۆمیتەیەی دەکرد)، کۆمیتەیەکی کاروباری لەشکری و یەکێکی فەتواکان و کۆمیتەیەکی کاروباری ئاینیش هەبوو. بەلام بەگوێرەی گەڤاهییەکەی فەزل، لە سوودان هەموو چالاکییە سەربازییەکانی ئەلقاعیدە بریتی بوو لە مەشقکردن لەسەر بەکارهێنانی چەکی بچووک و تەقەمەنی، کۆرسەکان لە کێڵگەکانی نزیکی خەرتووم و دامازین، دەکران. دامازین ٣٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەلاتی خەرتوومی پایتەختەوە، دوورە. ئەو قسانەی لۆجیکی بوون؛ چونکە ئەلقاعیدە هەرگیز وازی لە مەشقدانی ئەندامەکانی خۆی نەهێنا و ئەوانەی کە تەقینەوەکانی نایرۆبیشیان ئەنجام دا، لە ئەفغانستان مەشقیان پێ کرابوو نەک لە سوودان. (ئەو کامپانەی لە سوودان هەبوون جەنگاوەرانی بۆ کشمیر و چیچنیا و ناوەڕاستی ئاسیا و بۆزنیا مەشق دەدان.) ئوسامە بەتەما نەبوو لە خەرتووم توشی شەڕ بێت.

فەزل گوتی دوو فەتوای ئەلقاعیدە لە خەرتووم دەرچوون، کە لە دژی هاتنی سوپای ئەمەریکایی بوون بۆ عەرەبستانی سعوودی و بۆ کەنداو فەتوای سێیەمیش

له دژی چوونی سوپای ئەمەریکایی بۆ سۆماڵ، بوو کە لە دیسێمبەری ١٩٩٢دا بۆ یارمەتیدانی پرۆسەی فریاگوزاری مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانی ئەوێ کرابوون. بەڵام وا دیاربوو ئەو سێ فەتوایانە تەنیا بۆ ئەندامانی ئەلقاعیدە درابوون؛ چونکە وەکو ئەو فەتوایە نەبوون کە لە دژی دەرکردنی ئوسامە لە سوودان دەرچوو، ئەمەیان بۆ هەموو دنیا بوو. جیاوازییەکەی نێوان ئەو فەتوایانە زۆر گرینگ بوو. ئوسامە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی لە ١٩٩٠ڕا، زۆر بە توندی دژایەتی کاری هێزی ئاسمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە عەرەبستانی سعوودی کرد. چونکە گومانی لەوە هەبوو کە وڵاتە واشنتن هەوڵ دەدا سوپای خۆی بۆ شوێنی تریش ڕەوان بکات. کاری فریاگوزاری مرۆییی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر (بان) و ئەلقاعیدەی نیگەران کرد؛ چونکە لەوە ترسان کە وڵاتە یەکگرتووەکان بنکەی سەربازی خۆی لە قۆچی ئەفریقیدا بسازێنێ و پاشان پەلاماری سوودان بدات. یەکێک لە کاربەدەستانی ئەلقاعیدە بە فەزلی گوت: (ئەگەر ئەوان لە سۆماڵ سەرکەون، دووەم ئیشیان لە باشووری سوودان دەبێت.) چونکە ئوسامە لە سەرقافڵە سەربازییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سۆماڵ دەترسا؛ بۆیە هەستا شانەی ئەلقاعیدەی لە نایرۆبی دامەزراند، کە یەکەم کاری بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا ئەنجامی دا.

وا دیارە ئوسامە هاتبووە ئەو متمانەیە کە کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە سۆماڵ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بوو لێیان دەکرا. لە ١٩٩٣دا، فەزل گوێی لە ئوسامە بوو گوتی پێویستە کە (سەری مار) واتا وڵاتە یەکگرتووەکان پان بکەینەوە. بەڵام لەشکری ئەمەریکا زوو سۆماڵی بەجێ هێشت. هەرچەندە ئوسامە بە ئاشکرا هاوار هاواری لە دژی سوپای ئەمەریکایی لە عەرەبستانی سعوودی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجە سەرەکییەکەی هەر ئال سعود بوو نەک وڵاتە یەکگرتووەکان بێت. (هەرچەندە زۆر لە عەرەبان هەر دوو لایەنی لێک جودا دەکرنەوە، بەڵام لەلای ئەوان هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەبوو.) هێشتنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەرەوەی سوودان، مەعنای پارلستنی حەشارگە تازەکەی ئەلقاعیدە بوو. ئەمەشیان چونکە لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا بوو بۆیە لە ئەفغانستان گرینگتر بوو. جا بە هەموو توانایەکی هەوڵی دەدا خۆی زۆر نەخاتە سەر زارانەوە؛

چونکە لە پەنای سوودانییانەوە دەیتوانی پیاوەکانی خۆی بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان بە هەموو لایەکدا ڕەوان بکات.

سوودان لە ١٩٩٠کاندا بووبووە ئەو شوێنەی کە چەندین ئایدیۆلۆجیای جیاوازی تێدا کۆ ببێتەوە، ڕەنگە هەموشیان بە جۆرە تەکتیکێک ئاوا وێکڕا چووبنە بار یەکەوە. ئەوەش ئەمە ناگەیەنێ کە کاتی بەرهەم ڕنینیان هاتبێ، یان لە ساڵانی داهاتوودا پشتیوانی یەکتری بکەن. بۆ نموونە، فەزل بۆ دادگەی باس کرد کە سێ کادیری ئەلقاعیدە لە لایەنی حزبولا لە لوبنان مەشقیان پێ کرا. ئەم قسەیە بە ڕاستی جێی گومان بوو. چونکە لە ڕفاندنی بیانییەکانیش بترازێ، حزبولا لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٣دا باڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە بەیروتدا ڕووخاند و پەلاماری سەر دەریاوانانی ولاتە یەکگرتووەکان و فەڕەنسییەکانی دا. لە پەلاماری یەکەمدا ١٤٢ کەس و لە هی دووەمیش ٨٥ کەس، کوژران. ئەلقاعیدە لەو کارە توندوتیژانە بێزار نەبوو. بەلام لە ڕواڵەتدا مەزهەبە توندڕۆیەکەی سونە کە ئوسامە پەیڕەوی دەکا هەموو کات ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ کە خۆی لە شیعەکان دوور بخاتەوە. فەزل ئەوەشی بە دادگە گوت کە کادیرێکی گەورەی ئەلقاعیدە گوتی: (ئێستا ئێمە یەک دوژمنمان هەیە، ئەویش ڕۆژئاوایە) و دەبێ سونە و شیعە (یەک بگرن و گەنگەشە و جیاوازییەکانیان لە بیر بکەن.)

ئەم چەشنە جیهانگەری ئیسلامییە ئەستەم بوو بە وەهابییەکان قبووڵ بکرێ، چونکە ئەوە لە ڕاستیدا بۆیان مەیلەو هەڵگەڕانەوە (مورتەد)ییە. بەلام لە میانی قسەکانیدا فەزل توانی متمانە بە دەستەی دادگەی باڵای نیویۆرک بێنێ، کە ئوسامە پێوەندیی توندی دەگەڵ مەلایەکانی تارانێدا هەبوو. پێوەندیی ئەلقاعیدە لەگەڵ حزبولا لوبنانیش لە دوای تەقینەوەکەی ئەلخوبەر باش بە دیار کەوت؛ چونکە ئەو فتیلە detonaterیەی کە لە تەقینەوەکەدا بەکار هێنرابوو لەو چەشنە فتیلانە بوو کە حزبولا لە بیقاعی لوبنانی بە کاری دەهێنان و مەشقی لەسەر دەکردن. ڕاستە بیقاع بە ڕواڵەت، لە بەیروتەوەڕا حوکم دەکرا، بەلام لە ڕاستیدا لە بن نیری داگیرکەری سوریادا بوو. ئال سعود و FBIش گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئیرانییەکان تەقینەوەکەی ئەلخوبەریان کردووە. بەلام یاخیبووە سعوودیەکان مکوڕ بوون لە سەر ئەوەی کە ئەلقاعیدە کردوویەتی. کەچی ئال سعود دەیانویست ئۆباڵی

کارەکە بخەنە ئەستۆی تارانەوە. لە سەرەتای ٢٠٠٢شدا، دووبارە سەرەداوی پێوەندیی نێوان ئەلقاعیدە و تاران کەوتەوە دەست. بەڕێوەبەرایەتی بە پەرۆشەوە بوو بۆ ئەوەی هەڕەشەکەی سەرۆک بوش کە لە (تەوەری شەیتان axis of evel)ی کرد پشتڕاست بکاتەوە. بۆیە تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ ئێرانەوە کە ئەو کادیرانەی ئەلقاعیدە دەحەوێنێتەوە، لە ئەفغانستانێ ڕادەکەن.

فەزل باسی پەیوەندی نێوان ئەلقاعیدە و نمایندەکانی موخابەراتی عێراقی لە سوودان کرد، بەڵام ئەمەی زۆر ڕوون نەکردەوە. کەس بەو دوعایەشی نەگوت ئامین؛ چونکە دیاربوو کە ئوسامە چەند ڕقی لە ڕژێمی سێکولاری سەدام حوسێنی دەبووەوە. بەڵام لەو کاتی هەردوو عێراق و سوودان وێکڕا لە ژێر باری سزای ئابووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوون. لەلایەنی موخابەراتییەوەش، ناکرێ هیچ شتێک بە دوور بزاندرێ. لە ڕاستیدا، کەناڵە نهێنییەکانی موخابەرات بۆ ئەوە دەمەزراوە کە ژیرانە حکومەتەکان لەگەڵ ڕژێمە ناپەسند و بزووتنەوەکان بە یەک بگەیەنێ. بە ئاسانی نکوڵی لەم جۆرە پێوەندییانە دەکرێ هەر کاتێک کە ئاشکرا ببێ. زۆربەی ئەو پێوەندییانەش کۆبوونەوەی پتریان بە دوادا نایێ، ئەم هاریکارییانەش بە زۆری لە دژی تیرۆریزم دەکرێ. خاڵی گرینگ ئەو کۆبوونەوە بوو کە لە ١٩٩٨دا لە قەندەهار لە نێوان ئوسامە و فاروق حیجازی کرا. حیجازی گەورە بەرپرسێکی موخابەراتی عێراقی بوو کە لەو سەردەمی لە تورکیا باڵیۆزی سەدام حوسێن بوو(٦٦).

زۆر سەرچاوە ئەو دیدارەیان پشتڕاست کردەوە، بەڵام کام لایەن پێشتر داوای کۆبوونەوەکەی کرد بوو، یان ئەنجامەکەی چ بوو، کەس نازانێ و هەر باسی دەکرێ. لایەنێک گوتی ئوسامە لە حەشارگەیەک دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەگەر تاڵیبان ملکەچی پاڵەپەستۆکەی وڵاتە یەکگرتووەکان ببێ و ناچاری بکا ئەفغانستان بەجێ بێڵێ، ئەو دەچێتە ئەوێ. لایەنێکی تر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە سەدام بە تەقینەوەکانی کە ئەلقاعیدە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا کردی شاگەشکە بوو، بۆیە حیجازی ناردە لای ئوسامە تا پێشنیازی شوێنی بۆ بکا بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی تێدا ئەنجام بدا. هیچ شتێک لەبارەی کۆبوونەوەکەی قەندەهار نەزاندرا تا لە ٢٠٠٢دا بەڕێوەبەرایەتی بوش ویستی عێراق بە ئەلقاعیدەوە ببەستێتەوە بۆ ئەوەی

(گـۆڕینی ڕژێم  regime change) لە بـەغـدا و لـە کـۆتاییـشـدا ئەو شــەڕەی کـە سـەدامی لە ۲۰۰۳دا ڕووخـاند، بکاتە کـارێکی یاسـایی. ئەو کورتە باسـانەی فـەزل وەک هـەمـوو کورتە کـارە سیخوڕییەکان، چونکە بە تەواوەتی کاتەکەی دیار نەبوو، سـوودێکی زۆر کـەمـی هـەبوو. چونکە ئەوەی کـە بۆ ۱۹۹۰کـان بە کـەڵک بوو پاشی دەیەیەک سوودی نامێنێ. گرژی نێوان سونە و شیعە گڕی گرت، پاشان دامرکاوە. ئەو خـوێنڕشـتنەی لە پـاکسـتـان لە نێـوان سـونـە و شـیـعـەکـاندا قـەومـا، بە پارەی سعوودی و لە بری ئێران بوو، کرا. دواتریش بەس مووەکی مـابوو شـەڕ لە ۱۹۹۸دا لە نێوان ئێران و تاڵیبان بەرپا ببێ.

فـەزل پتر متمـانەی بە خـۆی هـەبوو کـە باسی ژیانـی خۆی دەکرد و گـوتی کە بە نهێنی بۆ ئەقاعیدە و (بان)، کاری کردووە. گێڕایەوە چۆن وەک دەرۆزەکەر هـەگبەی لە کۆڵ کردووە و ئەو پـاسـپـۆرتە سـاختـانەی بەکـار هێناوە کـە (بان) بۆی هێناوە و هـەندێ جـاران کـارمـەندان لە فـڕۆکـەخـانەی خـەرتـووم مـۆریان لێ نەدەدا. فـەزل بەو پاسـپـۆرتانە دەچوو لـە ئوردن یان لە مـسـر یان لە ئێـریتـێـریا، لەگـەڵ سـەرکـردە ئیسلامییە توندڕۆیەکان کۆ دەبووەوە و ۱۰۰,۰۰۰$ دۆلاری بـۆ بەجێ دەهێشـتن کە زۆربەی بـەنکنۆتـی ۱۰۰$ دۆلاری بوون. فــەزل دەڵێ ئـەوانەی کــە لـەگــەڵیــاندا کۆبوومـەوە دە کەسێک دەبوون هەموویان ناوەکانیـان سـاختـە بوو. هـەندێ جـاران کارمەندانی گومرگەکانی بیانی هبوودییان پێ دەدرا تا بەس هەگبەکەی نەکەنەوە. بۆ ئـەوەی کـارمــەندانی کـۆچی وڵاتـانی عـەرەبی گـێل بکا، جلی ڕۆژئاوایی لـەبەر دەکرد، بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا، جغـارەی هەڵدەگرت (هـەر چەندە جغارەخۆریش نەبـوو) ڕدێنی خـۆی دەتاشی، وەکـو ئەوە ڕەوشـتـی دەکـرد کـە هـیـچ شـتـێکی بە ئیسلامییـەکان نەچێ. لە فەزلیش بە سـوودتر بۆ ئەلقاعیدە، هەتا گیرا، کوڕێکی لوبنانی بوو ناوی (وديع الحاجي) بوو. ئەو کابرایە کریسـتیـان بوو، لە کوێت بووە ئیسـلام. لەوێوە هاتە وڵاتە یەککگرتووەکان و ڕەگـەزنـامـەی ئەمـەریکـایی وەرگرت و خـێـزانێکی ئـەمــەریکایشـی پێکەوەنا. چونکـە پاسـپـۆرتەکـەی ئەمــەریکایی بوو ئینگلیسییەکی نایابیشی دەزانی، بۆیە بێ منەت هـەر کوێی بویستبایە سەفەری بۆ دەکرد و کەسیش گومانی لێی نەدەکرد. ئەلقاعیدە هەر بۆ هـەمان مەبەست، هەموو کـات بەهـای بەو مـوسـڵـمـانانە دەدا کـە پاسـپـۆرتـی ڕۆژئاوایی یان ڕەگـەزنامـەی ئەمەریکاییان هەبوو.

هەینێ ئوسامە بە شێوەیەکی ئاسایی پارەی لە ڕێگەی بانکەکانەوە بۆ هەر شوێنێک کە خۆی بیویستبایە دەگواستەوە. هەر لەو کاتەشدا ئەلقاعیدە دەستی پێ کرد ڕێکخراوە خێرخوازەکان بۆ مەرامەکانی خۆی بەکار بێنێ بۆ ئەوەی پارە لە سەرتاسەری دنیادا خڕ بکاتەوە و بەمەش بتوانێ کادیرانی خۆی لە هەموو وڵاتەکاندا جێگیر بکا. فەزل بەتایبەتی باسی ڕێکخراوێکی ئیسلامی لە قەتەری پڕ نەفت کرد، گوتی ئوسامە لەوێ برادەری گەورە کاربەدەستی هەبوو. حکوومەتەکانی ڕۆژئاوایی لە کۆتاییدا لەم چالاکییە و لە کۆششی ئوسامە بۆ وەدستهێنانی کەرستەی ئەتۆمی ئاگایان بووەوە. فەزل بە دادگەکەی ڕاگەیاند یان لە کۆتایی ١٩٩٣ یان لە سەرەتای ١٩٩٤ بوو کە ١٠,٠٠٠$ دۆلاری بە دیاری وەرگرت؛ چونکە توانیبوویی ئەلقاعیدە لەگەڵ وەزیری پێشووی بەرگری سوودان و ئەفسەرێکی تردا بۆ بەرژەوەندیی ئەلقاعیدە بە یەکیان بگەیەنێ. ئەفسەرەکە مێتاڵێکی دوو بۆ سێ پێ درێژی نیشان دا و پێی گوت کەوا یورانیۆمی تێدا بوو.

سوودانییەکان داوای یەک ملیۆن و نیو دۆلاریان کرد نرخی کەرستەکە و خواستیشیان بەخشیشێکی باشیش بە خۆیان بدەن. گەڤاهییەکەی فەزل ئەوەی ڕوون نەکردەوە ئایا ئەلقاعیدە بە دوو پێشنیازەکەدا چوو یان نا. بەڵام پاشتر بۆنی چالاکییەکی گومانلێکراو هات کە بەو مەبەستە ئەنجام درا تا ئەو عەرەبە دەوڵەمەندانەی کە بە هەر جۆرێک پێوەندییان بە ئوسامەوە هەبوو، دادۆشرێن. ئەمەشیان یەکەم جار بوو بزاندرێ کە ئوسامە بە دوای چەکی کۆمەڵکوژی وەکو چەکی ئەتۆمی و یا بایۆبۆجی و کیمیاییدا، عەودال بوو. ئەو گومانەش کە وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ ڕووخاندنی (الشفاء) هان دا، ئەو گومانەشی کردە ڕاستی. بە پێی ئەو هەموو بەڵگەنامانەی کە لە ٢٠٠١، لە شوێنە جودایەکانی ئەفغانستاندا گیران وەدیار کەوت کە ئەم جۆرە چەکانە دوا ئاواتی ئەلقاعیدە بوو. لە ماوەی چەندساڵێکدا ئەلقاعیدە هێندە وەپێش کەوت بوو تا ڕادەی ئەوەی کە لە زانایەکی خانەنشینی پاکستانی خواستبوو فێریان بکا چۆن کەرستەی سەرەتایی وەبەرهەم دێت. تێپەکانی ڤیدیۆی ئەلقاعیدەش کە لە ئەفغانستانێ گیران نیشان دەدەن چۆن تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی لەسەر سەگێک دەکەن. بە هۆی ئەم چەکانەوە کە گازی سایناییدیشیان لەگەڵدا بووە، سەگەکە دەتۆپێن.

هەر لە دادگەی نیویۆرک، هەندێ گەڤاکانی تر باسی وەبەرهەمهێنانی شتی گومانلێکراویان کرد. فڕۆکەوانێکی مسری ناوی عیسام ئەلرەدی بوو، لە پێش دادگەکەدا گوتی کە لە ۱۹۹۳، ئوسامە ۲۱۰۰۰۰ دۆلاری دایێ بۆ ئەوەی بچێ فڕۆکەیەکی جێت کارگۆ (بارهەڵگر) لە جۆری سێیبەر ٤٠ Saberی ژەنگنەگر لە باشووری خۆرئاوای ئەمەریکا، بکڕێ و لە فڕگەی دالاس فۆرت وێرت ئینترناشناڵ Dallas-Fort Worth International Airportەوەڕا بۆ الخرطوم بیفڕێنێ. ئەلرەدی فڕۆکەکەی بە پارەیەکی زۆر کەمتر لەوەی وەری گرتبوو کڕی و ئەوەی تریشی بۆ خۆی پاشەکەوت کرد. بە دادگەکە گوترا کە ئوسامە فڕۆکەکەی بۆ ئەوە دەویست کە پێی بچێتە ئەفغانستان و لەوێ ئەو ۲۰۰ مووشەکە ستینگەر Stingerـە دژە ئاسمانییەی کە بە شان هەڵدەگیرێ بۆ سوودان بێنێ. پرۆژەکەی ئوسامە سەرنەکەوت، چونکە فڕۆکەکە بەر لەوەی کە بەرەو پاکستان بفڕێ سیستەمی هایدرۆلیکی تێک چوو. پەیکەری فڕۆکەکە بۆ چەند ساڵ لە فڕگەی خەرتووم بەجێ مابوو. بەڵام چیرۆکی مووشەکەکانی ستینگەر زۆر نامۆ بوو. چونکە ئەو ئەفسەرە هەواڵگرە ئەمەریکاییانەی کە من خۆم قسەم لەگەڵدا کردن، ئەوەیان جەخت کردەوە کە هەرگیز ناگونجێ ئەو هەموو مووشەکە بزربووانە بکەونە بەردەستی یەک کەسەوە و گوتیشیان کە بەپێچەوانەی ئەو ئەفسانەیە، لە دوای کشانەوەی لەشکری سۆڤیەتی لە ئەفغانستان، CIA توانی زۆربەی ئەو مووشەکانە بکڕێتەوە و هەندێ سەرکردەی ئەفغانییەکانیش ئەو مووشەکانەی کە لەلایان بوو بە خۆڕایی دایانەوە. ئەوەی ڕاستیش بێ، پسپۆڕان گومانیان هەبوو کە ئەو هەموو مووشەکە دیار نەمابێ(٦٧). لە سەردەمی سۆڤیەتی مووشەکەکانی SA-٧ ئاسانترو هەرزانتر بوون بۆیە ئەلقاعیدە لە ئۆکتۆبەری ۲۰۰۲ دا مووشەکێکی گرتە فڕۆکەیەکی کۆمپانیای هێلی ئاسمانی ئارکیای ئیسرائیلی کە پڕی گەشتیاری سڤیل بوون. مووشەکەکە زۆری نەما بوو فڕۆکەکە بپێکێ.

ئوسامە وەکو هەموو بازرگانێکی حەدرەمی کابرایەکی قرچۆک بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مرۆڤێکی ڕیالیزم بوو بۆیە هەوڵی دەدا هەموو کات میوانەکانی دڵخۆش بکا. کاتێکیش کە لە ۱۹۹۱دا بۆ خەرتووم چوو، بە پیاوەکانی خۆی گوت هەموویان لەگەڵ خۆیدا دەبات، بەڵام بەو مەرجەی دەبێ بە خۆیان کرێی

سەفەرەکەی خۆیان بدەن[٦٨]. کارەکەی لە خەرتووم بە هۆی کەمی ئەو کرێیەی کە دەیدا کـارمـەندەکـانی تووشی تەگـەرەی زۆر بوو. ئەویش وەکـوو کـۆمـپـانیـا رۆژئاواییـیەکان، مـووچەی هەندێ لە کارمەندەکانی زۆر بوو هـی هەندێکی تریشی زۆر کەم بوو. فـەزل و چەند کەسێکی تر دەیانزانی مووچەی هەر کارمەندێک چەند بوو. چونکە هەندێ لە کارمەندەکان، بەتایبەتیش مسرییەکان، لەوانی تر لە پێشتر بوون، بۆیە ئەمـە هەمیشـە بێزاری لە ناو سـەربازە پیادەکانی ئەلقاعیدەی پەیدا دکرد. ئوسـامـە بە خـۆی هەندێ لەو سـەرئێشـەیەی بۆ خـۆی دروست دەکرد. هەر کارمـەندێکی ئەلقاعیدە دوو مـووچەی مانگانەی دەدرایێ، یەکێکی لەبری کارەکەی ئەوی تریش چونکە ئەندامێکی ئەلقاعیدە بوو. جگە لەمـەش رۆنی چێشت و چایە و شەکر و هەندێ خۆراکی تریان بە خۆڕایی پێ دەدرا. بێگومـان دوکتۆریشـیان هەر بە خۆڕایی بوو.

ناخـۆشی لەوەی بوو کە ئۆفیسـەکانی ئوسـامـە چەند سـوودانیـیەکی سـەر بە (بان)ی لێ ئیش دەکرد، بۆ دوو مەبەست؛ یەکەم بۆ پاراستن بوو، دووەمیش هەموو کـات لە ورد و درشت ئاگـەداری تورابیــیـان دەکـردەوە. ئەو سـوودانیـیـانە بە شێوەیەکی تایبەتی لەلایەنی پۆلیسی نهێنییەوە دەنێردران. مووچەی ئەوانە لە هـی ئەوانی تر کـەمـتر بوو، یارمـەتی خـۆراکیـشـیان پێ نەدرا، ئەوانیش بـەو بابەتەیان دەزانی بـۆیە هـەردەم گـازاندەیان هـەبوو. بـەڵام ئوسـامـە دەیزانی قـایلکردنی ئەندامـانی (بان) رێی بۆ کـارکـردنی خـۆش دەکـرد، بۆیە مـووچەی بۆ هەمـوان بڕییـەوە. ئـوسـامـە زۆر سـوودی لە پارەی وەرگـرت، بـەوەی کـە لە ناو هەژارترینی خـەڵکدا بەکاری دەهێنا. هەر ئەمـەش بوو کاتێ کە چووەوە بۆ ئەفغـانسـتـان، لەوێ پشـتـیـوانیـیـەکی زۆری هەبوو. لە ئەنجـامـیـشـدا بووە برادەری مـەلا عـومـەر و تاڵیبانەکان. وەدەرنانی ئوسامە لە الخرطوم وای لێ کرد پتر خۆی لەو خەڵکە نزیک بکاتەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێکی تریش دەرنەکرێ.

ئەوەی کە لە خـەرتووم بە سـەر ئوسـامـەی هات، ئەوەی بـە بیر هێنایـنـەوە کە لە ١٩٧٠کـان و ١٩٨٠کاندا لە بەیروت بە سـەر رێکخـراوی ئازادیخوازی فـەلەسـتینی، هات. یاسرعەرەفات جەنگاوەرانی لە سەرتاسـەری دنیاوە دەهێنا و لەوێ مەشقی پێ دەدان. کـەمـێک لەوان داوای مافـە نەتەوەیەکانی خـۆیانیـان دەکـرد. ئەوانی تر

زۆربەیان چەپڕۆ بوون. چەند کەسانێکی ئاینیشیان لە ناودا هەبوو، بەڵام زۆرینەیان سێکولار بوون. عەرەفات لەو باوەڕەدا بوو کە ڕێکخراوەکەی دۆستی زۆرتری دەویست جا لە هەر کوێیەک بێن گرینگ نەبوو. بەڵام پێی نەکرا هەموویان قایل بکا. پارەی زۆر بوو بەوەی کە لە فەلەستینییەکان و لە وڵاتانی عەرەبییەوەڕا بۆی دەهات. هەندێ لایەن پارەیان پڕ بە دڵەوە بە کێشەکە دەبەخشی، بەڵام هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی هەر لە ترسی ئەوەی بوو پارەیان بە عەرەفات دەدا، بۆ ئەوەی خۆیان لە هەڕەشەکانی تۆڵە سەندنەوەی بپارێزن. کابرایەک جارێکیان گوتی عەرەفات لەو سەردەمی هێندە مەرەقی بوو بباتەوە بۆیە هەر جارێکی کە دەچووە قۆشمەی ئەسپ سواران گرەوی لەسەر هەموو ئەسپەکان دەکرد، بەو ئومێدەی جارێک پارەیەکی زۆر بباتەوە. بەڵام سەردەمەکان دەگۆڕێن. ئەوەتا لە ١٩٩٠، ئوسامە نموونەیەکی تر بوو؛ ئاگای لە سەرمایەداری هەبوو. پارەی بە شتی دیارکراو دەدا کە داهاتووی ڕووناک و قازانجی دیاری بوو.

ئوسامە یارمەتی دارایی پێشکێشی ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی زەواهیری کرد کە برادەرێکی سەردەمی پێشاوەری بوو. یارمەتی نەیارەکانی جیهادیشی دان کە (الجماعة الاسلامية) بوو. پشتی گرووپی چەکداری جیهادی جەزایری گرت. پارەی بۆ گرووپەکانی ئێریتێریا و لیبیا و تونس و چێچنیا، نارد. بێگومان کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەتی پێشووشی لە بیر نەچوو. لەو کاتی و ئێستاش ئوسامە تەنیا سەرچاوەی دارایی ئەوانە نەبوو. عەرەبە دەوڵەمەندەکانی کەنداویش ڕێچکەی پارەیان نە لەوان نە لە کێشەی ئیسلامەکانی هەموو دنیا، نەگرت. هەریەکەیان لەبەر هۆیەکی تایبەتی خۆی ئەو پارانەی دەبخشییەوە. سەبارەت بە ناوەڕاستی ئاسیا بۆ ئەوەی بوو کە دوای حەفتا ساڵی فەرمانداری سۆڤیەتی، ئیسلامەتی لەوێ بژێیننەوە. بەڵام بێگومان دەیانویست ئیسلامە بیرتەسکە توندڕۆیەکەی خۆیان لەوێ قیت بکەنەوە نەک ئەو مەزهەبە سۆفییە نەرمەی کە لەلای زۆران پەسندە. لە جەزایریش، پارەی کەنداو بووە هۆی هەڵتەکاندنی بناغەی ئەو حوکمە عەسکەریتارییەی کە بە بۆچوونی عەرەبەکان بەرەو فەڕەنسا دەبووەوە و پەیڕەوی سیستەمی سیکۆلاری ڕۆژئاوایی دەکرد بۆ ئەوەی وڵاتەکە گەشە بکات. بۆ دادگەکە بە دیار کەوت کە ئوسامە پارەی بۆ

ئیسلامییەکانی مسر نارد تا چاپخانەیەک بۆ خۆیان بکڕن. جیهادی مسری زۆر بە توندی پەلاماری قیپتییە کریستانەکانیانی دا و هێندە لە دزی شارەزا بوون، هەموو مرواریییەکانی قیپتییەکانیان دزی. بەڵام پارەی بیانی لە ١٩٩٠کاندا لە جەزایرییەکان برا، چونکە پارەبەخشەکانی کەنداو لە دڵیان گران بوو کە ئیسلامییەکانی ناوەخۆی جەزایر لە کاتی داگیرکردنی کوێت، پشتیوانی سددام حوسێنیان کرد. ئیسلامییە جەزایرییەکان هەرگیز بۆ پارە بە پەرۆش نەبوون؛ چونکە ئەوان ئەوەندە هێزەیان هەبوو کە کۆنترۆڵی ڕێگەکان بکەن و پارە بە زۆری لە خەڵک بستێنن.

ئوسامە زانی کە سوودانی خانەخوێی زوو شاپێکی تێ هەڵدەدا ئەگەر پارەی لێ بگرێتەوە. ئاشکرا بوو کە ئوسامە لەوێ دزی لێ دەکرا. فەزل گوتی لە وەختێکدا هاوکارانی ئەلقاعیدە هاواریان هێنا بەر ئوسامە، چونکە هەموو پرۆژەکان لەوێ پارەیان لە کورتی دەدا. جگە لەوەی کە سوودانییەکان پارەی دروستکردنی ڕێگەوبانەکانیان پێی نەدەدا و خۆیان لە پارەدانی دەباغ خانەکەی دەگڵخاند، (بان) فێڵیشی لێ دەکرد و هەموو کات نرخی دراوەکەی بە بەردەوامی خۆی دادەگرت. (بان) بۆ ئەوەی دڵی ئوسامە ڕابگرێ، ڕێی پێ دا کە بەروبوومی کشتوکاڵی سوودانی وەکو کونجی و گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە و بنێشتی عەرەبی بۆ هەندەران ببا، لەوێ بیانفرۆشێ. (بە هۆی پاڵەپەستۆیەکی زۆری کۆمپانیای خواردنەوە سووکەکانی soft drinks ئەمەریکایی سزا ئابوورییەکانی سەر سوودان بەتایبەتی ئەم بەرهەمەی نەگرتەوە؛ چونکە سوودان زۆر پێویستی بە داهاتەکەی هەبوو لەلایەک لەلایەکی تریشەوە، سوودان لە جیهاندا گەورەترین دەرکردەی ئەم بەرهەمەیە.)

چەند ساڵ پاشتر پاگەندەی وا هەبوو کە ئوسامە لەو ئیشەی فێری فرتوفێڵی گەڵێک زۆر بوو تا ڕادەیەک کە توانی لە چەندین وڵاتی دنیادا پارە بشارێتەوە. (گەڤاهییەکەی دادگەی نیویۆرک ئەوەشی ڕوون کردەوە کە حاجی چەندین جۆرە بەروبوومی بۆ ئوسامە لە قوبرس فرۆشت و هەر لەوێش پارەکەی بۆ شووشتەوە.) ئەم پیشەیە ئوسامەی فێر کرد کە بازرگانی بەو بەروبوومانە بکات کە بە ئاسانی بە قاچاغ دەگوازرێنەوە وەکو زێڕ و مرواری و چەندین جۆرە بەردی گرانبەهای تر

کە بە زووترین کات زۆرترین قازانجیان لێ دەکرێ. دەڵێن لەو ساڵانەی دواییدا گەورەترین سامانی لەم جۆرە بازرگانییەدا وەدەست کەوت. ئوسامە هەردەم شانازی بەوەوە دەکرد کە کارمەندەکانی ئەلقاعیدە وایان دەزانی بۆ کۆمپانیایەک کار دەکەن و لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانیش خۆی وا هەڵدەخست کە بزنسمانێکی سعوودیە و هانی سەرمایەدارانی سعوودی دەکرد بۆ ئەوەی بێن لە سوودان سامانەکانیان ڤێستە بکەن، بەلام سەیر ئەوە بوو کە ئوسامە نەیدەهێشت هیچ شتێک لەسەر قاقەز تۆمار بکرێ، چونکە دەیگوت ئەمە هەڵەیە. فەزل گوتی: (ئوسامە بە کۆبوونەوەیەکی ئەلقاعیدەی گوت... ئەجیندەی ئێمە لە بزنیس گەورەترە، ئێمە لێرە بزنیس ناکەین، بەلام پێویستی ئێمەیە کە یارمەتی حکوومەت بدەین، بۆ ئەوەی حکوومەتیش یارمەتی گرووپی ئێمە بدا. ئەمە ئامانجی ئێمەیە.) کەواتە گەیشتنە لووتکە لەلای ئوسامە سامان و دارایی نەبوو، وەک ئەوەی کە ڕێبازێکی کلاسیک باسی دەکات. پارە لەلای ئوسامە بۆ ئەوە بوو بتوانێ کار بکاتە سەر بارودۆخی دەوروبەری، دەشیزانی کە سوودان تەنیا خارێکە لە خرارێکی ئیشەکانی کە لە سەرتاسەری دنیادا هەیبوو. بەلام ئوسامە هەموو کات زۆر لە ورد و درشتی پارەی لەگەڵ پیاوەکانی خۆیدا دەپرسییەوە.

لە فەزل ئاشکرا بووبوو کە ١١٠,٠٠٠ دۆلاری لە ئەلقاعیدە دزی بوو. زۆربەی پارەکەی لە کڕینی کەلوپەل بە نرخێکی هەرزان و دووبارە فرۆشتنەوەیان لە بازاڕی ئازاددا بە گرانتر، پەیدای کردبوو. ئوسامە بانگی کردە ناو ئۆفیسەکەی خۆی، لەوێ لێی گەڕا چەند سەعات چاوەڕێ بکات. پاشان بە نەرمی، بەلام بە گەرمی پێیگ وت لێت دەبوورم ئەگەر تەواوی پارەکە بۆمان بگەڕێنیتەوە. لە بەرەوڕوو ئوسامە خۆی وا نیشان دا کە سەرۆکێکە لە کاروباری دارودەستەکەی دەگات. فەزل بە نیاز نەبوو پارەکە بداتەوە و بایی هەندەش زیرەک بوو تێ بگات تەنانەت ئەگەر پارەکەش بداتەوە، مەحاڵە ئوسامە جارێکی تر متمانەی پێ ناکات. فەزل گوتی: (پاش چاوپێکەوتنەکە، زانیم کە دەبێ لەوێ نەمێنم.) هەلاتن بۆ ئەو ئاسانتر بوو لەوەی کە دووبارە بەردێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە پشتی خۆی پێوە بدات. بەر لەوەی بەخت بیگەیەنێتە بەردەستی ئەمەریکاییەکان، فەزل ماوەی زۆر بوو بۆ ئەوەی هەموو ئەو چیرۆکانەی خۆی لەبەر بکا. فەزل دانی بەوەش دانا کە لە زۆر لە

وڵاتانی وەکو سوریا و عەرەبستانی سعوودی ژیانی خۆی بە فیڕۆ داوە. (فەزل بە دادگەی نیویۆرکی ڕاگەیاند کە ئەوانەی لە سعوودیە قسەیان دەگەڵی کرد، داوایان لێی کرد کە بە کرێی بگرن بۆ ئەوەی بچێ ئوسامەی بکوژێ.)

پیشەی سیاسەت هەندێ جار تا ڕادەیەک ئەخلاقی تێدا دەبێ؛ (بان) لە کۆتاییی دەیەیەکدا تورابییان لەسەر حوکم لادا. چووە زیندان (هەندێ جاریش ماڵ – زیندانی house arrest کرا.) لادانەکەی لەسەر حوکم، لە دوای ئەوەدا هات کە نەفت لە سوودان هاتە بەرهەم و ڕەچاوی ئەوەی لێ کرا کە چیی تر وڵات چاوی لە دەستی پارەدارانی وەکو ئوسامە نەبێت. لە دوای ٩/١١ وڵاتە یەکگرتووەکان بە چالاکی چووە نێو بابەتی ئاشتییەوە بۆ ئەوەی شەڕی نێوان خەرتووم و یاخیبووەکانی باشوور بوەستێنێ. شەڕەکە پێی لە سێیەم دەیە ساڵی نابوو. (بان) خولێکی تەواوی خواردەوە، بۆیە تورابی وا هەستی کرد کە لەمیانی ئەرکەکەی بۆ بە شۆڕشکردنی سوودان خیانەتی لەگەڵدا کراوە. بەڵام بێگومان ئەو هەڵانەی کە ئەو کردی زۆر گران بەسەر وڵاتەکەیدا شکاوە.

هەرچەندە ئێستا من پتر بیر لە باری سوودانی سەردەمی تورابی دەکەمەوە، ئەوەندە پتر حەز دەکەم کە لە ١٩٨٠کاندا زیرەکتر بام. زۆر لە کەسایەتییەکانی ئەلقاعیدە لە سوودان بە ئاسانی دەبیندران، بەڵام بێگومان ڕواڵەتی باشتری پێویست بوو. ئەو کات هێشتا (بان) خۆی تووشی کاری تیرۆریستی نزیک لە ئوسامەی نەکەتبووەوە (هەرچەندە کە خۆی حوکمڕانی دەکرد هێندە توندوتێژ بوو کە مەترسی لێ دەکرا.) بەڵام بە هەردوو لایان تەکنۆلۆجیای خۆرئاواییان بۆ ئەوە برد کە لە دژی خودی خۆرئاوادا بەکاری بێنن. یەکەم کۆمپیوتری کە من لە خەرتووم چاوم پێی کەوت لە ئۆفیسێکی حکوومەتە هەژارەکەی ئەوان نەبوو، بەڵکو لە بارەگایەکی (بان) دا بوو. ئەوانەی کە لە سەریشی ئیشیان دەکرد بە زۆری لە زانکۆیەکانی ئەمەریکا و بە هۆی سکۆلەرشیپی وڵاتە یەکگرتووەکان فێر کرابوون.

تەنانەت هەینێش سەرم لە تورابی و سەربازە گەنجەکانی سوڕما، چونکە هەرگیز پێ نەدەچوو کە هیچ ئەزموونێکی ڕۆژئاواییان هەبێت. ئاخر زۆربەی ئەو کادیرانەی (بان) کاتی زۆریان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیادا بە سەر برد بوو، هەندێ جار چەند ساڵ لەو وڵاتانەدا مابوونەوە، بەڵام

هەرگیز هیچیان لەو کۆمەڵە ڕۆژئاواییانە وەرنەگرتبوو. ئەوانەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانیان خوێندبوو بە شێوەزاری شەقامی ئەوێیان قسە دەکرد و باسی یارییەکانی ئەمەریکاییەنیان دەکرد. بەڵام پابەندبوونیان بەو کولتوورە ڕەقەیانەوە، ڕێگەی پێ نەدابوون هەموو سەراو و دەراوەکانی ژیانی وڵاتە یەکگرتووەکانی سەح بکەنەوە. پاشان کە هاتمەوە سەرەخۆ زانیم ئەوانە هەرگیز بیر لە ڕۆژئاوا ناکەنەوە. تورابی ئەوەی زۆر لەلا گرینگ بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو ئازادییەکی ئاینی تێدا هەیە و کۆمەڵ بە پێی قەناعەتی خۆیەوە پەرستکاری خۆی، ئەنجام دەدا. بەڵام ئەو دیاردەی ئەو ئەندامانەی (بان) جێی نیگەرانی نییە، چونکە ئەو موسڵمانانەی کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا حەساونەتەوە و شانازی پێوە دەکەن بە ڕاستی ژمارەیان زۆر کەمە. وڵاتە یەکگرتووەکان شوێنێکی باش بوو بۆ خوێندن، بۆ پارە کۆکردنەوە، بۆ ئەوەی لێی بسووڕێیەوە و بگەڕێی و لە کۆمەڵێکی نموونەییدا بژی بێ ئەوەی کەسێک بتوانێ هەراسانت بکا. ئەوەی لێرە هەیە ئەوان هەر خەونی پێوە دەبینن.

لە دوای سەرکەوتنی کودەتایەکەی، (بان) توانی خۆی و میوانە توندڕۆیەکانی لە چاوی خەڵکی بشارێتەوە. من هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کە هەواڵگری ئەمەریکایی ئاوا بە ڕشتی بتوانێ بچێتە ناو (بان)ەوە، بە ڕادەیەک کە بتوانێ تێی بگا و ڕووبەڕووی سیاسەتەکشی ببێتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان پشتی بە سەتەلایتی زۆر پێشکەوتوو دەبەست، بۆیە زۆر پێویستی بە سیخوڕی کلاسیکی نەبوو بۆ ئەوەی زانیاری بۆ کۆ بکاتەوە. کە ئەو یاداشتنامەی داواکاری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٦دا، دابوویە خەرتووم، لە دوای ١١/٩وە بڵاو کراوە، من بە ڕاستی لە خاڵەکانی چوار و پێنج حەپەسام! چونکە پێوەندی بەوەوە هەبوو کە سوودان ئەندامانی (حەماس و هەندێ گرووپی تیرۆریستی تری) مەشق پێ دەکردن. یاداشتنامەکە داوای کرد بوو کە: (کامپی سەربازی مەرتخیەت -Mertk hiyet کە لە خاڵی جیۆگرافی ١٥-٤٣-٣٠ باکور و ٢٣-٤٢-٧٠ ڕۆژهەڵاتدایە مەهێڵە و بەڵگەشمان بدەیە کە ئەو کامپە بە ڕستی تێکدرا و ڕێگە بە بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش بدە بۆ ئەوەی کامپەکە بپشکنن.)(٦٩)

وای لەو جۆرە وردەکارییەی کە لە گەورەترین وڵاتی ئەفریقیادا کراوە! ڕەنگە

کامپەکە ئەو شوێنە بووبێ کە، پێش ئەوەی لە ١٩٩٦دا، واشنتن بڕیاری دا واز لە (بان) بێنێ و سوودان گۆشەگیر بکا، باڵیۆز کارنی سەردانی کرد. لەو کاتدا هێشتا مادڵن ئۆڵبرایت باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کە سوودانی بە (کونە ماری تیرۆریزم) ناوزەد کرد، ئەوەش هەمووی هەر بەرەو خراپی دەڕۆیشت. لە هەینێوە من لەگەڵ چەند دیپلۆماتێکدا قسەم کرد کە لە کاتی جیاوازدا سەردانی چەندەها کامپی تریان کردبوو. بێگومان زۆر لە پیاوانی ئوسامە یان لەوێ نەما بوون، یان پاشی وەدەرنانی ئوسامەی خۆیان شاردبووەوە. دیپلۆماتەکان جەختیان کردەوە کە شوێنەکان جێی مەشقدانی تیرۆریستان بوو. بەڵام بە سەردانێکی ئاوا کورت، چۆن با دیپلۆماتێک نەبێ بەڵکو شارەزایەکی سەربازی بێت، چۆن دەتوانێ تیرۆریستان لە هێزی بەرگری میللی لێک بکاتەوە کە زۆربەیان قوتابی بێچارە و گەنجی لێ قەوما و بوون و ڕاپێچەکی ئەوێ کرابوون و بۆ ماوەیەکی کەمیش مەشقیان پێ کرا بوو پاشان بۆ مەیدانەکانی شەڕی ناوەخۆ، لە باشوور بە زۆری دەبردران؟

من کابرایەکم حەزم زۆر لە غاردانە. یەکێک لەو شوێنە خۆشانەش قەراخی ڕووباری نیلە کە دەمەوێ لە بەرەبەیانێکی فێنکدا، لەوێ ڕا بکەم. لە بیرمە جارێکیان سەرم لێ شێوا، کە دیتم کۆمەڵە لاوێک کە بۆ سەربازی گیرابوون، بەو بەیانییە بەرانبەری من وا بە غاردان دێن و هەموو بە گۆرانی دەڵێن: (لا اله الاّ الله محمد رسول الله.) بە ڕاستی لەلای منەوە هەموویان بە سوودانیان دەچوون. لەلاشم ڕوون بوو کە تیرۆریستان ناتوانن ئەوەندە بێشەرمانە لە بەرچاوی خەڵکی ئاوا مەشق بکەن و بە دەنگی بەرزەوەش بخوێنن. من دان بەوەدا دەنێم کە ڕەنگە سەردانی یەکەمم بۆ سوودان لە ١٩٤٦دا باش لە بیر نەمابێ، بەڵام من هەینێ سەرم لەو هەموو سیاسییانەی سوودان سوڕما کە لە ناو ئەوپەڕی شەڕ و ئاژاوەی ئەو ساڵدا بە بۆنەی سەردانییەکی شاژنی ئەلیزابیتی دووەم، داوای چوار ڕۆژ ئاگربەستیان کرد و ڕێزیشیان لە بڕیارەکەی خۆیان نا.

# جەزایر.. وەرزش و میوزیک

دیانا دین ئەفسەرێکی خاڵی گومرگ بوو، لە پۆرت ئانجلز لە ویلایەتی واشنتن کاری دەکرد، لە ١٤ی دیسێمبەری ١٩٩٩دا، بێ ئەوەی بیبەوێ، لە کاتی ڕۆیشتنی دوا دووبەی ئەو ڕۆژە کە هاتوچۆی نێوان ڤانکوڤەری کەنەدا و سیاتڵی واشنتنی دەکرد، پیاوێکی تووڕەی پەشۆکاند. زۆری نەویست بۆ ئەوەی کابرایەکە بتۆقێنێ؛ تەنیا بە شێوەیەکی ئاسایی داوای لێ کرد پاسپۆرتەکەی نیشان بدا و سندووقی ئۆتۆمۆبێلە نوێیە سەوزە تاریکەکەی جۆری کرایزلەر ٣٠٠ کە بە کرێی هێنا بوو، بۆی بکاتەوە. بەڵام لەبری ئەوەی کە بە قسەی ئەفسەرەکە بکات، ڕای کرد و چووە ناو تاریکی و خۆی لە بن پیکابێکی پارک کراودا شاردەوە و پاشان دیسان هەڵاتەوە، بەڵام کە لە ترافیکی سوور نەیتوانی دەست بە سەر ئۆتۆمۆبێلێکی تردا بگرێ، گەمارۆ درا. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت کە بۆشاییەکەی دەورەی تایەی سپێر لە ناو سندووقی ئۆتۆمۆبێلەکە پڕی RDX، کە کیمیاییەکی ئامۆزای نایترۆگلیسرین nitroglycerinو هەندێ تەقەمەنی تر و پەین و کاتدانەرێنەوەی کاسیۆ و تەختەی سێرکتی ئەلیکترۆنی، بوو کە بۆ تەقاندنەوەی فڕگەی لۆزانجلز، دەچوون.

بێگومان ئەوە ئەرکێکی ئەلقاعیدە بوو ئەو کابرایەی ناوی ئەحمەد ڕەسام بوو، جێبەجێی دەکرد. ئەحمەد ڕەسام لە پێش دەستەی باڵای دادگەدا، دانی بە تاوانەکەی دانا و بۆ ماوەی ١٣٠ ساڵ زیندانی، حوکم درا. دوای ئەو گرتنە ڕێککەوتەی، دەرکەوت کە ئەحمەد ڕەسام، لە ئوردنیش هاوبەشی تاوانێکی تری، کردووە. هێزی ئاسایشی ئوردنی هەندێک تەقەمەنییان لە ناو ژێرزەمینێکدا دۆزییەوە و ئاشکرابوو کە پێوەندیی بە تۆڕێکی ئیسلامییەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە هەبووە و ئەوبوو بە پیلاندانان بۆ پەلاماردانی هۆتێلی ڕادیسن Radisson Hotel، تاوانبار کرا. ئەمەریکاییەکان هەموو کات ئەو هۆتێلەیان پەسند دەکرد،

چونکە شوێنێکە ناوی لە ئینجیلدا هاتووە و کەوتووەتە سەر کێوی نیبۆ و (لەوێوەڕا موسا خاکی ژوان Promised Landی بە سەر کردەوە) جگە لەوێ چەند نیشانەیەکی تریشی هەبوو بۆ ئەوەی پەلاماریان بدا. لە واشنتنیش، سەرۆکی بەشی دژە تیرۆری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ڕیچەرد کلارک حەپەسا و ئیسراحەتی کرد و سوپاسی خوای کرد کە ئێوەارەی سەرە ساڵی هەزارەی نوێ بەبێ ئەو کارە تیرۆریستییە، بەسەرچوو[١].

لەلایەکی ترەوە، من زۆر نیگەران بووم؛ چونکە ئەحمەد ڕەسام جەزایری بوو. گرتنیشی لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کابرایە لەو هەموو تەگەرانەی لە ڕێی سەفەری بە نیوەی گۆی زەویدا هەبوون، هەر لە جەزایرەوە تا ئێرە، خۆی لە هەموویان دەرباز کردووە. وام دەزانی کە زانیاری زۆرم لە بارەی ئەو وڵاتەی باکوری ئەفریقیادا کۆکردووەتەوە و بەپێی ئەو زانیارییانە، ئەو ئیشە مەحاڵ بوو بکرێ. هەر لە سەردەمی دوایین شەڕی کۆلۆنیالی فەڕەنسی، کاتێک کە لە دەرەنگی ١٩٥٠کاندا لەوێ پەیامنێر بووم، هەواڵی ئەو شەڕەم دادەپۆشی، ئاشنای ئەو دەڤەرە بووم. هەر ساڵیش هەوڵم دەدا کە جارێک سەردانی بکەمەوە. گرتنی ڕەسام ناچاری کردم بە پەلە بە هەڵوێستی خۆم، بەرانبەر بە جەزایر و شێوازی جیهادی سیاسیدا بچمەوە. لەم هەڵوێستەشم من بە تەنیا نەبووم. گەورە کارمەندەکانی دژە تیرۆریزمیش لە واشنتن، وەک من، حەپەسا بوون.

من لەو باوەڕەدا بووم کە خەڵکی جەزایر زۆر بە کاروباری تەسکی وڵاتەکەیانەوە پابەندن و هیچ بەرژەوەندییەکی دەرەکییان نییە. لە هەموو مێژووی پڕ ئاژاوەی جەزایری، هەر لە سەردەمی داگیرکاری فەڕەنسییەوە، تا توندڕۆیەکانی ١٩٥٠کان و پاشتریش سەردەمی ئیسلامییە توندڕۆیەکانی ١٩٩٠کانیشدا، هەرگیز جەزایرییەکان لە سنووری وڵاتی خۆیان دوورتر نەچووینە. لە تاراوگەشدا کارەکانی کە جەزایرییەکان دەیانکرد بریتی بوو لە پارە کۆکردنەوە و قاچاغی چەک، کە لە فەڕەنسا دوورتر نەدەچوو، ئەوەش بۆیە لەوێ دەکرا؛ چونکە زۆرترین کۆچباری باکوری ئەفریقیا لەوێدا هەبوون. هەندێ جاریش دەرباز دەبوونە وڵاتە نزیکەکانی ئەوروپای ڕۆژئاواوە، ئەوەشیان هەر لەبەر ئەوە بوو چونکە ئەو وڵاتانە درێژبوونەوەیەکی جیۆگرافی سروشتی جەزایر بوون. چەند ملیۆنێک جزایری و فەڕەنسییەکانی نەوەی جەزایرییەکان لە فەڕەنسادا دەژین. سۆز و دڵسۆزی و

گەلێ جاران خێزانەکانیشیان بە زۆری بە سەر هەردوو بەری دەریای سپی ناوەڕاست Mediteranian دا دابەش بووینە. زۆر لە جەزایرییەکان فەڕەنسا بە دوژمنی یەکەم و شەیتانی گەورە Great Satan دادەنێن؛ چونکە سەرجەم ١٣٢ وڵاتیان داگیر کردووە. زۆربەشیان ئەگەر خۆشیشیان بوێ نازانن بۆچ خۆشیان دەوێ و ئەگەر ڕکیشیان لێیان ببێتەوە، هەمیسان نازانن هۆیەکەی چییە.

لە هەندێ کاتدا ئەو هەستەی کە هەرگیز جەزایری هەڵە ناکات هێندە لەلایانەوە ڕەگی قووڵ داکوتابوو کە لە چوارچێوەی عەقڵ دەرچووبوو. بۆ نموونە نزیکەی هەموو عارەبێک پشتی سەدام حوسێنی گرت کاتێ کە لە ١٩٩٠دا کوێتی داگیر کرد. دوای چەند مانگێکیش کە هاوپەیمانەکان لە ١٩٩١دا سوپای عێراقیان ناچار کرد لەو میرنشینە چکۆڵەی کەنداو دەرچێتە دەرەوە، لە باکوری ئەفریقیا بترازێ، هەموو عەرەبە توندڕۆیەکان بوونە دوژمنی وڵاتە یەکگرتووەکان. جەزایرییەکان هەموو بەرپرسێتییان بە تەنیا خستە ئەستۆی فەڕەنساوە. گلەیی ئەوەش لە پاریس دەکرا کە پێشتر دەیگوت دۆستی عەرەبانە و سوێندی دەخوارد کە بە هەموو توانایەکی نەهێڵێ شەڕەکە بقەومێ، بەڵام لە کۆتاییدا بە خۆی لەشکری بۆ هاریکاری هاوپەیمانەکان نارد و عێراقییەکانیان لە کوێت وەدەرنا. دەمەتەقێی ئاشکرا هەر لەسەر ئەم بابەتە دەکرا.

بەڵام من لەمیانی سەردانییەکەی جەزایرم پێش بەرپابوونی شەڕەکە بۆم دەرکەوت کە گلەییەکەی لە فەڕەنسا دەکرا تەنیا بە هۆی شەڕەکەی کوێت بوو. لە ڕاستیشدا یادگارییەکانی سەردەمی داگیرکردن هێندە تاڵ بوون هەرگیز لە یادی جەزایرییەکان نەچوو بوو. داگیرکەرە ئەوروپاییەکان کە ملیۆنێک کەس دەبوون، لە سەرەتای ١٨٣٠دا جووتیارەکانیان لەسەر زەوییەکانیان دەرکرد و زۆر لە نەریتەکانیان لەناو برد و ئیسلامیان پەراوێز کرد. پاشان جەزایر لە دوای خەباتێکی توندی هەشت ساڵە کە جەزایرییەکان دەڵێن ملیۆنێک کوژراویان لێ داوە، لە ١٩٦٢دا سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، ئیتر لە چەند هەزار کەسێک بترازێ، هەموو داگیرکەرەکانی تر لە نەکاوڕا بە چەند مانگێک، ئەوێیان بەجێ هێشت و بەرەو وڵاتی خۆیان بوونەوە.

پاشان هەرچەندە من کۆششم کرد زانیاری پتر لەبارەی ڕەسام وەدەست بێنم،

هێنده پتر ڕێگەی خۆمم لێ بزر بوو. ڕەسام کابرایەکی گەنجی جەزایری بوو، کەمێک پاش ئەوەی کە سوپا فەرمانی وڵاتی لە ١٩٩٢دا گرتە دەست و ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی کانسڵ کرد کە بەرەی ڕزگاری ئیسلامی (برا) تێیدا سەرکەوت، ئەویش وەکو هەزاران هاووڵاتییانی خۆی وڵاتەکەی بەجێ هێشت. کودەتایەکەی لەشکر کتوپڕ ئەو چاکسازییەی بڕییەوە کە سێ ساڵ بوو، زیرەکانە، دەکرا. ئەو کارە دڵی زۆرینەی ئەو جەزایرییانەی خۆش کرد کە بە فەرەنسی قسە دەکەن. چونکە ئەو کۆمەڵە ترسی ئەوەیان لێ نیشت، ڕژێمێکی ئیسلامی لە شێوەی ئەوەی ئێران، لە ناوەڕاستی دەریای سپیدا، لێیان پەیدا ببێت.

لەوەتی جەزایر سەربەخۆیی وەرگرتووە، ئەمەیان یەکەم جار بوو، هاووڵاتییان بە ئاشکرا دەوێران ڕەخنە لەو حووکمە تاکە حزبییەی وڵاتەکەیان بگرن کە بە زۆری لەلایەنی چینێکی لەشکرتاریای فەرەنسی زمان و شارەزا لە دادۆشینی دەوڵەمەندەکانی خاوەن نەوت، کۆنترۆڵ کرابوو. سەردانیکردنی جەزایری پایتەخت لەو سەردەمەدا هێندەی سەردانیکردنی مۆسکۆ، لە سەردەمی پێریستریکا، سەرنجڕاکێش بوو؛ چونکە هەردوو لا یەک جۆرە هۆیان هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە جەزایر لەمێژبوو بەرێزەوە سەیری ئەزموونی سۆڤیەتی دەکرد، هەردوو ڕژێمیش لەمێژبوو هاووڵاتییانی خۆیانیان دەمکوت دەکرد، بۆیە هەردوو نەتەوەکان کە بواری قسەکردنیان بۆ هات، ئیتر زمان درێژییان دەکرد.

هاووڵاتییە ئاساییەکانی جەزایر لە حوزەیرانی ١٩٩٠، سەریان لە خۆیان سوڕماند و خەڵکیشیان هەژاند بەوەی کە بە زۆرینەیەکی زۆر دەنگی خۆیانیان بە (برا) دا، (برا) تاکە حزبێکی ئیسلامی بوو؛ ساڵێک پێشتر بە فەرمی ڕێگەی پێ درابوو تا بە ئاشکرا ئیش بکات. ئەو سەرکەوتنەی ئیسلامییەکان وڵاتانی دراوسێی وەک مەغریب و تونسی، تۆقاند. هۆی ئەو دەنگدانەش ئەوە بوو کە جەماوەر نەیویست چیی تر دەنگی خۆی بداتە ئەو سێکولارە گەندەڵە ناشایستە گیرفان خۆ پڕکەرانە، نەک لەبەر پشتگیرکردنی کۆمارێکی ئیسلامی بوو بێ. گەندەڵەکانیش بەرەی ڕزگاری نیشتمانی جەزایری (برن) بوو کە خەباتی لە دژی داگیرکەری فەرەنسی کرد بوو و پاشانیش حوکمی وڵاتی مۆنۆپۆڵ کرد بوو. دەنگەکان ئەو گەندەڵانەیان ڕاماڵی. یەکەم واتای هەڵبژاردنی فرە لایەنەی جەزایری سەربەخۆ ئەوە بوو، (برا) کاری زۆری بۆ سەرکەوتنەکەی خۆی کرد. بە وردی

پلانی بۆ وەدەستهێنانی دەنگی خەڵکانی ڕەشوڕووتی وڵاتەکەی خۆی داڕشت بوو. پارتە سێکولارە بەرانبەرەکان بەم شێوەیە کاریان لەسەر هەڵبژاردنەکە نەکرد بوو.

لەمیانی هەژدە مانگی حوکمڕانی خۆیاندا، ئیسلامییەکانی کارمەندی دەزگای شار و هەرێمەکان، بە چڕی دەستیان بە ترساندنی خەڵک و ناچارکردنیان لە ڕاپەڕاندنی ئەوەی کە خۆیان نایانەوێ، ترسێکی زۆری لە نێوان خەڵکیدا، بەتایبەتی لە نێوان فەڕەنسی زمانەکاندا بڵاو کردەوە. بەڵام ئیسلامییەکان نەیانتوانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ١٩٩١دا، زۆرینەی دەنگی هاووڵاتییە سێکولارەکانی وڵات وەدەست بێنن. هەڕەشە و گوڕەشە کردن لێرە و لەوێ بە ئاشکرا دەبیستر‌ا. (برا) ڕێپێوانی سیاسی گەورەی بۆ هەڕەشە لێکردنی گەل ڕێک خست و بە ناو جەزایری پایتەختدا سووڕانەوە و هەندێ جاریش یەکسەر بۆ بەردەرگەی کۆشکی سەرۆکایەتی دەچوون. هەموو ڕۆژانێکی هەینی دەیان هەزار لە لایەنگرەکانیان لە مزگەوتەکاندا بۆ بیستنی قسەی وتاربێژە توندڕۆیەکان کۆ دەبوونەوە، بەڵام وتارەکانیان تەواو نەدەکردن؛ (چونکە دەبوو میری لاری نەبێ تا وتارەکان بە تەواوەتی بخوێندرێنەوە.)

ئیسلامییە گەنجەکان لاسایی موجاهیدە سەرکەوتووەکانی ئەفغانستانیان دەکردەوە و دەستیان پێ کرد بەری چاوی خۆیانانیان بە سورمە دەڕشت. ئەو کل لە چاوکردنە بۆ ئەوە بوو بزانن کە ئەمانە لە ئەوانی چاوی خۆیانیان نەڕشتووە سوورتر و ئامادەترن بۆ جیهادکردن و بۆ نوێژی هەینی دەچوون لە مزگەوتێکی لاچەپ کە لێ نابوو کابول، لەگەڵ هەندێک جەنگاوەرە دێرینە ئەفغانییەکان، کۆدەبوونەوە. ئەوانە بە گاڵتە ناویان لێ نرابوو (ئەفغانییەکان). ئەو ئیسلامەی جەزایر کە ڕژێمی کۆلۆنیاڵی فرەنسی بۆ ماوەیەکی زۆر چەوساندییەوە، وەکو ئەوەی منیش بە ڕەگەز جەزایری بم، هەردەم تووشی دڵەڕاوکێی دەکردم. ئاخر بزانە کوڕی عەبدولحەمید بن بادیس، لێرە بووبووە سەرچاوە (المرجع). حەمید بن بادیس چاکسازێکی موسڵمانی پێش شەڕی جیهانی دووەم بوو. مەرجەعەکەش کوڕی ئەو بوو، نە کوڕی سەید قوتبی، نە کوڕی ئەندامێکی (اخوان المسلمین)ی ڕۆژهەڵاتی قزگەی ئیسلامەتی بوو. ئەویش ئەو دروشمەی هەڵگرت: ئیسلام ئاینی منە، عەرەبی زمانی منە، جەزایر وڵاتی منە.)[٢] Islam is my religion, Arabic is my language, Algeria is my country.

کـە هـەڵبـژاردنـی یاسـاسـازی نزیک بـووەوە، (برن) و پێـشـبـڕ rivalکـانـی بە شێـوەیەک هەڵسـوکـەوتیان دەگـەڵ ئەنجامی هـەڵبژاردنەکـەی ١٩٩٠دا کرد، وەک ئەوەی کە هـەر بە هـۆی بـەخت گەورەییـیەوە بە دەست هاتبـێ و کـاری بۆ نەکرابی، وابوو. هەمـوو سـەرکردەکانی (برا) گیران و خـرانە زیندانەوە. گەورە سـێکولارە سیـاسیـیەکان پشـوویان هاتەوە بەرێ. بەڵام ئەو بنکانەیان پشـتگوێ خسـت کە ڕێبازی (برا) لە ناویـان ڕەگی قـووڵی داکوتا بوو. لە هەڵبژاردنەکەی دیسـێمـبـەر، هێـزە سـێکولارەکـان وەک ئەوەی کـە لە بـەرژەوەندی (برا) بن، قـایل نـەبوون هێزەکـانی خۆیان بکەنە یەک و بە پەرت و بڵاوییـەوە هـاوپشکی هـەڵبژاردنـەکەیان کـرد. سـەرجـەمی ئەنجـامی هەڵبژاردنەکـە هەرچەندە وەک ئەوەی سـاڵی پێـشـتـر نەبوو، بەڵام هێـشـتـا زۆر لە سـەرانی (برا) لە یەکـەم خـولی هـەڵبـژاردنەکـەدا سـەرکـەوتن، بـەمـەش سـەرکـەوتنیـان لـە خـولی هـەڵبـژارنـە چاوەڕوانکراوەکـەی جانیوەری مسۆگەر بوو.

لە چەند ڕۆژی بەر لە هەڵبـژاردنەکـەدا، سـوپا، بە پشـتـیـوانی یەکـەتیـیـەکـانی کرێکاران و گرووپەکانی ئافرەتان و ڕێکخراوە سێکولارە تووڕەکان، بە درەنگەوە، چەندین خۆپێـشـاندان و کۆبوونەوەی گەورەی لە جەزایری پایـتـەخت ڕێک خست، یەکسـەر دەنگی خـۆیان بەرز کـردەوە:- (یـەک کـەس، یـەک دەنگ، یەک کـات.) ئەم خواستانەیان بە پێچەوانەی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ١٩٧٩ بوو. نە جەنەراڵەکان و نە سیاسیـیە سڤیلەکان، خۆیان نەخستـە مـەترسیـیەوە؛ بەڵام ژیرانەتر بیریان کردەوە و بـە قسـەی سـەرۆ شـادلی قلیبـیـیـان کرد بۆ ئەوەی ڕێگە بدەن (بان) لە هەڵبـژاردنەکـە دەربچـێ و حکومـەتیش پێک بێنێ، بە مـەرجـێک لە ژێر چاودێری هـەمیشـەی سـوپادا بێ، هەر دەمێکیش کە ئیسـلامییـەکان ویسـتیـان دەسـتـوورە سێکولارە هاوچەرخەکەی وڵات بگۆڕن ئەو کات سـوپا دەبێ سنووریان بۆ دابنێ و دەست لە کـاروبـاری بەڕێوەبردن وەربدات. بەم جـۆرە جـەزایرییـە ئـاسـاییـیـەکـان دەتوانن کۆنتـرۆڵی چالاکی ئیسـلامییـەکان بکەن و ئەوانیش لە ترسی ئەوەی نەکا لەسـەر حـوکم لابدرێن، نەرمـتـر دەبن. جـەنـەراڵەکان وا لـە کنیـان باشـتـر بوو کـە سـەرۆک دەست لە کار هەڵگرێ، (ئەم چەشنـە ڕێبازەش چەند سـاڵ پێشـتر سـوپای تورک بۆ لادانی ئیسـلامیـیـەکان لەسـەر حـوکم لە تورکیـادا پـەیڕەوی کرد و ناوی پرۆسـەکـەیان بووە – یـەکـەم کـودەتـای دوای – هـاوچەرخ postmodern. لەشکر بە

شێوەیەکی زۆر کوشندە هەڵبژاردنەکەی وەستاند، ئەگەر تەنیا بۆ کاتێکی نادیار دوای بخستایە، ڕەنگە ئەوەندە مەترسییەی لێ نەکەتبایەوە.

ئەو کارەی کە لەشکریتاریا کردی تەنیا کارێکی گێرەشێونیی سەرپێیی ئەنجام خراپ بوو. ئیسلامییەکان هەرگیز ئەو بەرهەڵستکارییەی سێکولارەکان لە بیر ناکەن؛ چونکە خیانەتیان لە ڕێبازە بە ناو دیموکراتییەکەیان کردووە. بەم جۆرە پاگەندانە ڕێگەیان بە خۆیان دا کە گەورە پیاو و ناودارەکانی کۆمەڵ تیرۆر بکەن. کۆنە قسەیەکی فەرەنسی هەیە دەڵێ: (تونسییەکان ئافرەتی باکوری ئەفریقیانە و جەزایرییەکان پیاوەکانی ئەوێن، مەغریبییەکانیش شێرەکانن.) زووبەزوو توندی و تیژییەکی بێ ئەندازەی وەکو سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی لە دژی فەرەنسا، دەستی پێ کرا. لە دەیەی یەکەمی ئەم شەڕەدا پتر لە١٥٠٠,٠٠٠ کەس کوژران و کۆتاییی ڕێچکۆڵەی کوشتاریش هەر دیار نەبوو (هەرچەندە ژمارەی کوژراوەکان ئێستا زۆر کەمتر بووەتەوە). هەر لە یەکەم جار ٢٠٠ جەنگاوەری ئیسلامی لەوانەی لە ئەفغانستان گەڕابوونەوە کوژران. دوای چەند مانگێک (بان) قەدەغە کرا، گەورە بەرپرسەکانی لەوانەی کە لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٠دا دەرچووبوون لە ناو ئۆفیسەکانیانەوە دەستگیر کران، دەیان هەزار لە لایەنگرە لاوەکانییشی ڕەشبگیر کران. بە زۆریش ئەشکەنجە دەدران پاشان بێ لێی پرسینەوە ڕەوانی گرتووخانەکانی بیابان دەکران. گەلێکیان لەوێ بوونە جیهادی دڵڕەق. بۆ ئەوەی نەکرێنە سەرباز و لە شەڕی ناوەخۆش بەشداری نەکەن، گەلێک کەسی لەوانەی وەکو ڕەسام لە جەزایر نەمان.

سەرکوتکردنەکە بە دڵی ئەو زۆرینە توندڕۆیەی (بان) بوو کە بە ناهەق ناویان لە خۆیان نابوو سەلەفی. واتای پڕ بە پێستی ئەم ناوە دەکاتە (باپیرانی) و واتا سیمبۆلیزمییەکەشی کە مەعنایە ڕەمزییەکەیەتی، دەبێتە سەرکردەکانی سەردەمی زووی ئیسلام. سعوودیەکانیش مۆرکێکیی ئیسلامی خۆیانیان بە ناوی وەهابییەت پێوە نووساندووە. (سەلەفییە سعوودیەکان لەو باوڕەدا بوون ئەگەر بە یەکتر چوونێکی جگە لە ناوەکەیان لەگەڵ سەلەفییەکانی جەزایر هەشبووبێ، ئەوە زۆر کەم بووە.) ئەو سەلەفییەی کە لە باکوری ئەفریقیادا پەیدا بوو، هەرگیز وەک ئەو باڵە نەرمڕۆیەی (بان)ی جەزایری گەشبین نەبوو لەوەی کە بتوانێ لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگەوە دەسەڵات بە دەست بگرێ. بۆیە پاش ئەوەی کە ئەنجامی

هەڵبژاردنەکان هەڵوەشێندراوە، ئەو سەلەفییانە خۆیان بە ڕاست زانی لەوەی کە هەرچی پێشان خۆیان دەیانویست بیکەن و نەیانکرد، ئێستا دەتوانن بیکەن: ئینجا جیهادێکی سەرتاسەرییان ڕاگەیاند بۆ ئەوەی دەسەڵات وەربگرن و کۆمارێکی ئیسلامی پێک بێنن. بۆیە بە هیچ شێوەیەک دەستی خۆیانیان نەپاراست.

کە زانیم لە دوای مانگێک جەزایری و ئەوروپایی لە ناوجەرگەی گەڕەکە شلۆقە کۆنەکانی شاری جەزایری پایتەخدا دەکوژرێن، من ترسێکی زۆرم لێ نیشت. ئەوی دەکرا وەکو هی سەردەمی شەڕەکەی دژی فەڕەنسا بوو کە جەزایرییەکان بێجگە لە کوشتنی سەربازان و نیشتەجێیە فەڕەنسییەکان، خۆ- بەخۆیی لە ناو خۆشیاندا یەکتریان دەکوشت. دیسان ترسی بێ ئەندازە پەیدا بووەوە: قوڕگبڕین، کە پێی دەگوترا (زەردەخەنەی قەبایل Kabyle smile) دفن و مەمکبڕین، کێربڕین و خستنە ناو دەوی خاوەنەکەی بۆ تۆڵە سەندنەوە، ئەمانە هەموو دەکران. منیش ئەوانەم لەگەڵ هاوڕێیەکی شۆڕشگێڕی جەزایری کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە شەڕەکەدا هەبوو، باس کرد. ئەویش گوتی، لە دڵم گرانە بیانییەک ئەو باسەم لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی ئەگەر برادەرێکی وەکوو تۆ بێت. ئەو دەزگایەی کە ئەو برادەرەم ئیشی بۆ دەکرد گومانی بە ڕاستی گۆڕییەوە تا بزانین بۆ ئەو ڕێبازەیان هەڵبژاردووە، تەنانەت قسەیەکیشیان داهێنا کە بە خۆیان بە شانازییەوە خۆیانیان پێی پێناسە دەکرد؛ (قەڵاچۆکاران eradicators) یان ناو لە خۆ نابوو. خۆ ئەمانە بەلای کەم بە درۆ وایان نەدەکرد کە سۆزی خەڵکی بۆ خۆیان ڕابکێشن. لە ڕاستیدا هەردوو لایەن لەمیانی توندی و تیژیدا، هیچ جیاوازییان نەبوو.

بەم جۆرەش هێشتا ئەو ڕژێمە لەشکرتارییایە نەیتوانی بە ڕادەیەکی کەمیش بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکا، (هێزەکانی ئاسایش تەنانەت دوای دە ساڵیش نەیانتوانیوە توندوتیژی ناوە ناوە لە وڵاتدا بنبڕ بکەن.) لە ساڵەکانی سەرەتادا، ئیسلامییەکان زۆربەی گەڕەکەکانی پایتەختیان لە بن دەست دابوو، ئەو ڕێیە سەرەکییانەی بۆ هەرێمەکان دەچوو لە ژێر کۆنترۆڵیان دابوو، باجیان وەردەگرت و شەڕی گەریلاشیان دەکرد. پاشان بارەکە ئاوا تێکەڵ و پێکەڵی یەکتری بووبوو، تەنانەت پسپۆڕانیش نەیاندەزانی کێ دۆستە و کێ دوژمنە. جەزایر بووە دیلی تۆقاندن و تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێل و بە پاچ خەڵک کوشتن و بزرکردن و

ئەشکەنجەدانی بەردەوام و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسـان و گۆرانیبێژە میللییـەکان و دەرهێنەرانی شانۆ.

ئیسلامییەکان جلوبەرگی سەربازانیان لەبەر دەکرد و بازگەی ساختەیان لەسەر ڕێگە سـەرەکییـەکـان دادەنا و مـوسـافـیـرەکـانیـان دەکـوشت. یان ڕەنگە هەر سـەربازەکان بە خـۆیان بووبن بۆ ئەوە ئەو کارانـەیان دەکرد تا ئیسـلامیـیـەکـان تاوانبار بکەن، کێ دەزانێ؟ بکوژەکان بەرگی ئیسـلامییـەکانیان لەبەر دەکرد و لە بنەپاڵی سـەربازگـەکـانەوە ئەو خـەڵکانەیان دەکـوشت کـە هاواریان دەگـەیشـتـە سـەربـازەکـان، بـەڵام نە لـە بکوژەکـان دەهـاتنە قـسـە و نـە دەهاتنە هـاواری قوربانییـەکانیشـەوە. ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕۆژئاواییـیانەی کە لە جەزایر کاریان دەکرد تیرۆر کران (بەڵام سەیرە کە هیچ ئەمەریکاییـەکیان لە نێواندا نەبوو). لە ١٩٩٤، کـە توندوتیـژی لە ئەوپەڕ دا بوو، حکوومـەتیش لە ئەوپـەڕی بێ دەسـەڵاتی دابوو، من دوو حـەفـتـەی ڕەبەقم لە هـۆتێـڵی سـەنت جـۆرج لە جـەزایر بە ڕاپۆرتنووسین بە سـەر برد. تەنانەت هۆتێـڵی سـەنت جـۆرج، کـە هـی سـەردەمی داگیرکەرانە و لە شەڕی دووەمی جیهانیش بارەگای جەنەراڵ ئێیزینهاوەر بوو، ئەویش بە ڕاستی ئەمین نەبوو.

تەنیا پارێزەری من ڕانەندەکی زیرەکی تاکسی بوو کە چەندەها ساڵ بوو بۆ من و بۆ چەند پەیامنێرێکی تریش، تاکسـییـەکەی لێ دەخوڕی. ئێمـە پارەمـان بۆی هەڵدەڕێشت ئەویش هیچ پرسیاری گرینگی لێ نەدەکردین. چونکە پێشتر ڕێکمان نەدەخست، بۆیە تا سواری تەکسییەکەی نەبووینا، نـەیدەپرسی بۆ کوێ بچم. وەکو زۆربەی ڕانەندەی جیهانی سێیەم نەبوو، نەیدەپرسی کەی بێمـەوە، بەڵکو هـەمـوو کات چاوەڕێ بوو، هەردەمێکیش دیمانەکانم تەواو ببایە و بهاتبامایە دەرەوە ئەوە سـوار دەبووین و دەڕۆیشـتین. لە شـوێنێکی وەکـو جـەزایر کـە هـەمـوو کـات ترافیکەکەی پڕی تەگەرە و ڕاوەستانە، پێویستە ئاگەداری ئەوە بی کە ڕۆژئاوایی نابێ لە پێویست پتر لەسـەر خیابانەکاندا بمێنێتـەوە. من هەرگیز لە بەرانبەر ئامۆژگارییـەکانیدا مووم نەپساند. پێی دەگوتم چ کاتێک سـەلامەتترە بۆ ئەوەی سەردانی ئەم یان ئەو گەڕەک بکەین. کە پێی دەگوتم ئەو کاتەی من بۆ دیمانەیەکم ڕێک خستبوو کاتێکی باش نەبوو، هەرگیز دەودەوانێشم لەگەڵیدا نەدەکرد.

زۆربەی ڕۆژئـاواییــیــە ڕەنگ زەردەکــان لە زووێکەوە لە جــەزایر نـەمـــابوون، دیپلۆمـاتەکـان ئاواییـیـە باش پارێزراوەکـانی خـۆیانیـان بەجێ هێـشـتـبـوو، ڕۆژنامـەنووسـەکان، بەتایبـەتیش پەیامـنێرە ڕۆژئاواییـەکان، زوو زوو لەناو ترافیکە وەسـتـاوەکاندا، یـان لە هـەر شـوێنێکی تری ئەو وڵاتەدا، بە ئـاسـانی دەکـەوتنە ناو داوەوە. شــەڕەکــە کــەمــتــر لە پێـویـست ڕاپۆرتـی لە بارەیـەوە درابوو[٣]. هـەمــوو پەیامنێرێکی بیـانی ئامـادە نەبوو نە خـۆی نەپیشـەکەی خۆی بخـاتە مـەترسـییـەوە. ڕژێمـەکـە بە خـۆی نەیدەویست پـەیامـنێـر بێن باسـی ئەو بارودۆخـە بکەن کـە بۆی کۆنترۆڵ نـابێ. ڤیـزەکان زۆر بە گرانی وەدەست دەکەوتن. لە دوا قـۆناغیش ناچار دەکران کە پاسـەوان (بۆ سـەلامـەتی خـۆتـان) و سـەلامـەتی ڕژێمیش، لەگـەڵ خـۆدا ببـەن. چەند جەزایرییـەک ویستیان لە بن ئەو بارەدا قسە بکەن. حکوومـەت ئەوپەڕ شـارەزایی لە بـواری کوشـتـار خسـتنە بەرچاوی کـامـیرای تەلەڤزیۆنـەکان، پەیدا کـردبوو، بـەتایبــەتیش لـە فــەڕەنسـا؛ چونکە ئـەو تاکـە وڵات بوو کــە حــەزی لەو ململانێیەی ئەوێ هەبوو.

لەگەڵ چەند سـاڵ بەردەوامبوونی توندوتیـژی، ئەفسـەرکان بێزار بوون، هـەڵاتن و سـەربازییان بەجێ هێشت و فەرمـاندەی باڵای سوپایان گومانبـار کرد کە دەسـتی ئیـسـلامــیـیـە توندڕۆیەکـانی سـەر بە گـروپی چەکداری ئیـسـلامـی (گـیـا)ی پێ گــەیشــتــووە. ئەوانە گـــرووپێک بوون لە (بان) یاخـی بووبوون و لێــیـان جــودا بووبوونەوە. لە سـەرەتادا ئەو تۆمەتانە ماندەل کران و بە پڕوپاگەندە لە قەڵەم دران. بەڵام پاشــان لەگــەڵ شـێـوەی گـێـڕانـەوەی ڕووداوە توندوتیـژەکـانی کـە بووبوونە ئەفـسـانەی سـەر زاری شـارنشـینەکـان، یـەکیـان دەگـرتنەوە. پەیتـا پەیتـا ئەو ئەفـســەرانەی دەگــەیشــتنە هـەندەران و لـە ترس دەردەچوون، زانـیـاری پتــریان سەبـارەت هـەندێ یەکەی تایبـەت دەدرکاند، کە ئیش و کاریان تەنیا تاوانکاری بوو کە لە دژی سڤـیلان ئەنجامـیـان دەدا و پاشـانیـش حکوومـەت دەیخـسـتـە ئەسـتـۆی ئیسلامییە دوژمنەکانییەوە.

لە ٢٠٠٢، لە فـەڕەنسا، سـوپا نەیتوانـی بەرگری لە شـەرەفی خۆی بکا. جـەنەراڵ خـالد نزار، سـەرکـردەی پێشـووی ئەرکـانی سـوپا و گـەورە پشـتـیوانـی ڕژێم، لە پاریس، شکایەتی لـە ئەفـســەرێکی یاخـی بوو کـرد کــە گـروبانـی دووەم حـەبیـبـە سووەیدییە بوو. چونکە کتێبێکی بڵاو کردبووەوە کە لە هەموو کتێبـەکانی هـاوکاتی

خۆی باشتر فرۆشرا، لەو کتێبەدا، حەبیب میری جەزایری بەوە تاوانبار کرد کە دەستی لە کوشتنی بە کۆمەڵی سڤیلاندا هەبووە و پاشانیش ئیسلامییەکانی تاوانبار کردووە. بەڵام گەڤاکان بەڵگەی ڕاست و ڕەوایان بۆ سەلماندنی ڕەش-کوژییەکانی سوپا پێشکێش بە دادگە کرد. میدیای فەڕەنسی وای کرد کە لە فەڕەنسا و لە جەزایر زۆر لە نزیکەوە خەڵکی ئاگەداری دادگییکردنەکە بن. کۆلۆنێلی پێشوو محەمەد سەمراوی، کە بەر لە هەڵاتنی دووەم گەورە ئەفسەر و پسپۆڕی دژە سیخوڕی سوپای جەزایر بوو، لە دادگەکەدا گەڤاهی سەرەکی بوو. ئەم ئەفسەرە بە درێژی بۆ دادگەکەی پاریسی گێڕاوە کە چۆن دەزگای ئاسایشی سەربازی بەر لە کودەتایەکەی ١٩٩١، (گیای دروست کرد)، بەڵام پاشان نەیتوانی چیی تر کۆنترۆڵی بکات. ئامانجەکەش لە دروستکردنی ئەو گرووپە ئەوە بوو کە (بان) لە ناو ببات. کۆلۆنێڵ سەمراوی گوتی: (ئێمە لیستێکی ناوی دژوارترین کەسانمان نووسی، پاشان فەرمانی دەستگیرکردنیانمان دا. بەڵام بێهوودە بوو. چونکە پێویست بوو ئەوانە (ئازاد بن) بۆ ئەوەی گرووپی تیرۆریستی دروست بێن. لە بری ئەوان ئێمە هەستاین ڕاست و چەپ و ناوەڕاستمان دەستگیر کردن. هەموو هەوڵێکمان دەدا بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە بکەینە بزووتنەوەیەکی توندڕۆ.)(٤)

سەمراوی گوتی لە سەرەتای ١٩٩١دا، سوپا لیستێکی ناوی ١١٠٠ کەسی (ئیسلامییە ترسناکەکان)ی ئامادە کرد. دەزگای موخابەراتی جەزایری ناوی ئەو کەسانەی لە کن بوو کە بۆ ئەفغانستان ڤۆڵەنتیریان کردبوو، هەر کە دەگەڕانەوە یەکسەر هەڵی دەبژاردن. سەمراوی گێڕایەوە و گوتی: (هەموویان بە فڕۆکەی تونسی هاتنەوە، چونکە نیوەقیمەت بوو، هەر کە لە جەزایر نیشتنەوە یەکسەر دەستگیرمان کردن،) و بە کرێمان گرتن(٥). ڕوون بووەوە کە ئەو تەکنیکە تیرۆریستییەی بە کار هات هەمان تەکنیک بوو کە لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆییدا، فەڕەنسییەکان بۆ تێکبەردانی جەزایرییەکان لە ناوەخۆیانەوە، بە کاریان هێنابوو. هەردوو لا بە دوای ئەوەوە بوون کە هاوڵاتییە جەزایرییەکانیان و حکوومەتە بیانییەکان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی خۆیان بە کار بێنن. بەرپرسانی جەزایر و تیرۆریستەکان، بە هەردوو لا کرداری تیرۆریزمیان کردە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی کار لە هزری گشتی ڕۆژئاوایی بکەن.

ئامانجی سەرەکی ئەوبەری دەریا فەڕەنسا بوو. پاریس گێلانە لە ١٩٩٢، دانی

بە کودەتایە سەربازییەکەی جەزایر دانا و بەردەوام یارمەتی دا و قەردەکانی دووبارە بۆ ڕیزبەند کردەوە. سوپا دەیویست پاریس چیی تر یارمەتی حکوومەتی جەزایر نەدا، ئەمەش وەک یارمەتیدانێکی ئیسلامییەکان وابوو. چەند ساڵ پاشتر بەرپرسە فەرەنسییەکان لە حکوومەتی جەزایر بە گومان کەوتن و زانییان کە ئەو حکوومەتە تیرۆریزم بۆ ئەوە بەکار دێنێ تا سیاسەتی فەرەنسا بەرانبەر بە جەزایر بگۆڕێ. ناوە ناوە بەرپرسە جەزایرییە یاخیبووەکان زانیاریی وایان دەگەیاندە فەرەنسییەکان بۆی ئاشکرا دەکردن کە زۆر قسەی بێ بنج و بنەوان بوو وای لە فەرەنسا دەکرد کە بۆ پاراستنی خۆی لە دژی تیرۆریزم، ئامادەکاری گەورە بکات. بۆ نموونە، عەبدولقادر تیغە، کە کۆنە ئەفسەرێکی ئاسایشی جەزایر بوو، ئێستاش لە تایلاند زیندانییە، دوای شەش ساڵ، دانی بەوە دانا کە سوپای جەزایر بوو لە ١٩٩٦دا، شەش خوشکە ڕەبەنی Cistercian فەرەنسایی لە ناوچە شاخاوییەکانی باشووری وڵات بە کوشت دان. ئەم کارە تیرۆریستییە بە شێوەیەکی بێ ئەندازە ڕای گشتی فەرەنسای هەژاند. تیغە ئەوەشی ڕوون کردەوە کە هەواڵگری لەشکری جەزایر کۆنترۆڵی تەواوی جەمیل زەیتونی سەرکردەی (گیا)ی کردبوو؛ پیاوەکانی بۆ سەربرینی سڤیلان بەکار دەهێنا، بۆ ئەوەی جەزایری و فەرەنسییەکان لە دژی جیهادییەکان گاڵ بدەن. تیغە لە بیری بوو چۆن فەرمان درایە زەیتونی تا خوشکە ڕەبەنەکان بڕفێنێ، بۆ ئەوەی بۆ فەرەنسایان بنێرنەوە، نەک بیانکوژن. کارەکە هەڵەی تێ کەوت. چونکە زەیتونی ناچار کرا کە ئافرەتەکان تەسلیمی گرووپێکی تری (گیا) بکات کە زۆر لە خۆیان توندڕۆتر بوون، جا ئەوانیش سەریان بڕین(٦).

هەڵە بێ یان نا، ئەم جۆرە کوشتنە بە ڕاستی لە بەرژەوەندی سوپای جەزایر بوو؛ چونکە کەش و هەوایەکی زۆر توندی لە دژی ئیسلامییەکان دروست کرد و هێشتا (گیا)ی پتر دەستڕەشتر و دڵڕەشتر نیشانی ڕای گشتی جیهانی دا. (بازنە ئیسلامییەکانی لەندەن و دۆستە دڵسۆزەکانی کەنداویشیان خۆیان لە جەزایرییەکان دوور خستەوە. ئاخر ئەوان پەیڕەوی هیچ ڕێسایەکیان نەکرد و خەڵکیان لە دژی ئەلقاعیدە و گرووپە جیهادییەکانی تریش بە ئاگا هێنا.) تەنانەت هایجاککردنی فڕۆکە ئێربەسەکەی هێڵی ئاسمانی فەرەنسیش لە جەزایر، جۆرە لێڵییەکی تێدا هەبوو، نەزاندرا چۆن ئەو گرووپەی (گیا) توانییان دەست بەسەر ئەم فڕۆکەیە دابگرن، بەمەش گومانی لەلای کاربەدەستانی فەرەنسی پەیدا کرد کە

جـۆرە چاوپۆشــینێک لەلایەنی کـاربـەدەســتـانی جـەزایرییــەوە لە ئارادا هـەبێ. مکوڕییـەکی توندی فـەڕەنسـییـەکان، جـەزایرییـەکانی ناچار کرد کـە ڕێگە بدەن فڕۆکەکە بفڕێ[٧]، ئەگەر نا نەیاندەهێشت هەستێ. فڕۆکە دزەکان بە تەما بوون تاوەری ئیـڤڵ لە پاریس بە فـڕۆکـەکـە بڕووخـێنن. ڕەنگە هـەر ئەو پلانە بـووبێ کـە پاشی حەوت ساڵ، ئەلقاعیدەی لەوە بە ئاگا هێنابێ کە فڕۆکەکان بەسەر جووتە تاوەری بازرگـانی نیـو دەوڵتی لە نیـویۆرک و پێنتـاگۆندا بخـەنە خـوارەوە. بەڵام پۆلیسی فەڕەنسی دژە تیرۆر لەمیانی بەنزین تێکردنیدا لە مارسیلیا، هەڵی کوتا سەر فڕۆکەکە و تیرۆریستەکانی کوشتن.

ئینجـا تیـرۆریزمی تۆڵەسـێنەرەوە لە دەریای سـپی پەڕینەوە. لە گـەلاوێژەوە بۆ ئۆکتۆبەری ١٩٩٥، لە زنجیرە کارێکی تیرۆریستیدا، کە زۆربەیان بۆمبی سادە و سەرەتایی بوون، لە ناو سەبووەیەکانی پاریسدا کاتبەند دەکران و دەتەقینەوە، لەو کارانەدا دە هاووڵاتی فەڕەنسی مردن و پتر لە هەشتا کەسی تریش بریندار بوون. هەموو جار یەکسەر دوای تەقینەوەکان (گیا) گومانبار دەکرا[٨]. لە میانی چوار مانگدا، گەورە تاوانکارەکان دەستگیر کران[٩]. پسپۆرێکی دژە تیرۆر پێی گوتم کە لەم هـەڵمـەتـەدا لە ٢٠٠٠٠٠ فـرەنکی ئەوسـای کـە دەیکردە ٢٤٠٠٠ دۆلاری پتـر تێنەچوو. بەڵام هەمـوویان نەبرانەوە و چکیـان نەکرد. لەمیـانی دادگـاییکردنی تیرۆریستەکانی سەبوەی، پارێزەری بەرگری ئەوەی درکاند کە پۆلیسی ئاسایشی جەزایری کە بۆ فشە پێکردنی ناویان لێ ناوە (وەرزش و میـوزیک Sport et Mu-sique) کـابرایەکی نـاو عـەلی توخیـتی بە کرێ گرتبوو، ئەو کابرایە ڕێکخـەری هەموو پەلامارە تیرۆریستییەکان بوو، بەڵام پاشان کەس نازانێ چۆن بزر بوو[١٠].

توخیت چەند جار لەلایەنی پۆلیسەوە، لە ١٩٨٩، بانگ کرا و پرسیار و وەڵامی دەگـەڵدا کـرا و لە زۆر لە وڵاتە ئەوروپاییـیـەکان پۆلیسی دەست خـەڵەت دا و لە سـەرەتای ١٩٩٠یش پۆلیس چاوپۆشی لێ کـرد و ئەویشی گـۆم ون کـرد. پتـر لە دوای سـاڵێک لە پەلامارە تیـرۆریستـیـیـەکـانی سەبوەی، لە ١٩٩٧دا، بەرپرسـانی جەزایری ڕایان گەیاند کە لەمیانی شەڕە گوللـەیەکدا توخیتیان لە ناوەڕاستی جەزایری پایتەختدا، کوشتووە، شوێنەکە زۆر لە هۆتێلی ئەلبێرتی یەکەمەوە نزیک بوو، کـە یەکێکە لەو هۆتێلانەی من پەسندیان دەکەم. گەڕانەوە پڕ مـەترسـییـە

ناڕێکەکەی و ئەو قسانەی کە دەکران لەبارەی ئەوەی کە لە ئاواییەکی زۆر سەختی پۆلیسدا دەژی، دیسان گومانی هاویشتە سەر ئەو لایەنەی کە ڕای گرتبوو. لە شوباتی پاشتر فەرەنسییەکان بە هۆی ددانەکانییەوە دڵنیابوون کە بڵێن؛ توخیت کوژراوە. ئەو دواخستنەی ئاشکراکردنی کوشتنیشی پەیامێک بوو کە فەرەنسییەکان زۆر لەلایان خۆش نەبوو.

ئەو ناڕووناکییە پێشنیازی ئەوە دەکات کە داپۆشینی تیرۆریزم و دژە تیرۆریزم و بەکارهێنانی بە چەند جۆرێک ئەوە دەگەیەنێ کە ئامانجەکە زۆر لە جەزایر گەورەترە. تەنانەت پێش ١١ی سێپتێمبەریش، لویس فریح، کە ئەو کات بەڕێوەبەری FBI بوو، پشتیوانی جەزایرییانی کرد و قایل بوو کە بەتایبەتی لە بواری جەنگاوەرە دیرینەکانی ئەفغانی هاریکارییان دەگەڵدا بکات. ئەو هاریکارییەش تا ٣١ی دیسێمبەری ٢٠٠٢ دەستی پێ نەکرد، بەڵام هەینێ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ویڵیەم بێرنز، گوتی: (پێویستە ئێمە لەبارەی بەرینگاربوونەوەی تیرۆریزم، زۆر لە جەزایر فێر ببین.) ئەم بە ئاشکرا دەست – لە – پشتدانە زۆر لەو ڕۆژانە دوور بوو کە جەزایرییەکان بۆ یارمەتییەک هاواریان دەکرد، بەڵام چونکە قوربانییەکان تەنیا هەر جەزایری بوون، جگە لە فەرەنسا کە جاروبار بە قسە دەهات، دەنا هەموو وڵاتانی تر گوێیان پێ نەدەدا.

هاریکاریکردنی وڵاتەیەکگرتووەکان سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ڕژێم، چونکە لە سەرەتا و ناوەندی ١٩٩٠کانیش ئەو ڕژێمە هەر وای دەزانی کە واشنتن دەیویست جەزایر بخاتە بەردەستی ئیسلامییەکانەوە. فایلەکانی موخابەرات، بەتایبەتیش ئەوانەی تایبەتن بە تیرۆریزم، کاردێکی ئاسانە کە زۆر لە حکومەتان بەکاری دێنن. فرتوفێڵەکانی وەرزش و میوزیک زۆر جێی بایەخی وڵاتە یەکگرتووەکان نەبوو؛ بگرە فەرەنسییەکان پتر بایەخیان پێی دەدا. من پێم خۆشە کە ئەو گوێ پێنەدانەی پێشان ئەمەریکاییەکان هەیانبوو، تەنیا لەبەر بایەخدانیان بە شتە گشتییەکان بوو بێت نەک بۆ ئەوە بوو بێت کە باس لە ئەشکەنجەدان نەکەن و بە بەردەوامیش پشتیوانی لە ڕژێمە لەشکرتارییەکان بکەن.

با لەبەر ئەوەش بوو بێ، بەڵام لە دوای ١١ی سێپتێمبەر، هەموو شتێک ژێر و

ژوور بوو، بەتایبەتیش کە جەزایرییەکان هەواڵگری ئەمەریکاییان تژی فایلەکانی خۆیان کرد. هەموو تیلکە زانیارییەک بە گەرمییەوە لێیان وەردەگیرا و نە لە سەرچاوەکەی نە لە ڕاستییەکەی پرسیاریان لی نەدەکرا. موخابەراتی جەزایری فایلی بۆ هەموو ئەو کەسانە کردبووەوە کە لە ١٩٨٠کاندا پشکداری شەڕی ئەفغانستانیان کردبوو. لە دوای کودەتایەکەی ١٩٩١یش، توانای هەواڵگری خۆیان لە پاکستاندا، زۆر لە جاران بە هێزتر کرد. شارەزایە فەڕەنسییەکانی دژە تیرۆریزمیش بە چەند ساڵێک دەزگایەکی تایبەتی بۆ چاودێرکردنی پروپاگەندەکانی وەرزش و میوزیک پەرە پێ دا و (سیخوڕیشی بۆ چاودێریکردنی جیهادییە فەڕەنسی و جەزایرییەکان ڕەوانی پاکستان کرد.) شارەزایە فەڕەنسییەکان هەردەم بە وریاییەوە کاریان دەکرد؛ ئەمەش وایکرد کە بە بەردەوامی گومان لە ئیسلامییەکان و جەزایرییە تاوانکارەکان بکەن و نەهێلن ئاسوودەیی وڵات بکەنە دۆزەخ.

ئەو جەزایرییانەی سەر بە چین و گرووپە جیاوازەکان بوون، کەوتبوونە نێوان فاقی (قەڵاچۆکاران) و ئیسلامییە توندڕۆیەکانەوە و زۆر بە پەرۆشەوە بوون بۆ ئەوەی وڵات بەجێ بێلن و ڕوو لە هەندەران بکەن، بۆیە ئەوانەی کە بەختەوەر بوون ڤیزای فەڕەنسا یان کانەدا یا هەندێ وڵاتی تری ڕۆژئاوایان وەدەست کەوت و ڕۆیشتن، ئەمانەش ژمارەیەکی زۆر کەم بوون. چونکە گلۆرەی کۆمپانیای نەفت و گاز لە ١٩٨٠کاندا، کەوتە لێژییەوە و حکومەتێکی پۆلیسی کەوتە کارکردن؛ بۆیە هەزاران جەزایری کە زۆربەیان خوێندەوار بوون، بۆ ئەوبەری دەریاکان پەڕینەوە. لە سەرەتای ١٩٩٢ش، ئیسلامییە ڕاکردووەکان وەک جەزایرییەکانی تر، ئەوانیش بۆ پاراستنی خۆیان ڕوویان لە هەندەران کرد و لەوێ کۆمەڵی تایبەتی خۆیانیان پێک هێنا. حکوومەتی جەزایری پێی خۆش بوو دەستی لە دەستی ئەوانە بەر بێت. زۆربەیان یەکەم جار چوونە فەڕەنسا بۆیە ئاسایشی فەڕەنسی خۆی بۆ ئامادە کردن، چونکە زانی بە هۆی کودەتایەکە هێشتا پتر جەزایری ڕوو لەوێ دەکەن. هەندێک هەر لەبەرئەوە دەڕۆیشتن تا خۆیان لە دەستی (قەڵاچۆکەرەکان) ڕزگار بکەن. هەندێک بۆ ئەوە دەچوون لە فەڕەنسا پارە و چەک خڕ بکەنەوە و سیخوڕیش، لە پێناوی کێشەکەیاندا، بکەن. فەڕەنسا لە سەردەمی شەڕی ١٩٥٤ – ١٩٦٢ بە هەر هەمان ئەزموونداا ڕەتی دا. پاریس نەیدەویست بەشێکی لەو

داهاتەی جەزایر بەر بکەوێ.

فەڕەنسییەکان، هەرچەند مانگێک لە دوای تەقینەوەی شەڕە نوێیەکە چاوەڕێ بوون، پاشان جەزایرییە گومانلێکراوەکانیان بۆ وڵاتی خۆیان ڕەوان کردەوە. بە قسەی ڕەخنەچییەکان، پرۆسەی ناردنەوەی ئەوانە کارێکی زۆر قانوونی نەبوو. لە ۱۹۹۲ و ۱۹۹۳دا، ڕەشبگیری بۆ جەزایرییان کرا. (لە دوای ۱۱ی سێپتێمبەر، فێڵی گەورە ئەوە بوو، خەڵکەکەیان دەگرت، تۆمەتی چکۆڵەیان دەخستنە ئەستۆ، پاشان لە ڕۆژی گرتنیانەوە هەتا ڕۆژی دادگاییکردنیان چەند لە گرتووخانەدا بمابوونایەوە، ئەوەندە زیندانییان دەکردن. بەڵام دادگە فەڕەنسییەکان وەکو ئەوانەی ئەمەریکایی نەبوون؛ هەر کەسێک کە گومانی تیرۆریستی لێ بکرایە، ئەمەریکاییەکان بەلای کەم بۆ ۱۰۰ ساڵ زیندانییان بەسەردا، دەبڕییەوە. ئامانجی ئەو حوکمە درێژخایەنانەش هەر بۆ ئەوەی بوو کە ئەو گێرەشێوێنانە لە شەقامەکان دوور بخرێنەوە.) فەڕەنسا هیچ سیاسەتێکی نهێنی لە بواری ڕەوانەکردنەوەی بیانییەکان پەیڕەو نەکرد و بە بەردەوامیش هاوپەیمانەکانی خۆی بەتایبەتیش دراوسێکانی ئاگەدار دەکردنەوە و پێی دەگوتن ئەو ئیسلامییانە بنکەی خۆیان لە وڵاتەکاندا ڕێک دەخەن.

گەورە دادوەری ناسراوی دژە تیرۆریزمی فەڕەنسی، ژان لوی بروگێر بۆی گێڕامەوە کە بە ڕاستی ئەمەریکاییەکانی ئاگەدار کردەوە، بەڵام سوودی نەبوو. بروگێر لە ژوورێکی بن سواندەی کۆشکی داد Palais de Justice لە پاریس، لە پەنای ئەو دەرگە شووشە گوللە نەبڕانەی کە بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ دەبنەوە و دادەخرێنەوە، دانیشتووە و شانازی بەو هەموو دەسەڵاتەی خۆی دەکا کە هەیەتی – لە ئەورووپا لە هەموو دەسەڵاتێک بەهێزترە – لەوانە دوو پاسەوانی تایبەتی فوڵتایمی full-time هەیە و مافی ئەوەشی دراوەتێ کە (ماگنەم Magnum۳٥۷ )ێکیش هەڵبگرێ. لەگەڵ ئەو بەشە ناوەندەشدا کاری دەکرد کە دەتوانی لە بیرۆکراسیی فەڕەنسی لا بدا و هەندێ جاریش پێش لە گەلێک یاساکانی سزادان و ئاژانسە هەواڵگرەگانیش بگرێتەوە. هەموو کات دوا بڕیاری بۆ خۆی دەهێشتەوە و کە بابەتەکە دەگەیشتە سزادانی گومانلێکراوان یان دەرکردنی فەرمانێک بۆ دەستگیرکردنیان، دەیگوت: (لێکۆڵەرەوە و دادوەر و دەستەی دادگەی باڵا، هەموو هەر خۆمم.) ڕێگەی دەدا بە ئازادی گوێ لە تەلەفۆنکردنەکان بگرن، بپشکنن،

گومالێکراوان بۆ نۆهەت و شەش سەعاتان بگرن، تا ئەوپەڕ (بیست و چوار سەعاتی بەبێ پارێزەر)، سوود لە پۆلیسی سیخوڕ وەربگرن، چاودێری ئەو ئاهەنگانە بکەن کە توندڕۆیەکان لە ناو مزگەوتەکانی خۆیاندا دەیکەن، بچنە ناو گرووپ و کۆبوونەوە ئیسلامییەکانەوە. بروگێر هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ کارلۆسی چەقەڵ و گەورە تیرۆریستە لیبی و ئێرانی و سەربازە پیادەکانیش تاوانبار بکا.

لە ولاتە یەکگرتووەکان تەنیا ١١ی سێپتێمبەر و یاسای نیشتمانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا the USA Patriot Act ئەو دەسەلاتەیان بۆ وەزارەتی داد ڕەخساند، وەک ئەوەی بروگێر و سێ لە هاوکارەکانی لەوەتی دادگەی دژە تیرۆری فەرەنسی لە سێپتێمبەری ١٩٨٦دا دەستی بە کار کردووە، هەیانە[١١]. ڕێبازەکانیان بریتییە لە ڕەقەکاری، ئامادەباشی، هەردەم تۆقاندنی لایەنگرانی ئازادییە شارستانییەکان و پارێزەرەکان و ئەندامە لیبراڵەکانی دادگە لەوانەی کە تێبینی دەکرێ ژمارەیەکی کەمی گیراوەکانی لایان تاوانبار دەکرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، بروگێر ڕای گەیاند کە لەوەتی یەکەم جار ئیسلامییە تیرۆریستەکان لە ١٩٩٤ دا پەلاماری خاکی فەرەنسایان دا، فەرمانی گرتنی ٤٠٠ ئیسلامی و ٥٠٠٠ فەرمانی پشکینینیشی دەرکردووە[١٢].

بە درێژای ١٩٩٠و پاشتریش، هێزەکانی پۆلیسی فەرەنسی و ئەوروپایی زانیاری ئیستخباراتییان ئاڵوگۆڕ کردووە و هاریکاری یەکتریان کردووە بۆ ئەوەی ئەو تۆڕە جیهادییانەی کە لە تاراوگەدا کار دەکەن هەراسان بکەن و دەستگیریان بکەن. لە سەرەتای ١٩٩٣ وەرا پاریس دەستی بە دروستکردنی فایل کرد بۆ ئەو گەنجە فەرەنسی و موسڵمانانەی کە دەچوون لە کامپی جیهادییەکان لە ئەفغانستان مەشقی سەربازییان دەکرد. تا ناوەڕاستی ١٩٩٠کان، دژەسیخوڕ counterintelligenceوای مەزەندە کرد کە مانگانە لە نێوان پەنجا تا شەست ڤۆڵەنتیری لاو لەو موسڵمانانەی لە فەرەنسا بووینە و بە خۆیان دەڵێن (عەرەب) بۆ ئەفغانستان دەچوون. سەرتاسەری ولاتە ئەوروپاییەکان بایەخی پتریان بەهاتوچوونی ئەو ڤۆڵەنتیرانە دەکرد و هەر کە دەگەڕانەوەش چالاکییەکانیان بە چڕی چاودێری دەکرا. ئەو هاریکارییە زۆر کاریگەر بوو. گرتنی ئەوانە لەلای ڕای

گشتییەوە، بە زۆری، تیبینی نەدەکرا، بەڵام هەندێ جاریش دەزاندرا، وەک ئەوەی کە حەفتەیەک بەر لە دەستپێکی پێشبڕکێیەکانی جامی جیهانی ١٩٩٨ لە فەرەنسا، لە سەرتاسەری ئەوروپادا ٢٥٠ گومانلێکراو گیران.

رەسام لە شارێک لە رۆژئاوای جەزایر لە دایک بووە کە سوپای فەرەنسی لە ١٨٣٠ بۆ یەکەم جار لەوێ دابەزی بۆ ئەوەی وڵاتەکە داگیر بکا. ئەویش وەک مرۆڤێکی بێ نەوا لەگەڵ کۆمەڵە جەزایرییێکی دیکە کەشتییەک لە کەنارەکانی فەرەنسا دای بەزاندن و وەک زۆرێک لە لاوەکانی تر جەزایر دوای ئەوەی سوپای وڵاتەکەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەڵوەشاندەوە و دەستی بە رەشبگیری کرد، ناچار بوو ڕوو لە تاراوگە بکات. ئەگەر بمابایەوە مەترسی گرتن و ئەشکەنجەدان و رەنگە بۆ ماوەیەکی نادیاریش زیندانی بکرابایە، هەر نا، ناچار کرابا بۆ ئەوەی ببێتە سەرباز. لە ١٩٩٢، رەسام ڤیزایەکی گەشتیاری یەک مانگی وەرگرت و سواری دوبەیەک بوو و جەزایری جێ هێشت و بۆ مارسیل چوو. پاشان بۆ کاری وەرزی هاوین رووی لە کۆرسیکا کرد. بەڵام چونکە (دەست و پێ سپی) بوو، نەیتوانی کارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە و وەکو هەموو ئەو لاوە نەشارەزایانەی باکوری ئەفریقیا ژیانی لە فەرەنسا بە سەختی بە سەر برد. پۆلیسی فەرەنسی لە نزیکەوەرا چاوەدێری لاوە کۆچبەرە ئەفریقیاییەکانی دەکرد لەوانەی کە بە دزینی کاردی متمانە Credit Card و رادیۆی ئۆتۆمۆبێل و تەلەفۆنی مۆبایل، ژیانی خۆیانیان بەسەر دەبرد. ژمارەیەکی زۆری ئەو لاوە جەزایرییە بێ نەوایانە یان لە باوەشی ئیسلامییە جیهادییە توندڕۆیەکان خۆیان گرتەوە یانیش دەربەدەر بوون. لە نۆڤێمبەری ١٩٩٣، رەسام بە تۆمەتی تێپەڕبوونی کاتی ڤیزایەکەی لە کۆرسیکا، گیرا، پاشان لە رۆژی دادگاییکردنی لە ئاداری، ئازاد کرا. بەڵام ئەو خۆی بزر کرد. لە ٢٠ی شوبات، بە هۆی پاسپۆرتێکی فەرەنسی ساختەوە فڕی و چووە کەنەدا. لەو کات هیچ شتێک دیار نەبوو کە رەسام لە تەمەنی سی و دوو ساڵی خۆیدا چارەنووسی رەشی سواری ئەو دووبەیەی دەکات و لە بریتیش کۆلۆمبیاوە بۆ ویلایەتی واشنتن یان بۆ ئەلقاعیدەی دەبا.

لە فرگەی مۆنتریال، کارمەندێکی چاوکراوەی کۆچ دەمودەست زانی پاسپۆرتەکەی رەسام دەستکاری کراوە و بۆ ماوەیەک رەسامی گرت. پارێزەرێکی شارەزا بە جوانی کێسێکی بۆ ڕێک خست و داوای بۆ کرد تا کەنەدا بە

پەناهەندەی سیاسی بیناسێ؛ چونکە لە وڵاتەکەی بە هۆی بیروباوڕی ئاینییەوە سزادراوە و ئەوەشی هەڵبەستا کە بە هۆی تۆمەتی درۆوە ماوەیەکیش زیندانی کراوە. بەو درۆیە بچووکەیەوە وای لە کارمەندانی کۆچی کەنەدی کرد کە بهێڵن لە وڵاتدا بمێنێتەوە و بە پەلە ڕەوانی جەزایری نەکەنەوە. ئەوە جۆری ئەو فێڵانەیە کە جەزایرییەکان و هەندێکی تریش دەیانکەن کە کێسەکانیان نکوڵ دەکرێن. ئەوانیش بە خۆیان دەیانەوێ ژیانێکی تازە لەو وڵاتانەدا دەست پێ بکەنەوە. کەنەدا بەوە بەناوبانگە کە زۆر لەگەڵ جەزایرییەکان و هەموو ئەوانەشدا نەرمە کە بە فەڕەنسی دەئاخێڤن. ئەوانەی فەڕەنسی دەزانن پێشوازی دەکرێن بۆ ئەوەی فەڕەنسی زمانەکانی کەنەدا لەگەڵ ئینگلیسی زمانەکان پارسەنگ بکەن، ئۆتەوا سیاسەتێکی نەرمی کۆچ پەیڕەو دەکا و یاسایەکەی هی سەردەمی پاش شەڕی دووەمی جیهانییە. لەو کات کەنەدا چەند پرسیارێکی کەمی دەکرد بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ هەزاران دانیشتوانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات خۆش بکا تا لە نەهامەتییەکانی ئەو سەردەم ڕزگاریان بکا (هەندێک لەو کۆچبەرانە بە ڕاستی دەستیان لە تاوانەکانی شەڕدا هەبووە.) خواستەکەی ڕەسام بۆ ئەوەی پلەی پەناهەندەی سیاسی پێ بدرێ، ماندەل کرا، بەڵام چونکە توندوتیژی لە جەزایر هەر بەردەوام بوو، بۆیە کارمەندە دڵنەرمەکانی کاروباری کۆچی کەنەدی ڕەسامیان بۆ جەزایر نەناردەوە. ڕەسام بە فێڵ و لەسەر وێلفێر welfare دەژیا. کەنەدا بۆ یارمەتی بێ کاری هەر مانگێک ٥٥٠ دۆلاری بۆ ڕەسام تەرخان کرد بوو. چونکە تازە کۆچبەریش بوو، چاوەڕێی لێ نەدەکرا بەم زووانە بکەوێتە سەر پێی خۆیەوە.

هیچ بەڵگەیەک نییە بسەلمێنێ کە ڕەسام لە ئەنجامی پلانێکی داڕێژراوەوە بە هاریکاری جیهادییە نێونەتەوەییەکانەوە گەیشتبێتە کەنەدا. هەروەها ئەوەش دیار نییە کە بەر لە گەیشتنی بە کەنەدا کەسێکی ئیسلامی سیاسی جیهادی لەو وڵاتەدا ناسیبێت. بەڵام دەیزانی کە دەیان هەزار هاووڵاتیی جەزایری وەک خۆی ئاسا چووینە بۆ مۆنتریال و ڕەگەزنامەی کەنەدییان وەرگرتووە. بەپێی بەڵگەکانی پێش دادگە، ڕەسام لە دوای گەیشتنە مۆنتریال بە ماوەیەکی کورت دەستی بە هامۆشۆی چەند کەسانێکی جەزایری تایبەت کرد. برادەرە نوێیەکانی یەکێکیان ناوی فاتح کامل بوو، کە لە ١٩٨٧وەڕا لە کەندایە و ژنەکی کەنەدیشی هەیە و هاوڕێی دووەمیشی ناوی موستەفا لابزی بووە و برادەرێکی مەغربیشی هەبوو کە

ناوی سـەید ئتمـانی بوو. چۆن و بۆچی ڕەسام بووە هەڤاڵی ئەوانە؛ کـەس نازانیّ، بەڵام یەکەی بەدواداچوونی کاروباری کۆچبەرەکان ڕەنگە وەڵامی لە کن هەبێت. بۆ یەکەم جار نەرمە تاوانێکی کرد و بە بەردەستی پۆلیس کەوت. (تۆزێک لەوە دەکا، کـە باوڕی جیـهادی لە نـاو زیندانەکـاندا بە ئاسـانی بڵاو ببـێتـەوە. لەویّ زۆر لەو موسڵمـانانەی کە هیچ ئاگایەکیـان بە ئاینەوە نییـە زوو بەزوو دەکرێنە سـەربازی چالاک. ئەم ئەرکەش بە زۆری مەلایە شارەزاکان لە ناو زیندانەکان دا گرتووەکان وەردەگێڕنە سەر باوڕی جیهادی خۆیانەوە.)(١٣)

برادەرە تازەکانی ڕەسـام لەو کۆنە جیـهادییـانەی بۆزنیا و ئەفغانسـتـان بوون کە دادوەر بروگێر زۆر بـە دوایانەوە عـەوداڵ بوو. گـەیشـتـبووە ئەو قـەناعـەتەش کـە لە کانەدا، کامل و لابزی و ڕەسـام ئەندامی کارا و هەرە گرینگی شـانەی ئەلقاعیدە بوون. لـەوەش دڵنیـا بوو کـە بە هـۆی لەمـێـژەوەڕا نەبوونـی پاسـەوانانی سنوور، تیـرۆریسـتـان ڕەنگە لە کەنەداوەڕا پەلامـاری وڵاتە یەکگرتـووەکان بدەن. کەسـێک باش گوێی لـێ نەگرت. زۆر نیگەران بوو کـە زانی کارمـەندانی کـۆچی کەنەدا زۆر بایەخ بەو مـەترسـییـانە نـادەن کـە خـۆی باسی لێـوە دەکـردن و بەپێی یاسـا، کۆچبـەران و هـاووڵاتییـانی خـۆی وەکـو یەکتـر دەپارێزیّ. تەنیـا دوو مـانگ بەر لە گرتنی ڕەسامی، بروگێر بە ئەرکێکی فەرمی هاتبووە مۆنتریال و لەویّ بە نیگەرانی و توورەییـیـەوە گـەڕایەوە؛ چونکە پێی نەکرا هـاوکارە کـەنەدییـەکـانی قـایل بکات بەوەی کـە کـامل و بانـدە تیـرۆریسـتـیـیـەکـەی بگرن. بەڵام زۆربـەی ئەندامـەکـانی شـانەکـە لە کـۆتاییـدا، لە کـەنەدا و لە ئـەوروپادا کـەوتنە بەردەسـتی پۆلیس و بە تاوانی ئەنجـامـدانی کاری تیرۆریستـییـەوە، بـەتایبـەتیش پەیداکردنـی پاسـپۆرتی سـاخـتـە بۆ هاوڕێ یاخـیـبـووەکـان، زیندانـەکـان لـە باوەشـی گـرتن. لە کـەنەدا هـەندێکیـان بۆ خـۆ شـاردنەوە بزنیـسـی خـۆیانیـان هـەبوو. هـەندێکیـشـیـان لە دەسکەوتی ئەنجـامـدانی تـاوانی بچـووک بچـووکـەوە دەژیان. پاسـپـۆرتە کەنەدییەکانیان سەفەری بۆ ئاسان دەکردن.

فـاتح کەمـال کـاری زۆری کـردە سـەر ڕەسـام و ئەوە بوو ڕەسـامی قـایل کـرد بۆ ئەوەی بچێتە ئـەفغانستان و لەویّ لە کامپەکانی مەشقی ئەلقاعیدە وە مەشق لەسەر تەقەمـەنییـەکاندا بکات و لەو بوارەدا ببێتە پسپۆڕ. ڕەسام قوتـابییەکی باشـی کامل بوو. بۆیە نـاویان گەیاندە لای ئەبوزوبەیدە، کە یەکـێک بوو لە یاوەرە لـە پێشـەکـانی

ئوسامـه و بەرپرسی گرتنی ئەو جەنگاوەرانە بوو کە بۆ چالاکییە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە جێی چاویان تێدا هەبوو[١٤]. کە ڕەسام لە شوباتی ١٩٩٩دا مەشقەکەی خـۆی تەواو کـرد ١٢٠٠٠ دۆلاری پێ درا و پێـشـیـان گـوت دەبێ بە بۆنەی هەزار سـاڵەی نـوێ کـارێکی تیـرۆریسـتی لە وڵاتە یەکگرتووەکـاندا بکا، بە مـەرجـێک گـەورەترین زیانی گـونجـاو لە پەلامـارەکـەدا بکەوێتـەوە. لێگەڕان ڕەسـام بە خـۆی نیشانەکەی دیار بکات. تا بۆی ببێتە دەستکەوتێکی گەورە و ببێتە تێبینییەکیش بۆ شـێوەی تایبـەتی کارکردنی ناو ئەلقاعیدە کە بە جـۆرێکی نـا – ناوەندی پەراوێزانە کـار دەکـا. ئەلقـاعـیـدە زانیـاری زۆری لەبارەی چۆنیـەتی کـارکـردنی لە بـاکـوری ئەمـەریکادا نەبوو (هەرچەندە بێگومـان ئەلقـاعیدە ئەندامی خـەولێکەوێندراوی زۆری لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبوو، وابوو ڤـۆڵەنـتیـری ئەمـەریکایشی هـەبوو کە لە پاش جیهادی دژە سۆڤیەتەوە تەجنید کرابوون.) ئوسامـە بە قرچۆکی خۆی دەیزانی کـە ١٢٠٠٠ دۆلار پارەیەکی زۆر نییە وە بەرهەمی بێنێ و دەسکەوتی زۆری هەبێ.

ئەگەر وەبیری خۆمان بێنینەوە، ئەو سزایەی کە بە سەر ڕەسـامـدا سەپێندرا، بە ڕادەیەکی ترسناک جێی سەرسوڕمان بوو. لە ڕاسـتیدا ڕەنگە ئەلقـاعیدە زانیبێتی کە ئەرکی ئەم ئەندامـەی چەند پڕ مەترسییە بۆیە پارەیەکی ئاوا کـەمی بۆ ئەو کارە تیرۆریستییە پێ دابوو. ڕەسام هەر لە سەرەتاوە تووشی بەختی ڕەشی خۆی هات. هەر بە خـۆی بۆ ئەوەی خـۆی بپارێزێ، لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ کەنەدا بە کۆریادا هـاتەوە و هەڵوەسـتـەیەکی کورتیـشی لە لۆزانجـلـز کرد (ڕەنگە هەر ئەو وەسـتـانە کـورتـەشی ئەوەی هێنابێتـە خـەیاڵیـەوە کـە ئەم فـرگـەیە بکاتە نیـشـانی کـارە تیـرۆریسـتـییـە چاوەڕوانکراوەکەی خـۆی کـە بەتەمـا بوو لە سـەری هەزار سـاڵەدا جێبەجێی بکات.) بەڵام هـەر چوار هاوپێشـەکەی لە کاتی ترانزیت لە فڕگەی لەندەن گومانیـان لێ کرا و کارمەندە بەریتانییەکان نەیانهیشـتن بۆ کەنەدا بێنەوە. ڕەسام بە تەنیـا بوو. هـەر کـە گەیشتـەوە مـۆنتریـال زۆر بە ڕەمەکی جـوولاوە؛ ژمـارەیەک لە جەزایرییـە ناسیـاوە ڕاڕایەکانی خـۆی گـرتن تا ببنە هـاوپیـشـەی. بە پێی هـەمـوو جـۆرە لێکدانەوەیـەک ڕەسـام بۆ ئەو ئەرکە نەدەگونجـا. بەڵگەنـامـەکـانی کـە هـەیبـوو گونجاو نەبوون؛ چونکە داخوازییەکەی بۆ ئەوەی پەنابەری سیاسی بدرێتێ ماندەل کـرابوو، هـەر لە بنـەڕەتدا دەبوو وڵات بەجێ بێـلـێ. کـە بەجـێـی نەهێـشـتـبـوو دیارە نیگەرانی نەکردبوو. ئەوەندە کە لەکەنەدا مابووەوە زانیبووی تۆمارەکانی کاتۆلیکی

بەس بوو بۆ ئەوەی پاسـپـۆرتێکی پێـیـان پەیدا بکات. بۆیە دەسـتـی بە سـەر ناسنامـەی پیـاوێکی کـەنەدی فـەڕەنسی زمـانی هاوزێی خـۆی داگرت کـە تازە مردبوو. بەڵگەنامە پێویستەکانی خۆی لە تۆمارگەی کەنیسەیەکدا کڕی.

بەم چەشنە توانی پاسـپـۆرتێک بە ناوی کـابرای مـردوو، بێنی ئەنتـوان نۆرس، وەربگرێ. بـەڵام خـۆ هـەر ئەو بەڵگەنامـانە تاقـە گـرفـتی ئەو نەبوون. ڕەسـام هیچ ئینگلیسی نەدەزانی. بۆیە پێـویستی بە هاوپیـشـەیەک هەبوو کە زمـانـەکە بزانێ، ئەویش کـابرایەکی جـەزایری بوو لە بـرۆکلن دەژیا. بۆیە نـاچار فـڕی تا لـە سیـاتل لەگـەڵ ڕەسـام یەکـتـری بگرن، ئینجـا ڕێنوێنی بکات تا دەیبـاتـە لۆزانجلز. بۆ دڵنیـابوونی خـۆی، ڕەسـام ڕێگەی بۆ دەربـازکـردنی خـۆی سـاز دابوو، بلیـتـێکی فڕۆکەی بۆ لەندەن کڕی بوو. لەوێشەوەڕا بۆ پێشاوەر و لەوێشڕا ئەبودوحا ناوێک، کە هاووڵاتییـە گـەنجـە موسـڵـمانەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەگرێ، بۆ دوا مەنزڵگەی سەلامەتی خۆی لە ئەفغانستان دەیبا.

ئەو ئیـشـە بە چاکی ڕێک نەخـرا بوو، چونکە وا دەرکـەوت کـە لەبەر نەبوونی ئەسپ، ئەلقاعیدە زینی لە سەگ نابوو. ئەگەر کارەکەی ڕەسام سەرکەوت ئەوە زۆر باشە، ئەگەر نا، ئەوە ئەو پارەیەی ویستیان وەبەرهەمی بێنن و دۆڕاندیان شـتێکی کـەم بوو. ڕەسـامـیش وەکو هەمـوو ئەو سـەربازە پیـادانەی تر کـە لـە بارودۆخی جیـاوازدا گیـران، ئەلقـاعـیـدە هیـچی بۆ ئەویش نەکرد بۆ ئەوەی لە دوای گـرتنی یارمەتی بدات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورە یاریدەدەرانی ئوسامە یان گیران یانیش بە خـۆیان خـۆیان بەدەسـتـەوە دا. ڕەسـام و ئەو چوار جـەنگاوەرانەی کـە لە دوای تەقاندنەوەی باڵیۆزخـانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژهـەڵاتی ئەفریقیادا گیران و ئەو کـابرایەی کە بە خـۆی هات خۆی بە دەسـتـەوە دا و زانیـاری زۆری لەبارەی سـامـان و دارایی ئوسـامـە بە لێکۆڵەرەکـان دا، ئەوانە هـەمـوو زۆر بە ئاسـانی لە ئەلقاعیدە دەرکران.

ئەگەر ئوسامـە لە چارەنووسی خۆی بترسـابا، ئەم هـەموو نیـشانە دەرەکییـانەی بە ئاسـانی نەدەدا. ئەلقاعیدەش گوێی لێ نییە لەو هەموو نهێنییانەی کە ئەندامە گیراوەکانی بە دەم دادڕاوی خۆیانەوە بە لێکۆڵەرەکانی دەدەن. لە شـەڕی دووەمی جیهـانی کاتێک کە ئـەڵمانیا فـەڕەنسای داگیر کرد، خـەباتگێڕەکانی بەرگری کە

دەگیران بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات بە جۆرێک ئەشکەجە دەدران کە نەتوانن هیچ زانیارییەک لە داگیرکەران بشارنەوە. کەچی ئەو تیرۆریستانە، بەتایبەتیش کارلۆسی چەقەڵ بە شێوەیەکی ڕەچاونەکراو هەموو شتێکی بە درێژدادڕی باس کرد، لەوانە دانانەوەی بۆمبێک لە ناو شەمەندەفەرێکی ئێکسپرێس لە فەڕەنسا، بۆ ئەوەی تیرۆریستە گیراوەکان ئازاد بکەن. درکاندنی ئەو جۆرە زانیارییانە لە بەرژەوەندی ئوسامەی نەبوو. تەنانەت ژمارەی گەورە پارمەتیدەرەکانیشی هەر لە زۆربوون دابوو، ئەوەش ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێ کە ئوسامە خەڵکانی تر هان بدات دا پێوەندیی بە ئەلقاعیدەوە بکەن، بەو ئومێدەی ئەمانەش، لە دوای قوربانیدانی ئەوانی پێشوو، پۆستی ئاوا باڵایان بە بەربکەوێ. شەهیدبوون بەشێکی بەرنامەی ئوسامەی بوو کە ئەندامانی نوێی تەجنید دەکردن.

هەر کە چاوی بە ژمارەیەک لە تازە گیراوی شایستە دەکەوت، یەکسەر پێی دەگوتن کە ئەو خۆی بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێ کە ئامادەن لە (کرداری خۆ شەهیدکردن) بەشداری بکەن، پاشان لێی دەپرسین ئەگەر کەسێک لە ناویاندا هەبێ ئامادە بێت بۆ ئەوەی ئەرکی خۆکوژی ئەنجام بدا. چوار پیاوەکە وەک ئەندامانی مافیا، لە دادگەی نیویۆرک لە ۲۰۰۱دا، تاوانبار کران. بە موئەبەد حوکم دران، بەمەرجێک هیچ لێبووردنێک نەیانگرێتەوە. بەڵام ڕەسام وەکو ئەوان نەبوو؛ چونکە هەر بۆی ئاشکرا بوو کە زیندانییەکەی ڕەنگە ۱۳۰ ساڵ بێت، یەکسەر دەستی بە گۆرانی گوتن کرد. گەڤاهیدانەکەی لەسەر ئەو چوار کەسە، حوکمی ئەوانی توندتر کرد و حوکمەکەی سەرە خۆی بۆ سووکتر کرد. بەڵام تا کۆتایی ۲۰۰۳، هەر لە زیندانی ئینفرادی مایەوە، چونکە وەزارەتی داد پەلەی لەوە نەبوو کە بە فەرمی حوکمی بدا بەر لەوەی هەموو زانیارییەکانی لێ نەپاڵێوێ[١٥]. ئەلقاعیدە لە بەرانبەر ئەو خیانەتەی ڕەسام کردی، کە بووە هۆی زیندانیکردنی ئەو چوار کەسەی نیویۆرک، هیچ کاردانەوەیەکی ئاشکرای نەبوو.

دادوەر بروگێر زۆر پێی خۆشە کە ئەلقاعیدە و گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستەکانی تر دەگەڵ ئێیدز AIDS بەراورد بکا. لەو بەراوردکردنەشی مەبەستی ئەوە بوو بڵێ کە ئەم ڕێکخراوانە بەردەوام شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بۆیە بە ئاسانی ناکەونە نێو داوی ڕاوچییەکانیانەوە. ئەم بەراوردکارییە زۆر گرینگە، چونکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو تیرۆریزمە کاتییە، لە ڕوانگەی دژە

تیـرۆریسـتـانەوە، هـێـشـتـا هـەر بە ئاڵۆزی مـاوەتەوە و پێـوەندییـان بە یەکـەوە زۆر لاوازە. بەڵام ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن کە ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییانە وەک زۆر لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی لە پێش ئەوانەوە بوون، حەزیان لە شەڕ و ئاژاوە و کـۆمـەڵگەری هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، کـێـشـەکـەی ڕەسـامـی بە نموویـەیەکی باش دەزاندرێ. گـرفـتـی ڕەسـام لەوە هـات کـە هەر لە سـەرەتای لاوێتییەوە، جەزایر کەوتە بەر تەوژمێکی ئاینی توندڕۆیەوە و توندوتیژی و کوشتار بووە یاسـای گـشـتی، زیندان و مـەنفـا چاوەڕێی هەمـوو کـەسێکی دەکـرد. ئەو بەرەڵاییـیـەی کـە لە فـەڕەنسـادا دەژیا، لە ناکـاو بۆی گـوازراوە بۆ نـاو کـەنەدا بۆ ئەوەی لەوێ سەرلەنوێ بۆی تێ هەڵچێتەوە.

هەموو کۆششێکی بۆ پەیداکردنی داهاتێک بـوو. بۆیە لە بری ئەوەی سـوود لەو بەخـتـەی وەربگرێ کـە بۆی هـات و گـەیاندییـە کـەنەدا، ڕووی کـردە ئەو هاونیشتمانییانەی خۆی کە لە پێشی ئەودا هاتبوونە مۆنتریال، چەندین ساڵیش جیـهـادیان یان لە ئەفـغـانسـتان یان لە بۆزنیادا کـردبوو. ئەو هەلە گـەورەیەی لە دەست دا، کە بە هاتنە کەنەدا بۆی ڕەخسابوو. ئایا ڕەسـام چۆن و بۆچ لە قاووغی جەزایرێکی سـەنتەری ئیسـلام هاتە دەرەوە و چووە ناو فیکری ئومەتێکی ئیسـلامی سەرتاسەری جیهانییەوە، کە هەموو کات لەلایەنی جیهادییەکانەوە پەیڕەو دەکرێ؟ من وا بۆی دەچم کە فاتح کەمال کاری تێ کردبێ نەک بۆ خۆی ویتستبێتی وا بکا. یان زۆر لەگینە کە خۆی هێلێکی هەڵبژاردبێ کە لـە هەمووان بەرگری کەمتر دەکا. ئەو لـەخـۆبایـیـبـوونە و بـەرەنگاربوونـەوەی کـۆمـەڵێکی کـراوە، تەنیـا کـردارێکی ئەفسانەییە، ئایا چ ئەفسانەیەکیش هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی خەونی ئەمـەریکا یان کەنـەدا، ئەفسانـەتر بێ؟ ڕاستییەکانی ژیانی یەکێک کە تازە کۆچی کردبێ بە زۆری ژیانێکی ئاسـاییـیـە نەک ژیانی پاڵەوانان بێت. ژیان لە وڵاتێکی بیـانی بۆ پیاوی ڕۆشنبیر دەبێ نەک بۆ یەکێکی وەک ڕەسـام کـە لە خـۆ پێگەیاندن پتر هیچ نازانێ.

بەپێی ئەزموونی چاودێریکردنی نازانستییانەی چەندین دەیەی خۆم، من وای بۆ دەچم کە گەنجانی لاوە موسڵمانە تازە کۆچکردووەکان لەگەڵ ژیانی ڕۆژئاوادا، زۆر ئەسـتـەمـە. (بەڵام، زۆربەی نەوەی یەکـەمی کـۆچبـەران هـەر ئاوا بووینە.) ئەو شـارەی کـە مـاڵی ڕەسـامی لێـیـە، بە پێی پێـوەری جـەزایری، ڕەنگە شـارێکی

پێشکەوتوو بێ، بەڵام لەگەڵ شاری مۆنتریال کە تازە ڕەسامی هاتووەتێ، زۆر جیاوازە. چونکە مۆنتریال شارێکی بزۆزی ڕۆژئاوایی هاوچەرخە. شێوەی پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، لاوازی پێوەندیی نێوان ئەندامانی یەک خێزان، ژیان لە ناو کۆمەڵێکی فرە ئیتنی، ئەوپەڕ سەرمایەداری و دەوڵەمەندی، ئەمانە و گەلێ فاکتەری تریش هەنە کە ئەگەر مرۆڤ لێیان ئاگەدار نەبێ تووشی کۆسپەی زۆر گەورە دێ. ڕەسام ویستی زۆر بە خێرایی ئەو جیاوازییانە هەمووی لە بیر بکات، بەڵام نەیتوانی. کەوتبووە بن یاسای سنوورداشکردن، بەڵام تەنیا لەبەرئەوە لە کەنەدا مابووەوە؛ چونکە دەسەڵاتدارانی کەنەدا دەیانزانی ئەگەر بیگەڕێننەوە وڵاتەکەی خۆی لەوێ زیندانی دەکرێ، یان ڕەنگە هەر ژیانی لە دەست بدا، بۆیە لە کەنەدایان هێشتەوە.

زۆر لە عەرەبە ئەفغانییەکان کە لە چوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان ئومێدبڕاو بوون و زانییان کە دەبێ بۆ ماوەیەکی نادیار بە پەناهەندەیی لە سوودان و یەمەن و بۆزنیا و چیچنیادا بمێننەوە، بوونە توندڕۆ. نە جەزایرییەکان نە فەرەنسییەکان نەیاندەویست ڕەسام بۆیان بێتەوە و حەزیان دەکرد بە ڕووبارێیان دادەن، بۆ ئەوەی بچنە هەر شوێنێکی تر و نەیێنەوە. ڕەسام ڕاستەوخۆ نەچوو بۆ ئەفغانستان تا لەوێ لە کامپێکی ئەلقاعیدەدا، مەشق بکات. ئەگەری ئەوە زۆرە کە هەر گوێی لە ناوی ئوسامە نەبووبێ بەر لەوەی بچێتە کەنەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئوسامە بەر لە هەموو کەسێک ئەوی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە یەکەم کەس کە پەلاماری وڵاتە یەکگرتووەکان دەدا.

ڕەسام لە ئاداری ١٩٩٨ گەیشتە ئەفغانستان. ئەو چوونەی پتر لە چوار ساڵ پاش لە چوونی بۆ کەنەدا بوو. بەڵام چوونەکەی تەنیا یەک مانگ لە دوای ئەو بانگهێشتنە بوو کە ئوسامە بۆ جیهادکردن لە دژی جوولەکە و خاچپەرستان کردی، ئەمەش نیشانەیەک بوو کە چیی تر بۆ پەلامارەکانی ئەلقاعیدە، عەرەبستانی سعوودی و حکوومەتە عەرەبییەکانی تر نیشانی سەرەکی نەبوون. بەڵکو لەو کات بە دواوە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەرووی هەموو نیشانەکانی تر بوون بۆ ئەوەی پەلاماری بدەن. لەو کاتیدا، هاوپەیمانان – ئەیمەن زەواهیری، سەرۆکی جیهادی ئیسلامی میسری و سەرۆکی گرووپێکی بچکۆڵەی (الجماعة

الاسلامية)ی پاکستانی و هەندێ لە جیهادییەکانی بەنگلادیشی – پلانی چەند هێرشێکی هاوکاتیان بۆ سەر باڵیۆزخانە ئەمەریکاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیایان ڕێک دەخست کە لە ئابی پاشتر کردیان.

لەو کاتەی کە ڕەسام گەشەی دەکرد، لە جەزایر گەلێک توندوتیژی گرووپە ئیسلامییەکانی بە چاوی خۆی بینی. جگە لەمە، لە سەردەمی (برن) لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کانیشدا، کابرایەکی جیهادی ناوی موستەفا بویالی بوو سەرکردایەتی هێزی ئاسایشی جەزایری دەکرد، لە نزیک جەزایری پایتەخت، وەک ڕۆبن هود بۆ سەیرانی دڵی خۆی، ڕاوورووتی دەکرد و توندی و تیژی دەنواند. بزووتنەوە چەکدارییە ئیسلامییەکەی بۆ ئەوە بوو کە کۆمارێکی ئیسلامی پێک بهێنێ و شەریعەت لە جەزایر جێبەجێ بکات. سەری گرووپەکە لە کۆتاییدا پان کراوە، بەڵام تا دەیەیەکیش پاشتر، خەڵکی ئومێدیان هەر پێی مابوو. هەردوو گرووپی (بان) و (گیا) لە ١٩٩٠کاندا، توانیان لموزیان بگەیەننە ناو داوودەزگاکانی دەوڵەت، بەمەش توانییان سەکۆیەکی جیهادی توند بۆ بزووتنەوە تازەکەیان پەیدا بکەن و ناویان لێنا گرووپی سەلەفی بۆ وتار و کوشتار (گسوک).

ئەندامەکانی نەیانویست وەکو (گیا) دەستیان بە خوێنی سڤیل و سەربازان سوور بکەن و خۆشیان بەسەربرینیان تاوانبار بکەن. ئومێدیشیان وا بوو کە خۆیان لە میکانیزمی وەرزش و میوزیک بپارێزن. هەموو ئەندامانی گرووپەکانی بویالی و (بان) و (گیا) جەزایری بوون، بەڵام سەرچاوەی داراییەکانیان عەرەبە دەوڵەمەندەکانی کەنداو بوون کە نەیاندەویست ڕژێمێکی ڕۆژئاوایی ئاسا لەو ناوەدا گەشە بکات. ئوسامە یارمەتی (گیا)ی دا، پاشان کەوتە بەر یارمەتیدانی (گسوک). بەڵام تۆمارەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو گرووپانە بوونە یارمەتی بۆ جیهادی ئینتقالی پاش ئەوەی کە نەیانتوانی ئامانجەکانی خۆیان وەدی بێنن.

جارێکیان قسەم بۆ ئەمەریکایی (گیا) کرد، کە هەموو ژیانی خۆی بە هەڵاتوویی لە ناو جەنگەڵستان بەسەر بردبوو، پاشان بە کەفالەت ئازاد کرابوو، بۆ ئەوەی بە هێمنی لە پاریس بژی. ئەو جەزایرییە جەنگەڵستانیانە، بەتایبەتیش ئەمیرەکانیان، پێشبینی چاکەیان لە ژیان نەدەکرد. لەمیانی قسەکردنمان لە چامپ – ئێلیێ، لێم پرسی ئایا کاریگەریی ئوسامە لە جەزایر چ بوو. کەمێک بیری کردەوە، پاشان

وەبیری هاتەوە کە ئەو فەرمانی بە جیهادییەکی دابوو کە لە کامپێکی ئەلقاعیدە لە سوودان مەشقی کردبوو، دا بێتە جەزایر و لەوێ، لە ناو مەیدانی جەزایر، ببێتە دەستێکی تری ئوسامە. بەلام جەزایرییەکان دەریان کرد، چونکە ئێمە خۆمان جیهادیمان زۆربوو، پێویستیمان بە دەهۆڵزەنی ئەلقاعیدە نەبوو.

لە جەزایری پایتەختیش هەمان پرسیارم لە عەلی تونسی، گەورە پۆلیسی ڕەقەکاری ئەو ولاتە کردەوە، کە هیچ بوارێکی جیهادییەکانی نەدەدا، ئەویش قایل بوو کە لە بەهاری ٢٠٠١دا دیمانەیەکم دەگەڵدا بکا. کۆلۆنێل عەلی لە کاتی هەرزەکاریدا لە شەڕی سەربەخۆیی ولاتەکەی بەشدار بووبوو. لە ١٩٨٨دا خانەنشین کرا بوو؛ پاشان کە لە ١٩٩٤دا حکوومەتی جەزایر کەوتە سەر چۆک، دووبارە عەلی تونسی بانگ کراوە بۆ ئەوەی دەستبەکار بێتەوە. سەرم لەوە سوڕما کە ئەویش لە بنەمای قسەکانیدا دەگەڵ ئەمیرەکە یەکیان گرتەوە و گوتی: (تیرۆریستێکی دابڕاوی ئێرە نەک هاوارهاواری ئوسامەی.) چاوپێکەوتنەکەم لە شوێنی ئادمیراڵتیدا بوو، جاری پێشتر ئێرە بارەگای کۆلۆنێلێکی فەڕەنسی بوو. دەبێ من بە گومانەوە سەیری ڕووداوەکانم کردبێ. ئوسامە کابرایەکی توندوتیژ بوو، بینیشمان چی لە باڵیۆزخانەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەلات و USS Cole کرد و کاری تیرۆریستی داهاتووشی لە هەموو کاتێکدا چاوەڕوان کرابوو. کۆلۆنێل بە شانازییەکەوە گوتی: (تیرۆریستەکانی ئێمە تەنانەت ناشزانن ئوسامە بن لادن کێیە.)

من دەمزانی وەلامی پێچەوانەی بدەمەوە، ڕەنگە ڕاستبێ تیرۆریستەکان نەزانن ئوسامە کێ بوو، بەلام خۆ ڕۆژنامەکانی جەزایر ناسیان دەکرد. هەر دڵۆپە خوێنێک لەو ولاتەدا بڕژابا، خەتایەکە لە ملی ئوسامە شەتەک دەدرا. من لەبارەی ڕەسام و کابرایەکی تری جەزایری کە ناوی عەبدولەجید داهومانی بوو، پرسیارم لێی کرد. ولاتە یەکگرتووەکان ٥ ملیۆن دۆلاری بۆ گرتنی ئەو عەبدولەجیدە کردووەتە خەلاتی ئەو کەسەی کە بە گرتنی دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا توانی لە کەنەدا خۆی لە گرتن بپارێزێ و پاشان بە شێوەیەک کە کەس نازانی چۆن بوو، لە جەزایر بەدیار کەوتەوە و ئینجا پاشان حکوومەتی جەزایر گرتی، کە وا دیارە گرتنەکەشی هەر بۆ قایلکردنی ولاتە یەکگرتووەکان بوو. (من لە جەزایری پایتەخت، لەبارەی داهومانی لەگەڵ برایەکی ڕەسامی قسەم کرد، کە پێی گوتم: "لەو کاتەی هەموو

جەزایرییەکان بە پەرۆشەوەن بۆ ئەوەی بچنە هەندەران، کارێکی نارێک بوو کە ئەو کابرایە هاتەوە.") هەر گومانە دەیڵێم – بە بۆچوونی من، جەزایر، لە پیلان گێڕان، هەرگیز کەمتەرخەمی نەکردووە – هاتنەوەی داهومانی و لە پاشاندا گرتنی لە ئابی٢٠٠٠، کێچ دەهاوێتە کەوڵەوە؛ ڕەنگە داهومانی سیخۆڕێک بووبێ کە ئەرکی تەنیا ئاژاوەنانەوە بووبێ؛ ئەگەریش نا هەر بە لایەنی کەمییەوە وەرزش و میوزیک بە کرێی گرتبێ (پروپاگەندە وا بوو کە لە پاکستان و لە ئەفغانستاندا ئەوییان دۆزییەوە و فریویان دا و بۆ وڵاتیان هێناوە.)[١٦] بە بۆچوونی کۆلۆنێل، ئەوانەی لەبارەی ڕەسام و داهومانی دەگوترا، هیچی وا نەبوو. کۆلۆنێل قیژاندی گوتی: (ئەمانە هەردووکیان ئەوپەڕ بێ نرخن.) جەختیشی کردەوە و گوتی: (تیرۆریستەکانی ئێمە هیچیان بە ناو و دەنگ نین. پیاوەکانی من لە مەیدانن و ڕۆژانە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئەو تیرۆریستانەدا دەکەن کە گەلێک لە ڕەسام ترسناکترن.)

کە من باسی ئوسامە و یارمەتی دەرەکی و بازنەکانی یارمەتیم لە ئەوروپا دەکرد، کە پارە و چەک بۆ ئیسلامییەکانی ناو جەنگەڵەکان دەنێرن، کۆلۆنێل دەستی بە منگەمنگ کرد و پاشان گوتی[١٧]: (ئەو پارەیەی کە لە دەرەوە بۆیان دێ، هیچ نییە بەرانبەر بەوەی کە لێرە لە بن لووتی ئێمەدا بە زۆری زۆردار لە خەڵکی دەستێنن. هەمان شت ڕاستە بۆ ئەو چەکانەی کە توانیویانە بە قاچاغ بۆ ناوەوەی بێنن. ئەو جەنگەڵییانەی ئێمە لەگەڵیاندا دەجەنگین، لە هەموو شەڕێکدا چەند چەکێکیان بەردەست دەکەوێ.) بێگومان کۆلۆنێل ئاگای لەو هەوڵانە هەبوو کە پۆلیس و دەزگا دژە تیرۆریزمییەکان لە فەڕەنسا و سەرتاسەری ئەوروپادا دەیاندا، بۆ ئەوەی نەهێڵن چیی تر چەک و پارەی قاچاغ بە دەستی ئەو جەنگەڵییانە بگات، بەڵام هەر بەلای ئەو باسەی دا نەچوو. ڕاستە کە بەرگری فەرەنسایی و هەندێ بزووتنەوەی نهێنی بە درێژایی مێژوو، زۆر جاران خۆیان خستووەتە مەترسییەوە و وایان زانیوە کە بەمە زیانی پڕ لە دوژمن دەدەن، کەچی لە ڕاستیدا تەنیا تەگەرەی زۆر بچووکیان بۆ حکوومەتەکان دروست کردووە. هەروەها ئەو قسانەی تونسی کردی کە بەپێچەوانەی پرواگەندەی حکوومەتی جەزایر بوو هیچ ئاکامێکی لە دژی حکوومەتەکەی لێ نەکەوتەوە. نەمویست لێی بپرسم چۆن بۆچوونی ئەوان وەک بۆچوونی سیاسەتڤانە جەزایرییە

(قەڵاچۆکارەکان) وایە، واتا وەک هەموو کات گلەیی لە (دیموکراسییە پێشکەوتووە ڕۆژئاواییـیـەکان) دەکەن، چونکە لە دژە تیـرۆریـزم هـاریکارییـان نـاکەن و بە دوای ئەوانـەش ناکـەون کـە ڕەخنەیان لـێ دەگـرن و لە هەنـدەرانیش پەنـاگـە بۆ خـۆیان دەدۆزنەوە.

من وا مـەزەندەم کرد کە وەڵامـەکـەیم زانی. تونسی شادمـانی خۆی لەوە دەربڕی کە لە سـاڵی پێشـتر توانیبـووی ژمـارەی کوژراوانی دەسـتی تیـرۆر کـەم بکاتەوە و بیکاتە ٢,٢٠٠ کـەس (هـەرچـەندە لایەنگرانی مـافـەکـانی مـرۆڤ دەیانـگوت چوار هێندەی ئـەو گوتی کـوژرا بوون.) ئەو هیچ منەتی بە ئیسـلامـیـیـەکان نـەبوو، بۆیە گـوتی: (خـۆ زۆریان نـازانن پێنج ڕوکنی ئیسـلام چنە و ناشـزانن مـەکـە لە کامـە لایە.) من هیچ بیانووێکم نەبوو بۆ ئەوەی پێی باوڕ نەکەم. ئەو شـەڕی لەگـەڵ شـەڕ دەکرد. حکوومەت هەمـوو پشتیـوانی کارەکانی ئەو پیـاوەی دەکرد و پشـتیـوانی لە شێوەی ڕاپەڕاندنی کـارەکانیشی دەکرد. شـێوازی کارکردنی هـەمـوو جارێک جوان نەبـوو. باسی پێـشـێلکردنی مـافـەکـانی مـرۆڤ، سـاڵانـە لاپەڕی ڕاپۆرتـەکـانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێو نەتەوەیی Amnesty International و چاودێری مافەکانی مـرۆڤ Human Rights Watch و ئازادی نێـونەتەوەیی مـافـەکـانی پیـاوان International Freedon of the Rights of Menی پڕ دەکـردنەوە. جگە لەمـانە ڕاپـۆرتی سـاڵانەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یـەکگرتووەکان State Department، هـەمـوو کـات باسی ئەو پێشـێلکردنانەی دەکرد. کـۆلـۆنێل بەو ڕێگەیەی کـە خـۆی تێی دەگەیشت خـەبـاتی لە پێناوی جـەزایردا دەکرد. لەلای ئەو، ئـەوانـەی وەکـو ڕەسـام بوون، هیچ بایەخێکیان نەبوو؛ لە بەرچاوی ئـەو دیار نەمابوون. جا ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان دەترسـێن ئەوە کـێـشـەی ئەو نیـیـە؛ چونکە وڵاتە یـەکگرتووەکـانیش سـەردەمـێک بایەخی بە کێشەکانی جەزایر نەدەدا.

بەڵام هـەر هـاتنـە ناو قـولغـەکەوە؛ ئەوە بوو لە بەهـاری٢٠٠١دا، فـریحی سـەرۆکی FBI، لەگـەڵ گـەورە بەرپرسـانی دژە تیـرۆری جـەزایری وتووێژی سـاز دا. کـە پرسیـارم لەبارەی سـەردانەکەی کـرد، باڵیۆزخانـەی ئەمەریکایی بە ڕاستی نیگەران بوو. گـومـانم لەوە بـوو کە فـریح داوای دیداری داهومـانی کردبـێ، ڕەنگە داواشی کـردبێ، لە پێش دادگـاییکردنی ڕەسـامـدا، جـەزایر داهـومـانی تەسلیـمـی وڵاتە

یەکگرتووەکان بکا. پاش سەردانییەکەی فریح بەرەو لۆزانجلز ڕۆیشت.[١٨]

١١ی سێپتێمبەر پرۆسەی هاوکاریکردنی لە جاران خێراتر کرد؛ وڵاتە یەکگرتووەکان تفاقی سەربازی ئاوای بۆ جەزایر نارد و مەشقی ئاواشی پێ کردن کە پێشان لێی قەدەغە کردبوون. ڕژێمی جەزایری بەم هاریکارییانەوە شاگەشکە بوو. کۆشکی سپی the White House پێشوازی لە سەرۆکی جەزایری عەبدولعەزیز بوتەفلیقە کرد، ئەمەش هێمایەک بوو بۆ ئەوەی کە دەنگی کەرەنای شەڕی دژە تیرۆر و نەفت و گازی جەزایری بە سەر نووزەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤدا زاڵ بوو. (وەزیری دادی جەزایریش سەردانییەکی مێژوویی بۆ لەندەن کرد بۆ ئەوەی لەوێ باسی هاریکاری دژە تیرۆریزم لەگەڵ ئینگلیسەکاندا بکات. ئەو ئینگلیسانە پێشتر هەر ئاوڕیان لە جەزایر نەدەداوە.) ئەمەریکا هەستی کرد کە زۆر پێویستی بە یارمەتی هەموو لایەکی هەیە. ڕۆژی ئەوە بەسەرچوو ئیتر ڕێگە بە فەرەنسا بدرێ بە کەیفی خۆی هەڵسوکەوت دەگەڵ جەزایردا بکات. وڵاتە یەکگرتووەکان کەوتە سەنگەری پێشەوەی شەڕکردن لە دژی تیرۆریستان لە سەرتاسەری جیهانەوە. کاری ڕۆژ ئەوە بوو کە هەر لە ئاسیای ناوەڕاستەوە تا دەگەیشتە ئەمەریکای لاتین، هاریکاری هەموو ڕژێمە سەرکوتکارەکان بکا. ئەو هاریکارییە خێرایە ڕەمەکییە چۆن لەگەڵ سیاسەتی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکان یەکی دەگرتەوە، بە ڕاستی مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ مرۆڤ فریو بدا، ئاخر دیموکراسی لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا پەیڕەو نەکراوە. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووکان لە واتای کارکردن بەپێچەوانەی ئەو تۆمەتانە تێ بگەیشتبا، زۆر ئەستەم بوو کۆشکی سپی ڕێگە بدا ئەم هاریکارییانە ئاوا بە ئاشکرا ببێ. (تەنانەت سەرۆک بوش لەمیانی وتارە نایابەکەی کە لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٣دا لە لەندەن خوێندییەوە و پشتیوانی خۆی بۆ پتر دیموکراتیزەکردنی جیهانی ئیسلامی ڕاگەیاند، ناچار بوو بە پێچەوانەی نیهادیپاکی خۆی بەرانبەر بە ڕابردووی ئەخلاقی ئەمەریکایی بدوێ کە بە سەر بابەتی هەڵسوکەوتی دوولایەنە bilateral dealingی دەگەڵ وڵاتە موسڵمانەکاندا باز هەڵبدا.) قسە و ڕاگەیاندن و نووسینەکانی چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە دەیەی پاشتر، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، وەک نووسینی سەر ئاویان لێ هات بوو.

ئەوەی بۆ جـەزایر کـرا، لەگـەڵ گـەلێک لـە وڵاتە ئۆتۆتاریـیـەکـانـی تری وەک ڕووسیاش جێبەجێ بوو. وابوو لە پایزی ۱۹۹۹دا، بۆریس یەڵتسن ویستی لە دوای خۆی، ڤلادیمیر پوتین بۆ پۆستی سەرۆک دەستبژێر بکا. بۆ ئەوەی ئەم کارەشی سەرکەوێ، چەندین تەقینەوەی نامۆ لە دەوروبەری مۆسکۆدا کران، کە تا ئێستاش نەزانراوە سەرچاوەی تەقینەوەکان چ بوون. بەڵام خستیانە ملی چێچانییەکانەوە، بەم کارەشیان هۆیەکیان بۆ شەڕی دووەمی ئەو کۆمارە قۆقازییە چەمووشە دۆزییەوە[۱۹]. وا ڕێککەوت دوای ماوەیەکی کورت لەو تەقینەوانە لە واشنتن لە ئۆفیسی شارەزایەکی دژە تیرۆریزم دانیشتبووم. لەبارەی ڕاستی ئەو پروپاگەندەیەی دەکرێ سەبارەت بەوەی کە ئوسامە پارە بۆ چێچنییەکان ڕەوان دەکا و گەنجەکانیان لە ئەفغانستاندا مەشق دەدا و ڤۆڵەنتیریش بۆ یارمەتیدانیان ڕەوانی ئەوێ دەکا، پرسیارم لێی کرد.

شارەزایەکەی واشنتن گوتی: (سەیرە! پێرێ بوو کارمەندێکی ڕێکخراوی ڕاوێژکاری زانیاری ئابووری و نیشتمانی think tank لە مۆسکۆ تەلەفۆنێکی بۆ کردم و لێی پرسیم دەبێ کەسێک لە کۆمەڵەی هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبێ شتێک لەم بارەیەوە بزانێ. من هیچی لێ نازانم، وا مەزەندەش دەکەم کە لەو کاتەدا کەسێک نییە لە واشنتن (ترپی تەڕ) لەم بابەتە بزانێ. من وای تێ گەیشتم کە هاوکارە ڕووسیاییەکەم دەیویست کێچێک بۆم بخاتە ناو کەوڵمەوە.) هەر لە دوای ۱۱ی سێپتێمبەر سەرۆک پوتین، هەموو جیاوازی و نیگەرانییە سیاسییەکانی خۆی سەبارەت بە بنکە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە ئوزبەکستان و تاجیکستان و قەرغیزستان بۆ سزادانی تاڵیبان لە ئەفغانستان دامەزرابوون، لە بیر کرد و خۆی گەیاندە ڕەوڕەوەی سەرۆک بوش. بۆیە هەر زوو بەڕێوەبەرایەتی سەرۆک بوش دەستی پێ کرد باسی پێوەندیی ئوسامەی بە چێچنییەکانەوە نەدەبڕییەوە و لە بواری ڕەخنەگرتنیشی لە نالەباری مافەکانی مرۆڤی ڕووسی نەرمی نواند.

لە درەنگی ۱۹۹۰کان و سەرەتای ۱۹۹۰کاندا، زاندرا کە هەندێ کتێبخانە و هەندێ مزگەوت و هەندێ شاری ئەورووپای ڕۆژئاوا خەریک بوون بنەگەیان بۆ گرتنی ئیسلامییە توندڕۆیەکان خۆش دەکرد. ئەوانە بەتایبەتی ڕوویان لە نەوەی دووەمی موسڵمانەکان کردبوو، کە لە بەریتانیا و فەڕەنسا و نەرویج و هەندێ لە

وڵاتانی ئەو کەرتەدا بووبوون، پێوەندیشیان بە ئیسلامەوە کەم بووبوو. جیهادییەکان پاداشتی ئەو ڕۆژئاواییەشیان دەداوە کە ئاینگۆڕییان دەکرد و موسڵمان دەبوون. ئیشی دووەمی ئەوانە - ڤیزا وەرگرتن، پاسپۆرت دەرهێنان، دەفتەر چێک checkbooks و کرێدت کارد دروستکردن، برینی بلیتی فرۆکە بوو. ئەمانەش هەموو پێویستی ژیانی ئەم سەردەمە بوون، کە بە هۆیانەوە هەرکەسێک دەتوانێ بە ئاسانی سەفەری خۆی لەمسەر بۆ ئەوسەری ئەم گوندە جیهانییە، بکات. ئەو ئەوروپایانەی کە ئاینگۆڕ دەبوون کەمتر سەرنجیان پێ دەدرا؛ بۆیە وا چاوەڕێیان لێ دەکرا کە سوودبەخشتر بن.

هەندێ لەو نەوە دووەمینەی کۆچبەرەکان بە ئاسانی بۆ جیهادکردن دەگیران، چونکە وا هەستیان دەکرد کە لە ناو کۆمەڵدا نامۆنە و وا خرابووە ناو مێشکیانەوە کە لەو وڵاتەی تێیدا بوونە هاووڵاتیی پلە دوونە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێوەندییەکیان بە وڵاتانی باوک و باپیرانیانەوە نەماوە؛ چونکە هەندێکیان تەنانەت فێری زمانی باوکیشیان نەبووینە. هەندێکیشیان خۆیان بە شەرمەزار دەزانی و ڕقیان لە دایک و باوکیان هەڵدەستا، چونکە لە ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کاندا لە باکوری ئەفریقیا یان لە پاکستان یان لە تورکیا لە کارگەکانی قوماش دروستکردن یان لە گۆمرەکان یا لە کارخانەکانی ئاسن یان لە هەندێ جۆری پیشەسازی تردا کرێکارییان بە پوولێکی زۆر کەم کردووە و پاشان کە کاریان پێیان نەماوە هەیتەیان لێ کردوونە. باوک و دایکەکان زۆر بە دین نەبوون. هەندێ لە منداڵەکانیشیان کە ڕوویان لە ئیسلامەتی کرد هەر بۆ ئەوە بوو کە بزانن جیاوازی چییە و بتوانن لە ناو کۆمەڵگەی ئەوروپاییدا ناسنامەی خۆیان وەدەست بێنن. چونکە وایان هەست دەکرد کە ئەو کۆمەڵە ئەوانی هەر لە پلەی کرێکاری نەشارەزادا هێشتووەتەوە و کاری باش بە شایستەی ئەوان نازانێ. تێکەڵ بوونە ناو زۆر لە کۆمەڵگەکانی ئەوروپایی کارێکی ئاسانە، بەڵام وا دەرکەوت کە بۆ موسڵمانەکان بە گرانتر دەچێتە سەر، بەتایبەتیش ئەو موسڵمانانەی کە باش پەروەردە نەکراون و خوێندەوارییان کەمە و لە کۆمەڵگەیەکی دەشتەکییەوەڕا هاتوونە، ئەو تێکەڵاوبوونەی ناو کۆمەڵ، بۆ ئەوان ئەستەمترە. بە کەمزانین بۆ نەوەی دووەم، ئەگەر هەر بە خەیاڵ بێ، یان ڕاستی بێ، لە ماڵیانەوەڕا دەستی پێ کردووە. نە نموونە ئەفساناوییەکەی وەک ئەوەی جیهادی ئەفغانی نە

سەرکوتکردنی فەلەستینییەکان لەلایەنی ئیسرائیلەوە، نە ڕەوشتی خراپی کرواتەکان و سربییەکان دەرهەق بە موسڵمانەکانی بۆزنیا، نە دەست تێوەردانی ڕووسییەکان لە کاروباری چێچنیادا، ئەمانە هیچیان نەبووینە هۆی ئەوەی کە ئەو چەشنە هەست پێکردنە لەلای نەوەی دووەمی ئیسلامەکان لە ئەورووپادا، سەرهەڵبدا. بەڵام ئەم چەشنە نموونە بیانییانە، کە سنووری دیاریکراوی ژیانی خۆیان لە ئەورووپادا دەبەزێنی، مەبەستی خۆیانیان هەیە و ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ کە ئەو هەڵانەی موسڵمانەکان لە چەندین سەدەی ڕابردوودا کردوویانە ئەوانە بیانەوێ ئێستا ڕاستیان بکەنەوە.

گەلێ جاران موسڵمانە نموونەییەکان سەرنجی لاوەکان بۆ خۆیان ڕادەکێشن. لەو گەڕەکانەی کە تاوانی زۆریان تێدا ڕوو دەدا و ژمارەیەکی زۆری کۆچبەری تازەیان تێدا دەژی، ئیسلامییە چالاکەکان دەچوونە ناو هەرزەکارە بەرەڵایەکان و هانیان دەدان تاکو کاری توندوتیژی بکەن کە زۆر جار تووشی گیروگرفتی دەکردن. لە زۆربەی ئەورووپاشدا گرووپی تەبلیغ Tabligh کە نەرمترین گرووپی ئیسلامینە و بارەگاکەیان لە پاکستانە، لەمێژە خەریکن ئەو بزربووانەی لە دەرەوەی دنیای ئیسلامیدا دەژین، بە قسەی خۆیان، دەگەڕێننەوە بۆ هیدایەت، بەڵام ئەمانە دەستیان لە جیهادی ئیسلامیدا نەبووە. لە ۱۹۹۰کاندا، ئەوانیش کەوتنە ناو داوی ئەوانەی کە خەڵکیان دەکردە نمایندەی خۆیان بەبێ ئەوەی ئاگەداری کاکڵەی بابەتەکەیان بکەنەوە و لاوە موسڵمانەکانیان لە ئەورووپادا فریو دەدا و پێیان دەگوتن بچن سەفەر لە پێناوی ئیسلامەتیدا بکەن و لە پاکستان و ئەفغانستان فێری ڕێنوێنییەکانی ئیسلام بن، لەوێش دەدرانە دەستی توندڕۆترین ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کە کارە تیرۆریستییەکانیان دەکرد.

ئەم نموونە وردیلانە هەمووی شێوەیەکی سادەی کارەکە بوون کە هیچیان لە ڕۆڵی ئەو وتاربێژە توندڕۆیە جیهادییانە ترسناکتر نەبوو کە لە مزگەوتەکانی لەندەن وتاریان دەخوێندەوە. من کە هەوڵم دەدا لە سروشتی گرووپێکی نامۆ تێ بگەم، ناسیاوییەکی کەمم دەگەڵ کەسانێک پەیدا کرد کە نەوەی دووەمی کۆچبەرە جەزایریی و برادەرە ئاین گۆڕاوەکانیان بوون و پێوەندیشیان بە ڕەسام و هاوکارەکانی لە مۆنتریالدا هەبوو. لاوێکی فەڕەنسی کە دینی خۆی گۆڕی بوو ناوەکەشی لیۆنێل دیومۆ بوو، لە نامەیەکی پڕ بە دڵ، کە لە ۱۹۹٦ لە

بەندیخـانەیەکی بۆزنیـادا بۆ دادوەر بروگـێری نووسـیـبـوو، گـازاندەی لە مـەلای وتاربێـژی توندڕۆی ناسـراو لە لەندەن ئەبوحـەمـزە ئەلمسـری کـردبوو. چونکە ئەو هانی ئەو و گەنجێکی تری فەڕەنسی بە ناوی کریستۆف کازێ، دابوو بۆ ئەوەی لە ڕێگە لادەن. نیـازی دیومـۆ لـەو نامـەیـەیدا ئاشـکرا بوو؛ ئەویش بۆ ئەوەی بوو کـە دادوەرەکە قـایل بکا کە لە زیندانەکەی بۆزنیا بیگوازێتەوە بۆ زیندانێکی فەڕەنسی بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆیان نزیک بێتەوە[٢٠].

بەڵام بـە ڕای من ئەو نـامــەیە بۆ ئەوە نـەبووە، بگرە لەبەرئـەوەی بووە کــە دادوەر بروگـێر بە خـۆی سـەردانی دیومـۆی لە زیندانەکـەی بۆزنیـادا، کـردبوو. دادوەر بە خـۆی باسـی خـراپـیـیـەکانی ئەبـوحـەمـزە ئەلمسـری بۆی کـرد. جـا نـامـەکـەی دیومـۆ دووبـارە قسـەکانی سـەبـارەت بە تاوانبارکردنەکەی ئەبوحەمزە و دوو هـاوبیری ئەوی وەبیر خودی دادوەرەکە دەهێناوە، کە گوتبـووی ئەوانە دوا ڕێنماییەکانی قوتابخانە ناو- زڕاوەکـەی فـاگن Fagin کە هـانی گەنجـەکانـی دەدا بۆ ئەوەی تاوان بکەن، بە ڕێگەیەکی ئیسـلامی هـاوچـەرخ، پەیڕەو دەکـەن. لە ڕاسـاتیدا ئەبوحـەمـزە ناوبانگی بەوە دەرکـردبوو کـە گـوتـاری جیـهـادی زۆر توندی دەدا، بۆیە لایەنگـرەکانی ناویان لێنابوو (ابو میگافۆن)، کـە لە سـەرەتای پەیدابوونی تەلەڤزیۆن وازی لێ هێنراوە و کــەس بـەکــاری ناهـێنێ. بۆیەش ئـەو ناوەی بۆ داڕژا، چونکە وتارەکــانـی هێنده توندوتیژ بوو لەلایەکی جیهادییە ڕاستییەکان زۆر گوێیـان پێی نەدا و لەگەڵ دەنگە زلەکـەی مێگافـۆن، کـە نەدەکرا کز بکرێتـەوە، بەراوردیان کـرد و پۆلیسـیش لە لای خـۆیەوە زوو لـە وتارەکانی ئاگەدار بـووەوە. لە کۆتای ئایاری ٢٠٠٤دا گـیـرا. وڵاتە یەکگرتووەکـان هەندێ زانیـاری دەربارە ئـەبوحـەمـزە پێشکێش کـرد و داوای کـرد ڕەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بکرێ بۆ ئەوەی لەوێ دادگایی بکرێ، چونکە دەسـتی لە پەلامـارێکی تیـرۆریسـتی هـەبووە کە دەیەیەک بەر لە ئێسـتا لە یەمـەندا کراوە و تۆمەتی ئەوەشـی خسـتـە پاڵیەوە کە هەوڵی داوە کامپێکی مەشـقکردنی تیرۆریستان لە ئۆریگن، دروست بکا. پاش سـاڵێک بەریتـانـا ڕای گەیاند کە نایەوێ ئەبوحـەمـزە بداتە دەستی ئەمەریکاییەکانەوە[٢١].

لە ڕاستیدا ئەبوحـەمزە جـۆرێک پێوەندیی بە تیرۆریزمەوە هـەبوو، چونکە دیومۆ و کــازێ لەگــەڵ بەتالیــۆنی حــەفـتـی مـوجــاهـیـدەکــانی بـۆزنیــا، هـەردووکــیــان بۆ مـوسـڵـمـانەکـان شـەڕیان کـرد. ئـەو بەتالیـۆنە لە ٩٠٠ جـەنگاوەر پێک هـاتبـوو،

جـــەنگاوەرێکی دێرینیش لە ئەفــغــانــە جــەزایـریــیــەکــان بــە نـاوی ئەبـومــوعـــەلا، ســـەرکـردایەتی دەکـرد. بە زۆری جـەنگاوەرە کـۆنـە ئەفغـانـیـەکـان مـەشـقـیـان بە بەتالیـۆنی ٧ەم دەکرد. ئـەو بەتالیـۆنـە لەو جـەنگاوەرە بۆزنیـانە پێک هـاتبـوو کـە بە هـۆی شـەڕەوە بێ جێ و ڕێ مابوونەوە، بەڵام هـەندێ بیـانیـشیـان لەگەڵدا هـەبوو کـە نزیکەی ســـێــیـــەکی ســـەرجـــەم ژمــارەی جـــەنگاوەرەکـــان دەبـوون. هـەردوو لاوە فـەڕەنـسـیـیــەکــان ئەبوحــەمـزەیان دیتــبـوو کــاتێک کــە ســەردانی بارەگــاکــانی بەتالیـۆنـەکەی لە زێنیـچا کـردبوو. زێنیـچا شـارێکی پیشـەسـازی بوو، کەوتووەتە ناوەڕاستی بۆزنیـاوە. کازێ کە لە فـەڕەنسـا قـوتابییەکی سالّی کـۆتاییی کۆلێجی پزیشکی بـوو، لە زێنیـچـادا تیـمـاری مـوسـڵـمـانە بریندارەکـانی دەکرد. یەکێک لەو برینـدارانـەی کە کــازێ تیـمـاری کـردن فـاتح کـامل بوو. ئەمـە لەمـیـانی یەکـێک لە ســەردانیـیــە ئاســاییــیــەکــانی کــە هــەر مــاوەی جــارێک دووبارە دەبووەوە، بـریندار بووبوو.

هـەرچەندە ڤۆڵەنتیـرە بیـانیـیەکان بە هـۆی ئازایەتی و دڵڕەقیـیانەوە، لە شـەڕێدا سربی و کرواتییەکانیان بە ڕاستی ترساندبوو، بەڵام هێشتا وەکو سەرباز هـەرگیز بایەخێکی باشیان پێ نەدرا. بۆیە تەنانەت ئەوانەی کە زۆر بۆ کێشەکە دڵسۆزیش بوون، هـەر زۆر لەوێ نەدەمانەوە؛ چونکە مـوسڵمانە بۆزنییەکان زۆر مـەیلی بادەی براندی ئالۆباڵوویان دەکرد و بە دوای ئەو کچە بۆزنییە جوانانەشدا دەگەڕان کە بە شـێـوەی ڕۆژئاوایی پەروەردە کـرابوون. بـیـانیـیـەکـان پەسندیان نـەبوو مـوسـڵـمـانە بۆزنیـیـەکان بە گـشـتی پەیڕەوی ئەو بنەمـا سـێکولارە بکەن کە مـارشـال تیـتـۆ لە دەوڵەتی یۆگۆزلاڤیـای پێشـوودا بناغـەی بۆ دانا بوو، موسڵمـانە بۆزنییەکانیش لە بەرانبـەردا ئەو شـێوە هـەڵسوکەوتەی بیانییەکانیـان لە دڵدا گران بوو. وەرگرتنی ڤۆڵەنتیرە بیانییەکان ئەو نرخە بوو کە لەسـەر بۆزنییە موسڵمانـەکان پێویست بوو بیدەن بۆ ئەوەی پارەی پێویستیان لە سعوودیە و وڵاتە دەوڵەمەندەکانی تری کەنداو بۆ بێت. هـەمـوو ئەو هـاتن و چوونـەی ئەو بیـانیـیـانە هێـشـتـا ژمـارەیان هـەرگـیـز نەگـەیشـتـە هـەزار کـەس. سـوودان و یـەمـەن چۆن پـەناگـەیـان بۆ جیـهـادییـەکـانی ئەفغانی ساز دەدا، بۆزنیاش بە هەمان شێوە داڵدەی جیهادییەکانی بەلقانی دا.

کـە ڕێککەوتنەکـانی دایتن Dyton Accords لە ١٩٩٥، کـۆتـاییی بە شـەڕ هـێنا، زۆربەی جـەنگاوەرە بیـانیـیـەکـان ئەرکیـان نەمـا و بۆ وڵاتـەکانی خـۆیان چوونەوە.

هەندێکیان دۆستایەتی دوورخایەنیان لەگەڵ یەکتریدا دروست کرد و بۆیان وەک گرێبەستێکی شەڕی لێ هات. چەند سەت کەسێکیشان کە لە ترسی گرتنیان لە وڵاتەکانی خۆیان، نەچوونەوە و لەوێ مانەوە. زۆرینەی ئەوانەی کە لەوێش مانەوە، ژنی بۆزنییان هێنا و ڕەگەزنامەی بۆزنیایان وەرگرت، ئەمەش بە دڵی ئەمەریکاییەکان نەبوو. ئەوەش کە دیومۆ و کازۆ و هەندێ لە جەنگاوەرە دیرینەکانی بۆزنیا، لە ڕۆبیا کە شارێکی چەوساوەی پیشەسازییە لە باکوری فەرەنسا، لە پاش گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا، لە درەنگی ١٩٩٥دا، دروستیان کرد و پێی گوترا شانەی تیرۆریستی، ئەوە بە ڕشتی پتر فۆکەسی لەسەر کاروباری ناوەخۆ دەکرد. باندەکەی دیومۆ هەستا کۆمەڵێک کاری توندوتیژی لە شارەکەی ڕۆبیادا ئەنجام دا. زۆربەیان کاری بچووکی وەک دزیکردنی بە زەبری تفەنگ بوو، بەڵام هەندێ جاریش نارنجۆکیان بەکار هێنا. توندی و تیژییەکەی ئەوان کردیان لەگەڵ ئەوەدا نەدەگونجا وەک خۆیان دەیانگوت پارە بۆ پێشخستنی کێشەی ئیسلامییە قاچاغەکان کۆ دەکەینەوە.

ئەو ئۆپەراسیۆنەی دوایی کە هیچ سوودێکی نەبوو ئەوانی خستە نێو داوەوە. لە ٢٨ی ئاداری ١٩٩٦دا بە هۆی وریایی پۆلیس، لە نزیک بنکەی پۆلیسی لیل، بۆمبێکی دەستکرد لە کنیان دۆزراوە. ئەو بۆمبە تەنیا دوو ڕۆژ پێش ئەوەی کۆنگرەی سەرانی G7 لەو شارەدا دەست پێ بکا، لەلایاندا دیتراوە. شارەزایانی دەزگای پۆلیس گوتیان؛ ئەگەر بۆمبەکە بتەقیبایەوە، بازنەیەکی تیرە ٢٠٠ یاردی پڕ لە گازی ژاراوی دەکرد. یەکەی پۆلیسی دژە تیرۆریزم بە ناوی RAID، بۆ شوێنەکە بانگ کرا. لە شەڕێکی بەرەبەیانی ٢٩ی ئاداردا، پۆلیسەکانی RAID چوار ئەندامی باندێکی جەزایرییان کوشت کە لە خانوویێکی دوو نهۆمی لە شەقامی هنری کارێ، لە نزیکی ڕۆبا خۆیان شاردبووەوە. خانووەکە و خانوویێکی دراوسێ، لە سەر تا بەر هەردووکیان سووتان. ئیسلامییەکان قایل نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن، بە تفەنگی ستێن Sten و عوزی Uzi و کلاشینکۆف تەقەیان لە پۆلیس کرد و نەوەستان تا بڵێسەی ئاگرد هەڵی لووشین.

چەند ساڵ پاشتر من سەردانی گەڕەکەکەم کرد. لە ڕێی ئارکمیددا چەند گەنجێکی گرژ و مۆنم بینی بەو ناوەی نزیکی مزگەوتێکی گەڕەکەکەدا ڕەت دەبوون. لە دوورەوەڕا دیاربوون کە توندڕۆ بوون؛ چونکە کراسی کورتیان لەبەردا

بوو. به خەیاڵی ئەوان محەمەد پێغەمبەر و یاوەرەکانی ئەم جۆە کراسە کورتانەیان لەبەر کردووە. بەڵگەیەکی کێشەکەی ڕۆبا ڕێگەی بۆ دادوەر بروگێر خۆش کرد بۆ ئەوەی بگاتە ڕەسام و باندە هاوکارەکەی کە لە مۆنتریال لە دەورەی کاملدا خڕ بووبوونەوە. ئامێری ئەدرێسە ئەلکترۆنییەکانی کازێ بوو کە باندەکەی پێ ئاشکرا بوو. لە دوای ڕووداوەکەی ڕۆبا، کازێ لەگەڵ برادەرێکی بە ئۆتۆمۆبێل لە ڕۆبا دەرچوون. لە کاتی هەڵاتنیان لەگەڵ پۆلیسی بەلجیک کەوتنە بەرانبەر و ئەوە بوو کازێ کوژرا و ئەدرێسە ئەلکترۆنییەکانی کەوتە بەردەستی پۆلیسی بەلجیک و هەمووی ئاشکرا بوو. بەلجیکییەکان لەلایەنی فەڕەنسییەکانەوە ئاگەدار کرابوونەوە و ئەوانیش بازگەیەکی کاتییان لەسەر سنووری، لە نزیک شاری ڕۆبا، دامەزراند بوو کاتێک کە کازێ و برادەرکەی بە ئۆتۆمۆبێلەکەیانەوە تێی کەوتن. هەرکە کلیلبەندەکەی password کرایەوە، ئامێرەکە ژمارەی تەلەفۆنەکانی کامل و سەید ئەتمانی و ئەبووحەمزە و کۆمەڵێک ئیسلامی تری کە لە بەریتانیا و ئیتاڵیا و وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەژین لێی وەدەست هات. گرتنی هەموویان زۆری پێ چوو. لەسەر خواستی بروگێری دادوەر، کامل بە کەلەپچەکراوی لە ناوەڕاستی ١٩٩٩ لە ئوردن دەرکرا و لە ٢٠٠١ دا لە پاریس بۆ ماوەی دە ساڵان زیندانی کرا.

لە چەند ساڵی داهاتوو پۆلیسی ئەوروپا ناچار بوو چاودێری ئیسلامییەکان بکات و ئەوانیش ناچار بوون پتر ئاگەداری باری خۆیان بن. بەلجیک کەوتووەتە نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیاوە. لە بەلجیک، یاسای دژە تیرۆریزم، وەک ئەوەی فەڕەنسا، نییە. بۆیە لەوێ ئەستەم بوو بتوانی ئیسلامییە گومانلێکراوەکان بگری و زیندانییان بکەی. بەڵام دەکرا دەستنیشانیان بکەن. بۆیە ئیسلامییەکان وا تێ گەیشتن ئەوێ بۆیان ئاسوودەترە[٢٢]. بە هاوڕێتی کارمەندێکی دژە تیرۆریزمی پسپۆڕ لە بواری کاروباری ئیسلامیدا، بەیانییەکم بە هاژوانی ماشێنەکە و هەندێکیش بە ڕۆیشتن بە ناو شاری نازداری بروکسڵدا پیاسەمان کرد. هەندێ لە گەڕەکەکانی شارەکە تێکەڵەیەکی کۆچبەران و خەڵکی ڕەسەنی تێدا دەژی. هاوڕێیەکەم بۆ ناسینەوەی دەرگەی مزگەوتەکان، سێنسی شەشەمی هەبوو. من هیچ کامێکیانم لەوانی تر پێ جودا نەکراوە، بەڵام ئەو یەکسەر هەمووی دەناسینەوە.

لە فەڕەنسا، هەر چینە کارمەندێکی دژە تیرۆریزمی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی

چاودێریکردنی وڵات DSTڕێگەیەکی کـاریگەریی تایبــەتی خـۆی پەیڕەو دەکـرد. پێـوەندییـان لەگـەڵ وتاربێـژەکـان چاک بوو. لە ڕاسـتـیدا ئەو وتـاربێـژانە تـەنیـا پێویستیان بە هاندانی کەم هەبوو بۆ ئەوەی ئامۆژگاری ئەو خواپەرستانە بکەن کە جیهادییەکان هەڵیان خەڵەتاندبوون. فەڕەنسییەکان هێندە کارامە و یاسای دژە تیـرۆریزمیش هێندە توند بوو، کـە زۆربەی جیـهـادییەکـانی ناچار کـرد بۆ ئەوەی پشـوویەکی درێژ بە فـەڕەنسـا بدەن. پۆلیـسی دژە تیـرۆریزمی ئیـتاڵی DEGOS ئەوەندە زۆر بـە ئاسـانی ئەو جـیـهـادییـانەی دەگـرت کـە پێـوەندییـان بـە ناوەندی کولتووری ئیسلامی لە میلانۆدا هەبوو، پیاو سەری لێ سوڕ دەما و نەیدەزانی ئەو ئیسلامییانە بۆ بە هیچ شێوەیەک سوود لە هەڵەکانی خۆیان وەرناگرن.

دوو نەرمـتـرین وڵات بۆ پەناهەندان تا سـاڵی ٢٠٠٠، هۆڵاند و بەریتـانیـا بوون. بەڵام پاشـان یاسـایەکی دژە تیرۆریزمی هێندە توند لە بەریتانیـادا دەرچوو کە لە هـەر هـەمـوو یاسایە هـاوچەشنەکانی تر لە کەرتی ئەورووپادا، دەسـەڵاتی پـتـری بە پۆلیس بەخـشی.[٢٣] ئەو کـۆچبـەرانەی کـە لـە وڵاتە کـۆلۆنیـاڵەکـانی پێشـووی بەریتـانیـاوەڕا دەهاتن، لـەوێ دەحـەوانـەوە. لەندەنسـتـان، وەک ئـەوەی زۆر لە پەناهـەندەکان بۆ گـاڵتـە بە پایتـەختی بەریتـانیـا دەڵێن، لە چەند گـەڕەکێکی زۆر گـرانبـەها پێک هـاتبـوو، لەوانـە گـەڕەکـەکـانی دۆڵز هیڵ، ود گـرین، ئیلنگ کـۆمن. گەورە مـزگەوتەکانیشی لە فنسبێری پارک و برکستن و ریجیتس پارک بوون. ئەو جـەزایرییـە ئیـسـلامـییـانەی کە لە وڵاتـی خـۆیان دەگـەڵ حکوومـەتەکـەی خـۆیاندا، گیروگرفتیـان هەبوو دەهاتن لە بەریتـانیا بەخێرهـاتن دەکران و ئیشیـشیـان پێ دەدرا (یان یارمـەتییەکی باشی بێ کارییان دەدرایێ) کە پێی دەژیان. جـەزایرییـە سـێکولارەکـانی کـە لە دەسـتی توندوتیـژی نـاو وڵاتەکـەی خـۆیان ڕایان دەکـرد، ئەوانیش لێرە وەردەگیرانەوە.

هـەردوو حکوومـەتی جـەزایر و فـەڕەنسـا بە ڕێکوپێکی گلەییـیـان ئاراسـتـەی بەریتانیا دەکرد بەهۆی ئەو هەموو نەرمییەی کە بەرانبەر بە پەناهەندەکان هەیبوو. ڕاستبێت یان نا، قسـە وابوو کە هەواڵگری بەریتـانی لە هـەر هەموو هـاوپیشـەکانی خـۆی لە سـەرتاسـەری دنیـادا، باشـتـر بوو. بـەڵام حکوومـەتەکانی مـسـر و ئوردن و جەزایر ددانی خۆیانیان لە بەریتانیا چیڕ کردەوە؛ چونکە پۆلیس و دادگەکانی بە یەکەوە نەدەبەسـتاوە بۆ ئەوەی بتوانن گومانلێکراوەکان لە وڵاتەکانی خـۆیانەوەڕا

بگرن و ڕاپێـچـەکی دادگـەیان بدەن. لەو سـەردەمی بینیـیـەکـان تا دەگـاتە ئەمـەریکاییەکانیش بۆیان نـەبوو لە بەریتـانیا، تخـوونی یاسـا بکەون. ئینگلسـتـان لەمـێـژ بـوو ناوبانگی ئـەوەی هـەبوو کـە ئەوانـەی لە وڵاتەکـانی خـۆیاندا سـەرکـوت دەکـران، ئەو لـەوێ داڵدەی دەدان و دەیحـەواندنەوە. یاسـای گـشـتی هـاریکاری پەناهـەندە و هـاووڵاتییە ڕەسـەنەکانی خـۆی وەکو یەکتری دەکرد. یاسای بەریتـانی ئەوەی نەبووە کە کەسێک بگرێ، چونکە بە تەما بووە یاسابەزێنی بکا. لەو بابەتەی منیش خەریکیمە، بۆم دەرکەوت کە لە ١٩٨٠ و ١٩٩٠کاندا، پۆلیسی بەریتانیا پتر خـەریکی خـۆ سـازدان بوو بۆ بەرنگاربوونەوەی تیـرۆریزمی ئایرش Irish terrorism پتر لەوەی خۆی بە کیشەکانی ئیسلامییەکانەوە سەرقاڵ بکات. چاودێری چالاکیی جیهادییەکان خرایە ئەستۆی لقی تایبەت Special Brach و ٥ MI بۆ ئەوەی بە پێی پێویست لەگەڵیاندا بجوولێنەوە.

بەڵام وا پێ دەچوو کـە بەریتـانییـەکان سـەریان سـوڕمابێ لە نێـوان ئەو ڕێبازە کۆنـەی کە پۆلیس لەوەتی هـەیە هـەیبوو؛ ئەویش بریتی بوو لە گرتنی ئەو کەسـانەی کە گومـانی یاسـا بەزاندنیـان لێ دەکرا، بەر لەوەی یاسـایەکە بە کردەوە ببـەزێنن، یان هـەر چاودێرییـان بکەن بۆ ئەوەی بزانن پیلانەکانیان بۆ کوێیـان دەبا. ئەوانەی کە کارەکەی بەریتانییـەکانیان بە باش نەدەزانی ئەوانیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە بەرانـبـەر بە پیـلانگێـڕەکـان زۆر نەرمن، ڕێگەشـیـان دەدەن کـە لە بەرتانیـادا پیلانەکانیان ڕێک بخـەن، پاشان بچن پەلامارەکانیـان لە هـەندەران لە دژی وڵاتانی تر جێبـەجێ بکەن. (فـەڕەنسـییـەکان زۆر نەدەوێران باس لەو بابەتە بکەن؛ چونکە ئەوان خـۆیان لـە ١٩٧٠کان و١٩٨٠کاندا هـەمـان تۆمـەتی نەرم کێشـانیـان دەخرا ئەسـتـۆوە.) لە بەریتـانیا، ئەو دەسەڵاتە باڵایەی یاسـا هـەیبوو مرۆڤی پێ دەپارێزرا. جـا یان لـەبەر ئەوە بوو کـە کـۆمـەڵێک ڕێنـوێنیی یاسـایی هـەبوون کـە چالاکیـیـە جیـاوازەکـانی مـرۆڤیـان یاسـاغ نەدەکرد، یان وەک ئەو کێشـەیەی کە پێوەندیی بە سنوورداشکردنەوە هـەبێت، لێرە یاسـای گشـتی the common law کرداری زۆر و زۆر ئاڵۆزی دەخـسـتـە بەر دادگـەکـان تا دەتوانن کـەسـێک سنوورداش بکەن، ئەو کردارانە زۆر جـار چەنـدەها سـاڵی دەخـایاند تا جـێبـەجێ دەبوو(٢٤). بەیانیـیـەکی بەهاری ٢٠٠١ چوومـە مـزگـەوتەکەی فنسبـێری پارک بۆ ئەوەی دیمانەیەک دەگەڵ ئەبوحـەمـزە دا بکـەم. وایان لێ کـردم مـاوەیەکی زۆر چـاوەڕوانی بکـەم. منیش

هەستـام کاتەکەم بە سـەیرکردنی ئەو بۆکسـە دارانە بەسـەر برد کە بـۆ بۆزنیا و چێچنیا و فەلەستین و گەلێک شوێنی تر تەرخان کرابوون کە لە کن موسڵمانەکان بایەخیان هەبوو. لەگەڵ کوڕە گەنجێک دەستم بە قسە کرد، قسەکانی وەک هەموو ئەو شتانەی لەو مزگەوتەدا بوون سەرنجی ڕاکێشام. پێ دەچوو کوڕەکە ون بووبێ، غەریبی ماڵەوەی هەستابێ، بۆیە شەیدای قسەکردن بوو. چەند مانگێک بەر لەو کات لە شاری قەسەنتینەی ڕۆژهەڵاتی جەزایرەوەڕا بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیسی و خوێندنی ئەندازە هاتبوو. ئەوەی بۆم ڕوون بووەوە ئەو کوڕە هیچ کام لەو دوو ئیشەی بە چاکی نەکرد بوو کە بۆیان هاتبوو. جا بۆ ئەوەی بتوانی دەردی دڵی خۆیم بۆ دەرکا، بە فەرەنسی دەگەڵی ئاخاوتم. گوتی باوکم گەراجێکی هەیە و ئەو پارەی تکیتی سەفەری بۆ دام.

من بیرم لەوە کردەوە بە ڕاستی ئەو کوڕە دەبێ بۆ هاتبێتە لەندەن. ڕەنگە خانەوادەکەی نەیویستبێ کوڕەکەیان لەم کاتەی شەڕی ناوەخۆی جەزایردا ببێتە سەرباز و ڕەوانی هەندەرانی کردووە. ئەو گەنجانەی دەهاتنە بەریتانیا کەمتر پرسیاریان لێ دەکرا لەوەی کە لە فەرەنسا دەیانکرد، زۆربەی پرسیارەکانیش پێوەندیی بە بەڵگەنامەکانەوە هەبوو بۆ ئەوەی بزانن ڕاستن یان ساختەنە. ئەوانەش کە لە وەڵامەکانیان دەیانگوت کە بۆ ئینگلیسی فێربوون هاتوونە، ئیتر ئەوە بەس بوو، چیی تر پرسیاریان لێ نەدەکردن. چۆن پێی دەکرا لە بەریتانیا خۆی بژیێنێ؟ لەو میانی کە قسەمان دەکرد، من پرسیارم لە خۆم کرد ئایا ڕەوا بوو ئەو کوڕە گەنجە هێندە بە ئاسانی بکەوێتە بەردەستی ئەو پیاوە دڵڕەقە ناپاکانەوە بۆ ئەوەی بیگرن و ڕەوانی کامپەکانی ئەفغانستانی بکەن. بەڵام ئەگەر بزانی ئەو کەسانەی کە خەڵکیان بۆ جیهاد دەگرت هێندە زیرەک بوون کە کاروباری فنسبێری پارکیان بەڕێوە دەبرد، ئەو کات بێگومان دەشزانی کە دۆزینەوەی ئەو گەنجە سۆزدارانە لەلای ئەوان کارێکی ئاسان بوو. ئەوانەی بۆ جیهاد دەستنیشان دەکران ئامۆژگاری ئەوە دەکران کە لە ڕێگەی لەندەنەوەڕا بچنە پاکستان، چونکە لەوێ لێکۆڵینەوەی کەمتریان لەمەڕ سەفەر دەکرد لەوەی کە لە فەرەنسا و جەرمانستاندا دەکرا.

لە دوای ١١ی سێپتێمبەر بە ماوەیەکی کورت، برادەرێکم لە پاریس منی بە پەناهەندەیەکی جەزایری کە تەمەنی لە سییەکان بوو، ناساند. دە ساڵ پێشتر لە

فەرەنساوە هاتبوو بۆ بەریتانیا و لە ئەوێشەوەرا گەیشتبووە کامپێکی مەشقدانی جیهادییەکان لە ئەفغانستان. کابرا ناوی لە خۆی نابوو مالک. مالک ماوەیەک خەریکی جیهاد بووبوو، پاشان کە زانیبووی ئەوانە زۆر توندوتیژن و بەر لەوەی دەستی بە خوێن ببێ، پاشەکشەی کردبوو هاتبووەوە بۆ ناو مالّی خۆی. بێجگە لەوەی کە ئەو گۆڕانەی مالک باسی کرد کە بە سەریدا هاتبوو، جێی گومان بوو، هیچ هەولّیشی نەدابوو بۆ ئەوەی کە خۆی پێش بخات. سەربردەکەی هی ئەوەی نەبوو کە سەرنجی پیاو بۆ خۆی ڕانەکێشێ. چونکە لە گەڕەکێکی پاریس دەژیا کە زۆربەی موسلّمانەکانی تێدا جێگیر بووبوون. لە مالّەکەیان تەنیا باوکی نوێژی دەکرد. تا ئەو کاتەی کە شەڕی ئازادی کوێت لە ١٩٩١دا دەستی پێ کرد، ئیتر ئەویش لە حەژمەتی ئەوەی کە عێراقیان لە کوێت دەرکرد گەڕاوە بۆ ئیسلامەتی و دەستی بە نوێژ کرد. پاریس لە سەرەتادا زۆر کۆششی کرد کە نەکەوێتە ناو شەڕەکەوە، بەلاّم بۆی نەچووە سەر و ناچار تێوەگلا. شەڕە تازەکەی جەزایریش نیشانەی ئەوەیە کە ڕۆژئاوا (ڕقی لە ئیسلامە) بۆیە ئەویشی کردە کابرایەکی توندڕۆ.

پاشان کە دەستی بە سەردانی مزگەوتەکانی ناو پاریس کرد، تەبلیغییەکان کە زۆربەیان پاکستانی بوون، ئەویان هەلّبژارد. مالک گوتی: (ئەو تەبلیغییانە زۆر بەڕێز بوون، هەرگیز باسی جیهادیان نەدەکرد. تەنیا داوای ئاشتییان دەکرد و هانیان دەدا خەلّک نوێژ بکات. ناوە ناوەش بۆ چێشتێک بانگهێشتەیان دەکرد. پاشان پێشنیازیان دەکرد کە بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ نوێژیان دەگەلّدا بکەی. ئینجا قورئان بخوێنی. پاشان ئیشەکەیان کردە یەک حەفتە، ئینجا مانگێک یان دوو، لە کۆتاییشدا پێشنیازیان دەکرد ئەگەر بتوانی بفڕی بچی بۆ هیندستان یان بۆ پاکستان.) شوێنەکانی تریش کە ئەوانەی دەبوونە جیهادی بۆیان ڕەوان دەکرد ئیندۆنیزیا و تایلاند بوو. مالک وای زانی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی فەڕەنسا لە قازانجی دابوو؛ چونکە وای دەزانی کە پۆلیسی فەڕەنسی و جەزایری و تونسی و مەغریبی، دەستی لە هەموو مزگەوتەکاندا هەبوو، بۆیە سەفەرەکەی لە مانەوەی لەکن پەسند بوو.

یەکەم هەلّوەستەی لە لەندەن بوو. بەلاّم وەستانەکەی خۆی درێژ کردەوە بۆ ئەوەی ئینگلیسی فێربێ، هەروەها چونکە بەریتانیا لەگەلّ پەناهەندەکاندا زۆر

خۆش مەعشەریش بوو. ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوتە بوو کە لە فەڕەنسا دەگەڵیدا کرا. بەریتانییەکان ئەوەندەی فەڕەنسییەکان پرسیاریان لێی نەکرد، بواری باشتریشیان بۆ پەناهەندە موسڵمانەکان ڕێک دەخست بۆ ئەوەی لەوێ باش گوزەر بکەن. مالک وەبیری هاتەوە و گێڕایەوە: (ئەوەی من لێرە توانیم بە سێ مانگ وە دەستی بێنم، ئەگەر لە پاریس بمابایە، پەنجا ساڵی تەمەنمی گەرەک بوو. شادمان بوو، چونکە خەڵکێکی زۆری جەزایری لەوێ دۆزیبووەوە و هەندێکیان بەبێ بەڵگەنامەی ڕاستیش، کاریان وە دەست کەوتبوو. پارەی باشیان دروست دەکرد. پۆشتە بوون. پارەیان بۆ خاووخێزەکانیان لە باکوری ئەفریقیادا دەناردەوە. زۆریش بەوە شادمان بوو کە دیتی ئافرەتێکی لاوی جەزایری لەوێ بووەتە پۆلیس. ئەو جۆرە شانازیکردنە بە ژنێک کە بووەتە پۆلیس، لە فەرهەنگی جیهادییە تەقلیدییەکاندا نەبوو، یان هەرنا باسیان نەدەکرد. بەڵام جیهاد لایەکی زۆری مێشکی گرتبوو، لەندەنیش باشترین شوێن بوو بۆ ئەوەی لەوێ بە دوای سۆزی خۆیدا بچێت.

مالک ساڵانی ١٩٩٢و ١٩٩٣ی وەبیر هاتەوە و گوتی: (دەچوویە مزگەوتی فنسبێری پارک، لەوێ ناوی خۆت لەلای (بان)دا دەنووسی، ڕۆژی پاشتر دەیاننارد‌ی) بۆ پاکستان یان بۆ هیندستان. بۆ کابرایەکی جەزایری تەنیا لەو وڵاتە، مزگەوت جێی دیدار بوو. لەوێش هەر لەبارەی جیهاد قسە دەکرا. هەندێ جاران جیهادییە دێرینەکانی کە لە دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان شەڕیان کردبوو، دەهاتن قسەیان بۆ خەڵکی دەکرد. مالک گێڕایەوە و گوتی: (لەوان ڕۆژان ئێمە بایەخمان نە بە کابول نە بە ئەفغانستان دەدا، بەڵام ئەفغانستان شوێنێکی باش بوو بۆ ئەوەی مەشقی تێدا بکەی) چونکە لە چاوەکانی وڵاتانی ئەوروپاییەوە دوور بوو. ئەوانەی هەڵدەبژاردران بۆ ئەوەی بچن، پێیان دەگوترا لە کابرایەکی ناو (س) و لە مزگەوتی (و) بپرسە و لە پاکستان یان لە ئەفغانستان لەگەڵ شێخێک پێکەوەیان دادەنان. شێخەکە پێڕۆیانی خێڵەکی پارێزەریان لێ دەکرد. تەنانەت بەر لەوەش کە ئوسامە لە سوودان بگەڕێتەوە، ئەو کامپە هەمووکات شەڕئەنگێزەکانی تێدا هەبوو، هەندێکیان لە لاچەپێکدا مەشقیان بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکەی کشمیر، یان بۆ ISI مەشقیان دەکرد، لەلایەکی تریشەوە پیرۆیانی ئەلقاعیدە ڕادەهێندران.

که سەربازە تازە گیراوەکان (موجەننەدەکان) مەشقیان تەواو دەبوو، زۆربەیان بۆ ئازەربایجان، چیچنیا، ئوزبەکستان، یان بۆ کشمیر ڕەوان دەکران. شەڕەکەی بۆزنیاش کە لە نیسانی ١٩٩٤دا، پاش ماوەیەکی کەم لە دەستپێکردنی شەڕەکەی جەزایر، بەرپا بوو، ئەویش جێیەک بوو کە ڤۆڵەنتیرەکانی بۆ دەنێردرا. ئەوانەش کە دەگەڕانەوە بۆ فەرەنسا، پێیان دەگوترا: (یان بڕۆوە بۆ جەزایر، ئەگەر نا بچۆ بۆ ناو شانەیەکی خەوتوو کە لە فەرەنسایە.) پاش ماوەیەک، پێویستییەکانی ناو مەیدان گۆڕا، بۆیە جەنگاوەرەکان بواری هەڵبژاردنیان کەمتر بە دەستەوە ما. لە سەرەتای ١٩٩٠کاندا، تالیبان بۆ ئەوە شەڕی دەکرد تا هەموو ئەفغانستان کۆنترۆڵ بکا، بۆیە ڤۆڵەنتیرە بیانییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی خوێندەوارییان کەمتر بوو، ڕەوانی پێشەوەی بەرەی شەڕ دەکران تا لە دژی ئەحمەد شا مەسعوودی سەرۆکی هاوپەیمانی باکور، بجەنگن.

سەردەمی ئاسوودەیی بەسەرچوو. حکوومەتە موسڵمان و ڕۆژئاواییەکان سەرنجی توندی ئەو کاروانە ڤۆڵەنتیرە یەک لە دوای یەکەیان دا کە دەچوونە ئەفغانستان، بۆ ئەوەی لە کامپەکانی مەشقکردن لەوێ، بەشداری ڕاهێنان بن. پاشان نمایندەکانی (بان) پتر تووشی گومان بوون. (ویستیان بزانن ئێمە کێین، بۆ ئەوەی نەکا یەکێکمان بۆ دەزگاکانی فەرەنسا یان بۆ وەرزش و میوزیک، کاری بکردایە.) کە لە ١٩٩٦دا، مالک بۆ بەشداریکردنی لە کۆرسێکی مەشقی سەرەتایی و تەقەمەنییەکان، گەیشتە ئەفغانستان، لە ترسی دەست تێوەردانی دژە تیرۆریزم و بە مەبەستی فریودانی سەتەلایتەکانی چاودێری ئەمەریکایی، کامپی ساختەی تەواو دروست کرابوو. کە ئوسامە هاتەوە، کامپەکان بوونە ئەرخەبیلێک کە زۆربەی ڕۆژهەلاَت و باشووری ئەفغانستانی بە کابولیشەوە، داپۆشی بوو.

کامل داودی ئەندامێکی ناو ئەلقاعیدە بوو، شارەزاییەکی باشی لەو هۆیانە هەبوو کە موسڵمانانی هان دەدا تا بچنە ڕیزی ئەلقاعیدە وە. کە کامل دەسگیر کرا، تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو. کامل هاوکارێکی جەمیل بەغل بوو. ئەمەیان سەرۆکی ئەو تیمە بوو کە ئوسامە خۆی ناردبووی بۆ ئەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە پاریس بتەقێننەوە. داودی وەختبوو لە سێپتێمبەری ٢٠٠١، لە فەرەنسا، دەستگیر بکرێ، بەلاَم لە دەگدەگ گەڕاوە و پاشان چووە لیستەر، کە شارێکی پێشەسازی کۆنە و کەوتووەتە ناوەڕاستی ئینگلستانەوە و لەوێش زوو وەشوێنی

کەوتن و دەستگیر کرا و بە پەلە بۆ فەرەنسا ناردراوە. ئەو هەموو کردارە خێرایە بە هۆی برووسک لێدانی ١١ی سێپتێمبەر بوو[٢٥]. داودی ئەندازیارێکی دەرچووی زانکۆ بوو. بۆ ماوەیەک کافێیەکی کۆمپیوتەری میری بەڕێوە دەبرد کە لە گەڕەکی ئاسێ – مۆ لە پاریس بوو. ئەو کابرایە لە ئیشەکەی زۆر شارەزا بوو، ئومێدی زۆر گەورەشی لە دڵدا هەبوو، بەڵام چونکە زۆر لە ئیشەکەی دوا دەکەوت، بەرپرسانی شارەکە لە کارەکەیان دەرکرد و پسپۆڕانی دژە تیرۆریش بە پێوەندییکردن لەگەڵ ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان، بە هۆی ئیمەیلەوە تاوانباریان کرد.

بێشک ئەلقاعیدە هەموو کات بایەخی بە گرتنی ئەو موسڵمانانە کردووە کە پەروەدەیەکی ڕۆژئاواییان هەیە. زۆر لە پێش ١١ی سێپتێمبەر، ئەم ڕێبازەی پەیڕەو کردووە. چەند ساڵێک پێشتر یەکێک لە یارمەتیدەرە نزیکەکانی ئوسامەی لە پێشاوەر پێی گوتم کە هەر لە کۆتاییی ١٩٨٠کاندا، کاتێ کە جیهادی ئەفغانی دەستی پێ کرد، ئێمە جەنگاوەرانی ئەمەریکاییمان دەگەڵدا هەبوو. هیچ زانیارییەکی لەبارەی ناسنامەکانیانی نەدرکاند. تەنانەت لە بەهاری ٢٠٠١یشدا ئەو ئەمەریکاییانەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان هاتوونەتە دنیا و لە ئەفغانستان مەشقی جیهادییان کرد، کە گەڕانەوە، گیران. ئەوانە لە چەند شوێنی جیاوازی دوور لە یەکەوە بوون؛ وەک سیاتل، نیویۆرک، (لاکروانا) کە لەسەر قەراخی دەریاچەی ئێرییە و پێشان کارخانەی ئاسنی لێ هەبوو. لە هەموو ئەوانە بە ناوبانگتریان محەمەد عەتا و ڕەمزی بن شیبە، بوون. ئەم دووە لە گەورە پیلانگێڕە عەرەبەکان بوون کە بەشداری پەلامارەکەی ١١ی سێپتێمبەریان کرد. پێشتریش هەردووکیان لە بەدەری هامبۆرگی ئەڵمانی ژیان، هەندێک لەوان قوتابی بوون[٢٦].

داودی یەکێک بوو لەو ژمارە کەمەی ئەندامانی ئەلقاعیدە کە سەربەخۆ خۆی ئاشکرا کرد کە ئیسلامییەکی جیهادییە و ئەو توندڕۆییەشی بوو وای لێ کرد بچێتە ئەفغانستان و کۆتاییەکەشی لە زیندان بێ. خۆی خۆی بە تیرۆریست ناوزەد کرد، بەڵام نکوڵی لەوەی کرد کە ئەندامێکی تۆڕەکەی بەغل بێت.

داودی لە شارێکی بچووکی ڕۆژهەڵاتی جەزایر کە ناوی سدیاتەیە هاتووەتە دنیاوە، بەڵام زۆربەی ژیانی خۆی لە پاریس لە ٢٢ی شەقامی لوهۆپیتال بەسەر بردووە. لەوێ شارەزای پاریس بوو. هەر لەو شارەی چووە (قوتابخانەی نەتەوە

یەکگرتووەکان) کـە قـوتابی زۆر لە وڵاتانی دنیـا لەوێ دەخوێـنن. خـۆی گـوتی کـە قـوتابییـەکی (زۆر زیرەک) بووە. زۆر جاران تاکە عەرەب بووە لە ناو پۆلەکە، بەڵام هەردەم بەرزترین پلەی وەرگرتووە. دوو ساڵ لە هەموو هاوپۆلەکانی خۆی گەنجتر بووە. هاوپۆلەکانی گاڵتەیان بە ناو و بە شەرمنییەکەی کردووە. خۆی هەستی بەوە کـردووە کـە ئـەوان ئیـرەییـیـان پێی بردووە، بەڵام هێـشـتـا هەر برادەرایەتی تەمبەڵترینی قۆتابییەکانی کردووە و یارمەتی لە وانەکانیان داون.

داودی زوو فـێـری زمـانـەکـانی لاتینی، یۆنانی، ئینگلیـسی، ئیـسـپـانی بووە و عـەرەبیش زمـانی خـۆی بوو. بەڵام لـە دوای پێنج سـاڵی کـە هاتنە پـاریس، پشـتی تێیـان کردووە. پلەی نایابی لە ماتماتیک و زانیاریدا هەبووە. ئەم پلانە یارمەتییان دا بۆ ئەوەی بچێ لە قوتابخانەی باڵا بخوێنێ. ئەم خوێندنە تەنیا باشترین قوتابی لە فـەڕەنسـا هەڵدەبـژێرێ. باوکی هـەمـوو کـات هـانی داوە بۆ ئەوەی لە وانەکـانی ئەوپەڕ بێت. ناوەناوەش بە بیـری دەهێناوە و پـێی دەگوت: (پـێـویسـتـە دوو هەندی ئەوانی تر بـخـوێنی؛ چونکە تۆ لێـرە بێگانەی.) کـە پلەی کـەمـیـشی وەردەگـرت، بە ڕاسـتـەیەک لێی دەدا. لە ئێـوارە و کۆتاییی حەفـتـەدا پێـویست بوو بـخـوێنێ. کـامل ڕوونی کردەوە کە مانای ناوەکەی بە عـەرەبی دەکاتە (پێرفێکت، واتا تەواو). کامل بە ڕاستی لە خوێندندا نموونەی سەرکەوتنی پەناهەندان بوو.

بۆ ئەوەی خۆی لە زیندە خـەون دوور بخاتەوە، ڕۆژانە دەچووە باخی پلانت Jardin des Plantes و لەوێ لە لێـواری ڕووباری سین Seine و لە بەرانـبـەری مـۆزەخـانەی مـێـژووی سـروشـتـی، لێی دادەنیـشت. جـیـهـانی تـایبـەتی خـۆی لـێ پێک هێنا، ئاواتەکانی خۆی لە پەیکەری ئێسقانی دایناسۆرەکانی ناو مۆزەخانەکە و گریناوز Greenhouseی ڕووەکـەکـانی دارسـتـانە مـەدارییـەکـانەوە دەبینی. لە قـۆناغی ئامادەییدا، فیلمەکانی ئیندیانا جۆونز کاری تێی کردبوو، بۆیە هەموو کات شەیدای پالیۆنتۆلۆجی (علم المتحجرات) paleontologyو ئەنترۆپۆلۆجی Anthropology بوو. لە دوا پلەی قـۆناغی ئامـادەیی پەیمانی بـە خـۆی دا کـە دەبێ سـوودی بۆ وڵاتـەکەی خـۆی، جـەزایر، هەبێت، بۆیە، بـەو ئومـێدەی یان ببـێتـە دوکتـۆر یا ئەندازیار یان فڕۆکەوان، دەسـتی بە زانست خوێندن کرد. چاوکزییـەکەی خۆی لە بیر نەبوو. لە کـۆتاییـدا لە زانکۆی پاریس وەرگـیـرا و دەسـتی بە خـوێندنی ئەندازە کـرد و لە

١٩٩٣دا پلەی ئەندازیاری وەرگرت.

لە دوای دەرچوونی پێوەندیی بە قوتابخانەیەکی نایابی ئەندازیاری کرد و دەستی بە دروست دانانی دیزاینێکی سادەی گێری نیشتنەوەی فڕۆکە تازەکەی فەڕەنسی کرد کە ناوی ڕافال Rafale بوو. ئەویش هەموو کات شانازی بە دیزاینەکەی خۆی دەکرد. پاشتر وازی لەو پرۆژەیەی هێنا و چوو یارمەتی برادەرێکی بدا کە خەریک بوو توێژینەوەیەکی لەبارەی شارستانیەتی ئیسلامی لە سەردەمی سوڵتانە عوسمانییەکاندا، دەنووسییەوە. لە ڕاستیدا داودی تا ئێستا وەک قوتابییەکی سەرکەوتوو هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام لێرە بە دواوە، وەک بڵێی مێشکی تێک چوو. لە کاتی ئیشکردنی باسی ڕووداوە سیاسیەکانی دەکرد و وەک خۆی باسی کرد؛ (قەیرانەکانی هەرزەکاری) نەیدەهێشت (بە هزرێکی ڕوونەوە بخوێنم.) پاشان نووسی: (من لە ساڵانی خوێندنم ئەو هەموو پاڵەپەستۆم لەسەر بوو، بەڵام هەموو ساڵێک هەر سەردەکەوتم، کەچی لە ناکاو گۆڕام، وام لێ هات بەرانبەر باوکم ڕادەوەستام.) ئەو یاخیبوونەی ناو خۆی بۆ ئەو توندی و تیژییە بردەوە کە لە١٩٨٨دا لە جەزایر دەقەوما. لەو کات لای خۆپێشاندەرە ئیسلامییەکانی گرت و لایەنی باوکی بەردا؛ چونکە باوکی پشتیوانی ڕژێمی دەکرد.

کاتێک کە منداڵ بوو، ناوی لە باوکی نابوو (گەشتیار) چونکە ساڵانە یەک جار بە هاوینان دەهاتە سەردانییان، پاشتر بەزەیی پێیدا دەهاتەوە؛ چونکە لە سوپای جەزایر، بووبووە ئەفسەر. بەڵام ئەوە حاڵی هەموو سەرجەم نەوەی یەکەمی کۆچبەرەکانی جەزایر بوو. خۆشییەکەی جارانی کامل نەما؛ چونکە باری بژێوییان وەک جاران نەما، بۆیە بە خۆی و دایکی و باوکی و سێ خوشک و براکانی، ناچار بوون پایتەخت بەجێ بێلن، بچن لە گەڕەکێکی ناخۆشدا بژین. (ئەوە بوو کە من لەوێ لە هۆی ئەو هەڵسوکەوتە خراپە گەیشتم کە لەگەڵ هەموو ئەوانەی وەک "خۆمانن" دەکرێ. مەرجیان لەسەر ئێمە داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر بمانەوێ ببینە هاوولاتییەکی لاوەکی باش، ئینجا، ئێمەی کەمینە، لە سەرمان پێویستە کە مووچەی زۆرینەی فەڕەنسییان بدەین.)

ئەو ڕستەیە بە شێوە زمانێکی گێرەشێوێن نووسراوەتەوە و ڕەنگەدانەوەیەکی

١٩٩٠كـان بوو، كـه ئابووری فـهڕهنسـا هـهڵاوسـا بوو، كـار نهبوو، زۆربـهی گـهنجـه موسـڵمـانهكان بێ كار بوون. باری سـیاسـی جـهزایریش نالهبار بوو. هێرشـهكهی ئهمـهریكاش كه عێراقی له ١٩٩١دا، له كوێت ڕاونا، لاوه مـوسـڵمـانهكانی له دژی ڕۆژئاوا به گڕ خستبوو. بهدیاركهوتنی (بان)یش له جـهزایر، لهو دهمهدا، بـارهكهی گهمتر كرد. پاشـتر كودهتایهكی سـهربازی كرا، ئینجا شـهڕ له بۆزنیا دهسـتی پێ كـرد و مـوسـڵـمـانهكـان ناچار بوون شـهڕی سـربه یاخـیـبـووهكـان و كـرواته هاپهیمـانهكانیـان بكهن. بهڵام داودی له ئۆكـتـۆبهری ١٩٩٥، بڕیاری خـۆی دا. لهو چهند ڕۆژهدا بـوو كه پۆلیـسی فـهڕهنسی، به دهسـتـێكی ڕهشـهوه خـالد قـالقـالی كـوشـت. قـالقـالی گـهنجـێك بوو له گـهڕهكی لیـۆدا دهژی. بـووبوو به جـیـهـادی، هـاریكـاری (گچ)ی دهكرد بۆ ئهوهی هـهڵمـهته تیـرۆریسـتـیـیـهكـهی هـاوینی له دژی فـهڕهنسـا سـهربخـات. كوشـتنی قالقـالی قـهناعهتی به داودی هێنا كه (ڕۆژئاوا به ئاشكرا شهڕم لهگهڵ دهكا، بۆیه منیش له سهرم بوو بهرگری له خۆم بكهم.)

داودی له درێژهدا دهنووسێ: (ئینجا من ڕقم له فـهڕهنسـا و ولاّته یهكگرتووهكان و هـهمـوو ڕۆژئاوا هـهسـتـا.) چونكه داودی واكهوتبووه مـێشكی كه ڕۆژئاوا ڕقی له هـهموو عهرهب و موسڵمـانێك دهبێتهوه. پاشان دان بهوهدا دهنێ كه خۆی نهیویست تێكهڵی ناو كـۆمــهڵگهی فـهڕهنسی ببـێت. لهلای ئهو چیی تر گـرینگ نهبوو ئایا زینهدین زێدانی پاڵهوانی تۆپێن، یان (الشـاب خـالدي) گـهوره گـۆرانیـبـێـژ، كـه هـهردووكیان لهسـهر بنهمـای كولتووری فهڕهنسی پهروهرده بووینه، له هـهردوو بهری دهریای سـپی چیـان كـردووه. بهڵكو مكوڕ بوو لهسـهر ئهوهی وهك خـۆی گـوتی: (باشـتـرین نهوهی مـازنتـرین باپیـران)، ناوی ژمـارهیهك له كـهسـایهتیـیـهكـانی خـانهوادهكهی خـۆی هێنا، لهوانهی كه وهك پاڵهوانـانی نهتهوهیی به گـهوره سـهیری دهكردن؛ چونكه له سهدهی نۆزدهمـهوه تا مردن له دژی فهڕهنسییه كۆلۆنیالهكان، له جهزایر، خهباتیان كردووه.

داودی زۆر تووڕه بوو. تـووڕهبوونهكـهشی لهوه هـاتبـوو كـه حكوومـهتی فـرهنسی یارمـــهتی به ســـهر ڕژێمی جــهزایر دادهباراند و له دژی پێكهـێنانی حكومـــهتی ئیـسـلامی بوو و كـێشـهی فـهلهسـتین و گـهمـارۆی نهتهوه یهكگرتووهكـان لهسـهر منداڵانی عێراقێ و مـۆركردنی ڕێككهتنهكهی دایتن له كاتێكدا كه مـوسڵمـانهكانی بۆزنیا به هـاریكاری ڤۆڵهنتیركان خـهریک بوو دوژمنانیان قڕ دهكرد، ئهمـانه هـهموو

داودی تووڕەتر کرد. هەموو ئەو مەرامانە لە دڵی ئیسلامییەکاندا بوو. بۆیە ویستی چەندین هۆزانی سیاسی پەیدا بکات بۆ ئەوەی بەرپەرچی دوژمنانی پێ بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەستا دەستی بە خوێندنەوەی کتێبەکانی گەورە نووسەرە ئیسلامییە توندڕۆیەکانی سەدەی بیستەم، کرد. بەرهەمەکانی مولانا عەبدولا مودودی و سەید قوتب و حەسەن ئەلبەنای بە فەرەنسی یان بە ئینگلیسی خوێندنەوە، چونکە عەرەبییەکەی هێندە باش نەبوو بتوانێ لە مەبەستی دانەرەکان تێ بگا.

پاشان هەر زوو دەستی بە قسەی گەورە کرد، بەبێ بنجوبنەوانەکی لوجیکی یاسایی، ئەندێشە و کردەوەی تێکەڵ یەکتری دەکرد و بەرگری لە مافی موسڵمانانی ئەفغانستان و بۆزنیا و چیچنیا و کەنداو و کۆزۆڤۆ و لوبنان و جەزایر دەکرد. منیش دەڵێم، ئەگەر ڕۆژئاوا شەڕی بوزنیای ڕانەگرتبایە، موسڵمانانی تێدا قڕ دەبوو. ئەوان قوربانی زۆرتریان لە سرب و لە کرواتەکان هەبوو. لە۱۹۹۹شدا، ڕۆژئاوا شەڕی لە دژی سربە کریستیانەکان بەرپا کرد، تا موسڵمانەکانی کۆزۆڤۆ بپارێزێ. کەچی ئەو شەڕانەی لەو دوور وڵاتانەدا هەیە، (باوەڕی بەهێزتر کردم کە خوانەناسی atheism کاری لە کۆمەڵی جوو – کریستیانەکان Judeo-Christian کردووە و ڕق و قینی لە محەمەد لە ناویان دا پەروەردە کردووە.) کە شەڕە توندەکەی جەزایر بەسەرچوو، کامل لە هاوینی ۱۹۹٥دا، بۆ ماوەی چوار مانگ بە ناو جەزایردا سووڕایەوە. بیرۆکەی پێوەندیکردنی بە ئیسلامییەکانی جەنگەڵەکانەوە، لەلای گەلاڵە بوو. بەڵام چونکە وەرزش و میوزیک توانیبووی بگاتە ناو (گیا) و (بان)یش بۆیە ئەو بیرۆکەی چوونە ناویانی قبووڵ نەبوو. ئەو دڵ لە دڵدانەی کە لە جەزایر نیشانی دا، هەموو کات کامل هەیبووە و کاری لە هەموو ژیانی تاکە کەسی خۆی کردووە.

لە هنگاریا، داودی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، پێوەندیی بە ئافرەتێکی هنگاری کرد و هێنای. لە سەرەتادا وای زانی بوو کە پیاوە لەگەڵی هاتووەتە ناو یەک ژووری چاتی ئینتەرنێتەوە نەک ژنێک بێ. ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە بە ژنهێنان لە ژیانی ڕووی دا، زۆری نەخایاند. داودی دانی بەوە دانا کە شێوەی بیرکردنەوەی کە ڕەنگە ژنهێنان، (وە ئاگام بێنێتەوە و لەم ڕاڕاییەی هەمە، دەرم بێنێ.) بەڵام لەبری ئەودا، (هیچ خەونێکی بەدی نەهێنام) و بۆم بووە (داوێکی کۆمەڵایەتی.)

هەرچەندە ژنەکەی (زۆر خووی چاکی هەبوو،) بەڵام بە قسەی داودی، (ئەو سۆز و وریاییەی نەبوو) کە داودی لێی ڕەچاو دەکرد. ئەوەی ئەو دەیویست (هەموو لە ناو ئەو جەنگەڵ)ەدا هەبوو. بەم جۆرە گەورەترین لاپەڕەی چەمووشی بۆ خۆی کردەوە و چوو لە ئەفغانستان پێوەندیی بە کامپی مەشقی ئەلقاعیدە وە کرد و لەگەڵ ئەبوزوبەیدە دەستی بە پیلانگێڕان کرد تا دەست لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە پاریس بوەشێنێ. داودی دەنووسێ: (پێویست بوو لە سەرم بچمە ئەفغانستان کە وڵاتێکی ئەفسوناوییە و خۆشترین شوێنە من دیتبم، دەبوو لەوێ لە دوو لایەنی ئاینی و سەربازییەوە مەشق بکەم.) بۆیە ئاوا باسی ئەفغانستان دەکات؛ چونکە بە بۆچوونی ئەو وڵاتێکی ئیسلامی پێرفێکتە. گوتیشی ئەفغانستان سەلماندی کە دەشێ ئیسلام بە سەر ڕۆژئاوادا سەرکەوێ.

لە نووسینەکەی خۆیدا ئەو کاریگەرییە کەسایەتی و ئاینی و سیاسییانە کورت دەکاتەوە کە کاریان تێ کردووە و وەک میلۆدرامایەک باسیان دەکا و دەنووسێ: (لەبەر ئەو هەموو هۆ و ڕووداوانە بوو کە من چووم پێوەندیم بە هێزەکانی تاریکییەوە کرد.) بە خۆی دەیزانی کە ئەم هێڵەی لە شەڕی ئەستێران Star Warsی وەرگرتووە تا نووسینەکەی کاریگەرتر بێت. بەڵام لە چەند لایەنی ترەوە ڕەنگە نووسینەکەی بە تەواوەتی هەستێکی ڕاستی خۆی دەرببڕێ. هەستی وابوو کە دوو ڕێی لەبەردا هەبوون بۆ ئەوەی خۆی (بخاتە ناو گێژەنی دڵتەنگییەوە)، یان وەک ئەو شەش مانگە بێ کە لە کۆتاییی ساڵی دووەمی خوێندنەکەی لە زانکۆدا توشی هات، یان (ناچار دەبوو هاوبەشی خەباتی سەرتاسەری جیهانی لە دژی ئەو ڕێبازە بۆگەنەدا بکا کە گاڵتەی بە هەموو دنیا دێت) و لە ڕۆژئاوا دا بەرچاوی کەوت. لە بواری پێداچوونەوە بە ژیانی خۆی، نووسی: (هەموو شتێک لە بەرچاوم ڕوون و ئاشکرایە، تێ گەیشتم بۆ ئیبراهیم بۆ مەنفا چوو، بۆ مووسا لە فیرعەون یاخی بوو، بۆ عیسا زللەی پێ کەوت، بۆچیش محەمەد گوتی "من شمشیرێکم لەگەڵ خۆمدا هێناوە. شەڕی من لە ڕابردوو چۆن بوو، لە داهاتووشدا هەر وا بۆ لەناوبردنی هەموو ئەوانە دەبێ کە بەرهەڵستی یاسای خودا دەکەن.") دەشنووسێ کە ئەو یاسایانەی مرۆڤ دایان دەنێ هیچ بەهایەکیان نییە، تەنیا شەریعەت ئەو بەهایەی هەیە و دەشنووسێ: (ئەم شەڕە پیرۆزە هەرگیز ناوەستێ تاکو یاسای خوا دووبارە دەسەپێتەوە و خەلیفەیەکی عادل و ئەمین دێ بۆ ئەوەی پیادەی بکا) و ببێتە

سـەرۆکی دەوڵەتێکی ئیسـلامـی. لە نووسـینەکەی بەردەوام دەبێ و دەخـوازێ کـە ئەو خەلیفەیە وەک تووتی پەیڕەوی بیروبۆچوونێکی جیهادی نەگۆڕ بکا.

لە کۆتاییی نووسـینەکەیدا هاتووە: (پابەندبوونی ئایدیۆلۆجیم هەتا سـەرە، پاداشتی ئەو شـەڕە شکۆمـەندە دژوارەش ئەوەیە کـە ناوم لێ بنێن تیـرۆریست. مـن ئەو ناوەی تیـرۆریسـتم پێ پەسندە ئەگەر واتای ئەوە ببەخشێ کە من سیسـتـەمی دەسـەڵاتێکی ستەمکار و گەندەڵ دەتۆقێنم.) واتا ئەو لە ڕاسـتیدا دانی بەوە دانا کە تیرۆریست بوو، بەو شێوەیەش دادگە ئیدانەی کرد. داودی خۆی دەکاتە پاڵەوان، بۆیە وا دەردەبڕێ کە ئەو هـەرگـیــز (بێ تاوانانی نەتۆقـانـدووە.) دەشنووسێ: (بەڵام من لـە داهاتوودا بە مکوڕییەوە لـە هەموو ستـەمێک و لە دژی ئەوانەش دەجەنگم کە پشتیوانی ستەمکاری دەکەن.) پێشـبینی لە ژیانی خـۆی دەکا و دەنووسێ: (خەباتی من یـان لەگەڵ مـردنم دەبڕێتەوە یان لە کۆتاییدا شێت دەبم.)

سـەدان، بگرە هەزاران لاوی مـوسـڵـمـان، کـە گـەلێکیـان وەک ئەم داودییـەش ڕۆشنبـیر بوون، ژیـانێکی پڕ ئاسـوودە چاوەڕێی دەکـردن، کەچی بەو ڕێگەیەدا بۆ ئەفــغــانســتــان و لەوێش دوورتر چوون. ئەگــەر مــحــەمــەد عــەتا و برادەرە هامبۆرگییەکەی کە بوونە سەرەڕمی پەلامـارەکەی ١١ی سێپتێمبەر، دەگەڵ داودی بەراورد بکەین، بێگومـان ئەوان لەمـە ڕووناکـبیرتر بوون و لە بواری زانسـتیشـدا پتریان خوێندبوو. باشتریشیان لە ئیسلام دەزانی و لە بنەماڵەی ڕەهاتر لە هیی داودی پەروەردە بـووبوون. ئەوەی بە ڕاسـتی داودی لەوان جـودا کـردەوە ئـەوە بوو توانای نـووسـینی هـەبـوو. بەو نووسـینەی تۆڵەی لە سـەرنەکـەوتنەکـەی کـردەوە و تـەنیــاییـی زیندانیــشـی پێ کــوشت بەر لـەوەی کــاتـی دادگــاییکردنی بێت. پیلانگێڕەکانی هامبـۆرگ لەناوچوون بێ ئەوەی بتوانن باسـی هیچ شـتێکی خـۆیان بکەن.

# فلووس

ســەرەتای ئاشنابوونم بە عــەرەب و پارە بە هـۆی چیـرۆکـێکەوە بوو پەیامنێـرێک لەمێژە گێڕابوویەوە، لەوەوەڕا عەرەبەکانی کەنداوم ناسی؛ زانیم کە نەفت بوونیانی گـۆڕی. بە پێی چیـرۆکـەکە بەریتـانییـەکـان تازە هەسـتیـان کـردبوو ناچارن کـە فەرمانڕەوایەکی ئۆتۆکراتی یەکێک لەو میرنشینانە بگۆڕن کە پێیان دەگوترا ولاتە ئاگربەسـتـەکـیـەکـان Trucial States. ئەوانە بۆیە ئەو ناوەیان لێ نرابوو، چونکە حکوومـەتـەکـەی شکۆخـان Her Majesty لە نـاوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەمـیندا ئاگربەستێکی، بەمەبەستی پاراستنیان، بە سەر ئەو شێخنشینانەدا سەپاند بوو کە کەوتبوونە سەر پارچەیەکی کەناری کەنداوی فارسییەوە. ئەو پارچەیە ناوی کەناری دزەکانی دەریا Pirate Coast بوو. هەر چەندە نێراوی سیاسی بەریتانی هەوڵی دەگەڵ شێخی ئەبوزەبی، شێخ شەخبوت بن زاید ئال نیهەییان دا بۆ ئەوەی سـامـان و دارایی خـۆی بخـاتە بانکەوە تا بۆی بە ئیش بکەوێ، شێخ بە قسـەی نەکـرد. ســەیر ئەوە بـوو ئەو هەمــوو پارە زۆرەی کـە لە داهـاتی نەوتی بـۆ دەهات، هەمووی دەخستە نێو تەنەکەی شیرنەمەنییەوە و لە شوێنی بێ سوودی دەوروبەری قەڵاتەکەی لە ئەبوزەبی، دەیشاردەوە. هەندێکی دەخستە ناو قەدی ئەو دۆشەکانەی کە لە سەریان دەنووست.

چیرۆکنووسەکە وەبیری هاتەوە کە نەفتی میرنشینەکان لە ١٩٦٠کانەوە دەستی بە هەڵقوڵان کرد. بەریتانییەکان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە ئەو هەموو سامانەی لە ناکاوڕا بە سەر ئەو خەڵکە داباری، پێویستە وەبەرهەم بێت، قوتابخانە و ڕێگە و بیمارستان دروست بکرێن، بۆ ئەوەی شێوەی ژیانی ئەو خەڵکە لەو ولاتەی کە ناویان کردە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی بەرەو باشی بگۆڕێ. شەخبوتی کـەللەڕەق قـایل نەبوو، چونکە دەیویست هەر بـە مـرواری گـرتن و پولی پۆسـتـە فـرۆشتنەوە خـەریک بێ. بیستبـووی کوێت و بەحرێن و تەنانەت عـەرەبستـانی سـعوودیش خـەریکبوون گـەشـەیان دەکرد، بەڵام ئەو بـە هیچ لەمـانە ڕازی نەبوو.

بەریتانییەکان بە گاڵتە بە ناو خەڵکییاندا بڵاو کردەوە کە مشک هەموو پول و پارەی شێخ شەخبوتیان قرتاندووە و ناچاربوون لە ١٩٦٦دا، برایە نەرمڕۆیەکەی لە شوێنی ئەو دابنێن. پاش پێنج ساڵ بەریتانیا کۆنترۆڵی کەنداوی لە دەست نەما. بەریتانیا سی ساڵ بوو کەنداوی داگیر کردبوو، لەو سی ساڵەدا سێ شەڕی گەورەی کرد بوو. بەڵام کە من ئەو کاتەی گوێم لە چیرۆکەکەی شێخ شەخبوت بوو، هێشتا تامێکی هەر مابوو.

لە دە ساڵ کەمتر لە دوای ئەوە، برادەرێکی فەڕەنسی کە بۆ بانکێکی ئەمەریکایی لە جنێڤ کار دەکات، هەر بە هەوەس بۆی گێڕامەوە کە زۆر جار عەرەبەکانی کەنداو جانتایەکی پڕ لە دۆلاری زل، بێ هیچ ئاگەدارکردنەوەیەکی پێشینە، بۆ بانک دێنن[1]. برادەرەکەم گوتی ئەو ئینگلیسییەی کەستمەرەکانم قسەیان پێی دەکرد، پێرفێکت نەبوو. بەڵام نیازیان دیار بوو، دەمانزانی بۆ دەهاتن. دەیانویست پارەکەیان لە شوێنێکی ئارامی دوور لە وڵاتەکەی خۆیان بخرێتە کارەوە و وایان دەزانی بانکێکی ئەمەریکایی کە لقەکەی لە سویسرایە و سویسراش لە هەموو دایکانی دنیا نهێنییەکان پتر و باشتر دەشارێتەوە، بۆیە بە بۆچوونی ئەوان، ئەوێ باشترین شوێن بوو بۆ ئەوەی هەموو نیازەکانیان بێتە دی. لە زیانەکەی شێخ شەخبوت پەندیان وەرگرتبوو. زۆری نەبرد کە عەرەبەکان تێ گەیشتن ئەو فلووس Floos وەبەرهەمهێنانە چەند سوودی هەبوو. ئێستا ئەوەم بە بیر نییە ئایا برادەرەکەم گوتی ئەو عەرەبانەی دەهاتنە ئەوێ سعوودی بوون یان نا.

خۆ ئەگەر سعوودیش بووبن، سەیر نییە، چونکە ئەوان لە زیرەکایەتی خۆیان لە ١٩٥٠ یەکەم بانکیان لەو شانشینە، بە ناوی بانکی بازرگانی نیشتمانی، کردەوە. (لە وڵاتەکانی تری کەنداو تەنیا بانکە بەریتانییەکان لە مەیدانێدا بوون.) لەو کاتیدا، عەرەبەکانی کەنداو هەر ڕاوێژکارییەکی داراییان بویستبایە، برا عەرەبەکانیان بۆیان ئامادە بوون. ئەو کەسانەی سەر بە (إخوان المسلمين) بوون، لە مسر و لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەرهەڵستی حکوومەتەکانی خۆیانیان دەکرد، ناچار دەبوون لە وڵاتەکانیان دەرچنە دەرەوە؛ جا فەرمانداره پارێزگارەکانی کەنداویش باوەشیان بۆیان دەکردەوە و ئەوانیش خۆیان دەخزاندە ناو دەزگا بانکییەکانەوە و لە جاران سەرکەوتووانەتر بۆی تێ هەڵدەچوونەوە.

زۆربەی بانکە ئیسلامییەکان بە یارمەتی ئیخوانەکان دروست کران. لە ١٩٧٠کاندا، بۆ ئەوەی خۆیان لە (ربا) بپارێزن و بەپێی شەریعەت پارەکانیان بە ئیش بێخن، شازادەکانی سعوودی یان گەورە دەوڵەمەندەکان، ئەو بانکە ئیسلامییانەیان دامەزراند. ئەو داراییەش بە هۆی چوار جار بەرزبوونەوەی نرخی نەفت لە ساڵەکانی ١٩٧٠کانەوە هات. دۆلاری پێترۆل، کەنداوی بە بنە خۆی گرت. بانکە ئیسلامییەکانیش هیچی نەدەکرد هەر ئەو پارەیەی دەسووڕاندەوە کە لە نەوتەوە دەهات. ئەو هەموو پارەیە دەهاتە ناوەوە بێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێ، یان بە شێوەیەکی باش یاسایەکی بۆ هەڵسوکەوت پێکردنی بۆ ڕێک بخرێ. ئیخوانەکان دەیانویست ئەو بانکانە بۆ دوو مەبەست بەکار بێنن؛ یەکەمیان تۆڵە لە سەرکوتکارەکانیان پێی بکەنەوە، دووەمیش بۆ پتر کاریگەرکردنی ڕێبازەکەی خۆیان بەکاری بێنن(٢). ئەو جۆرە بانکانەی ئیخوانەکان زوو بەزوو بەسەرتاسەری جیهاندا بڵاو بووەوە. هەر لە بەهامازەوە بۆ دوورگەکانی چانەل و لێوگەنۆوە لە هەموو شوێنێک پەیدا بوون. لیوگەنۆ ناوەندی دارایی سویسرییە؛ زۆر لە میلانەوە نزیک دامەزراوە، چونکە بۆ دەوڵەمەندەکانی ئیتاڵیایی و ئەوانەی تریش دامەزراوە کە نایانەوێ کارمەندی دەزگای باج بیدۆزێتەوە. ناوە ناوە لە ١٩٨٠کاندا، بانکە ئیسلامییەکان دەکەوتنە بەر پشکنینێکی ورد و خێرا بۆ ئەوەی نەتوانن لە ساڵی گرانییە گەورەکەی، یارمەتی بازاڕی دانەوێڵەی سوودان بدەن کەچی بۆ مسر هەر وێریان دەکرد.

لە زووەوە ڕۆژئاوا بەرانبەر ئەو بانکە ئیسلامییانە هیچ سۆزی نەبوو(٣). بێگومان کارمەندە ئەمەریکایی و ڕۆژئاواییەکانی تریش پەیتا پەیتا لە کاری ئەو بانکانە کەوتنە گومانەوە، بەڵام تا ناوەڕاستی ١٩٩٠کان، بە ڕاستی لە ڕۆڵیان لە پشتیوانیکردنی جیهادییە ڕادیکاڵەکان تێ نەگەیشتن. ماوەیەکی زۆر بوو ئەو بانکە ئیسلامییانە وەک چالاکییەکی تایبەتی جیهانی عەرەبی دەناسرا. تا بانکەوان bankerـە ڕۆژئاواییەکان، لە کۆتاییدا، هەستان دەرگەی وەبەرهەمهێنانی بە خۆڕاییان کردەوە و بنەما سەرەکییەکانی بانک - کاری banking ئیسلامییان لە کارەکانیاندا پەیڕە و کرد. لەوەوە دەرکەوت کە عەرەبە دەوڵەمەندەکانی کەنداو شەیدای پارەی کاش بوون؛ ئەو گەشەکردنە لە ناکاوڕایەی بۆیان هات وای لێ کردن کاشیان پتر خۆش بوێ. بە زۆری پارەی گەورەیان لە گیرفانیان یان لە ناو

چەکمەجەی مێزەکانیاندا دەهێشتەوە. خۆ شەخبوت بە تەنێ نەبوو[٤].

من لە جیهانی سێیەم فێر بووم بانکنۆتەکان banknotes، بە تایبەتیش ١٠٠ دۆلارییەکان، بە خاوێنی ڕابگرم، چیی تر وەک جاران چوار دەقی نەکەم نەیخەمە ناو قایشی پشتێمەوە و هەر بانکنۆتێکیش کەمێکی دڕابێ، یان نووسینەکەی باش دیار نەبێ وەری نەگرم، چونکە زۆر لەگێن بوو لە کاتی تاووتووtransactionی پێویست لێت وەرنەگرن. من ڕێزم لە خودانەکانی ئەو نەریتە کۆنە ناوەخۆییانە دەگرت کە لەسەر شێوەی شارەزایانی دارایی عەرەبی کەنداوەوە دەهاتن بۆ ئەوەی لە شاری لەندەن و وۆڵ ستریت فێری ڕێساکانی پارەداری ببن. من لەبەر ئەوەش کارەکانیانم پەسند دەکرد، چونکە خۆم لە وڵاتێکدا هاتوچۆم دەکرد کە هەموو کارێکی بازرگانی تەنیا بە کاش ئەنجام دەدرا و زۆر جاران دەودەوانێی لێ پەیدا دەبوو. من هەرگیز نەمزانیوە کەی پارەی کاشم پێویست دەبێ بۆ ئەوەی بیدەمە ڕانەندەی تاکسی تا بمگەیەنێتە سەر سنوور یان بیدەمە کارە هەنووکەییەکانی ترەوە کە هەموو کات تووشی پەیامنێرێکی وەک خۆم ئاسا دەبێ. دۆلار لە سەردەمی ئەو پشتەی من وەک لیرەی زێڕی پێشان وابوو، بۆیە گەورە پەیامنێری نیویۆرک تایمز، سایروس سولزبێرگەر، کە لە ١٩٣٠یەکان بە ناو وڵاتانی بەلقاندا دەسووڕایەوە هەردەم هەندێک دۆلاری لەکنە خۆیدا دەهێشتەوە. ئەوەش بۆ ئەوەی بوو، وەک خۆی پێی گوتم؛ تا هەر کاتێک کە ئۆتۆمۆبێلەکەت لە ناو قوڕدا چەقی، هەندێ لە بازوو ئەستوورەکان بێن بۆتی پاڵدەن و لە قوڕەکەی دەربێنن[٥]. ئێستا کرێدت کارد و ئامێری ئەی تی ئێم ATM لە زۆربەی ئەو شوێنانەدا پەیدا بووە کە پێیاندا سەفەر دەکەم، بەڵام بەداخەوە، هەندێ لە پیاوخراپانی جیهانی سێیەم هێشتا هەر پارەکانیان لە قایشەکانی پشتیان لوول دەدەن.

بەڵام زۆربەی عەرەبەکان تا ئێستاش جزدانێکیان هەر بەخۆوە کردووە بۆ ئەوەی پارەکانیانی تێدا دەق بکەن. لە میانی جیهادی دژە سۆڤیەت هەموو کات گەنجەکانی سعوودیە دەهاتنە ئەفغانستان و هەر یەکێکیان جانتایەکی پڕ پارەی نوێ، کە هێشتا لە نایلۆنەکەی دەرنەهێدرا بوو، لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو سەرکردە موجاهیدەی دەهێنا کە خۆی خۆشی دەویست. ئەم جۆرە دۆلار نیشانی خەڵک دانە، دەسەڵاتی بۆ پارەدارەکان پەیدا کرد. هەرکە کەوتمە دوای ئەوەی بزانم

ئوسامە چۆن ئاوا لە هەموو لایەکەوە سوورِ بە پارە و پوولەکەی دەخوا، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە شوێن هەڵگرتنی سەرچاوەی دارایی ئوسامە ئەگەر مەحاڵ نەبێ، بێگومان زۆر ئەستەمە، چونکە نەریتی ئەو خەڵکە کاشبازییە، واتا هەموو هەڵسوکەوتی بازرگانی خۆیان بە پارەی نەقد دەکەن. لە ئاخیری بانکەوانێک تێی گەیاندم کە ئیشەکەی من وەک ئەوەیە (لە ناو جۆخینێک بۆ دەرزییەک بگەڕێم.)[٦]
لە میانی دادگاییکردنی ئەو چوار کەسەی کە بە تاوانی پەلامارەکەی ١٩٩٨ لە ڕۆژهەلاتی ئەفریقیادا، گوناحبار کران، یەکێک لە گەڤاهییە سەرەکییەکانی میری بە دادگەکەی گوت کە سێ ساڵ پێش لەو پەلامارە، ١٠٠٠٠٠ دۆلاری بە کاش بۆ هاوهزرە ئیسلامییەکانی خۆی برد کە لە مسر و ئوردن و ئێریتێریا و هەندێ شوێنی تردا دەژیان[٧]. گوتیشی کارمەندانی گومرگ لە فرۆکەخانەکان بە ئاسانی هبوودییان دەرخوارد دەدرا تا جانتایەکان نەکەنەوە.

کابرایەکی یەمەنی کە جاران هاوپەیمانی ئوسامەی بوو، نهێنییەکی بۆ درکاندم و گوتی لە ١٩٩٠دا چەند جاران چووەتە جیدە و لەوێ جانتای پڕ پارەی بۆ یەمەن هێناوە، بۆ ئەوەی لەوێ چەند پرۆژەیەکی ئیسلامی سەر بە بن لادن، ئەنجام بدەن. (لیستی ئەرکەکانی ساڵانی پاشتر تیرۆرکردنی پتر لە ١٠٠ سەرکردەی تازەی پارتی سۆشیالیستی دەگرتەوە؛ چونکە ئەوان، بە بۆچوونی ئوسامە و یاوەرانی، وەک هەموو سەرکردەکانی یەمەنی باکور کۆمیونیستی خوانەناس بوون، چونکە لەلای ئەوان گرینگ نەبوو کە حکوومەتە ستالینیستەکەی باشووری یەمەنی بە فەرمی لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەنییەکان لە ١٩٩٠وە نەمابوو.)[٨] ئەو کابرایەی کە باسی پارەی بۆ گێڕامەوە، گوتی کە هیچ نهێنییەکی بۆم نەدرکاندووە. کاش هەر کاش بوو، هەموو بزنسێکی (سەر بەڕ و بن بەڕ) هەر بە کاش دەکرا. سنووره فەرمییەکان تەنیا لەسەر نەخشەدا هەبوون ئەگەر نا لە ڕاستیدا تەنانەت نیشانیش نەکرابوون. بە زۆری ئەو خێڵەی کە لەوبەری سعوودیەدا هەنە لەمبەری لای یەمەنیش هەر هەمان تیرەی لێ دەژی (سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستانیش هەر بە هەمان شێوە لە هەردوو لای عێلی پشتۆنی تێدا نیشتەجێن، ئەمەش سنوورێکی تری دەستکردە کە ئوسامە لە سەرەتای ١٩٨٠کانەوەڕا بە بەردەوامی سنووربەزێنیان دەکا.)[٩] بە ڕاستی کارێکی ئاسان نییە سنوورێکی ١٨٠٠ میل درێژ دابخرێ و ڕێگەی چەک و

تەقـەمـەنی و فـرارەکـانـیشی بـگیرێ و نەهـێلن تێـیدا تەڕاتێن بکەن[١٠]. ئەگەر لە چوارچێـوەی جیـهـانی سـێـیەمـەوە سـەیری ئەو سنوورە بکەین، دەبینین کە ئەمە (خارێکە لە خرارێک).

مـرۆڤی ئـاسـایـی هیچ بـایەخـێک بەو سـنوورانـە نـادا؛ چونکە جگە لەو سـنوورە ڕەمـەکییـانە، زۆر لەو حکوومـەتانە میـوانان ناچار دەکـەن کە تەواوی ئەو پارەیەی لەکنیـان هـەیە کە دەگـەنە جێ هـەمـووی ئاشکرا بکەن، کە دەشـڕۆن دیسـان دەبێ، بەرلەوەی لە وڵاتەکـە دەرچنە دەرەوە، پێیان بڵـێن چەند پارەی کـاشـیـان لەلا مـاوە (باسی تراڤل چەکەکان Travelers Checks هەر ناکرێ.) ئەو پارە کاشانەش کە لە هۆتێلەکان و لە بانکەکاندا بە فـەرمی گۆڕدراوەتەوە ئەویش تۆمار دەکرێ، بانک و هۆتێلەکان کە بە فەرمی پارە دەگۆڕنەوە قـۆڵی میوانەکە دەبڕن، چونکە ئەو نرخـەی ئەوان دەیدەن زۆر لە هی بـازاڕ کـەمـترە. بە ڕاسـتی کـارمـەندانی کـۆچ و گـومـرگ، تەنیا بەیانەکانیان لە میوانە بیـانییەکان وەردەگرت بۆ ئەوەی لێی وردبنەوە (چونکە موسافیرە خۆماڵییەکان زۆر بە دەگمەن دەیانزانی چۆن لەگەڵ ئۆفیسـەکانی کۆچ و گومرگ تێکەولێکە بکەن)[١١].

هـەر کـە دەسـتم پـێ کـرد جیـهـانی سـێـیـەم دابـپۆشم، مـن خـۆم لەوە ڕاهـێنا کـە پژتێنی پـارە لە پشـتـێ بکـەم؛ چونکە وەک ڕۆژئاوایـیـیـەک، تایبـەتی تریش وەک ئەمـەریکاییـیەک، پێـشـبـینی ئەوەم دەکرد کـە هـەر جـار بـە چڕی بمپـشکێن. بەڵام نەریتی زۆر نـاڕێکیان هـەبوو، ئەویش ئەوە بوو کـە ناچـار دەکرای بەیرەکـانی خـۆت بەتاڵ بکەی، قـایشـەکەت لـە پشتێ بکـەیەوە و هـەرچی هـەتە و نیتە هـەمـووی بخـەیە بەرچاوانەوە (جـانـتـاکـانیشـیـان پـێ واڵا دەکردینەوە)، جێی داخـە ئەو نـەریتـانە تا ئێستاش لە جیهانی سێیەمدا هەر ماوە. هەرگیز پێشبینیت بۆ ناکرێ تا بزانی لە کوێ یان کەی دەتپشکنن. بۆیە ئەرکی قـایشـەکەی پارەی مـن هـەر ئەوە بوو کـە بە خـاوێنی و لە شـوێنێکی باش پارەکـەم بۆ هەڵبگرێ. ڕەنگە من بەخـتـم گـەورە بێ، چونکە تەنیـا تاقـە جـاریک تووش هـاتم، ئەویشـیـان هەڵـەی خـۆم بوو. لـە فـڕۆگـەی ئەتینا، لە بیرم چوو قـایشـەکەم لە پشتێ بکەم، ئەوە بوو خسـتبـوومە ناو جـانتـای دەستـمـەوە، کـاتێک کـارمـەندێکی گـومـرگ بینی. بەڵام کـارمـەندانـی ئاخـر زەمـانی هێڵی ئاسنـی نێـوان ئەرمـینیـا و ئازربایجـان، وەک نـەریتـێکی پاش سـەردەمی سۆڤیەتی پێشوو، هەموو کات قایشی پشتی ڕۆژئاواییەکانیان دەپشکنی، جاری

وا هەبوو كە دەیانڕفاند و ڕایان دەكرد.

لەو كاتەوەی كە ئوسامە بۆ یەكەم جار كەوتە سەر ڕاداری نمایندەكانی دەزگای موخـابەراتی ئەمـەریكایی و كـارمـەندانی یاسـا سـەپاندن law-enforcement و دیپلۆمـاتەكانەوە و وەكو سـەرچاوەی دارایی تیرۆریسـتـان، تێكەولێكەی لەگەڵدا كـرا، مـن ویسـتـم بـزانم بە ڕاسـتـی ئەوانە چـەند زانیـاریـیـان لەبارەی شـێـوەی ڕاپەڕاندنی كـاروباری دارایی ئەو پیـاوەوە، هـەیە. لە شـوباتـی ٢٠٠٠، لە دوای دیمانەیەكم دەگەڵ شـارەزای دژە تیـرۆریزم ئەمـەریكایی ڕیچـەرد ا. كـلارك، تێ گەیشتم كە زانیارییەكی زۆریان نییە كە بیرۆكراتێك بتوانێ سوودی لێ وەربگرێ. لە ژووری ٣٠٣ ی تەلاری ئۆڵد ئێكسكیـوتڤ ئۆفـیس Old Executive Office چاوم بە پسپۆڕەكە كەوت. ژوورەكە بە سەر مۆڵ Mallی دا دەڕۆنی، نەمزانی هۆی چ بوو لە ڕێگەی چوونە دەرەوەم لە تەلارەكە هەستم بە جۆرە ئاسوودەیییەك كرد. كلارك تێی گـەیاندم كـە هـەندێ زانیـاری هـەیە، بەلام بێگومـان هـی ئەوەی نەبوو كـە بۆم بیدركـێنێ. بەلام ئەو هەسـتـەی پێ بەخشـیم كە گـومـانێكی قـووڵ لـەم بارەیەوە لە ناخیدا هەیە و گومانەكەشی وەک ئەوەی من بوو (هەموو كۆمپیوتەرە تژ داتاكانی وڵاتە یەكگرتووەكان پێیان نەدەكرا ئەو گومانەمان نەهێلن)(١٢).

لە ڕاسـتیدا مـن سەرم سوڕنەما؛ چونكە كلاركم تاقی دەكردەوە، ئەگـەر نا سێ مـانگ بوو پەلامـارەكەی ٨ ی ئابی ١٩٩٨، لە ڕۆژهەلاتی ئەفریقیـادا كرابووە سـەر باڵیۆزخـانەكان، كاتێك برادەرێكم دیت كە پێوەندیی بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆریزم هەبوو، پێی گـوتم هەوڵەكەی ئـەوان بۆ دۆزینەوەی سـەرچاوەكانی دارایی ئوسـامـە (هەوڵێكە پیاو تووشی نائومێدی دەكات.) بۆ ئەوەش كە قسەكەی خۆی پشـتڕاسـت بكاتەوە، گـوتی: (ئوسـامـە پارەكـانی لە كوێ هەڵدەگـرێ، چۆن لە جێگەیەكەوە بۆ جێگەیەكی تریان دەبات، سەرچاوەكانی چییە، پارە دەداتە كێ... ئەوانە تا ئێسـتا هەمـوو هـەر لە تاریكی مـاونەتەوە. ئەنجـوومـەنی ئاسـایشی نەتەوەیی، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی دارایی، FBI و CIA هەمـوویان بە چڕی لەو بـابەتە دەكۆڵنەوە. بەلام تا ئێستا هەر هیچ نەچووینە پێشەوە و زانیاری باوەڕپێكراوی ئەوتۆشمان بە دەسـتـەوە نییـە كە بە وڵاتانی بیـانی بدەین تا هـاریكاریمان بكەن. (بەڵگە بۆیە بە دەست نەدەكەوت، چونكە ئوسامە پازدە سـاڵ بوو پارەی خۆی پاشـەكەوت دەكرد و وەبەرهـەمی دێنا).

ئەکاونتەکانی بانکی بە ناوی ئەوەوە نەبوون، بۆیە زۆر سەخت بوو بزانی چەندی هەیە(١٣). پاش چەند مانگێک هاورێیەکی دیپلۆماتم لە پاکستان هەر هەمان قسەکانی پێشتری بۆ دووپات کردمەوە و گوتی: (ئێمە تەنیا بیرۆکەیەکی لێڵمان) لەبارەی چۆنیەتی رێکخستنی پارەوپولی ئەلقاعیدە هەیە. بۆ ئەوەش کە نائومێدی ئەمەریکاییەکانم بۆ روون بکاتەوە، دیپلۆماتەکە، بە نموونە، باسی متمانەی رەشید Rashid Trustی بۆ کردم، کە دەزگایەکی چاکخوازی دارایی سعوودیە و یارمەتی مرۆیی لە ئەفغانستان و لە پاکستان دابەش کردووە. وائل جلالەدین، سعوودی بوو، لەمیانی کارکردنی لە رێکخراوی مانگی سووری سعوودی لە ١٩٨٠کاندا، لە دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان جیهادیشی کرد بوو. لەو کاتدا پێوەندییەکی باشیشی دەگەڵ ئوسامەدا پەیدا کردوو. هەرچەندە وائل جەلالەدین نکوڵی لەوە کرد کە لە ١٩٩٠کاندا متمانەی رەشیدی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکار هێنابێ، بەڵام هەر بووە جێی گومان. دیپلۆماتەکە گوتی: (ئێمە نەمانتوانی هیچ شتێک لە سەر وائل بزانین، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بەرێوەبەرکەیمان بینی، ئەویش کابرایەکی پاکستانی هەشتا ساڵان بوو هیچ سوودێکی نەبوو.) پاشتر کە زاندرا سەرۆک پەرڤێز موشەرەف، بە هۆی پۆستەکەیەوە، یەکێک بووە لە دەستەی بەرێوەبەری رەشید، بارەکە ئاڵۆزی کەوتێ. خوا دەزانی چەندها لاپەرەی بە درێژدادڕی هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی هەمووی پاشان بخوێندرێتەوە. ئەو هەموو کتێبانەی بە درێژایی ساڵان نووسرابوونەوە هەموی هاتنە گۆڕێ. پڕ زانیاری لەبارەی بانکەوانە ئیسلامیەکان و پێوەندییەکانیان بە تیرۆریزمی ئیسلامی وەک حزبوڵا و رێکخراوە فەلەستینییەکان لەوێ پارێزراو بوو. پسولەی ئاواش هەبوو، هەر لە جەزایرەوە تا دەگاتە چێچنیا و ناوەراستی ئاسیا، هەمووی تێدا هەبوو.

زۆر لەوانەی ناویان هاتبوو لە کەنداو بوون، بەتایبەتی لە عەرەبستانی سعوودی و لە دوبەی دەژیان. هەبوو چووبووە سویسرا و لەگەڵێ شوێنی تریشدا نیشتەجێ بووبوون. بە گشتی خۆیان و رێکخراوەکانیان بەوە گومانبار کران کە یارمەتی دارایی تیرۆریستە ئیسلامیەکانیان کردووە. بێگومان ئەلقاعیدە و هاوکارەکانی لەوانە بوون کە یارمەتی درا بوون، یارمەتیدانەکە هەندێ جار راستەوخۆ و هەندێ جاریش ناراستەوخۆ بووە و بە بەهای سەدان ملیۆن دۆلار خەملێندراوە. رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١، هەموو سەرنجێکی ئەمەریکای بۆ

عەرەبستانی سعوودیە برد، چونکە پازدە لە نۆزدە تیرۆریستەکانی تیمە خۆکوژەکە خەڵکی ئەوێ بوون. فۆکەسەکە هەر لە سەر سعوودیە مایەوە چونکە لە ١٢ ئایاری ٢٠٠٣دا، تیمێکی تری جیهادییانی سعوودی پەلاماری ریادی پایتەختیان دا، لەو هێرشە کوژییانەدا بیست و نۆ کەسی سعوودی و بیانی کوژران، نۆ کەسیان ئەمەریکایی بوون(١٤).

جگە لەو هەموو کۆمپانیا و بانکانەی کە لەو کارەدا ناویان هەبوو، بازرگانە دەوڵەمەندەکانی کەنداو، بزنسمانەکان، شازادەکان (هەندێ جاران هەر هەمان کەسەکان بوون) کە چاکەخوازیی ئیسلامییان بۆ ناردنی پارە بۆ جیهادییە توندڕۆیەکان، لەوانەش ئەلقاعیدە، بەکار هێنابوو. ئەم پارە بەخشینە بەوانە چەند هۆیەکی جیاوازی هەبوو، لەوانە؛ هەندێکیان بۆ پاراستنی پارەکانیان، هەندێک بە هۆی ئاینییەوە بوو کە دەیانویست بە پارە جیهادی ئیسلامی بکەن، هەندێک (هەر لەبەر گەشەکردنی ناوەخۆی وەهابیزمی بوو)، هەندێک لە ڕقی ئال سعود بوو، هەندێکشیان هەر بۆ دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا بوو. ئەم هەموو زانیارییە نوێیانە هیچیان نەبوونە جێی سەرسوڕمانی عەرەبەکان، چونکە بۆ خۆیان دەیانزانی کە هەموو داهاتەکەیان، نە بۆ ئەوە بوو شێرەی زێڕی پێ بکڕێ، نە لە کاسینۆیەکانی قوماری ڕۆژئاواشدا بدۆڕێ؛ بگرە بێجگە لەمانە، لایەنی تریشی هەبوو کە ڕەنگە تۆزێک نهێنی بووبێ ئاشکرا کرا. ئەویش ئەوە بوو کە ڕژێمی سعوودی دەفتەر چەکەکانی بانکی خۆی بۆ قایلکردنی ئەو لایەنانە کردبووەوە کە لە خۆی بەهێزتر بوون. ئەوانیش یان خوێنڕێژەکانی ڕژێمی عێراق بوون یان بیوروکراتەکانی واشنتن بوون کە سعوودیەیان ناچار دەکرد یان فڕۆکەی شەڕ و یانیش فڕۆکەکانی گواستنەوەی بۆینگ بکڕێ، هەرچەندە سعوودیەکان هێندە فڕۆکەوانیان نەبوو کە ئەو هەمووە فڕۆکانە بە ئیش بخەن(١٥). سعوودیەکان بە تەنیا ئەو عەرەبانەی کەنداو نەبوون کە نەیان دەتوانی بۆ هەڵبژاردەی دڵی خۆیان یان بۆ کڕینی پێویستییەکانی ژیان، بە ئازادی پارەکانیان خەرج دەکرد. دۆکیومێنتێک لە ١٩٩٥ لە ناو هاردرایڤی کۆنە کۆمپیوتەرێکی شکاو، لە مانیلای پایتەختی فلیپیندا دۆزرایەوە. دۆکیومێنتەکە بریتی بوو لە ڕەشنووسی نامەیەک، کە ئاراستەی پارەبەخشێکی عەرەبی دەوڵەمەند کرا بوو. وا پێ دەچوو کە یەکەم جار بابەتی پارە بەخشینی لە ناو مزگەوتدا لەگەڵ کرابووەوە، بۆیە بۆیان نووسی بوو: (لە خوا

بترسێ، کاک سدیقی، خۆ ڕۆژی قیامەت هەیە)[١٦].

بێگومـان هەندێ لەو خێرانەی کـە ئیسـلامەکـان دەیانکرد، بۆ تیرۆریسـتەکان دەچوو. ئاشکرایە کە هەندێک دەوڵەمەند دەچوون بە مەبەستی دڵیانەوە پارەیان بەو ڕێکخراوانە دەبەخشی کە دەیانزانی پارەکەیان دەگەیەننە ئوسامە، یانیش بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستە دیارەکانی دەنێرن. بەڵام ئەگەر لە ڕاستیدا بەخشندە هەر هەبووبن، دەبێ چەندیان بەخشی بێ و چەندیش لەو پارە بەخشراوەیە بە ڕاستی بە شـوێنی خـۆی گـەیشـتـبێ؟ عـەرەبەکـانی کـەنداو خـۆیان لـە وەڵامـدانەوەی پرسـیـارەکـان دزییـەوە ئەم کـارەشـیـان ئەوانی بە خـراپی خـسـتـە پێش چاوی لێکۆڵەرەوەکـان، بەڵام هێـشـتـا هەر ئـەوپەڕ دوودڵ بـوون و لەوە پتـریان ڕوون نەکـردەوە. زۆربەی ئـەو زانیـاریانەی بڵاو دەکـرانەوە بـە فـیـتـەی ئاژانسـەکـانی موخابەراتی ڕۆژئاوایی یان ئیسرائیلی بوو. مەبەستیشیان ئەوە بوو کە کار بکەنە سـەر زۆرترین ژمـارەی بیسـتـەران، بـەبێ ئەوەی بەڵگەی ڕاشکاو نیـشـان بدەن. قسەش تا ڕادەیەک وەردەگیرێ. هەرچەندە ئیسرائیل و دۆستەکانی چەند ساڵ بوو تێ دەکۆشـان بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکان ڕێگە نەدەنە ڕێکخراوە چاکـخوازە ئیـسـلامـیـیـەکـان تا لـە خـاکی وڵاتە یەکگرتووەکـانەوەڕا یارمـەتی ڕێکخـراوە فـەلەستـینیـیـەکانی وەکـو جـیـهـادی ئیـسلامی و حـەمـاس بدەن، بەڵام تا ٩/١١ حکوومـەتی ئەمـەریکا هیچ هەنگاوێکی لە دژیان نەهاوێشت، چونکە لەلایەکـەوە ئاشکرا بوو کە هـەندێ لە پارەکە بۆ یارمەتییە مرۆییـیە ڕاسـتـەقینەکان دەچوو، لەلایەکی تریشـەوە نە ئەمـەریکاییـیـەکان خـۆیان نە بەرژەوەندییـەکـانی ئەمـەریکا پەلاریان تێ نەگیرابوو.

هەندێ جـار بە هـۆی ئەوەی کــە قــســەکــان لـە بنـەڕەتدا ڕاست نـەبوون بـۆیە گـومـانیـان هەر لێ دەکرا. بۆ نموونە، وەزارەتی دەرەوە گـوتی لـە ١٩٩٩دا، بەشی ئوسامە لە میراتی باوکی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بوو (ئەو ژمارەیە زۆر لە خۆی گەورەتر کرابوو)[١٧]. لەو کات ئەوانەی بە ژیرانە سـامـانی ئوسـامـەیان خـەمـلاند، لە نێوان ٢٥ ملیۆن بۆ ٣٠ ملیۆن دۆلاریان دانا[١٨].

ئەو گـرفـتـەی کە کـلارک و هەندێ کـارمـەندی تر بە شـێـوەیەکی ناڕاسـتـەوخـۆ جەختیان کردەوە، ئەوە بوو کە هەرگیز ناکرێ لەو زانیارییانە دڵنیا ببی. چونکە بە

پێی یاسا لە وڵاتە یەکگرتووەکان کەس نەیدەتوانی بەر لە ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١، ئەم ڕاستیانە ئاشکرا بکا. بەڵام زۆر جاران نیشانەی ترسناک بە دیار دەکەوتن، وەک ئەوەی لە ١٩٩٧دا، کە هاووڵاتیی سعوودی و گەورە بەرپرسی داراییی ئەلقاعیدە، مەدەنی (التایب) کە بە (ابوفضل المكي) ناسرا بوو، تووشی کێشەیەکی گەورەی دەروونی هات و لە ڕێکخراوەکە هەڵگەڕاوە. (التایب) لە شەڕی ئەفغانستان قاچێکی بڕابووەوە و دەگوتراش کە ژنەکەی خزمێکی بن لادن بوو. لە ١٩٩٥ و دیسان لە ١٩٩٦یش دوو جاران هاتە لەندەن، لەوێ لەگەڵ ئیسلامییە توندڕۆیە یاخیبووە سعوودیەکان، باسی ئەوەی کردبوو کە گومانی لە ئەلقاعیدە هەبووە. برادەرێکی سعوودی پێی گوتم کە (التایب) ویستوویەتی فێری ئینگلیسی ببێ، بۆ ئەوەی بچێ لە دەشت بژی و لە ئوسامە دوور بکەوێتەوە. بۆیە سعوودیەکە ئەوەی پێ سەیر نەبوو کە (التایب) سەربەخۆی بچێتەوە بۆ ریاد و بە ئاشکرا نکوڵی لە هەڵەکانی خۆی بکا. برادەرە سعوودیەکەم گوتی هەردوو مەرجەکەی کە بۆ گەڕانەوەی خۆی داینا بوون، نابێ نە زیندانی بکرێ نە ئەشکەنجە بدرێ، بۆی جێبەجێ کران.

پاشان کە چوومەوە بۆ سەردانی عەرەبستانی سعوودی، دڵنیا بووم کە لێپرسراوانی ئەوێ پەیمانەکەی خۆیانیان بەدی هێنا بوو، بەڵام هەرچەند ویستم کە چاوم بە (التایب) بکەوێ، بۆم نەچووە سەری. (التایب) بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و درێژدادڕ، هەموو بنج و بنەوانی سەرچاوەکانی داراییی ئوسامەی، لە سەرتاسەری دنیادا، بۆ کاربەدەستانی سعوودی ئاشکرا کرد بوو. بەڵام پاشان نەزاندرا ئایا سعوودیەکان چییان گەیاندە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا، یان نا. ڕاپۆرتێکی ئەوپەڕ نهێنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە سەرەتای ئایاری ١٩٩٧دا، بە کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتی کلنتنی ڕاگەیاند کە (وڵاتێکی دەستنیشان نەکراو) گەورە کادرێکی داراییی ئەلقاعیدەی گرت و پاشان ئەو کادیرە بووە سەرچاوەیەکی گرانبەهای هەواڵگری[١٩]. سێ مانگ پاشتر، بە مەبەستی پەشۆکاندنی ئەلقاعیدەی، هەندێک لەو زانیارییانە بە ناو خەڵکیدا داچۆڕا. هەرگیز ئەمەرکاییەکان بە ئاشکرا نەیانگوت کە (التایب) سەرچاوەی زانیارە موخابەراتییەکان بوو. نەریتەکانی شانشینی عەرەبستانی سعوودی لەو کاتیدا، وا بوو کە هیچ زانیارییەکی هەواڵگری سەبارەت بە هاووڵاتییانی خۆی

لەگەڵ هیچ لایەنێک ئاڵوگۆڕ نەدەکرد. لە ڕاستیشدا وڵاتە یەکگرتووەکان هەرگیز بواری ئەوەی نەدراوە بگاتە ئەو زانیارییانەوە(٢٠).

بە مەبەستی بە پەلە پێشخستنی ئەرکی کارمەندەکانیان، ئەمەریکاییەکان دەیانویست ئەو زانیارییە موخابەراتییانە دەگەڵ سعوودیەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. بەڵام سعوودیەکان، بە وەزیری ناوەخۆشیانەوە، میر نایف بن عەبدولعەزیز، بە بەردەوامی، لە پاش ١١ی سێپتێمبەریش، ئەو خواستەی ئەمەریکاییەکانیان هەر ڕەت دەکردەوە. کێشەی زانیاری نەدانە یەکتری لە نێوان هەردوو لا هەر وا بووە. لە دوای هێرشە تیرۆریستیەکەی ١٣ ی نۆڤێمبەری ١٩٩٥ بۆ سەر بارەگای پاسەوانی نیشتمانی لە ریاد پایتەخت، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی پێنج هاووڵاتیی ئەمەریکایی، پاشتریش پەلامارە تیرۆریستییەکەی کە بە هۆی ئۆتۆمۆبێلێکی مینرێژکراوەوە، لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٩٦دا، کرا سەر (الخبر) و بووە هۆی کوشتنی نۆزدە کەس لە هێزی ئاسمانی ئەمەریکایی، بەو دوو جارەش سعوودیەکان هیچیان بۆ ئەمەریکاییەکان نەدرکاند.

سعوودیەکان بە چاکی نهێنییەکانی خۆیانیان بنگڵ کردبوو، نەیاندەهێشت نە FBI نە هیچ لایەنێکی تر بتوانێ لێیانیان هەڵماڵێ؛ چونکە سعوودیەکان پێشتر هیچ شتێکی وایان نەکرد بوو، ئێستاش هیچ بیانووێکیان بۆ ئەو کارە بە دەستەوە نییە تا بیکەن. هەر بۆ ڕاستی دەڵێم، هیچ لایەنێک مافی ئەوەی نییە نهێنییەکانی ناوەخۆی لایەنێکی تر وەدەست بێنێ. بەڵام لە ئایاری ٢٠٠٣ دا، بنەماڵەی سعوود نیازی ئەلقاعیدەیان بەرانبەر بە شانشینەکەیان بە بایەخەوە هەڵگرت و قایل بوون بەوەی کە هاریکاری واشنتن بکەن(٢١). ئەم هەڵوێستە هەرگیز ئاماژەیەک نەبوو کە تاوانی تیرۆریزمی دژ بە ڕۆژئاوا لە جاران نەرمتر بووبێ، هەرچەندە بەرپرسە ئەمەریکاییەکان لەمێژ بوو گومانیان لە ئال سعود دەکرد کە زۆر شتیان شاردبێتەوە، جا با ئەو شتە شاردراوانە تەنیا لایەنی پێوەندییە باشەکانیانی گرتبێتەوە کە ئال سعود لەگەڵ دەزگاکانی وەهابی و گۆڕانی ئەرکەکانی ئەو دەزگایانە لە ناوەوەی وڵات و لە هەندەرانیش هەردەم هەیانبووە. سعوودیەکان کێشەی چۆنیەتی پەخشکردنی پارەیان هەبوو. نەشیاندەویست تێ بگەن، یان پێیان نەدەکرا تێ بگەن، کە ڕێکخراوە چاکخوازەکان ئەو پارانەی کە لەوان وەریان

دەگرت بۆ ئامانجی تایبەتی خۆیان بە کاریان دێنا. بەشێکی گرفتەکە لەوەوە سەری هەڵدەدا کە FBI بە چڕی دەستی لە ئیشەکان وەردەدا؛ چونکە واشنتن لە هەموو لایەنێکی ترەوە پتر لە وەبەرهێنانی سەرمایە بیانییەکان بەرپرسیار بوو. لە کاتێکدا کە CIA و وەزارەتی دەرەوە هیچ خۆیان بەم کێشانەوە لەگەڵ حکومەتە بیانییەکان ماندوو نەدەکرد.

کێشەی (التایب) ئەوەی ڕوون کردەوە کە نەنگییەکی وا لە کاروباری بازرگاری ئەلقاعیدەدا هەبوو، کە دەستپیسی پێوە دیار بوو. گوترا کە (التایب) لە ئایاری ١٩٩٧دا بۆ عەرەبستانی سعوودی چووەوە (پێش ئەوەی کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەروارەکە پشتڕاست بکاتەوە.) ئەو زانیارییانە ئەگەر ڕاست بووبن، دەیلی تێلیگرافی The Daily Telegraphلەندەنی لە ئابدا چاپی کـــرد، ئەو ڕۆژنامەیەش ئامێرێکە هەموو کات دەزگای هەواڵگری بەریتانی، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵە دڵخۆشکەرانە، دەستنیشانی دەکا. پاشانیش دەزگای BBC بەشی ئەفریقیا، هەواڵەکەی پەخش کرد. دۆکیومێنەتەکانی دادگەکەی نیویۆرک بە دیاری خست کە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە شانەکەی ئەلقاعیدەی لە نایرۆبیدا پەشۆکاند، چونکە (التایب) بە شێوەیەکی سەرەکی دەستی لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا هەبوو[٢٢]. سەیر ئەوەیە هیچ کەسێک لە ئەندامانی ئەلقاعیدە هەستی بەوە نەکرد کە (التایب) لەمێژ بوو لە ناویان دیار نەمابوو، یان ئەگەر زانیبیشیان کەس خەمی ئەوەی نەخواردبوو کە بە شانەکەی نایرۆبی بڵێ. ئەندامانی شانەکە لە BBC گوێیان لە هەواڵەکە بووبوو لە تیلێگرافیشدا خوێندبوویانەوە و هەستیان کرد کە (١٠٠ لە ١٠٠ لە مەترسیدانە.) ئەندامانی شانەکە لەو دەمەی کە زەندەقیان چووبوو، لە ٥٠٠ دۆلار بترازێ پارەیان پێ نەمابوو، بە هەموو توانایەکیشیانەوە پێوەندییان دەگەڵ سەرکردایەتییان کرد بۆ ئەوەی ڕێنوێنی لێ وەربگرن، تا بزانن چ بکەن. هەموو ئەندامەکانی شانەکەی نایرۆبی گەیشتبوونە ئەو ڕاستییە کە ئەوان بە تەواوەتی لە ژێر چاودێری ئەمەریکا و کێنیا دابوون[٢٣]. ئەوان بە شێوەیەکی تایبەتی لەوە نیگەران بوون نەکا (التایب) زانیارییەکانی سەبارەت بە دارایی ئەلقاعیدەی لە بروکلن و جێرسی سیتی و دیترۆیت، ئاشکرا کردبێ[٢٤].

که شانه چکۆڵەکەی ئەلقاعیده لە بەندەری سەرەکی کێنیا، مۆمباسا، تەلەفۆنی بۆ نایرۆبی کرد، ئەمانە پێیان گوتن کە جارێکی تر نەکەن تەلەفۆنیان بۆ بکەنەوە، چونکە پیلانێک لە دژیان لە گۆڕێدا هەبوو. بەڵام کە خەڵکەکەی مۆمباسا هەر تەلەفۆنیان بۆ کردنەوە، تا خۆیان وەبەر جنێوان دا. ئەوەی کە شانەکەی نایرۆبی یەکجار نیگەران کردبوو، ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئوسامە هێشتا نەیزانیبێ (التایب) لێیان هەڵگەڕابووەوە. چەندین پەیامیان بۆ سەرانی ئەلقاعیده نارد بەڵام هیچ وەڵامێکیان لێیان وەرنەگرتەوە. بێدەنگییەکەیان ئەوانی پتر تۆقاند. چۆن دەبێ ئوسامە ئاگای لە بزربوونی (التایب) نەبێت؟ بۆ بە ڕێکی ئاگەداریان نەکردنەوە؟ وا پێ دەچوو لەم لایەنەوە ئەندامانی ئەلقاعیده کەسیان ئاگای لە کەس نەبێت. ئەگەر ئوسامە بە ڕاستی نەیزانیبێ کە (التایب) خیانەتی لێ کردووە و پێی نەکرابێ بە پەلە لە بەرانبەر خیانەتەکە کاردانەوەیەکی هەبێت، دەبێ یاخیبوونی بەردەوامی جەنگاوەرەکانی چەند پارەیان لێی زەرەر دابێ و چەند کاریان کردبێتە سەر ئۆپەراسیۆنەکانی تریپەوە؟ ئایا سعوودیەکان خێرا سوودیان لەم زانیارییانە وەرگرت؟ یان هەر تەنیا دەرخوونەیان لەسەر دانا، نەکا وەک هەموو کات کە لە ڕابردوودا ڕووی دەدا، ئەمجارەشیان گەورە کەسایەتییەکانی سعوودی دەستیان تێیدا هەبێت، کە ڕەنگە گەورە ئەندامانی خانەوادەی پاشایەتی خۆیان بن، بەمەش پێوەندییە ناسکەکەیان دەگەڵ واشنتن، هێشتا پتر بشێوێنێ؟

پاش ئەوەی کە سەرکردایەتی ئەلقاعیده بە یاخیبوونی (التایب)ی زانی؛ ئایا ئوسامە چەندی پێ چوو تاکو تۆڕێکی تر لە بری ئەوی پێشان ساز بکاتەوە؟ لە بەرانبەریشدا، چونکە ئال سعود هەموو کات گومانیان لە جیهانی دەرەکی هەبووە، بۆیێ ئەمجارەش نەیانویست دەهۆڵ بە بۆنەی هاتنەوەی مەدەنی (التایب) بژەنن. مەزەندەکردنی زۆر شت لە دۆکیومێنتەکانی دادگەوە، هەموو کات کارێکی ترسناک بووە. بەڵام ئەو زیانە شاردراوەی کە هەڵگەڕانەوەی (التایب) لە ئەلقاعیدەی دا، زۆر لەوە پترە کە ڕێکخراوەکە بە دیاری دەخات. وا دیار بوو ئەمە کێشەیەکی سەرەکی نەبوو بۆ ئەلقاعیده؛ چونکە هەرچەندە ئوسامە هەرگیز بە ئاشکرا نیگەرانی خۆی لە گرتن و یاخیبوون و دانپێدانانی ئەندامانی نیشان نادا، بەڵام ئەگەر کێشەکە گرینگ بایە، بێگومان ئوسامە لێی نەدەگەڕا بە ئاسانی بە سەریدا تێپەڕ ببێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە گەرەترین هۆی سەرکەوتنی ئەلقاعیده لەو بەرەلاییە و لە

نارێکی ئەو پێوەندییانەیە کە ئەندامەکانی بە یەکەوە دەبەستێتەوە. لەم لایەنەوە، سەرکردایەتی ئەلقاعیدە بە دیاری خست کە توانایەکی سەرنجڕاکێشی لە بواری خۆ دەربازکردندا هەیە، ئەگەر نا دەبێ بڵێین کە ئەلقاعیدە ڕێکخراوێکە بەختێکی زۆر گەورەی هەیە؛ چونکە هەر هەمان شانەکەی کە لە کێنیا بوو هەردوو هێرشەکەی سەر هەردوو باڵیۆزخانەکەی ئەمەریکای جێبەجێ کرد (بە پێی ئەو زانیارییەی لە ناو ڕێکخراوەکەوەڕا گەیشتووە؛ هەمان ئەندامەکانی جاران بە هەر هەمان پارە و کەرستەی پێشانیان، لە ئەفغانستانەوەڕا هاتن بۆ یەمەن و لەوێشەوەڕا لە دەریای سوور پەڕینەوە بۆ ناو سۆماڵ و لەوێشڕا هاتنە ناو سنووری کێنیا).

ئەوەی کە دژەتیرۆریزمی ئەمەریکایی لە سەرەتادا کاروباری دارایی ئەلقاعیدەی پشتگوێ خستبوو، هۆیەکی دڵتەنگی بوو. کارمەندە ئەمەریکاییەکانیش دەیانزانی کە یاسایەکانی خۆیان پەلبەستی کردوونە. من لەو کاتی کە دەمویست یارمەتی هاوڕێیەکی خۆم بدەم، تووشی گونەڕەشەی خۆم هاتم. برادەرە بەریتانییەکە ئاگای لێ بوو خەریک بووم لە کۆتایی دیسێمبەری ٢٠٠٠ دا سەفەری واشنتنم دەکرد، بۆیە لێی خواستم هەندێ زانیاری لەبارەی ڕێکخراوی چاکخوازی ئیسلامی (موفق) بۆ بێنم. ئەو ڕێکخراوە لە کۆتایی ١٩٩٠کاندا خۆی بزر کرد بوو. ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ئەو ڕێکخراوە شکاتیان لە خاوەن کاری هاوڕێکەم کردبوو کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی دیاری لەندەن بوو، ڕۆژنامەکە ناوی ئافریکا کۆنفیدینشیەڵ Africa Confidential بوو. هۆی شکاتەکەشیان ئەوە بوو، ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتێکیدا، گەیشتبووە ئەو بەرئەنجامەی کە ڕێکخراوە خێرخوازەکە پێوەندیی بە پیاوێکدا بووە، ئەویش دەستی لەو هەوڵەدا هەبووە کە لە حوزەیرانی ١٩٩٥، جیهادییە مسرییەکان لە ئەدیس ئەبابای پایتەختی ئەپیۆپیادا کردیان، بۆ ئەوەی حوسنی موبارەکی سەرۆکی مسر تیرۆر بکەن. یاسای ناوگەند libel کردنی بەریتانی زۆر توندە و ئەرکی سەلماندن burden of proof دەخاتە سەر ئەستۆی گومان لێکراوەوە. من وا مەزەندەم کرد ئەگەر حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان هەرچی لەبارەی (موفق) بزانێ هەمووی بڵێ، دەبێتە کارێکی یارمەتیدەر. جا ئەو جارەی قسەم لەگەڵ ڕیچەرد کلارک دا کردەوە، من بابەتەکەم خستە بەرچاوی، یەکێک لە

یارمەتیدەرەکانی بە پیاوەتی بۆم تێی ورد بووەوە. ئۆفیسی کۆنترۆڵکردنی سەرمایە بیانییەکانی سەر بە وەزارەتی گەنجینە، بە ڕاستی ئەو ڕێکخراوە چاکخوازەی لە سەر لیستی چاودێریکردنی دانابوو[٢٥]. بەڵام هۆشی لەسەر نەبوو، بۆیە نە هی ئەوەی بوو کە ناوی ئاشکرا بکرێ نە هیچ شتێکی لەبارەیەوە ڕاڤە کرابوو. بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکەش ئافریکا کۆنفیدینشیەڵ ناچار کرابوو کە پارەیەکی زۆر بدات[٢٦].

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی پێ دەچوو زۆر وشت بێت؛ چونکە دەیویست دڵنیا بێ کە ئەو کۆمپانیایە ڕاستەوخۆ بۆ پەلامارادانی بەرژەوندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پارەی نەداوە. بەڵام موبارەک سەرۆکێکی لاگری وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، ئەو هێرشە پووچەڵکراوەش کە کرایە سەری، جێ پەنجەی سوودانی پێوە دیار بوو کە بووە هۆی ئاڵۆزترکردنی پێوەندیی واشنتن بە خەرتوومەوە و ئەنجامەکەشی گەیشتە ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان سزای ئابووری بەسەر سوودان‌دا بسەپێنێ. ڕێگەگرتن لە تیرۆرریستان بۆ ئەوەی نەتوانن چیی تر ڕێکخراوە چاکخوازەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بێنن، لە ڕواڵەتدا بەپێی کۆششی دژە تیرۆریزمی جیهانی بوو. ئەو کۆششەی بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەو پارەی لە کەرستە بێهۆشکەرەکان و کردارەکانی لاندری پارە Money Laundry دا وەدەست دەهاتن، ئەو کۆششە لە کۆنگرەی سەرانی گەورە وڵاتانی پیشەسازی، ناسراو بە G ٧ لە سەری ڕێک کەوتبوون. لە پاش ١١ی سێپتێمبەریش لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١دا، چەندین بەندی تری خرا بانی کە بەتایبەتی بۆ بەرینگاربوونەوەی تیرۆریزم نووسرابوونەوە. هەرچەندە بەندە تازەکان زۆر توند بوون، بەڵام لە کۆتاییدا هەر پێویست بوو کە بەڵگەکان بخرێنە بەردەستی دادگەوە – یان بەلایەنی کەمەوە ئەو وڵاتانە متمانە بە بەڵگەکان بکەن، کە هاریکارییان بۆ ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی چیی تر پارەی زۆر نەگاتە دەستی تیرۆریستانەوە، یان ئەگەر بتوانێ هەر بە جارێک چکی بکا.

زۆر لەو وڵاتانەی گومانیان لێ دەکرا بەرانبەر بە پارەدان بە تیرۆریستانەوە نەرم بن، لە ڕاستیدا پێیان لەو کردارانە دەخشان کە بە دەست سووکی دەکرا، ئەگەر پێوەندییەکی ڕاشکاوی بە تیرۆریزمەوە نەبوایە. حەواڵە hawalaی پارە نموونەی هەر زیندووی ئەو ئیشە بوو. چونکە لە دوای بووژانەوەی پیشەداری نەفت

له ١٩٧٠ کاندا، ملیۆنەها پاڵە لە وڵاتە هەژارەکانی جیهانی سێیەمەوە، وروژانە نێو وڵاتەکانی کەنداوەوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پارەیان بۆ ماڵەکانیان دەناردەوە. تەنیا وڵاتی عەرەبستانی سعوودی ساڵانە لە دەوروبەری ١٥ بلیۆن دۆلار ڕەوانی هەندەران کردووە[٢٧].

ئیشی بانکەکان بۆ ئەو پاڵەیەی کە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، زۆر خاو و ئاڵۆز بوو. حەوالەکان (لە هیندستان و پاکستان پێی دەڵێن هوندز) نمایندەیان لە هەموو گوندە بچووکەکانیشدا هەبوو، بە هۆی خزم و کەسیانەوە یەکسەر حەوالەکانیان دەگەیاندە خاوەنەکانیان، بەبێ ئەوەی سەریان تێدا بێشێت. یەکەم جار وا دەهاتە بەرچاو کە ئەوە کارێکی پڕ مەترسییە، بەڵام پاش تێ وردبوونەوە بەدیار دەکەوت کە بە هیچ جۆرێک مەترسی لەو سیستمە ناکرێ، چونکە هەر لارییەکی تێدا بکرێ، ئەگەر بە شەڕ چارە نەکرێ ئەوە بێگومان متمانەی تێدا نامێنێ، بەمەش پیشەکە لەناو دەچێ. بەڵام کە حکومەت ویستی یاسا بە ڕێگەیەکی شێتانە و بۆ قازانجی خۆی بە سەر بە فەرمی ناردنی پارە بسەپێنێ، ئیتر پیشەی حەوالە باشتر بەڕێوە چوو. حەوالەکان سەلماندیان بۆ ئەوانەش کەڵکی هەیە کە بە قاچاغ ئیش دەکەن. زۆربەی ١٩٩٠کان، پاکستان بە ڕێژەیەکی نەگۆڕ بەرەو خوارەوە چوو. دەوڵەمەند و هەژار باوەڕیان بە دەوڵەتەکەیان نەما و بە پێچەوانەی یاسای سەرمایە ناردنە دەرەوە، چەندەها بلیۆن دۆلاریان، لە ڕێگەی حەوالەوە، ڕەوانی هەندەران کرد. پرۆسەکە لە دوای یەکەم تاقیکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی پاکستانی لە ١٩٩٨ کە بە قسەی وڵاتە یەکگرتووەکانی نەکردبوو، بووە هۆی ئەوەی کە یەکسەر سزای ئابووری بە سەر پاکستاندا بسەپێنێ، پارە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەوانی هەندەران دەکرا.

بانکەوانێکی پاکستانی پێی گوتم: (لەمیانی چەند ڕۆژێکدا سەدان هەزار دۆلار بە ڕێگەی هوندزەوە بۆ دەرەوە چوو.) سیاسییە گەورەکانی لەسەر حوکم بوون حەوالەیان بە ئاسانترین ڕێگە زانی بۆ ئەوەی گەندەڵییەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە؛ چونکە زۆر ئەستەم بوو شوێنی ئەو پارەیە بکەوی کە لە ڕێگەی حەوالەکانەوە چووەتە دەرەوە. هەر لە کۆنەوەش حەوالە باشترین ڕێگە بوو بۆ ئەوەی پارەی ئەو زێڕانەی پێ بدرێ کە لە دوبەی دەکڕا و بە قاچاغەوە، ڕەوانەی هیندستان و پاکستان دەکرا. زێڕ لەو وڵاتانەدا وەک تانۆک خاوەنەکەی دەپارێزێ.

بە قسەی بانکەوانە پاکستانییەکە نیوەی ئەو تێکەولێکە transactionsیەی کە لەو هەرێمەدا دەکرا هەمووی (بێ بەڵگە بوو (undocumented، ئەمەش ئەنجامێکی ناماقولی حەواڵە بوو بۆ ئەوەی کرێی بێهۆشکەرەکان و چەک و تەقەمەنی و کرێی خاوەن ئیش و هەر ئیشێکی تری پێ ئەنجام دەدرا کە سەر ئێشەی زۆری بە دواوە نەبوایە. بۆ ماوەیەکی زۆر حەواڵەکانی خەڵکی باش و هی فێڵبازانیش هەمووی لەبەر ڕاداری هەواڵگری دابوو.

برادەرێکی تری پاکستانیم هەبوو، زۆر وەسواس بوو، ئەویشیان حەواڵەی بە کارێکی ڕەوا ناساند، بیانووەکەشی لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان لە کۆتاییی حوکمی ڕاجی بەریتانی لە هیندستان هەڵقەنان، هاتنە پاکستان. پیرە پوورێکی مابوو، خانووێکی لە نیودەلهی هەبوو؛ ویستی بیفرۆشێ. بەڵام هیندستان و پاکستان چونکە دانوویان لەگەڵ یەکتری نەدەکولا، بۆیە پێوەندیی بانکیشیان دەگەڵ یەکتریدا نەبوو. ناچار ئەو بە خۆی چووە لای حەواڵەچییەک لە ناو کوشکێک ئیشی دەکرد. کوشکەکە هەر جێی فاکسێک و کیتلییەک و تاخمی چای و چەند کوشینێکی تێدا بووبووەوە. برادەرەکەم گوتی هەر ئەوەندە تا چایەکەمان خواردەوە، کابرای حەواڵەچی گوتی: (بە پلکت بڵێ با بچێتە لای ئەو گوڵفرۆشەی نزیکی مزگەوتی گەورەی دەلهی، بڵا لەوێ ئەو ژمارەیەی خوارەوە بداتە نمایندەکەم.) ئەم جۆرە تێکەولێکەیە تەنیا بە فاکسێک یان بە تەلەفۆنێک جێبەجێ دەکرا. جا ئەگەر بتویستبا بۆ وڵاتێکی سێیەمیش دەبوو. بە گشتی هەموو تێکەولێکەکان لە دەفتەرێکی چکۆڵەدا تۆمار دەکران و هەرکە کۆتاییانیش دەهات ئەو لاپەڕەیەی کەلێی نووسرابوونەوە دەدڕا و فڕێ دەدرا. سستەمەکە لە سەر تا بەری هەمووی نەناسراو بوو. نە پێویستی بە ناو نە بە ئەدرێس هەبوو. کاغەزەکان هەڵنەدەگیران بۆ ئەوەی ڕۆژێک یەکێک پێیاندا بچێتەوە. کارەکە بەرزەفڕ نەدەکرا. ناوە ناوە حەواڵەچییەکان ژمێریارییەکانی خۆیانیان ڕێک دەخستەوە. تەنیا بۆ ئەم مەبەستە بێ ژمار دۆلار و جۆرە پارەکانی تریش لە دوبەی لە فڕۆکە بار دەکرا و دەهات و بە سەر زۆربەی حەواڵەچییەکان و گەورەترین ناوەندی بانکی لە نێوان ئەوروپا و هۆنگکۆنگ دابەش دەکرا.

حەواڵەکان بۆ تیرۆریستەکان و بۆ حەواڵەچییەکان و بۆ ئەوانەش نموونەیی بوو کە خۆیان لە باجدان دەشاردەوە. پێویستییە مەیلەو کەمەکانی تیرۆریستان

ڕەنگبوو بە ژمارەیەک تێکەوڵێکەی ئەو حەوالەیەی کە بە ڕواڵەت بۆ چاکەکردن دەهات، جێبەجێ ببووایە. ئەمانەش بە زۆری کەس تێبینی نەدەکرد، چونکە هەموو ئەوانەی لەو چەشنانە بوون پشتگوێ دەخران. ڕێگەیەکی گرینگتر ئەوە بوو، ئەو پارەیەی کە بە مەبەستی تیرۆریزم لاندری دەکرا، بە ئاسانتر دەدرا لەوەی کە بە شێوەی حەرام پەیدا دەکرا. لاندری پارە واتا شووشتنەوەی پارە، ئەوە دەبەخشێ کە پارەکە بە کاری خراپە و ناشەرعی وەک حەشیشە فرۆشتن و قومارکردن و قەحپەیی، پەیدا کراوە و پاشان تێکەوڵێکەیەکی وای پێ دەکرێ کە لە ئەنجامدا دەبێتە شتێک بە شێوەیەکی یاسایی دەچێتە سەر ئەکاونتی بانکەوە. بەڵام تیرۆریستان تەنیا بە پارە تێکەوڵێکەکانی خۆیان دەکەن، بەمەش پارەکەیان وەک ئەو پارە خاوێنە دیار دەبێ کە لە بزنسێک یان لە چاکەیەک یان لە زەکاتzakat بەدەست هاتبێ. زەکات ٢,٥ ٪ داهاتی ساڵانەیە کە موسڵمانە خواناسەکان دەبێ بە هەژارانی بدەن. تەنیا ئەوەندەی ئەو پارەیە پیسە کە تیرۆریستان بۆ ویستی خۆیان بەکاری دێنن.

کەس بە وردی نازانی چەند پارە لاندری کراوە و لەوەندەش کە بە ڕاستی شووراوەتەوە چەند لە سەدی هی تیرۆریستان بووە. سندووقی دراوی نێونەتەوەیی وای خەملاندووە کە لە نێوان ٥٠٠ بلیۆن دۆلار تا ١,٥ تریلیۆن دۆلار ساڵانە لاندری دەکرێ. ئەمەش ٥ ٪ ی سەرجەم ئەو دراوەیە کە لە هەموو بەرهەمی gross product ساڵانەی دنیادا وەدەست دێ، زۆریش بە ڕاشکاوی دیارە کە هیچ وردەکارییەکی تێدا ناکرێ، واتا هەر خەملاندنە و چیی تر نییە[٢٨]. پسپۆڕان بۆچوونیان وایە کە زۆرینەی ئەو پارەیە لە کەرستە بێهۆشکەرەکاندا پەیدا دەکرێ، بەشە هەرە زۆرەکەی ئەو بەرهەمەش بۆ تیرۆریستان دەچێ. شارەزایان لە هێزی ئەرکی چالاکیی دارایی Financial Action Task Force لە ڕێکخراو لە پێناوی هاریکاری ئابووری و گەشەکردن Organization for Economic Cooperation and Development لە پاریس، لە ١٩٨٩ وەڕا کار دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن هەموو تێکەوڵێکە نایاساییەکان بوەستێنن. لە ٢٠٠٠ وەڕا بە تۆماری دەیان وڵاتدا چووینەوە – هەندێکیان بچووکن هەندێکیشیان زلن – هەموو ڕێگەیەکیان لەگەڵیاندا بەکار هێناوە تا یاسای بانکگەری خۆیان توندتر بکەن. بە هۆی

هەڕەشــەکـردنیـان کــە لێیــان ئاشکرا دەکـەن ملکەچی ڕێنوێنیـیــەکـان نینە، شارەزاکانی ڕێکخراوەکە دەستکەوتی باشیان پەیدا کردووە[٢٩].

لەو ساڵانەی دواییدا، هێزی ئەرک (تاسک فۆرس) زەینی خۆی پتر هاویشتووەتە ســەر ئەو تێکەوڵێکانەی کــە پێـوەندییــان بە تیــرۆریزمــەوە هــەیە و لە ٢٠٠٣ وەڕا فۆکەسی سەر چاکخـوازییە ئیسـلامەکان کردووە و ئەو ئامێرانەش بەکار دێنێ کە لە بنـەڕەتدا بۆ بە دواداچوونی شـۆرینی قـازانجی پارەی بێـهـۆشکـەرەکـانdrugs ئامـادە کراوە و لە ئـەنجامـدانی هـەندێ تاوانی تریشـەوە وەدەست دێ کـە دوور لە خـاکی ئەمـەریکادا ئـەنجام دەدرێ. منیش چەند سـاڵێکە سـەردانی هـەمـان پسـپۆڕ دەکەمەوە و هـەمان پرسیاری جارانی لەبارەی پارە بە تیرۆریست دانی لێ دووبارە دەکەمـەوە. ئەویش هـەمـوو جار پێم دەڵێ کام وڵات شل و پەیتی بە کارەکە دەکا و کامیـان دەخرێتـە سـەر لیسـتی ناوی ئەو وڵاتانەی کە پابەند بە ڕێنوێنییـەکانی نابن، بەم پێیەش وا پێ دەچێ کاری لاندریکردنی پارە هـەر وەکو خـۆی مابێتەوە و جێی نیگەرانیشـە کە پێ ناچێ پرۆسـەکە کۆنتـرۆڵ بکرێ. بە قسـەی شـارەزایەکی تریش، شێـوەی هـاریکاریکردنی هـەندێ لایەن بەتایبەتیـش لە کەنداو، دەشـێ بە زۆر شێوە ڕاڤـە بکرێ. (یەکێکی تر پێشنیازی ئەوەی کرد کـە لێکۆڵینەوە دەگەڵ وڵاتانی عـەرەبیدا بکرێ بە مـەرجێ کە بەپێچەوانەی ئالفـوبێ بێ؛ واتا لە یەمـەن و یەکـەتی میـرنشـینە عـەرەبییـەکـان و سـعـوودیەوەڕا دەست بە پشکنینەکە بکرێ.) گـەورە بەرپرسـە ناسیـاوەکەم هـەمـوو کات دەڵێ لە ڕابردوودا چۆن بووم ئێسـتـاش هـەر لەو باوەڕەدامـــە کــە تەنـانەت هـەر بڕە پارەیـەک لە هـەر شـــوێنێکی ئەم دنیــایەدا، بۆ تیرۆریزم لاندەری بکرێ، جا با کەمیش بێ، هـەر زۆرە[٣٠].

ڕەنگە بە مـەرامەوە ئاوا خـۆی بە سادە نیـشـان دابێ، چونکە ئەم جـۆرە داماوییە هـەردەم دژی ئەو ڕێبـــازەی وڵاتە یـەکگـرتووەکـــان بـووە، کــــە لە ١٩٩٦وەڕا بـە بەردەوامی دەڵێ ترسـناکی ئوسـامـەی لەوە هـاتووە کـە پارەی زۆری لە بەردەسـتـدا هـەیە. ئەوەی ئوسامەی لە سوودان بەدەرکردن دا ئەوە بوو کە پێی دەگوترا پەنجەی زێڕینی ئیـسـلامی Islamic Gold-finger. تەنانەت لە پاش هـەردوو پەلامـاردانەکـەی باڵیـۆزخـانەی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە کـێنیـا و لە تەنزانیـادا، سـەرۆک کلـنتن ئەو بابـەتەی ڕوون کـردەوە و ئوسـامـەی خـســتـە تـەرازووی (گـەورەترین ڕێکخـەر و پارەدەری تیرۆریزمی جیهانی ئەمڕۆ.) لە ڕاستیدا ئەو دوو هێرشە یەکەم کردەوەی

تیـرۆریسـتی بوون کـە بە ڕاشکاوی شـوێنەکـەیان چـووە کن ئوسـامـە و بەمـەش سەلماندی کە ئوسامە زۆر لەوەش پتر بوو. بەڵام هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر بە شێنەیی و پەیتا پەیتا شارەزای چالاکیی دارایییئوسامە و لایەنەکانی تری شێوەی کارکردنی بوو.

یەکەم جار لە ١٩٩٦دا، کابرایەکی سوودانی ناوی جەمال محەمەد ئەحمەد فەزل بوو، لە ئەلقـاعیـدە هەڵگەڕاوە و زانیـاری سـەرەکی لەبـارەی ڕێکخـراوەکـە ئاشکرا کرد. جەمال بێ قسە، چووە ناو باڵیۆزخانەی ئەمەریکایی لە ئەسـمەرەی پایتەختی ئێریتێریا، لەوێدا بە درێژی زانیـاری لەبارەی سـەرچاوەی داراییـەکانی ئوسـامـە و ڕکـەبەری نێـوان ئەلقـاعیـدە، وە بەرهـەمـهـێنان، بە بەرهـەمـهـێنانی زۆر لە پیـشـە جۆراوجۆرەکان لـە سوودان، گەلێ شتی تریشی ئاشکرا کردن. جەمال فەزل کە بۆ مـاوەیـەکی زۆر هـەر بە سـەرچاوەی نهـێنی ١ Confidential Source 2 لە دادگـەی نیـویـۆرکی ٢٠٠١ دا بووە یەکەمین گـەڤـاهـی مـیری؛ ئەو شـایـەتییـەی جـەمـال دای یارمـــەتی دادگـــەی دا بـۆ ئەوەی چوار گـومـــانلێکراو بە بەشــداریکردنیــان لە پەلامـارەکەی سـەر هـەردوو باڵیـۆزخـانـەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، تاوانبار بکات. سێ لەو بەختـرەشـانە هەر دوای پەلامـارەکان یەکسـەر گیـران؛ ئەوانیش هـێشـتـا زانیـاری پتریان لەبارەی داراییی ئوسامە بەو کەسانە دا کە دەستگیریان کردن. ئەم زانیـارییـانە لە دوای دادگـاییکردنـەکـەدا، کـە چـوار حـوکـمی مـوئـەبەدی لێ دەرچوو، کەوتنە نێو خەڵکەوە.

کـارێکی باش بوو کـە مـیـری دەیویست زانیـارییـە سـەرەکـییـەکـان تـا کـاتی دادگاییکردنەکە بە نهێنی بمێننەوە. بەڵام هێشتا هـەر ناوە ناوە هەڵەی وای دەکرد نیـشـانی دەدا کـە تەگـەرەی بۆ داخسـتنی داراییـەکـانی ئوسـامـە لـەبەردا هەیە، دووبارەبوونەوەی ئەم هەڵانە وای کرد کە لە کۆتاییدا بڵاوکردنەوەی بێ سوودە. لەو کـاتەی کـە لـە ١٩٩٩دا لە پاکسـتـان بووم، چیـرۆکـێکی کـورتم لە ڕۆژنـامـەیەکـدا خـوێندەوە باسـی ئـەوەی دەکـرد کـە شـانـدێکی باڵای ئەنجـوومـەنی ئاسـایشی نەتەوەیی، وەزارەتـی دەرەوە و گـــەنجـــینـە و هیـی تـریش، ســـــەردانی دوبـەی و عەرەبسـتانی سـعوودی و بەحرەین دەکەن بۆ ئەوەی بە دوای ئەو هەواڵەدا بـچن کە کـابرایەکی دەوڵەمـــەندی سـعـوودی ٥٠ ملیـۆن دۆلاری بـۆ ئوسـامــەی بۆ بانـکی ئیسلامی دوبەی گواستووەتەوە. ئەو هەموو پارەیە بە جارێک ئاوا بە ڕۆژی ڕووناک

بگوازرێتـــەوە، شــتــێک بوو منی لە ناخـــەوە ڕاهـەژاند. چوومـــە دوبەی، لەوێ کارمـەندێکی دەسـەڵاتداری عـەرەبی خـانەنشـینی وەزارەتی دەرەوەم قـایل کـرد بۆ ئەوەی سـەرە داوێکی بـاسـەکەم بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەویش کـارێکی باشـی بۆ کـردم؛ کـاتـی دیمانەیەکی دەگەڵ گـەورە دیپلۆماتێکی ئـەمەریکایی بۆ چەند مـانگێک پاشـتر بۆ سازدام.

کابرا دوودڵ بوو؛ نەیدەویست هەموو شـتێک باس بکا. بەڵام ئاشکرای کرد چۆن واشنتن یەکەم جار بە سـەر ئەو پارە ناردنەدا کەوتووە. دیپلۆمـاتەکە نیگەران بوو لەوەی کـە ئەو باسـە بە دەست ڕۆژنامـەنووسـان گـەیشـتـووە. بەڵام من هـەر لێم پرسی، ئایا بۆ هـاریکارانی ئوسامە ئاوا بە شێوەیەکی کلاسیکی پارەیان بۆ بـانکی ئیـسـلامـی دوبەی ناردووە کـە دەزانن، وەک هەمـوو بـانکە ئیـسـلامـیـیـەکـانی تر، پێوەندیی دەگەڵ ئەو وڵاتە گومـانلێکراوانەی وەک ئەفـغـانسـتـانی تاڵیبـانـەکانەوە هـەیە. (بانکەکە لە ١٩٧٢ دامەزرا، خـانەوادەی لووتە بۆ ماوەیەکی زۆر خـودانی ئەو بـانکە بوون، بـانکەکـــە پارەیەکی زۆری لـە خـــانووبەرەی دوبـەیدا هـەیە. چەندین گـەندەڵیشـی تێدا کراوە؛ یەک لەو گەندەڵییـانە ئارتیسـتێکی ئەفریقی چەند ملیـۆن دۆلارێکی لـێ خـوارد. کـە من لەوێ بووم، بـانکەکـە خـرابـووە ژێر کـۆنـتـرۆڵی بـانـکی ناوەندی میرییەوە.)[٣١]

نەمتـوانی تێ بگەم بۆ ئەوانەی هـاریکاری ئوسـامەیان دەکرد بەو ڕێگە سـادەیەدا ڕۆیشـتن کـە بە ئاسـانـی شـوێنی هـەڵدەگـیـرێ. چونکە تا ٩/١١ هـەر پارەیـەکی لە ١٠٠٠٠ دۆلار پتـر لـە ڕێگەی بانکەکـانەوە ڕەوان بکرابا، ئەوە بە ئۆتۆمـاتیـکی، بە لقـی نیـــویۆرکی یەدەکی فـــیـــدراڵی Federal Reserveدا دەچوو، پاش٩/١١ ئەو پارەیەی کە بە وێدا ڕەتی دەدا بۆ ٣٠٠٠ دۆلار کەم کراوە. ئەم پرۆسـەیە زۆر لەمێژ بوو بە مەبەستی ئاسایش جێبەجێ دەکرا. گەنجینە چەند سـاڵ بوو سۆفتوێر -soft wareی پێـشکەوتـووی بۆ ناسـینەوەی ئەو بـانک ئەکـاونتـانە دروست کـرد بوو کـە گومـانی لێ دەکرا و نـاوە عـەرەبییـەکانیـشی هـاوێر دەکرد. مـن لە دیپلۆمـاتەکەم پرسی: (بۆ ئەوان باشـتر نەبوو ئەگەر ئەو پارەیەیان بکردبایە بەشبەشی لە ملیۆن کـەمتـر و بە حـەواڵە ڕەوانیـان بکردایە؟) دەمـزانی کـە زۆرترین پارەی بە حـەواڵە ڕەوان کـرابێ یەک ملیـۆن بووە، بەڵام زۆربەی حـەواڵەکانی تر ٥٠٠٠ دۆلار و کـەمتـر

بوون. بە سەرسوڕمانەوە تەماشایەکی کرد و وەڵامی دامەوە: (سەیرە! ئەوە هەر ئەو پرسیارەیە کە ئەوان پرسییان.) کاتێ کە شاندە باڵایە ئەمەریکاییەکە هاتبوو. پرسیم؛ (ئەوان) کێ بوون؟. لە وەڵامدا گوتی: (بنەماڵەی -مەکتووم-ی فەرمانڕەوای دوبەی بوون.) دیپلۆماتەکە سەیری نەهات کە گرژیمەوە. زۆر بە نەرمییەوە گوتی: (ئایا دڵنیا نینە لەوەی کە لەشکری پێنجەمی ئەمەریکایی لە کەنداو لە هەموو دەستدرێژییەک، تەنانەت لە هیی ئەلقاعیدەش دەیانپارێزی؟)

دانم بەخۆمدا گرت، نەمویست قسەی برادەرێکی عێراقی دووپات بکەمەوە کە گوتبووی ئەوانە کارە پێچاوپێچەکانی عەرەبەکانی کەنداون. مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە هەموو عەرەبەکان دەکرێ لە هەموو کەس پتر ببنە دوژمنی ئەمەریکاییەکان. گوتیشی بە خۆشیان دەزانن کە بۆ پاراستنیان لە بەرانبەر دراوسێیە لەخۆیان زلهێزتر و دانیشتوان زۆرتر و بەهێزترەکانی وەک ئێران و عێراق، لە هەموو لایەنێک پتر پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەستن. بە خۆشیان ئەوپەڕ ڕقیان لێیە. عێراقییەکە دەودەوانێی ئەوەی دەکرد کە ئەم پارەدانەیان بە جیهادی ئیسلامی ئیشێکە ڕەنگە تەنیا هەر خۆ بەزاندن بێ؛ بەڵام دەرگەی سەلامەتییانە تا خۆیان لە ئەنجامی خراپتر ڕزگار بکەن. منیش باسی ئەم شتەم بۆ دیپلۆماتە ئەمەریکاییەکان نەکرد؛ چونکە شتێکی ئاشکرا بوو. ئەو پرسیارەی کە دپلۆماتەکە کردی دەکرا بە ئا و بە نا وەڵام بدرێتەوە. ئەگەر ئەو دەوڵەمەندانە عەرەب بن یان نا - هێندە بێباک بن پارە لە ڕێگەی حەوالەوە نەنێرن؛ بە ڕاستی شایانی ئەوەن کە بکەونە ناو داوی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانیش هێندە گێل بێت کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی شازادەکانی کەنداو بێتەوە؛ ئەوە بێگومان لە قسەی خۆش و پەیمانی بێ بنەوا بترازێ چیی تری نایێتە نێو گیرفانەوە. ئەم پەیمانانەش هی ئەمڕۆ نینە، بگرە هی لەمێژینەنە.

لەمێژە وڵاتە یەکگرتووەکان بە گوێی عەرەباندا دەچرپێنێ کە ئەو وڵاتێکی کۆڵۆنیالی نەبووە - ناوە ناوە لە کیوبا، فلیپین، لە ناوەڕاستی ئەمەریکادا بووە - بەڵام هێندە نەبووە کە باس بکرێ. ئەم چەشنە فریودانە سوودی خۆی هەبوو؛ لە ڕاستیشدا عەرەبەکان هەر لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان لە کنیان لە بەریتانیا و فەڕەنسا پەسندتر بووە؛ چونکە لە سەرەتای

سەردەمی (عصبة الأمم League of Nations) بواری ئەوەی پێ دان خۆیان هێزە ڕۆژئاواییەکانی دوای دەسەڵاتی عوسمانییەکان هەڵبژێرن. عارەبەکان باوڕیان بەو پەیمانەی ودرۆ ویڵسن هات کە بە ئاسانی فێری بوون: "پەیمانەکان ئاشکرانە، بە ئاشکراش دەگەنە جێ." ئەو ڕۆژانە بووینە یادگاریی دوور. ئێستاش وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا زلهێزە؛ زلهێزانیش هەموو کات جێی گومان بووینە. عەرەبەکان ئەمەریکا هەموو کات بە زلهێزێکی مشەخۆر دەبینن؛ چونکە بە ڕەهاییەوە پشتیوانی دوژمنە دیرۆکییەکەیان کە ئیسرائیلە دەکات.

ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە هەردەم بووەتە هۆی لە یەکتری نەگەیشتن. بۆیە عەرەبەکان، بەتایبەتیش سعوودیەکان وا لە خۆیان گەیشتوونە کە تەنیا تەماشاکەری لاوەکین، بۆیە نابێ لەو گەمەیە بە هیچ لایەنێکدا بشکێننەوە. هەر وەکو چۆن پەلامارەکەی ٩/١١ ئەو وێنەیەی ئەمەریکای شکاند کە هێزێکە و کەس ناتوانێ لە نزیکەوەڕا دەستی لێ بوەشێنێ، بە هەمان شێوە ئەو پەلامارەی ئەلقاعیدە لە ئایاری ٢٠٠٣دا کردییە سەر ریاد، ئەو شوورە متمانەیەی شکاند کە سعوودیە بە خۆی هەیبوو. ئوسامە هەرگیز نەیشاردووەتەوە کە دەیەوێ ڕژێم لە عەرەبستانی سعوودیدا بگۆڕێ. ئەو سێ پەلامارە کوشندانەی کردییە سەر ریاد لە هەموو سعوودیەکی گەیاند کە چیتر ئەوانیش لە کارەساتەکە دوورنینە.

لەمەو دوا هاووڵاتییان چیی تر ناتوانن هەڕەشەی تیرۆریزم وەک ساڵانی ١٩٩٥و ١٩٩٦ پشتگوێ بخەن. هەینێ هێرشەکان تەنیا سەربازانی ئەمەریکاییان تێدا کوژرا؛ بەڵام ئەم هێرشانەی دوایی بە کەلەکەی خۆیان کەوت. بۆیە ئال سعود ئەم جارە تێ گەیشتن کە تیرۆریزم کەس لە کەس ناکاتەوە. تەنانەت لە دوای ٩/١١ شەوە، ئال سعود هەندێ جار قایل نەبوون بە تەواوەتی دەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان هاریکاری بکەن، بەتایبەتیش لە بواری پارە و پوولدا. ئێستا وا نەماون.

یەکێک لەو هۆیانەی وایان کرد پارەی کەنداو بەردەوام بۆ ئوسامەی بڕوا ئەوە بوو کە ئوسامە دەیزانی عەرەبەکان و موسڵمانەکانیش بەوە دڵخۆش بکا کە سەربازانی ئەمەریکایی بە پڵنگی کارتۆن paper tigers ناوزەد بکا و ئاماژەش بۆ ئەوە بکا چۆن سەربازانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ناچاری لە بەیروت و لە مەگادیشۆدا پاشەکشەیان پێ کرا. بەڵام بە بۆچوونی هیچ لایەنێک بێتوانایی

ئەمەریکا لە ئاستی سەربازی نەبوو. بگرە لەبەرئەوە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەزموونی داگیرکارییان نەبوو؛ بۆیە کادیری مەشقدراویان نەبوو، چەند پشتە هەر دۆستایەتی نەتەوەکانی تریان کردووە، پێوەندیی ئابووریی باشیان هەبووە، زانستی باشیان لەبارەی دامەزراوەکان هەبووە، فایلی پۆلیسیان بووە، هەموو کارەکان زۆر بە ڕەهایی و بە پێی سیاسەتێکی دامەزراوی ڕێک و ڕەوان بەڕێوە چووە. بەریتانییەکان زۆربەی کات فەرمانڕەواییان بە نەرمی بووە و لە کاتی ئاسوودەییدا بەڕێوەبەرایەتییان کردووە و نەشیانویستووە ئەوەی کە لە بەرژەوەندیی خۆیان نەبووە ڕێکی بخەن (تەنانەت لەشکرەکانیشیان وەک لەشکری فەڕەنسا لەبەر بێ پارەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەرچووە.) ئەوەی کە ئەوان ناویان نا گێرەشێوێنی، شێوەی تەکنیکی بەڕێوەبردنی ئەمەریکایی نەبوو. سەدان ساڵ بوو، دەهووەکانی dhowsدوبەی لەگەڵ هەموو کەنداو و هەندێ شوێنی دوورتری ئەفریقیاش بازرگانی دەکرد بەر لەوەی مەکینە بەهێزەکانی دەریایی لەو چەند دەیەی دواییدا بەکار بێنن.

کاپتنی کەشتییەکان بە درێژاییی لێواری دوبەی شارەزای بازرگانیکردن بوون بە هەموو شتێک؛ هەر لە زێڕ بردن بۆ هیندستان و بۆ پاکستان (هەرچەندە ئەو بازرگانییە لەوێ قاچاغە) تا دەگاتە نەفتی قاچاغی سەدام حوسێنی عێراق، کە لەلایەنی UN قەدەغە کراوە، تا هەر شتێک کە قازانجی بۆیان هەبێت، هەموو ئەمانەیان بە قاچاغ دەبرد. زۆر کەڕەت بازرگانییەکەیان جێی نیگەرانینە؛ وەک ئەو کەرستانەی کارخانە ئەمەریکاییەکانی کە کۆماری ئیسلامی گەرەکییەتی، بەڵام یاسای وڵاتە یەکگرتووەکان ناردنی ئەو کەرستانەی بۆ ئێران یاساغ کردووە. چل و حەوت بانک هاوکار دەگەڵ پتر لە ١٠٠ پارە گۆڕەوە، ڕەوڕەوەی بازرگانی دەسووڕێننەوە و ئەو سێ ملیۆن دانیشتوانەی میرنشینەکان دەوڵەمەند دەکەن. زۆربەی ئەو دەزگایانە یان هیندینە یان پاکستانینە یان بیانی شوێنی ترن، لەوێ کار دەکەن، بە کارەکانیشیان کامەرانن. جا ئامادە نینە کەستمەرە عەرەبە ترسێنەرەکانیان دڵگران بکەن یان ڕووبەڕوویان ببنەوە؛ بۆیە تەنیا هەر بە قسە داوای ناسنامەیان لێ دەکەن. ئەو زانیارییانەی ئەوان لێیان وەدەست دێنن زۆر لەوە کەمترە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێ بیزانێ.

لە سەردەمی تاڵیبانەکان فەرمانی ئەفغانستانیان دەگێڕا، دوبەی بازرگانییەکی

باشی دەگەڵ کابولدا هەبوو. میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی یەکێک بوو لەو سێ وڵاتەی کە دانی بە ڕژێمی تاڵیبان دانا بوو (دووەکەی تر پاکستان و عەرەبستانی سعوودی بوون). ئوسامە سەدان پیکاپی تۆیۆتای دەستی دووەمی لە دوبەی کرییەوە بۆ ئەوەی تاڵیبانەکان لە شەڕی دژی هاوپەیمانی باکور بە سەرۆکایەتی ئەحمەد شا مەسعود، بەکاریان بێنن. ئەو پارە خەرجکردنە وەبەرهەمهێنانێکی زۆر بوو بۆ کابرایەکی وەک ئوسامە، کە بە قرچۆکی ناوبانگی دەرکردووە. تا ١١ی سێپتێمبەریش زۆر بە وریاییەوە کاروباری دارایی خۆی بەڕێوە دەبرد. پیکەپەکان بۆ ئەوە بوون کە دڵی مەلا عومەر خۆش بکەن. لە ڕاستیشدا، بوونە پشتیوانییەکی زۆر بۆ ئەو خۆبەخشکارە نائەفغانییانەی کە سەر بە بەتالیۆنی ٥٥٠ ئەلقاعیدە بوون. ئەو بەتالیۆنە، بۆ هێزە شەڕنەکەرەکانی تاڵیبان، وەک بڕبڕەی پشت وابوو. ئوسامە دەیزانی ئەو دیارییانە لە خاکێکی بیانیدا، کاریگەریی زۆری دەبێ کە بە پێچەوانەی خیانەتە. مەلّتن بێردن، لە دوا قۆناغی شەڕی دژی سوپای سوور سەرۆکی بنکەی CIA بوو، گوتی: (بێگومان خیانەت لەو شاخانەدا نەبووە؛ ئەو هەموو ملیۆن دۆلارەی لێرە لە بەردەستدایە، لەوێ هیچ کاریگەرییەکی نییە.)[٣٢]

ئوسامە دەیزانی کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەرەتادا ٥ ملیۆن دۆلاری کردە پاداشتی ئەو کەسەی زانیارییەکی وا دەدا کە دەبێتە هۆی گرتنی، هەروەها دەیزانی کە ئەو پارەیە کرا بە ٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ هەر کەسێک بتوانێ ئوسامە بخاتە ناو فاقەوە. پوشتونوالی pushtunwali کە ئەنجوومەنی باڵای هۆزی پشتۆنە و کاروباری خێڵەکە ڕێک دەخا، فرۆشتنی میوانانی بیانی قەدەغە کردووە[٣٣]. ئوسامە بە خۆی هێندە لە پاکستان و لە ئەفغانستان بووە کە بزانێ لەوێ عەرەب، بەتایبەتیش جیهادییەکان لەلای ئەفغانییەکان خۆشەویست نینە؛ چونکە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە ئەو عەرەبە وەهابییانە ئەوان بە لادێیی گێل دەبێنن؛ بۆچوونیشیان وایە دەبێ بۆ ئەوەی ئەو گەندەڵییەی کە لە ناویاندا ڕەگێکی قووڵی داکوتاوە، لا بچێ؛ پێویستە پەیرەوی لایەنە توندڕۆیەکەی وەهابیزم بکەن. ئوسامە لەلایەک هەردەم پارەی بە خێر دەدا خانەخوێیەکەی؛ لەلایەکیش کوسکێشی بۆ مەلا عومەری دەکرد و تاڵیبانی بە جۆرێک ناوزەد دەکردن کە لە بواری فەرمانڕەواییدا، پاکترین مەزهەبی ئیسلامی پەیڕەو دەکەن.

هەر لەوەتەی ئوسامە لە ١٩٩٨٠کاندا گەیشتە ئەفغانستان هەموو کات بە شێوەیەکی ئەوپەڕ ڕەوشتی بەرزەوە هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ خەڵکیدا کردووە. بۆ ئەوەش کە پێوەندیی خۆی دەگەڵ تورابیدا خۆش بکات؛ هەر کە گەیشتە سوودان، بەر لەوەی دووکانێک بۆ خۆی ڕێک بخات، چەند ملیۆن دۆلارێکی پێشکێشی کرد و چەند ڕێگەوبانێکیشی بە خۆڕایی بۆی دروست کرد[٣٤]. کە لە ١٩٩٦یش هاتەوە جەلال ئاباد، لەوێ دەستی بە پارە بەخشینەوە کرد. جەلال ئاباد ناوەندی قاچاغچییانە، لەو کات لەلایەنی چەند سەرکردەیەکی ئەفغانییەوە بەڕێوە دەچوو. ئەو سەرکردانە زۆر زوو دەوڵەمەند بوون؛ توانیشیان بە خێرایی کۆنترۆڵی ئەو هەرێمانەی لای ڕۆژهەڵات بکەن کە لەسەر سنووری پاکستان بوون. هەر کە تاڵیبان شورای ڕۆژهەڵاتیان بەزاند، ئوسامە یەکسەر هاوپەیمانیەتی خۆی بۆ لای مەلا عومەر برد، لە قەندەهار کۆشکێکی بۆ دروست کرد و هەندێ ڕێگەوبانی ئەفغانستانیشی لێرە و لەوێ بۆی چاک کردەوە. پارە دەگەڵ یارمەتی سەربازی و ئامۆژگارییەکانی پاکستان، وای کرد کە تاڵیبان خێرا بەرەو پێشەوە بچێت و پشتیوانی سەرکردەکانی شەڕی ئەفغانیش مسۆگەر بکات. بەڵام پارە لە هەموو ئەوانی تر پێویستتر بوو[٣٥]. پارەی کاش ڕێگەی هاتوچۆی بێ تەگەرەی بە ناو ئەفغانستان و پاکستان بۆ ئوسامەی خۆش کرد. لە لایەکی تریشەوە وای لە تاڵیبان کرد کە دەست لە کاروباری ئەلقاعیدە وەرنەدەن. ئەو هەموو ئۆردووگەیەی کە ئوسامە لە دوای گەڕانەوەی، لە سەرتاسەری ئەفغانستاندا دای مەزراندن؛ پارە وای کرد ئەوانیش بە ئازادییەوە کاری مەشقکردن ڕاپەڕێنن. ئەو پارەیە وای کرد ئوسامە بە دڵی خۆی لەو وڵاتەدا هەڵسوکەوت بکات، بێ ئەوەی بەرپرسێتی میری بکەوێتە ئەستۆی. تاڵەبان لە هەموو کاروباری ڕۆژانەی هێندە کەوتبووە سەر خۆبەخشکارەکانی ئەلقاعیدە کە ئیتر پێی نەدەکرا لەبارەی کامپەکانی مەشقکردن هیچ پرسیارێکیان لێ بکات.

ئەو دیاریانەش ئوسامە پێشکێشی گەورە بەرپرسانی پاکستانی دەکرد، وای کرد لە هەموو جموجووڵێکی ئەمەریکا و لە پیلانەکانی ئاگەداری بکەنەوە. تەنانەت دەیزانی چۆن دەستی وردە بەرپرسەکانیش لە فڕگەی پێشاوەر (شیرین بکات sweeten ) بۆ ئەوەی خۆبەخشکارە جیهادییەکان بتوانن بە ئاسانی بگەنە شوێنەکانی مەشقکردنیان[٣٦]. لە ڕاستیدا لێکۆڵەرەوە ڕۆژئاواییەکان ئەوە

پشـتـڕاست دەكـەنەوە كـە هـبـوودییـەكی زۆر كـەم پێـویست بـوو هـەتا لە هـەمـوو گرفتـەكـانـی گـومـرگ و كـارمـەندانی كـۆچ دەربـاز ببی؛ چونكە ISI كـارئاسـانی بۆ هـاتنی جیـهــادییـەكـان دەكـرد. لەو كـاتـانەی كـە وڵاتە یـكگرتووەكـان نـاوە نـاوە دانوسـتـانی دەگـەڵ تـاڵیـبـاندا دەكـرد، هـەردەم پـارە بـە شـێـوەیەكی نـاڕاسـتـەوخـۆ لە بەرژەوەندی ئوسامە دابوو. وڵاتە یەكگرتووەكان بە هیچ شێوەیەك نەچووە بن باری تاڵیـبـانەوە بـۆ ئـەوەی سـەرۆكی ئەلقـاعیـدەی بە دەسـتـەوە بـدەن بـەرانبـەر بەوەی كـە دەوڵەتانی دنیا دانی پێدا بنێن.

كـە بـارەكـە شـێـوا و تـاڵیـبـان ڕووخـان، خـاینـەكـان تەنیـا پـارەیـان لە دەست مـاوە سـوودی لێ وەربـگرن. لە دوا ڕۆژەكـانی تـاڵیـبـان، بـەر لـەوەی ئوسـامـە جـەلال ئاباد بەجێ بێلێ و بەرەو شـاخـەكـانی تۆرابۆرای نزیكی سنووری نێوان ئەفغانسـتـان – پـاكـسـتـــان هـەڵكشێ، بە خـــۆی توورەگـــەی بچـــووكی پڕ لـە پـارەی بە ســـەر برا گـەورەكـانی خـێـڵـەكـاندا دابـەش كـرد. زیرەكـانە پـارەی ئێـرانی یان پـاكسـتـانی خسـتبـووە ناو هـەندێ لە توورەگـەكانەوە. بۆ ئـەوەی ئەگـەر یەكێك لەوانەی پـارەكەی وەردەگـرن بییـەوێ بچـێـتـە یەكێك لەو دوو وڵاتانە و لەوێ داوای پەنـابەری بكات، پارەكە بە كەڵكی دێت.

بە قسـەی ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییـیەكان، ئەلقاعیدە بایی پاراستنی خۆی پارەی بە دەسـتـەوە هـەبوو. بەڵام جگە لە پاشـمـاوەی ئـەو سـامـانـەی كـە ئوسـامـە بـە خـۆی هـەیبـوو، هـەمـوو پـارەكـەی تری لە بەخـشندەكـانی كـەنداوەوە دەهـات، بە ئازادی لە ئەفـغـانسـتـان و لە پاكـسـتـان خـەرج دەكـرا. ڕۆژئاواییـیـەكـان لەبارەی ئەو كـارە بەڕاشكاوی هوشـیـاریـیـان دا؛ بەڵام بـۆ ئەوەی پڕوپاگـەندە بـۆ وەهـابیــزم بكەن، عەرەبەكان زۆر بە دەست والاییـیەوە پارەیان دەبەخشییە تاڵیبان و سـەركـردەكانی جیهادی پاكستانی و حوجرەكانی فەقێیان كە خۆیان دایان مـەزراندبوو؛ بێگومان ئوسـامـەش لەو پارەیە بێ بەش نەدەكـرا. هـەرچەندە بەردەوام باسی ئەوە دەكرا كـە ئوسـامـە لە ئەفـغـانسـتـان پارە پەیدا دەكـات، بەڵام كـەسـێك نەیتوانی بەڵگـەیەكی زیندوو بە دەستەوە بدا (كە ئوسامە لـەوێ یان لە هـەر شوێنێكی ئەم جۆرە كـارانە دەكـا). ئاشـكرا بوو پـارەكـەی بۆ كـوێ دەچوو. زۆربەی پـارەكـەی لە كـامـپـەكـانی مـەشـقـكردن لـە ئەفـغـانسـتـان، خـەرج دەكـرا. تەنانەت كـە ئوسـامـە بـە خـۆی لە پاكستـانیش بوو، كـامپەكـانی ئەفغانستان هـەر لە كـاردا بوون. كـە متمـانەی مـەلا

عـومـەریشـی وەدەست هـێنا، ئیـتـر ژمـارەی خـۆبەخـشکـارەکـان زۆر زۆر بوو. ئەو ژمـارەیە هـەتا ١١ی سـێپـتـێمبـەری ٢٠٠١، هـەر لە بەرزبوونـەوە دابوو. ئەو کامـپـانە سـەربازی پیـادەیـان بە کـۆمـەڵ، دەردەچـواند– هـەندێ ئەمـەریکایـی ژمـارەی دەرچووانی ئەو کـامـپـانە لە یەک دەیەدا بە ٣٠٠٠٠ کـەس دەخـەملێنن – ژمـارەیەکی کـەمـتـریش تیـرۆریسـتی باشـتـر مـەشـقـدراویان دەردەکـرد، هـەندێک لەوانـە چڵکە دەستێکیان پێ دەدرا و ڕێنوێنی دەکران بۆ ئەوەی بچن لە وڵاتەکانی خۆیان یان لە ڕۆژئاوادا کـاری تیـرۆریسـتی بکەن. ئـەو تۆمـەتانـەی کـە وڵاتە یەکگرتـووەکـان سـەبارەت بە وەبەرهـەمـهـێنانی بنێـشـتی خـەشـخـاش opium، دەیخـسـتـە پاڵ ئوسـامـەوە، هـەرگـیـز پشـتـڕاست نەکـراوەتـەوە. ئاشکرایە کـە ئوسـامـە زۆر بە بەڕێوەبردنی کامپـەکانەوە سـەرقاڵ بوو. بەڵام توێژوانانی هـەواڵگرە ئەوروپاییـەکان باوەڕیان وایە کـە ئوسـامـە ئەو بابـەتەی دەگـەڵ بازرگـانەکـان تاووتـوو کـردووە و ڕێککەوتنێکی سـەبارەت بە جـۆرە هـاریکارییـەکی دوو لایـەنەی دەگـەڵیـاندا هـەبووە(٣٧).

بەشداریکردنی لە بازرگانی بنێـشـتی خـەشـخـاش لە ئەفغـانسـتـان، هـەرچەندە قـازانجی زۆر بوو؛ بەڵام مەترسـی پتری بۆ ئوسـامە هـەبوو. ڕەنگبـوو ئەگەر دەسـتی لەو کـارە وەربدایـە ڕووبەڕووی گـەورە دەسـەڵاتدارانی ئـەفـغـانـی و پاکـسـتـانـی بهاتبـایە، چونکە ئەوانە لە ١٩٨٠کانەوەڕا خەریکی ئەم بازرگانییە بوون، ئێسـتاش ئامادە نەبوون ئاوا کتوپڕ شـەریکیان بۆ پەیدا بێت. لەلایەکی تریشـەوە تاڵیبـانیشـی لەخۆی توورە دەکرد، چونکە ئەوان داهاتێکی باشیان لەو جووتیـارانە دەساند کە ڕووەکی خـەشـخـاشـیـان دەچاند(٣٨). بەرهـەمـەکـەی ٢٠٠٣ بە ٤٠٠٠ تۆنی مـەتری خـەملێندرا بوو. پسـپـۆڕانی بواری کـەرسـتـە بێـهـۆشکـەرەکـان لەو باوەڕەدانە کـە ئوسامە تەنیا بایی هێندە لەو بازرگانییەوە گلابێ کە لە هەندەران کڕیاری بۆ پەیدا کردبن. چونکە تـاڵیبـان ڕێگەی بە سـەرکردە خۆییـەکان نەدەدا بەو کارە خـۆیان سـەرقاڵ بکەن؛ بۆ ئەوەی کێشە گەورەکەیان لە بیر نەچێتەوە. ئەو گومانانـەی کە پسـپۆڕەکان هـەیانبوو وای نـەکرد دوژمنانی ئوسـامە واز لـەو پڕوپاگەندانە بێنن کە باسـی تێوەگلانی ئوسـامـەیان کاوێژ دەکردەوە. هیندسـتان و ڕۆژنامـە میرییـەکانی سـعـوودیە و حکوومـەتەکـانی ڕۆژئاوایی وازیان لـەو پاگـەندانـە نەهێنا کـە گـوایا ئوسامە بازرگانی بە کەرستە بێهۆشکەرەکان drugs دەکات. بیانووشیان ئەوە بوو

که ئوسامه دەستی گەیشتووەتە ئاسیای ناڤین و چیچنیا و هەندێ وڵاتی تریشەوە بۆ ئەوەش ئەو هەموو چالاکییانەی ئیسلامییە یاخیبووەکان بەردەوام بێت، ئەویش ئەوە دەکات کە لە پێش ئەوەوە فەرەنسییەکان و ئەمەریکاییەکان کردیان: ئەوان کەرستە بێهۆشکەرەکانیان بەکار هێنا تا کرێی چالاکییەکانییان بدەن. ناوبانگی حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان لەم بارەیەوە هەر گومان نەبوو؛ بگرە بە بەڵگەی زۆر زەق لە بەرچاو بوو. یەک نموونە لە ناو گەلێکی تردا، ئەوەیە کە لە ناو یەکێک لە دۆسێیەکانی حکوومەتی بەریتانیا کە لە ٤ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١دا ڕێک خراوە، دەیەوێ ئەو هەڵمەتەی ئەمەریکاییەکان لە دژی تاڵیبان و ئەلقاعیدە سەرکردایەتی دەکەن، بۆ ئەوەی (هەموویان بە یەکەوە بازرگانییەکەی کەرستە بێهۆشکەرەکانی ئەفغانی تووشی زیان بێنن) بە کارێکی ڕەوای بزانێ. هەرچەندە کۆششی زۆر کرا بۆ ئەوەی بەڵگەی گومان - هەڵنەگر بخرێتە بەردەست، بەڵام هەرگیز درێژی کردارەکە ئاشکرا نەبوو. (لێکۆڵەرەوەکانی هەواڵگری ڕۆژئاوایی لە بەینی خۆیاندا دەڵێن کە تاڵیبان دەستیان هاتەوە بەرەخۆ، توانییال ١٠ لە سەدا باج بخەنە سەر بازرگانەکانەوە و لە بارەیەوە ئەلقاعیدە هیچی بە دەستەوە نەبوو. بەڵام ئوسامە سەربازەکانی خۆی توند کۆنترۆڵ کردبوو.) سەرکردەکانی شەڕ چۆن پێشتر بازرگانییەکەیان لە شەڕەکانی ٢٠٠١دا دەرچوواند، ئێستاش لە زۆر لەو بازرگانییەدا بەشدارن. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە ئەم جارەیان خەشخاشەکە وەک پێشان وشکی ناکەنەوە و بە کاڵی ڕەوانی بازاڕی ناکەن؛ بگرە دەیکەنە ئەفیوون ئینجا بە نرخێکی گرانتر دەیفرۆشن[٣٩]. سندووقی دراوی نێو دەوڵەتی لەو باوەڕەدایە کە: (هەناردەی خەشخاش و پێکهاتەکانی تری کە پار بایی ٥٢ بلیۆن دۆلار بوو؛ ئێستاکە نیوەی سەرجەم داهاتی ساڵانەی ئەفغانستان پێک دێنێ.)[٤٠]

هەرچەندە نیازی ئوسامەی لە کڕینی پیکەپە ژاپۆنییەکان دیاربوو، بەڵام دوبەی وەک چۆن دەگەڵ ئایەتوڵایەکانی ئێران و سەدام حوسێنی عێراقی نەرمی نواند، دەگەڵ کڕینەکەی ئوسامەش هەر هەمان ڕەوشتی هەبوو. لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە دوبەی باشترین سستمی بانکی هەبوو ئاسانترین ڕێنوێنیشی دەگەڵ کەستمەرەکانی پەیڕەو دەکرد. هەموو جۆرە کەرستەیەکی پێویست لە دوبەی هەبوو، بەتایبەتیش کەرستە ئەلیکترۆنییەکانی وەک سەهۆڵدان، تەلەڤزیۆن،

پێداویستییەکانی تری ناو ماڵ، کە پیشەدارییەکی فرە ملیۆن دۆلاری لێ جێبەجێ دەبوو. کەرستەکای جاری یەکەم بە هۆی دەهوەکەوە ڕەوانی هەموو کەنداو دەکرا. پاشان دەچووە ئێران، لە ئەوێشەوە بۆ پاکستان و پاشان دووا قۆناغی ئەفغانستان بوو[٤١]. یارمەتی ڕانەندەی لۆرییان بوو تاڵیبانی هێنا سەر حوکم؛ چونکە ئەوان تەنیا یەک باجیان لێ دەستاندن، کەچی پێشتر گەورەکانی شەڕ لەسەر هەموو ڕێگەیەک بازگەیان دانابوو بۆ ئەوەی سەرانە لەو شوفێرانە بستێنن. تاڵیبان هاوکار دەگەڵ کارتڵی زەبەلاحی شوفێری لۆرییان لە گواستنەوەی کەلوپەلی ئێلکترۆنی قاچاغ بۆ پاکستان، پارەی بێ ژمارەیان هاتە دەست. ئەو گەندەڵییە نزیکەی نیو سەدە دەبوو لە نێوانی پاکستان و ئەفغانستان هەبوو؛ بەو پێیە پاکستانییەکان بەندەری کەراچییان بۆ ئەفغانییەکان ئازاد کرد بوو بۆ ئەوەی بە دڵی خۆیان کەلوپەلی فرە چەشن بۆ فرۆشتن بۆ ئاسیای ناڤین بنێرن. تاڵیبانیش بەو توانایەیانەوە هەموو جۆرە داهاتێکی ئەو پێداویستییانەیان لە نەیارەکانی هاوپەیمانی باکور قەدەغە کردبوو؛ تا هیچ قازانجیان بە دەست نەگات. پاکستان بەو مەبەستە ڕێگە خۆشی بۆ ئەفغانییەکان دەکرد تا ببنە قووڵایی ستراتیجی وڵاتەکەیان بەرانبەر بە هیندستان، کە هەر لە دێرزەمانەوە دوژمنیان بوو. پاکستانیش بۆیە خۆشهێنانی ئوسامەی کرد، چونکە یارمەتی ئەفغانییەکانی دەدا، ئەفغانییەکانیش بۆ یارمەتی پاکستان هەردەم سەریان پێوە نەبوو.

١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ هەڵوێستی واشنتنی لە بەرانبەر بە تیرۆریزم لە بنەڕەتدا گۆڕی. کۆنگریسی ئەمەریکایی بە چەند حەفتەیەک یاسای نیشتمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا USA Pariot Actی گەڵاڵە کرد. یاسایەکە زۆر لە ئازادییە شارستانییەکانی خستە چوارچێوەوە. دەسەڵاتی دا میری بۆ ئەوەی بتوانێ ماڵی هاووڵاتییان بپشکنێ، بە دوای ئەو کەسانەدا بچێ کە دەیەوێ لە هەندەران دەستگیریان بکات، دەشتوانێ بەپێی یاسایەکە هەر پارەیەک بلۆک بکا کە پێوەندیی بە تیرۆریزمەوە هەبێت. بانکە ئەمەریکاییەکان کتوپڕ لە تاووتووکردن دەگەڵ هەر بانکێکی دەرەکی قەدەغە کران ئەگەر ئەو بانکانە بەن بە سەنگەری بانکە گومان لێکراوەکان. هەندێ دەزگای دارایی گرینگ لە ناوەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان داخران. هەرچەندە ململانێیەکی زۆر لە نێوان CIA و FBI و هەندێ دەزگای هەواڵگری تردا هەیە، بەڵام هێشتا نهێنی زۆر ئاشکرا کرا،

بەتایبەتیش زانیارییەکان پێوەندییان بە پارەوە هەبوو. بە چەند ڕۆژێک ئاشکرا بوو کە سەرکەوتنی تیمی خۆکوژەکان لەوەوە هات کە ڕێبازێکی تایبەتی ئەلقاعیدەیان پەیڕە و کرد کە دەزگا هەواڵگرەکان پێشتر دەست نیشانیان کردبوو.

تیمەکە بە شێوەیەکی یاسایی پارەیان بە ناوی خۆیانەوە لە ڕێگەی فەرمییەوە بۆ هاتبوو یانیش ئەو پارە کاشەی دەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان، بە فەرمی لە فرگەکاندا بۆ کارمەندانی گومرگی وڵاتە یەکگرتووەکان ئاشکرایان کردبوو. لەم لایەنەوە، ئوسامە ئیشەکەی وەک قومارکردنێک دەگەڵ بانکدا ڕاپەڕاندبوو؛ ئەوەش ڕێبازەکەی ئەلقاعیدە بوو. بەڵام ئەو ئەمەریکاییانەی کە هێشتا باش شارەزا نەبوون سەریان لەوە سوڕما کە چۆن ئەو کارە تیرۆریستییە بە پارەیەکی هێندە کەم ئەنجام دەدرێ. ساڵێک پاشتر حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی کارە تیرۆریستییەکە لە ٥٠٠٠٠٠ دۆلار بۆ ٦٠٠٠٠٠ دۆلاری تێ چووە. بەڵام FBI پاشتر گوتی ١٧٥٠٠٠ دۆلار و پاشان کردییە ٢٥٠٠٠٠ دۆلار، لە کارە تیرۆریستییەکەدا ڕۆییوە[٤٢]. زۆر لە ئەمەریکاییەکان باوەڕیان بە بەهای پارەکەی لە سەرەتادا باس کرا نەکرد. پاشان دوا پارەش کە باس کرا لە فەرهەنگی مێژوویی تیرۆریزمدا هەر بە سامانێکی زۆر دەژمێردرێ. بە پێی خەمڵاندنی پسپۆڕانی دژە تیرۆرزم، شاڵاوە تیرۆریستییەکەی دژی فەڕەنسا لە ١٩٩٥دا کەمێک لە ٤٠٠٠٠ دۆلار پتری تێ چوو. پسپۆڕەکان لەو باوەڕەشدا بوون کە ئوسامە بڕێک لە پوولەکەی بۆ تیرۆریستەکان ئامادە کرد بوو[٤٣]. چیی تر ئەو کردەوە تیرۆریزمییانەی وەک ئۆتۆمۆبێل تەقاندنەوە، کە خەرجی زۆری تێ دەچێ، ناکەن. ئەوەی لە دژی باڵیۆزخانەکانی ئەفریقیای باشوور کرا، تەکنیکێکی تیرۆریستی بوو لە پەلاماردانی سەنگەرەکانی هێزی ئاسمانی لە خوبەر لە ١٩٩٦و لە بالیّ لە ٢٠٠٢ لە ئەندۆنیزیا دا، دووپات بوونەوە[٤٤].

هەموو کردەوە تیرۆریستییەکانی تر لە تونس و مەغریب و ئێندۆنیزیا و پاکستان و عەرەبستانی سعوودی و ئسپانیا و تورکیا و کێنیا و پارەی زۆر کەمیان لێ خەرج کرا. تەنانەت هێرشەکەی ٢٠٠٠ بۆ سەر USS Cole لە بەندەری عەدەن، پاشتریش پەلاماردانی تانکەرە زەبەلاحەکەی فەڕەنسا لە بەرانبەر کەناری یەمەن، هەموو ئەوانە یەک جۆرە بودجەیان بۆ تەرخان دەکرا. پێشان، لەمیانی خۆ ئامادەکردنیان بۆ کردارە گەورەکان، تیرۆریستان تاوانی بچووکیان دەکرد و

کـاتێکیش کـە دەگـیـران لە پۆلیس دەپاڕانەوە و دەیانگوت بۆ ئەوە ئەو ئـیـشـەیان کردووە تا بژێوی خۆیان پەیدا بکەن؛ ماوەیەکی برد تا پۆلیس بەسەر ئەو فێڵـەیان کەوت (هـەنـدێ جار هـەر بە غـاردان ٥٠ دۆلاریان دەدزی، پاش مـەوەیەک ئـینجا وە بەردەسـتی پۆلیس دەکەوتن.) تەنانەت بۆ ڕاپەڕانـدنی کردارە گـەورەکـانیش کـەم وا دەبوو ئوسـامـە پارەیەکی زۆر خـەرج بکات. کـە پیلانەکـانی دادەڕشت، هـەمـوو کـات هـەوڵی دەدا تا جێبەجێکردنی کارە تیرۆریسـتییـەکان، پیاوەکانی بە کەمـترین پارە کاروبـاری خۆیان بەڕێوە ببـەن. ئەوەش سـەیر نییە؛ چونکە ئەلقاعیدە گەلـێ جاران بە (دەزگای دەربازبوونی تیرۆریزم) ناوزەد دەکرێ. (بۆ نموونە ئەحمەد رسـام تەنیا ١٢٠٠٠ دۆلاری درایێ کـاتێک کـە ڕەوانی ولاتـە یەکگرتووەکـان کـرا بۆ ئـەوەی لە سـەرەتای هـەزار سـاڵە کرداری تیرۆریسـتی گەورە بکات.)

جیـهادییە توندڕۆیەکـان دەیانزانی ڕۆژێک دێ پۆلیس بەسـەر فێڵـی چۆنیەتی پارە پەیداکردنیـان دەکەوێ. جیهـادییەکان لە مسـر دوکانەکانی مرواری فـرۆشی قبتییە کریسـتیـانەکانیان بڕی. هـاوهزرەکانیان لە ئێندۆنێزیا زێڕینگرەکانیان تاڵان کردن. لە ئـەورووپای ڕۆژئاوا و لـە ئەمـەریکاش ئەو جـیـهـادییـانـە قـازانجی تەواویـان لە سسـتمی وێڵفێر welfare کرد. پیشە پەسندەکەی تریان دزینی تەلەفۆنی مۆبایل و هـەموو چەشنە کاردەکانی بانک بوو. جیهـادییەکانی ئەورووپاش ئۆتۆمۆبێلی دەسـتی دوویان دەکڕییەوە و دەیانبرد لە ڕۆژهـەڵاتی ناڤین یان لە ئەفریقیا، دەیانفرۆشتەوە. هـەندێکیـــان پیـــشـــەی ڕەوایان دادەمـــەزراند بۆ ئـەوەی ئـیش بـۆ تیـــرۆریســـتـــە هـاوکارەکانیـان پەیدا بکەن. لە بەریتانیا دووکانی پیتزا و بەنزینخانەیان هـەبوو، لە نایرۆبی و لە دارولسـەلام پەنچـەرچیـاتیـیـان دەکـرد، لـە کـەنارەکـانی کـێنیـاش بەلەمێکی مـاسی گرتنیان هـەبوو. هـەندێ لەم فێڵانە لە دواییدا ئاشکرا بوون، بەڵام هـەندێکیان هـەر ماون، ڕەنگە هـەر بشمێنن.

بۆ ١١ی سێپـتێمبـەر، ئوسـامە تاکتیکی خۆی گـۆڕی؛ پارەی دا. هـەمـوو پارەکـانی کـە دەینارد بـە ئاشکرا بوو؛ بۆیە هیچ گـومـانێکی لێ نەکـرا. هێـرشـەکـەی سـەر ئەمـەریکا خـالد شـێخ مـحـەمـەد پلانەکـەی بۆ دانا. خـالد بە ڕەگـەز کـابرایەکی بلووچییـە و ڕەگەزنامـەی پاکسـتانی هـەیە، لە کوێت هـاتووەتـە دنیـا و هـەر لەوێش پەروەردە بووە. لـە ناوەڕاسـتی ١٩٨٠کـانـدا لە زانکۆی "نۆرث کـارۆلاینا" دەرچوو؛ بڕوانەمای ئەندازیاری وەرگرت. پلانەکەی خالد هـاوشێوەی ئـەو پلانە بوو کە رمزی

یوسفی خوشکەزای لە ساڵی ١٩٩٣دا بۆ ڕووخاندنی سەنتەری بازرگانی جیهان لە نیویۆرک، دای ڕشتبوو. دوای پەلامارەکە، رمزی یوسف ڕای کرد. پاشتر لە مانیلای پایتەختی فلیپین بەردەوام پلانی دادەنا بۆ ئەوەی فڕۆکە ئەمەریکاییەکان بپێکێ. رمزی یوسف لە ١٩٩٦دا گیرا و ناردرایەوە بۆ نیویۆرک، لەوێ تاوانی هێرشکردنە سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی درایە پاڵ. رمزی بەو کەسانەی گوت کە لێکۆڵینەوەیان دەگەڵیدا دەکرد کە ئەگەر پوولی پتری بە دەستەوە هەبایە، (بۆمبی کاریگەرتری دروست دەکرد.)(٤٥)

لە سەرەتای داڕشتنی پیلانەکەی ١١ی سێپتێمبەر، کە لە ١٩٩٩دا دەستی پێ کرد، محەمەد دەسەڵاتی دارایی دا مستەفا ئەحمەد حەوزاوی کە هاووڵاتییەکی سعوودی بوو، پسپۆڕێکی تایبەتمەندی کاروباری ئەلقاعیدە بوو، لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبیدا دەژیا. ئەو کابرایە گەورە پارە بەخشی ئەلقاعیدە بوو. لە ئیماراتی (شارجەوە) ڕا پارەی بۆ چەندەها بانکی جیاوازی ئەمەریکایی دەنارد؛ بە بێ هیچ ماندووبوونێک سی و پێنج ئەکاونتی جیاوازی کردبووەوە. ئەمەش لەبەرئەوە بوو چونکە بانکەوانەکان ژمارەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی Social Security Numberیان لێی نەویستبوو. فڕۆکەڕفێنەر highjackerکان ئەو ژمارەیان نەبوو(٤٦). گەورەترین زیان کە لە ئەلقاعیدە کەوتبێ گرتنی مستەفا و محەمەد بوو. هەردووکیان وێکڕا لە ماڵێک لە ڕاوەڵپێندی لە پاکستان دەستگیر کران.

فڕۆکەیەکی ئەمەریکایی بە کۆمەڵێک تەلەفۆنی مۆبایل و دۆکیومێنت و کۆمپیوتەری گیراوەوە هاتەوە بۆ واشنتن. ئامێرە گیراوەکان زانیاری پتریان لەبارەی چالاکی دارایی ئەلقاعیدە ئاشکرا کرد. تا ئەو کات ئەلقاعیدە سەلماندبووی ئەو نسکۆیانەی کە تووشی هاتبوو زۆر کەم کاری تێ کرد بوو. حەوزاوی بە ناوی خۆی پارەی بۆ خۆ کوژەکان نەنارد بوو. بەڵام چونکە ئەندامەکانی ئەلقاعیدە لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیانزانی کە هەر دەمرن؛ شانازیشیان بە شەهیدبوونیان دەکرد؛ بۆیە بێ ترس ئەکاونتەکانی بانکیان بە ناوی خۆیان کردبووەوە و لایسنسی ئۆتۆمۆبێل لێخوڕینیان دەگەڵ کۆنتراکتی خانوو بە کرێ گرتنیان بە ناوی ڕاستی خۆیان بوو. بەڵام هێشتا ئەوان بەختیان گەورە بوو؛ چونکە بە هۆی هەڵەی بیرۆکراتییەوە بوو کە پیلانەکەیان ئاشکرا

نەبوو[٤٧]. لە ڕاستیدا ئەوان گەلێک دەرگەیان بە والآیی هێشتبووەوە – جا یان لە نەزانییان بوو یانیش بە نیازەوە وایان کردبوو ئەوە بوو کە یەکسەر دوای ١١ی سێپتێمبەر کارمەندانی یاسا سەپاندن بە پەلە شوێنی تێکەولێکەی بانکییان کەوتن؛ هەر لە کرێدت کاردەکانیانەوە تا دەگاتە پارە دەرهێنان لە ئەی تی ئێم ATM و کڕینی بلیتی فڕۆکە و کرێی قوتابخانەکانی فڕۆکاوانی و ئۆتۆمۆبێل بە کرێ گرتنەوە، شوێنی هەر هەموویان هەڵگرت.

تیمە خۆکوژەکە زانیبوویان کە چیی تر پارەیان پێویست نابێ؛ بۆیە ئەو ٢٦٠٠٠ دۆلارەی لەلایان مابووەوە، لە ڕێگەی بانکی (شارجە) بۆ حەوزاوییان ناردەوە. دیار نییە ئایا ئەو پارەیەیان بە پێی خواستێکی ئەلقاعیدە ناردەوە، یان شتێکی زیاد بوو لایان یانیش هەر ویستیان پیاوەتییەکی بکەن. بێگومان ئەو کارە بوو یارمەتی دڵنیابوونی ئەمەریکای دا لەوەی کە حەوزاوی ئەو پیاوە نەبوو کە ١٠٠٠٠٠ دۆلار بۆ ئەو تیمە خۆکوژەی ناردبوو کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بوو. ئەویان گەورە کارمەندێکی دارایی ئەلقاعیدە بوو[٤٨]. ڕەنگە ئاشکرابوونی ئەو کابرایە لە ئەنجامی ناردنەوەی ئەو پارە کەمەوە بوو بێت. هەرچەندە ئەگەر ناردنەوەی ئەم پارەیە لەسەر خواستی ئوسامەی پیسۆش بێت، بەڵام هێشتا ئەوە بە دیار دەخات کە تیمە خۆکوژەکە هێندە متمانەیان بە خۆیانەوە بووە؛ لەوە نەترساون بەڵگەش بخەنە بەردەستی لێکۆڵەرەوە ئەمەریکاییەکانەوە.

هەرکە بەڕێوەبەرایەتی لە لەرزە shockی سەرەتای پەلامارەکەی ١١ی سێپتێمبەر بەخۆهاتەوە، واشنتن بە پەلە هەموو ئەو ئەکاونتانەی بانکی بەستاوە کە هیی ئەو ڕێکخراو و بانک و چاکخواز و تاکە کەسانە بوون کە گومانیان لێ دەکرا و ناویان لە ناو لیستی چاودێریکردنی تیرۆریستاندا هات بوو. ئینجا لە حکوومەتە دۆستەکانیشی خواست کە ئەوانیش هەمان هەنگاو بهاوێژن. دەمودەست فۆکەس چووە سەر عەرەبستانی سعوودی ئاخر لە نۆزدە خۆکوژەکە تەنیا چوارانیان نەبێ، هەموو ئەوانی تریان سعوودی بوون. هاووڵاتییان و سیاسەتڤانانی ئەمەریکایی هەموویان هەستیان بە ئەوپەڕ تووڕەیی دەکرد؛ چونکە سعوودی هاوپەیمانی دێرینیان لە سەرەتادا پیلانەکەی پووچەڵ نەکردەوە. بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەیەکی تاکتیکی دەستی بە سەپاندنی یاسا کرد و ئەوانەی

کێشـەی گـەوهـەریان هـەبوو هـەمـوویانی بە ئاشکرا، خسـتـە بـەر دەسـەڵاتی ئەو یاسایە. لە ڕاستیشدا هیچ کام لەو پارانەی کە لە واشنتن و نیویۆرکدا بەسترانەوە پێوەندیی ڕاستـەوخـۆیان بە پـەلامارەکانەوە نـەبوو. بەڵام لە چەند مـانگی پاشـتر لیستی ناوی تاکە کەس و دەزگا و ڕێکخراوەکانی ناوەخۆ و دەرەوەش لە واشنتن بە دیار دەخـرا. ئەوروپاییـیـەکـان بە پەلە و بە شـێـوەیەکی دوور لە خـەیاڵ هاریکارییان کرد. بەریتانیا و کەنەدا و ئایرلاند کە لە سەرەتادا قایل نەبوون گـومـانلێکراوەکـان بدەنەوە وڵاتەکـانی خـۆیان، دەسـتـیـان بە هاریکاری کـرد. دادگەیەکی بەریتانی لە ٢٠٠٢دا، قایل نەبوو فڕۆکەوانی جەزایری لوتفی رایسی لەبەر نەبوونی بەڵگە، تەسلیمی وڵاتە یەکگرتووەکـان بکات. رایسی ئازاد کـرا؛ پاشان شکایەتی لە وەزارەتی داد و لە FBI کرد، چونکە بێ بەڵگە گومانیان لێ کردبوو کە فڕۆکەوانە خۆکوژەکانی ١١ی سێپتێمبەری لە ئێریزۆنا، مەشق دابن(٤٩). هەر ئەو ساڵ، لەبەر هەمان هۆی نەبوونی بەڵگەوە، دادگەیەکی تری بەریتانی بڕیاری دا کە یاسر سری نەداتە ئەمەریکاییەکان. یاسر سری بە کوشتنی ئەحمەد شا مەسعوود تاوانبار بوو. ئەویش ئازاد کرا. خالد فواز، کە یەکێکە لە پیاوەکانی ئوسامە، دوای شەش ساڵ لە پەلاماردانی هەردوو باڵیۆزخانەکەی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، هەرچەندە خواستراوە ڕەوانی بکەن، بەڵام هێشتا هەر لە بەریتانیا زیندانییە و ڕەوانی ئەمەریکا نەکراوە. زۆر لەو ئەمەریکاییانەی کە بە هۆی نشوستی دەزگاکانی هەواڵگرییەوە نیگەرانن، لە کنیان وایە کە کاردانەوەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەلای کەمییەوە خێرا بوو، بەڵام شارەزایان لەوان کەمتر بە کاردانەوەی میری شادمانن. ئەوان دڵنیابوون کە واشنتن زانیاری زۆری کەڵەکە کردبوو کە یاسا ڕێگەی بە کارمەندان نەدەدا بۆ ئەوەی کاری لە سەردا بکەن. چیی تر گرینگ نەبوو کە ئەو بەڵگانەی بەر لە ١١ی سێپتێمبەر لە بەردەستدا بوون نەدەبوونە هۆی تاوانبارکردنی کەس. چونکە ئەوا لە کۆتاییدا دەمامکەکان هەموو لادران.

لە چەند مانگی پاشتر وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بایی ١١٢ ملیۆن دۆلار سامان و دارایییان گرت یان بەستایانەوە کە هیی ئەو کەسانە بوون لەمێژ بوو گـومـانیـان لێ دەکـرا یان لایەنگری ئەلقاعیدە و چەند ڕێکخراوێکی تری تیرۆریستی بووبن یان هەر تێیاندا ئەندام بووبن(٥٠). هەرچەندە بەڵگەکان بە

دەگمەن بڵاو دەکرانەوە، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیوەی ئەو داراییەی کە گیرا یان بەستراوە هیی ئەلقاعیدە و تاڵیبان بوو[٥١]. ئەو پارەیەی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا گیرا ٣٦ ملیۆن دۆلار بوو ئەوەش کە لە سعوودیەدا گیرا تەنیا ٥,٥ ملیۆن دۆلار بوو[٥٢]. نزیکەی هەموو ئەو دراوەی لە ناوەوەی وڵاتدا گیرا هیی تاڵیبان بوو. ناوەناوە بەڕێوەبەرایەتی خۆی لە هەندێ وەڵامی سەبارەت بەو نهێنییانەوە دەدزییەوە و نەیدەویست هۆی هەندێ لە کردارەکانی ئاشکرا بکات. بۆ نموونە، لە نۆڤێمبەر، بارەگای دەزگای (البرکة) کە تایبەت بوو بە حەواڵە و بنکەی لە پتر لە چل وڵاتدا هەبوو، لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا داخرا. هۆی سەرەکی داخستنەکەش ئەوە بوو کە سەدان هەزار سۆماڵی دانیشتووی هەندەران لەوانە ٢٥٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠ کەسیان لە مینیسۆتا و لە هەندێ شوێنی تر لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەژین بە بەردەوامی پارەیان بۆ کەسوکاریان لە سۆماڵ بەو دەزگایەدا دەناردەوە. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەرئەوە نەبوو (البرکة)یان داخست چونکە پارەیەکی بێ ئەندازەی بۆ سۆماڵ ڕەوان دەکرد، کە بە گەورەترین سەرچاوەی داهاتی ئەو وڵاتە دەژمێردرا، بگرە ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ تا سۆزی پشتیوانیکردنی ئوسامە لەو وڵاتەدا بەربەست بکا.

چونکە لە سۆماڵدا سستمێکی بانکی بە فەرمی نەبوو؛ بۆیێ (البرکة) ئاسانکارییەکی زۆری بۆ خەڵکەکەی دەکرد. خودی سەرۆک بوش (البرکة)ی تۆمەتبار کرد بەوەی کە پارەی بۆ قازانجی ئەلقاعیدە کۆ دەکاتەوە و وەبەرهەم دێنێ و دابەشیشی دەکات. بەڵام بەوە تاوانباری نەکرد کە پێوەندییەکی تایبەتی بە پەلامارەکەی ١١ی سێپتێمبەرەوە هەبێت. کارمەندەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە ئوسامە کەرەی حەواڵەکانی (البرکة)ی دەلێستەوە و ساڵانە لە نێوان ٢٠ ملیۆن دۆلار بۆ ٣٠ ملیۆن دۆلار بۆ کیسەی ئەلقاعیدەیان دەچوو، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیان نیشان نەدا. هەروەها (البرکة)یان بەوەش تۆمەتبار کرد کە سستمێکی گەیاندنی سەرتاسەری جیهانی بۆ ئوسامەی مسۆگەر کردووە[٥٣]. چونکە سۆماڵ دەسەڵاتێکی فەرمی بە توانای تێدا نییە؛ بۆیە چالاکییەکانی (البرکة) لەوێ بە دەستکەوتێکی ئاسان دادەندرا. هێشتا زۆران هەبوون متمانەیان نە بە بۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکان نە بە هیی دادوەری گشتی جۆن ئاشکرۆفت، هەبوو. لە سوید، میری بەرگری لە سێ هاووڵاتیی خۆی کرد کە بۆ (البرکة) کاریان

دەكرد، هەر سێ كەسەكە بە ڕەسەن سۆماڵی بوون، ڕەگەزنامەی سویدییان هەبوو، حكوومەتی سویدیش بۆیە بەرگری لێ كردن چونكە وڵاتە یەكگرتووەكان سامانەكانیانی بەستاوە. لۆكسمبێرگ هەستا ئەو سەرمایانەی ئازاد كرد كە پێشتر بەسترابوونەوە، چونكە بەڵگەی هەواڵگری جێ متمانەیان بە دەستەوە نەبوو كە بە مسۆگەری پێوەندیی بە كێشەكەوە هەبێت.

لە عەرەبستانی سعوودیش، پیشەداری ناسراو یاسین عەبدوڵا ئەلقادی، یەكەم كەس بوو ئەو سامانەی لە ناو شانشینی سعوودیە و لە هەندەران هەیبوو ئەمەریكا هەمووی بەستاوە، چونكە هەوادارێكی ئیسلامی بوو. ئەویش زۆر بە ئاشكرا پرۆتستۆی كارەكەی كرد و لە لەندەن شكایەتی خۆی كرد بۆ ئەوەی ئەو سامانەی لە بەریتانیادا هەیتی ئازاد بكرێ، بەڵام تا ئێستا هیچی بەهیچ نەكردووە. پەڕپووتكردنی قادی هاودەم دەگەڵ چەند كەسانێكی تردا، نیشانەی ئەوە بوو كە بەڕێوەبەرایەتی ئەم جارە ڕووبەڕووی پیشەدارەكان دەبێتەوە. واشنتن ئاماژەی بەوە دا كە چیی تر بە هاوار هاواری ئەو سعوودییانەی كە دەڵێن ئێمە دەستپاكین، فریو ناخوات. دەبێ هەموو لایەك هاریكاری دەگەڵدا بكات. چەند ساڵ بوو ئەمەریكایی و ڕۆژئاواییەكانی تریش بە سعوودیەكانیان دەگوت چاودێری ئەو هەموو پارەیە بكەن كە بە ناوی خێر و چاكەوە بۆ هەندەران دەڕوا؛ بزانن ئەو پارانە بۆ كوێ دەچن. بەڵام هەر بێ سوود بوو.

كارمەندانی وەزارەتی گەنجینە گوتیان ئەوان بۆیە لە ئۆكتۆبەری ٢٠٠١دا ئەو كردارەیان بەرانبەر بە قادی كرد، چونكە چەندین ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو ڕێكخراوە چاكخوازانە ناردبوو كە ئوسامە هەڵی دەسووڕاندن، لە هەمووشیان تایبەتیتر دەزگای موفق Muwafaq Foundation بوو، ئەوەش هەر ئەو دەزگایە ئیسلامییە بوو كە لە لەندەن، هەرەسی بە دەزگای یاسایی ئافریكا كۆنفیدێنشاڵ Africa Confidential هێنا. قادی سەرۆكی دەستەی متمانەدارانی Board of Trustees موفق بوو. عەبدوڕەحمان بن مەحفوز، كوڕەزای دامەزرێنەری بانكی بازرگانی نیشتمانی، ئەندامێكی بۆردەكە بوو، ئەویش یەكێك بوو لە ناودارەكانی بنەماڵەیەكی حەدرەمی و لەو بانكەوانانەش بوو كە ئال سعود پەسندیان دەكرد[٥٤]. قادی هەر هاوار هاواری ئەوەی دەكرد كە دەزگای موفق تەنیا بایەخ بە

لایەنی پەروەردە دەدات؛ قوتابخانە و مزگەوت لە ئەفغانستان و لە سووداندا، دروست دەکات. سەیر ئەوە بوو کە لەبەر ڕۆشناییی ئەو کارانەی بەڕێوەبەرایەتی بوش لە دوای ١١ی سێپتێمبەردا، لە دژی قادی و موفقدا کردی، تەنیا چەند مانگێک بەر لەو پەلامارنەی کرانە سەر نیویۆرک و واشنتن، متمانەدارانی پێشووی چاکخوازەکە کێشەیەکی لیبراڵیی خۆیانیان لە لەندەن بردەوە، بەڵام سەیرتر ئەوە بوو کە دادگەیەکە لە ئافریکا کۆنفیدێنشاڵی نەخواست دا کێشەکە بڵاو بکاتەوە.

لە ٢٠٠٠ یشدا، چەند پرسیارێکم لە گەورە نمایندەیەکی کۆمەڵەی جیهانی ئیسلامی کرد، کە دەزگایەکی فەرمی چاکخوازی سعوودیە و ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلاری لە هەندەران بەسەر چەندین دامەزراوی جیاوازدا پەخش دەکرد و ڕێکخراوی فریاکەوتنی ئیسلامی نێو نەتەوەییش یەکێک بوو لەوانەی ئەو دۆلارانەیان وەردەگرت(٥٥). لێم پرسی: بۆچ وڵاتە بیانییەکان، بەتایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکان، هێندە مکوڕن لەسەر ئەوەی کە عەرەبستانی سعوودی نەیتوانیوە تۆماری ژمێریاری تایبەت بەو چاکخوازە هەڵبگرێ؟ لە دڵەوەڕا وەڵامێکی میکانیکی دامەوە کە هیچ زانیاری تێدا نەبوو، بەڵام بە مکوڕییەوە گوتی: (پارەی حکوومەت بە گومانەوە چاودێری دەکرێ، بەڵام ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە سەرپەرشتی ئەو بەخشراوان donationsە بکەین کە بۆ چاکخوازییەکی تایبەت دەچێ. چونکە ئەمە ئەرکێکی موسڵمانانە.) هەر کە کارمەندێکی بیانی لە گەورە بەرپرسانی سعوودی دەخواست نەهێلن چیی تر پارە بۆ تیرۆریزم بچێ، ئەوان هەموو کات داوای بەڵگەی بە درێژییان دەکرد کە پێیان بدرێ، بۆ ئەوەی خواستەکانیان بەجێ بێنن؛ واتا ئەو لوولانە بگرنەوە کە گومانیان لێ کراوە. سعوودیاکان تێ گەیشتن کە سامانێکی زۆر هەناردراوەتە هەندەران؛ چیی تر لە بن دەستی ئەواندا نەماوە. گرفتی گەورە لەوەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی سعوودی هێندە داخراوە مەحاڵە هیچ شتێکی لەبارەی چۆنیەتی پارە خەرجکردن و هەرەوەزەکانی تێدا سەح بکرێ و بزاندرێ لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەڕوا. باشە کە ئال سعود بە خۆیان کۆنترۆڵی پیشەسازی نەوت و هەموو جۆرە پیشەیەکی سەرەکی لە وڵاتەکەیاندا، دەکەن، بەڵێ زۆربەی پیشەکان لە بەردەستی خۆیانە، بەڵام هەمووی نا.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خانەوادەی شای سعوودی بە نەرمی ڕووبەڕووی تیرۆریزمی جیهادی ئیسلامی دەبووەوە. بەڵام زۆربەی ئەو لایەنانەی کە لەو

ئیشەدا هاوپشکن، بە نەرمی و بە نارێکی دەست لە هەموو کونێک دەگێڕن. هەر لە هزری وەهابیزمی ئیسلامییەوە بگرە کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێ، تا دەگاتە کۆنترۆڵکردنی پارمەتییەکانی بۆ هەندەران دەچێ بۆ ئەوەی پڕوپاگەندە بۆ مەزهەبەکەیان بکات، بڕۆ بۆ پشتیوانیکردنی هەمان هزری ئیسلامی کە لە سەدان بگرە لە هەزاران مەدرەسان، لە پاکستانەوەڕا تا دەگاتە ئاسیای ناوەڕاست و ئەفریقیای ڕەش، هەر هەمووی بنەماکانی ئەو ڕێبازە توندەیان پێ دەگوترێ. هیچ کارمەندێکی سعوودی نەیویست هیچ بیانییەک لە ئەمەریکاییە پارێزەرەکانیان بترازێ، کەوڵ لە سەر کردارە تایبەتەکانیان هەڵداتەوە.

زۆر بەر لە ٩/١١، ژمارەیەکی بەرچاوی سعوودیەکان وا تێ گەیشتبوون کە کۆبوونەوەیان بە دەوری دامەزراوی وەهابیزمدا، دەبووە هۆی پتر سەقامگیربوونی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، جا بە بۆچوونی ئەوانە، با هیچیشیان نەبێ کە حەشاری بدەن. بە ئاستەم هەستیان پێ بکردایە کە هەر ئاماژەیەکی دەست تێوەردان هەیە، ئیتر ئەوانە هار دەبوون. لەوەتی نرخی نەفت لە ١٩٧٠کاندا چوار هێندەی خۆی هەستا، ئیتر دۆلاری پێترۆل بێ ژمار بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی وەهابیزم، بۆ دەرەوە دەچوو. بە پێی پرۆگرامێکی ڕێکخراو، هەزاران مزگەوت لە سەرتاسەری دنیادا دروست کران، وتاربێژی تازە پێ گەیەندران، ئەو گۆتاربێژ و مەلایانە مووچەیان لە سعوودیەوەڕا بۆ دەچوو. ئەو چالاکییە هەر دنیای ئیسلامی نەگرتەوە، بگرە بۆ گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانیش غلۆر بووەوە. لە هەموو ئاینێکدا، خەڵکانێک هەن دێنە سەر ڕێ؛ واتا هیدایەت- دەبن. ئەمە لە مێژووی کریستیانەتی نموونەی زۆرە. جیاوازی لێرەدا ئەوە بوو کە سعوودیەکان سامانێکی زۆریان بۆ پڕوپاگەندکردن بۆ ڕێبازەکەی خۆیان تەرخان کردبوو. ئەو دەست بڵاوییەی سعوودیەکان لە ناوەخۆ بەوە پاکانەی بۆ دەکرا کە: عەرەبستانی سعوودی هەردوو شوێنە پیرۆزەکەی ئیسلامی دەباوەش گرتووە. بە هۆی هاندانی وەهابیزم لە هەندەران، ئال سعود دەیانویست بەرهەڵستی ئیسلامی کە لە دژی سستمەکەیان لە ناوەوە پەرەی دەسەند، کز بکاتەوە. بەڵام ئەو هەموو خەرجییە زۆرە لە هەندەران بووە هۆی هەراسان بوون.

هۆی ئەمە هەموو ئەوە بوو کە لە١٩٧٩دا، کەعبەی مەزن داگیر کرا: بنەماڵەی شا دەسەڵاتیان دا گەورەی وەهابییەکان، پارەشیان خستە بەردەستیان، بۆ ئەوەی

له هەندەران خەڵکی بێننە سەر ڕێبازی وەهابی، بەو مەرجەی لە ناوەوەی وڵات لە بەرانبەر بەدناوی بنەماڵەی ئال سعود دەنگ نەکەن. دوو هۆی کاتیی تریش بۆ ئەو هەڵسوکەوتە هەبوو. ساڵێک پێشتر ئایەتوڵا ڕوحوڵا خومەینی لە ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەو هاتنە بووە هۆی ئەوەی کە شیعەکان هەڕەشە لە مەزهەبی سونی وەهابی لە وڵاتدا بکەن. شازادە فەهد، بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی بێتە سەر عەرش و بۆ ئەوەش بەدناوی خۆی وەک شەلاتییەک لە بیر بباتەوە، پۆلیسی ئاینی بە ناوی مطوعین دامەزراند(٥٦). هاوسۆزیکردنی ئەمەریکاییەکان دەگەڵ سعوودیەکان، هەموو ئەو پارەگۆزەی شاردەوە تا سوپای سوور لە ١٩٨٩دا، لە ئەفغانستان کشاوە. پارەی سعوودی بە هەر ڕێگەیەک بوایە دەگەیشتە پەناهەندە ئەفغانییەکانی لە پاکستان بوون. لە بواری پەروەردەکردنیان یارمەتی دەدان جگە لەوان، پارەکە دەگەیشتە هەژارەکانی پاکستان و ئاسیای ناڤینیش یارمەتییەکەش تەنیا بۆ کاروباری ئاینی خەرج دەکرا، بەتایبەتیش حوجرەی فەقێیانی پێ ئاوەدان دەکراوە. تاڵیبان لە پاکستان، لەو حوجرانەدا دروست بوو. پاشتر سەرکردە جیهادییەکانی تاڵیبانیشی دروست کرد. ئەو ناکۆکییە و شەڕ و کوشتارەی کە لە نێوان شیعەی کەمینە و زۆرینەی سونەکانی پاکستانیش هەیە، ئەویش سەرچاوەکەی لە پارەی سعوودیەکانەوە، (زا و گۆیا)وە شەڕی لە مێژینەی نێوان سعوودیە و ئێرانە پەڕیتە ئەو دەڤەرە؛ (بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە کاردانەوەیەکی مەزهەبگەرییە sectarianism.) ڕاست بێ یانە هەڵە، ئەو پارەیەی سعوودیە کە گومانی لێ دەکرێ بوویێتە هۆی کوشتنی سەدان پاکستانی، مشتومڕێکی لە واشنتن پەیدا کرد.

سەرقاڵی ئەمەریکا لە بە شوێن کەوتنی ئەو پارەیەی سعوودی کە بۆ ئیسلامییەکان دەڕوا، لە دوای ڕووخاندنی هەردوو باڵیۆزخانەکان لە ئەفریقیای ڕۆژهەڵات، لە ئابی ١٩٩٨و پەلامارەکەی سەر USS Cole لە عدن دا، بە پەلەتر بەڕێوە چوو. ناوە ناوە وڵاتە یەکگرتووەکان باسکی خۆی لێ هەڵدەماڵی، بەتایبەتیش کە ئەلقاعیدە بووە جێی گومان. بەر لە سەری ساڵ، پاڵەپەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکان کێنیای ناچار کرد کە بارەگا ناوەخۆییەکانی چاکخوازە ئیسلامییەکان لەو وڵاتەدا دابخات. ئەوانەی کە داخران؛ چاکخوازی (الحرمین) و ڕێکخراوی فریاگوزاری ئیسلامی نێونەتەوەیی ڕفان – و ئاژانسی فریاکەوتنی

ڕحمەی نێو نەتەوەیی بوون. (بەم زووانە کێنیا دووبارە ڕێگەی داونەتەوە بۆ ئەوەی هەندێ پرۆگرامی خۆیان دەست پێ بکەنەوە.) پەلاماردانی ڕفان، کە چاکخوازێکی فەرمی سعوودیە، چاو سوورکردنەوەیەکی ئەمەریکایی لە ئال سعود، دەگەیاند[٥٧].

هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان، پێش ١١ی سێپتێمبەر، نیو ساڵ بە ڕشتییەوە بە دواوە بوو تا توانی ڕێگەدانی کارکردنی بانکی (التقوی) لە ناساو لە دوورگەکانی بەهاما دا، هەڵوەشێنێتەوە. چەند ساڵ بوو دەزگاکانی هەواڵگری مسری و ڕۆژئاوایی، چاودێری (التقوی) یان دەکرد. جاروباریش میدیاکانی جیهانی ناویان دەبرد. گەلێ جاران کە ئاماژەی بۆ دەکرا، بۆ ئەوەی نەکەونە بەر سزای یاسایی تایبەت بە ناوبەدکردن، ناچار تەنیا بە دوو پیتی T.A. ناوی دەهات. شارەزایە مسرییەکان و ڕۆژئاواییەکانی تریش لەمێژ بوو دەیانزانی کە (التقوی) پێوەندی بە ئەلقاعیدە و هەندێ گرووپی ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانی جەزایری و مسری و فەلەستینییەوە، هەبوو. (پڕوپاگەندەی وا هەبوو کە لە ١٩٩٦دا ئوسامە بەردەوام تەلەفۆنی بۆ بانکەکەی لە ناساو دەکرد بۆ ئەوەی لەو دەمی کە بۆ خەرتووم دەچوو، پارە پێدانی دووبارە بۆ ڕێک بخاتەوە.) نمایندەکانی (التقوی) جەختیان لەوە دەکردەوە کە بانکەکە بە خۆبەخش دەرییەکانی داخست؛ چونکە تووشی زیان هات و بە ڕشتی نکوڵی لە یارمەتیدانی تیقۆف کرد. دەسەڵاتدارانی بەهاماز تۆماری چالاکییەکانی بانکەکەیان لە نۆڤێمبەری ٢٠٠١دا تەسلیمی واشنتن کرد.

هەر هەمان ساڵ لقی (التقوي) لە ئیتاڵیا – سویسرا داخرا و ناوەکەی لەسەر تەلاری ئۆفیسی لیوگانۆ، سوێسرا، کە بانکەکەی لێ بوو گۆڕا و بووە کارگێڕی نەدا Nada Management. یوسف نەدا، لە ئیخوانەکانی مسر بوو، بە شێوەیەکی گومانلێکرا و لە ١٩٥٩دا وڵاتی خۆی بەجێ هێشت، چووە کەنەدا و، لەوێ سامانێکی زۆری پەیدا کرد. لە ١٩٨٧یش هاریکاری لە دامەزراندنی (التقوي)دا کرد. سەبارەت بە داخستنی بانکەکە لە سویسرا، نەدا پرۆتستۆی کرد و گوتی هیچ پێشێلییەکی یاسای سویسری تێدا نەکراوە. پۆلیسی سویسری لێکۆڵینەوەی دەگەڵ نەدا کرد، پاشان ئازادی کرد. لە ڕاستیشدا کۆمسیۆنی بانکی سویسری لە ئۆکتۆبەر، بڕوانامەیەکی دەستپاکی بۆی دەرکرد. بەڵام دەمودەست لە پاش ١١ی سێپتێمبەر، پۆلیسی سویسری، بە هۆی پاڵپەستۆی زۆری وڵاتە یەکگرتووەکان،

ناچار بوو لە نۆڤێمبەردا، بە سەر کارگێڕی نەدا دابدات. دواتر یەکسەر واشنتن ناوی خستە ناو ئەو لیستەی کە هاریکاری تیرۆریزم دەکەن.

گەورە بەرپرسانی ئەمەریکایی مکوڕن لەسەر ئەوەی کە (التقوي) و (البركة) هەردووکیان، پارەیان بۆ ئەلقاعیدە کۆکردووەتەوە، بۆیان وەبەرهەم هێناوە، تاووتووشیان بۆی پێ کردووە. نەدا هەموو ئەو کون و کەلەنانە شارەزا بووە کە چەند ساڵ سوودی لێ وەرگرتووەنە و بە خۆیانەوە بەرگری لە خۆی کردووە. چونکە نەدا ڕەگەزنامەی ئیتاڵیایی وەرگرت بوو، بۆیە توانی لە شاری کامپیۆن دی ئیتاڵیا دا بژی کە لەسەر لێواری دەریاچەی لیوگانۆ دایە و هەرچوار لاشی بە خاکی سویسری گەمارۆ دراوە. بەپێی یاسا ڕێگەی پێ درابوو کە لە ئیتاڵیادا بژی، بەڵام نەیدەتوای لەوێ کار بکات. یاسای سویسریش ڕیگەی دابوو لە شاری لیوگانۆدا ئیش بکات، بەڵام بە مەرجێک نابوو لە سویسردا بژی. لە ٢٠٠٢ دا، کارگێڕی ندا ناچار کرا چیی تر کار نەکات. بەڵام دوای ساڵێک، کۆمپانیاکانی ندا هاتنەوە مەیدانی ئیشکردن، ئەم جارەیان لە بواری تەلارسازی و وەبەرهێنانی پارە دا بوو، بارەگاکانیشی کەوتنە لیختنشتاین لە سویسرا[٥٨]. دادوەری گشتی ئەمەریکایی، جۆن ئاشکرۆفت، توانای ئەوەی نەبوو دیسان لە کاری بخاتەوە. بۆیە داوای یارمەتی نێودەوڵەتی کرد. جا دەبوو دەزگاکانی هەواڵگر هاریکاری یەکتری بکەن، پێوەندی باشی دەگەڵ حکوومەتە بیانییەکان دروست بکەن، کە لە بەڕێوەبەرایەتی بوش ناوەشێتەوە.

ئاشکرۆفت پێی خۆش بوو ببینن چۆن بە پەلە و بە توندی پەلاماری تیرۆریستان دەدات. بۆیە هاواری وەبەر یاسا برد. بەو پێیەوە کۆمەڵێک ئەمەریکایی بە ڕەگەز یەمەنی لە لاکاوانا، لە نیویۆرک، گرت؛ چونکە ئەو یەمەنییە گێلانە، بە ناخێری گیانیان، چووبوون لە کامپەکانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان، بۆ ماوەیەکی کورت مەشقیان کردبوو. ئەم کارەی ئاشکرۆفت بووە جێی بێزاری ڕۆژنامەکان، وەزارەتی دادیش، ڕسوا کرا. چەندین کێشەی لەو شێوەیە لە سەرتاسەری وڵات تێبینی کرا. جگە لەمە، کە تاڵیبان بەزین، بەڕێوەبەرایەتی هەستی بەوە کرد کە چیی تر پێویست نییە دڵی موسڵمانان ڕابگرێ، ئەو نەرمییە نەما کە یەکسەر لە دوای ٩/١١ لە ئارادا هەبوو. ئەمەش بووە هۆی دڵخۆشبوونی ئیسرائیل؛ چونکە وێکڕا، هەموو جۆرە تیرۆریزمێک ماندەڵ و سەرکۆنا کرا. بەم

جۆرە لە ٢٠٠١دا، وەزارەتی داد سامانەکانی چاکخوازە ناسراوە ئیسلامییەکانی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بلۆک کرد؛ چونکە لەمێژ بوو گومانیان لێ دەکرا کە یارمەتی ئەو چەکدارە ئیسلامییە فەلەستینییانە دەدەن کە لە دژی ئەوە بوون ئیسرائیل خاکی عەرەبان داگیر بکا. دەزگای خاکی پیرۆز بۆ فریاگوزاری و گەشەکردن، کە بارەگایەکەی لە ریچەرسن، لە تێکسەس بوو، گەورەترین چاکخواز بوو لە ناوەوەی وڵاتدا، دەزگای چاکخوازی نیودەوڵەتی، لە پیۆریا، ئێلینۆی، پەیمانگەی خویندنی قورئان، ڕێکخراوێکی تریش لە ئێلینۆی کە ناوی دەزگای فریاگوزاری نێو نەتەوەیی بوو، ئەمانە هەموو لە ناکاوڕا خۆیان لە ناو گێژەنی گیروگرفتان دیتەوە.

زایۆنییە ئەمەریکاییەکان شان بە شانی حکوومەتی ئیسرائیلی، چەند ساڵ بوو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەم ڕێکخراوانە دابخەن؛ دەیانگوت ئەمانە پارە بۆ حەماس و ڕێکخراوەکانی تری فەلەستینی کۆ دەکەنەوە، بەتایبەتیش پارەکە بۆ خانەوادەی خۆکوژەکانیان دەنێرن. (لە ڕاستیدا دەرکەوت دەزگای چاکخوازی نیودەوڵەتی هیچ پێوەندییەکی بە فەلەستینەوە نییە، بگرە هاریکاری چالاکییەکانی ئەلقاعیدە لە چیچنیادا دەکا و لە دوای شەڕەکەی بۆزنیاش خەریک بوو یارمەتی بۆزنییەکانی دەدا.) بەڕێوەبەرایەتییە یەک لە دوا یەکەکانی ئەمەریکا بۆیە هیچ کردارێکیان لە دژی ئەو ڕێکخراوە فەلەستینییانە نەکرد؛ چونکە ئەوان بەهیچ شێوەیەک لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەبوون، دووەمیش ئەوە بوو کە ئەو ڕێکخراوانە یارمەتی مرۆییان پێشکێش دەکرد و بەهیچ جۆرێکیش یاسای وڵاتە یەکگرتووەکانیان پێشێل نەدەکرد(٥٩).

لە سەرجەم ئەو ڕێکخراوە ئیسلامیانەی کە سامانەکانیان بەستراوە، تەنیا دەزگای چاکخوازی نیودەوڵەتی لەگەڵ فریاگوزاری جیهانی، دەرچوو پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەبوو. بەڵام وەزارەتی داد تەنانەت لەمیانی دادگاییکردنیشیان نەیویست ئەو پێوەندییانە بە درێژی باس بکات. لە کۆتاییشدا وەزارەتی داد ناچار بوو لەو تۆمەتانەی خۆی پاشگەز بێتەوە کە دابوویە پاڵ فریاگوزاری جیهانییەوە و واز لە (ربیع حداد)یش بێنێ کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی دەزگایەکە بوو. لە دوای ٩/١١ بە تاوانی پارە ناردن بۆ ئەلقاعیدە، حەڤدە مانگ لە مێچیگەن زیندانی کرا. بەڵام نەخۆی نە ڕێکخراوەکەشی تاوانەکەیان بە سەردا نەسەپا. لە ناوەڕاستی

تەمووزی ٢٠٠٣دا، سنووورداشی وڵاتەکەی خۆی کراوە؛ چونکە ڤیزاکەی بەسەر چووبوو. لە شوباتی ٢٠٠٢ دا، فریاگوزاری جیهانی شکایەتی بەدناوکرنی لە دژی ئەمەریکا تۆمار کرد. سەرۆکی چاکخوازی نێو دەوڵەتیش، (إنعام أرناؤوط)، بە هەمان شێوە دانی بە هەندێ تاوان هێنا بەڵام تاوانەکان پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە نەبوو(٦٠). پەلامارادانی ئەو ڕێکخراوانە لە ئەنجامی ئەو دەسەڵاتە تەواوە دا هات کە یاسای نیشتمانی Patriot Act دابینی کرد و سەرۆک بوش بە خۆی ڕشت بوو لەسەر ئەوەی کە تیرۆر بە هەموو شێوەیەک لە ناو ببات. ئەو بەربەستانەی لە پێشدا هەبوون کە ڕێگەیان نەدەدا بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵگری گومالێکراوان بدرێنە دادگە، هەمووی لادرا. ئەو گەڕەلاوژەیە تەنیا ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی نەگرتەوە، کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە و ناویشی لەسەر لیستی تیرۆرزمی وەزارەتی دەرەوەدا هەیە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا موجاهدینی خەلق چەند جار ڕێبازی خۆی گۆڕیوە؛ لە ڕێکخراوێکی ئەوپەڕ چەپخواز، بووە ڕاستەوەرێکی توندڕۆ. پاداشتی ئەو چواردە ساڵەی سەدامیشی داوە کە هێشتبووی لەسەر خاکی عێراق چالاکییەکانیان ڕاپەڕێنن بەوەی کە کارە پیسەکانیان بۆی جێبەجێ دەکرد، لە هەمووشیان دیارتر زۆر بە توندی ڕاپەڕینەکەی کوردەکانی لە ١٩٩١دا سەرکوت کرد. هەرچەندە موجاهدینی خەلق ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بوو، بەڵام چونکە بەرهەڵستی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران دەکرد، بۆیە ئەندامە ڕاستەوەرەکانی کۆنگرێس، بە شێوەیەکی بەرچاو پشتیوانییان لێ دەکرد. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە لە ٢٠٠٣و لە کاتی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، بارەگاکانیان لە عیراق تەنیا گەمارۆ دران، بەڵام چەک نەکران. ئەم شێوە هەڵسوکەوتە سەیرە ئەوە نیشان دەدا کە پارێزگارە تازەکان بەو ئومێدەن کە موجاهدینی خەلق لە پرۆسەی داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دژی تاران بەکار بێنن. ئەمانە ئەوەیان لە بیر چوو کە ئەو ڕێکخراوە هێندە لەمێژە هاوپەیمانێتی لەگەڵ عێراقی کۆنە دوژمنی ئێرانییان هەبوو تا وای لێ کرد هیچ پشتیوانییەکی لە ناو هاووڵاتییانی ئێراندا نەمێنێ. لە تەمووزی ٢٠٠٣دا، سەرۆک بوش داوای لە ئێران کرد کە ئەو سەرانەی ئەلقاعیدە کە خۆیان لە ئێران شاردووەتەوە، بداتە دەست، بەڵام کە لە بەرانبەردا ئێرانییەکان داوایان لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد تا سەرانی موجاهدینی خەلق، ئەوانەی لە عێراقێن لەگەڵ

ئەندامانی ئەلقاعیدە بگۆڕێتەوە، سەرۆک بوش خواستەکەیانی ماندەل کرد[٦١].

لە هەمــوو ئەو ڕێکخــراوانە بە فـیـلـتـر، ئەو ڕێکخـراوە ئیـسـلامـیـیـە بوو کـە بارەگایەکەی لە گەڕەکی واشنتن، لە هێرندن، ڤێرجینیا، بوو. ناوەکەی SAARبوو، هەندێ جار بە دامەزراوی گرووپی (صفا) دەناسرا. (گرووپێکی تر لە سعوودیە هەبوو ناوەکەی وفا بوو، ئەویشیان گومانی لێ دەکرا کە پێوەندیی بە ئەلقاعیدەوە هەبێ.) (صـفـا) هەردوو لایەنی قـازانج نەویسـتـی دەگەڵ قـازانجکردنی بە یەکەوە کردبووە ئامـانج، ئەمـەش لە سـەرجـەم چاکخـوازەکانی تری جـودا دەکردەوە. بەر لەوەی لە دیسـێمـبەری ٢٠٠٠دا ڕێکخراوەکە هەڵبوەشـێتەوە، دەستی لە زۆر جـۆرە پیشـەدا هەبوو. ڕێکخـراو و کۆمپـانیـا و دەزگای دارایی بەڕێوە دەبرد. هەمـووشـی هی سلێــمــان عــەبدو ئەلعــەزیز الراجــحی ناوێک بوو کــە لە دەوڵەمــەندترین خانەوادەکانی سعوودی بوو[٦٢]. وەزارەتی داد توانی شوێنی سامانی SAARی لە هەژدە وڵاتی دنیادا هەڵگری، لەوانە لە وڵاتە یەکگرتووەکـان و تورکیـا و مـالیزیا و مـەغریب و سـویسـرا ئیشی دەکرد. (ئەوەی کە جێی سـەرنجدان بوو ئەوە بوو کە SAAR چەند ئۆفـیـسـێکی هاوبەشی لە بەهاماز لەگەڵ (التقوي) هەبوو؛ ئەمـەش بێگومان پتر خستییە ناو بازنەی گومانەوە کە پێوەندیی دەگەڵ ئەلقاعیدە هەبێت.)

لە ئاداری ٢٠٠٢، ئۆفـیـسـەکـانی سـار SAAR پشکنـدران، باری چەندین لۆری دۆکیومێنت و کۆمپیوتەر لەوان بارەگاکان گیران. بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ڕای گەیاند کە هـیـچ بەڵگەیەکی بە دەست نەکەوتووە کە سار دەگەڵ ئەلقاعیدەی تیرۆریستەوە پێوەندیی هەبوو بێت[٦٣]. بە هۆی ئەو بیرۆکراتییەی پەیڕەو دەکرێ، تا سێ سـاڵ نەتواندرا هیچ شـتێک دەگەڵ ئەو دامـەزراوەدا بکرێت؛ ئەویش لە کارەکانی خـۆیدا بەردەوام بوو[٦٤]. ئەو ئیـفـادە ١٠١ لاپەڕەیەی کـە بە دەست نووسـرابووەوە و لە ئۆکــتــۆبەری ٢٠٠٣دا بڵاوکـرایەوە، بە بۆچوونی کــارمــەندانی یاســایی هـیـچ زانیارییەکی بە بایەخی تێدا نەبوو؛ وەک ئەوەی کە نووسییان: (وا پێ دەچێ ئەو پارەگۆزەی کە لە نیوان کۆمپانیاکانی (صفا) کراوە، هەر بۆ ئەوە کراوە تا سەر لە لێکۆڵەرەکان بشـێـوێنێ.)[٦٥] گـومـان لەوەش دەکرا کـە دەزگـای مـوفق پارەی بۆ ئەلقاعیدەی ناردبێ، بۆیە لە نۆڤێمبەری ١٠٠١دا، وەزارەتی گەنجینە بە ڕێکخراوی دەروازەی ئەلقاعیدەی ناوزەد کرد.

له پاش ١١ی سێپتێمبەر سامانە گومان لێکراوەکان هەموو بەسترانەوە، ئینجا پاشان دنیا کشومات بوو. ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کرد کە لە هەشت مانگی سەرەتای ٢٠٠٢ دا تەنیا ١٠ ملیۆن دۆلار لە کار خرابوو[٦٦]. (ژمارەکانی وەزارەتی گەنجینە دیاری دەخست کە لە دوو ساڵی دوای ٩/١١، سەرجەمی ١٣٧ ملیۆن دۆلار بەسترا بوو کە هی ٣٢١ تاکە کەس و ڕێکخراو بوو.)[٦٧] ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوانەی لە ئەفریقیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا پارەی ئەلقاعیدەیان وەبەرهەم دەهێنا، بە لایەنی کەم ٣٠ ملیۆن دۆلاریان ئیش پێ دەکرد. بە پێی ڕاپۆرتەکە، ساڵانەش ١٦ملیۆن دۆلار بە ئەلقاعیدە دەبەخشرا، کە بەبێ هیچ تەگەرەیەک بە جێی خۆی دەگەیشت. لە پاش پەلامارەکەی ئەفریقیای ڕۆژهەلات، ئەلقاعیدە خۆی بۆ ئەوە ئامادە کرد ئەگەر واشنتن پتر پارەکانی بلۆک بکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان تێبینی کرد کە نەریتی وەبەرهەمهێنان پەیتا پەیتا گۆڕا و بووە کڕینی زێڕ و بەردە بە نرخەکانی وەک مرواری. لازەوەرد و تانزانایت -tan zanite، چونکە ئەمانە گواستنەوەیان ئاسانە و کاتی فرۆشتنیشیان وەک چێکی پارە وانە و دەمودەست کاش دەکرێن. لەو کاتەی ئوسامە لە سوودان بوو، ئەلقاعیدە، لە ئەفریقیای ڕۆژهەلات، دەستی بە گۆمرکاری mining تانزانایت کرد. لە درەنگی ١٩٩٠کاندا، بە شێوەیەکی دیار بەرەو بازرگانی بەردە بەهادارەکان بوونەوە. زۆر لە مروارییەکان لە لایبیریا و سیرالیۆن دەکران. بەر لەوەی ئەلقاعیدە لەوێ دەست بەو ئیشە بکات، ئەو دوو حکومەتەی ئەفریقیای ڕۆژئاوا هەرەسی زۆریان لەو گۆمرکارییەدا هێنا. هەردوو حکومەتەکە لەمێژ بوو دووچاری شەڕی ناوەخۆ بووبوون. شەڕەکە هەردوو وڵاتەکەی کردبووە کاولگەیەک، کارەبا نەبوو، نە ئاو نە ئاوەڕۆ شوێنەواریشیان نەمابوو. لە ڕاستیدا هەردوو وڵات بەڕێوەبەرایەتییان تێدا نەمابوو. من لە ساڵی ١٩٩٥، دوو ڕۆژم لە شاری کێنێما لە سیرالیۆن بەسەر برد، ئەو شارە گۆمڕی مرواری تێدا هەیە. لەو کات جاشەکانی ئەفریقیای باشوور و نامیبیا تازە لەو ناوە ئەو یاخیبووانەیان دەرکردبوو کە لایبیریا پشتی دەگرتن. هەر بە خۆیان بە شێوەیەکی کاتی گۆمڕەکانیان دەپاراست.

جاشەکان دڵنیابوون کە حکومەت بەشی خۆی دەبرد، ئەوانیش بەشی خۆیانیان وەردەگرت. کێنێما و شارەکانی تری بە مرواری، ناوبانگی خراپیان

دەرکردبوو، چونکە بە قاچاغ مرواریيان بۆ چەرچییەکانی لوبنان- هەندێ جاریش ئیسرائیل - دەنارد، ئەو کارەش کە بەشێوەیەکی نایاسایی دەکرا، پێی دەگوترا ململانێیەکانی مرواری یان مرواریی خوێن. چارلز تێیلەر، کە سەرکردەی یاخییەکان بوو، بووبوو بە سەرۆکی وڵات، قازانجی زۆری لەو بازرگانییە ناقانوونییە دەکرد. هاوپەیمانەکەشی کە ناوی فۆدای سانکۆح بوو ئەویش پشکداری ئەو قاچاخچییاتییەی دەکرد و قازانجیشی لێ وەردەگرت. فۆدای سانکۆح سەرکردەی یاخیبووەکانی بەرەی شۆڕشگێڕی یەکگرتووی سیرالیۆن بوو. ئەلقاعیدە چەندین ملیۆن دۆلاری لە سویسراوەڕا بۆ چارلز تێیلەر نارد، لە بەرانبەریشدا تێیلەر مرواری بۆ ڕەوان کرد[٦٨]. وا دیاربوو کە FBI و CIA بەهۆی پێوەندییاکانی تێیلەر بە پات ڕۆبەرتسن و هەندێ ئەندامی کاربەدەستی کریسچن ڕایت Christian Right، دوودڵ بوون لەوەی کە لێکۆڵینەوە لە پێوەندیی تێیلار دەگەڵ ئەلقاعیدە بکەن. لە ئاداری ٢٠٠٣دا، دادگەی تایبەتی بۆ سیرالیۆن، کە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی دەکا، بەپێی بەڵگەی بازرگانیکردن بە مرواری بەشێوەیەکی نا یاسایی، تێیلەر تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بار کرا. بەڵگەکان لەلایەنی دەیڤد کرەین لەگەڵ ئالان وایت درانە دادگایەکە. کرەین و وایت هەردووکیان پێشتر کارمەندی CIAبوون. لەشکرەکەی فۆدای سانکۆح لە پەل قوتکردن پسپۆر بوو. سانکۆح لە زیندانێکی سیرالیۆن، لە میانی چاوەڕوانی دادگاییکردنی، لە ئابی٢٠٠٣دا مرد[٦٩]. پاش ئەوەی یاخیبووان گەمارۆی مۆنرۆڤیای پایتەختی لایبیریایان دا، تێیلەر هەر هەمان مانگ دەستی لە دوا پێگەی خۆی لە پایتەخت بەربوو. دانوستانی بۆ ئەوە کرد حەشارگەیەکی لە نایجیریادا دەست بکەوێ. بەم جۆرە خۆی لە تۆمەتەکە دەرباز کرد. قسەی وا هەبوو کە بەرەی شۆڕشگێڕی یەکگرتووی سیرالیۆن و کارمەندانی لایبیری پێوەندییان دەگەڵ کارمەندانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستانێ پەیدا کرد. (سامي عصيلي)، کە بازرگانێکی لوبنانی بوو، لە سێپتێمبەری ٢٠٠٣ لە بەلژیک، دادگایی کرا. بە گوێرەی دۆکیومێنتەکانی بەلجیک، سامی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەندامانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستاندا کردبوو بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی بانکیان بۆ ڕێک بخا تا پارەی پێ بگۆزنەوە[٧٠].

جەیمز گورول، بریکاری وەزیری گەنجینە بوو، کە بە لێژنەی دارایی پیرانی

گوت: (داراییی تیرۆریستان گرفتی زەبەلاحە. ئێمە ئەوە لە ساڵێک پتر لە نیویۆرک و واشنتن، بە دوای چالاکییەکانی ئەلقاعیدەوەین. گورزی چاکمان لێ داون، وەلێ هێشتا ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لەبەردا ماوە.)(٧١) ساڵێک پاشتر، دەیڤید ئاوفهاوسەر کە جێی گورولی گرتەوە، لە بڵاوکراوەیەکی یاساییدا نووسی کە هێرشی جیهانی بۆ بەربەستکردنی هاتوچۆی پارەی تیرۆریستان هەنگاوێکی باش بۆ پێشەوە چووە و توانیویەتی کە دوو لە سێی ئەو پارەیەی تیرۆریستان کە بۆ ئەلقاعیدە و ڕێکخراوە هاوکارەکانی دەچوو، بنبڕ بکا(٧٢). لە ڕاستیشدا، ماڵپەڕی وەزارەتی گەنجینە پاشتر دانی بەوە نا کە ئەو قسانەی بەڕێوەبەرایەتی بەرانبەر بە بنبڕکردنی پارەی ئەلقاعیدە ئاشکرای کردبوو، هەمووی لە قسە بترازێ چیی تر نەبوو. ئەمەش دووبارە ئەمەریکاییەکانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان تووڕە کردەوە و متمانەیانی بەو بەڕێوەبەرایەتییە خستەوە تەرازوو(٧٣). بۆیە ڕاپۆرتێکی ئۆفیسی ژمێریاری گشتی کۆنگرێس، لە دیسێمبەری ٢٠٠٣دا، بە هۆی ئەوەی کە ئاژانسەکانی حکوومەتی فیدراڵی نەیانتوانی بوو لە نێوان خۆیاندا هاریکاری یەکتری بکەن، ئاشکراشیان کردبوو کە واشنتن هیچ ئاگای نەبووە، چۆن تیرۆریستان پارە و سامانەکانی خۆیان دەگوازنەوە یان چۆن پارەکانیان بۆ تیرۆریستان دەبەن؛ لەبەرئەوە لێژنەکە هەموو دەزگاکانی سەرکۆنا کرد(٧٤). هەر چەندە هەراوهۆریایان لەبارەی بەربەستکردنی پارەی تیرۆریستان کرد، بەڵام بەڵگەی ڕاست ئەوە دەبەخشێ کە ئەلقاعیدە و ڕێکخراوە تیرۆریستییە ئیسلامییەکانی تر یان پارەیەکی ئێجگار زۆریان ویستبوو، یان لە دەوڵەمەندانی سعوودیە و هاوسۆزەکانی تریان خواستبوو کە چەند ملیۆن دۆلارێکیان بە پەلەیان لە بەردەست دابنێن.

هەندێ لە شارەزایان لە کاروباری تیرۆریستی، لەو باوەڕەدانە کە ئەلقاعیدە ئێستا لە جاران پتر پێویستی بە پارە هەیە، چونکە لەوەتی حەشارگەی تاڵیبانی لە ئەفغانستاندا نەماوە، ئەندامەکانی پێویستی زیاتریان بە پارە هەیە بۆ ئەوەی نرخی خۆ شاردنەوەیان بدەن. بەڵام هەندێکی تر دەودەوانێی ئەوە دەکەن کە ئەلقاعیدە ئێستا لە جاران کەمتر پێویستی بە پارە هەیە. لە دوای دەرکردنی ئوسامە لە ئەفغانستان ئیتر توانای ئەوەی نەما وەک پێشان بە هەزارەها خۆبەخشکاران پێشوازی بکات (تەنانەت ئەگەر بۆ ئەو ڕاهێنانە کەمانەش بن کە

له باشووری فلیپین و له چێچنیادا دەکرێن.) پێشتر ئوسامە زۆرترین پارەی خۆی له گرتن و گواستنەوە و مەشقدان و حەواندنەوە و خۆراکی خۆبەخشکەرەکان خەرج دەکرد. هەواڵگری ئەمەریکایی خەملاندوویەتی کە نزیکەی ٣٠٠٠٠ خۆبەخشکەر له سەرەتای ١٩٩٠کانەوەڕا له کامپەکانی ئەفغانستاندا مەشقیان کردووە[٧٥].

بەڵگەی کەمبوونی پارەی ئەلقاعیدە له ئارادا هەبوو. چونکە لەدەستدانی ئەفغانستان کارێکی کەم نەبوو. بە قسەی دیلەکانی ئەلقاعیدە، له ئەنجامی لەدەستدانی ئەفغانستان، گەلێک گەورە کادیری ئەلقاعیدە گیران یان کوژران. پاشتریش له ئەنجامی ڕاوەدوونانیان له چەندین وڵات، دەستبەسەرداگرتنی گەلێک کۆمپیوتەر و دۆکیومێنتی ئەلقاعیدە زیانی بێ پایان لەو ڕێکخراوە کەوت. بۆیە له یەکەم ساڵوەگەڕی ٩/١١، بۆ پارە پەیداکردن، داوایان له یوسری فودا کرد، کە یەکێکە لە پەیامنێرە ناسراوەکانی ئاسمانی ئەلجەزیرە، بۆ ئەوەی دیمانەیەک دەگەڵ ڕمزی بن ئەلشیبە یان خالد شێخ ساز بکات دەبێ ١ملیۆن دۆلار بدا، پاشتر پارەکەیان بۆ ١٧٠٠٠ دۆلار بۆی کەم کردەوە و کە نەبوو پێیان گوت دەتوانی بەو پارەیە دیمانە دەگەڵ هەردووکیاندا بکەی. پەیامنێرەکە، کە سەرۆکی بیورۆی ئەلجەزیرەیە لە لەندەن، لە حەژمەتی ئەو زانیارییانەی لێی وەرگرتن، حەپەسا. ئەو پیاوانە خۆیان بوون کە پلانی پەلامارەکانیان بە شێوەیەک دانابوو وەک پلانەکانی ڕۆمێل یان ئێیزنهاوەر ورد و توکمە بوو. (لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو پیاوانە داوای پارە ناکەن، بەڵام کە خواستیان، واتای ئەوە بوو تووشی نەهامەتی هاتبوون.)[٧٦]

وایە و واش نییە. سەرکردە جیهادییەکان پێشتریش بێ پارە بووبوون. بەڵام هەموو کات سەرچاوەی تریان بۆ خۆیان دەدۆزیەوە. بەر لەوەی (أيمن الظواهري) ڕێکخراوەکەی جیهادی ئیسلامی مسری دەگەڵ ئەلقاعیدە تێکەڵ بکات، تووشی بێ پارەییەکی هێندە زۆر هات کە ناچاری کرد ملی خۆی لە کێرد خشاند و لە ١٩٩٥ سەردانییەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد و لەوێ بە مەبەستی پارە کۆکردنەوە گەڕانێکی بە ناو مزگەوتەکانی کالیفۆرنیادا کرد[٧٧]. بۆیە ئەو خواستنەی خالد شێخ تەنیا ئەوە هەڵدەگرێ کە زۆر نالەبار بوون. چەند ساڵ بەر لەوەی لە کۆتایی ١٩٩٦دا، خۆی باوێتە داوی ئوسامەوە، محەمەد سەلماندی کە زیرەکایەتییەکی لە

بواری پارەداریدا هەیە و دەشتوانی بە بیست شێوەی جیاجیا خۆی بگۆڕێ بە مەرجێ کە کەس نەیناسێتەوە. ئەوە بوو خۆی کردە شێخێکی شەلاتی پاشان بووە بازرگانێک کە ئاوی پیرۆزی زەمزەم لە مەکەوەڕا بۆ ئەفغانستان دەبات.

پیشەی خالد وەک ئەوەی ئوسامە نەبوو کە لە سوودان دای مەزراند. ئوسامە بۆ پارە پەیداکردنی نەبوو، تەنیا دەیویست جەنگاوەرە دێرینە ئەفغانییەکانی مەشق پێ بکا و کاریان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام هینەکەی محەمەد قازانجی دەکرد. بە پارەی ئەو قازانجەی بوو کە لە کەراچی کردی، رمزی یوسفی خوشکەزای لە یەنایری ١٩٩٣دا پەلاماری ناوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی لە نیویۆرکدا. پاشتریش بودجەی چەند کردەوەیەکی تری تیرۆریستی پەیدا کرد. کۆمپانیای کۆنسۆژایا لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٩٤ دامەزرا، بارەگای لە کوالامپۆری پایتەختی مالیزیا بوو، لە بواری هاوردن و دەرکردن کاری دەکرد، بە ڕواڵەت هیچ ئاگایەکی لە شێوەی چالاکی محەمەد نەبوو، تەنیا ڕۆنی دارخورمای بۆ پاکستان دەهێنا؛ بەڵام لە ڕاستیدا ناوەندی چالاکییەکانی داراییی محەمەد بوو(٧٨). تاووتووکردنی هەر دەگەڵ کۆمپانیا ئیسلامییە هاوبیرەکانی خۆیدا هەبوو.

گەورە کارمەندی کۆمپانیایەکە لە کۆنسۆژایا، کابرایەکی ئیندۆنیزی بوو بە حنبلی بانگیان دەکرد؛ ناوی (رضوان عصام الدین) بوو؛ توانی تا ماوەیەک خۆی بشارێتەوە، بەڵام لە ئابی ٢٠٠٣ لە تایلاند دۆزرایەوە و گیرا. ئەو حنبلییە فێڵی لە (الجماعة الإسلامیة) کردبوو، بۆیە لە دەستیان ڕای کردبوو، پاشان پێوەندی بە ئەلقاعیدەوە کرد بوو. لە ئیندۆنیزیا و سنگاپۆر و مالیزیا و فلیپین و ئوستورالیا، بۆ ئەوەی سستەمی خەلیفایەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دامەزرێنێ، سەرپەرشتی چالاکییەکانی ئەلقاعیدەی دەکرد. لە دوای ٩/١١ خۆی بزر کرد، بەڵام ئەمەریکا وازی لێ نەهێنا تا دەسگیر کرا. کۆنسۆژایا پێوەندیی بە محەمەد جەمال خەلیفەی کوڕە خەزووری ئوسامەیەوە هەبوو. لە ١٩٩٠کاندا خەلیفە یارمەتی مرۆڤایەتی بۆ موسڵمانە یاخییەکانی دوورگەی منداناو و هەندێ دوورگەی تری لە باشووردا، دەبرد. کارمەندەکانی حکوومەتی مانێلا مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە خەلیفە هانی تیرۆریستان دەدات؛ بۆیە زۆر نیگەران بووبوون، چونکە نەیاندەتوانی چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەی کەمینەی موسڵمانی وڵاتەکاین بدۆزنەوە.

لە ٢٠٠٣دا وەدیار کەوت کە ئەلقاعیدە تووشی بێ پارەیی هاتووە، بەڵام نەک بەو ڕادەیەی کە هەر هیچی نەمابێ. وڵاتە یەکگرتووەکان توانی هەندێ لە دەروازەکانی هاتنی پارەی لێ دابخات. گرتنی خالد شێخ محەمەد و مستەفا ئەحمەد حوزاوی دوو سەرچاوەی گەورەی دروستکردنی پارەی لە ئەلقاعدە بڕی کە بە ئاسانی ناکرێ شوێنیان پڕ بکرێتەوە. لە ئەنجامی شەڕەکەی لە ٢٠٠١ دا لە دژی تاڵیبان کرا، زانیاری هەواڵگری زۆر وەدەست هات کە بووە هۆی ئەوەی تۆڕی ئەلقاعدە لە بار یەکتری هەڵوەشێنێتەوە. لە یەنایری ٢٠٠٣ FBI گەورە مەلایەکی یەمەنی ناوی محەمەد عەلی حەسەن ئەلموئید فریو دا و بردی بۆ فرانکفۆرت بۆ ئەوەی لەوێ چارەسەری نەخۆشی بۆ بکا. پۆلیسی ئەڵمانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گوێی لەو قسانەی ڕاگرت کە لەگەڵ نمایندەیەکی نهێنی لە هوتێلی فڕگەی فرانکفۆرت کردی، پاشان موئید و یاریدەدەرێکی لە خۆی گچکەتری هەردووک گرتن و تۆمەتی پارە ناردنی بۆ ئەلقاعیدە و حماس لە ئەستۆ کردن. (وڵاتە یەکگرتووەکان پەیمانی دا کە هەردوو کەسەکە لە دادگەیەکی مەدەنی دادگایی بکرێن؛ حوکمی لە سێدارەدانیشیان نەدرێ، ئینجا جەرمانستان کابرایەکانی تەسلیمی ئەمەریکاییەکان کرد هەردووکیان ڕەوانی وڵاتە یەکگرتووەکان کران، لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٣ لە برووکلن درانە دادگە.)

ئەو کردارە لە ئەنجامی دۆزینەوەی ئەو دۆکیومێنتانە هات کە لە دوای ڕووخانی تاڵیبان لە ئەفغانستان دۆزرانەوە و بە هۆی هاریکاریکردنی کابرایەکی یەمەنیش جێبەجێ کرا کە بۆ CIA کاری دەکرد. لەمیانی دەمەتەقێی نێوانیان مەلا موئید بە سیخوڕەکەی گوت کە خۆی چاوی بە ئوسامە کەوتووە و پێش ٩/١١ پتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلار، کە لە مزگەوتی (الفاروق)لە برووکلین کۆ کرابووەوە، بۆی بردبوو[٧٩]. شێخ موئید لە یەمەن ئیمامی مزگەوتی (صنعاء) بوو، گەورە بەرپرسێکی پارتی (الإصلاح) بوو. لە کاتی دادگاییکردنەکەدا شێخ موئید وا خۆی هەڵخست کە ڕاوێژکاری ڕوحی ئوسامە بووە. سەیر نییە کە وڵاتە یەکگرتووەکان کابرایەکی ئاوا بە فێڵ دەسگیر بکا؛ بەمەش دوو کێلی بە یەک بەرد پەڕاند؛ یەکەمیان پێوەندیی خۆی دەگەڵ یەمەن تووشی گرژی نەکرد، چونکە ئەگەر شێخ هەر لە یەمەن بمابایە و وڵاتە یەکگرتووەکان داوای تەسلیمکردنی بکردایە، بێگومان دەبووە کێشەیەک بۆ هەردوو لا؛ دووەمیش ئەوە بوو، شێخ موئید شوێنێکی ئاینی تایبەتی لە نێوان

موسڵمانانی یەمەنیدا هەبوو، بۆیە گرتن و دادگاییکردنی شێخ، مریدەکانی لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان جۆش دەدا. سیخوڕێکی FBI دان و داوی داناوە و ئیمامی قایل کرد وەک بەشێک لە هاریکاریکردنی ٢٥ ملیۆن دۆلار بۆ ئەلقاعیدە ببا، پاشتر چەک و پارە بۆ هەموو جیهادییەکان لە سەرتاسەری دنیا ببا(٨٠).

لە پاکستان وەزیرێکی دارایی کەللەڕەق کە پێشتر لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی کاری کردبوو، هەندێ کرداری وای پەیڕەو کرد کە بووە هۆی بەرپابوونی گەندەڵی، بەمەش کۆنترۆڵی لەسەر ڕێگەی بۆ هاتنی سەرمایەی بیانی نەما. لە سەرەتای٢٠٠٣ وەڕا، لە ئەنجامی پاڵپەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکان، ژمارەی حەواڵەی پارەگۆزی زۆر دابەزی(٨١). بانکەکانی پاکستانی ڕێژەی قازانجی خۆیانیان دابەزاند بۆ ئەوەی بتوانن کارامەتر ئیشی کەستمەرەکانیان ڕاپەڕێنن، بەم شێوە توانییان ئەو پارەیەی کە سی ساڵ بوو بۆ حەواڵەکان دەچوو بۆ خۆیانی گل بدەنەوە(٨٢).

بەڵام کارمەندان و هاووڵاتییانی سادەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر زەینیان لەسەر سعوودیە بوو؛ گومانیشیان دەکرد کە سەرچاوەی سەرەکی پارەی ئوسامە لەوێوە هەڵبقوڵێ. ١١ی سێپتێمبەریش سعوودیەی وەک ماڵی ئوسامە و زۆربەی فڕۆکەڕفێنەرەکان ناساند. پاڵپەستۆی زۆر و بەردەوامی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئال سعود، کە بە زۆری بە نهێنی بوو، گۆڕانکاری لێ کەوتەوە. دامەزراو و چاکخوازە سعوودیەکان دەستیان بە هاریکاری کرد و ملکەچی ئەو یاسایە بوون کە لەمێژ بوو گوێیان پێی نەدەدا. ڕەنگە ئەوە هەر قسەش بووبێ؛ چونکە بەرێوەبەرایەتی لە نێوان خۆیاندا هەردەم گلەیی ئەوەی دەکەن کە عەرەبستانی سعوودی بە چاکی هاریکارییان ناکا. هەر چەندە شازادە عەبدوڵا مکوڕ بوو لەسەر هەوڵدانی بۆ جێبەجێکردنی جاکسازییەکی بنەڕەتی، بەڵام وا دیاربوو سعوودیەکان لە ڕاستیدا پێیان نەدەکرا بە سەر تەگەرەکانیاندا زاڵ بن. وا پێ دەچوو نەیانەوێ تێ بگەن کە پێوەندییە دوو قۆڵییە شێست ساڵییەکەیان دەگەڵ واشنتن، گۆڕابوو. ئەمەریکاییەکان داوای کرداری توکمەیان لە سعوودیەکان کرد، نەک هەر قسە و چیی تر نا. ئەمەریکاییەکان دەیانویست بڵێن ئێمە چۆنمان دەوێ دەبێ سعوودیەکان ئاوا بن، بەڵام خیانەت هەتا بەر دەرگەی شازادەکانیش چووبوو.

هەندێ کەس لە وانەی شارەزای سعوودیە بوون لەو باوەڕە دابوون کە فرتوفێڵ لە ئیش کەمتر بووبێ لەو پیساتی و خۆبەزلزانین paranoiaـەنەی کە لە هەموو جمگەکانی ژیاندا هەبوو. بەڵام هیی تر هەنە بە پێچەوانەوە باس دەکەن؛ دەڵێن فرتوفێڵی زۆر لە ناو ئیشەکاندا پتر هەبوو. هەرچەندە ئەمەریکاییەکان زۆر بە چڕی ئامۆژگاری سعوودیەکانیان کرد، بەڵام ئەو سعوودییانە نەیانتوانی فایلی خۆیان خاوێن بکەنەوە و وێنەیەکی شیاوی خۆیان نیشان بدەن. بە بۆچوونی ئەمەریکاییەکان سعوودیەکان نکوڵییان لە زۆر شت دەکرد، بۆڵەبۆڵیان زۆر بوو، زۆر شتیشیان دادەپۆشی. ئەوەیان پێ لە ڕاستی پەسندتر بوو؛ چونکە وایان دەزانی زیانیان لێ دەکەوێ، ئەگەر دان بەڕاستیدا بنێن. بەڵام لە کن ئال سعوود بە پەلە سزادانی هاووڵاتییە لاملەکانیان، جا هەر چ کەسێک بن، دان نان بوو بەوەی کە سعوودیەکان هەندێ جار ناچارکراون کارێک بکەن کە خۆیان نەیان ویستووە و ئەمەش شێواندنی ڕێبازی وەهابیزمی لێ کەوتووەتەوە. بێگومان ئەم جۆرە هەست پێکردنە هەموو کات جێی نیگەرانی بووە. دیاربوو کە لە دوای ١١ی سێپتێمبەر سعوودیەکان نەیاندەتوانی هیچ بکەن بۆ ئەوەی یارمەتی ئەمەریکاییەکان بدەن. بە ڕاستی خۆ سعوودیەکان بەتەنیا نەکەوتنە نێو داوی ماندەل کردنەوە، بەڵام ئەوەی ئەوان تێی کەوتن، تەڵەیەکی گەورەبوو. زۆر لە سعوودیەکان شانازییان بەوە دەکرد کە لە شێوەی هزری ئەمەریکاییەکان دەگەن. لە ژمارەیەکی کەمی نەفتداران oilmen و دیبلۆمات و ئەکادیمی و ئەفسەرانی هەواڵگر بترازێ؛ بەگشتی هاووڵاتییە ئەمەریکاییەکانی تر هیچیان نەیاندەزانی چ کۆمەڵگەی سعوودی ئاوا کردووەتە قڕنە.

کە ئال سعوود لە کۆتاییدا، تێگەیشتن هۆشمەندی لەوەدایە کە هەموو نهێنییەک ئاشکرا بکەن، ئینجا واشنتن پێی خۆی لێ کێشاوە. پەلامارەکەی ئەلقاعیدە لە ئایاری ٢٠٠٣دا کردییە سەر ئاوایی بیانییەکان لە ریاد، سعوودیەی گەیاندە ئەو متمانەیەی کە ڕزگاربوونی خۆی تەنیا لە سەرکوتکردنی بێ ئەندازەی جیهادییەکانەوە دەبێ؛ بۆ ئەوەش دەبێ تۆڕی پارەبەخشی ئوسامە لە ڕەگوڕیشەوەڕا هەڵکێشێ(٨٣). ئەوە بوو وڵاتە یەکگرتووەکان چەند ساڵ بوو داوای لێیان دەکرد بیکەن، بەڵام نەیان دەکرد. لێکۆڵینەوەیەکی بیست و هەشت لاپەڕەیی دەربارەی ئەو ڕووداوە بەدیاری خست (سەیری پەراوێزی ١٤ی ئەم بەشە بکە)

سعوودیەکان ناچارکرابوون کە بەری خۆیان لە ئاو دەربێنن. بەر لەو هێرشانەی ئەلقاعیدە کردیە سەر ریاد، سعوودیە هەرچی دەکرد بۆ ئەوەی لوولەی پارە لە ئەلقاعیدە بگرێتەوە، ئەمەریکاییەکان بڕیان پێی نەدەشکا، بۆیێ بەبەردەوامی کارمەندەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە هاوکارە سعوودیەکانی خۆیانیان دەخواست دا هاریکارییان دەگەڵدا بکەن. ئەو چاکخواز و دامەزراوانەی چالاکە دەرەکییان هەبوو، لە مێژەوەیە داوایان لێ کراوە بۆ ئەوەی ناویان لە وەزارەتی دەرەوە تۆمار بکەن. ئێستاش ئەو وەزارەتە چاودێرییان دەکات تا بزانی هەموو پارە بەخشاوەکان لەو شوێنانە خەرج دەکرێن کە بە فەرمی بۆیان ڕەوان کراوە[٨٤]. بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا دەزگایەکی چاودێریکردن دامەزراوە.

وەزارەتی گەنجینە لە واشنتن هەندێ نیشانەی تری پێشکەوتنی تۆمار کردووە، بەڵام هەر منگەمنگی ئەوەیەتی کە سعوودیە دەبێ زۆرتر و بە پەلەتر کار بکا، چونکە لە توانایدا هەیە پتر بکا. پاڵەپەستۆکان بەم دواییە ئەنجامیان لێ کەوتەوە و گۆڕانکاری زۆر کرا. تاکتیکی لێدە و ڕاکەی ئەلقاعیدە بۆ ئەوەی تیرۆریزم بێنێتە ناوەوەی ولات ڕێگەی لە پێش کاربەدەستانی سعوودی خۆش کرد بۆ ئەوەی ئەوانیش دەستی خۆیان لە ئەلقاعیدە بوەشێنن[٨٥]. بۆ یەکەم جار دەزگاکانی دژە تیرۆریزمی سعوودی و ئەمەریکایی بە توندی وێکڕا دەستیان بە ئیش کرد. هەوڵ درا بۆ ئەوەی نەهێلن چیی تر دەوڵەمەندەکانی سعوودیە پارە بدەنە تیرۆریستان، ڕاگرتنی ئەم پرۆسەیە ئاسان نەبوو؛ بەڵام دەوڵەمەندەکان تێگەیشتن کە لێپرسینەوە هەیە، بۆیە بۆیان نەدەکرا بۆ سمێڵ بچن ڕیشیشی بخەنە بانیەوە. دوای سێ مانگ لە پەلامارەکەی سەر ریاد، بۆ ئەوەی ئەو جۆگەلە پارەیە چک بکەن کە بۆ ئەلقاعیدە دەچوو، ئال سعوود بڕیاریان دا هەموو ئەو سندووقانەی بۆ بەخشینەوە لە مزگەوت و لە بازاڕەکاندا داندرابوون، هەموویان هەڵبگرن، بڕیاریشیان دا هەموو جۆرە بەخشینێکی پارەی کاش قەدەغە بێ. (ڕەنگە تەنیا کریستیانە بەخشندەکانی ولاتە یەکگرتووەکان هێندەی سعوودیەکان پارە بە کنێسەکانیان ببەخشن.) هەروەها ئال سعوود قایل بوون دەرزەنێک نمایندەکانی FBI و کارگێڕی داهاتی ناوخۆ بێن بۆ سعوودیە و دەگەڵ کارمەندەکانی خۆیان، شانبەشانی یەکتری کار بکەن[٨٦].

ئەگەر بەپێی ژمارە و شوێنی جیۆگرافی پەلامارەکان دیار بخەین، دەبینین کە لە

دوای ١١ی سێپتێمبەر جیهادییە تیرۆریستەکان لە ئیندۆنێزیا، کێنیا، تونس، پاکستان، مەغریب، عەرەبستانی سعوودی، ئیسپانیا و تورکیادا بە شارەزایی تەواوەوە پارە لەمسەر تا ئەوسەری جیهان دەگۆزنەوە بۆ ئەوەی چالاکییە تیرۆریستییەکان جێبەجێ کەن. هۆی سەرکەوتنیشیان ئەوەیە: کردەوەی سادە دەکەن، بۆ ئەو جۆرە کردەوانەش پارەیەکی کەم بەسە؛ واتا هێندە پارە دەگەڵ خۆیاندا دەگێرن کە ئامێرەکانی پشکنین نەیان دۆزنەوە. لە بەهاری ٢٠٠١دا، خالید شێخ محەمەد لە پاکستان، متمانەی بە هاووڵاتییەکی کەنەدی کرد، ناوی محەمەد مەنسوور جەبارە بوو. ٥٠٠هەزار$ کاشی دایێ بو ئەوەی بۆ "الجماعة الإسلامية" بیبا، بە مەرجێ دەبێ پێش ١١ی سێپتێمبەر بەدەستیان بگات. نزیکەی سێ ساڵ پاشتر، کارمەندانی مەغریبی گوتیان کە لە نێوان ٥٠ هەزار $ بۆ ٧٠٠ هەزار$ پارەی بیانی گەیشتە دەستی جیهادییەکانی ناوەوەی وڵات، بۆ ئەوەی چەند کارێکی تیرۆریستی پێ ئەنجان بدەن. لە حوزەیرانی ٢٠٠٣دا، جیهادییەکان یەکەم هێرشی تیرۆریستیان کردە سەر کازابلانکای پایتەختی بازرگانی وڵات. لەو هێرشەدا یازدە تیرۆریست و سی و سێ سڤیلی مەغریبی و بیانی گیانیان لەدەست چوو. پەلامارە جیهادییە تیرۆریستییەکانی تر تەنیا لە ٢٠٠٢دا بریتی بوو لە پەلاماردانی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی دەگەڵ گەشتیاران لە کێنیا؛ سوپەرمارکیتێکی فەرەنسی لە کەنارەکانی یەمەن، پەرستگایەکی جوولەکان لە تونس، بارێک و شەویانە nightclubیەک کە گەشتیارە ئوستراڵی و ڕۆژئاواییەکەنی تری دەچوونێ لە سەیرانگەی بالی لە ئیندۆنیزیا، چەند ئەندازیارێکی دەریایی فەرەنسی و کونسوڵگەری و.ی. لە کاراچی. ئەو پەلامارە تیرۆریستییانە بە مسۆگەری لە یەک تایبەتمەندییاندا هاوبەش بوون؛ هەموویان بە هەرزان جێبەجێ بوون. وەک ئەوەی کە پسپۆڕێکی دارایی تیرۆریزم لە وەزارەتی داد دانی پێ دانا: (شوێن هەڵگرتنی پارە لە باشترینی بارودۆخدا زۆر زۆر ئەستەمە. گەر باسی ئەو کردەوە تیرۆریستییانەش بکەی کە بە ٥٠هەزار $-٧٠هەزار $ جێبەجێ دەبێ، هەینێ ئیشەکە دەبێتە مەحاڵ.)[٨٧]

کارمەندە سڤیلە نێو نەتەوەییەکانی کە شوێنی پارە-شۆرین money-laundering لە پاریسەوەڕا هەڵدەگرن، هێشتا گومانیان لەوەدا هەیە کە ئەو حەوالانەی گیراون، سەرچاوەی سەرەکی پارەداری تیرۆریستی بن[٨٨]. بۆنموونە،

لە تەمووزی ٢٠٠٣دا، ویستیان حەوالەیەکی پارەگۆزی ساختە بەکار بێنن بۆ ئەوەی پارەی تاووتووکردنێکی نێودەوڵەتی ئاڵۆزی پێ بدەن، هەڵسوکەوتەکە دەزگای وڵاتە یەکگرتووەکان و سۆڤیەتی تێدا بەشدار بوو. دەڵاڵێکی چەکی بەریتانی بەڕەگەز هیندی دەگەڵ دوو هاوپشکی خەڵکی نیویۆرک گیران، پاشان بەوە تاوانبار کران کە مووشەکێکی دژە ئاسمانی سەر شان جۆری SA-18 یان بە گەمییەکی رووسی، بۆ ناو وڵاتە یەکگرتووەکان هێناوە[٨٩]. ئەمەریکاییەکان قایل نەبوون باسی حەوالە بخەنە ناو یاسای نیشتمانی، تا پسپۆرانی ئەمێرکی دژە تیرۆر هەوڵی ئەوەیان دا کە لوولەیەکی کوشندەی تر دابخەن، ئەویش: نامەی کاش بوو؛ کە هەندێ جار پێی دەگوترێ (پرێسکەی نێو نەتەوەیی International pouch.) ئەوانە بە شێوەیەکی سەرەکی چەکی پارەن، (یان ئامێری وەک چەکی کاشێر cashier checks یان مەنی ئۆردەر money order ن.) کە بانکە بیانییەکان بۆ پارەدان ڕەوانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان دەکات. ئەوانە لەناو پرێسک دەکران یان دەخرانە ناو هەگبەیەکی نێودەوڵەتییەوە و ڕەوان دەکران. ئەو پارەیەی ڕۆژانە بەم شێوەیە دەگات لە ٥ بۆ ٧ ملیۆن دۆلارە کە تیرۆریست و پارە شۆرەکانی تر بەکاریان دێنن؛ چونکە بواری دەست بەسەرداگرتنیان زۆر کەمە. لە بێژینگدانی ئەم هەموو چەکە بەدەست، لەسەر بانکەکان زۆر گران دەوەستێ. چەکە پەسندەکان ئەوانە بوون کە بەروارەکانیان زووتر دیار کرابوو یان ئەو چەکانە بوون کە بێ ناو ڕەوان دەکران. لەو بارەدا بانکە ئەمەریکاییەکان پێویست بوو بە وردی چاودێری بانکەکانی ئەوبەر دەریا overseas بکەن، ئەوانەی بە زەقی لە سستەمەکە لادەبنەوە دەستنیشانیان بکەن، سزا یان پارەیان بدەن و تاووتووشیان دەگەڵدا نەکەن، لە دوا قۆناغیش ڕێگەیان نەدەنێ تا پێوەندیی لەگەڵ سستەمی بانکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن[٩٠].

بەپێی ئەو ئەزموونەی کە هەبوو ئەم جۆرە یاسایە ڕەنگە بە پێویست بزاندرێ، بەڵام بەسیش نابێ (هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نییە بسەلمێنێ کە ئەلقاعیدە ئەم فێڵەی وەکار هێنابێ). ئەو تۆمارانەی لە بەردەستن دەسەلمێنن کە تیرۆریستەکان داهێنەری زیرەکن[٩١]. سەیر نییە کا کارمەندانی دژ بە هەواڵگری دەگەڵ بەرپرسەکانی پۆلیس لە هەموو شتێک زووتر بەسەر فێڵی جیهادییەکان دەکەون. بازرگانی هەنگوین، کە پیاوماقووڵە بەساڵاچووە موسڵمانەکان لە سوودان و یەمەن

و باشووری ئاسیا، بەر لە پەیدابوونی دەرمانی زەوقی ڤایاگرا، زۆر بەکاریان دێنا، سەرچاوەیەکی گرینگی پارەی ئەلقاعیدە بوو، بەر لەوەی کارمەندانی دژە تیرۆریزم پاش کەمێک لە دوای ١١ی سێپتێمبەر بەسەریان بکەنەوە و لەناویان ببەن. ئەنجا بەردی گرانبەها و زێڕ کەوتنە بەر چاویانەوە.

وا پێ دەچوو ئەلقاعیدە زۆر شارەزا بێ؛ بۆیە هەموو سەرمایەکەی خۆی بە شلەیی هێشتەوە. ولاتە یەکگرتووەکان لە ئاداری ٢٠٠٣دا، پیلانێکی ئاشکرا کرد؛ ئەندامێکی ئەلقاعیدە کە پێشتر لە ولاتە یەکگرتووەکان بوو، خۆی کردبوو بە بازرگانێکی کووتاڵی پاکستانی، بۆ ئەوەی بەڵگەی کۆچکردنی بۆ ولاتە یەکگرتووەکان، دووبارە وەربگرێتەوە. لە هاویندا هەندێ بەڵگەی دادگە ئاشکراکرا، بە پێی ئەو بەڵگانە، کادیرەکەی ئەلقاعیدە گوتبووی دەیەوێ ٢٠٠هەزار$ لە پیشەیێک لە کاراچی وەبەرهەم بێنێ کە هاوردەر importerەکە پێشتر ئیشی بۆ کردبوو. کادیرەکەی ئەلقاعیدە وای لە هاوردەرەکە گەیاندبوو کە (دەیویست پارەکانی خۆی بە شلی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی پاش ماوەیەکی کورت وەریان بگرێتەوە.)(٩٢)

پۆلیسی ئینتەرپۆوڵ کاروباری ڕاپەڕاندنی یاسا لە ١٨١ولاتدا ڕێک دەخات، لە ناوەڕاستی ٢٠٠٣، سکرتێرە گشتییەکەی، ڕۆناڵد ک. نۆبێل گوتی کە ڕێکخراوەکەی: (زەنگ لێ دەدا بۆ ئەوەی هەموو لایەک ئاگەدار بکاتەوە لە تاوانێک کە زیرەکانە خەریکە لە بواری فرۆشتنی کالا بۆ ژمارەیەک گرووپی تیرۆریستی دەبێتە ڕێبازێک بۆ پارە پەیدا کردن.) جۆرە پێلاوێکی غاردان دەفرۆشن کە بەتەواوەتی لەسەر شێوەی پێتاوە ڕەسەنە کراوە، جۆرە جینزێکیش دەفرۆشن کە ئەویش وەک کالەکان ساختە و عەمبارە سۆت و بێ کەلکن؛ ئامێری ئێلێکترۆنی ساختەش هەیە کە لە چاو ئەوانەی کارخانەکانی ژاپۆن کراونەتەوە، ئەوانیش دەفرۆشن، بەم پێیەش قازانجێکی زۆری لێ دەکەن. ئەم جۆرە بازرگانییە خۆی نادات دەست نەکا سزای توندی بەسەردا بسەپێ؛ چونکە کالای خراپ بە ناوی باش دەفرۆشێتەوە. لەو شایەدییەی کە نۆبێل دای، وا دەرکەوت کە کۆمیتەی ناوەخۆی پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکان سزای پارەی کەم و زیندانیکردن بۆ ماوەیەکی کورت دەسەپێنێتە سەر ئەوانەی کە تەنانەت تاوانەکانیشیان بەسەردا ساغ دەبێتەوە(٩٣).

ئایا هیچ ڕێکخراوێک هەیە کە هەموو ئامانجی ئاژاوە و توندوتیژی بوویێت، توانیبێتی ڕێبازی خۆی گۆڕیبێ بۆ ئەوەی کەمتر پارە پەیدا بکات؟ لەڕاستیدا هیچ ڕێکخراوێک تا ئێستا ئەوەی نەکردووە، ئەلقاعیدە بەزۆری پشت بە ئاندامەکانی خۆی دەبەستی بۆ ئەوەی بەخۆیان دەستکەوتیان هەبێ، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕێبازی جیهادییەکانی جەزایر و میسری و ئاسیاییەکانە. ئەمانە پیشەداری یاساییان هەیە، بەڵام چەند قاچاغچییەکی تاوانکاری بێ بەهاشیان بۆ ئیش دەکەن. دەشێ ئەو ڕۆژە بێ چاکسازییەکی سیاسی وەتۆ بکرێ یان سەرکوت کردنێکی هێندە توند بەرپا ببێ کە بتوانێ ئەلقاعیدە بسڕێتەوە؟ ئەگەری چارەسەرێک لەلایەنی تیرۆریستانی نۆڤێمبەر لە یۆنان پێشکێش کرا، ئەوانە چینێکن کە بەتەواەتی هزرێکی جیاوازیان لە بەرانبەر جیهاندا هەیە. یەکێک لە ئەندامەکانی ١٧ی نۆڤێمبەر کاتێک کە لە هاوینی ٢٠٠٣، لە ئەتینا، بە تاوانی زنجیرەیەک کوشتن دادگایی دەکرا، بە دادگایەکەی گوت کە هەرچەندە کە لەمیانی سی ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتنی بێ ئەندازەیان وەدەست هێناوە، بەڵام بە خۆی و بە هەندێ کەسی ترەوە لە ژیانی قاچاغ بێزار بووینە. گوتی بێزار بووبوون، بۆیە بڕیاریان دا واز لە هەموو شتێک بێنن، تا بێن چێشتخانەیەکی خێراخۆر fast-food لە ئەتینادا بکەنەوە. بەڵام ئەلقاعیدە کە تا ئێستا وەک ڕێکخراوێک ڕوون نەبووەتەوە، هیچ ئاماژەیەکی ملکەچبوونی بۆ ئەم جۆرە هاندەرانە نیشان نەداوە.

## پتر بۆ دواوە دەچین

بۆ من ئەفغانستان سەلامەتترین جێیە.

– ئوسامە بن لادن

ئایا باری ئێستامان وەک ئەوەیە کە (هەرچەندە باشتر دەکارین، هێندە پتر بۆ دواوە دەچین)؟

– وەزیری بەرگری دۆناڵد ڕامسفیلد

یەکسەر پاش ئەوەی لە ئایاری ١٩٩٦، لە سوودان گەڕاوە، ئوسامە ئەفغانستانی کردە بارەگای خۆی. لە شوێنێکی شێواوی لای ڕۆژهەڵات بنەگەی خۆی لێ داکوتا؛ بۆیە ئەو شوێنە خراپەی هەڵبژارد، چونکە لە کاتی لاوێتییەوە لێی شارەزا بوو. برادەری زۆر چاکیشی لە ناو پشتۆنەکانی سەر ئەو مەرزەی نێوان پاکستان و ئەفغانستان هەبوو. لە سەرەتادا بەرێوەبەرایەتی کلنتن نەیزانی ئەو پێوەندییانەی ئوسامە لەو ناوەدا چەند بەهێز بوو. بۆیە بە بۆچوونی واشنتن چوونەوەی ئوسامە بۆ ئەفغانستان وەک چوونە ناو داو وابوو. بەڵام لە بەخت گەورەیی ئوسامە و لە ڕێگەی پارە و شێوازی هەڵسوکەوتی دیپلۆماسییانەیەوە، توانی هەموو ئەفغانستان بکاتە ئەنگوستیلەیەک بە پەنجەیەوە و لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ کرد بە هەزاران خۆبەختکاری لە سەرتاسەری ئەفغانستان مەشق دەدان بۆ ئەوەی بە دڵی خۆی؛ کەی بییەوێ و لە کوێ بییەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە. بۆ مەشقکردن، لە جاران ڕشتتر بوو. چونکی ڕکی دانەمردبوو لەوەی لە سوودان دەرکرابوو، بۆیە، بۆ یەکەم جار ئاشکرای کرد کە بەرەو توندوتیژی هەنگاو دەنێ. هێشتا زۆری مابوو ساڵێک لە دەرکردنەکەی لە سوودان بە سەر بچێ کاتێ کە فەتوایەکی بۆ جیهادکردن دا، لە دەقی فەتوایەکەی کوشتنی هەموو ئەمەریکاییەکی پیاو بێ ژن بێ منداڵ بێ سەرباز بێ یان سڤیل بێ– حەڵاڵ کرد.

هێشتا بەرچاوی ئوسامەی هەر ڕووناک نەبوو. کاتێک کە لە شاری جەلال

ئابادی ڕۆژهەڵات دابەزی بۆی دەرکەوت کە شارەکە لەلایەنی موجاهیدە دێرینەکانەوە بەڕێوە دەچێ، ئەنجوومەنێکیان بە ناوی (شورای ڕۆژهەڵات) بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە پێک هێنابوو. تەنیا چوار مانگ پاشتر هێزەکانی تاڵیبان جەلال ئابادیان گرت، کە لە نێوان پاکستان و کابولی پایتەختی ئەفغانستاندایە[1]. لە سەرەتادا ئیشەکە بە دڵی ئوسامەی نەهات. ڕەنگە ئوسامە ڕاستی نەکردبێ کە لە دیمانەیەکی چەند ڕۆژێک پێش ئەم ڕووداوانە گوتی؛ (ئەفغانستان بۆ من سەلامەتترین جێیە)[2]. ئینجا ئوسامە ناچاربوو کە پێوەندیی دەگەڵ مەلا عومەری سەرکردەی پەیدا بکات، پاشان پێوەندییەکە توکمە بکات. لەمیانی جیهادی دژی سۆڤیەت، ئوسامە، وەک خۆی گوتی، چاوی بە مەلا عومەر کەوتبوو. هەینێ مەلا عومەر تەنیا جەنگاوەرێکی ئاسایی بوو. بەڵام لە ناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا سەری هەڵدا و بووە سەرکردەی تاڵیبان، بۆ ئەمەش پاکستان یارمەتی دا و سعوودیەش پارەی بۆ نارد. بەڵام هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە دۆستایەتییەکەی ئوسامە دەگەڵ شورای ڕۆژهەڵات لە جەلال ئاباد، برادەرایەتییەکی بەهێز بووبێ.

ڕەنگە برادەرایەتی ئوسامە دەگەڵ سەرانی شەڕ لە جەلال ئاباد، وای لە مەلا عومەر کردبێ کە جۆرە گومانێک لە ئوسامە بکا. بەڵام لە بری ئەوەدا، ئوسامەی بانگهێشتی بارەگاکەی خۆی کرد، کە لە قەندەهار بوو. لە پێنج ساڵی دوواتر دۆستایەتییەکەیان هێندە بە هێز بوو کە بووە هۆی نارەزایی زۆر لە سەرکردەکانی تاڵیبان، بووە هۆی ئەوەش کە لە هەڕەشەی وڵاتە یەکگرتووەکانی بپارێزێ. ئوسامە بە بەردەوامی خۆی لە سەرکردەی تاڵیبان نزیک دەکردەوە؛ کۆشکێکی بۆی دروست کرد، بە عەقڵە سادەکەی مەلا عومەری دەجوولاوە و بەیعەتی بۆ کرد و بە (أمیر المؤمنین)ی ناسی (ئەم پۆستەش بە فەرمی لە ئاهەنگێک ڕاگەیەندرا کە تێیدا کۆنە عەبایەکیان بە خەڵکی نیشان دا، کە گوایا عەبای پێغەمبەرە و لە قەندەهار پارێزراوە.) ئوسامە هەموو کات بە ئاشکرا بە شان و شەوکەتی دەسەڵاتی تاڵیبانی دا هەڵدەدا و دەیگوت کە سستەمێکی خیلافەتی ئیسلامی تەواوە، پاش ئەوەی ئەتاتورک لە ١٩٢٤دا خیلافەتی عوسمانی لە ناو برد و ئەمەی دووبارە بۆ جەهالە بردەوە.

تاکتیکی ئوسامە کاری کرد؛ قسەی ڕۆیی، هێندە چووە پێشەوە کە هەندێ لە

سەرکردەکانی تاڵیبان لە دەسەڵاتی دەترسان[٣]. بە چەند ساڵێک ئوسامە مەلا عومەری قایل کرد کە هەموو ڕێکخراوە ئیسلامییە بیانییەکان بخاتە بەردەستی ئەوەوە و پاشتریش لە ٢٠٠١دا، قایلی کرد کە هەرچی جیهادی غەیرە ئەفغانی هەبوو هەموویان خرانە ژێر ڕکێبی ئەلقاعیدەوە (ناوی فەرمیشیان هەر خزمەتکردنی تاڵیبان بوو). نیشانەی کەم هەبوو کە هێزی ئوسامە خەریک بوو پەرەی دەسەند، بەڵام بە خۆ و بە مەلا عومەرەوە خۆیان هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پڵنگی لە کاغەزە و نایەوێ سەربازەکانی خۆی لە وڵاتێکدا بە کوشتن بدا کە چەند سەدەیەکە ناوبانگی بە بەزێنەری سوپای داگیرکەر دەرکردووە. بە پێی ئەو سیاسەتەی بەڕێوەبەرایەتی کلنتن پەیڕەوی دەکرد، گلەیی لەوانە ناکرێ کە بۆچوونیان بەرانبەر بە ئەمەریکا بەم جۆرە بوو.

لە پەلامارداني باڵیۆزخانەکانی لە کینیا و تەنزانیا، لە ١٩٩٨، وڵاتە یەکگرتووەکان ئوسامەی بەرپرسیار کرد. کاردانەوەکە بریتی بوو لەو ئاگرەی کە لە دووری ١٠٠٠ میلەوەڕا گەمییەکانی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان بێ سوود، ئاراستەی ئافغانستانیان کرد. ئەو مووشەکە کرووزانەی لە٢٠ی شوبات بنکەکانی مەشقکردنی ئوسامەی تەفروتونا کرد، ئوسامەی نەکوشت، بگرە ناو و دەنگێکی ئاوای بۆ پەیدا کرد کە وەک ئەفسانەی لێ هات. ئەو قەفە episode وای کرد ژمارەیەکی زۆرتری موسڵمانان ڕوو لە کامپەکانی مەشقی ئەفغان بکەن. بووە بابەتی لێکترازانی کولتووری. ئەو دیپلۆماتە ئەمەریکاییەی بە بەردەوامی دەگەڵ تاڵیبان کۆ دەبووەوە هەموو کات دووپاتی دەکردەوە کە، (ئەوان ئاگایان لە هیچ نەبوو؛ چوو بوون بۆ چێشت خواردن، هەرگیز لەو باوەڕە نەبوون ئێمە سزایان دەدەین، لەلایان گرینگ نەبوو ئێمە چەندمان پێیان گوت هەر پەلامارێکی ئەلقاعیدە لە داهاتوودا دەیکا، دەکەوێتە ئەستۆی ئاوانەوە.)[٤] بۆچوونیان زۆر لە شێوەی بیرکردنەوەی ئوسامە جیاواز نەبوو.

تەنیا ئەمەریکاییەکان نەبوون کە سەرچیغ چوو بوون، سعوودییەکانیش تووشی هەمان پشێوی هاتبوون. شازادە تورکی، سەرۆکی هەواڵگری سعوودی بوو؛ چووە لای مەلا عومەر، داوای لێ کرد ئوسامەی تەسلیم بکاتەوە؛ چونکە لە هەردوو پەلامارەکەی سەر باڵیۆزخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا بەرپرسیار بوو. عومەر نەک هەر تەنیا ئوسامەی نەداوە، بگرە بە شازادە تورکی گوت کە تاڵیبان

پشتیوانی ئوسامە دەکات. تورکی بە دەستێکی بەتاڵەوە لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ مەلا عومەر هاتە دەرەوە و یەکسەر سواری فڕۆکەکەی بوو و گەڕاوە. خانەوادەی سعود چەندەها ملیۆن دۆلاری بۆ تاڵیبان ناردبوو، دوای ئەو ڕێز لێ نەگرتنەیان، باڵیۆزی وڵاتەکەیان لە کابول کشاندەوە و هەموو یارمەتییەکیان لە ئەفغانستان بڕی، بەڵام چاکخوازە سعوودیەکان هەر بەردەوام یارمەتییان بۆ تاڵیبان دەنارد. هەرچەندە ناکۆکی نێوانی تورکی دەگەڵ تاڵیبان دیرۆکی بوو، بەڵام تاڵیبان ویستیان گرژییەکە هێور بکەنەوە. داوایان لە ئوسامەی کرد تۆزێک خۆی بخاتە پەناوە. بەڵام لە کۆتاییی دیسێمبەردا، دوو دیمانەی تەلەڤزیۆنی درێژی کرد، وا دیاربوو تاڵیبان پێیان نیگەران بوون، چونکە پەیمانیان بە وڵاتە یەکگرتووەکان دابوو کە نەهێڵن چاوی بە میدیا بکەوێ.

جارێک تاڵیبان گوتیان ئوسامە بزر بوو، بەڵام ئەمە تەنیا فێڵێکی بواری شەڕ بوو کە کەس پێی فریوی نەخوارد؛ چونکە پێشتر هەر بە خۆیان گوتبوویان کە بە چڕی پاسەوانی ئوسامەی دەکەن بۆ ئەوەی هەر لە بەرچاویان بێت. لە یەنایری ٢٠٠١دا، کەناڵی ئەلجەزیرە بە زیندێتی ئاهەنگی ژن گواستنەوەی کوڕی ئوسامەی پەخش کرد؛ ئوسامە کچی محەمەد عاتفی گەورە یاریدەدەری خۆی بۆ کوڕەکەی هێنا. هەر بە هۆی کاریگەریی بیری توندی وەهابیزمی ئوسامەی بوو کە مەلا عومەر گوێی بە هەموو پرۆتیستۆی جیهانی نەدا و دوو پەیکەرە بەردینە گەورەکانی بوودای لە بامیان تەقاندنەوە. کاریگەریی ئوسامە لەسەر مەلا عومەر لە سێپتێمبەری٢٠٠١ دا گەیشتە ئەوپەڕ. دەست وەشاندنە کاریگەرەکەی ئەلقاعیدە و کوشتنی ئەحمەد شا مەسعوود، تەنیا دوو ڕۆژ پێش پەلامارەکەی ١١ی سێپتێمبەر، بێگومان مانۆڤەر maneuverێک بوو کە پلانێکی توکمەی لە بەرژەوەندی مەلا عومەر بۆ ڕێک خرابوو.

کوشتنی مەسعوود دوا تەگەرەی لە پێش مەلا عومەر لادا بۆ ئەوەی دەست بەسەر تەواوی ئەفغانستان دابگرێ، بەمەش تاڵیبان دەیتوانی پتر داوا لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکات بۆ ئەوەی دانی پێدا بنێن. ئاشکرا نەبووە ئایا عومەر پێشوەخت خەبەری پیلانەکەی دەزانی یان نا. بێگومان پیلانەکە بە هۆی نەترسی پیاوکوژەکان و بەختی گەورەوە جێبەجێ بوو. لە دوا چرکەدا بەر لەوەی مەسعوود وڵات بەجێ بێلێ، بڕیاری دا کە چاوی بەو دوو ڕۆژنامەنووسە عەرەبە بکەوێ کە

سـەر بە وێسـتگەیەکی تەلەڤزیۆنی عـەرەبی بوون کـە بوونی نەبوو. ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە عەرەبە ماوەیەک بوو، بێ ئەوەی ئومێدبڕ بن، بە دەوری بارەگاکەیدا دەسووڕانەوە. کـە کـامێرامـانەکـە ئەو تەقـەمـەنیـیـانەی ئاگـر دا کـە لە ناو کامێرایەکەیدا شاردبوویەوە، مەسعوودی کوشت. ئەو کوشتنە بۆ ئەوە بوو مەلا عـمـر لەوە تووڕە نەکـا کـە ئەلقاعـیدە خـەبەری پەلامـارەکـانی سـەر نیـویۆرک و واشنتنی لێی شاردبووەوە. هەر ئەو پەلامـارانە بوون پاش ماوەیەکی کورت مـەلا عومەریان لەسەر حوکم لادا و حەشارگەی لە ئەفغانستان بۆ ئوسامە نەهێشتەوە.

پێوەندیی نێوان ئوسامە و تالیبان، وەک پێوەندیی نێوان تاڵیبـان و دەزگای هەواڵگری ناوەخۆی پاکستـانی دەزگای موخابەراتی پاکستـان، ئاشکرایە کـە دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩٧، بەڵام پێوەندیی نێوان ئوسامە و دەزگای موخابەراتی پاکستان هێشتا هەر لە بن پەردەیە. سەرەتای ئەو پێوەندییە لەوەوە سەری هەڵدا کـە پاکسـتـان دەیویست دەست بە سـەر تەواوی ئەفغـانسـتـان دابگرێ. ئەو بیرۆکەیەش لەو ڕۆژەوە گەڵاڵەی کرد کە پاکستان لە ١٩٨٠ کاندا، ڕۆڵی سەرەکی لە جیهادی دژی سۆڤیەتی بەرکەوت. لە ڕاستیدا پێنج ساڵ بەر لە هاتنی سوپای سوور، پاکستان دەستی لە کاروباری ئەفغانستاندا هەبوو. پاکستان لە ١٩٧٤وەڕا پشتیوانی ئیسلامییە ئەفغانییەکانی دەکرد، هەر ئەوەش بوو وای کرد کە ڕۆڵی سـەرەکی لە ململانێی جیهادی دژی سۆڤیەتی بگێڕێ. ڕۆڵەکە بۆ پاکستان مـەترسـیـیـەک بوو. بەڵام شـایان بوو خـۆی تێوە بگلێنێ؛ چونکە دەیویست لە ململانێی دەگەڵ هیندستان، ئەفغانستان بۆی ببێتە قووڵاییەکی ستراتیجی.

داهاتووی ئەفغانستان لە بن دەسەڵاتی تاڵیبان، بە پاکستانەوە پابەند بوو، بۆیە مۆسکۆی خوانەناس، کە لەمێژ بوو ڕووی لە فراوانبوون بوو، بەر لە شـەڕەکە، گومانی ئەوەی کرد یان شیعەکانی تارانێ یان هیندۆسە شەڕئەنگێزەکانی دێلهی کار لە کابول دا بکەن. (هەتا ڕۆژی مردنیشی لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی لە ١٩٨٨دا کە تا ئێستاش هۆیەکەی نەزانراوە، سەرۆکی پاکستانی (ضـیـاء الحق) خـەونی بەوەوە دەدیت کـە قـەبارەیەک دروست بکات لە ئەفغانستانەوەڕا بەرەو ئاسیای ناڤین هەڵکشێ، لە ڕاستیشدا هەر ئەو ئەندێشەیە بوو هانی دا بۆ ئەوەی لە دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەنی سۆڤیەتەوە، لای وڵاتە یەکگرتووەکان بگرێ.) لەلایەکی ترەوە، خاکی ئەفغانستان شوێنێکی نایاب

بوو بۆ ئەوەی خۆبەختکارە پاکستانییەکانی تێدا مەشق بدەن تا لە کێشەی ویلایەتی کشمیری هیندی لە دژی هیندستان بە کاریان بێنێ، ئەمەشیان بەرەیەکی تازەی بەرینگاربوونەوە بوو کە پاکستان لە دوای کشانەوەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە ۱۹۸۹دا دروستی کرد. هیندستان بە هۆی مەشق پێدانی ئەو پیاوانە لەو نزیکەدا، تۆمەتێکی وای خستە ئەستۆی پاکستان کە نەیدەتوانی نکوڵی لێ بکا. هەر کە مۆسکۆ بە پاشەڵی تەڕیەوە لە ئەفغانستان کشاوە، وڵاتە یەکگرتووەکان یەکسەر خۆی لە ململانێیەکە دزییەوە. بەڵام لە سەرەتای ۱۹۹۰کانەوە، سەرکردەکانی شەڕی ئەفغان سەری مەیدانیان لە یەکتری گرت، بەمەش پاکستانیان نیگەران کرد. چونکە پاکستان دەیویست بە پارەی کەنداو و بەو چەکە زۆرانەی کە ئەمەریکا ڕەوانی ئەوێی کردبوو، وڵات هێور بکاتەوە.

دەزگای هەواڵگری ناوخۆی پاکستانی دەزگای موخابەراتی پاکستان وازی نەهێنا و ئەفغانستانی لە مێشکی خۆی دەرنەکرد. بەڵکو بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی لەوێ بپارێزی هەستا تاڵیبانی دروست کرد. تاڵیبانەکان بەرئەنجامێکی لاوەکی شەڕەکەی دژی سۆڤیەتی بوون. زۆربەی ئەندامەکانی لە منداڵە هەرە هەژارەکانی کامپی پەناهەندەکانی ئەفغانستان پێک هاتبوون کە بە خۆڕایی دەرسی جیهادیان لە ئیسلامدا فێر کرابوو. سەرەتا چەند سەد قوتابخانەیەک هەبوو ئەو وانانەی دەگوتەوە، پاشان بە هەزاران حوجرەی فەقێیان لە سەرتاسەری پاکستان کرانەوە و خەرجییەکانیشیان لەلایەنی عەرەبستانی سعوودیە و هەندێ عەرەبی تروەڕا دەهات کە قازانجیان لەو مەدرەسانە دەکرد. لە کن دەزگای موخابەراتی پاکستان بردنەوەی تاڵیبان مسۆگەر بوو. چونکە هەر چۆنەک بوونایە، ئەوانە نەدەچوونە بەر باری ڕووسیا و ئێران و هیندستانەوە. بەڵام دەزگای موخابەراتی پاکستان تووشی دەستپیسی هات؛ چونکە بەر لەوەی تاڵیبان لە ناوەڕاستی ۱۹۹۰کاندا سەرهەڵبدەن، دەزگای موخابەراتی پاکستان خۆبەخشکارەکانی لە هەمان ئۆردووگەدا ڕادەهێنان کە ئوسامە ڤۆڵەنتیرەکانی لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامییەوە دەهاتن، لەوێ مەشقی پێ دەکردن. زۆر بە ئاسانی دەزاندرا هۆیەکەی چ بوو. ئوسامە دەوڵەمەند بوو، بەڵام دەزگای موخابەراتی پاکستان نا؛ کە وا بوو، بۆچی بەسەر شانی ئوسامەوە سەرنەکەون؟ ئەو تێکەولێکەیە هەر ئامانجێکی هەبوو بێ، گرینگ نەبوو، ئەوەی لێرە گرینگ بوو

پێوەندیی دەزگای موخابەراتی پاکستان دەگەڵ ئوسامەی بوو، بێگومان ئەو پێوەندییە زۆر لەوە قووڵتر بوو کە تەنیا ئۆردووگەکانی شوێنی مەشقکردن بوو بێ(٥).

زۆربەی ئەوانەی لە کامپەکانی مەشقکردندا کوژران، لە ئەنجامی ئەو هێرشەی ئەمەریکا لە ١٩٩٨دا بە مووشەکی کروز کردی، پاکستانی بوون. مووشەکەکان ئوسامەیان نەگرتەوە، (چونکە یان تازە لە ئۆردووگەکە دەرچوو بوو، یان هەر یەکسەر لە دوای پەلامارەکانی سەر بالیۆزخانەکانی ڕۆژهەلاتی ئەفریقیا لە ٧ی ئابدا لەوێ نەمابوو.) کوشتنی ئەو پاکستانییانەی دەزگای موخابەراتی پاکستان گرتبوویانی بەڕێوەبەرایەتی کلنتنی تووڕە کرد. ئەمەریکا پێشتریش لە پاکستان تووڕە بوو، چونکە لە ١٩٩٨، هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکان داوای لێ کردبوو کە بۆمبی ئەتۆمی دروست نەکا، بەڵام ئیسلام ئاباد زنجیرەیەک ئەزموونی ئەتۆمی ئەنجام دابوو.

چونکە پاکستان وڵاتێکی فێڵبازە و چەکی ئەتۆمی هەیە، کۆمەڵگەکەشی هەمیشە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە بتەقێتەوە و لە دەست دەرچێ، بۆیە جیهانی دەرەوەی تووشی تۆقاندن کردووە. بەڵام لە گەمەی نەتەوەکاندا، هەموو کات ئەو چەشنە مەترسییە سەرنجی لایەنە جیاوازەکانی ڕاکێشاوە و ڕادەکێشێ. هەموو شتێک لە پاکستان چاوەڕێ دەکرا، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەباریەکتری بچێ؛ زۆر لەگێنە سستمی فەرماندار و سوپای پاکستان هەردووکیان بکەونە بەردەستی میلیشیا جیهادییە ئیسلامییەکان و ژێر چەپەڵۆکی هیندییە دوژمنەکانیانەوە، کە دانیشتوانی لەوان زۆرترە و باری ئابووریشیان لەوان پتر گەشەی کردووە. بەڵام دەیتوانی سەرئێشەیەکی زۆر دروست بکا و بەم جۆرەش لایەنەکانی تری ناچار دەکرد بۆ ئەوەی بایەخ بە کێشەکانی بدەن. کشمیر لە هەموو بابەتەکانی تر بۆ پاکستان گرینگتر بوو، چونکە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە هیندستانەوە هەبوو. لە ڕابردووشدا دوو شەڕی لەسەر هەڵگیرساوە. بەڵام سیاسەتی دیاری پاکستان سەبارەت بە ئەفغانستان کێشەی گەورەی لێ دەکەوتەوە بۆیە ئەمەریکاییەکان و لایەنەکانی تر زوو هەستیان بە مەترسییەکە کرد و هاتنە ناو کێشەکەوە.

هەواڵگرە ئەمەریکاییەکان بۆیان بەدیار کەوت کە ئەفسەرەکانی دەزگای

موخابەراتی پاکستان، هاتوچۆی ناو کامپە هاوبەشەکانی مەشقکردنیان لە ئەفغانستانێدا دەکرد و لەوێ دەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەلقاعیدە کۆدەبوونەوە. ئەو بە یەک گەیشتنانە بواری ئەوەی دەدا کە ئەلقاعیدە دەگەڵ دەزگای موخابەراتی پاکستان زانیارییەکانیان لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەکرد[٦]. بەڵام تا ئێساتاش بە ڕاستی نەزاندراوە شێوەی ئەو پێوەندییەی ئەلقاعیدە – دەزگای موخابەراتی پاکستان چۆن بووە. (پاش دەستگیرکردنی ئەو هەموو جەنگاوەرانەی تاڵیبان و ئەلقاعیدە و دۆکیومێنتانەی کە لە ٢٠٠١دا لەلایەنی سوپای ئەمەریکایی و هاوپەیمانانی باکورەوە گیران، شتێکی لۆجیکییە کە ئەمەریکا ئێستا زانیاری زۆرتری لە بارەی ئەو پێوەندییەوە هەبێت.)

دەشێ پاکستانییەکان باسی هەندێ لایەنی یارمەتیدانی تاڵیبان بکەن؛ ئەوە بوو من سەرم سوڕما کە باڵیۆزی پاکستان لە کابول کە لە ٢٠٠٠ پێشوازی لێ کردم، زۆر بە ڕاشکاوی گوتی نمایندەکانی دەزگای موخابەراتی پاکستان لە سەرتاسەری ئەفغانستانی تاڵیباندا هەنە و هەناسەکانیان لێیان دەژمێرن. ئەو کات تاڵیبان ٥٩٪ خاکی ئەفغانستانی لە بەردەست دابوو. هەرچەندە ئەو پاکستانیە هێندە ڕاست و ڕەوان بوو، بەڵام هەر دانی بەوە دانەنا کە وڵاتەکەی یارمەتی سەربازی پێشکێشی هێزەکانی تاڵیبان دەکات، نەیگوت ئەرکانی سوپای تایبەت بۆ فەرمان و کۆنترۆڵ و پسپۆڕانی تۆپ و هێزی تایبەتیان لە ئەفغانستان هەنە. پاگەندەی ئەوەش هەبوو کە پاکستان لە سێپتێمبەری ٢٠٠٠ دا، ڕێگەی بە هێزەکانی ئەفغانی دابوو لە ناو خاکی پاکستانەوەڕا بۆ تالۆقان بچن، بۆ ئەوەی لەوێ بنکەی ستراتیجی ئەحمەد شا مەسعوود بگرن. شا مەسعوود بەردەوام ئەو تۆمەتەی دووپات دەکردەوە. بەڵام هەردوو لا هێندە تۆمەتی ناڕاستیان لە دژی یەکتری هەڵبەستا بوو، وای لێ هاتبوو خەڵکی باوڕی پێیان نەدەکرد.

پاکستان هەردەم جەختی دەکردەوە کە تەنیا یەک سەربازیشی بۆ ناو خاکی ئەفغانستان نەچووە، چ جا لە دژی ئەو هێزانەی شا مەسعوود چووبێتە مەیدانەوە، کە هەموو کات لە بەرانبەر هێزەکانی تاڵیبان پاشەکشەیان دەکرد. پاکستان هەموو کات پرۆتستۆی ئەوەی دەکرد کە خەڵکانی سڤیلی بێ سووچ بریندار دەبن، بەمەش دەیویست شوێنی یارمەتییەکانی بۆ تاڵیبان بزر بکا، پاکستان کەرستە و بەرهەمەکانی نەفتی بۆ ئەفغانستان دەنارد (ئەم پشتیوانییەی پاکستان کە بۆ

تاڵیبان دەچوو، ئێران و ڕووسیا و هیندستان بە یارمەتیدانی هاوپەمانانی باکور، پارسەنگیان دەکرد.) واشنتن لەو هەیتووهووتەدا تێکەڵ نەبوو. دیپلۆماتێکی ئەمەریکایی لە باڵیۆزخانەی ئیسلام ئاباد دا گوتی: (ئێمە دەزانین ئەو هەموو نکوڵی لێکردنانەیان، هیچی ڕاست نییە.) بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان لەو باوەڕە دا بوو کە پاڵپەستۆی بە نهێنی لە شەڕی ئاشکرا کاریگەرتر بوو. پاکستانییەکان ناچار بوون مل کەچ بکەن.

بە قسەی یەکێک لە کارمەندانی هەواڵگری پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان کە شارەزای هەرێمەکە بوو، لە کۆتایی ۱۹۹۷وەڕا تا سەرەتای ۱۹۹۸ و هەموو ساڵی ۲۰۰۰، ئەمەریکاییەکان لە ٦۰۰ هەزار دۆلار تا ۷۰۰ هەزار دۆلار پارەی کاش یارمەتی مەسعوودیان دا[۷]. بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی خۆی، مەسعوود هەردەم ڕێگەی بە بیانییان دەدا بچن چاویان بە زیندانییە پاکستانییەکانی بکەوێ. کە بە سەرباز یان سەربازانی پێشوو دەناسران. بە پێی قسەی هاوپەیمانی باکور، سەربازە پاکستانییەکان بە فەرمی خانەنشین دەکران، ئینجا ڕەوانی ئەفغانستان دەکران، تا یارمەتی تاڵیبان بدەن.

مەسعوود مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئەفسەرانی شارەزای ئەرکانی پاکستانی لە مەیدانەکانی شەڕدا ڕۆڵی سەرەکییان لە پاشەکشە پێکردنی هێزەکانی هاوپەیمانی باکوردا هەبوو. چەند پسپۆڕی سەربازی پاکستانی پێویست بوو لە مەیداندا هەبن، هەردەم جێی گومان بوو. بەڵام شارەزایانی هەواڵگری ئەمەریکایی دەڵێن ژمارەیاکی زۆریان پێویست نەبوو. زۆربەی ئەو جەنگاوەرانەی کە بۆ تاڵیبان شەڕیان دەکرد، بەتایبەتیش ئەفسەرەکانی تۆپهاوێژ و هێزی ئاسمانی، هەموویان سۆڤیەتییەکان مەشقی دابوون. پێش ئەوەی سەنگەرگۆڕی بۆ ناو تاڵیبان بکەن، هەموویان بۆ ڕژێمی نەجیبوڵا شەڕیان دەکرد. زۆر شارەزای سستمی ئەو چەکە سۆڤیەتییانە بوون کە هاوپەیمانی باکور بە کاریان دێنا. هێشتا CIA گومانی خۆی هەبوو، بۆیە داوای لە مەسعوود دەکرد کە بەڵگەیەکی زیندی لەبارەی بوونی پسپۆڕانی پاکستانی نیشان بدا؛ چونکە ئەگەر وابایە ئەو بەڵگانە پشتیوانی ئەو گومانانەیان دەکرد کە پۆماسیزی لە واشنتندا هەبوو[۸].

کە لە ۲۰۰۱ دا تاڵیبان ڕووخان، قسەکانی پاکستان هەمووی بێ بەها مانەوە.

هەرچەندە گەڤاهییەکان بە ڕاشکاوی باسیان کرد، بەڵام هێشتا پاکستانییەکان نکوڵییانە لەوەی کرد کە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی جۆری ١٣٠ -C بەلایەنی کەمییەوە دوو شەو فڕینە ناو شارە گەمارۆدراوەکەی کوندوز، بۆ ئەوەی ئەو پاکستانییانە دەربێنێ کە شان بەشانی ئەلقاعیدە و تاڵیبان شەڕیان دەکرد. چونکە ئەگەر کەسێکیان دەستگیر بکرابایە کێشەی لێ دروست دەبوو. هێشتا ڕوون نەبووەتەوە ئەو پاکستانییانەی لە ئەفغانستان بوون، ئایا هەر پیاوانی دەزگای موخابەراتی پاکستان بوون کە کەس ماندەلی نەدەکرد، یان سەربازە خانەنشینەکانیشیان دەگەڵدا هەبوون پاگەندەی ئەوەش دەکرا کە سوپا سالارێکیشیان لە ناودا هەبوو بێ. ئەو فرەجار فڕینانە ڕەنگە ئەوە ببەخشێ کە لە پیاوانی دەزگای موخابەراتی پاکستان پتر خەڵکی لێ بوو بێ. دەڵێن مانیفێستی نەفەرەکان لەلایەنی ئەمەریکاییەکانەوە وردەبین scrutiny دەکرا. هێزی ئاسمانی ئەمەریکایی، کە سستمی ئێواکسی بۆ چاودێری ئەفغانستان بەکار خستبوو، بێگومان ئەو هەموو هاتوچۆیەی هێزی فڕۆکەکانی پاکستانی دەدیت، بەڵام لە بری ئەوەی کە پاکستان ڕێگەی دابوو ئاسمانەکەی بۆ پرۆسەی سەربازی ئەمەریکا لە دژی تاڵیبان بەکار بێت، ئەوانێش چاویان لە هاتوچۆی فڕۆکە پاکستانییەکان قوچاند. ئەو دەزگایە پاکستانیە گرینگەی دەزگای موخابەراتی پاکستان کە لەمێژ بوو هاریکاری تاڵیبانی دەکرد، ئەویش ڕووی خۆی لێیان وەرسووڕاندەوە. بەڵام هێشتا هەر پاگەندەی وەسا هەبوو کە فڕۆکەکانی پاکستان گەورە بەرپرسانی ئەفغانستانی و ڕەنگە ئەلقاعیدەشیان لە گەمارۆیەکە هێنابێتە دەرەوە(٩).

جگە لە ساختەکاری کامپەکانی مەشقکردن، پێوەندیی نێوان دەزگای موخابەراتی پاکستان و ئەلقاعیدە لەسەر بنەمای فێڵ لە یەکترکردن دامەزرابوو. بۆ ئەوەی گومانت لێی نەمێنێ؛ هەر جارێکی باسی ئوسامە دەکرا، بۆیان پینە دەکرد؛ لە لاپەڕەی پێشکێشکردنی هەر شەش بەرگی ئەوەی ناویان لێ نابوو ئینسایکلۆپێدیای تیرۆریزمی ئەلقاعیدە، کە وەک بەڵگەیەکی تایبەتی لە هەموو دادگاییکردنە گرینگەکان پێشان دەدرا، (دەوڵەت و حکوومەت و گەل)ی پاکستان باسێکی تایبەتی ئوسامەیان نەکردبوو (سەیر ئەوە بوو واشنتن زەینی نەدابووە ئەم شتە تا ئوردنییەکان لە ١٩٩٩دا بەرگێکیان پێشکێش کرد.)(١٠) زۆربەی ئینسایکلۆپێدیایەکە لە کەتەلۆگەکانی ئەمەریکایی، یان ڕۆژئاوایی وەرگیرابوو

ئینجا وەرگێڕدرابوو بۆ سەر زمانی عەرەبی و چەند هێلکارییەکی سادەشی تێدا ئاخندرابوو. ئەو ئینسایکلۆپیدیایەی کە گوایە خرابووە سەر CD-ROM و لە درەنگی ١٩٩٠کاندا لە بازاڕەکانی پێشاوەردا دەفرۆشرا، لەلایەنی ئۆفیسی ڕاژەگوزارییەکاندا بڵاو کرابووەوە، دوا بەرگەکەی لە ١٩٩٣ چاپ بووبوو، لەو ماوەیەدا ئوسامە لە سوودان بوو. پارێزەرێکی ئوردنی پسپۆڕ لە یاسای ئینتەرنێت، لە نیسانی٢٠٠٠، لە عمان پێی گوتم: (ئینسایکلۆپیدیا کارێکی گەورە نییە.) گوتیشی لە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرگری لە هەر کەسێک، سەدان ماڵپەڕی ئینتەرنێت دێنە بەرچاو کە ڕێنوێنی درێژدادڕییان بۆ دروستکردنی تەقەمەنییەکان، تێدا دەخوێندرێتەوە. لە ٢٠٠١، لە نیویۆرک، لە کاتی دادگاییکردنی چوار کەسەکەی بە تاوانی بەشداریکردنیان لە هێرشەکانی سەر هەردوو باڵیۆزخانەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتدا کە بە موئەبەد زیندانی کران؛ کەتەلۆگێکی کورت تر خرایە پێش دادگەیەکە لە ١٨٠ لاپەڕە و هەژدە بەش پێک هاتبوو. ئامۆژگاری دەکرد چۆن لە ڕۆژئاوا دەتوانی خۆت بشارییەوە (ڕیش بتاشە، زۆردوو مەبە)، چۆن خەڵکی تیرۆر دەکەی (بەکارهێنانی بۆمبا و تۆبز و گۆشتی ژاراوی و فاسۆلیای تەڕ و گەنمەشامی)، چۆن بەڵگەنامەی ساختە دەکەی، خانووێکی هێمن دەگری، شێفرە بەکار دێنی، خۆت لە لێکۆڵینەوە دەگەڵدا کردن دەرباز دەکەی، لە کۆتاییشدا چۆن فاق دادەنێیەوە. ئەو نامیلکەیە لە ماڵی کادیرێکی ئەلقاعیدە لە مانچستەر، لە بەریتانیا لە ٢٠٠٠ دا دۆزرایەوە، هەر هەمان نامیلکە فەتوای تێدا بوو کە بە پێی شەرع ڕێگەی دەدا بارمتەکان ئەشکەنجە بدەی.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠، داوام لە ڕۆژنامەنووسێکی پاکستانی ئاگەدار کرد مەیلی سەرسوڕهێنەری پێوەندیس دەزگای موخابەراتی پاکستان دەگەڵ ئوسامەم بۆ هەڵبێنێ. ئەویش پاش نیوەڕۆیەکی لە لاهۆر بەسەر برد؛ دەگەڕا تا قوڕی بن ئەو گڵەم بۆ دەربێنێ کە هەرگیز بە فەرمی ڕاڤە نەکرابوو. هەردوو لا هۆیان هەبوو ئەو پێوەندییە دەستوبردە دروست بکەن. ئوسامە هیچ بەرژەوەندییەکی لەوەدا نەبوو جاڕ بدا و بڵێ لە سەردەمی جیهادی دژی سۆڤیەتییەوە، پێوەندیم دەگەڵ ئەو هەموو ئەفسەرانەی دەزگای موخابەراتی پاکستان هەبووە، یان بانگ بکا و بڵێ لەوەتی لە سوودان گەڕاومەتەوە چاوم بەو هێندە ئەفسەرانەی تر کەوتووە. زۆر وریا بوو نەیدەویست ڕاستەوخۆ چاوی بەو ئەفسەرانە بکەوێ. باش تێ گەیشت کە

دەزگـای مـوخـابەراتی پاکسـتـان لە سـەر یەک کـۆڵەگـە ڕانـەوەسـتـاوە و هـەمـوو ئەفسـەرەکانی ئەلقاعیدەیان خـۆش گەرەک نییە. تەنانەت دەشـیزانی کـە هـەندێ لە ئەفسـەرەکان کەیفیـان بە تاڵیبانیش نەدەهـات. بۆ ئوسـامە هێندە بەس بوو چەند ئەفـسـەرێکی بـاشـی لە نـاو دەزگـای مـوخـابەراتـی پاکـسـتـانـدا هـەبێت. هـەر لە زووەوەش دەیزانی پارە خۆشـترین ڕێگەی بۆ دەکردەوە و هەموو کات ئامانجی بوو پێوەندییـەکانی خـۆی دوور لە چوارچێوەی فـەرمـی بـهێڵێتـەوە. بێگومـان ئوسـامـە ئاگەدار بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان پارەی بۆ ئەوە تەرخـان کردووە ئەگەر یەکێک سەری بۆی بەرێ.

لە بنەڕەتدا، ئوسامە بە ڕاستی پشتی بە دەزگای موخابەراتی پاکستان بەستی بوو، بـەڵام تا ڕادەیەکی دیاربوو. لەو کـاتدا، مـسـۆگـەرکـردنـی ڕێگەی هاتوچۆی جەنگاوەرەکانی بۆ ئوسامەی لە هـەموو شتێکی تر پێویستتر بوو. پاشتر دەیویست زانیاری لەبارەی نیـازەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبـەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە دەزگـای موخـابەراتی پاکسـتـان وەدەست بێنـێ. برادەرەکانی ئوسـامـە لە ناو دەزگای موخـابەراتی پاکسـتان خۆیان ئاخنیە نێو ئەو لێژنە هاوبەشـانەی دەگەڵ تیمـەکەی CIA لە پاکسـتـان، پێک هاتبوو. سـەرۆک کلنتن ئەو تیمـەی بۆ شـوێن هەڵگرتنی ئوسـامـە و چالاکییەکانی ئەلقاعیدە ڕەوانی پاکستان کردبوو؛ هەروەها بۆ ئەوەش بوو ئەگەر بلوێ ئوسـامـە بگرن. نووسـەرە قـۆشـمـەچییـەکانی هـەر لە سـەرەتـاوەڕا، لە بەهـای تەمەکەیان کەم کردەوە و نووسیـان تیمـەکە هیچ سـوودێکی نابێت. لە ڕاسـتیـدا تیمـەکە بە هـۆی لادانی گەورە ئەفسـەرەکانی دژی ئوسـامـە لە دەزگای موخابەراتی پاکستان تووشی هـەرەس هـات؛ چونکە لە ١٩٩٩دا، جەنەراڵ پەرڤێز موشـەڕەف کـودەتایەکی کرد و نەواز شـەریفی سـەرۆک وەزیـرانی سـڤیلی لەسـەر کـورسـی دەرکرد؛ ئەمـەش بووە هۆی ئەوەی زۆربەی گـەورە ئەفسـەرەکانی دژی ئوسـامـە لە ناو دەزگـای مـوخـابەراتی پاکسـتـانـدا دەرکـرێن. پاشـتـریش دەسەڵاتی لە یەکەی دەزگای موخابەراتی پاکستان وەرگرتەوە.

لە ڕاستیدا دەزگای موخابەراتی پاکستان ویستی بە هەموو توانایەوە خـۆی لە ئوسامە دوور بخاتەوە؛ چونکە دەیزانی ئەگەر بـە ئاستـەمیش لێی ئاشکرا بێت کە پێـوەنـدیی دەگـەڵیـدا هـەیە، ئەوە وەزارەتی دەرەوەی ئـەمـەریکا ناوی وڵاتـەکـەیان دەخاتە نێو لیستی ئەو دەوڵەتانەی پشتیوانی لە تیرۆرزم دەکەن. پێشتر کەسانێک

هەبوون بە ئاشكرا داوايان دەكرد پاكستان خۆی لە ئوسامە دوور بخاتەوە (بەتايبەتيش لە دوای تەقينەوەی باڵيۆزخانەی مسری لە ئيسلام ئاباد، كاتێک كە جيهادييەكان لە نۆڤێمبەری ١٩٩٥ دا، ئۆتۆمۆبێلێكی بە تەقەمەنی تەنراويان لە پێش باڵيۆزخانەكەدا تەقاندەوە و ژمارەيەكی زۆر خەڵكيان كوشت). ئاواتی دەزگای موخابەراتی پاكستان هەر چ بووبێ لە ئەفغانستان، دەبێ ئەوە بگوترێ كە دەزگای موخابەراتی پاكستان ڕێكخراوێكی بە فێڵ بوو نەک ئەو دەزگايە سەربازييە بێت، كە پەيڕەوی ستراتيجی دەوڵەت بكات. كارە كەمەكەی دەزگای موخابەراتی پاكستان ئەوە بوو كە دەيويست ئوسامە بكاتە كاردێكی بەهێز بە دەستی تاڵيبانەوە، نەيدەويست كاردی پاكستانييان بێت. ئاواتی بنەڕەتی دەزگای موخابەراتی پاكستان ئەوە بوو ئوسامە بە هەموو توانايەكەوە بۆ يارمەتی تاڵيبان بەكار بێنێ؛ تا ئەو جەنگاوەرە خۆبەختكەرە توندڕۆيانەيان بۆ مسۆگەر بكات كە ئەفغانی نەبوون؛ بگرە لە هەموو جيهانی ئيسلاميەوەڕا چووبوونە ئەفغانستان؛ مەشقی چاكيان پێ كرا بوو، زۆر دڵسۆزی كێشەكە بوون. لەو كاتەی ئەفغانييەكان لە شەڕی بيست ساڵەی وڵاتەكەيان ماندوو بووبون نەشيانەدەويست ئەوەی كە بەسەر خۆيان هاتبوو بەسەر منداڵەكانيشياندا بێت؛ بۆيە ويستيان ئەو جەنگاوەرە نائەفغانييانە پەيوەندی بە بەتاليۆنی ٠٥٥ەوە بكەن[١١].

بۆيە بەرپرسە پاكستانييەكان جەختيان دەكردەوە كە سەركردايەتی تاڵيبان هەر خۆی دەيزانی ئوسامە لە كوێ دەبێ يان چ دەكا. بەڵام دەگەڵ ئەم قسانەش هێشتا تاڵيبان بە بەردەوامی دەيويست دنيا فريو بدا و دەيگوت ئوسامە ڕۆيشت، ئەوانيش نازانن بۆ كوێ چوو. لە نيازی دەزگای هەواڵگری ناوخۆی پاكستانی دەزگای موخابەراتی پاكستان نەبوو هيچ شتێک لەبارەی پلانی كردارە دەرەكييەكانی ئەلقاعدە بزانێ، لە ڕاستيشدا زۆر لە بەرژەوەندی ئەو دابوو كە لە بابەتەكە دوور بوەستێ، لە بەرژەوەنديشی دابوو هەمووڵايەنێک بزانن كە لە ئەلقاعيدەوە دوورە. كە وڵاتە يەكگرتووەكان بە ڕشتی داوای لە پاكستان كرد بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ئەفغانستان تا ڕێككەوتنێک لەبارەی ئوسامە دەگەڵ تاڵيبان ڕێک بخا، هێزی سڤيلی پاكستانی كارەكەی پرۆتستۆ كرد. ئەمەش نەريتێكی ترسناكی پاكستانييە (زۆر لەو وڵاتانەی جيهانی سێيەم كە ڕژێمی سەربازی فەرمانداريیان دەكا، هەموو كات ئەو ترسەيان لەبەردا هەيە). لەوەتی

پاکستان لە ١٩٤٧دا دروست بوو تا ئێستا سوپا هەردەم ڕێگەی بە حکوومەتە سڤیلەکان نەداوە هیچ لەبارەی کاروباری بەرگری بزانن. ولاتە یەکگرتووەکان پاڵەپەستۆی زۆری خستبووە سەر پاکستان، سوپا ئامۆژگاری سەرکردە سڤیلەکانی خۆیان کرد دا بە ولاتە یەکگرتووەکان بلێن کە پاکستان هیچ ئاگای لە بابەتەکە نییە، بەلام بابەتەکە دەگەڵ سەرانی تالیبان تاووتوو دەکا. قسەی سوپای پاکستان زۆر ڕەوشەن بوو، کەچی سەرە سڤیلەکانی ولات، کە بە ڕاستی ولاتیان بەڕێوە دەبرد، نەیاندەویست خۆیان بخەنە ناو ئەو گێژەنەوە.

بۆ نموونە، پاش ئەوەی کە ئوسامە گەڕاوە ئەفغانستان، ولاتە یەکگرتووەکان داوای لە سەرۆک وەزیرانی پاکستانی نەواز شریف کرد بە تالبان بلی ئوسامە لە سنووریک ڕاگرن؛ نەواز وەلامی ولاتە یەکگرتووەکانی داوە و گوتی هەرکێ دەلێن باشە؛ تەنیا لەبارەی ئوسامە هیچم پێ ناکرێ. جەختیشی کردەوە کە لەبارەی ئوسامە هیچی لە کن نییە، وای پێ باشە خۆی لەو بابەتە نەدا. بێگومان ئەمە بیانوویێکی باش بوو بۆ ئەوەی پتر بەرگری لە خۆی بکات بەرانبەر بەو هەموو پاڵەپەستۆ زۆر و بەردەوامەی کە ئەمەریکا دەیکرد بۆ ئەوەی وا بکا تالیبان ئوسامە لە ولات دەربکەن. بەلام بیانووەکە وەک ئەوە کاریگەر نەبوو کە بەڕواڵەت خۆی دەنواند. ئەگەر هەر لە کۆنەوەڕا سەقامگیری لە سیاسەتی ئەفغانستاندا هەبوایە، گومان لەوەدا نەدەبوو کە بیرێکی ژیرانەیان لەو هەموو بیانییە دەکردەوە کە دەهاتنە ئەوێ، دەبوو تەنانەت گومان لە پاکستانییەکانیش بکەن. لە ڕاستیدا زۆرینەی پشتۆنەکان لە پاکستاندا دەژین؛ ئەوانەش لە ئەفغانستانن لە ئاماری پاکستانییەکان کەمترن. ئەوانەی کە لەمیانی جیهادی دژی سۆڤیەتی پەنایان بردبوو بۆ پاکستان، ڕاستە میوانداری باشی دەکردن، تەنانەت سزای یاساییشی نەدەدان، بەلام هەموو کات حکوومەتی پاکستانی جیاوازی دەگەڵدا دەکردن؛ تەنانەت نەیدەهێشت لەو ولاتەدا کار بکەن. هەرچەندە پاکستان ئەو هەموو یارمەتییەی تالیبانی دەدا، بەلام کە دەگەیشتە بابەتە ستراتیجییە گرینگەکان، پاکستان هیچی بۆ نەدەچووە سەر.

بۆ نموونە، چەند پاکستانییانەک هەوڵیان دا نەواز شریفی سەرۆک وەزیرانی پاکستان بکوژن، کە سەرنەکەوتن پەنایان بۆ ئەفغانستان برد؛ تالیبان بە هیچ ڕێگەیەک قایل نەبوو تەسلیمی پاکستانیان بکاتەوە. بەم جۆرە پاکستان بە

شێوەیەکی فەرمی توانی بە شێوەیەکی یاسایی بەرگری لە هەڵوێستی خۆی بکات، لە وڵاتە یەکگرتووەکانیشی گەیاند کە ئەوان تاکە وڵات نەبوون کەوتبوونە ناو گێژەنی فرتوفێڵی سەرانی ئەفغانستانەوە. بەڵام ئەمەبوو پلانی دەزگای موخابەراتی پاکستان کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی کارمەندی نەترسی پاکستانی بەرانبەر بەو ستراتیجییە وەستان کە دەیویست ئەفغانستان بکاتە قووڵاییەکی ستراتیجی پاکستان. ئەوانەی دەیانویست ئەو پلانە ڕاپەڕێنن، کە ئوسامەش یەکێک بوو لەوان، دیپلۆماتەکان بوون، وەزارەتی دەرەوە دەسەڵاتێکی کەمی لەم پلانەدا هەبوو. بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو دیوارە بەردینە بکاتەوە کە لە پێش ئوسامە بۆیان دروست کرا بوو، ئیسلام ئاباد ویستی کێشە دوو قۆڵییەکانی نێوانیان نەهێڵێ. ناوەناوە پاکستانییەکان چەند کێشەیەکی تاوانبارانیان بەبەڵگەی زیندووەوە کە ئەمەریکاییەکان هەیانبوو، بۆ بەردەستیان دەبردن. بەر لە ١١ی سێپتێمبەر، پاکستانییەکان زۆر کەم دەستیان لە ئەندامانی ئەلقاعیدە دەوەشاند، ئەماش وڵاتە یەکگرتووەکانی نیگەران کردبوو. ئەو ئەندامانەی ئەلقاعیدە بەئازادی بەناو خاکی پاکستاندا هاتوچۆیان بوو؛ پاکستانییەکان دەستیان لە گەورەکان نەدەدا، کەچی بچووکەکانیان دەگرتن.

پاکستانییەکان هاریکاری واشنتنیان کرد؛ ڕەمزی یوسف، کە لە ١٩٩٣ دا بۆمبی لە ناوەندی بازرگانی نێو دەوڵەتی تەقاندەوە؛ بە یارمەتی پاکستان دەستگیر کرا. هەروەها گرتنی میر ئایمال کانسی بلوچی، کە هەر بە کەیف مانگێک پێشتر بارەگای CIA گوللەباران کرد، لە ئەنجامی هاریکاری پاکستان جێبەجێ بوو (١٢). ئەوە نموونەی ئەو سیاسەتە بوو کە پاکستان لە دوای ١١ی سێپتێمبەرەوەڕا پەیرەوی کرد. ئەوەی کە پێشتر دەیکرد دووبارەی نەکردەوە، ئەم جارەیان ئەندامانی ئەلقاعیدە بە گەورە و بچووکیانەوە؛ هەرکێی وەبەردەستی بکەوتبایە، بێ یەکە و دووە، هەموویانی دەستگیر دەکرد؛ ئەبو زبیدە، خالد شێخ محەمەد؛ ڕەمزی بن شەیبە، سێ گەورە کاربەدەستانی ئەلقاعیدە بوون کە لە ناوەڕاستی ٢٠٠٤ دا، دەگەڵ ٥٠٠ کادری ترەوە پاکستان گرتیانی. لەم پرۆسانەدا پاکستان ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ئاسایشی خۆی لە دەست دا.

حکومەتە سڤیلەکانی پاکستان پێش ١١ی سێپتێمبەر، بە ڕاشکاوی هەڵوێستێکیان دیار نەخست بۆ ئەوەی بەرانبەر بە دیاردەی بیرۆکەی جیهادی

بوەستن کە لە ناو خاکی خۆیدا خەریک بوو تەشەنەی دەکرد. لە وڵاتێک کە لەمێژ بوو سوپا تێیدا باڵا دەست بوو، ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە کارێکی ڕەوا بوو. لە بواری ململانێی لەسەر کشمیر، دەزگای موخابەراتی پاکستان هەموو توانایەکی خۆی بە کار دەبرد بۆ ئەوەی ئیسلامییە توندڕۆیەکان بۆ لای خۆی ببا. هەندێک لەوان پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەبوو. ئەو ئیسلامییە پاکستانیانە سوودیان لەو نیگەرانییە وەرگرت کە لە دوای نەمانی جیهادی دژی سۆڤیەت سەری هەڵدا. لەمیانی شەڕی سارد وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو کات لایەنگری پاکستانی دەکرد، بەڵام لە دوای ١٩٨٩، دیار بوو کە پاکستان لە ڕێیەکە دەردەچوو. واشنتن لە ١٩٨٠ کاندا، بە نیازەوە چاوی لە سەرهەڵدانی پرۆگرامی ئەتۆمی پاکستانی پۆشت، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا پتر بایەخی بەو جیهادییانە دا کە لە وڵاتی دراوسێی پاکستان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون، لە دوای کشانەوەی دوا سەربازی سۆڤیەتی لە ئەفغانستان، نیگەرانییەکی زۆریان دروست کرد. کۆنگرێس هەمواری پرێسلەری the Presslor amendment کرد بۆ ئەوەی ڕێگە لە پاکستان بگرێ؛ نەهێڵێ دەزگای ئەتۆمی خۆی لە بواری سەربازی بەکار بێنێ، بەڵام بێ سوود بوو. چونکە پاکستان ملکەچ نەبوو، ئەمەریکا بڕیاری دا فڕۆکە جەنگییەکانی جۆری ١٦-F s کە پێشتر لەگەڵ پاکستان لە سەریان ڕێک کەوتبوون، چیی تر بۆی ڕەوان نەکا و پارەکەشی نەداوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پتر دوژمنداری ئەمەریکا بکەن. زۆر لە پاکستانییە ئاساییەکان لەوە تووڕە بوون کە ئیسرائیلی هاوپەیمانی ئەمەریکا، دوو سەرهەڵدانی فەلەستینییانی سەرکوت کردەوە.

پاکستانییە ڕووناکبیرە سکۆلارەکان زۆر لە (بە تاڵیبانکردنی talibanization) وڵاتەکەیان نیگەران بوون. لەوە دەترسان کۆمەڵەکەیان چیی تر بەرێوە نەچێ. کارمەندە نهێنییەکانی دەزگای موخابەراتی پاکستانی لەوە دوور نەبوون ئەو پرۆسەیە هان بدەن. بە هۆی چالاکییەکانی لە بواری خەباتی کشمیر، دەزگای موخابەراتی پاکستان دەستی کراوە بوو، دەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر دەست لە هەموو کاروبارێک وەربدا، بەمەش بووە جۆرە هەڕەشەیەک لە سیستەمی عیلمانی دەوڵەت، کە لە بنەڕەتدا بۆ خۆی هێندەی لە باردا نەبوو بەرگەی هیچ بگرێ. دەزگای موخابەراتی پاکستان کەشوهەوایەکی تەماوی دروست کرد. پاکستانییە سێکۆلارەکان هەرگیز نەیانتوانی ڕێ لەو پارەیە بگرن کە بۆ کشمیر و

ئەفـغـانسـتـان دەچوو. ناچار بوون ملکەچی ئەو ڕاسـتـیـیـە بن کـە سـیـاسـیـیـە دوژمنەکانیان پارەیان لە حەشیشەفرۆشی، لە سعوودیە و لە کەنداوەوەڕا بۆ دێ؛ ئەمەش تەنیا بە مەبەستی یارمەتیدانی تاڵیبان و ئەو ١٠٠٠٠ حوجرەی فەقێیان نییە کە لە پاکستان هەیە؛ بەڵکو بابەتەکە زۆر لەوانە گەورەتر بوو. ساڵ هات، ساڵ چوو، ئەو مەدرەسانە هەزارەها فەقێی خوێن گەرمیان دەرچواند (چەندینیان لە ئاسیای ناوەڕاست و کەمینە سەرکوت کراوەکەی ئیگۆری چین بوون کە لە سەر بودجەی ئەو قوتابخانانە بوو دەیانخوێند)، ئەرکی گەورەی ئەو قوتابییانە ئەوە بوو قـورئان لەبەر بکەن، دڵسـۆز بن بۆ جـیـهـادکـردن. بە مـاوەیەکی زۆر بـەر لەوەی خۆبەختکارەکان لە سنووری پاکستانەوەڕا بڕژێنە ناو ئەفغانستانەوە، هەزاران کەس ئامادە بوون کە لە پێناوی تاڵیبان شەڕ بکەن و خۆشیان بە کوشتن بدەن هەر بۆ ئەوەی ڕمی سوپای ئەمەریکایی لەو ناوەدا بشکێنن.

لەو کـاتـەی کـە پاکـسـتـان لەو بارە ناهەمـوارە دابـوو، هزرڤـان theoristـە جـیـهـادییـەکـان پێـشـبـینی ئەوەیان دەکرد کـە ڕووناکـتـرین دوا ڕۆژی بیـرە ئیسلامییەکەی ئەوان پەیڕەویان دەکرد لە خاکی عەرەباندا نەبوو، بگرە لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بوو.

دیموگـرافی ناوچەکـە جـۆرە مـتـمـانەیەکی بەو بۆچوونە بەخـشی. زۆرینەی موسڵمانان لەو کەوانەیەدا نیشتەجێن کە لە ئەفغانستانەوەڕا دەست پێ دەکات تا مالیزیا و فلیپین و ئیندۆنێزیاش شۆڕ دەبێتەوە (١٨٠ ملیۆن موسڵمانی تێدا دەژی، ئەمەش گەورەترین کۆمەڵە لە جیهان کە یەک باوەڕی هەبێ). لە دوای ١١ی سێپتێمبەر، ئەم ناوچە پاشکۆیە لە جێبەجێکردنی چەند کرداری تیرۆریستی بەرپرسیار بوو کە بۆ نیشاندانی هاوسۆزی خۆیان دەگەڵ ئوسامە ئەنجامیان دا، ئاماژەیەکیش بوو بۆ ئەوەی کە هەرچەندە لە ئەفغانستان تووشی ئەم هەموو نسکۆیانە بوون، بەڵام هێشتا جیهادییەکان توانایان هەیە گورز بوەشێنن. لەمیانی ئەو زنجیرە پەلامارە تیرۆریستیانەدا، تەقینەوەکەی بالیٚ، لە هەموان کاریگەرتر بوو، ٢٠٢ کـەسی تێـدا کـوژرا کـە زۆرینەیان ئوسـتـرالی بوون. هەرچەندە جیهادییەکان لە چێچنیا و فلیپین و عەرەبستانی سعوودیەش هەن، بەڵام لەدەستدانی ئەفغانستان بواری بۆ ئەلقاعیدە نەهێشت بۆ ئەوەی لە هەموو دنیاوەڕا خۆبەختکاران بێنێ، بە ئازادی بەخێرهاتنیان بکا و مەشقیان پێ بدا.

با به بۆچوونی جیهادی، خاڵی سەرکەوتنی داهاتوو هەر لە ئەفغانستان و لە پاکستاندا بوویێت، بەڵام ئوسامە هەرگیز نە عەرەبستانی سعوودی لە بەرچاوی خۆی لادا، نە ئەوەی لە بیری خۆی بردەوە کە لادانی ئال سعود لەسەر حوکمی وڵاتی هەردوو حەرەمی پیرۆزدا، ئەگەر بە هێزیش بێ، ئەرکی سەر شانی ئەو بوو. لە لایەکی ترەوەش (أیمن الظواهري)، سەرۆکی (الجماعة الإسلامیة)ی هاوپەیمانی ئوسامە لە ١٩٩٨وەڕا، هەموو کات جەخت دەکاتەوە کە دەبێ جیهاد لە وڵاتی خۆیدا بکات کە دانیشتوانی لە هەموو وڵاتانی عارەبی زۆرترە. دەودەوانەیەکی زۆر لەسەر ئەم بابەتە لە نێوان ئوسامە و الظواهری پەیدا بوو. ئوسامە نە دەیتوانی بە گوێی بکات نە دەشیتوانی چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ بدۆزێتەوە. لە کۆتاییدا بڕیاریان دا لە هەردوو بەرەدا پەلامار بدەن و یەکسەر ڕووبەڕووی وڵاتە یەکگرتووەکان ببنەوە.

پارێزەر (منتصر الزیات)، کە لە زەواهیری نزیکە و من لە ١٩٩٩ لە قاهرەدا سەردانیم کرد، زۆر بە نائومێدی بارەکەی لێک داوە، بە ڕای ئەو زەواهیری دەگەڵ ئوسامە هەڵەیەکی کوشندەیان کرد. (الزیات) کاری کردبوو (ئەشکەنجە درابوو) چونکە بۆچوونی ئیسلامی ڕادیکاڵی هەبوو، پاشان پەیتا پەیتا گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە جیهادی سیاسی تەنیا کاولکاری بوو. بەڵام ئوسامە شارەزایی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی ملی پێ کەچ بکا.

شەڕی بۆزنیا لە ناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا و شەڕی چێچنیا کە لە ١٩٩٩ دا دەستی پێ کرد، لە دوای شەڕی سارد، زەمینەیەکی شەڕی پڕ بە پێستی بۆ ئەلقاعیدە سازاند: چونکە دوو وڵاتی ئیسلامی بوون بەرهەڵستی لەشکری کافرانیان دەکرد. بۆ جیهاد خەڵکێکی زۆریان گرت، هەرچەندە هەوڵێکی زۆریان دا، دوژمنەکانیشیان ویستیان ڕۆڵیان بە کاریگەر نیشان بدەن، بەڵام لە ڕاستیدا، ڕۆڵێ قۆڵەنتیرەکان لە خەباتی ڕاستەقینەدا زۆر لاوەکی بوو.

ڕێبازی نەرمی ئەلقاعیدە لە هەڵسوکەوتکردنی دەگەڵ جیهادییەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وای کرد موسڵمانە خۆبەختکارەکان لەو وڵاتانەوەڕا بە شاڵاو بێن بۆ ئەوەی لە دژی سۆڤیەت جیهاد بکەن. دوای ئەوەی ئوسامە لە ١٩٩٨ و لە ئەفغانستان، فەتوایەکی دەرکرد بە پێی فەتوایەکەی کوشتنی هەموو ئەمەریکاییەکی لە هەر کوێدا هەبن، حەڵاڵ کرد، ئوسامە متمانەی پەیدا کرد کە

موسڵمانان لە ئەفغانستان و پاکستان و بەنگلادیش و لە مسر پشتیوانی لێ دەکەن(١٣). جێی سەرنج بوو کە ئوسامە بە هێچ شێوەیەک باسی موسڵمانانی ئێندۆنێزی لە جیهاددا نەکرد، لە کاتێکدا ئەوان پاشتر، لە تایلاند و مالێزیا و سنگاپۆر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، ڕۆڵی گەورەیان لە شانە تیرۆریستییەکاندا گێڕا.

پاشماوەی موسڵمانە جوداخوازەکان لە باشووری فلیپین و ئێندۆنێزیادا هەر هەبوون. لەو سەردەم ئێندۆنێزیا لە بن باری سۆهارتۆی دیکتاتۆردا دەناڵی. هەرەسەکانی سۆهارتۆ هەر چییەک بوو بن گرینگ نەبوو، ئەوەی گرینگ بوو ئەوە بوو کە چۆن یەک پشت پێشتر هەزاران ئەندامی کۆمۆنیستە ناوەخۆییەکانی لە ناو بردبوو، بە هەمان شێوە لە ١٩٨٠ کانیشدا، سۆهارتۆ زۆر بە دژواری ئیسلامییە توندڕۆیەکانی سەرکوت کرد. ڕووخانی سۆهارتۆ لە ١٩٩٨ دا، ڕێگەی بۆ ئەو ڕادیکاڵە ئیسلامیانە واڵا کردەوە بۆ ئەوەی لە حەشارگەکانی هەندەرانیان بگەڕێنەوە بۆ وڵات و سوود لەو برە ئازادییە و جۆرە بەرەڵاییە وەربگرن کە لە پاش سۆهارتۆ دروست بوو. زوو دەستیان بە چالاکییەکانیان کردەوە و ئاگری دووبەرەکی نێوان دیانەکان موسڵمانانیان خۆش کرد. تەنانەت بە گوێرەی مەرجەکانی ئوسامەش ئەو جیهادییانە سەلماندیان کە زۆر زیرەک بوون.

تا چەند ساڵ پاشتر ئەوجا ئاشکرا بوو کە ئەو جیهادییانەی لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا لە ئێندۆنێزیاوەڕا چووبوون تا لە ئەفغانستان و لە پاکستان جیهاد بکەن، پیاوی زۆر بەوەج بوون، بڕوانامەی بەرزی خوێندنیان هەبوو، گەلێکیش بە سۆزەوە بۆ جیهاد چووبوون. پلەی گەورەیان لە سەرکردەکانی ئەلقاعیدە وەرگرت. لە ١٩٩٠کاندا سالانە ئێندۆنێزی دەهاتن، پاشتر لێرە و لەوێ کەم و زۆرێک مالێزی و سنگاپۆریش گەیشتنە ئەفغانستان. ئەوانە سێ ساڵ بە چڕی بنەماکانی جیهادیان دەخوێند، مەشقی سەربازییان دەکرد، پیشە نالەبارەکانی تیرۆریزم فێر دەبوون(١٤). هیچ عەرەبێک هێندە مەشقەی پێ نەدەکرا. کە شەڕەکەی ئەفغانستان لە ناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا گەیشتە ئەوپەڕ دژواری و لە کۆنتڕۆڵ دەرچوو، جیهادییە ئێندۆنێزییەکان کۆنتراکتیان دەگەڵ بەرەی ڕزگاری ئیسلامی مۆرۆ ڕێک خست، بۆ ئەوەی بچن لە ناوچە ئیسلامییەکانی دوورگەی میندانا و جۆلۆ و باسیلان، لە باشووری فلیپین، ئۆردووگەی مەشق بکەن. پتر لە ١٠٠ خۆبەختکار لە

ئەفغانستان مەشقیان پێ کرا، بەڵام ڕەنگە ئەوانەی لە ١٩٩٦، لە میندناناو دەستیان بە ڕاهێنان کرد دوو هێندەی ئەوانە بوو بن. سوپای فلیپین لە ٢٠٠٠ یەکێک لە بنکەکانی مەشقکردنی ئەوانەی پێیان دەگوترا (الجماعة الإسلامیة)ی داخست، (بەڵام لە ٢٠٠٣، فلیپینییەکان زۆر نیگەران بوون، چونکە کامپێکی تری قاچاغیان لە میندناناو دا، دۆزییەوە.)

جیهادییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەندێک پارەیان لە ئوسامە وەرگرت. بەڵام چونکە ئەوان ئەوەی لە مزگەفت و حوجرەکانی فەقێیانی خۆیاندا دەیانخوێند لە هی ئەفغانستان جیاواز بوو، بۆیە بە خۆشیان ئەجیندەکانیان بە تەواوی لە ئەجیندەکانی ئەلقاعیدە، جودا بوو. ئەوان خەونیان بەوەوە دەدیت کە سستمێکی خەلیفایەتی دابمەزرێنن کە هەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگرێتەوە، بەڵام ئەو بیرۆکە جیهادییە سەرتاسەرییەی ئوسامەیان نەبوو کە دەبێ لە هەموو دنیا جیهاد بکەن. موسڵمانە یاخییەکانی باشووری فلیپینیش هیچ پێوەندییان بە ئوسامەوە نەبوو. شەڕێکی ناوەخۆ چەند ساڵ بوو لە مانێلادا هەبوو (هەندێ جار پارەیان لە لای معمر گدافییەوە بۆ دەهات، گدافی هەر چ پێوەندیەکی بە تیرۆریستانەوە هەبووبێ، بەڵام هەرگیز پێوەندیی دەگەڵ جیهادییەکان نەبووە)(١٥). ئەوەی پێوەندیی بە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بووبێ، ئەوەیە کە لەشکرەکانی ئەمەریکا لە شەڕی ئەسپانی – ئەمەریکایی لە ١٨٩٨دا، لە میندناناو ڕووبەڕووی یاخیبووە ئیسلامییەکان هات. لە ڕاستیدا لەشکری ٤٥ لە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان کە تا ١٩٨٦ هەر چەک بە لاچەپیانەوە بوو، هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی مۆرۆ پەک بخات، چونکە ئەمەریکاییەکان دەیانزانی کە موسڵمانەکانی فلیپین کێشەی زۆریان هەبوو.

بۆچوونی الزیاتی پارێزەر لەبارەی پێوەندیی نێوان ئوسامە و الظواهری و سروشتی ئیسلامییە توندڕۆیە ئێندۆنێزییەکان و بزووتنەوە جیهادییە نەرمڕۆیەکانی تر، شتێکی ئاشکرا کرد کە تەنانەت پاش پەلامارەکانی سەر باڵیۆزخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاش، حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا ئاگایان لێی نەبوو. وا دیار بوو لەوەتێ ڕاپۆرتە سەرەتاییەکەی CIA کە لە ١ی تەمووزی ١٩٩٦، کە یەکسەر لە دوای دەرچوونی ئوسامە لە خەرتووم، دەرچوو، گۆڕانکاری زۆر نەبووبوو. ڕاپۆرتەکە نووسیبووی: (ئێمە نە سەرچاوەیەکی یەک لایەنەمان هەیە

که له ئوسامه نزیک بێ، نه ڕێگەیەکی ئاواشمان هەیە بتوانین متمانەی پێ بکەین تا پێوەندییەکانیمان بۆ دەست نیشان بکا. ئێمە پێویستە پشت بە دەزگا هەواڵگرە بیانییەکان ببەستین بۆ ئەوەی بزانین هاتوچۆ و چالاکییەکانی چییە. هیچ سەرچاوەیەکمان نییە؛ لەبارەی شانەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سعوودی لە ناو خاکی عەرەبستانی سعوودییەوە ڕاپۆرتمان بۆ بنووسێ، زانیاری زۆر کەممان لە لەبارەی شوێنی ئەو شانانە و قەوارەیان و پێکهاتەیان و چالاکییەکانیان، هەیە.)[١٦]

کۆنە شارەزایەک لە کاروباری CIA لە واشنتن مەترسی خۆی لەمەڕ تەرخانکردنی ئەو هەموو پارە زۆرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم دەربڕی، لە کاتێکدا کە تەنیا زانیارییەکی زۆر کەم پەیدا دەکا. ساڵێک پاش پەلامارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، کابرا بە یەکجاری واقی وڕما کە زانی تازە فڕۆکەیەکی تەکاندەر کڕاوە و هەموو کات لە باری ئامادەباشیدا وەستاوە بۆ ئەوەی شارەزایانی دژی تیرۆریزم، یەکسەر بگەیەنێتە هەر شوێنێک کە پەلامار دەدرێ. کابرا ئەگەری ئەوەی کرد ڕەنگبێ گەورەکان شانازی بەوە بکەن کە "بەر لە تا لێ هاتنیان بەڕیان بە خۆیان دادابێ". بەڵام بە خۆی هەرگیز ئەو هەستەی شانازیکردنی بەو ئیشە لە کن نەبوو. بە بۆچوونی ئەو چاوەڕوانکردنی پەلامارێکی تیرۆریستی تر، تەنیا دەهۆڵ لێدانێکی بێ هۆ بوو.

هەندێ کارمەندی پێشووی CIA دەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی سارد؛ ئەنجامی هاوشێوەیان وەدەست هێنابوو. یەکێکیان ناوی ڕائوڵ مارک گێرێچت بوو، ئەمە زۆر لە بێمێشکی دەزگایەکەی بێزار بوو، بۆیە لە ١٩٩٠کان دەستی لە کار کشاندەوە و خۆی لاچەپ گرت تا بحەسێتەوە. ماوەیەکی زۆر بەر لە ١١ی سێپتێمبەر، گێرێچت خەتایەکەی خستە ئەستۆی دەزگا هەواڵگرەکان؛ چونکە بە پێی نووسینەکانی ئەو تەمبەڵ بوون. گێرێچت فارسیزان بوو، لە کونسوڵگەری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەستەمبوڵ دیمانەی دەگەڵ ئەو ئێرانیانەدا دەکرد کە داوای ڤیزای وڵاتە یەکگرتووەکانیان کردبوو، هەوڵیشی دەدا بە کرێیان بگرێ بۆ ئەوەی ببن بە نمایەدەی CIA. لە کۆتاییدا ناچار بوو بە قسە هات، چونکە بۆی دەرکەوت کەسێک نەبوو لە لانگلی شتێک لەبارەی ئێران بخوێنێتەوە؛ تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەش کە دەزگایەکە هاوبەشی تێدا کردبوو ئەویش کەس نەیدەخوێندەوە.[١٧]

ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی Central Intellegence Agency, CIA لە کۆتاییی شەڕی سارد Cold War، هێندە پێویستی بە زمانزانان هەبوو، ناچار مۆرمۆنەکانی Mormons بە کرێ گرتن و کردنیە نمایندەی خۆی، چونکە قسە وا بوو کە ئەوان بە هۆی ئەرکی مزگێنبەخش missionary یان لە هەندەران، ناچار بوون فێری زمانە گرانەکان ببن. وا دیاربوو کەس پێچەوانە و مەترسی لە پرۆسەی بەکرێ گرتنی ئەم مۆرمۆنانە، بەدی نەکرد. مۆرمۆن بزووتنەوەیەکی ئیسلامی بوو شانازی بەوە دەکرد کە ئەندامەکانی خۆی بە وریاییەوە دەستنیشان دەکا. گێریچت تێبینی دا کە: (ڕەنگە CIA تاقە کارمەندێکیشی نەبێ کە بە ڕەگەز هی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بێ؛ عرەبییەکی باش بزانێ، بتوانێ وەک موسڵمانێکی توندڕۆ خۆی بنوێنێ؛ بچێ خۆی بەخت بکا و چەند ساڵێکی ژیانی لەسەر خۆراکی دەروێشان، لە چیایەکانی ئەفغانستان بەڕەبەنی، بێ ژن بژی. ئێمە کاری ئەوتۆمان نەکردووە.)(١٨) هێشتا ئەم جۆرە هەستە نامۆیە لە ناو ئاژانسەکەدا هەر هەبوو. ئەو کارمەندەی سی ئای ئەی CIA کە بەر پرسی خاکە ئیسلامییەکانی سۆڤیەتی پێشوو بوو ئاشکرای کرد کە دەستەیەکی قۆشمەچی دەگەڵی کاریان دەکرد؛ گوتی: (دوێنی من هیچ نمایندەیەکم نەبوو، ئەمڕۆ هیچ نمایندەیەکم نییە، بەیانیش هیچ نمایندەیەکم نابێ.) لە کۆتاییی شەڕی سارددا پێویست دەکا دڵی خۆم بە ئاسیای ناڤین سەخڵەت بکەم؟

بۆ دەبێ بایەخ بەو ڕووسیانە بدرێ کە مەترسی زۆریان لەوەدا هەبوو ئیسلامییەکان پەلامارێکیان لە باشووری مۆسکۆوەڕا بدەن، ئومێدیشیان دەکرد کە واشنتن یارمەتییان بدا و چیی تر نەهێڵێ پاکستان و سعوودیە هانی جیهادییەکان بدەن؟(١٩) هەرەسهێنانی یەک لە دوای یەکی لێکۆڵینەوەکانی ئەندامانی کۆنگرێس و وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسەکانی تری تایبەت بە هەواڵگری هان دا بۆ ئەوەی دەست پێ بکەن عەرەبە ئەمەریکاییەکان، نەوەی یەکەم و دووەمیان بگرن تا بیانکەن بە نمایندە agent، ئەوانیش شارەزایی چاکیان لە زمانی زگماکی خۆیان نیشان دا(٢٠). ئەگەر ئەو شارەزایانەی زمان نەبوونایە، ئەو هەموو ئاژانسە هەواڵگرە نەیارە ئەمەریکاییانە- CIA، ئاژانسی هەواڵگری بەرگری DIA، ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی National Security Agency کە هەردەم گوێ ڕادەگرێ eavesdrop، ئۆفیسی تەتارگەری نەتەوەیی -National Reconnaissance of

fice ئەمەیان لەو وێنانە بەرپرسیارە کە سەتەلایتەکان دەیانگرن- نە دەیانتوانی ئەو هەموو پێوەندییە تەلەفۆنیانە لە بێژینگ بدەن، نە دەشیانتوانی ئەو هەموو ئیمەیلانە شەقڵ بکەن کە لەسەر جۆخینی ئیلیکترۆنی واشنتن ڕەوسە بووبوون.

لەم چەشنە هەلومەرجەدا، هەواڵگری ئێلیکترۆنی چەند بە کارامەتر شتی (بگرتایە)، هێندە پتر زانیاری پشتگوێ دەخرا و شی نەدەکرایەوە(٢١). تەنیا زۆری ئەوانە نەبوو کە لە بەردەم کۆششی دژە تیرۆریزم دەبووە تەگەرە. بەڵکو لێکۆڵینەوەی کۆنگرێس و ئەو کتێبانەی کەسایەتییە ئاگەدارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کلنتن نووسیانەوە، ئەمانە هەموو نەنگی لە دوای نەگییان بەدیار خست؛ لە ململانێی دیرۆکی نێوان دەزگاکانی میری (بەتایبەتیش لە نێوان FBI و CIA تا دەگاتە ئەو دوودڵییەی پێنتاگۆن بەر لە ئەنجامدانی هەر ئەرکێک هەیەتی؛ چونکە لە سەریەتی هەر جارێک لەشکرێک بۆ شەڕێکی بچووک تەیار بدات(٢٢).

لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠، منیان لە ژوورێکی ڕێکی وەزارەتی دەرەوەی تاڵیبان شاردەوە. ئەو تەلارە یەکێک بوو لەو خانووانەی کە لە کاتی شەڕی داگیرکردنی کابول زیانێکی کەمی پێ گەیشتبوو. لەو دانیشتنەی ئەوێم بیرم لەو شەڕە بچووکە کردەوە کە خەریکبوو لەوەدەم لەوێ دەست پێ بکا. دوای ئەوەی باڵیۆزخانەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەلات لە ١٩٩٨دا پەلامار دران، بەڕێوەبەرایەتی کلنتن، ئەگەر هەر بە قسەش بووبێ، بۆ شەڕ خۆی گورج کردبوو، بە بەردەوامی تاڵیبانی ئاگەدار دەکردەوە، هەر کردەوەیەکی تری تیرۆریستی ئەلقاعیدە بیکات، ئەوانی لێ بەرپرسیار دەبێت. بۆ ئەوەی ئەلقاعیدە و تاڵیبان بە زەبری هێز بێنێتە بن بار، سەرۆک دەسەلاتێکی نوێی هەواڵگری دامەزراند و دەسەلاتی ئەوەشی پێ دا، ئەگەر پێویست بێ ئوسامە بکوژن. چەند خولەکێک پێشتر و لەو کاتەی کە هێشتا هەر لە هۆتێلەکەمدا بووم، گوێم لە دەزگای بڵاوکردنەوەی بەریتانی BBC بەشی جیهانی بوو باسی پەلامارداني یو ئێس ئێس کۆوڵ USS Cole کرد کە نزیک بوو نقوم بکرێ. بەهای ئەو گەمییە مووشەک شکێنە یەک بلیۆن دۆلارە. لە کاتی وەستانی بۆ بەنزین تێکردن لە بەندەری عدن، کە بەندەری سەرەکی وڵاتی یەمەنە، تیرۆریستان پەلاماریان دا.

دوو خۆکوژ kamikaze بە بەلەمێکی پڕ لە تەقەمەنی بە ئەوپەڕ خێراییەوە، بە

جۆرێک خۆیان لە گەمییەکە دا تا ئەوپەڕ زیانی لێ بدەن. تەقینەوەی بەلەمەکەیان کونێکی گەورەی لە تەنیشتێکی گەمییەکەدا کرد و نۆزدە دەریاوانیشی کوشت. چاککردنەوەی گەمییەکەش ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری تێ چوو(٢٣). تەنانەت ڕاپۆرتە سەرەتاییەکەی BBC بۆ من بەس بوو تێ بگەم کە پەلامارەکە مۆرکی ئەلقاعیدەی پێوە دیار بوو لەمێژ بوو ئامادە کرابوو، پلانەکەی بە وردی دارێژرابوو، ڕاپەڕاندنەکەشی ئازایانە بوو. هەرچەندە پەلامارەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات تەنیا بیست و شەش مانگ بوو جێبەجێ کرابوو، یەمەنیش لە بێ یاسایی ناوبانگی هەبوو، بە مەڵبەندێکی ئیسلامییە چالاکەکانیش دەناسرا، بەڵام هێشتا دەستەی گەمییەی کۆوڵ نەیانتوانی بەپێی پێویست و بەپێی ڕێنوێنییەکانی دەریاوانی، پاسەوانی خۆیان بکەن و لە شوێنی پێویست لە کاتی وەستانیان لە بەندەری عدن زریڤانان دابنێن(٢٤).

لە ژووری پێشوازیکردن بووم؛ چونکە پەیمانم پێ درا بوو کە دیمانەیەک دەگەڵ وەزیری دەرەوەدا بکەم. بەڵام لە دوا چرکە بڕیاری دا دەمودەست بۆ قەندەهار بچێ. ویستبووم چاوم بە وەزیر بکەوێ کە بە سەربەخۆیی بیرکردنە و نەرمڕۆی ناو تاڵیبان ناودێر بوو. چونکە ئەو نەهات دەبوو من بڕۆم. لە خۆمم پرسی دەبێ وەزارەتی دەرەوە بکرێتە نیشان، بۆ ئەوەی بۆردومان بکرێ؛ هەرچۆنێ بێت دەمزانی کە پێویستە نیشان بخرێتە سەر ئامیری جایرۆسکۆپ gyroscope تا بە مووشەک پەلامار بدرێ، ئەم پرۆسەیەش شەش کاتی گەرەک بوو بەر لەوەی ئاگر بدرێ. بۆیە مامەوە و لە بری وەزیر کابرایەکی زۆر شارەزا پێشوازی کردم. بڕیارم دا باسی یو ئێس ئێس کۆوڵی بۆ نەکەم؛ چونکە بۆ خۆی لە وەڵامەکانیدا تووڕە دیاربوو- یان وەک ئەوەی کە بۆم بە دەرکەوت، ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی تاڵیبان و پاکستان و ئوسامە و وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، هیچیانی وەڵام نەدەدامەوە. تەنانەت بۆ کارمەندێکی وەزارەتەکە کە چاوەڕێ دەکرا قەشەنگترین سیمای وڵاتەکەی بە هەموو دنیا نیشان بدا، وەڵامی وای دەداوە کە هەموو بە دوو شێوە ڕاڤە دەکرا و هەموو هەر ڕقی لێ دەتکاوە. من بە ناڕەحەتییەکەی ئەو شادمان بووم، ئەویش کە زانی من دەڕۆم، دوو مەلای دەم بەخەندەش بۆی هاتنە ژوورەوە، هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشا.

هەر بیرم لەو پاش نیوەڕۆیە دەکردەوە کە چەند ڕۆژێک پێشتر، لە باخی "أمان الله" لە جەلال ئاباد، بە سەرم برد "أمان الله" حاکمێک بوو بەشێوەیەکی نا زیرەکانە ویستی ڕۆژئاواگەری westernizing بکات، لە ١٩٢٠، لەسەر حوکم لادرا.) پەیامنێری ئەسۆشیێیتد پرێس AP بوو لە کابول، ئەمیر شا، هات لە بازگەی تۆرکام، لەسەر سنوور، منی بۆ کابول برد. ئەو چۆن پێشبینی کرد وابوو؛ خۆشبەختانە باخەکە پۆلیسی ئاینی تاڵیبانی لێ نەبوو؛ هاوولاتی زۆری لێ هەبوو، ئامادە بوون بۆ قسەکردن. کچێکی عازەب ویستی بزنێکم پێ بفرۆشی، کابرایەکی بەرماڵفرۆشیش گلەیی کەمبوونی ژمارەی گەشتیار و دیپلۆماتانی کرد. بەلام من سوودی زۆرم لەو چەند لاوە گەنجە وەرگرت کە کاری گریزیان دەکرد. پێشتر لە گەراجێک چاومان پێیان کەوتبوو، کاتێک کە یەک لە ئۆتۆمۆبێلەکانی AP یان چاک کردەوە. بۆ ئەوەی، کۆمیتەی سزادانی ئەخلاقی، بە زۆری ناچاریان نەکا بچن بۆ مزگەوت، هەموو پاش نیوەڕۆیەک دەهاتنە ناو باخەکە. لە کاتی بن دەستی سۆڤیەتی پێشوودا، ئەو گەنجانە لە کامپەکانی پەناهەندان لە پێشاوەر، گەورە بووبوون.

خۆ دزینەوەیان لە نوێژکردن، مانای ئەوە بوو هیچیان بە تاڵیبانەوە نەبوو. پیاوانی ئوسامەیان بە چاکی دەناسی، چونکە گەلێ جاران لە گەراجەکەیان ئۆتۆمۆبێلەکانیان چاک دەکردەوە، زۆربەی ئۆتۆمۆبێلەکانیان فۆر-بای-فۆر (٤x٤) و جام تاریک بوون. زۆر گوێیان بە عەرەبەکان نەدەدا و لەو باوەڕش دابوون کە عەرەبەکانیش بایەخیان بەوان نەدەدا. بۆم دەرکەوت کە ئەو گەنجانە پاکستانییەکانیان هێشتا لەو عەرەبانە کەمتر دەویست، ئەوەش بە هۆی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە خراپە بوو کە پاکستانییەکان لە ناو کامپی پەناهەندان دەگەڵیاندا دەکردن. لاوەکان تازە لەو کامپانەدا دەرچووبوون. خەونیان بەوەوە دەدیت کە ڕۆژێک بتوانن بچن بۆ دوبەی بۆ ئەوەی لەو بەندەرە کراوەی کەنداو ئیشێکی چاک پەیدا بکەن. بەلام کە لێم پرسین چ دەکەن ئەگەر هێزێکی ڕۆژئاوایی پەلاماری پیاوەکانی ئوسامە بدات، ئەوان یەکسەر بۆ لای جیهادەوە چوون.

هەموویان بە سادەییەوە بۆچوونی خۆیانیان دەربڕی، ئەوەی پێش کەمێک باسیان کردبوو هیچیان لەبەر نەبوو، وەک ئەوەی (نە با بێ و نە باران)، نە ڕەخنەیان لە عەرەبان گرتووە و نە باسی تاڵیبانیان کردووە. هەرچەندە کوڕەکان

به هیچ شێوەیەک باسی پوشتۆنوالی pushtunwaliیان نەکرد، بەڵام کاردانەوەیان بە پێچەوانەی ئەو یاسایە کۆنە نەریتێک بوو کە بە زۆری ژیانی خێڵی پشتۆنیان لە هەردوو دیوی سنووردا ڕێک دەخست[٢٥]. بەم شێوە وڵاتە یەکگرتووەکان زانی کەی خێڵی تاڵیبان لە هەرسەکەی ڕووخانە خێرایەکەی ٢٠٠١یان هەستانەوە و دوای کەمتر لە ساڵێک لە بنکەکانیان لە ناو خاکی خێلی پشتۆن، لە پاکستانەوەڕا دەستیان بە پەلاماردانی هێزەکان لە ناو ئەفغانستان کردەوە.

سوپای ئەمەریکایی بە دەگمەن ئەم جۆرە چالاکییەی ئەنجام داوە کە ئێستا بۆ گەڕان بە دوای تاڵیبان دەیکا. کوشتنی ئەو سێ هەزار کەسەی لە نیویۆرک و واشنتن و پێنسلڤێنیادا گیانیان لە دەست دا، بە پەلە سزادانی تاڵیبان و ئەلقاعیدەی کردە کارێکی ڕەوا. هاوپەیمانانی ئەمەریکا بێ هیچ بەرهەڵستییەک پشتیوانی ئۆپەراسیۆنەکانیان کرد. لەگەڵ ئەمەش هێشتا سەرکەوتنەکەی لە سەرەتادا وەدەست هات چێژی جارانی نەما. ئەمەریکا گەورەترین هەڵەی سەربازی لە دژی ئەلقاعیدە کرد؛ چونکە یەکسەر سەربازە پیادەکانی خۆی ڕەوانی شەڕی تۆرابۆرای نەکرد، چونکە ئەوێ دوا سەنگەری دواوەی ئوسامەی بوو و لەو سنوورەی پاکستانی نزیک بوو کە هەر لە سەرەتای جیهادی دژی سۆڤیەت پێگەی ئوسامەی بوو[٢٦].

بەڵام چونکە ئەو میلیشیا ئەفغانییانەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرنگاربوونەوەی جەنگاوەرانی ئوسامە پشتی پێیان بەستابوو، چەکی خراپیان هەبوو، بۆیێ نەیانتوانی هێرشەکەیان تا سەر ببەن؛ جگە لەمە گومانی ئەوەشیان لێ دەکرا هبوودییەکی باشیشیان وەرگرتبێ بۆ ئەوەی پەناگەری collude لە ڕاکردنی ئەندامانی ئەلقاعیدە بکەن. دەگوترا کە سەرانی ئەو میلیشیایانەی ئوسامەیان لە ١٩٨٠کانەوە دەناسی لە خێڵی پشتۆن بوون. ئەوانە بە خۆ و بە هاوتیرەکانیان لە پاکستان سۆزداری ئوسامەی بوون. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئوسامە بە ١٠٠٠ جەنگاوەرێکەوە لە نیوەی یەکەمی دیسێمبەر لە تۆرابۆرا بووە: زیندانیانی ئەلقاعیدە بە بگرەکانی خۆیانیان گوت کە ئوسامە لە ٣ی دیسێمبەر، لەوێ فەرمانی دەرکردووە و پەیامێکی سەتەلایتی یان تەلەفۆنی بۆ جەنگاوەرکانی ناردووە. ئەو پەیامە پتر لە حەفتەیەک پاشتر گیرا[٢٧]. بەڵام بە خۆی بۆی دەرچوو. زۆر ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ کە لەگەڵ پیاوەکانی، بەو ڕێچکۆڵانەدا دەربازی

پاکستانێ بووبن کە بزن پێی دادەچن. ڕاپۆرتەکانی پاشی شەڕ ئەوە دەگەیەنن کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئەلقاعیدە لەو شەڕانەدا کوژران، تەنیا بیست و سێ کەسیشیان لێ گیرا(٢٨).

نازاندرێ بۆ پێنتاگۆن نەیتوانی لەشکری دەیەمی چیایی Tenth Mountain Div دەزگای موخابەراتی پاکستان لە سەرەتاوە بگەیەنێتە ناوچەکە و زاندراوە کە ئەم نەتوانینە بووە هۆی تووڕەبوونی ئەو هێزە تایبەتەی بەریتانیا کە لەوان نزیکاندا بوون شێست سەربازی تایبەتی (سپێشەڵ بۆوت سیرڤس) بوون. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە شوێنی ئوسامەیان دیار کردبوو، بۆیە دەیانویست یان بیخەنە داوەوە و بیگرن یان هەر بیکوژن، بەڵام پێیان گوترا ئەوەی نەکەن(٢٩). پێنتاگۆن نەیویست هۆیەکەی ڕوون بکاتەوە. بەڵام وا دیاربوو کات بە سەر بردن لە دوودڵیدا و ویستی نەدانی زیانی مرۆیی دەگەڵ نەریتی وردەکاری لە بەڕێوەبردنی بچووکترین چالاکی سەربازی لە واشنتنەوە، هەموو ئەمانە، وێکڕا، کارێکی زۆریان کردە سەر دەرکردنی بڕیارێک بۆ ئەوەی بە پەلە بەرینگاری ئوسامە ببنەوە. بۆیە نە سەربازەکانی ئەمەریکا، نە هێزی دێڵتا Delta Force، کە مەشقی تایبەتی دراون، هیچیان نەچوون ڕێی پاشەکشەکردن لە هێزەکانی بگرن بۆ ئەوەی نەهێلن بگەنە حەشارگەکانیان لە پاکستان. چونکە ڕەچاوی ئەوە نەکرا کە هیچ هێزێکی ئەمەریکایی لەو پرۆسەیەدا تێکەڵ ببێ، بۆیە جەنەراڵە گەورەکان نەیانویست بەریتانییەکانیش لە کارەکەدا بەشدار بن(٣٠). (گەورە ئەفسەرە بەریتانییەکان لە ماوەی چەند حەفتەیەک لە ناو خۆیاندا دەیانگوت کە فەرماندە مەیدانییە ئەمەریکاییەکان پێشنیازێکی تایبەتیان بۆ چاودێریکردنی شارێیەکانی هەڵاتن، ڤێتۆ veto کرد و بیانووی ئەوەیان هەبوو کە شەڕی ناو بەرفێکی قووڵ، لە کاتی هاتنی ڕەشەبا gusty wind و هەوری نەویدا، مەترسی زۆری لێ دەکرێ.)(٣١) بەریتانییەکان بە ئاشکرا لەوە دەترسان کە ئەوان پیاوەکانیان بخەنە مەترسییەوە. ئەم گۆڕانکارییەی لە ڕووداوەکان کرا، بووە هۆی ڕووداناێکی تریش. هێزەکانی بەریتانیا (بە پەرۆشەوە بوون بۆ ئەوەی دەست پێ بکەن)، بەڵام سەرکردەی باڵای ئەمەریکایی نەیویست تەنانەت نزیکترین هاوپەمانیشی (بڵێ کە گەورەترین پاداشتی شەڕەکەی وەرگرتووە.)(٣٢) بەبێ ئەم هێزە ڕێگرە، پاکستان نەیتوانی پیاوانی خۆی لەسەر سنوور بڵاو بکاتەوە تا یاخییانی سەر بە ئەلقاعیدە، دووای

شەش سعات لە ڕۆیشتن بە ناو تۆرابۆرادا، یان بگریّ یانیش بکوژێ.

ڕەنگە بنەما سیاسییە نوێیە سەربازییەکەی وەزیری بەرگری دۆنەڵد ڕامسفیڵد، ئەم بابەتەمان بۆ ڕاڤە بکا. ڕامسفیڵد سوودی لە شەڕەکەی ئەفغانستان وەرگرت بۆ ئەوەی ئەو باوەڕەی خۆی بسەلمێنێ کە شێوەی بیرکردنەوەی سوپای ولاّتە یەکگرتووەکان لە بواری ڕێکخستنی لەشکری گەورە لە دژی یەکەتی سۆڤیەت، کە نە خۆی نە شەڕی سارد هیچیان کاریگەرییان نەمابوو، بیرۆکەیەکی ئاڵۆز بوو. سوپا زۆر پێویستی بە شەڕێکی گۆڕانکاری هەبوو. ئەوەی کە ڕامسفیڵد پشتی بەو یەکە هێزە تایبەتانە بەست کە بە چەکی سووک و بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانییەوە کاریان دەگەڵ میلیشیاکانی هاوپەیمانی باکوردا کرد، بووە پەندێک بۆ لەشکری ئەمەریکایی کە هەردەم پێشتر بە یەک شێوە کاری دەکرد(٣٣). بەلاّم چونکە نەتواندرا ئوسامە بکوژن، بۆیە سوپا هەر پەیڕەوی ڕێبازی جارانی کردەوە – جا با هەر سەربازانی ئەمەریکایی بە ترسنۆک ناوزەد بکەن(٣٤).

لەو کاتەی ئەمەریکاییەکان ئەم هەموو سەرکەوتنانەیان بە سەر تاڵیبان وەدەست هێنا، ئەم جۆرە تۆمەتانە تەنیا دەکریّ گاڵتەیان پیّ بکریّ. زۆر لە جیهادییەکان هاوکات دەگەڵ گەلێک لە موسڵمانانی تر ئەم بابەتەیان بەشێوەیەکی تر بینی، ئەوەی کە ئوسامە لە کاتی هێرشەکەدا لە تۆرابۆرا بوو، بەلاّم وەک (موعجیزە) لێی قورتار بوو بۆی بووە جۆرە پشتیوانییەک. بەلاّم لە ڕاستیدا وا نەبوو؛ چونکە پاش ماوەیەکی کەم ئوسامە و (أيمن الظواهري) چەند پەیامێکی دەنگیان نارد کە کەناڵی سەتەلایتی ئەلجەزیرە و هەندێ کەناڵی تری عەرەبی بلاّویان کردەوە. لە دوای ١١ی سێپتێمبەر پاکستان لای ولاّتە یەکگرتووەکانی گرت، بەلاّم هەر دوودڵی پێوە دیار بوو. سەرۆک موشەڕەف ٢٠ لە سەدی سەرجەم ئەو ١٢٠٠٠ کارمەندەی دەزگای موخابەراتی پاکستان بە بیانووی ئەوەی کە متمانەیان پیّ ناکریّ لە کارەکانیانی لادان. بەلاّم هێشتا دەزگا هەواڵگرە ڕۆژئاواییەکان گومانیان دەکرد کە موشەڕەف توانیبێتی هەموو هەوادارانی تاڵیبان، لەو دەزگایە دوور بخاتەوە. هەر چۆنێک بێت، موشەڕەف پارسەنگەکەی بە دەست خۆی بوو، سووڕانەوەی لە ناکاویشی بەرەو ئەمەریکا زۆرینەی گەلی پاکستانی شادمان نەکرد؛ بۆیە ناویان لێنا (بوشەڕەف.)(٣٥)

هەر یەکسەر لە پاش شەڕەکەی تۆرابۆرا، سەرۆک بوش سەرنجی بۆ شوێنێکی تر چوو. لە سەرەتای ٢٠٠٢ەوە، سەرۆک بوش چیی تر بە ناو ئاماژەی بۆ بن لادن نەکرد، هەردوو وشەی (بە زیندوویی یان بە مردوویی)شی چیی تر دووپات نەکردەوە. ڕەنگە ئەو (خراپکارە evildoer)م ردبێ ڕەنگە زیندوو بێ، بەڵام هەرچی بێ ئێستا لەو کێوە هەزار بە هەزارانەی سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستان دەستی کەسی ناگاتێ. بۆیە پاش ماوەیەکی کورت ئەمەریکاییەکان بۆ نوکتە ناویان گۆڕی؛ کردیانە (ئوسامە بن لە بیر کراو.) سەرۆک بوش بە خۆی لە پەیداکردنی ئەو هەستواژە (تعبیر) impression یە دا بەشداری کرد، چونکە هەوڵی دەدا لە بەهای ئوسامەی کەم بکاتەوە[٣٦]. وەک ئەوەی کە لە پاشدا بەدیار کەوت، زۆر لە هەینێ زووتر، بوش خەریک بوو خۆی بۆ عێراق ئامادە دەکرد. لە ڕاستیدا ئەگەر باوەڕ بە قسەی پۆوڵ ئۆنێڵی وەزیری گەنجینەی پێشانی بوش بکەین، دەبێ بزانین کە سەرۆک لە یەکەم کۆبوونەوەی دەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کە تەنیا یەک حەفتە لە دوای وەرگرتنی پۆستەکە لە ٢٠٠١دا کراوە، بە نهێنی بۆی درکاندووە کە ویستوویەتی سەدام حوسێن لەسەر حوکم لادا[٣٧]. ئەوە هەشت مانگ بەر لە پەلامارەکانی ١١ی سێپتێمبەر بووە کە لە ناکاو بۆ یەکەم جار تیرۆریزم هەموو سەرنجی ڕاکێشا و شێوەی سەرۆکایەتییەکەشی گۆڕی.

لە گوتاری باری یەکەتی State of the Union لە ٢٩ی یەنایری ٢٠٠٢ دا سەرۆک بوش لە نرخی ئوسامەی کەم کردەوە و ویستی گاڵتەجاڕی پێ بکا. ئەم جارە سەرنجی سەرۆک بەرەو (تەوەری خراپە axis of evil )چوو، کە ئاماژە بوو بۆ ئێران و عێراق و کۆریای باشوور. لە میانی ئاهەنگی دەرچوونی وێست پۆینت لە حوزەیرانێ، بوش ڕێبازی خۆی ڕاڤە کرد. لە سەرەتای هاوینیش ڕوون بووەوە کە بوش بڕیاری دابوو سەدام حوسێن لەسەر حوکمی عێراق لادا. ئەم پەلامارەش پێویستی بە پلاندانانی سەربازی و کۆکردنەوەی هێز لە کەنداو هەبوو. وا لە بوش گەیاندرابوو کە شەڕەکەی لە دژی تیرۆریزم بە لادانی سەدام لەلای خەڵکی پتر خۆشەویستی دەکات.

لە دوای چەند ڕۆژێک پاش پەلامارەکانی سەر نیویۆرک و واشنتن، پارێزەرە تازەکانی ناو بەڕێوەبەرایەتی جەختیان لەسەر شەڕی لە دژی عێراقدا کرد، تا

ڕووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بگۆڕێ. بە بۆچوونی ئەوان تەنیا گۆڕانکاری سەرتاسەری دەیتوانی دیموکراتی بەرپا بکا و هاوپەیمانە گەندەڵەکان، هەر لە مسر و سعوودیەوەڕا تا دەگاتە پاکستان، هەمووی پاک بکاتەوە و شێوە ڕێکخستنێکی تازە بەسەر نەیارەکانی وەک سوریا و ئێران، دا بسەپێنێ. لادانی سەدام و هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقێ گرینگترین خاڵی ناو پلانەکە بوو. عێراقێکی بێ سەدام لە داهاتوو خەڵکەکەی دەوڵەمەند دەکا و لە هەمان کاتیشدا هەڕەشە نە لە دراوسێ عەرەبەکانی نە لە ئیسرائیلیش ناکات. ئەوانەی پشتیوانییان لەو ئایدیۆلۆجیایە دەکرد ریچەرد پێرل، سەرۆکی دەستەی سیاسەتی بەرگری، پۆوڵ وۆڵفوودز، بریکاری وەزیری بەرگری، ئۆفیسی جێگری سەرۆک، دک چێنی، بوون- ئەوانەش هەموو لە کۆنەوەڕا پێوەندیی بەرچاویان دەگەڵ ئیسرائیلدا هەبوو، پێوەندییەکەش پتر دەگەڵ ڕاسترۆ rightی ئیسرائیلی بوو. پێرل و دۆگلەس فەیپ، لە وەزارەتی بەرگری بەرپرسی ژمارە سێ بوو، هەردووکیان لە ١٩٩٦ دا یارمەتی نووسینەوەی لێکۆڵینەوەیەکیان بۆ سەرۆک وەزیرانی تازە هەڵبژاردراوی ئیسرائیلی بنیامین ناتانیاهۆ دا. بابەتی لادانی سەدامیان کردە (ئاواتێکی ستراتیجی ئیسرائیلی)؛ چونکە (ڕەنگبوو داهاتووی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو کار لە پارسەنگی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکات.)(٣٨) سیاسەتی سەرۆک بوش وەک یاسایەکی ئیمپراتۆری، یان وەک جۆرە ڕێ خۆشکەرێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لەلایەنی ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە، زۆرانی لە وڵاتانی عەرەبی و لە شوێنی تریش حەپەساند.

لە بەریتانیا بترازێ، هەموو هاوپەیمانەکانی تری وڵاتە یەکگرتووەکان لەو لۆجیکە ڕەوینەوە، کە بوش هەیبوو، بەتایبەتیش پێشنیازەکەی سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ هەموو ئەتلانتی بێ. ڕاوەدوونانی ئەلقاعیدە و ڕێکخراوە جیهادییەکان شتێک بوو و دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین شتێکی تری تەواو جیاواز بوو. ڕەخنەگرانی ئەم پلانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و چەند شوێنی تریش لەو باوەڕە دا بوون کە ئەم جۆرە سیاسەتە جیهادییەکان بەهێزتر دەکات، نەک دەقاوغیان دەگری. کە بوش بە نیازەوە نکوڵی لەوە کرد شوێن ڕێچکۆڵەی سەرۆکی پێش خۆی، کلنتن، بکەوێ بۆ ئەوەی کێشەی ئیسرائیلی- فەلەستینی چارەسەر بکات؛ بەڕێوەبەرایەتی بوش گاڵتەی بە ئەوەی

پێش خۆی کرد و له کۆتاییشدا بواری به حکوومەتی ئیسرائیلی دا بۆ ئەوەی فەلەستینییەکان سەرکوت بکات. ئەم هەڵوێستەی بوش موسڵمانانی هەموو دنیای تووڕە کرد. حکوومەتە عەرەبییەکانیش تووڕەتر بوون؛ چونکە لەوە دەترسان ئەم جۆرە تاکتیکە هاووڵاتییەکانیان توندڕۆتر بکات و لایەنگرانی ئوسامەش پتر و بەهێزتر بکات. بۆچوونەکانی بوش دامەزراوی ئەمەریکاشی لەبەر یەک ترازاند؛ چونکە دەترسان ببێتە جۆرە پابەندبوونێکی ئایدیۆلۆجیی وا، کە ڕەنگبێ ولاتە یەکگرتووەکان دیسان وەک ئەوەی نەوەیەک پێشتر چۆن لە ڤێتنام تووشی کارەسات بوو، بە هەمان شێوە دیسان ئەم نەوەیەش دووچاری ببێتەوە. بێگومان ولاتە یەکگرتووەکان تاکە زلهێزی جیهان بوو. بەڵام پلان دارشتن و ڕاپەڕاندنی شەڕی عێراق هیچ سەنگێکی بۆ ڕێکخراوە هەواڵگرەکانی لە ناو عەرەب و پسپۆڕاندا نەهێشت.

هێزی زەمینی دەگەڵ ٧٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ شەڕی ئێراق چوو. دەکرا بەو پارەیە باری ئەفغانستان ئارام بکرابایەوە و ڕژێمی پاکستانیش لە چنگی ئەو جیهادییانە دەربکرێ کە بە زەقی دەست لە کاروباری سەربازی ولات وەردەدەن. لە بری ئەوەی شەڕە سەختەکەی لە دژی ئەلقاعیدە بە کۆتایی بێنێ، سەرۆک بوش پەلەی لە ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقێ کرد؛ ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیا بەرهەڵستی پرۆسەکە بکەن. لە ئاداری ٢٠٠٣، بەر لە دەسپێکی شەڕی دژی عێراق پشتیوانی ولاتە یەکگرتووەکان لە ناو ولاتانی موسڵمان و لە ناو هاوپەیمانەکانی نەیتۆش زۆر دابەزی (لەوانە بەریتانیا و ئەسپانیا و پۆلاند، هەرچەندە حکوومەتەکانیشیان پشتیوانی شەڕەکەیان کرد.)(٣٩)

هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی بوش دەیگوت کە ولاتە یەکگرتووەکان پەندی لە خۆ لاتەریک گرتنەکەی دوای پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ئەفغانستان، لە ١٩٨٩ دا، وەرگرتووە، بەڵام دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە یارمەتی تاڵیبانیان دا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئەفغانستان بگرنە دەست، چاودێرانی باری ئەفغانستانی حەپەساند. هەرچەندە بە ئەوپەڕی تواناوە واشنتن پشتیوانی حکوومەتە تازە دەستبژێر handpickedەکەی حەمید کارزای کرد، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی بوش تەنیا یەک یەکەی تۆپخانەی لە هەموو ناوچە پشتۆن نشینەکان سەنگەرگیر کرد. لە سەرەتادا ولاتە یەکگرتووەکان نەیهێشت هێزە فرە ڕەگەزەکان، ئەوانەی کە

کابولیان دەپاراست، ڕەوانەی هەرێمەکان بکات. لە بری ئەوە پشتی بە گەورەکانی شەڕ بەستا، لەوانەی کە لە ڕووخاندنی ڕژێمی تاڵیبان هاوپەیمانی بوون.

ئەو فەرمادارە ناوەخۆیانە (بە زۆری گەندەڵن) لە بەرژەوەندییان دا نییە کە حکوومەتێکی ناوەندی بە هێز لە کابولدا هەبێت. هەرچەندە واشنتن بە بەردەوامی، با پڕ بە دڵیشی نەبێت، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو حکوومەتە باشترین ڕێگەیە تا ئەفغانستان دروست بکاتەوە. خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕی عێراق وای کرد کە کەمتر بایەخ بەو نیشانە پڕ مەترسییانە بدەن کە ئاماژەیان بۆ چالاکی تاڵیبان لە باشووور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان، دەکرد. لە سەرەتای۲۰۰۳ دا ڕاپۆرتی وا هەبوو کە ئەفسەرانی دەزگای موخابەراتی پاکستان یارمەتی تاڵیبانیان دەدا بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی خێڵی پشتۆنەوەڕا پەنادزە بکەن، لە سنووری ئەفغانستان دەرباز بن و بۆ نێو پاکستان بچن. بەرپرسانی ئەمەریکایی و ئەفغانی نیگەرانی خۆیان لەم کارە دەرخست، بۆیە ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پاکستانی کە پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەبوو گیران.

پاکستان وەک هەردەم ناوەندی داری گرت. لە مانگەکانی پاش ۱۱ی سێپتێمبەر، پاکستان هاریکاری ئەمەریکای کرد و بە دوای کادیرەکانی ئەلقاعیدە دا گەڕا. سەدان پیاوی ئوسامە لە سەرتاسەری جیهاندا گیران، زۆربەیان لە پاکستاندا دەستگیرکران. موشەڕەف لەمیانی بەرگریکردنی هەردەم ئاماژەی بۆ ئەو گرتنانە دەکرد. زۆربەی گەورە کاربەدەستانی ئەلقاعیدە لە پاکستانێ گیران. (محەمەد عاتف نەبێ، یەکەم گەورە سەرکردەی ئەلقاعیدە بوو کە بە هۆی بۆمبێکی دەنگەوە لە ۲۰۰۱، لە ئەفغانستانێ کوژرا.) لە سەرەتای ۲۰۰۲وە سەدان ئەندامی بچووکی ئەلقاعیدە بۆ گوانتانامۆ ڕەوان کران. گوانتانامۆ بنکەیەکی بچووکی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکانە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کیوبا قایل بوو بە یەکجاری بە کرێ بیداتە واشنتن. ئەوانە لەوێ وەک (جەنگاوەرانی دوژمن) زیندانی کراون، ئەم ناوەش بۆ ئەوەیە تا بە دیلی شەڕ نەناسرێن، جا ڕێگەیان نادرێ تا پارێزەریان هەبێ(٤٠).

نێچیرە زلەکان لە بەندیخانەی ئینفرادی لە شوێنی نادیار زیندانی کرابوون. دەگوترا لە تایلاند، لە وڵاتە عەرەبییە دۆستەکان، لە بنکەی ئاسمانی باگرام لە

باکوری کابول، له دیێگۆ گارسیا، که ئەرخەبیلێکه له ئۆقیانووسی هێمن، دەیان ساڵ بوو لەلایەنی بەریتانیاوە داگیر کرابوو تا له کۆتاییدا دانیشتوانە ڕەسەنەکانیانی ڕاگوێزا و چۆلی کردن بۆ ئەوەی وڵاته یەکگرتووەکان بیکاتە کۆگەی تفاقی شەڕ و بنکەیەکی ئاسمانیشی تێدا دابمەزرێنێ. وشەی ڕێندیشن rendition که له بنەڕەتدا واتای به دەستەوەدانی شارێک بۆ دوژمن دەگەیەنێ، بەڵام له ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا هاته ناو فەرهەنگسازی lexicography دژه تیرۆریزمی ئەمەریکایی به واتای ناردنی ئەو گومانلێکراوە بیانییانه هات که دوور له هەموو ڕێنوێنییەکی یاسایی (ئەگەر هەبێ)، بۆ وڵاته یەکگرتووەکان سنووورداش دەکرێن. بەڵام وڵاته یەکگرتووەکان دەیویست ئەوانه ڕەوانی وڵاتانی جیهانی سێیەمیان بکات، بەتایبەتیش بۆ ئەو وڵاته عەرەبییانەی که بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ یاسایەک و پاراستنی هیچ جۆره مافێک، زانیاری وەدەست دێنن. له پاش ١١ی سێپتێمبەر، کارمەندانی هەواڵگری ئەمەریکایی پلانێکی بۆ هەناردنەوەی جیهادییەکی دێرین داڕشت؛ بەو پلانه جیهادی محەمەد حیدر زمار، که له سوریا بووه و ڕەگەزنامەی جەرمانییە، به تۆمەتی هاریکاریکردنی محەمەد عەتا، له جەرمانستانەوەڕا به فڕۆکه ڕەوانی مەغریب کرا. کارمەنده مەغریبییەکانیش که هاریکاری وڵاته یەکگرتووەکان دەکەن، هەستان زماریان یەکسەر سواری فڕۆکەیەکیان کرد و بو دیمەشقیان ناردەوە. ئەو باسه بۆ ئەڵمانیا نەکرابوو. سورییەکان هەندێ لەو دەستکەوتانەی لەمیانی لێکۆڵینەوە (وەدەست هات بوو) دایه ئەمەریکاییەکان.

هاووڵاتی کەنەدی، ماهر عرار، ئەویش له سوریا له دایک بووه، لەوی تریان بەخت گەورەتر بوو. چونکه وڵاته یەکگرتووەکان وای زانی بوو که ئەندامێکی ئەلقاعیده بوو، بۆیه له سێپتێمبەری ٢٠٠٢ دا له کاتی تێپەڕبوونی به فڕۆکەخانەی کێنێدی نێودەوڵەتی له نیویۆرک، له کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆی له کەنەدا، کارمەندانی ئەمەریکایی گرتیان. بۆ ماوەی سێزده ڕۆژ به تەنیا له نیویۆرک زیندانی کرا، پاشان لەوێوەڕا ڕەوانی ئوردن کرا و له ئوردنیشەوەڕا گەیاندرا سوریا. لەوێ بەند کرا، لێکۆڵینەوەی دەگەڵدا کرا و بۆ ماوەی ٣٧٤ ڕۆژ له زیندانێدا ماوە. ئەویان وەک زماری لێ نەکرا؛ به هۆی پشتیوانیکردن و خواستی بەردەوامی حکوومەتی کەنەدا، ڕێگەی درا؛ بۆ ماڵی خۆی گەڕاوە. له یەنایری

٢٠٠٤دا، عـرار شکایەتی لە حکوومـەتـی ولاتە یەکگرتووەکـان کـرد، چونکە بە شـێـوەیەکی نایاسـایی دەسـتگیـریان کـردبوو؛ جگە لەوەی کـە زیانـی زۆری پێ گەیشتبوو، وەک ئەوەی کە پارێزەرەکانی گوتیان: (هێزیان بە شێوەیەکی نائاسایی لە دژی بەکار هێنا بوو.) لە کێشەکەیدا هاتووە کە ولاتە یەکگرتووەکان بە نیازەوە ڕەوانی دیمەشقیان کردەوە (بە کورتی چونکە سوریا توانی ڕێگەی زۆر تایبەتی پەیڕەو بکا بۆ ئەوەی زانیـاری وەدەست بێنێ... ئـەمـەش نە بـەشـێـوەی یاسـایی نە بەپێی ڕەوشت نەدەکـرا لەم ولاتە و لـە دیموکـراسـیـیـەکـانـی تردا پەیڕەو بکرێ.) هەرچەندە کـە سـوریا لە بواری پێشـێلکردنی مـافـەکـانی مـرۆڤ بەڵگەی زۆر بە ڕاشکاوی لە دژی تۆمـار کـراوە، بەلام هێـشـتـا وەزارەتی داد بە ناهەق دەیگوت (متمانەی هەبوو عرار بەشێوەیەکی مرۆڤایەتی هەڵسوکەوتی دەگەڵدا دەکرێ.)(٤١)

کارمەندانی ولاتە یەکگرتووەکان سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەوان بە خۆیان ئەشکەنجەی زیندانییەکانیان نەداوە. بەلام ڕێگەنەدان بە زیندانیان بۆ ئەوەی بخەون، بە تەنیا زیندانیکردنیان، ناچارکردنیان بۆ ئەوەی کە بەشێـوەی نارێک بوەستن، گەرمای زۆر یان سەرمای زۆریان بدەنێ، ئەمانە هەموو لەلایان کاری ئاسایی بوون. هەروەها بەکارهێنانی کەرستە هزرگۆڕ mind-alteringەکانی وەک پێتاپۆڵی سۆدیۆمیشیان لەلا ئاسایی بوو(٤٢). لێکۆڵەرەکان لە بری ئەو سرکەرانە، دەرمانە ژانکوژ pain killerەکانیان دەدا (أبو زبیدة)، چونکە لە کاتی گرتنی لە ٢٠٠٢، لە فەیسەڵ ئابادی پاکستان بریندار بووبوو، بەلام پاشان ئەویشیان لێی گرتەوە. (ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێ زانیاری لەبارەی (خـۆزێ پادیلا)ی دابێتە لێکۆڵەرەکـان. بۆیە کـە پادیلا لە ئایاری ٢٠٠٢، لە زیوریخـەوەڕا هات، لە فڕۆکەخانەی ئۆهێر، لە شیکاگۆ دابەزی و دەستگیر کرا. پادیلا خەڵکی (پۆرتۆریکۆ) بوو، لە شیکاگۆ دەژیا، لە زیندانێکی ئەمەریکاییدا ئیسلام بووبوو، تۆمەتی ئەوەی لە ئەستۆدا بوو کە خەریکی دروستکردنی (بۆمبی پیس dirty bomb) بوو. پادیلا ڕەگەزنامەی ئەمەریکایی هەبوو. لەسەر پاپۆڕێکی هێزی دەریایی لە کارۆلاینای باشووردا وەک جەنگاوەرێکی دوژمن- زیندانی کرابوو، بواری ئەوەشی نەبوو کە پێوەندیی بە پارێزەر بکات.)(٤٣)

بە ماوەی چەند مانگ و چەند ساڵ لە پاش ١١ی سێپتێمبەر، گرتن و لێکۆڵینەوە

و شیکردنەوەی بەڵگەنامەکانی سەر کاغەز و هارد درایڤ hard driveی کۆمپیوتەر ئینجـا تەواو بوون. ئیـشی کـەڵەکـەکـردنی سـەدان و هـەزاران ئیـفـادە و ڕووبەڕووکردنەوەی زیندانیان بەو ئیفادانەی کە هاوبەندەکانیان لە دژیانیان دابوو، ئەمانـەش هـەمـووی گـەیشـتنە کۆتایی. یاسـای نیـشـتمـانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا USA Patriot Act دەسـەڵاتێکی زۆری گرتنی بە بـەڕێوەبەرایەتی دا. ئەو وڵاتانەش کە بەرهەڵستی وڵاتە یەکگرتووەکانیان کرد، هەرچەندە وڵاتە ئیسلامییە بێ هـێـزەکـان نەبـوون، بەڵام ژمـارەیان هەر زۆر کـەم بـوو. ئەگـەر بـەو ئامـارە پەمبەییانەت باوەڕ بکردایە ئەوەی کە لەسەر کاغەز دەخوێندرایەوە گەشبینی تێدا هەبوو. ئەلقـاعـیدە بە فـەرمی تووشی گـێرەشـێـوێنی هاتبـوو، لە حـەشـارگـەی ئەفغانستان دەرکرا بوو، لە ٦٦ تا ٧٥ لە سەدی گەورە سەرکردەکانی کوژران یان دەستگیر کرابوون، دەوروبەری ٣٠٠٠ جەنگاوەری یان کوژران یان زیندانی کران، کادیر و سەربازەکانی تەفروتۆنا بوون(٤٤).

لە ئەنجـامی هاریکاری نێوان پۆلیـسی وڵات و پۆلیـسی نێو نەتەوەییـیەوە، کـە تەکنۆلۆجیای هەرە پێشکەوتوویان بەکار هێنا، وڵاتە یەکگرتووەکان تێ گەیشت کە پێشتر زانیارییەکی زۆری نەبوو. تاڵیبان و ئەلقاعیدە بە شێوەیەکی زۆر نائاسایی گومانیان لە هەموو بیانییەک دەکرد ئەگەر لەلایەنی ئاسایشی خۆیانەوە بە چاکی نەناسرابا. (لەبارەی جۆن ووکەر لیند، تاڵیبان بۆ ماوەی چەند مانگ بەر لە ١١ی سێپتێمبەر چاودێرییان کرد بۆ ئەوەی بزانن تا چەند پا بەندی هەبوو. ڕاست بوو کرابووە سەربازێکی پیادە، بەڵام نەخرابووە نێو بازنەی ناوەوەی ئەلقاعیدەوە.) کە ئەندامانی ئەلقاعیدە بە تەلەفۆن یان بە ئیمەیل پێوەندییان بە یەکترییەوە دەکرد، ئامێرەکانی ئەمەریکایی ئەو زانیارییانەی دەگرت کە پێوەندیی بە هەواڵگرییەوە هەبوو، بەڵام چونکە کۆدێکی ئاسایی ڕۆژانەیان بەکار دەهێنا، بۆیە بۆیان نەدەکرا لە هەموو شتێک تێ بگەن. کە ئەلقاعیدە زانی پێوەندییە زارەکییانی لە بێژینگ دەدرا، هەستا لە ڕێگەی پەیام ناردنەوە پێوەندییەکانی خۆی جێبەجێ کرد. بۆ پەیام ناردن سوودی لە ئافرەت وەرگرت؛ چونکە ئەوان لە پیاوان کەمتر گومانیان لێ دەکرا.

بە قسـەی سـەرۆکی بنکەی CIA کە لەمێژە لە ناوچەکەدا کار دەکات (ئێمە سیخوڕمان لە ئەفغانستان لە سەردەمی شەڕی دژی سۆڤیەتەوەڕا هەبوو،

هەموویانمان خستەوە کار، بەڵام کەسمان نە لە ڕیزەکانی ئەلقاعیدە نە لە ناو تالیبباندا نەبوو.) ئەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە بۆچی هەندێ جار زۆری دەبرد تا هەر شتێک لە شوێنی تایبەتی خۆی دابنێن. کێشەی خالد شێخ محەمەدیش ئەو بابەتەی باش ڕوون کردەوە. تەنیا دوای هەشت مانگ هەواڵگری ئەمەریکایی دڵنیا بوو ئەرکی هەرە گەورەی لێکۆڵینەوەی لە پەلامارەکانی نیویۆرک و واشنتن و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا و USS Cole[٤٥] لەسەر شانی ئەو دابوو. سەیر ئەوە بوو کە چەند ساڵ پێشتر زانیاری زۆر لەبارەی خالد شێخ محەمەد زاندرا بوو. لەمێژ بوو FBI ٢ ملیۆن دۆلاری کردبووە خەڵات بۆ ئەو کەسەی کە بە گرتنی دەدا. بەڵام تا دیسێمبەری ٢٠٠١ ماوە، ئینجا ناوی لە سەر لیستی ناوی ئەو بیست و دوو کادیرانەی ئەلقاعیدە دا دەرچوو کە لە هەمووان پێویستتر بوو دەستگیر بکرێن (پارەکەش وەک ئەوەی ئوسامەی کرا بە ٢٥ ملیۆن دۆلار). لەو کاتەی کە خالد لەگەڵ رمزی یوسفی خوارزای بە یەکەوە کاریان دەکرد، پلانەکانیان باشتر دادەڕشت. رمزی یوسف پلانی پەلامارەکەی سەر سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی لە ١٩٩٣دارشت، پاشان بەرەو هەندەران ڕای کرد و لە دوا قۆناغی گەیشتە مانێلا و لەوێ دەگەڵ خالد شێخ محەمەد تیمێکیان پێک هێنا.

لەوێ پلانێکی ئاڵۆزیان دارشت کە بە ناوی پرۆژەی بۆژنکا ناسراوە، (وشەیەکی داڕێژراوی سربۆکواتییە و واتایەکەی دەکاتە تەقینەوەی گەورە. ئەو پلانەش بە مەبەستی تەقاندنەوەی دەرزەنێک فڕۆکەی بازرگانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر پاسیفیک لە زستانی ١٩٩٥دا، ڕێک خرابوو. پیلانەکە لەوەوە ئاشکرا بوو کە بەڕێککەوت تەقینەوەیەک لەو فلات flat ەی کە رمزی لە مانێلا بە کرێی گرت بوو، ڕووی دا. لە ئەنجامی تەقینەوەکەشدا کۆمپیوتەرەکەی رمزی گیرا. کە کۆمپیوتەرەکە دیکۆود decode کرا، بەهادارترین گەنجینەی موخابەراتی لێ وەدەست کەوت. رمزی یوسف بە خۆی لەوێ قورتار بوو، بەڵام پاشی یەک ساڵ لە ئیسلام ئابادی پاکستان، دەستگیر کرا. هاوکات دەگەڵ وێنەیەکی خالد شێخ محەمەدی، زانیاری زۆریشی لەبارەی ئەو لە ناو کۆمپیوتەرەکەدا هەبوو. پاشان بۆ ناسینەوە و تاوانبارکردنی خالد بە کردەوەی تیرۆریزمی دەستەی باڵای دادگە، لە نیویۆرک، لە ١٩٩٥دا، سوودی لە وێنەکە وەرگرت. خالد توانی خۆی لە بازگەکانی پتر لە دە وڵات دەرباز بکا. نزیکەی پەنجا ناوی ساختەی بەکار هێنا و تەنانەت

پێش ١١ی سێپتێمبەریش، ناوی لەسەر پتر لە سەد لیستی چاودێریکردندا هەبوو[٤٦].

ئەو خالد شێخ محەمەدە قەڵەوە قژ تەنکە، لە هەموو کەس باشتر خۆی دەشاردەوە. بە بەردەوامی کارە ئاساییەکانی خۆی دەگۆڕی. بۆ ئەوەی شوێن هەڵگرەکانی فریو بدا، هەموو کات کاتەکانی کۆبوونەوەی خۆی کانسڵ دەکرد. دەڵێن کاتێک کە لە قەتەر بووە، پتر لە بیست پاسپۆرتی هەبووە. بە شێخێک لە شیخەکانی خودان نەفت خۆی دەنواند. یان خۆی دەکردە فرۆشیارێکی بێ چارە کە ئاوی زەمزەمی دەفرۆشت. چوار زمانی دەزانی بلوچی زمانی زگماکی بوو؛ لە ئینگلیسی و ئوردۆ و عەرەبیشدا ڕەوان بوو. عەرەبییەکەی شێوەزاری کوێتی بوو، چونکە بەخۆی و بە رمزی یوسفەوە تا تەمەنی حەڤدە ساڵی لە کوێت ژیان، پاشان لە ١٩٨٢دا، خالد چوو لە دوو کۆلێجی بچووک لە "نۆرث کارۆلاینا"، ئەندازەی میکانیکی خوێند. خالد لە شارۆچکەی (الفحاحیل) لە باشووری شاری کوێت لە بنەماڵەیەکی کرێکاری نەوت، لە دایک بوو. (الفحاحیل) تژی خانەوادەی بێنەوای فەلەستینی و موسڵمان بوو لە پالاوگەیەکی نەفتی ئەو شارەدا کاریان دەکرد، بەلام هەرگیز ڕەگەزنامەی کوێتییان پێ نەدرا. خالد شێخ محەمەد و رمزی یوسف و (ودیع الحاج)، هەرسێکیان خەڵکی (الفحاحیل) بوون کە پێوەندییان بە تیرۆریزمی جیهادییەوە کرد بوو.

لە سایەی یەکێک لە ئەندامانی خانەوادەی فەرمانداری قەتەر، خالد شێخ محەمەد لە ٥٩٩١، بۆ ماوەیەک توانی لەو وڵاتەدا بژی، چونکە لە جەنگاوەرە دێرینەکانی جیهادی ئەفغانستانی دژی سۆڤیەتی بوو. ئەمە نموونەیەکە لە کارە ناهەموارەکانی کەنداو، قەتەر لەلایەک خۆی دەگەڵ واشنتن ڕێک دەخست، لەلایەکی ترەوە ئەو جۆرە ئیشانەی دەکرد. قەتەر گازی سرووشتی زۆر هەیە و ڕێککەوتنێکی لەبارەی وزەی دەگەڵ ئیسرائیل مۆر کرد و بووە هاوپەیمانێکی دیفاکتۆ de factoی سەربازی و بنکەیەکی ئاسمانی زەبەلاح و کۆگایەکی کەرەستە و بارەگایەکی پێشەوەی خستە بەردەستی فەرماندەی ناوەندی Central Command، ئەو بنکەیە لە شەڕی ٢٠٠١ی دژی ئەفغانستان و لە دژی عێراقیش لە ٢٠٠٣دا بەکار هات. جیهادییە ئاگەدارەکان لە قەتەر لە ١٩٩٦دا ئەمەریکایان زۆر

تووڕە کرد؛ چونکە زانیاری زۆر نهێنیان گەیاندە خالد شێخ محەمەد و پێیان گوت کە واشنتن شوێنی کارکردنە نهێنییەکەی لە بەشی ئاو ئاشکرا کردووە و تیمێکی FBI بۆ دەستگیرکردنی ناردووە. بەڕێوەبەری FBI، لویس فریح لە ١٩٩٦دا بۆ وەزیری دەرەوەی قەتەر نووسی: (من هەندێ زانیاریم پێ گەیشتووە کە نیگەرانی کردم، دەڵێن محەمەد دووبارە لە چنگی ئاسایشی ئێوەدا ڕای کردووە و وا پێ دەچێ ئاگای لەوە هەبێ کە FBIبەدواوەیەتی.) فریح پێشبینی ئەوەی کرد کە دەستگیرنەکردنی خالد شێخ محەمەد (ڕەنگە ڕێگەی بۆ ئەو و بۆ هاوکارەکانی تری خۆش بکات بۆ ئەوەی پتر کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن.)

ئەو خۆی شاردەوە و لە بەرانبەریشدا ئەفسەرانی هەواڵگری ئەمەریکایی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان باشترین هەلی لە دەست دا بۆ ئەوەی نەهێڵێ پەلامارەکانی ١١ی سێپتێمبەر جێبەجێ بکرێن[٤٧]. پاشتر لە بەرازیل و ئەڵمانیا و لە هەندێ لە وڵاتانی تری ئەوروپادا شوێنی خالد شێخ محەمەد هەڵگیرا. بەڵام نێچیرەکە هەر دەداوێ نەکەوت. لە یەنایری ١٩٩٦دا، خالد شێخ محەمەد گەیشتە ئەفغانستانێ، کە شوێنی حەواندنەوەی هەموو جیهادییە ڕاکردووەکان بوو. لەوێ (عبدالرسول السیافي) هاوڕێی، کە سەرکردەیەکی شەڕی دژی سۆڤیەتی بوو، داڵدەی دا. لە ناوەڕاستی هەمان ساڵدا، لەوێ جێگیر بوو. ئوسامەش خەریک بوو ماڵگۆزەی خۆی لە خەرتوومەوە تەواو دەکرد کاتێک کە لە ١٩٨٩دا بۆ یەکەم جار چاویان بە یەکتری کەوت. ئوسامە کەوتە داویەوە. نەیزانی بۆ، بەڵام لەبەرئەوەی کە لە ١٩٩٣دا، ڕەمزی یوسفی خوشکەزای خالد شێخ محەمەد پەلاماری ناوەندی بازرگانی جیهانی دابوو، بۆیە هێندە زۆر لەلای پەسند بوو. خالد شێخ محەمەد ئەو کردەوە و هەندێ کردەوە و پلانی تری خۆیانی بۆ ئوسامە ڕاڤە کرد. بۆی باس کرد چۆن دەکرێ مەشق بە فڕۆکەوانان بکەن تا بە فڕۆکەکانیانەوە پەلاماری تەلارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بدەن. خالد شێخ محەمەد زانی کە ئەو جۆرە پەلامارانە توانستی مرۆیی manpower و پارە و پشتیوانی لۆجستی دەوێ کە تەنیا ڕێکخراوێکی پارەداری وەک ئەلقاعیدە دەتوانێ مسۆگەریان بکات. ئوسامە لە سەرەتادا هیچ وەڵامێکی ڕەوشەنی نەداوە، بەڵام داوای لێ کرد کە پێوەندی بە ئەلقاعیدەوە بکات. خالد شێخ محەمەد بەو پێشنیازە قایل نەبوو، دەستی بە گەڕیدەیی خۆی کردەوە و بۆ هەندەران بە سەفەر چوو. لە

دوای پەلامارەکانی سەر بالیۆزخانەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات لە ١٩٩٨، ئینجا خالد شێخ محەمەد متمانەی هات کە ئوسامە ڕاست دەکا، پابەندە بەوەی کە پەلاماری وڵاتە یەکگرتووەکان بدات. لە بەرانبەردا، ئوسامە (یان لە کۆتاییی ١٩٩٨ یان لە سەرەتای ١٩٩٩ بوو) کە چرای سەوزی بۆ خالد شێخ محەمەد هەڵگیرساند تا پەلامارەکەی ١١ی سێپتێمبەر بدا و لە دواییدا خالد شێخ محەمەد بانگێشتەکەی ئوسامەی پەسند کرد بۆ ئەوەی سەردانی قەندەهار بکا و لەوێ بە یەکەوە دەگەڵ ئوسامەدا کار بکەن بێ ئەوەی کە سوێندی بەیعەت بۆ ئوسامە بخوات(٤٨).

هەر ئەم سەربەخۆییە بوو کە خالد شێخ محەمەدی لە سەرجەم ئەندامە دیندارەکانی ئەلقاعیدە جودا دەکردەوە. هەر بۆ ڕابواردنی خۆیان، خالید شێخ محەمەد و یوسفی خوارزای لە مانێلا، بێ ڕاڕایی لێکردن هەستان کۆکتێلێکی نائیسلامییان لە ماڵدا لە کچانی شەویانەکان بۆ خۆشی ژیانی خۆیان دروست کرد. هەرگیز لێی نەزاندرا کە تەنانەت ئەگەر یەک جارێکیش بێ، بۆ دەرمان، پێی هاوێشتبێتە حەوشەی مزگەوتەوە(٤٩). نە ژیانێکی مەرگەساتیشی بە دزینی شتی بێ بەها بەسەر برد. کۆمپانیایەکەی بە ناوی کۆنسۆژایا، قازانجی باشی کرد. لە ڕاستیدا، گرینگێتی ئەو پیاوە لە شوێنێکی تردا بوو؛ ئەویش ئەوە بوو کە بەبێ هیچ یارمەتییەک دەیتوانی ئیش بکات. خالد شێخ وەک کارلۆس و وەک شیعە لوبنانییەکەی کە ناوی عماد مغنیە بوو، دەیتوانی کاری تیرۆرستی زۆر ورد ئەنجام بدا. هێدە شارەزا و لێهاتوو بوو، کە هەموو شارەزایەکانی تری ئوسامە، بە شاگردی ئەویان تێ نەدەبوو. بە خۆی و بە یوسف و بە دەستە چەتەکانییەوە بە شێوەیەک کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا کە هیچ پێویستییەکیان بە ئەلقاعیدەوە نەبێ. دەستە تیرۆریستەکەی ئەوان تاکە ڕکەبەری هەموو ئەو ڕێکخراوانە بوو کە ئوسامە یەکی خستبوون، بۆیە ئوسامە دەبوو لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا هاوبەندییان دەگەڵدا بکات.

بەڵام لەلایەنی خالد شێخ محەمەدەوە جیاوازییەکی زۆر گرینگ هەبوو. هەرکە ئوسامە چاوی پێی کەوت لە ڕاستییەکەی گەیشت. ئوسامە وەک خودانی تیمە پیشەوەر professionalەکانی تۆپی سەبەتە و بەیسبۆڵ baseballو فوتبۆڵی ئەمەریکایی بڕیاری دا کە زیرەکترین مێشک بۆ تیمەکەی خۆی گر دا. خالد شێخ

محەمەد ناوبانگێکی دیاری هەبوو، بۆیە ئوسامە هەرگیز لە وەدەستهێنانی ئەو زیانی نەدەکرد. ئەو کردەوە نوێیانەی ١١ی سێپتێمبەر پێویستی زۆر بە وردی دارشتن هەبوو؛ چونکە زۆر ئاڵۆز بوون، دەستپێشخەرییەکی گەورەی تیرۆریستی بوون کە بۆ پیادەکردنیان چەند کەسێکی دڵسۆز و نەترسی دەویست. جگە لەمانە بە پێوەری نائاسایی ئوسامەی پارەیەکی زۆریان گەرەک بوو. لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٢دا بۆ پسپۆڕانی دژی تیرۆریزم ڕوون بووەوە کە هەموو کردەوە تیرۆریستییە دەرەکییەکانی ئەلقاعیدە، بە کردەوە تیرۆریستییەکەی ڕۆژهەلاتی ئەفریقیاوەشیەوە؛ خالد شێخ محەمەد پلانیانی بۆ دانابوو.

هەموو کردەوەکان جێ دەستی خالدیان پێوە دیاربوو. هەڵبژاردنی پاڵێوراوی ڕاست بۆ تیمە جیهادییەکەی، دانانیان لە شوێنی ئاوا کە نەناسرێنەوە. دارشتنی دەرەنجامی پلانەکانی بە پوختەیی. کڕینی لۆری و بەلەمی خێرا لە گونجاوترین کاتدا (وەک ئەوەی بۆ USS Cole کردی) تا تەقەمەنی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست، یان هەڵبژاردنی باشترین کات بۆ ئەوەی فڕۆکەوانەکان بخاتە بەر مەشقی فڕۆکەوانی، گەیشتنی بۆمبادروستکەر بۆ باڵیۆزخانەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەلات لە کات و ساتی تەواو، یان بۆ ١١ی سێپتێمبەر، یان وردەکاری بانکەکان و پارەگۆزی لە میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی و لە ناو ولاتە یەکگرتووەکانەوە. کە لێکۆڵەرە ئەمەریکاییەکان دەستیان بە ئاشکراکردنی هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر کرد، سەریان لە وردەکارییەکانی خالد شێخ محەمەد سوڕما؛ کە چۆن توانی نۆزدە پیلانگێڕ plotter لە خاڵەکانی پشکنین و ڕادارەکانی هەواڵگری ولاتە یەکگرتووەکان دەرباز بکا، لە کاتێکدا کە پیلانەکە لق و پۆپی نەک هەر لە ئەمەریکا، بگرە لە جەرمانستان و لە ئەفغانستان و لە بریتانیا و لە پاکستان و لە فیلیپین و ئەسپانیا و لە میرنشینی یەکگرتووی عەرەبیشدا هەبوو. لە ئەڵمانیا برادەرانی محەمەد عەتای بوونە فڕۆکەوان و کلیلهەڵگر.

زانی دەبێ چەند پارە بۆ ناو ولاتە یەکگرتووەکان بگوزێتەوە بێ ئەوەی بە پێچەوانەی یاسای بانکە ئەمەریکاییەکان بێت. نە ئوسامە نە گەورە یاریدەدەرەکانی دەیانزانی ڕۆژئاوا چۆن کاری دەکرد. خالد شێخ محەمەد سێ ساڵ لە ولاتە یەکگرتووەکانی خوێند، بۆیە فێری ئەو جۆرە وردەکارییانە بوو کە کەس گومانی لێ ناکا. بەلام هێشتا وا بە پوختەیی ڕێکخستنی پلانەکە و

ئامادەکردنی ئەو پیاوانەی بۆ سەرخستنی ١١ی سێپتێمبەر ئامادە کرابوون، هیچ جۆرە هونەرێکی تێدا نەبوو. سەرکەوتنەکەی هەمووی لە ئەنجامی سادەیی پلانەکە وەدەست هات. چونکە کردەوەکانی لە دژی سەنتەری بازرگانی جیهانی و لە دژی پێنتاگۆن کران (إستشهادي martyrdom) خۆکوژی بوون، بۆیە پێویستیان بە ناوی ساختەوە نەبوو. بەم جۆرە بەڵگەکان هەموو لە ئۆتۆمۆبێلەکانی کرێ دەگەڵ دوا قەوێنتی خۆکوژەکان و دوا پەیامی محەمەد عەتا دابوون. پەیامەکەی محەمەد عەتای بە درێژی باسی ئەوەی کردووە کە چۆن پرسەی بۆ رێک بخەن.

ئاشکرایە کە لە قازانجی خالد شێخ محەمەد و تیمەکەی دابوو بە کتوپڕی نیشانەکانیان تەتارگەر بکەن (هەندێک ڤیدیۆ لە ئەفغانستاندا گیرا کە چەندین چالاکی جیاوازیان لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان نیشانیان دەدا). هیچ کاتێک تەگەرە نەکەوتە کردەوەکانیانەوە بەر لەوەی جێبەجێیان بکەن. نە ئەو نە ئوسامە هیچ قسەیەکیان لەبارەی ئەو چوار کەسە نەکرد کە لە دوای پەلامارەکانی ئەفریقیای رۆژهەڵاتدا گیران و دادگایی کران و بە تاوانی بەشداریکردن لە هێرشەکاندا بە موئەبەد حوکم دران. دەکرا ئەوان پتر بن(٥٠). ئەو زانیارییانەی ئەوان لەبارەی ئەلقاعیدە ئاشکرایان کرد یارمەتی زۆری دەزگا هەواڵگرەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی دا. بەڵام بە هیچ شێوەیەک رێی بە USS Cole نەگۆڕی، هەموو ئەو چالاکییانە چەند ساڵ بوو پلانیان بۆ رێک دەخرا.

لە ١ی ئاداری٢٠٠٣دا بەخت چیی تر لایەنی خالد شێخ محەمەدی نەگرت، جا لە ماڵێکدا بەبێ ئەوەی دەست بکاتەوە و بە خەواڵوویی و بە تیشێرت T-Shirt ێکی نارێکی سپییەوە، نمایندە ئەمەریکایی و پاکستانییەکان لە ئۆردووگە کۆنەکەی راج لە شاری راوەڵپاندی، دەستگیریان کرد. کارمەندانی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر شادمان بوون، چونکە چەند مانگ بوو هەر دەستکەوتی لاوەکییان وەدەست دەهێنا، بەڵام ئەم گرتنەی خالد شێخ محەمەد لە هەموو گرتنەکانی پێشتر و کوشتنی گەورە کادیرەکانی ئەلقاعیدە گرینگتر بوو. کوشتنی (قائد صنعان الحارثي) لە نۆڤێمبەر لە یەمەن، هەرچەندە کە گەورە بەرپرسی پەلامارەکەی سەر USS Cole بوو، بەڵام بەرانبەر بە گرتنی خالد شێخ محەمەد هێشتا هەر هیچ نەبوو. تەنانەت لە گرتنەکەی عەبدولرەحیم ئەلناشری، سەرۆکی تیمی

چالاکییەکانی ئوسامە لە کەنداویش، گرینگتر بوو.

گرتنی خالد شێخ محەمەد دەستگیرکردنەکەی (رمزي بن الشيبة)ی لە بیر بردەوە. لەمیانی بەرنامەیەکی بەڵگەگەری documentary کە کەناڵی (الجزيرة) بە بۆنەی یەکەم ساڵوەگەڕی ١١ی سێپتێمبەر، پەخشی کرد، رمزی دەگەڵ خالد وێکڕا شانازییان بە پەلامارەکانی سەر نیویۆرک و واشنتن کرد. بەڕێوەبەرایەتی بوش ئومێدی خواست کەسێکی تر نەبێ بتوانێ تەنانەت هێندەی نیوەی خالد شێخ محەمەدیش جێ بگرێتەوە. هەرچەندە لە کاتی گرتنی خەریک بوو سەرپەرشتی پەلاماری تیرۆریستی سەر بۆرییەکانی نەوتی دەکرد، بەڵام دەستگیرکردنەکەی هەر جێی کامەرانی بوو. پلە و پایەی خالد شێخ محەمەد ئەوەندە بەرز بوو کە نزار (النصراوي) بە تەلیفۆنی سەتەلایتییەوە پەیوەندی پێیەوە کرد تا ڕێگەی بدا بە پیکابێکی پڕ لە تەقەمەنی، بچێ لە دەرەوەی پەرستگەیەکی جوولەکان لە دوورگەی الجربە خۆی بتەقێنێتەوە. ئەو هێرشەی لە نیسانی ٢٠٠٢ دا کرا، یەکەم کردەوە بوو کە ئەلقاعیدە لە دوای نیویۆرک و واشنتن ئەنجامی دا. کردەوەکە گیانی چواردە ئەڵمانی و ژمارەیەکی تری گەشتیارە ئەوروپاییەکانی بەفیڕۆ دا. لە هەمان کاتیشدا ڕوونی کردەوە کە ئەلقاعیدە هێشتا هەر چالاک بوو، جا با هەر لە دژی نیشانە لاوەکییەکانیش بێت. کۆمپیوتەر و بەڵگەنامەکانی تری خالد شێخ محەمەد بە هۆی فڕۆکەیەکی تایبەتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەوان کرا. لەوێش دەزگاکانی FBI و CIA و DIA و هەندێکی تریش، شییان کردنەوە. خالید شێخ محمدیش لە پاکستانەوە بردیان بۆ شوێنێکی نادیار و لەوێ پسپۆرە هەواڵگرە ئەمەریکاییەکان لەگەڵیدا دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد بۆ ئەوەی هەر زانیارییەکی لە کنی هەبوو هەمووی لێ وەرگرن.

تەنانەت بەر لە لەناوبردنی خالد شێخ محەمەدیش، CIA و دەزگاکانی تری هەواڵگری ئەمەریکایی خەریک بوون متمانەی پتر بە شەڕی جیهانی دژی تیرۆریزم بکەن. بەڵام کاربەدەستانی دژی تیرۆریزم لە واشنتن، یەکسەر لە دوای دەستگیرکردنی خالد، هەڵسوکەوتی لە شێوەی ئەوەی دەزگا هەواڵگرەکانیان کرد. ١١ی سێپتێمبەر نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ ئەو گەورە کاربەدەستانەی بەڕێوەبەرایەتی کە بۆ دەزگا هەواڵگرییەکان کاریان دەکرد و پاشان لێی دەردەچوون، بۆی ئەمە یەکەم جار بوو متمانەیان پەیدا کردبووەوە. کاتی گرتنی

خالد شێخ محەمەد، بۆ بەڕێوەبەرایەتی، بۆنەیەکی ئەوپەڕ خۆش بوو؛ چونکە ڕێی لە نیگەرانی کۆنە جەنەراڵەکان و کارمەندانی هەواڵگری و گەورە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی گرت و نەیهێشت چیی تر تیر و توانج بهاوێن. هەرچەندە فەرەنسا گوتبووشی کە ڕژێمی عێراقێ چەکی کۆکوژی هەر مابوو، بەڵام ئەوان گومانیان لە ڕاستی هەنگاوی گرتنی عێراق دەکرد؛ چونکە بەپێی ڕاپۆرتی موخابەراتی ساختەوە جێبیجێ کرا بوو. پەیامی ئەوان ئەوە بوو: باشترە ڕێگە بە تیمەکانی هانز بلیکس بدرێ بۆ ئەوەی پشکنینی خۆی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان تەواو بکا و نەهێلن ئەنجوومەنی ئاسایش لە ناو خۆیدا بەشبەش بێت.

ئەو ڕەخنە گرانە نەیاندەویست خەباتی دژی ئوسامە هیچ ئاژاوەیەکی لێ بکەوێتەوە. هەرچەندە شارەزایانی دژی تیرۆریزم ئەوانەی خانەنشین یان بێگانەن بە ئاشکرا دەستیان بە دەهۆڵ ژەنین کرد، بەڵام هەر خۆیان دووچاری ئەو ئاڵۆزییە بوونەوە کە بەرپایان کرد. (گوناراتنا) کە لێکۆڵەرەیەکی سیریلانکییە، کێشەکەی بە شێوەیەکی ژیرانە شی کردەوە و گوتی: (وا هەست دەکەم ئەگەر نەچووبوونایە بۆ عێراقێ، تا ئێستا ئوسامەیان دەدۆزییەوە. باشترینی خەڵکەکە لەم ئۆپەراسیۆنە دوور خرانەوە. باشترین مێشکەکانیش بۆ عێراق ڕەوان کران. ئەمە بووەتە شەرمەزارییەکی مەزن و لە شەڕی دژە تیرۆریزمیش، تا ئێستا، گەورەترین هەرەسهێنانی سەربازییە. ئەمەریکاییەکان سەرچاوەی پتریان پێویستە، پێویستیشیان بە کەسانێک هەیە کە ئاستی زۆر بەرزیان هەبێ، بە شێوەیەکی تایبەتیش بۆ ئەم ئەرکە ئامادە کرابن.)(٥١)

ڕەخنەگران لەوە نیگەران بوون کە سامان و داراییان بە فیڕۆ دەچوو؛ چونکە گومانیان هەبوو کە بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەیەک هەواڵگری دروست دەکرد تا بەپێی پێویستی خۆی بێت بۆ ئەوەی (ڕژێم گۆڕی) بکا. هەر بۆ دڵنیابوون دەڵێم، لە ڕژێمە دیموکراسییەکاندا، هەموو کات سیاسییەکان هەواڵگرییان بەکار هێناوە. بەڵام هەواڵگرە دێرینەکان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە ئەوان هەرگیز پێشتر نەکەوتوونەتە بەر ئەم جۆرە پاڵەپەستۆیانەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەی وەک بەرد ڕەق بە دەستەوە بێن تا گەورە سڤیلەکانیان کامەران بکەن. چەند مانگێک بەر لەوەی شەڕی عێراق دەست پێ بکا، ڕەخنەگران بە ئاشکرا گومانیان لەو هەواڵگرییە دەکرد پارێزگارە تازەکانی وەزارەتی بەرگری ڕێکیان دەخست بۆ ئەوەی پاکانە بۆ

لادانی سەدام حوسێن لە سەر حوکم بکەن. ڕەخنەگران نیگەران بوون لەوەی کە پاش شەڕەکە دێتە پێشەوە، وەک بەدیار کەوت، ڕاستیان دەکرد. پتر لەوە دەترسان کە شەڕەکە خەرجییەکی بێ کۆتایی پێویست بێ. هوشیاری ئەوەیان دا کە ڕەنگە لە کۆتاییدا وڵاتە یەکگرتووەکان بە تەنیا هەموو خەرجی شەڕەکەی بکەوێتە سەر بۆ ئەوەی بیدا (نەک وەک شەڕی یەکەمی کەنداوی ١٩٩١ بێت، هەینێ واشنتن هیچی نەچوو.) بەڕێوەبەرایەتی هەر پاگەندەی ئەوەی دەکرد کە عێراقی سەدام حوسێنی پێوەندیی بە ئەلقاعیدەوە هەبوو. لە ڕاستیدا پێوەندیی و هاریکاری هەردوو لا لە ١١ی سێپتێمبەر هەرگیز نەسەلمێندرا[٥٢].

کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی بەوەش تۆمەتبار کران کە ڕاپۆرتیان لە أبوزبیدە و خالد شێخ محەمەد بڵاو دەکردەوە؛ گوتبوویان کادیرانی ئەلقاعیدە ئەگەری هاریکاریکردنیان لەگەڵ سەدام حوسێن تاووتوێ کردووە، بەڵام بەکن ئوسامەدا نەدەچوون[٥٣]. بە هۆی ئەو تۆمەتانەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ ئەلقاعیدەی هەڵبەستا، ڕای گشتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەر لە شەڕ و پاشتریش کەوتە ئەو باوەڕەوە کە بەغدا دەستی لە پەلامارەکانی نیویۆرک و واشنتندا هەبووە. کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە هەندەران متمانەیەکی تەواوی پێ دەکرا، لە یەنایری ٢٠٠٤ بوو دانی بەوە دانا کە (دووکەڵی تفەنگی بە چاوی خۆی نەدیتووە و بەڵگەی ڕاشکاویشی بە دەستەوە نییە بۆ ئەوەی قسەکانی بەڕێوەبەرایەتی پشتڕاست بکاتەوە کە سەدام پێوەندیی بە ئەلقاعیدەوە هەبووە.)[٥٤]

بەڵام تا ئەو کات ئەوەی کرا ئەوا کرابوو. دووبارە قسەکەی جۆزیف گۆبلزی جەخت کردەوە کە گوتبووی هاووڵاتیی سادە بە (درۆی گەورە) باوەڕ دەکات. ئەو هەموو جەختکردنەوە لەبارەی ئەوەی کە عێراق چەکی کۆمەڵکوژی هەر مابوو، پێوەندیشی دەگەڵ ئەلقاعیدەوە هەبوو، هەمووی هەر بەڕێوەبەرایەتی بۆ خۆی خەملاندبووی. بەڵام جەختکردنەوەکە سەرکەوت و ڕای گشتی پێش لە شەڕەکە نیشانی دا کە زۆرتر لە نیوەی ئەو ئەمەریکاییانەی کە پرسیاریان لێ کرابوو کەسیان لە دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان نەبوون لەو باوەڕە دابوون کە پێوەندییەکە هەبووە. ڕەخنەگرەکان نەگەڕابوون لەوەی کە ڕەنگە هەواڵگری ساختە، هاریکاری ڕۆژانەی نێوان ئاژانسە هاوپەیمانەکان لە دوای ١١ی سێپتێمبەر بخاتە مەترسییەوە. بە بۆچوونی ئەوان، سیاسەتی بوش لەبارەی پەلاماردانی هەر

دوژمنێک، جا چ بە تەنیا بێ یان دەگەڵ هاوپەمانانی ئەمەریکا و بە سەلماندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ ئەگەری هاریکاری نێوان هاوپەیمانە دێرینەکان لە داهاتوودا لاواز دەکات و لە ئەنجامیشدا هاوکاری نێوان دەزگاکانی موخابەراتیش ناهێلێ. (شایانی باسە کە هەرچەندە کێشە گەورە سەرتاسەرییەکەی ئەتلەسی لەبارەی شەڕی عێراق لە ئارادا بوو، بەڵام هاریکاری هەواڵگری لە دژی تیرۆریزم هەر هەبوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ئەو مەترسییەیە کە خەڵک پتر لە تیرۆریزمی جیهادی هەیەتی نەک لە سیاسەتی ئەمەریکایی.)

لێکۆڵەرەوەیەک کە سەردەمێک بۆ CIA ئیشی دەکرد، هێشتی: (کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە داهاتوودا ڕووبەڕووی کێشەیەک ببێتەوە، ئەو گەورەکردنەی کێشەی چەکە کۆکوژەکانی عێراقێ سێبەرێکی ناشیرین دەخاتە سەر دانوستانە دیپلۆماتییەکانەوە.) لەو دان پێدانانەی بە هەڵەکردن، بە ڕاشکاوی باسی پێوەندیی نێوان عێراق و ئەلقاعیدەی نەکرد، بەڵام بە گشتی ئەویشی گرتەوە. هیچ هاوپەیمانێکیش لە بەریتانیا بترازێ، باوەڕی بەو تۆمەتە نەکرد. (ڕەوا بێ یان ناڕەوا، هیچ بیانییەک باوەڕی بەوە نەماوە کە ئیتر هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان ڕاست بکا، یان بەڕێوەبەرایەتی بوش ڕاستییەکە بڵێ. تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دووبارە متمانەی دنیا وەدەست بێنینەوە ئەوەیە کە دەبێ نیشانیان بدەین ئێمە لە هەڵەکانی خۆمان دەگەین، ڕێبازەکانی خۆشمان گۆڕیوە.)(٥٥)

چونکە بەڕێوەبەرایەتی بوش زۆر ڕقی لەوەیە کە دان بەهەڵەکانی دابنێ و بە سوپاسیشەوە ئەنجامەکانی پەسند بکات، بۆیە ئەم لەخۆبوردنە دیار نییە بەم زووانە وەدی بێت. تەنانەت لە پاش ئەوەش کە سەرۆکی تیمی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ گەران بە دوای چەکە کۆکوژاکانی عێراق، دەیڤد کەی، لە ٢٤ی یەنایری ٢٠٠٤دا دەستی لە کار کشاندەوە و دانی بەوە دانا کە (ئێمە نزیکەی لە سەر تا بەر هەموو هەر هەڵە بووین) لەوەی کە گریمان سەدام چەکی کۆکوژی هەبوو، لە پاش ئەوەش سەرۆک یاری بە کات دەکرد. لە بن پاڵەپەستۆی ڕای گشتی و ئۆپۆزیسیۆنی دیموکراتەکان و کۆمارییەکانیش، لە کۆتاییدا سەرۆک بوش ناچار بوو لە سەرەتای شوباتدا ڕێگە بدا لێژنەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە نەبوونی چەکی کۆکوژ بکات، بەڵام جەختی کردەوە کە نابێ هیچ ڕاپۆرتێک تا ماوەیەکی باش لە دوای هەڵبژاردنەکانی نۆڤێمبەر بڵاو بکرێتەوە. ئەم کات

دیارخستنە لەمیانی سیاسەتی دیموکراتی باش بوو، بەڵام ئەگەری ئەوەی لێ نەدەکرا کە هەموو جیهان قایل بکا، لە کاتێکدا کە چاودێری بەڕێوەبەرایەتی بوشیان دەکرد کە پتر لە زۆنگاوی شەڕەکەی عێراقدا ڕوو دەچوو.

بەم پێیە، ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان، لە کاتی گرژیدا، داوای پشتیوانی نێودەوڵەتی بکا، ئەگەری ئەوە هەیە کە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی وەک ئەوە نەکەن کە لەمیانی قەیرانی مووشەکی کیوبا، لە ١٩٦٢دا، مۆسکۆ و واشنتن خەریک بوون لێک بدەن، جەنەراڵ دیگۆل هەڵوێستێکی جیاوازی نواند و بووە خەنجەرێک و لە کەلەکەی واشنتن چەقی، بەڕێوەبەرایەتی بوش هەمان هەڵوێستی دەگەڵ سەرۆک جاک شیراک بۆ دووبارە بووەوە. سەرۆک کێنێدی باشترین نوێنەری بۆ پاریس نارد کە دین ئاچیسنی وەزیرێکی ناوداری دەرەوەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو. ئاچیسن چووە کۆشکی ئەلیزێ، چەندین وێنەی دەگەڵ خۆیدا بردبوو. وێنەکان هی ئەو گەمییە سۆڤیەتیانە بوون کە مووشەکی دووراوێژ long-rangeایان هەلگرت بوو و بۆ هاڤانا دەچوون. کە ئاچیسن پێشنیزی ئەوەی کرد وێنەکان نیشان بدا، دیگۆل نەیهێشت و پێی گوت: (قسەکانی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ من بەسن.)(٥٦)

لەمیانی چەند حەفتەی بەر لە شەڕەکەی عێراق، لە ئاداری ٢٠٠٣دا بارودۆخەکە گرژ بوو، بەڕێوەبەرایەتی بە هەموو توانای خۆی ویستی هەرچی زانیارییەکی کە بکرێ، هەمووی لە خالد شێخ محەمەد دەربێنێ. وەدەرکەوتنی خالد ئامانجە پەسندەکەی ئەمەریکای وەبیر هێنانەوە، ئەویش ئەوە بوو کە: لادانی سەدام لەسەر کورسی، ئامانجێکی بنەڕەتی شەڕی جیهانی لە دژی تیرۆریزم بوو. دوو حەفتە بوو خالد شێخ محەمەد دەستگیر کرا بوو کە گەورە بەرپرسی هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڕێوەبەری CIA، جۆرج تێنێت لەمیانی باسکردنی شەڕەکەی دژی ئەلقاعیدە دا، گوتی: (کارێکی گەورەیە. نینۆکیانمان قوت کردووە، نزیک بووە هەڵیان بوەشێنینەوە.) ڕاپۆرتەکان وایان دەگەیاند کە زیندانییەکە هاریکار بوو دەگەڵ ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان دەگەڵدا دەکرد(٥٧). ئەفسەری پێشانی کێشەی CIA و سەرۆکی کۆمیتەی هەواڵگری کۆنگرێس (لە ٢٤ی سێپتێمبەری ٢٠٠٤، لە شوێنی تێنێت بووە سەرۆکی CIA، کۆنگرێسمانی کۆماری، پیتەر ج. گۆس گوتی: (ئێمە لەسەر لووتکەی گردەکەین.) گەورە کارمەندێکی هەواڵگری هێندە متمانەی

پەیدا کرد کە گاڵتە بە ئەلقاعیدە بکا و بڵێ: (ئەگەر بەم زووانە ئامانجێکی گەورە نەپێکن، هەندێ لەوانەی پشتیوانی داراییان لێ دەکەن پرسیار دەکەن ئایا ڕەوایە ئەو هەموو پارەیەیان بدەینێ یان نا. بەم زووانە لە سەرتاسەری جیهان گومانیان لێ دەکرێ بتوانن چالاکی تر ئەنجام بدەن. ڕەنگە لە ژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆردا بن بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە هێشتا شەرعییەتی خۆیان هەر ماوە.)

ئەم قسانەی سەرەوە بە مسۆگەری ژیرانە نەبوون؛ چونکە پاش ماوەیەکی کەم سەرکەوتنە ناودارەکەی سەرۆک بوش لە عێراق گۆڕا و بووە تاڵی؛ ڕاوێژکارەکانی لە نیشتنەوە سەیرەکەی سەرۆک بە تەکاندەرێکی دەریایی لە سەر پشتی فڕۆکە هەڵگرێک کە بە (ئەرک کۆتایی هات Mission Accomplished) ڕازابووەوە، پەشیمان بوونەوە. ئەلقاعیدە بە توندی دەستی بە کردەوەکانی خۆی کردەوە. پەلامارەکانی وەک ساڵی پێشتر لە بالێ و لە کێنیا نەبوو. ئوسامەش پەلەی لە جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشانەیدا نەبوو کە خستبوویە سەر کاسێت و ئەلجەزیرە لە شوبات بۆی بڵاو کردەوە. ئوسامە گوتی گرفت لە عێراق دروست دەکەم. هەرچەندە ئوسامە بە ڕاشکاوی پشتیوانی خۆی لە گەلی ئێراق ڕاگەیاند و بە توندی گومانی خۆی لە بەرانبەر ڕژێمی سێکۆلاری بەعسی دەرخست، بەڵام هێشتا بەڕێوەبەرایەتی باسی پەناگەریی ئوسامەی دەگەڵ سەدام نەبڕییەوە. (سەدام وەڵامی داوە و بەر لە ڕووخان و خۆ شاردنەوەی بە بەردەوامی نکوڵی لە هاریکاریکردنی لەگەڵ ئوسامەی کرد. لە میانی چەند ڕێنماییەکی نووسراودا، سەدام هوشیاری دایە ئەندامانی حیزبی بەعس، نەکەن هاریکاری ئەو جیهادییە عەرەبە بیانییانە بکەن، نەکەن لە عێراق شان بەشانیان لە دژی ئەمەریکاییەکان بجەنگن.)(٥٨)

ئەلقاعیدە لە ناو سعوودیە دەستی خۆی وەشاند. یەکەم جار لە ١٢ ئایار و پاشان لە ٩ی نۆڤێمبەر پەلاماری سعوودیەی دا و سی و چوار کەسی کوشت. لە پەلاماری یەکەم نۆ کوژراویان ئەمەریکایی بوون؛ پاشان لە پەلامارەکەی دووەمین، هەژدە کەس کوژارن کە زۆربەیان عەرەبی غەیرەز سعوودی بوون. هەردوو جار پەلامارەکان کرانە سەر نیشانی ئاسان؛ نیشانەکان ناوچەیەکی نیشتەجێی بیانییان بوون. نیشانەکان کوشندە بوون. پاش سی ساڵ لە سعوودیە، سوپای ئەمەریکایی پاشەکشەی لێ کرد و لە سەرەتای سێپتێمبەر بنکەی ئاسمانی

شازادە سلطان فڕۆکە و سەربازی ئەمەریکایی لێ نەمان. ئال سعود ویستیان ئوسامە لە دژی ڕژێمەکەیان چیی تر قسە نەکات؛ چونکە سەربازە کافرەکان ئیتر (أرض الحرمین) پیس ناکەن(٥٩). خۆ نە باسی ئوسامە و نە باسی ئەو ڕقەش کرا خەڵکی لە دژی ئەمەریکاییەکان هەیانبوو. ئەو هۆیەی بە فەرمی باس کرا ئەوە بوو کە سەدام چیی یتر هەڕەشە لەو وڵاتە ناکات. ئەمەیان بایی خۆی ڕاست بوو. بەڵام نە ڕژێمی سعوودی نە وڵاتە یەکگرتووەکان بیانوویەکیان بۆ پاشەکشەکە نەهێنا کە خەڵکی باوەڕی پێ بێت. بڕیارەکە ئەگەر زووتر بایە ڕەنگبوو مرۆڤ ئەوێندە سووی لی نەبووبایەوە.

چونکە سیاسەتەکانی سعوودیە و هی وڵاتە یەکگرتووەکان قەناعەتیان بە هاووڵاتیی ئاسایی نەدەهێنا؛ بۆیە سعوودیەکان وایان بیر کردەوە کە ئەوان ناڕەزایی زۆریان لە حکوومەتەکەی خۆیان و لە زلهێزەکەش، هەیە. کار بۆ گەنجان بە دەگمەن هەبوو، ئاستی ژیان لە ڕادەیەک مەییوە و بەرز نابێتەوە، پەروەردەیەکی ئاینی توند بەشێوەیەک پەیڕە و دەکرێ لە ئاستی پێویستی وڵات دا نییە، ئەو ٧٠٠٠ شازادە چاوچنۆکەی ئال سعود هیچ بایەخێک بە باری نائومێدی هاووڵاتییەکانیان نادەن. لەو سەردەمەی تەلەڤزیۆنی سەتەلایتدا، سعوودیەکان بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە ڕایان وا بوو کە گەلێک هۆیان بە دەستەوە هەبوو بۆ ئەوەی ڕق ئەستوور بن: گوێ نەدانی ئەمەریکاییەکان بە گرفتی فەلەستینییەکان؛ شەڕی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لە دژی ڕژێمی توندڕۆی سونەی هاو مەزهەبیان؛ ئەم ململانێیە ئایدیۆلۆجییەشی هاتە بان، کە واشنتن لە عێراق، ڕێگەی بە زۆرینەی شیعەکان دا بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست و ئەو کەمینە شیعەش کە لە ناوچە پڕ نەفتەکانی سعوودیەدا نیشتەجێن و سعوودیەش سەرکوتیان دەکا، هان بدا بۆ ئەوەی گیروگرفت لەوێ دروست بکەن.

شارەزایەکی ناوەخۆ گوتی کە (نیوەی سعوودیەکان لە دژی ئەمەریکا؛ نیوەکەی تریشی لای ئوسامەی دەگرن.) ئەم نوکتەیە پتر لە یەک بنچینەی هەبوو. بێگومان ئوسامەش پێش لەوەی کە دەست بە خەبات لە دژی خانەوادەی پاشایەتی بکات، ئەم هەموو پشتیوانەی لە وڵاتی خۆیدا نەبوو. ١١ی سێپتێمبەریش، لە عەرەبستانی سعوودی و لە گەلێک لە وڵاتانی موسڵمانانیشدا، ئەنجامێکی هاوشێوەی هەبوو.

ڕەوشی گشتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان نەختێک جیاوازی هەبوو. هاووڵاتییە ئەمەریکاییە سادەکان ئەوانەی کە پێشتر پاڵپەستۆی زۆریان دەکرد بۆ ئەوەی سعوودیە بخرێتە سەر نەخشەی دۆستان، ئێستا لێی تووڕەنە؛ چونکە لە سەرجەمی نۆزدە فڕۆکە ڕفێنەرەکەی ١١ی سێپتێمبەر چوار نەبن، ئەوانی تر هەر هەموویان لەم وڵاتە دۆستەوەڕا هاتبوون. هەرچەندە سعوودیە هاوپەیمانی دێرینی ئەمەریکا بوو، هەموو کات نەوتی پێویستی بۆ دەنارد، لە ناکاوڕا لێکۆڵینەوەیەکی وردی دەگەڵ کرا. ئەوەی ئەمەریکاییە ئاساییەکان دیتیان، دڵی خۆش نەکردن، بنکەیەکی بەرفراوانی چالاکیش لە واشنتندا نەبوو بۆ ئەوەی هێوریان بکاتەوە. بەڕێوەبەرایەتی بوش بە وریاییەوە خۆی لەوەی لا دەدا کە بە ئاشکرا ڕەخنە لە عەرەبستانی سعوودی بگرێ. بەڵام دەستەی سیاسەتی بەرگری سەر بە پارێزگاری نوێ، ڕیچەرد پێرڵ، جەختی کردەوە کە عەرەبستانی سعوودی بە دوژمنی ڕاستی وڵاتە یەکگرتووەکان دادەندرێ. لۆرێنت مۆراڤیک توێژکارێکی فەرەنسییە و لایەنگری ئیسرائیلە و توێژینەوە بۆ دەستەی ڕەند RAND دەکا. جارێکیان بەشێوەیەکی نائاسایی کاری بۆ لیندن لاڕۆچ کرد. مۆراڤیک لە ١٠ی تەمووزی ٢٠٠٢دا، بۆ ئەندامانی دەستەی ڕەند قسەی کرد، یەکێکیان کۆنە وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، هنری کیسنگەر بوو. مۆراڤیک گوتی کە (سعوودیەکان هەر لە پلان دانەرەکانەوەڕا تا دەگاتە پارەبەخشەکان financiers و لە کادیرەکانەوەڕا تا دەگاتە سەربازە پیادەکان، لە ئایدیۆلۆجیستەکانەوەڕا تا دەگاتە سەرکردە دەهۆڵژەنەکان، لە هەموو ئەو ئاستانەی تیرۆریزمدا چالاکییان هەیە.) هەروەها ئەوەشی گوت کە (عەرەبستانی سعوودی پشتیوانی دوژمنانی ئێمە دەکات و پەلاماری هاوپانانمان دەدا.) دەگەڵ قسەکانیشدا بیست و چوار سلایدی نیشانی ئامادەبووان دا بۆ ئەوەی بڵێ کە ئەو شانشینە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا (بنچینەی هەموو کارە خراپەکان و بزوێنەری سەرەکی ترسناکترین کردەوە بەرهەڵستکارەکان بوو.)[٦٠] بەڵام گەورە کاربەدەستەکان بە ڕاشکاوی تووڕەیی خۆیانیان لەوە درکاندبوو کە پۆلیسی ئاسایشی وەزیری ناوەخۆی سعوودیە، میر نایف، هاریکاری کەمی دەگەڵدا دەکردن، نیگەرانیش بوون لەو هەموو تەگەرانەی کە دەخرانە بەر پرۆسەی گەڕان بە دوای ئەو لایەنانەی کە یارمەتیی دارایی ئەلقاعیدەیان دەدا. ئەو هەموو پارەیەش کە پێشان ئال سعود لە

پڕوپاگەندەکردن بۆ مەزهەبی وەهابی لە هەندەران خەرجییان دەکرد، چیی تر وەک جاران بێ چاودێریکردن بەجێ نەما. ئەو پرۆگرامانەی خوێندنیش کە زۆر بە توندی لە دژی ئاینی مەسیحی و لە دژی جوولەکە بوون ئەوانیش بە درێژی باسیان لێوە کرا.

دووبارە فایلی پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان و مافەکانی تری مرۆڤ لەو وڵاتەدا هاتەوە بەرچاو. عەرەبستانی سعوودیە هەردەم کێشەیەکی بچووکی دەرەکی بووە کە شارەزایان لە واشنتن، تاووتوویان کردووە و لۆبی lobbyیەکی شارەزا و کارامەی بەدوادا بووە. بەڵام لە دوای ١١ی سێپتێمبەر، لە چرکەیەکدا لۆبییەکە توانای هیچی نەما. سەرۆکی کۆمیتەی هەواڵگری، سیناتۆری کۆماری ئالاباما، سینەتۆر ریچەرد شێڵبی بە کورتی هەستێکی گشتی بۆ کۆنگریس دەربڕی و گوتی: (من ناتوانم عەرەبستانی سعوودی بە هاوپەیمان دابنێم.) بەڵام چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان پتر پشت بە نەوتی سعوودیە دەبەستێ، بۆیە شێڵبی گوتی: (بە بۆچوونی من ئەوان وەڵامی زۆر پرسیاری ئێمەیان لە کن هەیە، دەبێ بیدەنەوە.)(٦١) هەموو ئەو نارەزایییەی سعوودیە دەری بڕی، هەموو ئەوەی وەبیر هێنانەوە کە دەیان ساڵە یارمەتییان دەدا، هیچیان لە واشنتن دادی نەدا. لە ناکاوڕا عەرەبستانی سعوودی بووە برێشکە خۆشەی کۆڵەگەنووسـ columnistـنو گەورە ئەندامانی کۆنگرێس و بەرنامە زیندییەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان. واتا، شیرازەی پێوەندییەکە لە دەست دەرچوو.

ڕووداوەکانی ١٢ی ئایار ڕوونیان کردەوە کە ئەو کۆششانەی خانەوادەی شاهانە کردی بۆ ئەوەی جیهادیيەکانی ئوسامەی دەقاوغ بنێ هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. لە دوای ڕووداوەکەی کەعبەی پیرۆز Grand Mosqueی ١٩٧٩وە، ئال سعود هەستیان کرد کە دەبێ دەسەڵاتی پتر بە پیاوانی مەزهەبی وەهابی بدەن. دوای نەوەیەک، ئێستا چەند بۆچوونێکی جیاواز سەبارەت بە چۆنیەتی پارسەنگکردنی ئەم بارودۆخە، لە نێو ئەو خانەوادەیەدا هەیە. خانەوادەکە کەوتووەتە بەر پاڵەپەستۆیەکی زۆری مەلایە توندڕۆیەکانەوە. هەندێک لەو مەلایانە بە هۆی گوتار خوێندنەوەوە ناوبانگی زۆریان پەیدا کردووە و ڕێبازەکانیشیان هیچ لە بیرۆکەی ئوسامەوە جیاواز نییە (تەنیا لەو لایەنەوە نەبێ کە داخوازی ڕووخانی ئال سعود ناکەن.) لە سعوودیە، وەلی عەهد عەبدوڵا لە سەرەوەی هەشتایە و جێگرەکەشی

دوو ساڵێک لەو گەنجترە، بۆیە وەزیری ناوەخۆ، میر نایف یادی ساڵوەگەڕی پەلامارەکانی سەر نیویۆرک و واشنتنی کردەوە و لە قسەکانیدا مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە زایۆنیزمەکان لە دوای پەلامارەکاندا بوونە. ئەم قسەیە کاربەدەستە ئەمەریکاییەکانی تووڕە و سعوودیەکانی گوشاد کرد. بەڵام ئەمەریکاییەکان تێ گەیشتن کە قسەکان مەرامێکی سیاسی ناوەکییان هەبوو.

لە ڕاستیدا، ململانێیەکی توند لە نێوان ئەو هەردوو میرەدا هەبوو بۆ ئەوەی کە جێی شا فەهد بگرنەوە؛ چونکە لە ١٩٩٥دا تووشی دڵەکوتە heart stroke بوو ئیتر نەهاتەوە سەرەخۆ. میر عەبدولا خوێندەوارییەکی کەمی هەیە و لایەنگری ڕۆژئاوایە. میر عەبدولا بە چاکی زانی، بۆ ئەوەی پەرێزی وڵاتەکەی لە پاش ١١ی سێپتێمبەر پاک بکاتەوە، جۆرە چاکسازی reformێک لە وڵاتەکەیدا بکا. ئەوە بوو ئەو دەقانەی لە ناو پرۆگرامی خوێندن لادا کە ڕقیان دروست دەکرد و پرۆگرامی خوێندنی بە جۆرێک تازە کردەوە کە دەگەڵ جیهانی دەرەوە، بە هەردوو لایەنی موسڵمان و کافرەکانیشدا بگونجێ. میر نایف پشتی بە هاوپەیمانی ئال سعود و وەهابییە سەلەفییەکان بەست. ئەوانە وایان بە خەیاڵ دا دەهات کە لەلایەنی شیعەکانی عێراقی و (پیلانی زایۆنیزمی - ئەمەریکایی) کە لە ئوسامەوە نزیک بوون و چاکسازخوازە سونەکانی ناوەخۆوە، دووچاری هەڕەشە بووبوون. نایف هیچی لە بەرانبەر ئەو ئیسلامییانەدا نەکرد کە دەوریان لە گوتاربێژەکانی وەک (سلمان العودە و صفر الحولی) دابوو. ئەوانە دوای چەند ساڵ لە زیندان، لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ـەکاندا گەڕابوونەوە بۆ وتارخوێندنەوە و هەر بەو ڕێچکۆڵەیەشدا دەچوون کە ئوسامەی لەسەر بوو.

گەمەکەی نایف دەیکرد کاردانەوەیەکی ئەو تێبینییانە بوو کە لە دوای پەلامارەکانەوە، لە ناو موسڵمانانداا باو بوون. ئەوان وەک بەرگریکردنێکی خراپ لە خۆیان دەیانگوت کە (تەنیا ئیسرائیلییەکان یان ئەمەریکاییەکان هێندە زیرەکن کە بتوانن ئەم چەشنە پەلامارانە جێبەجێ بکەن ئەگەر نا ئەمانە تەنیا بە عارەبان ناکرێ.) بەڵام پاشتر، هاندەری نایف بووە کارێکی سیاسی. بۆیە دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ لەسەر هێرشەکانی کە لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکان کران، میر نایف مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە (تا ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ بەڵگەیەک یان دۆکیومێنتێکی نەداوەتە ئێمە تا ئەو گومان و تۆمەتانە ڕەوامەند -jus

- tify تەبرير– بكات) کە بۆ سعوودیە دەستی لەو کردەوانەدا بووە[٦٢]. بەهەمان شێوە لە ساڵوەگەڕیی پەلامارەکان دەیزانی چ دەڵێ، کە گوتی: (تا ئێستاش ناتوانم باوڕ بکەم ئەو ١٩ گـەنجـەی کـە ١٥یان سـعـوودی بوون؛ پەلامـارەکـانی ١١ی سـێپـتـێـمبـەریان ئەنجـام دا، بە پشـتـیـوانی بن لادن ئەمـەیان کـردبـێ. ئەوە مەحاڵە.)[٦٣]

لە ئەنجامی ململانێی سەر دەسەڵات بەدیار کەوت کە ئۆپەراسیۆنی ئەلقاعیدە لە ئایاری ٢٠٠٣دا، لە سەرەتادا توانی بۆ ماوەیەک پرۆسەی چاکسازی میر عەبدوڵا بوەستێنی، لە هەمان کاتیشدا دەستیان پێ کرد سوپاسی (دایەلۆگی نیشتمانی) بکەن کە لە ئاداری دەستی پێ کرابوو. (کێشەی هەرە گەورە لە سەر پێشنیازی چاکخوازەکان بوو بۆ ئەوەی زۆربەی دەقە توندڕۆیەکان لە ناو کتێبی قوتانخانەکان لادەن، ئەو دەقانە لەلایەنی وەهابییەکان و ئوسامەوە پەسند دەکران.) تەگەرەکانی هاتنە پێش پرۆسەی چاکسازی، وای لە نایف کرد (هەم لە ناڵ بدا هەم لە بزمار). لە دوای ١٢ی ئایارەوەش زۆر بە توندی دەسـتـی بە ڕاوەدوونانی شـانەکـانی ئەلقاعیدە کرد. بارە نا ئارامەکە هەر بەردەوام بوو، بەڵام کێشە ناهەموارەکە هەر چارەسەر نەبوو: ئایا ئال سعود دەیانتوانی لە دەسەڵاتی دەزگا ئاینییەکان کەم بکەنەوە و ئەو هێزەی لە ١٩٧٩وەڕا پەیدایان کردبوو لێیان وەربگیرێتەوە، بێی ئەوەی ئەو تێکەڵاوییە نەهێلن کە ١٥٠ ساڵە دەگەڵ وەهابیزم هەیانە؟ هەندێ لە شارەزایان وای بۆ دەچوون کە ئەلقاعیدە زانی هێندە بەهێز نییە بتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست؛ بۆیە (پەلامـاردانی تیـرۆریسـتی لە دژی ئەمـەریکایان کـردە کـودەتایەکی سـیـاسی لە دژی هەوادارانی ئەمـەریکا) لەوانەی لایەنگری مـیـر عەبدوڵای وەلی عەهد بوون[٦٤]. بەڵام میر بە خۆ و بە لایەنگرەکانی بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەیان لەم بوارەدا کـرد و هەنگاو بەهەنگاو پتـر بەرەو چاکـسـازییـەکـە دەچوو.

ئەمەریکاییەکان بە زۆری دەیانویست پرۆگرامی وەهابیزم نەرمـتر بکەنەوە و هەڵبژاردن ئەنجام بدەن. پەلامارە تیرۆریستییەکان تۆڕێکی جیهادی ئاشکرا کرد کە زۆر ترسناکتر و بکوژتر بوو لەوەی کە سعوودیە ڕەشبینەکانیش گومانیان لێ دەکـرد و هەرگـیـز بـاوەڕیشـیـان بە چاکـسـازی نەبوو. پەلامـاردانی نیـشـانە ئاسـانەکانی وەک ئەو ئاواییـیانەی مـاڵی بێگانەکانی لێ بوو هیچ پێوەندییەکی نە

دەگەڵ ١١ی سێپتێمبەر نە لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا نیشان نەدەدا. بەڵام ئەم تاکتیکە توانی وا لە کرێکارە بیانییەکان بکا بیر لە دەرچوون بکەنەوە، لە کاتێدا کە ئەو کرێکارە بیانییانە لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی بانکەکان و لێخوڕینی تاکسییەکان زۆر پێویست بوون.

چونکە من بە درێژایی ژیانم پەیامنێر بوویمە، بۆیە هەستێکی شەشەمینم پەیدا کردووە و دەزانم چەند ناخۆشە کە کرێکار بارگەی تێک دەنێ و خزم و خۆیشی خۆی بەجێ دەهێڵێ. لە ١٩٦٠دا، کە کۆنگۆی بەلجیکی تازە سەربەخۆیی وەرگرتبوو، لەو کات پایتەختەکەی هێشتا هەر لیۆپۆڵدڤیڵ بوو نەکرابووە کینشاسا، کە تالان کرا، ئابڕووی تێدا چوو، کەم و زۆرێک کوشتاریشی تێدا کرا. هاوولاتییە بەلجیکییەکان و بیانییەکانی تری دانیشتووی پایتەخت ناچار بوون لە کەناری ڕووباری کۆنگۆ کلیلەکان لەسەر ئۆتۆمۆبێلەکانیان جێ بێلن. چوون سواری ئەو بەلەمە بوون کە لە ڕووبارەکەی پەڕاندنەوە و گەیاندیانە کۆنگۆیەکەی تری بەر حوکمی فەرەنسییەکان. لە تەمووزی ١٩٦٢شدا، لە ئەنجامی توندوتیژی داگیرکەرەکان و تۆڵەسەندنەوەی موسڵمانەکان، دەیان هەزار فەرەنسی ناچار بوون بە پەلە جەزایر جێ بێلن، بۆ وڵاتی خۆیان بچنەوە، چونکە ئەو وڵاتە خەریک بوو سەربەخۆیی وەردەگرت. (جەنەراڵ دیگۆل پێی خۆش بوو فەرەنسا چیی تر کۆلۆنیالەکانی بەدەستەوە نەمێنێ؛ نەشی دەویست هاوولاتییانی خۆی بالاگەردانی ماڵی دنیا بکات.)

دیسان لە ١٩٧٥دا، بینیم چۆن ئەو بیانییانەی پێشتر لە وڵاتەکانی خۆیان ڕایان کردبوو، هاتبوون لە لوبنان جێگیر بووبوون، ناچار بوون لەبەر توندی و تیژی بارگەکانیان تێک بنێن، بەیروت جێ بێلن. ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان ئەوانەی ئیشوکارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان لە بەیروتەوەڕا ڕادەپەڕاند، ئەوانیش لەوێ جێیان نەبووەوە و بە دوای بارگەکانیان کەوتن. لە پاشان زۆر هاوولاتیی لوبنانی وڵاتەکەی خۆیانیان بەجێ هێشت و بەرەو هەندەران چوون. کە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیشم لە ١٩٧٩دا دادەپۆشی، سەرم سوڕما کە بینیم بە ئاشکرا کوشتنی چەند کەسانێک هەزاران ئەمەریکایی و ڕۆژئاواییەکانی تری شلەژاند و ناچاری کردن وڵات بەجێ بێلن.

داوێکی باریکی هاوبەش لە نێوان ئەو ڕووداوانەدا هەبوون؛ گشت ئەو ڕووداوانە یان تژی توندوتیژی و شێتاتی بوون، یان تیرۆرستان ڕێکیان خستبوو. ئاژاوەچییەکانیش زۆر جاران مەرامی خۆیان دەپێکا و ئەو وڵاتانەی بێ دەرامەتتر دەکرد و نوخبەی بیانی لێ دەردەکرد. من بەردەوام بیرم لەو سەردانەم دەکردەوە کە لە ١٩٩٩ بۆ سعوودیە کردم. لە خۆمم پرسی کام لە دیپلۆماتە بیانییەکان بە مسۆگەری ڕاستیان کرد؛ ئایا ئەوروپاییەکان ڕاست بوون کە باوڕیان وابوو هاوپەیمانێتی دەگەڵ ئەمەریکادا شۆڕشێک بوو لە دژی نەریتەکان یان ئەمەریکاییەکان ڕاستیان دەکرد کە لە بنەماڵەی ئال سعود و ئێرۆدینامیکی شاهەنگ نیگەران بوون. من تەنیا نەبووم کە ئەو پرسیارەم دەکرد. بێگومان هەردوو پەلامارە تیرۆریستییەکەی ٢٠٠٣، نرخی ئاژاوەنانەوەی وەبیری سعوودیە ڕەمەکەکان هێناوە. هەروەها تێوەگلانی ئەمەریکا لە گێرەشێوێنییەکەی عێراق، ئەوەی هێناوە یاد کە ڕەنگە ئەم جارە بەڕێوەبەرایەتی پەلاماری عەرەبستانی سعوودی بدا. ئایا هیچ لەبر alternativeبەدیلێکی تر هەبوو؟ ئوسامە زۆری کرد بۆ ئەوەی کردەوەی زۆر توند هەڵبژێرێ. ئەو ڕۆڵی لە کۆتاییدا بۆی دیار کراوە ڕوون نەبووەتەوە. بەڵام بە هۆی ئەو هێز و سامانەی کە ئەمەریکاییەکان هەیانە، شەڕی جیهانی بەڕێوەبەرایەتی بوش لە دژی تیرۆریزم، بە هەموو ڕواڵەتێکییەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی خێراکردنی دیار خستنی ئەو ئەنجامەی.

چونکە بەرئەنجامی ئەو پەلامارانەی کە جهادییەکان لە ٢٠٠٣دا کردیانە سەر سعوودیە، هێشتا وەدەر نەکەوتووە، بۆیە ڕەنگە ئەمانە دوا پەلامار نەبن. بەرەی نوێ لە مەغریب و لە تورکیادا کرانەوە و ئێندۆنیزیاش دووبارە وەبەر هێرش کەوتەوە. چوار ڕۆژ لە پاش پەلامارەکەی ریاد، دوازدە گەنجی مەغریبی لە (سیدي مؤمن)، کە گەڕەکێکی هەژارانی (الدار البیضاء)یە، تەجنید کرابوون، پێنج پەلاماری خۆکوژییان لە ژێر ناوی (السلفیة الجهادیة)ی قەدەغەکراودا جێبەجێ کرد. جگە لە خۆیان سی و یەک کەسی تریشیان کوشت. پێنج لە کوژراوەکان ئەسپانی و فەڕەنسی بوون. پەلامارەکان کرانە سەر هۆتێلێکی ناودار و چێشتخانەیەک و یانەیەکی ئەسپانی و گۆڕستانێک و یانەیەکی جوولەکانەوە. بەڵام خۆکوژەکان هەم نەزان بوون، هەمیش باش مەشق نەدرابوون، بۆ نموونە، چووبوون بۆمبێکیان لە ڕۆژی هەینی لە یانەیەکی جوولەکان دانابووەوە، کە هەینییان تا

ڕۆژی شەموو یانەکە دادەخرێ.

لە سەرەتادا حکوومەت گەیشتە ئەوە کە جیهادییەکان لە ٥٠٠٠٠ دۆلار تا ٧٠٠٠٠ دۆلار یان بۆ ئەو هێرشانە و هەندێ هێرشی تر لەوبەر دەریاوە بۆ هاتبوو. چونکە لە ژمارەیەک لە چالاکییە هەواڵگرییەکان هەرەسیان هێنابوو، بۆیە سەرنجیان بۆ ئەلقاعیدە برد کە پارەی بۆیان نارد بوو. بەڵام هیچ بەڵگەیەک نە ئاشکرا کرا نە خرایە بەردەستی دادگەوە. بەپێی سەرچاوەکانی میری، پارەکە لەلایەن (أبو مصعب الزرقاوي)یەوە بۆیان ڕەوان کرا بوو. (أبو مصعب الزقاوي) لە ئوردن بووە و سەرۆکی ڕێکخراوی (التوحید)ە و ئەمەریکا بە ئەلقاعیدەوەی لکاندووە. دوای یەک ساڵ کاربەدەستانی مەغریب دانیان بەوە دانا کە ئەلقاعیدە پارەکەی نەنارد بوو[٦٥]. سەرچاوەکانی هەواڵگرە ڕۆژئاوایی و عەرەبییەکان گوتیان کە (الزرقاوی) لە ٢٠٠١دا، لە ئەفغانستان ڕای کرد و چووە ئێران؛ لەوێ گیرا، پاشان ئازاد کرا و ڕێگەی درا بچێتە عێراق. واشنتن (الزرقاوی) لە کوشتنی دیپلۆماتکاری ئەمەریکایی لۆورەنس فۆلی لە ئوردن لە ٢٠٠٢دا، بە بەرپرس دەزانێ و تاوانی ئەو ئۆپەراسیۆنە پووچەلکراوەشی دەخاتە ئەستۆ کە بەتەما بوو دوو ساڵ پێشتر بە بۆنەی هەزار ساڵەی نوێ لە ئوردن ئەنجامی بدات[٦٦]. زۆر لە ئاگەدارییەکانی ئەلقاعیدە ئاشکرایان کردووە کە مەغریب لەسەر لیستی سزادان بووە. ئەمەش پەرلەمانی مەغریبی تووشی لەرزە کرد. ئەو پارلەمانە لەلایەن مەلیکەوە بەڕێوە دەبردرێ، بە فەرمی شا محەمدی شەشەم بە (أمیر المؤمن) (هەمان نازناوە کە مەلا محەمەد عومەر لای پەسند بوو) دەزانێ. ئیسلامییەکانی مەغریبیش چەندەها ساڵە هەر لە بن پاڵەپەستۆی زۆر دانە و هەندێ جاریش ماڵزیندانی house arrestدەکرێن. سەرکوتکردن بێ ئەندازە بوو، چەند هەزار جیهادی گیران بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان دەگەڵدا بکرێ. سەدانیش درانە دادگاوە و بە ماوەیەکی کەم تاوانبار کران. دادگە گاڵتەجاڕییەکە پتر بۆ ئەوە بوو کە میوانە ئەورووپایی و عەرەبەکان دڵنیا بکاتەوە؛ چونکە گەشتیاری پارەیەکی زۆری بیانی دەگەیەنێتە ناو مەغریبەوە.

پتر لە دەرزەنێک فەرمانی لە سێدارەدانیان دەرچوو و ژمارەیەکیش لە نێوان یەک تا سی ساڵ حوکم دران و هەندێکیش مۆئەبەد بوون. بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش مەغرب لە ١٩٩٢وەوەڕا لەو توندوتیژی جیهادییانە دوور بوو کە لە

جەزایری دراوسێیدا پتر لە ١٥٠٠٠٠ کەسی بووە قوربانی. دیار نییە بۆچ مەغریب بووە نیشانی تیرۆریزم. کاردانەوەی مەغریبییەکانیش ئەوە بوو کە پرسیاریان کرد: (بۆ ئێمە؟) دە ڕۆژ لە دوای پەلامارەکان ٢ ملیۆن مەغریبی خۆ پێشاندانێکیان لە (الدار البیضاء) کرد بۆ ئەوەی تیرۆریزم ڕیسوا بکەن. هێشتا هەندێک لەوانەی دەیانویست هۆیەکە بزانن تێبینی ئەوەیان کرد کە ڕەنگە پێوەندیی لەمێژینەی مەغریب دەگەڵ ئیسرائیل و دراوسێیە ئەوروپاییەکانی و وڵاتە یەکگرتووەکان هۆی ئەو هەڕەشانە بووبێ. ئەگەر جیهادییەکان ویستبیان نەهێڵن مەلیک یاسایەکی چاکسازی دەربکات، ئەوا ئەوان بێ ئومێد بوون؛ چونکە لە یەنایری ٢٠٠٤، پارلەمان بە تێکڕای دەنگ بڕیاری چاکسازی بنەڕەتی دا، بۆ ئەوەی ئەو نەریتە ئیسلامییەی نێرسالاری نەهێڵێ. لە هەموو جیهانی ئیسلامی تونس تاکە وڵاتە کە لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی، لحبیب بۆرگێبە، نیو سەدە بەر لە ئێستا وێرا ئەو سنوورە ببەزێنێ.

لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٣، لە ماوەی پێنج ڕۆژدا ئەلقاعیدە دوو لۆری لە ئیستەمبوڵ تەقاندەوە. شێست و دوو کەس کوژران و سەدانی تریش بریندار بوون. تەقینەوەکانی یەکەم لە ١٥ی نۆڤێمبەر بوون؛ پەرستگەیەکی جوولەکان تەقێندرایەوە و شەش جوولەکە و حەوت موسڵمانی تێدا کوژرا. لە هی دووەمیشدا، کۆنسوڵی گشتی بەریتانی ڕۆجەر شۆرت لە ناو کۆنسوڵخانەکە و بانکی HSBC بەریتانیدا تەقێندرایەوە. تەقینەوەی دووەم پاش چەند دەقیقەیەک لەوی پێشتر ڕووی دا، باڵەخانە بیست نهۆمییەکەی کۆنسوڵخانەکەی ڕووت کردەوە. (ئەو کۆنسوڵخانە قەشەنگە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا باڵیۆزخانەی بەریتانیا بووە، لە نزیکی خانوویکی گەورە بوو کە ئەمەریکاییەکان چەند مانگێک پێشتر، بە هوی نائارامییەوە چۆڵیان کرد، هەروەها نزیکی پێراپالاس بوو، پێراپالاس شوێنی ئیلهامی (ئاگاپا کریستی) بوو ئەو کاتەی کە لەو شارەدا دەژیا. کاتەکە سەرۆک وەزیرانی بەریتانی و میوانەکەی زۆر سەخڵەت کرد.

سەرۆک بوش میوانی تۆنی بلێر بوو. سەردانە فەرمییەکەی بوش لەمێژ بوو پلانێکی وردی بۆ ڕێک خرابوو تا هاوپەیمانی ئەنگلۆئەمێریکی بە زەقی نیشان بدا و ئاهەنگ بە بۆنەی هاریکاری سەربازییان لە عێراق بگێڕن، هەروەها بۆ ئەوە بوو پشتیوانی دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆک بوش پەیدا بکا. ئەو هێرشانەی

تیرۆریستان کردیانە سەر تاکە وڵاتی موسڵمانی ئەندام لە پەیمانی ناتۆ وای کرد کە میدیا رووی کامێرای لە ئاهەنگەکانی لەندەن وەربگێڕێ؛ بەرەو کردەوە تیرۆریستییەکان بیسوورێنێتەوە. شێوەی راپەڕاندنی کردەوەکە جێ دەستی ئەلقاعیدەی پێوە دیار بوو: خۆکوژان پەلامارەکانیان دا، تەقینەوەکان لە دوای یەک و لە نزیکی یەکتر و لە کاتی گونجاو بوون، هەموو کردەوەکە بۆ ئەوە رێک خرابوو کە ئەو قسانەی بەریتانیا و ئەمەریکا پووچەڵ بکاتەوە کە دەڵێن بە سەر تیرۆریزمدا زاڵ بووینە. جگە لەمە، پەلاماردانی پەرستگەی جوولەکان سەرنجی بۆ ئەوە راکێشا کە تورکیا پێوەندیی سوپایی دەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. نیشانیشی دا کە جیهادییەکان رقیان لە کۆماری تورکیا دەبێتەوە و کەیفیان بە دیموکراسییە پەرلەمانییە سێکۆلارەکە و کۆششی بەردەوامی بۆ چوونە نێو یەکەتی ئەورووپا، نایێ.

لەمیانی راگەیاندنەکانی چەند ساڵی رابردوویدا، ئوسامە روونی کردەوە کە زۆر لە کۆماری تورکیا نیگەرانە. چەندین تەلەفۆنی نەناسراو رایان گەیاند کە ئەلقاعیدە پەلامارەکانی ئەنجام داوە و لە کۆتاییشدا وەزارەتی ناوەخۆی تورکیا ئەو قسانەی پشتڕاست کردەوە. هەرچەندە وەک کارێکی نەریتی هەموو کات، گومان لە دەستێکی بیانی دەکرا، بەڵام ئەم پەلامارانە سەرجەم دامەزراوەکانی تورکی تا ئەوپەڕ هەراسان کردووە. نەک هەر تەنیا حکوومەتە ئیسلامییە نەرمڕۆیەکەی رجب تەیب ئەردۆغان، بەڵکو سوپا و ژاندارمیری و دەزگای هەواڵگری سەرەکیش بەهەمان شێوە هەراسان بوون. هەندێک لەو تیرۆریستانەی لەو پەلامارانەدا مردن یان لە پیلانەکاندا هاریکار بوون، ئەندامانی پێشووی حزبوڵا بوون، کە قەدەغە کراوە. حزبوڵا لە سەرەتادا گرووپێکی ئیسلامی سونی چەکدار و نهێنی بوو، هیچ پێوەندییەکی سەرەکی نە دەگەڵ شیعەکانی ئێرانی نە لەگەڵ شیعەکانی لوبنانی نەبوو(٦٧).

وەک ئەوەی ئەو راپۆرت و لێکۆڵینەوە تایبەتەی پارلەمان تێبینی کردووە، بۆ ماوەی پتر لە دە ساڵ ئەو حزبوڵا ناوەخۆییە رێگەی پێ درا بوو خەڵک بڕفێنێ، بکوژێ، زەوتیش بکا، بێی ئەوەی لێکۆڵینەوەی دەگەڵدا بکرێ. چەکدارە کوردەکانی حزبوڵا لە پەنای بەرپرسە ناوەخۆییەکانی تورک لە کوردستانی تورکیادا وەک تیمی کوشتن death squad لەو شەڕە پیسەدا بەشدارییان دەکرد کە حکوومەت،

ڕاست بێ یان چەوت، لە دژی ئەو کوردانە بەرپای کردبوو کە هەواداری پارتی کرێکارانی کوردستان، PKK بوون. لە ١٩٨٤ تا ١٩٩٩، پ.ک.ک. لەسەر ڕێبازێکی مارکسی، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە سەنتەری جیۆگرافی و سیاسی heartland کوردە، یاخیبوونێکی وای بەرپا کرد، هەستی ناسنامەی ئەو کەمینە گەورە کوردەی بووژاندەوە کە تورکیا سەرکوتکیان دەکات؛ یاخیبوونەکە بووە هۆی کوژرانی پتر لە ٣٥٠٠٠ کەس، کە زۆربەیان کورد بوون. بەو تەکنیکەی عوسمانییەکان چەندین سەدە پێشتر شارەزایانە ڕێکیان خستبوو، یاخیبوونەکە قەتیا، دەوڵەتی تورک قۆڵی خۆی لە حزبوڵا هەڵکرد. حکوومەت لە ناکاوڕایەک ڕەشبگیری کرد و بۆی ئاشکرا بوو کە سەدان پارچە چەکی میری لەوانەی پێشتر درابوونە حزبوڵا، دیار نەبوو، چەندین گۆڕی قوربانیانی دەستی حزبوڵاش دۆزرایەوە. تاوانی کوشتنی نزیکەی ٥٠٠ کەس کەوتە ئەستۆی ئەو حزبەوە. هێزی ئاسایش سەرۆک و گەورە کادیرانی حزبوڵای هەموو لە ناو بردن. بەڵام بە زۆری بایەخی بە ٢٠٠٠٠ سەربازە پیادەکانی نەدا. هەندێکیان ڕایان کرد و بەرەو هەندەران بوونەوە- زۆربەیان بۆ عێراق و چیچنیا و ئافغانستان چوون. لەوێش لەلایەنی جیهادییە هاوبیرەکانیانەوە دووبارە مەشق درانەوە. هیچ کام لەو کاربەدەستە تورکانەی کە پەنایەن لە حزبوڵا دەکرد، سزا نەدران.

ئەوەی حکوومەتی تورک بە گشتی و دەزگای هەواڵگری (میت) MITی بەتایبەتی نیگەران کرد ئەوە بوو کە دوو لە خۆتەقێنەرەوەکانی ئیستەمبوڵ ئەندامانی پێشووی حزبوڵا بوون، هەرچوار کەسەکەش کە خۆیان تەقاندەوە، خەڵکی شارە هەژارکراوەکەی بینگۆڵ بوون. (لە کافێکانی ئینتەرنێتدا کۆ دەبوونەوە و چیی تر نەدەچوونە مزگەوت و نەدەچوونە کتێبخانە ئیسلامییەکان، چونکە باش دەیانزانی کە لە ژێر چاودێری پۆلیس دابوون.) مەترسی ئەو بەجێ ماوانە، بە بەرەڵایی وەبیری زۆر لە تورکەکانی هێناوە لە دوای پاشەکشەی سوپای سووری سۆڤیەتی لە ئەفغانستان، لە ١٩٨٩دا، چۆن ئەمەریکا ئەفغانە عەرەبەکانی لەوێ جێ هێشت. تورکەکان دەیانزانی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەژین، کە ناوچەیەکی زۆر دژوارە، بۆیە دەشیانزانی چ مەترسییەک لە ئارادا هەیە. چونکە دەترسان نەکا لە شەڕی ئەمەریکا لە عێراقدا بئاڵێن، بۆیە لە ئاداری ٢٠٠٣دا، پارلەمانی تورکی بە دوای ئەو ڕای گشتییە داچوو کە لە دژی ئەمەریکا

بوو؛ جـا وای پـێ پەسند بـوو کــە ئەمــەریکا تووڕە بکات بەڵام ڕێگە نـەدا ســوپای ئەمـەریکایی بە نـاو خاکی ئەوەوەدا ڕەت بێ و بچێ سـەدام حـوسـێن لەسـەر حـوکم لادا.

لەم سـاڵانەی دواییـدا، ئەمە یەکەمجـار بوو پارتێک کە بیر لە چاکسازی بکاتەوە، پارتی داد و گـەشـەکـردنـی ئـەردۆغـان، بتـوانـێ زۆرینـەیەکی دیاری کـورسـییـەکـانی پەرلەمان ببـاتەوە و بەرگەی ململانێی زلهێزی عەسکەریتـاری بگرێت و لە پرۆسـەی دیموکراتیـدا بەردەوام بێت. هـەرچـەنـدە بوش بـەردەوام بە بەژن و باڵای دیمـوکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤـینیـدا هـەڵدەدا، بەڵام بەڕێوەبەرایـەتی کـەیفـسـاز نەبوو. واشنتن هـەینێ لە ئانکارا تووڕە بوو، پێشنیازی کرد ئەو یارمەتییـە زۆر پێویسـتەی پێ بدا بەرانبـەر بەوەی کە یارمـەتی سـەربازی لە عێراق بدا. هـەر ئەو پەرلەمـان لە ئانکارا دەنگی بۆ ناردنی دە هـەزار سـەرباز دا بۆ ئەوەی بۆ دراسـێی باشـوور بـچن. بەڵام پێنتـاگـۆن لە کۆتـاییدا ناچار بوو پشت بدا؛ چونکە کوردەکـان و ئەندامـانی تری ئەنجـوومــەنی حـوکم لە عـێـراق، بۆ یەکـەم جـار وێران دەنگیـان بەرانبـەر بەو ئەمـەریکاییـیـانەوە هـەڵبـڕن کە لە دەسـەڵاتیـان دانابـوون. ئەو پەلامـارانەی کـە لە ئیستـەمبـوڵ دران، بە پێچـەوانەی باکگراوند backgroundی ئەو پێوەندییە ئاڵۆزانە بوو کە تورکیـا دەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و جیـهانی عـەرەبی دا هـەیبـوو. لە دوای ئەو پەلامـارە تیـرۆریسـتیـیـانەدا، ئەلقاعـیدە توانی مـتمـانە لەو بـۆچوونە بەر بڵاوە وەربگرێ کە CIAو مۆسـاد و ڕۆژنامـەگەریی تورکیشی بە بەرپرسی ڕاسـتەقینەی ئەو کوشتارانە دەناسی.

لەگەڵ ئەمـەشدا، پەیامێک لە ئەلقاعیدەوە دەرچوو کە خۆی لەو خۆتەقاندنەوانە، بە بەرپرس دانا و هـوشـیـاریشی دا: (ئێـمـە بە بوشی تـاوانکار و کلکە عـەرەب و ڕۆژئاواییـیەکانیشی بەتایبەتیش بەریتانیا و ئیتاڵیا و ئوستورالیا و ژاپۆن – دەڵێین کە ئۆتـۆمۆبێلەکانی مردن لە بەغدا و ریاد و ئیستـەمبـوڵ و (الناصرية) [خۆکوژێک لەوێ لە ١٢ی نۆڤێمبەر نۆزدە سەربازی ئیتاڵی کوشت]و جاکارتا دا ڕاناوەستێ– تا بە چاوی خـۆتان لە ناو پایتـەختی زۆرداری سـەردەم، ئەمـەریکا، دەیانبـینن.)[٦٨] پەیامـەکە بەتالیـۆنی (أبو حفصة المصري) مۆری کرد بوو. (أبو حفصة المصري) سـەرکـردەی لەشکری ئوسـامـەی بوو، لە ٢٠٠١ لە ئـەفـغـانسـتـان، مـووشـەکێک کوشتی. هـەر هـەمـان ڕێکخراو خۆی کردە بەرپرسی ئەو هێرشەی لە ئابدا بە هۆی

لۆرییەکی مینرێژکراوەوە، کرا سەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا و بووە هۆی کوشتنی سەرۆکی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سیلڤیۆ ڤیێرا دیمێلۆ و بیست و یەک کارمەندی تریش. لەلایەکەوە گلەیی لە سێلڤیۆ دێمیلۆ دەکرێ. چونکە خۆی ویستی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کەمترین ئاستدا ڕابگرێ. دەیویست بە هەموو لایەنێک بڵێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان بێلایەنە و بەشێک نییە لە هێزی داگیرکەری وڵاتە یەکگرتووەکان کەچی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیویست هەموو دەسەڵاتەکان لە بەردەستی خۆی بێت. دێمیلۆ نەیهێشت لەشکری ئەمەریکایی پاسەوانی بارەگایەکەی بکات. جێی سەرنجە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەمێژ بوو هاریکاری ڕژێمی بەعسییەکانی دەکرد؛ بۆیە ئەوە نەبوو کە لە ناو عێراقدا دوژمنی نەبێت.

بەڵام لە پاش ١١ی سێپتێمبەر، جیهادییەکان بە شێوەیەکی سەیر پێیان کرا هەڕەشە ئاشکرایەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و ژمارەیەک لەو وڵاتانە سزا بدەن کە ناویان لە لیستی دوژمنەکانیاندا هاتبوو. نزیکبوو لە پاکستان سەرجەمی سستمی وڵاتەکە بشێوێنن. لە دیسێمبەر، دوو جاران لە ماوەی یازدە ڕۆژاندا چەند چرکەیەکی مابوو بۆ ئەوەی سەرۆک موشەرەف بکوژن. وەک چۆن پێشبینی کرا بوو، ئۆتۆمۆبێل و تەقەمەنی بۆ کوشتنی بەکار هات. ئەلقاعیدە بە ئاشکرا گوتی دەیەوێ سەرۆکی پاکستان بکوژێ. ئەلجەزیرە تێپێکی ڤیدیۆی (أیمن الظواهری) لە سێپتێمبەری ٢٠٠٣دا، بڵاو کردەوە کە داوای لە (برا موسڵمانەکانی پاکستان) کرد بۆ ئەوەی (ئەرکی ئیسلامی) خۆیان جێبەجێ بکەن و سەرۆکە (خائنەکەیان) لەسەر حوکم لادەن، کە هەر خۆی سەرۆکی دەستەی chief of staff هێزە چەکدارەکانی پاکستان و هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو.

ئەگەر بیانتوانیبا سەرۆکی تاکە وڵاتی موسڵمان بکوژن کە چەکی ئەتۆمی کاریگەریی هەیە، پاشان دەشیانتوانی هێرشێکی هاوشێوەی پەلامارەکانی سەر نیویۆرک و واشنتن بکەن. جیهادییەکان شەرمیان لەوە نەدەکرد کە ئاژاوە بنێنەوە بۆ ئەوەی خۆیان حوکم بگرنە دەست. ئومێدیان وابوو گێرەشێوێنی و ئاژاوە و توندوتیژی وا بکا کە جەنەراڵێکی تر جگە لە موشەڕەف دەسەڵات بگرێتە دەست بۆ ئەوەی ئەمەریکاییەکان تووشی نسکۆ بکات.

هەردوو هەوڵەکەی بۆ کوشتنی موشەڕەف لە ١٤ی دیسێمبەر و لە ڕۆژی کریستمسدا دران، بۆنی خیانەتیان لێ دەهات. هەردووکیان لە کاتێک ڕوویان دا کە بە شەقامێکی چوار سایدیدا بەرەو ماڵەکەی لە ڕاوەڵپاندی، دەچووەوە. ڕێی سەفەرەکانی هەرگیز ئاشکرا نەدەکرا. پسپۆڕەکانی ئاسایشیشی هەموو کات ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکەیان وەک داو لە ڕێگەیدا دادەنایەوە. هەردوو پەلامارەکە لە ناوەوەڕا زانیاری لەبارەی کات و ڕێگەکانی سەفەرەکەی بۆ دەرەوە چوو بوو. ئۆپەراسیۆنی یەکەم هەرەسی هێنا؛ چونکە ئەمەریکاییەکان جۆرە ئامێرێکی تەکنۆلۆجی باڵا high-techیان بۆ ڕاگرتن دابووە دەستەی پاسەوانەنی سەرۆک. ئامێرەکە ناوی Bomb Ranger ٢VIP بوو. ئەو ئامێرە بۆ ماوەی چەند چرکەیەکی گرینگ ریمۆت کۆنترۆڵی پەلاپیتکە ئێلیکترۆنییەکانی ڕاگرت و نەیهێشت ئەو ٤٥٠ پاوەن تەقەمەنییەی جۆری ٤ -C، کە لە پێنج شوێنی جیاوازی پردێک داندرابوونەوە، لە کاتی دیاریکراودا بتەقێتەوە. پردەکە بە ڕێکوپێکییەوە لەلایەن پسپۆڕانی ئاسایشەوە دەماڵدرا و بە چڕییەوەش لەلایەن پۆلیسدا پێویست بوو پاسەوانی بکرێ. کەلوپارچەی پردەکە بە ناو بازنەیەکدا پەرتوبڵاو بووەوە کە نیوەتیرەکەی نیو میل بوو.

لە هەوڵی دووەمین، دوو خۆکوژ بە پیکابە تەقەمەنیڕێژکراوەکانیانەوە خۆیان گەیاندە نێو کاروانی ئۆتۆمۆبێلەکانی سەرۆکایەتی و تەقینەوە. یەک لە پۆلیسە پاسەوانەکانی سەرۆک موشەڕەف خۆی فڕێدایە ژێر یەکێک لە پیکاپەکان و سەرۆک موشەڕەفی لە کوشتنێکی مسۆگەر قورتار کرد. لێکۆڵەرەکان پارچە بیر memory chipێکیان لە تەلەفۆنە مۆبایلەکەی یەکێک لە خۆکوژەکاندا دۆزییەوە، ئەو مێمۆری چپە ئاشکرای کرد کە ئەفسەرێکی پۆلیسی سەر بە لقی تایبەت Special Branch، چاوی بە سەرۆک کەوتبوو کە لە ئیسلام ئاباد، لە کۆبوونەوەیەک دەرچووبوو کە بیست میل لە شوێنی تەقینەوەکە دوور بوو؛ ئینجا بە تەلەفۆن ئاگەداری خۆکوژەکەی کردبووەوە کەی کاروانی سەرۆک دەگاتە لای ئەو. لە ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ـەوەڕا، کە سەرۆک موشەڕەف خۆی هاوێشتە باوەشی ئەمەریکاییەکان، ئەمە سێیەم و چوارەم جار بوو هەوڵی کوشتنی دەدرا. جەنەراڵی خانەنشین تەلعەت مەحموود کە بووەتە ڕۆژنامەنووس، گوتی: (سەرۆک

موشەڕەف دەستنیشان کرابوو) دوژمنەکانیشی (مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە بیکوژن؛ بۆ کارەکەیان مەشق درابوون؛ زانیاری باشیشیان پێ ڕاگەیەندرابوو.)

شارەزاییەکی زۆریشی نەدەویست بۆ ئەوەی تێ بگەی کە تاوانەکە شوێن پەنجەی جیهادییەکانی پێوە دیار بوو. هەر زوو ناسنامەیەک دۆزرایەوە کە هی یەکێک لە ڕانەندە خۆکوژەکان بوو. کابرایەکە چەکدارێکی کشمیری پاکستانی بوو ناوەکەشی محەمەد جەمیل بوو. لە ٢٠٠١ لە ئەفغانستانێ دەگەڵ تاڵیبانەکاندا گیرابوو، بەم زووانە فەرمانی (سپی) درابوو، واتا بێ زیان بوو، بۆیە زیندانەوان jailerـە ئەفغانییەکانی ئازادیان کردبوو(٦٩). کارمەندان خۆکوژەکەی تریشیان ناسییەوە؛ کابرایەکی ئەفغانی بوو ناوی (ولید سلطان) بوو. لە سەرەتا دا محەمەد جەمیل ئەندامی (حرکة الأنصار) بوو، پاشان پێوەندیی بە ڕێزی جیشی محەمەدی کردبوو. هەردوو ڕێکخراوەکان گرووپی جیهادی ناودار بوون؛ دەزگای موخابەراتی پاکستان مەشقی پێ دەکردن و هانی دەدان بچن لە کشمیر خەبات بکەن. زۆر لە پێش ١١ی سێپتێمبەر، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەردوو گرووپی حرکە و جیشی خستبووە سەر لیستی ناوی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانەوە. سەرکردەی جیشی محەمەدی کە ناوی مەسعوود ئەزهەر بوو پێوەندییەکی تایبەتی بە دەزگای موخابەراتی پاکستانییەوە هەبوو.

لە یەنایری ٢٠٠٢دا، سەرۆک موشەڕەف، لەبەر پاڵەپەستۆی ئەمەریکا و هیندستانەوە ئەو هەر دوو و سێ گرووپی جیهادی تریشی بە فەرمی یاساغ کرد. بەڵام ئەندامانی ئەو گرووپانە زوو دەستیان بە چالاکی خۆیان کردەوە بێ ئەوەی کەسێک پێیان بڵێ (لە سەر چاوتان دوو برۆ هەیە)؛ بەڵام تەنیا ناوەکانی خۆیانیان گۆڕی. دادگەیەکی پاکستانی ئەزهەری ئازاد کرد، ئەویش یەکسەر وەک جاران دەستی بە پارە کۆکردنەوە و چالاکییە سیاسییەکەی خۆی کردەوە. ئەو پەیمانەی موشەڕەف دای بۆ ئەوەی پرۆگرامی خوێندی نزیکەی ٦٠٠٠٠٠ قوتابی لە ٤٠٠٠ قوتابخانە دا بگۆڕێ کە ٥٦٪ی نەریتی توندی دیۆباندی Deobandi بوو، هەرگیز نەهاتە دی. پاکستانییەکان هێندە ڕقی توندیان لە ئەمەریکاییەکان هەبوو کە پێشان موشەڕەف نەدەوێرا خۆی لە ڕێکخراوە جیهادییەکان بگەیەنێ، بەتایبەتیش چونکە ئیسلامییەکان گلەییان لەوە دەکرد کە نمایندەکانی FBI لە ناو

کۆلێجەکانی پاکستاندا ئیشیان بۆ ئەوە دەکرد کە نمایندەکانی ئەلقاعیدە بێلایەن بکەن.

هێشتا ئەو دوو هەوڵەی لە دیسێمبەردا بۆ کوشتنی موشەڕەف دران، وایان لێی کرد کە بایەخیان پێ بدا؛ بۆیە جیشی خستە ژێر چاودێری کۆمەڵەوە و سەرکردەکەشی خستە بەر چاودێرییەکی چڕ و نەیهێشت لە ماڵەکەی دەرچێتە دەرەوە. ئەو ئەندامانەی جیشیش کە تاوانبار کرابوون، لە زیندانی هەرێمەکانی نەهێشتن؛ هەموویانی هێنا ناو زیندانەکەی ئیسلام ئاباد و لەوێدا هێشتنەوە، بۆ ئەوەی لەوێ پرسیاریان لەبارەی هەوڵەکانی کوشتنی سەرۆک و پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە لێ بکرێ. بەم جۆرە ئەحمەد عومەر شێخ، کە گەورە ئەندامی جیش بوو، بە تاوانی ڕفاندن و کوشتنی پەیامنێری وۆڵ ستریت جێرناڵ، دانییێل پیرڵ، لە ٢٠٠٢ دا موئەبەد حوکم درابوو، گواستراوە[٧٠]. شێخ لە ڕابردوودا نیگەرانی زۆری بۆ موشەڕەف دروست کرد بوو. پۆلیسی کاراچیش پێوەندیی شێخیان بە دەزگای هەواڵگری پاکستانی و دەزگای موخابەراتی پاکستانییەوە بەستابووەوە. ئەوەی بووە هۆی نیگەرانی پترەوە ئەوە بوو کە شێخ بەر لەوەی بە فەرمی هەواڵی گرتنی بڵاو بکرێتەوە، بۆ ماوەی حەفتەیەک لە ماڵی یەکێک لە گەورەرە بەرپرسان، لە پاکستان، لە پێنجاب، مابوو. بۆیە پڕوپاگەندەی ئەوتۆ هەبوو کە شێخ پیرڵی دابووە دەست ئەلقاعیدە و ئەوان لە ڕاستیدا کوشتبوویان. تەقینەوەی پردەکە بە ئۆتۆمۆبێلێکی مینرێژکراو، لە ٢٠٠٢دا، هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بوو بۆ کوشتنی موشەڕەف، درا. ئەو ئۆپەراسیۆنە کردەوەی سێ ئەندامی (حركة المجاهدين العالمي) بوو؛ کە لقێکی ئەو (حركة المجاهدين)ە بوو کە ژمارەیەک جەنگاوەری لە کامپەکانی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان لە سەردەمی تاڵیباندا، مەشق دران تا بۆ کشمیر شەڕ بکەن[٧١].

هاندەری هەوڵی کوشتنی موشەڕەف وەک ئەوەی (الظواهرى) لە تێپێکی دەنگی خۆیدا گوتی لەبەرئەوە بوو چونکە موشەڕەف (خوێنی موسڵمانانی لە ئەفغانستاندا فرۆشت.) هەوڵەکانی کە لە دیسێمبەردا بۆ کوشتنی دران، بەهۆی ئەو کۆششانە بوو کە موشەڕەف بۆ چارەسەری کێشەی کشمیر لەگەڵ هیندستان دەیدا. کێشەکە لەوەتی پاکستان سەربەخۆیی لە ١٩٤٧دا وەرگرت، سێ شەڕی لە نێوان هەردوو لادا لێ کەوتبووەوە. بەڵام دوژمنداری جیهادییەکان بۆ موشەڕەف لە

دوای ئەوە دەستی پێ کرد کە ئوسامە لە ٢٠٠١دا هێرشی کردە سەر نیویۆرک و واشنتن؛ ئینجا موشەڕەف یەکسەر هەموو یارمەتییەکی وەستاند کە دەزگای موخابەراتی پاکستان پێشکێشی تالیبانی دەکرد. جا نۆرەی پاکستان هات بۆ ئەوەی ببێتە کوشتەی دەستی تیرۆریزم.

بەڕێوەبەرایەتی بوش لەو کاتدا کەمێک بواری بزووتنەوەی بۆ بەجێهێشتبوو. بە ئاشکرا وازهێنانی لە تالیبان و گرتنی نمایندەکانی ئەلقاعدە موشەڕەفیان لە رووخان رزگار کرد و پاکستانیشیان لەو بارە نامۆیییە دەرهێنا کە بە هۆی ئەو پێوەندییانە و دروستکردن و تەقاندنەوەی پێنج بۆمبی ئەتۆمییەوە لە ئایاری ١٩٩٨دا، تووشی هاتبوو. کۆمۆنوێلپ و وڵاتەیەکگرتووەکان خودی موشەڕەفیان گەمارۆ دابوو. موشەڕەف ئەو ژەنراڵە بوو کە لە ئەنجامی کودەتایەک، بێ ئەوەی دڵۆپێک خوێن برێژێ، دەسەڵاتی لە حکوومەتی گەندەڵ، بەڵام هەڵبژێردراو سەند و پارلەمانی وەستاند و سەرکردەکانی هەردوو پارتە سێکۆلارەکەی کە هەموو کات لە مەیدان بوون، هەمووی رەوانی بانشگە کردن.

چونکە موشەڕەف لە دژی ئەلقاعدە هاریکاری کردن، واشنتن پاداشتی پاکستانی داوە و هەموو ئەو گەمارۆ سەربازی و ئابوورییانەی لادا کە لە ١٩٩٠بە هۆی ئەزموونە ئۆتۆنۆمییەکان و تەقاندنەوەی بۆمبی ئەتۆمییش لە ١٩٩٨دا، بە سەریدا سەپابوون. واشنتن چاکەشی دەگەڵ پاکستاندا کرد. پاکستان ٢١.٥ بلیۆن دۆلار قەرداری وڵاتانی رۆژئاوا بوو. سندووقی دراوی نێو نەتەوەیی IMF و بانکی جیهانی World Bank قەردەکەیان خشتەبەند reschedule کردەوە و وڵاتە یەکگرتووەکانیش ١ بلیۆن دۆلار قەردی بێ قازانجی دایێ. ١ بلیۆن دۆلاری تریشی لە قەردە دوولایەنەکەی داشکاند و پەیمانییشی پێ دا کە لە ماوەی پینج ساڵی داهاتوودا ٣ بلیۆن دۆلاری تر قەردی دوولایەنەی پێ بدا. واشنتن تەماشای بەرنجامی ئەو چاکسازییە و گۆڕانە پڕ گومانەی دەکرد کە موشەڕەف لە یەنایری ٢٠٠٢وەوە خەریکی ئەجامدانی بوو بۆ ئەوەی بەپێی پرۆسەیەکی دەستووری رێکوپێک لە دیکتاتۆرێکی سەربازییەوە ببێتە سەرۆکێکی سڤیلی دادپەروەر. ئەوە بوو ماوەی حوکمڕانی بۆ پێنج ساڵ بەپێی رێفراندۆمەکەی ٢٠٠٢ درێژ کرایەوە و پاشتریش هەڵبژاردنێکی لە ئاستی نیشتمانیدا ئەنجام دا، کە بەپێی هەموو چاودێرە نێو نەتەوەییەکان و ئۆپۆزیسیۆنیش، پرۆسەیەک بوو کە زۆر دەستی

تێوەر درا بوو. موشەڕەف بۆ ئەوەی ڕۆڵی پارتە سیکولارەکانی لاواز بکا، هەستا پشتی گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی گرت، بەڵام بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان، ئەو گرووپانە ئامانجی کۆتاییيان ئەوە بوو کە موشەڕەف لە حوکم دەرکەن.

جیهادییەکان لە هاوپەیمانییەکی شەش قۆڵیدا، بە ناوی (متحده مجلس أمل)، یەکیان گرت. ٢٠ لە سەدای سەرجەم کورسییەکانی پارلامانی وڵاتیان بردەوە و کۆنترۆڵی تەواوی ئەنجوومەنی هەرێمی سنووری باشووری ڕۆژئاوا و بلوچستانیان کرد. بەم شێوەیە ئازاد بوون لەوەی کە برادەرە تاڵیبانەکانیان بپارێزن. بۆیە لە ٢٠٠٣دا زۆرتر لە سنوور پەڕینەوە و هێرشی زۆرتریان بۆ ناو ئەفغانستان برد. ئەمەش حکوومەتی ئەفغانی و ئەمەریکایی هەردووک زۆر تووڕە و موشەڕەفیشی نیگەران کرد. سیاسییە ئیسلامییەکان زانییان کەی ناوەندی دار دەگرن. هێندە عەقڵیان هەبوو کە دەگەڵ فێڵی سەرۆکەوە بڕۆن. هیچیان نە لە ئیسلامییەکان نە لە یاوەرانی موشەڕەفی بیریان لەوە نەکردەوە کە تەنیا یەک مانگ پێشتر جیهادییە ئیسلامییەکان دوو جاران هەوڵی کوشتنی موشەڕەفیان دا. پارتە ئیسلامییەکان دەستکەوتی پتریان وەرگرت: موشەڕەف قایل بوو کە لە ماوەی یەک ساڵدا واز لە پۆستی سەربازی خۆی بێنێ. بەمەش هەر وازیان لە ملهوڕی خۆیان نەهێنا و لە بری ئەوەی گوێی لێ بگرن کاتێک کە ڕەخنەی لە توندڕۆیی ئیسلامیان گرت، هەموو ئەندامانی پارلەمان هەستان و لە هۆڵەکە دەرچوونە دەرەوە.

سەیرێکی کەم لەوەدایە لە یاداشتێکی وەزارەتی بەرگری کە دزەی پێ کراوە leaked دۆناڵد ڕامسفیلد دەپرسێ: (ئایا باری ئێستامان وەک ئەوەیە کە (هەرچەندە باشتر دەکارین، هێندە پتر بۆ دواوە دەچین)؟

# کۆتایی

چێشایەر کات گوتی: (زۆر باشە)؛ و پاشان زۆر لەسەرەخۆ بزر بوو، سەرەتا سەری کلکی دیار نەما، بەڵام لموزە بەزەردەخەنەکەی تا ماوەیەک لە دوای بزربوونی سەری هەر دیار مابوو، ئینجا ئەویش بزر بوو.

– سەرشێتییەکانی ئێلس لە وۆندەرلاند

لە دوای ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ـەوەڕا، هەر ڕۆژێک ئوسامە خۆی لە مردن ڕزگار دەکا، یان ناهێلی بکەوێتە نێو داوی ڕیسوای زیندانی بەردەستی لە شکری ئەمەریکاییەکان، ئەو پیاوە بایەخێکی تر دەداتە ئەو جۆرە ئەفسانەیەی کە لەمیانی چەندین ساڵدا بە خۆی بۆ خۆی دروستی کردووە. چونکە تا ئێستا خۆی نەداوەتە دەست ئەوانەی کە بە دوایدا دەگەڕێن، توانیویەتیشی هەر بە زیندوێتی بمێنێتەوە بۆیە سوودی پێ گەیشتووە و وای لێ کردووە کە لە هەموو ماڵێکی سەر ڕووی ئەم زەوییەدا باسی بکرێ. ئەو زانیارییە بوو کە ئەو و هەندێ لە جیهادییەکان سوودیان لە شەڕەکەیان لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا و ئەو ڕژێمە ئیسلامییانە وەرگرت کە دەگەڵ خەنەکانی ئەواندا یەک ناگرنەوە و قایل نابن کە سستمی خەلیفایەتی بژێیننەوە. جار لە دوای جار ئوسامە دووبارەی دەکاتەوە کە (مانەوەی ئەم عەبدەی خوا) گرینگ نییە[1]. ئەوەی لەلای ئەوەوە گرینگە ئەو پلەیە کە دەتوانێ لە مێژووی ئیسلامیدا وەدەستی بێنێ. لەوەش گرینگتر لای ئەو دووبارە زیندوو ردنەوەی جیهادە، پاش ئەوەی کە چەندین سەدەیە دەبۆرژێ. هێرشە کتوپڕەکانی سەر نیویۆرک و واشنتن هێندە کاریگەرییەکی سەرتاسەری جیهانییان هەبوو کە ناوبانگی ئوسامەی لەلای دۆست و دوژمنانییەوە دەرکرد.

هێشتا دوا پەلاری گەمەی هەموو کات هەر گرینگ بووە. پەلاماردانی ئەفغانستان، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵی یاوەرەکانی ئوسامە و ئەو توندی و تیژییە

بێ ئەندازەیەی لە پاکستان و لە سعوودییە پەیڕەوی دەکەن، بێگومان ئەلقاعیدەی بێ هێز کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو هۆشدارییەی ناوە ناوە لە ئەوروپا و لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕادەگەیەندرێ، ڕۆژئاواییەکانی دەمارگرژ کردووە. چونکە واشنتن پێی لەسەر داگرت، ناچار هەموو ئەو فڕینانەی لە ئەوروپاوەڕا بە سەر ئەتلانتیک بۆ واشنتن دەچوون، بێ ئەوەی هیچ بیانوویێکیان بۆ هەبێ، کانسڵ کران. بەڕێوەبەرایەتی بە بەردەوامی هوشیاری بڵاو کردەوە، هەندێ جاران بەڕێوەبەرانی ئێف بی ئای FBI، یان سی ئای ئەی CIA یانیش بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری بەرگری دەناردە سەر تەلەڤزیۆن بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە هەموو ئەمەریکاییەکان بە چاکی ئەو پەیامەیان وەرگرتووە کە ئەلقاعیدە چۆکی داداوە، بەڵام لە ناو نەچووە. لە دوای ئەوەی ئەو هەموو کادیرانەی ئەلقاعیدە یان گیران یان کوژران، تەنیا ڕێکخراوە ناوەخۆییە جیهادییە هاوکارەکانی ئەلقاعیدە توانییان هەر لە مەغریب و تورکیاوەڕا تا دەگاتە ئێندۆنیزیا، تەنیا پەلاماری نیشانە ئاسانەکان بدەن. بەڕێوەبەرایەتی دەڵێ کە وریایی کارمەندەکانی ئەو بووە تا ئێستا چەندین پیلانی پەلاماردانی سەر خاکی ئەمەریکای پووچەڵ کردووەتەوە.

بەڵام لە بەرچاوی جیهادییەکان، نە دۆزینەوەی ئوسامە و پیاوی دەستی ڕاستی، (أيمن الظواهری)، شتێکە وەک موعجیزە وایە (کەچی چاودێرە ڕۆژئاواییەکان گومانیان هەبوو کە هەواڵگری پاکستانی بە نیازەوە شوێنی خۆ لێشاردنەوەیانی پشتگوێ خست.) دوا بە دوای ئەوەی کە لە ٢٠٠١دا تاڵیبان بەزین و بۆ چەند مانگ هەواڵبڕا بووبوون، ئوسامە و (الظواهری)ش لە کۆتاییدا بزر بوون. زۆر لە کاربەدەستان لە واشنتن و لەندەن و ئیسلام ئاباد و موسڵمانانی ئاساییش، بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک لە دوای ٩/١١، مەزەندە وابوو کە ئوسامە بە سەختی زامدار بووبێ، نەخۆش بووبێ – یان هەر مردبێ.

هەر یەکسەر لە دوای گەڕانەوەی بۆ ئەفغانستان لە ١٩٩٦دا، هەواڵی نا مسۆگەر هەبوو کە باسی لە نەساغی ئوسامەی دەکرد. گەورە کارمەندێکی بەریتانی کە لە بواری ئاسایشدا کار دەکات لە٢٠٠٠دا پێی گوتم ئوسامە لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە نەخۆشی خۆی دەمرێ[٢]. ئەندازیارێکی فەلەستینی گوتی کاتێ کە ئوسامە گەنج بوو لە یەک لە ئیشەکانی بن لادن لە ژێر دەستی ئەودا کاری دەکرد و (لاوێکی زۆر چەپووک نەبوو.) ئەندازیارەکە گومانی هەبوو کە

ئوسامە نزمە پاڵەپەستۆی خوێنی هەبووبێ. لەمیانی جیهادی لە دژی سۆڤییەتیش تووشی نەخۆشی مەلاریا بوو، بەڵام دەروێشەکانی وایان قەناعەت کرد کە ئەوە نیشانەی ئیمان بوو کە لەشکرەکانی رووسی بە گاز بۆردومانیان کرد. لە درەنگی ١٩٩٠ـەکاندا زۆر جاران ئوسامە، لەمیانی چاوپێکەوتنیدا، گۆپاڵێکی بە دەستەوە دەگرت؛ بەڵام دیار نەبوو ئایا ئوسامە ئەو گۆچانەی بۆ هەیبەت هەڵدەگرت یان بە ڕاستی پێویستی پێی هەبوو. ئوسامە نەخۆشییەکی سەختی گورچیلە و جۆرە نیشانەیەکی نەساغی بۆڕی خوێنیشی هەبوو؛ چاوەکانیشی جۆرە تانەیەکی بەسەردا هاتبوو، ئەمەش نەخۆشییەکە تووشی دەردەداری باڵابەرز و تەن لاغر دێت. ئەگەر ڕاست با ئوسامە لەو ناوچە سەختە پاشکەوتووەی خێڵەکییەکانی پاکستان و ئەفغانستاندا دەژیا و بەبێ وچان بۆ خۆ شاردنەوەی لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەچوو، دوکتۆرەکان لەوە گومانیان دەکرد کە بتوانێ بەم نەخۆشییە دژوارەی گورچیلەوە بمێنێ. ئامێری پاڵاوتنی خوێن کە کێشەکەیان لە چل پاوەند کەمترە لە بازاڕەکاندا وەدەست دەکەوت؛ بەڵام دوکتۆرەکان بیانووی ئەوەیان دەکرد کە کەرستەی ئاو خاوێنکردنەوە و جێنێرێیتەر generatorشی دەویست بۆ ئەوەی هەموویان بە گڕ بخات. واتا ئەم دەستە ئامێرە تەنیا بە هۆی ئۆتۆمۆبێل یان گوێ درێژەوە دەکرا بگوازرێتەوە. ئەو دوکتۆرە پاکستانییەی کە لە سەردەمی تاڵیبان لە ٢٠٠١دا ئوسامەی پشکنی بوو، بەو ئەفسەرانەی FBI و دەزگای موخابەراتی پاکستانی ISI گوت کە پاش مانگێک لە زیندانیکردنی ئازادیان کرد؛ پێی گوتن کە تەنی ئوسامەی زۆر دروستە[٣]. ساغ بێت یان دەردەدار بێت، گرینگ نییە؛ گرینگ ئەوەیە کە لە کۆتاییی ٢٠٠٢ دا، CIAباوەڕی وابوو کە ئوسامە زیندووە. پسپۆڕانی CIA لە زنجیرەیەک کاسێتی دەنگی ئوسامە و (الظواهری) بۆیان مسۆگەر بوو کە کاسێتەکان پێشتر تۆمار نەکرابوون. لە ٢٠٠٣دا هەردووکیان ئاماژەیان بۆ هەندێ کردەوەی تیرۆریستی نوێ کرد؛ گرتنی سەدام حوسێن یەک لەو ڕووداوە تازانە بوو کە باسیان کرد و پێشبینی ئەوەشیان کرد کە ڕەنگە پەلامارداني تریش بکرێ. زۆر جاران ئەم قەوانانەیان دووبارە کردەوە.

هێشتا لە قسەکانی ئوسامە دەردەکەوت کە گەیشتووتە ئەو قەناعەتەی زوو یا درەنگ ڕۆژێک دێ ئەمەریکاییەکان چیان لە گەورە یاوەرەکانی کرد ئاوا چاڵەوانە لەویش دەکەن. گەورە جەنەراڵێکی ئەمەریکایی لە ئەفغانستان لە ٢٠٠٤دا گوتی کە

زۆری نەمـاوە ئوسـامـە لە حـەشـارگـەکـەی سـەر سنووری نێـوان پاکسـتـان و ئەفغانستان وەدەر بێن. تەنانەت پێشبینی ئەوەشی کرد کە ڕەنگە پێش کۆتاییی سـاڵ دەسـتگیـر بکرێ. ئەو نمایندانەی نەیانتـوانی ئوسـامـە بگرن، بەر لە داگیرکردنی عێراق لە ئاداری ٢٠٠٣ ڕەوانی ئەوێ کران، ئەوە بوو لە دیسێمبەری ٢٠٠٣دا سەدام حوسینیـان گرت، ئەنجا بۆ ئەفغانسـتـان ناردرانەوە. سەرکردە تازەکەی ئەو هێزە ١٢٠٠٠ کەسە ئەمەریکایی و فرەڕەگەزەکان لە ئەفغانستان، لیفتنانت جەنەراڵ دەیڤید و. بارنۆ گوتی: (ئێمە هەواڵگری فرە چەشنمان هەیە؛ ئێمە دڵنیاین کە ئەمساڵ، ئوسامە بن لادن و مەلا عومەریش دەستگیر دەکەین.) ئەمـانە هەر خـۆهەڵکێشـانێکی بێ بنج و بنەوان بوون. لەمـیـانی هەیتـوهـووتی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٤دا، دەیانگوت کە سەرۆک بوش بەمسۆگەری دەیزانی ئوسامە لە کوێ خۆی شاردبووەوە. بەڵام دەیویست لە (ئۆکتۆبەر) بیگرێ بۆ ئەوەی وا لەو هاوولاتییە ئەمەریکاییانە بکات کە تا ئەوکات بڕیاریان نەدابوو دەنگ بەکێ بدەن، لایەنگری خۆی بکەن. هەندێ لە وتارە ئەندێشە بەندەکان دەیانگوت کە ئوسامە لە زینداندا بوو؛ بەڵام چاوەڕوانی کـاتێکی کـونجـاو دەکـرا بۆ ئەوەی هەواڵی دەسـتگیـرکـردنەکـەی ڕابگەیەندرێ. لە ڕاسـتـیـدا ئوسـامـە لە ئۆکـتـۆبەر دەسـتـپێشـخـەری خـۆی کرد و بە شێـوەیەک دەسـتی لە کـاروبارەکـە وەردا کـە سەرکەوتنی بوشی مسۆگەر کرد.

قسـەکـانی جـەنەراڵ بـارنۆ پێـوەندی بەو هـەڵمـەتە سـەربازییـەوە هـەبوو کـە لە سەرەتای ٢٠٠٤دا سوپای پاکستانی خەریکبوو بۆ سەر وەزیرستانی باشوور و ناوچە خێڵەکییەکانی تری سەر سنووری ئەفغانستانی، ببا[٤]. ئەو هەڵمەتانە هاوکـات بوون دەگـەڵ دوو هەوڵدانی سـەرنەکـەوتوو بۆ کـوشـتـنی مـوشـەڕەف و نەرمنواندنی ئەمەریکا بەرانبەر بەو هەوڵەی کە پاکستان کردبووی بۆ فرۆشتنی تەکنۆلۆجیـای ئەتۆمی بە ئێران و لیبیا و کۆریای باکور؛ ئەو هەولانە بوون کـە پاکسـتان خـۆی دانی پێدانان. بەڵگەنامـە لیبییـەکـان پرۆگرامی ئەتۆمییـان بۆ هاریکاریکردنی پاکستان دەبردنەوە. بەڵگەنامەکان لە ٢٠٠٣دا خرانە بەر دەستی پاکستانەوە و موشەڕەف بە زیرەکانە خۆی لێ دزییەوە و کەوتە دوای عەبدولقادر خان کە بە (باوکی بۆمبی ئەتۆمی پاکستان دەناسرێ). وای لە خان کرد دان بەوە دابنێ کە تەنیا خۆی لەو تێکەولێکەیەدا بەرپرسیار بووە و بۆ دەستکەوتی تایبەتی

خۆی کاری کردووە و ویستوویەتی یارمەتی وڵاتە ئیسلامییەکان بدات بۆ ئەوەی کە شوورەی مۆنۆپۆلیای چەکە ناوەکییەکان لەلایەنی زلهێزەکانەوە بشکێنی. بەڵام خۆ ئالوگۆڕکردنی زانیـاری ناوەکی دەگەڵ کۆریای باشـوور بۆ دروسـتکردنی مووشەکی نۆدۆنگ پێوەندیی بە وڵاتانی ئیسلامییەوە نەبوو. پاشان خۆ عەبدولقادر خان هەر یەکسەر لێبووردنی بۆ دەرچوو. ئەو قسە و باسانەش کە دەکران لەبارەی هەبوونی دەستێکی سۆپا و ISI لەم کەینوبەینەدا، هەر بە جارێک پشتگوێ خرا. بەڕێوەبەرایەتی سەرۆک بوش هەڕەشەی لەو وڵاتانە دەکرد کە چەکی کۆمەڵکوژ پەرت دەکەن؛ هەر لەبەرئەوەش بوو کە پێش کەمتر لە ساڵێک سەرۆک سەدام حوسێنی لە عێراقێدا هێخست. پاشان نەتواندرا بسەلمێ کە ڕژێمەکەی چەکەکانی هەبووە.

لە ڕاستیدا هۆی پابەندبوونی سەرۆک بوش بەو بنەما ئایدیۆلۆجییە توندەی (پاوانکردن preemption) کە ئەو مافە دەداتە وڵاتە یەکگرتووەکان تا یەکلایەنانە و بە بێ قایلمەندی approval نەتەوە یەکگرتووەکان هێزی سەربازی بەکار بێنێ بە زۆری بەهۆی ئەوەوەیە کە هەبوونی چەکە کۆکوژەکانی weapons of mass de-struction بە (شەڕە جیهانییەکەی دژی تیرۆر) نووساندووە. بەڕێوەبەرایەتی بەهانەی ئەوەی دەکرد کە دەشیا سەدام چەکە کۆکوژەکانی خۆی بداباتە جیهادییەکان. بۆ ڕەوابەندکردنی شەڕەکەی لە دژی سەدام، ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کۆندۆلیزا ڕایس بۆ جاری یەکەم گوتی کە وڵاتە یەکگرتووەکان لێناگەڕێ ئەو گومانەی سەبارەت بە چەکەکانەوە هەبوو، ببێتە ڕاستی و بەکار بهێندرێ. ڕەخنەگرانیش بیانووی ئەوەیان هەبوو کە هاریکاریکردنی نێوان جیهادییەکان و ڕژێمە سێکولارەکان ئەگەرێکی کەمی هەبوو. تەنانەت کۆشکی سپیش ناچار بوو لە دوای داگیرکردنی عێراق دان بەو ڕاستییەدا بنێ کە هەرچەندە سەدام لاواز کرابوو، بەڵام لە بری ئەوەی کە بە ڕاستی بڵێ چەکی کۆمەڵکوژی نەماوە، هەردەم درۆی دەکرد. سەدام دەیزانی توانای نەمابوو؛ بۆیە ترسی ئەوە لە ئارادا نەبوو دەگەڵ ئەو جیهادییانەدا هاوبەشی بکات کە ڕەنگبوو شەڕێک دەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەرپا بکەن، کە سەدام خۆی لێ دەپاراست.

پاش ماوەیەکی کورت لەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئێراقی داگیر کرد بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕوون بووەوە کە ئەمەریکا ئەو لەشکر و پشتیوانییە نێو نەتەوەییەی نەماوە بتوانێ کۆریای باشوور ناچار بکات بۆ ئەوەی واز لە پرۆگرامی چەکە ناوەکییەکانی بێنێ. واشنتن بە شێنەییەوە نیشانی دا کە سەرلەنوێوە ئەو چارەسەرە مامناوەندییانە پەسند دەکات کە هەر لە پەیمانی وێستفێڵیای ١٦٤٨وەڕا، پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی پێ ڕێک دەخرا. بەم جۆرە، سەرۆک بوش بە بیانووی دەستگیرکردنی ئوسامەوە بڕیاری دا واز لە پرۆگرامی ناوەکی پاکستانی بێنێ. کۆشکی سپی زانی ئەگەر، بە مەبەستی ڕاگرتنی، بە دوای زۆربوونی چەکی ناوەکی پاکستانیدا بچێ، شوێنی موشەڕەف لەق دەکا و ئەو پارتە سیاسییە ئیسلامییە هێزدارانەی کە لە حکوومەتدا بەشداربوون و مێلیشیای چەکدارەکانیشیانی پشت ئەستوور دەکرد، کە لەمێژ بوو پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەبوو. وەک ئەوەی کە لە عەرەبستانی سعوودیەدا هەبوو، ڕژێمی پاکستانیش گلەیی ئەوەی لێ دەکرا کە لە بەرانبەر جیهادییەکاندا لەمێژ بوو نەرمی دەنواند.

لە ڕاستیدا سەرۆک بوش بە سەر ئەو ڕێچکۆڵانەدا ڕۆیشت کە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پێشی خۆی بۆ ماوەی دوو دەیە بوو پێیاندا دەچوون: ئەویش بە گشتی پشتگوێ خستنی نهێنی چەکە ناوەکییە بچووکە پیسەکەی پاکستان بوو. ئەرکی هەرە گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٨٠کاندا بەزاندنی سۆڤییەتییەکانی ناو ئەفغانستان بوو؛ ئەمەش ڕێگەی بۆ عەبدولقادر خان و دامەزراوی پاکستانی خۆش کرد بۆ ئەوەی بە دوای بەرنامەکەی خۆیاندا بچن تا ئەو ڕادەیەی کە چەکە ئەتۆمییەکان و سستمەکانی هاوێشتنیان وەبەرهەمهێنان. تا ئەو کاتەی کە پاکستان لە ئایاری ١٩٩٨دا یەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆی تەقاندەوە، هەواڵی ڕاستی ئەم دەستکەوتە لە ناو سەرتاسەری گەلی پاکستاندا بڵاو بووەوە. حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی پاکستانی یان هانی پەیدابوونی میلیشیاکانیان دا ئان بۆیان نەکرا ڕێگە لە پرۆسەی پەیدابوونیان بگرن، بەمەش ڕێگەی لە پێش پاکستان واڵاتر کرد بۆ ئەوەی سیاسەتێکی تایبەت بە ئەفغانستان و ناوچەی کشمیر ڕێک بخا؛ چونکە ئەو شەڕەی ئەوێ هێزەکانی هیندستانی لە جاران بێ تواناتر کرد. لەلای زۆران وایە کە ٩/١١ پاکستانی لە دەرئەنجامەکانی

نەرمییەکەی دەگەڵ ئەلقاعدە ڕزگار کرد و موشەڕەفی ناچار کرد کە۸۱۰ پلە بۆی بسووڕێتەوە.

ئەگەر ئوسامە بکوژرابا یان بگیرابا، بێگومان ئەم سیاسەتەی ئێستا دەگەڵ پاکستان پەیڕەو نەدەکرا. هەواڵەکانی زۆنگاوەکەی عێراق چیی تر سەردێری نووچەی تەلەڤزیۆنەکانی نەدەگرت. هەرچەندە جیهادییەکانی پاکستانی هەڕەشەیەکن، بەڵام ئەمە وای کرد کە پەیدابوونی چەکی ناوەکی لە پاکستان بۆ بەرژەوەندیی خۆی قبووڵ بکرێ. بە هەر شێوەیەک ئوسامە لە مەیدان نەمابا ئەمەریکاییەکانی گوشاد دەکرد؛ بۆیە پێویست بوو لەسەر واشنتن کە لە پاکستانەوەڕا شوێنی هەڵبگرێ. بەڵام پاکستان زۆر کەم هاریکاری دەکرد. هیچ حکوومەتێکی پاکستانی لەوە بە ساغلەم دەرنەدەچوو ئەگەر ڕێگەی بە لەشکرەکانی وڵاتە یەگگرتووەکان بدابایە بۆ ئەوەی بە ئاشکرا بۆ ئەفغانستان بە سەر خاکەکەیدا بچێ. تەنانەت چڕی نمایندەکانی FBI و CIA لەوێدا نیگەرانییەکی پەیدا کرد.

ئەمەریکا وای لەلا پەسند بوو ئەو دوژمنەی خۆی سزا بدا کە دەگەڵ ئەهریمەندا خستبوویە ناو تای تەرازووەوە؛ بەڵام ئەوە هەر ساغ نەبووبووەوە کە ڕەنگە لەناوبردنی ئوسامە پشوویێکی خۆشی بەو خەڵکە ببەخشێ. (هەمان ئومێد لە ئارادا هەبوو کاتێک کە وڵاتە یەککگرتووەکان سەدام حوسێنی لە نزیک شاری تکریت دەستگیر کرد. بەڵام نەتواندرا بەرهەڵستی لە عێراقێدا بەرپەرچ بدرێتەوە؛ چونکە چیی تر دەگەڵ گیروگرفتەکانی سەدام تێکەڵی یەکتری نەکران؛ بەمەش تواناکانی خۆیانیان ئاراستەی دژی داگیرکەر کرد.)

ئوسامە بەو نیازەوە نییە کە بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە بدا. جیهادییەکان لە ناو خۆیاندا دەڵێن کە ئوسامە فەرمانی ئەوەی داوەتە زرێڤانەکانی خۆی کە (شەهید)ی بکەن و نەهێڵن بگیرێ. ئەو گاڵتەجاڕییەی کە بە سەدام کرا، کاتێک کە دوکتۆرێکی سەربازی ئەمەریکایی بە دوای ئەسپێدا سەری دەگەڕا، هیی ئەوە نییە کە بە ئوسامە بکرێ. نیازی ئەوەی نییە کە بخرێتە ناو تووڵەوە و لە پایتەختی دوژمنەکەیدا نیشانی خەڵکی بدرێ. ڕەنگە واشنتنیش پێیی خۆشتر بێ ئەگەر ئوسامە بکوژرێ نەک لە دادگەیەکی ئەمەریکایی دادگەیی بکرێ بۆ ئەوەی مێژووی

خۆی بگێڕێتەوە و ئازایەتی خۆی نیشانی ئەو ۱٫۲ ملیۆن موسڵمانانە بدا کە لە جیهاندا هەنە. ئەفسانەی داهاتووی ئوسامە و ئەو بزووتنەوەیەی کە بووبووە هێمایەکەی، مەترسییان لێ دەکرا. جگە لەوەی کە سەربردەی خۆی کردووەتە بابەتێکی نەمر، ئوسامە توانیویەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستێکی جیهانی ئەوتۆدا گۆشەگیر بکات کە سۆڤیەتییەکان لە ئەوپەڕی دەسەڵاتیاندا پێیان نەکرا وای لێ بکەن. تەنانەت بەڕێوەبەرایەتی بوش ناچار کرا دان بەو ڕاستییەدا بنێ کە سیاسەتە بەهێزەکەی دەرەوە و دەست تێوەردانی سەربازی باری ئەمەریکای بە جۆرێک لە هەندەران شێواند کە (چەندین ساڵ پێویستە بە خەستی ئیشی بۆ بکرێ) بۆ ئەوەی هەڵوێستی نێو نەتەوەیی ئەمەریکا وەک خۆی لێ بکرێتەوە(٥). ئاشکرابوونی ئەشکەنجەدانی زیندانییان لە عێراق و گوانتەنامۆ و ئەفغانستان لە ۲۰۰٤ دا، تا ئەوپەڕ زیانبەخش بوو.

بێگومان پابەندبوونی ئوسامە بە ئیسلامی جیهادی کردیە پسپۆڕێک لە بواری ئایدیۆلۆجی؛ توانایە ئایدیۆلۆجییەکەشی هاتە پاڵ ئەو توانایەی کە پێشتر لە بواری ئایندا هەیبوو. لە ڕاستیدا ڕەخنەگرە موسڵمانەکان گومانیان لەوەدا هەبوو کە ئوسامە باش لە ئیسلام گەیشتبێ؛ گومانیشیان لەوەدا دەکرد مافی ئەوەی هەبێ کە فەتوای ئاینی بدا. بەڵام لەمیانی شەڕەکەی لە دژی تیرۆریزم، وڵاتە یەکگرتووەکان لە دوای نەوەیەک لە شەڕەکەی ڤێتنام، دیسانەکە ئایدیۆلۆجیای هەڵبژاردەوە، ئەمجارەیان لە دژی (کۆمیونیزمی نێونەتەوەیی) نەبوو؛ بگرە ئەو ئاینە بوو کە لە جیهاندا لە هەموو ئاینەکانی تر خێراتر گەشە دەکات. بێگومان بوش نەیدەویست ئەم ڕێبازەی لێ ئاشکرا ببێ. بۆیە ئیتر ببڕای ببڕ جارێکی تر ئەو زاراوەیەی (خاچپەرستانی crusade) دووبارە نەکردەوە؛ بەڵام جیهادییەکان کردیانە بنێشتە خۆشەی سەر زاران. لە دوای داگیرکردنی عێراقیشدا سەرۆک بوش ویستی خۆی لەلای ئەو پێنج ملیۆن هاووڵاتییە موسڵمانە ئەمەریکاییانەی خۆشەویست بکا؛ بۆیە نامایندەی موسڵمانەکانی بۆ ئێوارەخوانێکی ڕۆژوو شکاندن لە ڕەمەزانی پیرۆزدا بانگ کردن.

بەڵام نە ئوسامە و نە موسڵمانە نەرمڕۆیەکانیش ئامادە نەبوون کە پێی باوەڕ بکەن. چونکە ئەوەی ئەوان ڕۆژانە دەیانبینی تەنیا ئەو هێلیکۆپتەر و فڕۆکە جەنگییە ئەمەریکاییانە بوون کە ڕۆژانە پەلاماری فەلەستینییەکانیان دەدا و لە

عێراقیشدا هەر لە شەڕدا بوون (گەلێ جارانیش ئەو تاکتیکەیان بەکار دێنا کە ئیسرائیلییەکان لە دژی شارەکانی فەلەستین پەیڕەوی دەکەن.)[٦] ئوسامە بە درەنگەوە وەپیری کێشەی فەلەستینییەکانەوە هات. بەڵام کە هاتیش بۆ ئەوە بوو کە کێشەکە لە چوارچێوە عەرەبییەکەیەوە بێنێتە دەرەوە و بەرگێکی ئیسلامی دەبەر بکا. لە زۆر شوێنی ئەم دنیایەدا ئوسامە و بوش هەردووکیان بە دوو کەسی توندڕۆ دەناسرێن. یەکێکیان پابەندە بە جۆرە جیهادێکی ئیسلامی کە هیچ ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانەی ئاماددەی پەسند نییە و ئەوی تریان ملکەچی بنەمای پشتیوانیکردنی ئەو دیانە توندڕۆیانەیە کە دەگەڵ سیاسەتوانە پارێزەرە تازەکاندا یەکیان گرتووە و زۆربەیان هەر لەمێژەوەیە پشتی باڵی ڕاستی ئیسرائیل دەگرن و پشتیوانی دۆستەکانی ئیسرائیل لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەکەن. ئەو دوو لایەنە ڕەقکارانە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندا نییە بۆ ئەوەی ئەو دەمەتەقێیەی کەران کۆتایی پێ بێنن.

شەڕی نا یەکسانی نێوان تاکە زلهێزی جیهانی و جیهادییەکان هیچ دەستکەوتنێکی بۆ ئوسامە نەبوو. ئوسامە ئەو کەسەیە کە زۆر لە ڕەخنەگران بە تیرۆریستی دەزانن. ئەوەی یارمەتی ئوسامەی داوە تەنیا ئەوپەر شارەزایی لە بواری ڕێکخستن و زیان گەیاندن بە وڵاتە یەکگرتووەکان نییە؛ بگرە بە ئاشکرا لە بوش زیرەکترە؛ لە کاتێکدا کە بوش بە شێوەیەکی ڕەمەکی قسە دەکا، ئوسامە زمانێکی پاراوی ئاوای هەیە کە سوودی لە جوانی و ڕەوانی قورئان وەرگرتووە. هیچ بیانییەک ناتوانێ پڕ بە پێست لەو مەترسییە بگات کە زمانی عەرەبی هەیەتی. هەرگیز ئەو وتارانەی جەمال عەبدولناسر کە ڕادیۆی (صوت العرب) بڵاوی دەکردەوە، لە بیری عەرەبەکانی نەوەی پێشتر ناچێتەوە. ئەوەشیان لە بیر ناچێتەوە کە چۆن بە قسە زلەکانی خۆی، خۆی خستە نێو داوی شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧ەوە؛ کە ئیسرائیل بە ڕاشکاوی تێیدا سەرکەوت. ئەو زمانە ئاسان و کلاسیکەش کە ئوسامە بەکاری دێنێ هەمان جۆرە کاریگەریی لە نەوەی نوێ دەکات، جا با لە ڕۆژئاواشدا گەورە بووبن، بەڵام خۆ هەموو کات سەیری تەلەڤزیۆنە سەتەلایتە عەرەبییەکان، بەتایبەتیش ئەلجەزیرە دەکەن.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە کچە سکرتێرێکی مەغریبیم پرسی، کە لە پاریسەوە بۆ ئەلجەزیرە کاری دەکرد، ئایا هەستەواژەی لەبارەی دیمانەیەکی

ئوسامە چۆن بوو. ئەویش خۆی وەک خانمێکی پاریسی شارەزا هەڵخست و تێی گەیاندم کە قسەکانی ئوسامە زۆر کاری تێ کردووە و دانیشی بەوە دانا کە هەرچەندە لە هەموو قسەکانی نەگەیشت، بەڵام باوان و باپیرانی وەبیر هێناوە. کەوتمە گومان لەوەی کە ڕەنگبێ کاردانەوەکەی لە کۆدی جێنەکانییەوە تۆمار بووبن. گەوراتی ئیسلام لە بواری هونەر و زانست و بڕیاردان دا کار لە هەموو موسڵمانێک دەکات. داگیرکاری ڕۆژئاوایی، سەرکوتکاری ڕۆژئاوایی، پەروەردەی ڕۆژئاوایی، سەرمایەی ڕۆژئاوایی، بزانە–چۆنی ڕۆژئاوایی، توانای سەربازی ڕۆژئاوایی تەنیا بۆ پێوانی دووری نێوان سەروەری ڕابردوویان دەگەڵ ملکەچی ئێستایاندا کەڵکی لێ وەردەگرن. ڕەنگە لە کن ڕۆژئاواییان مێژوو مردبێ، بەڵام لە خاکی ئیسلامدا، مێژوو نەمرە. کە سەرۆک بوش دەگەڵ ئوسامەدا بەراورد دەکەین، دەبینین بوش ئەم دیارییەی نییە و ئەو چەند هەوڵەشی کە دابێ بۆ ئەوەی ئیسلام وەک ئاینێکی مەزن پێناسە بکات، بە زۆری نە لە ناوەوە و نە لە دەرەوەی وڵات بایەخیان پێ نەدا. دوژمنەکانی لەمەش سوودیان وەرگرت. کۆشکی سپی لەمیانی خۆ ئامادەکردندا بۆ داگیرکردنی عێراق، چەند شارەزایەکی لە بواری ئیسلامی و جیهانی ئیسلامیدا بە ئیش خستن؛ ئەو کارەی بە جارێک نەزانی خۆی خستە بەرچاوی هەموو لایەکەوە و بەمەش زیانێکی زۆری لە خۆی دا. بۆیە دەڵێین بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بنەمای باوەڕ دەستی بە چالاکی خۆی کرد.

کۆشکی سپی هیچ هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بەرانبەر بەو ئەمەریکاییە توندڕۆیانە نەبوو کە بۆچوونەکانیان بەرانبەر بە ئیسلام خراپ بوو. لێرەش ئەمەریکاییەکان تەنیا نەبوون؛ دەشێ سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا، سیلڤیۆ بێرلسکۆنی، بە یەکێک لە دوژمنانی ئیسلام بناسین. ویلی کلاوس، کە لە ١٩٩٠دا، بۆ ماوەیەکی کورت سکرتێری گشتی نەیتۆ بوو، ئیسلامی بە گەورەترین هەڕەشە دانا. ڕەخنە گرانیشی ئەو هەوڵە نەزۆکەیان ڕسوا کرد و گوتیان ئەو قسانەی بۆ ئەم مەبەستە کردووە کە نەهێلێ لە دوای نەمانی کۆمیونیزم هاوپەیمانێتی نەیتۆ لە ناو بچێ، بەڵکو هەر چالاک بمێنێتەوە. ئەو کریستیانانەی کە دەیانەوێ ئاینەکەیان ببووژێننەوە و پێوەندیی توندیان دەگەڵ کۆشکی سپی و باڵی سەرۆک بوش لە پارتی کۆماریدا هەبوو، زۆر جاران وا پێ دەچوو کە پێشبڕکێ دەگەڵ یەکتریدا دەکەن بۆ ئەوەی پتر لە دژی موسڵمانان بدوێن. سەرۆکی پێشووی سەژێرن

باپتستس، قەشە جێری ڤاینز گوتی محەمەد پێغەمبەر (خراپەکارێک بوو کە حەزی لە منداڵ دەکرد.) قەشەیەکی تر ناوی جێری فۆڵوێل بوو، لە میانی پرۆگرامی ٦٠ دەقیقەی تەلەڤزیۆنی سی بی سی دا؛ گوتی: (من وا مەزەندە دەکەم کە محەمەد پێغەمبەر تیرۆریست بوو بێ،) بە (پیاوێکی توند، پیاوی شەڕ،) ناوزەدی کرد[٧]. قەشە بێنی هین، کە هاوبیری ئەوەی پێشترە، ململانێی عارەب–ئیسرائیلی بەم جۆرە باس کرد: (شەڕەکە شەڕی نێوان عەرەب و جوولەکە نییە، بگرە شەڕی نێوان خوا و ئەهریمەنە.) فرانکلن گراهام، کە کوڕی قەشە بین گراهامە و لە ١٩٩٦و٢٠٠٠دا پشتیوانی پارتی کۆماری کردووە و ئامادەی سوێند خواردنی سەرۆک بوش بوو، ئیسلامی وا ناو هێناوە کە (ئاینێکی زۆر شەڕەنگێز و خراپە.)

پۆوڵ وێریچ کە پارێزگارێکی خودان دەسەڵاتە، ئیسلامی بە (هەڕەشە) لە قەڵەم دا و گوتی: (پێویستە موسڵمانەکان هان بدەین بۆ ئەوەی بڕۆن) و وڵاتە یەکگرتووەکان جێ بێلن؛ چونکە ئەوان نموونەی چینی پێنجەمن لەم وڵاتەدا.)[٨] کۆڵەگەنووسی ڕاستڕۆ ئان کاوڵتەر پێشنیازی کرد کە (وڵاتەکانیان داگیر بکەن، سەرکردەکانیان بکوژن، ئەوانیش بهێننە سەر ئاینی کریستیانی.) گرووپە مزگێنبەخشە کریستیانەکانیش داوایان کرد کە مزگێنبەخشان بۆ ئێران بنێرن بۆ ئەوەی بە هەمان شێوەی سەرەوە هەڵسوکەوتیان دەگەڵدا بکەن. لێفتنانت جەنەراڵ ویلیەم جێری بۆیکن کە ئەندامێکی گرووپی بووژاندنەوەی کریستیانەتییە و لە٢٠٠٣دا بووە جێگری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری ئیستیخباری، لە کۆنگرەیەکی دێری کریستیانەکان، جلی فەرمی لەبەر و پۆستاڵی لە پێدا بوو کاتێ کە ویستی بێزاری خۆی لە ئیسلام نیشان بدا، گوتی کەسانێک هەن کە (ئەخلاقیان لە دەست داوە، بەهاکانیان لە دەست داوە، بەڵام ئەمەریکا وەک ئەوان نییە؛ ئەمەریکا وڵاتێکی کریستیانە) و (تاکە ڕێگەش بۆ ئەوەی تیرۆریستان بشکێنین ئەوەیە کە بە ناوی عیساوە بە گژیان دابچین.) جەنەراڵ ئەوەی وەبیر هێناوە کە لە ١٩٩٠کاندا، تووشی بە تووشی یەکێک لە سەرکردەکانی شەڕی سۆماڵ دێ، کە بە جەنەراڵ دەڵێ: (خوا من دەپارێزێ) و ئەویش بۆ وەڵامی کابراکە گوتی: (من دەزانم خوای من لە هی ئەو گەورەتر بوو.) دەنگی جەنەراڵ تۆمار کراوە بە ئامادەبوانی کۆنگرەکە دەڵێ کە شەڕەکەی بوش نەریتی جوولەکە و دیانان (لە دژی کابرایەکی ناو شەیتان هان دەدا.) لە ئۆکتۆبەری٢٠٠٣دا، لۆز

ئانجلز تایمز چیرۆکەکەی بۆیکینی بڵاو کردەوە. وەزیری بەرگری، دۆنەڵد ڕامسفیلد و سەرۆکی دەستەی هاوبەشی سوپا، جەنەراڵ ڕیچەرد مایەرز بە هەردووکیان زمانە نا سیاسییانەکەی بۆیکینیان ڕسوا کرد، بەڵام پاش ئەوەی بە فەرمی داوای لێبووردنی خواست، ڕێی پێ درا لە کارەکەی خۆیدا بمێنێتەوە.

ئەم جۆرە کارانە نە لە دەستەی کارمەندانی بوش نە لە جیهانی ئیسلامیدا نەشاردرانەوە. زۆر لە موسڵمانان تێبینییەکانی جەنەراڵ و کاردانەوەی گەورەکانیان هەڵقۆستەوە و گوتیان ئەمە هاندانە و دەبێتە هۆی بەرفرەکردن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی گوتاربێژە ئەنگلیکانەکان. زلهێزەکە خۆی لە بابەتەکە گێل کرد. بەڵام خۆ ئەو شتەی کە بۆ من باش بێت مەرج نییە بۆ هەموو خەڵکانی تریش وا بێ. کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣دا، مەهاتیر محەمەدی سەرۆک وەزیرانی مالیزیا گوتی کە جوولەکەکان لە قەوارەی خۆیان پتر دەست لە کاروباری جیهان وەردەدەن، دەرگەی دۆزەخی ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش هیی وڵاتە یەکگرتووەکانی، بە ڕوودا کراوە[٩]. تێبینییەکانی ئەوەی بەدیار دەخست کە مەهاتیر ڕیزی بۆ ئەو جوولەکانە هەبوو هەرچەندە لەلایەنی ئەوروپاییەکانەوە – نەک لەلایەنی موسڵمانەکانەوە – بە درێژایی مێژوو سزا دراون، توانیویانە گەشە بکەن.

لە ڕاستیدا ئەگەر بە وردی لە وتارەکەی ورد ببینەوە کە پێشکێشی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کرد کە لە حەفتا و پێنج وڵات پێک هاتبوو، لە کوالالەمپور ڕێک خرابوو، تێدەگەین کە مەهاتیر داوای لە هاوئاینە موسڵمانەکانی دەکرد بۆ ئەوەی بگەنە جیهانی هاوچەرخ و مێشکیان بەکاربێنن. ئاشتی سەقامگیر بکەن، خۆ تەقێنەرەوەکانیش بنبڕ بکەن.

هێشتا زۆر لەو ڕۆژئاواییانەی لە بری ئەوانەی کە هۆڵۆکۆستی نازییەکانیان کرد تۆبەیان دەکرد و یادی هەزار ساڵەی سزادانی جوولەکەکانیان بە دەستی کریستیانەکان دەکردەوە، قسەکانی مەهاتیریان لەلا ڕەق بوو، لە هەمان کاتیشدا دەیانویست نەرمتر ڕەخنە لە ئیسرائیل بگرن؛ بۆ ئەوەی نەکا بە دژە سامی ناوزەد بکرێن. سەرۆک وەزیران بە ئامادەبووانی گوت: (ئەوروپاییەکان لە سەرجەمی ١٢ ملیۆن جوولەکەی هەموو جیهان ٦ ملیۆنیان کوشتن. بەڵام ئەمڕۆ جوولەکەکان لە ڕێگەی بریکارەوە proxy حوکمی هەموو دنیا دەکەن. بە خۆیان شەڕ ناکەن، بەڵام کەسانی تریان هەیە کە لە بری ئەوانەوە بۆ مەیدان دەچن، لە بری ئەوانەوە

دەکوژرێن. ئێمە بەرانبەر بە گەلێکین کە بیر دەکەنەوە. دوو هەزار ساڵە لە ڕێگەی بیرکردنەوەدا نەک لە ڕێگەی پەلامارداندوە، خۆیان لە کوشت و کوشتار دەرباز دەکەن. ئەوان بوون سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و مافی مرۆڤ و دیموکراسییان داهێنا و هەر ئەوانیش بوون بە سەرکەوتووییەوە بە سەر پێیانیان خست؛ بۆیە ڕەنگە سزادانیان هەڵە بێت. ئێستا ئەوان دەسەڵاتیان بە سەر بە هێزترین وڵاتانی دنیا دا هەیە و ئەو کۆمەڵە بچووکە ئێستا بوونەتە هێزی جیهان.) هەرچەندە قسەکانی مەهاتیر محەمەد لەلایەنی ڕۆژئاواوە پەسند نەکرا، بەڵام دەبێ بزانین کە مەهاتیر محەمەد جیهادی نەبوو؛ هەر لەبەرئەوەش بوو کە زۆر بە توندی موسڵمانە توندڕۆیەکانی وڵاتی خۆی سەرکوت کردن. مەهاتیر محەمەد دەڵێ کە خەباتی فەلەستینییەکان (هیچ پێوەندییەکی بە دینەوە نەبووە، بگرە ململانێیەکەیان لەسەر خاکە. تۆ خاکی یەکێک داگیر دەکەی، ئەویش لە پێناوی ئازادکردنی خاکە داگیرکراوەکەی خۆی دا، شەڕ دەکا.)

کە بوش لە هەمان مانگدا سەردانی ئێندۆنێزیای کرد، لە میانی ئەو کۆبوونەوە یەک سەعاتییەی دەگەڵ سەرکردە ئیسلامییەکانی لە دوورگەی بالێدا کرد، دەرکەوت بە هۆی ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی نیازەکانییەوە لێی کرا، زۆر شڵەژا. پرسیاری لە دەستەی کارمەندانی خۆی کرد: (ئایا ئەوان بە ڕاستی وا تێ دەگەن کە ئێمە هەموو موسڵمانان بە تیرۆریست دەناسین؟)(١٠) سەر سوڕمانەکەی نیشانەی ئەوە بوو کە سەرۆک بوش ڕۆژانە لە ڕاپۆرتە موخابەراتییە یەک لاپەڕەییەکە بترازێ هیچی تر ناخوێنێتەوە. وا پێ نەدەچوو کە بوش بە خۆی و بە تیمەکەیەوە بیانەوێ دان بەو تووڕەییە دابنێن کە سیاسەتەکانی ئەمەریکا و قسە بێجێیەکانی برادەرە ناوەخۆیە کریستیانە توندڕۆیەکانیان لە هەندەران دروستی کردووە. شێوەی بیر کردنەوەی ئەوەی ڕەنگ دایەوە کە زۆر لە ئەمەریکاییەکان نە بایەخیان بە هۆی تووڕەبوونی جیهادییەکان داوە و نە گوێ بە هۆی توندوتیژی موسڵمانە نەرمڕۆیەکان دەدەن.

لە دوای هێرشەکانی سێپتێمبەردا، کاردانەوە هەنووکەییەکەی ئەمەریکا لەو ڕستەیەدا خۆی دەنواند کە دەیگوت: (ئەوان بۆیە ڕقیان لێمان دەبێتەوە؛ چونکە ئێمە ئەوەین کە هەین.) بەڕێوەبەرایەتیش هەرگیز لەم شێوازە پتر ڕەت نەبوو. بوش و هاوەڵەکانی بەردەوام دووپاتیان دەکردەوە کە سەدام حوسێن ئامادە بووە

بۆ ئەوەی چەکە کۆکوژەکانی خۆی بخاتە بەردەستی ئەلقاعیدەوە. لە ڕاستیدا ڕاپرسییەکان بە دیاریان خست کە ئەم قسانە هەر بۆ ئەوە دەکرا تا وا لە ئەمەریکاییەکان بکەن کە گۆڕینی ڕژێم لە بەغدادا بە ڕەوا بزانن. دەگەڵ ئەمەشدا هەوڵی زۆر کەم درا بۆ ئەوەی دە ئەمەریکاییەکان بگەیەنن کە چۆن و بۆچ سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکان لە بەرانبەری جیهانی ئیسلامیدا ئەم جۆرە نکوڵییەی لێ دەکرێ. بیانووی بەڕێوەبەرایەتی ئەوە بوو کە خاکی ئەمەریکا بەر پەلامار کەوت بوو؛ ئەمەش بە تەنیا بەس بوو بۆ ئەوەی شەڕێکی بێ کۆتایی لە دژی تیرۆریزم بەرپا بکرێ. پارێزگارە تازەکان باوڕیان وابوو کە زلهێزی ئەمەریکا یاساکان دەگۆڕێ و چۆک بە موسڵمانان و ڕژێمە نادیموکراتییەکانیان، دەدا.

لەمیانی سەردانەکەی لە نۆڤێمبەری ۲۰۰۳دا بوش وتارێکی ڕازاوەی ئاراستەی ڕۆژهەلاتی ناڤین کرد و تێیدا بەهاکانی دیموکراسییەتی ڕوون کردەوە و گلەیی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەر لە خۆی کرد؛ چونکە بنەماکانیان بە قوربانی ئامانجەکان کردووە و سوێندی خوارد کە ئەم دیاردەیە کۆتایی پێ دێ. دانیشتوانی ڕۆژهەلاتی ناڤین هەر باوەڕیان نەهات. زانییان کە واشنتن پشتی بە ڕژێمە ئۆتۆکراتەکان دەبەستێ بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوچەکە سەقامگیر بهێڵێتەوە. تەنانەت ئەو ڕەخنەیەش دادی نەدا، کە بوش لە هەردوو هاوپەیمانەکەی لە ناوچەکە، مسر و سعوودیە، داگرت. کە شەڕی عێراق گڕی سەند، موسڵمانان باوەڕیان بەوەش نەما کە واشنتن پەیمانەکانی خۆی جێبەجێ بکات. سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی لە عێراق بەدیاری خست کە دیموکراسی تا چ ڕادەیەک دەبەزێ. داگیرکەرەکان نکوڵییان لە خاستی شیعەکان کرد و نەیانهێشت هەڵبژاردنێکی ڕاستە و خۆ لە ۳۰ حوزەیرانی ۲۰۰٤دا، بکرێ؛ چونکە دەترسان شیعەکان ڕژێمێکی ئیسلامی دابمەزرێنن.

ئەو دەرسە لە هەڵبژاردنەکانی ئێران فێر بوون کە بڵێن: (یەک پیاو؛ یەک دەنگ؛ یەک کات). نەرمی ئەمەریکاییەکان لە بەرانبەر بە ڕژێمە نادیموکراتییەکان گەشەی کرد. ولاتە یەکگرتووەکان هاوپەیمانێتی خۆی دەگەڵ دەزگا هەواڵگرەکانی هاوپەیمانە دێرینەکانی پتر کرد و بۆ یەکەمین جاریش لایەنانی تری وەک تونس و جەزایری بۆ ناو بازنەکە برد. پێشتر بە هۆی باری نالەباری مافەکانی مرۆڤ و مافە سڤیلییەکان، خۆی لێیان دوورەپەرێز دەگرت. ڕیالیستەکان گوتیان ئەمانە

لەسەر ڕێگەی شەڕی دژە تیرۆردا بووبوونە تەگەرە[١١].

واشنتن هەڵسوکەوتی دەگەڵ ئەم جیاوازییانەدا کرد وەک ئەوەی شتێک بن لە ڕێگەی تەکنیکی پڕۆپاگەندە و شەڕی دەروونییەوە چارەسەر دەبن بۆیە وێستگەیەکی ڕادیۆی نوێی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین دامەزراند و پاشان تەلەڤزیۆنیشی خستە پاڵیەوە – هەر بۆ ئەوەی پەیامی خۆی بە موسڵمانان ڕابگەیەنێ، ئاشنای پۆپ میوزیکیان بکا و ژیانی ئەمەریکاییانیان نیشان بدا. دروشمەکەیان خۆی لە چاکسازی دەنواند. هان نەدەدرا گومان لە بوونی پێوەندی نێوان سەدام و ئەلقاعیدەدا بکرێ. ئەو ڕێبازەی پارێزگارە تازەکان کە پشتیوانی لە هەڵبژاردن و لە دیموکراسیدا دەکرد، کۆتایی بە گومان نەهێنا. لەو مشتومڕە سەرەکییانەی کە سەبارەت بە تیرۆریزم لە ناو ئەمەریکاییەکاندا هەبوو، بە ئاشکرا ئەو ڕۆڵەیان پشتگوێ خست بوو کە ئیسرائیل لەمیانی تێگەیشتنی ئیسلام دەیگێڕا. تەنانەت زۆربەی ئەو موسڵمانانەی کە لادانی سەدامیان لەسەر حوکم لا پەسند بوو، ئەوانیش لەو قەناعەتەدا بوون کە شەڕەکەی دژی ڕژێمی سەدام بە نیازی کۆنترۆڵکردنی نەفتی بەغدا بووە و بۆ ئەوەش بووە کە بەرزترین دەنگی دژی ئیسرائیل لە ناو جیهانی عەرەبیدا ببڕنەوە.

ئەم گومانانە بارەکەی هێشتا ئاڵۆزتر کرد. بە درێژایی سەدەی بیستەمین، کێشەی فەلەستین وای لە موسڵمانان کردووە کە هەست بە ناڕەواییەک و ڕسواکردنێک بکەن، هەستیش بکەن کە ئیسرائیل پتر خاکیان داگیر دەکا، کەچی ڕۆژئاوا بە گشتی و وڵاتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی هەموو کات بە پارە و چەک و لە ڕێگەی دیپلۆماتیشەوە پشتیوانی لێ دەکەن. زۆر هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی فەلەستین بگۆڕنە سەر دەستوری ڕۆژئاوایی؛ ئەو هەوڵانە لە سەردەمی هەڵمەتەکەی ناپۆلیۆن بۆ سەر مسر دەستی پێ کرد و بە بڕیارەکەی ئەتاتورکیش بۆ نەهێشتنی سستەمی خیلافەت کۆتایی هەر نەهات؛ بۆیە لەمێژە فەلەستین، ئەگەر بۆ هەموو موسڵمانانیش نەبێ بەڵام بۆ جیهادییەکان، بووەتە سەنگی مەحەک و هەڵکشان و داکشانی ئیسلام بەدیار دەخا. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، ژێدەرەکی حکومەتی ئیسرائیلی کە ڕای لە ڕاپۆرتێکی من نەبوو پێی گوتم (تا ئەمەریکاییەکان ئینجیل بخوێننەوە نەک قورئان،) ئیسرائیل (لە هیچ ناترسێ.) یاریدەدەرەکەی ئوسامە، (أيمن الظواهري)، بە ئاسانی لەم لۆجیکە گەیشت.

له کتێبەکەی بە ناوی (سوارەکانی ژێر ئاڵای پێغەمبەر) کە لە ٢٠٠١دا یەکسەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی تاڵیبان، لە ڕۆژنامەیەکدا کە هیی کابرایەکی سعوودی بوو، بە زنجیرە بڵاو کراوە، (أیمن الظواهری) گوتی فەلەستین بە درێژاییی ساڵان سەلماندی کە باشترین بیانووە بۆ جیهادییەکان تا خەڵکی بۆ تەیار بدەن. ڕادیۆی (صوت العرب)، لە ڕۆژی سەرکەوتندا پەیامی ئەلقاهیرەی بۆ بچووکترین گوند لە جیهانی عەرەبیدا گواستەوە. بەڵام ئەگەر کاریگەریی ئەو پەیامە دەگەڵ ئەو وێنە زیندووانەدا بەراورد بکەین کە تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە لە ناو ئیسرائیل و لە ئێراقدا پەخشی کردن، تێدەگەین کە پەیامەکەی (صوت العرب) لە بەرانبەر بە وێنەکاندا، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. کە ئوسامە و (الظواهری) و سەرکردەکانی تری ئەلقاعیدە، ئەمەریکاییەکانیان بەوە ناوزەد کرد کە خاچپەرستن، ئەوان لەلایەنی مێژوویەوەڕا لە قسەکانیان ورد نەبوون؛ چونکە هەڵمەتەکەی خاچپەرستان سەدان ساڵ بەر لەوە بوو کە کۆلۆمبوس ئەمەریکا بدۆزێتەوە. بەڵام بینەرانی موسڵمان لەمێژە قسەی ئەلقاعیدەیان کردووەتە بنچینە بۆ ئەوەی ئەمەریکاییەکان بە (خاچپەرست) و (زایۆنی) بناسن. ئەو دوو وشەیە هەردەم وەک چەخماخە وانە تەنیا کەسێکیان دەوێ وەبیری خەڵکیان بێنێتەوە بۆ ئەوەی گڕ بسێنن.

بەر لە داگیرکردنی، ئەلقاعیدە و جیهادییەکانی تر ژمارەیەکی کەم لایەنگرانیان لە عێراق دا هەبوو. ئەوانیش ئێران ئاخندبوویانیە نێو ناوچە سەربەخۆیەکەی کوردان بۆ ئەوەی نەهێڵێ ترازووی کوردە وڵات پارێزەکان پارسەنگ بێت. بەڵام عێراق لە دوای سەدام بووە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ جیهادییەکان و ئەو ڤۆڵەنتیرانەشی بۆ خۆی ڕادەکێشا کە هەردەم ویستوویانە وڵاتە یەکگرتووەکان هەراسان بکەن و ڕێگەی نەدەن ئەو پلانانەشی جێبەجێ بکات کە بۆ ناوچەکەی ڕێک خستووە. تەنانەت بەر لە داگیرکردنی عێراقیش، ئوسامە و (أیمن الظواهری) بانگەوازی جیهادیان ڕاگەیاند نەک بۆ ئەوەی ڕژێمی سەدام (کە سێکۆلار بوو، ئەوانیش بە کافریان لە قەڵەم دەدا) بگرە بۆ ئەوەی بەغدا بپارێزن، چونکە ناوەندی خیلافەتی ئیسلام بووە تا لە ١٢٥٨دا مەغۆلەکان داگیریان کرد. لەمیانی شەڕەکەی لە عێراق، وڵاتە یەکگرتووەکان تووشی چەندین پەلاماری خۆکوژی بووەوە. ئەمەش بەدیاری خست کە جیهادییەکانن ئەو کارە خۆکوژییانە دەکەن. هەواڵگرە ڕۆژئاواییەکان سەدان کەسیان لە ئەورووپا گرت، چونکە گیرا بوون تا لە

ڕێگەی ئێران و ئوردن و سوریا و کوێت و تورکیاوەڕا بچن کردەوەی خۆکوژێ لە عێراق ئەنجام بدەن. جیهادییەکان بووبوونە ئامێری دەستی هەندێ لەو وڵاتانە بۆ ئەوەی گرژی لە نێوان کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سونەوە پتر بکەن تا لەوێ تۆڵە لە ئەمەریکاییەکان بکەنەوە.

هەندێ لەو گیراوە (تەجنید کراوانە)ی کە لە ئەوروپا بوون پێوەندییان بە (أنصار الإسلام) هەبوو، کە ڕێکخراوێکی جیهادی کوردییە لە ٢٠٠١ لەسەر سنووری نێوان ئێران و عێراق دا دروست بوو. ئەو کات، ئەوانە لە بواری ڕیگەی هاتوچۆکردن و تفاقەکانیان دا، پشتیان بە ئێران دەبەستا. ئەرکی سەرەکییان ئەوە بوو گیروگرفت بۆ ئەو کوردانەی عێراق دروست بکەن کە لە ١٩٩١ەوەڕا لەبەر سێبەری واشنتن و لەندەن ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمییان بۆ مسۆگەر بووبوو. لەمیانی کۆششی زۆری بۆ قایلکردنی ئەمەریکاییەکان بۆ ئەوەی پشتیوانی شەڕ بکەن، بەڕێوەبەرایەتی بوش زۆر هەوڵی دا تا بەڵگەیەک نیشانیان بدا کە پێوەندییەک لە نێوان ئەنسار و ڕژێمی سەدامدا هەبووە، بەڵام لە تەقەلایەکەی سەرنەکەوت. هەندێ لە کادیرەکانی ئەنسار لە کامپەکانی ئەلقاعدە لە ئەفغانستان مەشقیان کرد بوو. بەڵام ئەوپەڕ پێوەندییان دەگەڵ سەدام ئەوە بوو کە هەردوو لایان دوژمنی کوردە وڵات پارێزەکان بوون. سەدام لەوە دەترسا کە هەر پێوەندییەک دەگەڵ ئەنساردا بکات، لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بە شەڕی دێنێ، ئەویش ئەوەی نەدەویست. لەمیانی شەڕەکەی ٢٠٠٣دا، وڵاتە یەکگرتووەکان بە چڕی بۆردومانی بنکەکانی ئەنساری کرد و بە سەدان جیهادی کوشتن. ئەوەی کە قورتاریش بوو، بۆ ناو سنووری ئێران ڕایکرد.

هەرچەندە ئەو هەموو زیانەیان لێ کەوت، بەڵام هێشتا ڕاپۆرتەکانی هەواڵ ڕایان گەیاند کە لە پاش چەند مانگێک ئەو ئەنسارانەی لە بۆردومانەکان دەرچوون، دەستیان کرد لە ئێرانەوەڕا دزەیان دەکرد و بۆ ناو عێراق دەهاتنەوە. کادیرانی ئەنسار و ئەلقاعیدە لە ئێران، بوونە کاردێک بە دەست تارانەوە بۆ ئەوەی ئەویش پاڵەپەستۆی خۆی بکا تا ئەو ٣٠٠٠ موجاهیدەی خەڵق لە عێراق وەدەر نێ. ئەو موجاهیدانە دژی مەلایەکانی ئێرانێ بوون. سدام کۆی کردنەوە و لە نزیک سنوورەکانی عێراق - ئێران بنکەی بۆ سازدان. چەند ساڵ بوو ناوی ڕێکخراوی موجاهدین لە ناو لیستی ناوی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانەدا بوو کە وەزارەتی

دەرەوەی ئەمەریکا ڕێکی دەخست. بەڵام پارێزەرە تازەکان ویستیان ئەو گەمەیەش بکەن و ئەو ڕێکخراوە لە دژی تاران بەکار بێنن. هەرچەندە کە واشنتن هەرگیز قایل نەبووە کە هێڵێک دابنێ بۆ ئەوەی تیرۆریستی (چاک) لە تیرۆریستی (خراپ) جودا بکاتەوە، بەڵام هەر چەند مانگێک لە دوای شەڕ، پارێزەرە تازەکان شوێنێکی تایبەتییان بۆ ڕێکخراوەکە دانا، کەچی هەر لەو کاتدا هەردوو ڕێکخراوی فەلەستینی، جیهادی ئیسلامی و حەماسی خستووەتە نێو لیستی ڕەشەوە، لە کاتێکدا کە هیچ کام لەو دوو ڕێکخراوانە پەلاماری بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاییان نەداوە.

ئەم جیهادییانە هێزێکی کەمن، بەڵام ئامانجی خۆیانیان هەیە. ژمارەیەکی کەمی سونەی عێراقی بەرهەڵستی داگیرکاری ئەمەریکاییان دەکرد و دەیانویست هێرشی خۆکوژی بکەنە سەریان. بەڵام لە ئابی ۲۰۰۳دا ئەم جۆرە پەلامارانە پەرەیان سەند. ئەنسار سەلماندی کە دەیویست ئەندامانی خۆی بکاتە قوربانی؛ بۆیە هێرشی کوشندەی کردە سەر دامەزراوە سەربازییە ڕۆژئاواییەکان و بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا و سەرکردە گەورەکانی شیعە لە نەجەف و ناسریە. ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو کە زۆربەی جیهادییەکانی ئەنسار عارەبە بیانییەکان بوون کە ڕقی لەمێژینەی خۆیانیان لە سەدام و لە ڕژێمە سێکولارەکەی لە بیری خۆ بردەوە و دەستیان کرد هاریکاری دەگەڵ ئەو عێراقییە سوننانەدا بکەن کە هەر لایەنگری سەدام بوون. بەم جۆرە داگیرکردنی عێراق و لادانی سەدام ڕاستییەکی تفتی داهێنا ئەویش ئەوەیە کە هەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی چەند مانگێک پێشتر گومانی لێ دەکرا، ئێستا بوارێکی بۆ هات بۆ ئەوەی درێژکردنەوەی شەڕەکەی لە عێراق بکاتە کارێکی ڕەوا.

ئەوەی کە کۆشکی سپی هەراسان کرد ئەوە بوو کە گەورە بەرپرسی دژە تیرۆر لە سێ بەڕێوەبەرایەتی دوای یەکتری، ڕیچەرد ئێی کلارک، ناچار کرا لە ٢٤ی ئاداری ۲۰۰٤دا بچێتە پێش ئەو کۆمسۆنە سەربەخۆیەی کە لە ۹/۱۱ی دەکۆڵییەوە. کلارک لە ئۆکتۆبەری ۲۰۰۲دا دەستی لە کارەکەی کشاندەوە؛ چونکە زانی سەرۆک بوش پتر دەیەوێ سەدام برووخێنێ لەوەی کە بە دوای شەڕەکەی دژی ئەلقاعیدەوە بچێ. (من بۆیە بە دەنگی بەرزەوە ڕەخنە لە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرم؛ چونکە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بە داگیرکردنی عێراق،

بنج و بنەوانی شەڕی دژی تیرۆریزمی هەڵتەکاند.)[١٢]

نامەبەرێکی ئەلقاعیدەی بە ڕەگەز پاکستانی ناوی محەمەد گوڵ بوو کە لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ٢٠٠٤دا، لە نزیک سنووری ئێران، هێزەکانی کورد گرتیان. نامەبەرە پاکستانییەکە سیدییەکی CD لە کن بوو، نامەیەکی حەڤدە لاپەڕەیی تێدا بوو کە (أبو مصعب الزرقاوی) نووسیبوویەوە. نامەکە بە ڕاشکاوی ڕەزامەندی ئەلقاعیدەی بۆ پەلاماری شیعەکان تێدا بوو، بەو ئومێدەی کە دوژمنداری دەگەڵ سونەکان پەیدا بکا و شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنێ بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئەمەریکاییەکان جێی خۆیان لە عێراقدا خۆش بکەن و سەروەری وڵات لە ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٤دا، بدەنەوە عێراقییەکان و لە مانگی یەکی ٢٠٠٥ یشدا هەڵبژاردنەکەیان بکەن. بەرپرسەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکایی (لەوانە وەزیری دەرەوە کۆڵن پاوڵ لەمیانی وتارەکەی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان لە شوباتی ٢٠٠٢) بە بەردەوامی ناوی (الزرقاوی) ئوردنییان دێنا. دەیانگوت (الزرقاوی) هاوکارێکی ئەلقاعیدەیە و لە دوای شەڕی ئەفغانستان لە ٢٠٠١دا لە بەغدا پزیشکان چارەسەریان کردووە[١٣]. هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نەبوو بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتانە پشتڕاست بکاتەوە هەرچەندە کە ڕاشکاوترینیان بوون کە وڵاتە یەککگرتووەکان باسی لێوە کردن. کێشەکە هەرچییەک بێت گرینگ نەبوو، بگرە گرینگ ئەوە بوو کە پاش کەمتر لە مانگێک لە ئاشکرابوونی دەقی نامەکەی (الزرقاوی)، لە ڕۆژی عاشوڕادا، پتر لە١٥٠ شیعە لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلی بە مینچنراودا لە عێراق کوژران.

لەربارەی (بایەخ نەدان بە داهاتوو)، فەڕەنسییەکان هوشیارییان دا. هێشتا گەلێ زووە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی ئوسامە و ئیسلامییە جیهادییەکان دەگەڵ یەکتریدا پارسەنگ بکەین. بەلام بە قسە ئوسامە لە هەموو بیانییەک زیاتر کۆمەڵگەی ئەمەریکایی گۆڕیوە. ژیانی ئەمەریکاییەکان جۆرە گرژییەکی وای تێ کەوتووە کە لە هەست بە چەوسانەوەکردن paranoia نزیک بووەتەوە. هەموو ئەو دەردەسەرییانەی وەک بەربەستکردنی ئازادییە سڤیلییەکان، بەدوژمن زانینی ئەو کۆچبەرانەی کە جێی گومانن، زۆریشیان لە دوای ١١ی سێپتێمبەردا بە تەنیا زیندانی کران، بایەخی زۆری سەرجەم هاووڵاتییان بە باری ئاسایش لە کۆمەڵێکدا کە بە کراوەترین کۆمەڵگەی جیهان دەناسرێ، ئەمانە هەموو لە ئەنجامی

دەرچوونی یاسای نیشتمانی Patriot Act تووشی ئەمەریکاییەکان هاتووە؛ چونکە یاسایەکەش لە ئەنجامی پەلامارەکانی ١١ی سێپتێمبەر دارێژرا، بۆیە سەرچاوەی هەموو ناخۆشییەکان بۆ بەر دەری ماڵی ئوسامە دەچێتەوە.

ئەوەی تا ١١ی ئاداری ٢٠٠٤ کرا و پێوەندیی بە تیرۆریزمەوە هەبوو، ئەوە بوو هەوڵ درا کە پۆلیس بە بەردەوامی بە یەکەوە ئیش بکات و هاریکاری لە نێوان ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان پتربێ جا ئەگەر بەختی باشیش هەبێ، دەکرێ وێکڕا تیرۆریزمی جیهادی دەقاوغ بنێن، بۆ ئەوەی چیی تر لە نیشانە ئاسانەکان بترازێ، نەتوانێ دەست لە هیچ ناوەندێکی گرینگی زلهێز بوەشێنێ. ڕەنگە ئەمە تۆزێک ناڕەوا بێت و ڕەگەزگیری ethnocentricشی تێدا بەدی بێت. بەڵام خۆ شەڕە ساردەکەی کە نیو سەدە بەردەوام بوو دەیان ململانێی لاوەکی تیدا کرا، کەچی هەرگیز هیچ شەڕەگوللەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان یەکەتی سۆڤیەتی و وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتە ئەوروپاییەکانی ئەندام لە پەیمانی نەیتۆ، نەقەوما.

لە مەدرید، ڕۆژی پێنجشەمە ١١ی ئاداری ٢٠٠٤، لە ناو شەمەندەفەری سەعات چواری بەیانی کە دەمی شلۆقییە، سێزدە بۆمب تەقییەوە و ١٩١ کەسی کوشت و پتر لە ١٥٠٠ کەسیشی زامدار کرد. شارەزایان دەڵێن ئەگەر بۆمبەکان چەند خولەکێک دواتر بتەقیبانایەوە، ئەوە دەبووە هۆی داتەپینی بانە شووشەکەی وێستگەی ئاتۆچا و زیانێکی زۆر زۆرتری لی دەکەوتەوە. تەقینەوەکان زۆر زیرەکانە داندرابوونەوە بۆ ئەوەی هێمایەک بێت بۆ تەقینەوەکانی ٩/١١ چونکە لە ڕۆژی ٩١١مینی پاش پەلامارەکانی ئەمەریکا و سێ ڕۆژیش پێش هەڵبژاردنەکانی یاسازی جێبەجێ کران. سەرۆک وەزیرانی ئیسپانی، خۆزێ ماریا ئەزنار، لە سەرەتادا تاوانەکەی خستە ملی ئێتا ETA، ئەو ڕێکخراوە تێرۆریەستییەی پاسکە کە ئەزنار لەمێژە مەترسی لێی هەیە. بەڵام لەمیانی چەند ساتێکدا جێ پەنجەی جیهادییەکانی لێ وەدیار کەوت نەناسراوێک لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە یەکێک لەو ڕۆژنامە عەرەبییەیانەی کە لە لەندەن دەردەچن، بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاند و پاشان ڤانێک دۆزراوە کە فتیلی تەقاندنەوەی بۆمبەکانی تێدا بوون و کاسێتێکی قورئانیش لە نزیک وێستگەیەکی گەڕەک دۆزراوە کە دوو لە شەمەندەفەرەکان لەوێ دەرچوو بوون.

تاکتیکەکەی ئەزنار لە دژی خۆی هەڵگەڕاوە. بەڵام بەو ڕابردووە ڕێکوپێکەی کە

له بواری پەیڕەوکردنی یاسادا هەیبوو، یارمەتی پارتەکەی دابوو، بۆیە خەڵکی تێبینی ئەوەیان نەکرد کە ئەزنار هەوڵی دەدا هەموو تاوانەکە بخاتە ئەستۆی ئێتاوە. کۆمەڵە خۆپێشاندەرێکی زۆر لە دەرەوەی بارەگای ئەزنار لە پارتیدۆ پۆپیولار، پرۆتستۆی ئەو هەولانەیان کرد کە ئەزنار بۆ وەدەستهێنانی دەنگەکان دەیدا. دەنگدەران پتر لەوەی کە پێشبینی کرا بوو بەرەو دەنگدان چوون. سۆشیالیستە چەوساوەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرەوە وەپیری هەڵبژاردنەکەوە چوون و پشتیوانی ئەو پەیمانەیان کرد کە بێ پێچ و پەنا سەرۆک وەزیران، هۆزێ لویس رۆدریگز زاپاتێرۆ، دای. زاپاتێرۆ ئاشکرای کرد کە پابەندی پەیمانەکەی خۆی دەبێ و ئەو ١٣٠٠ سەربازە داگیرکەرە ئیسپانییە لە عێراقدا دەکشێنێتەوە ئەگەر ولاتە یەکگرتووەکان بەغدا نەخاتە بن دەسەلاتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بێ هیچ دوودڵییەک تێوەگلانی ئەزناری لە شەڕی عێراق ڕسوا کرد؛ هەر لە سەرەتاوە نزیکەی ٩٠٪ ئیسپانیاردەکان لە دژی ئەوە بوون سوپایەکەیان بۆ شەڕ بچێ. ئەو ئەزنارەی کە مانگێک بوو لە دیمانەکانیدا پیرۆزبایی لە خۆی دەکرد، لە دوای هەڵبژاردنەکە لە دوو وێنەدا خۆی نواند؛ یەکەمیان گێل دەهاتە بەرچاو؛ چونکە لە بابەتی شەڕی عێراقدا خۆی خستە تای تەرازووی هاوپەیمانانی سەرۆک بوشەوە و دووەمیشیان ئەوە بوو کە لەمیانی سەرکوتکردنی ئێتادا وەک کابرایەکی بێ بەهای فێڵباز وابوو. ئاخر ئەزنار پەلامارەکانی ئیسلامییە تیرۆریستەکانی پشتگوێ خست و هەوڵی دا کە بۆردومانەکانی ١١ی ئادار بۆ بەرژەوەندیی پارتەکەی خۆی بەکار بێنێ(١٤).
ژێدەرەکی لەشکری سەر بە ئەلقاعیدە لە ئەوروپادا پەیامێکی بلاو کردەوە دەڵێ: (ئێوە ژیانتان خۆش دەوێ و ئێمەش مردنمان لەلا خۆشەویستە،) ئەمە وەک هاواری فالانگیستەکان بوو کە دەیانگوت (بژی مردن Viva la murete). بە پێی پەیامەکە، پەلامارەکان (لەبەرئەوەی بوو کە ئێوە هاریکاری بوشی تاوانکار و هاوپەیمانەکانی دەکەن، بە تایبەتیش بە هۆی ئەو یارمەتییەیە کە لە ئێراق و لە ئەفغانستان پێشکێشی دەکەن.)

پارێزەرە تازەکانی ئەمەریکا زاپاتیرۆیان ڕسوا کرد و گوتیان مێچکەمێچک لەبەر جیهادییەکان دەکا و ئالای سپییان بۆ بەرز دەکاتەوە و هەڕەشەی کشاندنەوەی سوپایەکەی لە عێراقدا دەکات. ئەمە کۆشکی سپی زۆر نیگەران کرد؛

چونکە یەکەم درز بوو کەوتە دیواری هاوپەمانانەوە و ڕەنگە تەگەرە بخاتە سەر ڕێی سەرۆک بوش لە کاتێکدا کە ماوەیەکی کەم بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی مابوو. تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیش بە پێچەوانەی لایەنگرانی خۆی جووڵابووەوە و هاوپشکی شەڕی عێراقێی کرد بوو، ئەمەش هەڵوێستی لاواز کرد بوو. کۆریای باشووریش بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، قایل نەبوو بارەگای سەربازەکانی خۆی لە دەوروبەری میسڵێ دابمەزرێنێ؛ چونکە شوێنێکی پڕ مەترسی بوو. زاپاتێرۆ زوو پەیمانەکەی خۆی جێبەجێ کرد و لەشکری ئیسپانیای لە عێراق کشاندەوە. ژمارەیەکی کەمی سەربازانی هندۆراس و دۆمێنیکان کە لە ژێر سەرکردایەتی ئیسپانییەکاندا بوون، ئەوانیش پاش ماوەیەکی کەم بۆ وڵاتانی خۆیان چوونەوە. لە ناکاوڕا کۆششەکانی بوش بۆ ئەوەی هاوپەیمانی تر بێنێتە نێو جغزی عێراقەوە شلی کەوتێ و هەر بابا بوو لەشکرەکان دەکشانەوە[١٥].

بەڵام لای پسپۆڕانی دژە تیرۆریزم پەندە ڕاستییەکە لە شوێنێکی تردایە. بۆ یەکەم جار بوو شوێنی پەلامارە هاوکاتەکانی ئەلقاعیدە هەڵبگرن و بزانن کە بێ تەقینەوەی خۆکوژی ئەنجام دراون. ئەم زانیارییەشیان بە هۆی ئەو تەلەفۆنە مۆبایلە دەست کەوت کە کرابووە ئامێری تەقاندنەوە و لە ناو یەکێک لە شەمەندەفەرەکاندا مابووەوە و نەتەقیبووەوە. لێکۆڵەرەوەکان بە پەلە توانییان کۆچبەرێکی مەغریبی کە ناوی جەمال زوغام بوو بگرن. جەمال زوغام بە ڕەگەز خەڵکی گنجە بوو. بە خواستی ئەو فەرەنسییانەی کە هەر لە ٢٠٠٠ـەوەڕا شوێنیان هەڵگرتبوو، لە دوای ٩/١١ لێکۆڵینەوەی دەگەڵدا کرا بوو، بەڵام بە هۆی کەمی بەڵگەوە ئازاد کرابوو. زوغام کونێکی لە دیواری دووکانێکی مۆبایلفرۆشیدا، لە مەدرید، کردبوو.

پۆلیسی مەغریبی زوو گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە ساڵی پێشتر زوغام سەردانی گنجەی کرد بوو. لەوێ دەگەڵ کۆنە جیهادی ناودار عەبدولعەزیز بنیایچ دا کۆ بووبووەوە. لە ماڵی ئەم کابرایەدا مۆبایلێکی هاوشێوە دۆزرایەوە کە ئەویش کرا بووە ئامێری بۆمب تەقاندنەوە. لە ئایاری ٢٠٠٣شدا، برایەکی بنیایچ بە تۆمەتی بەشداریکردنی پەلامارە تیرۆریستییەکانی کازابلانکا (الدار البيضاء) دەستگیر کرابوو. لێکۆڵەرەکان سەریان لەو پێشکەوتنە تەکنیکییەدا سوڕما کە لە نێوان تەقینەوە سەرەتاییەکەی کازابلانکا و پەلامارە پێشکەوتووەکەی مەدریددا، هەبوو.

ئەم جۆرە هاوکارییەی پۆلیس تەنیا ڕۆشناییەکی خستە سەر ئەوەی کە لەوەتی ٩/١١، کارمەندانی ئاسایشی ئەوروپی زانیاری کەم لە ناو خۆیانەوە ئاڵوگۆر دەکەن. بیورۆکرات و بەربەرەکانێی نەتەوەیی، لە شێوەی بەربەرەکانێی دژە تیرۆریزم لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، ڕۆڵی گێڕا. کارمەندانی ئاسایشی یەکەتی ئەوروپا بە مەبەستی توندترکردنی پرۆسەکە، کۆبوونەوەیەکیان کرد و تەنانەت بڕیاریشیان دا گەورەیەک بۆ دژە تیرۆر دابنێن. ئەوەی کە ڕوون نەبووەوە ئەوە بوو ئایا ئۆپەراسیۆنەکەی مەدرید لەلایەنی ئەلقاعیدەوە سەرپەرشتی کرا، یان هەر ئەو ئیسلامییە ناوەخۆییانە کردیان کە یان بۆ کردەوەکە هان درابوون یانیش هەر لەخۆوەڕا دەستپێشخەری خۆیان بوو کە ئەنجامیان دا، چونکە ئوسامە هەر سەرقاڵی خۆشاردنەوەیە. دادوەر بروگێر بە شێنەییەوە گرفتی ئەوروپای پێناسە کرد، کاتێک کە هەڕەشەی ئیسلامییەکانی دەگەڵ ڤایرۆسە خۆگۆڕەکەی ئێیدزدا خستە نێو دوو تای تەرازووەوە.

خۆت فریو دەدەی ئەگەر مەزندە بکەی کە یەکەتی ئەوروپا لە ڕێگەی کردار و یاساکانی کە پەیڕەویان دەکا دەتوانێ کردەوەی تیرۆریزمی لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا ڕابگرێ؛ چونکە تیرۆریزم هەموو کات بەشیک بووە لەم جیهانە و هیچ هۆیەکی لۆجیکیش لە ئارا دا نییە وات لێ بکات بیر لەوە بکەیتەوە کە ڕۆژێک دێ تیرۆریزم لەسەر ڕووی ئەم زەمینە نامێنێ؛ تیرۆریزمیش وەکو هەژاری و نەساغی و ئارەزووی خراپ وایە. کۆمەڵە دیموکراسییە هاوچەرخەکانی تر فێر بووینە چۆن دەگەڵ تیرۆریزمدا دەژین بێ ئەوەی ژیانی هاووڵاتییانی خۆی بخاتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە. ئەمەریکاییەکان مکوڕن؛ دەیانەوێ تیرۆریزم چارەسەر بکەن، کەچی وا دیارە ئەوروپاییەکان نایانەوێ لەو بوارەدا بەرەو پێشەوە بچن. ئەم هەڵوێستە نە هێمای ئەوەیە کە وازیان لە پرۆسەی بەگژداچوونی تیرۆریزم هێناوە، نە ئەوە نیشان دەدا کە دڵی لایەنێک ڕازی دەکەن؛ جا هەرچی پارێزگارە تازەکان و هەڤاڵە کۆڵەگەنووسەکانیان دەیڵێن یان دەینووسن هیچ کاریگەرییەکی نابێ. بەریتانیا سی ساڵ بوو بە دەستی بۆمب تەقاندنەوە و کردەوەی کوشتاری سوپای کۆماری ئایرلاندییەوە دەیناڵاند، تا لە کۆتاییدا توانی چارەسەرێکی مامناوەندی سیاسی بۆ کێشەی ئایرلاندی باکور بدۆزێتەوە. هەردوو کۆمەڵگەی ئەڵمانی و ئیتاڵی کە بە هۆی ڕابردووی نازی و فاشستی پێش شەڕی

دووەمی جیهانی و دواتریش، گومان لە ڕەوایی legitmacy سیاسییان دا دەکرا، لە ساڵانی ١٩٧٠کان و١٩٨٠کاندا توانییان لە چەنگی توندوتیژی چەپخوازەکانیان دەرچن. ئاشکرایە لە وەتەی ١٨١٤وە کە بەریتانییەکان کۆشکی سپییان سووتاند (یان ژاپۆنییەکان توانییان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، ژمارەیەک بالۆنی بۆمبڕێژکراو بگەیەننە کەناری ڕۆژئاوا) تا ئێمڕۆ، ئەوە یەکەم جارە ئەمەریکاییەکان هەست دەکەن کە دەشێ قەڵای سەختیان گۆرزی بەرکەوێ.

ئەمەریکاییەکان ئێستا بێدەنگن؛ ڕەنگە پاش ماوەیەکی تر لەوە تێ بگەن کە دەبێ بەپێی گرینگییان بایەخ بە بابەتەکان بدەن. چونکە ژمارەیەک گیروگرفت لە ئارادا هەیە کە پێویستە بایەخیان پێ بدرێ و پارەیان بۆ مسۆگەر بکرێ. کارێکی کەم نییە ئەگەر ئەمەریکاییەکان بگەنە ئەو ڕاستییە و تیرۆریزمی جیهادی بخرێتە نێو بازنەیەکی داخراوەوە. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا وەبیر خۆت بێنەوە.

بە هۆی ٩/١١وە چونکە دەیان ساڵ بوو پشتگوێ خرابوو، تیرۆریزمی جیهادی ئاواتی زۆر مەزنتری پەیدا کردبوو. ناچارکردنی ئوسامە و یاریدەدەرەکانی بۆ ئەوەی چالاکی تیرۆریستی لە جیهانی سێیەمدا بکەن، ڕەنگە ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی کاریگەریی لە هەموو شوێنێکدا پەرە بستێنێ. تیرۆریزم بە پڕوپاگەندە و بەو توانایەی کە لە بواری دەست وەشاندندا هەیەتی گەشە دەکات؛ بەتایبەتیش کە تەنیا گورز لە بەرژەوەندییە ڕۆژ ئاواییەکان نادا، بگرە پەلاماری هەر نیشانەیەکی ڕۆژئاوایی دەدا و بەم جۆرە سەرنجی هەموو موسڵمانە گەنجە تووڕەکان ڕادەکێشێ. جا ئەگەر خۆتەقێنەرەوەکان نەیانتوانی گورزی گەورە لە وڵاتە یەکگرتووەکان یان وڵاتە گرینگەکانی ڕۆژئاوا بوەشێنن، ئەوە پەیتا پەیتا گلۆرەی جیهاد دەکەوێتە لێژییەوە.

ئەرکێکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی بەرپەرچی تیرۆریزم بدرێتەوە، دەبێ سیاسەتێکی زیرەکانەتر دەگەڵ دنیای ئیسلامدا پەیڕەو بکرێ. بەر لە هەمووشیان دەبێ بە فەلەستین دەست پێ بکرێ. ناشبێ کشمیر و چێچنیا لە بیر بکرێن. ئەو برینانە هێندە لەمێژینەن کێمیان تێ کەوتووە. پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکان نرخی ئەوە بزانێ ئەگەر خۆی لە ئەرکەکانی بدزێتەوە. شەڕی ناتەواو و ئاشتی ناتەواو لە ئەفغانستان دەبنە هۆی سەرشۆڕی هەموو جیهان. بەتایبەتیش بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، چونکە لەمیانی دە ساڵدا دوو جار خۆی لەو وێرانکارییەی

ئەفغانستان دزییەوە کە بە خۆی پەیدای کرد. لە دوای ٩/١١ نابێ چیی تر ئەم کێشانە پشتگوێ بخرێن.

من بە دڵنیاییەوە پشتیوانی ئەو پسپۆڕە عەرەبانە ناکەم کە دەڵێن ٧٠٪ دژایەتیکردنی ئەمەریکا و توندوتیژی موسڵمانان لە ناو دەچێ هەر کات وڵاتە یەکگرتووەکان دەوڵەتێکی فەلەستینی بەم شێوەیەی کە لە ٢٠٠٢دا سەرۆک بوش پەیمانی دا، شان بەشانی ئیسرائیل دروستی بکات. ڕێژەکە هەر چەند بێ گرینگ نییە، بگرە گرینگ ئەوەیە کە فەلەستین هەردەم دژوارترین کێشەی نێوان پێوەندی عەرەبی – ئەمەریکاییە و هاندەرێکی سەرەکی بەردەوامی تیرۆریزمی جیهادییە. ئەمە کێشەیەکی توندە و پێویستی بە کۆششێکی بێپایان هەیە تا چارەسەر ببێ. هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی بوش ناوە ناوە چالاکییەکی دیپلۆماتی دەکات، بەڵام تا ئێستا وای نیشان نەداوە کە مکوڕ بێ لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کێشەکە. لە ڕاستیدا لەمیانی سەردانییەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە زستانی ٢٠٠٢دا، جێگری سەرۆک دیک چێنی بە توندی پشتیوانی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی ئێریال شارۆنی کرد بۆ ئەوەی دەزگا فەلەستینییەکان هەڵبوەشێنێتەوە. مەرجی ئەو ڕێککەوتنە ئاشکرا نەکراوە ئەوە بوو کە دەشێ فەلەستینییەکان پشتگوێ بخرێن تا ئەو کاتەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان شەڕەکەی لە دژی عێراق دەکات و چارەسەرییەکی ئاوا بە سەر ئەوان و بە سەر عەرەبەکاندا بسەپێنێ کە لە بەرژەوەندی وڵاتەیەکگرتووەکان و ئیسرائیل بێ.

ڕووداوەکانی دوای داگیرکردنی عێراق ئاشکرای کرد کە پارێزگارە تازەکان هیچیان سەبارەت بە عێراق و دنیای عەرەبی نەدەزانی، ڕاوێژی ئەو پسپۆڕە شارەزیانەی ئەم بوارەشیان پەسند نەکرد کە گومانیان لە شەڕەکەیان دا هەبوو. شتێکی ڕوونە کە ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان نەیانتوانیوە کێشە دیرۆکییەکەی نێوانیان چارەسەر بکەن. ئەو خۆکوژە فەلەستینیانەی کە پەلاماری ئیسرائیل دەدەن، تەنیا لە بەرئەوە نییە کە بێ توانا و خاکیان داگیر کراوە، بگرە نیشانەیەکی بێ ئەقڵییە چونکە ئەو نیشانانەی کە پەلاماریان دەدەن هیچیان نە نیشانەی سەربازینە نە ئەو داگیرکەرانەنە کە لە ١٩٦٧دا خاکی فەلەستینییان داگیر کرد و ئێستاش لە پەنای چەکەوە لەو خاکە داگیرکراوانەدا دەژین. ئێستا پەلاماری ئەو ئەو سڤیلانە دەدەن کە لە چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتەدا دەژین

کـە لەلایەنی نێـو نەتـەوەییـیـەوە دانی پـێ دانراوە. کـە ئیـسـرائیل ئەو فـڕۆکـە و هێلیکۆپتـەرە جەنگییانە بەکار دێنێ کە ئەمەریکا دروستی کردووە و بەخشیتییە ئیـسـرائیل، خـۆ بەزاندنێکی ڕاست و ڕەوانە. زۆر لە جـیـهـان وای بۆ دەچن کـە شـەڕەفـی ئەمـەریکا شکاوە، چونکە نەیتوانیـوە پشـتـیوانیکردنی ئیـسرائیل کـەم بکاتـەوە. کـارێکـی بێ بەرهەمـە کە وڵاتـە یەکگرتووەکـان بەم شـێوەیە پشـتـیـوانی هەموو کارێکی ئیسرائیل دەکات و فەلەستینییەکان تووشی نەهامەتی دەکات و لە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا نییـە ئەگـەر بییـەوێ ڕۆژهـەڵاتی ناڤین هێـور بکاتەوە[١٦]. کـارێکی ژیرانە نییە ئەگەر لەم نووسینەدا لە پێشبینی بەر ئەنجامی داگیـرکـردنی عـێـراق بـترازێ پتـر باسـی هیـچ شـتـێک بکەی. چـونکە ڕەنگە ئەمـە شـێـتانەترین کردەوەی سیاسییـە کە ئەمـەریکا لە ڕۆژهـەڵاتی ناڤیندا کـردوویەتی. ئەمەریکا نزیکەی سەدەیەکە توانیویەتی تا ڕادەیەک ئیسرائیل بپارێزێ و دڵی ئەو عـەرەبانـەش ڕابگرێ کـە نـەفـتی کـەنداوی فـارسـیـیـان لە بەردەسـتـدایە. دەشێ ئەمەریکاییەکان پەند لە خـۆیان فێر ببن و بزانن داگیرکردن مـەترسی هەیە. تەنیا متمانەی زلهێزی بوو وای لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد کە وڵاتێکی عەرەبی گرینگ و نەوت زۆر، داگیر بکا.

شـەڕەکەی بوش وەک زار هـەڵدانێک وابوو. کـارێکی ڕەوایە ئـەگـەر نیگـەران بی، چونکە ئەو ئـاواتە گەورەیەی پێوەسـتـە بە هێنانی دیموکراسی بۆ دنیـای ئیـسلام ڕەنگە کـارێکی زۆر گەورە بێت و بەتەنیا بەو زلهێزە نەکرێ کە پابەندە بە یاسـای هەڵبژاردنی ئاسایی خۆیەوە[١٧]. لەوەتی ١١ی سێپتێمبەر تا ڕادەیەک لە بیر کراوە کە ئیـسـلامی سیـاسـی ڕادیکاڵ (کە دژایەتی توندوتیژی جیـهـادییـەکان دەکا) بە لایەنی کـەمـەوە دە سـاڵێکە پاشـەکـشـەیەتی. بەڵام دەشێ ئەم شـەڕە بـارەکـە پشـتـەوشـار بکاتەوە. بێگومـان ئوسـامـە و جیـهـادییـەکـانی هەرچی لە تواناییاندا هەبێت دەیکەن بۆ ئەوەی وەلاتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا تووشی شکستی بکەن. ئومێدیش دەکـەن کە بەم شێوەیە بتوانن لە عـەرەبستـانی سـعوودی و شـوێنەکـانی تری جیهانی ئیسلامیشدا، دەسەڵات بە دەست بگرن. جێی سەرسوڕمان نییە کە جیهادییەکانی ئوسامە عێراقیان کردووەتە مەیدانی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ئەمە سەرەتایەک بوو کە سەرۆک بوش خستییە سـەر لەنگەرییـەکی زیوین و پێشکێشی کردن؛ چێشایەر کات تا ماوەیەک هەر بۆمان دەگرژێتەوە.

# پەراوێزەکان

بەرکوڵ

(١) ئەگەر ڕاست بێ کە کێشەکەی گەورە کرابێ، کەواتە دەبێ دیک نمایندەیەکی هەواڵگری ئوردنی بووبێ، بەمەش توانیویەتی کە پیلانەکەی ئەلقاعیدە بۆ ئاڵۆزکردنی سەرەتای هەزار ساڵەی سێیەمی ئاشکرا کردبێ. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی زیندانی کرابوو، کەچی نە تۆمەتی خرا ئەستۆ و نە دادگاییش کرا. لە پاش هەژدە مانگ زیندانیدا ئازاد کرا. سەیری جەیسن بێرکی بکە، ئەلقاعیدە: چیرۆکی ڕاستەقینەی ئیسلامی ڕادیکاڵ، پێنگوێن بوکس، لەندەن، ٢٠٠٤، ل ل. ٢١١و ٣١٧.

(٢) لو سوار – Le Soir، برۆکسل، ٣٠ سێپتێمبەری ٢٠٠٣.

(٣) بەقسەی ئامنێستی ئینتەرناشناڵ؛ ئەبو قەتادە یەکێک بوو لەو نۆ تیرۆریستە گومان لێکراوە بیانییانەی کە بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی بدرێتە پاڵ، دەستگیرکراو پاشان خرایە زیندانی ئینفیرادییەوە. زۆربەیان لە زیندانی بێڵمارش بەندکراون کە زیندانێکە لە لەندەن و بە چڕی باس کراوە. بێگومان ئەو بارەی ئەوانی تێدا دەژین هەرگیز لە دژی هاوولاتییە بەریتانییەکان پەیڕەو ناکرێ. ئەوە لە ژوورێکی بچووکدا بەند کراوە و ژوورەکە ڕووناکی سروشتی لێ نادا. بۆ ماوەی بیست و دوو سەعات دەبێ لەو ژوورە چکۆلانەدا بمێننەوە. لێ نەگەڕان چاویان بە پارێزەرەکانیان بکەوێ. تۆمەتەکانیشیان بۆ ڕوون نەکراوەتەوە. بالاترین دادگەی ئیستیئنافی بەریتانی، لۆ لۆردز، لە دیسێمبەری ٢٠٠٤ گرتنیانی بەم شێوەیە نابووت کرد و گوتی کە ئەو کارە دەگەڵ ڕێکەوتنە ئەوروپییەکەی تایبەت بە مافی مرۆڤ یەک ناگرنەوە. (پێشێلکردنێکە ئەو یاسا دیرۆکییەی ولاتە کە لەمێژە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزێ.) حکوومەتی تۆنی بلێر لە ئاداری ٢٠٠٥دا بۆ ماوەی سێ سەعات کەوتە بەردەمی تیژی ئەنجوومەنی لۆردان House of Lords و ناچاریان کرد کە شێوەی کۆنترۆڵکردنی زیندانییەکان بگۆڕن. ئەو بیانییانەی کە گومانی تیرۆریستییان لێ دەکرا هەموو ئازاد کران. بەلام لێیان خواسترا کە دەبێ لە ٧ی ئێوارە تا ٧ی سەرلەبەیانی لە مالدا بن و بازنێکی ئێلکترۆنیش لە دەستیان بکەن بۆ ئەوەی بزانرێ بۆ کوێ دەچن. ڕێگەی بەکارهێنانی

ئینتەرنێتیشیان لێ گیرا. نەدەبوو تەلەفۆنی مۆبایلیش بەکار بێنن. لە هاوڕێی منداڵەکانیان و پارێزەرەکانیان و بازرگانان دوکتۆرەکانیشیان بترازێ نەدەبوو هیچ کەسێک سەردانییان بکا.

میشوولەی ناو گوێچکەی فیل

(١) واشنتن پۆوست، ١٥ی نیسانی ٢٠٠٢، دوای حەوت مانگ لە ١١/٩، ئەلجەزیرە کە تۆڕێکی ساتێلایتی عارەبییە و لە قەتەر بەرنامەکانی خۆی پەخش دەکات و ملیۆنەها بینەری عەرەب کە خۆیان لە تەلەڤزیۆنە سانسۆرکراوەکانی وڵاتانی خۆیان دەدزنەوە و سەیری دەکەن، کاسێتێکی دوا قەوێنتی فرۆکەڕفێنەر ئەحمەد ئەلغامدی بلاو کردەوە. ئەلغامدی لە ٢٠ی ئاداری ٢٠٠١ دا گوتی: دەیزانی کە شەهید دەبێ ــ یان خۆی دەتەقێتەوە – و چالاکییەکانی لە دژی نیشانەیەکی وڵاتە یەککگرتووەکان دەبێت. ئەلغامدی گوتی: (ئێستا کاتی ئەوەیە ئێمە ئەمەریکاییەکان لەسەر خاکی خۆیاندا بکوژین.) نووسەری نووچەی ئەلجەزیرە، ئیبراهیم هیلال تێبینی دا و گوتی: (ئەم کاسێتە دەرگەی گومان دادەخا. ئیتر ڕاستە کە ئەلقاعدە کردەوەکەی ئەنجام دا.)

(٢) نیویۆرک تامز، ١٩ی نیسانی ٢٠٠٢. بەرپرسێکی سویسری پسپۆڕ لە کاری هونەری ئەفغانی کە ناوی پاوڵ بوچێرەرە گوتی گرووپێکی تایبەتی ئەلقاعدە کۆگەیەکی پڕ لە پەیکەری کۆنی بودا و غاندارانیان تەقاندوە. ئەو پەیکەرانە لە بنچینەدا هی مۆزەخانەی نیشتمانی کابول بوون. ئەم پەیکەرانە ماوەیەکی کەم بەر لە تەقاندنەوەی پەیکەرە زەبەلاحەکەی بودا لە ئاداری ٢٠٠١دا تەقێندرانەوە. گوتیشی لە دوای ئەوەی کە سەرکردە ئەفغانییەکان قایل نەبوون پەیکەرەکان بتەقێننەوە، دەستەیەکی نائەفغانی شارەزایانە پەیکەرەکەیان تەقاندوە. ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان ئەوانەی لە ئەفغانستان بوون دوای ڕووخانی تاڵیبان باسیان کرد کە چۆن ئوسامە مەلا عومەری قایل کرد بەوەی کە پەیکەرەکانی بودا بتەقێنێتەوە.

(٣) یەکێک لە یاخیبووە سعوودیەکان چەند ساڵ پاشتر پێی ڕاگەیاندم کە ئوسامە لە ڕاستیدا پلانەکانی خۆی بۆ مەلا عومەر باس کردبوو. بەڵام هەر (چەند حەفتەیەک) بەر لە پەلامارەکانی ١١/٩ پێی گوتبوو. (واتا لە دەوروبەری سێیەمین حەفتەی مانگی ئاب، کاتێک کە لێکۆڵەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان باوەڕیان کرد کە دیاربوو ئەلقاعیدە ١١ی سێپتێمبەری بۆ پەلامارەکان دەستنیشان کردبوو.) یاخیبووەکە گوتی: (لەلایەنی تیۆرییەوە دەیتوانی بەئوسامە بڵێ کارەکە ئەنجام مەدە، بەڵام نەیگوت.) ئەویش ئەوەی لەو سعوودیە چەکدارانە بیستبوو کە لە کاتی دەسپێکی شەڕەکەی ئەفغانستان لەوێ

ڕایان کردبوو و گەڕابوونەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان و لەوێش گیرابوون. تەنانەت ئەگەر مەلا عومەر زووتریش خەبەری پێ بدرابایە و بەرهەڵستی بڕیارەکەی ئوسامەشی بکردایە، ڕەنگ بوو ئوسامە بەقسەی نەکردایە. بێگومان زانیبووی کە ئەو کارە وا لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات کە بخزێتە نێو ململانێیەکەی ئەفغانستانەوە. بەڵام یاخیبووە سعوودیەکە تێبینی ئەوەی دا کە مەلا عومەر زۆر باوەڕی بەخەون و پێشبینیکردنەوە هەبوو؛ بەتایبەتیش ئەو پێشبینییەی کە دەیگوت تاڵیبان دەڕووخێ، بەڵام پاشان دێتەوە و هەموو ئەفغانستان کۆنترۆڵ دەکاتەوە. دیمانەیەک، لەندەن، ١٨ی ئاداری ٢٠٠٥ لە سێیەمین حەفتەی ئاب، ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١؛ ڕاپۆرتی دوایی کۆمسیۆنی نیشتمانی لەبارەی پەلامارە تیرۆریزمییەکانی سەر وڵاتە یەکگرتووەکان؛ و. و. نۆرتن و کۆمپانی، نیویۆرک ٢٠٠٤، ل. ٢٤٩. تکیتەکانی هەر نۆزدە خۆکوژەکان لە نێوان ٢٥ی ئاب و ٥ی سێپتێمبەردا بوک کرابوون و کڕابوون. ل. ٢٤٩. بۆ ئەوەی ئاگاداری دەمەتەقێی بەرهەڵستیکردنی عومەر لە ئۆپەراسیۆنێکی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان ببێ کە لە ژێر پاڵەپەستۆی پاکستانەوە ناچار بوو بیکا، بڕوانە ل ل. ٢٥١-٥٢ و پەراوێزەکانی ١٨٠-١٨٧، ل. ٥٣٢.

کۆمەڵناسی و دەروونناسی تیرۆریزم: کێ دەبێتە تیرۆریست و بۆچ؟ بەشی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی لە کتێبخانەی کۆنگرێس، ١٩٩٩.

(٤) بێرنارد لویس، بکوژەکان، کتێبەکانی "الساقی"، ١٩٨٥، ل. ٤٧.

(٥) بۆ نموونە، بریکاری سەرنووسەری Arab News لە جیددە، جەمال کاشوگی، وتارێکی بەبۆنەی یەکەم ساڵوەگەڕی پەلامارەکان نووسی، تێیدا بوێرانە هەڵوێستی عەرەبی شی کردەوە.

(٦) نیوزویک، ٢٨ی نیسانی ٢٠٠٢، واشنتن پۆوست، ١ی ئایاری ٢٠٠٢.

(٧) پلاندانەری پەلامارەکانی ٩/١١، خالید شێخ محەمەد، دوای دەستگیرکردنی بەلێکۆڵەرە ئەمەریکاییەکانی ڕاگەیاند کە پلاندانان و ڕاپەڕاندنی هێرشەکان بەڕاستی لە نێوان ٤٠٠,٠٠٠ $ و ٥٠٠,٠٠٠ $) لێ خەرج کرا. ئەمە ئەو پارەیەی نەگرتەوە کە لە کامپەکانی ئەفغانستاندا خەرج کرا و پارەی مەشقکردنیشی تێدا نەبوو. کەمال شێخ محەمەد خەرجییەکەی بە٤٠٠,٠٠٠$ خەملاند. ئەمانە خەرجی زەکەریا ئەلموسەوی لەگەڵدا نەبوو، ئەلموسەوی پارە دوو کۆرسی فێربوونی فڕۆکەوانی دابووە دوو قوتابخانەی فڕۆکەوانی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بوون. ئەویش بەلای کەمی ٥٠,٠٠٠$ خەرج کردبوو. دەڵێن فڕۆکەڕفێنەرەکان بەتەنیا لەناو وڵاتە

یەکگرتووەکاندا ۲۷۰,۰۰۰$ خەرجی بووە. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ۹/۱۱، پەڕاوێزی ۱۱۰، ل. ٤۹۷.

بەپێی CIA پەلامارەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات نزیکەی ۱۰هەزار$ تێ چووە، ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ۹/۱۱، پەڕاوێزی ۱۲۷، ل. ٤۹۸.

(۱۰) جولی سێرس ئەو شیکەرەوەی CIA بوو کە بەهۆی گرفتەکانی سەرکۆنە کرا و بڕیاری دا واز لە کاری میری بێنێ. (دیمانە، واشنتن دی سی. ۲۱ی دیسێمبەری ۲۰۰۰).

(۱۱) هەر چ مەترسییەکی هەبووبێ گرینگ نییە، ئەوە جێی بایەخە کە عەرەفات تا دیسێمبەری ۲۰۰۲ چاوەڕێی کرد، ئینجا بۆ یەکەم جار پەلاماری بن لادنی دا. لەمیانی دیمانەیەکی لەگەڵ سەندەی تایمزی لەندەنیدا، عەرەفات گوتی: (من ڕاستەوخۆ پێی دەڵێم با خۆی لە پەنای کێشەی فەڵەستین نەشارێتەوە. بۆ بن لادن ئێستا باسی فەلەستین دەکا؟ هەرگیز هیچ یارمەتی ئێمەی نەداوە.) بن لادنیشی بەوە تاوانبار کرد کە (لە ئاستی تەواو جیاوازدا کار دەکاو لەدژی بەرژەوەندی ئێمەدایە.) قسەکانی عەرەفات بۆ ماندەڵکردنی ئەو پەلامارە- تیرۆریستییە هات کە ئەلقاعیدە بردییە سەر هۆتێلی کابرایەکی ئیسرائیلی لە مۆمباسا، لە کێنیا و گوتی ئەمە بۆ پشتیوانیکردنی کێشەی فەلەستینە. ئاریێل شارۆن سەرەداوەکەی کەوتە دەست و ئیتر لە هەڵلای دا و گوتی ئەو ڕێکخراوەی کە بەناوی ڕێکخراوی ئیسلامی ئەلقاعیدەیە لە فەلەستین، وا لە کەرتی (غزە)دا چالاکە و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدا. (سەندەی تایمز [لەندەن]، ۱٥ی دیسێمبەری ۲۰۰۲)

هەرچەندە لەسەرەتای پەخشی ئەلجەزیرە دا واشنتن پێیدا هەڵدا؛ چونکە دیواری سانسۆری بەزاند، بەڵام لە دوای ۹/۱۱، بەهۆی پەخشکردنی بەردەوامی ئەو هەموو کاسێتەی کە ئوسامە دەیناردن، کەوتە بن پاڵەپەستۆیەکی زۆرەوە. بەڕێوەبەرایەتی داوای لە وێستگە تەلەڤزیۆنە ئەمەریکاییەکانی کرد بۆ ئەوەی چیی تر دووبارە ئەو کاسێتانە پەخش نەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە پاڵەپەستۆی خستە سەر (شیخ حمد آل خليفة آل ثاني) بۆ ئەوەی ئەلجەزیرەش لە ماڵەوە لغاو بکات. واشنتن نارەزاییەکەی خۆی لە ئەلجەزیرە کردە کردار و وێستگەکەی لە کابول بۆردومان کرد. بەڵام پاش ئەوەی کە تاڵیبان و ئەلقاعیدە پایتەختیان بەجێ هێشت. بەڵام بۆ ئەوەی متمانەی خۆی بپارێزێ، ئەلجەزیرە هەر بەردەوام کاسێتەکانی ئەلقاعیدەی پەخش دەکرد. بەڵام ئەم جارانە ڕەچاوی هەندێ ڕێنوێنیی تایبەتییان دەکرد.

ورەی ڕووسییەکان بەرز بووەوە؛ چونکە توانییان بەهۆی ئەو تەلەفۆنە سەتەلایتەی کە زۆر بەکاری دەهێنا، شوێنی جوهر دۆدایێف هەلگرتت و مووشەکێکی زیرەکان ئاراستە کرد و کوشتیان. قسەی دەگمەنی وا هەبوو کە ئوسامە بەردەوام تەلەفۆنە سەتەلایتەکەی خۆی بەکار دێنا، بەلام وایێرێکی درێژی پێوە لکاندبوو و لە دووری تەلەفۆنەکەوەڕا قسەکانی خۆی دەکرد.

(١٤) ڕەمزی بن ئەلشیبەش، لەمیانی بەرنامەیەکی بەڵگەییدا کە بەبۆنەی ساڵوەگەڕەکەوە لە کەناڵی ئەلجەزیرە پەخش کرا، وای کرد. گەورە یاریدەدەری ئوسامەش ئەیمەن زەواهیری بەر لە کەمتر لە مانگێک هەمان شتی کرد. هەردووکیان لە کاسێتی دەنگی قسەیان کرد. ئەلجەزیرە کاسێتێکی تری بڵاو کردەوە کە لە ئوسامەوەڕا ڕەوان کرابوو. بەڵام نەزاندرا لە چ ڕۆژێکدا تۆمار کرابوو.

(١٥) هەموو کەسێک لەو باوەڕەدا نەبوو کە کاسێتەکە ڕاست بێ، بەڕێوەبەری پەیمانگەی IDIAPی سویسری بۆ لێکۆڵینەوە کە ناوی هارڤێ بورلارد بوو گوتی ڕەنگە کاسێتەکە ساختە بێ. دوای ئەوەی کاسێتێکی نەوەد دەقیقەیی تری ئوسامەی لەگەڵ ئەمەیاندا بەراورد کرد گوتی: (ڕاستی ئەم کاسێتە جێی گومانە، گومانێکی لێ دەکرێ.) قسەکانی بورلارد لەمیانی ئەو دیمانەیەدا هات کە تەلەڤزیۆنی فەڕەنسی France 2 لە ٢٨ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢دا پەخشی کرد.

(١٦) دەستەی هەڵبژێردراوی بۆوت سێرڤیسی بەریتانی لەم کارە سەرنەکەوتووەدا پشکداری کرد و هۆی سەرنەکەوتنەکەشی خستە ئەستۆی پێنتاگۆنەوە.

(١٧) شارۆن ئامانجی ئەو هەوڵە سەرنەکەوتووە بوو کە درا بۆ ئەوەی بەتۆمەتی تاوانی دژی مرۆڤایەتی لە بەلجیکدا دادگایی بکرێ. تاوانە سەرەکییەکەش کوشتنی سڤیلە فەلەستینییەکانی سەبرا و شاتیلا بوو، کە لە ١٩٨٢دا چەند سەد کەسێکیان کوژران. لە ٢٠٠٢دا، دادگەی بەلجیکی بڕیاری دا کە ئەو یاسایەی بۆ دادگاییکردنی تاوانکاری جێنۆسایدەکەی کە لە ڕواندادا کرا ناشێ لە دژی شارۆن بەکار بهێندرێ.

(١٨) شارل دوگۆل، سەرجەم یاداشتەکانی شەڕی شارڵ دوگۆل، وەرگێڕانی ریچەرد هاوەرد، کارۆڵ & گراف، ١٩٩٨.

دەگەڵ شاهەنگ گەورەبوون

(١) ئەوە بەر لەوەدا بوو کە ئیسلامییە توندڕۆیە پاکستانییەکان لە یەنایری ٢٠٠٢دا دانییل پێرڵی پەیامنێری ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت ژۆرناڵ برفێنن و پاشان سەری ببڕن. پێرڵ لە کەراچی سەری پەل درا. کەڕاچی شوێنێکی زۆر پیسە و ئەگەر بکرێ

پێویسته هەموو کات خۆت لێی لادەی.

(٢) له دوای پەلاماره مووشەکییەکاندا، ژی ئیکۆنۆمیست، لەمیانی سەروتارێکیدا پرسی (دەشێ ١٠هەزار توندڕۆی تریان لەو شوێنەدا پەیدا کردبێ کە پێشتر هیچی لێ نەبوو.) ٢٩ی ئابی ١٩٩٨.

(٣) هەندێ جاران _ بۆ نموونه وەک ئەوەی بۆزنیا _ هەندێ جاران سعوودیەکان بەناوی ئەوەی کە جوان نینه، ئەو مزگەوتانەی کە مابوونەوە پیسیان دەکردن و بەشێکی تری مزگەوتەکانیشیان دەڕووخاند.

(٤) فرێیا ستارک، نرخی بخور، جۆون مۆرەی، ١٩٥٣، ل. ٦٧.

(٥) یسلم بن لادن، زڕبرایەکی ئوسامەیە، نیوزویک، ٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(٦) الحیاة، ٦ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١؛ لۆس ئانجلز تایمز، ١٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(٧) دێیلی تێلێگراف، ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١.

(٨) لەمیانی (ڕاگەیاندنی شەڕی دژی ئەمەریکا له خاکی هەردوو حەرەمە پیرۆزەکاندا،) ئوسامە دوو جاران ناوی ئیبن تەیمیە دێنێ. ئەم ڕاگەیاندنە پاش چەند مانگێک له گەڕانەوەی بۆ ئەفغانستان له ئایاری ١٩٩٦دا، بەو مەبەستە دەرچوو کە کوشتنی ئەمەریکاییە سڤیل و سەربازەکان حەڵاڵ بکا. ئیبن تەیمیە بووە سەرچاوەی ئیسلامی هەرە زیندووی ئەلقاعیدە، بە گوێرەی فەتوای ئەوەوە ئەلقاعیدە کوشتنی ئەو بێ گوناحانەی کە له بۆردومانەکەی باڵیۆزخانەکانی وڵاته یەکگرتووەکان له ١٩٩٨دا کوژران، کرده کارێکی ڕەوا. ٩٠ له سەدای قوربانییەکان سڤیلی ئەو وڵاتی کێنیا و تەنزانیا بوون. بێگومان بەهەمان شێوە کوشتنی قوربانیانی ١١ی سێپتێمبەریشی ڕەوابەند کرد. ئەو هەموو کوشتاره بەپێی سستەمی لاهوتی ئیسلامی کارێکی ئاسان بوو: چونکه ئەگەر کوژراوەکان بێ گوناح بن ئەوە بۆ بەهەشت دەچن؛ بەڵام ئەگەر تاوانکار بن ئەو کات شایستەی کوشتنن. یاوەرانی پاپایش له هەردوو سەدەی دوازده و سێزدەمدا، ڕێبازێکی هاوشێوەیان پەیڕەو کرد و له باشووری فەڕەنسا موریدەکانی ڕێبازی ئەلبیگێنزیان، کە بە کاپرا ناسرابوون سەربڕین. لەمیانی گەمارۆدانی بێزیێرز، له ١٢٠٩دا، ئارناود ئاماوری کە نێردراوی پاپا بوو، فەرمانی دا (هەمووان بکوژن، خوا ئەوانەی خۆی دەناسێتەوە.)

(٩) له ١٩٩٣دا، شێخ بن جبریل کە دووەم بەرپرسی "مجلس العلمایة" و حکوومەت دای مەزراندووه، ئاشکرای کرد کە: (شیعه له دین دەرچوونه و بتپەرستن بۆیه دەبێ نەمێنن.) شیعەکان هێشتا هەر هاووڵاتیی پلە دوون، ڕێگەیان بۆ نییە کە بچنه ناو

ڕیزەکانی سوپا و پۆلیسەوە و لە گوندەکانی خۆیاندا مزگەوت دروست بکەن. زۆربەی دێیەکانیان هێشتا ئاوی پاکی تێدا نییە. (سەعید ک. أبوریش، برادەرایەتی نارێک: نوخبەی ڕۆژئاوا و نوخبەی عەرەب، ڤیکتۆر گۆنزالیس، ١٩٩٧، ل. ٢٤٣.)

(١٠) "زواج المتعة" لە مەزهەبی شیعەدا ڕێگەی ئەوە دەدا کە ژن و پیاو بۆ ماوەیەکی کەم پێوەندییان هەبێ. لە کەنداویش، ئەلسیار، کردەوەیەکی کەمتر ناسراوە و وەهابییەکان و لایەنگرانی قوتابخانەی توندی حەنبەلی، پەیڕەوی دەکەن. ئەم ڕێبازەش ڕێگە دەدا کە بۆ ماوەیەکی کاتی پێوەندییەکی هاوشێوە هەبێ لە کاتێکدا کە پیاوەکە لە ماڵەوە دوورە.

(١١) کۆریۆ دو بیلباو و دێیلی تێلیگراف، ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١.

(١٢) نیوزویک، ١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(١٣) نیوزویک، ١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(١٤) لۆس ئانجلز تایمز، ١٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(١٥) تاکی، تاکیز تۆپ درۆوەر، (ژیان و خۆشەویستییەکانی ئوسامە بن لادن) ژی نیویۆرک پرێس، ١-٧ی سێپتێمبەری ١٩٩٩.

(١٦) نیوزویک، ١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(١٧) نیوزویک، ١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(١٨) France 3, Pieces a Conviction، ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١.

(١٩)دیمانە، جێددە، ١ی دیسێمبەری ١٩٩٩.

(٢٠) دیمانە دەگەڵ جمال خاشقچی، جیددە، ٣ی دیسێمبەری ١٩٩٩.

(٢١)دیمانە دەگەڵ "أبو الأنس"، لەندەن، ٢٠٠٠.

(٢٢) دیمانە، عمان، ٣ی ئایاری ٢٠٠٠.

(٢٣) ڕۆبێرت فیسک، سەربەخۆ، ١٩٩٣.

(٢٤) لە دوای ٩/١١ چیی تر سوریا پشتیوانی ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانی نەکرد و زانیارییەکانی خستە بەردەستی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و بەمەش واشنتن بۆ ماوەیەکی کورت پاڵەپەستۆی لەسەر کەم کردەوە. هەرچەندە CIA ناقایل بوو، بەڵام پارێزەرە تازەکان ڕێکخستنەکانیان هەڵوەشاندەوە. سوریا زانیاری لەبارەی ٦٠,٠٠٠ ئیسلامی توندڕۆی گەیاندە ئەمەریکا. هەندێکیان سەر بە "إخوان المسلمين" بوون. ئەوانەی گەیشتنە ئیسپانیا، لێیان ئاشکرابوو کە دەستیان لە تەقینەوەکانی مەدریدا هەبوو، دەگەڵ محەمەد عەکاش دا کۆ بووبوونەوە.

(٢٥) کۆمسیۆنی ٩/١١ی سەر بە کۆنگریس گوتی: (لە نزیکەی ١٩٧٠وەرِا تا دەگاتە ١٩٩٤، بن لان سالآنە نزیکەی ١$ ملیۆنی وەردەگرت. راپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ١٧٠.

(٢٦) نیویۆرک تایمز، ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١.

ئەفغانستان موسڵمانە شلەژاوەکان و کۆتاییی شەڕی سارد

(١) لە ئایاری ٢٠٠٢دا، وڵاتە یەکگرتووەکان ویستی حکمەتیار بەهۆی مووشەکێکەوە بکوژێ. بەڵام بەر لەوەی مووشەکەکەی بەرکەوێ گەورە شەڕکەرە ئەفغانییەکاە لە شوێنەکەی خۆی لە ئێران دەرکەوتە دەرەوە و ناچار لە ژێر پاڵەپەستۆی و.ی. بۆ ئەفغانستان چووەوە. پاش ئەوەی تالیبان لە کابولیان وەدەرنا، لە ١٩٩٦دا پەنای بردە بەر ئێران، ئەمەش جێی دڵخۆشی هاووڵاتیانی ئێرانی بوو. (نیویۆرک تایمز، ٨ی ئایاری ٢٠٠٢).

(٢) دەنگی پەیامنێری ئەمەریکایی دۆن لاریمۆرە، لە ١٩٨٠کاندا بنکەکەی لە ئیسلام ئاباد بوو. دەگەڵ ژمارەیەک لەو سیخوڕە ئەمەریکاییانە یاری پۆکەر دەکا کە بەنهێنی ئامـاژەیان بەوە کـرد کـە ئەوان گـوێ لە پێـوەندییـەکـانی سـۆڤیـەتی دەگـرن. ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لە بارەگاکانیان لە ئیسلام ئاباد بوو، سوپاس و پێزانینیان بۆ هەواڵگرانی ئوسترالی و بەریتانی و کەنەدی هەبوو، چونکە بەباشتری شێوە باسی شەڕەکانیان دەگواستەوە. (دیمانە، پاریس، ٢٤ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢) بەڵام من هێشتا گومانم هەر هەیە. دوای دە ساڵ لەو کۆبوونەوە پڕ سوودەی کە لەگەڵ دیبلۆماتێکی ئەمەریکایی لە ١٩٨٨دا کردم، دووبارە چوومەوە سەردانی. داوای هەندێ زانیاری سەرنجراکێشم لێی کرد کە کاتی خۆی بۆی درکاندبووم. زانیارییەکان لەبارەی بارودۆخی ناو ئەفغانستان بوو. ئەویش گوتی: (من هەموو شتێکم دەزانی کە لە ناوەوەی ئەفغانستاندا بەڕێوە دەچوو. بەڵام هەمووییم لەو راپۆرتانە وەرگرتبوو کە رۆژنامەنووسەکانی دەچوونە ناو سنوورەکانی ئەفغانستان، بڵاویان دەکردەوە.)

(٣) WBC، دیمانەیەکی پێنج بەش، نۆڤێمبەری ٢٠٠٢.

(٤) دیمانە دەگەڵ ئەحمەد موفەق زێدان، ئیسلام ئاباد، ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠.

(٥) دیمانەیەک دەگەڵ ئەندرێس فانگە، پیشاوەر، ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠.

(٦) نوڤێل ئۆبزێرڤاتور، ١٥–٢١ی یەنایری ١٩٩٩٨.

(٧) ویڤەر، وێنەیەکی میسر، فەرار، ستراوس & گرواکس، ١٩٩٩، ل. ١٧٤.

(٨) دیمانە دەگەڵ ریچەرد مێرفی، نیویۆرک، ١٤ی دیسێمبەری ١٩٩٨.

ناسینی سەرکردەیەک

(١) بارنێت ڕ. روبن، پارچەبوونی ئەفغانستان: پێکهێنانی دەوڵەت و ڕووخانی سستمی نێونەتەوەیی، چاپخانەی زانکۆی یەیل، ١٩٩٥، ل. ١٨٧.

(٢) ڕۆبێرت فیسک، سەربەخۆیەکە، نۆڤ. ١٩٩٣.

(٣) دیمانەیەک دەگەڵ "طارق الفضلی"، أبیان، ٢٣ی سێپ. ١٩٩٩.

(٤) لە ١٩٩٦دا، پەیامنێری تایم، سکۆت مەکلیۆد قسەی دەگەڵ حەمزە محەمەدی فەلەستینیدا کرد. حەمزە محەمەد لە ئەفغانستان شەڕی کرد و لە سوودانیش بۆ ئوسامەی ئیشی کرد. کابرا لەمیانی قسەکانی خۆیدا گوتی بن لادن (هەر پارەی خۆی نەدا، بگرە خودی خۆیشی دا. ئاخر ئەو لە تەلارەکەی خۆیدا دابەزی بۆ ئەوەی دەگەڵ جووتیارانی ئەفغانی و جەنگاوەرە عەرەبەکاندا بژی. لەگەڵ ئەواندا چێشتی لێ دەنا، دەگەڵیاندا لەسەر یەک خوان دادەنیشت و خواردنی ئەوانی دەخوارد، لەگەڵیشیاندا سەنگەری لێ دەدا.) تایم ٦ی ئایاری ١٩٧٦.

(٥) Ibid

(٦) دیمانە دەگەڵ خالید بەتارجی، جیددە، ١٢ی دیس.، ١٩٩٩.

(٧) دیمانە دەگەڵ جەمال خاشۆگی، ڕیاد، ٤ی دیس.، ١٩٩٩.

(٨) دیمانە دەگەڵ جەمال ئیسماعیل، ئیسلام ئاباد، ١٨ی تەمووز، ١٩٩٩.

(٩) دیمانە دەگەڵ باونۆوا، لەندەن، ٢٠ی شوبات، ٢٠٠١.

لە پاڵەوانێکەوە بۆ گێرەشێوێنێک

(١) دیمانەیەک دەگەڵ "طارق الفضلی"، أبیان، ٢٣ی سێپ. ١٩٩٩.

(٢) بۆب ودوورد، پێچە: شەڕە نهێنییەکانی CIA 1981-1987، سایمۆن & شەستەر، ١٩٨٧، ل. ٢١٥.

(٣) شازادە ترکی فەیسەڵ، لە دیمانەیەکی ٥ بەشی تەلەڤزیۆنی سعوودی WBC و لە Arab News, لە ٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١دا دەستی پێ کرد.

(٤) هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

(٥) نیویۆرک تایمز، ٢٢ی دیسێمبەری ٢٠٠١.

(٦) نیویۆرک تایمز، ٢٧ی دیسێمبەری ٢٠٠١.

(٧) جەنرال هـ. نۆرمەن شوارزکۆف، پاڵەوانێک نابا، بانتام بوکس، ١٩٩٣، ل. ٣٧٩.

(٨) ئەو زانایانەی کە دەیانگوت ناموسڵمانان تەنیا لە چوونە ناو مەکە و مەدینەدا قەدەغە کراون نەک لە سەرتاسەری مەملەکەتەکەیان لە ئوسامە و هاوبیرەکانیان نەبردەوە.
(٩) دیمانە دەگەڵ شێخێکی یەمەنی کە لە ١٩٩٠ەکاندا، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ناوە ناوە بۆ سەردانیکردنی بن لادن بۆ جیددە دەچوو. "صنعاء"، ١٩ی سێپتێمبەری ١٩٩٩.
(١٠) دیمانە دەگەڵ جەمال ئیسماعیل، ئیسلام ئاباد، ١٩ی تەمووز، ١٩٩٩.
(١١) وڵاتە یەکگرتووەکان نەگەیشتە ئەو ڕاستییە کە ئوسامە بن لادن (لەو پارەیە نەبوو کە بە میرات بۆی مابووەوە) لە کردەوەکانیدا خەرج دەکرد، تا ئەو کاتەی کە ئەنجوومەنەکە دوو جاران سەردانی عەرەبستانی سعوودی لە ١٩٩٩ و ٢٠٠٠دا کرد. پاشتر کارمەندانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و گەنجینە دیمانەیان دەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بن لادن کرد ئینجا ڕاستییەکەیان بۆ ئاشکرا بوو. تیمەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان زانی کە خانەوادەی بن لادن ئەو بەشەی ئوسامە بن لادنیان فرۆشتبوو کە لە باوکییەوە بۆی جێ مابوو. ئەوەی پێوەندیشی بە حکوومەتی سعوودیەوە هەبوو، ئەوە بوو کە حکوومەتەکە پارەکەی لە ئەکاونتێکی تایبەت دانابوو، پاشان لە ١٩٩٤دا بلۆکی کردبوو. ب) (ئەو چەشنە سزادانە دەسەڵاتی بن لادنی بەسەر ئەو هەموو سامانەدا نەهێشت؛ ئەگەر بەدەستییەوە بمابا ڕەنگبوو سامانێکی بێ ئەندازە با.) ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ١٢٢ و پەراوێزی ٧٠، ل. ٤٨٣؛ و ب) ل. ١٧٠ و پەراوێزی ١١٣، ل. ٤٩٧.

سوودان، حەشارگەی ئیسلامی

(١) ئافریکا کۆنفیدێنشیاڵ، ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠، لە ١٨ی دیسێمبەری ١٩٩٩دا تورابی گوتی: (ئەو "سەرۆک عومەر حەسەن ئەحمەد ئەلبەشیر" چووە تەلارەکە و منیش چوومە زیندان بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە "بەرەی نەتەوەیی ئیسلامی" پشتگوێ نەخرێ.)
(٢) گەڤاهی، دادگاییکردنی تیرۆریستەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لە نیویۆرک، گەڕەکی باشووری نیویۆرک، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئوسامە بن لادن.، ٧ی شوباتی ٢٠٠١.
(٣) وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان، ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩.
(٤) گەڤاهی، دادگاییکردنی تیرۆریستەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لە نیویۆرک، ٧ی شوباتی ٢٠٠١.

(٥) بەڵگەنامەکانی ڕژێمە ڕادیکاڵە کۆنەکەی (بان)ی سوودانی. بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە خەرتوم لە یەکگرتووەکان کلیۆ نۆوێل، یاریدەدەرەکەی، کێرتس مۆر، ئەیلولی ڕەش بەرپرسی بەلجیکییان لەوێدا کوشت. ئۆپەراسیۆنەکە واشنتنی دوور خستەوە و چەندین دەیە دانانی بەبەرەی ڕزگاری فەلەستین دوا خست.

(٦) بەپێی بەڵگەیەکی وەزارەتی دەرەوە لە ١٤ی ئابی ١٩٩٦دەرچووە، ئوسامە کرێی گواستنەوەی لە نێوان ٣٠٠ بۆ ٤٨٠ جەنگاوەری ئەفغانی عەرەبی دێرینی لە پێشاوەرەوە بۆ خەرتوم دا.

(٧) تۆرابی باوەڕی وا بەسونەکان هێنابوو کە خۆی هەرگیز لەو بیانییە باوەڕپێکراوانەی نەشاردووەتەوە کە لە ناخیەوەڕا هەستی بەبێ بەهایی ئەو لێکدانانەوە کردووە کە شیعەکان بۆ ئیسلام دەیکەن. (دیمانەیەک لە پاریس دەگەڵ ژان گیغای پەیامنێری پێشووی لو مۆند، ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٢)

(٨) هەندێ جار ئەم جۆرە پاڵەپەستۆیە بەپێچاوەنەوە کار دەداتەوە. چونکە ئەگەر بگەڕابانەوە وڵاتەکانی خۆیان دووچاری زیندان یان ڕەنگە کرداری خراپتریش بوونایەوە، بۆیە زۆربەی جیهادییەکان لە سوودان و لە یەمەن خۆیان بۆ ماوەیەکی کاتی حەشار دا. کەچی میسر بەبەردەوامی داخوازی ناردنەوەیانی دەکرد. هەندێکیشیان بەرەو بۆزنیا و چێچنیاوە چوون بۆ ئەوەی ئەرکی جیهادی خۆیان تەواو بکەن یان هەر بۆ ئەوەی کە نەکەونە بەر چنگی حکوومەتەکانی خۆیانەوە کە هەرگیز لێبووردنیان نییە.

(٩) بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکان تاوانی کوشتنی دوو کارمەندی USAIDی کە بەڕەگەز سوودانی بوون، خستە ئەستۆی Erwa وە. هەردوو سوودانییەکە لە پایتەختی باشووری وڵات، جوبادا کوژران. ئەوەبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان سزای ئابووری لە ساڵی دواتر بخاتە سەر سوودانەوە.

(١٠) دەیڤد شن، کە ئەو کات بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا بوو لە وەزارەتی دەرەوە و ئامادەی خوانی خاترخاستنی کارنی بوو، گوتی: (من گومانم هەبوو کە ئەم خوانڕێزە هیچ بکا و سەرم سوڕما کە داوا کرا ئوسامە لە وڵات دەربکەنە دەرەوە.) پێوەندییەکان دەگەڵ شین، ٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.

(١١) پێوەندییەکی تەلەفۆنی دەگەڵ باڵیۆز کارنی، ٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.

(١٢) ئال سعوود لە ١٩٩٤دا ڕەگەزنامەیان لە ئوسامە ساندەوە و بەم چەشنە پێوندییان دەگەڵدا بڕی و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئیتر نایانەوێ بگەڕێتەوە مەملەکەتەکەیان.

(دیمانەیەک دەگەڵ سوودانییەک کە لە دانوستانەکەدا پشکدار بوو. نیویۆرک ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.

(١٣) دەمەتەقێ دەگەڵ دیبلۆماتێکی ئەمەریکایی کە لەو دەم لە دژەتیرۆر کاری کردووە، پاریس، ١٢ی سێپتێمبەری ٢٠٠١.

(١٤) دەمەتەقێ دەگەڵ باڵیۆزە ڕۆژئاواییەکان لە خەرتوم، سێپتێمبەر ١٩٩٩.

(١٥) هەرگیز دادگەی نیویۆرک بانگی محەمەدی نەکرد بۆ ئەوەی گەڤاهی بدا، لە بری ئەوەوە متانەی بەگەڤاهییەک کرد کە دوای سوێندخواردن نووسرابووەوە. محەمەد بووە شایەدی کێشەکە و لەبری ئەوەشدا حوکمەکەی سووک کرا.

(١٦) دیمانەیەک دەگەڵ گەورە سەرچاوەیەکی پۆلیسی فەرەنسی، پاریس، ٢٣ی شوباتی ٢٠٠٢.

(١٧) ڕۆژنامەنووسی سعوودی جەمال خاشوگی دەڵێ کە ئوسامە لە نێو خەڵکی و بەتەنیاش شانازی بەوە دەکرد کە ئەلقاعیدە لە سۆماڵ لە دژی ئەمەریکاییەکان شەڕی کردووە. بەڵام بەبۆچوونی خاشوگی ئەلقاعیدە لە سۆماڵ کارێکی دیاری ئەنجام نەداوە. (دیمانەی تەلەفۆنی، لەندەن، ٢٨ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣) تاکە چالاکی ئاشکرای ئەلقاعیدە بریتی بوو لە شوێنێکی مەشقکردن لە کێنیا لە ناوچەیەکی دووری مەیدانی شەڕی مەگادیشۆ و ناوەندە پڕ دانیشتوانەکانی ترەوە. یەکێک لە مەشقدەرەکانی ئەلقاعیدە ئیسلامی بوو توندوتیژی لە دژی میلیشیاکانی محەمەد فارح عیدید نواند. باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕۆبێرت ئۆکڵی، کە لەمێژە لە بواری دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکان شارەزا و پسپۆڕە؛ ڕەوانی مۆگادیشۆ کرا و دەیتوانی بگاتە دەزگاکانی هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ئۆکڵی بەچڕی لێکۆڵینەوەی لە بەڵگەکاندا کرد و بۆی مسۆگەر نەبوو کە ئەلقاعیدە هیچ ڕۆڵێکی لەو مەیداندا هەبووبێ. (دیمانەیەک لە واشنتن، دیسی، ١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩.) سکۆت پیتەرسۆن، پەیامنێری کریستیان سایەنز مۆنیتەر بوو، لە سۆماڵەوەڕا ڕاپۆرتی لەبارەی چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنارد و دوای چەند ساڵێک گەڕاوە ئەوێ بۆ ئەوەی لە ڕاستی ئەو پاگەندانە بکۆڵێتەوە کە ئەلقاعیدە پشکداری شەڕەکانی سۆماڵی کردووە. پیتەرسۆن گوتی یارمەتیدەرانی عێدید زۆر لەوە تووڕە بوون کە پێیان گوترا یارمەتی سەربازی ویستووە و گوتیان یارمەتییان لە هیچ لایەنێکەوە بۆ نەهاتووە و یەکەم جاریش ناوی ئوسامەیان بیستبێ لە دوای پەلامارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا بووە. (دیمانە،

عـمـان، ٢٥ی نۆڤـێـمـبـەری ١٩٩٩) ئوسـامـە بانگێـشـتـەی بۆ ئەوە دەکرد کـە جـەنگاوەرانی عیدید ئەوانـەی هێلیکۆپتـەرەکەی جۆری ڕێنجـەریان پێکا ئەلقاعیدە مەشقی دابوون ئەو قسانەی خۆیان بووبووە بنەمای ئەوەی کە دەستەی باڵای دادگە لە حوزەیرانی ١٩٩٨دا تاوانەکە بخاتە سەر ئەستۆی ئوسامەوە. تەماشای ڕاپۆرتی کـۆمـســیـۆنی ٩/١١ بکە. ل. ٦٠ و پەڕاوێزی ٤٦، ل. ٤٦٨ باسی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵگریانە دەکا کە پێوەندییـان بەم باسـەوە هـەیە و بەشێـوەیەکی دیاریش ئەوەی پێوەندیی بەڕۆڵی ئەلقاعیدەوە هەیە.

(١٨) گەڤاهی، دادگاییەکەی تیرۆریستانی ئەفریقیای ڕۆژهـەڵات لە نیویۆرک. ٢٠٠١.

(١٩) دیمانە دەگەڵ دیبلۆماتێکی سوودانی، نیویۆرک، ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.

(٢٠) هەمان سەرچاوە.

(٢١) دیمانە دەگـەڵ سـەرنووسـەری "القدس العربی، عبدالباری عطوان"، لەندەن، ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩.

(٢٢) دیمانە، خەرتوم، ٧ی سێپتێمبەری ١٩٩٩.

(٢٣) وەزارەتی ناوەخۆ لە ئابی ١٩٩٦دا، خودی ئوسامەی بەتیرۆریستێک نەناساند، بگرە بە(یەکێکە لە دیارترین پارەبەخشی ئیسلامییـە توندڕۆیەکان لە هـەمـوو دنیـادا.) تەنانەت ئەوکـاتیش تیرۆریزم پشتگوێ نەخرا. (واشنتن پۆوست، ٣ی ئۆکتـۆبەری ٢٠٠١.

(٢٤) هەمان سەرچاوە.

(٢٥) ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ١٠٩.

(٢٦) هێشـتـا ڕاپۆرتێکی لە ڕۆژی ١ی تەمـووزی ١٩٩٦ دا بـاس لەوە دەکا کە هـزرەکانی فـەزل وەک (گومـرەگە زێڕەکەی) جاران نەمـاوە؛ گوتی، (ئێمـە هـیچ سـەرچاوەیەکی یەک لایەنەی نزیکمـان دەگەڵ ئوسـامەدا نییـە.) بڵ گێرتز، دارمان: هـەرەسـهێنانی هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەزاندنی تیرۆری جیهانی، پلیوم، ٢٠٠٣، ل. ١٠.

(٢٧) سـەرۆکی پێـشـووی دژە تیـرۆریزمی CID و کـە بۆ مـاوەیەکـیش لە خـەرتوم کـاری کردووە، کۆفەر بلاک لە میانی گەڤاداری لە پێش ئەو پانێڵە هاوبەشەی کۆنگرێسدا کە لە هۆی هـەرەسـهێنانی هـەواڵگری دەکۆڵییەوە گوتی کە بەرپەرچی هـەوڵێکی زۆری (پیاوە خـوێنرێژەکانی ئوسـامـەی داوە)و نەیهێشت لـە ١٩٩٥دا لە خـەرتوم بیکوژن. (واشنتن پۆوست، ٢٧ی سـێپتـێمـبـەری ٢٠٠٢.) پاشتـر بـلاک بووە بەڕێوەبەری دژە تیرۆریزم لە وەزارەتی دەرەوەدا. سەرچاوە

(٢٨) دەمەتەقێیەکی تەلەفۆنی دەگەڵ بەرپرسێکی پێشوو، واشنتن، ٢٠ی سێپتێمبەری ٢٠٠٢.

(٢٩) زۆربەی ئەو یارمەتییە هەرگیز نەگەیشت. کاروانێکیان کە زۆر گرینگ بوو لە باری چوار فڕۆکەی –پێک هاتبوو. تەنیا دووانیان گەیشتن، چونکە ئیتیۆپیا دووەکەی تری بۆ شەڕەکەی لە ١٩٩٠دژی ئێریتێریا لە دا بەکار هێنان. (پێوەندیی دەگەڵ دەیڤد شن، ٣١ی ئایاری ٢٠٠٣.)

(٣٠) ئیـیـاز نکووڵی لەوە دەکـا کـە مـەیلی نەفـتی سـوودانـی هـەبێ، بەڵام ئەوانەی زۆر شارەزای کاروباری سوودانن، گومانیان لێی هەیە.

(٣١) دیمانەی تەلەفۆنی، واشنتن، ٢ی نۆڤێمبەری ١٩٩٩.

(٣٢) ڤانیتی فێر، یەنایری ٢٠٠٢.

(٣٣) دیمانـەی تەلەفـۆنی دەگـەڵ بەرپرسـێکی پێـشـووی بەڕێوەبەرایەتی کلنتن، ٩ی حوزەیرای ٢٠٠٢. گەورە بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوە وەبیری هاتەوە کە لە درەنگی ١٩٩٩دا، بەدەوری پیکەرینگ دا خـولایەوە و قـایل بوو کـە سـتـافی وێسـتگەی خـەرتووم نوێ بکاتەوە. بەبەردەوامی دەبێ لە کـارمـەندەکـانی خـۆی بەڕێوەبەری ئەو بنکەیە بێت. (دەمەتەقێی تەلەفۆنی، ١٩ی یەنایری ٢٠٠٤).

(٣٤) دیمانە دەگەڵ قوتبی مەهدی، بەڕێوەبەری بەشی دەرەوەی هەواڵگری، خەرتوم، ٨ی سێپ. ١٩٩٩.

(٣٥) ڕیچەرد کـلارک گوتی کلنتن پێشنیـازەکەی سەبارەت بەپەلامـاردانی بەمـووشـەکی مـاندەڵ کـرد. ئەو گـێـرە و بێـشـەیەش کە لەبارەی مـۆنیکا لوینسکی لەئارادا بوو خستییە پشت گوێیانەوە و لە کلارکی پرسی: (تۆ باسی گرفتی سیاسیم بۆ دەکەی یان کـێـشـەی تایبـەتی خـۆمم وەبیـر دەهێنییـەوە؟) لە پاشـان ویستی بزانی ئایا لێدانەکەی بەمـووشـەک سوودی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەبوو. کە دڵنیا کرایەوە کە سـوودی هـەبووە، کلنتن گـوتی: (کـەواتە بچـۆ ئـەنجـامی بدە.) (دیمـانـەی تەلەفـۆنی دەگەڵ کلارک، واشنتن، ٨ی یەن. ٢٠٠٣).

(٣٦) دیمانە دەگەڵ خانمی مەک ئیلێگەت، واشنتن، ١٩٩٩، ٢٠٠٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣. مەک ئیلێگەت وەک کارمەند و نوێنەری فەرمی سوودان لە واشنتن کاری کرد تا لە ١٩٩٧دا سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسـەر سوودان کـەوتە ئیش و ئیتـر ئەو خانمە چیی تر نەیتوانی ڕۆڵەکەی خۆی بگێڕێ. خۆی دانی بەوە دانا کە پێوەندیی دەگەڵ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی کلنتن باش نەبوو. ئەم هەستە دوولایەنە بوو: لە

کۆتاییدا خانمەکە دانی بەوە دانا کە (بارێک دۆکیومێنتی) دەگەڵ خۆیدا بردە ئۆفیسی دادوەری تایبەت کێنپ ستار لە واشنتن، لە میانی تۆمەتبارکردنی بەخیانەت (هەرچەندە هیچی بەلای ئەویشەوە نەچوو.) خانمی مەک ئیلێگەت وەک ڕاوێژکاری تایبەت بەخەرتوم ماوە، بەڵام بەشێوەیەکی نافەرمی بوو. گوتی جارێکیان ئەندامێکی بیورۆی کاروباری ئەفریقیا لە وەزارەتی دەرەوەدا هەڕەشەی زیندانیکردنی لێ کرد؛ چونکە شێوە دیبلۆماسییەکی تایبەتی قەدەغەی پەیڕەو دەکرد. ئەویش وەڵامی داوە و گوتی: (برۆ زیندانیم بکە... بەڵام پاش ئەوەی کە جیمی کارتەر و جێسی جاکسنی دەگری.) ئاخر هەردووکیان دەستیان لە کاروباری پێوەندیی سوودانی-ئەمەریکایان وەردا و دەست تێوەردانەکەشیان زۆر زەقتر بوو؛ چونکە بەئاشکرا وایان دەکرد.

(٣٧) دەمەتەقێی تەلەفۆنی، ٨ی یەن. ٢٠٠٣.

(٣٨) دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ کاربەدەستێکی پێشوو کە پەلامارەکەی سەلماند، واشنتن، ٢٣ی یەن. ٢٠٠٣.

(٣٩) دیمانە دەگەڵ گەورە کارمەندێکی سوودانی، نیویۆرک، ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٢، و دەمەتەقێ دەگەڵ بەرهەمهێنەری کرێستۆفەر ئایشەم کە بارودۆخەکەی دەگەڵ ئۆونێڵدا تاووتوو کرد.

(٤٠) دەمەتەقێی تەلەفۆنی، واشنتن، ٢٢ی ئەن. ٢٠٠٣.

(٤١) بەقسەی کلارکی، بۆچوونی کاربەدەستانی CIA لە واشنتن وابوو کە تەنیا شێست دەقیقە، گەورە سیاسەتسازی ترش هەن دەڵێن نەوەت دەقیقە بەر لە هێرشەکە ئوسامە بۆی دەرچوو. بەڵام گەورە کارمەندێکی CIA کە لە هەرێمەکەدا کاری دەکرد پێی گوتم ئوسامە یەکسەر لە دوای پەلامارەکانی سەر هەردوو باڵیۆزخانەکان، خۆی شاردەوە و لە هیچ شوێنێکی نزیکی ئەو کامپانە نەبوو کە وەبەر پەلامارەکانی ٢٠ی شوباتیدا کەوتن. (دەمەتەقێی تەلەفۆنی، واشنتن، ١١ی نۆڤ..) هەرچەندە هەمان سەرچاوە جەختی کردەوە کە پێشوەختە حکوومەتی پاکستان لە ئۆپەراسیۆنەکە ئاگەدار نەکراوە، کلارک گوتی کە (چاکترین هەواڵگری) خۆی گەیاندوویەتییە ئەو ڕایەی کە سەرۆکێکی خانەنشینی ، ڕەنگە جەنراڵ حەمید گوڵ بێت، بەهەر شێوەیەک بووبێ بۆی ئاشکرا بووە کە هێرشەکە مسۆگەر بووە و ئوسامەی لەوە وریا کردووەتەوە کە پەلامار دەدرێ. (نیویۆرک، ٨ی ئابی)

(٤٢) دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ گەورە بەرپرسێکی پێشوو، واشنتن، ٢٠ی سێپ. ٢٠٠٢.

(٤٣) وتووێژ، واشنتن، ٢٥ی شوبات، ٢٠٠٠.

(٤٤) ئەو گوتەگۆتەی سەبارەت بەوە دەکرا کە هەر کەسێکی سەر بەبەڕێوەبەرایەتی دەیتوانی کێشەی هەرە سەرەکی وڵات پشتگوێ بخا و بایەخ بەو هەوڵانە نەدا کە بۆ شارەزابوون لە پەلامارە تیرۆریستییەکان دەکرا، ڕایسی زۆر تووڕە کرد؛ چونکە چەند کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوەی تێدا کوژرابوو. نزیکەی چوار ساڵ پاشتر ڕایس خۆی پێی گوتم: (هیچ ڕەوا نییە بۆ وەزارەتی دەرەوە یان هەر ئۆرگانێکی تری حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوەندی ئەم هەموو خەم و پەژارەی کوژرانی ئەو هاووڵاتییانەی ئێمەدا، بەدوای هەر سەرەداوێک نەکەوێ، جا با لە هەر کوێوەڕا دەست پێ بکا.) (دەمەتەقێی تەلەفۆنی، واشنتن، ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٢)

دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ گەورە بەرپرسێکی پێشوو، واشنتن، ٢٢ی یەن. ٢٠٠٣.

گەورە بەرپرسێکی هەواڵگری فەرەنسی تێبینی ئەوەی کرد کە ئەو چەشنە هەواڵگرییە زۆر لەگینە کاری تێ بکرێ، جا بەهبوودی بێ یان بەهەڕەشە. گوتیشی کە گرفتی گەورە لەوەدا خۆی دەنوێنێ (ئەگەر یەکێکت نەبێ کە شارەزای شوێنەکە بێ، تۆ چۆن بەچاکی لەو هەزار هەزار لاپەڕانە تێ دەگەی؟) دیمانە، پاریس، ١٤ی ئابی ٢٠٠٢.

(٤٥) واشنتن پۆوست، ١٧ی ئاداری ٢٠٠٠.

(٤٨) گەورە کارمەندێکی خانەنشینی زۆر ڕێزداری CIA گوتی موخابەراتی میسری نموونەیەکی خۆڵی خستە بەر دەست کە EMPTAی تێدا هەبوو. لەو کاتدا میسر خولیای هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی کوشتنی موبارەک بوو، بەڵام زۆر بەپەلە ویستی تۆڵە لە خەرتوم بکاتەوە. (ئیمەیلی ئاڵوگۆڕ کراو دەگەڵ کارمەندێکی پێشوو، ١٦ی ئاداری ٢٠٠٣)

(٤٩) دەیتلاین، ٢٩ی دیس.. ١٩٩٩.

(٥٠) دیمانە، ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.

(٥١) دەمەتەقێی تەلەفۆنی، واشنتن، ٢٠ی یەن. ٢٠٠٤.

(٥٢) تەلەفۆن و ئاڵوگۆڕکردنی ئیمەیل، لە١١ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣وەڕا دەست پێ دەکات.

(٥٣) جەخت کراوە کە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان هەرگیز لێکۆڵینەوەی دەگەڵ دوو پیاوەکەدا نەکرد و بەرپرسێکی سوودانی گوتی: (FBI تا ئەوپەڕ شەیدای ئەوە بوو کە هەردوو پیاوەکە ببینێ، تا ئیمڕۆش دەزانن کە هەلێکی گرانبەهایان لەدەست دا و لێشی پەشیمانن.)گوتیشی وتووێژ دەگەڵ پێش کەوتبوو. دیمانە، نیویۆرک، ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.

(٥٤) پەیامی ئیمەیڵ و دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ FBI کەمال حەیدەری، ئیسلام ئاباد، ٧ی یەن. ٢٠٠٣.

(٥٥) ئاڵوگۆڕی ئیمەیڵ و دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ جانێت مەکئێلیگۆت، واشنتن، ٢٥ی نۆڤ. ٢٠٠٢.

(٥٦) میسر زوو وازی لە هەڕەشەکردنی لە (بان) هێنا؛ چونکە لەوە ترسا نەکا دراوسێیەکەی لای باشووری هەوڵ بدا گێرەشێوێنی پتر لە وڵاتدا پەیدا بکا.

(٥٧) ڤانیتی فێر، یەن. ٢٠٠٢. باڵیۆز کارنی باسێکی نەنووسراوی تری پێشکێش کرد، بەڵام نە باسی ئەلقاعیدە و نەباسی ئوسامەی تێدا هەبوو. (پێوەندییکردن دەگەڵ دانەری ئەم کتێبە، ٢٠ی نۆڤ. ٢٠٠٢).

(٥٨) ئەو ئارەزووە میکیاڤێلییانەی کە تورابی سەبارەت بەکێشەکە هەیبوو بۆی روون کردینەوە کە دوو ساڵ پێشتر چۆن هەڵسوکەوتی دەگەڵ ئوسامەدا کردبوو. تورابی پێی گوتم کە فەڕەنسییەکان بەڵگەیان پێ نیشان دابوو، (من بەکارلۆسم گوت بەزووترین کات بڕوا.) تورابی بەتەواوەتی دەیزانی کە تورابی هیچ شوێنێکی نەبوو کە بۆی بچێ. بەڵام کە جاری دووەم زانی کە کارلۆس هێشتا هەر لە خەرتوم مابووەوە، خۆی وا نیشان دا کە حەپەسا. تورابی پێی گوتم: (من گوتم 'چونکە نەیویست تێ بگا، تەسلیمی فەڕەنسای بکەن.' ئەمەش بڕیارێکی زەحمەت نەبوو.) ڕەخنەی زۆر توند لە تورابی گیرا، چونکە خیانەتی لە کارلۆس کرد. بەڵام بیانووی تورابی ئەوە بوو کە کارلۆس موسڵمان نەبوو؛ بۆیە هیچ گرفتێکی نیهادی لەلای تورابییەوە نەبوو. هەر بەهەمان بیانوو بوو کە سعوودیە و یەمەن نەیاندەهێشت ناموسڵمانەکان لێکۆڵینەوە دەگەڵ ئەو تیرۆریستانەدا بکەن کە هەندێکیان هاووڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانیشیان کوشتبوو. (دیمانە، واشنتن پۆست، ٣ی ئایاری ١٩٩٥) گوترا کە فەڕەنسییەکان سوپاسی (بان)یان کردبووو چەک و وێنەی ساتیلایتی سەنگەرەکانی یاخیبووەکانی باشووریان پێیان دابوو. بۆ سوودی پتر، جەنراڵ فیلیپ ڕۆندۆت کە چەندەها ساڵ بوو بەدوای کارلۆسدا عەوداڵ بوو و دانوستانیشی لەبارەیەوە دەگەڵ تورابیدا کرد، پاداشتی ئەوەی پێ درا کە بەدوای ئوسامەشدا بکەوێ. فەڕەنسییەکان ئاگایان لە زۆربەی چالاکییە موخابەراتییەکانی ڕۆژئاوادا هەبوو. (دیمانە دەگەڵ گەورە بەرپرسێکی فەڕەنسی، پاریس، ١٤ی ئابی ٢٠٠٢).

(٥٩) واشنتن پۆوست، ٢٧ی ئابی ١٩٩٨.

(٦٠) دیمانە دەگەڵ Arab News و تەلەڤزیۆنی WBC، نۆڤ. ٢٠٠١. ئوسامە

پێداهەڵگوتنەکەی گەڕاندەوە و گلەیی لە ئال سعوود کرد.

(٦١) دیمانە، ئیسلام ئاباد، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٩و ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠.

(٦٢) گەڤاهی، داگاییکردنی تیرۆریستەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات لە نیویۆرک، ٢٠٠١.

(٦٣) دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ کارمەندێکی پێشوو، واشنتن، ٢٠ی سێپتێمبەری ٢٠٠٢.

(٦٤) گەڤاهی، دادگاییکردنی تیرۆریزمی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات، شوبات ٢٠٠١، نیویۆرک.

(٦٥) بەپێی شەریعەت، ئوسامە هیچ بەشێکی لە "الشمال" دا نەبوو چونکە بانکداری ئیسلامی ڕێی ڕیبا نادا.

(٦٦) ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ١١/ ٩، ل. ٦٦.

(٦٧) بەڵام بەقسەی تیمۆتی کارنی کە لە کاتێکدا بریکاری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بوو لە ١٩٩٥بیورۆی باشووری ئاسیا لە دا وەبیری هاتەوە هەوڵی ئەوەی دەدا تا بێ نەوایەکان بوەستێنێ، چونکە لە ڕاستیدا زۆری هەبوون، (پێوەندی، ١٨ی نۆڤ. ٢٠٠٢).

(٦٨) جەمال ئیسماعیل، پێشاوەر، ١٣ی تەمووزی ١٩٩٩.

(٦٩) خاڵەکانی تری یاداشتنامەکە هەمان شێوەی موخابەراتی دەستنیشان کرد کە بەڕێوەبەرایەتی کلنتن بڕیاری دابوو بەمەبەستی پێوەندیکردن دەگەڵ (بان)دا لە ١٩٩دا جێبەجێی بکا. (ناو و کاتی گەیشتن و ڕۆیشتن و دوا قۆناغ و زانیارییەکانی ناو پاسپۆرتی ئەو موجاهیدانەمان بدەنێ کە ئوسامە بن لادن هێنایانە سوودان. (واشنتن پۆوست، ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١).

جەزایر: وەرزش و میوزیک

(١) دیمانە، واشنتن، ٥ی یەنایری ٢٠٠٠.

(٢) لە ١٩٦٠کاندا، سەرۆک هەواری بومیدییەن مامۆستای فێرکردنی زمانی عەرەبی لە میسر و لە سەرجەم وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هێنا بۆ ئەوەی لە قوتابخانە جەزایرییەکاندا لە شوێن زمانی فەڕەنسی زمانی عەرەبی بڵێنەوە. هەندێ لە مامۆستایە میسرییەکان ئەندامانی "إخوان المسلمین" بوون؛ حکوومەتی میسریش شادمان بوو کە ئەو ئیخوانانەی لە کۆڵ بوونەوە. پرۆگرامەکە نەوەیەکی دەرخست کە لە (هەردوو زمانان نەخوێندەوار بوون.)

(٣) دوای نیو دەیە هۆشدارییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی سەبارەت بە سەفەرکردن بۆ جەزایر لادرا و فەرمانەکە وابوو کە(دەبێ سەفەری کاروانی _فەرمی بەناو شاری

جەزایردا دەبێ بە هۆی قەمەرەی زرێپۆشەوە بێت و ئاسایشی گونجاویشی بۆ ڕێک بخرێ.) ڕێنوێنییەکە بە هاوولاتییە سڤیلە ئەمەریکاییەکانی گوت کە (نابێ بەناو جەزایردا سەفەر بکەن ئەگەر هاوولاتییەکی جەزایری ناسراویان دەگەڵدا نەبێت)و تێبینی ئەوەشی دا کە (ڕێنوێنییەکە پیاسەی بەناو شاری جەزایر و سەردەم شارەکانی تریشی دەگرتەوە.)

(٤) گەڤاهی، لیبیراسیۆ، ٤ی تەمووزی ٢٠٠٢؛و لومۆند، ٥ی تەمووزی ٢٠٠٢.

(٥) تەواوترین سەربردە و ئەو باسانەی کە تایبەت بوون بە ڕژێم لە ناو (شەڕە پیسەکە La Sale Guerre)ی حبیب سویدییەدا هەیە، ئێدیسیۆ لا دو کۆڤێرت، ٢٠٠١، و لە ناو (مێژووبەندی ساڵەکانی خوێن (Chronicle des annes de Sang، دونوێل، ٢٠٠٢.

(٦) لیبیراسیۆ، ٢٤ی دیسێمبەری ٢٠٠٢.

(٧) لە بەیاننامەیەکی ١٩٩٧دا، سەرۆک وەزیران لیۆنێل ژۆسپا وتی کە لە میانی هەڵسوکەوتکردنی دەگەڵ جەزایردا، حکومەتەکەی (لەسەری پێویستە ڕێز لە قسەکانی خۆی بگرێ)، چونکە فرەنسا پێشتر ڕووبەڕووی ئیسلامییان بۆتەوە، (ئەوانە بۆ بەرهەڵستکاری کردنی ڕژێم بکوژن و توندوتیژی پەیرەو دەکەن؛ ڕژێمەکەش خۆی هێز بەکار دێنێ.) بۆیێ لە میانی کردەوە تیرۆریستییەکانی پێشوودا، (ئێمەش گورزمان بەر کەوتووە و دەبێ وریا بین.)

(٨) بەڵام وەزیری ناوەخۆ، ژا-لوی دوبغێ لە هەمان سێپتێمبەردا گوتی: (ناشێ ئەوە بەدوور بزانین کە موخابەراتی جەزایری بۆخۆی بەر لە هەموو لایەنێکی دی_ دەستی تێدا هەبێ.) و بۆمبە هەرە کوشندەکان هی ئەو بێ. (لوبیراسیۆ، ١ی نۆڤ. ٢٠٠٢).

(٩) گەورە دادوەری دژەتیرۆر، ژا- لوی برۆگێر جەختی کردەوە و گوتی: (ئێمە هەموو تۆڕەکە دەناسین.) (واشنتن پۆوست، ٢٣ی نۆڤ. ٢٠٠١).

(١٠) دووەم گەورەترین بەرپرسی ڕێکخراوی دژەسیخوڕی فەڕەنسی لە دادگەدا مکوڕبوو لەسەر ئەوەی کە فەڕەنسا لەلایەنی وەرزش و میوزیکەوە بەویستی خۆی (هەرگیز داڵدەی) نەدراوە و دانی بەوە داناو گوتی (ئێمە بۆیێ شتەکان - بە وریاییەوە - لە یەکتری هاوێر دەکەین تا بڵێین ئەو ئیسلامییانە هەموو تیرۆریستن.) زۆر لەوەش نیگەران بوو کە بە ئاشکرا دەگوترا DST عەلی تۆخێنتی بۆ خۆی بەکار هێناوە. (گریمان تۆخێنت سیخوڕێکی سەر بە ئێمە بوو، ئایا بە خەیاڵتدا دێ ئێمە خۆمان ڕێی بدەینێ بۆ ئەوەی پەلاماری خۆمان بداو کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدا) وەک ئەوەی لە دوای یەکەم تەقینەوە لە وێستگەی مێترۆی ئێکسپرێسی سانت میشێلی

نزیک کاپێدراڵی نۆتردام ڕووی دا؟ (ڕاستە ئێمە سەرچاوەکانی خۆمان دەپارێزین، بەڵام نەک تا ئەم ڕادەیە.) نکوڵی لە قسەی پارێزەری بەرگریش کرد کە گوتبووی توخێنت سیخوڕێکی جەزایرییە. (لیبیراسیۆ، ١٠ی ئۆک. ٢٠٠٢) بەڵام سەمراوی، دوای پتر لە ساڵێک، مکوڕبوو لەسەر ئەوەی کە توخێنت (نمایندەیەکی – وەرزش و میوزیک بوو ئەرکی چوونە ناو ئیسلامییەکانی هەندەرانی پێ سپێردرابوو و فەڕەنساش بەئیشەکەی دەزانی،) هەرچەندە ئەوان (ڕەنگە پێشبینی ئەوەیان لێ نەکردبێ کە هاوپیشەکەیان ئەوەندەی لە باردا بێ.) گوتیشی فەڕەنسا نەیدەزانی کامیان فەرمانی بە ئەویتریان دەدا. گوتیشی: (وا پێ دەچوو کە بەرپرسانی فەڕەنسی هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبوو بوعلیم بن سەعید بگرن و پاشان حوکمی بدەن. بن سەعید مولازمێکی سوپا بوو؛ وای دەزانی کە بۆ گیا ئیش دەکا و هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات کە بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەزگای ئاسایش کاری دەکرد،) چونکە وەرزش و میوزیک بە فەرمی لە ١٩٩٠دا دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کرد. (لیبیراسیۆ، ١٥-١٦ی نۆڤ. ٢٠٠٣)

(١١) ئەوانە شوێنی دادگایە توندەکەی ئاسایشی دەوڵەتییان گرتەوە؛ چونکە سەرۆک فرانسوا مێتران و پارتە سۆشیالیستەکەی لە سەرەتای دەسەلات گرتنە دەست لە ١٩٨١دا، پەیمانیان دا دادگایەکە هەڵوەشێننەوە. زۆری کردەوەی تیرۆریزمی لە ١٩٨٥و ١٩٨٦و هاتنە مەیدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی، حکوومەتی ڕاسترۆی ناچار کرد دادگەکان تازە دروست بکاتەوە.

(١٢) وا دیاربوو کە بروگێر بە ئەنجامی دەستکەوتە زۆرە هاوبەشەکەی موخابەرات و پۆلیس و دادوەری شادمان و پشت ئەستوور بوو، بۆیێ گوتی: (من دەتوانم – لەمیانی دوو سەعات دا– بجووڵێمەوە و پێویستیم بە ڕەزامەندی دادوەرێکی تر نییە.) (دەمەتەقێ، پاریس، ٢١ی حوزەیرانی ١٩٩٩)

(١٣) ڕیچەرد ڕێید، نموونەیەکی ناوداری دیکە بوو، ڕیچەرد ڕێید ئەو هاووڵاتییە بەریتانییە بوو کە خەریک بوو بۆمبە شاردراوەکەی نێو پێڵاوەکەی لە ناو فڕۆکەیەک و لە ڕێگەی نێوان پاریس – مەیامی لە ئاسمانی ئۆقیانووسی ئەتڵانتی لە دیسێمبەری ٢٠٠١ دا بتەقێنێتەوە. ڕێید لەمیانی لاوێتیدا لە زیندانی بریکستن، لە باشووری لەندەن بەند بوو کاتێ کە بە کاریگەری مەلایەک ئایینگۆڕی کردو بووە موسڵمان و پاشتر چووە ئەفغانستان و لەوێ ئەلقاعیدە مەشقی دا و فێری ئایینی کرد و ئینجا هاتەوە لەندەن و لەوێ ئاشنای مزگەوتی فنسبێری پارک و چەند مزگەوتێکی تری جیهادی بوو.

(١٤)پاشـتـر "أبوزبيـده جـميـل البـغلى" دەسـتنيـشـان كـرد بۆ ئـەوەی پلانی پەلامـاردانی باڵیۆزخـانەی وڵاتە یەكگرتووەكان لە پاریس دابڕێژێ و لـە بەهاری ٢٠٠٢دا جێبـەجێی بكا. البـغل هـەردوو ڕەگـەزنامـەی جـەزایری و فـەڕەنسـی هـەبوو. لە ٢٨ی تەمـووزی ٢٠٠١دا البغل لە ئەفغانستانەوەڕا دەگەڕایەوە فەڕەنسا كاتێك كە لە دوبەی دەستگیر كرا؛ وا پێ دەچوو گـرتنەكەی بە داخوازی ئـەمـەریكا بوو. بەڵام چونكە دوو سـاڵ بوو دادوەر خسـتبوویە سـەر لیسـتی خۆیەوە بۆیە بەپەلە چووە ئەوێ و دەگەڵ خۆیدا بۆ فەڕەنسای هێناوە. فەڕەنسییەكان متمانە بە ئەمەریكاییەكان دێنن بۆ ئەوەی "البغل" ڕەوانی جەزایر بكەنەوە تا لەوێ لێكۆڵینەوەی دەگەڵدا بكرێ. لە میانی لێكۆڵینەوەكەی كە لە دوبەی دەگـەڵیدا كرا و پاشـان نكوڵی لێ كرد، "البـغل" گوتی لە دوای كـۆتایی هاتنی مـەشـقكردنەكەم بو زبیدە لێی پـرسـیم ئەگـەر بتوانم (ئەركێكی شـەهیـدبوون) ڕابپـەڕێنم. (لێی پرسـیم ئایا ئامـادەی، منیش گـوتم ئـا.) یەكـەم گـەورەترین كـادری ئەلقاعیدە كە لە دوای ١١ی سێپتێمبەردا گیرا، ئەبوزوبەیدە بوو كە لە ئاداری ٢٠٠٢ و لەئەنجـامی پەلامـارێكی هـاوبەشی وڵاتـە یەكگرتووەكـان و پاكسـتـانی، لە فـەیسـەڵ ئابادا وەبەر دەست كەوت. زوو دەستی كرد هـاریكاری دەگەڵ ئەمەریكاییەكان بكا و ئەوانیش بردیانە ناوەندێكی لێكۆڵینەوە كە لە شوێنێكی نەزانراو دایە.

(١٥) ڕەسامیش بەلایەنی كەمەوە هاریكاری لە گوناحباركردنی چوار تیرۆریستی گومان لێكراوی لە بەریتانیادا كرد. یارمەتی ئەڵمانییەكانی دا بۆ ئەوەی منیر ئەلموتەسەدقی مـەغـریبی و ئەندامی شـانەی ئەلقـاعـیـدە لە هامـبـۆرگ_ تاوانبـار بكات. منیـر ئەلموتەسـەدق پلانی داڕێژەری پەلامارەكانی ١١ی سێپتێمبەر بوو. وا مەزەندە دەكرا كە ڕەنگە داوا لە ڕەسام كرابێ بۆ ئەوەی گەڤاهی لە دژی زەكەریا ئەلموسـەوی بدا. ئەلموسـەوی كابرایەكی فەڕەنسـی بەڕەچەڵەك مـەغـریبـییـە و لە ئابی ٢٠٠١ دا دوای گومان لێكردنی لە قوتابخـانەی فڕینی مـانیسـۆتا دا گیرا. (سـیاتڵ تایمز، ٢٦-٢٧ی شـوبـاتی ٢٠٠٣) ئەگـەری ئەوەش هەبوو ڕەسـام گـەڤـاهی لەسـەر زیندانیـیـە گومـانلێكراوەكانی ئەلقاعیدەی وەك - ئەبوزوبەیدە و ئەبودۆحە و گوتاربێژی لەندەنی _ئەبوحـەمزە ئەلمیـسریش دابێ. وەزارەتی داد بەبـەردەوامی دادگاییكردنی ڕەسـامی دوا دەخـست؛ چونكە ڕەسـام بۆ هاریكاریكردنی وەزارەت خـیـانەتی دەگـەڵ هـەمـوو كەسێكدا دەكرد، بۆیە دادوەر جۆون كەفناوەر كە سـەرپەرشـتی ئەو كێشـەیەی كرد پرسیاری كرد بۆ نابێ لە دوای (ئاشكراكردنی ئەو هەموو زانیارییە سوودبەخشانە) پاداشـتی ئەم كـابرایە بدرێتـەوە. یارمـەتیـدەری دادنووسی گـشـتی جـێـری دسكن بەدادوەرەكـەی گوت: (ئاشكرایە كـە حكومـەت پێویسـتی بە هێزێك هـەیە بۆ ئەوەی

هاریکاری کردنی گومبابار مسۆگەر بکات.) (سیاتڵ تایمز، ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٣)

(١٦) چونکە ڕژێمی جەزایری لەمێژە دەتوانێ یاری بە زۆرینەی ڕای گشتی و سیاسەتسازانی فەرەنسی بکات و دەشتوانێ داهومی بۆ بەرپاکردنی جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ولاتە یەکگرتووەکاندا بەکار بێنێ کە دەشێ شوێنی هەڵبگیرێ و ببرێتەوە بۆ لای ئیسلامییە جەزایرییەکان، بۆیە ڕەنگە بتوانێ قەناعەت بە کارمەندانی ولاتە یەکگرتووەکان بکات بۆ ئەوەی یارمەتی (قەلاچۆکاران) بدەن. ١١ی سێپتێمبەر هەمان ئاواتی جێبەجێ کرد، چونکە ولاتە یەکگرتووەکان دەستی پێ کرد ئەو یارمەتی و تفاقانە بۆ ڕژێمی جەزایر بنێرێ کە چەندین ساڵ بوو لێی قەدەغە کرابوو. وا دیار بوو ئەو کارمەندە ئەمەریکاییانەش کە لێکۆڵینەوەیان دەگەڵ داهومیدا کرد، بەهەمان شێوەی لێ تێگەیشتبوون. (بەقسەی واشنتن پۆوست، ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٢، لە ناوەڕاستی ١٩٩٢دا، فەرماندەی ولاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا پێشوازی لە شەس جەنراڵی جەزایری کرد کە هاتبوون تێکنۆلۆژیای شەوبین -night vision یان دەخوازی، بە قسەی واشنتن پۆوست، ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٢. هاریکاری بەپەلە خونچەی دا. لە ٢٠٠٤، لەشکرێکی هێزی تایبەتی ئەمەریکایی بەهاریکاری هێزەکانی جەزایری ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییان لە بیابانی سنووری نێوان جەزایر و مالی و چاد و نایجەردا ئەنجام دا بۆ ئەوەی بەدوای ئیسلامییەکی جەزایری بە ناوی "الثارا" دا بچن کە گرووپێکی جەرمانییان بۆ پارە ڕفاندبوو.)

(١٧) لە ناوەڕاستی ١٩٩٠وەوەڕا تا کۆتایی هەمان ساڵ، ئوسامە هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی ناوبژیوانی گرووپە ئیسلامییە ڕکەبەر rival ەکانی جەزایر بکات. هەرچەندە گیا لەبەر زەبری هێزەکانی ئاسایشی جەزایری زۆر لاواز بووبوو بەلام هێشتا قایل نەبوو یارمەتی دارایی لە ئوسامە وەربگرێ، چونکە نەیویست خۆی بخاتە بەر دەسەلاتی ئایدیۆلۆجی و سەربازی ئەلقاعیدەوە. بەلام ئوسامە توانی ڕێشمە بخاتە لغاوی ئەو ڕێکخراوەی کە جێی گیای گرتەوە و ناوی گرووپی سەلەفی بۆ شەڕ بوو. ئەو گرووپە لە ١٩٨٩دا لەو ڕقەوە دروست بوو چونکە هێزەکانی ئاسایش توانییان بخزنە نێو ڕیزەکانی گیاوە. ئەندامە چالاکەکانی GPSC لە هەندەران زۆر سوودبەخش بوون چونکە لە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەوروپادا وەدەر دەکەوتن، وەک ئەوەی کە لە ٢٠٠٤ لە پەلاماردانی شەمەندەفەرەکەی مەدرید دەرکەوت.

(١٨) نەرمی یاسا لە هەردوو ولاتدا تەگەرەی زۆری خستە بەر پرۆسەی وەدەستەوەدانەوە. واشنتن قایل نەبوو واز لە ئەنوەر هدام بێنێ. _ئەنوەر هدام ئەندامی پێشووی پارلەمان بوو، لەسەر لیستی FIS هەڵبژاردرابوو و سوودی لە یاسای پەنابەری

سیاسی لە وڵاتە یەکگرتووەکان وەرگرتبوو. جەزایرییەکان ئەنوەر هدامیان، لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بە گەورە سیخوڕی گیا دانابوو. بەڵام جەزایر حوکمی ئیعدامی بە غیابی لەسەر هدام دەرکردبوو. یاسای وڵاتە یەکگرتووەکانیش ڕێگە نادا هیچ کەسێک لە وڵات دەربکرێ ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیدا دووچاری لەسێدارەدان ببێ. لە بەرانبەردا جەزایر نەیهێشت داهۆمانی بدرێتە دەست ئەمەریکاییەکان: چونکە دەستووری جەزایری ڕێگە نادات هیچ هاووڵاتییەکی جەزایری تەسلیمی هیچ وڵاتێکی بیانی بکرێ بۆ ئەوەی لەوێدا دادگایی بکرێ. ڕەنگە هەر بەهۆی کاردانەوەی ئەم ئاڵۆزییە قانوونییە بێت ئەو گەورە کارمەندە دژە تیرۆریزمییەی کە من ساڵێک لە پاش گرتنی ڕەسام لە واشنتن چاوم پێی کەوت گوتی کە FBI دەیویست چاوی بە داهومی بکەوێ. ئەوەبوو بە پەناوپەسیوەوە قسەی کردو گوتی: (مانەوەی لەوێ لە قازانجی ئێمەدایە.) کاربەدەستان وایان پێ باش بوو بەرپرسانی وەرزش و میوزیک لێکۆڵینەوەی دەگەڵدا بکەن نەک تەسلیمی دەستی FBI بکەن. چونکە لەزیندانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ناشێ ئەشکەنجە بدرێ و لە ڕۆژانی بەر لە ١١ی سێپتێمبەردا، دەیتوانی سوود لە پارێزەری تایبەتی خۆشی وەربگرێ. یان ڕەنگە وا تێگەیشتبا کە داهومانی سیخوڕ بووە. دوای ساڵێک ئەو داهومانییەی کە ٥ ملیۆن دۆلار کرابووە پاداشتی گرتنی، چیی تر بایەخی نەما.

(١٩) یاخیبووی ڕووسی بۆریس بێرێزۆڤسکی لە مەنفاکەی لە لەندەن، چەند ساڵ بوو هاواری دەکرد کە موخابەراتی شۆرەوی بۆ مەبەستی یارمەتیدانی پوتین بەردەوام پەلاماری تیرۆریستی ئەنجام دەدا.

(٢٠) ئاواتەکەی هاتە دی، تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لە ناردنی بۆ فەڕەنسا، لە زیندانەکەی سەرایێڤۆدا ڕای کرد. لە ١٣ی ئاداری ٢٠٠٣ دا، لە میونیخ دووبارە دەستگیر کراوە.

(٢١) تەنانەت بەر لە ١١ی سێپتێمبەر و لە بن پاڵەپستۆی وڵاتە یەکگرتووەکان و کەرتی ئەورووپادا، یاسایەکی زۆر توندی دژە تیرۆر دەرکرا. لە سەرەتای ٢٠٠٣ دا ئەبوحەمزە ئەلمسری لە مزگەوتەکەی باکووری لەندەن گوازرایەوە و ناچار کرا لەسەر پێڕێی pave-ment بەردەرگەی مزگەوتەکە گوتار بدا. ڕەگەزنامەکەشی کە بەهۆی ژنهێنانییەوە پێی بەخشرابوو لێی وەرگیراوە. هەڕەشەی ئەوەشی لێ کرا ڕەوانەی وڵاتی خۆی کە میسرە بکرێتەوە. پاشان گیرا. واشنتن داوای کرد تەسلیمی بکرێ (پاش ساڵێک بەریتانیا نکوڵی لێ کرد). بەڵام وا دیارە ئەو قسانەی کە پێشتر دەکرا ڕاست بوون و چەند ساڵ بوو هاریکاری دەگەڵ دەزگای موخابەراتی بەریتانی هەبوو.

(٢٢) من پاش نیوەڕۆیەکی درێژم دەگەڵ تاریق ئەلەعرووفی کە ئیسلامییەکی تونسی بوو بەسەر برد. تاریق مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە تەنیا لە دژی حکوومەتی تونس کار دەکات. لە درەنگی هەمان ساڵدا بەتاوانی پشکدارکردنی لە تیرۆرکردنی ئەحمەد شا مەسعوود دەستگیر کرا. دوو کەس بە پاسپۆرتی دزراوی بەلجیکی چوون مەسعوودیان کوشت. قسەی وا هەبوو کە ئەلەعرووفی یەکێک لە دوو بکوژەکانی تەجنید کردبوو. تێی گەیاندرا کە پۆلیس چاودێری کردبوو. بەخۆشی نەیشاردەوە کە لە هاوینی پێشتر سەردانی ئێرانێی کردبوو. بەقسەی خۆی لەوێ چاوی بە گوڵبوددین حیکمەتیار کەوتبوو. لە میانی جیهادی دژی سۆڤیەتی، حیکمەتیار یەکێک بوو لە سەرکردە هەرە دوژمنەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستانی. تاریق پاشتر چووبووە ئەفغانستان. لەوێ وەک خۆی گوتی زۆر هەوڵی دابوو چاوی بە ئوسامە بکەوێ بەڵام بۆی نەچووە سەری. لەمیانی دیدارەکاماندا زۆر جاران ناوی ئوسامەی برد. وا بزانم لایەنگری ئوسامەی بوو. لە ٢٠٠٤ دا، دادگایەکی برۆکسڵ بە تاوانی بەشداریکردنی لە کوشتنی ئەحمەد شا مەسعوود بۆ ماوەی پێنج ساڵ فەرمانی زیندانیکردنی دا. لە ٢٠٠٣ دا، دادگای ئیستیئناف حوکمی هاوشێوەی لە شەش ساڵ بۆ حەفت ساڵ درێژ کردەوە.

(٢٣) هۆڵاندە نکوڵی لەوە کرد کە ڕێگەچارەی توندوتیژ بگرێتە بەر. لە ٢٠٠٣ دا، دادگەیەکی هۆڵاندی بڕیاری ئازادکردنی جێرۆمی کورتێلێری فەڕەنسی دا کە ئاینی خۆی گۆڕی بوو و بووبوو بە ئیسلامییەکی جیهادی. کۆرتیلێری نکوڵی لەوە کرد کە بەتەما بووە لە ژێر سەرکردایەتی "البغل" پەلاماری باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پاریس بدا.

(٢٤) فەڕەنسا جاری یەکەم لە ١٩٩٥ دا، داوای کرد ڕەشید ڕەمدا تەسلیمی حکوومەتەکەی خۆی بکرێتەوە. ڕەمدا هاووڵاتییەکی جەزایرییە و تاوانی پارەدانی هەڵمەتە تیرۆریستییەکەی ١٩٩٥ی فەڕەنسای خرایە ئەستۆوە. قسەی وا هەبوو کە ئوسامە لە خەرتومەوەڕا پارەی بۆ ڕەوان کردبوو. لە زیندانێکی لەندەن مایەوە؛ پارێزەرەکانی لە ٢٠٠٢ دا توانییان نەهێڵن ڕەوانی فەڕەنسا بکرێ چونکە پێشتر لەوێ چەند جیهادییەک لەزیندان دارکاری کرابوون. پاش ماوەیەکی کورت لە پەلامارەکەی ١٩٩٨ کە بووە هۆی ڕوخاندنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکایی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیادا، وڵاتە یەکگرتووەکان داوای کرد خالید ئەلفەواز و دوو ئیسلامی تری تەسلیم بکرێ، هەرسێکیان بە تۆمەتی پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە گوناحبار کرابوون. لەبەر هۆی هاوشێوەوە تا ٢٠٠٥یش هیچ کامیان تەسلیم نەکرابوون.

(٢٥) نزیکەی پێنج ساڵ پاشتر و لە ١٥ی ئاداری ٢٠٠٥دا، دادگەیەکی پاریس "البغل"ی بۆ ماوەی دە ساڵان حوکم دا، "البغل"یش هەر جەختی لەسەر ئەوەدا دەکردەوە کە حوکمەکەی بەپێی ئەو دان پێدانانە بووە کە لە بن ئەشکەنجەدانی لە کاتی گرتنی لە دوبەی لێی وەرگیراوە. داودی بۆ ماوەی نۆ ساڵ حوکم درا.

(٢٦) لەو شـانەیـەی زینـدانـی فلوری-مـیـرۆگـیـز، لە پـاریس، سێ وتـاری بۆ فـرانس ٢ نووسـیـیـەوە کـە وێسـتگەی تـەلەڤزیۆنی سـەرەکی حکوومـەتییـە و لـەو وتارانەدا- ئەم زانیارییانە وەرگیراون.

فلووس

(١) لە سەرەتای ١٩٦٠ەکان و لەکاتێکدا کە میری کوێت هاتبووە هاوینەهەواری عالی لە چیاکانی لوبنان، لە نەکاوڕایەک بانگی بەنکەوانی فەلەستینی یوسف بیداس کرد بۆ ئەوەی لە بەیرووتەوەڕا بێتە لای. کە هات یەکسەر داوای لێ کرد ئەو ٥ ملیۆن دۆلارەی نیشان بدا کە پێشتر خستبوویە نێو ئینترا بانکەوە؛ بانکەکە هیی بیداس خۆی بوو. بیداس دەستی کرد بە پارە خڕکردنەوە و بردی بۆ میرەکە و دەستی بە ژماردنی کرد. نیوەی ژماردبوو کە میرەکە ڕای گەیاند کە متمانەی پێ کردووە. بەلام بانکەکە هێندە نیگەران بوو تا ئەو ڕادەیەی داوای لە میر کرد پارەکەی لەلای خۆی بێڵێتەوە.

(٢) هەر چەندە لە بانکەکاندا، سعوودیە دەوڵەمەندەکان وەبەرهەمهێنەری سەرەکی بوون (زۆر جارانیش هاوپشکی بێدەنگ بوون)، بەلام ولاتی سعوودی بە ماوەیەکی زۆر لە دوای سوودان میسر ئینجا دەسەلاتی پێ دان. بانکە ناودارە ئیسلامییەکان ئەمانەن؛ "دار المال الإسلامية و بنك دبي الإسلامي و بنك تمدن الإسلامي و بنك فيصل الإسلامي و بنك الشمال الإسلامي" کە بچووکترین بانکی سوودانییە. ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوە کە لە ١٤ی ئابی ١٩٩٦ دا دەرچووە، دەڵێ کە هەرکە ئوسامە لە ١٩٩١ گەیشتە خەرتوم، یەکسەر ٥٠ ملیۆن دۆلاری خستە ئەو بانکەوە. پێشتر بە گشتی بانکە ئیسلامییەکان بە چاکی بەڕێوە نەدەچوون و قازانجی باشیشیان نەدەکرد. لە سەرەتادا لە سوودان لە هەموو شوێنێک پتر کاریگەری هەبوو. لە سەرەتای ١٩٨٠ کاندا بووە ئامێرێک بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرەی ئیسلامی نەتەوەیی، ئەوەشی لەسەر ئەرکی ئەو بانکە سوودانییانە بوو کە دەگەڵ "الحزب الإتحادي الديمقراطي و حزب الأمة" بوو کە لە ئەنجامی کودەتایەکەی حوزەیرانی ١٩٨٩دا، (بان) لە دەسەلاتی لادان.

(٣) کە لە دوای پەلامارەکەی سێپتێمبەر ئەوان وایان کرد، ولاتە یەکگرتووەکان نەیتوانی

لەسەر پارەشۆرینەوە یان بە تۆمەتی پارە دان بە تیرۆریستان، بە سەرکەوتوویی سزایان بدا. (تایمز، [لەندەن] ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣)

(٤) ئەو سەربازە ئەمەریکاییانەی لە ئێراقە لە ٢٠٠٣دا بەدوای لایەنگرانی سەدام حوسێندا دەگەڕان، بەڕێکەوت پارەیەکی یەکجار زۆریان لە نێو ماڵێکدا دۆزییەوە. سەربازەکان لەو باوەڕەدا بوون کە پارەکە بۆ ئەوە درابوو تا بەرهەڵستی چەکداری هێزە داگیرکەرەکانی ئەمەریکایی پێ بکرێ. ئەو سەربازانە نەیانزانی کە هاوولاتییە عەرەبە عێراقییەکان لایان باشتر بوو پارەکانیان لە ماڵەکانیان و بە دۆلار هەڵبگرن نەک بیخەنە بەردەستی میرییەوە؛ چونکە متمانەی پێ نەدەکراو بۆشیان نەدەکرا بە دراوی ئێراقی پارەکانیان بشارنەوە، چونکە بەردەوام بەهای دیناری عێراقی هەر لە داشکاندا بوو. دەست بەسەرداگرتنەکە وەک دزی لێکردنێک سەیری کراو بووە هۆی ئەوەی پتر گومان لە داگیرکەر بکرێ. بێگومان سەربازەکان بیریان لەو سەدان ملیۆن دۆلارە دەکردەوە کە بنەماڵەی سەدام یەک دوو ڕۆژ بەر لە ٩ی نیسان کە بەغدا ڕووخا، لە بانکی ناوەندییان دەرهێنابوو، هەمووشی لە جۆری ١٠٠ دۆلاریدا بوو. سەدام ئەو هەموو پارە کاشەی یان بۆ مەبەستی بەکارهێنانی تایبەتی خۆی هەڵگرتبوو یان بە مەبەستی بەرگریکردن شاردبوویەوە.

(٥) بە هەمان شێوە لە ١٩٥٠ کان و ١٩٦٠کاندا، ڕۆژنامەی بەربڵاوی دێیلی مەیڵ چەند قۆدی جغارەی بڵاو کردەوە لە ناوەوەی قەپاغی سەرەوەیاندا پەیامێکی پروپاگەندەیان ئاراستەی نمایندەکانی سەفەرکردن کردبوو کە دەیگوت: (ئەوەی ئەو قوتووەی هەبێ تۆمەس کوک ٥٠٠ پاوەنی ستێرلینی دەداتێ.) ئەمەش لەو سەردەمدا پارەیەکی زۆر بوو.

(٦) ئیکۆنۆمیست، ١٤ی نیسانی ٢٠٠١.

(٧) لەمێژە CIA پارەی کاش پەسن دەکات. بۆیە بۆ کڕینی لایەنگری لە دژی تاڵیبان و پاشتریش لە ئێراقێدا هەمان ڕێبازی وەکار هێنا. لە ١٩٥٠کانیشدا، ویستی ٣ ملیۆن دۆلاری کاش، بداتە سەرۆکی پێشووی میسر جمال عەبدولناسر بۆ ئەوەی هاوسۆزی لەکن پەیدا بکا. بەڵام ناسر گوێی بە پارەکە نەدا و هەستا تاوەرێکی لە قاهیرەدا پێ دروست کرد. ئێستا تاوەرەکە لە ناو خەڵکی بە تاوەری (ڕۆزیڤێلت) ناسراوە؛ بۆ ئەوەی بەناوی ئەو ئەفسەرەی دەزگای هەواڵگری ناوەندی بێت کە هبوودییەکەی بۆ سەرەۆک عەبدولناسر هێنابوو. (گەمەی نەتەوەکان، مایلز کۆپلن، سایمون & چوستەر، ١٩٧٠)

(٨) بەپێی قسـەکـانی بەرپرسی ئامنێستی ئینتەرناشناڵی بەرپرس لە نیمـچە دوورگەی عەرەبی، سیامەند عوسمان ئەوان بەتەنیا نەبوون. ئەو بەوردی هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی خوێندەوە کە لەبارەی کوشتنی ئەوانە نووسرابوونەوە و پێی گوتم کە ئەو دیبلۆماتە ئەمەریکاییانەش کە لە "سەنعاء" دیتیانی هیچ جۆرە سەرسوڕمان و بایەخیان بە بابەتەکە نەدا. (دیمانە، لەندەن، ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٠)

(٩) عەرەبستانی سعوودی لە مێژ بوو کێشەی سنووری دەگەڵ یەمەندا هەبوو، تا دوای ٩/١١ ئینجا قایل بوو کێشەکە چارەسەر بکا. پێشتر ئەو هێلانەی کە لەسەر نەخشەشدا دەکێشران جیاوازییان لە نێواندا هەبوو.

(١٠) هەندێ لە ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری باسی ئەوەیان کرد کە هەندێ لەو تیرۆریستانەی کە پەلاماری ئەو گەڕەکانەی ڕیازیان کرد کە بیانی لێ دادەنیشتن، لە یەمەنەوەڕا هاتبوون.

(١١) ئەوە ڕێی لە بەرپرسانی کۆچ و گومرگی تاڵیبان نەگرت تا چەند مانگێک بەر لە ڕووخانیان، هەموو تەدارەکەکەم بپشکنن. بێگومان ئەو پشکنەی کە لە بازگەی سنووری تۆرخان، لە نزیک دەربەندی خەیبەر جێی نیگەرانییەکی زۆر بوو، بەڵام چونکە نە ئەفغانستانییەکان نە پاکستانییەکان منیان نەناسی، بۆیە هیچیان بەسەر منەوە نەبوو.

(١٢) دیمانە، واشنتن، دی سی، ٢٤ی شوباتی ٢٠٠٠.

(١٣) بەهەمان شێوە یاسر عەرەفاتیش ڕێگەی پێ درا بۆ ئەوەی درێژەی بودجەی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی لەلای خۆی هەڵبگرێ. سەرکردەی سوننەی لوبنانی ڕەشید کەرامی هەر لە ١٩٤٠کانەوەڕا تا کوشتنی لە ١٩٨٧، لەو کاتانەی کە سەرۆک وەزیران بوو، هەردەم دۆسێی دارایی لەلای خۆی دەهێشتەوە.

(١٤) ئەو شێوەیەی مەملەکەت هەڵسوکەوتی دەگەڵ ئەو ڕاپۆرتە ٩٠٠ لاپەڕەییەی کە کۆنگرێس لە دوای مشتومڕێکی حەوت مانگی دەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بوش، لە ٢٤ی تەمووزی ٢٠٠٤ دا دەری کرد، خستییە گرفتی گەورەوە. بیست و هەشت لاپەڕە لەو ڕاپۆرتە هاوبەشەکەی هاوس و سێنەت لەلایەنی بەڕێوەبەرایەتییەوە ڕەش کرایەوە؛ چونکە بایەخی بە دارایی و بابەتی دەست تێوەردانی حکومەتە بیانییەکان دابوو، بە تایبەتیش بایەخی بە عەرەبستانی سعوودی دابوو. هەندێ لە لاپەڕەکان ئاماژەیان بەوە دەدا کە گەورە بەرپرسانی سعوودی بەتایبەتیش ئەندامانی خانەوادەی شاهانە سەدان هەزار ملیۆن دۆلاریان بە قورگی جیهادی تیرۆریستییەوە کردبوو. هەندێ لە

گەورە کەسایەتییەکانی سعوودی پێوەندییان بە بانکە ئیسلامی و دەزگا چاکخوازە ئیسلامییەکانەوە هەبوو. هەندێ لەوانە چالاکییان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و گەلێ وڵاتی تردا هەبوو. هەندێکی تر هەن دەڵێن ڕاپۆرتەکە بەڵگەی زیندووی لەبارەی تێوەگلانی هەندێ کەسانەوە نیشان نەداوە کە گومانەکە پشتڕاست بکاتەوە. ئال سعوود هەستیان وابوو کە لەلایەنی دیپلۆماتی نێو نەتەوەییەوە بوونەتە بەلاگێڕی ئەوەی لێیان بپرسن (ئایا دەستت لە دارکاریکردنی ژنەکەت هەڵگرتووە؟) وەزیری دەرەوەی سعوودی، میر سعوود فەیسەڵ داوای لە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد تا ئەو لاپەڕانە بڵاو بکاتەوە کە مشتومڕیان لەسەر دەکرێ بۆ ئەوەی پاکانە بۆ شانشینی سعوودی بکات، چونکە زۆر لەو ٦٨٠ بەندکراوەی لە گوانتانامۆ پێی دا دەست بەسەر بوون، هاووڵاتیی سعوودی بوون. شازادە فڕی بۆ واشنتن بۆ ئەوەی بە خۆی لەلای سەرۆک بوش دا بۆ تێ هەڵچێتەوە. بەڵام بەر لەوەی میر سعوود بگاتە واشنتن، کۆشکی سپی بڵاوی کردەوە کە لەبەر سەلامەتی سەرچاوە هەواڵگرییەکان، لاپەڕەکان بڵاو ناکاتەوە. بەم جۆرە (کۆمەڵی کراوە)ی واشنتنی دەگەڵ (کۆمەڵی نهێنی) ڕیاد ڕۆڵەکانی خۆیانیان لە ناوەڕاستی ٢٠٠٣دا، ئاڵوگۆڕ کرد. نوکتەدانان گوتیان واشنتن و ڕیاز بۆیە ئەم چەشنە سیناریۆیەیان پەیڕەو کرد تا خۆیان لە بەرچاوی هاووڵاتییانیان بە جوامێر نیشان بدەن. (نیویۆرک تایمز، ٢٧ی تەمووزی ٢٠٠٣)

(١٥) باڵیۆزێکی پێشووی بەریتانی لە عەرەبستانی سعوودی گوتی سعوودیەکان پێیان خۆش نەبوو ئەمەریکا لە پاش شەڕی کەنداوی ١٩٩١ دا پاڵەپستۆی لێ دەکردن بۆ ئەوەی پتر فڕۆکەی بازرگانی بکڕن. عەرەبستانی سعوودی پارەیەکی چاکی دا وڵاتە یەکگرتووەکان لە بری ئەوەی کە کوێتی لە چەنگی ئێراقییەکان ڕزگار کرد. پێشیان ناخۆش بوو ئەمەریکاییەکان ناچاریان بکەن بۆوینگ بکڕن نەک ئێربەس؛ چونکە بۆچوونیان وابوو کە بۆوینگ چیی تر وەک جاران نە هەرزانترین و نە نوێترین و نە کارامەتریان نەبوو. دیپلۆماتەکە گوتی: (مەرجەکان یەکجار ئاشکرا بوون، یان دەبێ بۆوینگ بکڕن، یان ئێمە چیی تر ناتان پارێزین.) دەمەتەقێ، لەندەن، ٢٧ی ئایاری ١٩٩٩.

(١٦) کۆمپیوتەرەکە هی ڕەمزی یوسفی بوو. ڕەمزی یوسف پەلامارەکای سەر ناوەندی بازرگانی نێو نەتەوەیی لە نیویۆرک لە ١٩٩٣ دا، جێبەجێ کرد. خالید شێخ نامەکەی مۆر کرد. (لۆسانجلز تایمز، ١٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٢).

(١٧) ڕێکخراوە تێرۆیستە بێگانەکان، وەزارەتی دەرەوە، ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩، سەیری

پەراوێزی ١١ لە بەشی (ناسینی سەرکردەیەک)دا بکە.

(١٨) بەڕاستی ئەو پارەیەی لە ١٩٧٠وەرا تا ١٩٩٤ وەری گرتبوو تەنیا چەند ملیۆن دۆلارێک بوو. سەیری پەراوێزی ٢٥ی بەشی (گەورەبوون دەگەڵ شاهەنگ)دا بکە..

(١٩) بل گێرتز، داتەپین: هەرەسهێنانی هەواڵگری ئەمەریکایی لە بەزاندنی تیرۆریزمی نێو نەتەوەیی دا، پلوم، ٢٠٠٣، ل. ١٥.

(٢٠) لە ٢٤ی سێپتێمبەری ١٩٩٨و لەمیانی چاوپێکەوتنی شازادەی وەلی عەهد عەبدوڵادا؛ جێگری سەرۆک ئال گۆر، داوای دووپات کردەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی بدرێ تەواوی چالاکی پارەدەرەکە ئاشکرا بکرێ. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١ ل. ١٢٢و پەراویزی ٦٨، ل. ٤٨٣ و دێیلی تێلیگراف لە ٢ی ئابی ١٩٩٧دا بڵاوی کردەوە کە سعوودیەکان هەواڵگری بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا ئاشکرا دەکەن. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ٦٨.

(٢١) لویس فریح وتارێکی لە وۆڵ ستریت ژۆرنال بڵاو کردەوە تێیدا گوتی کە هۆی ئەو هەڵوێست گۆڕانە دەست تێوەردانی سەرۆک بوشی یەکەم بوو؛ چونکە ئال سعوود لەبەرئەوەی کە لە ١٩٩٠دا وڵاتەکەیانی پاراست، خۆشیان دەویست. (٢٠ی ئایاری ٢٠٠٣)

(٢٢) بۆ ئاگەداربوون لە درێژەی ئەو تاوانانەی کە گەرەکی باشووری نیویۆرک لە نۆڤێمبەری ١٩٩٨دا خستییە ئەستۆی ئوسامەو سەرکردەکانی تری ئەلقاعیدە و ئەو چوار پیاوانەی کە تاوانی بۆردومانکردنی باڵیۆزخانەکانی نایرۆبی و دارولسەلامیان خرایە ئەستۆوە، سەیری هەموو ئەو دۆکیومێنتانە بکە کە دادگایەکە پشتی پێیان بەستاوە. دادگاکردنەکە لە یەنایری ٢٠٠١ دا دەستی پێ کرد.

(٢٣) درەنگ تێگەیشتن لە مەترسی ئوسامە لێکۆڵەرەوەکانی FBI و CIA هان دا بۆ ئەوەی هاریکاریکردنی کێنیا لە کاتی هەڵمەت بردنە سەر شانەی نایرۆبی لە هاوینی ١٩٩٧دا، بەکارێکی بەبایەخ بناسێ. لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەرەوەکان هەندێ بەڵگەنامەیان پشتگوێ خست. لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٨ بوو کە دەستەی باڵای دادگای گەرەکی باشووری نیویۆرک تۆمەتێکی توکمەی لە دژی ئوسامە ڕێک خست.

(٢٤) دۆکیومێنتەکانی دادگاییکردنی ئەو چوار کەسەی کە لە نیویۆرک دادگایی کران؛ چونکە لە ١٩٩٨ دا بەشداری بۆردومانەکانی نایرۆبی و دارولسەلامیان کردبوو.

(٢٥) یەک مانگ لە دوای ٩/١١ وەزارەتی گەنجینە پەردەی لەسەر ئەو زانیارییانە لادا کە لەبارەی موفق لە لای هەبوو. بەیانێکی میدیا سەبارەت بە بەستانی سەرمایەی

یاسین عەبدولاّ ئەلقادری گوتی: (ئەو سەرۆکی دەزگای موفقە کە بارەگایەکەی لە سعوودیەیە: ئەویش "ڕووی دەرەوەی ئەلقاعیدەیە و پارە لە دەوڵەمەندە پیشەدارەکانی سعوودیە وەردەگرێ" ئەو پارەیەی وەری گرتووە بە "ملیۆنەها دۆلار خەمڵاوە." سێ ساڵ پاشتر موفق توانی بۆ خەرجی خانەوادەکەی هەندێ پارە لە تورکیا و هەندێکیش لە سویسرا وەربگرێتەوە. پارێزەرەکانی بەبەردەوامی لە ولاّتە یەکگرتووەکان و بەریتانیایان دەخواست سەرمایەکەی ئازاد بکەن. بیانوویان ئەوە بوو کە موفق بووەتە قوربانی. بەلاّم تا نیسانی ٢٠٠٥ زۆربەی سەرمایەکەی بە بەستراوی مابووەوە و ئەو شکایەتەشی کە لە ٢٠٠١دا خستییە بەردەستی دادگەی ئەورووپا، هێشتا هەر بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. ئەگەر ئەو کێشەیەش بباتەوە هێشتا زۆری لە پێش دەمێنێ؛ چونکە دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان و ولاّتە یەکگرتووەکانیش قایل بکا، ئینجا داراییەکەی بەرەلاّ دەکرێ.

(٢٦) کێشەی ئافریکا کۆنفیدێنشیاڵ بووە هۆی دادگاییکردنی گەلێک لەو عەرەبە پیشەدارانەی کە دەیانویست خۆیان بخەنە پەنای یاسای تەعنی ئینگلیسییەوە بۆ ئەوەی خۆیان لەو گومانە بپارێزن کە لەبارەی پارەدان بە تۆڕی ئەلقاعیدەوە لێیان دەکرا. پارێزەرانی تەعن لە لەندەن بە گاردیانیان گوت: (هەرچی خۆت دەتەوێ بەرانبەر بە ئوسامە بیلێی، بیلێ، بەلاّم بەشێوەیەکی سەیر ئابڕووی زۆرانی بردووە.) گاردیان تێبینی کردووە کە پارێزەرانی تەعن پیشەدارە عەرەبەکانیان لەم ساڵانەی دواییدا نائومێد نەکردووە. ئامانجی سەرەکییان ئەوەبوو (حوکمێکی وایان بۆ دەربچێ کە ناوەکانیان بپارێزێ و وابکا کە، لە سەرتاسەری جیهاندا، حکوومەت و دادگە و میدیا و پیشەکان پێیان قایل بن.) ئەوانەی هاوبەشی ئەم لایەنەیان کرد وۆڵ ستریت ژۆرناڵ، کە لە برۆکسل دەردەچێ و سەندێی تایمزی لەندەنی و مەیل ئۆن سەندێی و کتێبی ڕاستی قەدەغە کراو کە لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ولاّتە یەکگرتووەکاندا بلاّو بووەتەوە. ژان-چارلس بریسارد کتێبەکەی داناوە. (چاپخانەی سەندەرس ماوس، ٢٠٠٣)، (گاردیان، ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣)

(٢٧) واشنتن پۆوست، ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١.

(٢٨) ئیکۆنۆمست، ١٤ی نیسانی ٢٠٠١.

(٢٩) بۆ نموونە، دوورگەی ئەنتیگوای کاریبی کە پێشان باجی لێ نەدەدرا و شوێنێکی پەسند بوو بۆ پارە شووشتنەوە، ئەم جارە پێنج ساڵ پێشتر، دەگەڵ نەوەد و یەکدا بەراورد کرا. بانکەکانی سەر هیشکەتیش لە باهاماز تووشی هەمان کێشمەکێش

بوو. هەموو بانکەکانی وشکاتی ئێستا ڕێگەی ئەوە نادەن هیچ کەسێک لە ٥ هەزار دۆلار پتر لە بانک دابنێ و هەرکەسێکیش بییەوێ ئەکاونتێکی نوێ بکاتەوە بانکەکان داوای لێ دەکەن لایەنێکی سێیەم کە ناسراو بێ دەگەڵ خۆیدا بێنێ. دەسەڵاتی باجی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەندێ لەو بانکانەی سەر هێشکەتینە، لەوانەی کە کاردی متمانە Credit card دەردەکەن، داوا دەکات تا کەستمەرەکانیان بناسێنن. (ئینتەرناشناڵ هێراڵد تریبیون، ١٥ی ئاداری ٢٠٠٣)

(٣٠) دەمەتەقێ دەگەڵ گەورە دەسەڵاتدارێکی هێزی ئەرکی چالاکی دارایی Financial Action Task Force ، پاریس، ٢٠٠٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣.

(٣١) بەپێی ڕاپۆرتێکی لومۆند بانکەکە تا درەنگی ٢٠٠٢ش، دەوروبەری بیست ئەکاونتی ئەلقاعیدەی هەر لەلا هەبوو. (لومۆند، ٢٦ی شوباتی ٢٠٠٣).

(٣٢) نیویۆرک تایمز، ١٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٢.

(٣٣) بێردن گوتی کە پوشتونوالی ڕێی لە ئەفغانییەک نەگرت کە خیانەتی لە کەسێکی بیانی کرد کە میوانی هاووڵاتییەکی ئەفغانی بوو. (نیویۆرک تایمز، ١٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٢).

(٣٤) تورابی هەرگیز پارەی کاشی نەبوو بۆ ئەوەی کرێی دروستکردنی ڕێگە بە کاش بدا. لەبری پارەکە دەباغخانەیەکی کەساس و زەوی و مافی هەناردەی بنێشتی عەرەبییان بە ئوسامە دا.

(٣٥) حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان گوژمەی ساڵانەی چالاکییەکانی ئەلقاعیدەی بە ٣٠ ملیۆن دۆلار خەملاندووە. بەشێکی کەمی بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان دەڕوا. بەشی شێری بۆ ئۆردووگاکانی مەشقکردن و مەیدانی فڕۆکە نیشتنەوەو ئۆتۆمۆبێل و چەک و پەرەپێدانی شێوەی مەشق دەچوو لە نێوان ١٠ تا ٢٠ ملیۆنیش بۆ تاڵیبان تەرخان کرابوو؛ چونکە ئەوانە ناوچەیەکی ئارامیان بۆ مسۆگەر کردبوون. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ١٧١.

(٣٦) یەک لە یاخیبووەکانی ئەلقاعیدە کە لە پێشوازیکردنی ڤۆڵەنتیرەکان بەرپرسیار بوو، گوتی هبوودی و شوێنی حەوانەوەی هەرزان و کڕینی شەرواڵ و کراسێک هەمووی بۆ هەر کەسێک ٣٠ دۆلار دەبوو. (دەمەتەقێیەکی تەلەفۆنی دەگەڵ یاخیبووێکی ئەفغانی کە داوای کرد ناوی نەیێت. ئۆریگن، ٢٠ی ئابی ٢٠٠١).

(٣٧) ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ٦٧، لە هەواڵگری و.ی. دەگێڕێتەوە کە سەرکۆی ئەوانەی لە ١٩٩٦وەڕا تا ٩/١١ لە کامپەکانی ئوسامەدا مەشقیان کردووە (لە نێوان

١٠هەزار بۆ٢٠هەزار) چەکدار دەبن، بەڵام ئەوانەی کە سوێندیان بۆ ئوسامە خواردووە (لە چەند سەد کەسێک ڕەت نادەن.) پەراوێزی ٧٩ لە ل. ٤٧٠ دەڵێ ئەندامانی ئەلقاعیدە لە (چەند سەتێکەوە بۆ ٥٠٠٠ کەس دەبن.)

(٣٨) لە سەردەمی حوکمی تاڵیبان، ساڵانە ئەفغانستان ٤٠٠٠ تەنی مەتری ئەفیونی وەبەرهەم دەهێنا کە نزیکەی سێ چارەکی هەموو بەرهەمی جیهان دەبوو. لە ٢٠٠٠ دا بەشێوەیەکی کاریگەر چاندنی خەشخاشیان قەدەغە کرد. لەبەرئەوە بوو نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتییەکی زۆری دا و تەنانەت واشنتنیش ٤٣ ملیۆن دۆلاری پێ بەخشی. جگە لەمە ڕێگەشیان پێی دا تا ئەو هێندە داکراوەکەی ئەفیونی هەیان بوو بەنرخی دیاریکراوی بیفرۆشێ. پسپۆڕانی حەشیشە لەو باوەڕەدابوون کە هەموو ئەفیون و خەشخاشی ئەفغانستان لە ڕێگەی ناوچەکانی بەردەستی ئەحمەد شا مەسعوودی سەرکردەی هاوپەیمانی باکورڕا ڕەوانی کۆمارەکانی سۆڤیەتی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە دەکرا. لە ٢٠٠٣دا سەرجەم بەرهەمی ئەفیونی وەبەرهەم هاتوو گەیشتە ٤ هەزار تەنی مەتری. واتا هێندەی ئەو سەردەمی پێش قەدەغەکردنی لێ هاتەوە. بەهایەکەشی ٢,٣ بلیۆن دۆلار بوو. ئەمەش، بە قسەی بەڕێوەبەری ئۆفیسی سرکەر و تاوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەیکردە بڕێک لە نیوەی سەرجەم داهاتی گشتی وڵاتەکە کە ٤,٦ بلیۆن دۆلار دەبوو. پتر بوو. گوتیشی نەوەت لە سەدی هاوردەی ئەفیونی بۆ ڕووسیا و ناوەڕاستی ئاسیا و ئەوروپا لە ئەفغانستانەوەڕا دێ. (ئینتەرناشناڵ هیراڵد تریبیون، ٨–٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣).

(٣٩) لومۆند، ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣.

(٤٠) ئیکۆنۆمست، ٢٧ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣.

(٤١) لە دوای سەپانی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تاڵیبان بەهۆی دەزگای بارهەڵگری ئەفغانستان، هێڵی ئاسمانی ئێریتا ئەفغان، بەبەردەوام کاروانیان ڕەوانی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوویان دەکرد، تا لە کۆتایی و لە بن پاڵەپەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ناچار بوون ئەوەش بوەستێنن.

(٤٢) کارمەندی FBI بەرپرس لەلایەنی داراییی پەلامارەکان، دێنس لۆرمێڵ باوەڕی وابوو کە سەرچاوەی تری دارایی ماوە تا ئێستاش هەر ئاشکرا نەبووە. (نیویۆرک تایمز، ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢) لە ٣١ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ش دا، کارمەندی ئەسۆشیێتد پرێس، جۆون لەمپکن باسی دارایی کەمتری کرد. کۆمسیۆنی نەتەوەییش پارەکەی بە ٤٠٠ هەزار بۆ ٥٠٠ هەزار دۆلار خەمڵاندووە. تەماشای پەراوێزی ٧، لە

مێشوولەی ناو گوێچکەی فیل بکە.

(٤٣) گومانی تێدا نییە ئەوان نازانن کە ڕەشید ڕەمدا نزیکەی دەیەیەکە لەناو زیندانەکەی خۆیەوەڕا توانیویەتی نەهێڵن لەوڵات دەربکرێ؛ چونکە ئەو پیاوە جەزایرییەی کە لە لەندەنە و فەڕەنسا تۆمەتباری کردووە کە پارەی بۆ بۆردومانکەرانی پاریس ناردووە تا ئێستا کۆڵی نەداوە و هەموو ڕێگە یاساییەکانی بۆ مانەوەی لە لەندەن گرتووەتە بەر.

(٤٤) دەیان ساڵە تەقاندنەوەی لۆری و قەمەرە، جا ئەگەر خۆکوژی تێدا بێت یان نا، تاکتیکێکی ستانداردی تیرۆریستانە. لە شەڕەکەی لوبنانی ١٩٧٥ و ١٩٩٠دا بە بەرفرەیی بەکار هات. بەتایبەتیش حزبوڵا لە ١٩٨٣دا، بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر لە دژی باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان و لە دژی هێزەکانی ئەمەریکایی و فەڕەنسی، بەکاری برد. لە ١٩٧٠کانیشدا، "إخوان المسلمين" ئۆتۆمۆبێل تەقێنەرەوەیان لە دژی سەرۆکی سوری حافز ئەسەد بە کرێ گرت تا خۆیان لە دیمەشقدا بتەقێننەوە. سوریا یەکەمین دەوڵەت بوو کە بەربەستی کۆنکریتی بەکار بێنێ، زۆربەی بەربەستەکانیش بریتی بوون لە بۆڕی ئاوەڕۆ و پڕی لە گڵ دەکرا و گوڵیان دەنێودا دەچاند، مەبەستی سەرەکیش پاراستنی تەلار و شوێنە ستراتیجییەکان بوو.

(٤٥) سایمون ڕیف، چەقەڵە تازەکان: ڕەمزی یوسف و ئوسامە بن لادن و داهاتووی تیرۆریزم، ئاندرێ دۆیچ، ١٩٩٩، ل. ١٠٨.

(٤٦) نیویۆرک تایمز، ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١.

(٤٧) وا باوە کە دوو لە نۆزدە کەسەکەی هاوپشکیان لە پیلانەکەدا هەبوو ناویان لەناو لیستی چاودێریکردنی CIAدا بوو. ناوەکانیان تەنانەت دوای هاتنە ناو خاکی وڵاتە یەکگرتووەکانیش ناویان هەر لەناو لیستەکەدا هەبوو، بەڵام ئەو زانیارییانەی لەبارەیان هەبوو نەدرابووە کارمەندانی کۆچ؛ گەورە کارمەندانی FBIش پێشنیازێکیان ماندەڵ کرد کە نمایندەیەک لەرفینێکس پێشکێشی کردبووو داوای کردبوو لێکۆڵینەوە دەگەڵ ئەو عەرەبانەدا بکرێ کە ناوەکانی خۆیانیان لە قوتابخانەی فڕیندا تۆمار کردبوو؛ بارەگای FBI نەیهێشت ئۆفیسی مێنیسۆتا کۆمپیوتەرەکەی زەکەریا ئەلموسەوی بپشکنێ؛ زەکەریا ئەلموسەوی ئەو ئەندامە چالاکەی ئەلقاعیدە بوو کە لە قوتابخانەی فڕین دا گومانی لێ کرا و گیرا.

(٤٨) ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ٢٥٢.

(٤٩) لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣ دا، دادگایەکی لەندەن حوکمی لە بەرژەوەندی ڕایسی و

له دژی مەیڵ ئۆن سەندێیدا دەرکرد؛ چونکە ئەمەیان ئەو تۆمەتانەی بڵاو کردبووەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دابوویە پاڵییەوە.

(٥٠) واشنتن پۆوست، ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢.

(٥١) ئینتەرناشناڵ هێراڵد تریبیون، ١٩–٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢.

(٥٢) نیویۆرک تایمز، ١٩ی دیسێمبەری ٢٠٠٢، هەروەها لە لاپەڕە ٢٣٠دا سەیری درێژەی گرتنەکان بکە.

(٥٣) واشنتن پۆوست، ١٨ی دیسێمبەری ٢٠٠٢.

(٥٤) خالید بن مەحفوزی باوکی خالید بۆ ماوەیەکی درێژ سەرۆکی بانکی بازرگانی نیشتمانی بوو. چونکە تەنی دروست نەبوو لە ١٩٩٩دا لە ئەرکەکانی خۆی ئازاد کرا. ڕاپۆرتەکان وا دەگەیەنن کە پاشان چووە هاوینگەی تایف و لەوێدا بەتەنیا دەژی. دواتر کاروباری بانکی بازرگانی نیشتمانی ڕێک خراوە و بنەماڵەی بن مەحفوز گەلێک لە پشکەکانی خۆیانیان فرۆشتە چەندین پیشە و دەزگای حکوومەتەوە.

(٥٥) "رابطة العالم الإسلامي" کە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی بە ڕابیتە ناسراوە، لە ١٩٦٢دا دامەزرا بۆ ئەوەی بەرهەڵستی سەرۆکی میسری جەمال عەبدولناسر بکا. پاشان "إخوان المسلمين" کاریان تێ کرد و پاشان ئیخوانەکان ناچار بوون لە ترسی حوکمی عەبدولناسر لە وڵات دەرچن و ڕوو لە وڵاتی سعوودی بکەن. سەعید ڕەمەزان کە کوڕی دامەزرێنەری "إخوان المسلمين حسن البناية"، بەخۆی یەکێکە لەو نۆ کەسەی کە ڕابیتەیان دامەزراند.

(٥٦) ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هاوشێوە لە نێوان ئال سعوود و مفتی عەبدولعەزیز بن ئەلباز بەر لە شەڕی دەرکردنی عێراق لە کوێت لە ١٩٩١دا، قەوما. هەرچەندە ئیبن ئەلباز خواستی کە لەشکری ئەمەریکایی یەکسەر لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە دەبێ یەکسەر لە وڵات دەرچێتە دەرەوە، بەڵام شا فەهد ڕێی بە لەشکری ئەمەریکایی دا بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەدا بمێنێتەوە.

(٥٧) عەرەبستانی سعوودی لە بن پاڵەپەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەرەتای ٢٠٠٥دا، دەزگای "الحرمين"ی لە هەموو شوێنێکدا هەڵوەشاندەوە. (تەنیا ئەو بارەگایانەی کە لە ناو خاکی عەرەبستانی سعوودیدا هەبوون، ئەگەری مانەوەیان لەبەردا ما) بەمەرجێ کە لە ژێر چاودێرییەکی فەرمی دابێ.

(٥٨) ئاڵوگۆڕکردنی ئیمەیڵ دەگەڵ لێکۆڵەری تایبەت و پسپۆڕی بواری پارە شووشتنەوە

جۆون فاوست. (٢٠٠٣)

(٥٩) وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠٣دا، هێشتا پتر پەلاماری چالاکییە مرۆییەکانی حەماسی دا، پاشتر یەکەتی ئەوروپا قایل بوو داراییەکانی حەماس و جیهادی ئیسلامی و چاکخوازە فەلەستینییەکانی تریش ببەستێتەوە. بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتی لومۆند یەکێتی ئەوروپا کارەکەی بە سووکی ئەنجام دا.(١٨ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣).

(٦٠) پارێزەری حەدادی، ئەشرەف نوبانی گوتی: (لە تیروتوانج بترازێ، حکوومەت هەرگیز نەیسەلماند ئەگەر ئەو پێوەندیی بە تیرۆریزمەوە هەبووبێت.) دادوەرەکان ئەوەیان بەکارێکی ڕەوا دانا کە هەندێ لە بەڵگەکان هەر بەنهێنی مانەوە بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەی تیرۆریزمی بپارێزێ. (نیویۆرک تایمز، ١٦ی تەمووزی ٢٠٠٣).

(٦١) نیویۆرک تایمز، ٢ی ئابی ٢٠٠٣. لە سەرەتای ٢٠٠٥دا موجاهدینی خەڵق دەستیان کرد بۆ ئەمەریکا ئیش بکەن و چاودێری پێگایانەی پرۆگرامە نهێنییەکەی ئەتۆمی ئێرانییان کرد، کە تاران لە سەرتاسەری وڵات شاردوویانەتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئاشکرا نەبن.

(٦٢) نیویۆرک تایمز، ٢٥ی ئاداری ٢٠٠٢.

(٦٣) نیویۆرک تایمز، ١٥ی ئاداری ٢٠٠٢

(٦٤) لە ئاداری ٢٠٠٣ دا، FBI دەسەڵاتی یاسایی پێ درا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەبارەی هەموو دارایی تیرۆریزم بکا. بەڵام دەزگای گومرگی سەر بە وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی کە دەستی بە لێکۆڵینەوەی لە کێشەکە کردبوو، نکوڵی کرد و دۆسێیەکەی بەهیچ لایەنێک نەدا. (واشنتن پۆست، ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣).

(٦٥) گەڤاهییە نووسراوەکەی کە لە دوای سوێندخواردن نووسرابووەوە و لەبەر داخوازی وۆڵ ستریت ژێرناڵ، بڵاو کراوە؛ گوتی ٢٦ ملیۆن دۆلار لە سەرجەمی ئەو ٥٦ ملیۆن دۆلارەی کۆ کراوە بۆ دوورگەی مان Isle of Man ڕەوان کرا، لەوێ باج نادرێ و یاسای تایبەتی پاراستنی نهێنی لەو دوورگەیەدا، ڕێگەی ئەوە نادا کە بزاندرێ دوا قۆناغی پارەکە دەگاتە کوێ. نمایندەی ئاسایشی نیشتمانی؛ دەیڤید کەین گوتی نیاز وابوو کە (پارە بەڕێگەی شاردراوەوە بۆ تیرۆریستان بنێرن و لە ڕێگەی هەڵواسین و شێواندن و تەگەرە خستنە پێش و هەرەس پێهێنانی ئەرکەکانی حکوومەتی IRS وە سامانی وڵاتە یەکگرتووەکان بدزن.) گەڤاهییە نووسراوەکە گوتی گرووپی سەفا یارمەتی حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستینی داوە و گەورە

لێکۆڵەرەوەکانیش گوتیان گرووپەکە ملیۆنەها دۆلاری خستە نێو ئەو بانک و کۆمپانیانەوە کە پشتیوانی ئەلقاعیدەیان دەکرد. پارێزەری بەرگری؛ نانسی لۆقا نوێنەرایەتی گەلێک لەوانەی دەکرد کە لە نێو گەڤاهییەکەدا ناویان هاتووە، گوتی ئەو قسانە (تەنیا لە بیری کەینی سیخوڕدا هەیە و ئەوەش نیشان نادا کە تەنانەت یەک پێنیش بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان چووە.) هەر لەبەرئەوەش بووە کە گەڤاهییە نووسراوەکەی حکوومەت بڵاو کراوە و (من وای تێ دەگەم کە کێشەکە گەیشتووەتە دوا قۆناغیەوە... دەتوانن لەوێوەڕا بیسڕنەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ناوبەد بکا)

(٦٦) ڕاپۆرتێکی بێ ناوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە نیوزویک، لە ٣٠ی تەمووزی ٢٠٠٣ دا بڵاو کراوە.

(٦٧) ئیکۆنۆمست، ٦ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣، و نیویۆرک تایمز، ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣، سەیری پەراوێزی ٧٣ بکە.

(٦٨) ئەو هەمو هاموشۆیە سەرتاسەری ڕۆژئاوای ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بازرگانانی مرواری لە ئانتوێرپ و دوورتریش دەگرتەوە. سەیری دۆگلاس فەرەح بکە لە واشنتن پۆوست، ٢ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١، ٣٠ دیسێمبەری ٢٠٠٢. بڕوانە خوێن لە بەردەوەڕا: تۆڕی دارایی نهێنی تیرۆری فەرەح، برۆدوێی، ٢٠٠٤.

(٦٩) واشنتن پۆوست، ٣ی ئابی ٢٠٠٣.

(٧٠) دادگایەکی ئانتوێرپ لە دیسێمبەری ٢٠٠٤دا عوسەیلی بۆ ماوەی سێ ساڵ و گەورە هاوپیشەکەشی بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانی کردن و ٦٠,٨ ملیۆن یورۆش کە لەو کات دەیکردە ٧٦ ملیۆن دۆلار غەرامەتی کردن. دەیان ساڵە مرواری بازاڕی تایبەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. لە دوای ئەو کودەتێیە سەرنەکەوتووەی لە ١٩٦٠کاندا پارتی گەلی سوری لە لوبنان کردی، گەورە کادیرەکانی وڵاتیان جێ هێشت و بەو پاسپۆرتە دیبلۆماتییانەی کە ئوردن بۆی کردن بەرەو هەندەران بوونەوە. ئەوان ڕەوانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا کران و لەوێ دەستیان بەگواستنەوەی مرواری کرد و بۆ ئەوروپایان دەبرد.

(٧١) واشنتن پۆوست، ٣ی ئابی ٢٠٠٣.

(٧٢) واشنتن پۆوست، ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣.

(٧٣) ئۆفیسی کۆنترۆڵی سەرمایە بیانییەکانی گەنجینە ڕاپۆرتی ساڵانەی بۆ کۆنگرێس

بەرز کردەوە و ئاشکرای کرد کە ئەم سامانانەی خوارەوە دەستیان بەسەردا گیراوە: لە ٢٠٠١ دا ٠٢٥. ١٢٥. ١$ و لە ٢٠٠٢ دا ٣٤٣، ٦٩٨$ و لە ٢٠٠٣ دا ٧٧١،٩٥٦$ و لە ٢٠٠٤یشدا ٣،٨٨٩،٦٦٥$. پێشتر کارمەندانی گەنجینە دەیانگوت کە تا سەرەتای ٢٠٠٥ بەهای ١٤٧ ملیۆن دۆلاری ئەلقاعیدەیان گرتووە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو پارەیە هیی ئەفغانستان بوو. دوای ئەوەی سوپای ئەمەریکایی لە ٢٠٠١ دا تاڵیبانیان لەسەر حوکم لادا، ئیتر پارەکە دراوە بەڕێوەبەرایەتییە کاتییەکەی حەمید کارزای کە لە ئەفغانستان پێک هات. سەیری:

www.treas.gov/offices/enforcement/ ofac/ reports بکە.

(٧٤) نیویۆرک تایمز، ١٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٣.

(٧٥) هەندێ لە توێژەرە موخابەراتییەکانی ڕۆژئاوایی ئەو ژمارەیان بە گەورەکراو ex-aggerated دانا. ڕیچەرد کلارکیش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو. لە ١٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٠ و لە واشنتن، لەمیانی دەمەتەقێیەکدا گوتی ڕەنگە CIA تا (ڕادەی ١٠هەزار) یێک لە ڕاستییەکە نزیک بێت.

(٧٦) واشنتن پۆوست، ١٦ی سێپتێمبەری ٢٠٠٢.

(٧٧) لە کاتی گەڤاهیدانەکەی لە دادگەی نیویۆرک عەلی محەمەد کە شایەدی حکوومەت بوو باسی سەردانییە سەرنەکەوتووەکەی زەواری کرد. دادگەی نیویۆرک چوار کەسی بەتاوانی تەقاندنەوەی هەردوو باڵیۆزخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نایرۆبی و دارولسەلام بە موئەبەد زیندانی کرد.

(٧٨) وۆڵ ستریت ژۆرناڵی ئاسیایی، ١ی شوباتی ٢٠٠٢.

(٧٩) ئەلفارووق کە کەوتووەتە سەر ئەتلانتیک ئاڤینیو لە برۆکلین، یەکەم جار بەهۆی تەجنیدکردنەوە بایەخی پێ درا و پاشان بەهۆی پارە کۆکردنەوە بۆ جیهادی ئەفغانی لە ١٩٨٠کاندا، پلەی بەرزتر بووەوە. ئەندامانی مزگەوتەکە پشکداری پەلامارەکەی سەر ناوەندی بازرگانی نێونەتەوەییان کرد.

(٨٠) لە ١٥ی ئاداری ٢٠٠٥ و لە تاوانکردنێک کە بەدەگمەن ڕوو دەدا، دادگەی نیویۆرک تاوانی پارە کۆ کردنەوەی بۆ تیرۆریستان خستە ئەستۆی موئید و یاریدەرەکەیەوە و ئێستا چاوەڕێی دەرچوونی حوکمەکەیانن کە ڕەنگە دەیان ساڵیان پێ لە زیندان بەسەر ببا.

(٨١) لە ٢٠٠٣دا، پاکستان بیورۆیەکی هەواڵگری دارایی دامەزراند بۆ ئەوەی پارەگۆزە گومان لێکراوەکان شی بکاتەوە و دەگەڵ دەزگا داراییە نێونەتەوەییەکان،

تاووتووی بکا. (تایمز [لەندەن] ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣).

(٨٢) تەنانەت دوبەی کە بازاڕێکی ئازادی هەیە، بە ئامۆژگاری وڵاتەیەکگرتووەکانی کرد و لە ٢٠٠٣دا دەستی پێ کرد هەموو پارەگۆزە بەفەرمی تۆمار بکات و پەیمانیشی دا هەموویان بەئاسانی بخاتە بەر چاودێرییەوە. ساڵێک پێشتر بوو تیمێکی پشکنینی وڵاتە یەکگرتووەکان گەشتێکی بە کەنداودا کرد و گوتی هێشتا پشتێکی تری دەوێ بۆ ئەوەی بتواندرێ ئەو حەوالانە کۆنترۆڵ بکرێ.

(٨٣) بەقسەی دەیڤد ئاوفهاوزەری ڕاوێژکاری گشتی وەزارەتی گەنجینە، سعوودیە هەموو کات بۆ هاریکاریکردن (ئامادە بووە و هەرگیز دەستی لە کاروباری ئێمە وەرنەداوە... ئێمەش بەپێی هەبوونی بەڵگەوە هەڵسوکەوتمان دەگەڵیاندا کردووە... ماوەی پێش ١٢ی ئایار وەک گلۆپێک بوو کوژاوە.) نیویۆرک تایمز، ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣.

(٨٤) دیارییەکەی ٢,٧ ملیۆن دۆلاری خراپەیەکی ئاسایی بوو کرا. دیارییەکە بۆ کڕینی پارچە زەوییەک بوو لە بلوچستان، لە نزیکی سنووری ئەفغانستانێ، تا مزگەوتێک و قوتابخانەیەک و دوو گۆڕەپانی تۆپانێی لەسەردا دروست بکرێ. توێژەوانی سعوودی نواف عبید دوای ساڵێک سەردانی شوێنەکەی کرد و بڵاوی کردەوە کە تەنیا زەوییەکە کڕاوە و سەرجەم پارەکەی تر زۆر لە گینە بە ئەلقاعیدە درابێ. نواف عبید وای خەمڵاندووە کە ئەلقاعیدە لەمیانی جۆرە کارانەدا ڕەنگە لە نێوان ٤٠ ملیۆن بۆ ٥٨ ملیۆن دۆلاری چووبێتە ناو گیرفانیەوە. (دەمەتەقێی تەلەفۆنی، ژنێڤا، ١٥ی نیسانی ٢٠٠٣).

(٨٥) تەنانەت کابرایەکی گومانداری وەک شازادە نایف بن عەبدولعەزیزیش مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئۆباڵی ئەو هەموو توندوتیژییەی وەهابیزم هەیەتی بخاتە ئەستۆی ئەو مەلایەی کە لە ماڵەوە دەرسی ئوسامەی داوە. بەڵام لەمیانی دیمانەیەکی دەگەڵ ڕۆژنامەیەکی کوێتی کە لە ئابی ٢٠٠٣دا دەگەڵی کردبوو میر نایف ئەوەی دووپات کردەوە کە زایۆنیستان لە پەلامارەکەی ١١ی سێپتێمبەر بەرپرسیارن و قسەکانیش لەسەر ماڵپەڕی پاشایەتیدا بڵاو کراوە. ناوی وێبسایتەکەش "أين اليقين" -Ai com.nalyaqeen ەو ئێستاکە داخراوە. حەمید گوڵ جەنەراڵێکی ISI بوو تا نزیکی کۆتاییی شەڕی دژی سۆڤیەتی هەر کاری دەکرد و پاشان چووە گەڵ جیهادی توندڕۆی پاکستانی و یەکەم کەس بوو لە دوای چەند ڕۆژێک لە پاش پەلامارەکان ئەم قسەیەی بڵاو کردەوە. ئەم قسانەشی دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووو چونکە زۆر

له میسرییەکان، بۆ نموونە، باوەڕیان پێی هەبوو.

(٨٦) ئەم کردەوانە بەرئەنجامی سەردانی شاندێکی تری هاوبەشی باڵای حکوومەتی بوو کە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و بیوورۆی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی FBI و وەزارەتی دەرەوە پێک هاتبوو. (نیویۆرک تایمز، ١٤ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣).

(٨٧) نیویۆرک تایمز، ١٢ی دیسێمبەری ٢٠٠٣.

(٨٨) دەمەتەقێ دەگەڵ کارمەندێک لە هێزی ئەرکی چالاکی دارایی کە ویستی ناوی خۆی ئاشکرا نەکات، ١٣ی سێپتێمبەری ٢٠٠٤.

(٨٩) دەلاڵەکە ویستی پلانی وابوو کە پەنجا مووشەک بفرۆشی و هەر یەکێکی بە ٥٠٠,٠٠٠$ بدا. (نیویۆرک تایمز و واشنتن پۆوست، ١٣-١٤ی تەمووزی ٢٠٠٣).

(٩٠) توێژەری پێشووی CIA و کارمەندی دژەتیرۆریزمی وەزارەتی دەرەوە، لێری جۆنسن و کارمەندی پێشووی ڕاپەڕێنەری سرکەر، جۆون مۆینیهان ئەو گەڤاهییەیان لە پێش کۆمیتەی پەرلەمانی تایبەت بەخزمەتگوزاری داراییەوە دا. واشنتن، ١١ی ئاداری ٢٠٠٣. یاسای نیشتمانی ولاتە یەکگرتووەکان بانکەکانی کردبووە بریکاری ژەندرمان چاودێری هەموو پارەگۆزییەکیان کرد و تا ٢٠٠٥ نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن دۆلار لە بەرچاوی وان گوازراوە. (ئیکۆنۆمیست، ٦ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣).

(٩١) ئایا ئوسامە لە نێو ئەو دیمانەیەی کە ڕۆژنامەیەکی پاکستانی لە دوای دوو حەفتە لە ٩/١١ دەگەڵیدا ساز دابوو وشیاری ئەوەی نەدا کە ئەو جیهادییە پەروەردەکراوە گەنجانەی کە بۆیان کار دەکرد (چۆن شارەزای ئەو هێلانە بوون کە لەناو لەپی خۆیاندا هەبوو بە هەمان شێوە شارەزای ئەو کەلێنانە بوون کە لە سستمی دارایی ڕۆژئاواییدا هەبوو؟) یومیت، ٢٨ی سێپتێمبەری ٢٠٠١. هەروەها ئوسامە پێشبینی ئەوەشی بۆ واشنتن کرد کە وەک یەکەتی سۆڤیەتی لێ بێت (دە ساڵ خوێنی لێ چکا تا لە کۆتاییدا کەساس ماوە و ناچار بوو بە بەزیوی لە ئەفغانستان پاشەکشە بکات). گوتیشی کە ئەلقاعیدە بۆ ئەنجامدانی ٩/١١ (٥٠٠,٠٠٠$ خەرج کرد کەچی ولاتە یەکگرتووەکان ٥٠٠ بلیۆن دۆلاری) لەسەر (شەڕی جیهانی لە دژی تیرۆریزم) دانا و شەڕەکە لە ئەفغانستانەوەرا بۆ عێراق خشیوە. (لە ڤیدیۆیەکەی ئوسامەی کە بەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، لە ٣٠ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا پەخش بوو.) ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١ دەڵێ کە هەواڵگری ولاتە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە هەرەس بەپرۆسەی پارەگۆزی ئوسامەوە بێنێ. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل ل. ١١٨ و ٥٠٤ و پەراوێزی ٧٩ ل. ٥٠٥ و پەراوێزی ٧٩، بەتایبەتیش ل. ٥٠٥،

پەراوێزی ٨٧، کە قسەی توێژەوانێکی CIA دەگێڕێتەوە گوایا گوتوویەتی کە (بەبێ هیچ یارمەتییەک، توانیویەتی هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی موخابەرات کە سێ ساڵ بەر پەلامارەکانی ٩/١١ لە دنیادا دەرچووە بخوێنێتەوە تێشیان بگا.

(٩٢) نیویۆرک تایمز، ٦ی ئابی ٢٠٠٣.

(٩٣) نیویۆرک تایمز، ١٦ی تەموزی ٢٠٠٣.

پتر بۆ دواوە دەچین

(١) لە ڕاستیدا، کۆمسیۆنی ٩/١١ تێبینی ئەوەی دا کە (ناگونجێ ئوسامە گەڕابێتەوە بۆ ئەفغانستان بێ ئەوەی پاکستان هاتنەوەکەی بسەلمێنێ) و هەستی بەوەش کرد کە ISI (ڕەنگە پێش هاتنەوەی ئاگەداری هەبووبێ و ڕەنگیشە ئۆفیسەکانی کارئاسانییان بۆ کردبێ.) کۆمسیۆنەکە لە ڕاپۆرتێکی FBI گواستوویەتەوە کە ئەفسەرەکانی ISI (بن لادنیان بە سەرانی تاڵیبان لە قەندەهار ناساند) چونکە ئومێدیان وابوو کە ئەوان بەخۆیان بتوانن چەکدارەکانیان بۆ کشمیر مەشق بدەن، هەر واش دەرچوو. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١، ل. ٦٤ و پەراوێزی ٦٧، ل. ٤٦٩.

(٢) ئیندیپێندنت، ١٠ی ئابی ١٩٩٦.

(٣) وەک ئەوەی کە چەندین لە سەرانی تاڵیبان لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکە لە ٢٠٠١دا پێیان لەسەر داگرت.

(٤) دەمەتەقێی تەلەفۆنی، واشنتن، ٨ی دیسێمبەری ٢٠٠١.

(٥) هەرکە سەرانی ئەلقاعیدە لە ماڵەکانی ئەو چەکدارە ئیسلامییە پاکستانییانەدا گیران کە لە کشمیر چالاکییان دەکرد، بەپەلە هیندستان لێی لە هەڵلا دان باسی پێوەندییانی دەگەڵ ئەلقاعیدەدا کرد. لە ئاداری ٢٠٠٢ شدا، یەکەم گەورە کادیری ئەلقاعیدە، ئەبوزوبەیدە، لە فەیسەڵ ئاباد، لە ماڵی کابرایەکی چالاکدا گیرا کە سەر بە (لەشکری تیبە)وە بوو. ئەم لەشکرەش گرووپێکی چەکدارە و وڵاتە یەکگرتووەکان گومانی ئەوەی هەیە کە ISI دروستی کردبێ. دوای ساڵێکیش خالید شێخ لە ڕاوەڵپەندی لە ماڵێکدا گیرا هی کابرایەک بوو پێوەندیی بە "الجماعە الإسلامیە"وە هەبوو. خالید شێخ پلاندانەر و سەرپەشتیاری ڕاپەڕاندنی کردەوەکەی ١١ی سێپتێمبەر بوو.

(٦) دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ گەورە بەرپرسێکی پێشووی CIA، واشنتن، ١١ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣.

(٧) هەمان سەرچاوە.

(٨) هەموو ئەو پسپۆڕە ئەمەریکاییانەی بواری هەواڵگری لەوانەی کە سەردانی مەسعوودیان کرد ئەو گومانانەیان لە دڵدا نەبوو. ڕەوێڵ مارک گێریێخت کۆنە ئەفسەری مەیدانیی CIA کە فارسی زمانە و لە درەنگی سێپتێمبەری ١٩٩٩دا سەردانی مەسعوودی کرد، دیمانەی دەگەڵ چەند زیندانییەک کرد و گەیشتە ئەو باوەڕە کە ئەوان سەربازی پیشەوەر professional بوون. (دەمەتەقێ، پاریس، ٣ی نۆڤێمبەر ١٩٩٩). جولی سێرس ئەو کارمەندەی CIA بوو کە لە ١٩٩٨ و ١٩٩٩دا سەردانی مەسعوودی کردو پاشان بە هۆی دەستپێشخەرییەکەیەوە دەرکرا، هەمان هەستواژەی لەلا دروست بووبوو. (دەمەتەقێ، واشنتن، ٢٣ی دیسێمبەری ٢٠٠٠).

(٩) نیویۆرک تایمز، ٢٧ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١.

(١٠) کارمەندێکی دژە تیرۆریزمی بەلجیکی پێی گوتم کە گرووپەکەیان لە کاتی هەڵمەت بردنە سەر ڕادیکاڵەکانی باکوری ئەفریقیا، لە ١٩٩٥دا وێنەیەکیان بەردەست کەوت، بەڵام چونکە ڕێکخراوە بچووکەکەیان هێندە پارەی بەدەستەوە نەبوو بتوانی وەری بگێڕێ، بۆیێ تەسلیمی دەستی مۆسادی ئیسرائیلییان کرد. (دیمانە، برۆکسڵ، ١٢ی شوباتی ٢٠٠٠).

(١١) هیچ کاتێک نەزاندراوە ژمارەی پیاوەکانی ئوسامە لە بەتالیۆنی (٥٥)دا چەند کەس بووە. لەمیانی شەڕەکەی ٢٠٠١دا، چەند هەزار کەسێک لە جیهادییەکانی ئەلقاعیدە شان بەشانی ژمارەیەکی زۆرتر لە هاوپەیمانەکانی تاڵیبان لەمەیدانی شەڕەکاندا دیار بوون. مەسعوود بە گێریێختی گوت کە لە نێوان ٧٥٠ بۆ ١٠٠٠ شەڕکەری ئەلقاعیدە لە بەرانبەری هێزەکانی ئەودا ڕاوەستابوون. ڕەنگە ژمارە ڕاستەکە کەمتر بووبێ، چونکە وا لە بەرژەوەندی سەرانی هاوپەیمانی باکور بوو کە خۆیان بەهێزتر نیشان بدەن. بەڵام خۆ ستایشی جەنگاوەرانی (٥٥) کرد و گوتی دڵسۆز و ئازانە و شارەزایی تەواویشیان لە شەڕی شەودا هەیە و پێی گوتن (ئەوانە وەک کەتیرە وانە؛ تاڵیبانیان بەیەکەوە لکاندووە.) دەمەتەقێ دەگەڵ گێریێخت، پاریس، ٢٣ی نۆڤێمبەری ١٩٩٩).

(١٢) لە ڕاستیدا ئەرکی یەکەمی وێستگەی CIA لە پاکستان دەستگیرکردنی کانسی بوو. کە (نرخەکەشی بووە ڕاستی) ئەرکەکە جێبەجێ بوو و بلوچییەکی تر ئەوی لە حوزەیرانی ١٩٩٧دا فرۆشت. ئینجا پاشتر ئیسلام ئاباد بەڕاستی فۆکەسی لەسەر ئوسامەی کرد. (دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ گەورە کارمەندێکی پێش CIA، واشنتن،

١٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣).

(١٣) لە شوباتی ١٩٩٨دا، فەتوایەکە دامەزراندنی بەرەی ئیسلامی لە دژی خاچپەرستان و جوولەکەدا ڕاگەیاند.

(١٤) ڕاپۆرتی گرووپی کێشە نێونەتەوەییەکان، سێپتێمبەری ٢٠٠٣.

(١٥) گیددافی وای هەڵبەست کە ئوسامە پەلاماری داوە و لە یەکەم هەنگاوی یاسایی لە دژی ئەلقاعیدە ناو لە ١٩٩٨دا داوایەکی لەلای ئینتەرپۆڵ لە دژی تۆمار کرد. ئەوە بوو کە فەرمانی سوور red notice، لە فایلی ژمارە ٢٠٠٣٢/١٩٩٨ فەرمانی نێو نەتەوەیی بۆ دەستگیرکردنی ئوسامە دەرچوو. فایلەکە ئوسامەی بەوە تۆمەتبار کرد کە هاوبەشی پیلانی کودەتایەکی گرووپی شەڕکەری ئیسلامی لیبی کردووە. ئەو گرووپە بەوە تاوانبار کراوە کە لە ١٩٩٤دا پسپۆڕێکی دژە تیرۆریزمی ئەڵمانی و ژنەکەی کوشتووە و هەوڵی کوشتنی خودی گیددافیشی داوە. پروپاگەندەی واش هەیە کە MI5 بەریتانی لە ١٩٩٦دا هەمان گرووپی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی گیددافی بکوژێ. (نیویۆرک تایمز، ١٢ی نۆڤێمبەری ٢٠٠١

(١٦) ڕاپۆرتی یاداشتنامەیەکی توێژینەوەی CIA، تێکشکان: چۆن هەرەسەکانی هەواڵگری ئەمەریکایی ١١ی سێپتێمبەری لێ کەوتەوە، نووسینی: بڵ گێرتز؛ ڕێگنسی، ٢٠٠٢، ل. ١٠٧.

(١٧) هەر کە گێرێخت وازی لە CIA هێنا، ترسی لە ئێران هانی دا تا سەفەرێکی سەرشێتانە بۆ ئێران بکا و لەوێ خۆی لەناو سندووقێکی نهێنی لۆرییەکی ڕانەندەیەکی کورد بشارێتەوە. وتارێکی بە ناوی ئێدوەرد شێرلی، کە گەشتیارێکی قاچاغی پێشتری بەریتانی بوو لە دوژمنەکەت بناسە: گەشتی سیخوڕێک بۆ ئێرانی شۆڕشگێڕ Know Thine Enemy:A Spys Journey into Revolutionary Iran، فەڕاڕ، ستراوس & گراوکس، ١٩٩٧.

(١٨) ئەتلانتیک مەنپڵی، ئابی ٢٠٠١.

(١٩) تەماشای بۆچوونە ئازادەکانی ڕۆبێرت بایەر بکە کە لە جیهانی ئیسلامیدا کارمەندی دێرینی مەیدانی CIAیە؛ بۆچوونەکانی باسی شێوەی بیرکردنەوەی CIA دەکا لەو دەمەی کە ئەو لە ناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا ڕەوانی ئاسیای ناڤین کرا. بڕوانە ئەهریمەن نا: چیرۆکی ڕاستەقینەی سەربازێکی پیادە لە شەڕەکەی CIA لە دژی تیرۆریزم، کراون، ٢٠٠٢.

(٢٠) وەزارەتی دەرەوە بۆ ئەوەی پتر عەرەب زمانی هەبێ، لە پاش ٩/١١ بایەخی سەرەکی

به دامەزراندنی عەرەبان دا.. وەزارەتی دەرەوە لە ٢٠٠٣دا بەفەرمی ڕای گەیاند کە پەنجا و چوار (عەرەبزانی تەواو یان دووزمانەی bilingual) عەرەبیزانی هەیە؛ بەڵام شارەزایان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە کەمتر لە دەرزەنێکیان بەتەواوی زمانەکە دەزانن. کارمەندانی CIAش هەر لە هەمان ئاستدا بوون. (واشنتن پۆوست، ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣) ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەکە لە درەنگی ٢٠٠٣ دا ڕای گەیاند کە دامەزراندنی عەرەب زمانان تا ئەو کات هەر تەگەرەی لەبەردا هەبوو.

(٢١) من یەکەم جار بەهۆی کێشەی ئەو کارە زۆرەی کە لەشکرە داگیرکەرەکانی یەکەتی سۆڤیەت لە چێکۆسلۆڤاکیادا بە کرێکارانی دەکرد و (بەهاری پراگ)ی لە ئابی ١٩٦٨دا کۆتایی پێ هێنا، تووشی هەڵە بووم. سۆڤیەتەکان دەبوو سەرجەم نیشانەکان و بەتالیۆنی موخابەراتی لە براتسلاڤادا دابمەزرێنن. براتسلاڤا پایتەختی سلۆڤاک بوو کە بەشە بچووکەکە و هەژارترەکەی چێکۆسلۆڤاکیا بوو. دانیشتوانەکەی ٣ ملیۆن کەس دەبوو و ژمارەیەکی زۆر کەم تەلەفۆنی لێ هەبوو.

(٢٢) بۆ زانینی درێژەی بابەتەکە سەیری کتێبەکەی دانیێڵ بێنجامین و ستیڤن سایمۆن بکە: چەرخی تیرۆری پیرۆز، ڕاندەم هاوس، ٢٠٠٢.

(٢٣) بە ڕاکێشران USS Cole بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بردراوە؛ بۆ ئەوەی لەوێ چاک بکرێتەوە. پاشان لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٣وە کەوتەوە چالاکی جارانیەوە.

(٢٤) لێکۆڵینەوەکەی دەریاوانی بە نیازەوە شێوێندرا.

(٢٥) ماوەیەکی کەم لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، پشتونێکی پاکستانی لە هەرێمی سنووری باکوری خۆرئاوادا، ئەفسەرێکی بەریتانی و ژنەکەی لە هەرێمەکەدا کوشتن و کچەکەشیانی ڕفاند و پاشان دەربازی نێو سنووری ئەفغانستان بوو. "أمان الله" کابرای یاخیبووی تەسلیمی بەریتانییەکان کردەوە و لەو ڕۆژەوەڕا پشتونەکانی ئەفغانی لە هەرێمی خوست شۆڕشیان هەڵگیرساند.

(٢٦) واشنتن پۆوست، ١٧ی نیسانی ٢٠٠٢، و پسپۆڕی بواری تیرۆریستی ڕەحمان گوناراتنا بۆ ژی نیویۆرکەر، ٤ی ئابی ٢٠٠٣، ئاخافت. هەموو جۆرە فڕۆکە ئەمەریکاییەکان، بەو B-52 انەی سەردەمی شەڕی ڤیێتنامیشەوەڕا، لە ٣٠ نۆڤێمبەری ٢٠٠١، بۆ ماوەی دوو حەفتەی تەواو ئەفغانیان بۆردومان کرد.

(٢٧) نیویۆرک تایمز، ١٦ی دیسێمبەری ٢٠٠١.

(٢٨) دێیلی تێلگراف، ٢٣ی شوباتی ٢٠٠٢.

(٢٩) سەندێی تایمز، [لەندەن]، ٧ی تەمووزی ٢٠٠٢.

(٣٠) هەمان سەرچاوە.

(٣١) نیویۆرک تایمز، ٣٠ سێپتێمبەری ٢٠٠٢.

(٣٢) کۆواری نیویۆرک تایمز، ٢٠ی تەمووزی ٢٠٠٣.

(٣٣) بەڵام تەنانەت جەنگاوەرە دڵسۆزەکانیشی بیر تەسک بوون. ڕەخنەگران نیگەرانی خۆیانیان لەوە دەرخست کە لەناو هێزە تایبەتەکاندا، ڕێگەی یەکە بێرێیە سەوزەکانی Beret Green لە ئەفغانستان بوون، نەدەدرا بۆ ئەوەی یەکسەر دەگەڵ هەواڵ گەیشتندا دەست بکەنەوە، بەتایبەتیش لە کاتی ئاشکرابوونی شوێنی زەواهری لە ٢٠٠٢، کاتێ کە لە نزیکی گاردێز بوو؛ هەروەها کاتێ کە لە ٢٠٠٣ دا زاندرا کە مەلا عومەر لە مزگەوتی قەندەهار بوو. لەبری ئەوان ڕێگە بە تیمە ڕاوچی و بکوژەکانی دێلتا و تیمی شەشی سیڵ SEAL Team Six دەدرا بۆ ئەوەی ئەرکەکان ڕاپەڕێنن. مەلا عومەر و زەواهری هەردووکیان لە دوورەوەڕا دەستنیشان کران، بەڵام تا خۆیان بۆ ساز درا ڕایان کرد. (واشنتن پۆوست، ٥ی یەنایری ٢٠٠٤).

(٣٤) کە هێزەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان و ئەلقاعیدە لە شەڕی ئاناکۆندای ئاداری ٢٠٠٣، لە شاخەکانی ئەفغانستاندا، کەوتنە بەرانبەری یەک، ئەمەریکاییەکان تێگەیشتن کە جەنگاوەرە دوژمنەکەیان ئارامەو دڵسۆزەو باش مەشق دراوە و ئازا و نەترسە و هەرچەندە بەبەردەوامی لە ئاسمانەوەڕا بۆردومان دەکرا، بەڵام هێشتا هەر سەنگەرەکانیان چۆڵ نەکرد و باشترین شێوە دەستوەکەریان کرد.

(٣٥) خەملاندنی ئەو لە بێژینگدانەی پلەدارانی ISI هیی کارمەندێکی گەورەی پێشووی دژە تیرۆری فەرەنسییە (دیمانە، پاریس، ٨ی ئابی ٢٠٠٢). ئەو قسانەی دەربارەی ئەوە دەکرا کە ISI بکوژانی پەیامنێری وۆڵ ستریت ژۆرناڵ دانیێل پێرڵ، ئەو جۆرە گومانانەی دووپات کردەوە.

(٣٦) لە سەرەتای بەهاردا، سەرۆک بوش جەختی کردەوە کە شەڕی دژە تیرۆر (لە شەڕی دژی تاقە کەسێک گەورەترە)و ئوسامەی بە کەسێک دانا کە (گەیشتووەتە هاوسەنگی خۆی) و ئێستا وا (دە پەراوێز خراوە). گوتیشی: (من بەڕاستی زۆر بایەخی پێ نادەم). واشنتن پۆوست، ١٧ی نیسانی ٢٠٠٢.

(٣٧) ئەو توانجانەن لەبارەی کتێبەکەی ڕۆن سئسکیند دراون، ناوی کتێبەکە: نرخی پشتگیری: جۆرج و. بوش و کۆشکی سپی و پەروەردەی پۆوڵ ئۆ نێڵ (سایمۆن & شوستەر، ٢٠٠٤)، لە واشنتن پۆوست، ١١ی یەنایری ٢٠٠٤.

(٣٨) کاپیلین و بڵ کریستسۆن، نەقیزەی بەرانبەر، ١٣ی دیسێمبەری ٢٠٠٣. بۆب ودوورد

له کتێبەکەی پلانی پەلاماردان (سایمۆن & شوستەر)، چاپی ٢٠٠٤دا ئاشکرای کرد کە بوش ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری بە بیانووی ئەفغانستان بۆ داگیرکردنی عێراق تەرخان کردبوو. ناوەندی توێژینەوەی پیو، ڕاپرسییەکە لە ١٨ی ئاداری ٢٠٠٣دا کرا.

(٣٩) بۆب ودوورد لە کتێبەکەی پلانی پەلاماردان (سایمۆن & شوستەر)، چاپی ٢٠٠٤ دا ئاشکرای کرد کە بوش ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری بە بیانووی ئەفغانستان بۆ داگیرکردنی عێراق تەرخان کردبوو. ناوەندی توێژینەوەی پیو، ڕاپرسییەکە لە ١٨ی ئاداری ٢٠٠٣دا کرا.

(٤٠) لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا
گای باڵا The Supreme Court بڕیاری دا کە سەرۆک دەسەڵاتەکانی خۆی هیی کاتی شەڕ بەشێوەیەکی خراپ بەکار دەهێنا؛ چونکە مافەکانی ئەو ٦٠٠ (جەنگاوەرە بیانییەی) لە گوانتانامۆ پێی دا بەند کرابوون، زەفت کرابوو، بیانووی دادگایەکەش ئەوە بوو کە بنکەکە لە ژێر دەسەڵاتی یاسای ولاتە یەکگرتووەکان نەبوو. دادگەیەکە نکوڵی لەو قسانەی بەڕێوەبەرایەتیش کرد کە دەیگوت مافی ئەوەی هەیە کە ئەو تیرۆریستە گومان لێکراوانە ئەگەر هاوولاتیی ئەمەریکایی بن یان نا، کە لەسەر خاکی ولاتە یەکگرتووەکاندا بەندیان بکا.

(٤١) ڕۆیتەرز، ٢٢ی یەنایری ٢٠٠٤. سەروتارێکی واشنتن پۆوست، ٢ی شوباتی ٢٠٠٤، تێبینی ئەوەی دا کە عرار نە ڕەوانی کەنەدا کرا و نە لە ولاتە یەکگرتووەکانیش، وەک جەنگاوەرێکی بیانی، زیندانی کرا و ڕۆژنامەکە پرسیاری کرد، (ئامانجەکە چ بوو، ئەگەر هەر بۆ ئەوە نەبووبێ کە سوریا ئەو ئەشکەنجەیەی بدا کە ئەمەریکاییەکان نەخۆیان ناتوانن بیدەن؟)

(٤٢) واشنتن پۆوست، ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٣.

(٤٣) لە دوای ئەو شەڕە یاساییەی گەیشتە دادگای باڵا (ئۆکۆونەر لە جەستس ساندرا دای ڕۆژی داد – دا نووسی کە "باری شەڕ چێکێکی بەتاڵ نییە بدرێتە دەستی سەرۆک، بەتایبەتی ئەگەر پێوەندی بە مافەکانی هاوولاتییانەوە هەبێ")، لە ١ی ئاداری ٢٠٠٥دا، دادوەرێکی ناوچەیی ولاتە یەکگرتووەکان لە ساوث کارۆلاینا فەرمانی بە حکومەت کرد تا بە فەرمی پادیلای سی و چوار ساڵان تاوانبار بکا یان لە ماوەی چل و پێنج ڕۆژدا دەبێ ئازادی بکا. بەڵام حکوومەت دووبارە بۆی تێهەڵچووەوە و بەمەش دیسان بڕیارەکەی دوا خست. بەڕێوەبەرایەتی بوش خۆی لە تاوانبارکردنی یاسر عیسام حەمدی دزییەوە و لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا بۆ عەرەبستانی سعوودی سنووردەری کردەوە. یاسر لە ولاتە یەکگرتووەکان لە دایک

بووە، بەڵام زۆربەی ژیانی لە سعوودیە بەسەر بردبوو بەر لەوەی لە شەڕی ئەفغانستانی ٢٠٠١دا دەستگیر بکرێ.

(٤٤) ٧٥ لەسەدی خەمڵاندنەکەی هیی جۆون مەکلافلینی بریکاری بەڕێوەبەری هەواڵگرییە، واشنتن پۆوست، ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤.

(٤٥) ئەبوزوبەیدە ئاماژەی بۆ خالید شێخ محەمەد کرد، بەڵام لێکۆڵەرە ئەمەریکاییەکان بۆ ماوەی سێ مانگ پاشتریش هەر پێیان باوەڕ نەکرد. ڕۆهان گوناراتنا، لە ناوەوەی ئەلقاعیدەوە: تۆڕی نێونەتەوەیی تیرۆر، بێرکلی بوکس، ٢٠٠٣، ل ل. xxvii-xxviii.

(٤٦) گوناراتنا، لەناوەوەی ئەلقاعیدەوەڕا، ل. xxii.

(٤٧) نیویۆرک تایمز، ٢٣ی تەموزی ٢٠٠٣.

(٤٨) لێکۆڵینەوەکەی کەمال شێخ محەمەد ئەم زانیارییەی ئاشکرا کرد. سەیری ل. ١٤٧–٥٠ و پەراوێزی ٨–١٦، ل. ٤٩٨ بکە. ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ٩/١١

(٤٩) بۆچوون لە بابەتی پارەدان، دەمەتەقێی تەلەفۆنی دەگەڵ کلارکی، واشنتن، ٨ی دیسێمبەری ٢٠٠٣.

(٥٠) تاکە چالاکییەکی زانراوی ئەلقاعیدە کە هاوشێوەی نەبێ پێوەندیی بە شێخی میسری نابینا عومەر عەبدوڕەحمانەوە هەبوو. عومەر لە ١٩٩٦دا بە موئەبەد حوکم بوو. حوکمەکەشی بەپێی یاسای هاندانی فیتنەوە بوو. ئەو یاسایە دوای دە ساڵ لە شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکا دەرچووە. ئوسامە و زەواری و ئەندامە میسرییەکانی "الجماعة الإسلامية" داوای ئازادکردنی عومەریان کرد. کە ئەلقاعیدە پێی نەکرا ئەو ئامانجە بەجێ بێنێ و نەشی ویست کردەوەی تیرۆریستی تایبەت بۆ ئازادکردنی ئەنجام بدا، هەندێ لە ئەندامانی وازیان لە ڕێکخراوەکەی ئوسامە هێنا.

(٥١) نیویۆرکەر، ٤ی ئابی ٢٠٠٣.

(٥٢) هەرچەندە جۆخینێک بەڵگە هەبوو کە باسەکەی هاریکاری نێوان عەتا دەگەڵ نمایندەیەکی موخابەراتی عێراقی بۆ ئەوە بوو کە سەرنجی خەڵکی بگۆڕن، هێشتا چەند مانگ بوو پارێزگارە تازەکان بەبەردەوامی جەختیان دەکردەوە کە عەتا دەگەڵ نمایندەیەکی موخابەراتی عێراقی لە پراگ دا ڕێک کەوتبوو. گرتنی نمایندەکە لە عێراق پارێزەرە نوێیەکانی بەرپەرچ نەداوەو لە ڕاستیشدا ئەو ئەمەریکاییانەی کە گرتیان باسی هیچ پێوەندییەکیان دەگەڵ عەتادا نەکرد. بۆیە متمانەی پێ نەماو بووە یەکەم پارێزگاری تازە کە لە ناوەڕاستی ٢٠٠٥دا خۆی خانەنشین دەکا.

لۆسئانجلز تایمز، ٢٧ی یەنایری ٢٠٠٥.

(٥٣) نیویۆرک تایمز، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٣.

(٥٤) پارێزەرە تازەکان ئاگەدار بوون کە پاوڵ بەپێچەوانەی ئەو قسە گرینگانەی خۆی جوولاوە کە لە ٥ی شوباتی ٢٠٠٣دا لە پێش ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کردی : (کاربەدەستانی عێراقی نکوڵی لەوە دەکەن کە پێوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەبێ. ئەم نکوڵی لێکردنە بە ئاشکرا دیارە کە ڕاست نییە.) نیویۆرک تایمز، ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٤.

(٥٥) کێنیث پۆلاک، ئەتلانتیک مەنثلی، یەنایر و شوباتی ٢٠٠٤.

(٥٦) واشنتن پۆوست، ٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣.

(٥٧) واشنتن پۆوست، ١٦ی ئاداری ٢٠٠٣.

(٥٨) نیویۆرک تایمز و واشنتن پۆوست، ١٤ی یەنایری ٢٠٠٤.

(٥٩) خانەوادەی پاشا بە فەرمی ڕای گەیاند کە بنکەکە پەلاماری عێراقێ نادا، پاشان بە هێمنی ڕێگەی بە هێزی ئاسمانی وڵاتە یەکگرتووەکان دا بۆ ئەوەی پەلامارەکە بدا. لەشکرەکانی هێزە تایبەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش بەهەمان شێوە لەناو خاکی سعوودی و لە نزیک سنووری عێراقەوەڕا پەلاماریان هێنا.

(٦٠) واشنتن پۆوست، ٥ی ئابی ٢٠٠٢.

(٦١) نیویۆرک تایمز، ٢٥ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٢.

(٦٢) دیمانە لە دێرشپیگڵ، واشنتن پۆوست لێی وەرگرتبوو. ١٢ی سێپتێمبەری ٢٠٠١.

(٦٣) نیویۆرکەر، ٥ی یەنایری ٢٠٠٤.

(٦٤) سەیری وتارە درێژەکەی مایکڵ سکۆت دۆران بکە، کە یاریدەدەری پرۆفێسۆرە لە پرینستن: (نارێکی سعوودی)، کاروباری دەرەوە، یەنایر/شوبات، ٢٠٠٤، ئەم دەقە لەوەوە وەرگیراوە.

(٦٥) نیویۆرک تایمز، ١٦ی ئایاری ٢٠٠٤.

(٦٦) واشنتن پۆوست، ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٣.

(٦٧) بە گوێرەی چاپەمەنی تورکی، عەدنان ئەرسۆز کە یەکێک بوو لەو بەناو سەرکردە گیراوانەوە، دانی بەوە دانا کە لە کاتی فراوین خارنەکی ژ قەندەهارێ، پێش لە پەلامارەکانی ١١ی سێپتێمبەر چاوی بەئوسامە کەوتبوو. لە ئەنجامدا ٤٥٠ تورک لە بنکەکانی مەشق پێکردن لە ئەفغانستانێ مەشق درابوون. (لیبیراسیۆ، ٢٧ یەنایری ٢٠٠٤).

(٦٨) پەیامی هاوشێوە بۆ "القدس العربي" و گۆواری لەندەنی ڕەوان کران. (واشنتن پۆوست، ١٧ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣).

(٦٩) واشنتن پۆوست، ١٤ی یەنایری ٢٠٠٤.

(٧٠) نیویۆرک تایمز، ٢١ی یەنایری ٢٠٠٤.

(٧١) ڕۆیتەرز، ١٧ دیسێمبەری ٢٠٠٤.

کۆتایی

(١) من ئامادەم بمرم. کێشەی من لە پاش مردنم بەردەوام دەبێ.) نیویۆرک تایمز، ١٠ی نۆڤێمبەر ٢٠٠١.

(٢) دیمانەیەک دەگەڵ بەرپرسی بەریتانی، مارپاس ڤاین یارد، ماس.١٢ی ئاب ٢٠٠٠، وتووێژ دەگەڵ ئەندازیاری فەلەستینی، عەمان، ٥ی ئایاری ٢٠٠٠.

(٣) بەقسەی دوکتۆر عامر عەزیز: (هیچ نیشانەیەکی دەردە گورچیلە) یان (پرۆسەی خوێن پاککردنەوەی dialysis) بەدی نەکردووە.

(٤) ساڵێک پاشتر و دوای ئەو شاڵاوە سەربازییە گەورەیەی کە لە ناوچەکەدا کرا موشەڕەف گوتی کە شوێن هەڵگرتنی ئوسامە لە جاران ئەستەمتر بووە. گوتیشی کە سەربازانی پاکستانی هەشت تا دە مانگ دەبوو کە هەموو شوێنێکی ئوسامەیان لێ بزر بووبوو. بەشی جیهانی ڕادیۆی BBC، ١٥ی ئاداری ٢٠٠٥.

(٥) قسەی مارگرێت توایلەر لەمیانی تاوتووکردنی پیشەی خۆیدا کە تایبەت بوو بەپێوەندییە دیبلۆماسییە گشتییەکان لە وەزارەتی دەرەوەدا. باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە ئیسرائیل و سوریا، ئێدوەرد جیۆرجیان؛ لە کۆتایی قسەکانی خۆیدا گوتی: (پشتیوانیکردن لە وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتووەتە نزمترین ئاستییەوە.) پاش ئەوەی کە ڕاپۆرتێک بە داخوازی کۆنگرێس لە ئۆکتۆبەری بووریدا پێشکێش کرا. (نیویۆرک تایمز، ٥ی شوباتی ٢٠٠٤)

(٦) ئەشکەنجەدانی زیندانییانی ئەبوغرێب هێشتا ناوی ئەمەریکاییەکانی پتر زڕاند، زیندانیکردن و ڕیساوکردنی سەدامیش کاریگەری خراپی خۆی هەبوو، ئەمانە هەموو سەرباری زیندانییەکانی ئەفغانستان و گوانتەنامۆ بوون.

(٧) نیویۆرک تایمز، ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢.

(٨) نیویۆرک تایمز، ٩ی تەمووزی ٢٠٠٢.

(٩) نیویۆرک تایمز، ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣.

(١٠) نیویۆرک تایمز، ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣

(١١) سکرتێری گشتی ئامنێستی ئینتەرناشناڵ ئایرین کان تێبینی ئەوەی کرد کە (ئەو ڕژێمانەی کە درندانە ئازادییە شارستانییەکان بنبڕ دەکەن، ڕژێمە نادیموکراتییەکان نین، بگرە ئەو ڕژێمە دیموکراتە لیبراڵانەن کە بە ناوی پاراستنی ئاسایشی گشتییەوە کردەوەکانیان ئەنجام دەدەن.) نیویۆرک تایمز، ٢٩ی ئایاری ٢٠٠٢.

نیویۆرک تایمز، ٢٥ی ئاداری ٢٠٠٥.

لە ڕاستیدا زەرقاوی لەمێژبوو ڕێکخراوێکی ڕکەبەری ئەلقاعیدەی لە شاری حەڕاتی ڕۆژئاوای ئەفغانستاندا بەڕێوە دەبرد. نامەکەی کردەوەکانی ڕفاندن و سەرپەڵدان و ئەو زنجیرە پەلامارانەی کە بە ئۆتۆمۆبێلی مینرێژکراو کرابوون بۆ ئوسامەی باس دەکرد. لە پایزی ٢٠٠٤دا ئوسامە زەرقاوی کردە نمایندەی (ئەلقاعیدە لە میزۆپۆتامیا)دا ئەمەش هێمای ئەوە بوو کە ئوسامە بەهای ئەو هەموو کوشت و کوشتارە دەزانێ کە زەرقاوی کردبووی، لە کاتێکدا کە ئەلقاعیدە بە خۆی لە ئێراقدا زۆر لاواز بوو. سەیری کتێبی ژان چارلس بریسارد بکە، Zarkaoui, Le nouveau vis-age d-Al-Qaida, Fayard, 2005. لە ئاداری پاشتردا لێپرسراوانی ئەمەریکایی گوتیان ئوسامە پاڵپەستۆی خستووەتە سەر زەرقاوی بۆ ئەوەی کردەوەی تیرۆریستی لە دەرەوەی ئێراقیش ئەنجام بدات. ئەگەر بشێ لە ولاتە یەکگرتووەکانیش. نیویۆرک تایمز، ٥ی ئاداری ٢٠٠٥.

لە کاتێکدا کە هێزی دژە تیرۆریزمی ئەسپانی تەنیا لە چارەکێک تا سێیەکی نمایندەکانی خۆی بۆ شوێن هەڵگرتنی چەکدارە ئیسلامییەکان تەرخان کردبوو، هێندەشی بۆ چاودێریکردنی ئێتا دانابوو. نیویۆرک تایمز، ٢٢ی ئاداری ٢٠٠٥.

لەمیانی ساڵی دواتردا، فلیپین، پۆرتوگاڵ، تایلاند، هەنگاریا، پۆڵاند، بولگاریا، هۆڵاندا، ئۆکرانیا، نیوزیلاند، نیکەراگوا، نەرویج هێزەکانی خۆیانیان کشاندەوە، یان ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە، یان پلانی خۆیانیان بۆ کشاندنەوە یان بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانیان بەر لە کۆتایی ٢٠٠٥دا ڕاگەیاند. تا بەهاری ٢٠٠٥، لە ولاتە یەکگرتووەکان– ١٥٠,٠٠٠ سەرباز و بەریتانیا ٨,٥٠٠ سەرباز و کۆریای باشوور ٣,٦٠٠ سەرباز و ئیتاڵیا (دەوروبەری ٣٢٠٠) سەرباز و ئوستراليا ١,٣٠٠ سەربازەوە بترازێ، هیچ ولاتێک ...,١پیاوی خۆی بۆ مەیدان نەنارد. دوو لە سێی لەشکرەکان ١٨٠ سەرباز یان کەمتریان هەبوو. تایمزی لەندەنی، ١٥ی

ئاداری ٢٠٠٥، نیویۆرک تایمز، ١٦ی ئاداری ٢٠٠٥.

(١٦) سەیرێکی نامیلکەکەی دەیڤید فرەم و ڕیچەرد پێرل بکە. هەردووکیان لە ٢٠٠٣دا لە کتێبی چۆن لە شەڕی دژی تیرۆریزم سەردەکەوی؟ ویستوویانە بەتوندی لە دژی عەرەبستانی سعوودی بنووسن، سوریا ناچار بکەن کە لە لوبنان پاشەکشە بکا، کۆریای باکور ببەسترێتەوە، دووبارە بەیاسای نەتەوە یەکگرتووەکاندا بچنەوە و بنچینەی شەڕی خۆپاراستن بەرێ بکەن. لە ناوەڕاستی ٢٠٠٤دا، وڵاتە یەکگرتووەکان پتر پشتیان بە نەفتی عەرەبستانی سعوودی بەست، شیعەکان گرفتی گەورەتریان لە عێراقدا دروست کرد، وڵاتە یەکگرتووەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەپاڕاوە بۆ ئەوەی لە عێراق هاریکاری دەگەڵدا بکەن. کامەرانیش بوو، چونکە دانوستانی سەبارەت بەچەکی ناوەکی دەگەڵ کۆریای باکور دەست پێ کردەوە.

(١٧) سەرۆک بوش و تیمەکەی قایل نەبوون دان بە بەرپرسێتییان لە هەڵەکانی ڕابردوودا بێنن؛ بگرە لەبری ئەوەوە لە سەرەتای ٢٠٠٥دا، چوون ئەو هەڵبژاردنە بکەنە کارێکی ڕەوا کە لە بارودۆخێکی تایبەتدا کرا. ئەو هەڵبژاردنەی لەو عێراقەدا کرا کە ئەمەریکا داگیری کردووە توندوتیژی نەبڕییەوە و فەلەستینییەکانیش هەڵبژاردنی خۆیانیان کرد. هەڵبژاردنێکی سنوورداریش لە عەرەبستانی سعوودیدا کرا، خۆپێشاندانەکانی میسر لە دژی هەڵبژاردنی فرە حزبی، دوای بیست و نۆساڵ لە داگیرکردنی لوبنان، سوریا سوپایەکەی خۆی لەوێ کشاندەوە. کشانەوەکەش هاوکات بوو دەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەی کە لە بەهارێدا لەوێ کرا. ئەو هەراوهۆریایەی کە دەستەی بوش دروستی کرد ئەوەی نیشان دا کە بەشێوەیەکی نا واقیعیانە ئەو تەگەرانەیان هەڵسەنگاندن کە ڕێیان لە حوکمی دیمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرت. و بایەخیان بە هێندە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی خاوێن نەدا. لە ڕاستیدا لە پەنای هەر یەک لەو دروشمە خۆ پیرۆزباییکەرانەدا گۆڕانکاری تایبەتی وا هەبوو کە گرفتی زۆر ئاڵۆزیان بە دواوە بوو کە ڕەنگبوو ئاژاوەی پتر لە هەرێمەکەدا پەیدا بکات لەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی ئاوا بەسادەییەوە سەیریان دەکات – لەوانەش ئەو کۆمارە ئیسلامییانەش دەگرێتەوە کە لە دوای یەک-پیاو، یەک-دەنگ، یەک جار دەسەڵاتیان وەدەستەوە گرت.